

الطب النبوي
به كوردى
نوسينى
ابن قيم الجوزيّة
وەرگێڕانى
نورى هەمەوەند
نارين



الطب النبوي به كوردى

نـــاوی کتێـــــــب:	الطب النبوي به كوردی
نووسیــنـــــــی:	ابن قيم الجوزيّة
وەرگێـــــــڕانی:	نوری هەمەوەند
نـەخشەسازی ناوەوە:	کۆمپیوتەری نارین(کامران رفیق)
ســـالّی چـــــاپ:	چاپی یەکەم ٢٠١٢ز
ژمـــــارەی سپـاردن:	(١٠٢٢)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە.

نارین

بۆ چاپو بڵاوکردنەوە

بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی
Website: www.nareenpub.com
E-mail: info@nareenpub.com
تەلەفۆن: ٢٥١١٩٨٢ ٦٦ (٠٠٩٦٤)
مۆبایل: ٠٠٩٦٤ ٧٥٠٤٠٦٤٦١٠

الطب النبوي

به كوردى

نوسينى

ابن قيم الجوزيّة

وەرگێڕانى

نورى هەمەوەند

نارین

پێشەكی وەرگێڕ

سوپاس و ستایشی بێ پایان شایستەی خوای بەدیهێنەری بوونەوەرەو ، صەلات و سەلامی بەردەوامیش بەهاوشێوەی لێزەمەی باران بەسەر گیانی پاكی پێغەمبەری نازدارو سەرجەم ئال و كەس و كارو هاوەڵە دڵسۆزەكانیدا بڕژێت ·

پاشان : كتێبی (الطب النبوي) بەشێكە لە كتێبی (زاد المعاد)ی بەناوبانگی پێشەوای ئیسلام (ابن القیم) ، كە دەمێكە بە تەنها چاپ كراوەو خراوەتە بەر دیدی خوێنەرانی عەرەب و ئەوانەی زمانی عەرەبی دەزانن ، بەڵام بەداخەوە كوردی بەشەرەفی موسڵمان لەم كتێبەو ، هەزارەها كتێبی عەرەبی دیكەش ، كە بەڕاستی زانستی پاك و ڕێگای ڕاستی بەرەو بەهەشتی تێدایە بێ بەشە ، بۆیە براتان كە تا ڕادەیەكی باش زمانی عەرەبی دەزانم ، بە ئەركی سەر شانی خۆمم زانی بەم كارە هەستم و ، كوردی بەشەرەفی موسڵمانی پێ ئاشنا بكەم ، پەیمانیشم بەخوای خۆم داوە درێغی نەكەم لە وەرگێڕانی كتێبە زانستیە بەناوبانگەكانی پێشەوایانی ئیسلام تا لە توانامدا بێت ·

ئاشكرایە پەیامی پێغەمبەری نازدار ﷺ زۆر تەواو و ڕێك و پێك بوو لە هەموو بوارەكاندا ، بواری پزیشكێتیش یەكێك بوو لەو بوارانەی كە پێغەمبەری نازدار ﷺ گرنگی پێداوەو ، بەجوانترین شێوە چارەسەرو دەرمانەكانی بۆ هاوەڵ و كەس و كارو ڕەمەكی خەڵك وەسف كردووەو ، ئەو شتەش بۆ تێكڕای مرۆڤایەتیە ، تا ڕۆژی قیامەت ، بۆیە پەیامەكەی تەواوترین پەیام بوو ، لەم كتێبەدا پێشەوای ئیسلام (ابن القیم) زۆر بەجوانی زنجیرەی چارەسەریەكانی پێغەمبەرایەتی دەخاتەڕوو ، تا ئەو ڕادەیەی ئاقڵ و ژیران لە ئاستیدا سەرسام دەبن ·

سەرەڕای ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی كە دەرمانسازی بە خۆیەوە بینیویەتی و ، ژمارەیەكی زۆری دەرمان لە زۆربەی بوارەكاندا دەبینرێت ، كەچی لەم ساڵانەی دوایدا گەڕانەوەیەكی بەرچاو هەست پێ دەكرێت ، بۆ سەر لە نوێ گەڕانەوە بۆ بەكارهێنانی دەرمانە سروشتیەكان ، چاكترین شتیش كە هەستی پێ دەكرێت خەڵكی گرنگی پێ دەدا بۆرای

پزیشكایەتی پێغەمبەری خۆشەویستە ﷺ، بۆیە خەڵكێكی زۆر دەبینرێت بە كەڵەشاخ خۆیان چارەسەر دەكەن ، كەچی ئەم شتە تەنها یەك بوارە لە چارەسەریەكانی پێغەمبەری نازدار ﷺ ، بۆیە بە پێویستم زانی هەموو بوارەكانی پزیشكایەتی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بەرچاوی كوردی بەشەرفی موسڵمان بكەوێت و ، لە هەموو بوارەكانی پزیشكایەتی پێغەمبەری نازدار ئاشنا بن و سوودی لێ وەرگرن ٠

كە هەستام بە وەرگێڕانی كتێبی پزیشكێتی پێغەمبەری نازدار ﷺ، دوو كتێبم لابوو ، یەكەمیان كتێبی پزیشكێتی پێغەمبەر بە (تخریج)كردنی مامۆستا (محمد محمد تامر) و ، دووەمیش بە (تخریج)كردنی (أبو عبدالرحمن عادل بن سعد) ، بۆیە بۆ (تخریج)كردن سوودم لە هەردوو كتێبەكە وەرگرتووە ٠ پاشان براتان وەكو تێكڕای مرۆڤایەتی لە كەم و كوڕی بەدەر نی یەو ، لەوانەیە من كەم و كوڕیم زیاتر بێت ، سەرەڕای ئەوەش لە هیچ كەسی ناشرمەوەو دەڵێم من لە بواری پزیشكایەتی و ڕووەك ناسیدا وەكو هەموو خەڵكم و هیچم لەوان زیاتر نی یە ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا سوپاست بەخوا باشم ، بۆیە دەستم دایە وەرگێڕانی ئەم كتێبە ، بۆ وێنەو زانیاری لە سەر ئەو ڕووەكانەی لە كتێبەكەدا هاتوون ، سووم لە ئینتەرنێت و كتێبەكان بینیوەو ، كە هەر شتێكیشم وەرگرتبێ ئاماژەم بە سەرچاوەكەی داوە بۆ زیاتر دڵنیایی جەماوەری خەڵك و ، ئەو كەسانەی دەیانەوێ زیاتر بزانن ، حەزیشم بەوەیە هەركەس هەڵەیەكی بەرچاوكەت با لە ڕێگای كتێبخانەی نارینەوە ئاگادارم بكاتەوە.

نوری هەمەوەند

پێنجوێن : ٢٠١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ لله، نَحْمَدُه، ونستعينُه، ونستغفرُهُ، ونعوذُ به من شُرُورِ أنفسِنَا، وَمنْ سيئات أعْمَالنا، مَنْ يَهْدِه الله فَلا مُضلَّ لَهُ، ومن يُضْلِلْ، فَلا هَادي لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلا اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ وأشهدُ أنَّ مُحَمَّدًا عبْدُه ورَسُولُه · أرسله بشيراً ونذيراً ، وداعياً إلى الله بإذنه وسراجاً منيراً .

پاشان : ئەمە کتێبی (الطب النبوي)یە دانراوی پێشەوای بەناوبانگ (شمس الدين ابن القيم)ە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ، دانەر هەوڵی داوە کتێبەکەی ڕێنمایەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەخۆ بگرێت سەبارەت بە پاراستنی جەستەی مرۆڤ لە نەخۆشی و دەردەکان · زانراویشە مەبەستی سەرەکی و بنەڕەتی لە ئاینی ئیسلام بونیادنانی ڕوحیی جەستەی مرۆڤەو بەرزکردنەوەیەتی بۆ ئاسۆی پاك و تەندروستان ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شەریعەتە جەستەی مرۆڤ و پاراستنی پشت گوێ نەخستووە ، لەبەر ئەوەی جەستە هۆکارە بۆ هەستانی مرۆڤ بە سەپاندنە شەرعیەکان و نوێکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی گەردوون و هەستان بە بارقورسیەکانی ژیان ، پاشانیش ئەم شەریعەتە پڕکراوە بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری پزیشکی ، تا موسڵمان لە ئاینەکەیدا بەهێزبێ و لە جەستەشیدا بەهێز بێ ، لەم بارەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللهِ تَعَالَى مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ ، وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ ، احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ ، وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَلا تَعْجَزْ)) رَوَاهُ مُسْلِمٌ فِي (الصَّحِيحِ) ، عَنْ أَبِي بَكْرِ بْنِ أَبِي شَيْبَةَ))·

واتە : ((بەلای خوای تعالاوە بڕواداری بەهێز لە بڕواداری لاواز خێردارترو خۆشەویسترە ، بەڵام هەردوکیشیان خێریان تێدایە ، کۆشش بکە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی سوودی بۆت هەیەو ، پشت بەخوا ببەستەو ، بیتوانای مەنوێنە)) ·

دوای ئەوەش ، ئێمە دەبینین ئەو ڕێنمایانەی کە پێویست کراوە بۆ پاراستنی جەستەی مرۆڤ لە قورئان و ، سونەتی پێغەمبەردا _ علی صاحبها أفضل الصلاة والسلام _ پەرش وبڵاو بۆتەوە ٠

هەر کەسێ ئەم کتێبە پیرۆزە بخوێنێتەوە بەڵگەی سەلمێنەری ئەوەی لە نێودا بەرچاو دەکەوێت ، بەڵکو لە سەرەتاوە تا کۆتاکەی ئەوە دەبینێت ٠ ئەمەش لە گەورەترینی ئەو بەڵگەکانەیە کە هەستاوە بە پوچکردنەوەی پیلانی کەسە ڕەقاوی و دڵپیسەکان بەرامبەر بە ئیسلام و نەویستارانی شەریعەتەکەی و بانگەشەکارانی ئەوەی کە گوایە ئیسلام تەنها بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێوڕەسمی خواپەرستی و هیچ پەیوەندیەکی بەژیانەوە نی یە ، ئای کە خراپە ئەو بڕیارەی کە دەیدەن ، خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴾ [التوبة : ٣٢] واتە : ﴿ يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ ﴾ دەیانەوێت ڕووناکی (ئاینیی) خوا بکوژێننەوە ﴿ بِأَفْوَاهِهِمْ ﴾ بەفووی دەمیان ﴿ وَيَأْبَى اللَّهُ ﴾ وە خوا نایەوێ ﴿ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ ﴾ بێجگە لە ڕووناکی خۆی تەواو بکات و سەرکەوێ ﴿ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴾ هەرچەند بێباوەڕان پێیان ناخۆش بێ[١]

محمد محمد تامر

مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلیجی (دار العلوم)

١ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

ژیانی پێشەوای بەناوبانگ (ابن القيم الجوزيه) _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _
ناوی و ڕەچەڵەکی و لەدایك بوونی :

(محمد)ی کوڕی (أبي بكر)ی کوڕی (سعد الزرعي)یە چونکە دەگەڕێتەوە بۆ شاری (أزرع)و ، پاشان دیمەشق : (أبوعبدالله شمس الدين)یشی پێ دەگوترێت · خوای لێ ڕازی بێت لە گەورەترینی زانایان بوو ، هەروەها بابیشی کە سەرپەرشتیارو چاودێری (الجوزية) بوو ، کە خوێندنگایەك بوو لە دیمەشق ، بۆیە بە (ابن القيم الجوزية) ناسرا ، واتە کوڕەکەی سەرپەرشتیاری خوێندنگەی (الجوزية) · لە حەوتی مانگی (صفر)ی ساڵی شەش سەدو نەوەدو یەکی کۆچی چاوی بەدونیا هەڵهێناوە ·

مامۆستاو فێرکاری گەورەی _ کە بەدرێژای ژیانی دەستی پێوە گرت و لێی جیانەبۆوە _ شێخ و زانای درەوشاوە (تقي الدين ابن تيمية) بوو ·

مامۆستاکەی کاری تێکرد بەگەورەترین کاتێکردن ، بۆیە لەسەر مەنهەجەکەی دەچوو ، ڕێگەکەی ئەویشی پەیڕەو دەکرد کاتێ دژبە لادەران لە ئاین دەجەنگا ، هۆکارێکی گەورەش بوو بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی (ابن تيمية) بەو کتێبە چاکە قبوڵکراوانەی داینابوو ، بەڵام زۆر جار پێچەوانەی ئەوی پەیڕەو دەکرد ئەگەر هەقی بۆ دەرکەوتایەو بەڵگەی بۆ ڕوون بوایەتەوە.

خوێندکارانی زۆرن ، لەوانە : (عبدالله)ی کوڕی ، (ابن كثير)ی خاوەنی تەفسیری بەناوبانگ ، پێشەواو زانا (عبدالرحمن)ی کوڕی (رجب البغدادي الحنبلي) خاوەنی کتێبی (طبقات الحنابلة) ، (ابن عبدالهادي) ، (شمس الدين محمد)ی کوڕی (عبدالقادر النابلسي).

كتێبە دانراوەكانی :

(ابن القيم الجوزية) ـــ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـــ دیوانێكی زانیاری زیندوو بوو ، خاوەنی بیروباوەڕی خۆی بوو كە حەزی بە بڵاوكردنەوەی دەكرد ، لە پێناو سوود گەیاندن بە موسڵمانان كاری دەكرد ، بۆیە تەماشا دەكەین كتێبێكی زۆری داناوە ٠

پێشەوا (ابن الحجر العسقلاني) دەربارەی (ابن القيم الجوزية) لە كتێبی (الدرر الكامنة)دا فەرموویەتی : لە دانراوەكانیدا بەحەوسەڵە بوو ، ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ ڕوونكردنەوە بەكاردەهێنا ، بۆیە زۆر درێژەی بە گوفتارەكانی دەدا ، بەهرەو توانایەكی بەهێزی هەبوو ، بەردەوام ورتەورتی (دندن) بەدەور ووشەكانیدا دەكردو سەری دەخست و دەیسەلمان و بەڵگەی بۆ دەهێنایەوە ٠

پێشەوا (الشوكاني)یش فەرموویەتی : چاكی ڕەفتارو دەستكاری و تام و چێژێكی زیادی هەیە ، وە شێوازێكی چاك و جوانی دەربڕینی گوفتاری هەیە ، كە زۆربەی دانەرانی تر لەو بوارەدا بێتوانابوون ، بەجۆرێك ئەقڵ و ژیری ئاشقی گوفتارەكانی دەبن و ، بیروهۆشیش مەیلی دەكەن و ، دڵانیش خۆشی دەوێ ، بەزۆری بەبەڵگەی سەلمێنەر نەبێ پشت بەشتی تر نابەستێ ، هەندێ جارو بەدەگمەن مەیلی لای ئەو ڕێباوەڕە دەكات كە لە سەری پەروەردە بووە ، بەڵام ناوێرێت بەڵگەی سەلمێنەر دوور بخاتەوە بەهەندێ لێكدانەوەو هەڵگرتنی سارد وەكو ئەوەی كەسانی تر دەیكەن ، بەڵكو پشت بەسەرچاوەو بەڵگە دەبەستێ لەو بوارەدا ، لە زۆربەی دانراوەكانیدا دادپەروەری و میانڕەوی پیادەكات ، لە گەڵ بەڵگەدا دەسوڕێتەوە بۆ هەر كوێ سوڕایەوەو ، پشت بە قسەی دەماودەم و دەڵێن نابەستێت ، ئەگەر لە توێژینەوەیەكدا هەموو گوفتارەكان وەرگرێت و درێژە بە پەراوێزەكانی بدات زانشتێك باس دەكات كەسانی تر باسیان نەكردبێ ، قسانێك باس دەكات كە دەبێ بەهۆی شادومانبوونی سینگی ئەو كەسانەی ئارەزومەندن ڕێباوەڕەكانیان وەرگیرێت ٠

(ابن القيم)_ رەحمەتی خوای لیبیت _ کتیبیکی زۆری داناوە وەکو :

١_ تهذيب سنن أبي داود وإيضاح علله ومشكلاته ٢ _ طريق الهجرتين وباب السعادتين ٣ _ مدارك السالكين بين منازل ﴿ إياك نعبد وإياك نستعين ﴾ وهو شرح كتاب منازل السائرين لشيخ الإسلام الأنصاري ٤ _ كتاب عقد محكم الأحباء ، بين الكلم الطيب والعمل الصالح المرفوع الى رب السماء ٥ _ أخبار النساء ٦ _ علم البيان ٧ _ شفاء العليل في القضاء والقدر ٨ _ شرح أسماء الكتاب العزيز ٩ _ زاد المسافرين الى منازل السعداء في هدي خاتم الأنبياء ١٠_ جلاء الأفهام في ذكر الصلاة والسلام على خير الأنام ١١ _ بيان الأستدلال على بطلان اشتراط محلل السباق والنضال ١٢ _ نقد المنقول ، والمحك المميز بين المردود والمقبول ١٣ _ بدائع الفوائد ١٤ _ الشافية الكافية في الأنتصار للفرق الناجية ، وهي القصيدة النونية في السنة نحو ثلاث آلاف بيت ١٥ _ الصواعق المنزلة على الجهمية والمعطلة ١٦ _ حادي الأرواح الى بلاد الأفراح ١٧ _ نزهة المشتاقين وروضة المحبين ١٨ _ الداء والدواء ١٩ _ تحفة الودود في أحكام المولود ٢٠ _ مفتاح دار السعادة ، ومنشور لواء أهل العلم والإرادة ٢١ _ اجتماع الجيوش الإسلامية على غزو فرق الجهمية ٢٢ _ رفع اليدين في الصلاة ٢٣ _ نكاح المحرم ٢٤ _ تفضيل مكة على المدينة ٢٥ _ فضل العلم ٢٦ _ عدة الصابرين ٢٧ _ جوابات عابدي الصلبان وأن ماهم عليه دين الشيطان ٢٨ _ كتاب الكبائر ٢٩ _ كشف الغطاء عن حكم سماع الغناء ٣٠ _ معاني الأدوات والحروف ٣١ _ الرسالة الشافية في أسرار المعوذتين ٣٢ _ اقتضاء الصراط المستقيم في مخالفة أصحاب الجحيم ٣٣ _ إغاثة اللهفان في حكم طلاق الغضبان ٣٤ _ حكم تارك الصلاة ٣٥ _ نور المؤمن وحياته ٣٦ _ حكم إغمام هلال رمضان ٣٧ _ التحرير في ما يحل ويحرم من لباس الحرير ٣٨ _ بطلان الكيمياء من أربعين وجهاً ٣٩ _ الفرق بين الخلة والمحبة ، ومناظرة الخليل لقومه ٤٠ _ الكلم الطيب والعمل الصالح ٤١ _ الفتح القدسي ٤٢ _ المسائل الطرابلسية ٤٣ _ أعلام الموقعين عن رب العالمين ٤٤ _ التحفة المكية ٤٥ _ أمثال القرآن ٤٦ _ تفسير الفاتحة ٤٧ _ الرسالة التبوذكية ٤٨ _ إيمان القرآن ٤٩ _ شرح الأسماء الحسنى ٥٠ _ الفروسية الشرعية ٥١ _ الطرق الحكمية في السياسة الشرعية ٥٢ _ كتاب الروح

٥٣ _ إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان ٥٤ _ اقتضاء الذكر بحصول الخير ودفع الشر ٥٥ _ روضة المحبين و نزهة المشتاقين ٥٦ _ تفسير أسماء القرآن ٥٧ _ الجواب الكافي عن ثمرة الدعاء ٥٨ _ التبيان في مسائل القرآن ٥٩ _ زاد المعاد في هدي خير العباد ٦٠ _ المنار المنيف في الصحيح والضعيف ٠

مردنەكەی : _ خوای لیّ ڕازی بێت _ كاتی نوێژی عیشای شەوی پێنج شەمەی ، سیازدەی مانگی ڕەجەبی ساڵی حەوت سەدو پەنجاو یەكی كۆچی مردوە ٠

پزیشكێتی پێغەمبەرﷺ

كۆمەڵێك لە ڕێنومایەكانی پێغەمبەری خوامان ﷺ بۆ باسكراوە لە هەموو بوارەكانی غەزاو پێشكەوتن و بەڕێوەبردنی كاروفرمانەكانی و چونیەتی بەڕێخستنی نێردراوەكانیی و سریەكان و نامەكانیدا ، هەروەها ئەو نووسراوانەی بۆ پادشاو جێگرەكانیان دەینووسی ٠

ئێمەش لێرەدا هەمان ڕێڕەو دەگرینە بەرو چەند بەشێكی بە سوود لە ڕێنومایەكانی دیكەی لە بواری پزیشكێتیدا باس دەكەین ، كە خۆی پێی تیماردەكردو ، بۆ خەڵكی تریشی وەسف دەكرد ، گرنگترین ئەو حیكمەتانەش كە تیایدایە دەخەینەڕوو ، كەوا ئەقڵی زۆربەی پزیشكان بێ توانان پێی بگەن ، چونكە پزیشكێتی ئەوان لە چاو پزشكێتی پێغەمبەری خوادا بە هاوشێوەی پزشكێتی پەككەوتوانە لە چاو پزشكێتی ئەواندا ، بۆیە داوای یارمەتی لە خوای پەروەردگار دەكەین هێزو توانامان پێبەخشێت و دەڵێین :

نەخۆشی دوو جۆرە : نەخۆشی دڵان و ، نەخۆشی جەستەكان ٠ هەردووكیشیان لە قورئاندا باسكراون ٠

نەخۆشی دڵانیش دوو جۆرە : نەخۆشی ناپاکی و گومان و ، نەخۆشی ئارەزوو گومڕایی ، هەردوکیشیان لە قورئاندان . خوای تعالی سەبارەت بە نەخۆشی ناپاکی فەرموویەتی : ﴿ في قُلوبِهِم مرض فَزادَهُمْ اللهُ مَرَضاً ﴾ [البقرة : ١٠] واتە : ﴿ في قُلوبِهِم مرض ﴾ لە دڵیاندا نەخۆشی (ناپاکی) هەیە ﴿ فَزادَهُمْ اللهُ مَرَضاً ﴾ خواش نەخۆشیەکەی زۆرترکردن (بە هاتنی قورئان)[٢] ، هەروەها خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وَلِيَقولَ الذينَ في قُلوبِهِمْ مَرضٌ والكافرون مَاذا أَرادَ اللهُ بِهَذا مَثَلاً ﴾ [المدثر : ٣١] واتە : ﴿ وليَقولَ الذينَ في قُلوبِهِمْ مَرضٌ ﴾ تا بڵێن ئەوانەی کە نەخۆشی (ناپاکی)یان لە دڵایە ﴿ والكافرون ﴾ وە بێ بڕواکان ﴿ مَاذا أَرادَ اللهُ بِهَذا مَثَلاً ﴾ خوا چی مەبەستە بەم ژمارەیە کە لە غەیبیدا وەك مەسەل وایە[٣] .

هەروەها خوای تعالی لە ڕاستی ئەوانەی بۆ حوکم پێکردنی قورئان و سوونەت بانگ کران ، بەڵام بە قایلنەبوون و بە ڕوو وەرگێڕان وەڵامیان دایەوە فەرموویەتی : ﴿ وَإذا دُعُوا إلى اللهِ وَرَسُوله لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إذا فَريقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ * وَإن يَكُن لَهُمُ الحَقُّ يأتُوا إلَيْهِ مُذْعِنينَ * أفَي قُلوبِهِم مَّرضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافونَ أنْ يَحِيفَ اللهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ ، بَلْ أُولئكَ هُمُ الظالمونَ ﴾ النور : ٤٨ _ ٥٠ ﴾ واتە : ﴿ وإذا دُعُوا ﴾ کاتێ بانگ بکرێن ﴿ إلى اللهِ وَرَسُولِه ﴾ بۆ لای (شەریعەتی) خواو پێغەمبەر ﷺ ﴿ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ﴾ بۆ ئەوەی حوکم بکات لە نێوانیاندا ﴿ إذا فَريقٌ مِنْهُم مُّعْرِضُونَ ﴾ یەکسەر کۆمەڵێك لەوانە ڕوو وەردەگێڕن . ﴿ وَإن يَكُن لَهُمُ الحَقُّ ﴾ بەڵام ئەگەر لە (حوکمدانەکەدا) حەقەکە بۆ ئەوان بێت ﴿ يَأتُوا إلَيْهِ مُذْعِنِينَ ﴾ دێن بۆ لای (حوکمەکە) بەو پەڕی ملکەچی یەوە . ﴿ أفي قُلوبِهِم مَّرَضٌ ﴾ ئایا دڵەکانیان نەخۆشی تێدایە ﴿ أمِ ارْتَابُوا ﴾ یا لە گوماندا بوون ﴿ أمْ يَخَافُونَ أنْ يَحيفَ اللهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ ﴾ یان دەترسن

---

٢ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٣ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

خولو پێغەمبەرەكەی ﷺ ستەمیان لیٚ بكەن ﴿ بَلْ أُوْلَئِكَ هُمُ الظالِمُونَ ﴾ (نەخێر هیچ لەوانە نی یە) بەڵكو ئەوانە هەر خۆیان ستەمكارن [٤] . ئا ئەمە نەخۆشی ناپاكی و دوودڵی گومانە.

هەروەها خوای تعالى سەبارەت بە نەخۆشی هەواو ئارەزوو فەرموویەتی : ﴿ يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِن النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلا تَخْضَعْنَ بِالقَولِ فَيَطمَعَ الذي في قَلبِهِ مَرضٌ ﴾ [الأحزاب : ٣٢] واتە : ﴿ يا نِسَاءَ النَبي ﴾ ئەی ژنانی پێغەمبەر ﷺ ﴿ لَسْتُنَ كَأَحَدٍ مِنَ النِسَاء ﴾ ئێوە وەك هیچ یەك لە ئافرەتانی دیكە نین ﴿ إِنَ اتَّقَيْتُنَّ ﴾ ئەگەر خۆتان بپارێزن و لە خوا بترسن ﴿ فَلا تَخْضَعْنَ بِالقَوْلِ ﴾ كەواتە بە خەمزەو نازەوە قسە مەكەن (وەك ئافرەتانی رەوشت نزم) ﴿ فَيَطمَعَ الذي قلبهِ مرضُ ﴾ نەوەكو ئەوەی كە دڵی نەخۆشە (دەرون نزمە) نیازی خراپ بكات ﴾[٥] ، ئا ئەمە نەخۆشی هەولو ئارەزووی دلوێن پیسی یە .

بەشێك : سەبارەت بە نەخۆشیەكانی جەستە

سەبارەت بە نەخۆشی جەستەیی ، خوای تعالى فەرموویەتی : ﴿ لَيْسَ عَلَى الأَعْمَى حَرَجٌ وَلا عَلَى الأَعْرَجِ حَرَجٌ ولا على المَرِيضِ حَرَجٌ ﴾ [الفتح : ١٧] ، [النور : ٦١] واتە : ﴿ لَيْسَ عَلَى الأَعْمَى حَرَج ﴾ بۆ كوێر گوناە نی یە (بەشداری جیهاد نەكات) ﴿ وَلا عَلَى الأَعْرَجِ حَرَج ﴾ بۆ شەلیش گوناە نی یە ﴿ ولا على المَرِيضِ حَرَجٌ ﴾ هەروەها بۆ نەخۆشیش گوناە نی یە[٦] . خوای گەورە نەخۆشی جەستەیی لە باسەكانی حەج و رۆژوو و دەستنوێژدا باسكردووە ، لە بەر نهێنیەكی سەرسوڕمێن كە گەورەیی قورئانت بۆ روون دەكاتەوە ، ئەمەش بەسە بۆ ئەوانەی لێی تێدەگەن و بە ئەقلیش پەسەندی دەكەن بۆ ئەوەی پێویستیان بە شتی تر نەبێت ، چونكە مەبەستەكانی پزشكێتی جەستەیی سیٚ شتە : پاراستنی تەندروستی ، خۆ

---

٤ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٥ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٦ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

پارێزی له شتی زیانكار ، هەڵهێنانەوەو كردنه دەرەوەی مادده خراپ بووەكان · خوای تعالی ئەم سێ بنەمایه لەم سێ شوێنەی قورئاندا باس دەكات ، لە ئایەتی ڕۆژوودا دەفەرمێت : ﴿ فَمَنْ كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَو عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ [البقرة : ١٨٤] واتە : ﴿ فَمَنْ كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً ﴾ جا هەر كەسێك له ئێوه نەخۆش بوو ﴿ أَوْ عَلَى سَفَرٍ ﴾ یا لە سەفەردا بوو (وه به ڕۆژوو نەبوو) ﴿ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ ئەوه پێویستە بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانەی (بە ڕۆژوو نەبووه) قەزای بكاتەوه لە ڕۆژانی تردا[٧] ، لێرەدا ڕێی داوه بە نەخۆش ڕۆژوو بشكێنێت " به بەهانەی نەخۆشیەكەوەو ، هەروەها به ڕێبواریش بۆ پاراستنی تەندروستیی و هێزیی نەوەكو ڕۆژوو لایانبەرێت له سەفەرەكەدا كه جموجۆڵێكی زۆری تێدا كۆدەبێتەوەو ، ئەو چابوكی و چالاكیەی پێویستی دەكات ، چونكه نەبوونی خۆراكی پێویست بۆ ئەوەی جێگەی ئەو خۆراكانەی شیی بۆتەوه بگرێتەوه ، هێزیی مرۆڤ كەم دەكاتەوەو لاواز دەبێت ، بۆیە ڕێی داوه به ڕێبوار ڕۆژوو بشكێنێت بۆ پاراستنی تەندروستی و هێزیی بەرامبەر بەوانەی لاوازی دەكەن.

له ئایەتی حەجیشدا خوای تعالی فەرموویەتی : ﴿ فَمَنْ كَانَ مِنكُمْ مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذىً مِنْ رَأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ﴾ [البقرة : ١٩٦] واته : ﴿ فَمَنْ كَانَ مِنكُمْ مَرِيضاً ﴾ ئینجا هەر كامێك لە ئێوه نەخۆش بوو ﴿ أَوْ بِهِ أَذىً مِنْ رَأْسِهِ ﴾ یان ئازارێك له سەریدا بوو ﴿ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ ﴾ (ئەگەر سەری تاشی) بریتی یەك بدات كە ڕۆژووی (سێ ڕۆژه) ﴿ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ﴾ یان خێرێك یان قوربانیەك بكات[٨] ، لێرەدا ڕێی داوه به نەخۆش و ، ئەو كەسەی سەری هەر ئازارێكی پێ گەشتبێت ، وەكو ئەسپێ ، یا ئاڵووشی وخوراندن ، یا هەر شتێكی تر ، له ئیحرامدا سەری بتاشێت بۆ كردنه دەرەوەی ئەو بۆخ و هەڵماتكه خراپەی كه ئازاری له سەریدا دروست كردبوو ، به لرگ بەستن (أحتقان) له ژێر پرچیدا ، چونكه كه

٧ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

٨ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

سەری تاشی ، کونیلەکان دەکرێنەوەو ، ئەو بۆخ و هەڵماتکە دەچنە دەرەوە ، بۆیە ئەم جۆرەی دەرهاوێشتنە تێکرای دەهاوێشتنەکانی تری لە سەر (قیاس) دەکرێت کە گیربوونی لە جەستەدا ئازار بەمرۆڤ دەگەیەنێت ٠

ئەو شتانەش کە گیربوونیی و پێشگریکردنی ئازاردەرن دە شتەن : خوێن ئەگەر هەژی و جولا ، (مني) ئاوی نێرینە ئەگەر ئارەزووی هەستا ، میز ، پیسی ، با ، ڕشانەوە ، پژمین ، نووستن ، برسێتی ، تینوویوون ٠ هەر یەکێکیش لەم دە شتە ئەگەر گیردرا ، دەبێ بە هۆکاری دروستبوونی نەخۆشیەك لە نەخۆشیەکان ٠

خوای تعالی ووشیاری کردوینەتەوە بە کردنە دەرەوەی نزمترینیان ، کە بریتی یە لە بۆخ و هەڵماتکی لرگ بەستوو (المحتقن) لە سەردا بۆ کردنە دەرەوەی لەوە سەخترو دژوارتر ، ئەمەش ڕێبازی قورئانە : ووشیاریی دەدا بە نزمترین لە سەر گەورەترین ٠

بەڵام پارێزکردن : خوای تعالی لە ئایەتی دەستنوێژدا فەرموویەتی : ﴿ وإن كُنتُم مَّرضى أَوْ عَلى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنكُم مِنَ الغَائِطِ أَوْ لَمَستُمُ النِسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيداً طَيِّبَاً ﴾ [النساء : ٤٣] [المائدة : ٦] واتە : ﴿ وَإن كُنتُم مَّرضى ﴾ وە ئەگەر نەخۆش بوون ﴿ أَوْ عَلى سَفَرٍ ﴾ یان لە سەفەردا بوون ﴿ أَوْ جاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الغائِطِ ﴾ یان کەسێکتان هاتەوە لە شوێنی پێویستی سەرئاو ﴿ أَوْ لَمَستُم النِسَاءَ ﴾ یان جووت بوون (یا پێستان بەر یەك کەوت) لە گەڵ خێزانەکانتاندا ﴿ فَلَمْ تَجِدوا مَاءً ﴾ و ئاوتان دەست نەکەوت ﴿ فَتَيَمَمُوا صَعِيداً طَيباً ﴾ ئەو تەیموم بکەن بە خۆڵێکی پاك[٩] ، خوای تعالی ڕێی داوە بە نەخۆش لە ئاو لادات بۆ بەکارهێنانی خۆڵێکی پاك وەکو پارێزکردنێك نەوەکو جەستەی شتێکی ئازاردەری بەرکەوێت ، ئەمەش ووشیاردانێکە بە خۆپارێزیی لە هەموو زیانکارێك زیانی پێگەیەنێت دێوەکی بێت یان دەرەکی ، خوای پەروەردگار ڕێنوێنی بەندەکانی کردووە بۆ شێوەکانی

---

٩ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

تیمارگەری و ، کۆزانینی دەستوورەکانی و ، ئێمەش لێرەدا ڕێنیشاندەریەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە باس دەکەین و ، ڕوونی دەکەینەوە کە ڕێنیشاندەریەکانی لەم بارەوە تەواترین ڕابەرکاریە.

پزشکێتی دڵان :

ئەم جۆرە سپێردراوە بە پێغەمبەران _ صلوات الله وسلامه عليهم _ هیچ ڕێگایەکی کاریگەریش بەدینەکراوە بۆ بەدەستکەوتنیی تەنها لە ڕێگەی ئەوانەوە نەبێت و لە سەر دەستی ئەوانەوە نەبێت ، چونکە چاکێتی دڵان لەوەدایە خواکەی ، دروستکاری ، ناوەجوانەکانی ، سیفەتە بەرزەکانی ، کردەوەکانی ، حوکمەکانی بناسێت ، کارتێکراوی ڕەزابوون و خواستەکانی پەروەردگاری بێت ، خۆدوورخەرەوە بێت لە قەدەغەکراو و ڕق لێبووەکانیەوە ، بۆیە دڵیش هەرگیز تەندروستی و ژیانێکی باشی نابێت تەنها بە پەیوەندیەکی بە تینی ئەوانەوە نەبێت ، هیچ ڕێوازێکی وەرگرتنیشی نی یە تەنها لە لایەن پێغەمبەرانەوە نەبێت ، گومانیش نابرێت تەندروستی دڵان بەدەست بهێنرێت بەبێ پەیڕەوکردن و وەدووکەوتنیان بە تەواوی ، بۆیە زۆر بە هەڵەدا چوون ئەو کەسانەی واگومان دەبن کە تەندروستی دڵان بەدەست دەهێنرێت بەبێ شوێنکەوتنی پێغەمبەران ، لە ڕاستیدا هەرکەسیش گومانی وابێت ئەوا لە ژیان و بۆچونێکی ئاژەڵیی هەواو ئارەزووی خۆیەوە دەڕوانێت ، بۆیە دەبێ بزانین تەندروستی و هێزی دڵان و ، تەندروستی و هێزی ژیان لەوانە بەدوور نی یە ، هەر کەسێکیش توانای جیاوازیکردنی نێوان ئەمەو ئەمەی نەبێت ، با بگری بۆ ژیانی دڵی ، چونکە لە مردووانە ، با بشگری بۆ ڕووناکی و نووری دڵی ، چونکە لە دەریای تاریکی و گومڕاییدا نقووم بووە ٠

پێشەکی دانەر

بەشێك : سەبارەت بە جۆرەکانی پزیشکێتی جەستە

پزیشکێتی جەستە : دوو جۆرە :

یەکەم : جۆرێکە خوای تعالی هەموو زیندەواری لـە سـەر بـەدیهێناوە مرۆڤ و ئـاژەڵ ، ئـەم جۆرە پێویستی بە چارەسەری پزیشك نی یە ، وەکـو چارەسـەرکردنی برسـێتی ، تینویـەتی ، سەرما ، ماندوویەتی بە دژکارەکانیەوەو ئەوەی لایاندەبات ٠

دووەم : ئەوەی پێویستی بـە بـیرو تێووردبوونـەوە دەبێت ، وەکـو بـەرگریاریی نەخۆشـیە وێکچووەکان(المتشابهة) کە لە میزاجدا پەیدا دەبن ، بە جۆرێك لە میانـەیی دەبیاتـە دەرەوە ، بۆ گەرمی ، یا بۆ ساردی ، یـا بـۆ ووشـکێتی ، یـا بـۆ تـەڕێتی ، یـا بـۆ پێکهاتنێـك لـە دووان لەوانەی سەرەوە ، ئەمەش دوو جۆرە : ماددی ، یا چۆنیەتی (کیفیـة) ، مەبەستیشـم یـا بـە تێڕژانی ماددەیەك دەبێت ، یا بە پەیـدابوونی چـۆنیەتیەك ، جیـاوازی نێوانیشـیان ئەوەیـە کـە نەخۆشی یە چۆنیەتیەکان پاش نەمانی ئەو ماددانەی کـە بـەدیهێناون دروسـت دەبێـت ، بۆیـە ماددەکانیان نامێنێت و ، شوێنەوارەکانیان بە چۆنیەتی یەك لە میزاجدا دەمێنێتەوە ٠

نەخۆشیەکانی ماددەش هۆکارەکانی لە گـەڵ خۆیدایـە یارمـەتی درێژبوونـەوەی دەدات ، بۆیە ئەگەر هۆکاری نەخۆشی یەکە لـە گـەڵ خۆیـدا بێـت ، پێویسـتە یەکـەم جار تەماشای هۆکـار بکرێـت ، دووەم نەخۆشـیەکە ، سـێ یـەمیش : دەرمانەکـەی ٠ بـەڵام نەخۆشـیە ئەندامیەکان (الآلیة) ئەوانەن کە ئەندامەکە لـە ڕووخسـاری خـۆی دەباتـە دەرەوە ، یـا لـە شێوەدا ، یا بۆشایی (تجویف) ، یا ڕێڕەوێك ، یـا زبـری ، یـا لووسـی ، یـا ژمارەیـەك ، یـا ئیسکێك ، یا بارێك ، ئەم ئەندامانە ئەگەر هۆگری یەکتر بوون و جەستەیان پێکهێنا ئـەوا بـە هۆگربوونیان دەگوترێت پەیوەستبوون و ، دەرچوونیش لە باری میانەیی بە جیابوونـەوەی

پەیوەستبوون ناودەبرێت ، بەڵام نەخۆشی یە گشتیەکان تێکڕای نەخۆشی یە وێکچووەکان و ئەندامیەکان دەگرێتەوە.

نەخۆشی یە وێکچووەکانیش : ئەوانەن کە میزاج لە میانەیی دەبەنە دەرەوە ، ئەم چوونە دەرەوەیەش بە نەخۆشی ناودەبرێت دوای ئەوەی کە زیانێکی هەستپێکراو بە کردار دەگەیەنن ·

ئەمەش هەشت جۆرە : چواری سادەو ، چواری پێکهاتوو ، چوارە سادەکە : ساردو ، گەرم و ، تەڕو ، ووشکە · چوارە پێکهاتووەکەش : گەرمی تەڕو ، گەرمی ووشك و ، ساردی تەڕو ، ساردی ووشکە ، ئەمەش یا بە تێرژانی ماددەیەك دەبێت ، یا بە بێ تێرژانی ماددە ، بەڵام ئەگەر نەخۆشی یەکە ئازاری بە کردار نەگەیاند ئەوا چوونە دەرەوەکە لە میانەیی بە تەندروستی ناودەبرێت ·

بارەکانی جەستە :

جەستەش سێ باری هەیە : بارێکی ئاسایی و ، بارێکی دەرچوو لە ئاسایی و ، بارێکی نێوەندی هەردووکیان:

یەکەم : بەم بارە جەستە تەندروست دەبێت ·

دووەم : بەم بارە جەستە نەخۆش دەبێت ·

باری سێ یەمیش : نێوەندی هەردوو بارەکەی پێشووە ، چونکە دژ ناگواسترێتەوە بۆ دژەکەی تەنها بە نێوەندێك نەبێت ، هۆکاری دەرچوونی جەستەش لە سروشتی خۆی ، یا لە نێو خۆیەوە دەبێت ، چونکە پێکهاتووە لە گەرم و ساردو ، تەڕو ووشك ، یا لە دەرەوە دەبێت ، چونکە ئەوەی لە دەرەوە تووشی دەبێت پێدەچێت سازگاری لەشی بێت یا

سازگاریی نەبێت ، ئەو زیانەش بە مرۆڤـ دەگات پێدەچێت لە خراپبوونی میزاجەوە بێت کە لـە میانـەیی دەردەچـێت ، یـا بـە هـۆی خراپبـوونی ئەندامـەوە دەبێـت یـا بـە هـۆی لاوازبـوونی هێزەکانـەوە دەبێـت ، یـا ئـەو گیانانـەی هـەلگرتوون ، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ زیـادبوونی میانـەیی و کـەمی زیـادبوونی ، یـا کـورتی میانـەیی و نـەبوونی کـورتی ، یـا جـویێ بوونـەوەو جووتبوونی میانەیی ، یا کشان و کرژبوونی میانەیی ، یـا چـوونەدەرەوەی جەسـتەی هـەلگری بارو شێوەیەك لە بارو شێوەکەی خۆی بە جۆرێك لە میانەیی بیباتە دەرەوە ٠

بۆیـە پزیشـکی شـارەزا : تـەنها کەسـێکە هەڵدەسـتێت بـە جوێکردنـەوەی ئەوانـەی کـە کۆبوونـەوەیان زیـان بـە مرۆڤـ دەگەیـەنێت ، یـا هەڵدەسـتێت بـە کۆکرنـەوەی ئەوانـەی کـە جوێکردنەوەیان زیان بـە مرۆڤـ دەگەیـەنێت ، یـا هەڵدەسـتێت بـە کەمکردنـەوەی ئـەوەی کـە زیادبوونی زیان بە مرۆڤـ دەگەیـەنێت ، یـا زیـادکردنی ئـەوەی کـە کـەمبوونی زیـان بـە مرۆڤـ دەگەیەنێت ، بەو جۆرە تەندروستی وونبوو دەهێنێتەوە ، یا تەندروستی بە شـێوەو چەشن (الشـكل و الشـبه) دەپارێزێـت و بـە دژو پێچـەوانەش کەموکوڕیـەکانی لادەبـات ، یـا دەری دەهێنێت ، یا بە پارێزکردن هەڵدەستێت بـە لابردنـی بـە جۆرێـك بەربەسـتی ڕوودانـی بکـات ، هەموو ئەمانەش لە ڕێنمویەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺبە شێوەیەکی چاکەرەوەی سارێژکاری یەکلاکەرەوە دەبینیت بە هێزو تواناو چاکەو یارمەتیدانی خوای پەروەردگار ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێگەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردنداو فەرمانپێكردنی :

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەكانی چارەسەركردنی لە خودی خۆیدا بەكاردەهێناو ، فەرمانی بەكارهێنانی بە ئەو كەس و كارو هاوەڵانەشی دەكرد كە تووشی نەخۆشیەك بووبوون ، بەڵام لە باس و خواسی ژیانی خۆی و هاوەڵانیشیدا نەهاتووە ئەو دەرمانە ئاوێتانە بەكاربێنن كە بە (أقربإذين) ناسراوە ، بەڵكو زۆربەی دەرمانەكانیان بە تاكەكان بوو ، پێدەچێت هەندێ مادەی یارمەتیدەریشیان تێكەڵ بە دەرمانە تاكەكان بكردایە ، یا هەندێ مادەی تر لە تیژیەكەی كەم بكاتەوە ، ئەمەش پزیشكێتی باوی نەتەوەكانە بە جیاوازی ڕەگەزەكانی عەرەب و تورك و ، خەڵكی بیابان سەراپا ، لە ڕاستیدا ڕۆم و یونانیەكان سەرقاڵبوون بە دەرمانە ئاوێتەكانەوە ، بەڵام زۆربەی پزیشكێتی هند بە دەرمانە تاكەكانە ٠

پزیشكان ڕێكەوتووبوون سەبارەت بەوەی هەركات توانرا چارەسەر بە خۆراك بكرێت وازی لێناهێنرێت و ناگۆڕدرێت بە دەرمان ، هەركاتیش توانرا بە سادە چارەسەر بكرێت وازی لێناهێنرێت و ناگۆڕدرێت بە ئاوێتەكان ٠

گوتوویانە : هەر نەخۆشیەك توانرا بە خواردەمەنی و پارێزكردن لابرێت ، هەوڵ نادرێت بە دەرمانەكان لابدرێت گوتوویانە : پێویستە پزیشك هۆگری فەرماندان بە نەخۆش نەبێت كە هەموو كاتێك دەرمان بخواتەوە ، چونكە دەرمان ئەگەر نەخۆشیەك لە جەستەدا بەدینەكات ئەوا شیی دەكاتەوەو هەڵیدەوەشێنێ ٠ یا ئەگەر دەرمانەكە نەخۆشیەكی بەدیكردو لەبارو گونجاوی نەبوو ، یا نەخۆشیەكی بەدیكرد لەبارو گونجاوی بوو بەڵام بڕیی لە نەخۆشیەكە زیاتر بوو ، یا چۆنیەتیەكەی ، ئەوا دەستەوداوێنی تەندروستی دەگرێت و ، دەیشێوێنێت ٠

پزیشکه به ئەزموونەکان پزیشکێتیان به تاکەکانه بـه زۆری ، کـه ئەمانـەش یـەکێکن لـه سـێ دەستەکەی پزیشکێتی ٠

بۆ سەلماندنی ئەوەش دەگوترێت دەرمانەکان له ڕەگەزی خۆراکەکانه ، بۆیه ئەو ئومـەت و تایەفەی که زۆربەی خۆراکیان به تاکەکانه ، نەخۆشیەکانیان زۆر کەمەو ، پزیشکێتیشـیان بـه تاکەکانـه ، بـەڵام دانیشـتوانی شـارەکان ئەوانـەی خۆراکـه ئاوێتـەکانیان بەسـەردا زاڵـه ، پێویستیان به دەرمانه ئاوێتەکانه ، به هۆکـاری ئـەوەی نەخۆشـیەکانیان ئاوێتەیـه ، دەرمانـه ئاوێتەکانیان بۆ بەسوودتره ، نەخۆشیەکانی دانیشتوانی بیابان تاکه ، بۆیه دەرمانـه تاکـەکان بەسه بۆ چارەسەرکردنیان ٠ ئەمەش سەڵماندنێکه به گوێرەی پزیشکسازی ٠

فەزڵ و چاکێتی پزیشکێتی پێغەمبەری خوا ﷺ به سەر پزیشکایەتی پزیشکەکاندا :

ئێمەش دەڵێین : لێرەدا شتێکی تر دێته پێشەوه ، کەوا بەراوردی پزیشکێتی پزیشکان بـه پزیشکێتی پێغەمبـەر وەکـو بـەراوردی پزیشـکێتی هەنـدێ لـه صـوفیەکانه کـه شـارەزایان لـه پزیشکێتیدا نی یه و بەساڵاچووانه به پزیشکێتی پزیشکان ، ئەمەش بـەڕوونی دانـی پێـدانراوه له لایەن لێهاتووان و پێشـەواکانیانەوه ، چـونکه سـەبارەت بـەو زانسـته پزیشـکێتیەی هەیانـه هەنـدێکیان دەڵـێن : (قیـاس)ه ٠ هەنـدێکی تریشـیان دەڵـێن : ئـەزموون وتاقیکردنەوەیـه ٠ هەندیکیشیان دەڵێن : نیگاو بۆهاتنه ، خەوبینینـه ، پـەی پێبردنێکـی ڕاسـته ٠ هەندێکیشـیان دەڵێن : زۆربەی له ڕەفتاری ئاژەڵانەوه وەرگیراوه ، وەکو ئـەوەی دەبیـنین پشـیلەکان ئەگـەر ژەهردارەکان بخۆن دەچنه لای چراکەو ، زەیتەکـه لـه دەمیـدا هەڵدەسوڕێنی و پاشـان فڕێـی دەدا ، هەروەها بینراوه مارەکان کاتێك له کونەکانی زەمین دێنەدەرەوەو ، چـاوەکانیان کـوێر بـووه دەچـێته لای گـەڵاکانی ڕازیانـەو چـاوەکانی بـه سـەردادەهێنێت ، هـەروەها زانـراوه باڵندەکان ئاوی دەریا به زۆری دەخۆنەوەله کاتی بێزاربووندا و ، چـەندین نموونـەی تـریش کـه له بنەماکانی پزیشکێتیدا باسکراوه ٠

بەڵام ئەمەو هاوشێوەكانی لە چ ئاستێكی ئەو سروشەدان كە خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەكەی ناردویەتی سەبارەت بە هەموو ئەوانەی بە سوودو زەرەرداریشە بۆی ، بۆیە بەراوردی پزیشكێتیان بەو سروشە وەكو بەراوردی زانەستەكانی ئەوانە بەوەی پێغەمبەران هێناویانە ، بەڵكو ئێرە دەرمانگەلێكی چارەسەركاری تێدایە كە چەندین نەخۆشی چارەسەر دەكات كە ئەقڵ و ژیری گەورەترین پزیشكان پێی نەگەشتووەو ، زانست و ئەزموون و تاقیكردنەوەو (قیاس) ەكانیشیان پێی نەگەشتووە ، لێرەدا دەرمانە دڵی و ، ڕوحیەكانی تێدایە ، سەرەڕای بە هێزی بیروباوەڕو دڵ و ، پەشت ئەستووركردن بە خواو ، پشت بەستن بە خواو ، خۆهاوێشتن و خۆشكانەوە لە پێش دەستی خوای پەروەردگارداو ، مل كەچكردن بۆ خوای تعالی و ، خێروچاكەداری و ، نزاكردن و ، پەشیمان بوونەوە لە تاوانەكان و ، داوای لێخۆشبوون لە خوای تعالی و ، چاكەداری بەرامبەر بە بەدیهێنراوان و ، بەهانەوەچوونی لێقەوماوو ، لابردنی خەم و خەفتی پەست و ناڕەحەتبووەكانی تێدایە ، ئەم دەرمانانە لە لایەن تێكڕای نەتەوەكانەوە بە جیاوازی ئاین و ڕیبازەكانیانەوە تاقیكراوەتەوە ، بۆشیان دەركەوتووە كە كاریگەریەكی بەتینیان لە چاكبوونەوەدا هەیە كە نە زانست و ، نە نەتاقیكردنەوەو ، نە (قیاس)ی زاناترینی پزیشكان پێی نەگەشتووە ٠

ئێمەو كەسانی تریش لەمانەمان زۆر بەكارهیناو ، بینیشمان كردەوانێكی كاریگەری ئەوتۆی هەیە كە هیچ دەرمانێكی هەستی پێی ناگات ، بەڵكو دەرمانە هەستیەكان لە ئاستیدا وەكو پلەی دەمانی صوفیە ناشارەزاكانی لێدێت بەلای پزیشكانەوە ، ئەمەش ڕیكەوتووی یاسای خواوەندەو لێی بەدەر نی یە ، بەڵام هۆكارەكان جۆراوجۆرن ، چونكە دڵ هەركات پەیوەندبوو بە خوای جیهانیانەوەو ، بەجوانی تێكەڵی نەخۆشی و دەرمانەكەی بوو ، ئەگەر ڕێكخەری سروشت و هەڵسووڕێنەری ئارەزووی لێبێت ئەوا چەندین دەرمانی تری دەبێت بەدەر لەو دەرمانانەی كە دڵانی دووركەوتوو ڕوو وەرگێڕ لە خوای تعالاوە پێویستیان پێیەتی و دەیچێژن ، زانراویشە كە ڕۆح هەركات بە هێزبوو ، نەفس و سرۆشتی مرۆڤیش بەهێزبوو ئەوا هاوكاری یەكتر دەبن بۆ لادانی نەخۆشیەكەو بەزاندنی ٠ ئیتر چۆن نكۆڵیی بكرێت لەو

كەسانەی كە _ نەفس و سروشتی لەشیان بەهێز بووەو ، دڵخۆش بووە بە نزیكیی لە خوای چارەسەردەریەوەو ، شادومانە بە خواكەی و ، خۆشیی دەوێ و ، چێژ لە یادكردنەوەی وەردەگرێ و ، هەموو هێزو توانەكانی بۆ خواكەی ئاڕاستەكردووەو ، بۆ ئەوی كۆكردۆتەوەو ، داوای كۆمەك خواستن بە تەنها لە خواكەی دەكات و ، پشتی پێ دەبەستێ _ هەموو ئەمانە لە گەورەترین دەرمانەكان و چارەسەرەكان بێت و ئەم هێزە گەورەیە هۆكاری لادانی نەخۆشیەكەی بێت بە تەواوی ، بۆیە هیچ كەسێك نكۆڵیی لەمە ناكات جگە لە نەفامترینی كەسانێك ، كە ئەستوورترین پەردەیان بە سەر چاودا دراوەو ، ناپاكترین نەفسیان هەیەو ، زۆر دوریشن لە حەقیقەتی مرۆڤایەتیەوە ، دواتریش _ إن شاء الله _ ئەو هۆكارە باس دەكەین كە بە هۆیەوە خوێندنی سورەتی (الفاتحة) نەخۆشی پێوەدان و گەستنەكەی لە كەسی گەستراو لابرد كاتێ وەكو نووشتە بەسەریدا خوێندرا ، تا هەستا وەكو ئەوەی هیچ نەخۆشی و ئازارێكی نەبێت ٠

ئەمەش دوو جۆری پزیشكێتی پێغەمبەرە ﷺ، ئێمەش بە یارمەتی خوای تعالی لە سەر هەردووكیان دەدوێین بە گوێرەی هێزو توانا ، ڕادەو بڕی زانستەكەشمان كورتەو ، زانیاریشمان زۆر پەرش و بڵاوو كەمەو ، كەلوپەلیشمان تێكەڵ و پێكەڵە ، بەڵام داوای پێ بەخشین لەو زاتە دەكەین كە هەموو خێرێكی بە دەستەو ، لە چاكەشی وەردەگرین ، فإنە العزيز الوهاب.

بەشێك : سەبارەت بەو فەرموودانەی کە هانی تیمارکردن و بەستنەوەی هۆ بە مایەی هۆوە دەدەن :

روى مسلم في صحيحه : من حديث أبي الزُّبَير عن جابر بن عبدالله عن النبيِّ ﷺ أنه قـال : ((لِكلِّ داءٍ دواءٌ ، فإذا أُصِيبَ دَوَاءُ الدَّاءِ ، برأ بإذن اللهِ عَزَّوجَلَّ))[١٠] ٠

واتە ئیمامی (مسلم) لە (صحيح)ەکەیدا : لە (أبي الزُّبَير)ەوە لە (جابر)ی کوڕی (عبدالله)وە دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((بۆ هەر نەخۆشیەك دەرمان و چارەسەرێك هەیە ، بۆیە هەرکات دەرمانەکە نەخۆشیەکەی پێکا ، بە ئیزنی خوای _ عَزَّوجَلَّ _چاك دەبێتەوە)) ٠

وفي الصحيحين :عن عطاءٍ ، عن أبي هريرة قال : قال رسول الله ﷺ : ((ما أنزل اللهُ مِنْ داءٍ إلا أنْزَلَ لَهُ شِفَاءً))[١١] ٠

واتە لە (الصحيحين)دا هاتووە : لە (عطاء)ەوە لە (أبي هريرة)ەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((خوای گەورە هەر نەخۆشیەکی دابەزاندبێ مەگەر (إلا) چارەسەرەکشی دابەزاندووە)) ٠

---

١٠ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣٣٥/٣) ، ومسلم (٢١/٧)عن عبد ربه بن سعيد عن أبي الزبير عن جابر فذكره مرفوعاً ٠

١١ _ صحيح : أخرجه البخاري (١٥٨/٧) ، وابن ماجة (٣٤٣٩) ، عن أبي أحمد الزبيري قال : حدثنا عمر بن سعيد بن أبي حسين ، قال : حدثني عطاء بن أبي رباح عن أبي خريرة مرفوعاً ٠ ولم أجده في صحيح مسلم ٠ ولعل عزوه للصحيحين وهم من المصنف ٠

وفي مسند الإمام أحمد : من حديث زياد بن علاقة عن أُسامة بن شَريك ، قال : كنتُ عندَ النبيِّ ﷺ ، وجاءت الأعرابُ ، فقالوا : يا رسول الله أَنَتَدَاوَى ؟ فقال : نَعَمْ يا عبادَ الله تَدَاوَوْا ، فإنَّ اللهَ عَزَّوجَلَّ لم يضَعَ داءً إلا وَضَعَ لَهُ شفاءً غيرَ داءٍ واحدٍ ، قالوا : ما هو ؟ قال : الهَرَمُ . وفي لفظٍ : إنَّ اللهَ لم يُنْزِلْ دَاءً إلا أنزل له شِفَاءً ، عَلِمَهُ مَنْ عَلِمَهُ وجَهِلَهُ مَنْ جَهِلَهُ(١٢) .

واته ئیمامی (أحمد) له (المسند)دا : له (زیاد)ی کوڕی (علاقة)ەوە له (أُسامة)ی کوڕی (شَریك)ەوە دەگێڕێتەوەو فەرموویەتی : له خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووم ﷺ که دەشتەکیەکان هاتنە خزمەتی و ، گوتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا خۆمان تیماریکەین ؟ ئەویش فەرمووی : بەڵێ ئەی بەندەکانی خوا خۆتان تیماریکەن ، چونکە خوای _ عزوجل _ هەر نەخۆشیەکی دانابێت چارەسەرەکەشی داناوە جگە لە یەك نەخۆشی ، گوتیان : ئەوە چی یە ؟ ئەویش فەرمووی : پیربوون . له بێژەیەکی تریشدا : خوای گەورە هەر نەخۆشیەکی دابەزاندبێت مەگەر چارەسەرەکەشی دابەزاندووە ، هەرکەس زانیبێتی دەیزانێ و هەرکەسیش نەیزانیبێت نایزانێ .

وفي المسند : من حديث ابن مسعود يرفعه : إنَّ اللهَ عَزَّوجَلَّ لم يُنْـزِلْ داءً إلا أنـزَلَ لَـهُ شِـفاءً ، عَلِمَهُ مَنْ عَلِمَهُ ، وَجَهِلَهُ مَنْ جَهِلَهُ(١٣) .

واته لـه (المسـند)دا : لـه (ابـن مسـعود)ەوە لـه پێغەمبـەری خـواوە ﷺ فەرموویـەتی : خوای _ عزوجل _ هەر نەخۆشیەکی دابەزاندبێت مەگەر (إلا) چارەسەرەکەشـی دابەزانـدووە ، هەرکەس زانیبێتی دەیزانێ و هەرکەسیش نەیزانیبێت نایزانێ .

١٢ _ صحيح : أخرجه الحميدي (٨٢٤) ، وأحمد (٢٧٨/٤) ، وأبوداود (٣٨٥٥) ، وابن ماجة (٣٤٣٦) والترمذي (٢٠٣٨) ، كلهم عن زياد بن علاقة عن أسامة بن شريك فذكره .

١٣ _ صحيح : أخرجه الحميدي (٩٠) ، وأحمد (٣٧٧/١ ، ٤١٣ ، ٤٤٣ ، ٤٤٦ ، ٤٥٣) ، وابن ماجة (٣٤٣٨) كلهم من طريق عطاء بن السائب عن أبي عبدالرحمن عبدالله بن حبيب ، فذكره عن ابن مسعود مرفوعاً .

وفي المسند والسنن : عن أبي خِزَامَةَ ، قـال : قلـتُ : يـا رسـول اللهِ أرأيـتَ رُقـىً نَسْـتَرْقِيهَا ، ودواءً نتداوى به ، وتُقَاةً نَتَقِهَا ، هل تَرُدُّ من قَدَرِ اللهِ شيئاً ؟ فقال : هي من قَدَرِ اللهِ[١٤] .

واته له (المسند) و (السنن)دا هاتووه : له (أبـي خِزَامـة)ەوه ، فەرموويـەتی : گـوتم : ئەی پێغەمبەری خوا چ دەڵێـی دەربـارەی نووشـتەگەلێك دەیخـوێنین بـۆ چـاكبوونەوەمان و ، دەرمانێك خۆمانی پێ تیماردەكەین و ، پارێزگاریەك خۆمانی پـێ دەپـارێزین ، ئایـا شـتێك لـە قەدەرو چارەنووسی خوا دەگەڕێنێتەوە ؟ ئەویش فەرمووی : ئەوەش لە قەدەرو چارەنووسـی خوای گەورەوەیە.

مانای فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ((لِكلِّ داءٍ دواءٌ)):

ئەم فەرموودانـە جێگیربـوونی هـۆو مایـەی هـۆو ، هـەروەها پوچـكردنەوەی گوفتـاری ئـەو كەسانەی نكوڵیی لێدەكەن دەسەلمێنێت ، دەگونجێت فەرمایشتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ : بـۆ هـەر نەخۆشـیەك دەرمـان و چارەسـەرێك هەیـە ، بـۆ گشـتی بێـت و هـەموو نەخۆشـیە كوشـندەكانیش بگرێتـەوە ، سـەرەڕای ئـەو نەخۆشـیانەش كـە پزیشـك بێتوانایـە لـە چاكبوونەوەیدا ، دەشێ خوای _ عزوجل _ دەرمانگـەلێكی بـۆ دانابێـت چارەسـەری بكـات ، بەڵام زانینی ئەوەی لە مرۆڤایەتی پەنهان كردبێت و ، هیچ ڕێگەیەكی پێگەشتنی بۆ دانـەنابێت ، چـونكە مـرۆڤ هـیچ زانسـتێكی نـی یە بـەدەر لـەوەی خـوای گـەورە فێـری كـردووە ، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـاكبوونەوەی نەخۆشـی بەسـتووە بـە ڕێكـەوتبوونی دەرمـان بـە نەخۆشیەكە ، هەموو بەدیهێنراوەكانی خـوای گـەورەش دژێكـی هەیـەو ، هـەر نەخۆشـیەكیش ئـەوە دەرمـانێكی هەیـە پێـی چارەسـەر دەكرێـت ، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ چاكبوونەوەی بەستووە بە سازیاربوونی نەخۆشی بە دەرمانەكـەوە ، لێـرەدا بـوونی دەرمـان و سـازیاربوونی

١٤ _ أخرجه أحمد (٣/٤٢١) ، وابن ماجة (٣٤٣٧) ، والترمذي (٢٠٦٥) ، (٢١٤٨) كلهم عن الزهري عن ابن أبي خزامة ، عن أبيه فذكره . قال الترمذي : هذا حديث حسن صحيح ، وضعفه الشيخ الألباني .

پێكەوە هاوكار دەبن لە چاكبوونەوەدا ، چونكە دەرمان هەركات پلەی نەخۆشیەكەی تێپەڕاند لە چۆنیەتیدا ، یا بڕی دەرمانەكە لە پێویست زۆرتر بوو ، نەخۆشیەكە دەگوازێتەوە بۆ نەخۆشیەكی تر ، هەركاتیش بڕی دەرمانەكە لە نەخۆشیەكە كەمتربوو بەشی بەرگری ئەو نەخۆشیە ناكات و ، لێرەدا چارەسەرەكەش كورتی دەهێنێ ، هەركاتیش كەسی چارەسەركار ڕێكەوتی دەرمانەكەی نەكرد ، یا دەرمانەكە نەخۆشیەكەی بە چاكی نەپێكا ، چاكبوونەوە ڕوونادات ، هەركات زەمانیش گونجاوی ئەو دەرمانە نەبوو ، كەڵك و سوودی نابێت ، هەركات جەستەش قبوڵی دەرمانەكە نەكات ، یا هێز بێتوانابێ لە هەڵگرتنی دەرمانەكەدا ، یا لەویدا كۆسپ و تەگەرەیەك هەبێ كە پێشگریی لە كاریگەری دەرمانەكە بكات ، چاكبوونەوە ڕوونادات لەبەر ڕوونەدانی ڕێكەوتبوونی تەواو لە نێوان دەرمان و نەخۆشیەكەدا ، هەركاتیش ڕێكەوتبوونی تەواو لە نێوان دەرمان و نەخۆشیدا ڕوویدا ، ئەوا بەدڵنیایی چاكبوونەوەی تەواو بە ئیزنی خوای گەورە دێتەدی ، ئەمەش چاكترینی دوو تێگەیشتنە لە فەرموودەكە ٠

دوومیش : دەگونجێت لەو فەرمودە گشتیانە بێت كە بۆ مەبەستی تایبەت بەكار بێت ، چونكە ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی بێژەی فەرموودەكەوە چەندەهاو چەندەها ئەوەندەی ئەوانەیە كەلە دەرەوەیدایە ، ئەمەش لە تێكڕای زمانەكاندا بەكارهاتووە ، بۆیە مەبەستی فەرموودەكەش بەم جۆرە دەبێت : خوای گەورە هەر نەخۆشیەكی دانابێت قبوڵی چاكبوونەوە بكات مەگەر دەرمان و چارەسەریشی بۆ داناوە ، بۆیە لێرەدا ئەو نەخۆشیانەی قبوڵی دەرمان و چارەسەر ناكات لێی بەدەر دەبێت ، ئەمەش بەهاوشێوەی فەرمایشتی خوای گەورەیە سەبارەت بە با توندەكە كە بە سەر قەومەكەی (عاد)دا زاڵی كرد فەرمووی : ﴿ تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا ﴾ [الأحقاف : ٢٥] واتە : بە فەرمانی پەروەردگاری هەموو شتێ دەڕوخێنێ(١٥)» واتە هەموو شتێك گونجاوی تێكشكان بێت و ، بای توندیش توانای تێكشكانی ئەوەی هەبێ ٠

---

١٥ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

هەركەس بەووردی تێڕوانینی بەدیهێنانی دژەكان بكات لەم جیهانەداو ، بەرگریكردنی هەندێكیان بەرامبەر بە هەندێكی تریان و ، لابردنی هەندێكیان بە هەندێكی تریان و ، زاڵكردنی هەندێكیان بە سەر هەندێكی تریاندا ، تەواوی توانای پەروەردگارو ، دانایی و ، كارزانی و كارچاكی تەواوی ئەوەی دروستی كردووەو ، تاكبوونەوەی لە پەروەردگاریێتی و ، یەكێتیی و ، زاڵبوونیی ، بە تەواوی بۆی ڕوون دەبێتەوە ، بەدەر لە خوای گەورەش هەموو شتێك دژو پێشگرێكی هەیە ، هەروەها پێویستی بە هیچ بەدیهێنراوێك نی یەو ، هەموو شتێكیش پێویستی پێیەتی ٠

لە فەرموودە (صحیح)ەكاندا فەرمان دراوە بە خۆتیماركردن و ، خۆتیماركردنیش دژبە پشتبەستن نی یە ، وەكو چۆن لابردنی برسێتی و ، تینویەتی و ، گەرما و ، سەرما بە دژەكانیان دژبە پشتبەستنی تێدا نی یە ، بەڵكو حەقیقەتی یەكتاپەرستی تەواو نابێت تەنها بە بەكارهێنانی هۆكان نەبێت كە خوای گەورە دایناون وەكو پێویستیەكی شەرعی و چارەنووسی بۆ گەیشتن بە مایەی هۆكان ، بۆیە كارنەكردن بە هۆكان خودی پشتبەستن لەكەدار دەكات ، وەكو چۆن فەرمان و حیكمەتەكەشی لەكەدار دەكات و ، لاوازیشی دەكات چونكە ئەو كەسەی كار بە هۆكان ناكات ، واگومان دەبات ئەگەر واز لە هۆكان بهێنێت ، پشتبەستنەكەی بە هێزتر دەبێ ، بەڵام لێرەدا دەبێ بزانین ئەگەر بە كەمتەرخەمیەوە هۆكان بەكار نەهێنرێت ئەوا دەبێت بە پێچەوانەكاری پشتبەستن كە حەقیقەتەكەی پشت ئەستووركردنی دڵە بە خوای گەورە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەكانی بەندە لە دین و دونیایداو ، لابردنی ئەوەی ئازاری پێدەگەیەنێت لە دین و دونیادا ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ خۆی پشت ئەستوور بكات بە بەكارهێنانی هۆكان ، بە پێچەوانەوە ئەو كەسە حیكمەت و شەرع لە كاردەخات ، بۆیە پێویستە بەندەكانی خوا كەمتەرخەمی خۆیان بە پشت بەستن دانەنێن و ، پشت بەستنی خۆشیان بە كەمتەرخەمی دانەنێن ٠

هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەشی تێدایە کە نکۆڵیی لە تیمارکردن دەکەن و ، دەڵێن : ئەگەر چاکبوونەوە لە نەخۆشیەکان خوای تعالی نووسیبێتی ، ئەوا خۆ تیمارکردن هیچ سوودێکی نی یەو هەر خۆی چاك دەبێتەوە ، ئەگەر خوای تعالی چاکبوونەوەشی لە نەخۆشیەکان نەنوسیبێت ، ئەوا دیسان خۆ تیمارکردن هیچ سوودێکی نابێت . سەرەڕای ئەوەش ، نەخۆشیەکە بە قەدەری خوای تعالی ڕوویداوە ، قەدەری خوای پەروەردگاریش دوورناخرێتەوەو لانابرێت ، لێرەدا شایانی باسکردنە بگوترێت ئەم پرسیارە بوو کە دەشتەکیەکان لە پێغەمبەری خوایان ﷺ پرسی . بەڵام دەبێ ئاگاداربین هاوەڵە بەڕێزەکان ، زۆر زاناو شارەزان بە خوای تعالی و دانایی و سیفاتەکانی بۆیە ئەوان خاوەنی ئەو پرسیارە نەبوون ، پێغەمبەری خواش ﷺ وەڵامی دەشتەکیەکانی دایەوە بەو ئاستەی کە بوبە هۆی سارێژبوونی دڵیان سەبارەت بە پرسیارەکەیان و ، فەرمووی : ئەم دەرمان و نووشتەو خۆپارێزیەش بە قەدەری خوای پەروەردگارە ، بۆیە هیچ شتێك لە قەدەرو چارەنوسی خوای تعالی نەچۆتە دەرەوە ، بەڵکو قەدەرو چارەنووسی خوای تعالی بە قەدەرو چارەنووسی لادەبرێت ، هەروەها کرداری دوورخستنەوەکەش دیسان بە قەدەرو چارەنووسی خوای پەروەردگارە . بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین لە قەدەرو چارەنووسی خوای تعالی بچینە دەرەوە ، نموونەی ئەوەش بە هاوشێوەی لابردنی قەدەری برسێتی و ، تینویەتی و ، گەرمی و ، ساردیە بە دژەکانیان ، بە هاوشێوەی دوورخستنەوەی قەدەری دوژمنە بە تێکۆشان ، بۆیە تەماشا دەکەیت هەموو شتێك بە قەدەرو چارەنووسی خوای پەروەردگارە : لابەرو ، لادراو و، لادانیش .

بە خاوەنی ئەو پرسیارە دەگووترێت : قسەکانت ئەوەت بە سەردا دەسەپێنێت کە چیتر هۆیەك لە هۆکان بەکار نەهێنیت بۆ ئەوەی سوودو کەڵکێکی پێ فەراهام بکەیت ، یا زیانێکی پێ لابەریت ، چونکە سوودو زیانیش ئەگەر خوای تعالی نووسیبێتی و تەقدیری کردبێت ، هەر ڕوودەدات و ، ئەگەر نەشینووسیبێت و تەقدیری نەکردبێت ئەوا هیچ ڕێگەیەك بەدیناکرێت بۆ ڕوودانی ، دیسان لێرەدا دەتوانرێت بگووترێت قسەکانی ئەو کەسە وێرانبوونی دین و دونیاو ،

خراپبوونی جیهانی تێدایەو ، هیچ کەسێکیش ئەو قسانە نالێت جگە لەو کەسانەی دیانەوێت خۆیان لە ئاستی هەقدا گێل بکەن و ، لێی یاخی بن ، بۆیە باسی قەدەر دەکەن بۆ ئەوەی بیانو و بەڵگەی _ کەسی لەسەر هەق _ لە سەر خۆی دوورخاتەوە ، قسەکانی ئەویش وەکو گوفتاری بێباوەڕەکان بوو کە دەیانگووت : ﴿ لَوْ شاءَ اللهُ ما أشْرَكنا ولا آباؤُنا ﴾ [الأنعام : ١٤٨] واتە : ئەگەر خوا بیویستایە ئێمەو باووباپیرانمان هاوبەشمان (بۆ خوا) دانەدەنا(١٦) ، ﴿ وَلَوْ شاءَ اللهُ مَا عَبَدْنا مِن دُونِه مِن شَيءٍ نَحْنُ ولا آباؤُنا ﴾ [النحل : ٣٥] واتە : ﴿ وَلَو شاءَ اللهُ ﴾ ئەگەر خوا بیویستایە ﴿ ما عَبَدْنا مِن دُونِه مِن شَيءٍ ﴾ بێجگە ئەو (خوا) هیچ شتێکمان نەدەپەرست ﴿ نَحْنُ ولا آباؤُنا ﴾ نە ئێمەو نە باوباپیرانمان(١٧)، بێباوەڕان ئەمەیان گووت بۆ ئەوەی بەرهەڵستی بەڵگەی خوای تعالی بکەن و لە سەر خۆیانی دوورخەنەوە ٠

بۆ وەڵامدانەوەی کەسی پرسیارکاری پێشوو دیسان دەگووترێت : بەشێکی سێ یەم ماوەو باست نەکردووە ، بریتیە لەوەی کە خوای تعالی بەو هۆیەوە ئاوەهاو ئاوەهای نووسی و تەقدیری کرد بۆیە ئەگەر هۆکە بەکار بێنیت مایەی هۆکە (المُسَبَّب) دیتە ئاراوەو ڕوودەدات ، ئەگەر ئاوەهاشت نەکرد ئەوا ڕوونادات ٠

لە کاتێکیشدا گووتی : ئەگەر خوای تعالی هۆی بۆ نووسیبێتم و تەقدیری کردبێت ، ئەنجامی دەدەم و ، ئەگەر تەقدیریشی نەکردبێت لە توانامدا نابێت ئەنجامی بدەم ٠

پێی دەگووترێت : ئایا تۆ ئەم بیانووە لە بەندەکەت ، لە کوڕەکەت ، لە کرێکارەکەت قبوڵ دەکەی ئەگەر تۆ فەرمانی کارێکت پێ کرد ، یا قەدەغەت کردو ئەویش ئەو بیانووەی بۆ هێنایتەوە ؟ ، ئەگەر قبوڵت بوو ، ئەوا سەرزەنشت و لۆمەی ئەو کەسانە مەکە کە سەرپێچی فەرمانەکانت دەکەن ، یا ماڵەکەت دەبن ، یا بە داوین پیسی تاوانبارت دەکەن ، یا مافەکانت

١٦ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

١٧ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

پێشێل دەکەن ، ئەگەر قبوڵیشت نەبوو ، ئەی باشە چۆن لە تۆ قبوڵ بکرێت کاتێك بەو بیانوانە مافەکانی خوای پەروەردگار لە سەر خۆت لادەبەی · لە (أثر)ێکی ئیسرائیلیدا باسکراوە کە (إبراهیم الخلیل) فەرمووی : ئەی پەروەردگارم نەخۆشی لە کێوەیە ؟ فەرمووی : لە منەوەیە · فەرمووی : ئەی دەرمان و چارەسەری لە کێوەیە ؟ فەرمووی : لە منەوەیە · فەرمووی : کەوابوو ئەم پزیشکە چی یە ؟ فەرمووی : پیاوێکە لە گەڵ دەستێدا دەرمان و چارەسەرەکە دەنێرم ·

پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرمێت : بۆ هەر نەخۆشیەك چارەسەرو دەرمانێك هەیە ، ئەم فەرمایشتەی دەبێت بە هۆی بەهێزبوونی نەفسی نەخۆش و پزیشك و ، هانیشیان دەدات بۆ داواکردنی ئەو دەرمانەو گەڕان بە دوایدا ، چونکە نەفسی نەخۆش ئەگەر هەستی بەوە کرد کە نەخۆشیەکەی دەرمانێکی هەیەو لایدەبات ، ئەوا دڵیشی بە هیواوە پەیوەست دەبێت و ، تینی نائومێدیشی سارد دەبێتەوەو ، دەروازەی هیوای بۆ دەکرێتەوە ، هەرکاتیش نەفسی بەهێز بوو تینی سروشتیی ناخیشی ڕادەپەڕێت و ، دەبێت بە هۆکارێکی چالاك بۆ بەهێزبوونی گیانی ژیاریی و نەفسانی و سروشتی و ، هەرکاتیش ئەم ڕۆحانە بەهێز بوو ، دەبێت بە هۆی چالاکبوونی ئەو هێزانەی هەڵیاندەگرێت و ، ئیتر نەخۆشیەکە دەبەزێنێت و دووری دەخاتەوە ، هەروەها پزیشکیش ئەگەر هەستی بەوە کرد ئەم نەخۆشیە دەرمانێکی هەیە ئەوا ئەو هەستەی خۆی یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی داوای بکات و بە دوایدا بگەڕێت · نەخۆشی جەستەش هاوتای نەخۆشیەکانی دڵانە ، کە خوای تعالی بۆ دڵ هەر نەخۆشیەکی دانابێت ئەوا چارەسەریەکیشی بۆ داناوە بە دژەکەی ، بۆیە ئەگەر کەسی هەڵگری نەخۆشیەکە پێی زانی و بەکاریهێناو ، ڕێکەوتی نەخۆشی دڵی بوو ، بە ئیزنی خوای تعالی چاکی دەکاتەوە·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خۆپارێزیی بەرامبەر بە زۆرخواردن و ، خواردنی زیاد لە ئەندازەی پێویست و ئەو یاسایەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت لە خواردن و خواردنەوەدا :

في المسند وغيره : عنه ﷺأنه قال : ((ما ملأ آدمِيٌّ وعاءً شرّاً مِنْ بطنٍ ، بِحَسْبِ ابنِ آدمَ لُقيْماتٌ يُقِمْنَ صُلْبَه ، فإنْ كان لابُدَّ فاعلاً ، فَثُلُثٌ لِطعامِهِ ، وثُلُثٌ لِشرَابِهِ ، وثُلُثٌ لِنَفَسِهِ))[١٨].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئادەمیی هیچ توورەکەیەکی پڕ نەکردووە لە سك خراپتر بێت ، چەند پارووپەك بەسە بۆ ئەوەی ئادەم پشتی پێ ڕاست بكاتەوە ، بەڵام ئەگەر حەزی بە خۆراكی زیاتر بوو ، با سێ یەكی سكی بۆ خواردەمەنی بێت و ، سێ یەكیشی بۆ خواردنەوەی بێت و ، سێ یەكیشی بەتاڵ بێت بۆ ئەوەی كرداری هەناسەدانی ئاسان بێت)) .

نەخۆشیەكان دوو جۆرن : نەخۆشیگەلێكی ماددی كە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی مادەیەكی لە ئەندازە دەرچوو لە جەستەدا تا ئەو ئاستەی زیانی بە كردەوە سروشتیەكانی لەش گەیاندووە ، كە نەخۆشیەكانی زۆرینەیەو ، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ خواردنی زیادی تر پێش ئەوەی خواردنی یەكەم هەرس كرابێت و ، زیادبوون لە ئاستی ئەو ئەندازەیەی لەش پێویستێتی و ، خواردنی خۆراكی كەم سوودی ، درەنگ هەرس و ، زۆر خواردنی خۆراكی جیاوازی پێكهاتە جۆراوجۆر ، بۆیە ئەگەر مرۆڤ سكی بەم خۆراكانە پڕكردو ، لە سەری ڕاهات ، تووشی چەندین نەخۆشی جۆراوجۆری دەكات ، هەندێك لەو نەخۆشیانە

---

١٨ ـ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ١٣٢) ، والترمذي (٢٢٨٠) ، من طريق يحيى بن جابر عن المقدام بن معدي كرب فذكره مرفوعاً ، وأخرجه ابن ماجة (٣٣٤٩) من طريق محمد بن حرب قال : حدثني أمي ، عن أمها أنها سمعت المقدام ابن معدي كرب فذكره مرفوعاً .

درەنگ نامێنن و هەندێکیشیان خێرا ، شایانی باسە ئەگەر مرۆڤ مام ناوەندێتی پاراست لە خواردنداو ، بە ئەندازەی پێویستی لەشی بەکاریهێناو ، لە چەندایەتی و چۆنایەتی خۆراك خواردندا مام ناوەند بوو ، لەش سوودو قازانجێکی زیاتری لێوەردگرێت بە بەراوردی ئەو سوودو قازانجەی کە لە خواردنی زۆر وەریدەگرێت ، پلەکانی خۆراکیش سێ پلەیە :

یەکەم : پلەی پێویستی ٠

دووەم : پلەی تێربوون ٠

سێ یەم : پلەی زیاتری ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پێداوین : کە مرۆڤ چەند پارویەکی بەسە بۆ ئەوەی پشتی پێ ڕاست بکاتەوەو ، تووشی داڕوخانی هێز نەبێت و ، لە گەڵیشیدا لاواز نەبێت ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ حەزی بە خۆراك خواردنی زیاتر هەبوو ، با لە سێ یەکی سکیدا بخوات و ، سێ یەکی تریشی بەجێ بێلێت بۆ خواردنەوەو ، سێ یەکی تریشی بەتاڵ بێت بۆ ئەوەی کرداری هەناسەدانی ئاسان بێت ، ئەمە بەسوودترین شتێکە بۆ لەش و بۆ دڵیش ، چونکە ئەگەر سك پڕبوو بە خۆراك ئەوا بۆ خواردنەوە تەسك دەبێتەوە ، بۆیە ئەگەر خواردنەوەشی بەسەردا کرد زیاتر تەسك دەبێتەوە بۆ هەناسەدان و ، ئیتر تووشی ئێش و ئازارو ماندووبوون دەبێت وەکو ئەوەی بارێکی قورسی هەڵگرتبێت ، جگە لەوەش مرۆڤ تووشی خراپبوونی دڵ دەکات ، سەرەڕای تەمبەڵی ئەندامەکانی لەش بۆ بەجێهێنانی پەرستنەکان ، هەروەها ئەو تێربوونە دەیجولێنێت بەرەو هەواو ئارەزووکان ، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە پڕکردنی سك بە خواردەمەنی زیان بە دڵ و بە لەشیش دەگەیەنێت ، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بە بەردەوامی یا بە زۆری بوو ، بەڵام ئەگەر جار بە جار بوو ، ئەوا هیچی تێدا نی یە ، چونکە هاوەڵی بەڕێز (أبوهريرة) لە ئامادەبوونی خوودی پێغەمبەری خوادا ﷺ لە شیرو دۆکەی خواردەوە ، تا

فەرمووی : ((والذي بعثكَ بالحقِّ لا أجدُ لهُ مَسْلَكاً))[١٩] واتە : ((سوێند بەو خوایەی کە تۆی بە هەق ناردووە ، هیچ ڕێ وشوێنێکی تری بۆ نادۆزمەوە)) · هاوەڵانی تریش چەندین جار لە ئامادەبوونی پێغەمبەری خوادا ﷺ تاوەکو تێربوون خواردویانە ·

تێربوونی زۆری لە ڕادەبەدەریش هێزو جەستەی مرۆڤ لاواز دەکات ، ئەگەرچی سەرەتا سوودی پێ گەیەنێت ، لە ڕاستیدا جەستەی مرۆڤ بە هێز دەبێت بە گوێرەی ئەو خواردەمەنیەی قبوڵی دەکات ، نەك بە گوێرەی زۆرێتی ·

لە بەر ئەوەی لە مرۆڤدا بەشێکی خاکی و ، بەشێکی هەوایی و ، بەشێکی ئاوی هەیە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆراك و خواردنەوەو هەناسەدانیشی کرد بە سێ بەشەوە ، ئەگەریش گووترا : بەرکەوتی بەشی ئاگریی لە کوێ یە ؟

دەگووترێت : ئەمە مەسەلەیەکە پزیشکان تیایدا دواون و ، گووتویانە : لە جەستەدا بەشێکی ئاگریی هەیە بە کرداریی ، کە یەکێکە لە پایەکان و بنچینەکانی ·

بەڵام ئاقلێ و ژیری پزیشکانی دیکەو و کەسانێکی تریش مشتومڕیان لە گەڵدا کردوون و گووتویانە : لە جەستەدا بەشێکی ئاگریی نی یە بە کرداریی و ، بەڵگەشیان ئەمانەی خوارەوەیە :

یەکەمیان : سەبارەت بەو بەشە ئاگری یە یا دەگووترێت لە بۆشایی ئاسمانەوە دابەزیووەو ، تێکەڵ بەم بەشە ئاویی و خاکیە بووە ، یا دەگووترێت : تیایدا پێکهات و دروست بوو ، یەکەم بۆچونیش بەدوور دادەنرێت لە دوو ڕووە : یەکەمیان : ئاگر بە سروشت بەرز دەبێتەوە ، ئەگەر دابەزێت ، ئەوا بە هۆی فشار بۆ هێنەرێکەوە دەست بە دابەزین دەکات لە سەنتەری

---

١٩ ــ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٥١٥) ، والبخاري (٨ / ٦٧ ، ١١٩) ، والترمذي (٢٤٧٧) ، كلهم عن عمر بن ذر قال : حدثنا مجاهد عن أبي هريرة فذكر الحديث ، وهو حديث طويل·

خۆیەوە بۆ ئەم جیهانە · دووەمیش : ئەو بەشە ئاگرییە کە دادەبەزێت دەبێ بە ناچاری بە تۆپی ساردەسێردا دا تێپەڕ بێت کە لەو پەڕی ساردیدایەو ، ئێمەش لەم جیهانەدا تەماشا دەکەین ئاگرێکی گەورە بە ئاوێکی کەم دەکوژێتەوە ، بۆیە ئەو بەشە ئاگرییە بچوکانە کە دەبێ بە تۆپی ساردەسێردا تێپەڕ بێت و لەو پەڕی ساردیدایە ، شایستەترە بە کوژانەوە ·

دووەمیان : ئەوەیە کە بگووترێت : ئالێرەدا پێکهات ئەمەش زۆر دوورە ، چونکە ئەو تەنەی کە دەبێت بە ئاگرو پێشتر ئاوەها نەبوو ، پێش بوونی بە ئاگریش یا خاك بوو ، یا ئاو بوو ، یا هەوا بوو لە بەر سنووورداربوونی پایەکان لەمانەدا ، ئەمەش کە وامان داناوە بوە بە ئاگر ، خۆی لە بنچینەدا تێکەڵ بە یەکێك لەو تەنانەی سەرەوە بوو و ، پەیوەند بوو پێوەی ، تەنێکیش کە ئاگر نەبێت و تێکەڵ بە تەنگەلێکی گەورە بێت کە ئاگر نەبێت و بەشێکیش نەبێت لەو تەنە گەورانە ، ئامادە نابێت بگۆڕێت بۆ ئاگر چونکە لە خوودی خۆیدا ئاگر نی یە و ، تەنە تێکەڵاوەکانیش ساردن ، ئیتر چۆن ئامادە دەبێت بگۆڕێت بە ئاگر ؟

ئەگەر بڵێن : ئەی بۆ تەنگەلێکی ئاگرین نی یە ئەو تەنانە بگۆڕێت و ، بیگات بە ئاگر بە هۆی تێکەڵبوونیانەوە ؟

دەڵێین : قسەکردن سەبارەت بە دەستکەوتنی ئەو تەنە ئاگرینانە هەر قسەکانی سەروەیە.

ئەگەر گووتتان : ئێمە دەبینین کاتێ ئاو بە سەر مادەی (النَّوَرَة)ی[٢٠] کوژاوەدا دەکرێت ئاگری لێ جیا دەبێتەوە ، ئەگەر تیشکی خۆر بەر (البِلَّورة)[٢١] کەوت ئاگری لێ

---

٢٠ ــ النَّوَرَة : مادەی قسڵە و هەندێ مادەی تری تێکەڵ دەکرێ · بۆ لابردنی توکی جەستەش بەکار دێت · وەرگێڕ ·

٢١ ــ البِلَّورة : جۆرە بەردێکی سپی یەو دەدرەوشێتەوە ، بە بلوور ناو دەبرێت و ، لە بەر زۆر سپێتی بریسك دەداتەوە ، بڕوانە ((شرح شافية ابن حاجب)) ، الجزء الأول ، ص ٢٢ · وەرگێڕ ·

دەردەکەوێت ، ئەگەر بەردێکمان کیشا بە ئاسنێکدا ئاگری لێ دەردەکەوێت ، هەموو ئەم ئاگرەش لە ئەنجامی تێکەڵبوونەوە دروست بوو ، ئەمەش دیسان ئەوانە پووچ دەکاتەوە کە لە بەشی یەکمدا جێگیرتان کرد ٠

بەڵام کەسانی دیکەی نکۆڵیکار گوتوویانە : ئێمە نکۆڵی ناکەین کە لێکخشاندنی بەهێز دروستکاری ئاگر بێت ، وەکو ئەوەی بەردێك بە سەر ئاسنێکدا بکێشی ، یا هێزی گەرمکردنی هەتاو دروستکاری ئاگر بێت ، وەکو بلوور ، بەڵام زۆر بەدوری دادەنێین ئەوە لە لەشی ئاژەڵ و ڕووەکدا ڕوبدات ، چونکە لەشی ئاژەڵ و ڕووەك ئەو لێکخشاندنە بەهێزەی تێدا نی یە کە ببێت بە هۆی دروستبوونی ئاگر ، وە ئەو ئەندازە ڕوون و ساف و پاك و بێگەردیەشی نی یە بگات بە ئاستی ڕوون و سافی بلوور ، بەشی دەرەوەشیان تیشکی خۆری بەردەکەوێت ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئاگر دروست ناکات ، ئیتر ئەو تیشکەی دەگاتە بەشی ناوەوە چۆن ئاگر دروست بکات ؟

ڕووی دووەم : لە بنچینەی مەسەلەکەدا : پزیشکان کۆڕان کە شەرابی کۆنە بە سروشت لەو پەڕی گەرمیدایە ، مەحاڵیشە ئەو گەرمیە بەهۆی بەشە ئاگرینەکانەوە بێت ، چونکە بەلای مرۆڤەوە ماقوڵ نی یە ئەو بەشە ئاگرینانە هەرچەند کەم بن لە بەشە ئاویەکاندا بمێننەوە ماوەیەکی درێژو ، نەشکوژێتەوە کەچی ئێمە تەماشا دەکەین ئاگرێکی گەورە بە ئاوێکی کەم دەکوژێتەوە ٠

ڕووی سێ یەم : ئەگەر لە ئاژەڵ و ڕووەکدا بەشێکی ئاگریی هەبووایە بە کرداریی ، ئەوا بەشە ئاویەکە دەیبەزاندو بە سەریدا زاڵ دەبوو ، بەشە ئاگریەکەش دادەمرکاو دەکوژایەوە ، چونکە زاڵ بوونی هەندێ ماددەو توخم بە سەر هەندێکی تردا هۆکارێکی گرنگە بۆ گۆڕینی سروشتی ماددەی بەزێنراو بۆ سروشتی ماددەی بەزێنەر ، بۆیە ئەو بەشە ئاگریە زۆر کەمە دەگۆڕا بۆ سروشتی ماددە ئاویە بەزێنەرەکە کە دژی ئاگرە ٠

ڕووى چوارەم : خواى تعالى لە قورئانە پیرۆزەکەیداو لە چەندین ئایەتدا باسى خولقاندنى مرۆڤ دەکات ، لە هەندێ ئایەتدا پێى ڕاگەیاندوین کە لە ئاو خولقاندویەتى ، لە هەندێکى تریشدا لە خاك ، لە هەندێکى تریشدا لە تێکەڵەیەکى هەردوکیان کە قوڕە ، لە هەندێکى تریشدا لە قوڕێکى ووشکەوەبووى وەکو سواڵەت ، کاتێ بەر تیشکى هەتاو با دەکەوێت ، کەچى تەنها لە ئایەتێکیشدا پێى ڕانەگەیاندوین لە ئاگر دروستى کردبێت ، بەڵکو ئەوەى بە خاسیەتى ئیبلیس داناوە ٠

ثبت في صحيح مسلم : عن النبي ﷺ قال : ((خُلِقَتْ الملائكةُ من نُور ، وخُلِقَ الجانَ من مارجٍ من نارٍ ، وخُلِقَ آدمُ مما وُصِفَ لكم))[٢٢]

واتە : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموویەتى :((پەریەکان لە نورو ڕوناکى خولقێنران ، جنۆکەش لە بلێسەى ئاگرێکى بێ دووکەڵ خولقێنران ، ئادەمیش خولقێنراوە لەوەى بۆتان وەسفکراوە)) ٠

ئەمەش زۆر بە ڕوونى ئاشکەراى دەکات کە خولقێنراوە لەو ماددەیەى خواى تعالى وەسفى دەکات لە قورئانەکەیداو هیچى تر ، بەڵام وەسفى بۆ نەکردوین لە ئاگر دروستى کردبێت ، یا لە ماددەکەیدا شتێك لە ئاگر هەبێت ٠

ڕووى پێنجەم : ئەوپەڕى بەڵگەکانیان کە بەکاریدەهێنن ئەو گەرمیەى لەشى گیانەوەرانە کە دەیبینن ، ئەمەش لە خودى خۆیدا بەڵگەى بوونى بەشە ئاگریەکانە ، بەڵام ئەمە بەڵگە نى یە ، چونکە هۆى گەرمى لە ئاگر گشتیترە ، بۆیە جار بە جار هۆى گەرمى ئاگرە ، جار بە جاریش جوڵانەوەیە ، جار بە جاریش تیشکدانەوەیە ، جار بە جاریش گەرمبوونى هەوایە ،

---

٢٢ ـ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ١٥٣ ، ١٦٨) ، وعبد بن حميد (١٤٧٩) ، ومسلم (٨ / ٢٢٦) ، كلهم من طريق عبدالرزاق قال : أخبرنا معمر عن الزهري عن عروة عن عائشة فذكره مرفوعاً ٠

جار بـه جـاريش نزيكبوونه‌وه‌يـه لـه ئـاگر ، كـه ديسـان هۆكاره‌كـه‌ى هه‌وايـه كـه گه‌رميه‌كـه هه‌ڵده‌گرێت ، وه چه‌ندين هۆكارى ديكه‌ش ، بۆيه مه‌رج نى يه گه‌رمى ته‌نها له ئاگره‌وه بێت ٠

هاوه‌ڵانى ئاگر ده‌ڵێن : زانراوه ئه‌گه‌ر خاك و ئاو تێكه‌ڵ بوون پێويستيان بـه گه‌رميه‌كه بۆ ئه‌وه‌ى هه‌ردوكيان پێگه‌يه‌نێت و به باشـى تێكـه‌ڵيان بكات ، بـه پێچه‌وانه‌شـه‌وه هه‌ريـه‌ك لـه‌و مادانه به باشى تێكه‌ڵ به‌ويتر نابێت و ، له گه‌ڵيشـيدا يـه‌ك ناگرێـت ، هـه‌روه‌ها ئه‌گـه‌ر تۆومـان فرێدايه نێو قوڕه‌وه به جۆرێك نه هه‌واو نه تيشكى هه‌تاويشى نه‌گاتێ ، بۆگـه‌ن ده‌بێـت ، بۆيـه له‌وه به‌ده‌ر نابێت ، كه ئايا لـه تێكه‌ڵاوه‌كـه‌دا تـه‌نێكى پێگه‌يه‌نـه‌رى بـاش دروسـت ده‌بێت بـه سروشت يا نه‌ء ؟ ئه‌گه‌ر دروست بوو ، ئه‌وا به‌شه ئاگريه‌كه‌يه ، ئه‌گه‌ر دروستيش نـه‌بوو ، ئـه‌وا تێكه‌ڵاو به سروشتى خۆى گه‌رمكار نى يه ، به‌ڵكو ئه‌گه‌ر گه‌رميش بێت گه‌رمبوونه‌كه كـاتى يـه ، بۆيه ئه‌گه‌ر گه‌رمبوونه كاتيه‌كه نه‌ما ، شته‌كه گه‌رم نى يه ، نه به سروشتى خۆى و ، نـه بـه چۆنيه‌تيشى ، به‌ڵكو سارد ده‌بێت به ڕه‌هايى ، بـه‌ڵام هه‌نـدێك لـه خوارده‌مـه‌نى و ده‌رمـان بـه سروشت گه‌رمن ، چونكه گه‌وهه‌رێكى ئاگريى تێدايه.

بۆيه ئه‌گه‌ر له جه‌سته‌دا به‌شێكى گه‌رمكار نه‌بێت ئه‌و جه‌سته‌يه له‌وپه‌ڕى ساردیدا ده‌بێـت ، چونكه ئه‌گـه‌ر سروشـت سـاردى پێويسـت بكـات ، هـيچ ياره‌مه‌تيـده‌رو ڕێگرێكيشـى نـه‌بێت ، پێويسته ئه‌و سـارديه بگـا بـه لووتكـه ، ئه‌گـه‌ر واش بـوو چيتر هه‌سـت بـه سـاردى ناكـات ، چونكه ئه‌و سارديه‌ى پێى ده‌گات ئه‌گه‌ر له لووتكـه‌دا بـوو يه‌كسـانى سـارديه زۆره‌كـه‌ى خـۆى ده‌بێت ، شتيش به هاوشێوه‌ى خۆى كارتێكراو نابێت و هيچ كاردانه‌وه‌يه‌كى به‌رامبـه‌ر نابێـت ، ئه‌گه‌ر به‌و شيوه‌ش بـوو ئـه‌وا هه‌سـتى پـێ ناكـات ، ئه‌گـه‌ر هه‌ستيشـى پـێ نـه‌كات ئـه‌وا هـيچ ئازارێكى به هۆيه‌وه تووش نابێت ، ديسان ئه‌گه‌ر سـارديه‌كه‌ش لـه سـاردى له‌شـى كـه‌متر بـوو ئه‌وا هيچ كاردانه‌وه‌يه‌كى به‌رامبه‌ر نابێت ، لێره‌دا ده‌گه‌ينه ئه‌و ئه‌نجامه‌ى كه ئه‌گـه‌ر لـه له‌شدا به سروشت به‌شێكى گه‌رمكار نه‌بێت ئه‌وا هيچ هه‌سـت و كاردانه‌وه‌يـه‌كى به‌رامبـه‌ر بـه سـاردى نابێت و ، به‌و هۆيه‌شه‌وه هيچ ئازارێكى پـێ ناگـات ٠ گووتيـان : لـه ڕاسـتيدا به‌ڵگـه‌كانى ئێـوه

گوفتارى ئەو كەسانە پووچ دەكاتەوە كـە دەڵـێن : بەشـە ئاگرينـەكان لـە سـەر بـارى خـۆى و سروشتە ئاگريەكەى لەم تێكەڵاوانەدا دەمێنێتەوە ، بەڵام ئێمە ئەوە نـاڵێين ، بـەڵكو دەڵـێين : شێوە جۆريەكەى (صورتها النوعية) لە كاتى تێكەڵ بووندا خراپ دەبێت و نامێنێت ·

كەسانى تريش دەڵێن : بۆ شياو نەبێت بگوترێت : زەوى و ئاو هەوا ئەگەر تێكەڵ بـن ئـەوا ئەو گەرميەى پێياندەگەيەنێت و تێكەڵاويان دەكات گەرمى تيشكى خۆرو هەسارەكانى تـرين ، پاشان تێكەڵاوەكە لە كاتى تەواو پێگەشتنيدا ئامادەى قبوڵبوونى شێوە پێكهێنانەكـە دەبێـت بە هۆى گەرميەوە پووەك بێت يا گيانەوەر بێت يا كانزا بێت ، پاشان هـيچ ڕێگرێكيش نـى يـە بەرامبەر بەوەى كە ئـەو تـين و گەرميـەى لـە تێكەڵاوەكانـدا بەديدەكرێت بـەهۆى خاسـيەت و هێزێكەوە بێت كە خواى تعالى بەديدەهێنێت لە كاتى ئـەو تێكەڵاوبونـەدا نـەك بـە هـۆى بەشـە ئاگرينەكانەوە بە كـردارى ، ئێـوەش چـيتر توانـاى پوچـكردنەوەى ئـەم ئيحتمالـەتان نابێـت ، چونكە كۆمەڵێك لە پزيشكە بەڕێزەكان دانيان بەمەدا ناوە ·

بەڵام سـەبارەت بـە بـاس و خواسـى هەسـتكردنى لـەش بـە سـەردى ، دەڵـێين : ئەمـە بەڵگەيە كە لە لەشدا تين و گەرمى هەيە ، هيچ كەسيش نى يە نكۆڵى لەمـە بكـات ، بـەڵام بەڵگە چيە بـۆ سنورداربوونى گـەرمكردن بـە ئـاگر بـە تـەنها ؟ چونكە ئەگەرچـى هـەموو ئاگرێـك گـەرمكارە ، بـەڵام مەسـەلەكە ئاوەهـا نـى يـە بـە گشـتى ، بـەڵكو پێچـەوانەكەى ڕاستە: هەندێ گەرمكار ئاگرە ·

بـەڵام سـەبارەت بـەو گوفتارەتـان كـە دەڵـێن شـێوەى جـۆريى ئاگرەكـە خـراپ دەبێـت و نامێنێت ، زۆرێك لـە پزيشـكان كـۆڕان لـە سـەر ئـەوەى شـێوە جۆريەكـەى دەمێنێتـەوە ، لـە لايەكى تريشەوە كە دەڵێن شـێوە جۆريەكـەى خـراپ دەبێـت و نامێنێت گوفتـارێكى پووچـەو

چاكترين پزيشكانتان له كتێبەكەيدا به ناوی ((الشفاء))[٢٣] دانی پێدا ناوەو ، سەلماندويەتی كه هەموو پايەكان له سەر سروشتی خۆيان دەمێننەوە له تێكەڵاوەكاندا · وباالله التوفيق.

بەشێك : سەبارەت به ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ له چارەسەركردنی نەخۆشيدا

پێغەمبەر خوا ﷺ چارەسەری نەخۆشەكانی به سێ جۆر دەكرد:

يەكەم : به دەرمانه سروشتيەكان ·

دووەم : به دەرمانه خواوەنديەكان ·

سێ يەم : به تێكەڵەيەك له هەردووكيان ·

ئێمەش باسی ئەو سێ جۆره له ڕێنومايەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەكەين ، بۆيه به باسكردنی دەرمانه سروشتيەكان دەست پێ دەكەين ، كه وەسفی دەكردو به كاريدەهێنا بۆ نەخۆشەكان ، پاشان باسی دەرمانه خواوەنديەكان دەكەين و ، پاشانيش باسی تێكەڵەكه دەكەين ·

ئەمەش به ئاماژەدان ئاماژەی بۆ دەكەين ، چونكه پێغەمبەری خوا ﷺ له ڕاستيدا وەكو ڕێنومايكارێك و ، بانگەوازكارێك بۆ خواو ، ناسيارێك بۆ خوا نێردراوە ، بۆ ئەوەی ئەو كارانەی كه جێگەی ڕەزامەندبوونی خوای تعالايه به ئومەتەكەی ڕاگەيەنێت و فەرمانيان پێ بكات و ، ئەو كردەوانەش كه خوای تعالی ڕقی لێ دەبێتەوە ڕوون بكاتەوەو قەدەغەيان لێ بكات ، هەواڵی پێغەمبەران و فرستادەكان و بارودۆخ و ڕەفتاريان له گەڵ ئومەتەكانی خۆياندا پێيان

---

٢٣ ـ ئەو پياوه ناوی (ابن سينا أبوعلي حسين)ی كوڕی (عبدالله)يەو ناونراوه به (الشيخ الرئيس) ، يەكێكه لەو فەيلەسوفانەی دەدرێنه پاڵ ئيسلام ، ساڵی (٤٢٨) كۆچی مردووه ، بۆ زياتر شارەزابوون بڕوانه كتێبی (كشف الظنون) (١ / ٣٦) ·

ڕاگەیەنێت ، هەواڵی خوڵقاندنی جیهان و ، سەرەتای دەستپێکردن و گەڕانەوەو (المبدأ و المعاد) چۆنیەتی بەدبەختی و کامەرانیی نەفس و هۆیەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە ٠

بەڵام پزیشکێتی جەستە : وەکو بەشێك بۆ تەواوکردنی شەریعەتەکەی هاتووەو ، مەبەستداریشە بۆ جەماوەری خەڵك ، بە جۆرێك لە کاتی پێویست بووندا بە کاردەهێنرێت ، بەڵام ئەگەر لە کاتی تەندروستیدا توانرا دەستی لێهەڵگیرێت ، ئەوا هیمەت و هێز ئاراستەی چارەسازی دڵ و گیان و ، پاراستنی تەندروستیان و ، لابردنی نەخۆشیەکانیان دەکرێت ، هەروەها پاراستنی بەرامبەر بە هۆکارەکانی خراپوونی مەبەستە بە پلەی یەکەم ، چاککردنی جەستە بەبێ چاککردنی دڵ بێ سوودە ، خراپبوونی جەستەش لە گەڵ چاککردنی دڵدا زیانی زۆر کەمەو ، زیانێکی لاچووە بەدوایدا سوودو قازانجی بەردەوامی تەواو دێت ٠ وبالله التوفیق.

بەشی یەکەم
چارەسەرکردن بە دەرمانە سروشتیەکان

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی (تا) دا :

ثبت في الصحيحين : عن نافع ، عن أبن عمرَ ، أن النبي ﷺ قال : ((إنَّما الحُمَّى _ أو شِدَّةُ الحُمَّى _ مِنْ فَيحِ جَهَنمَ ، فأبرِدُوهَا بِالماءِ))[٢٤]

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لە ڕاستیدا(تا) _ یا توندی (تا) _ لە کڵپ و کۆی دۆزەخەوەیە ، بە ئاو ساردی بکەنەوە)) ٠

ئەم فەرموودە بەلای زۆرێك لە پزیشکە نەفامەکانەوە ئالۆز بوو (أشكلَ) ، وایان بە خەیاڵدا هات کە دژکارەو ڕێك ناکەوێت لە گەڵ دەرمانی (تا) و چارەسەرەکەیدا ، ئێمەش بە یارمەتی خوای پەروەردگار مەبەست و فیقهی فەرموودەکە ڕوون دەکەینەوەو ، دەڵێین :

فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جۆرە : گشتی بۆ هەموو دانشتوانی سەر زەمین و ، تایبەت بە هەندێکیانەوە ٠

---

٢٤ _ صحيح : أخرجه مالك في موطئه (ص ٥٨٧) ، وأحمد (٢ / ٢١) ، والبخاري (٤ / ١٤٧) (٧ / ١٦٧) ومسلم (٧ / ٢٣) ، وابن ماجة (٣٤٧٢) ، كلهم من طريق نافع عن ابن عمر به ٠

نموونەی یەکەم : وەکو فەرمایشتەکانیەتی بە گشتی ٠

نموونەی دووەم : وەکو فەرمایشتی : ((لا تَسْتَقْبِلُوا القبلَةَ بغائطٍ ولا بَولٍ ، ولا تَسْتَدْبِروها ، ولكنْ شرِّقوا ، أَوْ غَرِّبوا))[٢٥]

واتە : ((بۆ میزو پیسی کردن نە ڕوو لە قیبلە بکەن و ، نە پشتیشی تێبکەن ، بەڵکو ڕوو بکەنە ڕۆژهەڵات ، یا ڕۆژئاوا)) ٠ لێرەدا ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ نە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەو نە بۆ خەڵکی عێراقیشە ، بەڵکو بۆ خەڵکی مەدینەو شوێنانی تری هەمان ئاراستەشە وەکو وەڵاتی شام و شوێنانی تر ٠ هەروەها فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ: ((مَا بينَ المَشرِقِ والمَغرِبِ قبلة))[٢٦] واتە : ((نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا قیبلەیە)) ٠

ئەگەر ئەوە زانرا ، ئینجا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گوفتارەکانی پێغەمبەری خوا ﷺلە فەرموودەکەی سەرەوەدا تایبەتە بە خەڵکی (الحِجاز)و ، ئەو شوێنانەی هەمان بارودۆخیان هەیە ، چونکە زۆربەی ئەو (تا)یانەی تووشیان دەبوو لە جۆری (تا)ی ڕۆژانەی کاتی بوو بە هۆی هێزی گەرمی هەتاوەوە ، ئەمەش ئاوی ساردی بۆ بەکەڵکە چ بە خواردنەوە بێت یا بە خۆشتن ، چونکە (تا) گەرمیەکی نامۆیە لە دڵ بەردەبێ و ، لە گەڵ ڕوح و خوێنداو بە ڕێگای خوێنبەرەکاندا بە هەموو جەستەدا بڵاو دەبێتەوە ، تیایدا بە گڕگرتن گڕدەگرێت بە جۆرێك زیان بە کردەوە سروشتیەکان جەستە دەگەیەنێت ٠

٢٥ ــ صحيح : أخرجه الحميدي (٣٧٨) ، وأحمد (٥ / ٤١٦ ــ ٤٢١) والدارمي (٦٧١) ، والبخاري (١ / ٤٨ ، ١٠٩) ، ومسلم (١ / ١٥٤) ، وأبوداود (٩) ، وابن ماجة (٣١٨) ، والترمذي (٨) ، والنسائي (١ / ٢٢ ، ٢٣) ، وابن خزيمة (٥٧) كلهم من طريق الزهري عن عطاء بن يزيد عن أبي أيوب الأنصاري فذكره مرفوعاً ٠

٢٦ ــ صحيح : أخرجه ابن ماجة (١٠١١) ، والترمذي (٣٤٢) كلاهما عن أبي معشر عن محمد بن عمرو عن أبي سلمة عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً ٠ وأخرجه الترمذي (٣٤٤) من طريق عثمان بن محمد الأخنسي عن سعيد المقبري عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً ٠

هۆیەکانی (تا) کە دەکرێت بە دوو جۆرەوە :

کاتی : هۆکاری دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ئاوسان ، یا جوڵانەوە ، یا بە هۆی لێدانی گەرمی هەتاوەوە ، یا بەهۆی جەو گەرمیەکی لە ڕادەبەدەرەوەو بەو هاوشێوانە ٠

نەخۆشی : ئەمەش سێ جۆرە ، سەرەتا لە ماددەیەکی یەکەمەوە (مادة أولى) دەست پێ دەکات و ، پاشان هەموو جەستە گەرم دەبێت ٠ بۆیە ئەگەر سەرەتای پەیوەندی بە ڕوحەوە هەبێت ئەوا بە ڕۆژەتا ناو دەبرێت ، چونکە بەزۆری لە ماوەی ڕۆژێکدا نامێنێت و ، ئەوپەڕی درێژبوونەوەشی سێ ڕۆژە ، ئەگەر سەرەتای پەیوەندیشی بە خەڵتەکانی جەستەوە بێت ئەوا بە بۆگەنەتا (عفنية) ناودەبرێت ، ئەوانەش چوار جۆرن : (زەردوای ، ڕەشکاوی ، بەڵغەمی ، خوێنی ٠ ئەگەر سەرەتای پەیوەندیشی بە ئەندامە ڕەقە بنەڕەتیەکانەوە بێت (الأعضاء الصلبة الأصلية) ، ئەوا بە سووکەتا (حُمى دِق) ناودەبرێت ، ئەم جۆرانەش چەندین چەشنی تر لە خۆ دەگرێت ٠

پێدەچێ جەستە سوودێکی ئەوتۆ لە (تا) وەرگرێت کە لە دەرمان وەری ناگرێت ، زۆر جاریش ڕۆژەتاو بۆگەنەتا هۆکارێکی سەرەکی دەبن بۆ پێگەیاندنی چەندین ماددەی چڕ کە بەبێ بوونی ئەوانە پێنەدەگەشت ، هۆکارێکی کارێگەریش دەبن بۆ کردنەوەی چەندها کونیلەی داخراو (السُدد) کە ئەو دەرمانانەی تایبەتن بە کردنەوەوە نەیاندەتوانی بیکەنەوە.

(تا) زۆرێك لە نەخۆشیەکان چارەسەر دەکات :

بەڵام چاو هەوکردنی نوێ و کۆن (الرَّمدُ الحديثُ والمتقادمُ) ، (تا) هۆکارێکی کاریگرە بۆ چاکبوونەوەی زۆربەی جۆرکانی بە شێوەیەکی سەرسوڕمێنی خێرا ، بەسوودیشە بۆ نەخۆشیەکانی ئیفلیجی و ، دەم خواربوون و ، گرژبوونی زۆرخواردن و ، چەندین نەخۆشی تر کە هۆکاری دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ زێدە ماددەی چڕ ٠

پزیشکانێك ئەو گوفتارەی دانەر دەسەلمێنن :

هەندێ لە پزیشکە بەڕێزەکان پێیان ڕاگەیاندم و گووتیان : دڵخۆش دەبین کاتێ زۆرێك لە نەخۆشەکان (تا)ی لێدێت ، وەکو چۆن بە چاکبوونەوەی نەخۆشەکە دڵخۆش دەبین ، چونکە (تا) سودێکی زیاتری پێ دەگەیەنێت بە بەراوردی خواردنەوەی دەرمان ، چونکە (تا)کە زۆرێك لە خەڵتەو و ماددە بۆگەنە زیان بەخشەکانی جەستە پێدەگەیەنێت و بەوەش ئامادەی دەرچوون دەبێت ، پاشان ئەگەر ڕێکەوتی دەرمانەکان بوو ئەوا دەردەچێت و ، بەوەش چاکبوونەوە ڕوودەدات ٠

ئەگەر ئەمە زانرا ، ئینجا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەشێ مەبەستی فەرموودەکە بەشەکانی (تا)ی کاتی بێت ، چونکە بە خۆهەڵکێشان لە ئاوی ساردو ، خواردنەوەی ئاوی ساردی سهۆڵاو ئەو (تا)یە لە شوینەکانی جەستە لادەچێت و ، چیتر نەخۆش پێویستی بە چارەسەری دیکە نابێت ، چونکە ئەو (تا)یە تەنها چۆنیەتیەکی گەرمەو بە ڕوحەوە پەیوەندە ، تەنها گەیاندنی چۆنیەتیەکی ساردی بەسە بۆ لادانیی ، بەوەش گڕی (تا)کە دادەمرکێتەوە بەبێ ئەوەی واپێویست بکات مادەیەك بکرێتە دەرەوە ، یا چاوەڕێکردنی پێگەیاندنی ماددەیەك بۆ ئەوەی دەربچێت ٠

هەروەها دەشێ مەبەستی فەرموودەکە سەراپای جۆرەکانی (تا) بێت ، چاکترینی پزیشکان (جالینوس)[٢٧] دانی بەوەدا ناوە کە : ئاوی سارد بۆ (تا) بەسوودە ، لە بەشی دەیەمی کتێبەکەیدا (حیلة البرء) دەڵێت : ئەگەر پیاوێکی لاوی ، چاك گۆشتی ، تەندروست لە کاتی قەرچەی گەرماداو ، لە کاتی (تا)ی زۆرداو ، هیچ ئاوسانێك لە هەناویدا نەبێت ، لە ئاوی ساردا خۆی شت ، یا مەلەی تێدا کرد ، بەدڵنیایی سودی لێدەبینێت ٠ دەڵێت : ئێمەش فەرمان بەوە دەکەین بەبێ وەستان ٠

---

٢٧ ـ یەکێکە لە پزیشکە یونانیەکان ، ساڵی (٢٠١)ی زاینی مردووە ٠

(الرازيُّ)[٢٨] له كتێبه گهورهكهيدا دهڵێت : ئهگهر هێز بههێزبوو ، (تا)ش زۆر توند بوو ، پێگهیاندن ئاشكهرابوو ، هیچ ئاوسانێك له ههناودا نهبوو ، هیچ ههناودڕان یا گهدهوڵیهكیش (فتق) نهبێت ، ئهوا خواردنهوهی ئاوی سارد بهسووده ، ئهگهر نهخۆش تهندروست بوو ، قهرچهی گهرماش بوو ، له سهر بهكارهێنانی ئاوی ساردیش ڕاهاتبوو بۆ ئهندامهكانی دهرهوهی لهشی ، با ئیزنی بدرێت ٠

فهرمایشتی پێغهمبهری خوا ﷺ: ((الحُمَّى مَنْ فَيْحِ جهنم)) واته (تا) له گڕو بڵێسهی دۆزهخ و ، بڵاوبوونهوهیهتی ، هاوتاشی فهرمایشتێتی : ((شَدَّةُ الحرِّ مِن فَيحِ جَهَنَمَ)) واته : زۆر گهرمی له گڕو بڵێسهی دۆزهخهوهیه ، ئهمهش به دوو ڕوو لێكدهدرێتهوه :

یهكهمیان : ئهوه نموونهو توێژاڵێكه له دۆزهخ داتاشراوه ، بۆ ئهوهی بهڵای بهندهكانی خواوه بهڵگهیهك بێت له سهر ناڕهحهتیهكانی ئاگرو ، پهندیشی لێ وهربگرن ، پاشان خوای تعالی فهرمانی داوه له جهستهی مرۆڤدا دهركهوێت به چهند هۆكارێك پێویستی دهكات وهكو بهرزی پلهی گهرماو هیتر ، ههروهكو چۆن خۆشی و شادی ئارهزوو له نیعمهتهكانی بهههشتهو ، خوای تعالی لهم دونیایدا بهدهری خستووه ، وهكو پهندو ئامۆژگاریهك و ، بهڵگهیهكیش بێت بهلای بهندهكانی خواوه بۆ خۆشیهكانی بهههشت ، خوای تعالی فهرمانی دهركهوتنی ئهمهشی داوه له نێوان بهندهكانیدا به چهند هۆكارێك پێویستی دهكات ٠

دووهم : پێدهچێ مهبهست چواندن بێت ، بۆیه توندی (تا)ی به گڕو بڵێسهی دۆزهخ چواندووه ، وه توندی گهرمیشی پێ چواندووه ، بۆ ئاگاداركردنهوهی نهفسی بهندهكان

---

٢٨ ـ مامۆستاو فهیلهسوف (أبوبكر محمد)ی كوڕی (زكريا الرازي)يه ، پزیشكهو ، خاون چهندین دانراوه ، یهكێك بووه له ههره زیرهكهكانی زهمهنی خۆی ، كتێبی (الحاوي) به سی بهرگ له بواری پزیشكیداو ، كتێبی (الأعصاب)و چهندین كتێبی تریشی داناوه ، ساڵی (٣١١)ی كۆچی له شاری (بغداد) مردووه ٠ بڕوانه : (سير أعلام النبلاء) (٤ / ٣٥٤) ٠ (وكشف الظنون) (٢ / ١٢١٥) ٠

سەبارەت بە توندی سزای ئاگر ، وە توندی ئەم گەرمیەش لـە گـڕو بلێسـەی دۆزەخ دەچێت ، کە ئەو هێندە گەرمیەیە کەسێك بەریدەکەوێت ئەگەر نزیکی بێتەوە ·

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ: ((فأبْرِدُوها)) ؛ بە دوو ڕوو (رِوایة) کراوە:

یەکـەم : لـە : (أبْـرَدَ الشـيءَ)ەوە وەرگـیراوە واتـە : بارەکـەی گـۆڕی بـۆ سـاردی ، بـە هاوشێوەی (أسْخَنَه) واتە : بارەکەی گۆڕی بۆ گەرمی ·

دووەم : لـەم ڕسـتەیەوە وەرگـیراوە (بَـرَدَ الشـيءَ يَبْـرُدُه) واتـە : شـتەکەی سـارد کـردو ساردی دەکا ، ئەمەش زمانێکی پاراوترو بەکارهێنراوترە ، لەم بارەشەوە شاعیرێك دەڵێت:

إذا وَجدْتُ لَهيبَ الحُبِّ في كَبِدي ... أقبلْتُ نَحْوَ سِقاءِ القَومِ أبتَرِدُ
هَبْنِي بَرَدْتُ بِبَرْدِ المـاءَ ظاهِرَهُ ... فمَنْ لِنارٍ على الأحشـاءِ تَتَقِدُ

واتە :

ئەگەر لە جەرگمدا هەستم بە گڕی خوشەویستی کرد
دێم بەرەو لای بیرە ئاوی قەومەکەو خۆم فێنك دەکەمەوە
با بە سـاردی ئـاوەکە ڕووکەشـی فێنك بکەمەوە
بەڵام ئەو ئاگرەی لە هەناومدا گڕی گرتووە کێ بکوژێنێتەوە

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ((بِالماء)) بەدوو ڕوو لێکدراوەتەوە :

یەکەمیان : مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو ئاوێکە ، ئەمەش ڕاسترە ·

دووەم : مەبەستی ئاوی زەمزەم بوو ، لایەنگرانی ئەم بۆچۆنە ئەو فەرموودەیە دەکـەن بـە بەڵگە کە پێشەوا (البخاري) لە (صـحيح)ەکەیـدا لـە (أبـي جَمْـرَةَ نَصْـر)ی کـوڕی (عمرانَ

الضُّبَعِيِّ)وه دهيگێڕێتهوهو دهڵێت : ((كُنْتُ أُجالِسُ ابن عباس ٍ بمكةَ ، فأخَذَتْني الحُمَّى فقال : أبردها عنك بماءِ زمزمَ ، فإنَّ رَسولَ الله ﷺ قال : إن الحُمَّى من فَيْحِ جهَنَّم ، فأبْرِدوها بالماء ، أو قال : بماءِ زَمْزَمَ))(٢٩)

واته : (أبي جَمْرَةَ نَصْر)ى كوڕى (عمران الضُّبَعيُّ) دهگێڕێتهوهو دهڵێت : ((له مهككه له خزمهتى (ابن عباس)دا دادهنیشتم ، ئهوهبوو (تا) دایگرتم و ئهویش فهرمووى : به ئاوى زهمزهم ئیش و گهرمى سارد لابهره ، چونكه پێغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : (تا) له گڕو بڵێسهى دۆزهخهوهیه ، به ئاو ئێش و گهرمى سارد بكهنهوه ، یا فهرمووى: به ئاوى زهمزهم)) . ئهو كهسهى فهرموودهكه دهگێڕێتهوه گومانى ههبوو ، ئهگینا ئهگهر یهكلاى بكردایهتهوه كه به ئاوى زهمزهمه ، ئهوا فهرمانێك دهبوو بۆ خهڵكى مهككه له كاتى (تا)دا ئهو ئاوه بهكاربێنن ، چونكه لاى ئهوان زۆرهو به ئاسانى دهست دهكهوێت ، بۆ شوێنانى دیكهى جگه لهوانیش بهو ئاوهى دهست دهكهوێت .

پاشان ئهو كهسانهش كه دهڵێن مهبهستى پێغهمبهرى خوا ﷺ ههموو ئاوێك بوو جیاوازیان تێكهوت سهبارهت بهوهى ئایا ئاوهكه بكرێت به خێرو صهدهقه ، یا بهكاربهێنرێت ؟ بهدوو بۆچوون . بۆچوونى ڕاست : ئاوهكه بهكاربهێنرێت ، واش گوومان دهبهم ئهو شتهى هانى ئهو كهسانهى داوه بڵێن : مهبهست ئهوهبوو ئاوهكه بكرێت به خێر ، ئهوهبوو كه ئاڵۆزیهكیان بۆ دروست بوو سهبارهت به چۆنیهتى بهكارهێنانى ئاوى سارد له بوارى (تا)داو ، ڕووى بهكارهێنانیان نهزانیوه ، ئهگهرچى گوفتارهكانیان ڕوویهكى چاكى ههیه ، كاتێ بۆچونیان وابووه كه پاداشت له جۆرى كردهوهیه ، بۆیه وهكو چۆن سهلمێندراوه كه گڕى تینویهتى له سهر كهسى تینو به ئاوى سارد دهكوژێنرێتهوه ، ئاوهاش خواى تعالى گڕى (تا) له سهر كهسى نهخۆش دهكوژێنێتهوه وهكو پاداشتێكى

---

٢٩ ـ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٢٩١) ، والبخاري (٤ / ١٤٦) ، من طريق همام قال : أخبرنا أبوحمزة الضبعي فذكر الحديث .

بەرامبەر بە بەخشینی ئاوەکە ، ئەم شتە لە فیقهو ئامـاژەی فەموودەکـەوە وەردەگیرێـت ، ئەگینا مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانی ئاوەکەیە ٠

وقد ذكر أبونعيم وغيره من حـديث أنـس ٍ يَرفعـه : ((إذا حُـمَّ أحَـدُكُم ، فَلْيُـرَشَّ عليـهِ المـاءَ البارِدَ ثلاثَ ليال ٍ مِنَ السَّحَرِ))[٣٠]

واته : (أنَس) دەفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەگـەر کەسـێکتان (تـا)ی بەرزبۆوە ، با سێ شەو لە کاتی شەبەقی بەرەبەیاندا ئاوی ساردی بە سەردا بکرێت)) ٠

وفي سنن ابن ماجة عن أبي هريرة يرفعه : ((الحُمَّى كِيرٌ مِن كِيرِ جُهَنَّمَ فَنَحُّوهَـا عَـنْكُمْ بالمـاءِ البَارِدِ))[٣١]

واته : (أبي هريرة) دەفـەرمێت : پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی : (((تـا) گڕوبلێسـەی موشەدەمەیەکە _ ئەو ئامێرەیە کە ئاسنگەر فووی پێ دەکات لە ئـاگر _ لـە موشـەدەمەکانی دۆزەخ بۆیە بە ئاوی سارد نارەحەتی و گەرمی لە سەر خۆتان لابەرن)) ٠

وفي المسند وغـيره ، مـن حـديث الحسـن ، عـن سَـمُرَةَ يرفعـه : ((الحُمَّـى قطعـةٌ مِـن النَّـارِ ، فأبْرِدوُها عَنْكُم بالماءِ البارِدِ ، وكان رسـولُ الله ﷺ إذا حُـمَّ دَعَـا بِقِرْبَـة مـن مـاءٍ ، فأفْرَغَهَـا عَلـى رأسِه فاغْتَسَلَ))[٣٢] .

---

٣٠ ـ صحيح : أورده الألباني في صحيح الجامع (٤٩٧) ، وانظر السلسلة الصحيحة (١٣١٠)

٣١ ـ صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٧٥) من طريق قتادة عن الحسن عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣١٨٩) ، والصحيحة (١٨٢٢) ٠

٣٢ ـ ليس في مسند أحمد ٠ ورواه الطبراني في الكبير (٧ / ٢٢٧) من حديث إسماعيل بن مسلم المكي عن الحسن عن سمرة بن جندب مرفوعاً ٠

واته : (سَمُرَة) دهفهرميّت : پيّغهمبهرى خوا ﷺ فهرموويهتى : (((تا) بهشيّكه له ئاگر ، بۆيه به ئاوى سارد گڕو گهرمى له سهر خۆتان سارد بكهنهوه ، دهفهرمىّ : پيّغهمبهرى خوا ﷺ ئهگهر (تا)ى بهرز بوايهتهوه فهرمانى دهدا كونهيهكى ئاوى بۆ بيّنن و ، ئينجا دهيكرد به سهر سهرى خويّدا و خۆى پىّ دهشت)) ٠

وفي السنن : من حديث أبي هريرة _ رضي الله عنه _ قال : ذُكِرَت الحُمَّى عِندَ رسول الله ﷺ فَسَبَّهَا رجلٌ ، فقال رسولُ الله ﷺ : ((لا تَسُبَّهَا فإنَّها تَنفِي الذُنُوبَ ، كما تَنْفِي النَّارُ خَبَثَ الحَدِيدِ))(٣٣)

واته: (أبي هريرة) _ ڕهزاى خواى ليّبيّت _ دهفهرميّت : باسى (تا) كرا له خزمهتى پيّغهمبهرى خوادا ﷺ پياويّكيش جويّنى پيّدا ، ئهوهبوو پيّغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : ((جويّنى پيّمهده چونكه تاوان پاك دهكاتهوه ، وهكو چۆن ئاگر پيسى ئاسن پاك دهكاتهوه)).

له بهر ئهوهى كاتىّ مرۆڤ (تا)ى ليّديّت يهكسهر پهيڕهوى خۆپاريّزى دهكات له خواردهمهنيه خراپهكان و ، ههڵدهستيّت به خواردنى خۆراك و دهرمانى بهسوود ، كه ڕۆڵيّكى كاريگهر دهبينيّت له پاكردنهوهى جهستهو ، كردنه دهرهوهى پيسيه زيادهكانى و ، پاكردنهوهى له مادده خراپهكانى و ، كاريّكى ئهوتۆى تيّدهكات به هاوشيّوهى كارى ئاگر كه پيسيهكانى ئاسن دهكاته دهرهوهو ، ئاسنه پوختهكهى پاك دهكاتهوه ، بۆيه (تا) نزيكترين شتيّكه كه له ئاگرى موشهدهمهى ئاسنگهر دهچيّت كه پوختهى ئاسنهكه پاك دهكاتهوه ، ئهم ئهندازهيهيه كه بهلاى پزيشكانى جهستهوه زانراوه ٠

---

٣٣ _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٤٦٩) ، وضعفه الألباني ٠ الطب النبوي ، بتحقيق أبي عبدالرحمن عادل بن سعد ٠

بـەڵام سـەبارەت بـەوەی (تـا) ڕۆڵـیْ هـەبێت لـە خـاوێن کردنـەوەی دڵ لـە پیسـی و گەرداوەکانی ، کارێکە پزیشکانی دڵان دەیزانن و ، بـەو جـۆرە دەیبیـنن کە پێغەمبەرەکەیان ﷺ هەواڵی پێداون ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە چاکبوونەوەی نەخۆشی دڵ نائومێد بوو ، ئەوا ئـەم چارەسەرە هیچ سوودێکی پیْ ناگەیەنێت ٠

(تا) سوود بە دڵ و جەستە دەگەیەنێت ، بۆیە جوێن پێدانی ستەم و دژایەتی دەربڕینە. جارێکیان (تا)م لێهاتبوو ، گوفتاری هەندیْ شاعیرم بیرکەوتەوە کە جوێنی پـیْ دەدەن و دەڵێن :

زارتْ مُـكَفِّرَةُ الذُّنوبِ وَوَدَّعَـتْ	تبّاً لهـــا مِـن زائـرٍ وَمُوَدِّعِ
قالتْ وقدْ عَزَمَتْ على تَرْحَلَهـا	مـاذا تريدُ ؟ فقلتُ : أن لا تَرجِعي

واتە :

سەردانی کردین لابەری تاوان و ماڵئاوایی کرد	لەناوچێت چ سەردانیکارو چ ماڵئاویکارێکە
کاتـیْ سـووربوو لـە سەر ڕۆشـتن گووتی	چیت دەویْ ؟ گووتم : چیـتر نەگەڕێیتەوە

گووتم _ (ابن القيم) _ تۆ لەناوچێت چونکە جوێن بـە شـتێك دەدەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ جوێن پێدانی قەدەغە کردووە ٠ بەڵام ئەگەر ئەو شاعیرە بیگوتبا:

زارَتْ مُكَفِّرَةُ الذُّنوبِ لـصَبِّها	أهـــلا بهـــا مِن زائـرٍ وَمُـوَدِّعِ
قالَتْ وَقَدْ عَزَمَتْ عَلـى تَرْحَالِها	ماذا تريدُ ؟ فقلتُ : أن لا تُقْلَعي

واتە :

سـەردانی کردین لابەری تاوان بە دارژان	یاخوا بە خێر بێت چ سەردانیکارو چ ماڵئاوایکارێکـە
کاتیْ سووربوو لـە سەر ڕۆشتن گووتی	چیت دەویْ ؟ گووتم : هەرگیز لانەچیت و نەنشیتەوە

شايستەتر دەبوو بۆی ، (تا)کەش لە سەری لادەچو و دەنیشتەوە ، ئەوەبوو بە خێرا لە سەری منیش نیشتەوە · لە فەرموودەیەکدا کە (صحیح)ی و (ضعیف)یم بۆ دەنەکەوتووە باسکراوە کە : ((حُمَّى يَوْمٍ كَفَّارَةُ سَنَةٍ))[٣٤] واتە : (((تا)ی ڕۆژێك لابەری تاوانی ساڵێکە)) ، ئەمەش بە دوو شێوە لێك دەدرێتەوە:

یەکەمیان : (تا) دەچێتە نێو هەموو ئەندام و جومگەکانی لەشەوە ، کە ژمارەیان سێ سەدو شەصت جومگەیە ، بۆیە بە هەر جومگەیەك تاوانی ڕۆژێکی لە سەر لادەبات ·

دووەم : (تا) کاریگەریەکی ئەوتۆ لە سەر جەستە بەجێ دەهێڵێت کە بە گشتی تاوەکو ساڵێك لاناچێت ، لێرەدا ئەم فەرموودەیە وەکو فەرموودەکەی تری پێغەمبەری خوا ﷺ لێك دراوەتەوە کە دەفەرمێت : ((مَنْ شَرِبَ الخَمْرَ لمْ تُقْبَلَ لـهُ صَلاةٌ أربعينَ يوماً))[٣٥] واتە : ((هەرکەس مەی بخواتەوە چل ڕۆژ هیچ نوێژێکی لێ وەرناگیرێت)) · چونکە شوێنەواری مەی لە ناخی بەندەو ، خوێنبەرو دەمارو ، ئەندامەکانی لەشیدا چل ڕۆژ دەمێنێتەوە · خواش زاناترە ·

---

٣٤ ــ ضعيف جداً : رواه تمام في فوائده (٢ / ١٢١) ، وابن أبي الدنيا في كتاب المرض والكفارات (١٩٥)· والحديث ضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٢٧٩٦) : ((الحُمَّى حظ كل مؤمن من النار ، وحمى ليلة تكفر خطايا سنة مُجَرَّمة)) · وانظر الضعيفة (٣٥٣٢) ·

٣٥ ــ صحيح : أخرجه الترمذي (١٨٦٢) من طريق عبدالله بن عبيد بن عمير عن أبيه عن ابن عمر فذكره مرفوعاً ، وأخرجه أحمد (٢ / ٣٥) عن عبدالله بن عبيد بن عمير عن ابن عمر فذكره ليس فيه : عن أبيه · وأخرجه أحمد (٢ / ١٧٦) والدارمي (٢٠٩٧) ، وابن ماجة (٣٣٧٦) ، والنسائي (٨ / ٣١٤ ، ٣١٧) ، وابن خزيمة (٩٣٩) من طريق عبدالله بن الديلمي عن ابن عمرو فذكره مرفوعاً · والحديث صححه الألباني في صحيح الجامع (٢ / ٦٣) ·

(أبو هريرة) _ خواى لىّ ڕازى بێت _ فەرموویەتى : بەلامەوە (تا) لە هەموو ئەو نەخۆشیانەى تووشم دەبێت خۆشەویستره ، چونكە دەچێتە نێو هەموو ئەندامێكمەوەو ، هەموو ئەندامێكیش خواى پەروەردگار بەشى خۆى پاداشتى دەداتىّ ٠

وقد روى الترمذي في جامعه من حديث رافع بن خَدِيج يرفعُه : ((إذَا أَصَابَتْ أَحَدَكُمْ الْحُمَّى – وَإِنَّ الْحُمَّى قِطْعَةٌ مِنْ النَّارِ – فَلْيُطْفِئْهَا بِالْمَاءِ الْبَارِدِ ، وَيَسْتَقْبِلْ نَهرًا جَارِيًا ، فَلْيَسْتَقْبِلْ جَرْيَةَ الْمَاءِ بَعْدَ الْفَجْرِ وَقَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ ، وَلْيَقُلْ : بِسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ ، اشْفِ عَبْدَك ، وَصَدِّقْ رَسُولَك ٠ وَيَنْغَمِسُ فِيهِ ثَلَاثَ غَمَسَاتٍ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ، فَإِنْ بَرِئَ ، وَإِلَّا فَفِي خَمْسٍ ، فَإِنْ لَمْ يَبْرَأْ فِي خَمْسٍ ، فَسَبْعٌ ، فَإِنْ لَمْ يَبْرَأْ فِي سَبْعٍ فَتِسْعٌ ، فَإِنَّهَا لَا تَكَادُ تُجَاوِزُ تِسْعًا بِإِذْنِ اللَّهِ))[٣٦]

واتە : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((هەركات كەسێكتان (تا)ى لێهات _ كە (تا)ش بەشێكە لە ئاگر _ با بە ئاوى سارد بیكوژێنێتەوەو ، ڕوو بكات لە ڕووبارێكى لەبەر ڕۆیشتو ، دواى بەرەبەیان و پێش خۆرهەڵاتن ڕوو لە ئاراستەى ڕۆشتنى ئاوەكە بكات و ، با بڵێت : بە ناوى خوا ، پەروەردگارا ، بەندەكەت چاك بكەرەوەو ، پێغەمبەرەكەت بە ڕاست دابنىّ و ، ئینجا سىّ ڕۆژ بە سىّ جار خۆهەڵكێشان خۆى لە ئاوەكە هەڵكێشێت ، ئەوا چاك دەبێتەوە ، ئەگەر چاك نەبۆوە با پێنج ڕۆژ ئەوە دووبارە بكاتەوە ، ئەگەر چاك نەبۆوە ئەوا بە حەوت ، ئەگەر بە حەوت چاك نەبۆوە ئەوا بە ئیزنى خواى تعالى لە نۆ تێپەڕ نابێت)) ٠

دەڵێم _ (ابن القیم) _ ئەمە لە ڕۆژانى هاوین و لە وەڵاتە گەرمەكاندا بە سوود دەبێت بە پێى ئەو مەرجانەى كە پێشتر ئامازمان پێدا ، لەو كاتەدا ئاو لە ساردترین باریدایە چونكە لە

٣٦ _ ضعيف : أخرجه أحمد (٥ / ٢٨١) ، والترمذي (٢٠٨٤) كلاهما من طريق روح بن عبادة قال : حدثنا مرزوق أبو عبدالله الشامي ، قال : حدثنا سعيد _ رجل من أهل الشام _ كما في رواية أحمد قال : أخبرنا ثوبان عن النبي _ صلى الله عليه وسلم _ فذكر الحديث ٠ ولم أجده من طريق رافع بن خديج ولعله وهم من المصنف ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٣٧٥) ، وانظر الضعيفة (٢٣٣٩) ٠

تیشكی هەتاوەوە بەدوورە ، هەروەها لەو كاتەدا هەموو هێزەكان بۆ مرۆڤ فەراهام بووە ، بۆ نموونە سوود لە نووستن و ، كپی و ، فێنكی هەواكە وەردگرێت و ، بەوەش بەهێزی هەموو ئەو هێزانەی بۆ كۆدەبێتەوە ، لە گەڵ بەهێزی دەرمانەكەش ، كە بریتیە لە ئاوە ساردەكەو ، كاریگەریەكی ئەوتۆ دەخەنە سەر (تا) كاتیەكە ، یا (تا) بچڕبچڕە پوختەكە ، مەبەستم بە پووخت ئەوەیە كە هیچ ئاوسانێكی ئەندامەكانی لەشی لەگەڵدا نەبێت و ، هیچ نیشانەیەكی خراپ و ماددەیەكی بۆگەنیش لە جەستەدا نەبێت ، لەو كاتەدا هەموو ئەو هۆكارانە دەبن بە هۆی كپبوونەوەو نیشتنەوەی (تا)كە ، بە تایبەت ئەگەر لە یەكێك لەو ڕۆژانەدا بێت كە لە فەرموودەكەدا هاتووە ، چونكە ئەو ڕۆژانە بە زۆری (تا)ەكەی تێدا توند دەبێتەوە ، بەتایبەت لەو وەڵاتانەدا كە ئاماژەی پێدرا ، لەبەر شلی و نەرمی خەڵتەی دانیشتوانەكانیان و ، خێرا كاردانەوەی چاكیان بەرامبەر بە دەرمانە بە سوودەكە.

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردنی سكچووندا :

چارەسەركردنی بە هەنگوێن :

في الصحيحين : من حديث أبي المتوكّل ، عن أبي سعيد الخُدْرِيِّ ، ((أنَّ رجلا أتى النبيَّ ﷺ فقال : إنَّ أخي يشتكي بطنَه _ وفي رواية : استطلقَ بطنُهُ _ فقال : اسقِه عسلاً ، فذهب ثم رجع ، فقال : قد سقيتُه ، فلم يُغنِ عنه شيئاً ، وفي لفظ : فلم يزدْه إلا استطلاقاً ، مرتين أو ثلاثاً ، كل ذلك يقولُ له : اسقِه عَسَلا . فقال لَهُ في الثالثةِ أو الرابعةِ : صَدَقَ اللهُ ، وكذَبَ بطنُ أخيكَ))[٣٧]

---

٣٧ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ١٩ ، ٩٢) ، وعبد بن حميد (٩٣٨) ، والبخاري (٧ / ١٥٩ ، ١٦٥) ، ومسلم (٧ / ٢٦) ، والترمذي (٢٠٨٢) ، كلهم من طريق قتادة عن أبي المتوكل عن أبي سعيد الخدري فذكر الحديث .

واتـه : (أبـي سـعيد الخـدري) _ خـواى لـىٚ ڕازى بێـت _ دەفـەرمێت : ((پیاوێـك هاتـە خزمەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ و ، گووتى : براكەم هاوار لە سكى دەكات _ لـە (ریوایـە)تێكـدا : سـكى دەچـێت _ ئـەویش فـەرمووى : هـەنگوێنى بـدەرێ ، پیاوەكـەش ڕۆشـت و پاشـان گەڕایـەوەو ، گـووتى : هـەنگوێنم پێـدا ، هـیچ سـوودیكى بـۆ نـەبوو ، لـە بێژەیەكـدا : تـەنها سكچونەكەى زیاد كرد ، دووجار یا سىٚ جار ، لە هەموو جارێكیشدا پێغەمبـەرى خـوا ﷺ پێـى دەفەرموو : هەنگوێنى بدەرىٚ · بەڵام بۆ سىٚ یەم جار یا بۆ چوارەم جار پێى فـەرموو : خـواى پەروەردگار ڕاست دەفەرمێت و ، سكى براكەت درۆ دەكات)) ·

وفي صحيح مسلم في لفظ له : ((إنَّ أخي عَرِبَ بطنُه))

واته : واته هەرسكردنى خۆراكى خراپ بووەو ، گەدەى نەخۆش كەوتووە ·

سوودەكانى هەنگوێن :

هەنگوێن سـودوو كـەڵكێكى یـەكجار گـەورەى تێدایـە دەتـوانین بەمانـەى خـوارەوە ڕوونـى بكەینەوە :

١. هەنگوێن پاكەرەوەى ئەو پیسیانەیە كە لە خوێنبەرو گەدەو هیتریشدا كۆبۆتەوە.
٢. هەڵوەشێن و شیكەرەوەى بۆخ و شێدارەكانە (رطوبات) بە خواردن و چەوركردن
٣. بەسوودە بۆ كەسە بە تەمەنەكان و كەسانى بەڵغەمدار ·
٤. بە سوودە بۆ ئەو كەسانەى میزاجیان شێدارو ساردە ·
٥. هەنگوێن ژێیەرە نەرمكارە بۆ سروشتى مرۆڤـ ·
٦. هێزى ئەو دایكانە دەپارێزێت كە شـیر بـە منداڵـەكانیان دەدەن زیـاتر لـە دوو سـاڵ و شیرەكەشیان زیاد دەكات (المعاجین) ·
٧. لابەرى چۆنیەتیەكانى دەرمانە بۆن ناخۆشەكانە ·

٨. سنگ و جگەر پاك دەكاتەوە ٠

٩. ميزهێنەرە ٠ گونجاوە بۆ ئەو كۆكانەی لە بەڵغەمەوە ڕوودەدات ٠ ئەگەر تێكەڵ بە ڕۆنی گوڵ بكرێت و بە گەرمی بخورێتەوە ، ئەوا بۆ گەزتنی جرۆجانەوەرو ، خواردنەوەی ئەفیون بە سوودە ٠ گونجاوە بۆ ئەو كۆكانەی لە بەڵغەمەوە ڕوودەدات ٠

١٠. ئەگەر تێكەڵ بە ئاو بكرێت و بخورێتەوە بۆ گەزتنی سەگی هار بە سوودە ، هەروەها بۆ خواردنی جۆری دۆمەڵانی بكوژ بە سوودە ٠

١١. ئەگەر گۆشتی نەرم و تازەو هەروەها كاليارو خەيارو كولەكەو بايجان لە نێو هەنگوێندا هەڵگريت بۆ ماوەی شەش مانگ دەيپارێزێت ٠

١٢. تەرمی مردوان دەپارێزێت ٠

١٣. بۆيە پێی گووتراوە پارێزەری ئاسوودەی بێ ترس ٠

١٤. ئەگەر جەستەو پرچی ئەسپێونی پێ چەوەر بكرێت ، ئەوا ئەسپێ و ڕشك و كرێشكەكەی دەكوژێت ، پرچ درێژ دەكات و ، جوانی دەكات و ، نەرمی دەكات ٠

١٥. ئەگەر چاوی پێ برێژيت ، تارێكی چاو لادەبات ٠

١٦. ئەگەر ددانەكانی پێ پاك بكەيتەوە سپيان دەكاتەوەو ساف و لوسيان دەكات و ، تەندروستيان دەپارێزێت و ، پوكيش دەپارێزێت ٠

١٧. دەمی خوێنبەرەكان دەكاتەوە ٠

١٨. خوێنی بێنوێژی ئافرەتان زياد دەكات ٠

١٩. لستنەوەی پێش نان خواردنی بەيانی بەڵغەم ناهێڵێت و ، ڕێشووەكانی نێو گەدە دەشواتەوەو ، پاشماوەكانی دەكاتە دەرەوەو ، گەرمی دەكات بە گەرميەكی مام ناوەندو ، كونيلە داخراوەكانی دەكاتەوەو ، هەمان كاريش بۆ جگەرو گورچيلەو ميزڵدان ئەنجام دەدات و ، كەمترين زيانيش بە كونيلە داخراوەكانی جگەرو سپڵ دەگەيەنێت بە بەراوردی هەموو شيرينيەكانی ديكە ٠

له گەڵ هەموو ئەمانەشدا جێی متمانەیەو ، زیانی زۆر کەمە ، بەڵام بە شێوەیەکی کاتی زیان بەو کەسانە دەگەیەنێت کە زردوویان هەیە (للصفراويين) ، بەڵام دەتوانرێت تێکەڵ بە سرکەو شتی تری لەو جۆرە بکرێت و ، ئیتر سوودێکی زۆری بۆ دەبێت ٠

بۆیە هەنگوێن خواردنێکە لە گەڵ خواردنەکاندا ، دەرمانێکە لە گەڵ دەرمانەکاندا ، خواردنەوەیەکە لە گەڵ خواردنەوەکاندا ، شیرینە لە گەڵ حەلواو شیرینیەکاندا ، چەورکارێگە لە گەڵ چەورکارەکاندا ، دڵخۆشکارێکە لە گەڵ دڵخۆشکارەکاندا ، هیچ شتێکمان بۆ بەدینەهێنراوە لەو چاکتر بێت ، یا لەو بچێت ، یا نزیك بەو بێت ، کەسانی دێرینیش پشتیان بە هیچ شتێك نەدەبەست تەنها بە هەنگوێن نەبێت ٠ زۆربەی کتێبە دێرنەکان بە هیچ جۆرێك باسی شەکری تێدا نی یەو ، نەشیان دەناسی ، بەڵکو شتێکی نوێ یە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو بەیانیەك پێش نان خواردن لێی دەخواردەوە ، ئەوەش نهێنیەکی سەرسوڕمێنی تێدایە سەبارەت بە پاراستنی تەندروستی کە جگە لە کەسە زرنگە بەڕێزەکان پەی پێ نابەن و ، بە پشتیوانی خوای تعالى لە کاتی باسکردنی ڕێبازی پێغەمبەری خوادا ﷺ لە بواری پاراستنی تەندروستیدا بە یادی دەهێنینەوە ٠

وفي سنن ابن ماجة مرفوعاً من حديث أبي هريرة : ((مَن لَعِقَ العَسَلَ ثَلاثَ غَدَواتٍ كلَّ شَهرٍ ، لَمْ يُصِبْهُ عَظيمٌ مَنَ البَلاءِ))[٣٨]

واتە : لە (أبي هريرة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەرکەسێك سێ بەیانیان لە هەموو مانگێکدا هەنگوێن بلێسێتەوە ، ئەوا توشی هیچ بەڵایەکی گەورە نابێت)).

٣٨ _ ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٤٥٠) من طريق عبدالحميد بن سالم عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً ٠ وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٥٨٣١) وانظر الضعيفة (٧٦٢)٠

وفي أثر آخر : ((علَيكُم بالشِفاءَيْنِ العَسَلَ والقُرآنِ))[٣٩] واتـه : پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەردوو چارەسەرەکە بەکار بێنن کە هەنگوێن و قورئانە)) ٠

لێردا پێغەمبەری خوا ﷺ هەستاوە بە کۆکردنەوەی نێوان پزیشکێتی مرۆڤـی و پزیشـکێتی خـوایی ، لـە نێـوان پزیشـکێتی جەسـتەو ، پزیشـکێتی ڕوح ، لـە نێـوان دەرمـانی زەمینـی و دەرمانی ئاسمانی ٠

ئەگەر ئەمە زانرا ، ئینجا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو کەسەی پێغەمبەری خـوا ﷺ وەسـفی هەنگوێنەکەی بۆ کرد ، سکچوونەکەی لە ئەنجامی زۆر خواردنێکەوە بوو کە هەموو گـەدەی پـڕ کردبوو ، ئەویش وەسفی هەنگوێنی بـۆ کـرد بـۆ پـاڵ پێوەنـانی ئـەو زیادەیـەی کۆبوبـۆوە لـە لاکانی گەدەو ڕیخۆڵەکانیدا ، چونکە هەنگوێن پاککەرەوەیەو ، ڕۆڵێکـی کاریگـەریش دەبینێـت لە پاڵ پێوەنانی زێدە خۆراکەکاندا ، گەدەی ئەو کەسەش توشی چەند خەڵتەیـەکی لیـنج بـوو ، نەیدەهێڵا خواردەمەنی لە سەر جێگیربێ لـە بـەر زۆر لینجیەکـەی ، چـونکە گـەدە ڕێشـووی هەیە وەکو قەدیفە ، بۆیە ئەگەر ئەو ڕێشووانە خەڵتەی زۆر لینجی لە سەر کۆببێتـەوە ، خراپـی دەکات و خۆراکەکەش بۆگەن دەکات ، بۆیە دەرمانەکەی بریتیە لەو دەرمانانەی کـە تێکـەڵاوە لینجەکەی لە سەر لادەبات ، هەنگوێنیش چاکترین پاکەرەوەو لابـەرە ، کـە چـاکترین دەرمـان بووە ئەم نەخۆشیەی پێ چارەسەر کرابێت ، بەتایبەت ئەگەر تێکەڵ بە ئاوی گەرم کرا ٠

سوودی دوبارەکردنەوەی پێدانی هەنگوێن بەنەخۆش :

لە چەند جار دووبارەکردنەوەی پێدانی هەنگوێندا مانایەکی پزیشکی سەرسـوڕمێنی تێدایـە ، بریتیـە لـەوەی کـە دەرمانەکـە پێویسـتە بـڕو ، ئەندازەیـەکی هـەبێت بـە گـوێرەی بـاری

---

٣٩ ــ ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٤٥٢) من طريق أبي إسحاق عن أبي الأحوص عن ابن مسعود فذكره مرفوعاً وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٣٧٦٥) وانظر الضعيفة (١٥١٤) ٠

نەخۆشیەکە ، ئەگەر بڕی دەرمانەکە لە نەخۆشیەکە کەمتر بوو ، ئەوا بە یەکجاری لاینابات ، ئەگەر بڕی دەرمانەکە لە نەخۆشیەکەش زیاتر بوو ، ئەوا کاریگەری خراپی دەبێت و هیز لاواز دەکات و ، زیانی تریش دروست دەکات ، بۆیە کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا هەنگوینی بداتێ ، بڕێکی پێدا بەشی بەرنگاربوونەوەی نەخۆشیەکەی نەکردو ، نەگەشتە ئاستی مەبەست ، کاتێ پیاوەکە پێغەمبەری خوای ﷺ ئاگادارکردەوە ، تێگەشت ئەو بڕەی پێی داوە نەگەشتۆتە ئاستی پێویست ، کاتێ پیاوەکە چەند جارێك هاتەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، جەختی دووبارە پێدانی هەنگوینەکەی پێ دەکرد بۆ ئەوەی بگات بەو ئەندازەیەی توانای بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیەکەی دەبێت ، ئەوەبوو کاتێ خواردنەوەی هەنگوینەکە دووبارە بۆوە بە گوێرەی مادەو جۆری نەخۆشیەکە ، بە ئیزنی خوای تعالی ، چاك بۆوە ، بۆیە گرنگیدان بە : <u>بڕو ئەندازەی دەرمان</u> ، <u>چۆنیەتیەکانیان</u> ، <u>ئەندازەی هێزی نەخۆش</u> ، <u>نەخۆشیەکە</u> ، لە گرنگترین یاساکانی پزیشکێتیە .

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ: ((صدَقَ اللهُ وكذَبَ بطنُ أخيكَ)) ئاماژەیەکی تێدایە بۆ جێگیربوونی سودو کەلکی دەرمانەکە ، مانەوەی نەخۆشیەکەش ناگەڕێتەوە بۆ خراپی و کورت هێنانی خودی دەرمانەکە ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ دڕۆزنی سك و ، زۆریی مادە بۆگەنەکان تیایدا ، بۆیە فەرمانیدا چەند جارێك دەرمانەکەی بۆ دووبارە بکاتەوە لە بەر زۆری ئەو مادانەی لە گەدەیدا بوو .

پزیشکێتی پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو پزیشکێتی پزیشکانی تر نی یە ، چونکە پزیشکێتی پێغەمبەری خوا ﷺ بێگومانە ، کۆتای پێهێنەرە ، لە لایەن خواوەیە ، لە سروشی خواوەیە ، لە نورو ڕوناکی پێغەمبەرایەتی و ، عەقڵێکی تەواوە وەرگیراوە ، بەڵام پزیشکێتی کەسانی تر زۆربەی گومان و ، سووسەبردن و ، تاقیکردنەوەیە ، لێرەدا نکوڵی لەوە ناکرێت کە زۆرێك لە نەخۆشەکان سودو کەڵك لە پزیشکێتی پێغەمبەرایەتی وەرناگرن ، چونکە لە ڕاستیدا ئەو کەسانە سودی لێوەردگرن کە قبوڵی دەکەن و ، بڕوایان وایە کە ئەگەر بەکاری بهێنن

نەخۆشیەکەیان چاك دەکاتەوەو ، قبوڵیشی دەکەن بەو پەڕی باوەڕو ئیمان و ملکەچیەوە ، ئەو قورئانەی کە نەخۆشیەکان لە سنگدا چاك دەکاتەوە ، ئەگەر بەو باوەڕەوە وەرنەگیرێت هەرگیز سنگەکان لە نەخۆشیەکان چاك ناکاتەوە ، بەڵکو بۆ دووڕووەکان تاوانی زیاتر دەخاتە سەر تاوانیان و ، نەخۆشی زیاتر دەخاتە سەر نەخۆشیەکانیان ، لێرەدا پزیشکێتی ئاسایی پزیشکانی جەستە هەرگیز ناگات بە ئاستی پزیشکێتی پێغەمبەرایەتی ، چونکە پزیشکێتی پێغەمبەرایەتی تەنها گونجاوی لاشە چاك و ساغەکانە ، هەروەها چاکبوونە بە قورئان تەنها گونجاوی ڕوحە چاك و ساغەکانەو ، گونجاوی دڵە زیندووەکانە بە خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی ، بۆیە ڕوو وەرگێڕانی خەڵك لە پزیشکێتی پێغەمبەر وەکو ئەوەیە ڕووی خۆیان لە چاکبوونەوە بە قورئان وەرگێڕن ، کە بێ گومان چاکترین چارەسەری بە سوودە ، ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆ خراپبوون و کورت هێنانی دەرمانەکە ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بەدی سروشتی مرۆڤ و ، بۆگەنی جێگەو ، قبوڵنەبوونی . والله الموفق .

بەشێك سەبارەت بەوە کە هەنگوێن شیفا بەخشە بە خەڵك :

جەماوەری خەڵك بە دوو بۆچوون جیاوازیان تێکەوت سەبارەت بە گوفتاری خوای تعالی ﴿ يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ ﴾ [النحل : ٦٩] واتە : ﴿ يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا ﴾ لە سکی ئەو (هەنگانەوە) دێتە دەر ﴿ شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ ﴾ خواردنەوەیەك کە ڕەنگەکانی جیاوازە ﴿ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ ﴾ کە شیفای تێدایە بۆ خەڵکی[٤٠] ، بەوەی ئایا ڕاناو لە ووشەی (فيهِ)دا دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (الشراب) ، یا دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (القرآن) ؟ ڕاست : دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (الشراب) ، ئەمەش بۆچونی (ابن مسعود) و (ابن عباس) و (الحسن) و (قتادة) و ، زۆرینەیە ، چونکە ئەمە باسکراوەو ، مەبەستی ئایەتەکەش ئەوەیە کە چاکبوونەوە لە ووشەی (الشراب)دایە کە مەبەستی هەنگوێنەکەیە ،

---

٤٠ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

بەڵام لە ئایەتەکەدا باسی قورئان نەکراوە ، فەرمووده (صحیح)ەکەی سەرەوەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا دەفەرمێت : ((صَدَقَ الله)) ئاشکرایە کە مەبەستی هەنگوێنەکەیە · والله تعالى أعلم·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نەخۆشی چاوەقوڵەداو (الطاعون) ، چارەسەرکردنی و چونیەتی خۆپاراستن لەم نەخۆشیە :

في الصحيحين عن عامر بن سعد بن أبي وقاص ، عن أبيه ، أنه سَمِعَهُ يسألُ أسامةَ بن زيدٍ : ماذا سمعتَ من رسول الله ﷺ في الطاعونِ ؟ فقال أسامةُ : قال رسول الله ﷺ ((الطاعونُ رِجزٌ أرسِلَ على طائفةٍ من بني إسرائيلَ ، و على من كان قبلكم ، فإذا سَمِعتُم به بأرضٍ فلا تدخلوا عيه ، وإذا وقعَ بِأرضٍ وأنتم بها فلا تخرُجُوا فرارا مِنهُ))[41] ·

واتە لە (عامر)ی کوڕی (سعد)ی کوڕی (أبي وقاص)ەوە ، کە کوێبیستی بابی بوو لە (أسامة)ی کوڕی (زید)ی دەپرسی : سەبارەت بە نەخۆشی چاوەقوڵە چیت لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستوو ؟ (أسامة)ش فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((نەخۆشی چاوەقوڵە سزایەکە نێردرا بۆ کۆمەڵێك لە (بني إسرائيل)و ، ئەوانەی پێشی ئێوە ، بۆیە هەرکات گویستی بڵاوبوونەوەی بوون لە زەویەکدا ڕوویداوە ، مەچنە ئەو جێگەیە ، ئەگەر لە زەویەکیشدا ڕوویداو ئێوەی تیابوو ئەوا لەو زەویە دەرمەچن وەکو هەڵهاتنێك لە نەخۆشیەکە)) ·

---

٤١ ــ صحيح : أخرجه مالك في موطئه (٥٥٨) ، والحميدي (٥٤٤) ، وأحمد (٥ / ٢٠٠ ، ٢٠٢ ، ٢٠٧ ، ٢٠٨) ، والبخاري (٤ / ٢١٢) ، ومسلم (٧ / ٢٦ ، ٢٧) ، والترمذي (١٠٦٥) ، كلهم من طريق عامر بن سعد عن أبيه فذكره ·

وفي الصحيحين أيضا : عن حَفصةَ بنت سِيرينَ ، قالت : قال أنسُ بن مالكٍ : قال رسول الله ﷺ : ((الطَّاعُونُ شهادةٌ لكلِّ مُسْلِم))[٤٢]

واته : (أنس)ى كورِى (مالك) _ خواى لىَ رازى بيَت _ دەفەرميَت : پيَغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((نەخۆشى چاوەقوڵە شەهيديە بۆ هەموو موسڵمانيَك)) ٠

تاعون چى يە ؟

نەخۆشى چاوەقوڵە (الطاعون) لە رِووى زمانەوە : جۆريَكە لە پەتا ، خاونى كتيَبى(الصحاح) ئەمەى فەرمووە ٠ بەلاى پزيشكانيشەوە : ئاوسانيَكى پيسى بكوژە لە گەڵيدا گرِيَكى توندى زۆر بە ئيَش دەردەچيَت كە لە ئەندازە بەدەر دەبيَت ، بە زۆرى دەوروبەريشى رِەش يا سەوز ، يا تاريك و ديَز دەبيَت ، لە ئەنجاميشدا بە خيَرايى بۆ برين و زام و كيَم دەگۆرِيَت ، بە زۆريش ، لە سىَ جيَگەدا دەردەكەويت : بن هەنگڵ ، پشتەوەى گوىَ ، سەرەوەى لووت (الأرنبة) ، ولە گۆشتە نەرم و شلەكاندا ٠

وَفِي أَثَرٍ عَنْ عَائِشَةَ : أَنَّهَا قَالَتْ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : الطَّعْنُ قَدْ عَرَفْنَاهُ ، فَمَا الطَّاعُونُ ؟ ((قَالَ غُدَّةٌ كَغُدَّةِ الْبَعِيرِ يَخْرُجُ فِي الْمَرَاقِّ وَالْإِبْطِ))[٤٣]

واتە : خاتوو (عائشة) _ خواى لىَ رازى بيَت _ لە پيَغەمبەرى خواى ﷺ پرسى : دەزانين (الطعن) واتە : ليَدان و پياچەقان چى يە ، ئەى (الطاعون) چى يە ؟ ئەويش فەرمووى : ((لوويەكە بە هاوشيَوەى لووى ووشتر لە شويَنانى ورگ و سك و بن هەنگڵدا دەردەچيَت)) ٠

---

٤٢ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ١٥٠ ، ٢٢٠ ، ٢٢٣ ، ٢٥٨ ، ٢٦٥) ، والبخاري (٤ / ٥٩) ، ومسلم (٦ / ٥٢) كلهم من طريق عاصم بن سليمان الأحول عن حفصة بنت سيرين عن أنس فذكره مرفوعاً٠

٤٣ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ١٣٣ ، ١٤٥ ، ٢٥٥) عن عائشة فذكرته ٠

پزیشکان دەڵێن : ئەگەر دومەڵ لە گووشتە نەرم و شلەکان و ، بن هەنگل و شوێنە پێچ و پەنای جەستەو ، پشتەوەی گوێ و سەروەی لووت (الأرنبة) دەرچوو ، لە ڕەگەزێکی بۆگەنیش بوو ، بە چاوەقوڵە ناو دەبرێت ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خوێنێکی پیس مەیلی گەنین و خراپبوون دەکات و ، دەگۆڕێت بۆ ناوەڕۆکێکی ژەهرین بە جۆرێك ئەو ئەندامەی لەش بۆگەن و خراپ دەکات و گۆڕنکاری دەهێنێت بە سەر ئەندامەکانی دەوروبەریشیدا ، ڕەنگە خوێن و کێمیشی لێ بتکێت و ، چۆنیەتیەکی خراپیش بۆ دڵ بەرێت و ، ڕشانەوەو دڵە کوتێ و بورانەوە بۆ نەخۆش دروست بکات ، ئەگەچی ناوی تاعون گشتی یە بۆ هەموو ئاوسانێك کە چۆنیەتیەکی خراپ بۆ دڵ بنێرێت و دەرەنجام بگاتە ئاستی کوشتن ، بەڵام لە بنچینەدا تایبەتکراوە بەو گۆشتە لووەی لە جەستەدا دێتەدەر ، چونکە ئەوەندە خراپە هیچ ئەندامێکی لەش قبوڵی ناکات تەنها ئەو شوێنانە نەبێت کە زۆر لاوازە بە سروشت ، لە هەمووشیان خراپتر ئەو جۆرانەیە کە لە بن هەنگڵ و پشتەوەی گوێدا دێتەدەر لە بەر زۆر نزیکیان لە ئەندامە گرنگەکانەوە کە سەرە ، لە هەمووشیان بێوەی تر جۆرە سورەکانە ، پاشان زەردەکانە ، بەڵام جۆرە ڕەشەکان هیچ کەس لێی ڕزگاری نابێت ·

لە بەر ئەوەی تاعون لە کاتی پەتادا زۆر دەبێت ، لەو وەڵاتانەدا کە دەرداویەو نەخۆشی زۆرە ، بۆیە ناوی بە پەتا بڵاوبۆتەوە وەکو ئەوەی (الخليل) دەفەرمێت : پەتا : واتە تاعون · گوتراویشە : هەموو نەخۆشیەکە بڵاوبێتەوەو هەموو خەڵك تووشی بن ·

بەڵام بۆ سەلماندن دەڵێین لە نێوان پەتاو تاعوندا گشتی و تایبەت هەیە ، بۆیە هەموو تاعونێك پەتایە ، بەڵام هەموو پەتایەك تاعون نی یە ، هەروەها نەخۆشیە گشتی یەکان لە تاعون گشتی ترە ، چونکە تاعون تەنها یەکێکە لە نەخۆشیە گشتی یەکان ، تاعونیش بریتیە لە دومەڵ و برین و زام و ئاوسانێك لەو شوێنانەدا دێتەدەر کە باسکران ·

شوێنەوارەكانی تاعون :

دەڵێم _ (ابن القيم) _ ئەم برین و زام و ، ئاوسان و ، دومەڵانە ، شوێنەواری تاعونن و خودی تاعون نین ، بەڵام لە بەر ئەوەی پزیشكان تەنها شوێنەوارە ڕووكەشەكەی دەزانن ، بۆیە ئەوانەی سەرەوەیان كردووە بە خودی تاعون ٠

كەچی ناوی تاعون بۆ سێ شت بەكار دێت :

یەكەمیان : ئەو شوێنەوارە دەركەوتووانەی لە ڕووكەشدا دیارن و پزیشكان باسیان كردووە.

دووەم : ئەو مردنەی بە هۆی ئەوەوە ڕوو دەدات ، ئەمەش مەبەستە بەو فەرمووده (صحیح)ەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت : ((الطاعونُ شَهادةٌ لكلِّ مَسلمٍ)) واتە : ((تاعون شهیدیە بۆ هەموو موسڵمانێك)) ٠

سێیەم : ئەو هۆیەی كە لە پێناویدا ئەم نەخۆشیە نێردراوە ، لە فەرموودە (صحیح)ەكەدا هۆی ناردنی هاتووە كاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت : ((بقيةُ رِجزٍ أُرسلَ على بَني إسرائيلَ))[٤٤] واتە : ((پاشماوەی سزایەكە نێردراوە بۆ (بني إسرائيل))) وورد فيه : ((أنهُ وَخزُ الجنِّ))[٤٥] واتە : ((تێوەژەنینی جنە)) ، وجاء : ((أنهُ دَعوةُ نبيٍّ))[٤٦] واتە : ((نزالێكردنی پێغەمبەرێكە))٠

---

٤٤ _ تقدم تخريجه ٠

٤٥ _ صحيح : رواه أحمد (٤ / ٣٩٥) ورواه الطبراني في المعجم الصغير (١ / ٩٥) بلفظ ((وخز أعدائكم من الجن)) عن أبي موسى ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣٩٥١) ، وانظر الضعيفة (١٨٦) ، والإرواء (١٦٣٧) ، (١٦٣٨) ٠ وفي صحيح الجامع (٣٩٤٦) وحسنه الألباني : ((الطاعون شهادة لأمتي ، ووخز أعدائكم من الجن ···)) ، وانظر الصحيحة (١٩٢٨) ٠

ڕوونکردنەوەی کارتێکردنەکانی جن لە نەخۆشی تاعونداو _ چۆنیەتی لادانی

هیچ شتێك بەلای پزیشکانەوە نی یە بۆ ئەوەی بتوانن هۆکارەکانی دروستبوونی نەخۆشیەکە لابەرن ، یا توانای دەستنیشانکردنی هۆی سەرەکی نەخۆشیەکەیان هەبێت ، پێغەمبەرانیش هەواڵی کارە نادیارەکەنمان دەدەنێ ، هیچیشیان بەدەستەوە نی یە نکۆڵی لەوە بکات کە ئەو نەخۆشیانە بە هۆی کاری ڕوحە خراپەکانەوە نەبێت ، چونکە کاریگەری ڕوحە خراپەکان لە سروشت و ، نەخۆشیەکان و ، فەوتاندنی مرۆڤ شتێکە هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات ، بەدەر لە کەسانی نەفام بە ڕوحە خراپەکان و کاریگەریەکانی و ، کاردانەوەی جەستەو خوو سروشتی مرۆڤ بەرامبەر بەو کاریگەریانە ، پێدەچێ خوای پەروەردگار ڕێگە بەم ڕوحە خراپانە بدات هەندێ تەصەروف بە جەستەی مرۆڤەوە بکەن لە کاتی ڕوودانی پەتاو ، خراپبوونی هەوادا ، هەروەها ڕێگەی پێدەدا تەصروف بە هەندێ مادە خراپەکانەوە بکات کە شێوازێکی خراپ بۆ جەستە دروست دەکات ، بەتایبەت لە کاتی وروژانی خوێن و ، (المِرَّةُ السوداء)و ، لە کاتی وروژانی ئاوی نێرینەدا ، لێرەدا ڕوحە خراپە شەیتانیەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن بۆ هاندنی خاوەنی ئەم ڕوداوانە بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانیان کە هەرگیز توانای هاندانی کەسانی ئاسایی دیکەی نی یە هەمان ئەو کردەوانە ئەنجام بدەن ، بۆیە پێویستە کەسەکان پاڵنەرێکی زۆر بەهێزی تر بەکاربێنن بۆ لادانی کاریگەری ئەو ڕوحە خراپانەو ، لە هەمان کاتیشدا دەتوانن کردەوە چاکەکان کە بریتیە لە زیکرو ، دوعاو پاڕانەوەو ، بەخشین و ، خوێندنی قورئان بەکاربێنن بۆ دابەزاندنی ڕوحی فریشتە چاکەکان و بەزاندنی ڕوحە خراپەکان و ، پوچکردنەوەی شەڕیان و ، دووخستنەوەی کاریگەریان ٠

ئێمە _ (ابن القیم) _و کەسانی دیکەی جگە لە ئێمەش ئەوەمان چەندین جار کە خوای تعالی نەبێت هیچ کەس ژمارەیان نازانێت تاقیی کردۆتەوەو ، بۆمان دەرکەوتووە کە دابەزاندنی ئەم ڕوحە چاکانەو لە خۆ نزیکردنەوەی کاریگەریەکی ئیجابی گەورەی هەیە بۆ

---

٤٦ _ لم أجده ٠

بەهێزکردنی سروشت و ، دوورخستنەوەی مادە خراپەکان ۰ بەڵام دەبێت ئەو کردارە پێش پتەوبوون و قایمبوونی نەخۆشیەکە لە لەشدا ئەنجام بدرێت و ، لە کاتێکدا بێت بتوانرێت کاری تێبکرێت و کون بکرێت ، بۆیە هەرکەس خوای پەروەردگار سەرکەوتووی بکات ، ئەوا لە کاتی هەست کردنیدا بە هۆکارە خراپەکان یەکسەر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هۆکارە چاکەکان بۆ لە خۆ دوورخستنەوەی ، ئەمەش چاکترین دەرمانە بۆی ، بەڵام ئەگەر خوای تعالی ویستی بەجێهێنانی قەدەرو چارەنووسی خۆی هەبێت ، دڵی بەندەکەی خۆی بەرامبەر بە ناسین و بەبیرداهاتن و داواکردن و بەکارهێنانی هۆکارە چاکەکان بێئاگا دەکات و ، چیتر هەستی پیێ ناکات و ، نایەوێت بەکاری بێنێت ، ئەو کاتە خوای پەروەردگاریش فەرمانی خۆی لە سەر بەندەکەی جێبەجێ دەکات ۰

پاشان ــ إن شاء الله ــ ئەم مانایە بە درێژی باس دەکەین لە میانەی باسەکەماندا سەبارەت بە خۆ چارەسەرکردن بە نووشتەو ، پەناگرتنەکانی پێغەمبەرایەتی و (العوذ النبوية) ، زیکرو ، نزاو ، بەخشیندا ، لەوێشدا ڕوونی دەکەینەوە کە بەراوردکردنی پزیشکێتی پزیشکان بە پزیشکێتی پێغەمبەر ، وەکو بەراوردکردنی پزیشکێتی سۆفی و بەساڵاچوانە بە پزیشکێتی ئەوان ، وەکو ئەوەی زیرەکەکان و پێشەواکانیان دانیان پێدا ناوە ، هەروەها ڕوونی دەکەینەوە کە سروشتی مرۆڤایەتی بەهێزترین شتێکە کە کاردانەوەی خۆی هەیە بەرامبەر بە ڕوحەکان ، وە هێزی پەناگرتنەکان و ، نووشتەو ، نزاکان ، لە سەرووی هەموو هێزێکەوەیە ، تا ئەو ئاستەی هێزی ژەهرە کوشندەکانیش پوچ دەکاتەوە.

مەبەستیش ئەوەیە کە : خراپبوونی هەوا بەشێکە لە بەشەکانی هۆی تەواو ، کە تاعون دروست دەکات ، چونکە خراپبوونی ناوەڕۆکی هەوا هۆیەکی کاریگەری دروستبوونی پەتاو بۆگەن بوونیەتی ، چونکە ناوەڕۆکی ئەو هەوایە دەگۆڕێت و یەکێك لە چۆنیەتیە خراپەکانی بە سەردا زاڵ دەبێت وەکو گەنین و ، بۆنکردن و ژەهراوی بوون لە هەر کاتێکدا بێت لە کاتەکانی ساڵ ، ئەگەرچی زۆرترین ڕوودانی لە کۆتایی هاویندایە ، هەروەها

له پایزیشیدا بەزۆری ڕوودەدات بەهۆی کۆبوونەوەی پاشماوە تاڵ و سەختە تیژەکان و هیتریش لە هاویندا و ، شینەبوونەوەی لە کۆتایدا ، هەروەها لە پایزیشدا ڕوودەدات بە هۆی ساردبوونی هەواو ، قوڕاوییبونی بۆخ و شێ و ئەو پاشماوانەی کە لە وەرزی هاویندا شی دەبۆوە ، دەرەنجام پەنگ دەخواتەوەو ، گەرم دەبێت و ، بۆگەن دەبێت و ، ئینجا نەخۆشی بۆگەن دروست دەکات ، بە تایبەت ئەگەر ڕێکەوتی جەستەیەکی ئامادەبووی ، گونجاوی ، خاوی ، سستی ، کەم جوولەی ، زۆر مادە بوو ، ئەوجا ئەم جۆرە مرۆڤە بە زۆری دەفەوتیت و تووش دەبێت ٠

تەندروستیترین وەرزیش لەم بوارەدا وەرزی بەهارە ٠ (أبقراط)[٤٧] دەڵێت : زۆرترین نەخۆشیەکان و ، کوشندەترینیان ، لە وەرزی پایزدایە ، بەڵان وەرزی بەهار ، تەندروستیترین وەرزەکانەو لە هەمووشیان کەمتر مردنی تێدا ڕوو دەدات ، بۆیە لە وەرزەکانی بەهارو هاویندا دەرمانسازان و ، ئامادەکاری مردووان خۆیان ئامادەدەکەن و قەرزیش دەکەن بۆ کۆکردنەوەی دەرمانە پێویستەکان بۆ ئەوەی لە وەرزی پایزدا بەکاری بێنن ، لێرەدا وەرزی پایز وەکو بەهاری ئەمانە چونکە ئیش و کاریان زۆر دەبێت ، بۆیە بیری دەکەن و ، بە هاتنی دەڵخۆشیش دەبن ٠

وقد روى في حديث : ((إذا طَلَعَ النَّجْمُ ارْتَفَعَت العاهَةُ عن كلِّ بَلَدٍ))[٤٨]

واتە : لە فەرموودەیەکدا هاتووە : ((هەرکات ئەستێرەکە هەڵهات ئەوا دەردو نەخۆشی لە سەر هەموو وەڵاتێك بەرز دەبێتەوەو نامێنێت)) ، ئەستێرەی نێو ئەم فەرموودەیە بە کۆمەڵە

---

٤٧ ــ لە بەناوبانگترین پزیشکەکانی یونانەو ، ساڵی (٣٧٧)ی پێش زاین مردووە ٠

٤٨ ــ أسناده ضعيف : أخرجه أحمد (٢ / ٣٤١ ، ٣٨٨) من طريق وهيب قال : حدثنا عِسْل بن سفيان ، عن عطاء بن أبي رباح عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً ٠ فيه عسل بن سفيان وهو ضعيف ٠

ئەستێرەی (الثريا)[٤٩] لێکدراوەتەوە ، هەروەها بە دەچوونی ڕووەك لە وەرزی بەهاردا لێك دراوەتەوە ، لەم بارەشەوە خوای تعالى دەفەمێت : ﴿ وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ ﴾ [الرحمن : ٦] واتە : ئەستێرەو گژوگیاو درەخت (بۆ خوا) سوژدە دەبەن [٥٠] چونکە دەرچوونی تەواوی لە وەرزی بەهاردایەو ، ئەو وەرزەشە کە نەخۆشی و دەردو بەڵای تێدا نامێنێت.

بەڵام لە بارەی کۆمەڵە ئەستێرەی (الثريا)وە ، لە گەڵ هەڵهاتنی لە بەرەبەیاندو لە ئاوابوونیدا نەخۆشیەکان زۆر دەبن ·

(التَّمِيمِيُّ) لە کتێبی ((مادة البقاء))دا دەڵێت : خراپترین کاتەکانی ساڵ ، کە گەورەترین دەردو بەڵا بە سەر جەستەدا دێنێت دوو کاتە :

یەکەمیان : کاتێ کۆمەڵە ئەستێرەی (الثُريا) بەرەو ئاوابوون دەچێ لە کاتی دەرکەوتنی بەرەبەیاندا · دووەمیان : کاتی هەڵهاتنی لە ڕۆژهەڵاتەوە پێش دەرکەوتنی خۆر بە سەر جیهاندا ، لە شوێنگەیەك لە شوێنگەیەك مانگدا (منازل القمر)[٥١] ، کە بریتیە لە کاتی تێپەڕبوونی وەرزی بەهارو کۆتایی هاتنی ، بەڵام ئەو خراپی و نەخۆشیانەی لە کاتی هەڵهاتنیدا ڕوودەدن زیانی کەمترە لەو خراپی و نەخۆشیانەی لە کاتی ئاوابوونیدا ڕوودەدات.

---

٤٩ _ الثريا : کۆمەڵە ئەستێرەیەکی پرشنگدارە لە نێو گەردەنی ئەستێرەی گادا ، بۆیە واناونراون چونکە لە ڕووبەرێکی زۆر کەمدا ئەستێرەیەکی زۆر کۆبونەتەوە ، بڕوانە : عبدالله جبار ، فەرهەنگی شارا · وەرگێر ·

٥٠ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

٥١ _ شوێنگەی مانگ : مەوداو شوێن و ڕێڕەوی مانگە ، بریتیە لە ڕێڕەوی مانگ کە پێیاندا دەڕواو بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە ، هەرشەوە لە ڕێڕەوێکیاندایەو هەڵە ناکات و بەمو لە ڕێڕەوی خۆی لانادات ، مانگ بیست شوێنگەی هەیەو ، هەر شوێنگەیەکیش ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە وەکو : (السرطان ، البطين ، الثريا ، الدّبران ···) ، بڕوانە : مەلا محمودی کەلالەیی ، قاموسی ڕستە · وەرگێڕ ·

(أبومحمد)ى كوڕى (قتيبة) دەڵێت : گووتراوە : هەر كاتێك كۆمەڵە ئەستێرەى (الثريا) هەڵهاتوەو ئاوابووە مەگەر (إلا) دەردو نەخۆشيەك لە نێو خەڵكى و ووشتردا بڵاوبۆتەوە ، بەڵام لە كاتى ئاوابوونيدا نەخۆشى و دەردەكان زياترو توندتر دەبنەوە بە بەراوردى هەڵهاتنى

سەبارەت بە فەرموودەكە گوفتارێكى سێ يەم هەيەو _ پێدەچێ شايستەترين گوفتارەكانيش بێت _ : كەوا مەبەست بە ووشەى (النجم) ئەستێرەى (الثريا) بێت بەڵام مەبەست بە ووشەى (العاهة) ئەو دەردو بەڵاو نەخۆشيانە بێت كە تووشى ڕووەك و كشتوكاڵ و بەروبوومەكان دەبێت لە وەرزى زستان و سەرەتاى وەرزى بەهاردا ، بۆيە مرۆڤ لە كاتى هەڵهاتنى ئەستێرەى (الثريا)دا بێوەى دەبێ ، بەتايبەت لە كاتە ئاماژەپێكراوەكاندا ، بەو هۆيەوە پێغەمبەرى خوا ﷺ قەدەغەى فرۆشتن و كڕينى بەروبوومى كردووە پێش دەركەوتنى چاكيەتيەكەى · مەستيش : دووانە سەبارەت بە ڕێبازى پێغەمبەرى خوا ﷺلە كاتى ڕوودان و بڵاوبوونەوەى تاعوندا ·

بەشێك : پێغەمبەرى خوا ﷺ قەدەغەى چوونە نێو ئەو زەويانەى كردووە كە تاعونى تێدا بڵاوبۆتەوە يا دەرچوون لەو زەويانەى كە تاعونى تێدا بڵاوبۆتەوە :

پێغەمبەرى خوا ﷺئومەتەكەى خۆى قەدەغە دەكات بچنە نێو ئەو كۆمەڵگايانەوە كە تاعونيان تێدا بڵاوبۆتەوە يا لە كۆمەڵگايەك بچنە دەرەوە پاش بڵاوبونەوەى تاعون تيايانداد ، بۆ ئەوەى بە تەواوى خۆيان لەو نەخۆشيە بپارێزن ، چونكە چونە نێو ئەو كۆمەڵگايانەوە كە تاعونيان تێدا بڵاوبۆتەوە ماناى خۆ تووشكردنە بەو دەردو بەڵايەو ، خۆ خستنە نێو شوێنێكيشەوەيە كە جێگەى فەرمانڕەواى نەخۆشيەكەيەو ، يارمەتيدانى نەفسيشە بۆ تووشبوون بەو نەخۆشيە ، ئەمەش پێچەوانەى شەرع و ئەقڵ و ژيريە ، بەڵكو خۆ

دوورخستنەوە لەو شوێنانەی نەخۆشیەکەی تێدا بڵاوبۆتەوە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگارە کە فەرمانی بە خۆپارێزی کردووە لە هەندێ شوێن و ، هەوای زیانبەخش ٠

مانای قەدەغەکردنی دەرچوون لەو وەڵاتە :

بەڵام کە قەدەغەی چوونە دەرەوە دەکات لەو شوێنەی نەخۆشیەکەی تیایدا بڵاوبۆتەوە ، دوو مانای تێدایە :

یەکەمیان : هاندانی نەفسە بۆ باوەڕبوونی تەواو بە خوای تعالى ، پشت پێ بستنیی ، ئارامگرتن لە سەر قەدەرو حوکم و چارەنووسی و ، پێ ڕازیبوونی ٠

دووەم : ئەوەیە کە پێشەوایانی پزیشکێتی گوتوویانە : بەوەی پێویستە هەموو کەسێکی خۆپارێز لە پەتا ، هەوڵی دەرهێنانی بۆخ و شێدارە (الرطوبات) زیادەکانی لەشی بدات و ، خۆراك کەم بکاتەوەو ، حەزی بە چارەسازی توند (التدبير المجفّف) بێت لە هەموو ڕوویەکەوە ، بەدەر لە وەرزش و خۆشتن ، کە پێویستە مرۆڤ وریایان بیت ، چونکە بە زۆری جەستە بەتاڵ نابێت لە زیادە مادەیەکی خراپ کە تیایدا دەمێنێتەوەو ، پاشان وەرزش و خۆشتن دەیانوروژێنێت و ، لە گەڵ کیمۆسی [٥٢] باشدا تێکەڵیان دەکات و ، بەوەش مرۆڤ تۆشی نەخۆشیەکی گەورە دەبێت ، بۆیە لە کاتی بڵاوبونەوەی تاعوندا پێویستە مرۆڤ سرەوتن و لە سەرخۆیی خۆی زیاد بکات و ، ئارامپێدانێکی تەواو بدات بە هەڵچونی تێکەڵاوەکانی لەشی ، لە لایەکی تریشەوە چوونە دەرەوە لەو شوێنەی پەتاکەی تێدا بڵاوبۆتەوەو سەفەرکردن پێویستی بە جوڵانەوەیەکی بەهێزەو ، ئەمەش زیانێکی گەورە بە جەستە دەگەیەنێت ، ئەمە گوفتاری چاکترین پزیشکانی پاشینانە ، بەمەش مانای پزیشکێتی

---

٥٢ ــ کیمۆس : مادەیەکی شیری یەو لە خواردنەوە پەیدا دەبێ ، ئامادەیە بۆ هەڵمژین و ، ڕیخۆڵەکان لە کاتی تێپەڕینیدا هەڵی دەمژن ٠ بڕوانە : ڕزگار کریم ، فەرهەنگی دەریا ، وەرگێڕ ٠

تەواو لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاشکەرا دەبێت و ، ئەو چارەسەرەی تێیدایە بۆ دڵ و جەستەو چاکبوونیان ٠

ئەگەر گوترا : فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ: ((لا تخرجوا فِراراً مِنهُ)) واتە : ((لێی دەرمەچن وەکو هەڵاتنێك لە نەخۆشیەکە)) ، گوفتارەکانی ئێوە پووچ دەکاتەوە کە گوایە مەبەست بە فەرموودەکە ئەوە بێت کە لە سەروە ئاماژەتان پێدا ، چونکە فەرموودەکە قەدەغەی چوونە دەروە ناکات لە بەر ڕووداوێکی ناکاو ، هەروەها کەسی موسافیر قەدەغە ناکات لە سەفەرەکەی؟

بەو کەسە دەگوترێت : هیچ کەسێك نەیگووتوە _ پزیشك بێت یا کەسیکی تر _ خەلکی واز لە جوڵانەوە بێنن لە کاتی بڵاوبونەوەی تاعونداو ، خۆیان بکەن بە شتیکی بێ روح و گیان ، بەڵکو پێویستە بە پێی توانا جوڵانەوەی خۆی کەم بکاتەوە ، چونکە کەسی هەڵاتوو تەنها مەبەستی هەڵاتنە ، کەچی ئەگەر سرەوتن و لە سەرخۆیی بەکاربێنێت و هەڵنەیەت سوودێکی زۆری بۆ دڵ و جەستەی دەبێت و ، پشتبەستنێکی تەواویشی بۆ دەستەبەر دەبێت و ، بە تەواوی ملکەچی قەدەرو چارنووسی خوای تعالاش دەبێت ٠ بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی ناتوانن واز لە جوڵانەوە بێنن وەکو پیشەکاران و ، کرێکاران و ، مسافیران و ، دروستکاری جل و ، کەسانی دیکە ، پێیان ناگوترێت بە تەواوی واز لە جوڵانەوەکانتان بێنن ، ئەگەرچی فەرمانیان پێ دەکرێت واز لە جوڵانەوە ناپێویستەکان بێنن ، وەکو جوڵانەوەی موسافیر بۆ هەڵهاتن ٠ خوای تعالاش زاناترە ٠

کاتێ قەدەغەی چوونە نێو ئەو شوێنانە کراوە کە نەخۆشیەکەی تێدا بڵاوبۆتەوە ، ئەمە چەند دانایی و حیکمەتێکی تێدایە :

یەکەم : خۆ دوورخستنەوە لە هۆی زیانبەخش ٠

دووەم : وەرگرتن و دەستگرتن بە تەندروستیەوە کە هۆکاری بژێوی و ژیان و گەڕانەوەیە.

سێ یەم : بۆ هەڵنەمژینی ئەو هەوایەی کە بۆگەن و خراپبووە ئەگینا نەخۆش دەکەون ·
چوارەم : بۆ خۆ نزیك نەکردنەوە لەو کەسانی بەو نەخۆشیە نەخۆش کەوتوون ، ئەگینا ڕەگەزی نەخۆشیەکانی ئەوانیان تووش دەبێت ·

وفي سنن أبي داود مرفوعاً : ((إنَّ مِن القرفِ التلفَ))[٥٣]

واتە : ((خۆ نزیککردنەوە هۆکاری تووشبوونە بە زیان)) ، (ابن قتيبة) دەڵێت : ووشەی (القرفُ) واتە نزیکبوونەوە لە پەتاو ، نزیکبوونەوە لە نەخۆش ·

پێنجەم : پاراستنی نەفس لەوەی بە نیشانەی شوم و بەدی دادەنرێت و ، خۆپاراستن لە تەنینەوەو بڵاوبونەوەی نەخۆشی ، چونکە شوم و بەدی بۆ کەسێکە شتکە بە شوم و بەد دابنێت ·

بە گشتی کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی چوونە نێو ئەو شوێنە دەکات واتە فەرمان بە ووریایی و خۆپاراستن دەکات و ، قەدەغەی خۆ تووشبوون دەکات بە هۆکارەکانی زیان پێگەشتن· کاتێکیش قەدەغەی هەڵهاتن دەکات واتە فەرمان بە پشتبەستن و ، ملکەچبوون و ، کاروباری خۆ سپاردن دەکات بە خوای تعالی ، بۆیە باری یەکەم : ئەدەبدان و فێرکردنە ، باری دووەمیش : ملکەچبوون و کاروباری خۆ سپاردنە بە خوای تعالی ·

وفي الصّحيح : أنّ عمر بن الخطّاب _ رضي الله عنه _ خرج إلى الشّام ، حتّى إذا كان بسرغ لقيه أبو عبيدة بن الجرّاح _ رضي الله عنه _ وأصحابه ، فأخبروه أنّ الوباء قد وقع بالشّام ، فاختلفوا ، فقال لابن عبّاس رضي الله عنهما : ادع لي المهاجرين الأوّلين ، قال : فدعوتهم ، فاستشارهم وأخبرهم أنّ الوباء قد وقع بالشّام ، فاختلفوا ، فقال له بعضهم : خرجت لأمر ، فلا نرى أن ترجع عنه ، وقال آخرون : معك بقيّة النّاس وأصحاب رسول الله ﷺ

---

٥٣ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٩٢٣) ، وأحمد (٣ / ٤٥١) وضعفه الألباني في الضعيفة (١٧٢٠)·

فلا نرى أن تقدّمهم على هذا الوباء ، فقال عمر : ارتفعوا عنّي ، ثمّ قال : ادع لي الأنصار ، فدعوتهم له فاستشارهم ، فسلكوا سبيل المهاجرين ، واختلفوا كاختلافهم ، فقال : ارتفعوا عنّي ، ثمّ قال : ادع لي من هاهنا من مشيخة قريش من مهاجرة الفتح ، فدعوتهم له ، فلم يختلف عليه منهم رجلان ، قالوا : نرى أن ترجع بالنّاس ولا تقدّمهم على هذا الوباء ، فأذّن عمر في النّاس : إنّي مصبح على ظهر ، فأصبحوا عليه ، فقال أبو عبيدة بن الجرّاح : يا أمير المؤمنين أفراراً من قدر اللّه ؟ قال : لو غيرك قالها يا أبا عبيدة ، نعم نفرّ من قدر اللّه تعالى إلى قدر اللّه تعالى ، أرأيت لو كان لك إبل فهبطت وادياً له عدوتان ، إحداها خصبة ، والأخرى جدبة ألست إن رعيتها الخصبة رعيتها بقدر اللّه تعالى ، وإن رعيتها الجدبة رعيتها بقدر اللّه تعالى ؟ قال : فجاء عبد الرّحمن بن عوف وكان متغيّباً في بعض حاجاته ، فقال : إنّ عندي في هذا علماً ، سمعت رسول اللّه ﷺ يقول : ((إذا كان بأرض وأنتم بها فلا تخرجوا فراراً منه ، وإذا سمعتم به بأرض فلا تقدموا عليه))[٥٤] .

واته : له فەرموودەیەكی (صحیح)دا هاتووه كەوا (عمر)ی كوڕی (خطاب) چوو بۆ وەڵاتی شام ، كه گەشته (سرغ) سەركردەكانی جەنگ (أبوعبیدة)ی كوڕی (الجراح)و هاوەڵانی پێكەشت و ، هەواڵیان دایه كه تاعون له وەڵاتی شام بڵاوبۆتەوه ، ئەوەبوو جیاوازیان تێكەوت و ، ئیمامی (عمر) به (ابن عباس)ی فەرموو : كۆچبەرانی پێشینم بۆ بانگ بكه ، فەرمووی : بانگم كردن و ، ئەویش ڕاوێژی پێكردن و پێی ڕاگەیاندن كه پەتای تاعون له وەڵاتی شام بڵاوبۆتەوه · ئەوانیش جیاوازیان تێكەوت و ، هەندێكیان پێیان فەرموو : تۆ به نیازی كارێك دەرچوێت و وامان پێ باشه لێی پەشیمان نەبیتەوه ، كەسانێكی دیكەش فەرموویان ، ئەوەی ماوه له خەڵك و هاوەڵانی پێغەمبەری خوات ﷺ له گەڵدایه بۆیه پێمان باش نی یه بیانخەیته نێو ئەم پەتایەوه ، ئەوەبوو ئیمامی (عمر) فەرمووی : هەستن لام ، پاشان فەرمووی : پشتیوانانم بۆ بانگ بكه ، منیش بانگم كردن ، ئەوەبوو ڕاویژی پێكردن و

٥٤ ـ صحيح : البخاري (٧ / ١٦٩) ، (٣٤١٩) ، ومسلم (٧ / ٣٠) .

ئەولنیش هەمان ڕێگەی کۆچبەرانیان گرتوو وەکو ئەوان جیاوازبوون ، بۆیە ئیمامی (عمر) پێی فەرموون : هەستن لام ، پاشان فەرمووی : هەرکەس لێرەیە لە گەورەپیاوانی قورەیش ئەوانەی ساڵی ڕزگارکردنی مەککە کۆچیان کردووە هەموویانم بۆ بانگ بکە ، منیش بانگم کردن ، دوو کەسیان نەبوو جیاوازیان لە نێواندا بێت ، بەڵکو هەموویان گوتیان : ئێمە وامان پێ باشە ئەم خەڵکە بگەڕێنیتەوەو نەیانخەیتە نێو ئەم پەتایەوە ، بۆیە ئیمامی (عمر) بانگەوازی بە نێو خەڵکیدا کرد : من سبەینێ لە سەر زینم ، ئەوەبوو بەیانی هەموویان سواربوون ، (أبوعبیدة)ی کوڕی (الجراح) فەرمووی : ئایا لە قەدەرو چارەنووسی خوا هەڵدێین ئەی میری موسڵمانان ؟ ئیمامی (عمر)یش فەرمووی : ئەگەر کەسێکی تر ئەمەی بگوتایە ئەی (أباعبیدة) ، بەڵێ ئێمە لە قەدەرو چارەنووسی خوا هەڵدێین بۆ قەدەرو چارەنوسی خوا ، ئایا ئەگەر تۆ کۆمەڵێك ووشترت هەبێ و لە شیوێکدا دابەزیت کە دوو بەری هەبێت ، بەرێکیان سەوزەڵان و بە پیت و ، بەرەکەی تریشیان دێم و بێ لەوەڕ بێت ، ئەگەر ووشترەکانت لە هەر بەرێکیاندا بلەوەڕێنی بە چارەنووسی خوا نی یە ؟

(ابن عباس) دەفەرمیت : لەو کاتەدا (عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف) هات کە پێشتر لەوێ نەبوو ، چووبوو بۆ هەندێ پێویستی خۆی ، فەرمووی : من لەم بارەوە زانیاریم پێ یە ، گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم ﷺ دەیفەرموو : ((ئەگەر بیستان تاعون پەیدابووە لە خاکێکدا مەچن بۆ ئەوێ ، ئەگەر لە خاکێکیشدا بڵاوبۆوە ئێوەی تێدا بوو لێی ڕامەکەن)).

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نەخۆشی ئاوبەنگ(داءِ الإستسقاءِ)و چارەسەرکردنیدا :

في الصحيحين : من حديث أنس بن مالك ، قال : قدمَ رَهطٌ من عُرَيْنَةَ وَعُكَل على النَّبيِّ ﷺ فاجْتَوَوا المدينة ، فشكوا ذلك إلى النبيِّ ﷺ، فقالَ : ((لو خرجتُم إلى إبل الصدقة فشربتم من أبوالها وألبانها)) ، ففعلوا ، فلما صحُّوا ، عمدوا إلى الرُّعاةِ فقتلوهم ، واستاقُوا الإبل ، وحاربوا

الله ورسوله ، فبعث رسولُ الله ﷺ في آثارهم ، فأُخِذُوا ، فقطعَ أيديَهُم ، وأرجُلهُم ، وسَمَلَ أعيُنَهُم ، وألقاهم في الشمسِ حتى ماتوا[٥٥].

واته : (أنس)ى كوڕى (مالك) _ خواى لىٚ ڕازى بيٚت _ دەفەرميٚت : چەند كەسيٚك لە هۆزەكانى (عُرَيْنَةَ) و (عُكَل) هاتنە خزمەتى پيٚغەمبەرى خوا ﷺ پاشان مانەوەيان لە شارى مەدينە بە لاوە ناخۆش بوو چونكە تووشى نەخۆشى گەدەترشان بوون ، ئەوەبوو سكالاّيان بردە خزمەتى پيٚغەمبەرى خوا ﷺ، ئەويش پيٚى فەرموون : ((ئەگەر بچونايەتە دەرەوە بۆ لاى ووشترەكانى بەخشين لە شيرەمەنيەكانيتان بخوارديايەتەوە)) ، ئەوانيش ئەو كارەيان بە ئەنجام گەياند ، كە تەندروستيان چاك بۆوە ، چوون بۆ لاى شوانەكان و كوشتنيان و ، ووشترەكانيشيان دايەبەرو بردنيان ، ئەوەبوو پيٚغەمبەرى خوا ﷺ ناردى بە شويٚنياندا ، بۆيە بران و ، دەست و ، قاچيانى بڕى و ، چاويانى دەرهيٚنا و ، فڕيٚى دانە بەر هەتاوەكە تاوەكو مردن ٠

بەلگەش لە سەر ئەوەى نەخۆشيەكەيان ئاوبەنگ بوو ، ئەوەيە كە ئيمامى (مسلم) لە (صحيح)ەكەيدا دەيگيٚڕيٚتەوە كەوا ئەو كەسانە گووتيان : حەزمان بە مەدينە نەماوە ، چونكە سكمان گەورە بووەو ، ئەندامەكانمان سست و خاو بووە (أرتهشت أعضاؤنا) و پاشان تەواوى فەرموودەكە باس دەكات ٠

<u>الجَوَى</u> : نەخۆشيەكە لە نەخۆشيەكانى سك ، ئاوبەنگيش : نەخۆشيەكى ماديە هۆكارەكەشى مادەيەكى نامۆيە دەچيٚتە نيٚو ئەندامەكانى لەشەوەو بەرزى دەكاتەوە _ يا هەموو ئەو ئەندامانەى بەدەرەوەن و ديارن ، يا جيٚگە بۆش و بەتالەكانى ئەو

---

٥٥ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ١٦١ ، ١٨٦ ، ١٩٨) والبخاري (١ / ٦٧) ، (٤ / ٧٥) ، (٥ / ١٦٥) ، (٦ / ٦٥) ، (٨ / ٢٠١ ، ٢٠٢) ، (٩ / ١١) ، ومسلم (٥ / ١٠٢ ، ١٠٣) ، وأبوداود (٤٣٦٤) ، (٤٣٦٥) ، والنسائي (٧ / ٩٣ ، ٩٤ ، ٩٥) كلهم من طريق أبي كلابة عن أنس مرفوعاً فذكره ٠

شوێنانەی کە چارەسازی خۆراك و تێکەڵاوەکانی تێدا دەکرێت _ ، سێ جۆریشی هەیە : گۆشتی و ، (زقيٌ)و ، تەپڵی[٥٦] ٠

لەبەر ئەوەی ئەو دەرمانانەی کە پێویستن بۆ چارەسەریی ئەم نەخۆشیە بریتین لەوانەی کە کردنەوەیەکی مامناوەندو ، بەردانێك بە پێی پێویست دەستەبەر بکات ، ئەم شتانەش لە شیرەمەنیەکانی ووشتردا هەن بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی خواردنەوەی شیری ووشترەکانی پێکردن ، چونکە شیری ووشتر لابەرو و ڕەوان و نەرمکارە ، بەردارو سووکارو هێمن کارە ، هۆیە بۆ کرانەوەی کونیلە داخراوەکان ، چونکە زۆربەی لەوەڕینی ووشتر لە سەر تاڵیشك (الشيح)و ، (القيصوم)و[٥٧] ، بابوونە (البابونج)[٥٨](الأقحوان)و[٥٩] (الإذخرِ)و[٦٠] چەندین ڕووەکی دیکە کە وەکو دەرمانێکی بەسوود بەکار دێت ٠

---

٥٦ _ گۆشتی : هۆکاری دروستبونی مادەیەکی ئاوی بەڵغەمیەو ، لە گەڵ خوێندا بە نێو ئەندامەکانی لەشدا بڵاو دەبێتەوە ، بە جۆرێك لە ئەندامەکانی لەشدا ئاوسانێکی نەرم دروست دەکات ، هەروەها ئەندامەکانی زاوزێی پیاو ئافرەت دەئاوسێنێت و ، دەم و چاو لەش بە گشتی خاو دەبێتەوە ٠

(زقيٌ) : هۆکارەکەی مادەیەکی ئاویە دەپاڵێورێتە نێو بۆشای سکی خوارەوەو ئەندامەکانی تریش کە لە دوایەوە دێن ، لێرەدا سك دەئاوسێت و ناوك کێم و زوخاو دەکات و ، ئەگەر سك بجوڵێنیتەوە شلەقە شڵقەکەی دەبیستیت ٠

تەپڵی : هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مادەیەك با دروست دەکات و لە گەڵیدا سك دەئاوسێت و ئەگەر لە لێی بدەی وەکو تەپڵ دەنگی دێت ، بۆ دڵنیابوون لە هەموو ئەوانە بگەڕێرەوە بۆ ، مفاتيح العلوم ، الخوارزمي ل٣١ ٠ وەرگێڕ ٠

٥٧ _ القيصوم : جۆرە ڕووەکێکە لە دەشتەکانی دوورەگەی عەرەب دەڕوێ و وەکو دەرمان بەکاردەبرێ ٠ بڕوانە : ڕزگار کریم ، فەرهەنگی دەریا ، وەرگێڕ ٠

٥٨ _ البابونج : گوڵێکی سپی یە لە بیابانی عەرەبیشدا دەڕوێ ، مەلا محمودی گەڵاڵەیی ، قامووسی ڕستە ، وەرگێڕ ٠

٥٩ _ الأقحوان : ناوە بۆ چەند جۆرە ڕوەکێك لە پێڕی (أنتاميس) و (کريزينتوم) ، بڕوانە : مەلا محمودی گەڵاڵەیی ، قامووسی ڕستە ، وەرگێڕ ٠

ئەم نەخۆشیەش لە کاتی بوونی نەخۆشیەك لە جگەردا دەردەکەوێت بە تایبەت ، یا بە هاوبەشی نەخۆشی دیکەی لەش ، ئەمەش بە هۆی ئەو کونیلە داخراوانەوەیە (السُدد) کە لە جگەردا دەبێت ، شیری ووشتری عەرەبیش بە سوودە بۆ کردنەوەی ئەو داخراوانە ، چونکە بۆ خۆی مادەیەکی کردنەوەیەو ، هەروەها سوودو کەڵکێکی زۆریشی هەیە ٠

(الرازي) دەفەرمێت : شیری ووشتری عەرەبی ئێش و ئازاری جگەرو ، خراپبوونی باری میزاج چارەسەر دەکات ، هەروەها (الإسرائیلي) دەڵێت : شیری ووشتری عەرەبی ناسکترین شیرەو ، لە هەمووشیان ئاودارترو تیژترەو ، کەمترین خۆراکیشی تێدایە ٠ بۆیە بۆتە بەهێزترین شیرەکان بۆ نەرمکردنەوەی زێدە مادەکان و ، ڕەوانکردنی سك و ، کردنەوەی کونیلە داخراوەکان (السُدد) ، ئەو شتەش کە ئەوانەی سەروە دەسلمێنن هێندە کەمە سوێریەکەیەتی کە دەگەڕێتەوە بۆ زیدە گەرمی ئاژەڵەکە بە سروشت ، بۆیە بۆتە تایبەترین شیرەکان بۆ نەرم و ناسکی جگەرو ، کردنەوەی کونیلە داخراوەکانی و ، شیکردنەوەی ڕەقێتی سپڵ ئەگەر نوێ بوو ، بەسوودیشە بۆ نەخۆشی ئاوبەنگ بە تایبەت ، ئەگەر بەکارهێنرا لە گەڵ ئەو گەرمیەدا کە لە گوان دێتەدەر ، لە گەڵ میزی بچکە ووشتری لە شیر بڕاوەدا ، کە گەرمە کاتی هاتنەدەری لە ئاژەڵەکە ، بەوەش سوێرێتی شیرکە زیاتر دەبێت و ، توانای لەت لەتکردنی زێدە مادەو ، ڕەوان کردنی سکی زیاتر دەبێ ، بەڵام ئەگەر نەتوانرا دابەزێنرێت و سك ڕەوان بکرێت ، ئەوجا پێویستە بە دەرمانێکی ڕەوانکەر دابەزێنرێت ٠

دانەری کتێبی (القانون)[٦١] دەڵێت : ئاوڕ نادرێتەوە لە گوفتاری ئەو کەسانەی دەڵێن : سروشتی شیر دژبە چارەسەری نەخۆشی ئاوبەنگە ٠ دەڵێت : بزانە کە شیری ووشتر دەرمانێکی بە سوودە ، چونکە لە سەرخۆ مادە زیانبەخشەکان دەکاتە دەرەوەو ، چەندین

---

٦٠ ــ الإذخر : جۆرە ڕووەکێکی گوڵ سپی یەو لە بیابانی عەرەب دەڕوێ ، بڕوانە : مەلا محمودی کەڵاڵەیی ، قاموسی ڕستە ٠ وەرگێڕ ٠

٦١ ــ دانەرەکەی (ابن سینا)یە ، کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە ٠

تايبەتمەندی تریشی تێدایەو ، زۆریش بە سوودە ، بۆیە ئەگەر مرۆڤێك لە جیاتی ئاو خۆراك تەنها شیری ووشتر بخوات بە ئیزنی خوای تعالی چاك دەبێتەوە ، چونكە ئەمە لە سەر كۆمەڵێك تاقیكراوەتەوە ، نێردران بۆ وەڵاتی عەرەب و ، ناچاری پاڵی پێوەنان بۆ خواردنەوەی شیری ووشترو ، چاكبوونەوە · بەسوودترین میزیش : میزی ووشتری دەشتەكیە ، كە ووشتری ڕەسەنە · تەواوبو ·

چیرۆكی نێو فەرموودەكە : بەڵگەی خۆ چارەسەركردن و پزیشكێتی نەفسە ، هەروەها بەڵگەشە بۆ پاكێتی میزی ئاژڵێكی گۆشت خوراو ، چونكە لە بنچینەدا چارەسەركردن بە حەرامكراوەكان شیاو نی یە ، لێرەدا دەبینین ئەگەچی تازە موسڵمان بوبون بەڵام فەرمانیان پێنەكرا بە شتنی دەمیان ، یا ئەوەی پیس بوبو لە جل و بەرگەكانیان بەو میزانە بۆ نوێژكردن ، چونكە دواخستنی ڕوونكردنەوە لە كاتی پێویستدا شیاو نی یە·

هەروەها ئەو چیرۆكە بەڵگەیە بۆ كوشتنی تاوانباری بكوژ بە هاوشێوەی ڕەفتارەكەی خۆی ، چونكە ئەو كەسانە شوانەكەیان كوشت و ، چاویشیان دەرهێنا ، وەكو ئەوەی لە (صحیح)ی ئیمامی (مسلم)دا جێگیربووە ·

هەروەها بەڵگەشە بۆ كوشتنی كۆمەڵێك و ، بڕینی دەست و قاچیان ئەگەر هەموویان كۆبوبونەوە لە سەر كوشتنی تەنها كەسێك ·

هەروەها بەڵگەیە لە سەر ئەوەی كە ئەگەر لە سەر تاوانباری بكوژ (الحدّ)[٦٢] (القصاص)[٦٣] لە یەك كاتدا كۆبۆوە ئەوا هەردوو مافەكەی لێوەردەگیرێتەوە ، چونكە

---

٦٢ ـ الحد : ئەو سزایانەیە كە لە شەرعدا دانراون بۆ ئەو كەسانەی تاونێك ئەنجام دەدەن وەكو بەرهەڵستیەك بۆ ئەوەی دووبارەی نەكەنەوەو نەیكەن ، بڕوانە : التعاريف المهمة لطلاب الهمة · وەرگێڕ ·

٦٣ ـ القصاص : واتە دابەزینی سزا بە سەر كەسی تاوانكاردا بە چەشنی سزاو تاوانەكەی خۆی ، چاو بە چاو نەفس بە نەفس ، بڕوانە : التعاريف المهمة لطلاب الهمة · وەرگێڕ ·

پێغەمبەری خوا ﷺ دەست و قاچی بڕین وەکو جێبەجێکردنی سنووردانانێك بۆ ئەو کەسانەی لە گەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا دەجەنگن و بە تاوانی دەست و قاچ بڕینی شوانەکە هەستان و ، کوشتنیشی وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك بەرامبەر بە هەستنیان بە کوشتنی شوانەکە ٠

هەروەها بەڵگەشە کە ئەگەر کەسی جەنگاوەر لە گەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا ماڵ و سامانی بردو ، بە تاوانی کوشتنیش هەستا ، ئەوا دەست و قاچی لە یەك کاتدا دەبڕدرێت و ، دەشکوژرێت ٠

هەروەها بەڵگەشە کە ئەگەر تاوانەکان زۆرو جۆراوجۆر بوون ، سزاکانیش سەختتر دەبێتەوە ، چونکە ئەمانە پاش موسڵمان بوونیان پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام ، خەڵکیان کوشت ، سوکایەتیان بە کوژراوەکە کرد ، ماڵ و سامانیان برد ، هەستان بە ئاشکەراکردنی جەنگان لە خواو پێغەمبەرەکەیدا ، بۆیە سزای ئەمانە زۆر سەخت بوو ٠

هەروەها بەڵگەشە کە حوکمی هەموو جەنگاوەران لە گەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا وەکو حوکمی ئەو کەسەیانە کە بە ڕاسەوخۆ کارەکەی ئەنجام داوە ، چونکە زانراوە کە هەموویان بە خودی خۆیان بە ڕاسەوخۆ کارەکەیان ئەنجام نەدابوو ، کەچی پێغەمبەری خوا _ صلى الله عليه وسلم _ سەبارەت بەوە لێی نەپرسینەوەو هەمووی کوشتن ٠

هەروەها بەڵگەشە کە کوشتنی خەڵەتاندن (قتل الغيلة) پێویست دەکات کەسی تاوانکاری بکوژ بکوژرێتەوە وەکو (الحد) ، لێخۆشبوونیش لایناباتت ، پێدان و بەخشینی پارەش لێرەدا هیچ بایەخێکی پێ نادرێت ، ئەمە ڕێباوەڕی خەڵکی مەدینەیەو ، ڕوویەکە لە ڕێباوەڕی ئیمامی (أحمد)و هەڵبژاردنی (شيخ الإسلام ابن تيمية)شەو ، فەتوای لە سەر داوە ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ
لە چارەسەری برین و خوێن بەربونی لووتدا :

في الصحيحين : ﴿ عن أبي حازم أنه سمع سهل بن سعد يُسألُ عما دُوويَ به جُرحُ رسول الله ﷺيوم أحدٍ فقال : جُرِحَ وجهُه وكُسرت رَباعيتهُ وهُشِمت البَيضةُ على رأسه وكانت فاطمة بنت رسول الله ﷺ تغسلُ الدمَ وكان عليٌّ بن أبي طالب يسكُب عليها بالمِجَنّ فلما رأت فاطمة الدمَ لا يزيد إلا كَثرةً أخذت قطعةَ حصيرٍ فأحرقتها حتى إذا صارت رماداً ألصقتهُ بالجُرحِ فاستمسك الدمُ ﴾ برمادِ الحصيرِ المعمول من البَرْديَ ٠

واتە : لە (أبي حازم)ەوە ، کە گوێبیستی (سَهْل)ی کوڕی (سعد) بوو لێیان دەپرسی سەبارەت بەوەی بە چ شتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی (أُحد)دا تیمارکرا ٠ فەرمووی : ڕووی پیرۆزی بریندار بوو ، چوار ددانەکانی ناوەڕاستی نێوان بڕندەو کەلپەی شکان ، کڵاو ئاسنەکە بە سەریەوە شکێندرا ، ئەوەبوو (فاطمة)ی کچی (محمد) خوێنەکەی دەشت و ، (علي) کوڕی (أبي طالب) بە قەڵغانەکەی ئاوی بە سەردا دەرژاند ، کاتێ (فاطمة) تەماشای خوێنەکەی کرد بەردەوام زیاد دەکات ، پارچەیەك حەسیری بردو ، سوتاندی تا بوبە خۆڵەمێش پاشان لکاندی بە برینەکەوەو ئەوەبوو خوێنەکە وەستایەوە ، بە خۆڵەمێشی ئەو حەسیرەی لە زەل دروستکرابوو ٠

چونکە کاریگەریەکی بەهێزی هەیە بۆ خوێن وەستاندن ، توانای ووشکردنێکی بە هێزی تێدایە ، سوتان و چووزانەوەیەکی کەمی تێدایە ، بەڵام دەرمانە بەهێزەکانی ووشکردن ئەگەر برینەکە بستوتێنێتەوەو بچوزێنێتەوە ، ئەوا خوێنەکە دەوروژێنێت و دوبارە دەریدەهێنێتە دەرەوە ، هەروەها ئەگەر ئەم خۆڵەمێشە بەتەنها ، یا بە تێکەڵاوکردنی سرکە بکرێتە نێو لووتی ئەو کەسەوە کە خوێنی بەربووە خوێنەکەی دەوەستێنێت ٠

دانەری کتێبی (القانون) دەڵێت : ڕووەکی زەل (البردي) بە سوودە بۆ خوێن بەربوون ، قەدەغەی هاتنە دەرەوەی دەکات ، خۆڵەمێشەکەی بە سەر برینی نەرم و تەڕدا بڵاودەکرێتەوەو ، سارێژی دەکاتەوە ، کاغەزی میسری کۆن لە زەل دروست دەکرا ، میزاجێکی ساردی ووشکی هەیە ، خۆڵەمێشەکەی بە سوودە بۆ دەم کولی (أكلَةِ الفمِ) ، هاتنە دەروەی خوێن دەوەستێنێت ، قەدەغەی زیاتر بڵاوبونەوەی برینە پیسەکان دەکات ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بواری چارەسەرکردندا بە خواردنەوەی هەنگوێن و هەروەها بە کەڵەشاخ و داخکردن :

في صحيح البخاري :عن سعيد بن جُبيرٍ ، عن ابن عباس ، عن النبيِّ ﷺ قال : ((الشِّفاءُ في ثلاثٍ : شربةِ عسلٍ ، وشَرْطةِ مِحْجَمٍ ، وكَيَّةِ نارٍ ، وأنا أنهى أمَّتي عن الكَيِّ))(٦٤)

واتە : لە (سعيد)ی کوڕی (جُبير)ەوە ، لە (ابن عباس)ەوە ، لە پێغەمبەری خواوەﷺ فەرموویەتی : ((چارەسەر لە سێ شتدایە ، خواردنەوەی هەنگوێن ، کەڵەشاخ گرتن ، داخکردن بە ئاگر ، بەڵام من قەدەغەی ئومەتەکەی خۆم دەکەم داخکردن بەکاربێنن)) ٠

(أبو عبدالله المازَرِي) دەڵێت : (الأمراض الأمتلائية) واتە ئەو نەخۆشیانەی کە هۆکاری دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جێگەیەکی جەستە بە مادەیەك پڕبووە: یا خوێنین ، یا زرداوین ، یا بەڵغەمین ، یا ڕەشکاوین ، بەڵام خوێنیەکە : چارەسەری بە دەرهێنانی خوێنەکە دەکرێت ، وە ئەگەر لەو سێ بەشەکەی تریش بوون : چارەسەری بە ڕەوانبوونێکە (الإسهال) کە لە گەڵ هەر تێکەڵەیەکیاندا بێت بگونجێت ٠ لێرەدا وەکو ئەوە وایە کە

---

٦٤ ــ صحيح : أخرجه أحمد (١١ / ٢٤٥) ، والبخاري (٧ / ١٥٨ ، ١٥٩) ، وابن ماجة (٣٤٩١) كلهم من طريق مروان بن شجاع عن سالم الأفطس ، عن سعيد بن جبير عن ابن عباس فذكره مرفوعاً ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ ووشیاری پێ دابێتین ، سەبارەت بە بەكارهێنانی هەنگوین بۆ ڕەوانبوون و، بەكارهێنانی كەڵەشاخ بۆ خوێن بەردان ، هەندێ خەڵك دەڵێن : خوێن بەردان دەچێتە چوارچێوەی فەرمایشتەكانیەوە كە دەفەرمێت : ((وشَرْطةِ مِحْجَم)) واتە ((ڕووشاندنێك بۆ كەڵەشاخ گـرتن)) ٠ لێرەدا تەماشا دەكەین كەڵەشاخ گرتنی لە میانەی دەرمانەكاندا باس كردووە ، ، چونكە كاتێك بەكاردەهێنرێت كە سروشتی نەخۆشیەكان زاڵ بن بە سەر هێزی دەرمانەكانداو ، ئەو كاتەی كە دەرمانی خوراوە سوودی نەبێت ٠ فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ((وأنا أنهى أمَّتي عن الكيِّ)) واتە : ((من قەدەغەی ئومەتەكەی خۆم دەكەم داخكردن بەكاربێنن)) و لە فەرموودەكەی دیكەشدا : ((وما أحبُّ أن أكْتَويَ))[٦٥] واتە : ((حەزم بەوە نی یە داخ بكرێم)) ، لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژە بە دواخستنی چارەسەر بە داخكردن دەكات تاوەكو كاتی ناچاربوون ، بۆیە پێویستە پەلەی چارەسەركردن بە داخكردن نەكرێت ، چونكە لە ڕاستیدا پەلە دەكرێت بۆ بەكارهێنانی ئێشێكی زۆر لە پێناو لادانی ئێشێكدا ڕەنگە لە داخكردنەكە ئێشی كەمتر بێت ٠ گوفتارەكانی تەواو بوو ٠

هەندێ لە پزیشكان گووتویانە : نەخۆشیە میزاجیەكان : یا بە هۆی مادەیەكەوە دەبێت ، یا بە بێ مادە ، مادیەكانیش ، یا گەرمن ، یا ساردن ، یا شێدارو تەڕن ، یا ووشكن ، یا بە تێكەڵەیەكی ئەوانە دەبێ ، ئەم چوار بارو چۆنیەتیە ، دوو بارو چۆنیەتیان بكەرن : كە بریتین لە گەرمی و ساردی و ، دوو بارو چۆنیەتیەكەی تریش كارلێكراون كە بریتین لە تەڕێتی و ووشكێتی ، بۆیە لە كاتی زاڵ بوونی یەكێك لە بارو چۆنیەتیە بكەرەكانی گەرمی یا ساردی لە جەستەی مرۆڤدا دانەیەكیش لە بارو چۆنیەتیە كارلێكراوەكانی تەڕی یا ووشكی لە گەڵ خۆیدا ڕاكێش دەكات و پێكەوە لە جەستەدا كار دەكەن ، هەروەها هەموو خەڵتەكانی جەستە دوو بارو چۆنیەتی هەیە : بكەرو كارلێكراو ٠

٦٥ ــ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣٤٣) ، والبخاري (٧ / ١٥٩ ، ١٦٢ ، ١٦٣) ، ومسلم (٧ / ٢١) كلهم من طريق عبدالرحمن بن سليمان بن الغسيل ، عن عاصم بن عمر بن قتادة فذكره عن جابر مرفوعاً ٠

چارەسەرکردن بە دەرهێنانی خوێن :

بۆیە لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە بنچینەی هەموو نەخۆشیە میزاجیەکان شوێنکەوتەی بە هێزترین بارو چۆنیەتیەکانی خەڵتەکانی لەشن کە گەرمی و ساردیە ، بۆیە گوفتاری پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە بنەڕەتی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان کە گەرم و ساردە بە ڕێگەی نموونە باسکراوە ، بۆیە ئەگەر نەخۆشیەکە گەرم بوو ، بە دەرکردنی خوێنەکە بە ڕێگەی خوێن بەردان یا بە کەڵەشاخ گرتن چارەسەری دەکەین ، چونکە بەو شێوەیە مادەکە دەکرێتە دەرەوەو ، میزاجی مرۆڤیش سارد دەبێتەوە ، بەڵام ئەگەر نەخۆشیەکە سارد بوو ، بە گەرمکردن چارەسەری دەکەین ، ئەوەش لە هەنگوێندا هەیە ، ئەگەر سەرباری ئەوەش پێویستی بە دەرکردنی ماددەیەك بوو ، ئەوا دیسان هەنگوێن ئەو کارە دەکات ، چونکە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ پێگەیاندن و ، لەت لەتکردن و ، هێمن کردنەوەو ، لابردن و ، نەرم کردنی ماددەکان ، بەوەش زۆر بە ئارامی و بێوەیی ئەو مادانە دەکرێنە دەرەوە بە زاڵبوونی دەرمانە ڕەوانکارە بەهێزەکان.

چارەسەر بە داخکردن :

بەڵام داخکردن : لەبەر ئەوەی هەر یەك لە نەخۆشیە ماددەکان ، یا زۆر تیژ دەبێت و بە خێرا دەچێتە سەر یەکێك لەو دوو لایە کە گەرمی یە یا ساردیە ، بۆیە بە ڕیگەکانی سەرەوە چارەسەر دەکرێن ، یا نەخۆشیەکی درێژخایەن دەبێت و چاکترین چارەسەری پاش کردنە دەروەی مادەکە داخکردنی ئەو ئەندامانەیە کە گونجاوە بۆ داخکردن . چونکە ئەو نەخۆشیە درێژخایەن نابێت تەنها بە هۆی ئەوەوە نەبێت کە مادەیەکی ساردی چڕ لەو ئەندامەدا جێگیربووەو ، میزاجی ئەندامەکەی خراپ کردووە ، هەموو ئەو جێگانەش کە پێی دەگات دەیگۆڕێت بۆ بارێکی هاوشێوەی ناوەڕۆکە خراپەکەی خۆی و ، لە نێو ئەو ئەندامەی لەشدا

گرِ دەگرێت ، لێرەدا داخکردن بەکاردەهێنرێت بۆ دەرهێنانی مادده خراپەکە لەو شوێنەی لەش کە تیایدا جێگیربووە ئەوەش بە لە ناوبردنی بەشە ئاگریەکەی ئەو مادەیە بە داخکردن.

بەم فەرموودە پیرۆزە چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەموو نەخۆشیە مادديەکان فێربووین ، هەروەها لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خواوە ﷺ: ((إنَّ الحُمَّى مِن فَيحِ جَهَنَّمَ فأبرِدوها بالماءِ))[٦٦]

واتە : (((تا) لە گڕوبڵێسەی دۆزەخەوەیە بۆیە بە ئاو ساردی بکەنەوە)) چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشیە سووکەکانیش فێر بووین .

بەشی چارەسەرکردن بە کەڵەشاخ گرتن :

بەڵام کەڵەشاخ گرتن : ففي سنن ابن ماجة من حديث جُبَارَةَ بن المُغَلِّس _ وهو ضعيف _ عن كثير بن سَليم ، قال : سَمعتُ انَسَ بن مالكٍ يقولُ : قال رسول الله ﷺ : ((ما مَرَرْتُ ليلةَ أُسْرِيَ بي بملإٍ إلا قالوا : يا محمدُ مُرْ أُمَّتَكَ بِالحِجَامةِ))[٦٧]

واتە : لە (جُبَارَة)ی کوڕی (المُغَلِّس)ەوە لە (کثیر)ی کوڕی (سَليم)ەوە فەرموویەتی : گوێبیستی (أنس)ی کوڕی (مالك) بووم دەیفەرموو : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لە شەوڕەویەکدا بە لای هەر کۆمەڵێك لە پەریەکاندا تێپەڕ دەبووم پێیان دەگووتم : ئەی محمد فەرمانی کەڵەشاخ گرتن بە ئومەتەکەت بکە)) .

---

٦٦ _ تقدم تخريجه .

٦٧ _ صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٧٩) قال : حدثنا جبارة بن المغلس ، قال : حدثنا كثير بن سليم ، فذكره عن أنس مرفوعاً . وأخرجه الترمذي (٢٠٥٢) من طريق القاسم بن عبدالرحمن عن أبيه عبدالله بن مسعود عن أبيه قال : ((حدث رسول الله _ صلى الله عليه وسلم _ عن ليلة أسري به ، أنه لم يمر على ملأ من الملائكة إلا أمروه ؛ أن مُرْ أمتك بالحجامة)) . وصححه الألباني في صحيح الجامع (٥٦٧١) .

وروى الترمذي في جامعه من حديث ابن عباس : أن النبيَّ ﷺ هذا الحديث ، وقال فيه : ((عليكَ بالحِجامَةِ يا مُحَمَّدُ))(٦٨)

واته : له (ابن عباس)ه‌وه له پێغه‌مبه‌ری خواوه ﷺ فه‌رموویه‌تی : ((ئه‌ی محمد كه‌ڵه‌شاخ گرتن به كاربێنه)) .

وفي الصحيحين من حديث طاووس ، عن ابن عباس : ((أنَّ النبيَّ ﷺ احتجَمَ وأعْطى الحَجَّامَ أجْرَه))(٦٩)

واته : له (ابن عباس)ه‌وه ده‌فه‌رمێت : ((پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ كه‌ڵه‌شاخی گرت و كرێی كه‌ڵه‌شاخگره‌كه‌شیدا)) .

وفي الصحيحين أيضا ، عن حُمَيدٍ الطويل ، عن أنس ، أنَّ رسول الله ﷺ حجمَهُ أبو طَيْبَةَ ، فأمَرَ لهُ بصَاعينِ من طعام ، وكلَّمَ مواليهُ ، فخفَّفُوا عنهُ من ضريبتِهِ ، وقال : ((خَيْرُ ما تَدَاوَيْتُمْ بهِ الحِجَامَةَ))(٧٠)

---

٦٨ _ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٣٥٤) ، وعبد بن حميد (٥٧٤) ، وابن ماجة (٣٤٧٧) ، والترمذي (٢٠٥٣) كلهم من طريق عباد بن منصور عن كرمة عن ابن عباس عن النبي _ صلى الله عليه وسلم _ قال : خير يوم تحتجمون فيه سبع عشرة ، وتسع عشرة ، وإحدى وعشرين ، وقال : ((وما مررت بملأ من الملائكة ليلة أسري بي إلا قالوا : عليك بالحجامة يا محمد)) واته : له (ابن عباس)ه‌وه له پێغه‌مبه‌ری خواوه _ صلى الله عليه وسلم _ ده‌فه‌رمێت : چاكترین ڕۆژێك كه‌ڵه‌شاخی تێدا بگرن ڕۆژانی حه‌ڤده‌و ، نۆزده‌و ، بیست ویه‌كی مانگه ، هه‌روه‌ها فه‌رمووی : ((له شه‌وڕه‌ویه‌كدا به‌لای هه‌ر كۆمه‌ڵێك له په‌ریه‌كاندا تێپه‌ڕ ده‌بووم پێیان ده‌گووتم : كه‌ڵه‌شاخ گرتن به كاربێنه ئه‌ی محمد)) . وصححه الألباني رواية الترمذي وابن ماجة في صحيح الجامع (٥٦٧٢) .

٦٩ _ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٢٥٠ ، ٢٥٨ ، ٢٩٢ ، ٢٩٣ ، ٣٣٧) ، والبخاري (٣ / ١٢٢) ، (٧ / ١٦١) ، ومسلم (٥ / ٣٩) ، (٧ / ٢٢) ، وأبوداود (٣٨٦٧) ، وابن ماجة (٢١٦٢) ، كلهم من طريق عبدالله بن طاووس عن أبيه عن ابن عباس فذكره .

واته : له (حُمَيدِ الطويل)ەوه ، له (أنس)ەوه فەرموویەتی : (أبو طَيبة) كەڵەشاخی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گرت ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا دوو (صاع)[٧١] خواردەمەنی بدرێتێ و ، لە گەڵ سەگەورەكانیشیدا دواو لە سەرانەكەشیان سووكردەوە ، فەرمووشی : ((چاكترین شتێك خۆتانی پێ چارەسەر بكەن كەڵەشاخ گرتنە)) ٠

وفي جامع الترمذي عن عَبَّادُ بْنُ مَنْصُورٍ ، قَال : سَمِعْتُ عِكْرِمَةَ يَقُولُ : كَانَ لِابْنِ عَبَّاسٍ غِلْمَةٌ ثَلَاثَةٌ حَجَّامُونَ ، فَكَانَ اثْنَانِ مِنْهُمْ يُغِلَّانِ عَلَيْهِ ، وَعَلَى أَهْلِه ، وَوَاحِدٌ لحجمه ، وَحجمِ أَهْلَهُ ، قَالَ : وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ : قَالَ نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ نِعْمَ الْعَبْدُ الْحَجَّامُ يُذْهِبُ الدَّمَ وَيُخِفُّ الصُّلْبَ وَيَجْلُو الْبَصَرَ[٧٢]

واته : لە (عَبَّادُ)ی كوڕی (مَنصُور)ەوه ، فەرموویەتی : گوێبیستی (عِكْرِمَة) بووم دەیفەرموو : (ابن عباس) سێ لاوی ئیشكەری خزمەتكاری كەڵەشاخ گری هەبوو ، دوانیان ئیش و كارو بژێویان بۆ خۆی و ، ماڵ و منداڵی پەیدا دەكردو ، یەكێكیشیان ، كەڵەشاخی بۆ خۆیێ و ، بۆ ماڵ و منداڵەكانی دەگرت ٠ (عِكرِمَة) دەفەمێت : (ابن عباس) فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : زۆر چاكە بەندەی كەڵەشاخ گر كە خوێن لادەبات و ، پشت سووك دەكاتەوەو ، چاو ڕوون دەكاتەوه ٠

وقال : إنَّ رسولَ اللهِ ﷺ حيثُ عُرِجَ بهِ ، ما مرَّ على مَلأٍ مِنَ الملائكةِ إلا قالُوا : عليكَ بالحِجَامَةِ[٧٣]

---

٧٠ _ تقدم تخريجه ٠

٧١ _ الصاع : پێوانەیەكی خەڵكی مەدینەبوو چوار گوێلی دەگرت ، بڕوانە : لسان العرب ٠ وەرگێڕ ٠

٧٢ _ ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٤٧٨) ، والترمذي (٢٠٥٣) ٠ وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٥٩٦٦) ، وانظر الضعيفة (٢٠٣٦) ، وضعيف ابن ماجة (٧٦٢) ٠

٧٣ _ تقدم تخريجه ٠

واته : هەروەها (ابن عباس) دەفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو شەوەی بەرزکرایەوە ، بەلای هەر کۆمەڵێکی پەریەکاندا دەرۆشت پێیان دەگووت : کەڵەشاخ گرتن بە کاربێنە.

وقال : ((إنَّ خيرَ مَا تَحْتَجِمُونَ فيه يَوْمَ سَبْعَ عَشْرَةَ ، ويَوْمَ تِسْعَ عشْرَةَ ، ويَومَ إحدى وعِشرينَ))[٧٤]

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((چاکترین ئەو ڕۆژانەی کەڵەشاخی تێدا دەگرن ڕۆژانی حەڤدەو ، نۆزدەو ، بیست و یەکن)) .

وقالَ : ((إنَّ خَيْرَ ما تَدَاوَيْتُمْ بِه السَّعُوطُ واللَّدُودُ والحِجَامَةُ والمَشِيُّ))[٧٥] ، وإنَّ رسولَ اللهِ ﷺ لُدَّ ، فقالَ : مَن لَدَّني ؟ فَكُلُّهُمْ أمسكُوا . فقال : لا يبقى أحدٌ في البَيْتِ إلا لُدَّ ، إلا العباسَ)) . قال : هذا حديث غريب ، ورواه ابن ماجة[٧٦]

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((چاکترین شتێك خۆتانی پێ چارەسەر بکەن دەرمانێکە بکرێتە لووت و ، دەرمانێکە بکرێتە زارو ، کەڵەشاخ گرتن و ، ڕێکردنە ، وە دەرمان کرایە زاری موبارەکی پێغەمبەرەوە ﷺ لە نەخۆشی مردنەکەیدا ، ئەوەبوو فەرمووی : کێ بوو دەرمانی لە زار کردم ؟ هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە . بۆیە فەرمووی : هیچ کەس لەم ماڵەدا نامێنێت مەگەر دەرمانی لە زار دەکرێت ، جگە لە (العباس))) .

---

٧٤ ـ تقدم تخريجه .

٧٥ ـ إسناده حسن : أخرجه ابن ماجة (٣٤٧٨) . الطب النبوى ، بتحقيق أبي عبدالرحمن عادل بن سعد .

٧٦ ـ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٢٠٥٤) ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي (١٦٧٥) . الطب النبوي ، بتحقيق أبي عبدالرحمن عادل بن سعد .

بەشێك : سەبارەت بە سوودەكانی كەڵەشاخ گرتن :

كەڵەشـاخ گـرتن : ڕووی جەسـتە پـاك دەكاتــەوە زۆر زیـاتر لـە خـوێن بـەردان ، خـوێن بەردانیش بۆ قوڵای جەستە چاكترە ، كەڵەشاخ گرتن ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینێت بۆ دەرهێنـانی خوێن لە لاكانی پیسی مرۆڤدا ٠

دەڵێم _ (ابن القيم) _ بۆ لێكۆڵینەوە سەبارەت بـە كەڵەشـاخ و خـوێن بـەردان ، زانـراوە كە هەردوكیان بە گوێرەی زەمـەن و ، شـوێن و ، تەمـەن و ، میـزاج دەگۆڕێـت ، بۆیـە وەڵاتـە گەرمەكان و ، زەمەنە گەرمەكان و ، میزاجە گەرمـەكان ئەوانـەی كـە خـوێنی دانیشـتوانی لـەو پەڕی پێگەیندا دەبێت ، كەڵەشاخ گرتنی زۆر بـۆ بـە سـوودترە بـە بـەراوردی خـوێن بـەردان ، چونكە خوێنەكە پێدەگات و تەنك و ناسك دەبێت و دێتـە دەروە بـۆ ڕووی جەسـتەو ژێـرەوەی پیست ، بۆیە كەڵەشاخ دەتوانێت خوێنێكی ئەوتۆ دەربهێنێت كە خوێن بەردان توانای ئـەوەی نابێت ، بۆیە بۆ لاوەكان لە خوێن بەردان باشترە ، هەروەها بۆ ئەو كەسانەش كە بـێ هێـزن و توانای بەرگەگرتنی خوێن بەردانیان نی یە ٠

پزیشكان جـەخت لـە سـەر ئـەوە دەكەنـەوە كـە بـۆ وەڵاتـە گەرمـەكان كەڵەشـاخگرتن بـە سوودترەو ، لە خـوێن بـەردان (الفصـد) چـاكترە ، كەڵەشـاخگرتن لـە ناوەڕاسـتی مـانگ و ، پاش ناوەڕاست خێرترە ٠ بە گشتی ، لە بەشی سـێ یـەمی چـوار بەشـەكەی مانگـدا بكرێـت ، چونكە خـوێن لـە سـەرەتای مانگـدا هێشـتا نـەوروژاوەو فشـاری بـەرز نەبۆتـەوە ، لـە كۆتـای مانگیشدا تەواو هێمن بۆتەوە ، بەڵام لە ناوەڕاست و دوای ناوەڕاستیدا ، لەو پەڕی زیـادبوون و وورووژاندا دەبێت بۆیە لەم كاتەدا كەڵەشاخ گرتن باشترە ٠

دانەری كتێبی (القانون) دەڵێت : لە سەرەتای مانگدا فەرمان بە كەڵەشاخ گرتن ناكرێـت ، چونكە خەڵتەكان لـەم كاتـەدا هێشـتا نـەجوڵاون و نـەوروژاون ، هـەروەها فـەرمان ناكرێـت لـە

کۆتای مانگدا کەڵەشاخ بگیرێت چونکە خوێن هێمن و کەم بۆتەوە ، بەڵکو فەرمان دەکرێت لە ناوەڕاستی مانگدا کەڵەشاخ گرتن ئەنجام بدرێت ئەو کاتەی خەڵتەکان وروژاون و لەو پەڕی زیاد بووندایە بە هۆی زیادبوونی ڕووناکی لە ئەستیرەی مانگدا ٠

وقد رُويَ عن النبيِّ ﷺ أنه قال : ((خَيْرُ ما تداويتم به الحِجَامَةَ والفَصْدُ))[٧٧]

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((چاکترین شتێك خۆتانی پێ چارەسەر بکەن کەڵەشاخ و خوێن بەردانە)) ٠ تەواوبوو ٠

فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ((خير ما تداويتم به الحجامة)).
واتە :چاکترین شتێك خۆتانی پێ چارەسەر بکەن کەڵەشاخە ، لە ڕاستیدا ئاماژە بۆ وەڵاتی حیجاز دەکات ، چونکە خوێنەکانیان تەنك و ناسکە ، هەروەها خوێنەکە لە ڕووی جەستەیانەوە نزیکە چونکە گەرما ئەو خوێنە ڕادەکێشێت و دەریدەهێنێتە دەرەوە بۆ ڕووی جەستەیان ، لە لاکانی پێستدا کۆدەبێتەوە ، سەرەڕای ئەوەش کونیلەی پێستیان فراوانەو ، هێزیشیان شلۆقە ، بۆیە بەکارهێنانی خوێن بەردان مەترسیەکی گەورەی تێدایە بۆ ئەوان ، کەڵەشاخ گرتنیش بڵاوپێکردنەوەیەکی پەیوەندی خۆویستە بەدوایدا هەموو خوێنەکە لە خوێنبەرەکاندا دەکرێتە دەرەوە ، بە تایبەت ئەو خوێنبەرانەی ناتوانرێت کرداری خوێن بەربوونی بۆ ئەنجام بدرێت ، خوێن لێدەرهێنانی هەر جێگەیەکیش سوودی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆیە خوێن لێدەرهێنانی (الباسليق)[٧٨] : بەسوودە بۆ چارەسەری گەرمی جگەرو سپڵ و ئەو ئاوسانانەی تیایاندا دروست دەبێت بە هۆی خوێنەوە ، بە

---

٧٧ ــ ضعيف : أورده في ضعيف الجامع (٢٩٢٤) بلفظ : ((خير ما تداويتم به الحجم والفصد)) ٠ أخرجه أبونعيم في ((الطب)) عن علي ــ رضي الله عنه ــ ٠ والحديث صحيح بغير قوله ((والفصد)) وهو مروي في الصحيحين ٠

٧٨ ــ الباسليق : خوێنبەرێکە لە دەستدا ، نزیك بە ئانیشك ، لە لای چەپەوە دەست پێ دەکات تا ئەو جێگایانەی لە دوای بن هەنگڵەوەن ، بڕوانە : فقه اللغة ، الثعالبي ، وەرگێڕ ٠

سووده بۆ چارەسەری ئاوسانەکانی سی ، بە سوودە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی (الشَّوْصَة)و[79] بۆ نەخۆشی (ذات الجنب)[80] هەروەها هەر هەموو نەخۆشیە خوێنیە کاتیەکان لە نێوان خوارووی ئەژنۆوە بۆ ڕان ٠

وە خوێن دەرهێنانی (الأکحل)[81] بە سوودە بۆ چارەسەکردنی هەر پڕبوونێکی کاتی لە هەموو جەستەدا ئەگەر ئەو پڕبوونە خوێنی بوو ، هەروەها ئەگەر خوێن بۆگەن بوبو لە هەموو جەستەدا ٠

وە خوێن دەرهێنانی (القیفال)[82]: بەسوودە بۆچارەسەری نەخۆشیە کاتیەکان لە سەرو ملدا بە هۆی زۆری خوێنەوە یا بۆگەنی خوێنەوە ٠

وە خوێن دەرهێنانی (الوَدْجیْن)[83] : بە سوودە بۆ چارەسەرکردنی ئێشی سپڵ و ، ڕەبو و ، هەناسە بڕکێ و ، ئیشانی تەوێڵ ٠

کەڵەشاخ گرتن لە سەر شان (الکاهل) : بەسوودە بۆ چارەسەری ئیشانی هەردوو شان و گەروو ٠

---

٧٩ ـ الشَّوْصة : ئازارێکە لە سکدا پەیدا دەبێت بە هۆی بایەکەوە کە لە نێو ماسولکەکاندا کۆدەبێتەوەو بە هۆی دەمارلێدانێکەوە ، بڕوانە : الفائق في غريب الحديث والأثر ، الزمخشري * وەرگێڕ ٠

٨٠ ـ ذات الجنب : برین و تلۆقێکی پیسە توشی مرۆڤ دەبێت و سك کون دەکات ، بڕوانە : لسان العرب ٠ وەرگێڕ ٠

٨١ ـ الأکحل : خوێنبەرێکە لە ناوەراستی قۆڵدایەو لە ناوەراستی خوێنبەرەکانی (الباسليق) و (القيفال)دایە ، بڕوانە : مشكل الأثار للطحاوي * وەرگێڕ ٠

٨٢ ـ القيفال : خوێنبەرێکە لە دەستدا ، دیسان نزیك بە ئانیشکە ، کەوتۆتە لای ڕاستی دەست ، بڕوانە : المعجم الوسيط : إبراهيم الزيات ، وەرگێڕ ٠

٨٣ ـ الوَدْجيْن : دوو خوێنبەری ئەم لاو ئەو لای ملە ، بڕوانە : قاموسی ڕستە ، مەلا محمودی کەلالەیی ٠ وەرگێڕ ٠

كەڵەشاخ گرتن لە سەر (الأخدعين)[٨٤] بـە سـوودە بـۆ چارەسـەری نەخۆشـیەكانی سـەرو ، بەشەكانی ، وەكو دەم و چاو ، ددانەكان و ، هەردوو گوێ و ، هەردوو چـاو و ، لـووت و ، گـەروو ئەگەر هۆی ڕوودانی ئەوانە بگەڕێتەوە بۆ زۆری خوێن یا بۆگەن بوونی یا هەردووكیان پێكەوە ٠

وقال أنس _ رضي الله عنه _ : كان رسول الله ﷺ يحتجم في الأخْدَعَيْن والكاهل[٨٥]

واتە : (أنس) _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ لە سـەر هـەردوو ڕەگی لای ملی و لە نێوان هەردوو شانیدا كەڵەشاخی گرت ٠

وفي الصحيحين عنه : كـان رسـولُ الله ﷺ يحـتجم ثلاثـاً : واحـدةً علـى كاهلـه ، واثـنين علـى الأخْدَعَيْن[٨٦]

واتە : لە (الصـحيحين)دا هـاتووە كـە : پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـێ كەڵەشـاخی دەگـرت : یەكێك لە نێوان هەردوو شانیداو ، دووانیشیان لە سەر هەردوو ڕەگی لای مل ٠

وفي الصحيح عنه : أنه احتجم وهو محرمٌ في رأسه لِصداع كان به[٨٧]

واتە : لە فەرموودەیەكی (صحيح)دا هاتووە : پێغەمبەری خوا ﷺ ئیحرامی بەستبوو كـە كەڵەشاخی لە سەریدا گرت بە هۆی ئازارێكەوە هەیبوو ٠

---

٨٤ _ الأخدعين : دوو ڕەگە بەلای ملەوەیە ، بڕوانە : قاموسی ڕستە ، مەلا محمودی كەلالەیی ٠ وەرگێڕ ٠

٨٥ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ١١٩ ، ١٩٢) وأبوداود (٣٨٦٠) ، وابن ماجة (٣٤٨٣) ، والترمذي (٢٠٥١) ، وفي الشمائل (٣٦٤) ٠ كلهم من طريق قتادة عن أنس فذكره ٠

٨٦ _ هو السابق ، ولم أجده في الصحيحين ولعله وهم من المصنف ٠

٨٧ _ صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ٣٤٥) ، والبخاري (٣ / ١٩) ، (٧ / ١٦٢) ، ومسلم (٤ / ٢٢) ، وابن ماجة (٣٤٨١) ، والنسائي (٥ / ١٩٤) كلهم من طريق سليمان بن بلال عن علقمة بن أبي علقمة ، عن الأعرج عن عبدالله بن بجينة قال : ((احتجم رسول الله _ صلى الله عليه وسلم _ بلحي جمل ، وهو محرم ، وسط رأسه ٠ واتە : پێغەمبەری خوا _ صلى الله عليه وسلم _ لە شوێنی (لحي جمل) ٠ كە ئیحرامیشی بەستبوو ، لە ناوەڕاستی سەریدا كەڵەشاخی گرت ٠ ولم أجده عن أنس ٠

وفي سنن ابن ماجة عن عليّ : نزل جبريل على النبي ﷺ بحجامة الأخْدَعَيْنِ والكاهِلِ[٨٨]

واتـه : (علـي) _ خـواى لـىّ ڕازى بێـت _ فـەرموویـەتی : (جبریـل) دابەزیـە خزمـەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمانی کەڵەشـاخ گرتنـی پێکـرد لـە سـەر دوو ڕەگـی لای مـل و نێـوان هەردوو شان ٠

وفي سنن أبي داود من حديث جابر : أنَّ النبيَّ ﷺ احتجم في وَركه من وثْءٍ كان به[٨٩]

واتـه : (جـابر) _ خـواى لـىّ ڕازى بێـت _ فـەرموویـەتی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە سـەر سەرووی ڕانی کەڵەشاخی گرت بە هۆی شینبوونەوەو کوترانێکەوە هەیبوو ٠

بەشێك : سەبارەت بە جیاوازی پزیشکان لە بارەی کەڵەشاخ گرتنەوە لە سەر (نقرة القفا):

پزیشـکان جیـاوازبوون سـەبارەت بـە کەڵەشـاخ گـرتن لـەو چـاڵایەی کـە دەکەوێتـە پشـتی مێشـکەوە (نقـرة القفـا) ، وذكـر أبـونعيم في كتـاب الطـب النبـوي حـديثا مرفوعـاً : ((عَلَـيْكم بالحِجَامَة في جَوْزَةِ القَمَحْدُوة ، فإنها تشفي من خمسة أدواءٍ ذكر منها الجُذام[٩٠]

واتە : (أبونعيم) لە کتێبی (الطب النبوي)دا ئـەم فـەرموودە دەگێڕێتـەوە : ((کەڵەشـاخ بگرن لە کۆتایی سەرو پشتە سەردا ، چونکە پێنج نەخۆشی چاك دەکاتەوە ، لەوانە نەخۆشـی گولی باسکردووە)) ٠

---

٨٨ _ ضعيف جداً : أخرجه ابن ماجة (٣٤٨٢) ٠

٨٩ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣٠٥ ، ٣٥٧ ، ٣٨٢) ، وأبوداود (٣٨٦٣) وابن ماجة (٣٠٨٢) ، والنسائي (٥ / ١٩٣) ، وابن خزيمة (٢٦٦٠) ، (٢٦٦١) كلهم عن أبي الزبير عن جابر ٠

٩٠ _ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٣٧٥٨) ٠ الطب النبوي ، بتحقيق أبي عبدالرحمن عادل بن سعد ٠

وفي حديث آخر : ((عليكم بالحِجَامَة في جَوْزَةِ القَمَحْدُوة ، فإنها شـفاءٌ مـن اثْنَـيْن وسَـبْعين داءً))[٩١].

له فەرموودەیەکی دیکدا : ((کەڵەشاخ بگرن لـه کۆتـایی سـەرو پشـته سـەردا ، چونکه حەفتاو دوو نەخۆشی چاك دەکاتەوە)) ٠

کۆمەڵێکیان به چاکیان داناوەو گووتویانه : به سووده بۆ چاکبوونەوەی چاو دەرتـۆقین ، ئەو گرێ یانـەی تیایـدا دروست دەبێت ، زۆر لـه نەخۆشیەکانیی ، قورسبوونی بـرۆ پێڵوو ، گەروڵیی چاو ٠

باسکراوە کەوا پێشـەوا (أحمـد)ی کـوڕی (حنبـل) پێویستی بـه کەڵەشاخ بـوو ، بۆیـه کەڵەشاخی بۆ گیرا له هەردوو لای ملیداو ، له (نقرة القفا)دا نەیگرت ٠

هەروەها لەو کەسانەش حەزیان پـێ نـەبووە دانـەری کتـێبی (القـانون)ەو ، دەڵێـت : نەخۆشـی لـه بیرچـوونەوە دروسـت دەکـات بـه دڵنیـایی ، چـونکه پێشـەوامان محمـد ﷺ فەرموویـەتی کۆتـایی دەمـاغ جێگـەی پاراسـتنی زانیاریەکانـەو ، کەڵەشـاخ گـرتن دەیفەوتێنێت ٠ تەواوبوو ٠

کەسانی تـریش بەرپەچیان داوەتـەوەو ، دەڵێن : فەرموودەکـه جـێگیر نـەبووەو ، ئەگـەر جێگیریش بێت له ڕاستیدا کەڵەشاخێك کۆتای مێشك بـێ هێـز دەکات ئەگـەر بـەبێ زەرورەت گیرا ، بەڵام ئەگەر له کاتی زاڵبوونی خوێن بەسەر مێشکدا گیرا ، بـه سـوود دەبێت لـه ڕووی پزیشکی و شەرعیشەوە ، چونکه جێگیر بووە کەوا پێغەمبـەری خوا ﷺ لـه چـەندین جێگـەی پشتەوەی ملێدا کەڵەشاخی گرتووە به گویرەی بارودۆخێك پێویستی بەوە بوایه ، لـه جێگـەی تریش جگه له پشتەوەی مل کەلەشاخی گرتبوو به گوێرەی پێویست ٠

٩١ ـ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة (٣٨٩٤) ، الطب النبوي ، بتحقيق أبي عبدالرحمن عادل بن سعد ٠

بەشێك سەبارەت بە کەڵەشاخ گرتن لە ژێر چەناكەدا :

کەڵەشاخ گرتن لە ژێر چەناگەدا بۆ چارەسەری ئێش و ئازاری ددان و دەم و چاو گەروو بەسوودە ، ئەگەر لە کاتی خۆیدا بە کارهێنرا ، هەروەها سەرو شەویلگەش پاك دەکاتەوە.

دەتوانرێت کەڵەشاخ گرتن لە سەر پێ لە جیاتی خوین دەرهێنان بەکاربهێنرێت لە (الصَّافن)دا کە ڕەگێکی گەورەیەو نزیك بە پاژنەیەو لە بەری قاچەوە دریژ دەبیتەوە تا دەکاتە شا دەماری ران ٠ بۆ چارەسەرکردنی برینەکانی ڕان و لاق و پێ و ، بچڕانی بێنوێژی و ، ئاڵۆشی و خورروی کاتی لە ئەندامەکانی زاوزێی پیاو ئافرەتدا بەسوودە ٠

کەڵەشاخگرتن لە ژێرەوەی سنگدا بۆ چارەسەری ئەو ئاوسان و ڕزینە سنوردارەی کە لە پێستی سەر ڕان بە دەردێن و کێم و زوخاوی لێ پەیدا دەبێت بەسوودەو ، بەرگری لە گولبوونی دەکات و ، بۆ چارەسەی ئەو زیپکەو بلۆقانەی لە سەری بە دەردێن بەسوودە ، هەروەها بۆ جومگەژانی و ، بۆ مایەسیری و ، بۆ ئاوساوی قاچ و پێ و ، خووروی پشت باشە.

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتەکانی کەڵەشاخ گرتندا :

روى الترمذي في جامعه من حديث ابن عباس يرفعه : ((إنَّ خيرَ ما تَحتَجِمونَ فيهِ سابِعَ عَشرَةَ ، أو تاسِعَ عشرةَ ، ويومُ إحدى وعَشْرينَ))[٩٢]

واتە : (ابن عباس) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((چاکترین ئەو ڕۆژانەی کەڵەشاخی تێدا بگرن حەڤدەو ، نۆزدەو ، بیست و یەکن)).

---

٩٢ _ تقدم تخريجه ٠

وفيه عن أنس : كان رسولُ الله ﷺ يَحْتَجِمُ في الأخدَعَين والكاهل ، وكان يَحتَجِم لِسَبْعَةَ عشَرَ ، وتِسْعَةَ عَشَرَ ، وإحدى وعِشرين[٩٣]

واته : له (أنس)ەوه _ خواى لىّ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ له سەر دوو ڕەگى لاى ملى و له نێوان هەردوو شانيدا كەڵەشاخى دەگرت ، له ڕۆژانى حەڤدەو ، نۆزدەو ، بيست و يەك ٠

وفي سنن ابن ماجة مرفوعاً : ((مَن أراد الحِجَامَة فَليَتَحَرَّ سَبْعَةَ عشَرَ ، أو تِسْعَةَ عَشَرَ ، وفي إحدى وعِشرِينَ ، لا يَتَبَيَّغْ بأحَدِكُم الدَّمُ ، فيقتلَه))[٩٤]

واته : (أنس) _ خواى لىّ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((هەركەس ويستى كەڵەشاخ گرتنى هەبوو با بەدواى ڕۆژانى حەڤدەو ، نۆزدەو ، بيست و يەكدا بگەڕێت ، بۆ ئەوەى فشارى خوێنى يەكێكتان بەرز نەبێتەوەو ، بمرێت)) ٠

وفي سنن أبي داود من حديث أبي هريرة مرفوعاً : ((مَن احْتَجَمَ لِسَبْعِ عَشْرَةَ ، أو تِسْعَ عَشْرَةَ ، أو إحدى وعِشْرِينَ ، كانَتْ شِفاءً من كلِّ داءٍ))[٩٥]

واته : (أبي هريرة) _ خواى لىّ ڕازى بێت_ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺفەرمووى : ((هەركەس له ڕۆژانى حەڤدەو ، نۆزدەو ، بيست و يەكى مانگدا كەڵەشاخ بگرێت ، دەبێت بە هۆكارى چاكبوونەوەى هەموو نەخۆشيەكانى)) ٠ واته : ئەو نەخۆشيانەى هۆكارى دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونى خوێن بە سەر شوێنێكى جەستەدا ٠

---

٩٣ _ تقدم تخريجه ٠

٩٤ _ صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٨٦) عن النهاس بن قهم عن أنس فذكره مرفوعاً ٠

٩٥ _ حسن : أخرجه أبوداود (٣٨٦١) عن أبي صالح عن أبي هريرة مرفوعاً ٠

هەموو ئەم فەرموودانە گونجاوی کۆڕایەتی پزیشکانە ، بەوەی کەڵەشاخ گرتن لە نیوەی دووەم و ، بەشی سێیەمی چوار بەشەکەی مانگدا بە سوودتر دەبێت بە بەراوردی سەرەتاو کۆتایی مانگ ، بەڵام ئەگەر لە کاتی پێویستبوونیدا بەکارهێنرا ، بە سوود دەبێت ئەگەر لە سەرەتاو کۆتای مانگیشەوە بێت ٠

(الخَلال) دەڵێت : (عصمةُ)ی کوڕی (عصام) پێی ڕاگەیاندم و گووتی : (حنبل) بۆی باسکردین و ، گووتی : (أبو عبدالله أحمد)ی کوڕی (حنبل) کەڵەشاخی دەگرت هەرکاتێك خوێنی هەڵچوبا و ، هەر کاتێکیش بوایە ٠

دانەری کتێبی (القانون) دەڵێت : کاتەکانی لە ڕۆژدایە : کاتژمێر دوو و سێ ، پێویستە مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت پاش خۆشتن بەدەر لەو کەسانەی خوێنیان چڕە ، پێویستە ئەم کەسە خۆی بشوات ، پاشان کاتژمێرێك پشوو بدات ، پاشان کەڵەشاخ بگرێت ٠ تەواوبوو ٠

بەلایانەوە کەڵەشاخ گرتن لە سەر تێربوون باش نی یە ، چونکە پێدەچێ چەندین کونیلەی داخراو و چەندین نەخۆشی دروست بکات ، بە تایبەت ئەگەر ئەگەر خۆراکەکە خراپ و چڕ بێت ٠ لە (أثر)ێکدا هاتووە : ((کەڵەشاخ گرتن پێش نانی بەیانی دەرمانە ، لە سەر تێربوون نەخۆشی یەو ، لە حەڤدەی مانگدا چاکبوونەوەیە)) ٠

هەڵبژاردنی ئەم کاتانە بۆ کەڵەشاخ گرتن ، لە بنەڕەتدا بۆ پارێزکردن و ، خۆپاراستنە ، بۆ ئەوەی مرۆڤ هیچ زیانێکی پێ نەگاو ، بۆ پاراستنی تەندروستیە ، بەڵام بۆ چارەسەری نەخۆشیەکان ، لە هەر کاتێکدا پێویسترا بەکاردەهێنرێت ٠

فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوادا ﷺ ((لا يَتَبَيَّغْ بأحدِكم الدَّمُ فيقتلَهُ)).

واتە : بۆ ئەوەی فشاری خوینی یەکیکتان بەرز نەبێتـەوەو بمرێت . بەڵگـەی گوفتارەکـانی سـەرەوەمانە . پێشـتریش ئامازمـان پێـدا کـەوا ئیمـامی (أحمـد) لـە هـەر کـاتێکی مانگـدا پێویستی بە کەڵەشاخ هەبوایە دەیگرت .

بەشێك سەبارەت بەو ڕۆژانەی کە کەڵەشاخی تێدا (مکروه)ە :

سـەبارەت بـە هەڵبـژاردنی ڕۆژەکـانی هەفتـە بـۆ کەڵەشـاخ گـرتن ، (الخَلّـال) لـە (جامع)ەکەیدا دەڵێت : (حرب)ی کوڕی (إسماعيـل) پێـی ڕاگەیانـدین و ، گـووتی : بـە پێشـەوا (أحمد)م گووت : ئایا هیچ ڕۆژێك هەیە لە هەفتەدا بەلاتـەوە کەڵەشـاخ گرتنـی تێـدا (مکـروه) بێت ؟ فەرمووی : ڕۆژانی شەمەو چوارشەم هاتووە .

هەروەها لە هەمان کتێبی (الجامع)ی (الخَلّال)دا هاتووە : (الحسين)ی کـوڕی (حسّـان) سەبارەت بە کەڵەشاخ گرتن لە (أبا عبدالله)ی پرسی : لە چ کاتێکدا (مکـروه)ە ؟ گـووتی : لە ڕۆژانی شەمەو ، چوارشەم و گووتیانە ڕۆژی هەینیش .

وروى الخَلال ، عن أبي سلمةَ وأبي سعيد المقبُري ، عن أبـي هريـرة مرفوعـاً : ((مَـن احْـتَجَمَ يومَ الأبِعاء أو يومَ السبتِ ، فأصابَهُ بياضٌ أو بَرَصٌ ، فلا يَلُومَنَّ إلا نَفسَهُ))[٩٦]

واتە : (أبي هريرة)_ خوای لێ ڕازی بێت_ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرمووی : ((هەرکەس ڕۆژانی شەمەو چوارشەمە کەڵەشاخ بگرێت و ، سپێتیەك یـا نەخۆشـی بەڵـەکی لـە جەستەیدا پەیدا بوو ، با تەنها سەرزەنشتی خۆی بکات)) .

---

٩٦ _ إسناده ضعيف : أخرجه الحاكم (٤ / ٤٠٩) ، والبيهقي (٩ / ٣٤٠) ، وضعفه في الضعيفة (١٥٢٤).

(الخَلال) دەڵێت : (محمد)ی کوڕی (علی) کوڕی (جعفر) پێی ڕاگەیاندین ، کەوا (یعقوب)ی کوڕی (بختان) بۆی باسکردبوون و ، گوتبووی : سەبارەت بە بەکارهێنانی (النُّورة)و کەڵەشاخ گرتن لە ڕۆژانی شەمەو چوارشەمەدا لە (أحمد)یان پرسی ؟ ئەوەبوو بە (مكروه)ی داناو ، فەرمووی : هەواڵم پێ گەشتووە کەوا پیاوێك (النُّورة)ی بەکارهێناو ، پاشان کەڵەشاخی گرت بۆیە تووشی نەخۆشی بەڵەکی بوو منیش بە (أحمد)م گووت : وەکو ئەوەی پیاوەکە بە سووك تەماشای فەرموودەکەی کردبێت ؟ فەرمووی : بەڵێ ٠

وفي كتاب الأفراد للدَّارَقُطنيِّ ، من حديث نافع قال : قال لي عبدالله بن عمر : تَبَيَّغَ بي الدم ، فابْغِ لي حجَّاماً ولا يكن صبيّاَ ولا شيخاً كبيراً ، فإني سمعتُ رسول الله يقول : ((الحِجَامَة تَزِيدُ الحَافظَ حِفْظاً ، والعاقلَ عقلاً ، فاحْتَجِمُوا على اسم الله تعالى ، ولا تَحْتَجِمُوا الخَميسَ ، والجُمُعَةَ ، والسَّبْتَ ، ولا الأحَدَ ، واحْتَجِمُوا الإثْنَيْن ، وما كان من جُذامٍ ولا بَرَصٍ ، إلا نَزلَ الأربِعاء٠ قال الدَّارَقُطنيُّ : تَفَرَّدَ به زيادُ بن يحيى ، وقد رواه أيوب عن نافع ، وقال فيه : ((واحْتَجِمُوا يومَ الإثْنَيْن والثُّلاثاء ، ولا تَحْتَجِمُوا يوم الأربِعاء))[٩٧].

واتە : (نافع) فەرموویەتی : (عبدالله)ی کوڕی (عمر) پێی گووتم : خوێنم هەڵچووەو فشاری بەرز بۆتەوە ، کەڵەشاخ گرێکم بۆ بانگ بکە با منداڵ نەبێت و پیاوێکی بە تەمەنیش نەبێت ، چونکە گوێبیستی پێغەمبەری خوابووم ﷺ دەیفەرموو : ((کەڵەشاخ گرتن توانای لەبەرکردنی کەسی لەبەرکار زیاد دەکات و ، ئەقڵ و ژیری کەسی ئاقڵ و ژیر زیاد دەکات ، بۆیە بە ناوی خواوە کەڵەشاخ بگرن و ، ڕۆژانی پێنج شەم و ، هەینی و ، شەمەو ، یەك شەم کەڵەشاخ مەگرن ، بەڵکو ڕۆژی دووشەم کەڵەشاخ بگرن ، چونکە هەموو گولی و بەڵەکیەك ڕۆژی چوارشەم دادەبەزێت ٠ پێشەوا (الدَّارَقُطنيُّ) فەرموویەتی : (زیاد)ی کوڕی (یحیی) تاك بۆتەوە لە گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیەدا ، (أیوب) لە (نافع)ەوە فەرموودەکە

٩٧ ــ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٧٨) ، والحاكم (٤ / ٤٠٩) ، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة (٢٨١٠) ٠

دەگێڕێتـەوەو ، تیایـدا دەڵێـت : ((ڕۆژانـی دووشـەم و سـێ شـەم کەڵەشـاخ بگـرن و ، ڕۆژی چوارشەم کەڵەشاخ مەگرن)) ٠

وقد روى أبوداود في سننه من حديث أبي بكرةَ ، أنه كان يكره الحِجَامَة يَـومَ الثُلاثـاءِ ، وقـال : إنَّ رسول الله ﷺ، قال : يومُ الثُلاثاءِ يوم الدَّمِ وفيه ساعةٌ لا يَرْقَأُ فِيهَا الدَّمُ [٩٨]

واته : (أبـي بكرة) حـەزی بـە کەڵەشـاخ گـرتن نـەبوو ڕۆژی سـێ شـەم و ، دەیفـەرموو : پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرمووی : ڕۆژی سـێ شـەم ڕۆژی خوێنـەو کـاتێکی تێدایـە خـوێنی تێـدا خوێنەکەی تێدا ناوەستێ ٠

بەشێك سەبارەت بە شیاوێتی کەڵەشاخ گرتنی کەسی بەڕۆژو جیاوازبوون سەبارەت بەوەی کە ئایا بەو هۆیەوە ڕۆژوەکەی دەشکێت ؟

چەندین سوودی گرنگ لە فەرموودەکانی پێشوّوە وەردەگیرێت :

١. خۆ چارەسەکردن (مستحب)ە ٠

٢. کەڵەشاخ گرتن (مستحب)ەو ، لەو شوێنەشدا ئەنجام دەدرێت کە بارودۆخ پێویسـتی بکات ٠

٣. شیاوێتی کەڵەشاخ گرتنی ئەو کەسەی ئیحرامی بەستووە ، ئەگەرچی ببێ بە هۆکـاری بڕینی کەمێك لە توکی لەش ، چونکە لەم بارەدا ئەوە شیاوە ، بەڵام بۆ ئەوەی (فدیـة) بـدات بۆ لادانی تووکەکە ، هێشتا جێی تێڕوانینەو ، (واجب)بوونی بەهێز نی یە ٠

٤. شیاوێتی کەڵەشاخ گرتنی کەسی بە ڕۆژوو ، چونکە لە (صحیح)ی ئیمامی (البخـاري)دا هـاتووە : ((أنَّ رسـول الله ﷺ احْـتَجَمَ وهـو صـائم))[٩٩] واتـە : ((پێغەمبـەری خـوا ﷺ

---

٩٨ ــ ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨٦٢) ، وضعفه الألباني في الضعيفة (٦٤٦٦) ٠

كەڵەشاخی گرت و لەو کاتەشدا بەڕۆژوو بوو)) ، بەڵام: ئایا بەو کەڵەشاخ گرتنە ڕۆژووەکەی دەشکێت ، یاخود نە ء؟ مەسەلەیەکی ترە ، ڕاست : شکاندنی ڕۆژووە بە کەڵەشاخ گرتن ، چونکە ئەوە بە (صحيح)ی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە بەبێ هیچ بەرهەڵستکارێك و ، ڕاسترین شتێکیشە کە بەرهەڵستکاری فەرموودەکەی سەرەوەی پێ دەکرێت ، بەڵام ئەو شتە ئاماژە بۆ نەشکاندنی ڕۆژوو ناکات مەگەر پاش چوار شت : یەکەم : ڕۆژووەکە فەرز بوو . دووەم : نیشتەجێ بوو . سێ یەم : هیچ نەخۆشیەکی نەبوو پێویست بە کەڵەشاخ گرتن بکات . چوارەم : ئەم فەرموودە دواکەوتوترە لەو فەرموودەیەی کە تیایدا دەفەرمێت : ((أفطرَ الحاجِمُ والمحجُومُ))[100] واتە : ((ئەو کەسەی کە کەڵەشاخی بۆ دەگیرێت و ئەو کەسەش کە کەڵەشاخ دەگرێت هەردووکیان ڕۆژوویان شکاوە)) . بۆیە چ کاتێك ئەو چوار پێشەکیانە جێگیربوون ، ئەوجا دەتوانرێت کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ بکرێت بە بەڵگە بۆ مانەوەی ڕۆژوو لە گەڵ کەڵەشاخ گرتندا ، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ڕۆژووەکە سوونەت بوو شیاوە مرۆڤ لێی بچێتە دەرەوەو بیشکێنێت بە کەڵەشاخ گرتن و هیتر ، یا ئەگەر ئەو کەسە لە مانگی ڕەمەزانیشدا بێت بەڵام لە سەفەردا بوو ، یا ئەگەر لە ڕەمەزانیشدا بێت و لە ماڵی خۆیدا بێت ، بەڵام پێویستی ناچاری بکات ، وەکو ئەو کەسەی کە نەخۆشیەکی هەیەو پێویستی ناچاری شکاندنی ڕۆژووەکەی پێ دەکات ، یا فەرزێکی ڕەمەزان بێت و لە ماڵی خۆیدا بێت و هیچ پێویستیەك ناچاری نەکردبێت ، بەڵام لە سەر بنەرەتەکە بمێنێتەوە. وە

٩٩ _ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٢٣٦ ، ٢٤٩ ، ٢٥٩ ، ٣٥١ ، ٣٧٢) ، والبخاري (٣ / ٤٢ ، ٤٣) ، (٧ / ١٦١ ، ١٦٢) ، وأبوداود (١٨٣٦) ، (٢٣٧٢) ، والترمذي (٧٧٥) ، والنسائي في الكبرى (٢٠٢٠ تحفة) ، (٦٢٢٦) ، (٦٢٣١) عن عكرمة عن ابن عباس فذكره .

١٠٠ _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ١٢٣ ، ١٢٤) ، والدارمي (١٧٣٧) ، من طريق عبدالله بن زيد أبي قلابة ، عن أبي الأشعث الصنعاني ، عن أبي أسماء الرحبي عن شداد بن أوس فذكر الحديث وفيه قصة ، وأخرجه أحمد (٤ / ١٢٤) ، به ، وليس فيه أبو الأشعث الصنعاني ، وأخرجه أحمد (٤ / ١٢٢ ، ١٢٤) ، وأبوداود (٢٣٦٩) ، وليس فيه أبوأسماء الرحبي ، وأخرجه أبوداود (٢٣٦٨) ، وابن خزيمة (١٦٨١) ، وليس فيه أبو الأشعث ولا أبوأسماء .

فەرمايشـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ: ((أفطـر الحـاجم والمحجـوم)) ناقيـل و موتەئـەخيرەو ، پێويستە كاری پیّ بكرێت ٠

٥. بەڵگەيە لە سەر ئەوەی دەتوانرێت پزيشك بە كریّ بهێنرێت بەبیّ بەستنی گرێبەسـتی كریّ گرتەی ، بـەڵكو بەهاوشـيوەی كرێـی هاوەڵـانی خـۆی كـە لـەم بـوارەدا كاردەكـەن كرێـی دەدرێتیّ ، يا ئەو كرێيەی بدرێتیّ كە پێی ڕازی دەبیّ ٠

٦. شياوێتی بژێوی پەيداكردن بە پيشـەی كەڵەشـاخ گرتنـەوە ٠ ئەگەرچـی كەسـی ئـازاد حەزی بە خواردنی كرێی كەڵەشـاخ گـرتن نـی يـە بـەبیّ ئـەوەی لێـی حـەرام بكرێـت ، چـونكە پێغەمبەری خوا ﷺ كرێكەی خـۆی پێـداو ، خۆاردنيشـی لـە سـەر حـەرام نـەكرد ، كـە پێشـی دەڵێت پيس بە هاوشێوەی فەرمايشتێتی بەرامبەر بە پيازو سير كە پێيان دەڵیّ پيس ، بـەڵام گوفتارەكانی نەبووە بە بەڵگە بۆ حەرامكردنی ٠

٧. شياوێتی سەپاندنی باجێكی ڕۆژانەی دياری كراو بە سەر بەنـدەی خـۆدا بـە گـوێرەی توانـای بـۆ كـاركردن ، مـافی بەندەكەشـە تەصـرِوف بكـات بـەو پارەيـەوە كـە لـە باجـە سەپێنراوەكەی سەرشانی زياد دەبێـت ، چـونكە ئەگـەر نـەهێڵرێت تەصـرِوف بـە زيادەيـەوە بكات ئەوا كارەكەی هەمووی دەبیّ بە باج و هيچ سودێكی دەست ناكەوێت ، بەڵكو ئـەوەی لـە باجە سەپێنراوەكەی سەر شانی زياد دەبیّ ، لەلايەن سەركەورەكەيەوە كراوە بـە مـوڵكی ئـەو بەندەيەو مافی خۆيەتی تەصەرِوفی پێوە بكات ٠ والله أعلم ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بڕینی ڕەگەكان و داخكردندا :

ثبت في الصحيح من حديث جابر بن عبدالله ، أنَّ النبيَّ ﷺ بعثَ الى أُبَيٍّ بن كعب طبيباً ، فقَطَعَ له عِرْقاً وكَواه عليه[١٠١]

واتە : (جابر)ی كوڕی (عبدالله) فەرموويەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ پزیشكێكی نارد بۆ (أُبَيٍّ) كوڕی (كَعب) ، ئەوەبوو ڕەگێكی بۆ بڕی و داخیشی كرد ٠

ولما رُمِي سعدُ بن معاذٍ في أكْحَلِه حسَمَهُ النبيُّ ﷺ ، ثم ورِمَت ، فحسَمَهُ الثانية.

واتە : كاتێ (سعد)ی كوڕی (مُعاذ) خوێنبەری ناوەڕاستی دەستی پێكرا پێغەمبەری خوا ﷺ داخیكرد ، بەڵام ئاوسا ، ئەوەبوو دیسان بۆ جاری دووەم داخیكردەوە ٠

وفي طريق آخر : أنَّ النبيَّ ﷺ كَوَى سعدَ بنَ مُعاذٍ في أكْحَلِه بمِشْقَصٍ ، ثم حسَمَهُ سعد بن مُعاذٍ أو غيرُه من أصحابه[١٠٢]

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ (سعد)ی كوڕی (مُعاذ)ی بە سەرە ڕمێكی درێژ لە سەر خوێنبەری ناوەڕاستی دەستی داخكرد ، پاشان (سعد) خۆی داخێكرد یا هاوەڵانیی بۆیان داخكرد ٠

---

١٠١ ــ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣٠٣ ، ٣٠٤ ، ٣١٥ ، ٣٧١) وعبد بن حميد (١٠١٩٨) ، ومسلم (٧ / ٢٢) وأبوداود (٣٨٦٤) ، وابن ماجة (٣٤٩٣) كلهم عن الأعمش عن أبي سفيان عن جابر فذكره ٠

١٠٢ ــ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣١٢ ، ٣٥٠ ، ٣٦٣ ، ٣٨٦) ، الدارمي (٢٥١٢) ، ومسلم (٧ / ٢٢) وابن ماجة (٣٤٩٤) ، والترمذي (١٥٨٢) ، كلهم عن أبي الزبير عن جابر فذكره في قصة ٠

وفي لفظ آخر : أنّ رجلاً من الأنصار رُمِي في أكْحَلِه بِمشْقَص ، فأمر النبيُّ ﷺ به فكُوِيَ.

واته : لـه بێژه‌یه‌كی دیكـه‌دا : پیاوێك لـه پشـتیوانان بـه سـه‌ره ڕمێكـی درێـژ خوێنبـه‌ری ناوه‌ڕاستی ده‌ستی پێكرا ، ئه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رمانیداو ئیتربۆی داخكرا ٠

(أبوعُبيد) ده‌فه‌رمێت : پیاوێك هێنرایه خزمـه‌تی پێغه‌مبـه‌ری خـوا ﷺ داخكردنـی بـۆ وه‌سف كرابوو ، ئه‌وه‌بوو فه‌رمووی : داخی بكه‌ن و پاشان به‌رد گه‌رم بكه‌ن و بیخه‌نه سه‌ری ٠

(الفضل)ی كوڕی (دُكَـين) ده‌فـه‌رمێت : (سُـفيان) لـه (أبـي الـزبير)ه‌وه لـه (جـابر)ه‌وه بـۆی باسـكردین : كـه‌وا پێغه‌مبـه‌ری خـوا ﷺ لـه سـه‌ر خوێنبـه‌ری ناوه‌ڕاسـتی ده‌سـتی هه‌ستا به داخكردنی ٠

وفي صحيح البخاري من حديث أنس ، أنه كُوِيَ من ذات الجَنْبِ والنَّبيُّ ﷺ حَيّ[١٠٣]

واته : (أنس) فه‌رموویه‌تی : به‌هۆی نه‌خۆشی (ذات الجنـب)ه‌وه داخكـرام و پێغه‌مبـه‌ری خواش ﷺ زیندو بو ٠

وفي الترمذي عن أنسٍ أنَّ ﷺ كَوَى أسْعَدَ بن زُرَارَةَ من الشَّوْكَةِ[١٠٤]

واته : (أنس) ـ خوای لـێ ڕازی بێـت ـ فـه‌رموویـه‌تی : پێغه‌مبـه‌ری خـوا ﷺ (أسْعَد)ی كوڕی (زُرارة)ی به هۆی نه‌خۆشی (الشوكة)ه‌وه داخ كرد ٠

---

١٠٣ ـ ذكره البخاري تعليقاً عن أنس كتاب ((الطب)) باب ((ذات الجنب) ، وأخرجه أحمد (٣ / ١٣٩) عن أنس قال : ((كواني أبوطلحة ورسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ بين أظهرنا ، فما نهيت عنه)) ٠واته : (أنس) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ فه‌رموویه‌تی : (((أبو طلحة) داخی كردم و ، پێغه‌مبه‌ری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ له نێوانماندا ده‌ژیاو ، قه‌ده‌غه‌ی نه‌كردم)) ٠

١٠٤ ـ صحيح : أخرجه الترمذي (٢٠٥٠) من طريق معمر عن الزهري عن أنس فذكره ٠

الشَوْكة : نه‌خۆشیه‌كه به هۆی سنكه‌گوشیه‌وه توشی مرۆڤ ده‌بێت و سورایه‌ك هه‌موو جه‌سته‌و ده‌م و چاو داده‌پۆشێ ، بڕوانه : نيل الأوطار ، ج٩ ، ص٧٩ ٠

وقد تقدَّم الحديث المتفَقُ عليه وفيه : ومَا أُحِبُ أن أكْتوِي[١٠٥]

واته : پێشتر ئەم فەرموودەیەمان باس کرد کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : حەزم بە خۆ داخ کردن نی یە ٠

وفي لفظ آخر : وأنا أنْهَى أُمَّتِي عن الكَيِّ[١٠٦]

واته: لە بێژەیەکی تردا : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : من قەدەغەی ئومەتەکەم دەکەم لە خۆ داخ کردن.

وفي جامع الترمذي وغيره عن عِمران بن حصين ، أنَّ النَّبيَّ _ صلى الله عليه وسلم _ نَهَى عن الكَيِّ قال : فابْتُلِينا فاكْتوينَا فما أفلحْنا ، ولا أنجحنا[١٠٧]٠ وفي لفظ : نُهِينا عن الكَيِّ ... وقال : فما أفْلَحْنَ ولا أنْجَحْنَ [١٠٨]

واته : (عِمران)ی کوڕی (حصین) فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی خۆ داخکردنی کردووەو فەرمووی : توشبوین ، خۆمان داخ کرد ، نەڕزگارمان بوو ، نە دەریشچوین ٠ لە بێژەیەکی تردا : قەدەغەی خۆ داخکردنمان لێکراوەو ... فەرمووی : نە ڕزگاری کردو نەش دەریچاند ٠

---

١٠٥ _ تقدم تخريجه ٠

١٠٦ _ تقدم تخريجه ٠

١٠٧ _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ٤٢٧ ، ٤٣٠) ، وابن ماجة (٣٤٩٠) ، والترمذي (٢٠٤٩) ، كلهم عن الحسن عن عمران بن حصين فذكره

١٠٨ _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ٤٤٤ ، ٤٤٦) ، وأبوداود (٣٨٦٥) كلاهما عن مطرف عن عمران بن حصين فذكره ٠

پێشەوا (الخطابي) فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ (سعد)ی داخکرد بۆ ئەوەی خوێنەکەی بوەستێتەوە ، چونکە لەوە ترسا خوێنی زۆری لێ بچێت و تیابچێت . داخکردنیش لەم دەروازەیدا بەکارهێنراوە ، وەکو ئەو کەسانەی داخ دەکرێن کاتێ دەستیان یا قاچیان دەبڕدرێت .

بەڵام سەبارەت بە قەدەغەی داخکردن ، ئەوەیە کەسێك خۆی داخ بکات بۆ شیفا ، وایان دەزانی ئەگەر خۆی داخ نەکات ، تیادەچیت ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردن لە بەر ئەم نێتە.

گووتراوە : لە ڕاستیدا (عمران)ی کوڕی (حُصَیْن) بە تایبەت قەدەغەی لێکرا ، چونکە نەخۆشی مایەسیری هەبوو ، جێگەشی مەترسیدار بوو ، بۆیە قەدەغەی داخکردنی لێکرد ، وەکو ئەوەی ڕاستی قەدەغەکردنەکە بگەڕێتەوە بۆ جێگە مەترسیدارەکە . خواش زاناترە .

(ابن قتيبة) دەڵێت : داخکردن دوو جۆرە :

١. داخکردنی کەسی تەندروست بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەوێ ، سەبارەت بەم جۆرە گووتراوە : ئەو کەسەی داخ دەکات پەیڕەوی پشت بەستن ناکات ، چونکە دەیەوێت قەدەرو چارەنووس لە خۆی دورخاتەوە .

٢. داخکردنی برین ئەگەر کێمی تێزا ، وە ئەندام ئەگەر بڕا ، لەمەدا شیفا هەیە .

بەڵام ئەگەر داخکردن بۆ تیمارکردن بوو کە پێدەچێ سودبەخش بێت و کاری تێبکات ، پێشدەچێ کاری تێنەکات ، ئەوە لە (الكراهة)وە نزیکە . تەواوبوو .

وثبت في الصحيح في حديث السبعين ألفاً الذين يدخلون الجنَّة بغير حساب أنهم الذين لا يَسْتَرقُونَ ، ولا يكتوُون ، ولا يتطيَّرونَ ، وعلى ربهَم يتوكَّلون(١٠٩) .

واته : له فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتووه که ئەو حەفتا هەزارەی دەچنە بەهەشتەوه بەبێ لێپرسینەوه ئەوانەن که داوا له کەس ناکەن نزای چاکبوونەوەیان بە سەردا بخوێنێ ، داوا له کەس ناکەن داخیان بکات ، رەشبین نین ، پشتیش بەخوای خۆیان دەبەستن .

دەرەنجام دەگەینە ئەو راستیەی که فەرموودەکانی داخکردن چوار جۆر شت له خۆ دەگرێت :

یەکەم : ئەنجامدانی داخکردن .

دووەم : حەز پێنەکردنی .

سێ یەم : ستایشکردنی ئەو کەسەی وازی لێهێناوه .

چوارەم : قەدەغەکردنی .

سوپاست بۆ خوا هیچ دژبەیەکبوونێك له نێوان فەرموودەکاندا بەدیناکرێت ، چونکه ئەنجامدانی بەڵگەی شیاو بونیەتی . حەزپێنەکردنی بەڵگەی قەدەغەکردنی نی یه . ستایشکردنی ئەو کەسەی وازی لێهێناوه ، بەڵگەیه له سەر ئەوەی که وازلێهێنانی شایستەترو چاکترە . قەدەغەکردنیشی دەچێتە بواری هەڵبژاردن و (الكراهة)وه ، یا ئەو جۆرەیه که پێویست نی یه ، بەڵکو بەکاردەهێنرێت له ترسی تووشبوون به نەخۆشی . خواش زاناترە .

---

١٠٩ ــ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٢٧١ ، ٣٢١) ، والبخاري (٤ / ١٩٢) ، (٧ / ١٧٤) ، (٨ / ١٢٤ ، ١٤٠) ، ومسلم (١ / ١٣٧ ، ١٣٨) ، والترمذي (٢٤٤٦) ، كلهم عن حصين بن عبدالرحمن ، عن سعيد بن جبير عن ابن عباس فذكره في حديث طويل .

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی فێدا :

أخرجا في الصحيحين من حديث عطاء بن أبي رباح ، قال : قال ابن عباسٍ : ألا أُرِيكَ امْرَأةً من أهلِ الجَنَّة ؟ قلتُ : بَلى · قالَ : هذه المرْأةِ السَّوْداءُ ، أتَت النبيَّ ﷺ فقالتْ : إنِّي أُصْرَعُ ، وإنِّي أتَكَشَّفُ فادْعُ الله لي ، فقالَ : إنْ شئْتِ صَبَرْتِ ولَكِ الجنَّةُ ، وإنْ شئْتِ دعوتُ الله لكِ أن يُعافِيَكِ ، فقالت : أصبرُ · قالتْ : فإني أتكشَّفُ ، فَادعُ الله أن لا أتكشَّف ، فدعا لها[١١٠] ·

واتە : (عطاء)ی کوڕی (أبي رباح) دەڵێت : (ابن عباس) پێی گووتم : ئایا ژنێکی بەهەشتیت پیشان بدەم ؟ گووتم : بەڵێ · فەرمووی : ئەو ژنە ڕەش پێستەیە ، هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وگوتی : من فێ دەمگرێ و خۆم دەردەخەم بۆم بپاڕێرەوە ، ئەویش فەرمووی : ئەگەر دەتەوێت ئارام بگرە بەهەشتی دەبیت ، ئەگەر دەشتەوێت بۆت دەپاڕێمەوە لە خوای تعالی چارەسەرت دەکات ، گوتی : ئارام دەگرم ، بەڵام خۆم دەردەخەم بۆم بپاڕێرەوە بۆ ئەوەی خۆم دەرنەخەم ، ئەویش بۆی پاڕایەوە ·

دەڵێم ـ (ابن القیم) ـ فێ دوو فێیە : فێیەك بە هۆی ڕوحە پیسە زیانفرۆشە درندەکانی سەر زەویەوەیە ، فێیەکیش بە هۆی نەخۆشی و خەڵتە خراپەکانی لەشەوە · لێرەدا ئەم بەشەی دووەمە کە پزیشکان تیایدا سەرقاڵن و بەدوای هۆو چارەسەریدا دەگەڕێن ·

بەڵام فێی ڕوحە پیسەکان ، پێشەواو ئاقڵ و ژیریان دانی پێدا دەنێن و ، بەدووری دانانێن ، دانیشی پێدا دەنێن کە چارەسەری دەگەڕێتەوە بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ڕوحە شەرفە

١١٠ ـ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١٥٠ ، ١٥١) ، ومسلم (٨ / ١٦) ·

خێرداره بەرزەكان لە گەڵ ئەو ڕوحە پیسە بە گێچەڵە زیان فرۆشـە دڕندانـەدا ، بـە شـێوەیەك پاڵ بە شوێنەوارەكانیانەوە بنێن و ، بەرهەڵسـتی كردەوەكانیـان بكـەن و پوچـیان بكەنـەوە ، ئەمەش لە لایـەن (بقراط)ەوە لـە هەنـدێ لـە كتێبەكانیـدا باسـكراوە ، ئینجـا باسـی هەنـدێ چارەسەر بۆ ڤێ دەكات و ، دەڵێت لە ڕاستیدا ئەمـە بـۆ ئـەو فێیـەی هۆكـاری دەگەڕێتـەوە بـۆ تێكەڵاوو ماددە خراپەكانی لەش بە سوودە ، بەڵام ئەو فێیەی بە هۆی ڕوحە پیسە زیانفرۆشـە دڕندەكانەوە دروست دەبێت ، ئەو چارەسەرەی سەروەمانی بۆ بە سوود نابێت ٠

بەڵام پزیشكە نەفام و سەقەت و سووكەكان و ، ئەوانـەی بەلایانـەوە ئاینـدارێتی ڕووكەشـی بـە ڕواڵـەت (الزندقـة) فەزیڵـەت و چـاكەداریە ، ئەوانـە نكـۆڵیی لـە فێـی ڕوحـە زیانفرۆشـە دڕندەكان دەكەن و ، دانی پێدا نانێن كە كاریگـەری لـە جەسـتەی كەسـی ڤێ لێكراو بكـات و ، هیچ بەڵگەیەكیشیان بە دەستەوە نی یە بەدەر لـە نـەفامی ، ئـەگینا لـە بـواری پزیشـكایەتیدا هیچ شتێك نی یە ئەوە بە دوور دابنێت و نكۆڵیی لـێ بكـات ، هەسـت و بـوونیش شـایەتی بـۆ دەدات ، كـاتێكیش هۆكـاری هـەموو فێیـەكان دەگەڕێننـەوە بـۆ زاڵبـوونی هەنـدێ لـە خەڵتـە خراپەكان بە سەر لەشدا ، بە هەڵەدا چوونە ، چـونكە بۆچـونەكانیان بـە ڕاسـت دادەنرێـت بـۆ هەندێ لە جۆرەكانی ڤێ نەك هەمووی بە تێكڕا ٠

پزیشكە كۆنەكان ناوی ئەم جۆرە فێیەیان نابوو بە : نەخۆشی ئیلاهـی و ، دەشـیانگووت : بە هۆی ڕوحە زیانفرۆشە دڕندەكانەوەیە ٠

بەڵام (جالینوس)و كەسانی تریش ، هەستاون بە لێكدانەوەی ناونانەكەی پزیشـكان كـۆن و ، دەڵێن : لـە ڕاسـتیدا پێیـان گووتـوە نەخۆشـی ئیلاهـی چونكە ئـەم نەخۆشـیە لـە سـەردا ڕوودەدات و ، زیان بە بەشە ئلاهیە پاكەكە دەگەیەنێت كە جێگەكەی دەماغە ٠

هۆكاری ئەو لێكدانەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ نـەفامیان بەرامبـەر بـەو ڕوحـە زیانفرۆشـە دڕندانەو ، حوكمەكانی و ، كاریگەریەكانیان ، پاشان پزیشكە ئاینـدارە بـە ڕواڵەتـەكانیش هاتن و تەنها جۆری یەكەمی فێیان سـەلماند كـە بـە هـۆی تێكـەڵاوە خراپـەكانی لەشـەوە دروست دەبێت ٠

هەرکەسێکیش ژیرێتی و زانیاری هەبێت بەرامبەر بەو ڕوحە زیانفرۆشە دڕندانە پێدەکەنێ بە نەفامی ئەو کەسانەو لاوازی ئەقڵ و ژیریان ٠

خۆچارەسەرکردن لە فێی ڕوحە دڕندە زیان فرۆشەکان :

چارەسەری ئەم جۆرەشیان بە دوو کار دەکرێت : کارێکیان لە لایەن کەسە فێدارەکەوەیە ، کارێکیشیان لە لایەن کەسی چارەسەرکارەوەیە ، بۆیە کاری کەسی فێدار بریتیە لەوەی دەبێت نەفسی بەهێز بێت ، بە ڕاستگۆیی ڕوو لە دروستکارو داهێنری ئەم ڕوحە زیانفرۆشانە بکات و ، بەو دوعاو نزا (صحيح)انەی کە لە سوونەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە دوعاو نزا بکات و پەنا بەخوای پەروەردگار بگرێت ، بە جۆرێك ڕێکەوتن و پێکهاتنی دڵ و زمانی تێدا بەرجەستە ببێت ، چونکە ئەمە جۆرێکە لە جەنگان و ، جەنگاوەریش ناتوانێت تۆڵە لە دوژمنەکەی بکاتەوە مەگەر بە دوو کردار : یەکەمیان پێویستە خودی چەکەکە ڕاست بێت و کەموکوڕی تێدا نەبێت و چاکیش بێت ، دووەمیان دەبێ باڵی ئەو کەسەش بە هێز بێت ، هەرکاتیش دانەیەکیان دواکەوت ئەوا چەکەکە بە تەنها سوودو هێزێکی ئەوتۆی نابێت ، ئەی ئەگەر هەردوو شتەکە نەبوو دەبێ چۆن بێ : ئەو کاتە دڵ کاوڵ دەبێت و جۆرەکانی یەکتاپەرستی و ، پشت بەستن و ، لە خوا ترسان و ، ڕووکردنە خواو ، پاڕانەوەی تێدا نابێت و ، هیچ چەکێکیشی بەدەستەوە نابێت ٠

کەسی چارەسازیش : دیسان دەبێ هەردوو چەکەکەی پێ بێت ، چونکە هەندێ لە چارەسازان تەنها دەڵێن :

(أخرج منهُ) واته لێی بچۆ دەرەوە ، یا دەڵێت : (بسم الله) ، یا دەڵێت : (لا حول ولا قُوَّة إلا بالله) ، کەچی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەیفەرموو : ((اخْرُجْ عَدُوَّ اللهِ ، أنا رَسُولُ اللهِ))[111] .

واته : (لێی بچۆ دەروە ئەی دوژمنی خوا ، من پێغەمبەری خوام)) ٠

پێشەوا (ابن تیمیه) فێدار چارەسەر دەكات :

شێخی پایەبەرزی خۆشمانم دەبینی _ مەبەستی (شیخ الإسلام ابن تیمیة)بوو _ كەسێكی دەنارد بۆ لای كەسی ڤ لێكراو بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەو ڕوحەدا بدوێ كە چۆتە جەستەیەوەو ، ئەو كەسەش دەیگووت : شێخ پێت دەڵێ بچۆ دەروە ، ئەمە حەڵاڵ نی یە بۆ تۆ ، ئیتر كەسی ڤ لێكراو بە هۆشی خۆی دەهاتەوەو ، ڕەنگە خۆشی قسەی لە گەڵ بكردایە ، لەوانەش بوو ڕوحەكە سەركەش و بێ گوێ بوایەو بە لێدان دەیكردە دەروە ، ئەو كاتە ڤ لێكراوەكە بە هۆشی خۆی دەهاتەوەو هەستی بە ئازار نەدەكرد ، ئێمەو كەسانی تری جگە لە ئێمەش چەندین جار ئەوەمان لێوە بینیوە ٠

بەزۆری ئەم ئایەتەی بە گوێی كەسی ڤ لێكراودا دەخوێند ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لا تُرْجَعُونَ ﴾ [المؤمنون : ١١٥] واتە : ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا ﴾ ئایا ئێوە گومانتان وابووە كە بێگومان ئێوەمان بەبێ هودە دروست كردووە ﴿ وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لا تُرْجَعُونَ ﴾ وە بێگومان ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە[112] .

بۆی باسكردم _ واتە (شیخ الإسلام ابن تیمیة) _ كە جارێكیان ئەو ئایەتەی بە گوێی كەسێكی ڤ لێكراودا خوێند ، ڕوحەكە گووتی : بەڵێ و لە گەڵ گوتنیشیدا دەنگی درێژ كردەوە ٠ دارێكم بۆ هەڵگرت و ئەمەندەم بەو دارە بە ڕەگەكانی لای ملیدا كێشا ، تا دەستم

---

١١١ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ١٧٠) ، وابن ماجة (٣٥٤٨) وصححه الألباني في الصحيحة (٨٧٥) ٠

١١٢ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

ماندوو بوو به هۆی زۆری ئەو لێدانەوە ، ئامادەبوانیش هیچ گومانێکیان بەلاوە نەما کە بە هۆی ئەو لێدانەوە دەمرێت ٠ لە کاتی لێدانەکدا گوتی : من خۆشم دەوێ ، منیش پێم گووت : ئەو خۆشی ناوێی ٠ گووتی : من دەمەوێ حەجی پێ بکەم ، منیش پێم گووت : ئەو نایەوێ حەج لە گەڵ تۆدا بکات ، ئەوجا گووتی : لە بەر رێزی تۆ وازی لێدەهێنم ، شێخ فەرمووی : گووتم : بەڵکو بۆ گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی وازی لێبێنە ، گووتی : ئەوا لێی دەچمە دەرەوە ، شێخ فەرمووی : کەسە فێ لێکراوەکە هەستاو ئاوڕێکی بە ڕاست و چەپێ خۆیدا دایەوەو ، گووتی : چ منی هێناوەتە خزمەتی شێخ ؟ ئامادەبوانیش پێیان گووت : ئەی ئەم هەموو لێدانە ؟ گووتی : ئەی لە سەر چ لێی داوم کە هیچ تاوانێکم نی یە ، ئەوەبوو بە هیچ شێوەیەك هەستی بەو لێدانە نەکرد ٠

هەروەها (شَیخُ الإسلام) بە خوێندنی (آیة الکرسي) چارەسەری فێداری دەکردو ، فەرمانیشی بە زۆر خوێندنی دەکرد بۆ _ هەردوو کەسی فێ لێکراو کەسی چارەسەرکاریش _ هەروەها بە خوێندنی ﴿ قُلْ أعوذُ بِرَبِ الفلقِ ﴾ و ﴿ قُلْ أعوذُ بِرَبِ الناسِ ﴾ چارەسەری نەخۆشی دەکرد ٠

بەگشتی ٠ ئەم جۆرە لە فێ و ، هەروەها چارەسەرەکەشی هیچ کەس نکۆڵیی لێ ناکات جگە لە کەسێکی کەم زانست و کەم ئەقڵ ، زۆربەی زاڵبونی ڕوحە پیسە زیانفرۆشەکان بە سەر کەسانی گونجاودا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خواپەرستی و کەمی ئاینیان ، خراپبوونی دڵ و زمانیان سەبارەت بە ڕاستیەکانی زیکرو ، نزاکانی خۆپەنادان بە خواو ، قەڵابەندیەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ و قەڵابەندیە ئیمانیەکان ، بۆیە ئەو ڕوحە پیسە زیانفرۆشە دڕندانە ڕوو بە ڕووی پیاو بێ چەك دەبێتەوەو ، ڕەنگە بە ڕووتی بیبینیت و کاری تێبکات ٠

ئەگەر پەردە لادەيتەوە ، دەبينى زۆربەى نەفسى مرفەكان فيداری ئەو ڕوحە پيسە زيانفرۆشانەن و ، بوونە بە ديلى ژێر دەستيان و ئەويش دەيانبات بۆ هەر جێگەيەك ئارەزووى لێبێت ، كەچى تواناى خۆپاراستن و هەروەها سەپێچيكردنى فەرمانەكانيشى نى يە ، ئەمە گەورەترين فێيە كە كەسى تووش بوو خەبەرى نابێتەوە تا كاتى ماڵئاوايى ، لەوێ دڵنيا دەبێت كە ئەو فيداری ڕاستەقينە بوو ، والله المستعان ٠

چارەسەرى ئەم جۆرە فێيە بە جووتبوونى ئەقڵى تەندروست دەبێت لە گەڵ ئەو ئيمانەدا كە پێغەمبەران هێناويانە ، بەهشت و ئاگر بخاتە بەرچاوى خۆى و بەردەوام لە دڵيدا بن ، بير بكاتەوە لە خەڵكى دونياو ، ئەو تۆڵەو سزاو بەڵايانەى بە سەرياندا دێت و ، لە جێگەكانياندا دادەبەزێت وەكو لێزمەى باران و ، ئەوان ڤێ گرتوونى و خەبەريان نابێتەوە ٠ چەند ئەم جۆرە فێيە بە هێزە ، بەڵام لە بەر گشتيبوونى بەڵاكە تا ئەو ئاستەى تەنها فێدار دەبينرێت ، ئيتر شتەكە بە نائاسايى و نكۆڵيلێكرو تەماشا ناكرێت ، بۆيە بە هۆى زۆربوونى فێدارەكانەوە خۆيان بوون بە نكۆڵيكارى ئەو كەسە چاكانەى كە ڕەوشتى ئەو خەڵكە بە شتێكى نائاسايى تەماشا دەكەن و نكۆڵيى لێدەكەن و كەسى چاكيش بوو بە غەريبە ٠

ئەگەر خواى تعالى ويستى هەبێ چاكەى خۆى بەرامبەر بە بەندەكەى خۆى دەربڕێت ، ئەوا لەم فێيە بە خەبەر دێتەوەو ، تەماشاى كەسانى دونيا ويست دەكات كە ڤێ گرتوونى بەڕاست و چەپدا بە جياوازى چينەكانيانەوە ، كەوا كەسانێك شێتى بە تەواوى كەنەفتى كردووەو ، كەسانێكيشيان جار بەجاريكى زۆر كەم بە خەبەر دێتەوەو ، دواى دەچێتەوە سەر شێتيەكەى خۆى ، كەسانێكيشيان جاريك بەخەبر دێتەوەو جاريكيش شێت دەبێتەوە ، ئەو كاتەى بە خەبەر دێتەوە كردەوەكانى خەڵكانى بە خەبرو ئاقڵ ئەنجام دەدات ، پاشان جارێكى ديكە فێكە دەيگرێتەوەو تووشى سەرلێشێوان دەبێت ٠

بەشێك : سەبارەت بەو فێیانەی بە هۆی خەڵتەكانی لەشەوە دروست دەبن :

بەڵام فیی خەڵتەكان ، جۆرە فێیەكە ڕێگریی لە ئەندامە نەفسیەكان دەكات كە بە كردەوەو جوڵانەوەو ڕاگرتنی ڕێكێتی لەش هەستێت بە ڕێگرتنێكی ناتەواو نیوە ، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵتەیەكی لینج كە ڕێڕەوەكانی ناوەڕۆكی مێشك دادەخات بە داخستنێكی ناتەواو ، بۆیە ڕێگری دەكات هەست و جووڵەی پێدا تێپەڕ بێت و ، هەروەها بە شێوەیەكی تەواو و بەبێ بچڕان و بە بەردەوامی ڕێگری تێپەڕبوونیشی بە نێو ئەندامەكانی تریشدا دەكات ، ڕەنگە هۆكاری تریشی هەبێ وەكو بایەكی چڕ كە لە ڕێڕەوەكانیدا دەوەستێت ، یا هەندێ لە هەڵم و بۆخی خراپ كە لە هەندێ ئەندامەكانی ترەوە بۆی بەرز دەبێتەوە ، یا هەر چۆنیەتیەكی تری توندو تیژ ، بۆیە مێشك كرژ دەبێتەوەو دێتەوەیەك ، بۆ كردنەدەرەوەی ئەو شتە زیانبەخشانە ، لە گەڵیشیدا كرژبوون و هاتنەوەیەك هەموو ئەندامەكانی لەش دەگرێتەوە ، بۆیە چیتر مرۆڤ توانای نامێنێت بە ڕێكیی بوەستێت ، بەڵكو دەكەوێت و ، بە زۆری كەف لە زاریدا دەردەكەوێت ٠

ئەم نەخۆشیە بە یەكێك لە نەخۆشیە توندەكان دادەنرێت بە گوێرەی كاتی ڕوودانی زۆر بە ئازاری بە تایبەت ، هەروەها بە یەكێك لە نەخۆشیە درێژخایەنەكان دادەنرێت بە گوێرەی درێژی مانەوەی و ، قورسی و ناڕەحەتی چاكبوونەوەی ، بە تایبەت ئەگەر ئەو كەسە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی تێپەڕێنێت و ، ئەم نەخۆشیەی لە مێشكدا بێت ، بەتایبەت ئەگەر لە ناوەڕۆكیشیدا بێت ، ئەو كاتە فێیەكە لێی جیا نابێتەوەو بەردەوام لە گەڵیدا دەبێت ، (بِقراط) دەڵێت : فێ لەم جۆرە كەسانەدا دەمێنێتەوە تا دەمرن ٠

پاش زانینی ئەمە ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو ژنەی کە فەرموودەکەی سەرەوە باسی دەکات ، کەوا فێ دەیگرت و خۆی دەردەخست ، پێدەچێ فێکەی لەم جۆرە فێیە بێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی بەهەشتی دایە ئەگەر لە سەر نەخۆشیەکەی ئارام بگرێت و ، بۆشی پاڕایەوە چیتر لە کاتی فێکەیدا خۆی دەرنەخات ، مافی هەڵبژاردنی دایە دەست خۆی لە نێوان ئارام گرتن وبەهەشت و ، لە نێوان ئەوەی دوعای شیفای بۆ بکات بەبێ دەستەبەریەك بۆ چاکبوونەوەی ، بۆیە ژنەکە ئارامگرتن و بەهەشتی هەڵبژارد ٠

ئەوەش بەڵگەی شیاوێتی وازلێهێنانی خۆچارەسەرکردن و خۆتیمارکردنە ، وە چارەسەری ڕوحە زیانفرۆشەکان بە نزاو دوعاو ڕووکردنە خوای تعالی ، کردەوانیکی ئەوتۆ ئەنجام دەدات کە هەرگیز چارەسەری پزیشکان پێی ناگات ، کاریگەری و کردەوەکانی و ، کاردانەوەی سروشت بەرامبەر بەوانە لە کاریگەری دەرمانە جەستەیەکان بەهێزترە ، ئێمەو کەسانی تریش چەندین جار ئەوەمان تاقی کردۆتەوە ، پزیشکانی ئاقڵ و ژیر دانیان بەوەدا ناوە کە کاری هێزە نەفسیەکان و ، کاردانەوەی چاکیان لە چاکبوونەوەی نەخۆشیکاندا ڕۆڵێکی زۆر بەهێزو سەرسوڕمێن دەبینێت ، لەم بوارەدا ئاینداره بە ڕواڵەتەکان(زنادقة)و خەڵکانی سووك و ڕیسواو ، نەفامەکان زۆرترین زیان بە پیشەی پزیشکێتی دەگەیەنن ٠

وادەردەکەوێت فێی ئەو ژنەی لە فەرموودەکەی سەروەدا باسکرا لەم جۆرە بێت ، لەوانەشە لە لایەن ڕوحە بە گێچەڵەکانەوە بێت ، پێغەمبەری خواش ﷺ مافی هەڵبژاردنی نێوان دوو شتی دایە دەست خۆی ، بریتی بوون لە ئارامگرتن لە سەر نەخۆشیەکەو چوونە بەهەشتەوە ، یا بۆی دەپاڕێتەوە خوای تعالی شیفای بدات ، ئەویش ئارامگرتن و داپۆشینی جەستەی هەڵبژارد ٠ والله أعلم ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی نەخۆشی دەردەلاقەدا (عِرْقُ النَّسَا) :

روى ابن ماجة في سننه من حديث محمد بن سِيرين ، عن أنس بن مالك ، قال : سمعتُ رسول الله _ صلى الله عليه وسلم _ يقول : ((دواءُ عِرْقِ النَّسَا أليَةُ شاةٍ أعْرَابِيَّةٍ تُذابُ ، ثمَّ تُجَزَّأُ ثلاثةَ أجزاءٍ ، ثمَّ يُشْرَبُ على الرِّيقِ في كلِّ يومٍ جُزْءٌ))[113].

واتە : (أنس)ی کوڕی (مالك) _ خوای لێ ڕازی بێت_ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((دەرمانی دەردەلاقە دوگێکی مەڕی دەشتەکیە دەتوێنرێتەوە ، پاشان دەکرێتە سێ بەشەوەو ، هەموو ڕۆژێك پێش خواردنی بەیانی بەشێکی دەخورێتەوە)) ٠

دەردەلاقە : ئازارێکە لە جومگەی کلۆتەوە دەست پێدەکات و ، لە پشتەوە دادەبەزێتە سەر ڕان و پێدەچێ دابەزێتە سەر پاژنەی پێ ، چەند ماوەکەشی درێژە بکێشێت ، دابەزینی زۆرتر دەبێ ، لە گەڵیدا هەموو لاق و ڕان لاواز دەبێت ٠ فەرموودەکەی سەرەوە مانایەکی زمانی و ، مانایەکی پزیشکیش دەبەخشێت ٠

مانا زمانیەکەی : بەڵگەی شیاوێتی ناونای ئەم نەخۆشیەیە بە (عِرْقِ النَّسَا) واتە دەردەلاقە بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە ڕێگری لەم ناونانە دەکەن و ، دەڵێن : ووشەی (النَّسَا) خودی ڕەگەکەیەو ، نابێت شت (إضافة) بکرێتە سەر خۆی لە زمانی عەرەبیدا ٠

وەڵامی ئەم بێژەرە بە دوو ڕوو دەدەینەوە : یەکەمیان : ووشەی (العِرْق) واتە ڕەگ و دەمار لە ووشەی (النَّسا) گشتیترە ، بۆیە ئەم ناونانە لە ڕووی (إضافة)کردنی (العام

---

١١٣ _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٦٣) ، وصححه الألباني في الصحيحه (١٨٩٩) ٠

)ەوەیە بۆ سەر (الخاص)واتە گشت بۆ سەر تایبەت : وەکو دەڵێی:(کل الدارهم أو بعضـها)، هەموو دیرهەمەکان یا هەندێکی ٠

دووەمیان : ووشەی (النَّسَا) بریتیە لەو نەخۆشیەی چۆتە نێو (العِرْق)ەوە بۆیە ئـەم (إضـافة)یـە لـە ڕووی (إضـافة)کردنـی شـتێکەوەیە بـۆ جێگەکـەی خـۆی ٠ گـووتراوە : ناونراوە بە (النَّسا) چونکە ووشەکە مانای بیرچوونەوە دەبەخشێت لە زمـانی عەرەبیـداو ئەمەندە ئازارەکەی زۆرە هەموو شتێکی تـر بیر دەباتـەوەو ، ئـەم ڕەگـەش لـە جومگـەی کلۆتەوە دەست پێ دەکات و ، بە خواروو لاق لە پشـتی پاژنـەی پێـوە کۆتـای دێـت لـە بەری ڕاستەوە لە نێوان ئێسکی لاق و ژێیەکاندا (الوتر) ٠ بـەڵام مانـا پزیشـکیەتیەکەی : پێشتر ئامـاژمان پێدا کە گوفتاری پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جۆرە : یەکـەمیان : گشـتی یـە بـە گـوێرەی زەمـەن و ، شـوێن و ، کەسـەکان و ، بارودۆخـەکان ٠ دووەم : تایبـەت بـە گوێرەی ئەم شتانەوە یا هەنـدێکیان ، بۆیـە ئـەم فـەرموودە دەکەوێتـە چوارچێوەی ئـەم بەشەیانەوە ، چونکە فەرموودەکە گوفتارێکە بۆ عەرەب و ، خەڵکی حیجازو ، دەوربەریان ، بەتایبەت عەرەبە دەشتەکیەکان ، کە ئەم چارەسەرە بە سوودترین چارەسەرە بۆیـان ، چونکە ئەم نەخۆشیە بە هۆی ووشکێتیەوە ڕوودەدات ، لەوانەشە بە هۆی مادەیەکی چڕی لینجەوە تووشیان بێت ، بۆیە چارەسەرەکەی بە ڕەوانکردنـەو ، دووگـیش دوو خاسـیەتی تێدایە : پێگەیانـدن و ، نـەرم وشـل کردنـەوە ، ئەمـەش هۆکـارە بـۆ پێگەیانـدن و کردنـە دەرەوەی مادەکە ، ئەم نەخۆشیەش پێویستی بەم دوو شتەیە ٠

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی مەڕی دەشتەکیش لە بەر زۆر کەمێتی کـەم و کورپـەکانی و ، بچوکی بڕیی و ، پاکێتی و نەرم و نیانی ناوەڕۆکی بوو ، بە تایبەت لەوەڕگاکەی کە لـە سـەر ڕووەکە دەشتەکیە گەرمەکان دەڵـەوەڕێت ، وەکـو (الشـیح) و (القیصـوم)و ، ڕووەکـەکانی دیکـە ، چـونکە ئەگـەر ئـاژەڵ لـە سـەر ئـەم ڕووەکانـە لـەوەڕا ، خـووی سروشـتی پـاکی ئـەو ڕووەکانـە دەچـێتە نێـو گۆشـتەکەیەوەو نـەرم و نیـانی و چـاکێتیەکەی زیـاتر دەکـات و ،

خوويەكى سروشتى چاكيش بە گۆشتى ئاژەڵەكە دەبەخشێت ، بەتايبەت دووگ ، دەركەوتنى كاريگەرى ئەم ڕووەكانە لە شيردا زۆرترە بە بەراوردى گۆشتەكەى ، بەڵام دووگ خاسيەتى پێگەياندن و شلْ كردنەوەى لە شير زۆرترە ٠ وەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا دەرمانى زۆربەى نەتەوەكان و دەشتەكان بە دەرمانە تاكەكانەو پزيشكە هينديەكانيش لە سەر ئەم بۆچونەن.

بەڵام نەتەوەكانى ڕۆم و يونان ، دەرمانە تێكەڵەكان بەكار دەهێنن ، بەڵام كۆڕان لە سەر ئەوەى كە كارامەيى پزيشك لەوەدايە بە خۆراك چارەسەر بكات ، ئەگەر بێتوانا بوو ئەوجا بە دەرمانە تاكەكان ، ئەگەر ديسان بێتوانابوو ئينجا بە دەرمانە زۆر كەم تێكەڵاوەكان ٠

پێشتريش ئاماژەمان پێدا كە بە زۆرى عەرەب و خەڵكە دەشتەكيەكان تووشى نەخۆشيە سووكەكان دەبن ، بۆيە دەرمانە سووكەكانيان بۆ دەشىْ ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەى خواردنەكانيان بە زۆرى سادەيە ٠ بەڵام نەخۆشيە تێكەڵاوەكان ، بە زۆرى بەهۆى تێكەڵاوكردنى خۆراكەكان و جۆراوجۆربوونى و جياوازيانەوە ڕوودەدات ، بۆيە دەرمانە ئاوێتەكانى بۆ هەڵبژێردراوە ٠ والله تعالى أعلم ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازى پێغەمبەرى خوا ﷺ لە چارەسەركردنى وشكيى خوو وە چۆنيەتى نەرم و نيان كردنەوەى :

رَوَى التِّرْمِذِيّ فِي " جَامعه " وَابْنُ مَاجَهْ فِي " سُنَنه " مِنْ حَدِيثِ أَسْمَاء بِنْتِ عُمَيْسٍ قَالَتْ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ _ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم _ : " بِمَاذَا كُنْتِ تَسْتَمْشِينَ ؟ قَالَتْ : بِالشُّبْرُمِ ، قَالَ: حَارٌ جَارٌ ٠ قَالَتْ : ثُمّ اسْتَمْشَيْتُ بِالسَّنَا : فَقَالَ : لَوْ كَانَ شَيْءٌ يَشْفِي مِنْ الْمَوْتِ لَكَانَ السَّنَا[١١٤].

١١٤ _ إسناده حسن : أخرجه الترمذي (٣٠٨٢) ، وابن ماجة (٣٤٠١) ٠

واته : (أسماء)ى كچى (عُمَيْس) _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموویەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ پێى فەرمووم : بە چ شتێك خووى خۆت نەرم ونيان دەكەيتەوە ؟ (أسماء) فەرمووى : بە (الشُبْرُم) ، ئەويش فەرمووى : گەرم و توونە . (أسماء) فەرمووى : پاشان خووى خۆمم بە ڕووەكى (السّنا) نەرم و نيان دەكردەوە : پێغەمبەرى خوا ﷺ پێى فەرمووم : ئەگەر شتێك هەبوايە مردنى چاك بكردايەوە ڕووەكى (السّنا) دەبوو.

وفِي سُنَنِ ابْنِ مَاجَهْ " عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ أَبِي عَبْلَةَ قَالَ سَمِعْت عَبْدَ اللّهِ بْنَ أُمّ حَرَامٍ ، وَكَانَ قَدْ صَلّى مَعَ رَسُولِ اللّهِ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ الْقِبْلَتَيْنِ يَقُولُ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللّهِ ﷺ يَقُولُ : عَلَيْكُمْ بِالسّنَا وَالسّنُوتِ ، فَإِنّ فِيهِمَا شِفَاءً مِنْ كُلّ دَاءٍ إِلّا السّامَ ، قِيلَ يَا رَسُولَ اللّهِ وَمَا السّامُ ؟ قَالَ الْمَوْتُ .

واته : له (عبدالله)ى كوڕى (أم حرام)ەوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ كه له خزمەتى پێغەمبەرى خوادا بوو ﷺ ئەو ڕۆژەى نوێژيان بۆ هەردوو قيبلەكە كرد دەفەرمێت : گوێبيستى پێغەمبەرى خوابووم ﷺ دەيفەرموو : (السّنا) و (السّنُوت) بەكاربێنن ، چونكە ئەو دوانە شيفان بۆ هەموو نەخۆشيەك جگە لە (السّام) ، گوترا ئەى پێغەمبەرى خوا ﷺ (السّام) چى يە ؟ ئەويش فەرمووى : مردنە .

فەرمايشتى پێغەمبەرى خوا ﷺ (بماذا كُنتِ تستمشين ؟) واتە : بە چ شتێك خووى خۆت نەرم و نيان دەكەيتەوە تاوەكو ڕێبكات و ئاسايى بێتەوە ، بۆ ئەوەى نەچێتە بارى وەستانەوەو ، تووشى زيان بێت بە بەندبوون و نەتوانايى دەربڕينى ڕازو نياز . بۆيە لێرەدا بە دەرمانى ڕەوانكار گوتراوە ڕێكار . كەسانێكى تريش دەڵێن : چونكە كە خووى ئەو كەسە ڕەوان دەبێتەوەو ، بە زۆرى ڕێدەكات بۆ جێبەجێكردنى پێداويستيەكانى .

فەرمايشتەكەى سەروە بەم شێوەش (ريوايه)ت كراوە : (بماذا تستشفين ؟) واتە بە چ شتێك چارەسەرى خۆت دەكەيت ، ئەويش فەرمووى : بە (الشُّبْرُم) ، كە سەر بە كۆمەڵى

دەرمانە (اليتوعية)كانە[١١٥] ، ئەم دەرمانە بريتيە لە: تويکلی ڕەگی دارێك ، کە گەرم و ووشكە لە پلە چواردا ، چاكترينيان ئەوەیە کە بۆ سورایی دەڕوانێت و ، سووك و ناسك و تەنکە لە پێستی پێچراوە دەچێت ، بە گشتی لە کۆمەڵی ئەو دەرمانانەیە کە پزیشکان ئامۆژگاری وازلێهێنانی دەکەن لە بەر ترسناکی و ، لە بەر ئەوەی لە ڕادەبەدەر ڕەوان دەکاتەوە ٠

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ (حَارٌ جَارٌ) بەم شێوەش هاتووە : (حَارٌ يارٌ) _ (أبوعُبَيد) دەڵێت : عەرەب زۆربەی گوفتارەکانیان بە (ياء) دەردەبڕن بۆیە گووتوویانە : (يارٌ)'

دەڵێم _ (ابن القيم) _ : بە دوو شێوە لێکدراوەتەوە : یەکەمیان : کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (حارٌ جارٌ) بە _ جيم _ : واتە زۆر ڕەوانکار بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بە زۆر گەرم و زۆر ڕەوانکار وەسفی دەکات ، لە بنچینەشدا هەر ئاوەهایە ٠ (أبو حنيفةَ الدِّينَوَرِيٌ) ئەمەی فەرمووە ٠ دووەمیان : _ ئەمەش ڕاستە _ ئەو دەربڕینە لە زمانی عەرەبیدا (الإتباع)ە ، مەبەستی سەرەکیان بەو شێوازی دەربڕینە (تأكيد)کردنی ووشەی یەکەمە کە (حارٌ)ە بە ووشەی دووەم کە (جارٌ)ە ٠ لێرەدا شێوازی ووشەیی مانایی بەکاردەهێنن بۆ (تأكيد)کردن ، بۆیە چاودێری ئەوە دەکەن کە زۆربەی پیتەکانی هەردوو ووەشە لێك بچن بۆ نموونە دەڵێن : (حَسَنٌ بَسَنٌ) واتە : چاكێكی تەواو ، هەروەها گووتویانە : (حَسَنٌ قَسَنٌ) بە قاف ، هەروەها گووتویانە : (شَيْطانٌ لَيْطانٌ) واتە : شەیتانێکی پێوە نوساو ، هەروەها گووتویانە : (حارٌ جارٌ) ووشەی (الجارٌ)یش ئەم مانایە دەبەخشێت : واتە ئەوەی شتێك ڕادەکێشێت ، کاتێ پێوەی دەنوسێت ، بە هۆی زۆر گەرمیەکەی و هێزی ڕاکێشانیەوە ، وەکو ئەوەی دایماڵێت و لێی بکاتەوە ٠ ووشەی (يارٌ)یش یا شێوازە زمانێکی تری (جارٌ)ە بە

---

١١٥ _ اليتوعية : هەموو ڕووەکێکە شیری هەبێت ، بڕوانە : القاموس المحيط للفيروزئابادى ٠ وەرگێڕ

نموونەی هەندێ گوفتاری دیکەیان وەکو (صِهری صِهریج) ، (الصهاری والصهاریج) ، وە یا (إتباع)ێکی سەربەخۆیە لە زمانی عەرەبیدا .

ڕووەکی (السّنا) :

بەڵام ووشەی (السَّنا) ، بە دوو شێوە دەردەبڕدرێت : (المد والقصر) واتە : درێژکردنەوەو کورتکردنەوە ، خۆشی ڕووەکێکی حیجازیەو چاکترینیشیان مەککیەکەیەتی ، دەرمانێکی شەریفەو هیچ دەرنجامێکی خراپیشی نی یە ، نزیکە لە میانجێتیەوە ، گەرم و ووشکە لە پلەی یەکەمدا ، بۆ ڕەوانکردنی هەردوو سەفراو سەودا بە سوودە ، دڵ بە هێز دەکات ، ئەمەش چاکێتیەکی ڕەسەنە بۆ ئەم ڕووەکە ، بە سوودە بۆ نەخۆشی (الوسواس السوداوي)[١١٦] ، بەسوودە بۆ قڵشانی کاتیی پیستی دەست و قاچ ، دەرد دەکاتەوە ، بەسوودە بۆ ڕێگریی لە بڵاوبونەوەی تووک ، بە سوودە بۆ نەهێشتنی ئەسپێ و ، کۆنە ژان (الصُداع العتیق)و ، گولی و ، زیپکەو ، ئاڵووشی وخورووی و ، قێ ، خواردنەوەی ئاوەکەی دوای کوڵان لەوە چاکترە بە کوتراوی بخورێت ، ئەندازەی خواردنەوەی بە قورسی سێ دیرهەمەو ، لە ئاوەکەشی بە ئەندازەی قورسیی پێنج دیرهەمە . ئەگەر هەندێك لە گوڵە وونەوشەو (زهرة البنفسج) مێوژی سووری بێ ناوکی (الزبیب الأحمر) لە گەڵدا بکوڵێنرێت ، چاکتر دەبێ .

---

١١٦ ــ الوَسواس السوداوي : نەخۆشیەکە بە هۆی زاڵبوونی (السوداء)ەوە بە سەر جەستەدا ڕوودەدات بە ئاستێك بیروهۆشی لە گەڵدا تێك دەچێت ، بڕوانە : المصباح المنیر في غریب الشرح الکبیر ، کتاب الواو ، ج٢ ، ل ٦٥٨ . وەرگێڕ .

(الرازي) فەرموويەتی : (السَّنا)و (الشاهترج)[117] خەڵتە سوتاوەکان نەرم و ئاسان دەکەنەوە ، بە سوودە بۆ گولی و خورویی · ئەندازەی خواردنەوەی هەر دانەیەکیشیان بە ئەندازەی قورسی چوار بۆ حەوت دیرهەمە ·

بەڵام (السَّنوت) بە هەشت شێوە مانای لێکدراوەتەوە :

یەکەم : هەنگوێنە ·

دووەم : خۆشاوی هیزەی ڕۆنە کە بە شێوەی خەتگەلێکی ڕەش بە سەر ڕۆنەکەوە دەردەکەوێت · (عَمْرو)ی کوڕی (بَکر السَکسَکي) باسی کردووە ·

سێ یەم : تۆوێکە لە تۆوی ڕەشکە (کمون) دەچێت بەڵام کەمێك جیاوازی هەیە ، (ابن الأعرابي) باسی کردووە ·

چوارەم : (الکمون الکرماني) یە ·

پێنجەم : (الرازیانج) ، (أبوحنیفة الدَّینَوَري) لە زاری هەندێ لە دەشتەکیەکانەوە باسی کردووە ·

شەشەم : شویتە ·

حەوتەم : خورمایە ، (أبوبکر)ی کوڕی (السُّنی) زاناو پێشەوا باسی کردووە ·

هەشتەم : ئەو هەنگوێنەیە کە لە نێو هیزەی ڕۆندایە ، (عبداللطیف البغدادي) باسی کردووە ·

هەندێ پزیشکان گوتویانە : ئەمە شایستەیە بە ماناکەی و ، نزیکیشە لە ڕاستیەوە واتە : (السَّنا)ی کوتراو تێکەڵ بە هەنگوێنی تێکەڵاوبووی ڕۆن دەکرێت ، پاشان دەلسرێتەوەو ئەمەش باشترە لەوەی بە تەنها بەکاربهێنرێت ، چونکە ئەو دووانە ڕۆڵێکی کاریگەریان دەبێت لە چاکردنی (السَّنا)داو ، یارمەتیشی دەدەن بۆ ڕەوانکردن · والله أعلم ·

---

١١٧ ــ الشاهترج : گیایەکی عەلەف و گوڵەکانی سپی مەیلەو سورە · وەرگێڕ ·

وَقَدْ رَوَى التِّرْمِذِيُّ وَغَيْرُهُ مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبَّاسٍ يَرْفَعُهُ : ((إِنَّ خَيْرَ مَا تَدَاوَيْتُمْ بِهِ السَّعُوطُ وَاللَّدُودُ وَالْحِجَامَةُ وَالْمَشْيُ)) واته : (ابن عباس) _ خوا له خۆى وبابيشى رازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((چاكترين شتێك خۆتانى پێ چارەسەر بكەن دەرمانێكە بكرێتە لووت و دەرمانێكە بكرێتە زارو كەڵەشاخ گرتن و رێكردنە)) ٠

فەرمايشتى پێغەمبەرى خوا ﷺ (والمشيُّ) : واتە رێكردن : چونكە رێكردن خووى مرۆڤ بەرِێ دەەخات و نەرم و نيانى دەكات و ئاسانكارى بۆ پاشماوەكانيش دەكات بچنە دەرەوە٠

بەشێك : سەبارەت بە رێبازى پێغەمبەرى خوا ﷺ لە چارەسەركردنى ئاڵووشى وخوروى و ئەوەى ئەسپێ دروست دەكات :

في الصحيحين من حديث قَتادةَ ، عن أنس بن مالك قال : رخَّص رسولُ الله ﷺ لعبدالرَّحمن بن عَوْفٍ ، والزُّبَيْر بن العوَّام _ رضي الله تعالى عنهما _ في لُبْسِ الحريرِ لِحكَّةٍ كانت بهما ٠

وفي رواية : أنَّ عبدَالرحمن بن عَوْف ، والزُّبَير بن العوَّام _ رضي الله تعالى عنهما _ ، شكَوْا القَمْلَ إلى النبي ﷺ ، في غَزاةٍ لهما ، فَرَخَّص لهما في قُمُصِ الحرير ، ورأيتُه عليهما[١١٨]

واتە : لە (أنس)ى كوڕى (مالك)ەوە _ خواى لێ رازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ مۆڵەتى دايە (عبدالرحمن)ى كوڕى (عوف)و ، (الزُّبَير)ى كوڕى (العوَّام) بەوەى ئاورێشم بپۆشن ، لەبەر ئاڵۆشيى و خورويەك كە تووشيان بوو٠

لە (ريوايە)تێكى ديكەدا : (عبدالرحمن)ى كوڕى (عَوْف)و (الزُّبَير)ى كوڕى (العوَّام) _ خوايان لێ رازى بێت _ لە غەزايەكدا ، بە هۆى ئەسپێوە سكالآيان بردە خزمەتى

١١٨ _ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ٥٠) ، ومسلم (٦ / ١٤٣) ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ، ئـەوەبوو ئـەویش مۆڵەتیـدان كراسـی ئاورێشـم بپۆشـن و ، خۆشـم بینـیم كراسە ئاورێشمەكەیان پۆشیبوو ·

ئەم فەرموودەیە دوو لایەن لە خۆ دەگرێت ، یەكەمیان : فیقهی و ، ئەویتریان : پزیشكی ·

بـۆ لایەنـە فیقهێكـەی : ئـەوەی سـوونەتی پێغەمبـەری خـوای ﷺ لـە سـەر جێگیربـووە ڕێپێدراویەتی پۆشینێتی بۆ ژنان بە ڕەهایی و ، حەرامبوونیەتی بۆ پیاوان مەگەر بـۆ پێویسـتی و بەرژەوەندیەكی بە پەسەند دانـراو ، ئـەو پێویسـتیەش یـا بـۆ زۆر ساردیەكەو ، ئـەو مرۆڤـە هیچی تر بەدیناكات بۆ پۆشین ، یا جگە لەو جلە شـتێكی تـری نـی یـە · هـەروەها شیاوە لـە كـاتی نەخۆشـیەكانی گـولی و ، خـورویی و ، زۆریـی ئەسـپێدا بپۆشـرێت ، وەكـو ئـەوەی فەرموودەكەی (أنس) ئاماژەی بۆ دەكات كە فەرموودەیەكی (صحیح)ە ·

بەڵام ڕێپێـدراو : (صـحیح)ترینـی دوو (ریوایـە)تەكـەی ئیمـامی (أحمـد)ەو ، (صـحیح)ترینی دوو گوفتارەكەی ئیمامی (الشافعي)یـە ، چـونكە بنـەڕەت تایبـەت نەكردنـە ، ئەگـەر ئەنجامدانی كارێكیش بۆ كەسانێك لە ئومەت ڕێی پێدرا ، لە بەر هەر هۆ و مانایەك بێـت ، ئـەوا لە سنووری ئەو هێندە دەچیتە دەرەوەو هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە كە هەمان هـۆ و مانایـان تێدا بەدیدەكرێت ، چونكە حوكم گشتی دەبێت بە هۆی گشتیبوونی هۆكارەكەیەوە ·

ئەو كەسانەش قەدەغـەی دەكـەن ، گوتویانـە : فـەرموودەكانی حـەرامكردن گشـتی یـەو ، فەرموودەكانی ڕێگەپێدانیش ئیحتیمالە تایبەت بێت بـە (عبـدالرحمن)ی كـوڕی (عَـوْف) و (الزُّبَیْـر)ەوە ، بـەڵام پێدەچـێ لـە سـنوری ئـەو دووانـە بچـێتە دەرەوەو كەسـانی تـری جگـە لەوانیش بگرێتەوە ، لێرەدا ئەگەر ئیحتیمـالی هـەردوو شـتەكە كـرا ، ئـەوا گشـتێكە شایسـتەتر دەبێ بە وەرگرتن ، بۆیە هەنـدێ لەوانـەی فـەرموودە دەگێڕنـەوە گوتویانـە : ئـیتر نـازانم ئایـا ڕێگەپێدانەكە لە پاشی ئەوان هەموو كەسانی تر دەگرێتەوە ، یاخود نـەء ؟

بۆچونی ڕاست : گشتیبونی موڵەتدانەکەیەو ، هەموو کەسێکی تریش دەگرێتەوە ئەگەر هەمان بەهانەیان هەبێ ، چونکە بۆ گشتاندن نەریتی شەرع بەو جۆرەیە ، بەڵام شەرع ئەگەر حوکمەکەی تایبەت کرد بە کەسێکەوە ئاشکەرای دەکات ، بۆنموونە پێغەمبەری خوا ﷺ کە هاوەڵی بەڕێز (أبوبُرْدة) ویستی قوربانی بە بزنێکی تەمەن هەشت یا نۆ مانگەوە بکات ، پێی فەرموو : ((تجزيكَ ولن تَجْزيَ عن أحدٍ بَعْدَك))[119] واتە : ((بۆ تۆ ئەو بزنە جێگەی مەڕەکە دەگرێتەوە بەڵام بۆ کەسێکی تر جێگەی ناگرێتەوە)) ٠ هەروەها وەکو فەرمایشتی خوای تعالایە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ سەبارەت بە خواستنی ئەو ژنانەی خۆیان پێ دەبەخشی : ﴿ خَالِصَةً لكَ مِن دونِ المُؤْمنينَ ﴾ [الأحزاب : ٥٠] واتە : (ئەمەیان) تەنیا بۆ تۆ دروستە بە جیا لە ئیماندارانی تر[120]

حەرامکردنی ئاوریشم : لە ڕاستیدا دەچێتە بواری داخستنی دەرگای بەهانەوە[121] ، بۆیە بۆ ژنان ڕێگەی پێداوە ، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەك و ، لە بەر بەرژەوەندیەکی پەسەندکراو ، ئەمەش یاسایەکی گشتیە بۆ داخستنی دەرگای بەهانە ، چونکە لە کاتی پێویستی و بەرژەوەندیەکی پەسەندکراودا ڕێگەی پێدەدرێ ، بە هاوشێوەی حەرامکردنی تەماشاکردن بۆ داخستنی دەرگای بەهانە بەرامبەر بەو کەسانەی ویستی ئەنجامدانی

---

١١٩ ـ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ٤٥) عن البراء عن خاله أبي بردة فذكره ، وأخرجه مالك في موطئه (٢٩٨) ، وأحمد (٣ / ٤٦٦) ، (٤ / ٤٥) والدارمي (١٩٦٩) ، والنسائي (٧ / ٢٢٤) كلهم عن بشير بن يسار عن أبي بردة فذكره ٠

١٢٠ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

١٢١ ـ الذرائع : واتە بەهانە کە وسیلەو ڕێگەیەکە بۆ گەشتن بە شت ، ئیتر پێدەچێ ئەو شتەی دەیەوێ پێی بکات خراپەیەك بێت یا بەرژەوەندیەك بێت ، گوفتارێك بێت یا کردارێك بێت ، بەڵام پاشان ناوی (الذرائع) بەزۆری بەکارهێنرا بۆ ئەو وەسیلانەی دەبیت بە مایەی دروستبوونی خراپەیەك ٠ لێرەدا ئەگەر گوترا : ئەوە بواری داخستنی دەرگای بەهانەیە ، ئەوە مانای وایە : دەچێتە بواری قەدەغەکردنی ئەو وەسیلانەوە کە مایەی دروستبوونی خراپەکە ، بڕوانە کتێبی (الوجيز في أصول الفقه) ، الدكتور عبدالكريم زيدان ٠ وەرگێڕ

کردەوەکەیان هەیە ، بەڵام ڕێگە بە هەندێکی دراوە کە پێویستی و بەرژەوەندیەکی پەسەندکراو داوای دەکات وەکو تەماشاکردنی ژن بە نیازی خواستنی ، هەروەها حەرامکردنی نوێژی سوونەت لە کاتە قەدەغەکراوەکاندا بۆ داخستنی دەرگای بەهانە تاوەکو وێچون و شوباهاندنێکی ڕواڵەتی نبێت بەوانەی خۆر دەپەستن ، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیەکی پەسەندکراو هاتە پێش ئاسایە لەو کاتانەدا ئەنجام بدرێت ، هەروەها (ربا الفضل)[١٢٢] حەرام دەکرێت بۆ داخستنی دەرگای بەهانە بەرامبەر بە کارنەهێنانی جۆری (ربا النَّسيئة)[١٢٣] ، بەڵام هەندیکی لە بەر پێویستی ڕێی پێدراوە وەکو (العَرَايا)[١٢٤] ، ئێمەش بە تیروتەسەلی باسی لایەنە حەرام و حەڵاڵەکانی ئاورێشممان کردووە لە کتێبی (التَّخْيير لِما يَحِلُّ وَيَحْرُمُ من لباس الحرير).

بەشێك : سەبارەت بە بواری پزیشکی ئاورێشم :

لەم بوارەدا ئاورێشم لەو دەرمانانەیە کە لە ئاژەڵەوە وەردەگیرێت ، بۆیە بە دەرمانە ئاژەڵەیەکان دادەنرێت ، چونکە لە ئاژەڵ دێتە دەرەوە ، سوودو کەڵکی زۆرە ، پلەو پایەکی

---

١٢٢ ـ ربا الفضل : فرۆشتنی پارەیەکە بە پارەیەکی جۆری خۆی بە زیاتر ، یا فرۆشتنی خواردنێکە بە خواردنێکی جۆری خۆی بە زیاتر ، بۆ نموونە ملوانکەیەکی ئاڵتون (١٢) (مثقال) پاك دەربکات بفرۆشرێتەوە بە (١٣) دیناری ئاڵتونی ، ئەو (مثقال)ە زیادەیە (ربا الفضل)ە ، یا کیلۆیەکی گەنمی کەڵەتی بدرێ بە دوو کیلۆ گەنمی مەکسی ، بڕوانە : پوختەی فیقهی شەریعەت ، مامۆستا طارق هەمەوەندی . وەرگێڕ .

١٢٣ ـ ربا النَّسيئة : ئەو زیادەیەیە کە قەرزدەر وەریدەگرێت لەو کەسەی قەرزەکەی دەدەاتێ بەرامبەر بەو ماوەیەی کە لایەتی بۆ نموونە (١٠٠٠٠٠٠) دیناری دەداتێ بە قەرز بۆ ماوەی مانگێك پاش مانگەکە (١٢٠٠٠٠٠) دیناری لێ دەوێت ، بۆیە ئەو (٢٠٠٠٠٠) دینارە زیادەیە (ربا النسيئة)یە ، بڕوانە : پوختەی فیقهی شەریعەت ، مامۆستا طارق هەمەوەندی . وەرگێڕ .

١٢٤ ـ العَرَايا : بریتی بوو لە بەری دەرخورماگەلێك کە خاوەنەکەی دەیبەخشیە هەژاران ، بەڵام هەندێ جار هەژاران توانای چاوەڕێکردنی پێگەشتنی بەرەکەیان نەدەکرد ، بۆیە دەیانفرۆشت بە خورما ، بڕوانە پوختەی فیقهی شەریعەت ، مامۆستا طارق هەمەوەندی . وەرگێڕ .

گەورەی هەیە ، یەکێك لە خاسیەتەکانی بەهێزکردنی دڵە ، شادومانی دەکات ، بە سوودە بۆ زۆرێك لە نەخۆشیەکانی ، بە سوودە بۆ زاڵبونی (المِرَّة السوداء)و ، ئەو نەخۆشیانەی بە هۆیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت ، ئەگەر چاوی پێ بەڕەژیت بەهێزی دەکات ، خاوەکەی کە لە پیشەسازی پزیشکیدا بەکاردێت _ گەرم و ووشکە لە پلەی یەکدا ٠ دەگوترێت : گەرم و شێدارە لەو پلەیەدا ٠ دەشگوترێت : مام ناوەندە ٠ ئەگەر وەکو پۆشاك بەکار بهێنرێت گەرمیەکی مام ناوەند وەکو میزاجی مادەکە دەبەخشێت و جەستەش گەرم دەکات ، لەوانەشە ساردیەك بە جەستە ببەخشێت کاتێ کە چەوری دەکات و تەندروستی دەکات ٠

(الرازي) دەڵێت : ئاورێشم لە کەتان گەرمترەو ، لە لۆکە ساردترە ، گۆشت زیاد دەکات ، هەموو پۆشاکێکی زبریش ، جەستە لاواز دەکات و ، پیست ئەستور دەکات و بە پێچەوانەشەوە ٠

دەڵێم _ (ابن القيم) _ پۆشاك سێ بەشە : بەشێك جەستە گەرم دەکات و فێنکیشی دەکاتەوە ، بەشێکیش : فێنکی دەکاتەوە بەڵام گەرمی ناکات ، بەشێکی تریش : نەفێنکی دەکاتەوەو نەش گەرمی دەکات ، هیچ شتێکیش نی یە نەگەرمی بکات و نەش فێنکی بکاتەوە ، چونکە ئەوەی گەرمی دەکات شایستەترە بە فێنکردنەوەی ، بۆیە پۆشاکەکانی تووك و خوری گەرم دەکاتەوەو فێنکیش دەکاتەوە ، پۆشاکی کەتان و ئاورێشم و لۆکە فێنك دەکاتەوەو گەرم ناکاتەوە ، پۆشاکی کەتان ساردو ووشکە ، پۆشاکی خوری گەرم و ووشکە ، پۆشاکی لۆکە گەرمیەکەی مام ناوەندە ، پۆشاکی ئاورێشم لە لۆکە نەرمترەو گەرمیشی لە ئەو کەمترە ٠

دانەری کتێبی (المنهاج) دەڵێت : پۆشینی ئاورێشم وەکو لۆکە جەستە گەرم ناکات ، بەڵکو گەرمیەکی مام ناوەندی هەیە ، هەموو پۆشاکێکی ساف و لووسیش ، جەستە کەمتر

گـەرم دەكـات ، هـەروەها كـەمتريش يارمـەتى دەدات بـۆ شـيكردنەوەى ئـەوەى لـە جەسـتە شيدەبێتەوە ، بە پێشتريش دادەنرێت لە هاوين و ، لە وەڵاتە گەرمەكاندا بپۆشرێت ٠

لە بەر ئەوەى ئەوە سيفەتى ئاورێشمەو ، هەروەها هيچ شتێك لە ووشكى و زبرى تێدا نـى يە بە بـەراوردى ئـەوانى تـر ، بۆيـە بـە سـوود بـوو بـۆ خـورويى ، چونكە ئالۆشـى و خـورويى دروست نابێت مەگەر لە گەرمى و ووشكى و زبريەوە ، بۆيە پێغەمبەرى خوا ﷺ مۆڵـەتى دايـە(عبـدالرحمن)ى كـوڕى (عَـوْف) و (الزُّبَيْـر) بيپۆشـن بـۆ چارەسـەركردنى ئـەو ئالۆشـى و خورويەى هەيانبوو ، وە پۆشاكى ئاورێشم دوورترين شتە لە دروسـتكردنى ئەسـپێوە ، چونكە ميزاجى ئاورێشم جياوازە لە مادەكانى تر كە ئەسپێ دروست دەكەن ٠

بەڵام ئەو بەشەى كە نەفێنك دەكەنەوەو نەش گەرم دەكەنەوە ، ئەوانەن كـە لـە ئاسـن و ، قوڕقۆشم و ، دارو ، گلّ و شتى ديكـەى بـەو هاوشـێوانە دروسـتكراوە ، ئەگـەر گـوترا : ئەگـەر پۆشاكى ئاورێشم نێونجێتيترين و گونجاوترين شت بێ بۆ جەستە ، بۆ شەرعى تەواو كـە شـتە چاكەكانى حەڵاڵ كردووەو ، شتە پيسەكانيشى حەرام كردووە ئاورێشميشى حەرام كردووە ؟

دەگوترێت : هەر تايەفەيەك لە موسڵمانان وەڵامێكى جياواز بۆ ئەم مەسـەلە دەخاتـە ڕوو ، بۆيـە ئـەو كەسـانەى كـە نكـۆڵيى لـە حيكمـەت و پاسـاوهێنانەوە دەكـەن كـاتێ ياسـاى پاساوهێنانەوە لە بنەرەتەكەيەوە هەڵگيرا ، چيتر پێويستيان بە وەڵامى ئەو پرسيارە نەبوو ٠

بەڵام جێگيركارانى حيكمەت و پاساوهێنانەوە _ كە زۆرينـەن _ كەسانێكيان وەڵـامى ئـەو پرسيارە دەداتەوە بەوەى شـەريعەت حـەرامى كـردووە بـۆ ئـەوەى نەفسـەكان بەرامبـەرى بـە ئـارام بـن و ، لـە بـەر خـاترى خـواى تعـالى وازى لێبێـنن ، خـواى پـەروەردگاريش پاداشـتيان دەداتەوە بە تايبەت لە جێگەى ئاورێشم شتى تر هەيە بۆ پۆشين٠

كەسانێكیشیان وەڵامی دەداتەوە بەوەی كە لە بنەڕتدا خولقێنراوە بۆ ژنان ، بە هاوشێوەی خۆ ڕازاندنەوە بە زێڕ ، لە سەر پیاوان حەرام كرا لە بەر ئەو خراپەی دروستی دەكات و بریتیە لە خۆچواندن بە ژنان ·

كەسانێكیش دەڵێن : حەرام كراوە چونكە لە خۆبایبون و خۆ هەڵكێشان بەخۆوە شانیزیكرن دروست دەكات·

كەسانێكیش دەڵێن : حەرامكراوە چونكە كاتێ بەر جەستە دەكەوێت مێیەتی و ژنانی بوون دروست دەكات و دژبە دلاوەریی و مێردایەتی و پیاوەتیە · بۆیە ئەگەر بپۆشرێت سیفەتێك لە سیفاتەكانی ژنان دەخاتە دڵەوە ، بۆیە تەماشا دەكەیت هەركەس پۆشیبێتی بێگومان شتێك لە مێیەتی و ژنانی بوون و نەرم وسستی بە خوو ڕەوشتیەوە بەدەردەكەوێت و ناشاردرێتەوە ، بەڕادەیەك ئەگەر لە دلاوەرترین و كەڵترین پیاوەكانیش بێت ، پۆشینی ئاورێشم كەمی دەكاتەوە ، ئەگەر بە یەكجاری نەیبات ، هەركەسیش توانای تێگەشتنی ئەوەی نەبوو ، با ملكەچی شەرع بێت ، بۆیە ڕاسترین گوفتار : حەرامە بۆ بە خێوكاران بیكەن بە بەری منداڵ بۆ ئەوەی لە سەر سیفاتی مێنەو ژنانی بوون پەروەردە نەبێت ·

وقد روى النسائيُّ من حديث أبي موسى الأشعريِّ _ رضي الله عنه _ عن النبيِّ ﷺ أنه قال : ((إنَّ اللهَ أحَلَّ لإناث أُمَّتي الحريرَ والذَّهبَ ، وحَرَّمَه على ذُكورها)) · وفي لفظٍ : ((حُرِّمَ لِباسُ الحَريرِ والذَّهبِ على ذُكورِ أُمَّتي ، وأُحِلَّ لإناثِهِم))[١٢٥]

واتە :(أبي موسى الأشعَري)_ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((خوای تعالى ئاورێشم و زێڕی بۆ مێینەكانی ئومەتەكەم حەڵاڵ كردووەو ، بۆ

---

١٢٥ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (١٧٢٠) ، والنسائي (٨ / ١٦١) ، وصححه الألباني في الإرواء (٢٧٧) ·

نێرەکانیش حەرامی کردووە)) ٠ لە بێژەیەکی تردا : ((پۆشینی ئاورێشم و زێڕ بۆ نێرەکانی ئومەتەکەم حەرام کراوەو ، بۆ مێینەکانیش حەڵاڵ کراوە)) ٠

وفي صحيح البخاري عن حُذيفة قال : نهى رسولُ الله ﷺ لُبْسَ الحريرِ والدِّيباجِ ، وأن يُجلَسَ عليه وقال : ((هُو لهم في الدُّنيا ، ولكم في الآخِرة))(١٢٦)

واتە : (حُذيفة) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی پۆشینی ئاورێشم و دیباج کردووە ، هەروەها لە سەر دانیشتنیشی قەدەغەکردووەو فەرمووی : ((لە دونیادا بۆ ئەوانەو ، لە ڕۆژی دوایشدا بۆ ئێوەیە)).

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی نەخۆشی (ذات الجنب)دا :

روى الترمذي في جامعه من حديث زيد بن أرقمَ أنَّ النبيَّ ﷺ قال : ((تَداوَوا مَنْ ذاتِ الجَنْبِ بالقُسْطِ البَحْري والزَّيتِ))(١٢٧)

واتە : (زید)ی کوڕی (أرقم) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((خۆتان لە نەخۆشی (ذات الجنب) بە (القسط البحري)و زەیت چارەسەر بکەن)).

---

١٢٦ _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ٩٩ ، ١٤٦ ، ١٩٣ ، ١٩٤) ، ومسلم (٦ / ١٣٦ ، ١٣٧) كلاهما عن عبدالرحمن بن أبي ليلى فذكر الحديث عن حذيفة ٠

١٢٧ _ ضعيف : أخرجه أحمد (٤ / ٣٦٩ ، ٣٧٢) ، وابن ماجة (٣٤٦٧) ، والترمذي (٢٠٧٨) ، (٢٠٧٩) كلهم عن ميمون أبي عبدالله عن زيد بن أرقم مرفوعاً ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٢٤١٨) ، وانظر الضعيفة (٣٣٩٦) ٠

(القسط البحري) جۆرە ڕووەکێکە لە هند دەڕوێت بەتایبەت لە کشمیر بازرگانانی عەرەب لە ڕێگەی دەریاوە دەیانهێنایە دورگەی عەرەب بۆیە (القسط البحري) پێ دەگوترا ، هەروەها جۆرێکە لە بخوور بۆ دەرمان بەکاردێت بڕوانە کتێبی ((تهذيب الآثار)) للطبري ، ج٦ ، ل٣٢٦ ٠ وەرگێڕ ٠

نەخۆشی (ذات الجنب) بەلای پزیشکانەوە دوو جۆرە : حەقیقی و نا حـەقیقی ، حـەقیقی : ئاوسانێکی گەرمە لە لایەکانی جەستەدا پەیدا دەبێت لە پەردەی ناوەوەی پەراسـووەکاندا · ناحەقیقی : ئـیش و ئازارێکـە لـە لایـەکانی جەسـتەدا پەیـدا دەبێـت ، بـە هـۆی بایـەکی چـڕی زیانبەخشەوە دەچێتە نێوان پێستەکانی سەرەوەو ژێرەوەدا ، یا لە نێـوان پیسـت و ڕیخۆڵـەدا دەوستێت و(الصفاقات) ، ئازارێك دروست دەكات نزیك

بە ئازاری شێوە حەقیقیەکەیە ، بەڵام ئێش و ئازاری ئـەم بەشـە بـەرین و گوشـادە کـە لـە ڕاستیدا ژانێکی تیژە وەکو ئەوەی دەرزی بچەقێتە شتێك ·

دانەری کتێبی (القانون)فەرموویـەتی : پێدەچـێ لایـەکان و ، نێـوان پیسـتەو پـەردەکانی ژێرەوەو ، ماسولکەکانی سنگ و ، پەراسووەکان و ، دەورویـەریان تووشـی چـەندین ئاوسـانی بەئازاری زیانبەخش ببێت ، بە (الشَوْصة)و ، (البرسـام)و[١٢٨] ، (ذات الجنـب) ناودەبرێـت · پێدەچێ هەندێ ئازاری تر لەم ئەندامانەدا هـەبێت بـەڵام بـە هـۆی ئاوسـانەوە نـەبێت ، بـەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بایەکی چڕ ، واگومان دەبرێت لەم نەخۆشیەیە ، بەڵام لە ئەویش نی یە ·

فەرموویەتی : بزانە هەموو ئێش و ئازارێك لە لایەکانی جەسـتەدا ڕەنگـە بـە (ذات الجنـب) ناوبرێـت وەکـو داتاشـانێك لـە جێگـەی ئازارەکـەوە ، چـونکە مانـای (ذات الجنـب) واتـە : (صاحبة الجنب) ، مەبەستیش لێرەدا ئازاری لایەکی مرۆڤە ، بۆیە ئەگـەر هـەر ئـێش و ئازارێـك لە لایەکانی مرۆڤدا ڕوویـدات دەدرێتـە پـاڵ ئـەو نەخۆشـیەو پێـی دەگوترێـت (ذات الجنـب) ، بۆیە کە (بِقـراط) گوتویـەتی : نەخۆشـەکانی (ذات الجنـب) سـوودلە خۆشـتن وەردەگـرن ·

---

١٢٨ ــ برسام : نەخۆشیەکە خاوەنەکەی تووشی وڕینە دەکات ، گوترلوە ئاوسانێکی گەرمە تووشی پەردەی نێوان جگەرو ڕیخۆڵە دەبێت ، بڕوانە : تفسير الطبري ، ج٣ ، ص ٤٥٤ ، وەرگێڕ ·

هەروەها برسام : ئاوسانی ئەو پەردەیەیە کە دەوری سیەکان دەدات ، بڕوانە : قاموس فرنسي عربي إنكليزي ، ج١ ، ص ٨٤٠ · وەرگێڕ

گوتراوه : مەبەستی (بِقراط) هەموو ئەو کەسانە بوو کە هەست بە هەر ئێش و ئازارێك لە لایەکانی جەستەیاندا دەکەن ، یا هەست بە ئازاری سیەکانیان دەکەن بە هۆی تێکچونی میزاجەوە ، یا بە هۆی خەڵتەیەکی چڕەوە ، یا چووزێنەروە بەبێ ئاوسان و بەبێ (تا) ٠

هەندێ لە پزیشکان گووتویانە : مانای (ذات الجنب) لە زمانی یونانیەکاندا ، بریتیە لە ئاوسانی گەرمی لای مرۆڤ ، هەروەها ئاوسانێکی یەك بە یەکی ئەندامەکانی سکی مرۆڤ دەگرێتەوە ، لە ڕاستیدا (ذات الجنب) بە ئاوسانی ئەو ئەندامە ناودەبرێت ئەگەر تەنها ئاوسانێکی گەرم بوو.

(ذات الجنب)ی حەقیقی پینج نیشانەی هەیە : بریتین لە (تا)و ، کۆکین و ، ژانی تیژ وەکو ئەوەی دەرزی بچەقێتە شتێك ، تەنگە نەفەسی و ، لێدانی خوێن بەری قوڵ ٠

ئەو چارەسەرەی لە فەرموودەکەی سەروەدا هاتووە ، تایبەت نی یە بەم بە شەوە ، بەڵکو تایبەتە بە بەشی دووەمەوە کە لە ئەنجامی بایەکی چڕەوە دروست دەبێت ، لێرەدا داری هندی ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر وردی نەرم بکوترێت و ، تێکەڵ بە زەیتی گەرم بکرێت و ، شوێنی باکەی بە جوانی تێکریت و بیشێلیت ، یا بلێسرێتەوە ، دەرمانێکی گونجاوی ئەو نەخۆشیە دەبێت ، بۆی بە سوود دەبێت ، مادەکانی شیدەکاتەوەو ، لایدەبات ، بەهێزە بۆ ئەندامەکانی نێو سك ، کونیلە داخراوەکان دەکاتەوە ، لە گەڵ چەندین سوودی تر کە ئەو دارە هیندیە (القسط البحري) بەدیدەهێنێت ٠

(المسبحيُّ) دەڵێت : (القسط البحري) : گەرم و ووشکە ، قەبزکاری سکە ، ئەندامەکانی ناوەوەی سك بەهێز دەکات ، با ناهێڵێت ، کونیلە داخراوەکان دەکاتەوە ، بە سوودە بۆ نەخۆشی (ذات الجنب) ، زیادەی شێ و تەڕی ناهێڵێت ، بۆ مێشك بەسوودە ٠ دەڵێت : پێدەچێ (القسط البحري) بۆ (ذات الجنب)ی حەقیقیش بە سوود بێ ، ئەگەر هۆکاری دروستبوونەکەی مادەیەکی بەڵغەمی بوو ، بە تایبەت لە کاتی کەمبوونەوەی نەخۆشیەکەدا ٠ والله أعلم.

(ذات الجنب) نەخۆشیەکی مەترسیدارە، وَفِي الْحَدِيثِ الصَّحِيحِ : عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ، أَنَّهَا قَالَتْ : بَدَأَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِمَرَضِهِ فِي بَيْتِ مَيْمُونَةَ : وَكَانَ كُلَّمَا خَفَّ عَلَيْهِ ، خَرَجَ وَصَلَّى بِالنَّاسِ ، وَكَانَ كُلَّمَا وَجَدَ ثِقَلًا قَالَ : مُرُوا أَبَا بَكْرٍ فَلْيُصَلِّ بِالنَّاسِ[١٢٩] ، وَاشْتَدَّ شَكْوَاهُ حَتَّى غُمِرَ عَلَيْهِ مِنْ شِدَّةِ الْوَجَعِ ، فَاجْتَمَعَ عِنْدَهُ نِسَاؤُهُ ، وَعَمُّهُ الْعَبَّاسُ ، وَأُمُّ الْفَضْلِ بِنْتُ الْحَارِثِ ، وَأَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ ، فَتَشَاوَرُوا فِي لَدِّهِ ، فَلَدُّوهُ وَهُوَ مَغْمُورٌ ، فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ ، مَنْ فَعَلَ بِي هَذَا ، هَذَا مِنْ عَمَلِ نِسَاءٍ جِئْنَ مِنْ هَا هُنَا ، وَأَشَارَ بِيَدِهِ إِلَى أَرْضِ الْحَبَشَةِ ، وَكَانَتْ أُمُّ سَلَمَةَ وَأَسْمَاءُ لَدَّتَاهُ، فَقَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ خَشِينَا أَنْ يَكُونَ بِكَ ذَاتُ الْجَنْبِ . قَالَ " فَبِمَ لَدَدْتُمُونِي " ؟ قَالُوا : بِالْعُودِ الْهِنْدِيِّ وَشَيْءٍ مِنْ وَرْسٍ وَقَطَرَاتٍ مِنْ زَيْتٍ . فَقَالَ " مَا كَانَ اللَّهُ لِيَقْذِفَنِي بِذَلِكَ الدَّاءِ " ثُمَّ قَالَ " عَزَمْتُ عَلَيْكُمْ أَنْ لَا يَبْقَى فِي الْبَيْتِ أَحَدٌ إِلَّا لُدَّ إِلَّا عَمِّي[١٣٠] .

واتە : (أمّ سَلَمة) _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵی (میمونة)دا نەخۆش کەوت ، ئەوەبوو هەرکاتێك نەخۆشیەکەی سووك بوایەتەوە ، دەچووە دەرەوەو نوێژی بە خەڵکەکە دەکرد ، چ کاتێکیش هەستی بەلەش قورسی بکردایە ، دەیفەرموو :فەرمان بدەن با (أبابكر) نوێژ بە خەڵکەکە بکات ، پاشان ئازارەکەی توند بۆوە تا لە بەر زۆری ئێش و ئازار بورایەوە ، خێزانەکانی لە خزمەتیدا کۆبوونەوە ، (العباس)ی مامی و ، (أُمَ الفضْل)ی کچی (الحارث)و ، (أسماء)ی کچی (عُمَيس)یش هاتنە خزمەتی ، ڕاوێژیان کرد سەبارەت بەوەی دەرمانی بتکێنە زار ، ئەوەبوو دەرمانیان تکانە زاری موبارەکی کاتێك بورابۆوە ، کە بە هۆش خۆی هاتەوە ، فەرمووی : کێ ئەمەی پێکردوم ، ئەمە کاری ژنانێکە لێرەوە هاتوون و ، بەدەستی ئاماژەی بۆ خاکی حەبەشە کرد ، ئەوەبوو (أمُّ سَلَمة)و (أسماء) دەرمانەکەیان تکاندبووە زاری ، فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا لەوە ترساین نەخۆشی (ذات الجنب)ت تووش بوبێ ٠ فەرمووی: دەرمانەکە چ بوو لە زارتان

---

١٢٩ _ سبق تخريجه ٠

١٣٠ _ سبق تخريجه ٠

كردم ؟ فەرموویان : بە (القسط البحري)و ، هەندێك لە گژوگیای ئەسپەك و(الورس) چەند دڵۆپەیەك لە زەیت · فەرمووی : خوای تعالى تووشی ئەو نەخۆشیەم ناكات ، ئینجا فەرمووی: بڕیارم داوە جگە لە (العباس)ی مامم هەركەسێك لەمماڵەدا بیّ دەرمانی بتكێنرێتە زار ·

وفي الصحيحين عن عائشة _ رضي الله عنها _ قالت : لَدَدْنا رسولَ الله ﷺ ، فأشار أن لا تَلُدُّوني ، فقلنا : كراهيةُ المريض للدواء ، فلما أفاق قال : ألم أنْهَكُمْ أن تَلُدُّنِي ، لا يَبقَى منكم أحدٌ إلا لُدَّ غَيْرَ عمِّي العباس ، فإنَّه لم يَشْهدْكُم[131]

واتە : لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : دەرمانمان تكاندە زاری موبارەكی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئاماژەی بۆ كردین كە دەرمان مەتكێنە زارم ، ئێمەش گوتمان : هەرگیز نەخۆش حەزی بە دەمان نەبووە ، كە بە هۆش خۆی هاتەوە فەرمووی : ئەی قەدەغەم نەكردن كە دەرمانم نەتكێنە زار ، بە دەر لە (عباس)ی مامم ، كە هاوبەشی نەكردن ، هەركەس لەم ماڵەدا بیّ دەرمانی دەكێنرێتە زار ·

(أبوعبيد) لە (الأصمعيِّ) دەگێڕێتەوەو دەڵێت : ووشەی (اللَّدُودُ) : ئەو دەرمانەیە كە دەتكێنرێتە لایەكی زاری نەخۆش ، ووشەكەش لە (لَدِيدَي الوادي)وە وەرگیراوە واتە : هەردوو لای چەمێك · بەلام ووشەی (الوَجُورُ) واتە : دەرمانێك كە بتكێنرێتە ناوەڕاستی زار ·

دەڵێم _ (ابن القيم) _ ووشەی (اللَّدود) • بالفتح : ئەو دەرمانەیە كە دەتكێنرێتە زار · بەڵام (السَّعُوطُ) : ئەو دەرمانەیە كە دەكرێتە لووتی نەخۆش ·

ئەو فیقهەی لەم فەرموودەیەوە دەستگیرمان دەبێت بریتیە لە سزادانی تاوانكار بە هاوشێوەی ئەو كردارەی خۆی ئەنجامی داوە ، ئەگەر كردوەكەی حەرام نەبێت و مافی خوای نەشكاندبێت ، ئەمەیە ڕاستی بڕیار لە سەر دراو لەبەر زیاتر لە دە بەڵگە كە لە شوێنێكی تردا

١٣١ _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠ / ١٤٠) ، ومسلم (٢٢١٣) ·

ئاماژەمان پێداوە ، هەروەها ئیمامی (أحمد)یش بڕیاری لە سەر داوەو ، جێگیریش بووە لە هەر چوار جێنشینەکەی پێغەمبەری خواوە ﷺ، هەروەها مەسەلەکە بە (القصاص) لێك دەدرێتەوەو بەکاردەهێنرێت لە بواری شەپازللەو لێداندا ، بە بەڵگەی چەند فەرموودەیەك کە لەم بارەوە هاتوون و بەبێ هیچ بەرهەڵستکارێك ، بۆیە پێویستە کار بەم گوفتارە بکرێت .

بەشێك : سەبارەت بە ڕێنمایەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بواری چارەسەرکردنی سەرئێشەو نیوەسەر ئێشەدا (الشقیقە):

روى ابن ماجة في سننه حديثاً في صحته نظر : أن النبي ﷺ كان إذا صُدِعَ ، غَلَّفَ رأسه بالحنَّاءِ ، ويقول : : ((إِنَّهُ نافعٌ بإذنِ الله من الصُّداعِ))[١٣٢]

واتە : پێشەوا (ابن ماجة) لە (سنن)ەکەیدا فەرموودەیەك لە دەگێڕێتەوە کەوا : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر سەرئێشە بیگرتایە ، سەری لە خەنە دەگرت و ، دەیفەرموو : ((بە ئیزنی خوای تعالی بەسوودە بۆ سەرئێشە)) .

سەرئێشە : ئێش و ئازارێکە هەندێکی سەر یا هەمووی دەگرێتەوە ، بۆیە ئەگەر سەرئێشەکە لایەکی سەر بگرێتەوەو ئازارەکەی بەردەوام بوو ئەوا بە (الشقیقة) ناودەبرێت ، بەڵام ئەگەر سەرئێشەکە تێکڕای سەر بگرێتەوەو ئازارەکەی بەردەوام بوو بە (بَيضَةً) و (خُوذَةً) ناودەبرێت ، چونکە چوێندراوە بە ئەو خودە ئاسنینەی کە سەرباز بە سەری دەکات و هەموو سەر دادەپۆشێت ، پێدەچێ جاربەجار ئازارەکە پشتەوە یا پێشەوەی سەر بگرێتەوە .

---

١٣٢ ـ إسناده حسن : أخرجه أبوداود (٣٨٥٨) ، وابن ماجة (٣٥٠٢) ، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٤٨٦٠) .

سەرئێشە جۆری زۆرەو هۆکاری دروستبوونیشی جیاوازە . حەقیقەتی سەرئێشەش : گەرم بوونی سەرە ، بە هۆی ئەو هەڵمانەی لە سەردا دەخولێتەوەو دەیەوێت لێی بچێتە دەرەوەو ، ڕاڕەوێك نادۆزیتەوە بۆ چوونەدەر ، بۆیە سەر دەئێشێنێت و هۆشیاریش لاواز دەکات ، کاتێ کە هەموو شتێك لە سەردا گەرم دەکات و یستی چوونە دەرەوەی دەکات ، چونکە هەموو شتێکی تەڕو شێدار ئەگەر گەرم بوو ئەوا ویستی جێگەیەکی فراوانتر دەکات لەو جێگەیەی تیایدایە ، بۆیە ئەگەر هەڵمەکە تێکڕای سەری داپۆشی بە جۆرێك چیتر توانای نیشتنەوەو شیبوونەوەی نەبێت و ، لە سەردا سوڕایەوە ، بە (السَّدر) ناودەبرێت.

سەرئێشەش لە ئەنجامی هۆکارەوە ڕوودەدات :

یەکەم : بە هۆی زاڵبوونی یەکێك لە مادەکانی (الصفراء) ، (السوداء) ، خوێنی ، بەڵغەمی بە سەر جەستەدا .

دووەم : لە ئەنجامی چەند برینێکەوە کە لە گەدەدا دروست دەبێت ، بۆیە بە هۆی ئەو برین هەڵتۆقانەوە سەر دەئێشێت چونکە ئەو دەمارەی لە سەرەوە شۆڕبۆتەوە لە گەڵ گەدەدا پەیوەندە .

سێ یەم : لە ئەنجامی بایەکی چڕەوە کە لە گەدەدا دروست دەبێت ، بۆ سەر بەرزدەبێتەوەو دەیئێشێنێت .

چوارەم : سەرئێشەیەك لە ئەنجامی پڕبوونی گەدەوە بەخواردن دروست دەبێت ، پاشان دادەبەزێت و هەندێکیشی بەبێ پێنەگەشتن و بەبێ هەرسبوونی تەواو دادەبەزێ ، ئەوەش سەردەئێشێنێت و قورسی دەکات .

پێنجەم : سەرئێشەیەك دوای جووتبوونی خێزان دروست دەبێ لەبەر شلۆق بوونی باری جەستە ، وە گەرمی هەواکەی زیاد لە ئەندازەی پیویست پێدەگات .

شەشەم : سەئێشەیەك پاش ڕشانەوەو بەتاڵبوونی سك دروست دەبێ ، یا بەهۆی زاڵبوونی باری ووشکێتی بەسەر جەستەدا ، یابەهۆی بەرزبوونەوەی شێ و بۆخی نێو گەدەوە بۆ سەر.

حەوتەم : سەرئێشەیەك بەهۆی زۆرگەرمی باری گەش و هەواوە .

هەشتەم : سەرمابوونی زۆرو ، چڕبوونەوەی شێ و بۆخ لە سەرداو شینەبوونەوەی ٠

نۆیەم : بەهۆی شەونخونی و شەو دانیشتنەوە تا کاتێکی درەنگ ٠

دەیەم : بەهۆی پەستانێکی زۆرەوە کە دەخرێتە سەر سەرو هەڵگرتنی شتی قورس بەسەر ٠

یازدەیەم : بەهۆی زۆر قسەکردنەوە ، هێزی دەماغ لاواز دەبێت ٠

دوازدەیەم : بەهۆی زۆر جەڵانەوەو وەرزشی لەڕادەبەدەرەوە ٠

سیازدەیەم : بەهۆی نەخۆشیە نەفسیەکانەوە وەکو خەم و ، پەژارەو ، خەفەت خواردن و ، دودڵیی و ، بیرکردنەوەی خراپ ٠

چواردەیەم : بەهۆی زۆر برسێتیەوە ، چونکە هەڵم و بۆخەکان شتێك نادۆزنەوە کاری لێ بکات ، ئیتر زۆر دەبێت و ، بەرزدەبێتەوە بۆ مێشك ٠

پازدەیەم : هۆی ئاوسانی پەردەکانی مێشکەوە ، تووشبوو بەم نەخۆشیە هەست دەکات یەکێك بە چەکوش بە سەریدا دەکێشێت ٠

شازدەیەم : بەهۆی (تا) بەرزبوونەوەوە بۆیە هەست بە ئازار دەکات ٠ والله أعلم ٠

بەشێك : سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرئێشەی (الشقيقة) :

هۆکاری سەرئێشەی (الشقيقة) مادەیەکە لە خوێنبەرەکانی سەردا هەر خودی خۆی دروست بووە ، یا بۆی بەرزبۆتەوەو ، لایەکی لاوازی سەر وەریدەگرێت ، ئەو مادەش یا هەڵمیە ، یا تێکەڵاوگەلێکی گەرم یا سارده ، نیشانە تایبەتیەکەشی لێدانی خوێنەرەکانە ، بە تایبەت ئەگەر هۆکارەکەی خوێنی بوو ، بۆیە ئەگەر بە شتێك سەر بە توندی ببەسترێت و ، لێدانی خوێنبەرەکان قەدەغە بکرێت ، ئێشەکە دەوەستێت ٠

(أبونعيم)لە کتێبی (الطب النبوي)دا فەرموویەتی: ئەم جۆرە تووشی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبوو ، ڕۆژو دوو ڕۆژ دەمایەوەو نەدەچووە دەرەوە ٠

وفيه : عن ابن عباس قال : خطبنا رسول الله ﷺ وقد عَصَبَ رأسه بِعِصَابَةٍ .
واته (أبونعيم) له كتێبی (الطب النبوي)دا دەگێڕێتەوە كەوا : (ابن عباس) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ ووتاری بۆ دەداین و بە سەرپێچێك سەری بەسبوو ٠

وفي الصحيح : أنه قال في مرض موته : ((وَارَأْسَاهُ))[١٣٣] .
واته : پێغەمبەری خوا ﷺ لە نەخۆشی مردنەكەیدا فەرمووی : ((ئای سەرم)) ٠ لە نەخۆشیەكەیدا بە سەرپێچێك سەری دەبەستەوە ، سەربەستنیش بەسوودە بۆ ئازاری (الشقيقة)و جۆرەكانی تری ئازارەكانی سەر ٠

بەشێك : سەبارەت بە چارەسەركردنی سەرئێشەی (الشقيقة) :

چارەسەری (الشقيقة) جیاوازە بەپێی جیاوازی جۆرەكانی و ئەو هۆكارانەی دروستیان دەكات ، بۆیە هەندێكیان بە بەتاڵكردنەوەی مادەیەك دەبێت ، هەندێكی تریان بەخۆراك خواردن دەبێت ، هەشە چارەسەركردنی بە سرەوتن و پشودانە ، هەشە چارەسەركردنی بە بەستنە ، هەشە چارەسەركردنی بە فێنك كردنەوەیە ، هەشە چارەسەركردنی بە گەرم كردنە ، هەندێكیشیان چارەسەركردنی بە دووركەوتنەوەیە لە بیستنی دەنگ و غەڵبەغەڵب و جوڵانەوە ٠

پاش زانینی ئەوانە ، دەبێ بزانین چارەسەری سەرئێشە لەو فەرموودەیەدا بە خەنەیە ، ئەمەش چارەسەرێكی جوزئیە نەك گشتی ، چارەسەری جۆرێكە لە جۆرەكانی ، چونكە سەرئێشە ئەگەر لە گەرمابونێكی زۆرەوە بێت و ، لە مادەیەكەوە نەبێت پێویست بە بەتاڵكردنەوە بكات ، ئەوا خەنەی زۆر بۆ بەسوودە دەبێت ، ئەگەر گیای خەنە بكوترێت و لە

---

١٣٣ _ صحيح : أخرجه البخاري (١٠ / ١٠٥) ٠

گەڵ سرکەدا (الخل) بە تەوێڵەوە ببەسترێت ، ئێشەکەی دەنیشێتەوە ، وە هێزێکی باشی تێدایەو گونجاوی دەمارە کە ئەگەر بۆی بەکاربێت ، ئێشەکەی دەوەستێنێت ، خەنەش تەنها تایبەت نی یە بە سەرئێشەوە ، بەڵکو بۆ هەموو ئەندامەکان بەکاردێت ، چونکە گرتن و گوشینێکی تێدایە کە ئەندامەکانی پێ بەهێزو پتەو دەکرێت ، ئەگەر بخرێتە سەر شوێنی ئاوسانی گەرم ، دەنیشێنێتەوەو ئازاری نامێنێت ٠

وقد روى البخاري في تاريخه ، وأبوداود في السنن أنَّ رسولَ الله ﷺ ما شكا إليه أحدٌ وجَعاً في رأسه إلا قال له : ((احْتَجِمْ)) ، ولا شَكى إليه وجَعاً في رجلَيه إلا قال له : ((اخْتَضِبْ بالحَنَّاء))[١٣٤].

واتە : ئیمامی (البخاري) لە (تاريخ)ەکەیداو ، ئیمامی (أبوداود)یش لە (سنن)ەکەیدا دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکەسێك سەرئێشانێکی خۆی لەخزمەتی پێغەمبەری خوادا سکاڵا بکردایە پێی دەفەموو : ((کەڵەشاخ بگرە)) ، هەرکەسیش باسی قاچ ئێشەیەکی خۆی لە خزمەتیدا بکردایە پێی دەفەرموو : ((خەنەی تێگرە)) ٠

وفي الترمذي عن سلمى أمّ رافعٍ خادمةِ النّبيّ ﷺ قالت كانَ لا يصيبُ النّبيَ ﷺ قرحةٌ ولا شوكةٌ إلا وضعَ عليها الحنّاء ٠

واتە : لە (سلْمَى أُم رافع)ی خزمەتکاری خواوە ﷺفەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ هەر برینێك یا دڕکێکی تووش بوایە ، خەنەی تێدەگرت ٠

---

١٣٤ ــ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٣٨٥٨) ، وأحمد (٦ / ٤٦٢) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود (٣٢٦٧) ٠

بەشێك : سەبارەت بە خەنەو سوودو خاسیەتەکانی :

خەنە سارده له یەکەمدا ، ووشکه له دووەمدا ، هێزی داری خەنەو لقەکانی پێکاتووە لە هێزێکی شیکەرەوە لە ناوەڕۆکێکی ئاویەوە وەریگرتووە کە تیایدایەو ، گەرمە بە مام ناوەند ، هەروەها هێزیی بریتیە لە هێزێکی گرتن و گوشین لە ناوەڕۆکێکی خاکیەوە وەریگرتووە کە تیایدایە ٠

لە گرنگترین سوودەکانی ئەوەیە کە ئەو ئاوسان و هەڵتۆقانەی بەهۆی ئاگر سووتاندنەوە دروست دەبێت دەینیشێنێتەوەو نایهێڵێت ، هەروەها هێزێکی گونجاوی هەیە بۆ دەمار ئەگەر تێی هەڵسوێنرێت ، ئەگەر بجوێنرێت بەسوود دەبێت بۆ برینی زارو ئەو پیزۆکانەی تووشی دەبێت ٠ ئەو زیپکانەی لە نێو زاری منداڵاندا دەردەچن چاك دەکاتەوە ، ئەگەر بخرێتە سەر ئاوسانی گەرمی بە ئازار بۆی بە سوود دەبێت ، لە سارێژکردنەوەی برینەکاندا بە هاوشێوەی (دم الأخوَين)[١٣٥] کاریگەری دەبێت ، ئەگەر گوڵ و خونچەی (نورهُ) لە گەڵ مێوی پاڵێوراو (الشّمع المصفّى) ، لە گەڵ ڕۆنی کوڵدا (دهنِ الوردِ) تێکەڵ بۆ ئازاری هەردوو لای مرۆڤ بەسوود دەبێت ٠

---

١٣٥ _ دم الأخوَين : چەندین ناوی دیکەشی هەیە وەکو (دم الغزال ، دم الثعبان ، صمغ البلاط ، دم التنين ، عروق حمراء ، الشيان ، الأيدع) ، بەڵام لە ڕاستیدا ماددەیەکی صمغیەو ، لە درختێکەوە دەردەهێنرێت کە بەزۆری لە دورگەی (سوقطري) سەر بە وەڵاتی یەمەن دەڕوێت ، ئەم درەختە نزیکەی هەشت متر بەرزەو ، ملی درەختەکە درێژەو دڕکی درێژی ڕەشی پێوەیە ، گوڵگەلێکی بچوکی هەیەو ، بەرەکەشی بچوکەو بە بەرگێکی ڕەشی درەوشاوە داپۆشراوەو ، هەر بەرێك یەك دانە تۆوی شێوە هێلکەیی و ڕەنگ ڕەشی تێدایە ، ئەو بەشەی لەم درەختە بەکاردێت ، ماددە صمغیەکەیەتی کە لە توێکڵی درەختەکەو بەرگی تۆوەکەوە دەردەهێنرێت و ، ڕەنگی سورێکی تێرە ٠ بڕوانە : www.khymanet

لە خاسیەتەکانی دیکەی ئەگەر سەرەتای نەخۆشی ئاوڵە لە منداڵدا بەدەرکەوت و ، ژێرەوەی پێکانی خەنەی تێهەڵسوێنرێت دڵنیا دەبیت کە چیتر لە چاوەکەنیدا بەدەرنایەت ، ئەمەش ڕاستەوە تاقیکراوەتەوە بەبێ هیچ گومانێك · ئەگەر گوڵ و خونچەی (نورةُ) لە نێو لوچ و پێچەکانی پۆشاکی خوریدا دابنرێت بۆن خۆشی دەکات و ، مۆرانەی لێ قەدەغە دەکات ، ئەگەر گەڵاکانی بخرێتە نێو ئاوێکەوە داپۆشێت ، پاشان بگوشرێت و لە روون و ساف و چاکەکەی چل ڕۆژ بە ئەندازەی قورسی بیست دیرهەم و لەگەڵ دە دیرهەم شەکردا بخورێتەوەو ، پاشان بە سەریدا گۆشتی بەرخی بچوك (الضأن الصغير) بخورێت ، ئەوا بە خاسیەتێکی سەرسوڕمێن بە سوود دەبێت بۆ قەدەغەکردنی دەستپێکردنی نەخۆشی گولیی ·

باسکراوە پیاوێك نینۆکی پەنجەکانی دەستی درزی بردبوو ، پارەیەکیشی تەرخان کردبوو بۆ ئەو کەسەی چاکی بکاتەوە ، پاشان ژنێك وەسفی بۆ کرد ، هەموو ڕۆژێك لە ئاوی خەنە بخواتەوە ، سەرەتا کاری بە وەسفەکەی نەکرد ، پاشان کە گەڵاکانی خستە نێو ئاوەوەو هەستا بە خواردنەوەی ، چاك بویەوەو نینۆکەکانیشی گەرایەوە بۆ چاکیەکەی جاران ·

ئەگەر نینۆکەکان هەویری خەنەی تێگیرێت چاکی دەکات و بۆی بەسوود دەبێت ، ئەگەر لە گەڵ ڕۆندا بشێلرێت و بخرێتە سەر ئەو هەڵتۆقاوانەی کە ئاوی زەرد دەردەهێنن بۆی بەسوود دەبێت ، بەسوودە بۆ گەڕیەکی بریناوی هەوکردووی درێژخایەن ئەوپەڕی سوود ، پرچ دەردەچینێت و بەهێزی دەکات و ، چاك و جوانی دەکات ، سەر بەهێز دەکات ، بەسوودە بۆ ئەو پیزۆکەو تلۆقانەی لە سەر پێست دەردەچێت و هەروەها بۆ ئەو بلقە پڕ ئاوانەی بەهۆی ئیش و کاری زۆرەوە لە دەستدا هەڵدەتۆقێن ، بەسوودە بۆ ئەو زیپکانەی لە دەست وقاچ و سەراپای جەستەدا دەردەچێت ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی نەخۆشیدا بە وازهێنان لەوەی ئەو خواردن و خواردنەوانەوە بدرێ بە نەخۆش کە حەزی پێ نی یەو ، ناچاریشی ناکرێت بە خواردنی :

روى الترمذي في جامعه ، وابن ماجة ، عن عقبة بن عامر الجُهَني ، قال : قال رسـول الله ﷺ : ((لا تُكْرِهوا مَرضاكُم على الطَّعامِ والشَّرابِ ، فإنَّ الله _ عَزَّوجلَّ _ يُطْعِمُهُم ويَسْقِيهم))[١٣٦] .

واتـە : (عقبـة)ی کـوڕی (عـامر الجُهَـني) _ خـوای لـێ ڕازی بێـت _ فـەرموویـەتی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی : ((نەخۆشـەکانتان ناچاری خـواردن و خواردنـەوە مەکـەن ، چونکە خوای _ عَزَّوجلَّ _ خواردن و خواردنەوەیان دەداتێ)) ٠

هەندێ لە پزیشکە بەڕێزەکان دەڵێن : چەند بە سـوودە ئـەم گوفتـارە پێغەمبەرایەتیـە کـە دانایی و حیکمەتگەلێکی ئیلاهی زۆر دەبەخشێت ، بەتایبەت بـۆ پزیشـکان و ، ئـەو کەسـانەی نەخۆش چارەسەر دەکەن ، چونکە نەخۆش ئەگەر وازی لە خواردن یـا خواردنـەوە هێنـا ، لـە بەر ئەوەیە سروشتی نەخۆشەکە سەرقاڵە بە تێکۆشان بەرامبەر بە نەخۆشیەکە ، یـا ئـارەزوی خـواردنی نومـاوە ، یـا کـەم بۆتـەوە بـەهۆی لاوازبـوونی حـەزو ویسـتەوە یـا هـەر نـەماوە ، هەرچۆنێك بێت ، لەم کاتەدا پێویستە خۆراکی نەدرێتێ ٠

بزانە برسێتی لە ڕاستیدا داواکردنی خواردەمەنیە لە لایەن ئەندامەکانەوە بـۆ ئـەوەی جێگەی ئەو خۆراکانەی پێ پڕکاتـەوە کە شیی بونەتـەوە ، لەم کاتەدا ئەندامە دوورەکان لە ئەندامە نزیکەکانەوە ڕادەکێشن تا ڕاکێشانەکە بـە گـەدە کۆتـایی دێـت و ، مـرۆڤیش هەست بە برسێتی دەکات ، بۆیە هەرکات نەخۆش ناڕحەت بـوو ، سروشـتی نەخۆشـەکە

١٣٦ _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (٢٠٤١) ، وابن ماجة (٣٤٤٤) ، وضعفه الألباني ٠

کاردەکات بۆ پێگەیاندن و هاوێشتنە دەرەوەی ماددە زیانبەخشەکان و داوای خۆراك و خواردنەوە ناکات ، ئەگەر نەخۆش ناچاری خواردنی شتێك لەوانە کرا ، ئەوا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی سروشت کاری پێگەیاندن و هاوێشتنە دەرەوەی مادە زیانبەخشەکان نەکات و ، سەرقاڵ دەبێت بە هەرسکردن و چارەسازی خۆراکەکانەوەو ئاوڕ لە نەخۆشیەکە ناداتەوە ، ئەوەش نەخۆش تووشی زیان دەکات ، بە تایبەت لە کاتی توندبوونی نەخۆشیەکەدا ، یا لە کاتی لاوازبوونی حەزو ویستی خواردندا یا هەر نەمانی ، بەمەش بەڵاکە زیاتر دەبێت و ، پەلەش لە دابەزینی کارەساتی دڵتەزێنتر دەکرێت ، پێویستە لەم کات و بارەدا بەدەر لەوەی هێزی دەپارێزێت و بەهێزی دەکات هیچ تری نەدرێتێ ، بەبێ بیزارکردنی سروشت بەهێچ شێوەیەك ، وەکو ئەو خۆراك و خواردنەوە نەرم و ناسکانەی بەشی مرۆڤ دەکات و ، ئەوانەی میزاجێکی مام ناوەندی هەیە وەکو شەربەتی (لینوفر)و[١٣٧] ، سێوو ، گوڵی ناسك و ، بەهاوشێوەی ئەوانە ، لە خۆراکەکانیشدا شلەیەکی مام ناوەندی مریشکە باڕۆکەیەکی بەتام و هیچی تر ، هێزو تواناشی بە بۆنە خۆشە گونجاوەکان و ، هەواڵە دڵخۆشکارەکان ببوژێنرێتەوە ، چونکە پزیشك خزمەتکاری سروشت و یارمەتیدەریەتی نەك تەگەرەی بهێنێتە پێش ٠

بزانە خوێنی چاك خۆراك بەخشی جەستەیە ، بەڵغەمیش خوێنێکی کاڵەو کەمێك پێگەیووە ، هەندێ لە نەخۆشەکان ئەگەر بەڵغەمێکی زۆری لە جەستەدا کۆبۆوەو ، خۆراکی باشی نەبوو ، سروشت بەزەی پێدا دێتەوەو ، ئەو خوێنە پێدەگەیەنێت و ، دیسانەوە دەیکات بە خوێنی پاك و ، دەیکات بەخۆراك بۆ ئەندامەکان و ، هیچی تری پێویست نابێت ، سروشتیش ئەو هێزەیە کە خوای پەروەردگار کردویەتی بە بریکار بۆ چارەسازی جەستەو پاراستنی و ، چاودێریکردنی بە درێژای تەمەنی ٠

---

١٣٧ ــ لیونفر : ڕووەکێکی بە تەمەنەو ، قەدی لە ئاودا ڕۆچووەو ، گەڵاکانی بە سەر ئاوەکەدا ڕاکشاوە ، گوڵەکانی بۆنێکی خۆشیان هەیەو ، هەموو ڕووەکەکە بەکار دێت بەتایبەت ڕەگەکەی ٠ بڕوانە : www alhayrh com /vb/

بزانـه هەنـدێ جـار نـەخۆش ناچـاری خـۆراك و خواردنـەوە دەكرێـت ، بەتايبـەت لـەو نەخۆشيانەدا كە تێكچونی ئەقڵی لـە گەڵدايـە ، لێـرەدا فەرموودەكـە سـيفەتێكی گشـتی هەيـە بەڵام تايبەت كراوە ، يـا لـە فـەرموودە ڕەهاكانـەو بەڵگەيـەك تايبـەت و سـنورداری كـردووە ، مانای فەرموودەكەش : پێدەچێ نەخۆش بەبێ خۆراك چەند ڕۆژێـك بـژێت لـە كاتێكدا مرۆڤـی تەندروست ئەو ماوەيە بەبێ خۆراك توانای ژيانی نابێت ٠

لە فەرمايشـتەكەی پێغەمبـەری خـوادا ﷺ ((فـإنَّ الله يُطعِمُهـم ويَسْقِهِم)) مانايـەكی ووردو ناسـكی تـر بەديـدەكرێت ، سـەرەڕای ئـەوی پزيشـكان باسـيان كـردووەو ، هـيچ كەسـێكيش بەديناكات بەدەر لە كەسانێك كە گرنگی دەدەن بە حوكمـەكانی دڵ و ڕوح و ، كاريگـەريان لـە سروشتی جەستەداو ، كاردانەوەی سروشت بەرامبەری ، وەكو چۆن خودی خۆی كاردانـەوەی بەرامبەر بە سروشت دەبێت ٠ ئێمەش ئاماژەيـەكی پـێ دەدەيـن و ، دەڵـێين : نەفسـی مرۆڤـ ئەگەر شتێك هەبوو وەكـو حـەزلێكراوێك يـا ناپەسـەندێك يـا ترسـێنەرێك سـەرقاڵی بكـات ئـەوا پێوەی خەريك دەبێت و ئاوڕيك لـە داواكردنـی خـۆراك و خواردنـەوە نـادات ، بۆيـە هەسـت بـە برسێتی و تينويەتی ناكات ، بەڵكو هەست بە گەرماو سەرماش ناكات ، بـەڵكو پێـوەی خـەرێك دەبيت و هيچ كاردانەوەيەكيشی بەرامبەر بە هەستی ئازاردەری زۆر بە ئـازاريش نابێـت ، بۆيـە هەستی پێ ناكات ، هيچ كەسێكيشمان نـی يـە هەسـتی بەوانـە نـەكردبێت ، وە ئەگـەر نـەفس سەرقاڵ بوو بەوەی كە هێرشی بۆ هێناوە ، بۆ ئەوەی بەرپەرچی بداتـەوە ، چـيتر هەسـت بـە برسـێتی و تينويـەتی ناكـات ، بۆيـە ئەگـەر ئـەو هێرشـبەرە دڵخۆشـكارێكی ئـەو پـەڕی دڵخۆشـكاربوو ، ئـەوا جێگـەی خـواردن دەگرێتـەوە ، نەفسـی پـێ تێـر دەبێـت ، پشـويەكی دەرونی بـۆ دەهێنێـت ، دوو ئەوەنـدەش دەبێتـەوەو ، لـە گـەڵ خوێنـدا بـە هـەموو جەسـتەدا بەڵاودەبێتـــەوە تـــا لـــە پيستيشـــدا دەردەكـــەوێت ، بـــەوەش ڕووی دەگەشـــێتەوەو ، خوێنگەرميەكەی دەردەكەوێت، چونكە دڵخۆشبوون خوێنی دڵ زۆرترو فراوانتر دەكـات و ، بـە هـەموو دەمارەكانـدا بڵـاو دەبێتـەوە ، پڕيـان دەكـات ، بۆيـە ئەندامـەكانی لـەش داوای بەشـە خۆراكەكـەی خۆيـان ناكـەن كـە پێـی ڕاهـاتووبوون بـە هـۆی سـەرقاڵبوونيانەوە بـەوەی زۆر

خۆشەویستره بەلایانەوه ، وەخۆشەویستیشه بەلای سروشتەوه ، چونکه سروشت ئەگەر خۆشەویستی خۆی دەستکەوت ، پەسەندێتی دەکات و ئاوڕ لە شتی تر ناداتەوه ٠

بەڵام ئەگەر هێرشبەرەکە ئازاردەربێت یا خەفەتکاربێت یا ترسێنەربێت ، جەستە بە جەنگردن و بەرهەڵستی و دوورخستنەوەی ئەو دوژمنەوه سەرقاڵ دەبێت و ئاوڕ لە داواکردنی خۆراك ناداتەوه ، چونکه لە باری جەنگاندا ئەو خەریك بووەو داوای خواردن و خواردنەوه ناکات ٠ دەرەنجام ئەگەر لە جەنگەکەدا سەرکەوتوو بوو ، هێزی دەبوژێتەوەو ، جێگەی هێزی ئەو خۆراك و خواردنەوانەی بۆ دەگرێتەوه کە لە دەستی چووه ، بەڵام ئەگەر نەخۆش بەرامبەر بەو هێرشبەره دۆڕاو بوو ، هێزی تێك دەشکێت بە گوێرەی ئەو کارەساتەی بە سەریدا هاتووه ، بەڵام ئەگەر جەنگی نێوان خۆی و دوژمنەکەی پێشبڕکێ بوو هەرجارەی یەکێکیان سەرکەوتوو دەبوو ، ئەو هێزیش جاربەجار دەردەکەوێت و جەربەجاریش نامێنێت ، بەگشتی جەنگی نێوانیان بە هاوشێوەی جەنگی نێوان دوو دوژمنه ، سەرکەوتنیش بۆ کەسی براوەیه ، دوڕاویش یا کوژراوه ، یا بریندارە ، یا دیله ٠

نەخۆش : لە لایەن خوای تعالاوه یارمەتی دەدرێت و پشتگیری لێ دەکرێت و بەوانە خۆراکی بەسوودی دەداتێ ، سەرەڕای ئەوەی پزیشکان باسیان کردووه کە خوێنیش ڕۆڵی کاریگەری لەو بواردا دەبێت ، ئەم یارمەتیدانەش بەگوێرەی خۆ بەلاواز دانان و خۆ شکاندنەوەو خۆ فرێدانە لە پێش دەستی خواکەی خۆیدا ـــ عَزَّ وجَلَّ ـــ بەوەش نزیکبوونەوەیەك لە خواکەی خۆیەوه دەستەبەر دەکات ، چونکه بەندە ئەوکاتە زۆر نزیك دەبێتەوه لە خواکەی خۆیەوه کە دڵی بەرامبەر بە خواکەی دەشکێنێتەوه ، بۆیە لەو کاتانەدا ڕەحمەت و بەزەیی پەروەردگاری لێوه نزیك دەبێت ، ئەگەر مرۆڤێکی خواپەرست بوو ، خۆراکێکی دڵیی ئەوتۆی دەست دەکەوێت هێزه سروشتیەکانی پێ بە هێز دەبێت و ، هێزەکانی پێ دەبوژێتەوه زۆر زیاتر لە خۆراکە ئاسایەکەی خۆی ، هەرچەندیش باوەڕو خۆشەویستی و ، دڵخۆشبوون و ، کەیفخۆشبوون و ، دڵنیابوون و بێ گومانی بەرامبەر بە

پەروەردگارەکەی بەهێزبوو ، ئارەزووی کردو قایل بوو بە خواکەی و بە هیوای ڕەزابوونی بوو ، ئەوا هێزێکی ئەوتۆ لە خۆیدا بەدیدەکات کە هەرگیز وەسف ناکرێت و ، وەسفە دەرمانەکانیەکانی پزیشکیش ناگات بە ئاستی و . زانستەکەشی پەی پێ نابات .

هەرکەسیش کە دڵڕق دەبێ و ، نەفسی توانای تێگەشتن و باوەڕپێکردنی ئەمەی نابێ ، با تەماشای باری زۆرێك لە عاشقانی دیمەن و ڕواڵەت بکەن ، ئەوانەی دڵیان پڕبووە لە عێشقی دیمەن و ڕواڵەتی دونیا و ، شان و شەوکەت و ، سەروەت و سامان و ، زانست ، خڵکانیش سەبارەت بەمە شتانێکی سەرسوڕمێنیان لە خۆیان و لە کەسانی دیکەشدا بینیوە .

وقد ثبت في الصحيح : عن النبي ﷺ ، أنه كان يُواصلُ في الصِّيام الأيام نواتِ العددِ ، وينهَى أصحابه عن الوصل ويقول : ((لستُ كَهَيْئَتِكُمْ إني أَظَلُّ يُطعِمُني رَبِّي ويَسْقِيني))[١٣٨].

واتە لە (الصحيح)دا هاتووە : کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژەسپیەکانی مانگدا (وصال)ی[١٣٩] دەکرد، بەڵام قەدەغەی هاوەڵانیشی دەکرد لەو کارەو دەیفەرموو : ((من وەکو نیم چونکە دەمێنمەوە پەروەردگارم خواردن و خواردنەوەم دەداتێ)) .

زانراویشە ئەم خۆراك و خواردنەوەیە هەمان خواردن نەبوو کە مرۆڤ بە زاری دەیخوات ، چونکە ئەگەر وابوایە یەکبینە شەو ڕۆژ بە ڕۆژوو نەدەبوو ، هەروەها جیاوازیەکەش لە نێوان خۆی و هاوەڵاندا ڕوی نەدەدا ، بەڵکو هەر بە ڕۆژووش نەدبوو ، چونکە دەفەرمێت : ((أَظَلُّ يُطْعِمُني رَبِّي ويَسْقِيني)) .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ جیاوازی لە نێوان خۆی و هاوەڵانیدا کرد لە خودی (وصال)ەکەدا ، بەوەی خۆی توانای بەجێهێنانی هەندێ کاری پێدراوە کە هاوەڵان توانای

---

١٣٨ ـ متفق عليه : أخرجه البخاري (٤ / ١٧٩) ، ومسلم (١١٠٣) .

١٣٩ ـ وصال : واتە ڕۆژوو شەو بە یەکبینەو بە بەردەوامی ڕۆژووگرتن و نەشکاندنی . وەرگێڕ

ئەنجامـدانى ئـەوەيان نـى يـە ، چـونكە ئەگـەر بـەزارى خـۆراك و خواردنـەوەى بخواردايـە نەيدەفەرموو : ((لَسْتُ كَهَيْئَتِكُم)) واتە من وەكو ئێوە نيم . لە ڕاستيدا كەسانيك بە جۆرێكى تر لە فەرموودەكە تێدەگەن بە تايبەت ئەوانەى بەشيان لە خۆراكى دڵ و ڕوح كـەم بۆتـەوەو ، چيتر مێشـكيان توانـاى وەرگرتنـى ئـەوەى نـەماوە كـە ئـەو خۆراكـە ڕوحيانـە كاريگەريـەكى ئەوتۆى هـەبێت لـە بـەهێزكردن دڵ و بوژانەوەيـداو ، خـۆراكێكى ديكـەى بـداتێ كاريگەريـەكى بەهێزترى هەبێ لە خۆراكە جەستەيەكە . والله الموفق .

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازى پێغەمبەرى خوا ﷺ لە چارەسەركردنى نەخۆشى (العُذرة) و چارەسەركردن بە دەرمان كردنە لووت :

ثُبِتَ عَنْهُ فِي " الصَّحِيحَيْنِ أَنَّهُ قَالَ : ((خَيْرُ مَا تَدَاوَيْتُمْ بِهِ الْحِجَامَةُ ، وَالْقُسْطُ الْبَحْرِيّ ، وَلَا تُعَذِّبُوا صِبْيَانَكُمْ بِالْغَمْزِ مِنْ الْعُذْرَةِ))(١٤٠)

واتە لـە (الصـحيحين)دا هـاتووە : كـەوا پێغەمبـەرى خـوا ﷺ فەرموويـەتى : ((چـاكترين شتێك بەكارى بێـنن بـۆ چارەسـەركردنى خۆتـان كەڵەشـاخ گـرتن و ، (القُسْطُ البَحْرِي)يـە ، منداڵەكانيشتان ئازار مەدەن بە دەست لێدانى زمانە چكۆلەى منداڵەكەنتان ئەگـەر نەخۆشـى (العُذرة) تووش بوبون)) .

" وَفِي " السّنَنِ " و " الْمُسْنَدِ " عَنْهُ مِنْ حَدِيثِ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللّهِ قَالَ : دَخَلَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ عَلَى عَائِشَةَ ، وَعِنْدَهَا صَبِيّ يَسِيلُ مَنْخَرَاهُ دَمًا ، فَقَالَ مَا هَذَا ؟ فَقَالُوا : بِهِ الْعُذْرَةُ ، أَوْ وَجَعٌ فِي رَأْسِهِ ، فَقَالَ : ((وَيْلَكُنّ لَا تَقْتُلْنَ أَوْلَادَكُنّ ، أَيّمَا امْرَأَةٍ أَصَابَ وَلَدَهَا عُذْرَةٌ أَوْ وَجَعٌ

١٤٠ ــ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠ / ١٢٧) ، ومسلم (١٥٧٧) .

فِي رَأْسِهِ ، فَلْتَأْخُذْ قُسْطًا هِنْدِيًا فَلْتَحُكَّهُ بِمَاءٍ ، ثُمّ تُسْعِطْهُ إِيّاهُ فَأَمَرَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللّهُ عَنْهَا فَصُنِعَ ذَلِكَ بِالصّبِيّ فَبَرَأَ))[١٤١] .

واته (جابر)ى كورِى (عبدالله) _ خواى لىّ رِازى بيّت _ فەرموويەتى : پيّغەمبەرى خوا ﷺ چووە ديدەنى خاتوو (عائشة) _ خواى لىّ رِازى بيّت _ ، تەماشاى كرد منداڵيّكى لايە خويّن لە هەردوو لووتى دەرِوات ، فەرمووى ئەمە چى يە ؟ گوتيان : نەخۆشى (العُذرة)ى تووشبووە ، يا سەرئيّشەى هەيە ، ئەوەبوو فەرمووى : ((وەى بۆ ئيّوە منداڵەكانتان مەكوژن ، هەر ژنيّك منداڵەكەى تووشى نەخۆشى (العُذرة) بوو ، با (القُسْط الهندى) بەريّت و لە نيّو ئاودا بيكرِيّنيّت و ، بيكاتە لووتى منداڵەكەيەوە ، ئەوەبوو خاتوو (عائشة) _ خواى لىّ رِازى بيّت _ فەرمانيدا ئەوەيان بۆ منداڵەكە ئەنجامداو ئيتر چاك بوويەوە .

(أبوعُبيد) لە (أبوعُبيدُة)ەوە باس دەكات و دەڵيّت : نەخۆشى (العُذرة) ورووژان و ئاوسانى گەروە بە هۆى خويّنەوە ، ئەگەر چارەسەر كرا لە زمانى عەرەبيدا پيّى دەگوتريّت (قد عُذِرَ به) ، فهو معذورٌ ، قسەكانى تەواوبو .

گوتراوە : (العُذرة) : برينيّكە لە نيّوان گوىّ و گەرودا دەردەچيّت ، بەزۆريش منداڵان تووشى دەبن .

بەڵام (القُسْط الهندى) كرِيّنراو ئەگەر وەكو دەرمانيّك بكريّت بە لووتيەوە بەسوودە ، چونكە مادەى نەخۆشى (العُذرة) خويّنيّكە بەلغەمى بەسەردا زاڵەو ، بەزۆرى لە جەستەى منداڵدا دروست دەبيّت ، (القُسْط الهندي)يش سيفەتيّكى ووشكيّتى تيّدايە زمانە بجولە بتەو دەكات و بەرزى دەكاتەوە بۆ جيّگەكەى خۆى ، پيّدەچى بە تايبەت سوودى بۆ ئەم نەخۆشيە هەبيّت و ، لەوانەشە سوودى بۆ نەخۆشيە گەرمەكانيش هەبىّ ،

١٤١ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣١٥) وصححه الألباني رحمه الله .

هەروەها لەوانەیە جاربەجار ئەو دەرمانانەی کە هەر خۆی گەرمەو ، هەندێ جاریش بەکاتی گەرمە بەکاربێت ٠ دانەری کتێبی (القانون) لە بارەی چارەسەرکردنی نەخۆشی کەوتن و هەوکردنی زمانە بچولەوە دەڵێت : (القُسط) لە گەڵ (الشَّيب اليماني)و لە گەڵ تۆوی ڕەیحانەدا (بذور المرو) بەکاردێت.

ئەو (القُسْط البحري)یەی لە فەرموودەکەدا باسکراوە : بریتیە لە (العود الهندي) ، کە جۆرە سپێکەیەتی ، شیرینەو ، چەندین سوودی هەیە ٠ پێشتر منداڵەکانیان کە تووشی کەوتن و هەوکردنی زمانە بچولە (العُذرة) بهاتبا بە دەستیان کەمێك تێیانەوە دەژەنی و دەیانجوڵاند ، یا شتێکیان بە منداڵەوە هەڵدەواسی ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردن و ، ڕێنمای کردن بۆ شتێکی زۆر لەوە بەسوودتر بۆ منداڵەکانیان و ، زۆر ئاسانتریش ٠

بەڵام (السَّعوطُ) : ئەو دەرمانەیە لە لووت دەکرێت ، لەوانەیە ئەو کارە بە دەمانە تاکەکان یا بە ئاوێتەکانیش ئەنجام بدرێت ، دەرمانە سروشتیەکە دەکوترێت و لە هێڵەك دەدرێت و دەکرێت بە هەویرو ووشك دەکرێتەوە ، پاشان لەکاتی پێویستیدا شل دەکرێتەوەو ، دەکرێتە لووتی مرۆڤەوە ، کاتێ لە سەر پشتی ڕاکشاوەو ، نێوان هەردوو شانی بە پشتیەك بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەوەی سەری تەواو نزم بێتەوە ، بۆیە کە دەرمانەکە کرایە لووتی دەکاتە مێشکی و ، بە پژمین نەخۆشیەکەی لێدەردەهێنرێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ ستایشی خۆ چارەسەرکردنی بە (السَّعوط) کردووەو ئەوەی پێویستە لەم بارەوە ئەنجام بدرێت ٠

وذكر أبوداود في سننه : أن النبيَّ ﷺ استَعطَ[١٤٢].

واتە پێشەوا (أبوداود) لە (سنن)ەکەیدا دەگێڕێتەوە : کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەرمانی دەکردە لووتی ٠

---

١٤٢ ـ صحيح : أخرجه أبوداود (٣٨٦٧) عن ابن عباس ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی دڵ ئێشەدا (المفؤود):

رَوَى أَبُو دَاوُدَ فِي " سُنَنِهِ " مِنْ حَدِيثِ مُجَاهِدٍ ، عَنْ سَعْدٍ ، قَالَ ، مَرِضْتُ مَرَضًا، فَأَتَانِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَعُودُنِي ، فَوَضَعَ يَدَهُ بَيْنَ ثَدْيَيَّ حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَهَا عَلَى فُؤَادِي، وَقَالَ لِي : ((إِنَّكَ رَجُلٌ مَفْئُودٌ فَأْتِ الْحَارِثَ بْنَ كَلَدَةَ مِنْ ثَقِيفٍ ، فَإِنَّهُ رَجُلٌ يَتَطَبَّبُ ، فَلْيَأْخُذْ سَبْعَ تَمَرَاتٍ مِنْ عَجْوَةِ الْمَدِينَةِ ، فَلْيَجَأْهُنَّ بِنَوَاهُنَّ ، ثُمَّ لِيَلُدَّكَ بِهِنَّ))[١٤٣].

واتە (سعد) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : نەخۆش کەوتم و ، پێغەمبەری خواش ﷺ تەشریفی هێنایە دیدەنیم ، دەستەکانی لە نێوان هەردوو مەمکمدا دانا تا هەستم بە ساردی دەستەکانی کرد لە سەر دڵم ، پێی فەرموودم : ((تۆ پیاویکیت هەست بە ئازاری دڵت دەکەی بۆیە بچۆرە لای (الحارِثَ)ی کوڕی (كَلدَة) لە هۆزی (ثَقيف) ، پزیشکێتی دەکات ، با حەوت خورما لە(عَجْوَة)ی مەدینە بەرێت و بە ناوکەکەیەوە بیکوتێت و ، پاشان بیکا بە دەمتەوە)) ٠

(المفؤود): ئەو کەسەیە دڵی تووش بووەو ، هاوار لە ئازارەکەی دەکا ، وەکو(المبطون) کە هاوار لە ئازاری سکی دەکات ٠

(واللَّدود) : ئەو دەرمانەیە کە نەخۆش لە لایەکی زاریەوە دەیخواتەوە ٠

خورما خاسیەتێکی سەرسوڕمێنی تێدایە ، بەتایبەت خورمای مەدینەی پیرۆز ، بەتایبەتریش جۆری (العَجوة)ەکەی ، بە حەوت دانەش بخورێت خاسیەتێکی ترە ، بە

١٤٣ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨٧٥) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٢٠٣٣) ٠

سروشى خوايى دەرك دەكرێت ، وَفِي " الصَّحِيحَيْنِ " : مِنْ حَدِيثِ عَامِرِ بْنِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَنْ تَصَبَّحَ بِسَبْعِ تَمَرَاتٍ مِنْ تَمْرِ الْعَالِيَةِ لَمْ يَضُرَّهُ ذَلِكَ الْيَوْمَ سَمٌّ وَلَا سِحْرٌ))[١٤٤] .

وَفِي لَفْظٍ ((مَنْ أَكَلَ سَبْعَ تَمَرَاتٍ مِمَّا بَيْنَ لَابَتَيْهَا حِينَ يُصْبِحُ لَمْ يَضُرَّهُ سَمٌّ حَتَّى يُمْسِيَ))[١٤٥].

واتە (عامر)ی کوڕی (سعد)ی کوڕی (أبي وقاص) لە بابیەوە دەگێڕێتەوەو دفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەرکەس ژەمی بەیانیانی حەوت خورما بێت لە خورمای (العالیة) __ شوێنێکە لە مەدینەی پیرۆز __ ئەو ڕۆژە ژەهرو جادوو زیانی پێ ناکەیەنن)) .

لە بێژەیەکی تردا ((هەرکەس بەیانیان حەوت خورمای نێوانی دوو (اللابة)کە[١٤٦] بخوات ژەهر زیانی پێ ناگەیەنێت تا ئێوارەی بەسەردا دێت)) .

خورما گەرمە لە دووەمدا ، ووشکە لە یەکەمدا . گوتراوە : شێدارو تەڕە تیایدا . گوتراویشە : مام ناوەندە ، خواردنێکی بەڕێزەو پارێزگارێکی باشی تەندروستیە بە تایبەت بۆ ئەوانەی پێی ڕاهاتوون ، وەکو خەڵکی مەدینەو جگە لە خەڵکی مەدینەش ، چاکترین خواردەمەنیە بۆ ئەوان بە بەراوردی خەڵکی وەڵاتە ساردەکان ، لەبەر ساردی ناوەڕۆکی دانیشتوانی مەدینەو ، گەرمی ناوەڕۆکی خەڵکی وەلاتە ساردەکان ، بۆیە دانیشتوانی وەڵاتانی حیجازو یەمەن و تائیف و وەڵاتەکانی تری هاوشێوەشیان بە زۆری خواردەمەنیە گەرمەکان بەکاردەهێنن کە ناچێت بۆ خەڵکانی تر وەکو خورماو ، هەنگوێن ، بینیومانیشن

---

١٤٤ __ سبق تخريجه .

١٤٥ __ أخرجه البخاري (٩ / ٤٩٣) ، ومسلم (٢٠٤٧) .

١٤٦ __ اللابتين : دوو پارچە زەوین لە مەدینەی پیرۆز کە بەردی ڕەشی تێدایە . وەرگێڕ .

بيبه‌رو زه‌نجه‌فيل[١٤٧] له خوارده‌مه‌نيه‌كانياندا به‌كارده‌هێنن به ئاستێك كه ده‌ئه‌وه‌نده‌و يا زياترى خه‌ڵكى وه‌ڵاتانى ديكه‌يه ، زه‌نجه‌فيليش ده‌خۆن وه‌كو ئه‌وه‌ى حه‌لوا بخۆن ، خۆشم _ (ابن القيم) _ كه‌سانێكم بينيوه خۆى پێوه خه‌رێك ده‌كات و دانه دانه ده‌يخوات وه‌كو ئه‌وه‌ى نوقڵ و ميوه‌و چه‌ره‌سات بخوات و كاته‌كه‌ى خۆى پێوه به‌سه‌ر ده‌بات ، ئه‌وه‌ش به‌سووده بۆيان و زيانيان پێ ناگه‌يه‌نێت له‌به‌ر ساردى ناوه‌ڕۆكيان و ، هاتنه ده‌روه‌ى گه‌رماكه بۆ ده‌روه‌ى جه‌سته‌يان ، نمووه‌ى ئه‌وه‌ش وه‌كو نموونه‌ى ئه‌و بيرانه‌يه كه ئاوه‌كه‌نيان له هاويندا سارد ده‌بێت و ، له زستانيشدا گه‌رم ده‌بێت ، بۆيه له زستاندا گه‌ده له خۆراكه چڕه‌كان پێده‌گه‌يه‌نێت به ئاستێك له هاويندا ئه‌و كاره ناكات و پێى ناگه‌يه‌نێت ٠

به‌ڵام خورما بۆ خه‌ڵكى مه‌دينه ، به هاوشێوه‌ى پله‌ى گه‌نمه كه كه‌سانى ديكه به‌كارى دێنن ، چونكه ماده‌ى خۆراكيانه ، خورماى (العالية)ش چاكترين جۆرى خورمايانه ، چونكه ته‌نێكى بته‌وو ، تامێكى خۆش و ، شيرينيه‌كى ڕاستى هه‌يه ، خورما به‌شدار ده‌بێت له پێكاته‌ى خواردن و ده‌رمان و ميوه‌شدا ، گونجاوه بۆ زۆربه‌ى جه‌سته‌كان ، به‌هێزكارى گه‌رمى سروشتيه ، ئه‌و پاشماوه خراپانه‌ى كه خۆراك و ميوه‌كانى تر له جه‌سته‌ى مرۆڤدا دروستى ده‌كه‌ن خورما دروست ناكات ، به‌ڵكو قه‌ده‌غه‌ى بۆگه‌نبوونى تێكه‌ڵاوه‌كان ده‌كات بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ى پێى ڕاهاتوون ٠

ئه‌م فه‌رمووده په‌يامێكه‌و مه‌به‌ستداره بۆ كارپێكردنى تايبه‌ت ، وه‌كو دانيشتوانى مه‌دينه‌و ده‌ورووبه‌ريان ، گومانى تێدا نى يه كه هه‌ر شوێنێك پسپۆڕه به سوود وه‌رگرتن له زۆرێك له ده‌رمانه‌كان به‌بێ هيتر ، بۆيه هه‌ندێ ڕووه‌كى ده‌رمانى كه‌له‌و شوێنه‌دا ده‌ڕوێن به سوود ده‌بن

---

١٤٧ _ زنجبيل : ڕووه‌كێكى گيايه به ڕايزۆم ده‌ڕوێت و زۆر ده‌بێ هه‌روه‌كو په‌تاته ، نزيكه‌ى (٧٠ سم) له زه‌مينه‌وه به‌رز ده‌بێته‌وه ، گه‌ڵاڵه‌كانى پانن و ، به‌سه‌ر زه‌ويدا خۆى ڕاده‌خات ، لق و پۆپى وردن ، گوڵه‌كانى كه‌مێك مه‌يله‌و زه‌ردن و ، چه‌ندين جۆرى هه‌يه‌و ، ڕه‌گه‌كانى به‌كاردێت ٠ بڕوانه : ئينته‌ڕنێت : سايتى : (سنابل الخير للأعشاب) ٠

بۆ نەخۆشی ، کەچی ئەگەر ئەو ڕووەکە دەرمانیە لە جێگەیەکی دیکەدا بڕوێ ئەو سوودەی نابێت چونکە خاك و هەوا کاریگەریان لەوەدا دەبێ ، یا رووەك و خاك و هەوا پێکەوە کارتێکراو دەبن بەو ژینگەیە ، چونکە زەوی سیفات و خاسیەتیەکی هەیە جیاواز دەبێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەکو چۆن خوو و سیفاتی مرۆڤ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز دەبێت ، زۆریك لە ڕووەکەکان بۆ هەندێ وەڵات خۆراکێکەو دەخورێت ، بەڵام بۆ هەندێ وەڵاتی دیکە ژەهرێکی کوشندەیە ، زۆر جار دەرمانی کۆمەڵێك بەلای کۆمەڵێکی ترەوە خۆراکە ، هەندێ دەرمان کە بۆ کۆمەڵێك چارەسەری نەخۆشیگەلێکە بۆ کۆمەڵێکی تر چارەسەری نەخۆشیگەلێکی دیکە دەبێت، دەرمانی خەڵکی وەڵاتێك بۆ وەڵاتێکی دیکە گونجاو نابێت و ، سوودیشی نەبێت ٠

بەڵام کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : با حەوت خورما بخوات ، ئەوە خاسیەتێکە وەکو قەدەرو وەکو شەرعیش چەسپاوە ، بۆیە تەماشا دەکەین خوای تعالى ئاسمانەکانی بە حەوت دروست کردووە ، زەویەکان حەوتن ، ڕۆژەکان حەوتن ، خولقاندنی مرۆڤ بە حەوت دۆخ تەواو بوو ، خوای تعالى بۆ بەندەکانی خۆی تەواف و سوڕانەوەی بە دەوری کەعبەدا بە حەوت داناوە ، سەعی کردنی نێوان صەفاو مەروەی بە حەوت داناوە ، ڕەجمکردنی شەیتانەکانی بە حەوت حەوت داناوە ، (الله أكبر)ەکانی نوێژەکانی جەژنی لە ڕەکاتی یەکەمدا بە حەوت داناوە ٠ پێغەمبەری خوا ﷺ فەموویەتی : ((مُرُوهم بالصَّلاةِ لسَبعٍ))(١٤٨) واتە : ((کە منداڵەکانتان بوون بە حەوت ساڵ فەرمانی نوێژکردنیان پێ بکەن)) ، ئەگەر دایك وباب جیابوونەوەو منداڵەکەیان تەمەنی بوو حەوت ساڵ مافی هەڵبژاردنی پێ دەدرێ لە نێوان دایك و بابیدا ، هەر کامیانی هەڵبژارد لە گەڵ ئەودا دەچێت ٠ لە (ریوایە)تێکی تردا : بابی لە دایکی مافدارترە بە منداڵەکە ، لە (ریوایە)تێکی تریشدا : دایکی مافدارترە ، وأمر

١٤٨ ـ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٤٩٤) ، والترمذي (٤٠٧) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود (٤٦٥) ٠

النبي ﷺ في مرضه أن يُصَبَّ عليه من سبعِ قِرَبٍ[149] واته پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی نەخۆشیەکەیدا فەرمانیدا لە حەوت کونە ئاوی بەسەردا بکرێت ، خوای تعالى حەوت ڕۆژ باکەی باڵا دەست کرد بە سەر قەومەکەی (عاد)دا ، ودعا النبيُّ ﷺ أن يُعينَه اللهُ على قومه بسبعٍ كسبعِ يوسف[150] واتە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خوای تعالى پاڕایەوە یارمەتی بدات بۆ سەر قەومەکەی بە حەوت ساڵی نەهاتی وەکو ساڵەکانی یوسف پێغەمبەر ، خوای تعالى سەبارەت بەو کەسانەی خێریان بۆ زیاد دەکات نموونەیەکی هیناوەتەوە بە تۆویەك بوبە حەوت گوڵە گەنم هەر گوڵێك صەد تۆوی تێدابوو ، ئەو گوڵە گەنمانەش کە هاوەڵەکەی یوسف لە خەویدا بینیبووی حەوت بوون ، ئەو ساڵانەش کشتوکاڵیان تێدا کرد حەوت بوون ، خێروچاکەداریش زیاد دەکرێت بە ئەندازەی حەوصەد ئەوەندە و زیاتریش ، لەم ئومەتەش حەفتا هەزار دەچنە بەهشتەوە بەبێ حیساب ٠

بێ گومان ئەم ژمارە خاسیەت و تایبەتمەندیەکی تێدایە لە جگە ئەم ژمارەیدا بەدیناکرێت ، حەوتیش مانای ژمارەی کۆکردۆتەوە گشتیەکەی و تایبەتیەکەی ، چونکە ژمارە جووت و تاکە ٠ جووتیش : یەکەم و دووەمە ٠ تاکیش : هەر ئاوەهایە ، ئەمە بوبە چوار پلە : جووتی یەکەم و ، دووەم ٠ تاکی یەکەم و ، دووەم ، ئەم پلانەش لە کەمتر لە ژمارە حەوتدا کۆنابێتەوە ، چونکە حەوت ژمارەیەکی تەواوە ئەم چوار پلەیە لە خۆدەگرێت ، مەبەستم جووت و تاکەکەو ، یەکەمەکان و دووەمەکانە ، مەبەستیشم بە تاکی یەکەم ، سێ یە ، بە دووەمیش پێنجە ، وە مەبەستیشم بە جووتی یەکەم دووە ، بە دووەمیش چوارە ، پزیشکان

---

١٤٩ ــ صحيح : أخرجه البخاري (١ / ٦١ ، ١٦٩) ، (٣ / ٢٠٧) ، (٤ / ٩٩) ، (٦ / ١٣) ، ومسلم (٢ / ٢١ ، ٢٢) عن عبيدالله بن عبدالله بن عتبة بن مسعود أن عائشة زوج النبي ــ صلى الله عليه وسلم ــ قالت : لما ثقل رسول الله ــ صلى الله عليه وسلم ــ وذكرت الحديث وفيه : ((... هريقوا على من سبع قرب ...))

١٥٠ ــ صحيح : أخرجه البخاري (٢ / ٣٣ ، ٣٧) ، (٦ / ٩٦ ، ١٤٢ ، ١٥٦ ، ١٦٤ ، ١٦٥) ، ومسلم (٨ / ١٣١) عن مسروق عن ابن مسعود وفيه : ((إن رسول الله ــ صلى الله عليه وسلم لما رأى من الناس إدباراً فقال : اللهم سَبْعٌ كسبع يوسف ...)) ٠

کرنگیـەکی کـەوریان بـە حـەوت داوە ، بەتایبـەت دەریاوانـەکان . (بقـراط) دەڵێـت : هـەموو شتێك لەم جیهانەدا لە سەر حـەوت بـەش ئەنـدازە گیراوە ، ئەسـتێرەکان حـەوتن ، ڕۆژەکـان حـەوتن ، تەمەنـەکانی خـەڵك حـەوتن ، یەکـەم جـار منداڵـە تـا حـەوت ، پاشـان نەوجوانـە تـا چواردە ، پاشان هەرزەکارە ، پاشان لاوە ، پاشان پیـاویکی کامڵـە ، پاشـان پـیرە ، پاشـان کەنەفتەو زۆرپیرە تا کۆتایی تەمەن ،خـوای پـەروەردگاریش زانـاترە بـە حیکمـەت و بەشـەرع دانانی و ، قەدەری لە دیاریکردنی ئەم ژمارەیەدا ، ئایا لەبەر ئەو مانایەن یا هیدیکەیە ؟

سوودی ئەم ژمارەیە لەم خورمایە لەم شارەو لەم شـوێنەدا بەتایبـەت بەرامبـەر بـە ژەهـرو جـادوو ، بـەجۆرێك مرۆڤـ قەدەغـە بکـات لـە تووشـبوون ، لـەو تایبەتمەندیانەیـە کـە ئەگـەر پزیشکانێکی وەکو (بقراط) و (جالینوس)و پزیشکانی دیکە باسیان بکردایە ، پزیشکانی تـر بە قبوڵبوون و ملکەچبوونەوە وەریان دەگرت ، ئەگەرچی ئەو پزیشکانە کارە پزیشـکیەکانیان تەنها بەهۆی زۆر وریایی و تەخمین کردن بەهۆش و گومان بردنەوە پەی پێ دەبن ، بۆیـە ئـەو کەسەی کە گوفتارەکانی هەرهەمووی بێ دڵاودڵی و ، بە ئێکجاری و سەلماندن و وەحیـە ، زۆر شایسـتـەترو گونجـاوترە گوفتارەکـانی بـە قبوڵبــوون و ملکەچـیەوە وەرگیرێـت و ، واز لـە ڕەخنەگرتن بهێنرێت ، دەرمانەکانی ژەهر جاریەجار بە چۆنیەتی دەبێت و ، جاربـەجاریش بـە خاسیەت وەکو خاسیەتی زۆرێك لە بەردەکان و گەوهەرەکان و یاقوتەکان . والله أعلم .

بەشێك سەبارەت بە سوودی ئەم بەرەو کاریگەری لە سەر هەندێ لە ژەهرەکان

شیاوە ئەم بەرە بۆ لابردنی هەندێ لە ژەهرەکان سوودی هەبێ ، ئینجا فەرموودەکە دەبێتە گشتیەکی تایبەتکراو ، شیاویشە بۆ لادانی هەموو ژەهرێك سوودی هەبێ ، لە بەر تایبەتمەندی ئەو شارەو ئەو خاکە تایبەتە ، بەڵام لێرەدا شتێکی تر هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ، ئەوەش ئەوەیە کە ئەو نەخۆشەی دەیەوێ سوود لە دەرمانێك وەرگرێ ، مەرجە

بەدڵ دەرمانەکەی قبوڵ بێ و بڕوای بە سوودو کاریگەری هەبێ ، ئەوجا سروشتی جەستەشی قبوڵی دەکات و ، دەیکات بە یارمەتیدەرێك بۆ لادانی نەخۆشی و عیلەتەکە ، تا ئەو ئاستەی زۆرێك لە چارەسەرەکان سوود بە نەخۆش دەگەیەنن ، ئەگەر بە بڕوایەکی تەواو و ، قبوڵبونێکی چاك و ، بە وەرگرتنێکی تەواوەوە بەکاری بێنێت ، خەڵکانیش شتانێکی سەرسوڕمێنیان لەو بارەوە بینیوە ، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سروشتی نەخۆشەکە بەتوندی قبوڵی دەرمانەکە دەکات و ، زۆر پێی دڵخۆش دەبێ ، بۆیە هێزی جەستەشی دەبوژێتەوەو ، سوڵتانی سروشتی جەستەشی بەهێز دەبێ و ، لە کۆتایدا بە سەر نەخۆشیەکەدا زاڵ دەبێ و ، دوری دەخاتەوە ، بە پێچەوانەشەوە زۆرێك لە دەرمانەکان بۆ ئەو نەخۆشی و عیلەتە بەسوودن ، بەڵام باوەڕی خراپی کەسە نەخۆشەکە ، کەوا سروشتی دەرمانەکەی بە تەواوی قبوڵ نابێ ، وا دەکات کە ئەو دەرمانە هیچ سوودێك نەگەیەنێت .

لە گەڵ ئەوەشدا گەورەترین دەرمان و شیفابەخشەکان و ، لە هەموویان بە سوودتر بۆ دڵەکان و جەستەکان و دونیاو رۆژی دوایی قورئانە ، کە بۆ هەموو نەخۆشیەك شیفابەخشە ، بەڵام بۆ ئەو دڵانەی بڕوایان بە شیفابەخشین و سوودی قورئان نی یە ، تەنها نەخۆشیەکانیان زیاد دەکات ، کەچی بۆ نەخۆشی دڵان هیچ دەرمانێکی تری بە سوود نی یە جگە لە قورئان ، چونکە شیفابەخشی تەواوێتیی کە هەموو نەخۆشیەکان چاك دەکاتەوەو ، تەندروستی بە تەواوی دەپارێزێ و ، بەرامبەر بە هەر شتێکی زیانبەخشێکی بەوەیی دەیپارێزێ بە پاراستنێکی تەواو ، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆربەی دڵان ڕوویان لێ وەرگێڕاوەو ، بەڕوایەکی تەواویان پێ نی یە کە بەدڵنیایی و بەبێ گومان شیفابەخش بێت و ، بەکاری ناهێنن و ، لە جیاتی قورئان دەرمانی دیکە بەکاردەهێنن ، کە مرۆڤێکی تر وەکو خۆی پێکیهێناوەو دروستی کردووە ، بۆیە هەموو ئەمانە بوون بە ڕێگرێك بۆ ئەوەی شیفایان پێبەخشێت ، ئالێرەدا دیسانەوە ئاکامی ئەم کردەوانەیان زاڵ بوو و ڕوو وەرگێڕانیان لە قورئان توندتر بوو ، نەخۆشی و عیلەتە درێژخایەنەکانیش زیاتر دڵانیان نەخۆش خست و ، پزیشکان و نەخۆشانیش لە سەر چارەسەرەکانی مرۆڤی هاوڕەگەزی خۆیان و ، ئەوەی کە شێخەکانیان و

، ئەو کەسانەی کە بە گەورەیان دادەنێن و نێتیان بەرامبەریان چاکە ڕاهاتن ، بۆیە کارەساتەکە گەورەتر بوو ، نەخۆشیەکانیش زیاتر جێگیربوون و ، چەندین نەخۆشی و عیلەتیش پەیدابوون ، کە نەیانتوانی چارەسەری بکەن ، وە چەند بەم دەرمانە دروستکراوانە چارەسەریان بکردایە نەخۆشیەکە زیاتر دەبوو ، باروحاڵیش دەیگووت :

ومن العجائبِ والعجائبُ جَمـــة
قُربُ الشّفاءِ وما إليهِ وُصُولُ
كالعيش في البيداءِ يقتُلُها الظّماُ
والماءُ فوقَ ظُهُورها محمُولُ

واتە :

لە شـــــتە سەرسوڕمێنەکان کە شـتی سـەـــرسوڕمێنیش زۆرە
شـــــيفا نزيك بێ و نەتوانرێ پێی بـــــگەيت
وەکو ئەوەی لە بیاباندا بێ و ئەوەندەی نەمابێ تینویەتی بیکوژێ
کەچی ئاوەکەش لە سەر پشتی ئەو هەڵگیرۆاوە

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بە دوورخستنەوەی زیانی خۆراك و میوەكان و ، چاكردنیان بە جۆرێك زیانیان لابەرێت و ، سوودیان بەهێز بكات :

ثبت في الصحيحين من حديث عبدالله بن جعفر ، قال : رأيتُ رسولَ الله ﷺ يأكل الرُّطَبَ بالقِثّاء[151] .

واتە لە (عبدالله)ی کوڕی (جعفر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : بینیم پێغەمبەری خوا ﷺ ترۆزی بە خورمای تەڕی پێکەیووە دەخوات .

١٥١ _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١٠٢ ، ١٠٤) ومسلم (٦ / ١٢٢) .

خورمای تەڕی پێگەیوو (الرُّطب) : گەرم و شێدارە لە دووەمدا ، گەدەی سارد بەهێز دەكات و ، بۆی گونجاوە ، جووتبوون زیاد دەكات ، بەڵام خێرا بۆگەن دەبێت ، تینوهینەرەو ، خوێن لیخن و لیڵ دەكات ، سەرئێشە دروست دەكات ، كونیلەی داخراو دروست دەكات ، ئازاری میزڵدان دروست دەكات ، بۆ ددان زیانی هەیە ، ، بەڵام ترۆزی ساردو شێدارە لە دووەمدا ، تینویەتی ناهێڵێت ، بە بۆنكردنی هێز دەبوژێنێتەوە لە بەر ئەو بۆنەخۆشەی تێیدایە ، گەرمیی گرگرتووی نێو گەدە دەكوژێنێتەوە ، ئەگەر تۆوەكەی ووشك بكرێتەوەو بكوترێت و تێكەڵ بە ئاو بكرێت و بگوشرێت بۆ دەرهێنانی ئاوەكەی و ، پاشان بخورێتەوە ، تینویەتی ناهێڵێت ، میز زیاد دەكات ، بۆ ئازاری میزڵدان باشە ، ئەگەر بكوترێت و بە هێلەك پاك بكرێت و بە ددانـدا بهێنرێت ، سپی دەكاتەوە ، ئەگەر بكوترێت و لە گەڵ (المَيْبَخْتَج)دا[١٥٢] برین پێچێكی لێ دروست بكرێت بۆ گەستنی سەگی هار بەسوودە ٠

بەگشتی : خورما گەرمەو ، ترۆزیش ساردە ، بۆیە هەر دانەیەكیان بەسوودە بۆ ئەویتر ، زۆرترین زیانی بەرامبەری لادەدات ، بەرگریكردنی چۆنیەتی هەر دانەیەكیانە بە دژەكەی ، لابردنی توندوتیژی هەر دانەیەكیانە بە ئەویتر ، ئەمەش خۆی بۆ خۆی بنەڕەتی هەموو چارەسەریەكانەو ، بنەڕەتیشە بۆ پاراستنی تەندروستی ، بۆیە بەكارهێنانێكی بەو جۆرەو هاوشێوەكانیان لە خۆراك و دەرماندا ڕۆڵێكی كاریگەری دەبێ لە چاكردن و ڕاستكردنەوەو ، دوورخستنەوەی چۆنیەتیە زیانبەخشەكانی هەر دانەیەك بە بەرامبەرەكەی ، ئەوەش یارمەتیدەرێكی باشی پاراستنی تەندروستی و ، هێزو بە پیت بوونیەتی ، خاتوو (عائشة) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : هەوڵیاندا بەهەموو شتێك قەڵەوم بكەن ، قەڵەو نەبووم ، ئینجا بە ترۆزی و خورمای تەرو پێگەیوو قەڵەویان كردم ، ئەوەبوو قەڵەو بووم ٠

---

١٥٢ _ المَيْبَخْتَج : عەجەمەكان ئەم ناوە بەكاردێنن ، كە بریتیە لە شەربەتی ترێ دەكوڵێنرێت تا دوو لە سەر سێی ئاوەكەی دەچێت و دەبێت بە رووبی ترێ و بە لای عەرەبیشەوە بە (طِلا) ناودەبرێت ، بڕوانە الجوهري ، الصحاح في اللغة ، مادة طلا ، ص ٤٢٩ ، وەرگێڕ ٠

بەگشتی : دوورخستنەوەی زیانی سارد بە گەرم و ، گەرم بە ساردو ، شێدار بە ووشك و ، ووشك بە شێدار و ، ڕاستكردنەوەی هەر دانەیەكیان بە ئەویتر لووتكەی هەموو جۆرە چارەسەریەكانەو ، لووتكەشە لە پاراستنی تەندروستیدا ، هاوتای ئەم جۆرە چارەسەریەش جۆرە چارەسەریەكەی دیكە بوو كە پێشتر ئاماژەی پێدراو بریتی بوو لە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خۆچارەسەركردن بە (السَّناو السَّنوت) و (السَّنوت)یش : هەنگوێنێكە كەمێك لە خۆشاوی ڕۆنی تێدایە (السَّنا)ی پێ چاك دەكرێت و ڕاستی دەكاتەوەو نێوەنجێتیەكی دەداتێ ، كەوابوو صەلات و سەلام لە ئەو كەسەی نێردراوە بۆ ئاوەدانكردنەوەی دڵ و جەستەكان و ، بەرژەوەندیەكانی دونیاو ڕۆژی دوایی ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پارێزكردندا :

دەرمان هەرهەمووی دوو شتە : پارێزكردن و پاراستنی تەندروستیە ، بەڵام ئەگەر تێكەڵاوێكی زیانبەخش لە جەستەدا دروست بوو ، پێویستی بە دەرهاوێشتنێكی گونجاو دەبێت ، تەوەری پزیشكێتیش بەگشتی لە سەر ئەم سێ یاسایە دەخولێتەوە ·

پارێزكردنیش دوو پارێزكردنە : پارێزكردنێك بەرامبەر بەو شتانەی نەخۆشیی دروست دەكەن ، پارێزكردنێكیش بەرامبەر بەوەی كە نەخۆشیەكە زیاد دەكات ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ باری كەسەكە خۆی ، كەوابوو یەكەمیان : پارێزكردنێكی تایبەتە بەوانەی كە تەندروست و لەش ساغن · دووەمیشیان : پارێزكردنێكە تایبەتە بەوانەی نەخۆشن · نەخۆش ئەگەر پارێزی كرد نەخۆشیەكەی دەوەستێت و زیاد ناكات ، هێزیش كارا دەبێت بۆ دوورخستنەوەی ·

بنەرەتیش لە پارێزكردندا گوفتاری خوای پەروەردگارە كە دەفەرمێت :﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا ﴾ [سورة المائدة: ٦] واتە : ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى ﴾ وە ئەگەر نەخۆش بوون ﴿أَوْ عَلَى سَفَرٍ ﴾ یان لە سەفەردا بوون ﴿ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ ﴾ یان كەسێكتان هاتەوە لە شوێنی

پێویستی سەرئاو ﴿ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاءَ ﴾ یان جووت لە (یان پێستتان بەر یەك كەوت) لەگەڵ خێزانەكانتاندا ﴿ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً ﴾ وەئاوتان دەست نەكەوت ﴿ فَتَيَمَّمُوا صَعِيداً طَيِّباً ﴾ ئەوە تەیموم بكەن بە خۆڵێكی پاك[١٥٣] لێرەدا خوای تعالى مرۆڤی پاراستووە لە بەكارهێننی ئاو ، چونكە زیانی پێدەگەیەنێت ٠

وفي سنن ابن ماجة وغيره ، عن أُمِّ المنذِر بن قيس الأنصارية ، قالت : دَخَلَ عليٌّ رسول الله ﷺ ومعه عليّ ، وعليٌّ ناقِهٌ من المرض ، ولنا دوالي مُعَلَّقة ، فقام رسولُ الله ﷺ يأكل منها ، وقام عليٌّ يأكل منها ، فطَفِقَ رسولُ الله ﷺ يقول لعليّ : إنك ناقِهٌ حَتَّى كفَّ ٠ قالت : وصنعت شعيراً وسلقاً ، فجئت به ، فقال النبيُّ ﷺ لعليّ : منْ هذا أصِب ، فإنه أنفع لَكَ ٠ وفي لفظ فقال : مِنْ هذا فَأَصِبْ فإنه أوفَق لَكَ[١٥٤].

واتە لە (أُمِّ المنذر)ی كچی (قيس)ی ئەنصاریەوە_ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ با یاوەری (علي) _ خوای لێ ڕازی بێت _ دیدەنیان كردم و ، (علي)یش بەو نزیكانە لە نەخۆشی چاك بوبۆوە ، ئێمەش هێشوگەلێكی خورمای هەڵواسراومان هەبوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەستاو دەستیكرد بە خواردنی و ، (علي)یش هەستاو لێی دەخوارد ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە (علي) فەرموو : تۆ بەم نزیكانە لە نەخۆشی چاك بویتەتەوە ، تا وازی هێنا ٠ (أم المنذر) دەفەرمێت : پاشان هەستام سلق و جۆم بۆ لێنان و ، بۆم هێنان ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ بە (علي) فەرموو : لەمە بخۆ ، ئەمە بۆ تۆ بەسوودترە ٠ لە بێژەیەكی تریشدا فەرمووی : لەمە بخۆ ، ئەمە بۆ تۆ گونجاوترە ٠

---

١٥٣ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

١٥٤ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٢٠٣٨) ، وابن ماجة (٣٤٤٢) ، وصححه الألباني في الصحيحة (٥٩) ٠

وَفِي " سُنَنِ ابْنِ مَاجَهْ " أَيْضًا عَنْ صُهَيْبٍ ، قَالَ : قَدِمْتُ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ وَبَيْنَ يَدَيْهِ خُبْزٌ وَتَمْرٌ ، فَقَالَ ((ادْنُ فَكُلْ)) ، فَأَخَذْتُ تَمْرًا فَأَكَلْت ، فَقَالَ ((أَتَأْكُلُ تَمْرًا وَبِكَ رَمَدٌ ؟)) فَقُلْت : يَا رَسُولَ اللّهِ أَمْضَغُ مِنْ النّاحِيَةِ الْأُخْرَى ، فَتَبَسّمَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ [١٥٥] .

واته : له (صهيب)ەوه _ خواى لىٚ ڕازى بيٚت _ فەرموويەتى : چوومە خزمەتى پيٚغەمبەرى خوا ﷺ و هاوكات نان و خورماى له پيٚش دەستدا بوو ليٚى دەخوارد ، پيٚى فەرمووم : نزيك بەرەوە بخۆ ، منيش خورمايكم هەلگرت و خواردم ، پيٚى فەرمووم : خورما دەخۆى و چاويشت دەيەشىٚ ؟ منيش گووتم : ئەى پيٚغەمبەرى خوا من خواردنەكە بەلا چاك و ڕاستەكەم دەجوم ، پيٚغەمبەرى خواش ﷺ زەردە خەنە گرتى ٠

وَفِي حَدِيثٍ مَحْفُوظٍ عَنْهُ ﷺ إنّ اللّهَ إذَا أَحَبّ عَبْدًا حَمَاهُ مِنْ الدّنْيَا كَمَا يَحْمِي أَحَدُكُمْ مَرِيضَهُ عَنْ الطّعَامِ وَالشّرَابِ ٠

وَفِي لَفْظٍ إنّ اللّهَ يَحْمِي عَبْدَهُ الْمُؤْمِنَ مِنْ الدّنْيَا[١٥٦] .

واته : پيٚغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى : ئەگەر خواى تعالى بەندەيەكى خۆشويست لە دونيا دەيپاريٚزى وەكو چۆن كەسيٚكتان نەخۆشەكەى لە خواردن و خواردنەوە دەپاريٚزىٚ ٠

له بيٚژەيەكى تريشدا : خواى تعالى بەندە برِوادارەكەى خۆى له دونيا دەپاريٚزيٚت ٠

بەلاّم ئەو فەرموودەيەى لە سەر زمانى خەلّك دەسوريٚتەوەو باس دەكريٚت : ((الحَميةُ رأسُ الدواءِ ، والمَعِدَةُ بيتُ الداءِ ، وعوِّدوا كلَّ جسم ما أعتاده)) واته : ((پاريزكردن

١٥٥ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٢٠٣٨) ، وابن ماجة (٣٤٤٢) ، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة (٢٧٧٦) ٠

١٥٦ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ٤٢٧) ، والترمذي (٢٠٣٦) ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي (١٦٥٩) ٠

سەرەكیترین دەرمانەو ، گەدەش شوێنی نەخۆشیە ، هەر جەستەیەكیش ڕابێنن لە سەر ئەوەی لە سەری ڕاهاتووە)) ، ئەم فەرموودە لە گوفتارەكانی (الحارث)ی كوڕی (كَلَدَة)ی پزیشكی عەرەبەو ، بەرزكردنەوەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ شیاو نی یە و بە ڕاست دانانرێت ، زیاد لە یەكێك لە فەرموودەناسان ئەمەیان گوتوە ، ويذكر عن النبي ﷺ : ((أنَّ المَعِدَةَ حوضُ البدن ، والعُروق إليها واردة ، فإذا صحَّت المَعِدَةُ صدرت العروقُ بالصحة ، وإذا سَقِمَت المَعِدَةُ ، صَدَرَت العروقُ بالسقم))[157] واتە : ئەم فەرموودەیەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ باسكراوە : ((گەدە حەوزی جەستەیەو ، ڕەگەكانی بۆ هاتووە ، بۆیە ئەگەر گەدە تەندروست بێ ، ڕەگەكانیش ئەو تەندروستیە بڵاو دەكەنەوەو ، ئەگەر گەدە نەخۆشیش كەوت ، ڕەگەكان بڵاوی دەكەنەوە بە هەموو جەستەدا)) ٠

(الحارث) دەڵێت : لووتكەی پزیشكێتی پارێزكردنە ، پارێزكردنیش بەلایانەوە بۆ كەسی تەندروست _ لە ڕووی زیانەوە _ بە پلەی تێكچوونە بۆ نەخۆش و بۆ ئەوانەش بەم نزیكانە لە نەخۆشی چاك بوونەتەوە ، بەڵام پارێزكردن زۆرترین سوود بەو كەسانە دەبەخشێت كە بەم نزیكانە لە نەخۆشی چاك بونەتەوە ، چونكە سروشتیی نەخۆشەكە هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆ هێزو دۆخی جارانی خۆی ، هێزی هەرسكردنیی لاوازە ، سروشتی نەخۆش قبوڵكارە ، ئەندامەكانیشی ئامادەیە ، بۆیە تێكدانی هۆكارێك دەبێت بۆ شكستهێنانی ، كەلە دەستپێكردنی نەخۆشیەكە قورستر دەبێت ٠

بزانە كە پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا بە قەدەغەكردنی (علي) _ خوای لێ ڕازی بێت _ كە بەو نزیكانە لە نەخۆشی چاك بوبوۆوە بۆ ئەوەی لە هیشووە خورما هەڵواسراوەكە نەخوات ، چاكترین چارەسازی بوو ، چونكە میوە زیانبەخشە بەو كەسانەی بەم نزیكانە لە نەخۆشی چاك بوونەتەوە ، لە بەر ئەوەی بە خێرا لە گەدەدا دەگۆڕێن و ، سروشتی

١٥٧ _ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في الضعيفة (١٦٩٢) ٠

نەخۆشـيش هێشـتا لاوازەو توانـای پـاڵ پێوەنـانی نـی یـە ، هێشـتا هیـزی نەگەڕاوەتـەو ، سەرقاڵیشە بە دوورخستنەوەی ئاسەواری نەخۆشیەکەو ، لابردنی لە جەستەدا ٠

خورمای تەڕی تازە پێگەیوو (الرُّطَب) جۆرە قورسـیەکی تێدایـە بـۆ گـەدە ، بۆیـە ئەگـەر بیخوات سەرقاڵ دەبێـت بـە چارەسـەرکردن و چـاکردنیی و ئـاوڕ لـە ئاسـەواری نەخۆشـیەکەو لادانی ناداتەوە ، دەرەنجامیش یا پاشماوەی نەخۆشیەکە دەمێنێتەوە ، یا زیاد دەکات ٠

کـاتێ سـلق و جۆکـە خرایـە پـێش دەسـتی ئیمـامی (علـي) _ خـوای لـێ ڕازی بێـت _ ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمانیـدا لـەوە بخـوات ، چـونکە یەکێکـە لـە باشـترین خۆراکـەکان بـۆ کەسێك بەم نزیکانە لە نەخۆشی چاك بوبێتەوە ، چونکە ئـاوی جـۆ چـەند خاسـیەتێکی وەکـو فێنکردنەوەو خۆراك پێ بەخشین و ، نەرم و نیانکردن و ، بەهێزکردنی تێدایـە کـە بـۆ کەسـێك بەم نزیکانە لـە نەخۆشـی چـاك بوبێتـەوە زۆر بەسـوودە ، بـە تایبـەت ئەگـەر لـە گـەڵ سـلقدا کوڵێنرا ، بۆیە ئـەم خۆراکـە زۆر گونجـاوە بـۆ ئـەو کەسـانەی گـەدەیان لاوازە ، هـیچ تێکەڵـەو پاشماوەیەکی ترسێنەریش دروست ناکات ٠

(زید)ی کوڕی (أسلم) دەڵێت : (عمر) _ خوای لێ ڕازی بێت _ پارێزی بە نەخۆشـێکی خۆی دەکرد ، تا ئەو ئاستەی نەخۆشەکە لە بەر زۆری پارێزکردن ناوکی دەمژی ٠

بەگشتی : پارێزکردن بە سوودترین دەرمانەکانە پیش تووشبوون بە نەخۆشی ، قەدەغـەی دروسـتبوونی دەکـات و ، ئەگـەر دروسـتیش بـوو ، زیـادبوون و بڵاوبوونـەوەی لـە جەسـتەدا قەدەغە دەکات ٠

بەشێك :

پێوسته بزانرێت كه نەخۆش و ئەو كەسەش بەم نزیكانه لە نەخۆشی چاك بۆتەوەو كەسی تەندروستیش ، ئەگەر ئارەزووی خواردنی كردو ، سروشتیشی مەیلی بۆ چوو ، پیویسته شتێكی كەم بخوات بە ئەندازەیەك تواناى هەرسكردنی هەبێت و ، بە خواردنی ئەوەش زیانی پێ نەكات ، بەڵكو پێوسته سوودیشی پێ گەیەنێت ، ئیتر لێرەدا سروشت و گەدە بە قبولّ و شادومانبوونەوه خواردنەكان وەردەگرێت و ، هەڵدەستن بە چاكردن و چارەسازیكردنی ئەوەی ترسی زیانی لێدەكرێت ، پێدەچێ لەو دەرمانانەش چاكتربێ كە سروشی مرۆڤ حەزی پێ نەیەو ، لە خۆی دوور دەخاتەوه ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ رازی بوو (صُهَیب) كه چاوی دەیەشا چەند دانەیەك خورما بخوات و ، دەشیزانی زیانی پێ ناگەیەنێت ٠

لەم بارەشەوە دەگێڕنەوه كەوا ئیمامی (علي) _ خوای لێ رازی بێت _ چاوی دەیەشاو ، چووه دیدەنی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هاوكات پێغەمبەری خوا ﷺ لە پیش دەستیدا خورما هەبوو لێی دەخوارد ، فەرمووی : ئەی (علي) حەزی لێ دەكەی ؟ وه خورمایەكی بۆ فڕێدا ، پاشان دانەیەكی تری بۆ فڕێدا تا حەوت دانەی بۆ فڕێدا ، پاشان فەرمووی : ئیتر بەسە ئەی (علي) ٠

وَمِنْ هَذَا مَا رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ فِي " سُنَنِهِ " مِنْ حَدِيثِ عِكْرِمَةَ ، عَنْ ابْنِ عَبّاسٍ أَنّ النّبِيّ ﷺ عَادَ رَجُلًا ، فَقَالَ لَهُ : مَا تَشْتَهِي ؟ فَقَالَ أَشْتَهِي خُبْزَ بُرّ ٠ وَفِي لَفْظٍ أَشْتَهِي كَعْكًا فَقَالَ النّبِيّ ﷺ مَنْ كَانَ عِنْدَهُ خُبْزُ بُرّ ، فَلْيَبْعَثْ إلَى أَخِيهِ ، ثُمّ قَالَ : إذَا اشْتَهَى مَرِيضُ أَحَدِكُمْ شَيْئًا ، فَلْيُطْعِمْهُ»[١٥٨]

---

١٥٨ _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (١٤٣٩) ، وضعفه الألباني في ضعيف ابن ماجة (٣٠٤) ٠

واته : له (ابن عباس)ەوه _ خوا له خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ چووه سەردانی نەخۆشێك ، پێی فەرموو : حەزت بە چی یە ؟ ئەویش گووتی : حەزم بە نانی گەنمە · له بێژەیەکی دیکەدا : حەزم بە کێکە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : هەرکەس نانی گەنمی هەیە ، با بۆ براکەی بنێرێ ، پاشان فەرمووی : ئەگەر نەخۆشی کەسێکتان حەزی بە خواردنێك بوو ، با بیداتێ)) ·

لەم فەرموودەیەدا نهێنیەکی پزیشکی ناسك بەدیدەکرێت ، بریتیە لەوەی کە ئەگەر نەخۆش لە کاتی برسێتیەکی ڕاستی سروشتیدا ئەو خواردنەی حەزی لێیەتی بخوات ، ئەگەرچی جۆرە زیانێکیشی تێدا بێت ، سوودێکی زۆرو زیانێکی کەمتری بۆ دەبێت ، بەڵام ئەگەر هەمان خواردن لە کاتیکدا بخوات حەزی پێ نەبێت ئەو سوودەی لێ نابینێت ئەگەرچی خواردنەکە لە خودی خۆشیدا بەسوود بێت ، چونکە ئەو نەخۆشەی بە ڕاستی حەزی بە خواردنەکەیە ، سروشتی ڕاستی ئەو حەزلێکردنە زیانی ئەو خواردنەی بۆ لادەبات ، بەڵام ئەگەر بە سروشتی ڕقی لە خواردنێکی بەسوودیش بێت ، ڕەنگە زیانێکی پێگەیەنێت ·

بەگشتی : خۆراکی خۆشی حەزلێکراو ، سروشتی مرۆڤ بە ووردی ڕووی تێ دەکات و ، بە جوانترین شێوە هەرسی دەکات ، بەتایبەت لە کاتێکدا کە نەفس بە حەزلێکردنێکی ڕاست و ، بەهێزێکی تەندروستەوە ڕووی تێدەکات · والله أعلم ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی چاوئێشەدا بە نەرم ونیانی و لە سەرخۆیی و و وازهێنان لە جوڵانەوەو پارێزکردن لەوەی دەبێت بەهۆی وروژاندنی چاوئێشەکە :

پێشتر ئاماژەی پێدرا کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ پارێزی بۆ (صُهیب) بەکارهێنا ، کاتێ نکۆڵیی لێکرد خورماکە بخوات ، چونکە چاوئێشەی هەبوو ، هەروەها پارێزی بۆ (علي)

بەکارهێنا ، کاتێ قەدەغەی کرد خورما تەڕەپێگەیووەکە بخوات ، بەهۆی چاو ئێشەیەکەوە تووشی بوبو ٠

(أبونعيم) لە کتێبی (الطب النبوي)دا دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر خێزانێکی تووشی چاوئێشە بوایە نەدەچووە لای تا چاوی چاك دەبویەوە.

چاوئێشە (الرمد) : ئاوسانێکی گەرمە لە سپیایی چاودا پەیدا دەبێت ، هۆکاری بریتیە لە تێرژانی یەکێك لە چوار تێکەڵاوەکە ، یا بایەکی گەرمە بڕی لە سەرو جەستەدا زیاد دەکات و ، بەشێکیشی دەچێتە ناوەڕۆکی چاو ، یا لێدانێك بەر چاو دەکەوێت و ، سروشتی لەش و دڵیش بڕێکی زۆری خوێنی بۆ دەنێرێت ، چونکە دەیەوێت بەهۆی ناردنی ئەو بڕە خوێنەوە چارەسەری بکات ، بۆیە ئەندامە لێدراوەکە دەئاوسێت ٠

بزانە وەکو ئەوەی چۆن لە زەویەوە بۆ بەرگە هەوا ، دوو هەڵم بەرز دەبێتەوە ، یەکێکیان : ووشکەو ، ئەویتریان : گەرمی شێدارەو ، بەهەردوکیانەوە هەورێکی کەڵەکەبوو دروست دەکەن ، قەدەغەی چاومان دەکەن و ناهێڵن دەرکی ئاسمان بکەین ، ئاوەهاش شتی بەو جۆرە لە قوڵایی گەدەوە بۆ کۆتایەکەی بەرز دەبێتەوە ، قەدەغەی بینینمان لێ دەکەن ، بەو هۆیەشەوە چەندین نەخۆشی دروست دەبێت ، ئەگەر سروشتی جەستە بەسەریدا زاڵ بوو و بەرەو لووت پاڵی پێوەنا ، هەڵامەت دروست دەکات ، ئەگەر بەرەو زمانە بچکۆلەوەو هەردوو کونە لووت پاڵی پێوەنا ، نەخۆشی گەروەخڕە دروست دەکات ، ئەگەر بەرەو لاکانی جەستە پاڵی پێوەنا ، نەخۆشی (الشَّوصة) دروست دەکات ، ئەگەر بەرەو سنگ پاڵی پێوەنا ، کۆکەو هەڵامەت دروست دەکات ، ئەگەر چوو بۆ دڵ ، تێکچونی دڵ دروست دەکات ، ئەگەر بەرەو چاو پاڵی پێوەنا ، چاوئێشە دروست دەکات ، ئەگەر دابەزیە ناوسك ، نەخۆشی هەوکردنی ئەندامی زاێ دروست دەکەن (السَّيْلان) ، ئەگەر بەرەو بەشەکانی مێشك پاڵی پێوەنا ، نەخۆشی بیرچوونەوە دروست دەکات ، ئەگەر

بەهۆیەوە خوێنبەرەكانی مێشك شێدارو تەڕاوی بوون و ڕگەكانی لیّ پڕبوون ، نەخۆشی خەوتنی توند دروست دەكات ، ئەو كات خەوتنەكە شێدار دەبێت و ، شەونخونیش (السهر) ووشك دەبێت · ئەگەر هەڵمەكە ویستی بۆ دەروەی سەر گوزەر بكات و ، توانای نەبوو ، سەرئێشەو شەونخونی دروست دەكات ، ئەگەر هەڵمەكە بۆ لایەكی سەر لێژبویەوە ، بەدوایدا سەرئێشەی (الشقیقة) دروست دەبێت ، ئەگەر ناوەڕاست و سەرسەری داگیركرد ، بەدوایدا نەخۆشی خۆربردن (داء البَیْضة) دروست دەبێت ، ئەگەر بەهۆیە پەردەی مێشك سارد بوو یا گەرم بوو یا شێداربوو و چەند بایەكی لێوە ووروژا ، پژمین دروست دەكات ، ئەگەر بوبە هۆی ووروژانی شیّ بەڵغەمیەكەی نێو مێشك تا ئەو ئاستەی زاڵ بێت بەسەر گەرمە سروشتیەكەیدا ، بورانەوەو (السُكات)[١٥٩] دروست دەكات ، ئەگەر (المِرَّة السوداء)ی ووروژان تا ئەو ئاستەی هەوای مێشك تاریك بكات ، نەخۆشی دودڵی دروست دەكات ، ئەگەر ڕژایە نێو ڕێڕەوكانی دەمارەوە ، نەخۆشی فێی سروشتی دروست دەكات ، ئەگەر كۆبەندی دەمارەكانی سەر شێدار بێت و بڕژێتە نێو ڕێڕەوەكانی ، نەخۆشی ئیفلیجی دروست دەكات ، بەڵام ئەگەر هەڵمەكە لە (المِرَّة الصفراء)ەوە بوو بە ئاستێك مێشك گەرم بكات ، نەخۆشی (البِرْسام) دروست دەكات ، ئەگەر سنگیشی لەگەڵدا بەشداربوو ، نەخۆشی (السِّرْسَامُ)[١٦٠] دروست ، كەوابوو باش تێبگە لەم بەشە ·

مەبەستیش ئەوەیە كە خەڵتەكانی جەستەو سەر دەجوڵێن و دەوروژێن لە باری چاوئێشەدا ، جووتبوونی خێزانیش جوڵان و هەڵچونی زیاد دەكات ، چونكە جووتبون جوڵانێكی سەرتاپای جەستەو ڕوح و سروشتە· بۆیە جەستە لەو باردا گەرم دەبێت

---

١٥٩ _ السُكات : نەخۆشیەكە مەردوم لە قسەو گوتە دەخات و بەردەوام دەبێت لە سەر بێدەنگی ، بڕوانە : فەرهەنگی دەریا ، وەرگێڕ ·

١٦٠ _ السِّرْسَامُ : ئەستوربوون و ئاوسانێكە لە پەردەی مێشكدا پەیدا دەبیّ و لەرزوتای بەردەوام لە نەخۆشیەكدا پەیدا دەكا ، هەروەها دیاردەی تریشی لیّ پەیدا دەبیّ بۆ نموونە خەو پزاندن و سەرسوڕمان و سەرلێشێواندن · بڕوانە : قاموسی ڕستە ، وەرگێڕ ·

بەدڵنیایی ، نەفسیش جوڵانەکەی توندتر دەکاتەوە بۆ گەشتن بە خۆشی جوتبون و تەواوکردنی ، ڕوحیش دەجوڵێتەوە لە گەڵ جوڵانەوەکەی نەفس و جەستەدا ، چونکە یەکەم پەیوەندبوونی ڕوح بە جەستەوە لە دڵەوە دەست پێ دەکات و ، لەوێشەوە ڕوح دروست دەبێ و ، بەهەموو ئەندامەکانی جەستەدا بڵاودەبێتەوە · بەڵام مەبەست بە جوڵانەوەکەی سروشت ، بۆ ئەوەیە ئاوی نێرینەی پێویست بەپێی ئەندازەی پێویست بنێرێ ·

بەگشتی : جووتبونی خێزان جوڵانەوەیەکی سەتاپایی گشتیە ، هێزو ، سروشت و خەلتەکان و ، ڕوح و نەفسی جەستە لە گەڵیدا دەجوڵێتەوە ، بۆیە هەموو جوڵانەوەیەك خەڵتەکان دەوروژێنێ و نەرم و تەنکیان دەکاتەوەو بە ئاسانی ڕەوانەی ئەندامە لاوازەکانی جەستەی دەکات ، چاویش لە باری نەخۆشی چاوئێشەدا لە هەمووی لاوازتر دەبێ ، جوڵانەوەی جووتبونیش لە هەمووی زیانتر دەبێ بۆی ·

(بقراط) لە کتێبی (الفصول)دا دەڵێت : پێدەچێ سواربوونی کەشتی پەنجەڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە جوڵانەوە هەڵچون و وروژان بە جەستە دەبەخشێت · لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا چاوئێشە سوودو کەڵکی زۆری تێدایە ، چونکە پێویست بە پارێزکردن و دەرهاوێشتنی مادە زیانبەخشەکان دەکات ، هەروەها سەرو جەستە لە پاشماوەو مادەگەنیوەکان پاك و روون دەکاتەوە ، هەروەها مرۆڤ دەبێ وازبێنێت لەوانەی زیان بە نەفس و جەستە دەگەیەنن وەکو تووڕەبوون و ، خەم و خەفەت و ، جوڵانەوە توندوتیژەکان و ، کارە قورسەکان · لە (أثر)ێکی سەلەفیدا هاتووە : با ڕقتان لە چاوئێشە نەبێت ، چونکە ڕەگەکانی کوێربوون دەبرێت ·

لەو هۆکارانەی بەکاردێت بۆ چارەسەرکردنی چاوئێشە پشوودان و نەرم و نیانی و خۆ ماندوو نەکردنە ، هەروەها وازهێنان لە دەست لێدانی چاو و خەریك بوون پێوەی ، چونکە ئەوانەی سەرەوە ئەگەر ئەنجام دران ئەوا دەبن بە هۆکارێکی کاریگەر بۆ تێڕژانی مادەیەك بۆ نێو چاو · هەندێ لە پێشینانی چاك فەرمویانە : نموونەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو

چاوه ، دەرمانی چاویش دەست لیٚ نەدانێتی · لە فەرمووده‌یەكی (مرفوع)دا باسكراوه : ((چارەسەری چاوئێشە ئەوەیە كە ئاوی سارد بتكێنرێتە نێو چاو)) · ئەمەش بەسوودترین دەرمانەكانە بۆ چاوئێشەی گەرم ، چونكە ئاوی سارد بەكاردەهێنرێت بۆ كوژاندنەوەی گەرمی چاوئێشە ئەگەر گەرم بوو ·

وَلِهَذَا قَالَ عَبْدُ اللّهِ بْنُ مَسْعُودٍ ـ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ ـ ، لِامْرَأَتِهِ زَيْنَبَ وَقَدْ اشْتَكَتْ عَيْنُهَا : لَوْ فَعَلْت كَمَا فَعَلَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ كَانَ خَيْرًا لَك وَأَجْدَرَ أَنْ تُشْفِي ، تَنْضَحِينَ فِي عَيْنِك الْمَاءَ ، ثُمّ تَقُولِينَ : أَذْهِبْ الْبَأْسَ رَبّ النّاسِ ، وَاشْفِ أَنْتَ الشّافِي ، لَا شِفَاءَ إلّا شِفَاؤُك ، شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا(١٦١) .

واته : (عبدالله)ی كوڕی (مسعود) ـ خوای لیٚ ڕازی بێت ـ بە (زینب)ی خێزانی فەرموو : ئەگەر كارێكت ئەنجام بدایە بەهاوشێوەی كارەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ چاكتر دەبو و شایستەتریش دەبوو بۆ چاكبونەوەت ، ئاو بتكێنیتە چاوت و ، پاشان بڵێی : ئەی پەروەردگاری خەڵك ناڕەحەتیەكان لابەرەو ، چاك بكەروە هەر تۆ چاك دەكەیتەوە ، هیچ چاكبونەوەیەكیش نی یە جگە لە چاكبوونەوەكەی تۆ ، چاكبونەوەیەك هیچ نەخۆشیەك تێنەپەڕێنێت · ئەمەش وەكو چەندەها جار ئاماژەمان پێداوە تایبەتە بە هەندێ وەڵاتەوەو ، تایبەتیشە بەهەندێ لە جۆرەكانی چاوئێشەوە ، بۆیە پێویستە گوفتاری تایبەتی پێغەمبەری خوا ﷺ گشتاندن نەكرێت و ، گوفتاری گشتیشی تایبەت نەكرێت بە بەشێكی خەڵكەوە ، بەوەش هەڵەگەلیك و ، پێچەوانەگەلێكی ڕاستی زۆر ڕوودەدات · والله أعلم ·

---

١٦١ ـ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٣٨٨٣) ، وابن ماجة (٣٥٣٠) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٦٣٩) ·

بەشێك : سەبارەت بە سڕبوونی گورچیلە
كە لە گەڵیدا جەستە ڕەق دەبێت :

ذَكَرَ أَبُو عُبَيْدٍ فِي " غَرِيبِ الْحَدِيثِ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي عُثْمَانَ النَّهْدِيِّ : أَنَّ قَوْمًا مَرُّوا بِشَجَرَةٍ فَأَكَلُوا مِنْهَا ، فَكَأَنَّمَا مَرَّتْ بِهِمْ رِيحٌ ، فَأَجْمَدَتْهُمْ ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: قَرِّسُوا الْمَاءَ فِي الشِّنَانِ ، وَصُبُّوا عَلَيْهِمْ فِيمَا بَيْنَ الْأَذَانَيْنِ •

واتە : لە (أبي عثمان النَّهْدِيّ)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : كۆمەڵەخەڵكیك بەلای درختێكدا تێپەڕیوون و لێیان خوارد ، وەكو ئەوەی بایەك بە سەریاندا تێپەڕیبوو ، ڕەقی كردن ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئاو لە كونەكاندا سارد بكەن و ، لە نێوان بانگ و قامەتی نوێژی بەیاندا بیكەن بە سەریاندا ·

(أبوعبيد) دەڵێت : فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ((قَرِّسُوا)) : واتە : ساردی بكەن · خەڵكیش دەڵێن : ((قد قَرَسَ البرد)) واتە : سەرماكە زۆر بوو · ((الشِّنان)) : واتە : كوندەو جەوەندەی كۆن · باسی ئەمەشی كردووە چونكە ئاوەكە زیاتر سارد دەكات · ((بين الأذانين) واتە : نێوان بانگ و قامەتی نوێژی بەیان · گوتەكانی تەواوبو ·

هەندێ لە پزیشكان گووتویانە : ئەم چارەسەرە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لە چاكترین چارەسەرەكانی ئەم نەخۆشیەیە ئەگەر لە وەڵاتێكی وەكو حیجازدا ڕوویدات ، كە وەڵاتێكی گەرمی ووشكە ، چونكە گەرمیی سروشتی لە ناوەڕۆكی دانیشتوانی ئەم وەڵاتەدا لاوازەو ، ئاوكردنیش بەسەریاندا لە كاتی باسكراودا كە ساردترین كاتەكانی رۆژە ، هۆكاریكی كارا دەبێت بۆ كۆكردنەوەی ئەو گەرمیە سروشتیەی كە بڵاوبۆووەتەوە لە جەستەیانداو هەموو هێزەكانیش هەڵدەگرێت و ، بەوەش هێزی پاڵنەر بەهێز دەبێت و ، لە لایەكانی جەستەوە

دێـت و لـه سـکدا کۆدەبێتـەوە کـه شـوێنی نەخۆشـیەکەیەو ، بـه یارمـەتی هێزەکـانی تـر نەخۆشیەکە پاڵ بە نەخۆشیەکەوە دەنێت و ، بەئیزنی خوای تعالی نوری دەخاتـەوە ، ئەگـەر (جالینوس) یا (بقراط) یا کەسانی تر ، وەسفی ئەم دەرمانەیان بۆ ئـەم نەخۆشـیە بکردایـە ، پزیشکان ملکەچی دەبوون و ، لە تەواوی زانستی سەرسام دەبوون ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چاکردنی ئەو خۆراکەدا کە مێشی تێدەکەوێت و ڕێنمایەکانی سەبارەت بە دوورخستنەوەی زیانەکانی ژەهرەکان بە دژەکانیان :

في " الصَّحيحَيْنِ " مِنْ حَديثِ أبي هُرَيْرَةَ ، أنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ قَالَ : إذَا وَقَـعَ الـذُّبَابُ فِـي إنَـاءِ أحَدِكُمْ ، فَامْقُلُوهُ ، فَإنّ فِي أحَدِ جَنَاحَيْهِ دَاءً ، وَفِي الْآخَرِ شِفَاءً[١٦٢] .

واتە : لە (أبي هريرة)ەوە _ خوای لـێ ڕازی بێـت _ فەرموویـەتی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی : ((ئەگەر مێش کەوتە قاپی یەکێکتانەوە ، لە شـلەکەدا نقومی بکـەن ، چـونکە لـە باڵێکیدا نەخۆشی هەیەو ، لەویتردا چارەسەر)) ٠

وَفِي " سُنَنِ ابْنِ مَاجَهْ " عَنْ أبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيّ ، أنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ قَالَ: أحَدُ جَنَاحَيْ الذّبَابِ سَمّ ، وَالْآخَرُ شِفَاءٌ ، فَإذَا وَقَعَ فِي الطّعَامِ ، فَامْقُلُوهُ ، فَإنّهُ يُقَدّمُ السّمّ وَيُؤَخّرُ الشّفَاءَ[١٦٣].

واتە : لە (أبي سعيد الخُدْريّ) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((باڵێکی مێش ژەهرەو ، ئەویتریش چارەسەرە ، ئەگەر کەوتە نێو قاپی

١٦٢ _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٣٩٨) ، والدارمي (٢٠٤٤) ، والبخاري (٤ / ١٥٨) ، (٧ / ١٨١) ، وابن ماجة (٣٥٠٥) كلهم عن طريق عتبة بن مسلم مولى بني تميم ، عن عبيد بن حنين ، عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً ولم أجده في مسلم ، ولعله وهم من المصنف ٠

١٦٣ _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٥٠٤) ، وصححه الألباني في الصحيحة (٣٩) ٠

يەكێكتانەوە ، لە شلەكەدا نقومی بكەن بۆ دەهێنانی چارەسەرەكەی ، چونكە مێش باڵە ژەهرینەكەی پێش دەخات و ئەو باڵەی چارەسەری تێدایە دوایدەخات)) ٠

ئەم فەرموودە دوو شتی تێدایە : فیقهی و پزیشكی :

بەڵام فیقهیەكە : بەڵگەیەكی زۆر ئاشكەرایە كە ئەگەر مێش لە نێو ئاودا یا هەر شلەیەكی تردا مرد ، پیسی ناكات ، ئەمەش گوفتاری جەماوەری زانایانە ، ناشزانراوە لە پێشیندا كەسێك هەبوبێت بەرهەڵستی ئەمەی كردبێت ، ڕووی كردنیشی بە بەڵگە ئەوەیە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بە نقوم كردنی مێشەكە لە ئاوەكەدا ، زانراویشە بەو كارە مێشەكە دەمرێت ، بە تایبەت ئەگەر چێشتەكە گەرم بوو ، بۆیە ئەگەر پیسی بكردایە فەرمانی بە ڕشتنی چێشتەكە دەكرد ، لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە چاكردنی چێشتەكە كرد بە نقوم كردنی مێشەكە ، پاشان حوكمەكە لەو سنورە تێپەڕێنراو هەموو ئەو جانەوەرانەشی گرتەوە كە نەفسێكی شلیان نی یە ، وەكو مێش هەنگوێن و زەردەواڵەو ، جاڵجاڵۆكە و ، هاوشێوەكانیان ، چونكە حوكم گشتی دەبێت بە گشتیبونی هۆكاری و ، ناشمێنێت بە نەمانی هۆكارەكەی ، لەبەر ئەوەی هۆكاری پیسبوون ئەو خوێنەیە كە لە جەستەی ئاژەڵی مردوودا دەوەستێت و ، جانەوەرانیش خوینێكی شلیان نی یە ، بۆیە حوكم بە پیسبوونی ئەو شلەی مێشی تێدەكەوێت نامێنێت ، چونكە هۆكاری دروستبوونی پیسبوون كە خوێنەكەیە نەماوە ٠

پاشان ئەو كەسانەی كە حوكم بەوە ناكەن كە ئێسكی مردارەوەبوو پیس بێت دەڵێن : ئەگەر ئەمە جێگیر بێت بۆ ئاژەلێكی تەواو كە هەموو جۆرە شێ و تەڕی و ، پاشەڕۆو ، نەبونێكی ڕەقی تێدا بێت ، جێگیربوونی شایستەتر دەبێت بۆ ئێسكێك كە هیچ جۆرە شێ و تەڕی و ، پاشەڕۆو ، خوێنێكی وەستاوی تێدا نەبێت ، ئەمەش لەوپەڕی بەهێزیدایە ، بۆیە شایستەترە كاری پێ بكرێت ٠

یەکەم کەسێکیش لە ئیسلامدا ئەم گوفتارەی لێوە بیسترابێت و ، فەرمویێتی : (ما لا نفس لە سائلة) واتە : (نەفسێکی شلی نەبێت) پێشەوا (إبراهیم النخَعيُّ) بوو ، لە ئەویشەوە هەموو زانایانی ئیسلام وەریانگرتووە ، ووشەی (النفس)یش لە زمانی عەرەبیدا واتە : خوێن ، بۆیە دەگوترێت : (نَفَست المرأة) واتە : کەوتە بێنوێژیەوە ، بەڵام ئەگەر گوترا (نُفِسَت) بضم النون : واتە : منداڵی بوو ٠

بەڵام مانا پزیشکیەکەی : (أبو عُبَیْد) دەڵێت : مانای (امْقُلُوه) : واتە : نقومی بکەن با چارەسەرەکەی بێتەدەروە وەکو چۆن نەخۆشیەکەی دەرچوو ، لەم بارەشەوە لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێت : (هما يَتَماقلان) واتە : ئەو دووانە خۆیان لە ئاوەکەدا نقوم کرد ٠

بزانە بەلایانەوە مێش هێزێکی ژەرینی تێدایە ئاوسان و ، خورووی کاتی کە بە مرۆڤەوە دەدات پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت ، ئەمەش وەکو چەکێکە بۆ مێش ، ئەگەر کەوتە شتێکەوە بەجۆرێك زیانی پێگەیەنێت ، بە چەکەکەی خۆی دەپارێزێت ، بۆیە پێغەمبەری خوا _ صلی الله علیه وسلم _ فەرمانیداوە ئەو ژەهرەی لە باڵێکیدایە چارەسەر بکریت بەو دەرمانەی کە خوای تعالی خستویەتیە باڵەکەی ترەوەی ، هەموو مێشەکە لە ئاو و چێشتەکەدا نقوم دەکرێت و ، مادە ژەهرەکەو مادە بەسوودەکە بەرامبەر یەکتر دەبنەوەو ، زیانەکەی دوردەخاتەوە ، ئەمەش پزیشکێتیەکە پزیشکانی گەورەو پێشەواکانیان ڕێی پێ نابەن و نایدۆزنەوە ، بەڵکو لە ڕوناکی پێغەمبەرایەتی بەدەرە ، لە گەڵ ئەمەشدا پزیشکی زانای سەرکەوتوو ملکەچی ئەم چارەسەرە دەبێ و ، دانی پێدا دەنێ ئەو کەسەی هێناویەتی تەواوترین بونەوەرەو ، پشتگیری کراوە بە سروشێکی ئیلاهی بەدەرە لە هێزی مرۆڤایەتی ٠

زیاتر لە یەك پزیشك بەیادیان هێناوەتەوە کە شوێنی پێوەدانی زەردەواڵەو دووپشك ئەگەر مێشی پێدا بهێنرێت سوودێکی ئاشکەرای بۆ دەبێت و ، ئێشەکەی دەنیشێنێتەوە ، ئەوەش بۆ هیچی تر ناگەڕێتەوە تەنها بۆ ئەو مادەدە نەبێت کە شیفای تیدایە ، ئەگەر بهێنرێت بەو

ئاوسانەدا کە لە برژانگی چاودا پەیدا دەبێت و بـە (الشَّعْرَة) ناودەبرێـت پـاش برِینـی سـەری مێشەکە چاکی دەکاتەوە ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی زیپکەدا :

ذَكَرَ ابْنُ السّنّيّ فِي كِتَابِهِ عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النّبِيّ ﷺ قَالَتْ : دَخَـلَ عَلَـيّ رَسُـولُ اللّـهِ ﷺ وَقَـدْ خَرَجَ فِي أُصْبُعِي بَثْرَةٌ ، فَقَالَ " عِنْدَكِ ذَرِيـرَةٌ ؟ قُلْـت : نَعَـمْ . قَـالَ " ضَـعِيهَا عَلَيْهَـا " وَقُـولِي : اللّهُمّ مُصَغّرَ الْكَبِيرِ ، وَمُكَبّرَ الصّغِيرِ ، صَغّرْ مَا بِي[١٦٤] .

واتە : کەسـانێك لـە خێزانـەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ دیدەنی کردم کە هاوکات زیپکەیەك لە پەنجەمدا دەرچووبو ، پێی فەرمووم : دەرمانی (ذریـرة)ت لایە ؟ گوتم : بەڵێ٠ فەرمووی : بیخە بە سەری و ، بڵێ : پـەروەردگار ئـەی بچوکارەوەی گەورەو ، گەورەکاری بچوك ، ئەوەی لە جەستەمدایە بچوکی بکەرەوە ٠

(الذَّرِيرةُ) : دەرمانێکی هیندی کـوتراوە لـە قامیشـی (الـذَّرِيرة) دەردەهێنرێـت ، گـەرم و ووشکەو بەسوودە بۆ ئاوسانەکانی گەدەو جگەرو ئاوبەنگ (الأستسقاء)و ، دڵ بەهێز دەکـات چونکە بۆن خۆشە ٠ وَفِي " الصّحِيحَيْنِ " عَنْ عَائِشَةَ أَنّهَا قَالَـتْ طَيّبْـتُ رَسُـولَ اللّـهِ صَـلّى اللّـهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ بِيَدِي بِذَرِيرَةٍ فِي حَجّةِ الْوَدَاعِ لِلْحِلّ وَالْإِحْرَامِ[١٦٥] .

واتە : لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لـێ ڕازی بێـت _ فەرموویـەتی: بەدەسـتەکانی خۆم بە (الذريرة) پێغەمبەری خـوام ﷺ بۆنخـۆش کـرد لـە حـەجی ماڵئاوایدا بۆ ئیحرام

---

١٦٤ ــ إسناده ضعيف : أخرجه أحمد (٥ / ٣٧٠) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٤٢١٠) ٠

١٦٥ ــ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٢٠٠ ، ٢٤٤) ، والبخاري (٧ / ٢١١) ، ومسلم (٤ / ١٠) كلهم عن عروة والقاسم عن عائشة فذكرته ٠

بەستن و دوای ئیحرام شکاندنیش . (البَثْرَة) : هەڵتۆقیویەکی بچوکە بەهۆی مادەیەکی گەرمەوە دروست دەبێ و سروشتی جەستە پاڵی پێوە دەنێ ، جێگەیەك لە جەستەدا دەدرێ و لێی دێتە دەرەوە ، پێویستی بە شتێکە پێیگەیەنێت و دەریکاتە دەرەوە ، (الذَّريرة)ش یەکێکە لەو دەرمانانەی ئەو کارە بەجێ دێنێت ، چونکە سیفەتێکی بەرزی پێگەیاندن و دەهاوێشتنی هەیە سەرەڕای بۆن خۆشیەکەی ، ئەگەرچی سیفەتێکی ساردکردنەوەشی تێدایە بۆ ئەو ئاگریەی لەو مادەدایە ، بۆیە دانەر کتێبی (القانون) دەڵێت : هیچ شتێك نی یە لە (الذَّريرة) چاکتربێ بۆ سوتاندنی ئاگر ئەگەر لە گەڵ ڕۆنی گوڵ و (بدهن الورد) سرکەدا (الخل) تێکەڵ کرا .

بەشێك : سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاوساو دومەڵەکان بە هەڵدرین و دەرهێنانی کێم و ئاوەکەی :

يُذكر عن علي أنه قال : دخلتُ مع رسول الله ﷺ على رجل يعودهُ بظهره ورم ، فقالوا : يا رسول الله بهذه مِدَّة . قال : بُطُّوا عنه ، قال عليٌّ فما بَرِحتُ حتى بُطَّتْ ، والنبيُّ ﷺ شاهدٌ[١٦٦].

واتە : لە (علي)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ باسکراوە فەرموویەتی : ((بەیاوەری پێغەمبەری خوا ﷺ چوینە دیدەنی پیاوێك ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی دەکرد بە هۆی ئەو ئاوسانەوە کە لە پشتیدا بوو ، گوتیان : ئاوسانەکەی کێم و زیچکاوی هەیە ، ئەویش فەرمووی : هەڵیدڕن ، (علي) _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەفەرمێت : جێگەکەم بەجێنەهێشت تا ئاوسانەکەی هەڵدڕا بۆ دەرهێنانی کێم و زیچکاوەکەی ، پێغەمبەری خواش ﷺ ئامادەبوو.

ويُذكر عن أبي هريرة : أنَّ النبيَّ ﷺ أمر طبيباً أن يَبُطَّ بطن رجل أجْوى البطن ، فقيل : يا رسول الله هل ينفع الطبُ ؟ قال : الذي أنزَلَ الداء ، أنزل الشِّفاء ، فيما شاء[١٦٧].

---

١٦٦ _ ضعيف : انظر مجمع الزوائد (٥ / ٩٩) .

واته : له (أبي هريرة)ەوە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ باسكراوه فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمانيدايه پزيشكێك سكى پياوێكى تووشبوو به نەخۆشى ئاوبەنگ هەڵدڕىٚ ، گوترا: ئەى پێغەمبەرى خوا ئايا پزيشكێتى سوود دەگەيەنێت ؟ فەرمووى : ئەو زاتەى نەخۆشيەكەى دابەزاندووه ، چارەسەرەكەشى دابەزاندووه ، بەهەر شتێك ئارەزووى لێبێت ٠

ئاوسان (الورم) : مادەيەكە بە قەبارەى ئەندامەكە ، دروستبوونى دەگەڕێتەوه بۆ زێدە مادەيەك دەڕژێتە نێو ئەو جێگەيە ، له تێكڕاى ڕەگەزەكانى نەخۆشيدا هەيە ، ئەو مادانەش ئاوسانەكە پەيدا دەكەن چوار تێكەڵاوەكەو ، ئاو و ، بان ، ئەگەر ئاوسانەكە كۆبۆوە بە دوملٚ (خُراج) ناودەبرێت ، هەموو ئاوسانێكى گەرمى بەئازاريش دەرەنجامى سىٚ شت دەبىٚ : يا شيبوونەوەو نەمان ، يا كۆبوونەوەى كێم و زيچكاو ، يا دەگۆڕێت بۆ بارێكى ڕەقى ٠ بۆيه ئەگەر هێزى مرۆڤ بەهێزبوو ، مادەى ئاوسانەكە كۆنترۆلٚ دەكات و شيدەكاتەوەو نايهێڵێت ، ئەمەش چاكترين بارەكانە ئەگەر بارى ئاوسانەكەى پێدا تێپەڕبێت ، بەڵام ئەگەر هێزى لەوە كەمتر بوو ، مادەى ئاوسانەكە پێدەگەيەنێت و ، دەيكات بە كێمێكى سپى و ، جێگەيەكى بۆ دەكاتەوەو دەيڕژێنێتە دەرەوە ، ئەگەر هێزى مرۆڤەكە لەوەش كەمتربوو ئەوا مادەكە دەگۆڕێت بۆ كێمێكى تەواو پێنەگەيو ، بێتواناش دەبىٚ جێگەيەك لەو ئەندامەدا بكاتەوەو پاڵى پێوە بنێت بۆ دەرەوە ، لەم بارەدا ترسى گەنين لەو ئەندامەى لەشى مرۆڤ دەكرێت بەهۆى زۆر مانەوەى مادە كێماوە ڕەقەكە تيايدا ، بۆيە پێويستى بە يارمەتى پزيشكە بۆ هەڵدڕينى جێگەكە ، يا هەر ڕێگەيەكى تر بۆ دەهێنانى ئەو مادە خراپبووە كە ئەندامەكەى خراپ كردووه ٠

هەڵدڕينيش دوو سوودى تێدايە : يەكەميان : دەهێنانى ئەو كێم و مادە خراپانەيە كە ئەندامەكەى لەش خراپ دەكات٠ دووەميان : ڕێگريى لە كۆبونەوەى مادەى تر لەويدا بۆ ئەوەى هێزى ترى پىٚ نەبەخشێت ٠

---

١٦٧ _ سبق تخريجه ٠

بەڵام سەبارەت بەو گوفتارەی کە فەرموویەتی : ((إنه أمر طبيباً أن يَبُطَّ بطن رجل أجْوَى البطن)) واتە : ((فەرمانیدایە پزیشکێك سکی پیاوێکی تووشبوو بە نەخۆشی ئاوبەنگ هەڵدڕێ)) ، لێرەدا ووشەی (الجَوى) بۆ چەند مانایەك بەکاردێ لەوانە : ئەو ئاوە بۆگەنەیە کە لە سکدا کۆدەبێتەوەو نەخۆشی ئاوبەنگ دروست دەکات ٠

پزیشکان جیاوازبوون سەبارەت بە هەڵدڕین و دەرهێنانی ئەو ئاوەی تیایدا کۆبۆتەوە ، کۆمەڵێك لە پزیشکان ڕێگری لێ دەکەن چونکە مەترسیدارەو ، ساغ و سەلامەتیشی لێوە بەدوورە ، کۆمەڵێکی تریش شیاوێتیان پێداوەو ، دەڵێن : بەدەر لەوە هیچ چارەسەرێکی تری نی یە ، مەبەستیشیان بەو جۆرەیەتی کە بە (الزَّقيَّ) ناودەبرێت ، چونکە وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا سێ جۆرە : تەپڵی و ، گۆشتی و ، (الزِّقي)ە ، کە بەلای زۆربەی پزیشکانەوە خراپترین جۆرەکانە ٠ پزیشکانی تریش گوتویانە خراپترین جۆریان گۆشتیە چونکە هەموو جەستە دادەپۆشێ ٠

لە کۆی چارەسەرەکانی جۆری (الزِّقي) دەرهێنانی ئاوەکەیە بە هەڵدڕین (البَزْل) ، ئەمەش وەکو خوێن دەرهێنانی پیسە لە ڕەگەکانەوە ، بەڵام مەترسیدارە وەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا ، ئەگەر (صحيح)ی ئەم فەرموودەیە جێگیربوو ، ئەوا بەڵگەیەك دەبێت بۆ شیاوێتی هەڵدڕین و دەرهێنانی ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خۆراك پێدانی مرۆڤ بە ناسکترین و بەتامترین ئەو خۆراکانەی لە سەری ڕاهاتووە :

في " الصّحِيحَيْنِ " مِنْ حَدِيثِ عُرْوَةَ ، عَنْ عَائِشَةَ : أَنَّهَا كَانَتْ إِذَا مَاتَ الْمَيِّتُ مِنْ أَهْلِهَا، وَاجْتَمَعَ لِذَلِكَ النِّسَاءُ ، ثُمّ تَفَرّقْنَ إِلَى أَهْلِهِنّ ، أَمَرَتْ بِبُرْمَةٍ مِنْ تَلْبِينَةٍ فَطُبِخَتْ ، وَصُنِعَتْ ثَرِيدًا ،

ثُمّ صُبّتْ التّلْبِينَةُ عَلَيْهِ ، ثُمّ قَالَتْ : كُلُوا مِنْهَا ، فَإِنّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللّهِ ﷺ يَقُولُ ((التّلْبِينَةُ مَجَمّةٌ لِفُؤَادِ الْمَرِيضِ تَذْهَبُ بِبَعْضِ الْحُزْنِ))(١٦٨) .

واته : (عُرْوَة) له خاتوو (عائشة)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بێت _ دەگێڕێتەوەو دەفەرمێت : ئەگەر یەكێك له كەسوكاری بمردایه ، پاش ئەوەی ژنان كۆدەبونەوەو ، دەچونەوه ماڵی خۆیان ، فەرمانیدەدا مەنجەڵێك (تلبینة) لێدەنرا ، ئینجا تریدی دەكردو ، (تلبینة)ەكەی بەسەریدا دەكردو ، پاشان دەیفەرموو لێی بخۆن ، چونكه گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم ﷺ دەیفەرموو : (((التلبینة) ئاسوودەیی به دڵی نەخۆش دەبەخشێ و هەندێ له خەمەكان دەڕەوێنێتەوە)) .

وَفِي " السّنَنِ " مِنْ حَدِيثِ عَائِشَةَ أَيْضًا ، قَالَتْ : قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ عَلَيْكُمْ بِالْبَغِيضِ النّافِعِ التّلْبِينِ ، قَالَتْ : وَكَانَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ إذَا اشْتَكَى أَحَدٌ مِنْ أَهْلِهِ لَمْ تَزَلْ الْبُرْمَةُ عَلَى النّارِ حَتّى يَنْتَهِيَ أَحَدُ طَرَفَيْهِ . يَعْنِي يَبْرَأُ أَوْ يَمُوتُ(١٦٩) .

واته : له خاتوو (عائشة)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ((بێزلێكراوی بەسوود بەكاربێنن (التلبین))) ، خاتوو (عائشة) _ خوای لیّ ڕازی بێت _ دەفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر یەكێك له كەسوكاری نەخۆش بوایه ئیتر بەردەوام مەنجەڵ (التلبین)ەكه بەسەر ئاگرەوه دەبوو تا بەلایەكا كۆتای دەهات . مەبەستی ئەوەیه یا چاك دەبۆوه یا دەمرد .

---

١٦٨ _ متفق علیه : أخرجه البخاري (٩ / ٤٧٩) ، ومسلم (٢٢١٦) .

١٦٩ _ إسناده ضعیف : أخرجه أحمد (٦ / ٢٤٢) ، وابن ماجة (٣٤٤٦) ، وضعفه الألباني في ضعیف الجامع (٣٧٥٥) .

وَعَنْهَا : كَانَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ إِذَا قِيلَ لَهُ إِنّ فُلَانًا وَجِعٌ لَا يَطْعَمُ الطّعَامَ ، قَالَ : عَلَيْكُمْ بِالتّلْبِينَةِ فَحَسّوهُ إِيّاهَا ، وَيَقُولُ : وَالّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنّهَا تَغْسِلُ بَطْنَ أَحَدِكُمْ كَمَا تَغْسِلُ إِحْدَاكُنّ وَجْهَهَا مِنْ الْوَسَخِ (١٧٠) .

واته : ديسان له خاتوو (عائشة)ەوه _ خواى لىّ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : ئەگەر به پێغەمبەرى خوايان ﷺ بگوتبا فلأن كەس نەخۆشەو خۆراك ناخوات ، دەيفەرموو ، (((التلبينة) بەكاربێنن با بيخواتەوه ، دەشيفەرموو : بەو زاتەى نەفسى منى بەدەستە نێو سكى يەكێكتان دەشواتەوه به هاوشێوەى ئەوەى يەكێتان دەم و چاوى له پيسى پشواتەوه ٠

(التلبين) : شۆربايەكى ناسكەو لە خەستى ماستاودايه ، هەر لە ئەويشەوه ناوەكەى داتاشراوه ، (الهَرَوِىُّ) دەفەرمێت : ناونراوه به (التلبينة) لەبەر ئەوەى لە ماستاو دەچێت لە بوارى سپێتى و ناسكى و خەستيەوه ، ئەم خۆراكە بەسوودە بۆ نەخۆش ، چونكە ناسكێكى پێگەيوه نەك چرێكى نەكولأو ، ئەگەر ويستى زانينى چاكێتى (التلبينة) دەكەى ، تەماشاى چاكێتەكانى ئاوى جۆ بكە ، بەڵكو ئاوى جۆيە بۆ ئەوان ، چونكە (التلبينة) شۆربايەكى وەرگيراوه له ئاردى جۆ بە كەپەكەوه ، جياوازيش لە نێوان ئەم و ئاوى جۆدا ئەويه ئاوى جۆ له جۆ لێدەنرێت به ساغى ، كەچى (التلبينة) له جۆ لێدەنرێت بە هاڕاوى ، ئەمەش بەسوودترە چونكە خاسيەتى جۆكە ديتەدەروه به هاڕاوى ، پێشتريش ئاماژەى پێدرا كە داب و نەرێت كاريگەرى خۆى دەبێت بۆ سوود وەرگرتن له دەرمان و خۆراكەكان ، چونكە نەرێتى عەرەب وابوو ئاويان له جۆى هاڕاو وەردەگرت نەك بە ساغى ، ئەمەش خۆراكێكى زياتر دەبەخشێت ، كاريگەريشى بەهێزترەو ، تواناى پاككردنەوەشى گەورەترە ، بەڵام پزيشكانى شار ئاويان له جۆى ساغ وەرگرتووه ، بۆ ئەوەى ناسك و نەرم ونيانتر بىّ و ، قورسيش نەبىّ بۆ سروشتى نەخۆش ، ئەمەش بەگوێرەى خووى دانيشتوانى شارو نەرم و

---

١٧٠ _ إسناده ضعيف : أخرجه أحمد (٦ / ٣٢) ، ورواه البخاري (٥٤١٧) مرفوعاً بلفظ : ((التلبينة مُجِمَّة لفؤاد المريض ، تُذْهِب ببعض الحزن)) ٠ ورواه مسلم (٢٢١٦) ٠

نيانيانەو ، ئاوى جۆى هاڕاويش بۆ سروشتى ئەوان قورسە ، مەبەستيش ئەوەيە كە ئاوى جۆى لێنراو بە ساغى خێرا گوزەر دەكات و ، پاكردنەوەشى زۆر ئاشكەرايەو ، خۆراكێكى نەرم نيانيش بە جەستە دەبەخشێت و ئەگەر بە گەرميش بخورێتەوە بەهێزتر پاك دەكاتەوەو ، خێراتريش گوزەر دەكات و ، گەرمى خۆڕسكيش زياتر پەرەپێدەدات و ، سەركەوتوتريش بەر ڕووى گەدە دەكەوێت ٠

فەرمايشتى پێغەمبەرى خوا ﷺ ((مجمة لفؤاد المريض)) واتە ئاسودەكارە بۆ دڵى نەخۆش و ، شادكارو خۆشى هێنەرە بۆى ٠ فەرمايشتى : ((تذهب ببعض الحُزْن)) واتە : خەم بەرە ، ئەمەش _ والله أعلم _ لەبەر ئەوەيە خەم وخەفەت ميزاج سارد دەكەنەوەو ، گەرميى خۆڕسكيش لاواز دەكەن ، چونكە ئەو خوێن و ڕوحەى هەڵگرى گەرميەكەن مەيلى لاى دڵ دەكەن ، كە جێگەى دروستبونيەتى ، ئەم شۆربايەش گەرميە خۆڕسكيەكە بەهێزدەكات بە زيادكردنى مادەكەى ، بۆيە زۆربەى ئەو خەم و خەفەتەى توشى بووە لايدەبات ٠

دەشگوترێت _ ئەمە نزيكترە لە قبوڵبونەوە _ هەندێ خەم و خەفەت لادەبات بە هۆى خاسيەتێكەوە كە تيايدايە لە ڕەگەزى خاسيەتى خۆراكە شادومانكارەكان ، چونكە هەندێ لە خۆراكەكان شادومانى و ئاسودەى بەدڵ دەبەخشن بە هۆى خاسيەتێكى تايبەتەوە ٠ والله أعلم ٠

دەشگوترێت : هێزەكانى كەسى خەمبار لاواز دەبێت ، چونكە ووشكێتى بەسەر ئەندامەكانى و ، بەسەر گەدەشيدا بەتايبەت زاڵ دەبێ ، بەهۆى كەمبونەوەى خۆراك تيايدا ، ئەم شۆربايەش تەڕو شێدارى دەكاتەوەو ، بەهێزى دەكاتەوەو ، خۆراكێ پێ دەبەخشێتەوە ، هەمان ئەو شتانەش بە دڵى نەخۆش دەبەخشێت ، بەڵام نەخۆش بە زۆرى خەڵتەى تاڵى و ترشى ، يا بەڵغەمى ، يا كێمى لە گەدەيدا كۆدەبێتەوە ، ئەم شۆربايەش گەدە پاك

دەكاتەوەو ، ئەو مادانەش شلْ دەكاتەوەو ، بەڕێیان دەخات و ، چۆنیەتیان چاك دەكاتەوەو ، توندتیژیان دەشكێنێت ، هەموو ئەمانەش ئاسودەیی بە نەخۆش دەبەخشێت ، بە تایبەت بۆ ئەو كەسانەی بەخواردنی نانی جۆ ڕاهاتوون كەوا نەریتی دانیشتوانی مەدینە بوو ، زۆربەی بژێوی و خواردەمەنیان ئەوەبوو ، چونكە گەنم لای ئەوان دەگمەن بوو . والله أعلم .

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردنی نەخۆشدا بە خۆشكردنی نەفسیان و بەهێزكردنی دڵیان :

رَوَى ابْنُ مَاجَهْ " فِي سُنَنِه " مِنْ حَدِيث أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيّ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّه ﷺ إذَا دَخَلْتُمْ عَلَى الْمَرِيضِ ، فَنَفّسُوا لَهُ فِي الْأَجَلِ ، فَإِنّ ذَلِكَ لَا يَرُدّ شَيْئًا ، وَهُوَ يُطَيّبُ نَفْسَ الْمَرِيضِ(١٧١) .

واتە : لە (أبي سَعيد الخُدْريّ) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەگەر چوونە سەردانی نەخۆش ، ناڕەحەتیەكانی لە سەر بڕەوێننەوە بە هیوای تەمەن درێژی ، ئەوەش هیچ شتێك لە چارەنووسی خوای تعالى ناگەڕێنێتەوە ، بەڵام دڵی نەخۆشی پێ خۆش دەبێ)) .

جۆرێكی زۆر بەڕێز لە بەڕێزترین جۆرەكانی چارەسەری نەخۆش لەم فەرمودەیەدا بەدیدەكریت ، كە بریتیە لە ڕێنیشاندان بۆ ئەو شتانەی دڵیی نەخۆشی پێ خۆش دەبێت و ، چاكترینیشیان گوفتاری خۆشە كە سروشتی نەخۆشی پێ بەهێز دەبێت و ، هێزی پێ دەبوژێتەوەو ، گەرمی خۆڕسكیشی پێ بڵاودەبێتەوە ، ئەمەش یارمەتی دورخستنەوەی نەخۆشیەكە دەدات ، یا كەمی دەكاتەوە ، كە بەرزترین مەبەستەكانی پزیشكە .

---

١٧١ _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٢٤٣٨) ، وضعفه الألباني في الضعيفة (١٤٨) .

شادومان كردنى نەفسى نەخۆش و ، دڵخۆشكردنى و ، باسكردنى ئەوەى ئاسودەيى پێ دەبەخشێت ، كاريگەريەكى سەرسوڕمێنى لە چاكردنەوەى نەخۆشى و سوكردنەوەيدا هەيە ، چونكە خوێن و ڕوح و هێزەكانى پێ بەهێز دەبێ و ، يارمەتيدەرێكى چاكيش دەبێ بۆ دوورخستنەوەى زيانبەخشەكە ، خەڵكى زۆرێك لە نەخۆشەكان دەبينن هێزەكانى دەبوژێتەوە ، بەتايبەت بە سەردانيى ئەو كەسانەى كە نەخۆشەكان خۆشيان دەوێ و ، بە گەورەيان دادەنێن و ، ئەوانيش چاويان پێ دەكەوێ و ، سۆزو ميهرەبانى بۆ دەنوێنن و ، لە گەڵيدا دەدوێن ، ئەمەش يەكێكە لە سودەكانى سەردانى نەخۆش كە پەيوەندى بە ئەوانەوە هەيە ، چونكە لە بنچينەدا چوار جۆر سودى تێدايە : جۆرێك دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆش ، جۆرێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەسەى سەردانى دەكات ، جۆرێك دەگەڕێتەوە بۆ كەسوكارى نەخۆش ، جۆرێكيش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەمەكى خەڵك .

پێشتر ئامارەى پێدرا كە ڕێبازى پێغەمبەرى خوا ﷺ وابوو لە نەخۆشى دەپرسى سەبارەت بە نەخۆشيەكەى و ، چۆن هەستى پێ دەكات و ، لێشى دەپرسى سەبارەت بەو خۆراكەى حەزى لێيەتى ، دەستە موبارەكەكانيشى دەخستە سەر تەوێڵى و ، ڕەنگە دەستيشى بخستبايەتە نێوان هەردوو مەمكەكانى ، بۆشى دەپاڕايەوەو نزاى بۆ دەكردو ، دەرمانێكيشى بۆ وەسف دەكرد گونجاوى نەخۆشيەكەى بوايە ، پێدەچێ دەستنوێژيشى بگرتايەو لە ئاوى دەستنوێژەكەشى بەسەردا بكردايە ، لەوانەبوو بە نەخۆشيش بڵێ : ((لا بأس ، طَهُورٌ إنْ شاء الله))[١٧٢] واتە : دەيفەرموو : ((هێچى تێدا نى يە ، چاك دەبيتەوە إن شاء الله)) ، ئەمەش لوتكەى تەواوێتى سوزو ميهرەبانى و ، باشێتى چارەسەرو چارەسازيە .

١٧٢ ــ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ٢٤٦) ، (٧ / ١٥٢ ، ١٥٣) ، (٩ / ١٦٩) وفي الأدب المفرد (٥١٤) ، (٥٢٦) والنسائي في عمل اليوم والليلة (١٠٣٩) كلهم من طريق خالد الحذاء عن عكرمة عن ابن عباس فذكره .

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردنی جەستەكاندا بە پێدانی ئەو خۆراك و دەرمانانەی لە سەری ڕاهاتووە ، نەك بەوەی لە سەری ڕانەهاتووە :

ئەمە بچینەیەكی گەورەیە لە بنچینەكانی چارەسەر ، بەسوودترین شتیشە تیایدا ، ئەگەر پزیشك هەڵەی تێدا بكات ، زیان بە نەخۆش دەگەینێ لەو شتەدا كە پێی وایە سوودی بۆ دەبێ ، هیچ كەسیش ئامادە نی یە لەم دەستوەرە لابدات و ، ئەو دەرمانانە بەكاربێنی كە لە كتێبە پزیشكیەكاندا هەیە ، جگە لە پزیشكێكی نەفام ، چونكە گونجاوێتی دەرمان و خۆراك بۆ جەستە بە گوێرەی ئامادەیی و قبوڵبونێتی بۆ ئەو دەرمان و خۆراكە ، ئەمانەش دەشتەكی و وەرزێرو و كەسانی تری بەو هاوشێوانەن كەوا شەربەتی (لینوفر)و گوڵی ناسك و(الورد الطريّ) خواردنەوەی گەرم كاریگەری بۆ ئەمانە نابێ ، هیچ شتێك كار لە میزاجیان ناكات ، بەڵكو سەرجەم دەرمانەكانی دانیشتوانی شارو خەڵكانی خۆشگوزەران كاریان تێناكات ، تاقیكردنەوەش گەواهیدەرە ، هەركەس تەماشای ئەو چارەسەرە پیغەمبەرایەتیانە بكات كە ئاماژەی پێدرا ، دەبینێ هەرهەمووی گونجاوی نەریتی نەخۆش و زەویەكەیەتی ، گونجاوی ئەوەیە كە لە سەری پەروەردە بووە ، كەوابوو ئەمە بنچینەیەكی گەورەیە لە بنچینەكانی چارەسەر ، كە پێویستە ڕەچاو بكرێت ، ئەمەش لە لایەن پزیشكە بەڕێزەكانەوە دانی پێدانراوە ، تا ئەو ئاستەی گەورەترین پزیشكی عەرەب (الحارث)ی كوڕی (كَلَدَة) ، كە وەكو (بقراط) بووە لە نێو قەومەكەی خۆیدا دەڵێت : پارێزكردن سەرەكیترین دەرمانەو ، گەدەش شوێنی نەخۆشیەو ، هەموو جەستەیەكیش ڕابێنن لە سەر ئەوەی لە سەری ڕاهاتووە ، لە بێژەیەكی دیكەشدا گوتویەتی : وازهێنان لە خواردن و خۆ برسیكردن دەرمانە ، ئەمەش لە گەورەترین دەرمانەكانە بۆ چارەسەركردنی ئەو نەخۆشیانەی بە هۆی تێپژانی یەكێك لە چوار تێكەڵاوەكانی خوێنی ، بەڵغەمی ، (صفراوي) ' (سوداوي)ەوە پەیدا دەبن

به جۆرێك له هەموو ئەو دەرمانانەی بەكار دەهێنرێن بۆ بەتاڵكردن و دەرهاوێشتنی ئەو چوار تێكەڵاوە چاكترە ، بەمەرجێك ترسی ئەوەی لێنەكرێت ئەو چوار تێكەڵاوە زیاتر تێرژێت ، یا ترسی وروژانی تێكەڵاوەكانی لیّ بكرێت ، یا تیژترو گرگرتوتری بكات ٠

گوفتاری (الحارث)ی كوری (كَلَدَة) : (المعدة بيت الداء) واته گەدە شوینی نەخۆشیە ٠ گەدە : ئەندامێكی دەماریی نێو بۆشە ، لە شێوی كولەكەدایە ، لە سیّ چین پێكهاتووە ، لە پارچەگەلێكی وردی دەماریی پێكهاتووە بە ڕیشاڵ ناودەبرێت ، گوشت چواردەوری داوە ، ڕیشاڵی چینێكیان بە درێژیە ، ئەویتریان بە پانیەو ، سیّ یەمیش پێچاوپێچە ، دەمی گەدە زۆرترین دەماری پێوەیەو ، بنیشی زۆرترین گۆشتی پێوەیە ، ناوەوەی ڕیشووی هەیە ، كەوتۆتە ناوەڕاستی سكەوە ، كەمێك بەلای ڕاستدا مەیل دەكات ، ئا بەم شێوەیە لە لایەن خوای پەروەرگارەوە خولقێنراوە بۆ حیكمەتێكی ناسك و جوان ، گەدە ماڵ و شوێنی نەخۆشیە ، شوێنی هەرسی یەكەم بوو ، تیایدا خۆراك پێدەكات و لێژ دەبێتەوە بۆ جگەرو ڕیخوڵە ، پاشەڕۆشی لیّ بەجیّ دەمێنێت كە هێزی هەرسكردن نەیتوانیوە بەتەواوی هەرسی بكات ، یا بەهۆی زۆری خۆراكەوە ، یا بەهۆی گەندی خۆراكەكەوە ، یا بەهۆی خراپ ڕێكخستنی خۆراكەكانەوە ، یا بە هۆی تێكڕای ئەو هۆكارانەوە ، بەزۆری مرۆڤ توانای خۆ ڕزگاركردنی لە هەندیّ لەوانە نابێت ، بۆیە گەدە دەبیّ بە ماڵ و شوێنی نەخۆشیەكان ، وەكو ئەوەی بەو گوفتارانەی هانی خەڵك بدات بۆ كەمكردنەوەی خۆراك و ، قەدەغەكردنی نەفس لە شوێنكەوتنی ئارەزووەكانداو ، خۆپاراستن لە زێدە خۆراك و پاشەڕوی زیاد ٠

بەڵام (عادة) واتە : نەریت ، ئەمیش وەكو سروشت وایە بۆ مرۆڤ ، بۆیە دەگوترێت : نەریت خووی دووەمە ، كە هێزێكی گەورەیە لە لەشدا ، تا ئەو ئاستەی ئەگەر شتێك بەپێی چەند جەستەیەكی نەریت جیاواز بپێورێت ، دەبینرێت بۆ هەر دانەیەكیان جیاواز دەبیّ ، ئەگەرچی جەستەكان گەنجاو و ڕێكەوتوش بن لە ڕووەكانی ترەوە ، بۆ نموونە سیّ جەستەی میزاج گەرم لە تەمەنی لاویدا ، یەكێكیان ڕاهێنراوە لە سەر خواردنی شتە گەرمەكان ،

دووەمیان ڕاهێنراوە لە سەر خواردنی شتە ساردەکان ، سێ یەمیش ڕاهێنراوە لە خواردنی شتە ناوەندەکان ، بۆیە یەکەم : ئەگەر هەنگوێن بخوات زیانی پێ ناگەیەنێت ٠ دووەم : هەرکات بیخوات زیانی پێ دەگەینێ ٠ سێ یەمیش : بە کەمی زیانی پێ دەگەیەنێ٠ کەوابوو نەرێت پایەیەکی گەورەیە لە پاراستنی تەندروستی و ، چارەسەری نەخۆشیەکاندا ، بۆیە پێغەمبەری خو ﷺ هەموو جەستەیەکی چارەسەر دەکرد بەوەی ڕاهاتووە لە سەری لە بواری بەکارهێنانی خۆراك دەرمان و شتی تریشدا ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لەچارەسەرکردنی ئەو ژەهرەدا کە تووشی بوو لە خەیبەر لە لایەن جولەکەکانەوە :

ذَكَرَ عَبْدُ الرَّزّاقِ ، عَنْ مَعْمَرٍ ، عَنْ الزّهْرِيّ ، عَنْ عَبْدِ الرّحْمَنِ بْنِ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ : أَنّ امْرَأَةً يَهُودِيّةً أَهْدَتْ إلَى النّبِيّ ﷺ شَاةً مَصْلِيّةً بِخَيْبَرَ ، فَقَالَ : مَا هَذِهِ ؟ قَالَتْ هَدِيّةٌ ، وَحَذِرَتْ أَنْ تَقُولَ مِنْ الصّدَقَةِ ، فَلَا يَأْكُلُ مِنْهَا ، فَأَكَلَ النّبِيّ ﷺ وَأَكَلَ الصّحَابَةُ ، ثُمّ قَالَ : أَمْسِكُوا ، ثُمّ قَالَ لِلْمَرْأَةِ : هَلْ سَمَمْتِ هَذِهِ الشّاةَ ؟ قَالَتْ : مَنْ أَخْبَرَك بِهَذَا ؟ قَالَ : هَذَا الْعَظْمُ لِسَاقِهَا ، وَهُوَ فِي يَدِهِ ؟ قَالَتْ : نَعَمْ . قَالَ : لِمَ ؟ قَالَتْ : أَرَدْتُ إنْ كُنْت كَاذِبًا أَنْ يَسْتَرِيحَ مِنْك النّاسُ ، وَإِنْ كُنْت نَبِيّا لَمْ يَضُرّك ، قَالَ : فَاحْتَجَمَ النّبِيّ ﷺ ثَلَاثَةً عَلَى الْكَاهِلِ ، وَأَمَرَ أَصْحَابَهُ أَنْ يَحْتَجِمُوا فَاحْتَجَمُوا ، فَمَاتَ بَعْضُهُمْ٠(١٧٣) .

واتە : (عبدالرحمن)ی کوڕی (کعب)ی کوڕی (مالك) فەرموویتی : ژنێکی جولەکە لە خەیبەر مەڕێکی برژاوی دایە پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرمووی : ئەمە چی یە ؟ ژنەکە گوتی : دیاریەو ، وریابوو لەوەی نەڵێت خێرو صەدەقەیە ، چونکە لێی ناخوات ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ لێی خواردو هاوەڵانیش لێیان خوارد ، پاشان فەرمووی : دەستهەڵگرن ، پاشان بە ژنەکەی فەرموو : ئایا مەڕەکەت ژەهراوی کردووە ؟ ژنەکەش گوتی : کێ

---

١٧٣ ـ صحيح : أخرجه البخاري بنحوه (٦ / ١٩٠) ٠

هـەواڵی ئەمـەی پێـدای ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی : ئـەم ئێسـکەی لاقـی ، کـە بـە دەستیەوە بوو ؟ ژنەکـە گـوتی : بـەڵێ ٠ پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی : بۆچـی ؟ ژنەکـە گوتی : ویستم ئەگەر درۆزن بیت خەڵکی لە دەستت بحەوێنەوە ، ئەگـەر پێغەمبـەریش بیت ئەوا زیانت پێ ناگەیەنێ ، ئەو هاوەڵە بەڕێزە دەفەرمێت : پاشان پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـێ کەڵەشاخی گرت لە سەر شـانی و ، فـەرمانی دایـە هاوەڵانیشـی کەڵەشـاخ بگـرن ، ئـەوانیش کەڵەشاخیان گرت ، پاشان هەندێکیان مردن ٠

لە ڕێگەیەکی تـری فەرموودەکـەوە باسکراوە : کـەوا پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە سـەر شـانی کەڵەشاخی گرت بەهۆی خواردنی گۆشتی مەڕەکەوە ، (أبوهند)ی خزمەتکاری (بـني بَياضَـةَ) لە پشتیوانان ، بە شاخ و چـەقۆی دەم پـان کەڵەشـاخی بـۆ گـرت ، دوای ئـەوە پێغەمبـەری خوا ﷺ سێ ساڵ مایەوە تا ئەو ئێش و ئازارەی توش بوو کە بوبە هۆی مردنی ، دەیفـەرموو : تا ئێستا هەست بە ئازار دەکەم بە هـۆی ئـەو پاروانـەوە کـە لـە گۆشـتی مەڕەکـەم خـوارد لـە ڕۆژی خەیبـەردا ، تـا ئـەوە بوبـە هـۆی بڕینـی شـاخوێنبەرم ، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە شەهیدی مرد ، ئەمە گوفتاری (موسی)ی کوڕی (عقبة)یە ٠

چارەسەری ژەهر بەو دەرمانانە دەکرێت کە خاسیەتی بـەتاڵکردن و دەرهاوێشـتنیان هەیـە ، بـەو دەرمانانـەی بەرهەڵسـتی کـاری ژەهـر دەکـەن و پـوکی دەکەنـەوەو نـایهێڵن ، یـا بـە چۆنیەتیەکانی ، یا بە خاسیەتەکانی ٠ هەرکـەس ئـەو دەرمانانـەی نـەبوو ، بـا خێـرا ڕووبکاتـە بەتاڵکردن و دەرهاوێشتنی سەتاپایی و بەسوودترین شـتیش لـەم بـوارەدا کەڵەشـاخ گرتنـە ، بەتایبەت ئەگەر وەڵاتەکە گەرم بوو ، زەمەنیش گەرم بوو ، چونکە هێـزی ژەهـر دەچـێتە نێـو خوێنەوەو ، بەڕێگای ڕەگ و ڕێڕەوەکاندا بڵاودەبێتەوە تا بـە دڵ دەگـات ، کـە گەشـتە ئـەوێ مردن ڕوودەدات ، خوێن ڕاڕەوی گەیەنەری ژەهرە بـۆ دڵ و ئەندامـەکانی دیکـە ، بۆیـە ئەگـەر کەسـی ژەهـراوی یەکسـەر دەستپێشـخەری کـردو خوێنەکـەی دەرهێنـا ، ئـەو چـۆنیەتیە ژەهراویەی تێکەڵی بووە لـە گەڵیـدا دەچـێتە دەرەوە ، ئەگـەر بـەتاڵکردن و دەرهاوێشـتنەکە

بەتەواویی بێت ، ئەوا چیتر ژەهەرەکە زیانی پێ ناگەیەنێ ، بەڵکو ژەهرەکە یا دەچێت و نامێنێت ، یا لاواز دەبێت و سروشتی مرۆڤی بەسەردا زاڵ دەبێ و ، کاریگەری پوك دەکاتەوە یا زۆر لاوازی دەکات ٠

شەهیدبوونی بە ژەهرەکە :

کە پێغەمبەری خوا ﷺ کەڵەشاخی گرت ، لە سەر شانی کەڵەشاخی گرت ، کە نزیکترین شوێنێکە لە دڵەوە بتوانرێت کەڵەشاخی تێدا بگیرێت ، ئەوەبوو مادە ژەهراویەکە لە گەڵ خوێندا هاتەدەرەوە بەڵام نەك بە تەواوی ، بەڵکو لە گەڵ لاوازیونی مادەکەدا کەچی شوێنەواری هەر مایەوە ، چونکە ویستی پەروەردگار ئەوەبو پلەکانی فەزڵی هەموو بۆ تەواو بکات ، بۆیە کە خوای تعالی ویستی ئەوەی هەبوو بە شەهیدبوون ڕێز لە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ بنێت ، بۆیە کاریگەری شوێنەواری ژەهرەکە لە خوێنیدا دوبارە دەرکەوتەوە ، بۆ ئەوەی خوای تعالی کارێك بەدیبهێنێت کە هەر بەدی دێت ، وە نهێنی گوفتاری خوای تعالی بەرامبەر بە دوژمنەکانی لە جولەکە دەرکەوت کە دەفەرمێت :﴿ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لا تَهْوَى أَنْفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًاكَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴾ [البقرة : ٨٧]واتە : ﴿ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ ﴾ جا هەر کاتێ پێغەمبەرێکتان بۆ بهاتایە ﴿ بِمَا لا تَهْوَى أَنْفُسُكُمُ ﴾ بە جۆرێك کە ڕێکی ئارەزوتان نەبوایە ﴿ اسْتَكْبَرْتُمْ ﴾ لووت بەرزبوون و خۆتان بەگەورە گرتووە ﴿ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ ﴾ جا دەستەیەکتان (لە پێغەمبەران) بەدرۆ زانیوە ﴿ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴾ وە دەستەیەکتان کوشتوون[١٧٤] ٠ لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار ووشەی (كَذَّبْتُمْ)ی بە شێوازی فرمانی ڕابردوو باسکردووە کە ئاشکرایە بێباوەڕان بەدرۆیان زانی و بەرهەڵستیشیان کردو ، هەموو ئەوانەش ڕوویدا ، وە ووشەی ﴿ تَقْتُلُونَ ﴾یشی بە شێوازی فرمانی داهاتوو باسکردووە کە چاوەڕوانی ڕودانی کوشتنی بوون ، والله أعلم ٠

١٧٤ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی ئەو جادووەدا کە جولەکەکان جادویان لێکرد :

دەستەیك نکۆڵی لەوە دەکەن کە جولەکەکان جادویان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردبێ و ، دەڵێن : ئەمە بۆ ئەو شیاو نی یەو ، واگومان دەبەن کەموکوڕی وعەیبە ، بەڵام شتەکە ئاوەها نی یە وەکو بانگەشەی بۆ دەکەن ، بەڵکو لە ڕەگەزی ئەو نەخۆشی و ئێش و ئازارانەیە کە تووشی دەبوو ، نەخۆشیەکە لە نەخۆشیەکان ، توشبوونی بە جادوو بە هاوشێوەی تووشبونیەتی بە ژەهرەکە هیچ جیاوازیەکیان لە نیواندا نی یە ٠

وقد ثبت في الصحيحين عَنْ عَائِشَةَ _ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا _ أَنَّهَا قَالَتْ : سُحِرَ رسول الله ﷺ حَتَّى إِنْ كَانَ لَيُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَأْتِي نِسَاءَهُ ، وَلَمْ يَأْتِهِنَّ ، وَذَلِكَ أَشَدّ مَا يَكُونُ مِنْ السِّحْرِ[١٧٥] .

واتە : لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : جادووکرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ تا ئەو ئاستەی وای بە خەیاڵدا دەهات چوّتە لای خێزانەکانی و ، نەشچوبوە لایان ، ئەوەش توندترین جۆرەکانی جادووە ٠

پێشەوا (القاضي عياض) دەفەرمێت : جادوو نەخۆشیەکە لە نەخۆشیەکان ، شیاوە تووشی ببێت وەکو هەموو جۆرە نەخۆشیەکانی تر ، نکۆڵیی لێناکرێت و ، پێغەمبەرایەتیشی لەکەدار ناکات ، بەڵام سەبارەت بەوەی وای خەیاڵ دەکرد کە کارێك دەکات و نەشیکردبوو ، لەمەدا هیچ نیەت و نیازێکی دیکە تێکەڵ بە ڕاستگۆیەکەی نابێ ، چونکە لەم بارەوە بەڵگەو (الإجماع) جێگیرن لە سەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ سیفەتی پارێزراوی (العصمة) لەلایەن

١٧٥ _ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ١٢٣ ، ١٤٨) ، (٧ / ١٧٦ ، ١٧٧ ، ١٧٨) ، (٨ / ٢٢ ، ١٠٣) ، ومسلم (٧ / ١٤) ٠

خوای پەروەردگارەوە پێدراوە ، بەڵکو ئەمە بەشیاو دادەنرێت بۆ ئەوەی کە تووشی دەبێت لە بواری شتگەلێکی دونیایدا کە ئەمە هۆکاری ناردنی نی یە ، هیچ فەزڵێکیشی پێنەدراوە لەبەر دونیا ، بۆیە وەکو هەموو مرۆڤایەتی تووشی بەڵاو ناڕەحەتیەکان دەبێت و، بە دوریش دانانرێت خەیالی شتێکی کردبێت کە حەقیقەتی نەبێت ، پاشانیش لابچێت وەکو جاران ٠

چارەسەرکردنی جادوو :

مەبەستیش : باسکردنی ڕێبازی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیەدا ، لەم بارەوە دوو جۆر چارەسەری لێوە باسکراوە :

یەکەمیان : _ کە لە هەمووی گرنگترە _ دەرهێنان و پوچکردنەوەی جادوەکەیە ، وەکو ئەوەی بە (صحیح)ی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ باسکراوە کەوا لە پەروەردگاری خۆی پرسی و ، ڕێی پیشاندرا ٠ ئەوەبوو هەستاو جادووەکەی لەو بیرە دەرهێنا ، جادووەکەش لە شانەو هەندێ لە تاڵە مووەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دروست کرابوو ، کەلە سەرو ڕیشی کەوتبوونە خوارەوە ، لە کاتی داهێناندا ، هەمووی خستبوونە نێو پەردەیەکی تایبەتەوە کە بە سەر چرووزو هەڵاڵەکانی دارەخورمەیە ، کە دەریهێنان ، ئەو جادووەی کە توشی ببو نەماو لاچوو ، وەکو ئەوەی لە پێوەندێك ئازاد کرابێ ، کەوابوو ئەمە لە گرنگترین ئەو شتانەیە کە کەسی جادولێکراوی پێ چارەسەر دەکرێت ، ئەمەش لە پلەدا وەکو لابردنی مادە پیسەکانە لەجەستە بە ڕێگای بەتاڵکردن و دەرهاوێشتن ٠

دووەم : دەرهاوێشتن لەو جێگەیەی کە زیانی جادووەکەی پێگەشتووە ، چونکە جادوو کاریگەری خۆی لە سروشتی مرۆڤ و ، هەڵچونی تێکەڵاوەکانی و ، شڵەژانی میزاجی هەیە ، ئەگەر شوێنەواری لە ئەندامێکدا بەدەرکەوت و ، توانرا مادە گەندەکە لەو ئەندامەدا بە ڕێگای دەرهاوێشتن بکرێتە دەرەوە ، سوودی زۆر دەبەخشێت٠ (أبوعبید) لە کتێبی (غریب

الحديث)دا دەڵێت : لە (عبدالرحمن)ی کوڕی (أبي ليلـى)وە دەفـەرمێت : پێغەمبـەری خـوا ﷺ کاتێ جادووی لێکرا بە شاخێك سەری ڕووشێنراو کەڵەشاخی گرت ٠

زۆرێك لە کەسانی کەم زانست ئەمەیان بـەلاوە ئـالۆزیوەو ، دەڵـێن : کەڵەشـاخ و جـادوو چ پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە ؟ پەیوەندی لە نێوان ئەم نەخۆشیەو ئـەو دەرمانـەدا چـی یـە ؟ ئەمانـە ئەگـەر پزیشـکانێکی وەکـو (أبقـراط) ، یـا (ابـن سـینا) ، یـا کەسـانی تـر ئـەو چارەسەریەیان داڕێژایە ، زۆر بـەقبوڵبوون و ملکەچیەوە پێشـوازان لێـدەکردو ، دەیـانگووت : پزیشکانێك دایانڕێژاوە گومان لە زانست و فەزڵیاندا نی یە ٠

بزانە مادەی ئـەو جـادووەی کـە تووشـی پێغەمبـەی خوابـوو ﷺ گەشـتە سـەری ، گەشـتە یەکێکی ئـەو هێزانـەی تیایـدا بـوو ، بـە جۆرێـك وای بـە خـەیاڵ دەهـات شـتێك دەکـات بـەڵام نەشیکردبوو ، ئەمەش ئەو کردارەیە کەوا جادوکار تـەصروف بە سروشـت و مـادە خوێنێکـەوە دەکات ، بەجۆرێك ئەو مادەیە بەسەر ناوەوەی پێشەوەی سەری پێغەمبەری خـوادا زاڵ بـوو ، میزاجی لە سروشتە بنەڕەتەکەی خۆی گۆڕی ٠

جـادوو : پێکهـاتووە لـە کاریگـەری ڕوحـە خراپـە زیانبەخشـەکان و ، کاردانـەوەی هیـزە سروشتیەکانی مرۆڤ بەرامبەری ، ئەمەش بە جادووی (التمریحات) ناودەبرێت ، کە تونـدترین جۆرەکانی جادووە ، بە تایبەت بۆ ئەو جێگەیەی لەشی مرۆڤ کـە جادووەکـەی تێدایـە ، بۆیـە کەڵەشـاخ گـرتن لـەم جێگەیـەدا کـە زیـانی پێگەشـتووە بـە هـۆی جادووەکـەوە بـە سـووترین چارەسەرەکانە ئەگەر بە پێی ئەو یاسایەی کە پێویستە بەکارهێنرا ٠

(أبقراط) دەڵێت : ئەو شـتانەی کـە پێویسـتە بکرێتـە دەروە ، پێویسـتە لـەو جێگایانـەدا دەربهێنرێت ، کە شیاوە بۆ ئەوەی شتەکانی بکرێتە دەرەوە ٠

كۆمەڵێكی خەڵكی تریش دەڵێن : كاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ تووشی ئەم نەخۆشیە بوو و ، وای بە خەياڵدا دەهات شتێكی كردوەو نەشیكردبوو ، وای دەزانی ئەوە بەهۆی مادەيەكی خوێنیەوە تووشی بووە كە بەرەوە لای مێشكی چووەو ، بەسەر بەشی سكی پێشەوەی مێشكیدا زاڵ بووە ، میزاجی لە سەر باری سروشتی خۆی نەهێشتووە ، بۆ ئەم بارە بەكارهێنانی كەڵەشاخ لە گرنگترین دەرمانەكان و ، بەسوودترین چارەسەرەكان بوو ، ئەوەبوو كەڵەشاخی گرت ، بەڵام ئەمە پێش ئەوەبوو كە خوای تعالى سروشی بۆ دابەزێنێت و پێی ڕاگەیەنێت ئەو باروحاڵەتە بەهۆی جادۆوە تووش بووە ، بۆیە كاتێ سرووشی بۆ دابەزاندو ، پێی ڕاگەیاند جادووی لێكراوە ، دەستی لەوە هەڵگرت و چارەسەری حەقیقی بەكارهێنا كە بریتی بوو لە دەرهێنانی جادووەكەو پووچكردنەوەی ، ئەوەبوو لە پەروەردگاری خۆی پرسی و ، خوای پەروەردگاریش شوینەكەی پێشانداو ، دەریهێنا ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا وەكو ئەوەی لە پێوەندێك ئازاد كرابێ ، لە ڕاستیدا جادووەكە لە جەستەو ، ئەندامە ئاشكەراو دیارەكانیدا بوو ، نەك لە ئەقڵی و دڵیدا ، بۆیە باوەڕی بەڕاستێتی ئەو خەیاڵانەی خۆی نەبوو كەوا دەچێتە لای خێزانەكانیی ، بەڵكو دەیزانی تەنها خەیاڵەو حەقیقەت نی یە ، شتی وەكو ئەمەش زۆرجار لە ئەنجامی چەند نەخۆشیەكەوە ڕوودەدات . والله أعلم .

بەشێك : سەبارەت بەوەی كە دەرمانە ئیلاهیەكان بەسوودترین چارەسەریەكانی جادووە :

بەسوودترین چارەسەریەكانی جادوو دەرمانە ئیلاهیەكانە ، بەڵكو چارەسەری تایبەتی جادووە ، چونكە جادوو لە ڕاستیدا كاریگەری ڕووحە پیسە زیانبەخشەكانی دونیایە ، دورخستنەوەی ئەو كاریگەریانەش بە چارەسەرگەلێك دەبێت كە بەرهەڵستی بكات و بەرگریی بكات ، وەكو زیكرەكان و ، ئایەتەكانی قورئان و ، ئەو نزاو پاڕانەوانەی كە كارو كاریگەریەكانی پوچ دەكاتەوە ، چەندیش ئەو نزایانە بەهێزو توندتر بێت ، ئەمەندە

كارتێكردنی نوشتەكە بەهێزتر دەبێت ، نموونەی ئەمەش وەكو دوو سوپایە ، هەر دانەیەكیان چەك و كەرستەی خۆی پێیە ، ڕوو بە ڕووی یەكتر دەبنەوە ، هەریەكیكیان زاڵ بوو بەسەر ئەویتردا دەیشكێنێت و ، دەستەڵات و حوكم هی خۆی دەبێ ، كەواتە ئەگەر دڵ پڕ بێت لە خواو تقوەی زیكرەكانی بێت ، بەردەوام ویردێكی هەمە ڕۆژەی هەبێت لە ڕووكردنە پەروەردگارو ، نزاو دوعاكان و ، زیكرەكان و ، پەناگرتن بەخوا بە خوێندنی سورەتەكانی (الفلق) و (الناس)و هەموو پەناگرتنەكانی تر ، بە جۆرێك ئەو پەیمانەی لە گەڵ خوای خۆیدا داویەتی نەیشكێنێت و ، لەو كاتەدا دڵ و زمانی چونیەك بن ، هەموو ئەوانە دەبن بە هۆكارێكی كاریگەر بۆ تووش نەبوونیی بە جادوو ، گەورەترین چارەسەرەكانیش دەبن دوای تووشبوونی بە جادوو ٠

سەبارەت بە جادوبازانیش : لە ڕاستیدا جادوكەیان كاریگەری تەواوی خۆی دەبێت لە سەر دڵە لاوازەكان و ، نەفسە بە ئارەزووەكان ، ئەوانەی دڵیان پەیوەستە بە شتە دونیایەكانەوە ، بۆیە بە زۆری كار لە ژنان و ، منداڵان و ، نەفامان و ، دەشتەكیەكان و ، ئەوانەش كە لایەنی ئاینیان لاوازەو ، ئەوانەش كە پشت بەستنی تەواو و ، یەكتا پەرستیان نی یە و ، ئەوانەش كە ویردی ڕۆژانەی وەكو نزاو ، پەناگرتنیان نی یە بەخوای تعالى٠

بەگشتی سوڵتانی كاریگەریی بە سەر دڵە لاوازەكاندایە ، ئەوانەی هەواداریی خۆشیەكانی دونیان ، دەڵێن : كەسی جادولێكراو خۆی یارمەتیدەرە بۆ تووشبوون بە جادوو ، ئێمە تەماشای دڵیی دەكەین كە پەیوەستە بە شتێكەوەو زۆر ئاوڕی لێدەداتەوە ٠ بۆیە دەست بەسەر دڵیدا دەگرین بەهۆی ئەو بێئاگایی و ئاوڕدانەوەیەی كە بۆ شتە دونیایەكان هەیەتی ، ڕوحە پیسە زیانبەخشەكانیش لە ڕاستیدا زاڵ دەبن بە سەر دڵانێكدا ئامادەی قبوڵبوونی ئەو زاڵبونەیە ، چونكە هەواداری شتگەلێكی دونیایە كە گونجاوی ئەو ڕوحە پیسە زیانبەخشانەن و ، هیچ هێزێكی ئیلاهی تێدا نەماوەو ، هیچ كەرستەیەكیشی بەدەستەوە نی یە بتوانێ بەرامبەریان بجەنگێ ، بۆیە تەماشای دەكا چۆڵەو هیچ كەرەستەیكی تیدا نی یەو ،

هەواداریشە بۆ ئەوەی گونجاوی خۆیەتی ، بۆیە دەستی بە سەردا دەگرێت و ، بە جادوو شتی تریش کاری خۆی تێدەکات · والله أعلم ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەرهاوێشتن و کردنە دەرەوەی مادەکاندا بە ڕشانەوە :

روى الترمذيُّ في جامعه عن مَعدان بن أبي طلحة ، عن أبي الدرداء : أنَّ النبي ﷺ قاءَ ، فتوضَّأ فلقيتُ ثَوْبان في مسجد دِمَشق ، فذكرتُ له ذلك ، فقال : صَدَقَ ، أنا صَبَبْتُ له وَضُوءَه (١٧٦) .

واتە : لە (مَعدان)ی کوڕی (أبي طلحة)ەوە ، لە (أبي الدرداء)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ ڕشایەوە ، دەستنوێژی گرتەوە ، (مَعدان) فەرمووی : لە مزگەوتی دیمەشقدا چاوم بە (ثَوْبان) کەوت و ، ئەمەم بۆ باسکرد ، فەرمووی : ڕاستی فەرمووە ، من ئاوی دەستنوێژەکەم بە دەستیدا کرد ·

ڕشانەوە : یەکێکە لە پێنج ڕێگەکانی دەرهاوێشتن ، کە بنەڕەتن بۆ دەرهاوێشتن و بریتین لە : ڕەوانکردن و ، ڕشانەوەو ، دەرهێنانی خوێن و ، چونە دەرەوەی هەڵم و ، ئارەق کردن ، کە سوونەتیان لە بارەوە هاتووە

سەبارەت بە ڕەوان کردن : پێشتر ئاماژەمان پێداوە لە فەرموودەی ((خیرُ ما تداويتم بم المَشِيُّ)) هەروەها لە فەرموودەی (السَّنا)دا ·

سەبارەت بە دەرهێنانی خوێن : پێشتر لە فەرموودەکانی کەڵەشاخ گرتندا باسمان کردووە.

---

١٧٦ _ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٤٤٣) ، والدارمي (١٧٣٥) ، وأبوداود (٢٣٨١) ، والترمذي (٨٧) ، وابن خزيمة (١٩٥٦) ·

سەبارەت بە دەماوێشتنی هەڵمەکان : دوای ئەم بەشە باسی دەکەین إن شاء الله ٠

بەڵام دەرهاوێشتنی ماددە پیسەکانی جەستە بە ئارەق کردنەوە : بەزۆری بەبێ ئەوەی مەبەستی مرۆڤی لە گەڵدا بێت خۆی دێتە دەرەوە ، چونکە سروشتی جەستە پاڵی پێوە دەنێت بۆ ڕووکاری دەرەوەو ، ڕێکەوتنی کونیلە کراوەکان دەکات و ، لێی دێتە دەرەوە ٠

ڕشانەوە دەرهاوێشتنێکە لە سەرەوەی گەدەوە ، حوقنەش دەرهاوێشتنێکە لە ژێرەوەی گەدەوە ، دەرمانیش لە سەرەوەو ژێرەوە دەکرێت ٠

ڕشانەوەش دوو جۆرە : جۆرێک بە زاڵبوون و هەڵچوون ، جۆرێکیش بە داوا کردن و خۆڕشانەوە ٠

شیاو نی یە ڕشانەوە ڕاگیرێت و بگێڕدرێتەوە ، مەگەر لە ڕادە بچێتە دەرەوەو ئەو مرۆڤە زۆر زۆر بڕشێیەوەو ترسی لەناوچوونی مرۆڤەکەی لێبکرێت ، ئەوکاتە دەوەستێنرێت بەو شتانەی توانای وەستاندنی ڕشانەوەکەی هەیە ٠

بەسوودترین ڕشانەوە لە کاتی پێویستیدایە ئەگەر کات و مەرجەکانی ڕەچاو بکرێت ٠

هۆکارەکانی ڕشانەوەش دەن :

یەکەمیان : زاڵبوونی (المِرَّة الصفراء) ، کە سەر گەدە دەکەوێت و ، داوای هاتنە دەرەوە دەکات ٠

دووەم : بەزاڵبوونی بەڵغەمێکی لینج کە لە گەدەدا جوڵاوەتەوەو ، داوای هاتنە دەرەوە دەکات ٠

سێ یەم : پێدەچی بە هۆی لاوازبوونی خودی گەدەوە بێت ، بۆیە خواردنەکە هەرس ناکات و ، بۆ لای سەرەوەدا فڕێی دەدات ·

چوارەم : پێدەچێ تێکەڵاوێکی گەندی تێکەڵ ببێت و بڕژێتە نێوی ، لەبەر ئەوە هەرسکردنی خراپ دەبێت و ، کاری لاواز دەبێ ·

پێنجەم : خواردن و خواردنەوەی زۆر دەخورێت بە ئاستێك لە ئەندازەی بەرگەکرتنی گەدە دەچێتە دەرەوە ، توانای گرتنی نابێت و ، داوای پاڵ پێوەنان و فڕێدانی دەکات ·

شەشەم : ئەو خواردن و خواردنەوانەی دەخورێت گونجاوی نابن و ، حەزی پێ نابێت ، بۆیە داوای پاڵ پێوەنان و فڕیدانی دەکات ·

حەوتەم : هەندێ مادەی تێدا دروست دەبێت خواردنەکان بە چۆنیەتی و سروشتی هەڵدەچێنێت و ، فڕێی دەداتە دەروە ·

هەشتەم : دڵ تێکهەڵهاتن ، کە هۆکاری دروستبوونی دڵ بەیەکدا هاتن و هێڵنج دانە ·

نۆیەم : بەهۆی نەخۆشیە نەفسیەکانەوە ، وەکو خەم و خەفتی توندو ، خەمباربوون ، کە هێزە سروشتیەکانی مرۆڤی پێوە خەرێك دەبێت و ، گرنگی بە ڕوودانی ئەمانە دەدات و ئاوڕ لە چارەسازی جەستەو ، چاککردنی خۆراك و ، پێگەیاندنی و ، هەرسکردنی ناداتەوە ، بۆیە گەدەش فڕێی دەداتە دەرەوە ، پێدەچێ بەهۆی جوڵانەوەی تێکەڵاوەکانیشەوە بێت لەکاتی تێکچونی نەفسدا ، چونکە هەر یەکێکیان کاردانەوەی بەرامبەر بە ئەویتر دەبێت و ، کار لە چۆنیەتی دەکات ·

دهيهم : سروشت دهگوازێتـهوه ، بـهوهى كهسێك يـهكێكى ديكـه دهبينێت دهڕشێتهوه ، ئهويش ڕشانهوهى به سهردا زالْ دهبێت بهبىْ داواكردن و خـۆ ڕشـانهوه ، چـونكه سروشـتيش گوێزهرهوهيه ٠

پێشـهوا (ابـن القـيم) دهفـهرمێت : پزيشـكێكى بهسـهليقه پێـى ڕاگهيانـدم و گـووتى : كـوڕ خوشكێكم ههبوو زۆر لێهاتوبوو له چاو ڕشتندا ، بۆيـه دانيشـت و چـاوى بـۆ خـهڵك دهرشـت ، بـهڵام ئهگـهر پياوێـك چاوئێشـهى ههبوايـهو بيبينيايـهو بـۆيى بڕشـتايه ، دهسـبهجىْ خۆشـى تووشى چاوئێشه دهبوو ، ئهوهشى چهندين جار لىْ دوباره بويهوه ، بۆيه دهستى لێهـهڵگرت و ازى هێنا ٠ منيش پێم گووت : هۆكارى وازهێنانت چ بوو ؟ پێى گوتم : گواسـتنهوهى سروشـت ، چونكه گوێزهرهوهيهو نهخۆشيهكان دهگوێزێتهوه ، ههروهها ههمان پزيشك بۆى باسـكردم و گوتى : يهكێكى تريش دهناسم ، ئهگهر دومهڵێكى به جێگهيهكى مرۆڤـهوه ببينيايـه ، هـهمان جێگهى جهستهى خۆى دهخوراند ، تا دومهڵێكى لىْ دهدههات ٠

دهڵێم _ (ابن القيم) _ ههموو ئهمانه دهبـىْ سروشـتى بـۆ ئامـاده بێـت ، بـهدڵنيايى ئـهو مادهيهش لهو جێگهيهدا وهستاوهو ناجوڵێتهوه ، بهڵام هۆيهك له هۆكـان دهيجوڵێنێت ، بۆيـه ئهمانه هۆكارن بۆ جوڵاندنى مادهكه نهك هۆكارى دروستبونى بىْ ٠

بهشێك : سهبـارهت بهوهى ڕهشانهوه له وهڵـاته گهرمهكاندا بهسوودهو ، ڕهوانبونيش له وهڵـاته ساردهكاندا :

لهبهر ئهوهى دانيشتوانى وهڵاته گهرمهكان و ، زهمهنه گهرمهكان تێكهڵاويان تـهنك و ناسك دهبێتهوهو ، ڕادهكێشرێت بۆ سـهرهوه ، بۆيـه ڕشـانهوهى بـۆ بهسـوود دهبێـت ، بـهڵام لهبـهر ئـهوهى لـه زهمهنـه سـاردهكان و وهڵاتهكانـدا سـاردهكاندا چڕهو ڕاكێشـانى بـهرهو سـهرهوه قورسه ، بۆيه دهرهاوێشتنى خهڵتهكان به ڕهوانكرن سوودى زۆرى بۆ دهبێت ٠

لادانـی خەڵتـەکان و دوورخسـتنەوەیان بەڕاکێشـان و دەهاوێشـتن دەبێـت ، ڕاکێشـان لـە دوورتـرین ڕێگەکانـەوە دەبێـت و ، دەرهاوێشـنیش لـە نزیکترینـەوە ، جیـاوازی نێوانیشـیان ئەوەیە کە ئەگەر مادە لە کاردا بێت بۆ تێرژان یا بۆ بەرزبونـەوە ئـەوا سـەقامگیر نـی یـەو ، پێویستی بە ڕاکێشانە ، بۆیە ئەگەر مادەکە لە جەستەدا سیفەتی بەرزبوونـەوەی هـەبێت و لـە ژێرەوە بۆ سەروە بچێت ، ئەوا هەر لە ژێرەوە ڕادەکێشرێت و دەرەکرێتە دەرەوەی جەسـتە و ، ئەگەر سیفەتی تێڕژانیشی هەبێت و لە سەرەوەی جەستەوە بۆ خوارەوە بچێت ئەوا هـەر لـە سـەرەوەوە ڕادەکێشـرێت ، بـەڵام ئەگـەر سـەقامگیربوو لـە جێگەکەیـدا ، لـە ڕێگەیەکـەوە ڕادکێشرێت زرۆ نزیکیی بێت ، بۆیە هەرکات مادەکە زیانی بـە ئەندامـەکانی سـەرەوە گەیانـد ، لـە ژێـرەوە ڕادەکێشـرێت ، هـەرکاتیش زیـانی بـە ئەندامـەکانی ژێـرەوە گەیانـد ، لـە سـەروە ڕادەکێشـرێت ، هـەرکاتیش سـەقامگیربوو ، لـە نـزیکترین جێگـەوە ڕادەکێشـرێت ، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ جارێـك کەڵەشـاخی لـە سـەر شـانی گـرت و ، جـارێکیش لـە سـەری و ، جارێکیش لەسەر پێی ، چونکە مادە خوێنیە زیانبەخشەکەی ڕادەکێشا لە نزیکترین شـوێنەوە . والله أعلم .

بەشێك : سەبارەت بە سوودەکانی ڕشانەوە :

ڕشانەوە گەدە پاك دەکاتەوەو بەهێزی دەکات ، چاو تیژ دەکات ، قورسی سەر ناهێڵێـت ، بەسوودە بۆ برینەکانی گورچیلەو ، میزڵدان و ، نەخۆشـیە درێژخایەنـەکان : وەکـو گـولیی و ، ئاوبەنگ و ، ئیفلیجی و ، لەرزین ، هەروەها بۆ زەردووی (اليرقان) بەسوودە .

پێویستە کەسی تەندروست لە مانگێکدا دووجاری یەك لە دوای یەك ڕشانەوە بـەکار بێنێـت ، بەبێ پاراستنی کاتی دیاریکراو ، بۆ ئەوەی دووەم فریای کەموکورتیەکانی یەکەم بکـەوێت و چـاکی بکاتـەوەو ، ئـەو پاشـەڕۆیانەش بکاتـە دەرەوە کـە بـەهۆی ئـەوەوە تێـرژاون ، زۆر بەکارهێنانیشی زیان بە گەدە دەگەیەنێت ، وای لێدەکات گونجاو بێت بۆ زێدە پاشماوەکـان ،

زيان بـه ددان و چـاو گـوێ دەگەيـەنێت ، ڕەنگـه هەنـدێ لـه خوێنبـەرەكانيش بقليشـێنێت ، پێويسته ئەو كەسانەی ئاوسانێكيان له گەروودا هەيه ، سنگيان لاوازه ، يا مليـان باريكـه ، يـا ئامادەی خوێن فرێدانن ، ، خۆيان له ڕشانەوه بەدوور بگرن ٠

بەڵام ئەو كارەی زۆرێك له خەڵك ئەنجامی دەدەن و بـه چارەسـازيەكی خـراپيش دانـراوه ، هەڵدەستن بـه پڕكردنـی ورگيـان لـه خواردەمـەنی و ، پاشـان فرێـی دەدەنـه دەرەوه ، ئەمـه چەندين بەڵای تێدايه وەكو : پيربوون پێش دەخات ، ئەو كەسه تووش بـه چـەندين نەخۆشـی دەكات ، ڕشانەوه دەكات به نەرێتێكی بەردەوامی ، ڕشـانەوه لـه گـەڵ ووشـكێتی جەسـتەو ، لاوازی هەناودا ، سك لاوازو نەرم دەكـات ، يـا هـه نـەبێ لاوازبـوونی ئـەو كەسـەی دەڕشـێتەوه مەترسيداره ٠

باشترين كاتەكانی و چۆنيەتی ئەنجامدانی :

باشترين كاتەكانيشی هاوين و بەهاره بەبێ زستان و پايز ، پێويسـته لـەكاتی ڕشانەوەشـدا چاوەكانی ببەستێتەوه ، سكی ببەستێت ، كاتێ تەواويش دەبێت دەم و چاوی به ئاوی سـارد بشوات و ئينجا شەربەتی سێو (شراب التفاح)بخواتەوه له گەڵ كەمێك لە(المُصْـطكَي)و[١٧٧] ، ئاوی گوڵيش (ماء الورد) سودێكی ئاشكەرای پێدەگەيەنێت ٠

---

١٧٧ ـ المصطكي : درەختێكی هەميشه سەوزەو ، بەرێكی سوری تاڵی هەيه ، ئەم درەخته بچوكه له ناچەكانی دەريای ناوەڕاستدا دەڕوێت ، بنێشتێكی تايبەتی لێ دەردەهێنرێت ، له ساڵێكدا سێ جار دەردەهێنرێت واته سێ بەرهەم دەدات : بەرهەمی يەكەم مەيلی سپێتی دەكات و خۆشترين و چاكترين جۆريەتی ، بەرهەمی دووەم زەردێكی بێگەردو خەوشەو ، بەرهەمی كۆتاش خۆڵەمێشيه ، بڕوانه : ٠ http://www.tbeeb.net

ڕشانەوە لە سەرەوەی گەدەوە دەکرێتە دەرەوەو ، لە ژێرەوە ڕادەکێشرێت ، ڕوانبونیش بە پێچەوانەوەیە ٠ (أبقراط) دەڵێت : پێویستە لە هاویندا دەرهاوێشتن لە سەرەوە بکرێت بە ئەندازەیەکی زیاتر لە بەکارهێنانی دەرمان بۆ دەرهاوێشتن ، لە زستانیشدا دەرهاوێشتن لە ژێرەوە بکرێت ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕێنمایی کردندا بۆ چارەسەر وەرگرتن لە بەسەلیقەترین پزیشکەوە :

ذَكَرَ مَالكٌ فِي " مُوَطَّئِه " : عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ ، أَنّ رَجُلًا فِي زَمَانِ رَسُولِ اللّهِ ﷺ أَصَابَهُ جُرْحٌ ، فَاحْتَقَنَ الْجُرْحُ الدّمَ ، وَأَنّ الرّجُلَ دَعَا رَجُلَيْنِ مِنْ بَنِي أَنْمَارٍ ، فَنَظَرَا إلَيْهِ فَزَعَمَا أَنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ قَالَ لَهُمَا : " أَيّكُمَا أَطَبّ ؟ فَقَالَ أَوَ فِي الطّبّ خَيْرٌ يَا رَسُولَ اللّهِ ؟ فَقَالَ أَنْزَلَ الدّوَاءَ الّذِي أَنْزَلَ الدّاءَ ٠

واتە :ئیمامی (مالك) لە (موطأ)ەکەیدا : لە (زید)ی کوڕی (أسلم)ەوە دەگێڕێتەوە ، کەوا پیاوێك لە زەمانی پێغەمبەری خوادا ﷺ تووشی برینێك بوو ، برینەکە خوێنی تیزا ٠ پیاوەکە بانگی دوو پیاوی لە هۆزی (بني أنمار) کردو ، تەماشای برینەکەیان بۆ کردو واشیان ڕاگەیاند کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ، پێی فەرموون : کامتان پزیشکترە ؟ ئەوانیش گوتیان : ئایا پزیشکیتی خەیری تێدایە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرمووی : ئەو کەسەی نەخۆشیەکەی دابەزاندووە دەرمانەکەشی دابەزاندووە ٠

لەم فەرموودەیدا ڕوون دەبێتەوە کە بۆ هەموو زانست و پیشەسازیەك پیویستە داوای یارمەتی لە بەسەلیقەترین کەسی ئەم بوارە بکرێت و ، ئەگەر نەبوو پاشان لە کەسێکی بەسەلیقەی تر ، چونکە کەسی بەسەلیقە لە پێکانەوە نزیکە ٠

هەر بەو شێوەش پێویستە ئەو کەسەی داوای فەتوایەك دەکات سەبارەت بەو شتەی تووشی بووە ، داوای یارمەتی لە زاناترین کەس بکات ، ئەگەر نەبوو لە زانایەکی تر ، چونکە زاناترین کەس لە پێکانەوە نزیکترە بە بەراوردی کەسێکی تری خواری خۆی ٠

هەر بەو شێوەش ئەو کەسەی قیبلەی لێ نادیار بووە ، هەڵدەستێت بە لاسایکردنەوەی زاناترین کەس کە چاوی پێ دەکەوێ ، هەر لە سەر ئەم شتە خوای تعالی بەندەکانی خولقاندووە ، هەروەها کەسی موسافیر لە دەشت و دەریادا پشت بەوە دەستێت کە دڵی پێی شادومان دەبێت و ، دڵنیاش دەبێت سەبارەت بە چاکترین یەکێك لە دوو بەڵگەکەو ڕاسترینیان ، بۆ دەچێت و ، پشتی پێ دەبەستێت ، چونکە شەریعەت و فیترەت و ئەقڵ لە سەر ئەمە ڕێکەوتون ٠

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ((أنزل الدواء الذي أنزل الداء)) فەرمایشتی تری بەو هاوشێوە لە زۆر فەرموودەی دیکەدا باسکراوە وەکو ئەوەی کە (هِلال)ی کوڕی (یساف) _ خوای لێ ڕازی بێت _فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەردانی نەخۆشێك و ، فەرمووی : بنێرن بە شوێن پزیشکێکدا ، کەسێکیش گووتی : تۆی وادەڵێی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی : بەڵێ ، خوای _ عزَّوجلَّ _ هەر نەخۆشیەکی دابەزاندبێت دەرمانێکیشی بۆ دابەزاندووە ٠

وَفِـي " الصَّـحِيحَيْنِ " مِـنْ حَـدِيثِ أَبِـي هُرَيْـرَةَ يَرْفَعُـهُ : مَـا أَنْـزَلَ اللَّـهُ مِـنْ دَاءٍ إِلَّـا أَنْـزَلَ لَـهُ شِفَاءً(١٧٨) .

واتە: لە (أبي هريرة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : خوای تعالی هەر نەخۆشیەکی دابەزاندبێت شیفاکەشی دابەزاندووە ٠

---

١٧٨ _ سبق تخريجه ٠

خه‌ڵكیش جیاوازبوون سه‌باره‌ت به‌ مانای (أنزل الداء والدواء) ، ده‌سته‌یه‌ك ده‌ڵێن : كه‌ فه‌رموویه‌تی : (أنزل) واته‌ : دایبه‌زاند ، واته‌ : ته‌نها به‌نده‌كانی لێ ئاگاداركردۆته‌وه‌و ، هیچی تر ، چونكه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ هه‌واڵی داوه‌ به‌ دابه‌زینی گشتی بۆ هه‌موو نه‌خۆشی و ده‌رمانێك و ، زۆربه‌ی خه‌ڵكیش ئه‌وه‌ نازانن ، بۆیه‌ فه‌رموویه‌تی : ((ئه‌و كه‌سه‌ی زانی زانی و ، ئه‌و كه‌سه‌ش نه‌یزانی نه‌یزانی)) .

ده‌سته‌یه‌كیش ده‌ڵێن : (إنزالهما) : واته‌ : خوڵقاندن و له‌ سه‌ر زه‌وی دانانی ، وه‌كو ئه‌وه‌ی له‌ فه‌رمووده‌كه‌ی دیكه‌دا هاتووه‌ : ((إنَّ الله لم يَضَعْ داءً إلا وَضَعَ له دواءً)) واته‌ : خوای تعالى هه‌ر نه‌خۆشیه‌كی دانابێت مه‌گه‌ر ده‌رمانێكیشی بۆ داناوه‌ ، ئه‌گه‌رچی ئه‌م گوفتاره‌ له‌ قبوڵبوونه‌وه‌ نزیكتره‌ ، به‌ڵام ووشه‌ی (إنزال) واته‌ : دابه‌زاندن ، له‌ ووشه‌ی (الخلق) واته‌ : خوڵقاندن و ، له‌ ووشه‌ی (الوضع)یش واته‌ : دانان تایبه‌تره‌ ، بۆیه‌ پێویسته‌ تایبه‌تێتی ووشه‌ی (إنزال) لانه‌برێت به‌بێ به‌ڵگه‌ .

ده‌سته‌یه‌كیش ده‌ڵێن : خوای تعالى هه‌ردوكیانی دابه‌زاندووه‌ ، كه‌ له‌ ڕێگه‌ی په‌رێگه‌لێكه‌وه‌ چاره‌سازیی خه‌ڵكیان پێ سپێردراوه‌ له‌ ڕووی نه‌خۆشی و ده‌رمان و هیتریشه‌وه‌ ، چونكه‌ په‌ریه‌كان كاروباری ئه‌م جیهانه‌یان پێ سپێردراوه‌ ، هه‌روه‌ها كاروباری جۆریی مرۆڤیشیان پێ سپێردراوه‌ ، له‌ كاتی كه‌وتنی به‌ سكی دایكه‌وه‌ تا كاتی مردن ، بۆیه‌ دابه‌زاندنی نه‌خۆشی و ده‌رمانیش له‌ ڕێگه‌ی په‌ریه‌كانه‌وه‌ بووه‌ ، ئه‌مه‌ش له‌ هه‌ردوو ڕووه‌كه‌ی تر له‌ قبوڵبونه‌وه‌ نزیكتره‌ . ده‌سته‌یه‌كیش گوتویانه‌ : سه‌رتاپای نه‌خۆشیه‌كان و ده‌رمانه‌كان له‌ ڕێگه‌ی بارانه‌وه‌ بووه‌ له‌ ئاسمانه‌وه‌ كه‌ هه‌موو شتێكی لێ دروست ده‌بێت وه‌كو خۆراك و ، ده‌رمان و ، نه‌خۆشیه‌كان و ئامرازه‌كانی تێكڕای ئه‌وانه‌و ، هۆكاره‌كان و ته‌واوكاریه‌كانیان ، هه‌روه‌ها كانزا به‌رزه‌كان كه‌ له‌ چیاكانه‌وه‌ به‌ده‌ست دێت و ، ڕوبارو ده‌ریاكان و میوه‌كان ، هه‌موو

ئه‌مانه ده‌چنه چوارچێوه‌ى بێژه‌كه‌وه به‌ڕێگه‌ى (التغليب)و[١٧٩] به‌كارهێنانى كارێك (فعل)ێك له جياتى به كارهێنانى دوو كار (فعلين) ، ئه‌مه‌ش له زمانى عه‌ره‌بيدا زۆر به‌كارهاتووه ، به‌ڵكو له زمانه‌كانى تريشدا به‌كارديت ، بۆنموونه ئه‌م شاعيره ده‌ڵێت :

عَلَفتُها تِبْنَاً وماءً بارداً حَتَّى غدَتْ هَمَّالَةً عَيْنَاها

واته

به كا و ئاوى سارد ئاژۆمدا تا چاوه‌كانى ده‌ستى كرد به فرمێسك ڕژان

لێره‌دا ده‌بينى ئاليك و ئاژوودان بۆ كايه ، به‌ڵام بۆ ئاو ده‌بىٚ بگوترێت ئاودان ، به‌ڵام شاعير ووشه‌ى ئاژوودانى به‌كارهێناوه بۆ كا و بۆ ئاويش ، بۆ ئه‌وه‌ى به ڕێگه‌ى (التغليب) ته‌نها كارێك (فعل) به‌كاربێنىٚ له جياتى دوو كار (فعل) چونكه دڵنيايه ئه‌و كه‌سه‌ى گوێبيستى دێره شيعره‌كه ده‌بێت خۆى به باشى له ماناكه‌ى تێده‌گات ٠

وقول الآخر :

وَرَأَيْتُ زَوْجَكَ قَدْ غَـــدَا مُتَقَلِّداً سَيــفاً وَرُمْحَــاً

واته : مێرده‌كه‌تم بينى چوو شمشێرێك و ڕمێكى كردبوو شان

---

١٧٩ ــ التغليب : له بوارى زمانه‌وانيدا هه‌ڵبژاردنى ووشه‌يه‌كه به‌سه‌ر ووشه‌يه‌كى ديكه‌دا به‌مه‌رجىٚ په‌يوه‌نديه‌ك له نێوانياندا هه‌بێت وه‌كو (الأبوين ، العمرين ، المشرقين ، الوالدين) لێره‌دا ده‌بينى له زمانى عه‌ره‌بيدا ووشه‌ى (الأبوين) هه‌ڵبژێردراوه بۆ دايك و باب ئه‌گه‌رچى له بنچينه‌دا ووشه‌كه ماناى دوو باب ده‌گه‌يه‌نىٚ به‌ڵام عه‌ره‌ب كه قسه ده‌كه‌ن و ده‌ڵێن (الأبوين) مه‌به‌ستيان دوو باب نى يه چونكه هيچ كه‌سێك دوو بابى نى يه به‌ڵكو مه‌به‌ستيان دايك و بابه هه‌روه‌ها بۆ ووشه‌كانى تريش ، لێره‌دا بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه كه به‌ڵىٚ باران هۆكارى دروسبوونى خۆراك و ده‌رمان و شته‌كانى تريشن ، به‌ڵام هه‌موو ماده‌يه‌ك به هۆى بارانه‌وه دروست نابێت ، به‌ڵكو ده‌بينى كانزاكان له ئه‌نجامى هۆكارى ديكه‌وه په‌يدا ده‌بن ، به‌ڵام گرنگ ئه‌وه‌يه هه‌موو ماده‌كان له ده‌ره‌نجامى شتێكه‌وه په‌يدا ده‌بن ، بۆيه ده‌بينى له زمانى عه‌ره‌بيدا ته‌نها يه‌ك كار (فعل) به‌كارده‌هێنىٚ له جياتى هه‌موو شته‌كان ، بۆيه ده‌بينى گوتويه‌تى باران ده‌بارێت و خۆراك و ده‌رمان و نه‌خۆشى و كانزاو ٠٠٠٠ دروست ده‌بێت ٠ وه‌رگێر ٠

لەم دێڕەدا : شمشێر لە شان دەكرێت و ئاشكەرایە ڕمیش هەڵدەگیرێت ·

وقول الآخر :

إذا مــــــتا الغَانياتُ بــرَزنَ يَوْمــــاً وَزَجَجنَ الحَواجِـــبَ والعُيونـــــا

واتە :

هەر ڕۆژێك ئافرەتە جوانەكان دەركەوتن و بڕۆو چـــاویان باریـــك كردبۆوە

لەم دێڕەشدا : بڕۆ باریك دەكرێتەوەو چاو دەڕێژرێت ·

ئەمــەش چــاكترین شــتێكە لــەم بــارەوە گــوترابێ و لــە هــەموو ڕووەكــانی تــریش بەهێزترە .والله أعلم.

ئەمــەش لــە تــەواوێتی حیكمــەت و دانــایی و تــەواوێتی پــەروەردگارێتی خــوای تعالاوەیــە ، چونكە وەكو چۆن بەندەكانی بە نەخۆشیەكان تووش كـردووە ، ئاوەهـاش یارمـەتی داون بـەو دەرمانانەی بۆی فەراهام كردوون ، وەكو چۆن تاقیان دەكاتەوە بە تاوان ، ئاوەهاش یارمـەتی داون بــە تەوبــە كــردن و ، ئــەو چــاكانەی كــردەوە خراپــەكان دەســڕنەوەو ، ئــەو بــەڵاو كارەساتانەی تاوانەكان لادەبن ، وەكو چۆن تووشی ڕوحــە پیســە زیانبەخشــەكانی كـردوون ، ئاوەهاش یارمەتی داون بە سەریازگەلیك لە ڕوحە پاكەكان ، كە بـریتین لــە پەریــەكان ، وەكـو چۆن تاقیان دەكاتەوە بە هــەواو ئــارەزوو ، ئاوەهــاش یارمــەتی داون بـۆ دەستكەوتنیان بـەو شتە شەرعیە خۆشە پاكانەی بۆی فەراهام كردون ، بۆیە تەماشا دەكەین خوای تعـالی تووشـی شــتیكی نــەكردوون مەگــەر شــتێكی تــری داونــەتێ بــۆ خــۆ ڕزگــاركردن لــەو بەڵایــەو ، دوورخستنەوەی ، بـەڵام لـە گـەڵ ئەمەشـدا جیاوازیـان لـە نێوانـدا دەمێنێتـەوە سـەبارەت بـە زانینی ئەو شتەو ، زانینی دەستكەوتنی و چۆنیەتی پێكەشتنی · وبالله المستعان.

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێبژاردنی ئەو کەسەدا کە چارەسەی خەڵك دەکات و نەفامە بە بواری پزیشکیێتی :

رَوَى أَبُو دَاوُدَ ، وَالنَّسَائِيّ ، وَابْنُ مَاجَهْ ، مِنْ حَدِيثِ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ ، عَنْ أَبِيهِ ، عَنْ جَدِّهِ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : ((مَنْ تَطَبَّبَ وَلَمْ يُعْلَمْ مِنْهُ الطِّبّ قَبْلَ ذَلِكَ فَهُوَ ضَامِنٌ))[١٨٠] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەس خۆی بە پزیشك دابنێت و نەزانرابێت پێشتر پزیشکێتی کردووە ، خۆی دەستەبەرەو پێی دەبژێردرێت ٠

ئەم فەرموودە پەیوەندی بەسێ شتەوە هەیە : زمانەوانی ، فیقهی ، پزیشکی ٠

سەبارەت بە زمانەوانیەکەی : ووشەی (الطِّب) لە زمانی عەرەبیدا ، بۆ چەند مانایەك بەکارهاتووە ٠ لەوانە چاکردن دەگوترێت : (طببتُه) ئەگەر چاکم کردەوە ٠ دەشگوترێت : (له طِبٌ بالأمور) ٠ واتە : نەرم ونیانی و سیاسەتی بە کاروبارەکان هەیە ٠ شاعیر دەڵێت :

وإذا تغــيَّرَ مــن تَمـيمٍ أمْرُهــا كُنتَ الطَّبيب لَهــا بِــرأيٍ ثــاقــبِ

واتە :

ئەگەر کاروبار لە هۆزی (بني تميم) گۆڕا تــۆ بەڕایەکی بەجێی کاریگەر ســیاسەتیان بکە

لە ماناکانیش دیسان (الحِذق)ە واتە : بە سەلیقە ٠ (الجوهري) فەرموویەتی : هەر کەسێکی لێهاتووی بەسەلیقە بەلای عەرەبەوە پزیشکە ، (أبوعبید) دەڵێت : بنچینەی ووشەی (الطِّب) واتە : لێهاتووی و بەسەلیقەیی لە شتەکاندا ٠ بۆیە بە پیاو دەگوترێت (طب و طبیب) ئەگەر زۆر لێهاتوو بەسەلیقەبوو تیایدا ، ئەگەرچی لە بوارێکی دیکەشدا بێت ٠

---

١٨٠ ـ إسناده حسن : أخرجه أبوداود (٤٥٨٦) ، وابن ماجة (٣٤٦٦) ، وانظر الصحيحة (٦٣٥) ٠

کەسانی تریش گوتویانە : (رجل طبيبٌ) واتە : لێهاتوو بەسەلیقە ، بە پزیشك ناوبراوە لەبەر لێهاتووی و زرنگی · (علقمة) دەڵێت :

فإنْ تَسْأَلُونِي بِالنِّسَاءِ فَإِنَّنِي خَبِيرٌ بِأَدْوَاءِ النِّسَاءِ طَبِيبُ
إذا شابَ رأسُ المرءِ أو قلَّ مالُه فليس لَهُ من وُدِّهِنَّ نصيبُ

واتە :

ئەگەر سەبارەت بە ژنـــان لێم پرســـن من شارەزام بە نەخۆشیەکانی ژنان و پزیشکم تیایدا
ئەگەر پیاو سەری سپی بوو یاماڵی کەم لە خۆشەویستی ئەوان هیچ بەشێکــــی نابێ

وقال عنترةُ :

إنْ تُغْدِفِي دُونِي القِنَـاعَ فإنَّنِي طَـبٌّ بأخْذِ الفارسِ المُسْتَلْئِمِ

واتە : ئەگەر ڕووپۆشەکەت شل بکەیتەوەو ، دەم و چاوت لەمن داپۆشیت و بتەوێت وازم لێ بێنیت ، بزانە من شارەزاو لێهاتووم بە بردنی ئەو سوارەی قەڵغانی جەنگەکەی پۆشیوە ·

هەروەها لە ماناکانی (العـادة)یە واتـە : نـەریت ، بۆیـە لێرەدا دەگوترێت : (لـيس ذلـك بطِبِّي) واتە : ئەوە نەریتی من نی یە ، (فَرْوَةُ)ی کوڕی (مُسَيْك) دەڵێت :

فما إنْ طِبُّنا جُبْنٌ وَلَكِن مَنايَانا وَدَوْلَةُ آخَرِينا

واتە : نەریتمان و کارمان ترس نەبووە بەڵکو مردنی خۆمان و ئاژاوەگێڕی کەسانی تربوو.

(أحمد)ی کوڕی (الحسين المتنبي) شاعیریش دەڵێت :

وما التِّيهُ طِبِّي فِيهِمُ غَيرَ أنَّني بَغِيضٌ إليَّ الجَاهِلُ المُتَعَاقِلُ ·

واتە :

لوتبەرزی نەریتی من نیە سەبارەت بەوان بەڵام بێزراوە بەلامەوە کەسێکی نەفامی خۆ بە ئاقڵ زان

هەروەها لە ماناكانی (السِّحر)ە واتە : جادوو بۆیە دەگوترێت : (رجل مطبوب) واتە : پیاوێكی جادوو لێكراوە ، لە فەرموودەیەكی (صحيح)دا خاتوو (عائشة) _ خوای لێ ڕازی بێت _ بۆمان دەگێڕێتەوە كەوا كاتێ جولەكەكان جادوویان لە پێغەمبەری خوا كرد ﷺ، دوو پەری دانیشتن یەكێكیان لای سەری و ئەویتریان لای پێی ، یەكێكیان گووتی : ئەم پیاوە چییەتی ؟ ئەویتریان گووتی : (مطبوب) واتە : جادووی لێكراوە ٠ گووتی : (مَن طَبَّه) ؟ واتە : كێ جادووی لێكردووە ؟ گووتی : فڵان كەسی جولەكە ٠

(أبوعبيد) دەڵێت : لە ڕاستیدا بەكەسی جادولێكراو گوتویانە : (مطبوباً) چونكە ووشەكەیان بۆ مەبەستی دوونیازی بەكارهێناوە ، بۆ نموونە عەرەبەكان بە كەسی گەزاستراویان گووتووە : (سليم) چونكە گەشبین بوونە بە ساغ و سەلامەتی ئەو كەسە ، هەروەها بە دەشتی بیابانی بێ ئاوی فەوتینەریان گووتوە : (مفازة) واتە : سەركەوتن بۆ گەشبینی دەربڕین بە سەركەوتن و ڕزگاربوون لە تیاچوون لە نێو ئەو بیابانەدا ٠ هەروەها بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیەكانیش دەڵێن : (الطُّب) ٠ (ابن أبي الأسلت) دەڵێت :

أَلَا مَــنْ مُـبْلِغٌ حَسَـــانَ عَــنِّي   أَسِــحْرٌ كَــانَ طِبُّكَ أَمْ جُــنُونٌ

واتە :

ئاگاداربن كێ قسەكانم بە حەسان دەگەیەنێ   پــزیشكیت جــادوو بوو یـــا شێتی

وَأَمَّا قَوْلُ الْحَمَاسِيِّ :

فَــإِنْ كُنْــتَ مَطْبُوبــًا فَلَا زِلْــتَ هَكَذَا   وَإِنْ كُنْتَ مَسْــحُورًا فَلَا بَرِئَ الــسِّحْرُ

واتە :

ئەگەر ئەوەی تووشم بووە بە هۆی تۆو خۆشەویستی تۆوە بووە ، داواكارم خوای تعالى بەردەوامی بكات و ، نامەوێ لابچێت ، ئەگەر جادوو بێت یا نەخۆشی بێت ٠

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر ووشەی (مطبوب)ی بۆ جادوو بەکارهێناوە ووشەی (مسحور)یشی بۆ نەخۆشی بەکارهێناوە ٠

(الجوهري) دەڵێت : بە نەخۆش دەگوترێت : (مسحور) ٠

(الطَّب) ، بفتح الطاء ، واتە: زانایە بە کاروبار ، هەروەها (الطبيب)یش واتە : پزیشك ، دیسان پێی دەگوترێت : (الطَّب) ، (الطِب) ، بكسر الطاء : واتە کاری پزیشکێتی ، (الطُب) ، بضم الطاء ، ناوی شوێنێکە قَالَهُ ابْنُ السّيِّدِ وَأَنْشَدَ

فَقُلْــــتُ هَــــلْ انْهَلْتُمْ بِـــطُبِّ رِكَابِــــكُمْ بِجَائِزَةِ الْمَاءِ الَّتِي طَـــابَ طِينُهَا

واتە :

گووتم ئایا یەکەم جار ووشترەکانتان لە (طُبَّ) ئاودا بەو ئاوپێدانەی کە خاکەکەی چاکە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَنْ تَطَبَّبَ)) بەڵام نەیفەرمووە ((مَنْ طَبَّ)) چونکە ئەو ووشانەی دەکەونە سەر کێشی (التَّفعل) پەنجە ڕادەکێشن بۆ ئەوەی خاوەنەکەی خۆی دەنوێنێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارەو خۆی تێهەڵدەقورتێنێ و ڕایدەپەڕێنێ بە قورسی و ناڕەحەتی ئەگەر لەو بوارەشدا لێهاتوو نەبێ و پیاوی ئەو بوارەش نەبێ ، لە زمانی عەرەبیدا ووشەی بەو هاوشێوانە زۆرن وەکو (تَحَلَّمَ) واتە : میهرەبانی دەنوێنێ ، (تَشَجَّعَ) واتە : غیرەتی نواند ، (تصبَّر) واتە : ئارامگرتن دەنوێنێ ، چەندین ووشەی دیکەی بەو هاوشێوانەش ، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا (تكلُّف)یان واتە : خۆنواندن بۆ ئەنجامدانی شتێك ئەگەر لێهاتووش نەبێ لە سەر ئەو کێشە داناوە ، شاعیرێك دەڵێت :

وقيسَ عَيلانَ ومَن تَقَيَّسا واتە : خێڵی (قَيس عَيلان)و ئەوانەی خۆیان کردووە بە (قیس).

بەڵام سەبارەت بە لایەنی شەرعی : پزیشکی نەفام زامنەو و لێپرسینەوەی دەکەوێتە سەر ، چونکە ئەگەر هەوڵی فێربوون و کارکردنی بە زانستی پزیشکیداو ، پێشکەوتنی بە خۆوە نەبینی لە بواری تێگەشتن و فێربوونیدا ، ئەوا بەو نەفامیەی خۆیەوە هێرش دەبات و نەفسەکان تیادەچێنێت و ، بەهەڵەشەیەوە خۆی دەخاتە مەترسی ئەنجامدانی ئەو کارەوە کە پێشتر ئەنجامی نەدابوو ، بەوەش نەخۆش تووش دەکات ، بۆیە زامنی و لێپرسینەوەی دەکەوێتە سەر ، ئەمەش (إجماع) واتە کۆڕایی زانایانی خاوەن زانستە ٠

پێشەوا (الخطابي) دەفەرمێت : جیاوازیەك بەدیناکەم کەوا ئەو کەسەی کاری چارەسەرکردن دەکات ئەگەر سەرپێچی کردو لە سنوور چووە دەرەوەو ، زیانی بە نەخۆش گەیاند زامنەو لێپرسینەوەی دەکەوێتە سەر ، ئەو کەسەش کە زانستێك یا کارێك ئەنجام دەدات بەبێ زانینێکی تەواو سەرپێچیکارەو لە سنوور چۆتە دەرەوە ، ئەگەر لە ئەنجامی ئەو کارەوە کە دەیکات زیانێك بۆ نەخۆش دروست بوو زامنی (الدیة)ەکەی[181] دەکات و ، (القَودُ)ی[182] لە سەر لادەچێت ، چونکە بە زۆرداری ئەو کارەی ئەنجام نەداوە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە نەخۆشەکە ، (الدیة)ی تاوانکردنی ئەو کەسەی خۆی کردووە بە پزیشك دەکەوێتە ئەستۆی خزم و کەسوکاری لە بابەوە بە پێی گوفتاری هەرهەموو زانایان ٠

١٨١ ـ الدية : ئەو پارەو ماڵەیە کە پێویست دەبێ لە سەر کەسی تاوانبار بە هۆی تاوانەکەیەوەو ، دەدرێت بەو کەسەی تاوانەکەی دەرهەق کراوە یا بە خاوەن و کەسوکاری ٠ بڕوانە : پوختەی فیقهی شەریعەت : مامۆستا طارق هەمەوەندی ٠ وەرگێڕ ٠

١٨٢ ـ القَودُ : واتە کوشتنی تاوانبار لە جیاتی ئەو کەسەی کوشتویەتی ، بڕوانە : علم أصول الفقه ، الدكتور عبدالكريم زيدان ، وەرگێڕ ٠

دەڵێم _ (ابن القيم) _ بەشەكان پێنجن :

یەكەمیان : پزیشكێكی بەسەلیقە هەقی داوە بە كارو پیشەكەو دەستیشی تاوانی نەكردووە ، بەڵام لە دەرەنجامی كارەكەیەوە كە لە لایەن شەرعەوە ڕێ پێدراوەو ، هەستاوە بە چارەسەركردنی كەسێك و بووە بەهۆی زیان پێگەیاندنی ئەندامێكی ، یاخود نەفسی لەناوبردووە ، یا زیانی بە سیفەتێكی ئەو كەسە گەیاندووە ، ئەمە زامنی و لێپرسینەوەی لە سەر نی یە بە ڕێكەوتنی زانایان (بالإتفاق) ، چونكە ئەو زیان پێگەیاندنە دەرەنجامی كارێكی ڕێ پێدراوە لە لایەن شەرعەوە ، وەكو ئەو كەسەی كە خەتەنەی منداڵێكی كردو ، تەمەنی منداڵەكە گونجاوی خەتەنەكردنەكەیەو ، هەقی داوە بە كاروپیشەكە ، بەڵام زیانی گەیاندووە بە ئەندامەكە یا بە منداڵەكە ، زامنی و لێپرسینەوەی نی یە ، هەروەها ئەگەر هەر جێگەیەكی جەستەی مرۆڤێكی عاقڵی بڕاند بۆ هەر هۆیەك بێت ، لە كاتی خوێداو بە شێوەی پێویست بەڵام زیانی پێگەیاند ، زامنی و لێپرسینەوەی نابێت ، بۆیە زیان پێگەیاندنی مرۆڤ لە ئەنجامی هەموو كارێكی ڕێ پێدراوی شەرعیەوە كە بە ئەنقەست و دەستدرێژی نەكرابێ ، زامنی و لێپرسینەوەی نی یە ، وەكو (الحد) بە ڕێكەوتنی هەموو زانایان ، وە (القصاص)یش بە بەلای جەماوەری زانایانەوە (الجمهور) ، ئەمە بە پێچەوانەی پێشەوا (أبي حنيفة)وەیە ، چونكە ئەم پێشەوایە زامنی و لێپرسینەوەی بۆ داناوە ، هەروەها تەمبێ كردن و ئەدەبدان (التعزير) ، هەستانی پیاو بە لێدانی خێزانی ، مامۆستا بە لێدانی منداڵی خوێندكار ، ئەو كەسەی وەڵاخێك بە كرێ دەگرێ هەموو ئەمانە زامنی و لێپرسینەوەی نابێت ، بە پێچەوانەی پێشەوایان (أبوحنيفة) و (الشافعي)وە كە زامنی و لێپرسینەوەیان بۆ داناوە ، بەڵام پێشەوا (الشافعي) لێدانی وەڵاخی جیاكردۆتەوە ، بۆیە بەگشتی یاسای بەشەكە لە یەك دەنگی و جیاوازی زانایاندا بەم جۆرەیە : زیان گەیاندن بە مرۆڤ بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێكەوە زامنی و لێپرسینەوەی بۆ دەكرێت ، بەڵام ئەگەر زیانی بە مرۆڤێك گەیاند لە دەرەنجامی بەجێهێنانی پێویستیەكەوە بۆ كەسەكە ، ئەوا زامنی ناكرێت بە ڕێكەوتنی زانایان ، ئەوەشی دەكەوێتە نێوانەوە جیاوازی تێدایە ٠ (أبوحنيفة) زامنی بە پێویست داناوە بە

ڕەهایی ، (أحمد) و (مالك) زامنیان پوچکردۆتەوە ، پێشەوا (الشافعي) جیاوازی دەکات لە نێوان ئەندازەدانراو (المقدَّر) کە زامنی بۆ پوچکردۆتەوەو ، نەندازەدانەراو (غير المقدر)دا کە زامنی بۆ داناوە · چونکە پێشەوا (أبوحنيفة) وای تەماشا کردووە کە کاتێك مۆڵەتیان داوە بە ئەنجامدانی کارەکە لە ڕاستیدا مەرجی ئەوەشیان داناوە کەوا ساغ و سەلامەت بن ، بەڵام پێشەوایان (أحمد) و (مالك) وایان تەماشا کردووە کە کاتێك مۆڵەتیان داوە کارەکەیان بۆ ئەنجام بدرێ ، ئیتر خۆی بۆ خۆی زامنی نەهێڵاوە ، بەڵام پێشەوا (الشافعي) تەماشای کردووە کەوا ئەو شتانەی ئەندازەو ژمارەیەکی بۆ دانراوە توانای کەمکردنەوەی نی یە ، چونکە لە پلەی دەقدایە ، ئەوەش کە ئەندازەو ژمارەیەکی بۆ دانەنراوە وەکو _ تەمبێ کردن و ئەدەبدان (التعزيرات والتأديبات) شێوازێکی (إجتهادي) هەیەو لێرەدا ئەگەر زیانی پێگەیەنرا ، زامن دەکرێت ، چونکە بۆچۆنی دەستدرێژی لێدەکرێ ·

بەشی دووەم : کەسێکی خۆ بە پزیشك کاری نەفام دەستی کرد بە چارەسەرکردنی کەسێك و ، زیانی پێ گەیاند ، لێرەدا ئەگەر کەسی تاوان لێکراو زانیبێتی پزیشکەکە نەفامەو ، لە گەڵ ئەوەشدا مۆڵەتی دابێ ، ئەوا زامنی و لێپرسینەوەی لە سەر نابێ ، ئەم شێوە پێچەوانەی فەرموودەکەی پێشوو نی یە ، چونکە میانەو(السياق) بەهێزی گوفتاری ناوەڕۆکی فەرموودەکە باسی ئەوە دەکات کەوا فریوی دابێ و گومانی وای بۆ دروست کردبێ کە پزیشکەو ، پزیشکیش نەبێ ، بەڵام ئەگەر نەخۆش وای گومان بەردبێ کە پزیشکەو ، مۆڵەتی پێدابێ چارەسەری بکات لەبەر ئەوەی وای زانیوە دەزانێ ، لێرەدا پزیشکەکە زامنەو لێپرسینەوەی لێدەکرێت لە بەر ئەو تاوانەی بەدەستەکانی ئەنجامی داوە ، هەروەها ئەگەر پزیشکەکە وەسفی دەرمانێکی کرد بۆ ئەوەی نەخۆش بەکاری بێنێت ، نەخۆشیش وای زانیوە لە ڕوانگەی زانینی تەواوەوە بۆی وەسف کردووە بەڵام زیانی پێ گەیاند ، ئەوا پزیشکەکە زامنی و لێپرسینەوەی بۆ دەکرێت ، لە فەرموودەکەدا وا دەردەکەوێت یا ئاشکەرایە·

بەشی سیٚیەم : پزیشکێکی لێهاتوو ، مۆڵەتی درا ، هەقی داوە بەکاروپیشەکە ، بەڵام دەستی هەڵەی کردو ، سنوری بەزاند بۆ ئەندامێکی ساغ و زیانی پێگەیاند ، وەکو : کەسێکی خەتەنەکار دەستی گەشتە سەرە خڕەکەی ئەندامی نێرینەو زیانی پێگەیاند ، زامنی ولێپرسینەوەی هەیە ، چونکە تاوانێکی هەڵەیە ، پاشان ئەگەر ئەو پارەو ماڵەی بەهۆی زامن کردنی تاوانە هەڵەکەیەوە لێی دەستێنرێت سێ یەك و زیاتر بوو ، دەکەوێتە ئەستۆی خزم و کەسوکاری ، ئەگەر خەزم وکەسوکار نەبوو ئایا (الدية)ەکە لە ماڵەکەی خۆی دەدرێت ، یا لە (بيت المال)ی موسڵمانان ؟ دوو گوفتاری تێدایە : بریتین لە دوو (ريواية)ی ئیمامی (أحمد) ٠ گوتراوە : ئەگەر پزیشکەکە لە (أهل الذمة)[١٨٣] بوو ، ئەوا دەبێ لە پارەو ماڵی خۆی بیدات ، ئەگەر موسڵمانیش بوو ، ئەو دوو (الرواية)تەی تێدایە ، لە کاتێکدا ئەگەر (بيت المال) نەبوو ، یا (بيت المال) لە توانایدا نەبوو ، ئایا (الدية)کە لادەچێت ، یا پێویستە کەسی تاوانبار لە ماڵی خۆی بیدات ، دوو ڕووی تێدایە بەناوبانگترینیان : لاچون و نەمانیەتی.

بەشی چوارەم : پزیشکی بەسەلیقەی لێهاتوو لە پیشەکەیدا ، (إجتهاد)ی کردو دەرمانێکی بۆ نەخۆش وەسف کرد ، بەڵام لە (إجتهاد)ەکەیدا هەڵەی کردو ، بۆیە هۆی کوشتنی نەخۆشەکە ، ئەمە لە ڕوانگەی دوو (الرواية)ەوە لێکدەدرێتەوە یەکەمیان : (الدية)ی کوژراوەکە لە (بيت المال) دەدرێ ٠ دووەم : دەکەوێتە ئەستۆی خزم و کەسوکاری پزیشکەکە ، ئیمامی (أحمد) لە کتێبی (خطأ الإمام والحاكم)دا بڕیاری لە سەر ئەم دووانە داوە ٠

---

١٨٣ _ أهل الذمة : ئەو هاوەڵ بڕیاردەرە خاون کتێبانەن کە سەرانە دەدەن بە پێشەوای موسڵمانان بەرامبەر بە پاراستنی سەرو ماڵیان ، بۆیە پێشەواش دڵنیایان دەکات کەوا لە ئاسایشدا دەبن لە لایەن موسڵمانانەوە ، وەدەوڵتی ئیسلام پارێزگاری لە خوێن و ئابڕو ماڵیان دەکات ، بڕوانە : پوختەی فیقهی شەریعەت ، مامۆستا طارق هەمەوەندی ٠ وەرگێڕ ٠

بەشی پێنجەم : پزیشکێکی لێهاتوو ، هەقی بە کارو پیشەکەی داوە ، بەڵام زیادە گۆشتێکی لە جەستەی پیاوێك یا منداڵێك ، یا شێتێك بڕی بەبێ موڵەتی خۆی ، یا بەبێ موڵەتی بەخێوکاری ، یا خەتەنەی منداڵێکی کرد بە بێ موڵەتی بەخێوکاری و بو بە هۆی زیان پێگەیاندنی ، هاوەڵانمان گوتویانە ، زامنی و لێپرسینەوەی لێدەکرێت ، پێدەچێ بە ڕەهایش زامنی نەکرێت ، چونکە ئەو پزیشکە چاکەکارەو ، چاکەکاریش تۆڵەی لێ وەرناگیرێتەوە ٠ لە لایەکی تریشەوە ئەگەر تاوانبار بێ و دەستدرێژی کردبێ ، موڵەتدانی بەخێوکار زامنیەکەی لە سەر لانابات ، ئەگەر دەستدرێژیشی نەکردبێ ، ئەوا هیچ ڕوویەك بەدیناکرێت بۆ زامنکردنی ٠

ئەگەر گوتت : ئەو بە دەستدرێژیکار دادەنرێ لەکاتی موڵەت نەدانیداو ، بە دەستدرێژیکاریش دانانرێت ئەگەر موڵەتی درا ٠

دەڵێم _ (ابن القیم) _ دەستدرێژیکردن و نەکردنی لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ کردارەکەی خودی خۆی ، بۆیە مۆڵەتدان و مۆڵەتنەدان هیچ کاریگەریەکی نابێ ٠ ئەمەش جێی تێڕوانینی زیاترە ٠

بەشێك :

لە فەرموودەکەی پێشوودا ووشەی (الطبیب) واتە پزیشك ئەو کەسەیە کە چارەسەر دەکات بە وەسفی و بە گوفتاری و ، لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (الطَّبائعي)یشی پێ دەگوترێت و ، هەروەها ووشەی پزیشك کەسانی چاوڕێژیش دەگرێتەوە کە بە میلەکەیان چاوان دەرێژن و ، برینسازانیش دەگرێتەوە کە بە نەشترو مەڵهەمەکانیان چارەسەری دەکەن و ، خەتەنەکاریش دەگرێتەوە کە بە موسەکەی خەتەنە دەکات و ، خوێن گریش دەگرێتەوە کە بە نەشتەرەکەی خوێن دەگرێت و ، کەڵەشاخ گریش دەگرێتەوە کە بە پیاڵەی خوێن گرتن و نەشتەرەکەی کەڵەشاخ دەگرێت و ، ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بەستەرو پێچەکەکانیان ئێسکی شکاو دەگرنەوەو ، کەسی داخکاریش دەگرێتەوە کە بە ئامێری داخکردنەکەی و

بەئاگر داخ دەكات و ، ئەو كەسەش دەگرێتەوە كە گۆزەكەی (بقربته) چارەسەری نەخۆش دەكات لە ژێرەوە ·

بە یەكسانی ئەگەر چارەسەری ئاژەڵێك بكات ، یا چارەسەری مرۆڤێك بكات ، ناوی پزیشك لە ڕووی زمانیەوە بۆ هەموو ئەمانە بەكاردێت ، خەڵكیش كە ووشەی پزیشكی تایبەت كردووە بەهەندێ لە جۆرەكانی پزیشكەوە نەرێتێكی نوێ یە ، وەكو چۆن خەڵكی زاراوەی (الدابة)یان لە زمانی عەرەبیدا تایبەت كردووە بە ئاژەڵەوە ئەگەرچی مانای ووشەكە زۆر لەوە فراوانترە ·

بەشێك سەبارەت بەو شتانەی كە دەبێ پزیشكی بە سەلیقە ڕەچاوی بكات :

پزیشكی لێهاتوو ، ئەو پزیشكەیە كە لە بواری چارەسەردا بیست شت لەبەر چاو دەگرێت:

یەكەمیان : تەماشاكردنی جۆری نەخۆشیەكە بۆ ئەوەی بزانرێت چ نەخۆشیەكە ·

دووەم : تەماشاكردنی هۆی نەخۆشیەكە واتە لە چیەوە ڕویداوە ، ئەو هۆكارە كارایەی بووە بەهۆی دروستبوونی چیە·

سێ یەم : هێزی نەخۆش و ، ئایا توانای بەرگری نەخۆشیەكەی هەیە ، یا هێزی لە نەخۆشیەكە لاوازترە ؟ ئەگەر توانای بەرگری نەخۆشەكەی هەبوو ، بەسەریدا زاڵ بوو ، لەگەڵ نەخۆشیەكەدا بەجێی دێڵێ و ، دەرمان بەكارناهێنێت ·

چوارەم : میزاجی سروشتی جەستە چی یە ؟

پێنجەم : میزاجی دروستبووی نوێ بە پێچەوانەی ڕێڕەوی سروشتی ·

شەشەم : تەمەنی نەخۆش ·

حەوتەم : كاتی ئێستا لە وەرزەكانی ساڵداو ئەوی پێی گونجاوە ·

هەشتەم : نەرێتی كە پێی ڕاهاتووە ·

نۆیەم : نیشتمانی نەخۆش و خاکەکەی ٠

دەیەم : باری هەوا لە کاتی نەخۆش کەوتندا ٠

یازدەیەم : تەماشاکردنی دەرمانی گونجاوی دژ بەو نەخۆشیە ٠

دوازدەیەم : تەماشاکردنی هێزی دەرمان و پلەکەی ، هاوکێشی لە نێوان دەرمان و هێزی نەخۆش ٠

سیازدەیەم : دەبێ هەموو مەبەستی پزیشك بۆ لابردنی نەخۆشیەکە نەبێت بەتەنها ، بەڵکو دەبێ هۆشی خۆی بەکار بێنێت بۆ لابردنی نەخۆشیەکە بەجۆرێك دڵنیا بێت لەوەی نابێ بە هۆی دروستبوونی نەخۆشیەکی قورستر ، بۆیە هەرکات لایبردو دڵنیانەبوو لەوەی کە نابێ بەهۆی ڕوودانی نەخۆشیەکی قورستر ، نەخۆشیەکە لە سەر باری خۆی دەهێڵێتەوەو ، هێزی خۆی ئاڕاستە دەکات بۆ ئاسان کردن وهێمن کردنەوەی نەخۆشیەکەو ئەمەش پێوستەو ئەرکی سەرشانە ، وەکو نەخۆشی دەمە ڕگەکان ، چونکە هەرکات بە بڕین و وەستاندن چارەسەرکرا ، ترسی ڕوودانی نەخۆشی لەوە قورستری لێدەکرێت ٠

چواردەیەم : چارەسەر بکرێ بە ئاسانترین و ئاسانتر ، بۆیە لە چارەسەرکردن بە خۆراك واز ناهێنێ و بچێت بۆ دەرمان مەگەر لە کاتی دەست نەکەوتنیدا ، دەرمانی ئاوێتە بەکارناهێنێت مەگەر لەکاتی دەست نەکەوتنی دەرمانی سادەدا ، بۆیە لە لێهاتووی پزیشکە ئەگەر چارە سەری خۆراکی لە جیاتی دەرمان بەکار بێنێت و ، دەرمانی سادە لە جیاتی دەرمانی ئاوێتە بەکاربێنێت ٠

پازدەیەم : تەماشای نەخۆشیەکە بکات ، ئایا لە توانادایە چارەسەر بکرێت یا نەء ؟ ئەگەر نەتوانرا چارەسەر بکرێت ، ڕێزی پیشەو کارەکەی دەپارێزێت و ، تەماعکاری هانی نادات بۆ هەستان بە چارەسەرکردنێك هیچ سوودێکی نەبێت ٠ ئەگەر لە توانادا بوو چارەسەر بکرێت ، ئینجا تەماشا دەکات ئایا لەتوانادایە لابرێت بەتەواوی یا نەء ؟ ئەگەر

بۆی دەرکەوت لە تواناادا نی یە بە تەواوی لابرێت ، ئینجا تەماشا دەکات ئایا لـە توانادایـە سووك بكرێتەوە یا هەرنەبێ کەم بكرێتەوە ؟ ئەگەر نـەتوانرا کـەم بكرێتـەوەو ، تەماشـای کرد ئەو پەڕی توانا لـە وەسـتاندن و نەهێشـتنی فـراوان بونیدایـە ٠ ئـەو کاتـە مەبەسـتی چارەسەرەکەی بۆ ئەو شتە ئاڕاستە دەکات و ، یارمەتی بەهێزبوونی کەسـی نـەخۆش و ، لاوازبوونی مادەیی نەخۆشیەکە دەدات ٠

شـازدەیەم : دەسـتکاری تێکەڵاوەکـە نـەکات و هەڵنەسـێت بـە دەرهاوێشـتنی پـێش پێگەیاندنی ، بەڵکو مەبەستی خۆی ئاراستە دەکات بۆ پێگەیاندنی مادەکە ، ئەگـەر پێگـەیی ، ئینجا دەست دەکات بە دەرهاوێشتنی ٠

حەڤدەیەم : دەبێ لە بواری نەخۆشیەکانی دڵ و ڕوح و دەرمانەکانیـدا شـارەزابێ ، ئەوەش بنچینەیەکی گەورەیە بۆ چارەسەرکردنی جەستە ، چونکە کاردانەوەی جەستەو سروشتی بەرامبەر بە نەفس و دڵ کارێکی ئاشکەرایەو ، پزیشکیش ئەگەر شارەزابوو بـە نەخۆشـیەکانی دڵ و چارەسـەرەکانیان ، ئـەوجا دەبـێ بـە پزیشـکێکی تـەواو ، ئـەو کەسەش شارەزایی بەوە نەبێ ، ئەگەرچی لێهاتووش بێ لە چارەسـەرکردنی سروشـت و بارەکـانی جەسـتەدا نیـوە پزیشـکە ، هـەر پزیشـکێکیش تیمـاری نـەخۆش نـەکات بـە پشـکنینی دڵـی نـەخۆش و چـاکردنی و ، بـەهێزکرنی ڕوحـی و هێزەکـانی بـە خەیروچاکەداری و ، ئەنجامدانی کردەوەی خـەیرو ، چاکەکردن بەرامبـەر بـە خـەڵك و ، ڕووکردنە خواو ڕۆژی دوایی ، ئەوە پزیشك نی یە ، بەڵکو خۆ بە پزیشـکارێکی بێتوانایـە ٠ گـەورەترین چارەسـەریەکانی نەخۆشـیش ئەنجامـدانی کـردەوەی خێـرو ، چـاکەکردن بەرامبەر خـەڵك و ، زیکـرو ، نـزاو پاڕانـەوەو ، لاڤـەلاڤ و ، تەوبەکردنـە ، ئـەم کردەوانـە کاریگەریەکی بەهێزی لە دورخستنەوەی نەخۆشیدا هەیە ، بەدەسـتهێنانی شـیفاش بـەو کردەوانـە گـەورەترو کاریگـەرترە بەبـەراوردی دەرمانـە سروشـتیەکان ، بـەڵام ئەمـە دەکەوێتە سەر ئامادەیی نەفسی نەخۆش و قبوڵکردنی و بیروباوەڕی بەوانەو سودی ٠

هەژدەیەم : ئاسان کردن و ئارامکردنەوەی نەفسی نـەخۆش و ، بەسۆزو نـەرمی مامەڵـە لەگەڵ کردنی ، بەهاوشێوەی مامەڵەکردنی منداڵ ٠

نۆزدەیەم : جۆرەکانی دەرمانە سروشتی و ئیلاهیەکان بەکار بێنێت ، چارەسەرکردن بـە خـەیاڵکردن (التخییـل) بـەکاربێنێت ، چـونکە پزیشـکە لێهاتووەکـان لـە بـواری بـەکارهێنانی خەیاڵکردن (التخییل) کردەوەگەلێکی سەرسورمێنیان هەیە کە دەرمانەکان ناگەن بە ئاسـتی ، بۆیـە پزیشـکی لێهـاتوو لـە هـەموو یارمەتیـدەرێك سـوود وەردەگرێـت بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشیەکە ٠

بیستەم : باشترین دەسـتەڵاتی کـاری پزیشـکە ، کـەوا چارەسـەرو و چارەسازیەکەی لـە سەر شەش پایە دامەزرێنێت : پاراستنی تەندروسـتیە هەبووەکـە ، گەڕانـەوەی تەندروسـتیە ونبووەکە بە گوێرەی توانا ، لابردنی نەخۆشیەکە یا کەمکردنەوەی بـەگوێرەی توانـا ، ئەگـەر دوو خراپـە (مفسـدة) هـەبوو هەڵسـێت بـەلابردنی گـەورەترینیان ، لـە کیسـدانی بچـوکترین بەرژەوەندی (مصلحة) لە پێناو بەدەستهێنانی گەورەترینیاندا ، لە سەر ئـەم شـەش بنچینە چارەسەرەکان دەخولێنەوە ، بۆیە هەر پزیشکێك ئەمە پیشەی نـەبێت کـە بـۆی بگەڕێتـەوە ، ئەوە پزیشك نی یە ٠ والله أعلم ٠

بەشێك سەبارەت بەوەی کە دەبێ پزیشك ڕەچاوی باروحاڵی نەخۆش بکات :

لەبەر ئەوەی نەخۆش چوار باری هەیە : دەستپێکردن ، بەرزبوونـەوە ، کۆتـایی و ، نـەمان بۆیە پێوستە پزیشك چاودێری هەر بارێك لە بارەکانی نەخۆشیەکە بکات بەوەی بـۆی دەشـێت و گونجاویەتی ، بۆ هەر بارێکیش ئەوە بەکاربێنێت کـە پێویسـتە تیایدا بـەکاربێت ٠ بۆیـە لـە خاڵی دەستپێکردنی نەخۆشیەکەدا، ئەگەر تەماشـای کـرد سروشـت پێویسـتی بـە جوڵانـدنی

پاشماوه خراپەکانەو پێویستە دەرهاوێشتنی بۆ بکرێت ، لەبەر ئەوەی ماددە خراپەکان پێگەیووە ئیتر دەست بەوە دەکات ، ئەگەر جوڵاندنی پاشماوە خراپەکانی لە دەست چوو لە خاڵی دەستپێکردنی نەخۆشیەکدا لەبەر هەر کۆسپێك قەدەغەی بکات ، یا لەبەر لاوازی هێزی نەخۆش و بەرگەنەگرتنی بۆ کاری دەرهاوێشتن ، یا بەهۆی ساردی وەرزەوە ، یا لەبەر کەمتەرخەمیەك ڕویداوە ، پێویستە وریا بێت ئەو پەڕی وەریایی کە کاری دەرهاوێشتنەکەی بۆ نەکات لە خاڵی بەرزبوونەوەی نەخۆشیەکدا ، چونکە ئەگەر ئەنجامی دا ، سەروشت ڕادەمێنێ و خوێ خەرێك دەکات بە دەرمانەکەوەو ، واز لە چارەسازی نەخۆشیەکەو بەرگریکردنی دێنێ بە یەکجاری ، نموونەشی وەکو نموونەی : کەسێکە دەچێتە لای سوارچاکێك کە سەرقاڵی جێگەکانی دوژمنە ، خەریکی دەکات بە کارێکی ترەوە · چونکە لەم بارەدا پێویستە یارمەتی سروشت بدات بۆ پاراستنی هێز چەند لە تواناددا بوو ·

ئەگەر نەخۆشیەکە کۆتایی هات و وەستاو هێور بویەوە ، دەست بە دەرهاوێشتنی و ، ڕیشەکێش کردنی هۆکارەکانی دەکات ، ئەگەر گەشتە خاڵی نەمان ، ئەوانەی سەرەوەی زیاتر بۆ شایستە دەبێ · نموونەی ئەمەش وەکو نموونەی دوژمنێکە هێزی تەواو بێت و ، چەکیشی پێ نەمابێت ، فەوتاندنی ئاسان دەبێت ، ئەگەر پشتی هەڵکردو دەستی بە هەڵهاتن کرد ، فەوتاندنی ئاسانترە ، چونکە توندی و لێهاتوویی لە سەرەتادایە ، هەروەها باری دەرهاوێشتن و ، فراوانیی هێزی ، دەرمان و نەخۆشیش بەو شێوەیە ·

بەشێك سەبارەت بەوەی کە پزیشك بە سەلیقە لە ئاسانترینەوە چارەسازی دەکات :

پزیشکی لێهاتوو هەرکاتێك بتوانێت چارەسازیی بە ئاسنترین بکات ، دەبێ وازی لێ نەهێنێت و بچێتە سەر قورسترین چارەسازیی ، بەڵکو پلە بە پلە لە لاوازترینەوە دەچێتە سەر بەهێزترین ، بەڵام ئەگەر ترسا لەوەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانی لاوازەوە هێزی

نەخۆشەكە لەناو بچێت ، ئەوا یەكسەر دەرمانی بەهێز بەكاردێنێ ، لە چارەسەركردنیشدا لە سەر یەك بار ناوەستێ و تەنها یەك چارەسەر بەكاربێنێ ، چونكە سروشتی نەخۆشیەكە لە سەر دەرمانەكە ڕادێت و ، توانای بەرگەگرتنی دەرمانەكەی بۆ پەیدا بێت و نەخۆشیەكەش هەر بمێنێتەوە ، دەرمانە بەهێزەكانیش لە وەرزە بەهێزەكاندا بەكار ناهێنێت ، پێشتریش ئاماژەمان پێدا كە تاوەكو توانای چارەسەركردنی بە خۆراك هەبێ، دەرمان بەكار ناهێنێ ، ئەگەر ئاڵۆزیەكیشی لا دروست بو و نەیزانی نەخۆشیەكە گەرمە یاخود ساردە ، دەست بە چارەسەركردن ناكات تاوەكو بۆی ڕوون دەبێتەوە ، هەركات ترسی لە دەرەنجامی نەخۆشیەكە هەبوو ئەگەر دەرمانێكی بۆ بەكارهێنا ، ئەوا دەرمانەكەی بۆ تاقی ناكاتەوە ، هیچیشی تێدا نی یە ئەگەر دەرمانەكەی تاقیكردەوە لە بارێكدا ئەگەر هیچ ترسێكی نەبوو لەوەی شوینەوارێكی خراپ دروست بكات ٠

ئەگەر چەند نەخۆشیەكیش كۆبوونەوە ، دەست بە چارەسەركردنی ئەوە دەكات كە یەكێك لەم خەسڵەتانەی تێدایە :

یەكەمیان : چاكبونەوەی ئەویتر لە سەر چاكبونەوەی ئەم وەستابێ وەكو ئاوسان و برین ، لێرەدا دەست بە چارەسەری ئاوسانەكە دەكات ٠

دووەم : دانەیەكیان هۆكاری دروستبوونی ئەویتر بێ وەكو (السَّدة) و (الحمى العفنة)[184] ، لێرەدا دەست دەكات بە لابردنی (السَّدة)كە چونكە هۆكاری دروستبونی تاكەیە ٠

سێ یەم : دانەیەكیان لەویتر گرنگتربێ ، وەكو نەخۆشیەكی توندو نەخۆشیەكی درێژخایەن ، لێرەدا دەست دەكات بە چارەسەركردنی نەخۆشیە توندەكەو ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەویتر فەرامۆش ناكات ، ئەگەر نەخۆشیەك و نەخۆشیەكی كات بەكات كۆبونەوە ، دەست

١٨٤ ــ السَّدة : ناوێكە بۆ هەر شتێك لە نێو جەستەدا ڕێ لە هاتوچۆی شتێكی تر بگرێ ٠

الحمى العَفنة : تایەكە بەهۆی یەكێك لە چوار تێكەڵاوەكەوە دروست دەبێ كە (الصفراء والسوداء)و خوێنی و بەڵغەمی ، بڕوانە : مەلا محمودی گەلاڵەیی ، قامووسی ڕستە ٠

دەکات بـه چارەسـەرکرنی نەخۆشـیەکە ، مەگـەر نەخۆشـیە کـات بـە کاتەکـە (العَـرض) بەهێزتریێ وەکو (القُولنج)[185] ، لێرەدا دەست دەکات بە نیشتنەوەی ئازارەکەو ، پاشان (السَّدة)کـە چارەسـەر دەکـا ٠ ئەگـەر تواناشـی هـەبوو لـە جێگـەی چارەسـەرکردن بـە دەرهاوێشـتنی مادەکـان ، جـۆری چارەسـەری دیکـەی وەکـو برسـێتی و ڕۆژوو یـا نووسـتن بەکاربێنێ باشترەو ، با کرداری دەهاوێشـتن ئـەنجام نـەدات ، ئەگـەر ویسـتی پاراسـتنی هـەر تەندروسـتیەکی بـوو ، بـا بـە هاوشـێوەکان و وێکچـووەکان بیپارێزێـت ، ئەگـەر ویسـتی گواستنەوەشی هەبوو بۆ بارێکی چاکتر لە خۆی بە دژ دەیگواستێتەوە ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خۆپاراستن لەو نەخۆشیانەی دەتنرێتەوە بە سروشتی و ڕێنمایی کردنی کەسانی تەندروست بە خۆدورخستنەوە لەو کەسانەی تووشیبوونە:

ثبَتَ فِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ " مِنْ حَدِيثِ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللّهِ ، أَنّهُ كَانَ فِي وَفْدِ ثَقِيفٍ رَجُلٌ مَجْذُومٌ ، فَأَرْسَلَ إلَيْهِ النّبِيّ ﷺ ((ارْجِعْ فَقَدْ بَايَعْنَاكَ))[186] .

واتە : لە (جابر)ی کوڕی (عبدالله)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : شاندەکەی هۆزی (ثقیف) پیاوێکی گوولی تێدابوو ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی بۆ ناد : ((بگەڕێرەوە پەیمانمان لە گەڵ بەستووی)) ٠

---

١٨٥ _ القُولنج : نەخۆشیەکە لە ریخۆڵەدا پەیدا دەبێ و پیسایی و با بە ئەستەك لە کۆم دێتە دەرەوەو هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەوکردنی کۆڵۆن ، بڕوانە : فەرهەنگی دەریا ٠ وەرگێڕ ٠

١٨٦ _ صحیح : رواه مسلم (٤ / ١٧٥٢) بلفظ : ((إنا بايعناك فارجع)) واتە : بە بێژەی : ((ئێمە پەیمانمان لە گەڵ بەستووی بگەڕێرەوە)) ٠

وَرَوَى الْبُخَارِيُ فِي " صَحِيحِهِ " تَعْلِيقًا مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ ، عَنْ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ : ((فِرَّ مِنْ الْمَجْذُومِ كَمَا تَفِرّ مِنْ الْأَسَدِ))[١٨٧] .

واته : له (أبي هُريرة)هوه _ خواى ليّ رِازى بيّت _ فهرموويهتى : ((له كهسى گول ههڵبيّ وهكو چۆن له شيّر ههڵديّى)) .

وَفِي " سُنَنِ ابْنِ مَاجَهْ " مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبّاسٍ ، أَنّ النَبيّ ﷺ قَالَ : ((لَا تُدِيمُوا النّظَرَ إلَى الْمَجْذُومِينَ))[١٨٨] .

واته : له (ابن عباس)هوه _ خوا له خۆى وبابيشى رِازى بيّت _ فهرموويهتى : پيّغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : ((به بهردهوامى تهماشاى كهسى گول مهكهن)) .

وَفِي " الصّحِيحَيْنِ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ ((لَا يُورِدَنّ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحّ))[١٨٩] .

واته : له (أبي هُريرة)هوه _ خواى ليّ رِازى بيّت _ فهرموويهتى : پيّغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : ((خاوهن ووشترى نهخۆش با ووشترهكانى نهباته سهرئاوى خاون ووشترى ساغ)) .

وَيُذْكَرُ عَنْهُ ﷺ: كَلّمْ الْمَجْذُومَ وَبَيْنَكَ وَبَيْنَهُ قِيدَ رُمْحٍ أَوْ رُمْحَيْنِ[١٩٠] .

---

١٨٧ _ صحيح : أخرجه البخاري (١٠ / ١٣٢) .

١٨٨ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٢٠٧٢) ، وابن ماجة (٣٥٤٣) ، وصححه الألباني في الصحيحة (١٠٦٤) .

١٨٩ _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١٦٦ ، ١٧٩) ، ومسلم (٧ / ٣٠ ، ٣١ ، ٣٢) .

واته: له پێغەمبەری خواوه ﷺ باسکراوه : له گەڵ کەسی گولدا بدووی با دووری نێوان تۆ و ئەو نزیکەی ڕمێك یاخود دوو ڕم بێت ٠

نەخۆشی گولیی چی یه ؟

نەخۆشی گولیی : نەخۆشیەکی خراپە بەهۆی بڵاوبونەوەی (المِرَّة السوداء)ەوه له هەموو جەستەدا ڕوودەدات و ، میزاجی ئەندامەکانی جەستەو ڕووخسارو شێوازیان خراپ دەکات ، پێدەچێ له کۆتادا پەیوەندی ئەو ئەندامانە تێك بچێت تا دەڕزێن و دەکەون ، له زمانی عەرەبیدا به (داء الأسد)یش ناوبراوه، سەبارەت بەم ناوەش پزیشکان به سێ بۆچون لێکیان داوەتەوه یەکەمیان : چونکه به زۆری تووشی شێر دەبێ ، دووەم : چونکه ئەم نەخۆشیه ڕووی کەسی تووشبوو مۆڕو مۆن دەکات و دەیچوێنێت به شێوەو شێوازی شێر ، سێ یەم : کەسی تووشبوو بەم نەخۆشیه ڕاوی ئەوانە دەکات کە نزیکی دەبنەوەو دەیانکوژێت وەکو شێر ٠

ئەم نەخۆشیه بەلای پزیشکانەوه نەخۆشیەکی تەنراوەی ئەم بۆ ئەوه ، ئەو کەسەی نزیکی کەسی گوول و تووشبوو بە نەخۆشی سیل دەبێتەوه هەر بە بۆنیان تووشی نەخۆشیەکەیان دەبێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر تەواو بەزەی هاتنەوەی بە ئومەتەکەیداو ، بۆ بەجێهێنانی ئامۆژگاری کرنی تەواو ، قەدەغەی ئومەتەکەی خۆی کردووه بە نزیك نەبوونەوه لەو هۆکارانەی نەخۆشی بۆ جەستەو دڵیان دەگوێزێتەوه ، گومانی تێدا نی یه جەستەش له ئەوپەڕی ئامادەباشی شاراوەدایه بۆ قبوڵکردنی نەخۆشیەکە ، ڕەنگە سروشتی

١٩٠ ــ حسن صحيح : أخرجه عبدالله بن أحمد (١ / ٧٨) عن الحسين بن علي عن أبيه عن النبي ــ صلى الله عليه وسلم ــ قال : ((لا تديموا النظر المجذومين ، وإذا كلمتوهم فليكن بينك وبينهم قيد رمح)) واته : ((به بەردەوامی تەماشای کەسی گول مەکەن و ، ئەگەر له گەڵیشیاندا دووان با دووری نێوان ئێوەو ئەوان بە ئەندازەی ڕمێك بێت)) ٠

جەستە ئامادەی کاردانەوەی تەواو بێت بۆ وەرگرتن لە جەستەی ئەو کەسانەوە کە نزیکی دەبنەوەو تێکەڵی دەبن ، چونکە جەستە تووشبووەکان گوێزەرەوەن ، لەوانەیە ترس و خەیاڵی مرۆڤ لە گەورەترینی هۆکارەکان بن بۆ تووش بوون بەم نەخۆشیە ، چونکە خەیاڵ کارایەو زاڵە بەسەر هێزەکان و خووەکانی مرۆڤدا ، لەوانەیە بۆنی کەسی تووشبوو بگات بە کەسی تەندروست و نەخۆشیەکەی بۆ بگوێزێتەوە ، ئەمەش لە چەندین نەخۆشیدا بینراوەو ، بۆنیش یەکێکە لە هۆکارەکانی تەنینەوەی نەخۆشی ، لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ جەستە ئامادەبێ بۆ قبوڵبوونی ئەو نەخۆشیە ، وَقَدْ تَزَوَّجَ النَّبِيُّ ﷺ امْرَأَةً ، فَلَمَّا أَرَادَ الدُّخُولَ بِهَا ، وَجَدَ بِكَشْحِهَا بَيَاضًا ، فَقَالَ : ((الْحَقِي بِأَهْلِكِ))[191] .

واتە: باسکراوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ژنێکی خواست ، کە ویستی بچێتە لای سپیایەکی لە کەلەکەیدا بەدیکرد ، ئەوەبوو فەرمووی : بچۆرەوە ماڵی بابت .

کۆمەڵێك وایانزانیوە ئەم فەرموودانە بەرپەرچ دراوەتەوە بە کۆمەڵێك فەرموودەی دیکە ، کەوا پوچیان دەکاتەوەو دژایەتیان دەکات لەو فەرموودانە : مَا رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ ، مِنْ حَدِيثِ عبدالله بن عمر أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَخَذَ بِيَدِ رَجُلٍ مَجْذُومٍ ، فَأَدْخَلَهَا مَعَهُ فِي الْقَصْعَةِ ، وَقَالَ : ((كُلْ بِسْمِ اللَّهِ ، ثِقَةً بِاللَّهِ ، وَتَوَكُّلًا عَلَيْهِ))[192] ، وَرَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ .

واتە : لە (عبداللە)ی کوڕی (عمر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی کەسێکی گوڵی گرت و ، خستیە نێو لەگەنەکەوە لە گەڵ خۆیداو ، فەرمووی : بخۆ بەناوی خوا : متمانە بەخواو ، پشت پێ بەستنی .

---

١٩١ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد في مسنده (٣ / ٤٩٣) .

١٩٢ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٩٢٥) ، والترمذي (١٨١٨) ، وضعفه الألباني .

وَبِمَا ثَبَتَ فِي " الصَّحِيحِ " عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، عَنْ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ : لَا عَدْوَى وَلَا طِيَرَةَ[١٩٣] .

واته : له (ابي هُريرة)هوه _ خـواى لـىٚ ڕازى بێـت _ فەرمـوويـەتى : پێغەمبـەرى خـوا ﷺ فەرمووى : تەنینەوەى نەخۆشى نى یە ، شوومی و ڕەشبینی نی یە ٠

ئێمە دەڵێین _ (ابن القيم) _ سپاست بۆ خوا هیچ دژ بەیەك بوونێك لە نێـوان فـەرمـوودە (صحيح)ەكانى پێغەمبەرى خـوادا ﷺ بـەدیناكرێت ، ئەگـەر دژ بـە یـەك بـوونێكیش بـەدیكرا ، ئەوا پێدەچىٚ یەكێك لە فەرموودەكان گوفتارى پێغەمبـەرى خـوا ﷺ نـەبىٚ و ، ئـەو كەسـانەى فەرموودەكـەیان گێڕاوەتـەوە هەڵـەیان تێـدا كردبـىٚ ، ئەگەرچـى كەسـێكى بـاوەڕپێكراوى سەرڕاستیش بێت ، چونكە كەسى باوەڕپێكراو هەڵە دەكات ، یاخود یـەكێك لـە فـەرموودەكان (ناسخ)و(١٩٤) ئەویترى پێش خۆى لادەبات ئەگـەر قبـوڵى (نسخ) بكـات ، یـاخود دژ بـە یەك بوونەكە تەنها لە تێگەشتنى بیسەردایە ، نـەك لـە فەرمایشـتەكانى پێغەمبـەرى خـوادا ﷺ بۆیە دەبىٚ یەكێك لەو سیانەى پێشەوە هەبىٚ تاوەكو دژ بە یەك بوونەكە ڕوویدات ٠

بـەڵام دوو فـەرموودەى (صـحيح)ى ئاشـكەراى دژ بـە یـەك لـە هـەموو ڕوویەكـەوەو ، یەكێكیشیان ئەویتر (نسخ) نەكاتەوە ، هەرگیز شتى وانەبووە ، بەڵكو پەنا دەگـرین بـە خـوا لە گوفتارى پێغەمبەرى خوادا ﷺ ئەم شتانە هەبێت ، چونكە لە زارى ئەوەوە بـەدەر لـە هـەق هیچى تر نەگوتراوە ، بەڵكو لە ڕاستیدا بەڵاكە كەمتەرخەمیە :

١ _ لە تێگەشتنى ئەو فەرموودانەدا كە هاتووە ٠

٢ _ توانا نەبوون لە جیاكردنەوەى فەرموودە (صحيح)ەكان و (ضعيف)ەكاندا ٠

---

١٩٣ _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١٦٦ ، ١٧٩) ، ومسلم (٧ / ٣٠ ، ٣١ ، ٣٢) عن الحسن عن أبي هريرة ٠ وأخرجه البخاري (٧ / ١٧٥ ، ١٨٠) ، ومسلم (٧ / ٣٣) عن أنس ٠ والحديث مروي عن كثير من الصحابة ٠

١٩٤ _ المنسوخ : له زمانى عەرەبیدا له (نَسَخَ الشيءُ)ەوە هاتووە بە واتاى : هەڵگرتن و لابردن ، بۆیە ووشەى (المنسوخ) له زمانى عەرەبیدا واتاى لابراو هەڵگیراو دەبەخشێت ٠

٣ _ تێنەگەشتنی تەواو لە مەبەستی ڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ

٤ _ هەڵگرتنی فەرموودەکە بۆ کارپێکردن لە بوارگەلێکدا بە پێچەوانەی مەبەستی پێغەمبەری خواوە ﷺ٠ هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ دروستبوونی جیاوازی و خراپی ٠ وباللە التوفیق ٠

(ابن قتیبة) لە کتێبی (اختلاف الحدیث)داو _ لە زاری ئەو کەسانەی دوژمنی فەرموودەو فەرموودەناسانن _ دەڵێت : دوو فەرموودەی دژ بە یەکتان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی : ((لَا عَدْوَى وَلَا طِيَرَةَ)) واتە : نە تەنینەوە هەیەو ، نە شومی و ڕەشبینی٠ پێشی گوترا : گەڕوویی و خورویی لە لیچی ووشتردا پەیدا دەبێ و ، ئینجا ووشترەکان گەڕوویان تێدەکەوێت ، فەرمووی : ئەی چ شتێك نەخۆشیەکەی تەنیەوە بۆ یەکەم ؟[١٩٥] ٠ پاشان لە فەرموودەیەکی تردا گێڕاوتانەتەوە : با هیچ کەس ووشترە نەخۆشەکانی نەباتە سەر ئاوی خاوەن ووشتری ساغ ، لە کەسی گوول هەڵبێ بەهاوشێوەی هەڵهاتنت لە شێر ، وە پیاوێکی گول هات بۆ گفتپێدانی بەڵام گفتەکەی بۆ ناردو ، فەرمانی پیدا بگەڕێتەوەو ، مۆڵەتی نەدا ، وە فەرموویەتی : شوومی لە ژن و ماڵ و وەڵاخدایە[١٩٦] ٠ گوتیان : هەموو ئەمانە جیاوازن و یەکێکیان لەویتر ناچێت ٠

(أبومحمد) دەڵێت : ئێمە دەڵێین : لەمەدا هیچ جیاوازیەك نی یەو ، مانای هەر فەرموودەیەکیان کات و شوێنی خۆی هەیە ، ئەگەر لە کات و شوێنی خۆیدا دانرا جیاوازیەکە لادەچێت ٠

---

١٩٥ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٣٢٧) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٧٥٢٩) ٠

١٩٦ _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٩ / ١١٨) ، ومسلم (٢٢٢٥) ٠

تەنینەوە دوو ڕەگەزە :

یەکەمیان : تەنینەوەی گوولی ، چونکە بۆنی کەسی گوول توند دەبێت تا ئەو کەسانەش تووش دەکات کە زۆر لە گەڵیدا دادەنشن و قسەی لە گەڵدا دەکەن ، هەروەها بە جووتبوونی کەسی گوول لە گەڵ خێزانەکەیدا زیانی پێدەگەیەنێت و ، لەوانەشە تووشی گوولی بێت ، هەروەها منداڵەکانیشی لە گەورەبوونی تەمەندا تووشی دەبن ، هەروەها تووشبووان بە نەخۆشیەکانی سیل و گەڕووی ، چونکە پزیشکان فەرمان دەکەن بە دانەنیشتن لە گەڵ تووشبووان بە سیل و گوولیدا ، لەمەشدا مەبەستیان مانای تەنینەوە نی یە ، بەڵکو مەبەستیان گۆڕینی بۆنیانەو ، ئەو کەسانەش بە زۆری بونیان دەکەن تووشی هەمان نەخۆشی دەبن ، پزیشکان دوورترین کەسن لە ڕەشبینی و شوومەوە ، گەڕووی و خوروی لە ووشتردا پەیدا دەبێ _ کە گەڕوویەکی شێداری تەڕە _ ئەوەش تێکەڵی ووشترە تووشبۆوەکە دەبێت یا دەیخورێنێت ، یا دەچێتە شوێنی یخدانی ووشترەکانەوە ئاوی گەڕووەکەی پێ دەگات و تووش دەبێت ، ئەمە ئەو مانایەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : با هیچ کەس ووشتری تووشبوو نەباتە سەرئاوی خاوەن ووشتری ساغ ، چونکە بە باشی نەزانیوە نەخۆش تێکەڵ بە ساغ بێت نەوەکو ئاوو خورووەکەی پێ بگات و تووشی بکات ·

دەفەرمێت : بەڵام ڕەگەزەکەی دیکەی تەنینەوە ، وەکو بڵاوبونەوەی نەخۆشی چاوەقوڵەیە لە وەڵاتێکداو ، کەسانی تەندروستیش لەو وەڵاتە دەچنە دەرەوە لە ترسی تەنینەوەدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((إذا وقَعَ ببلدٍ وأنتُم به ، فلا تخرُجوا مِنْه ، وإذا كان ببلدٍ ، فلا تدخُلوه)) فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ((إذا وقع ببلدٍ وأنتم به ، فلا تخرجوا مِنهُ)) واتە : ((ئەگەر لە وەڵاتێکدا بڵاوبویەوەو ئێوەی لێبوو ، لێی دەرمەچن)) لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پێمان دەفەرمێت : ئێوە واگومان دەبن کە بە هەڵهاتنتان لە چارەنووسی خوا لە خوا ڕزگارتان دەبێ · فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ : ((وإذا كان ببلد ، فلا تدخلوه)) واتە : ((ئەگەر لە وەڵاتێکدا بڵاوبویەوە ، مەچنە نێوی)) لێرەدا

پێغەمبەری خوا ﷺ پێمان دەفەرمێت : بە مانەوەتان لەو جێگەی کە تاعونی تێدا نی یە دڵتان زیاتر دەحەوێتەوەو ، گوزەرانتان خۆشتر دەبێ · لەم بوارەدا ژن یا ماڵ بە شووم ناسراوەن ، کە پیاو تووشی ناخۆشیەك یاخود بەڵایەك دەبێ ، دەڵێ : ژن و ماڵەکە شومیەکەی بۆ تەنیمەوەو لێیدام ، ئەمە ئەو تەنینەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیەوە فەرموویەتی : تەنینەوە نی یە ·

کۆمەڵێکی دیکەش دەڵێن : بەڵکو فەرماندان بە خۆدورخستنەوە لە کەسی گوول و هەڵهاتن بۆ (الاستحباب)و هەڵبژاردن و ، ڕێنمویی کردنە ، · بەڵام بۆ لە گەڵیدا خواردن ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی ئەنجامدا بۆ بەدەرخستنی شیاوێتی و ، حەرام نەبوونی ·

کۆمەڵێکی دیکەش دەڵێن : ئەم پەیامەی پێغەمبەری خوا ﷺ لێرەدا بۆ بەشێکی خەڵکە نەك بۆ هەمووی · بۆیە تەماشا دەکرێت پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هەر یەکیان پەیامێکی فەرمووە بە باروحاڵیان شایستە بێت ، چونکە هەندێکی خەڵك ئیمانی بەهێزەو ، پشت بەستنی بەهێزە بە ئاستێك تەنینەوەی نەخۆشیەکە لە خۆی دور دەخاتەوە ، وەکو چۆن هێزی سروشت هێزی نەخۆشیەکە دووردەخاتەوەو پوچی دەکاتەوە ، کەچی هەندێ خەڵکی تر ئەو هێزەی تێدا نی یە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم پەیامەی خۆی ئاراستەی ئەم جۆرە خەڵکە کردووە بۆ ئاگاداری وەرگرتن و خۆپارێزی ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەردوو بارەکەشی پێکەوە ئەنجامداوە ، بۆ ئەوەی ئومەتەکەی چاوی لێکەن و پەیڕەویی بکەن ، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لە ئومەتەکەیدا بەهێزن ڕێگەی پشت بەستن و هێزو متمانەی تەواو بە خوا هەڵبژێرن و ، ئەوەشیان کە لاوازە ڕێگەی ئاگاداری وەرگرتن و خۆپارێزی بەکاربێنن و ، هەردوو ڕێگەکەش (صحیح)و تەواون :

یەکەمیان : بۆ باوەڕدارانی بەهێز ·

ئەویتریشیان : بۆ باوەڕدارانی لاواز ·

لێرەشدا هەر کۆمەڵێکیان بەڵگەیەکی بەدەستەوە دەبێ و پێشەنگێشی دەبێ ئەو کارەی ئەنجام دابێ بە گوێرەی باروحاڵیان و ئەوەی بۆیان شایستەیە ، ئەمەش بەهاوشێوەی هەستانی پێغەمبەری خوایە ﷺ بە داخکردن و ، ستایشی ئەو کەسەشی کردووە کە وازی لێدەهێنێت ، چونکە وای داناوە ئەو کەسەی وازی لێدەهێنێت پشت بەستنێکی تەواوی بەخوای تعالی هەیە ، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لە شوومی و ڕەشبینی هێناوەو ، هاوشێوەی ئەمەش لە شەرعدا زۆرە ، ئەمەش ڕێگەیەکی ناسك و زۆر چاكە بۆ ئەو كەسانەی دەیانەوێ هەقی خۆی بدەنێ ، بەتایبەت ئەو کەسانەی توانای لێکدانەوەی نەفسی خۆیانیان پێدراوە ، بەمەش ئەو دژ بە یەك بوونەی هەستی پێ دەکات لە سوونەتی (صحیح)دا نامێنێت و لادەچێت ٠

کۆمەڵێکی تریش وای بۆ دەچن کە فەرمان کردن بە هەڵهاتن و ، خۆ دوورخستنەوە بۆ شتێکی سروشتیە ، کە بریتیە لە گواستنەوەی نەخۆشیەکە بۆ کەسی تەندروست بە دەست پێوەدان و تێکەڵبوون و بۆن کردن ، ئەم بارەش بە دووبارەکردنەوەی تێکەڵبوون و دەست پێوەدان دەبێ ، پێغەمبەری خواش ﷺ کە هەستا بە خواردن لە گەڵ کەسێکی گولدا بۆ بەرژەوەندیەکی پەسەندکراوبوو ، هیچی تێدا نی یەو ، بە یەك جارو یەك ساتیش تەنینەوەی نەخۆشی دروست نابێت ، بەڵام قەدەغەی کردووە بۆ ئەوەی نەبێت بە هۆکارێك بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی و فەوتاندن ، هەروەها بۆ پاراستنی تەندروستی ، بە تێکەڵبونێکیش تێکەڵیان بوو لەبەر پێویستی و بەرژەوەندیەك ، بۆیە هیچ دژ بە یەك بوونێك لە نێوان هەردوو شتەکەدا بەدیناکرێت ٠

کۆمەڵێکی تریش دەڵێن : پێدەچێ ئەو کەسە گولەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە گەڵیدا خۆراکی خواردبێ نەخۆشیەکەی شتێکی کەم بێ و تەنینەوە دروست نەکات ، کەسانی گولیش هەموویان وەکو یەك نین و ، ئەو تەنینەوەش لێیانەوە دروست دەبێ هەمووی وەکو یەك نی یە ، بەڵکو تێکەڵبوونی کەسانێکیان زیانی نی یەو ، تەنینەوە دروست ناکات ، ئەو

كەسە گوولەش توشی شتێكی كەمی گوولی بوبو ، پاشان وەستاو لەسەر بارەكەی بەردەوام بوو ، گولیەكەش نەتەنیەوە بۆ سەراپای لەشی ، بۆیە بە شایستەتر نەخۆشیەكەی ناتەنێتەوە بۆ كەسانی تر ٠

كۆمەڵێكی تریش دەڵێن : خەڵكانی تاقی نەفامی بڕوایان وابوو كە تەنینەوەی نەخۆشیە پەتاكان بە خودێكی سروشتی دەبێت ، بەبێ ئەوەی بیگەڕێننەوە بۆ خوای تعالی ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو باوەڕەی پوچكردنەوەو ، لە گەڵ كەسە گوولەكەدا خۆراكی خواردو ، بۆی ڕوون كردنەوە كە خوای تعالایە نەخۆش دەخات و چاكیش دەكاتەوە ، قەدەغەی نزیكبونەوەی خەڵكیشی لێكردن بۆ ئەوەی بۆیان ڕوون بكاتەوە كە خودی نزیكبوونەوە یەكێكە لەو هۆكارانەی لە لایەن خوای پەروەردگارەوە دانراوە بۆ دروستبوونی نەخۆشیەكە ، كاتێكیش پێغەمبەری خوا ﷺقەدەغە دەكات لە ڕاستیدا هەڵدەستێت بە جێكركردنی ئەو هۆكارانەی نەخۆشی دروست دەكەن ، كردوەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاشكەرای دەكات كە نەخۆشیەكان سەربەخۆیان وەرنەگرتووە لە كاركردندا ، بەڵكو هەموو شتێك خوای تعالایە ، ویستی هەبێت هێز لە نەخۆشیەكە وەردەگرێتەوەو چیتر كاریگەری نابێت و ، ویستیشی هەبێت هێزەكەی دەهێڵێتەوەو كاریگەری دروست دەكات ٠

كۆمەڵێكی تریش دەڵێن : بەڵكو فەرموودەكان (ناسخ و منسوخ)ی تێدایە ، تەماشای مێژووەكەی دەكرێت ، ئەگەر زانرا فەرموودەیەكیان دواكەوتوترە ، حوكم دەدرێت كە (ناسخ)ە ، ئەگەر بەو جۆرەش نەبوو ، تیایدا دەوەستین ٠

كۆمەڵێكی تریش دەڵێن : هەندێ لەو فەرموودانە جێگیرەو ، هەندێكیشیان جێگیر نین ، بۆیە سەبارەت بە فەرموودەی : ((لا عدوی)) دەڵێت : یەكەم جار هاوەڵی بەڕێز (أبوهريرة) دەیگێڕایەوە ، پاشان لەو بارەوە گومانی بۆ دروست بوو وازی لێهێنا ، دیسان سەبارەت بەو فەرموودە ڕاوێژیان پێكردو ، گوتیان : گوێبیستت بوین دەتگێڕایەوە ، بەڵام قایل نەبوو بیگێڕێتەوە ٠

(أبوسلمة) دەڵێت : ئیتر نازانم ، (أبوهريرة) بیری چوو ، یاخود یەکێك لە فەرموودەکان ئەویتری (نسخ) کردەوە ؟

بەڵام فەرموودەکەی (جابر) _ خوای لێ ڕازی بێت _ : ((أنَّ النبيَّ ﷺ أخذ بيدِ مجذوم ، فأدخلها معه في القصعة)) واتە : ((پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی کەسێکی گوولی گرت و ، لە گەڵ خۆیدا دەستی خستە نێو لەگەنەکەوە)) ، فەرموودەیەکی (صحيح) نیەو ، بۆ بەرزترین پلەشی ئیمامی (الترمذي) فەرموویەتی فەرموودەیەکی (غريب)ەو ، نە بە (صحيح)ی داناوەو نە بە (حسن)یشی داناوە · (شعبة) دەڵێت : خۆتان بپارێزن لەو فەرموودە (غريب)انە · ئیمامی (الترمذي) فەرموویەتی : لە چوارچێوەی کردەوەکانی (عمر)ەوە (ريوايە)ت کراوە ، ئەمەش جێگیرترە ، ئەمەیە باری ئەم دوو فەرموودەیەی کە بەرهەڵستی فەرموودەکانی قەدەغەکردنی پێ دەکرێت :

یەکێکیان : (أبوهريرة) پەشیمان بۆتەوە لە گێڕانەوەیداو نکوڵیی لێ کردووە ·

دووەمیشیان : بە (صحيح)ی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ (ريوايە)ت نەکراوە ، لە کتێبی (المفتاح)دا بە تێروتەسلیی سەبارەت بەم مەسەلە دواوین ، وبالله التوفيق ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قەدەغەکرنی خۆچارەسەرکردن بە حرامکراوەکان :

رَوَى أَبُو دَاوُدَ فِي " سُنَنِهِ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي الدَّرْدَاءِ _ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ _ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((إِنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ الدَّاءَ وَالدَّوَاءَ ، وَجَعَلَ لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءً ، فَتَدَاوَوْا ، وَلَا تَدَاوَوْا بِالْمُحَرَّمِ))[١٩٧] واتە : لە (أبي الدَّرداء)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ

١٩٧ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨٧٤) ، وضعفه الألباني ·

فەرمووی : ((خوای تعالی نەخۆشی و دەرمانەکەشی دابەزاندووەو ، بۆ هەر نەخۆشیەکیش دەرمانێکی داناوە ، بەوە چارەسەر بکەن و ، بە شتی حەرام چارەسەر مەکەن)) ٠

وَذَكَر الْبُخَارِيّ فِي " صَحِيحِهِ " عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ : إنّ اللّهَ لَمْ يَجْعَلْ شِفَاءَكُمْ فِيمَا حَرّمَ عَلَيْكُمْ ٠[198]

واتە : ئیمامی (البخاري) لە (صحیح)ەکەیداو لـە (ابـن مسـعود)ەوە _ خـوای لـیّ ڕازی بێت _ دەگێڕێتەوە ، فەموویـەتی : خـوای تعـالی شـیفای ئێـوەی لـە شـتە حـەرام کراوەکانـدا دانەناوە ٠

وَفِي " السّنَنِ " : عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ : ((نَهَى رَسُولُ اللّهِ ﷺ عَنْ الدّوَاءِالْخَبِيثِ))[199]
واتە : لە (أبي هُريرة)ەوە _ خـوای لـیّ ڕازی بێـت _ فەرموویـەتی : ((پێغەمبـەری خـوا ﷺ قەدەغەی خۆ چارەسەرکردنی کردووە بە دەرمانە پیسەکانی وەکو مەی و ژەهر)) ٠

وَفِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ " عَنْ طَارِقِ بْنِ سُوَيْدٍ الْجُعْفِيّ أَنّهُ سَأَلَ النّبِيّ ﷺ عَنْ الْخَمْرِ ، فَنَهَاهُ ، أَوْ كَرِهَ أَنْ يَصْنَعَهَا ، فَقَالَ : إنّمَا أَصْنَعُهَا لِلدّوَاءِ ، فَقَالَ : ((إنّهُ لَيْسَ بِدَوَاءٍ وَلَكِنّهُ دَاءٌ))[200]

واتە : لە (طارق)ی کوڕی (سُوَيْدٍ الجُعْفي)وە _ خوای لیّ ڕازی بێت _ : کەوا سەبارەت بە مەی لە پێغەمبەری خوای ﷺ پرسیبوو ، ئەویش قەدەغەی کردبوو ، یاخود بەباشی

198 _ ذكره البخاري تعليقاً (١٠ / ٦٨) في الطب باب شراء الحلواء والعسل

199 _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٣٠٥ ، ٤٤٦ ، ٤٧٨) وأبوداود (٣٨٧٠) ، وابن ماجة (٣٤٥٩) ، والترمذي (٢٠٤٥) كلهم من طريق يونس بن أبي إسحاق عن مجاهد عن أبي هريرة فذكره٠

200 _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ٣١١ ، ٣١٧ ، ٣٩٩) ، والدارمي (٢١٠١) ، ومسلم (٦ / ٨٩) ، وأبوداود (٣٨٧٣) ، والترمذي (٢٠٤٦) كلهم من طريق سماك بن حرب عن علقمة بن وائل عن أبيه فذكره

نەزانی دروستی بکات ، (طارق)یش پێی فەرمووی : لە ڕاستیدا بۆ دەرمان دروستی دەکەم ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ((دڵنیابە ئەوە دەرمان نی یە بەڵکو نەخۆشیە)) .

وَفِي " السّنَنِ " أنّهُ ﷺ سُئِلَ عَنْ الْخَمْرِ يُجْعَلُ فِي الدّوَاءِ ، فَقَالَ : ((إِنّهَا دَاءٌ وَلَيْسَتْ بِالدّوَاءِ))[٢٠١] رواه أبوداود ، والترمذي .

واتە : لە پێغەمبەری خوایان ﷺ پرسی سەبارەت بەوەی مەی وەکو دەرمان بەکاربێت ، ئەویش فەرمووی : ((ئەوە نەخۆشیە نەك دەرمان)) .

وَفِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ " عَنْ طَارِقِ بْنِ سُوَيْدٍ الْحَضْرَمِيّ قَالَ : قُلْت : يَا رَسُولَ اللّهِ إنّ بِأَرْضِنَا أَعْنَابًا نَعْتَصِرُهَا فَنَشْرَبُ مِنْهَا ، قَالَ : " لَا " فَرَاجَعْته قُلْتُ : إنّا نَسْتَشْفِي لِلْمَرِيضِ قَالَ : ((إنّ ذَلِكَ لَيْسَ بِشِفَاءٍ وَلَكِنّهُ دَاءٌ))[٢٠٢] .

واتە : لە (طارق)ی کوڕی (سُوَيْدٍ الحَضْرَمِيّ)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : گووتم : ئەی پێغەمبەری خوا زەویەکانی ئێمە ترێکەلێکی لێیە دەیگووشین بۆ (مەی)و لێی دەخۆینەوە ، فەرمووی : نەخێر ، (طارق) فەرموویەتی : جارێکی تر وەڵامم بۆ ناردەوەو گوتم : ئەوە بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکاردێنین فەرمووی : ((ئەوە چارەسەر نی یە بەڵکو نەخۆشیە))

وَفِي " سُنَنِ النّسَائِيّ أَنّ طَبِيبًا ذَكَرَ ضِفْدَعًا فِي دَوَاءٍ عِنْدَ رَسُولِ اللّهِ ﷺ فَنَهَاهُ عَنْ قَتْلِهَا[٢٠٣]
واتە لە (سنن)ی ئیمامی (النسائي)دا هاتووە کەوا پزیشکێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ لە دەرمانێکدا باسی بۆقی کرد ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کرد بۆق بکوژێت .

٢٠١ _ هو السابق .

٢٠٢ _ هو السابق ، وليس هذا لفظ مسلم .

وَيُذْكَرُ عَنْهُ ﷺ أَنَّهُ قَالَ : ((مَنْ تَدَاوَى بِالْخَمْرِ ، فَلَا شَفَاهُ اللَّهُ))[٢٠٤]

واتـه : لـه پێغەمبـەری خـواوه ﷺ باسـكراوه كـەوا فەرموويـەتی : ((هەركـەس بـه مـەی چارەسەر دەكات ، خوای تعالى شیفای نەدات)) ٠

خۆچارەسەركردن به شته حەرامەكان قیزەونه لـه ڕووی شـەرع و لـه ڕووی ئەقڵیشـەوه ، له ڕووی شەرعەوه ئەو فەرموودانه بوو كه له سەرەوه باسكران ٠ بـەڵام لـه ڕووی ئەقڵـەوه : خوای تعالى ئەو شتانەی حەرام كردووه لەبەر پیسێتیان ، بەڵام شته چاكەكانی لـەم ئومەتـه حەرام نەكردووه وەكو سزایەك ، بەهاوشێوەی ئەو حەرامكردنـەی كـه سـەپاندی بـه سـەر (بني إسرائيل)دا كه دەفەرمێت ﴿ فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ ﴾[سورة النسـاء:١٦٠] واتـه ﴿ فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا ﴾ بـەهۆی سـتەم كردنـەوه لـه لایـەن جولەكەكانەوه ﴿ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ ﴾ حەراممان كرد لێیان ﴿ طَيِّبَاتٍ ﴾ چەند خۆراكێكی پـاك و خاوێن ﴿ أُحِلَّتْ لَهُمْ ﴾ كه حەڵاڵ كرابوو بۆیان[٢٠٥] ، بەڵكو چەند شتێكی لـەم ئومەتـه حـەرام كردووه چونكه خودی ئەو شتانه پیسن و ، حەرامیشی كردووه وەكو پارێزێك بـۆ بەنـدەكان و ، پاراستنیان له خواردنی ، بۆیه لەم بارەوه بەشیاو دانانرێت وەكو چارەسەری نەخۆشیی بەكاربێت ، چونكه ئەگەرچی ڕۆڵیی هەبێت له لادانی نەخۆشیدا ، بەڵام پاشان نەخۆشـیەكی گەورەتر له دڵدا دروسـت دەكـات بـەهۆی ئـەو پیسـیەوه كـه تیایدایـه ، بۆیـه ئـەو كەسـەی چارەسەر بـه شـته حەرامـەكان دەكـات ، هەوڵیـداوه بـه نەخۆشخسـتنی دڵیـی چارەسـەری نەخۆشی جەستەی بكات.

---

٢٠٣ ـ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٤٥٣ ، ٤٩٩) ، وعبد بن حميد (٣١٣) ، والدارمي (٢٠٠٤) ، وأبوداود (٣٨٧١ ، ٥٢٦٩) ، والنسائي (٧ / ٢١٠) كلهم من طريق ابن أبي ذئب ، عن سعيد بن خالد ، وعن سعيد بن المسيب بن عبدالرحمن بن عثمان فذكره ٠

٢٠٤ ـ إسناده صحيح : انظر الصحيحة (٢٨٨١) ٠

٢٠٥ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

هەروەها لە بەر ئەوەی ئەو شتانە حەرامە ، بۆیە پێویستە مرۆڤ خۆی لیّ لابدات و خۆی لیّ بەدوور بگرێت ، بە هەر ڕێگەیەك بێت ، بەڵام ئەگەر وەکو دەرمان بەکارهێنرا ، ئەوە هانی مرۆڤ دەدات ئەو شتانەی بەلاوە پەسەندبیّ و زیاتر بەکاری بێنیّ ، ئەمەش دژ بە مەبەستی شەرعە ، لەلایەکی تریشەوە ئەو شتانە نەخۆشین وەکو ئەوەی شەرع بڕیاری لە سەر داوە ، بۆیە نابیّ وەکو دەرمان بەکاربێت ٠

هەروەها شتە حەرامەکان سیفەتی بەدی و پیسی بە ڕوح و سروشتی مرۆڤ دەبەخشن ، چونکە جەستە کاردانەوەی خۆی دەبێت بەرامبەر بە چۆنیەتی دەرمانەکە ، بۆیە ئەگەر چۆنیەتی دەرمانەکە پیس بێت ، ئەوا پیسی بە سروشتی مرۆڤ دەبەخشێت ، کەواتە ئەگەر خودی دەرمانەکە پیس بوو ئیتر دەبیّ چۆن بیّ ؟ ، بۆیە خوای تعالی خۆراك و خواردنەوەو جلی پیسی لە بەندەکانی حەرام کردووە ، چونکە ڕوخسارو سیفەتی پیسی بە نەفس دەبەخشن ٠

هەروەها ڕێگەدان بە بەکارهێنانی ئەو شتە حەرامانە بۆ خۆچارەسەرکردن ، مەینەتیەکە زیاتر دەکات ، چونکە ئەگەر نەفس هەواداری بوو ، ئەوا دواتریش بۆ هەواو ئارەزووش بەکاری دەهێنیّ ، بەتایبەت ئەگەر نەفسی مرۆڤ بزانی بۆی بەسوودەو ، نەخۆشیەکانی لادەباو شیفای بۆ دەهێنیّ ، ئەوا دەبیّ بە خۆشەویسترین شت بەلایەوە ، لێرەدا شەرع دەرگاکانی بەهانەی هەموو داخستووە بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك بەکار نەهێنرێت ، گومانی تێدا نیە ئەگەر لە لایەکەوە دەرگاکانی بەهانە دابخات بۆ بەکارنەهێنانی و ، لە لایەکی تریشەوە دەرگاکانی بەهانە بکاتەوە بۆ بەکارهێنانی وەکو دەرمان جیاوازی و دژ بە یەك بوون دروست دەکات و ئەمەش لە شەرعەوە دوورە ٠

هەروەها لەم دەرمانە حرامکراوانەدا نەخۆشی گەلێکی ئەوتۆی تێدایە ، کە زۆر زیاترە لەوەی کە خەڵك واگومان دەبات شیفای هەندیّ نەخۆشی تێدا هەبیّ ، بۆیە لە مەی و شەرابی

دایکی پیسەکاندا کە خوای تعالی بەهیچ شێوەیەك شیفای نەخستۆتە نێو ئەم خواردنەوەیەوە ، بەلای پزیشکان و ، زۆرێك لە شەرع زانان و قسەناسانەوە ، چەندین نەخۆشی بەهێز بۆ سەر مێشك دروست دەکات کە سەنتەری ئەقڵە ٠

(أبقراط) لە میانەی گوفتارەکانیدا لە سەر نەخۆشیە توندەکان دەڵێت : زیانی مەی بۆ سەر توندوتیژە ، چونکە بەخێرا بۆی بەرز دەبێتەوە ، لە گەڵ بەرزبونەودا خەڵتەکانی لەشیش بەرزدەبنەوەو لە شوێنە بەرزەکانی جەستەدا دەوەستن و ، زیان بە هۆشی مرۆڤ دەگەیەنن ٠

دانەری (الکامل) دەڵێت : زیان گەیاندن بە مێشك و دەمارەکان لە خاسیەتە گرنگەکانی مەی و شەرابە ٠

بەڵام دەرمانە حەرامکراوەکانی دیکە دوو جۆرن :
یەکەمیان : بەلای دڵەوە قیزەونەو ، سروشتی مرۆڤیش یارمەتیدەری نابێت ، بۆ دوورخستنەوەی نەخۆشیەکە وەکو ژەهرەکان و ، گۆشتی مارو شتە پیس و پۆخڵەکانی دیکە ، بۆیە وەکو بارێکی قورس بە سەر سروشتی مرۆڤەوە دەمێنێتەوەو دەبێ بە نەخۆشی نەك دەرمان ٠

دووەم : بەلای دڵەوە قیزەون نی یە وەکو ئەو خواردنەوانەی کە دایکە سك پڕەکان بەکاریدەهێنن بۆ نموونە ، ئەمە زیانی لە سوودو کەڵکی زۆرترە ، ئەقڵیش بڕیاری حەرامبوونی دەدات و ، لێرەدا ئەقڵ و فیترەتی مرۆڤ جووتی شەرع دەبن ٠

لێرەدا نهێنیەکی ووردو ناسك بەدیدەکرێت سەبارەت بەوەی کە حرامکراوەکان بۆ چارەسەر بەکار ناهێنرێت ، مەرجی شیفا وەرگرتن لە هەر دەرمانێك ئەوەیە بە ئەوپەڕی قبوڵبوونەوە وەربگیرێت ، باوەر هەبێت بە سوودو کەڵکی و ، خوای تعالی پیرۆزی شیفای

پێدلوه ، چونکه شتی بەسوود پیرۆزی تێدایەو ، بە سوودترین شتیش پیرۆزترینیانە ، بۆیە دەگوترێت پیاوی پیرۆز لە هەر کوێ بێت ئەو پیاوەیە کە لە هەر شوێنێك دابەزی سوودی لێ ببینرێت ، زانراویشە ئەگەر موسڵمان باوەڕی بە حەرامێتی شتێك هەبوو ئەوا ئەو باوەڕەی دەبێ بە ڕێگرێك لە نێوان خودی خۆی و لە نێوان پیرۆزی و سوودی شتەکە ، وە لە نێوان چاکێتی گومان پێبردن و ، وەرگرتنی ئەو شتە بە ئەوپەڕی قبوڵبوونەوە ، بەڵکو هەرچەند بەندە باوەڕی بەهێزتر بێ ، ئەمەندەی تر حەزی پێ نابێت و بیروباوەڕی بەرامبەر بەو شتە خراپ دەبێ و ، خووشی ئەمەندەی تر ئەو شتەی بەلاوە قیزەون دەبێ ، بۆیە ئەگەر لەم بارەدا بەکاری بێنێت دەبێ بە نەخۆشی نەك دەرمان ، مەگەر مرۆڤ باوەڕی پیسێتی بەرامبەر بەو شتە نەمێنێت و ، خراپی گومان بردنی بگۆڕێت بۆ خۆشەویستی ، ئەمەش دژیە ئیمانە ، چونکە خودی شتەکە حەرام و قیزەونە ، بۆیە مرۆڤی باوەڕدار بەردەوام لە ڕووی نەخۆشیەوە تەماشای دەکات · والله أعلم ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی ئەو ئەسپێیەی لە سەردا پەیدا دەبێ و لابردنی :

فِي " الصَّحِيحَيْنِ " عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ ، قَالَ : كَانَ بِي أَذًى مِنْ رَأْسِي ، فَحُمِلْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَالْقَمْلُ يَتَنَاثَرُ عَلَى وَجْهِي ، فَقَالَ : ((مَا كُنْت أُرَى الْجَهْدَ قَدْ بَلَغَ بِكَ مَا أَرَى)) ، وَفِي رِوَايَةٍ : فَأَمَرَهُ أَنْ يَحْلِقَ رَأْسَهُ ، وَأَنْ يُطْعِمَ فَرَقًا بَيْنَ سِتَّةٍ ، أَوْ يُهْدِيَ شَاةً ، أَوْ يَصُومَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ(٢٠٦) .

واتە : لە (كَعْبِ)ی کوڕی (عُجْرَة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : ئازارێك لە سەرمدا بوو ، هەڵگیرام بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەسپێش هەڵدەوەریە دەم و

٢٠٦ _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ٢٤٢ ، ٢٤٣) ، والبخاري (٣ / ١٣) ، (٦ / ٣٣) ، ومسلم (٤ / ٢١ ، ٢٢) ، وابن ماجة (٣٠٧٩) ، والترمذي (٢٩٧٣) ، كلهم عن طريق عبدالله بن معقل فذكره عن كعب بن عُجرة ·

چاومدا ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((وای بۆ نەدەچووم شەکت و ماندوویوونت بکات بەم ئاستەی کە دەیبینم)) ، لە (ریوایە)تێکی دیکەشدا : فەرمانیدایە سەری بتاشێ و ، سێ (صاع)ی دانەوێڵە بکات خۆراکی شەش کەس ، یاخود مەڕێك ببەخشێت ، یاخود سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت .

ئەسپێ لە سەرو جەستەدا بەهۆی دوو شتەوە پەیدا دەبێ : دەرەوەی جەستەو ناوەوەی جەستە ، بەڵام ئەوەی لە دەرەوەی جەستەدا پەیدا دەبێ هۆکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پیسی و پۆخڵێەی لە سەر جەستە کۆدەبێتەوە ، دووەمیش : بەهۆی خەڵتەیەکی پیسی بۆگەنەوە کە سروشتی مرۆڤ پاڵی پێوە دەنێت بۆ نێوان پیست و گۆشت و ، پاشان لە کونیلەکانەوە دەردەچێت ، لە ڕووی پێستیشدا بە شێوەیەکی زیاتر بەهۆی شێی خوێنەوە بۆگەن دەبێ ، ئەمەش ئەسپێ دروست دەکات ، ئەم دیاردەیە بەزۆری پاش نەخۆشی زۆر دەبێ و ، بەهۆی پیسیشەوە ، لە سەری منداڵاندا بە شێوەیەکی فراوانتر دەبینرێ چونکە زۆرتر ئەو هۆکارانە بەکاردەهێنن کە ئەسپێ دروست دەکەن ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ سەری منداڵەکانی (جعفر)ی تاشی .

گەورەترین چارەسەریشی سەرتاشینە ، بۆ ئەوەی کونیلەی شێکان بکرێنەوەو ، شێ پیسەکان بچنە دەرەوەو ، بەوەش مادەی خەڵتەکە لاواز دەبێ ، پاشانیش پێویستە هەموو سەر لەو دەرمانانە بگیرێت کە ئەسپێ دەکوژن و ، دروستبوونی قەدەغە دەکەن .

سەرتاشینیش سێ جۆرە :

یەکەمیان : بۆ خواپەرستی و هۆکارێکی نزیکبوونەوە لە خوای پەروەردگار .

دووەم : بیدعەو هاوەڵ پەیداکردن .

سێ یەم : پێویستی و دەرمان .

کەواتە یەکەم : سەرتاشینە لە کاتی یەکێك لە خواپەرستیەکانی حەج یاخود عەمرەدا.

دووەم : سەرتاشین بۆ کەسانێکی تری جگە لە خوای پەروەردگار ٠ وەکو سەرتاشینی موریدەکان بۆ شێخەکانیان ، بۆیە کەسانێکیان دەڵێن : من سەرم تاشیوە بۆ فلان کەس و ، تۆش تاشیوتە بۆ فلان کەس ، ئەمە لە پلەی ئەوەدایە کە بڵێت : سوژدەم بۆ فلان کەس برد ، چونکە سەرتاشین ملکەچی و بەندایەتی و زەبوونی دەنوێنێ ، بۆیە لە تەواوکاریەکانی حەجە ، تا ئەو ئاستەی بەلای ئیمامی (الشافعي)وە پایەیەکە لە پایەکانی حەج کە تەواو نابێت تەنها بەو نەبێ ٠ مرۆڤ کە پێشەسەری لە پێش دەستی خواکەیدا دادەنێ ، وەکو ملکەچیەك بۆ گەورەیی و ، زەبوونیەك بۆ شکۆمەندی ، لە بەرزترین جۆرەکانی پەرستنە ، بۆیە ئەگەر عەرەبەکان ویستی زەبوونکردنی دیل و بەردانیان هەبوایە ، سەریان دەتاشی و بەریان دەدا ، پاشان شێخەکانی گومڕایی و پێش برکێ کارانی پەروەردگارێتی ئەوانەی بنچینەی شێخێتیان لە سەر بیدعەو هاوەڵ پەیداکردنە ، هاتن و ویستیان موریدەکانیان پەرستنیان بۆ بکەن و ، بۆیان ڕازاندنەوە کە سەرتاشینیان بۆ بکەن ، وەکو چۆن بۆیان ڕازاندنەوە سژودیان بۆ بەرن ، بەڵام بەناوێکی ترەوە ناویان دەهێناو ، دەیانگووت : تەنها سەر دانانێکە لە پێش دەستی شێخدا ، سوێند بەخوا سوژدەبردنیش بۆ پەروەردگار هەر تەنها بریتیە لە سەردانان لە پێش دەستیدا ، پاشان ئەو شێخانە بۆیان ڕازاندنەوە کە نەزریان بۆ بکەن و ، تەوبەو پەشیمانیان بۆ دەربڕن و ، بەناوی ئەوانەوە سوێند بخۆن ، هەموو ئەمانەش خودی بە پەرستراوکردن و خودی کردنیانە بە خواوەند بەدەر لە خوای پەروەردگار ، خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَادًا لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ ٠ وَلا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُمْ بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾[آل عمران : ٧٩ _ ٨٠] واتە : ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ ﴾ نابێ بۆ هیچ ئادەمی یەك ﴿ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ﴾ کە خوا نامەو شەرعەت و پێغەمبەرێتی دابێتێ ﴿ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ ﴾ پاشان بە خەڵکی بڵێت ﴿ كُونُوا عِبَادًا لِي ﴾ ببن بە بەندەی من ﴿ مِنْ دُونِ اللَّهِ ﴾ لە جیاتی خوا ﴿ وَلَكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ ﴾ بەڵکو (پێیان دەڵێت) خواپەرست بن ﴿ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ

الْكِتَابَ ﴾ چونكه ئێوه دەرسی نامەی ئاسمانی دەڵێنەوە ﴿ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ ﴾ وه ئێوه خۆشتان دەیخوێنن . ﴿ وَلا يَأْمُرَكُمْ أَنْ ﴾ وه خوا فەرمانتان پیٚ نادات ﴿ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ ﴾ كه فریشتەو پێغەمبەران بكەن ﴿ أَرْبَابًا ﴾ به پەرستراوی خۆتان ﴿ أَيَأْمُرُكُمْ بِالْكُفْرِ ﴾ چۆن فەرمانتان پیٚ دەدات بیٚ بڕوابن (كافرین) ﴿ بَعْدَ إِذْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾ دوای ئەوەی كه ئێوه بڕواداربوون ؟![٢٠٧].

پایەبەرزترین بەندایەتی دەربڕینیش بەندایەتی دەربڕینی نوێژە ، كه شێخ و وێچوان و زۆرداران له نێوان خۆیاندا هەستاون به دابەشكردنی ، شێخەكان پایەبەرزترین شتی نوێژیان بردووه كه سژودە ، كەسانی وێچوانیش به زانایان ركوعیان بردووەو ، هەركات یەكتریان چاوپێكەوت ركوع بۆ یەكتر دەبن ، وەكو چۆن ركوع بۆ خوای تعالی دەبەن ، زۆردارانیش هەستانی نوێژیان بردووه ، بۆیه ئازادان و كۆیلەكان بەسەریانەوه دەوەستن وەكو بەندایەتی دەربڕینێك و ئەوانیش دانیشتوون ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەووردی قەدغەی ئەو سیٚ ڕەفتارەی سەرەوەی كردووه ، بۆیه بەكارهێنانی سەرپێچیەكی ئاشكرای پێغەمبەری ڕەحمەت و بەزەیه ، قەدەغەی كردووه سژود بۆ جگه لەخوای پەروەردگار ببرێت و فەرموویەتی : ((لا ينبغي لأحد أن يسجُدَ لأحدٍ))[٢٠٨] واته پێویسته هیچ كەس سژوود بۆ كەسێكی تر نەبات . نكۆڵیشی له هاوەڵی بەڕێز (مُعاذ) كرد كاتیٚ سژوودی بۆ بردو فەرمووی : (مَهْ)[٢٠٩] واته : دەست بكێشەرەوەو واز لەو كرداره بێنه . حەرامبوونی ئەمەش له ئاینەكەیدا زۆر بەدڵنیایی زانراوه ، ئەو كەسانەش بۆ كەسانی تری جگه له خوای تعالای به شیاو دادەنێن ، له ڕاستیدا دەیانەوەی پێش بركێی خواو پێغەمبەرەكەی پێبكەن ، چونكه سژوودبردن پایەدارترین پلەكانی بەندایەتی نوانده ، بۆیه ئەگەر ئەم كەسه هاوەڵ پەداكاره سژوودبردن بۆ مرۆڤ به

٢٠٧ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٢٠٨ ــ إسناده صحيح : صححه الألباني في الإرواء (١٩٩٨) .

٢٠٩ ــ حسن صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ٢٢٧) عن أبي ظبيان عن معاذ بن جبل فذكره ، وأخرجه أحمد (٥ / ٢٢٨) عن أبي ظبيان يحدث عن رجل من الأنصار عن معاذ بن جبل فذكره نحوه .

شياو دابنيّت ، ئەوا بەندايەتى نواندنى بۆ جگە لە خواى پەروەردگارى بە شياو داناوە ، وقد صَحَّ أنه قيل له : الرَّجلُ يَلقَى أخاه أيَنْحَني له ؟ قال : لا · قيل : أيَلتَزِمُه ويُقَبِّلُهُ ؟ قال : لا · قيل : أيُصافِحَه ؟ قال : نعم[٢١٠] واته : به (صحيح)ى له پێغەمبەرى خواوە ﷺ (ريوايه)ت كراوە كەوا پرسيارى لێكرا : پياو چاوى بە براكەى دەكەوێت ئايا بۆى بچەمێتەوە ؟ فەرمووى : نەخێر · گووترا : لە ئامێزى بگرێت و ماچى بكات ؟ فەرمووى : نەخێر · گووترا : ئايا تەوقەى لـــە گەڵ بكات ؟ فەرمووى : بەڵێ ·

هەروەها · چەمانەوە لە كاتى سڵاوكردندا سڕوودو كڕنووشـە ، خـواى تعـالى فەرموويـەتى : ﴿ وادْخُلُوا البابَ سُجَّدا ﴾[البقرة : ٥٨] واتە : وە لە دەرگـاوە بچـنە ژوورەوە بـە ملكەچـى (بـە كرنووشـەوە)(٢١١)، ئـەگينا لـە توانـادا نـى يـە بچـينە ژوورەوە بـۆ لاى بـاج وەرگـران ، هەروەها بە (صحيح)ى لـە پێغەمبـەرى خـواوە ﷺ هـاتووە كـەوا قەدەغـەى كـردووە ئەگـەر كەسێك هاتە ژوورەوە دانيشتوان هەستن ، بە هاوشێوەى ئەو بەگەورە دانانـەى كـە خـەڵكانى عەجەم بەرامبەر بە يەكتر دەرى دەبڕن ، تا گەشتە ئەو ئاستەى لە نوێژيشدا قەدەغـەى كـردن و ، فەرمانى پێكردن ئەگەر بە دانيشتنەوە نوێژى كرد ئـەوانيش بـە دانيشـتنەوە نوێـژ بكـەن ، ئەمە لە كاتێكدايە كە تەندروستن و هيچ بەهانەيەكيان نى يە ، بـۆ ئـەوەى بـە سـەر سـەريەوە نەوەسـتن و ئـەو دانيشـتبێت ، هەرچـەند هەستانەكەشـيان بـۆ خوايـە ، ئـەى هەسـتانى بـە گەورەدانان و بەندايەتى بۆ كەسانى ترى جگە لە خواى پەروەردگار دەبێ چۆن بێ ؟

مەبەستيش ئەوەيە : كە نەفسە نەفامە گومڕاكان بەندايەتى كردنيان بۆ خواى پـەروەردگار لابردوو و ، ئەو بەديهێنراوە هاوەڵانـەيان لـە گەڵدا دانـاون كـە بـە گـەورەيان دادەنـێن ، بۆيـە سڕوديان بۆ غەيرى خواى تعالى بردو ، ڕكوعيـان بـۆ بـردو ، وەسـتان لـە پـێش دەسـتيدا بـە

---

٢١٠ ـ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٢٧٢٩) ، وأحمد (٣ / ١٩٨) ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي (٢١٩٥) ·

٢١١ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان ·

هاوشێوەی وەستانیان لە نوێژدا ، سوێندیان پێ خواردن و ، نەزریان بۆ کردن و ، سەریان بۆ تاشین و ، سەربڕینیان بۆ کردن و ، بە دەوری شتگەلێکی تری جگە لە ماڵەکەی خوادا سووڕانەوەو ، بە گەورەیان دانان و خۆشەویستن و ، ترس و ، پاڕانەوەو ، ملکەچیان بۆ نواندن، وەکو چۆن پەروەردگار بە گەورە دەگیرێت ، بەڵکو زیاتریش ، بەدیهێنراوە پەرستراوەکانیان لە گەڵ خوای تعالادا یەکسان کرد ، ئەمانەن کە دژ بە بانگەوازی پێغەمبەرانن ، ئەمانەن کە هاوتا بۆ خوا دادەنێن و ، لە ئاگریشدا لە گەڵ خواوەندەکانیاندا مشتومڕ دەکەن ﴿ تَاللهِ إن كُنَا لَفي ضَلالٍ مُبينٍ إذ نُسَوِّكُم بِرَبِّ العَالَمين ﴾ [الشعراء : ٩٨] ﴿ تَاللهِ إن كُنَا لَفي ضَلالٍ مُبينٍ ﴾ سوێند بەخوا ئێمە لە گومڕایەکی ئاشکەرادا بووین ﴿ إذ نُسَوِّكُم بِرَبِّ العَالَمين ﴾ کاتێك ئێوەمان دەبردە ڕیزی پەروەردگاری جیهانیانەوە[٢١٢] ، ئەمانەن کە خوای تعالی دەربارەیان دەفەرمێت ﴿ ومِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ الله أنـدَاداً يُحِبُّونهمْ كَحُبِ اللهِ ، والذينَ آمنوا أشَدُّ حُبّاً للهِ ﴾ [البقرة : ١٦٥] واتە : ﴿ ومِنَ النَّاسِ مَن ﴾ وە کەسانی واهەیە لە خەڵکی ﴿ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ الله أنـدَاداً ﴾ کە هاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن ﴿ يُحِبُّونهمْ ﴾ خۆشیان دەوێن ﴿ كَحُبِ اللهِ ﴾ وەك خۆشەویستی (ئیمانداران بۆ) خوا ﴿ والذينَ آمنوا أشَدُّ حُبّاً للهِ ﴾ بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێ[٢١٣] ، هەموو ئەمانە شیرك و هاوەڵ پەیداکردنن و ، خوای پەروەردگاریش لەو کەسانە خۆش نابێت کە هاوەڵی بۆ پەیدا دەکەن ، ئەم باسەمان توێژینەوەیەك بوو لە میانەی باسی ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە سەرتاشین ، پێدەچێ لەوەش گرنگتربێ کە مەبەستی سەرەکی باسەکەمان بوو . والله أعلم.

٢١٢ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٢١٣ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

بەشی دووەم

چەند بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردندا بە دەرمانە ڕوحیە خواوەندیە تاكەكان و ، ئاوێتەیەك لەو و ، لە دەرمانە سروشتیەكان :

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردنی چاو لێدراودا :

رَوَى مُسْلِمٌ فِي " صَحِيحِه " عَنْ ابْنِ عَبّاسٍ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ ((الْعَيْنُ حَقّ وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ ، لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ))[٢١٤].

واتە : لە (ابن عباس)ەوە _ خوا لە خۆی وباوكیشی ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((چاو پیسی ڕاستە ئەگەر شتێكیش هەبوایە پێشی چارەنووس بكەوتایە ، چاوی پێش دەكەوت)) .

وَفِي " صَحِيحِهِ " أَيْضًا عَنْ أَنَسٍ ، أَنّ النّبِيّ ﷺ رَخّصَ فِي الرّقْيَةِ مِنْ الْحُمَةِ ، وَالْعَيْنِ وَالنّمْلَةِ[٢١٥].

٢١٤ _ صحيح : أخرجه مسلم (٢١٨٨) .

٢١٥ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ١١٨ ، ١١٩ ، ١٢٧) ، ومسلم (٧ / ١٨) ، وابن ماجة (٣٥١٦) ، والترمذي (٢٠٥٦) ، كلهم عن عاصم بن سليمان الأحول عن يوسف بن عبدالله عن أنس فذكره ، إلا أن الترمذي قال : عن عاصم عن عبدالله بن الحارس عن أنس فذكره

واته : له (أنس)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموويەتی : پیّغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی داوه نوشته بكریّت له چاو پیسی و گەستنی گیانداری ژەهراوی و برینی پیّست ٠

وَفِي " الصَّحِيحَيْنِ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ، ((الْعَيْنُ حَقّ))(٢١٦).

واته : له (أبي هُريرة)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموويەتی : پیّغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((چاوپیسی ڕاسته)) ٠

وَفِي سُنَنِ أَبِي دَاوُدَ " عَنْ عَائِشَةَ _ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا _ قَالَتْ : كَانَ يُؤْمَرُ الْعَائِنُ فَيَتَوَضَّأُ ، ثُمّ يَغْتَسِلُ مِنْهُ الْمَعِينُ(٢١٧) .

واته : له (عائشة)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموويەتی : فەرمان به چاوپیس دەكرا دەستنوێژی دەشت و ، ئینجا بەو ئاوه كەسی بەچاوەوەبوو خۆی دەشت ٠

في الصَّحِيحَيْنِ " عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ : أَمَرَنِي النَّبِيّ ﷺ أَوْ أَمَرَ أَنْ نَسْتَرْقِيَ مِنْ الْعَيْنِ(٢١٨) .

واته : له (عائشة)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموويەتی : پیّغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پیّكردم یا فەرمانیدا نوشته بكەین له چاوی پیس ٠

وَذَكَرَ التِّرْمِذِيّ مِنْ حَدِيث سُفْيَانَ بْنِ عُيَيْنَةَ ، عَنْ عَمْرِو بْنِ دِينَارٍ ، عَنْ عُرْوَةَ بْنِ عَامِرٍ ، عَنْ عُبَيْدِ بْنِ رِفَاعَةَ الزّرَقِيّ ، أَنّ أَسْمَاءَ بِنْتَ عُمَيْسٍ قَالَتْ ، يَا رَسُولَ اللّهِ إِنّ بَنِي جَعْفَرٍ تُصِيبُهُمْ

---

٢١٦ _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٣١٩) ، البخاري (٧ / ١٧١ ، ٢١٤) ، ومسلم (٧ / ١٣) ، وأبوداود (٣٨٧٩) كلهم من طريق عبدالرزاق بن همام ، قال : حدثنا معمر ، عن همام بم منبه ، فذكره عن أبي هريرة مرفوعاً ٠

٢١٧ _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٣٨٨٠) عن الأسود عن عائشة فذكرته ٠

٢١٨ _ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٦٣ ، ١٣٨) ، البخاري (٧ / ١٧١) ، ومسلم (٧ / ١٧) ، وابن ماجة (٣٥١٢) كلهم عن معبد بن خالد عن عبدالله بن شداد فذكره عن عائشة ٠

الْعَيْنُ ، أَفَأَسْتَرْقِي لَهُمْ ؟ فَقَالَ : ((نَعَمْ فَلَوْ كَانَ شَيْءٌ يَسْبِقُ الْقَضَاءَ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ))[219] قَالَ التِّرْمِذِيّ : حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ .

واته : (أسماء)ى كچى (عُمَيْس) خواى لىَ ڕازى بێت _ فەرمووى : ئەى پێغەمبەرى خوا كوڕەكانى (جعفر) دەبن بە چاوى پیسەوە ، نوشتەیان بۆ بكەم ؟ فەرمووى : ((بەڵێ ئەگەر شتێك پێشى چارەنووس بكەوتایە چاو پێشى دەكەوت)) .

وَرَوَى مَالِكٌ رَحِمَهُ اللَّهُ ، عَنْ ابْنِ شِهَابٍ ، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ بْنِ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ ، قَالَ : رَأَى عَامِرُ بْنُ رَبِيعَةَ سَهْلَ بْنَ حُنَيْفٍ يَغْتَسِلُ ، فَقَالَ : وَاللَّهِ مَا رَأَيْتُ كَالْيَوْمِ وَلَا جِلْدَ مُخَبَّأَةٍ ، قَالَ : فَلُبِطَ سَهْلٌ ، فَأَتَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَامِرًا ، فَتَغَيَّظَ عَلَيْهِ ، وَقَالَ : ((عَلَامَ يَقْتُلُ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ ؟ أَلَا بَرَّكْتَ ؟ اغْتَسِلْ لَهُ)) فَغَسَلَ لَهُ عَامِرٌ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ وَمِرْفَقَيْهِ وَرُكْبَتَيْهِ ، وَأَطْرَافَ رِجْلَيْهِ ، وَدَاخِلَةَ إِزَارِهِ فِي قَدَحٍ ، ثُمَّ صَبَّ عَلَيْهِ ، فَرَاحَ مَعَ النَّاسِ.
وَرَوَى مَالِكٌ رَحِمَهُ اللَّهُ أَيْضًا عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ أَبِي أُمَامَةَ بْنِ سَهْلٍ ، عَنْ أَبِيهِ ، هَذَا الْحَدِيثَ ، وَقَالَ فِيهِ : إِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ ، تَوَضَّأْ لَهُ ، فَتَوَضَّأَ لَهُ[220]

واته : ئیمامى (مالك) _ بەڕەحمەتى خوا بێت _ ، لە (ابن شهاب)ەوە ، لە (أبي أمامة)ى كوڕى (سَهل)ى كوڕى (حُنَيف)ەوە دەگێڕێتەوە ، فەرموویەتى : (عامر)ى كوڕى (ربيعة) تەماشاى كرد (سَهْل)ى كوڕى (حُنَيف) خۆى دەشوا ، ئەوەبوو گوتى : سوێند بەخوا نە وەكو ئەمڕۆم بینیوەو نە كچى شونەكردووى نێو پەردەش ئاوەهایە ، (أبي أمامة) دەڵێت : (سَهل) تێكچوو داى بەزەویدا ، پێغەمبەرى خوا ﷺ تەشریفى هێنایە لاى (عامر)و

219 _ صحيح : أخرجه الترمذي (٢٠٥٩) ، من طريق عبدالرزاق قال : أخبرنا معمر ، عن أيوب ، عن عمرو بن دينار عن عروة بن عامر ، عن عبيد بن رفاعة فذكر الحديث عن أسماء . وطريق سفيان المذكور أخرجه الحميدي (٣٣٠) وأحمد في مسنده (٦ /٤٣٨) ، وابن ماجة في سننه (٣٥١٠) ، والترمذي (٢٠٥٩) .

220 _ إسناده صحيح : أخرجه مالك في الموطأ (٢ / ٩٣٨) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٠٢٠) .

، زۆر لێی تووڕەبوو ، ئینجا فـەرمووی : ((بۆ کەسێکتان براکەی دەکوژێت ؟ بۆ نزای فـڕو بەرەکـەتت بۆ نـەکرد ؟ خـۆتی بـۆ بشـۆ ، ئـەوەبوو (عـامر) دەم و چـاوی و دەسـتەکانی و مەچەکی و ئەژنۆکانی و ، سەرەوەی پەنجەکانی پێـی و ، کـەنارو لێـواری (الإزار) ەکـەی[٢٢١] لە ناوەوە لە پەرداخێکدا شت و ، پاشان ڕشێنرا بـە سـەر (سَهل)دا ، ئـەوەبوو هەسـتاو لـە گەڵ خەڵکەکەدا ڕۆشت ٠

هەروەها ئیمامی (مالك) ئەم فـەرموودەیە لـە (محمـد)ی کـوڕی (أبـي أمامـة)ی (سَهل)ەوە کە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو تیایدا دەڵێت : چاوپیسـی ڕاسـتە ، دەسـتنوێژی بـۆ بشـۆ ، ئەوەبوو دەستنوێژی بۆ شت٠

وَذَكَرَ عَبْدُ الرَّزَّاقِ ، عَنْ مَعْمَرٍ ، عَنْ ابْنِ طَاوُوسٍ ، عَـنْ أَبِيـهِ مَرْفُوعًـا ، الْعَيْنُ حَـقّ ، وَلَـوْ كَـانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ ، لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ ، وَإِذَا اسْتُغْسِلَ أَحَدُكُمْ ، فَلْيَغْتَسِلْ ٠ ووصله صحيح[٢٢٢] .

واتە : (عبدالرزاق) ، لە (مَعْمَر)ەوە ، لە (طـاووس)ەوە ، لـە باوکیـەوە بـە (مرفـوع)ی دەگێڕێتـەوەو دەفـەرمێت : چاوپیسـی ڕاسـتە ، ئەگـەر شـتێکیش پـێش چـارەنووس بکەوتایە ، چاوی پێش دەکـەوت ، ئەگـەر خـەڵکتان بـە چـاوەوە کـردو داوای خۆشـتنتان لێکرا خۆتان بشۆن.

پێشەوا (الزُّهري) فەرموویـەتی : چـاوپیس فـەرمانی پـێ دەکرێـت قاپێـك ئـاو بێنێـت و ، ئینجا دەستەکانی دەکاتە نێو قاپەکەوەو ، ئاوەکـە لـە زاری وەردەدات و دەریدەهێنێتـە نێـو قاپەکەوەو ، پاشان بەدەستی چەپی ئاو لە قاپەکە هەڵدەگرێت و ، دەیڕژێنێ بەسـەر ئـەژنۆی ڕاستیداو ئاوەکەی دەکاتەوە نێو قاپەکـەو ، ئینجـا کـەنارو لێـواری (الإزار)ەکـەی لـە نـاوەوە

---

٢٢١ ــ الإزار : دەرپێ ، پۆشاکێکە نیوەی خوارەوەی لەشی مرۆڤ پێ دادەپۆشرێت ٠ وەرگێڕ٠

٢٢٢ ــ إسناده صحيح : صححه الألباني في السلسلة الصحيحة (١٢٥١) ٠

دەشوات و ، قاپەکە ناخاتە سەر زەوی ، پاشان لە پشتەوە بە یەك جار دەڕشێنرێت بەسەر کەسی بە چاوەوە بوودا ، بەفەرمانی خوا سەرفەراز دەبێ ۰

بەچاووەبونیش دوو بەچاوەوە بوونە : بەچاوەوەبونێکی مرۆڤی و ، بە چاوەوەبونێکی جنۆکەی ۰ فَقَدْ صَحّ عَنْ أُمّ سَلَمَةَ ، أَنّ النّبِيّ ﷺ رَأَى فِي بَيْتِهَا جَارِيَةً فِي وَجْهِهَا سَفْعَةٌ ، فَقَالَ: اسْتَرْقُوا لَهَا ، فَإِنّ بِهَا النّظْرَةَ[٢٢٣] .

واتە : لە (أُمّ سلمة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەگێڕنەوە کەوا : پێغەمبەری خوا ﷺ کەنیزەکێکی لە ماڵەکەیدا بینی دەم و چاوی زەردهەڵگەڕابوو ، ئەوەبوو فەرمووی : نوشتەی بە سەردا بخوێنن ، جنۆکە تێی ڕوانیوە ۰

(الحسین)ی کوڕی (مسعود الفرّاء) دەڵێت : کە فەرموویەتی (سَفْعَة) واتە : تێڕوانین ، مەبەستی لە جنۆکەوە بووە ، دەگوترێت : لە تێڕوانینی جنۆکەوە تووشی بە چاوەوە بونێك بووە کە لە تێپەڕبوونی نوکە ڕم تیژترە ۰

وَيُذْكَرُ عَنْ جَابِرٍ يَرْفَعُهُ : ((إنّ الْعَيْنَ لَتُدْخِلُ الرّجُلَ الْقَبْرَ ، وَالْجَمَلَ الْقِدْرَ))[٢٢٤] واتە لە (جابر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((دڵنیابن چاوپیسی پیاو دەخاتە نێو گۆڕەوەو ، ووشتریش دەخاتە نێو مەنجەڵەوە)) ۰

وعن أبي سَعِيدٍ _ رضي الله عنه _ أَنّ النّبِيّ ﷺ كَانَ يَتَعَوّذُ مِنْ الْجَانّ ، وَمِنْ عَيْنِ الْإِنْسَانِ[٢٢٥] .

واتە : لە (أبي سعید)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای دەگرت بەخوا لە جنۆکەو ، لە چاوپیسی مرۆڤ ۰

---

٢٢٣ _ متفق علیه : أخرجه البخاري (١٠ / ١٧١ ، ١٧٢) ، ومسلم (٢١٩٧) ۰

٢٢٤ _ إسناده حسن : أخرجه أبونعيم في الحلية (٧ / ٩٠) ، وصححه الألباني في الصحيحة (١٢٤٩) ۰

٢٢٥ _ صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٥١١) ، والترمذي (٢٠٥٨) ، والنسائي (٨ / ٢٧١) عن الجريري عن أبي نضرة عن أبي سعيد فذكره وزاد فيه ۰۰ ((فلما نزلت المعوذتان أخذ بهما وترك ما سوى ذلك)) ۰

كۆمەڵێك كە بەشیان لە گوێگرتن و ئەقڵ پێنەدراوە ، چاوپیسی و بەچاوەوەبون پووچ دەكەنەوەو ، دەڵێن : ئەوانە هەمووی خەیاڵەو لە ڕاستیەوە بەدوورە ، بەڵام ئەمانە نەفامترینی خەڵكن بە بیستن و ئەقڵ ، پەردەكانی سەر چاو و دڵیشیان لە هەمووی ئەستورترە ، لە هەموو كەسیش بەدخووترن ، دورترین كەسیشن بە ناسینی ڕوح و نەفسەكان و ، سیفات و كرداروكاریگەریان ، ئاقڵ و ژیرانی ئومەتان بە جیاوازی ئاین و بیروباوەڕیانەوە ، بواری چاوپیسی و بەچاوەوە بوون ڕەت ناكەونەوەو ، نكۆڵیی لیّ ناكەن ، ئەگەرچی جیاوازن سەبارەت بە هۆكاری لایەنی كاریگەری چاوپیسی ٠

كۆمەڵێك دەڵێن : نەفسی كەسی چاوپیس ئەگەر لە گەڵ چۆنیەتیەكی پیسدا ڕاهات ، لە چاوەكانیەوە هێزێكی ژەهرین دێتە دەرەوەو دەگات بە كەسی بە چاوەوەبوو ، زیانی پێدەگەیەنێت ٠ گوتیان : نكۆڵیی لەمە ناكرێت ، وەكو چۆن ناتوانرێت نكۆڵیی لە هاتنە دەرەوەی هێزێكی ژەهرین لە جۆرە مارێكەوە بكرێت كە دەگات بە مرۆڤ و ، دەیفەوتێنێت ، ئەمەش لە جۆرە مارێكەوە ڕوودەدات كە هەركات تەنها بە چاوەكانی تەماشای مرۆڤ بكات ، یەكسەر ئەو مرۆڤە دەفەوتێت ، كاری چاوپیسیش ئاوەهایە ٠

كۆمەڵێكی تریش دەڵێن : بەدوور دانانرێت لە چاوی هەندێ مرۆڤەوە چەند نەژادو گەوهەرێكی ناسك و ڕوونی نەبینراو(جواهر لطیفة غیر مرئیة) بێتە دەرەوەو ، بگات بە كەسی بە چاوەوەبوو ، بچێتە نێو كونیلەكانی جەستیەوەو ، زیانی پیّ بگەیەنێت ٠

كۆمەڵێكی تریش گوتویانە : خوای تعالی نەریتی وابووە بە پێی ویستی خۆی زیان دروست دەكات ، كەوا هەر بە ڕوو بە ڕووبونەوەی چاوی پیس بە كەسێك زیانی پیّ دەگەیەنێت ، بەبیّ ئەوەی هێزێك یاخود هۆیەك یاخود كاریگەریەك هەبێت ، ئەمە ڕێباوەڕی نكۆڵیكارانی هۆكارو هێزو كاریگەریەكانن لە جیهاندا ، ئەمانە دەرگای هۆكارو كاریگەریان لە خۆیان داخستوەو ، دژبە تێكڕای ئاقڵ و ژیران وەستانەوە ٠

بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی کە نکوڵیی لە بە چاوەبوون دەکەن :

گومانی تێدا نی یە خوای تعالی لە جەستەو ڕوحەکاندا هێزو دیاردەگەلێکی جیاوازی خولقاندووەو ، چەندین خاسیەت و چۆنیەتی جۆراوجۆری بە زۆریان بەخشیوە ، مرۆڤی ئاقڵ و ژیر هەرگیز ناتوانێت نکوڵیی لە کاریگەری ڕوحەکان لە جەستەدا بکات ، چونکە شتێکی بینراوی هەست پێکراوە ، تۆ دەم و چاو دەبینی چۆن سوور سوور دەبێتەوە کاتێ کەسێك تەماشای دەکات کە شەرمی لێبکات ، زەرد زەردیش هەڵدەگەڕێت کاتی تەماشای کەسێك دەکات لێی دەترسێت ، خەڵکانیش کەسانێکیان بینیوە تەنها بە تەماشاکردنیی ، نەخۆش دەکەوێت و هێزی لاواز دەبێ ، هەموو ئەمانە کاریگەری ڕوحەکانە ، بەڵام بەهۆی زۆر پەیوەندبوونی بە چاوەوە ئەو کارە دەدرێتە پاڵ چاو ، بەڵام چاو بکەر نی یە ، بەڵکو کاریگەری ڕوحەکانەو ، ڕوحەکانیش جیاوازن لە دیاردەو سروشت و چۆنیەتی و خاسیەتەکانیاندا ، ڕوحی ئێرەیی بەر (حسود) زیانێکی ئاشکەرا بە کەسی ئێرەیی براوی بەرامبەر دەگەیەنێت ، خوای تعالاش فەرمانی داوە بە پێغەمبەرەکەی پەنا بەخوا بگرێت لە شەڕی کەسی ئێرەیی بەر ، بۆیە کاریگەریەکانی کەسی ئێرەی بەری چاوچنۆك لە کەسی ئێرەیی براوی بەرامبەردا زۆر ئاشکەرایەو هیچ کەس توانای نکوڵیکردنی ئەو کارەی نی یە ، مەگەر کەسێك لە حەقیقەتی مرۆڤایەتی بەدەربێت ، ئەمەش بنەڕەتی بەچاوەوەبونە ، چونکە نەفسی کەسی ئێرەیی بەری چاوچنۆك لە گەڵ چۆنیەتیەکی پیسدا ڕادێت و ، بەرامبەر بە کەسی ئێرەی براو دەبێتەوەو ، بەهۆی ئەو خاسیەتە پیسەوە کاری تێدەکات ، نموونەی ئەمە وەکو نموونەی مارە ، چونکە ژەهرەکە وزەیەکی متی بەهێزە تیایدا ، ئەگەر چاوی بە دوژمنەکەی کەوت ، هێزێکی تورەبونی لێوە دەردەچێت و ، ڕادێت بە چۆنیەتیەکی پیسی زیانبەخش و کاری خۆی دەکات ، پێدەچێ جار بە جار چۆنیەتیەکەی ئەمەندە بەهێز بێت کاریگەری هەبێت لە کەوتنی منداڵی کۆرپەلەی سکی دایکداو ، جار بە جاریش لە کوێرکردنی چاودا کاریگەری دەبێ ، کما قال النبيُّ ﷺ في الأبْتَر ، وذي الطُّفْتَيْن مَنَ الحَيَّات : إنَّهما

يَلتَمِسَان البَصَرَ ، ويُسقطان الحَبَل[٢٢٦] واتـه : پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـەبارەت بـە مـاری کوڵەوەییاب و ، بازگ فەرموویـەتی : ئـەو دوانـە چـاو کـوێر دەکـەن و ، منـداڵ لـە بـاری دایـك دەبەن ٠

هەشیانە : بە تەنها بینین کار لە مرۆڤ دەکات بەبێ هیچ پەیوەندبوونێکی بەو کەسەوە ، بەهۆی زۆر پیسی ئەو نەفسەو ، چۆنیەتیە پیسە کاریگەریەکانی ، کاریگەریش لە سەر پەیوەندبوونی جەستەیی نەوەستاوە ، وەکو ئەوەی کەسانێکی کەم زانست و زانین بە سروشت و شەریعەت وای بۆ دەچن ، بەڵکو کاریگەری جار بە جار بە پەیوەند بوونە ، جار بە جار بە ڕوو بە ڕووبونەوەیە ، جار بە جار بە بینینە ، جار بە جار بە ئاڕاستەبوونەوەی ڕوحە بەرەو لای ئەو کەسەی کاری تێدەکات ، جار بە جار بە نزاو نوشتەو پەناگرتنەکانە ، جار بە جار بە خەیاڵ و ئەندێشەیە ، بۆیە کاری نەفسی چاوپیس بەتەنها لەسەر بینین نەوەستاوە ، بەڵکو پێدەچێ کەسی چاوپیس کوێر بێت ، کە شتی بۆ وەسف کرا ، نەفسە پیسەکەی کاری تێدەکات ، ئەگەرچی نەشی بینیبێت ، زۆرێك لە چاوپیسان کار لە خەڵك دەکەن بە وەسف و بەبێ بینین ، وەکو ئەوەی خوای تعالى بە پێغەمبەرەکەی فەرمووە : ﴿ وَإِنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْر ﴾ [القلم : ٥١] واتە : ﴿ وَإِنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾ بەڕاستی نزیك بوو بێ بڕواکان ﴿ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ ﴾ هەڵت خلیسکێنن بە چاو (ی پیس)یان ﴿ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ ﴾ لە کاتێکدا کە قورئان دەبیستن[٢٢٧] ، ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ (١) مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ (٢) وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (٣) وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ (٤) وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (٥) ﴾ [سورة الفلق] واتە : ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ﴾ ئەی محمد ﷺ بڵێ : پەنا دەگرم بە دروستکاری بوونەوەر (بەرەبەیان) ﴿ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ ﴾ لە زیانی ئەوەی کە

٢٢٦ ـ صحيح : أخرجه الحميدي (٦٢٠) ، وأحمد (٢ / ٩ ، ١٢١) (٣ / ٤٥٢) ، والبخاري (٤ / ١٥٤) ، ومسلم (٧ / ٣٨) ، وأبوداود (٥٢٥٢) ، وابن ماجة (٣٥٣٥) ، والترمذي (١٤٨٣) كلهم عن ابن شهاب الزهري عن سالم عن ابن عمر فذكره مرفوعاً ٠

٢٢٧ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

دروستى كردووه ﴿ وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴾ وه له زيانى تاريكى كاتێك كه دابێ ﴿ وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ﴾ وه له زيانى فووكه‌ران (جادووكه‌ران) به گرێ ياندا ﴿ وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ وه له زيانى به‌خيل و حه‌سود كاتێك كه حه‌سودى ببات[٢٢٨] بۆيه لێره‌دا ئاشكه‌را ده‌بێت كه هه‌موو كه‌سێكى چاوپيس ئێره‌ى به‌رێكى چاوچنۆكه‌و ، هه‌موو ئێره‌ى به‌رێكى چاوچنۆكيش چاوپيس نى يه ٠

به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ى كه‌سانى ئێره‌ى به‌رى چاوچنۆك گشتيترن به به‌راوردى كه‌سى چاوپيس ، بۆيه په‌ناگرتن له كه‌سى ئێره‌ى به‌ر په‌ناگرتنه له چاوپيس ، به گشتى كاره‌كه‌شيان تيرگه‌لێكه له نه‌فسى كه‌سى ئێره‌ى به‌رى چاوچنۆكه‌وه به‌ره‌و لاى كه‌سى ئێره‌ى براو و به چاوه‌وه بوو ده‌چێت ، جار به جار ده‌يانپێكێت و جار به جاريش به هه‌ڵه‌دا ده‌چێت ، بۆيه ئه‌گه‌ر رێكه‌وتى كه‌سێك بۆوه كه هيچ پارێزه‌رێكى به سه‌ره‌وه نه‌بێت و ئاشكه‌را بێت ، كارى تێ ده‌كات ، به دڵنيايى ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر له بارى ئاگاداربوون و ئاماده‌بوون بۆ جه‌نگدا رێكه‌وتى كردو ته‌ماشاى كرد هيچ رێره‌وێك نى يه بۆ تێپه‌ربوونى تيره‌كانى ، كارى تێ ناكات و ، پێده‌چێ تيره‌كانيشى بۆ بگه‌رێنێته‌وه ، ئه‌مه‌ش وه‌كو تيرهاوێشتنى هه‌ستى (الحسّي) وايه ، چونكه ئه‌مه له لايه‌ن نه‌فس و روحه‌كانه‌وه‌يه‌و ، تيرهاويشتنى هه‌ستيش له لايه‌ن جه‌سته‌و خێوه‌كانه‌وه‌يه ٠ بنه‌ره‌تيشى بريتيه له به‌دڵبوون و سه‌رسامبوونى چاوپيس به شته‌كه ، پاشان نه‌فسه پيسه‌كه‌ى شوێنى ده‌كه‌وێ و ، ئينجا به تێروانينێك بۆ كه‌سى ئێره‌ى براوى به‌رامبه‌ر ژه‌هره‌كه‌ى جێبه‌جێ ده‌كات ، ره‌نگه پياو خودى خۆشى به چاوه‌وه بكات ، له‌وانه‌يه كه‌سى چاوپيس به‌بێ ويستى خۆى ، به‌ڵكو به سروشت و خۆرسكى خه‌ڵك به چاوه‌وه بكات ، ئه‌مه‌ش خراپترين جۆرى مرۆڤايه‌تيه ، هاوه‌ڵانمان _ (ابن القيم) _ له زانايان و جگه له‌وانيش فه‌رموويانه : ئه‌و كه‌سه‌ى به‌وه ناسراو بێت ، پێشه‌وا ده‌ستبه‌سه‌رى ده‌كات و ، بژێوى بۆ ده‌رێته‌وه تاوه‌كو مردن ، راستيش ئه‌مه‌يه به‌دڵنيايى ٠

---

٢٢٨ _ مه‌لا محمد مه‌لا صالح ، پوخته‌ى ته‌فسيرى قورئان ٠

بەشێك : سەبارەت بە چارەسەركردنی كەسی بە چاوەوەبوو بە نوشتەو پەناگرتنەكان

مەبەستیش : چارەسەری پێغەمبەرایەتیە بۆ ئەم نەخۆشیە ، ئەوەش چەند جۆرێكە ، وقد روى أبوداود في سننه عن سهل بن حُنيفٍ ، قال : مررْنا بِسَيْلٍ ، فدخلتُ ، فاغتسلتُ فيه ، فخرجتُ محموماً ، فنُمِيَ ذلك إلى رسول الله ﷺ ، فقال : ((مُرُوا أبا ثابتٍ يَتَعَوَّذ))ُ · قال : فقلتُ : يا سيدي والرُّقى صالحة ؟ فقال : ((لا رُقيةَ إلا في نَفْسٍ ، أو حُمَةٍ ، أو لَدْغَةٍ))[٢٢٩] .

واتە : لە (سَهل)ی كوڕی (حُنيفٍ)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : بەلای سێلاوێكدا تێپەڕبووین ، منیش چومە نێوی و ، خۆم شت ، كە هاتمە دەرەوە (تا) گرتبومی ، هەواڵم گەینرایە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوەبوو فەرمووی : ((فەرمان بدەن با (أبا ثابت) نووشتە بكات)) (سَهل) فەرمووی : گەورەم ئایا نووشتە چاكە ؟ ئەویش فەرمووی : ((لەوە چاكتر نابێت كە نوشتە بۆ چاوپیسی و ، (تا)و ، پێوەدانی جانەوەرە ژەهردارەكان بكرێت)) ·

ووشەی (النفس)ی نێو فەرموودەكە ، واتە : چاو ، دەگوترێت : (أصابت فلاناً نفسٌ) واتە : فلاَن كەس بە چاوەوە بوو · (النافِس) واتە : چاوپیس · ووشەی (اللّدغة)ی نێو فەرموودەكە واتە : پێوەدانی دوپشك و بەو هاوشێوانە · لەو پەناگرتن و نووشتانەی لە توانادایە ئەنجام بدرێت : خوێندنی (المعوذتين)و ، سورەتی (الفاتحة)و ، ئایتی (الكرسي)و ، هەروەها زیكرو پەناگرتن و نوشتەكانی پێغەمبەرە ﷺ: وەكو : ((أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق)) · واتە : پەنا دەگرم بە خوای پەروەردگار لە خراپەی

---

٢٢٩ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨٨٨) ، وضعفه الألباني في الضعيفة (١٨٥٤) ·

دروستكراوەكانى . ((أعيذكما بكلمات الله التامة من كل شيطان و هامة و من كل عن لامـة)) . واتە : پەناتان دەدەم بە ووشە تەواوەكانى خواى تعالى لـە شـەيتان و هـەر گيانلـەبرێكى زيـان بەخشى خاوەن ژەهرو و لە چاوپيسێكى لۆمەكراو .

((أعوذُ بكلماتِ اللهِ التَّامَّاتِ التي لا يُجَاوِزُهُنَّ بَرٌ ولا فاجرٌ ، مِن شَرِّ ما خلق وذرأ وبرأ ، ومِن شَرِّ ما ينزلُ من السماء ، ومِن شَرِّ ما يَعرُجُ فيها ، ومِن شَرِّ ما ذرأ في الأرض ، ومِن شَرِّ ما يخرُج مِنها ، ومِن شَرِّ فِتَنِ الليلِ والنهار ، ومِن شَرِّ طَوَارِقِ الليلِ ، إلا طارقاً يَطرُق بخيرٍ يا رحمن)).

واتە : پەنا دەگرم بە ووشە تەواوەكانى خواى تعالى كە چاكەكارو خراپەكار ناتوانن بيبەزێنن ، لە خراپەى ئەوەى دروستى كردووەو ، بەديهناون و هێناونەتيە بوون ، وە لە خراپەى ئەوەى لە ئاسمانەوە دادەبەزێ و ، خراپەى ئەوەى بۆى بەرز دەبێتەوەو ، لە خراپەى ئەوەى لە زەويدا چێندراوەو ، ئەوەى لە زەويەوە بەدەردێت ، وە لە فيتنەو ئاشوبەى شەو و ڕۆژ ، وە لە هەموو لێدەرێكى دەرگا بە شەو ، مەگەر لێدەرێك بێ بە خێر لێى بدات ئەى خواى بە بەزەيى .

((أعوذ بكلمات الله التامة من غضبه وعقابه، ومن شر عبـاده، ومـن همـزات الشـياطين وأن يحضرون)) . واتە : پەنادەگرم بە ووشە تەواوەكانى خواى تعالى لە تووڕەبوونى و سزادانى ، وە لە خراپەى بەندەكانى ، وە لە دودڵى و گومان دروستكردنى شەيتان و ئامادەبونى .

((اللهم إني أعوذ بوجهك الكريم ، وكلماتك التامات من شر مـا أنـت آخـذ بناصيته ، اللـهم أنت تكشف المغرم والمأثم ، اللهم لا يهزم جندك ، ولا يخلف وعدك ، سبحانك وبحمدك)).

واتە : پەروەردگارا من پەنادەگرم بە ڕووى پيرۆزو ، ووشە تەواوەكانت لـە خراپـەى هـەموو شتێك تۆ خاوەنيت و تەصرووفى پێوە دەكەيت ، پـەروەردگارا تـۆ لابـەرى گوناهـەكانى تـاوان و ياخيبونى ، پەروەردگارا سەربازانت شكست ناهێنن ، پەيمانت ناشكێنرێت ، پـاك و بێگـەردى و ستايش بۆ تۆيە .

((أعوذُ بوجه اللهِ العظيمِ الذي لا شيءَ أعظمُ منه ، وبكلماتِه التامَّات التي لا يُجاوزُهن بَرٌّ ولا فاجرٌ ، وأسماءِ الله الحُسْنَى ، ما علمتُ منها وما لم أعلم ، مِن شَرِّ ما خلق وذرأ وبرأ ، ومن شَرِّ كُلِّ ذي شرّ لا أُطيق شرَّه ، ومِن شَرِّ كُلِّ ذي شَرّ أنتَ آخِذٌ بناصيته ، إنَّ ربِّي على صِراط مستقيم)).

واته : پەنادەگرم بە ڕووی گەورەی خوای پەروەردگار کە شتێکی تر لەو گەورەتر نی یە ، وە بەووشە تەواوەکانی کە هەموو کەسێکی چاك و خراپ لێی تێپەڕ نابن ، وە بەناوە پیرۆزەکانی ، ئەوەی دەیزانم و ئەوەی نایزانم ، لە خراپەی ئەوەی خوڵقاندویەتی و دروستی کردووەو هێناویەتیە بوون ، وە لە خراپەی هەموو خاوەن خراپەیەك کە توانای بەرگەکرتنی خراپەکانیم نی یە ، وە لە خراپەی هەموو خاوەن خراپەیەك کە تۆ خاوەنیت و تەسرووف پێوە دەکەیت ، پەروەردگارم لە سەر ڕێگەیەکی ڕاستە ·

((اللَّهُمَّ أنْتَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلاَّ أنْتَ ، عَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ ، وَأَنْتَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ ، مَا شَاءَ اللَّهُ كَانَ ، وَمَا لَمْ يَشَأْ لَمْ يَكُنْ ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ ، أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي ، وَمِنْ شَرِّ كُلِّ دَابَّةٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا ، إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ)).

واتە : پەروەردگارا تۆ پەروەردگاری منی و هیچ خوایەکی تر نی یە بە هەق جگە لە تۆ ، پشتم بە تۆ بەستووەو ، تۆ پەروەردگاری عەرشی مەزنی ، هەرچی خوای تعالى بیەوێت دەبێ و ، هەرچیش نەیەوێت نابێت ، هیچ گۆڕان و توانایەکیش نی یە مەگەر لە لایەن خوای پەروەردگارەوە ، بە زانینی دەوری هەموو شتێکی داوە ، پەروەردگارا من پەنات پێدەگرم لە خراپەی نەفسی خۆم و ، لە خراپەی هەموو شتێك کە تۆ خاوەنیت و تەسرووف پێوە دەکەیت ، پەروەردگارم لە سەر ڕێگەیەکی ڕاستە ·

((تحصَّنتُ باللهِ الذي لا إله إلا هُوَ ، إلهي وإله كُلِّ شيء ، واعتصمتُ بربي وربِّ كُلِّ شيء ، وتوكلتُ على الحيِّ الذي لا يموتُ ، واستَدْفَعتُ الشرَّ بلاحَوْلَ ولا قُوَّةَ إلا بالله ، حسبيَ اللهُ ونِعْمَ الوكيلُ ، حسبيَ الربُّ مِن العباد ، حسبيَ الخَالِقُ من المخلوق ، حسبيَ الرازقُ مِنَ المرزوق ، حسبيَ الذي هو حسبي ، حسبيَ الذي بيده ملكوتُ كُلِّ شيءٍ ، وهو يُجيرُ ولا يُجَارُ عليه ، حسبيَ اللهُ وكَفَى ، سَمِعَ اللهُ لمنْ دعا ، ليس وراء اللهِ مرمَى ، حسبيَ اللهُ لا إله إلا هُوَ ، عليه توكلتُ ، وهُوَ ربُّ العرشِ العظيم)).

واته : قەڵابەندیم بە خوای تعالی کردووە کە هیچ خوایەکی تر نیە بەهەق جگە لەو ، خواوەندی من و خواوەندی هەموو شتێك ، وە پەنادەگرم بە پەروەردگارم و پەروەردگاری هەموو شتێك ، وە پشتم بە ست بە زیندوویەك کە هەرگیز نامرێت ، وە بە گوتنی هیچ گۆڕان و توانایەك نیە مەگەر بە خواوە خراپە لە خۆم دوردەخەمەوە ، هەر خوام بەسە کە پشت پێ بەستراوێکی چاکە ، خوام بەسە بەبێ بەندەکان ، خوڵقێنەرم بەسە بەبێ خوڵقێنراوەکان ، ڕۆزیدەرم بەسە بەبێ ڕوزی دراوەکان ، بەسمە ئەوەی کە بەسمە ، بەسمە ئەو زاتەی کە فەرمانڕەوایی هەموو شتێکی بەدەستەو ، وە پەنای هەموو کەس دەدات و کەس لەو پەنا نادرێت ، هەر خوام بەسەو هیچی تر ، خوا گوێبیستی ئەوانەیە کە نزا دەکەن ، پاش پەروەردگار هیچی تر نی یە بکرێت بە مەبەست ، بەسمە ئەو خوایەی کە هیچ خوایەکی تر نی یە بەهەق جگە لەو ، پشتم پێ بەستوەو ، پەروەردگاری عەرشی مەزنە .

وە هەرکەس ئەم نزاو دوعاو پەناگرتنانە تاقیکاتەوە ، ئەندازەی سودو کەڵك و ، زۆر پیویستبوونی بۆ دەردەکەوێت ، قەدەغەی ئەوە دەکات کە کاریگەری چاوپیس بە مرۆڤ بگات ، پاش گەشتنیشی بە مرۆڤ هەڵدەستێت بە دورخستنەوەی ئاسەواری ، بە گوێرەی بەهێزی باوەڕبوونی بێژەرەکەی و ، بەهێزبوونی نەفسی و ، ئامادەبوونی و ، بەهێزی پشت بەستنی و جێگیری دڵیی ، چونکە ئاشکەرایە کاریگەری و هێزی چەك بەو کەسەیە کە دەیهاوێژێت .

بەشێك : سەبارەت بەو شتانەی بەچاوەوە بوونی پێ دوردەخرێتەوە :

ئەگەر كەسی چاوپیس ترسا چاوی زیان بە كەسی بەرامبەری بگەیەنێت ، با زیانی چاوی دورخاتەوە بە گوتنی : (اللَّهُمَّ بَارِكْ عليه) واتە : پەروەردگارا فڕوبەرەكەت بڕشێنە بەسەریدا ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ بە (عامر)ی كوڕی (ربيعة)ی فەرموو كاتێك كە (سَهْل)ی كوڕی (حُنيف)ی كرد بە چاوەوە : (ألا بركت) واتە : ئەی بۆ نەتگوت : پەروەردگارا فڕوبەرەكەت برشێنە بەسەریدا .

هەروەها لەو نزایانەش كە چاوپیسی پێ دور دەخرێتەوە گوتنی : (ما شاء الله لا قُوَّة إلا بالله) واتە : هەرچی خوای تعالى بیەوێ هەر ئەوە دەبێ و هەموو توانایەكیش هەر بەدەست خوای پەروەردگارە .

هەروەها دەتوانرێت نوشتەكەی (جبريل) _ عليه السلام _ بەكار بهێنرێت كە ئیمامی (مسلم) لە (صحيح)ەكەیدا دەیگێڕێتەوەو دەفەرمێت : عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ جِبْرِيلَ - عَلَيْهِ السَّلَامُ - أَتَى النَّبِيَّ ﷺ قَالَ يَا مُحَمَّدُ اشْتَكَيْتَ ؟ فَقَالَ : ((نَعَمْ)) ، فَقَالَ جِبْرِيلُ - عَلَيْهِ السَّلَامُ - بِاسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ اللَّهُ يَشْفِيكَ ، بِاسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ[٢٣٠].

واتە : لە (أبي سعيد الخُدْرِيّ)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : (جبريل) _ عليه السلام _ هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ئەی محمد ئازارت هەیە ؟ ئەویش فەرمووی : ((بەڵێ)) ، ئەوەبوو (جبريل) _ عليه السلام _ فەرمووی : بەناوی

---

٢٣٠ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٢٨ ، ٥٦ ، ٥٨ ، ٧٥) ، وعبد بن حميد (٨٨) ، ومسلم (٧ / ١٣) ، وابن ماجة (٣٥٢٣) ، والترمذي (٩٧٢) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (١٠٠٥) ، كلهم من طريق أبي نضرة عن أبي سعيد فذكره .

خواوه نوشتەت بۆ دەخوێنم ، له هەموو شتێك ئازارت بدات ، له خراپەی هەموو نەفسێك یا چاوپیسێكی ئێرەیی بەر خوا شیفات بدات ، بەناوی خواوه نوشتەت بۆ دەخوێنم ٠

كۆمەڵێك له پێشین وای بۆ دەچن ئایەتی قورئانی بۆ بنوسرێت و بكرێتە نێو ئاوەوەو ، بیخواتەوه ٠ (مجاهد) دەڵێت : هیچی تێدا نی یه قورئان بنوسرێت و ، له ئاودا بیشواتەوه ، نەخۆشەكه بیخواتەوه ، هەروەها له (أبي قِلابَة)شەوه هەمان شت باسكراوه ، دیسان باسكراوه كه (ابن عباس) _ خوا له خۆی و بابیشی ڕازی بێت _ فەرمانیدا چەند ئایەتێك له قورئان بۆ ژنێك كه منالبوونی ئاستەم و گران بوبو بنوسرێت و ، پاشان له نێو ئاودا بیشۆنەوەو بیخواتەوه ٠ (أیوب) دەڵێت : (أبا قِلابة)م بینی چەند ئایەتێكی قورئانی نووسی و پاشان له نێو ئاودا شتی و دای به پیاوێك بیخواتەوه كه ئازارێكی هەبوو ٠

بەشێك : سەبارەت فەرمان دان به چاوپیس به شتنی بن هەنگل و هەموو شوێنه پێچەكانی جەستەی ولاكانی و ناوەوەی (الإزار)ەكەی :

هەموو ئەوانەی سەرەوه به دوو گوفتار لێك دراونەتەوه : یەكەمیان : مەبەست بەوانەی سەرەوه ئەندامەكانی زاوزێیه ٠ دووەمیان : لای ڕاستی (الإزار)ەكەیەتی له ناوەوه كه یەكسەر بەر جەستە دەكەوێت ، پاشان له كاتێكدا كەسی به چاوەوه بوو بێ ئاگابێ دەڕشێنرێت به سەریدا ، ئەمەش شتێكه چارەسەی پزیشكانی پێ نەگەشتووه ، وه ئەو كەسەی كه نكۆڵیی لێدەكات ، یاخود گاڵتەی پێ دەكات ، یاخود لێی به گومانه ، یا تەنها تاقیدەكاتەوەو لەو بڕوایەدا نی یه سوودی بۆ هەبێت ، هەموو ئەم جۆره كەسانه سوودی لێ نابینن ٠

حیکمەت و دانایی خۆشتن :

باشە ئەگەر لە سروشتدا چەند خاسیەتێك هەبێ و ، هەرگیز لە لایەن پزیشکانەوە هۆکانی نەزانرێت و ، بەلایانەوە لە ئەندازەی سروشت بەدەرەو بە خاسیەت کار دەکات ، ئیتر بۆ کەسە گومڕاو نەفامەکانیان نکۆڵیی لە خاسیەتە شەرعیەکان بکەن ، لە گەڵ ئەوەی کە چارەسەرکردن بەم خۆشتنە ئەقڵ و ژیریی تەندروست شایەتی بۆ دەدەن و ، دانی پێدا دەنێن ، ئەوەتا (تِریاق)ی[٢٣١] ژەهری مار لە گۆشتەکەیدایەو ، چارەسەری نەفس تووڕە ، بە هێورکردنەوەی تووڕەبونەکەیەتی و ، دامرکاندنەوەی گرمیەکەیەتی بەوەی کە دەستت لە سەری دانێی و دەستی پیاهێنی ، نمونەی ئەمەش وەکو نمونەی پیاوێکە مەشخەڵێکی ئاگری بەدەستەوە بێ و ، بیەوێت بۆ تۆی فڕێ بدات و ، هەر بە دەستی پیاوەکەوە ئاوت بە سەردا ڕشاند تا کوژایەوە ، بۆیە فەرمان درایە چاوپیس بڵێت : (اللَّهُمَّ بارِكْ عَلَيْه) بۆ ئەوەی بە نزاو دوعا ئەو چۆنیەتیە خراپ و پیسە دورخاتەوەو کاریگەری لە سەر بەرامبەرەکەی نەبێ کە لە ڕاستیدا چاکەشە بۆ کەسی بەرامبەر ، چونکە دەرمانی شت بە دژەکەی دەبێ · وە لە بەر ئەوەی کە ئەم چۆنیەتیە خراپ و پیسە لە جێگە نەرم و تەنکەکانی جەستەدا بەدەردەکەوێت ، چونکە دەیەوێت تێپەڕبێ و ، لە جێگە پێچەکانی جەستەو ، ناوەوەی (الإزار) نەرمترو تەنکتر نادۆزێتەوە ، بەتایبەت ئەگەر مەبەست بە هەموو ئەوانە ئەندامەکانی زاوزێ بێت ، ئەوا لە هەمووی ناسکترو تەنکترەو لە هەمووشی ئامادەترە بۆ تێپەڕبوون ، بۆیە ئەگەر بە ئاو بیشوات ، کارو کاریگەری پوچ دەبێتەوە ، لە لایەکی تریشەوە ڕوحە شەیتانیەکان پسپۆڕن بەم جێگانەی جەستەوە ·

مەبەست : ئەوەیە کە شتنی بە ئاو ئاگریەکەی دادەمرکێنێتەوەو ، ئەو ژەهریەشی ناهێڵێت ·

---

٢٣١ ــ تِریاق : دەرمانێکی ئاوێتەیەو ، (ماغنیس) دایهێناوەو ، پاشان (أندروماخیس)ی دێرین بە زیادکردنی گۆشتی مار بۆ دەرمانەکە تەواوی کردوەو ، بە شێوەیەکی میکانیکی ناهێڵێت ژەهر لە گەدەو ڕیخۆڵەوە هەڵمژرێت ، بڕوانە : القاموس المحيط للفيروزئابادي ، وەرگێڕ ·

هەروەها شتێکی تریشی تێدایە : بریتیە لە گەیاندنی ئاسەواری شتن بۆ دڵ لە تەنکترین جێگەکانی جەستەوە ، کە بەبەراوردی جێگەکانی تر لە هەمووی خێراتر ئەو ئاسەوارە تێدەپەڕێنێت و ، ئەو ئاگریی و ژەهریە دەکوژێنێتەوەو ، کەسی بە چاوەوە بوو چاك دەبێتەوە ، نموونەی ئەمە وەکو نموونەی جانەوەرە ژەهراویەکانن ، ئەگەر بکوژرێن دوای ئەوەی هەڵدەستن بە پێوەدانی کەسێك ، کاریگەری پێوەدانەکە کەم دەبێتەوەو ، هەست بە حەوانەوە دەکات ، چونکە جانەوەرەکە هەر خۆی یارمەتیدەری زیادکردنی ئازارەکەشە دوای پێوەدان و ، ئەو زیادە ئازارە یارمەتیدەرەش دەگەیەنێت بە کەسی پێوەدراو ، بۆیە ئەگەر بکوژرێت ، ئازارەکە کەم دەبێتەوە ، ئەمە لە زۆر کەسی پێوەدراوەوە بینراوە ، هەروەها ئەوە جێگەی دڵخۆشبونی کەسی پێوەدراوەو ، سارێژبوونی دڵیەتی بە کوشتنی دوژمنەکەی ، ئەوجا سروشتی کەسی پێوەدراو بەهێز دەبێ و ، دوریدەخاتەوە ·

بەکشتی · خۆشتنی کەسی چاوپیس هۆکارێکی کاریگرە بۆ لادانی ئەو بارەی لێوە بەدەردێت ، بەسوودتریش دەبێ ئەگەر نەفسی ڕاهاتبێت لە گەڵ ئەو بارە چاوپیسیەدا ·

ئەگەر گوترا : هۆکاری شتنی ئەو شوێنانەی کەسی چاوپیس زانرا ، ئەی هۆکاری ڕشاندنی ئاوەکەی بە سەر کەسی بە چاوەوەبودا چی یە ؟

دەگوترێت : ئەو ئاوەی کە ئاگریی کەسی چاوپیسی پێ کوژێنرایەوەو ، ئەو بارە چاوپیسیە خراپەی لە سەر پوچکرایەوە ، بە هەمان شێوە ئەو ئاگریەی کە تووشی کەسی بەچاوەوەبوو بوە دەکوژێنێتەوە ، ئاسەوار لە سەر شوێنی کارتێکراوی کەسی بە چاوەوەبوو لادەبات ، پاش پەیوەندبوونی ئاوەکە لە گەڵ جەستەی کەسی کارتێکەری چاوپیسدا ، ئەو ئاوەی کە ئاسنی پێ دەکوژێنرێتەوە بەشدارە لە پێکهاتنی چەندین دەرمانی سروشتیداو پزیشکان باسیان کردووە ، ئەوە ئاوەی کە ئاگریی کەسی چاوپیسی کوژاندەوە ، نکۆڵیی ناکرێت کە بەشدار بێت لە دەرمانێکدا شیاوی ئەم نەخۆشیە بێت ·

بەگشـتی ٠ پزیشـکێتی پزیشـکان و چارەسـەریەکانیان بــە بــەراوردی پزیشـکێتی پێغەمبەرایەتی ، وەکو پزیشکێتی سۆفیە نەزانەکانە بـە بـەراوردی پزیشـکێتی ئـەوان ، بـەڵکو کـەمتریش ، چـونکە جیـاوازی نێـوان ئـەوان و پێغەمبـەران گەورەیـەو ، گەورەتریشـە لـەو جیاوازیەی لە نێوان ئەوان و سۆفیەکاندا هەیە ، بە ئاستێك مرۆڤ ئەندازەکـەی نـەزانیوە ، ئـەو پەیمانە برایەتیەشمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە لـە نێـوان شـەرع و دانایدایـە ، کـە هـیچ کامیشـیان دژبە بەویتر نی یە ، خوای پەروەردگاریش بە ویسـتی خـۆی ڕێنمـووی هەرکەسـێك دەکات بـۆ ڕێگـەی ڕاسـت و ، هـەموو دەرگاکـانیش دەکاتـەوە بەرامبـەر بەوانـەی بـەردەوام لـە دەرگـای سەرکەوتن دەدەن ، نیعمەتی فراوان و تەواو ، بەڵگەی بەهێزی پێیە بۆ بەندەکانی ٠

بەشێك : سەبارەت بە داپۆشینی ئەو خوورەوشتە چاك و باشانەی مەترسی بە چاوەوەبونی لێدەکرێت بەهەر شتێك لێی دورخاتەوە :

دیسان لەو چارەسەریانەی بەکاردێت بۆ خۆپاراستن ، داپۆشینی ئـەو خوورەوشـتە چـاك و باشـانەیە کـە مەترسـی بەچـاوەوەبوونی لێـدەکرێت و ، بـە هەرشـتێك لایبـەرێت ، پێشـەوا (البغـوي) لـە کتـێبی (شـرح السـنة)دا فەرمەوویـەتی : (عثمـان) _ خـوای لـێ ڕازی بێـت _ منداڵێکی جوانی بەدیکرد ، ئەوبوو فـەرمووی : (دَسِّمُوا نُونَتَـه ، لـئلا تُصـيبه العَـين) واتـە : چاڵە بچوکەکەی چەناکەی ڕەش بکەن بۆ ئەوەی بەچاوەوە نەبێ ٠

هەروەها پێشەوا (الخطابي) لـە کتـێبی (غريـب الحـديث)دا فەرموويـەتی : (عثمـان) _ خوای لێ ڕازی بێت _ منـداڵێکی بـینی تووشـی بەچاوەوەبوون دەبـێ ، فـەرمووی : (دسِّموا نونته) ، (أبوعمرو) دەڵێت: سەبارەت بەو فەرمایشـتەی (عثمـان) لـە (أحمـد)ی کـوڕی (يحـى)م پرسـی ، گـوتی : مەبەسـتی بـە ووشـەی (النونـة) واتـە : ئـەو چـاڵە بچـوکەی لـە چەناکەدایە ٠ (التدسيم) واتە : ڕەشکردن ٠ بە گشـتی مەبەسـتی ئـەوەبوو چـاڵە بچـوکەکەی چەناکەی ڕەش بکەن بۆ ئەوەی بە چاوەوە نەبێت ٠ هەروەها فەرمووی : لەم بارەوە خـاتوو (

عائشة) _ خـواى لـىٰ ڕازى بێـت _ فـەرموويـەتى : أن رسـول الله ﷺ خطـب ذاتَ يـومٍ ، وعلـى رأسه عِمامةٌ دَسْماء(٢٣٢) واتـه : ڕۆژێك پێغەمبـەرى خـوا ﷺ ووتـارى دەخوێنـدەوەو مێزەرێكى چەورو ڕەشى بەسەرەوە بـوو ، واتـه : بەڵگـەى دەهێنايـەوە لـە سـەر ووشـەى (الدَسْماء) ، ئاڵێرەشەوە شاعيرێك گوفتارەكەى وەرگرتووە كە دەڵێت :

مَـا كـانَ أحْـوجَ ذا الكَمَـالِ إلى عَـيبٍ يُوقِّيهِ مِـنَ الـعَيْنِ

واته :

خـاوەن سيفاتى تەواو پێويستى بە كەموكوڕدارێك نەبوو لە چـاو بيپارێزێت

بەشێك : سەبارەت بەو نوشتانەى چاوپيسى دەگێڕنەوە :

لـەو نوشـتانەى چاوپيسـى دەگێڕێتـەوە ئەوەيـە كـە لـە (أبـي عبـدالله السَّـاجي)وە بـاس دەكرێت ، كەوا لە سەفەرێكيدا بە سەر ووشترێكى جوانەوە بوو ، كە بۆ حـەج ياخود بـۆ غـەزا دەچوو ، لە نێو ڕەفيقەكانيشيدا پياوێكى چاوپيس هەبوو ، كە تەماشاى شتێكى دەكـرد كـەم جار نەيدەفەوتاند ، بە (أبي عبـدالله)يان گـووت : ووشـترەكەت لـە چـاو پيسـەكە بپـارێزە ، گوتى : هيچ ڕێگەيەكى نى يە بە ووشـترەكەم بگـات ، گوفتارەكـانى (أبـي عبـدالله) گەيندرايـە چاوپيسەكە ، ئەوەبوو چاوپيسەكە لە كاتێكدا ئامادەنەبوونى (أبي عبـدالله)ى بەهـەل زانـى ، هاتە لاى كۆپانى ووشترەكەو ، تەماشايەكى ووشترەكەى كرد ، يەكسـەر ووشـترەكەو تێكچـوو و كەوت ، (أبي عبدالله) هاتەوە ، هەواڵيان پێدا كە چاوپيسەكە چاوى لـە ووشـترەكەى داوەو ، ئەوەتا دەيبينى كەوتووە ، گوتى : شوێنى ئەو پياوەم پيشان بدەن . پيشـان درا ، ئـەوەبوو

٢٣٢ _ لم أجده من حديث عائشة . وأخرج أحمد (١ / ٢٣٣ ، ٢٨٩) ، والبخاري (٢ / ١٤) (٤ / ٢٤٨) ، (٥ / ٤٣) والترمذي في الشمائل (١١٨) كلهم عن عبدالرحمن بن سليمان بن حنظلة بن الغسيل قال : سمعت عكرمة عن ابن عباس قال : خرج رسول الله _ صلى الله عليه وسلم _ ، في مرضه الذي مات فيه بملحفة ، قد عصب بعصابة دسماء . . . والرواية المذكورة إنما هي رواية أحمد (١ / ٢٣٣) عن ابن عباس .

بەسەریەوە وەستاو ، گوتی : بسم الله ، حَبْسٌ حابسٌ ، وحَجَرٌ يابِسٌ ، وشهابٌ قابِس ، ردَّت عين العائنِ عليه ، وعلى أحبِّ الناس إليه ، ﴿ فارْجِعِ الْبَصرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ (٣) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ (٤) ﴾ [الملك : ٣ _ ٤] واتە : گرتنێك گرتویەك ، بەردە ووشكێك ، گڕوبزوسکی ئاگرە وەرگێراوێك ، چاوپیسی ئەو کەسە بگەڕێتەوە بۆ خۆی و ، بۆ خۆشەویسترین کەس بەلایەوە ، ئینجا ئەو ئایەتانەی سەرەوەی خوێند ، واتە : ﴿ فارْجِعِ الْبَصرَ ﴾ چاو بگێڕەو وورد بەرەوە بزانە ﴿ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ ﴾ ئایا هیچ ناتەواویەك دەبینیت · ﴿ ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصرَ ﴾ دوبارە چاو بگێڕە ﴿ كَرَّتَيْنِ ﴾ یەك لە دوای یەك ﴿ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا ﴾ چاوت بە ڕیسوایی و نائومێدی دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆت ﴿ وَهُوَ حَسِيرٌ ﴾ وە ئەو (چاوەت) ماندووە تاقەتی چووە [٢٣٣] ئەوەبوو گلێنەی چاوپیسەکە هاتە دەرەوەو ، ووشترەکەش بە ساغی هەستا[٢٣٤].

بەشێك : سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە نووشتە ئیلاهیەکان چارەسەری گشتی بۆ هەموو ئازارەکان دەکرد :

رَوَى أَبو دَاوُدَ فِي " سُنَنِه " : مِنْ حَدِيثِ أَبِي الدَّرْدَاء قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللّهِ ﷺ يَقُولُ : ((مَنْ اشْتَكَى مِنكُمْ شَيْئًا ، أَوْ اشْتَكَاهُ أَخٌ لَهُ فَلْيَقُلْ: رَبّنَا اللّهُ الّذِي فِي السّمَاءِ ، تَقَدّسَ اسْمُك ، أَمْرُكَ فِي السّمَاءِ وَالْأَرْضِ كَمَا رَحْمَتُكَ فِي السّمَاءِ ، فَاجْعَلْ رَحْمَتَكَ فِي

---

٢٣٣ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

٢٣٤ _ لە فەتوای ژمارە (١٩٦٣٥)دا ، (اللجنة الدائمة)ی تایبەت بەزانایانی وەڵاتی سعودیەو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێك کە سەبارەت بەم مەسەلەیە ئاراستەیان کرابوو فەرموویانە : ئەم گوفتارانە جێگیر نەبووە نە لە پێغەمبەری خواوە _ صلى الله عليه وسلم _ و نە لە هاوەڵە بەڕێزەکانیشەوە ، بەلامانەوە هیچ بنەڕەتێکی نی یە و ، ووشەکانیشی نامۆیەو ، چارەسەری چاوپیسی و بە چاوەوەبونیش بە ئایەتەکانی قورئان و نوشتەو نزاو دوعاکانی پێغەمبەری خوا دەبێت _ صلى الله عليه وسلم _ ، وەرگێر ·

الْأَرْضِ ، وَاغْفِرْ لَنَا حُوْبَنَا وَخَطَايَانَا أَنْتَ رَبّ الطّيِّبِينَ ، أَنْزِلْ رَحْمَةً مِنْ رَحْمَتِك ، وَشِفَاءً مِنْ شِفَائِكَ عَلَى هَذَا الْوَجَعِ ، فَيَبْرَأُ بِإِذْنِ اللّهِ)(٢٣٥)

واته : له (أبي الدّرداء)ەوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : گوێبيستى پێغەمبەرى خوا بووم ﷺ دەيفەرموو : ((هەركەس له ئێوه ئازارێكى هەبوو ، ياخود براكەى ئازارێكى بۆ دەربڕى با بڵێت : پەروەردگارمان ئەو خوايەيە كه له ئاسماندايه ، ناوه جوانەكانت به پاك و پيرۆز ڕادەگرين ، فەرمانت له زەوى و ئاسماندا بەردەوامەو جێبەجێ دەكرێت وەكو ئەوەى بەزەى و ڕەحمەتت له ئاسماندا فەراهام كردووه ، ئاواش بەزەى و ڕەحمەتت له سەر زەويدا زيادو فەراهام بكە ، له تاوانى گەورەى به ئەنقەستمان و له تاوانه بچوكەكانمان خۆش به ، تۆ پەروەردگارى پاكان و چاكەكانى ، ئەوانەى وازيان له تاوان و سەرپێچى هێناوه ، ڕەحمەت و بەزەيەكى خۆت و ، شيفايەك له شيفاكانى خۆت به سەر ئەم ئازارەدا دابەزێنه ، ئيتر به ئيزنى خواى تعالى چاك دەبێتەوه)) ٠

صَحِيحِ مُسْلِمٍ " عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيّ ، أَنّ جِبْرِيلَ – عَلَيْهِ السّلَامُ – أَتَى النّبِيّ _ صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ _ فَقَالَ يَا مُحَمّدُ اشْتَكَيْتَ ؟ فَقَالَ : ((نَعَمْ)) ، قَالَ جِبْرِيلُ ﷺ بِاسْمِ اللّهِ أَرْقِيك مِنْ كُلّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ ، مِنْ شَرّ كُلّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ اللّهُ يَشْفِيكَ ، بِاسْمِ اللّهِ أَرْقِيك(٢٣٦) .

واته : له (أبي سعيد الخُدْريّ)ەوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : (جبريل) _ عليه السلام _ هاته خزمەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ و فەرمووى : ئەى محمد ئازارت هەيه ؟ ئەويش فەرمووى : ((بەلىٚ)) ، ئەوەبوو (جبريل) _ عليه السلام _ فەرمووى : بەناوى

---

٢٣٥ _ ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨٩٢) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (١٠٣٨) كلاهما عن محمد بن كعب عن فضالة بن عبيد عن أبي الدرداء فذكره ، وأخرجه النسائي في عمل اليوم والليلة (١٠٣٧) عن محمد بن كعب عن أبي الدرداء نحوه ولم يذكر فيه فضالة بن عبيد٠

٢٣٦ _ صحيح : أخرجه مسلم (٢١٨٦) ٠

خواوه نوشتەت بۆ دەخوێنم ، لە هەموو شتێك ئازارت بدات ، لە خراپەی هەموو نەفسێك یا چاوپیسێكی ئێرەیی بەر خوا شیفات بدات ، بەناوی خواوه نوشتەت بۆ دەخوێنم .

ئەگەر گوترا چ دەڵێن دەربارەی ئەو فەرموودەیەی كە ئیمامی (أَبُو دَاوُدَ) دەیگێڕێتـەوه : ((لَا رُقْيَةَ إِلَّا مِنْ عَـيْنٍ أَوْ حُمَـةٍ)) ؟ واتـه : ((نوشـتەكردن نـی یـه مەگـەر بـۆ دورخسـتنەوەی بەچاوەوەبوون یاخود جانەوەره ژەهردارەكان)) .

بۆ وەڵامەكەی دەڵێین : ئەو فەرموودەیە قەدەغەی شیاوێتی نووشتەكردن ناكات بۆ بوارەكانی دیكە ، چونكە مەبەست بە فەرموودەكە ئەوەیە كە : نوشتەكردن شایستەترو بەكەڵك ترە كە بۆ چاوپیسی و پێوەدانی جانەوەره ژەهردارەكان بكرێت بەبەراوردی بوارەكانی تر . میانەو شێوازی فەرموودەكە بەڵگەی سەر ئەم شتەن ، چونكە (سَهْل)ی كوڕی (حُنيف) كاتێ كە بەچاوەوەبوو فەرمووی : (أوَ في الرُّقى خير ؟ فقال : لا رُقية إلا في نَفْسٍ أو حُمَةٍ) واتە : فەرمووی : گەورەم ئایا نووشتە چاكە ؟ ئەویش فەرمووی : ((لەوە چاكتر نابێت كە نوشتە بۆ چاوپیسی و ، پێوەدانی جانەوەره ژەهردارەكان بكرێت)) . هەروەها تێكڕای فەرموودەكانی نوشتە گشتی و تایبەتەكان پەنجە بۆ ئەوە ڕادەكێشن

وَقَدْ رَوَى أَبُو دَاوُدَ مِنْ حَدِيثِ أَنَسٍ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ _ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ _ : ((لَا رُقْيَةَ إِلَّا مِنْ عَيْنٍ ، أَوْ حُمَةٍ ، أَوْ دَمٍ يَرْقَأُ))[٢٣٧].

واتە : (أنس) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لەوە چاكتر نابێت نوشتە بۆ بە چاوەوەبوون ، یا پێوەدانی جانەوەره ژەهردارەكان ، یا بۆ وەستانەوەی خوێن بەربونی لووت بكرێت)) .

---

٢٣٧ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨٨٩) ، وضعفه الألباني في ضعيف أبي داود (٨٣٨) .

وَفِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ " عَنْهُ أَيْضًا : رَخَّصَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي الرُّقْيَةِ مِنْ الْعَيْنِ ، وَالْحُمَةِ ، وَالنَّمْلَةِ(٢٣٨) .

واته : (أنس) _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ مۆڵەتى داوە نوشتە بكرێت بۆ بەچاوەوەبوون و ، پێوەدانى جانەوەرە ژەهردارەكان و ، ئەو برين و زامانەى لە لاكانى مرۆڤدا دروست دەبن .

بەشێك : سەبارەت بەوەى كە پێغەمبەرى خوا ﷺ چارەسەر و نووشتەى بۆ كەسى پێوەدراو دەكرد بە خوێندنى سورەتى (الفاتحة) :

أَخْرَجَا فِي " الصَّحِيحَيْنِ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ، قَالَ : انْطَلَقَ نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ فِي سُفْرَةٍ سَافَرُوهَا حَتَّى نَزَلُوا عَلَى حَيٍّ مِنْ أَحْيَاءِ الْعَرَبِ ، فَاسْتَضَافُوهُمْ ، فَأَبَوْا أَنْ يُضَيِّفُوهُمْ ، فَلُدِغَ سَيِّدُ ذَلِكَ الْحَيِّ ، فَسَعَوْا لَهُ بِكُلِّ شَيْءٍ لَا يَنْفَعُهُ شَيْءٌ ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ : لَوْ أَتَيْتُمْ هَؤُلَاءِ الرَّهْطَ الَّذِينَ نَزَلُوا لَعَلَّهُمْ أَنْ يَكُونَ عِنْدَ بَعْضِهِمْ شَيْءٌ ، فَأَتَوْهُمْ فَقَالُوا : يَا أَيُّهَا الرَّهْطُ إِنَّ سَيِّدَنَا لُدِغَ ، وَسَعَيْنَا لَهُ بِكُلِّ شَيْءٍ لَا يَنْفَعُهُ ، فَهَلْ عِنْدَ أَحَدٍ مِنْكُمْ مِنْ شَيْءٍ ؟ فَقَالَ بَعْضُهُمْ ، نَعَمْ وَاللَّهِ إِنِّي لَأَرْقِي ، وَلَكِنْ اسْتَضَفْنَاكُمْ ، فَلَمْ تُضَيِّفُونَا ، فَمَا أَنَا بِرَاقٍ حَتَّى تَجْعَلُوا لَنَا جُعْلًا ، فَصَالَحُوهُمْ عَلَى قَطِيعٍ مِنْ الْغَنَمِ ، فَانْطَلَقَ يَتْفُلُ عَلَيْهِ ، وَيَقْرَأُ : ﴿ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ ، فَكَأَنَّمَا أُنْشِطَ مِنْ عِقَالٍ ، فَانْطَلَقَ يَمْشِي وَمَا بِهِ قَلَبَةٌ ، قَالَ : فَأَوْفَوْهُمْ جُعْلَهُمْ الَّذِي صَالَحُوهُمْ عَلَيْهِ ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ اقْتَسِمُوا، فَقَالَ الَّذِي رَقَى : لَا تَفْعَلُوا حَتَّى نَأْتِيَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَنَذْكُرَ لَهُ

---

٢٣٨ _ تقدم تخريجه .

الّذي كَانَ ، فَنَنْظُرَ مَا يَأْمُرُنَا ، فَقَدِمُوا عَلَى رَسُولِ اللّهِ ﷺ فَذَكَرُوا لَهُ ذَلِكَ فَقَالَ : ((وَمَا يُدْرِيكَ أَنَّهَا رُقْيَةٌ ؟)) ثُمَّ قَالَ : ((قَدْ أَصَبْتُمْ اقْسِمُوا وَاضْرِبُوا لِي مَعَكُمْ سَهْمًا))[٢٣٩].

واته : له (أبي سعيد الخُدري)وه _ خواى لىٚ ڕازى بيّت _ فەرموويەتى : چەند كەسێك له هاوەڵانى پێغەمبەرى خوا ﷺ له سەفەرێكدا بەڕێكەوتن تا لاى خێڵێك له خێڵەكانى عەرەبدا دابەزين ، داواى ميوانداريان لێكردن ، بەڵام به ميوان وەريان نەگرتن ، گەورەى خێڵەكە پێوەى درا ، به هەموو شتێك هەوڵيان بۆدا هيچ شتێك سوودى بۆ نەبوو ، كەسانێكيان گوتيان : ئەگەر بچونايەته لاى ئەو چەند كەسەى لاتان دابەزيون بەشكو لاى كەسێكيان شتێك هەبێت ، ئەوەبوو چونه لايان و گوتيان : ئەى ئەم كۆمەڵه خەڵكه گەورەكەمان پێوەى دراوەو ، بەهەموو شتێك هەوڵمان بۆ داوە بەڵام بێسوود بوو ، ئايا بەلاى يەكێتانەوە شتێك دەست دەكەوىٚ ؟ كەسێكيان فەرمووى: بەڵىٚ سوێند بەخوا من نوشته دەكەم ، بەڵام داواى ميوانداييمان لێكردن و ، به ميوان وەرتان نەگرتين ، بۆيه دڵنيابن نوشتەى بۆ ناكەم تا كرێيەكمان بۆ دانەنێن ، ئەوەبوو له سەر ڕانێك مەڕ له گەڵياندا ڕێكەوتن ، بۆيه كەسێكيان ڕاپەڕى و تفى به شوێنى پێوەدانەكەدا دەكردو ، ﴿ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ دەخوێند ، تا واى لێهات وەكو ئەوەى له پێوەندێك ئازاد كرابىٚ ، ئەوەبوو دەستى به ڕۆشتن كردو هيچ نەخۆشيەكى نەمابوو ، گوتى : ئەو كرێيەى لەسەر ڕێكەوتن بياندەنىٚ ، كەسانێك له هاوەڵان فەرموويان با دابەشى بكەين ، بەڵام ئەو هاوەڵەى نوشتەكەى كرد فەرمووى : ئەو كارە نەكەن تاوەكو دەچينەوە خزمەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ و ئەوەى ڕويدا بۆى دەگێڕينەوەو ، تەماشا دەكەين چ فەرمانێكمان پىٚ دەكات ، پاشان هاتنەوە خزمەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ ئەوەيان

---

٢٣٩ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٢ ، ٤٤) ، والبخاري (٣ / ١٢١) (٧ / ١٧٠ ، ١٧٣) ، ومسلم (٧ / ١٩ ، ٢٠) ، وأبوداود (٣٤١٨ ، ٣٩٠٠) ، والترمذي (٢٠٦٤) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (١٠٢٨) (١٠٢٩) كلهم من طريق أبي بشر جعفر بن إياس ، عن أبي المتوكل عن أبي سعيد الخدري فذكره .

بۆ كێڕایەوەو ئەویش فەرمووی ((چۆن زانیوتە سورەتی (الفاتحة) نوشتەیە)) پاشان فەرمووی : ((پێكاوتانە بچن دابەشی بكەن و بەشكیش بۆ من دابنێن)) ·

وَقَدْ رَوَى ابْنُ مَاجَهْ فِي " سُنَنِهِ " مِنْ حَدِيثِ عَلِيٍّ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((خَيْرُ الدَّوَاءِ الْقُرْآنُ))(٢٤٠) ·

واتە : ئیمامی (علي) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((خێرترین و چاكترین دەرمان قورئانە)) ·

ئاشكەرایە هەندێ گوفتار خاسیەت و سوودو كەڵكی تاقیكراوەی هەیە ، ئەی گوفتاری خوای تعالی دەبێ چۆن بێ ؟ ، كە فەزڵی داوە بەسەر هەموو گوفتارێكدا ، وەكو ئەوەی فەزڵی خۆی داوە بەسەر هەموو خوڵقێنراوەكانیدا ، بۆیە گوفتارەكانی شیفادەری تەواوە ، هۆكاری تەواوە بۆ دووربوون لە هەڵەو تاوان ، نورو ڕوناكی ڕێنمایكارە ، بەزەی و ڕەحمەتی گشتیە ، كە ئەگەر دابەزێنرایە سەر چیایەك دەشكێت و شەق دەبات لە بەر گەورەیی و شكۆمەندی ﴿ وَنُنزلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلا خَسَارًا ﴾ [الإسراء : ٨٢] واتە : ﴿ وَنُنزلُ مِنَ الْقُرْآنِ ﴾ وە لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ﴿ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ ئەوەی كە شیفاو میهرەبانیە بۆ بڕواداران ﴿ وَلا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلا خَسَارًا ﴾ بەڵام (هاتنی ئەم قورئانە) بۆ ستەم كاران هیچ زیاد ناكات بێجگە لەو خەسارەت مەندی(٢٤١) ، واتای ئایەتەكە ئەوە دەبەخشێت كە لە ڕەگەزی ئەم قورئانەی دابەزاندووە بۆ شیفابەخشین ، نەك هەندێ لە قورئانەكە شیفابەخش بن بەڵكو هەمووی شیفابەخشە · ئەمە ڕاسترینی دوو بۆچونە لەم بارەوە ، ئەمەش بە هاوشێوەی گوفتاریەتی لە ئایەتێكی تردا كە دەفەرمێت : ﴿ وَعَدَ اللهُ الذينَ آمَنُوا وَعَمِلوا الصَّالحاتِ مَنهُم مَّغْفِرَةً وَأجْراً عَظيماً ﴾ [الفتح : ٢٩] واتە : ﴿ وَعَدَ اللهُ ﴾ خوا بەڵێنی داوە ﴿ الذينَ آمَنُوا وَعَمِلوا الصَّالحاتِ مَنهُم ﴾ بەوانەیان كە

٢٤٠ _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٥٧١) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٢٨٨٥) ·

٢٤١ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە ﴿ مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً ﴾ بە لێبوردن و پاداشتی گەورە (کە بەهشتە)[٢٤٢] ، هەمووشیان لەوانەن کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە · ئەی سورەتی (الفاتحة) دەبێ چۆن بێ ؟ ، کە نەلە قورئان و ، نەلە تەورات و ، نەلە ئینجیلیشدا بەهاوشێوەی دانەبەزیوە ، کە مانای هەموو کتێبەکانی خوا لە خۆدەگرێت ·

باسی بنەڕەتی ناوەکانی پەروەردگارو کۆکەرەوەی لە خۆدەگرێت ، وەکو : (الله) ، (الرَّب) ، (الرَّحمن) · جێگیرکردنی دەرەنجام و ڕۆژی زیندوبونەوە لە خۆدەگرێت ·

باسی هەردوو جۆرەکەی یەکتاپەرستی : یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی و ، یەکتاپەرستنی ئولوهیەتی تێدایە·

باسی پێویست بوون بە خوای تعالاوە دەکات ، سەبارەت بە داواکردنی یارمەتی و داواکردنی ڕێنموویی و ، تایبەتکردنی خوای پەروەردگار بەوەوە ·

باسی چاکترین و بەسودترین و پێویستیترین جۆرەکانی نزاو دوعای تێدایە ، کە پێویسترین شتن بۆ بەندەکانی خواو ، بریتیە لە ڕێنمووی کردن بۆ ڕێگای ڕاست ، کە لە چوارچێوەی تەواو ناسینی خوای تعالی و یەکتاپەرستی و پەرستنیدا خۆی دەنوێنێ ، بە ئەنجامدانی ئەوەی فەرمانی پێکردوەو ، خۆبەدورگرتن لەوەی قەدەغەی کردووەو ، بەردەوام بوون لە سەری تاوەکو مردن ·

باسی هەموو جۆرە بەدیهێنراوەکانی خوای تعالای تێدایە کە دابەش بوونە بۆ جۆرێك : نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون وەکو ناسینی هەق و ، کارپێکردنی و ، خۆشویستنی و ، فەزڵدانی بە سەر هەموو شتێکی تردا ، جۆرێکیش : خەشمیان لێگیراوە چونکە پاش

---

٢٤٢ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

ئەوەی هەقیان ناسی وازیان لێهێنا ، وە جۆرێکی گومڕاش : بە هۆی نەناسینی خوای پەروەردگاری هەقەوە ٠

باسی جێگیرکردنی قەدەرو چارەنوس و ، شەرع و ، ناو و ، سیفات و ، زیندوبونەوەو ، (النبوات)و ، پاکردنەوەی نەفس و ، چاکردنی دڵانی تێدایە ٠

باسی دادپەروەری و چاکەکاری و ، وەڵامدانەوەی ئەهلی بیدەعەو پوچێتی تێدایە ، وەکو ئەوەی لە کتێبە گەورەکەماندا (مدارج السالكين) باسمان کردووە ٠

بۆیە ئەگەر سورەتێك ئەمە باروحاڵی بێ ، بەڕاستی زۆر شایستیە بکرێت بە هۆکارێك بۆ وەرگرتنی شیفاو ، نوشتەیەك بێت بۆ کەسی پێوەدراو ٠

بە گشتی ٠ لەبەر ئەوەی سورەتی (الفاتحة) بەتەنها بەندایەتیکردن و ، ستایشکردنی خوای تعالای تێدایە ، هەروەها هەموو دەستەڵات پێدانێك و ، داوای یارمەتی و ، پشت پێ بەستن و ، داواکردنی هەموو نیعمەتێك لە خوای تعالی لە خۆ دەگرێت ، کە بەڕاستی ڕێنمویی کارە بۆ دەستخستنی هەموو نیعمەتێك و ، لادانی هەموو سزایەك ، بۆیە بوە بە گەورەترین دەرمانە شیفابەخشەکان ٠

گوتراوە : جێگەی نوشتەکە لەم سورەتدا بریتیە لە ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ [الفاتحة : ٤] واتە: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾ (خوایە) تەنها تۆ دەپەستین ﴿ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ وە تەنها لە تۆ داوای یارمەتی دەکەین[٢٤٣] ، بێگومان ئەم دوو ووشەیە بەهێزترین بەشەکانی ئەم دەرمانەن ، چونکە هەموو ئەمانە لە خۆ دەگرێت : دەستەڵات پێدان ، پشت بەستن ، پەنابردن ، داوای یارمەتیکردن ، پێویست بوون و داواکردن ، کۆکردنەوە لە نێوان گەورەترین مەبەستەکاندا : کە بریتیە لە بەتەنها پەرستنی خوای تعالاو ، بەرێزترین وەسیلەکانیشدا کە

٢٤٣ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

داواى يارمەتى كردنە بە تەنها لە خواى تعالى ، بۆ بەجێهێنانى پەرستنى تەواوى خۆى ، كە لە هيچ جێگەيەكى ديكەدا ئەم شتانە كۆ نەبۆتەوە · پێشەوا (ابن القيم) فەرموويەتى : لە مەككە بووم كاتێكم بە سەردا تێپەڕيوو نەخۆش كەوتم و ، پزيشك و دەرمانم دەست نەكەوت ، بۆيە خۆمم بەم سورەتە چارەسەر دەكرد ، دەچوم چەند قومێكم لە ئاوى زەمزەم دەهێناو ، چەند جارێك ئەم سورەتەم بەسەردا دەخوێندو ، پاشان دەمخواردەوە ، ئەوەبوو بوبە هۆى چاكبونەوەى تەواوم ، پاشان پشتم پێ دەبەست بۆ چارەسەركردنى هەر ئازارێكى تريش كە تووشم دەبوو ، بەوەش ئەوپەڕى سوودەم لێوەردەگرت ·

بەشێك : سەبارەت بەوەى كاريگەرى نوشتەكرن بە سورەتى (الفاتحة) و جگە لەويش نهێنيەكى سەرسوڕمێنى تێدايە لە چارەسەركردنى ژەهردارەكاندا :

لەم بارەوە كاريگەرى نووشتەكردن بە سورەتى (الفاتحة)و جگە لەويش نهێنيەكى سەرسوڕمێنى تێدايە سەبارەت بە چارەسەركردنى پێوەدانى ژەهردارەكان ، چونكە ژەهردارەكان چۆنيەتيە پيسە ژەهرەكانيان بەكاردەهێنن وەكو چەكێك بۆ خۆپاراستن كاتێ كە هەڵدەستن بە گەزتن و پێوەدان ، بەو كارەش هەڵناسن تاوەكو تووڕە نەبن ، ئەگەر تووڕەبوون ، ژەهرەكانيان هەڵدەچن و ، بە ئاميرەكانيان فڕێ دەدەن ، خواى پەروەردگاريش بۆ هەموو نەخۆشيەك دەرمانێكى داناوە ، بۆ هەموو شتێك دژێكى داناوە ، نەفسى ئەو كەسەى نووشتەكە دەكات كار لە نەفسى ئەو كەسە دەكات كە نووشتەكەى بۆ دەكرێت ، لە نێوان هەردوو نەفسەكەدا كارو كارتێكراوبوون دروست دەبێ ، وەكو ئەوەى لە نێوان نەخۆشى و دەرماندا دروست دەبێ ، بۆيە نەفس و هێزى ئەو كەسە نووشتەكە زياتر بە سەر نەخۆشيەكەدا زاڵ دەكات و ، بە ئيزنى خواى پەروەردگار لايدەبات · لێرەوە ڕوون دەبێتەوە كە تەوەرەى كاريگەرى دەرمان و نەخۆشيەكان لە سەر كارو كاتێكراوبوون وەستاوە ، چونكە بەهاوشێوەى ئەوەى كە لە نێوان نەخۆشى سروشتى و دەرمانە سرۆشتيەكاندا ڕوودەدات ، ئاوەهاش لە نێوان نەخۆشى ڕوحى و دەرمانە ڕوحيەكاندا ، وە

ڕوحانی و ، سروشتیەکاندا ڕوودەدات ، فوکردن و تفکردنیش هۆکاریکن پشت بە شیّ و هەواکەیان دەبەستریّت ، لە گەڵ ئەو نەفسەی نوشتەکە دەکات و ، لە گەڵ زیکرو نزاکردندا بەکاردیّن بۆ لادانی نەخۆشیەکە ، چونکە نوشتە لە دڵ و دەمی ئەو کەسەوە دەردەچیّت کە نوشتەکە دەکات ، بۆیە ئەگەر شتیّك لە تف و هەواو نەفەسی ناوەکی ئەو کەسەی لە گەڵدا بیّ کاریگەری تەواوی دەبیّ و ، کارو تیّپەڕبونیّکی بەهیّزیشی دەبیّ ، بە جووتکردنی نووشتەو تف و هەواکە دەرمانیّکی کاریگەری بەهیّز پەیدا دەبیّ کە دەچویّنریّت بەو دەرمانانەی کە بە ئاویّتەکردن بەدەست دیّن٠

بەگشتی ٠ نەفسی نوشتەکار بەرامبەر بە نەفسە خراپ و پیسەکان دەوەستیّتەوە ، ئەم شتەش زیاترو کاریگەرتر دەبیّ بە گویّرەی نەفسی نووشتەکار خۆی ، وە بە یارمەتی خویّندنی نوشتەکەو فوکردن ئەو ئاسەوارە لادەبات ، بۆیە هەرچەند نەفسی نوشتەکار بەهیّزتر بیّت ئەمەندە نووشتەکە تەواوتر دەبیّ ، نوشتەکاریش کە یارمەتی لە فوکردنی خۆی وەردەگریّت بە هاوشیّوەی ئەو نەفسە پیسانەیە کە یارمەتی لە گەزتن و پیّوەدانی خۆیان وەردەگرن ٠

فووکردن نهیّنیەکی تریشی تیّدایە ، چونکە هۆکاریّکە ڕوحە چاك و پیسەکانیش بەکاری دەهیّنن و یارمەتی لیّوەردەگرن ، بۆیە جادوگەرانیش بەکاریدەهیّنن وەکو هەر خەڵکیّکی باوەڕدار کە بەکاریدیّنن ٠

خوای تعالی فەرموویەتی : ﴿ ومنْ شرِّ النَّفاثاتِ في العُقَدِ ﴾ [الفلق : ٤] واتە : وە لە زیانی فووکەران (جادووکەران) بە گریّ یاندا [٢٤٤] ، چونکە نەفس لە گەڵ باریّکی تووڕەبوون و جەنگاندا ڕادیّت و ، نەفەسی وەکو تیریّکی خۆی دەنیّریّت و ، بە فوو تەف کۆمەکی دەکات کە کەمیّك لیّکیی لە گەڵدایە ، ئیتر بەیاوەری باریّکی کاریگەریش کاری خۆی ئەنجام دەدات ،

---

٢٤٤ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

جادوكەران يارمەتى لە فووكردن وەردەگرن بە ئاشكرا ، ئەگەرچى هيچ پەيوەنديەكيشى بە جەستەى كەسى جادوليكراوەوە نەبێ ، بەلكو فوو لە گرێكان دەكات و گرێ يان دەدات ، بە جادوو قسە دەكات و ، ئەو كارە بە كەسى جادولێكراو دەكات بە يارمەتى ڕوحە پيسەكانى خوارەوە ، ڕوحە پاك و چاكەكەش بە خوێندنى نوشتە بەرامبەرى دەوەستێت و دورى دەخاتەوەو ، لەم بارەشدا يارمەتى لە فووكردنى خۆى وەردەگرێت ، هەركاميان بەهيزتر بوون حوكم بۆ ئەو دەبێت · ڕوو بە ڕووبونەوەى هەندێ لە ڕووحەكان بەرامبەر بە هەندێكى تريان و ، جەنگكردنيان و ئەو كەرستانەى كە بەكارى دێنن ، لە ڕەگەزى ڕوو بە ڕووبونەوەى جەستەكان و ، جەنگكردنيانە و ئەو كەرستانەى كە بەكارى دێنن ، چونكە بنەڕەت لە هێزى جەنگين و ڕوو بە ڕووبونەوەى ڕوح و جەستەكاندا ئەو سەبازو كەرەستانەيە كە بەكار دەهێنرێن ، بەلام هەندێ كەس بيروهۆشى واى لێكردووە هەست بە كاريگەرى ڕوحەكان و كارو كاتێكرابوونيان نەكات ، چونكە لە لايەن بيروهۆشى خۆيەوە دەستى بەسەردا گيراوە ، خۆى لە جيهانى ڕوحەكان و ، حوكم و ، كردەوەكانيان بەدورگرتووە ·

مەبەستيش ئەوەيە كە : ئەگەر ڕوح بەهێز بوو و لە گەلْ ماناكانى سورەتى (الفاتحة)دا ڕاهات و ، كۆمەكى لە فووكردن و تفى خۆى وەرگرت ، ئەوا ڕوو بە ڕووى ئەو ئاسەوارە دەبێتەوە كە بە هۆى نەفسە پيسەكانەوە تووشى بووەو ، لايدەبات و دوريدەخاتەوە · والله أعلم ·

بەشێك : سەبارەت بە چارەسەركردنى پێومدانى دووپشك بە نوشتە :

رَوَى ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ فِي " مُسْنَدِهِ " ، مِنْ حَدِيثِ عَبْدِ اللّهِ بْنِ مَسْعُودٍ ، قَالَ : بَيْنَا رَسُولُ اللّهِ ﷺ يُصَلّي ، إذْ سَجَدَ فَلَدَغَتْهُ عَقْرَبٌ فِي أُصْبُعِهِ ، فَانْصَرَفَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ وَقَالَ : " ((لَعَنَ

اللّهُ الْعَقْرَبَ مَا تَدَعُ نَبِيًا وَلَا غَيْرَهُ))(٢٤٥) ، قَالَ : ثُمّ دَعَا بِإِنَاءٍ فِيهِ مَاءٌ وَمِلْحٌ ، فَجَعَلَ يَضَعُ مَوْضِعَ اللّدْغَةِ فِي الْمَاءِ وَالْمِلْحِ ، وَيَقْرَأُ ﴿ قُلْ هُوَ اللّهُ أَحَدٌ ﴾ وَالْمُعَوّذَتَيْنِ ، حَتّى سَكَنَتْ.

واته : له (عبدالله)ی کوڕی (مسعود)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموویەتی : له کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد ، که چووه سوجده دووپشکێك دای به پەنجەیەوه ، پێغەمبەری خوا ﷺ سلاّوی نوێژەکەی دایەوەو فەرمووی : ((نەفرینی خوا له دووپشك بێت که نه له پێغەمبەرێك و نه له کەسێکی تریش واز دێنیّ)) ، (عبدالله) فەرمووی : پاشان بانگی کرد قاپێکی بۆ بێنن ئاو خوێی تێدا بێت ، ئەوەبوو شوێنی پێوەدانەکەی دەخسته نێو ئاو و خوێکەو ، ﴿ قل هو الله أحد ﴾ و (المعوذتين) دەخوێند ، تاوەکو ئازارەکەی نیشتەوه .

ئەو سوودانەی له سورەتی (الإخلاص) دایه بۆ چارەسەرکردنی کەسی پێوەدراو :

چارەسەری نێو ئەم فەرموودەیه به دەرمانێکی ئاوێته کراوه له دوو شت : سروشتی و خوایی ، چونکه سورەتی (الإخلاص) یەکتاپەرستی زانستی باوەڕیی (التوحيد العلمي الأعتقادي) له خۆ دەگرێت . جێگیرکردنی تەنهایی بۆ خوای تێدایه ، که پێویسته هەموو هاوبەشێکی لیّ دورخەیتەوه .

جێگرکردنی (الصمدية)ی تێدایه ، واته سیفاتەکانی له هەموو ڕوویەکەوه ئەوپەڕی بلّندن له تەواوێتیدا ، به ئاستێك هەموو بونەوەر ڕووی تێدەکەن بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکانیان ، له ئاسمان و له زەمین .

٢٤٥ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٢٩٠٥) ، وصححه الألباني في الصحيحة (٥٤٨) .

نەفيكردنى باب و كوڕو ، هاوتا و هاوشان و ، لق و منداڵ و هاو وێنەو ، هاوچەشنى تێدايە.
چونكە هەموو ئەوانە تەنها تايبەتن بە پەروەردگارەوەو بەم شێوە ئەم سورەتە لە جێى سىٚ يەكى قورئانە ٠

ناوى (الصمد) شێوەى تەواوى بىٚ كەم و كوڕى دەبەخشێت ٠ نەفيكردنى (الكُفْءِ) نەفيكردنى هاوشێوەو هاوشان دەبەخشێت ٠ ووشەى (الأحد)يش نەفيكردنى هەموو هاوبەشێكە بۆ خواى پەروەردگار ، ئەم سىٚ بنەڕەتانەش كۆكەرەوەى يەكتاپەرستنە ٠

ئەو سوودانەى لە (المعوذتين) دايە بۆ چارەسەركردنى كەسى پێومدراو :

(المعوذتين) پەناگرتنە لە هەموو شەڕو خراپەو نەويستراوێك بەگشتى ، چونكە كە مرۆڤ پەنا بەخوا دەگرێت لە خراپەو شەڕى هەموو ئەوانەى كە خواى تعالى دروستى كردوون ، ئەوا بەتێكڕا هەموو خراپەو شەڕێك دەگرێتەوە ، بە يەكسانى ئەگەر لە جەستەدا بن ياخود لە ڕوحەكاندا ٠

هەروەها پەناگرتنى تێدايە لەو خراپانەى لە شەودا ڕوودەدەن و ، نيشانەشى ئاوابونى مانگە ، كە بريتيە لە پەناگرتن بەخوا لە خراپەى هەموو ئەو روحە پيسانەى تيايدا بڵاو دەبنەوە ، كە پێشتر ڕوناكى ڕۆژو ڕوناكى مانگ قەدەغەى بڵاوبونەوەى لىٚ دەكردن ، بەڵام بە ئاوابونى ڕۆژو مانگ و داهاتنى تاريكى ، ئەو ڕوحە خراپە زيانبەخشانە بڵاوبونەوەو دەستيان بە خراپى كرد ٠

پەناگرتن لە شەڕى فوكەران بە گرێكانياندا واتە پەناگرتنە لە شەڕو خراپەى جادوكران و جادوكانيان ٠ پەناگرتنيش لە شەڕوخراپەى كەسانى ئێرەيى بەر ، واتە پەناگرتنە بەخوا لەو نەفسە پيسە زيانبەخشانەى كە بە ئێرەيى و چاوچنۆكى و تێڕوانينيان خراپە دروست دەكەن ٠

ســورەتی دووەمــیش واتــە ســورەتی (النــاس) پەناگرتنــە بــەخوا لــە شــەڕوخراپەی شــەیتانەکانی مرۆڤــ و جنۆکــە ، بەراســتی هــەردوو ســورەتەکە هــەموو پــەناگرتنێکیان بــەخوا کۆکردۆتــەوە ، لــە هــەموو شــەڕو خراپەیــەك ، پلەیــەکی گەورەشــیان هەیــە بــۆ خۆپــارێزیی و قەڵابەنــدی لــە شــەڕوخراپە پــێش ئــەوەی ڕوویــدەن ، ولهـذا أوصـى النبيُّ ﷺ عُقبةَ بن عـامر بقراءتهما عقَبَ كُلِّ صلاةٍ[٢٤٦]، ذكـره الترمـذي في جامعـه ٠ واتـە : بۆیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ (عُقبةُ)ی کوڕی (عامر)ی ڕاسپارد پاش هەموو نوێژێك (المعوذتين) بخوێنێت ٠

نهێنیەکی گەورە لەمەدا بەدیدەکرێت بۆ دورخستنەوەی شەڕو خراپە لە نوێژێکەوە بۆ نوێـژێکی تـر ٠ پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : هــەرگیز پــەناگرتنان (المتعـوذون) نەینتوانیوە بە شـتێکی تـری هاوشـێوەی (المعـوذتين) پـەنا بـەخوا بگـرن ٠ باسـکراوە کـەوا پێغەمبەری خوا ﷺبە دوازدە گرێ جادوی لێکراو ، (جبريـل) ـ عليـه السـلام ـ (المعـوذتين)ی بۆ دابەزاندو ، ئەویش کـە ئایـەتێکی دەخوێنـد گرێیـەك دەکرایـەوە ، تـاوەکو هـەر دوازدە گرێکە کرانەوەو ، ئەوەبوو هەستا وەکو ئەوەی لە پێوەندێك ڕزگار کرابێ ٠

سوود لە خوێدایە بۆ چارەسەرکردنی پێوەدان :

بەڵام بۆ چارە سەری سروشتی ، ماددەی خـوێ بـۆ لابردنـی زۆرێـك لـە ژەهرەکـان سـوودی هەیـە ، بەتایبـەت پێـوەدانی دووپشـك ، دانـەری کتـێبی (القـانون) دەڵێـت : لـە گـەڵ تـۆوی کەتاندا (بزرِ الكتّـان) بـۆ پێـوەدانی دووپشـك بـەکاردێت ، هـەروەها کەسـانی تـریش هـەمان شتیان باس کردووە ٠ خوێش هێزێکی ڕاکێشانی تێدایە ژەهر ڕادەکێشێت و شـی دەکاتـەوە ، لەبــەر ئــەوەی گــەزتن و پێــوەدانی دووپشــك هێزێکــی ئــاگرینی تێدایــەو پێویســتی بــە

---

٢٤٦ ـ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ١٥٥ ، ٢٠١) ، وأبوداود (١٥٢٣) ، والترمذي (٢٩٠٣) ، والنسائي (٣ / ٦٨) ، وابن خزيمة (٧٥٥) ، كلهم عن علي بن رباح عن عقبة بن عامر قال : ((أمرني رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ أن أقرأ المعوذات دبر كل صلاة)) ٠

ساردكردنەوەو ڕاكێشان و دەرهێنان دەبێت بۆیە پێغەمبەری خوا _ صلى الله عليه وسلم _ هەستا بە كۆكردنەوە لە نێوان ئاو بۆ ساردكەرەوەی گەزتن و پێوەدانەكەو ، خوێدا كە هێزێكی ڕاكێشان و دەرهێنانی هەیە ، ئەمەش تەواوترین و ئاسانترین شێوەكانی چارەسەرە ، ئاگاداركردنەوەی ئێمەشە كەوا چارەسەری ئەم نەخۆشیە بە ساردكردنەوەو ڕاكێشان و دەرهێنان دەبێ . والله أعلم .

قَدْ رَوَى مُسْلِمٌ فِي " صَحِيحِهِ " عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا لَقِيتُ مِنْ عَقْرَبٍ لَدَغَتْنِي الْبَارِحَةَ ، فَقَالَ :((أَمَا لَوْ قُلْتَ حِينَ أَمْسَيْتَ أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ ، لَمْ تَضُرَّكَ))(٢٤٧) .

واتە: لە (أبي هريرة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا چ ئازارێكم پێگەشت بەهۆی دووپشكێكەوە كە ئەمشەو پێوەیدام ، ئەویش فەرمووی : ((ئەگەر سەر لە ئێوارە بتگوتایە : پەنا دەگرم بە ووشە تەواوەكانی خوای تعالی لە زیانی ئەو شتانەی دروستی كردووە ، ئەوا زیانی پێ نەدەگەیاندی)) .

بزانە كە دەرمانە سروشتیە خوایەكان بەسوودە بۆ نەخۆشیەكان پاش ڕودانی ، وە قەدەغەی ڕوودانیشی دەكات ، ئەگەر ڕووشبدات بە ڕوودانێكی زیانبەخش ڕوونادات ، ئەگەرچی بە ئازاریش بێت . لە ڕاستیدا دەرمانە سرووشتیەكان بەسوود دەبێ پاش ڕوودانی نەخۆشیەكە . بەڵام پەناگرتنەكان و زیكرەكان ، یاخود قەدەغەی ڕوودانی هۆكاری نەخۆشیەكان دەكات ، یان ناهێڵێت كاریگەریەكی تەواوی هەبێت ، ئەوەش بە گوێرەی

---

٢٤٧ _ صحيح : أخرجه مالك في موطئه (٥٩٠) ، وأحمد (٢ / ٣٧٥) ، والبخاري في خلق أفعال العباد (٥٨) ، ومسلم (٨ / ٧٦) ، وابن ماجة (٣٥١٨) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (٥٨٧) ، (٥٨٨) ، (٥٨٩) ، (٥٩١) ، (٥٩٢) كلهم عن أبي صالح عن أبي هريرة فذكره .

تەواوی و بەهێزی و لاوازی پەناگرتنەکەیە ، نوشتەو پەناگرتنەکان بۆ پاراستنی تەندروستی و لابردنی نەخۆشی بەکاردەهێنرێت ، بۆ یەکەم : کە پاراستنی تەندروستیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : فِي الصَّحِيحَيْنِ " مِنْ حَدِيثِ عَائِشَةَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ نَفَثَ فِي كَفَّيْهِ : ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ . ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا وَجْهَهُ ، وَمَا بَلَغَتْ يَدُهُ مِنْ جَسَدِهِ[٢٤٨] واتە : خاتوو (عائشة) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بچوایەتە سەر نوێنەکەی فووی بە هەدوو دەستیدا دەکردو : ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾و (الْمُعَوِّذَتَيْنِ)ی تێدا دەخوێندو ، پاشان دەهێنا بە دەم و چاوی و ، ئەوەی دەستی پێگەشتایە لە جەستەی ٠

وكَمَا فِي حَدِيثِ عُوذَةِ أَبِي الدَّرْدَاءِ الْمَرْفُوعِ : اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ عَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ، وَقَدْ تَقَدَّمَ وَفِيهِ : مَنْ قَالَهَا أَوَّلَ نَهَارِهِ لَمْ تُصِبْهُ مُصِيبَةٌ حَتَّى يُمْسِيَ ، وَمَنْ قَالَهَا آخِرَ نَهَارِهِ لَمْ تُصِبْهُ مُصِيبَةٌ حَتَّى يُصْبِحَ[٢٤٩] .

واتە : (أبي الدرداء) _ خوای لێ ڕازی بێت _ بەم شێوە پەنای بە خوا دەگرت : پەروەردگارا تۆ پەروەردگاری منی هیچ خوایەکی تر نی یە بە هەق جگە لە تۆ ، پشتم بە تۆ بەست و تۆ پەروەردگاری عەرشی مەزنی ، ئەمەشی تێدایە : هەرکەس سەرەتای ڕۆژ بیخوێنێت هیچ بەڵایەکی تووش نابێت تاوەکو ئێوارەو ، هەرکەس لە کۆتای ڕۆژدا خوێندی هیچ بەڵایەکی تووش نابیٚ تاوەکو ڕۆژ دەکاتەوە ٠

---

٢٤٨ _ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ١١٦ ، ١٥٤) ، وعبد بن حميد (١٤٨٤) ، والبخاري (٦ / ٢٣٣) ، (٨ / ٨٧) ، (٧ / ١٧٢) ، وأبوداود (٥٠٥٦) ، وابن ماجة (٣٨٧٥) ، والترمذي (٣٤٠٢) ، وفي الشمائل (٢٥٧) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (٧٨٨) كلهم عن ابن شعاب عن عروة عن عائشة فذكرته

٢٤٩ _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن السني في عمل اليوم والليلة (٢٠ ، ٢١) ، وضعفه الألباني في ضعيف الترغيب والترهيب (٣٨٢) ٠

وكَمَا فِي " الصّحِيحَيْنِ " : ((مَنْ قَرَأَ الْآيَتَيْنِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِي لَيْلَةٍ : كَفَتَاهُ))[٢٥٠].

واته : له (الصحيحين)دا هاتووه : ((هەركەس دوو ئایەتەكەی كۆتایی سورەتی (البقرة) له شەودا بخوێنێ : بەسیەتی)) .

وكَمَا فِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ " عَنْ النَّبِيِّ ﷺ ((مَنْ نَزَلَ مَنْزِلًا فَقَالَ : أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ ، لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ))[٢٥١].

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەركەس له شوێنێكدا دابەزی و پاشان گوتی : پەنا دەگرم بە ووشەتەواوەكانی خوای تعالی له شەڕی هەموو شتێ كە دروستی كردووه ، هیچ شتێ زیانی پێناگەیەنێت تا لەو شوێنە كۆچ دەكات)) .

وكَمَا فِي " سُنَنِ أَبِي دَاوُدَ أَنّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ فِي السّفَرِ يَقُولُ بِاللّيْلِ : ((يَا أَرْضُ رَبِّي وَرَبُّكِ اللّهُ ، أَعُوذُ بِاَللّهِ مِنْ شَرِّكِ وَشَرِّ مَا فِيكِ ، وَشَرِّ مَا يَدُبّ عَلَيْكِ ، أَعُوذُ بِاَللّهِ مِنْ أَسَدٍ وَأَسْوَدٍ ، وَمِنْ الْحَيّةِ وَالْعَقْرَبِ ، وَمِنْ سَاكِنِ الْبَلَدِ ، وَمِنْ وَالِدٍ وَمَا وَلَدَ))[٢٥٢].

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەفەردا بەشەو دەیفەرموو : ئەی زەمین پەروەردگارم و پەروەردگارت خوایە ، پەنادەگرم بە خوا لە شەڕوخراپەت و شەڕوخراپەی ئەوەی تێتدایەو ،

---

٢٥٠ ـ صحيح : أخرجه الحميدي (٤٥٢) ، وأحمد (٤ / ١٢١) ، والبخاري (٥ / ١٠٧) ، (٦ / ٢٤٢) ، ومسلم (٢ / ١٩٨) وابن ماجة (١٣٦٨) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (٧٢٠) ، وفي فضائل القرآن (٢٩) ، (٤٥) ، وابن خزيمة (١١٤١) ، كلهم عن طريق إبراهيم عن عبدالرحمن بن يزيد عن علقمة عن أبي مسعود فذكره .

٢٥١ ـ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٣٧٧) ، والبخاري في خلق أفعال العباد (٥٧ ، ٥٨) ، ومسلم (٨ / ٧٦) ، والترمذي (٣٤٣٧) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (٥٦٠) كلهم عن سعد بن أبي وقاص قال : سمعت خولة بنت حكيم فذكرته مرفوعاً

٢٥٢ ـ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨٨٧) ، وأحمد (٢ / ١٢٣) وضعفه الألباني في ضعيف أبي داود (٥٦٠) .

لە شەروخراپەی ئەوەی بەسەردا دەچێت ، پەنادەگرم بەخوا لە شێرو ڕەش ، لە مارو دووپشك و ، لە نیشتەنی وەڵات و ، لە باوەك و ئەوەی لێی کەوتۆتەوە ٠

بەڵام دووەم : کە لابردنی نەخۆشیە ، وەکو هەموو ئەو نوشتانەیە کە بە سورەتی (الفاتحة) دەکرێت ، یاخود وەکو نووشتەی پێوەدانی دووپشك ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوشتەکردندا بۆ برینەکانی پێستی ناسراو بە (النملة) :

قَدْ تَقَدّمَ مِنْ حَدِيثِ أَنَسِ الّذِي فِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ أَنّهُ ﷺ رَخّصَ فِي الرّقْيَةِ مِنْ الْحُمَةِ وَالْعَيْنِ وَالنّمْلَةِ[٢٥٣] .

واتە : (أنس) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی داوە نوشتە بکرێت بۆ بەچاوەوەبوون و ، پێوەدانی جانەوەرە ژەهردارەکان و ، ئەو برین و زامانەی لە لاکانی مرۆڤدا دروست دەبن ٠

وَفِي " سُنَنِ أَبِي دَاوُدَ عَنْ الشّفَاءِ بِنْتِ عَبْدِ اللّهِ ، قالت : دَخَلَ عَلَيّ رَسُولُ اللّهِ ﷺ وَأَنَا عِنْدَ حَفْصَةَ ، فَقَالَ : ((أَلَا تُعَلّمِينَ هَذِهِ رُقْيَةَ النّمْلَةِ كَمَا عَلّمْتِيهَا الْكِتَابَةَ))[٢٥٤] .

واتە : لە (الشّفاء)ی کچی (عبدالله)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : من لە خزمەتی (حَفصَة)دا بووم کە پێغەمبەری خوا ﷺ دیدەنی کردم و فەرمووی : ((ئەوەبۆ ئەمە فێری نوشتەی برینی پێست ناکەی وەکو ئەوەی فێری نووسینت کرد)) ٠

---

٢٥٣ _ تقدم تخريجه ٠

٢٥٤ _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٣٨٨٧) ، وأحمد (٦ / ٣٧٢) ، وصححه الألباني في الصحيحة (١٧٨٠) ٠

(النَّملة) : برينێكه له پێستی لاكانی مرۆڤدا دروست دەبێت ، نەخۆشیەكی ناسراوەو ، ناونراوه بە (النَّملة) ، چونكه كەسی تووش بوو واهەست دەكات كە میرولەیەك بەسەر پێستیدا ڕێ دەكات و گازی لێدەگرێت ، سێ جۆری هەیه ، (ابن قتیبة)و كەسانی تریش دەڵێن : مەجوسەكان وایان ڕادەگەیاند كه ئەگەر كوڕی پیاو لە خوشكیەوه خەت بە دەوری میرولەدا بكێشێت ، كەسی تووش بوو چاك دەبێتەوه ٠ ئالێرەشەوه شاعیر گوفتاری شیعرەكەی وەرگرتووه

وَلَا عَيْبَ فِينَــا غَيْــرَ عُــرْفٍ لِمَعْشَــرٍ كِــرَامٍ وَأنّا لَا نَخُــطّ عَلَى النّمْلِ

واته :

هیچ عەیبێكمان نی یه جگه لەوەی وچەی كۆمەڵێكی

وجاخ زادەین و ئێمه مەجوس نین تا خەت به دەوری مێرولەدا بكێشین

(الخلّال) دەگێڕێتەوەو دەڵێت : (الشِّفاء)ی كچی (عبدالله) لە تاقی نەفامیدا نووشتەی دەخوێند بۆ برینی پیستی لاكانی مرۆڤ ، كاتێ كۆچی كرد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و پیشتریش لە مەككە گفتی پێ دابوو ، پێی فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا من لە تاقی نەفامیدا نووشتەم دەكرد بۆ برینەكانی پێست و ، دەمەوێ بیخەمەڕووت ، ئەوەبوو بۆی خوێندەوەو فەرمووی : بِسْمِ اللّهِ ضَلّتْ حَتّى تَعُودَ مِنْ أفْوَاهِهَا ، وَلَا تَضُرّ أحَدًا ، اللّهُمّ اكْشِفْ الْبَأسَ رَبّ النّاسِ ، قَالَ : تَرْقِي بِهَا عَلَى عُودٍ سَبْعَ مَرّاتٍ ، وَتَقْصِدُ مَكَانًا نَظِيفًا ، وَتَدْلُكُهُ عَلَى حَجَرٍ بِخَلّ خَمْرٍ حَاذِقٍ ، وَتَطْلِيهِ عَلَى النّمْلَةِ واته : بەناوی خوا بوەستێت تا لە دەمەكانی دەگەڕێتەوه ، پەروەردگارا نەخۆشیەكه لابەره ئەی پەروەردگاری خەڵك ، دەڵێ : حەوت جار نوشتەكەی بەسەر دارێكدا دەخوێندو ، لە جێگەیەكی خاوێندا دایدەناو ، پاشان لە گەڵ سركەی شەرابێكی پاكدا دەیهێنایه سەر بەردێكدا تا وورد دەبوو ، پاشان برینەكەی تێدەگرت ٠ لە فەرموودەكشەوه ڕوون دەبێتەوه كه : شیاوه ژن فێری نوسین بكرێت ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نووشتەكردندا بۆ مار :

پیشتر ئاماژەی پێدرا كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : لەوە چاكتر نابێ نوشتە بكرێت بۆ بەچاوەوەبوون و ، پێوەدانی جانەوەرە ژەهردارەكان و ، ئەو برین و زامانەی لە لاكانی مرۆڤدا دروست دەبن ٠

وَفِي " سُنَنِ ابْنِ مَاجَهْ " مِنْ حَدِيثِ عَائِشَةَ : رَخَّصَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي الرُّقْيَةِ مِنْ الْحَيَّةِ وَالْعَقْرَبِ(٢٥٥) ٠

واتە لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی داوە نووشتە بۆ گەزتن و پێوەدانی مارو دووپشك بكرێت ٠

هەروەها لە پێشەوا (الزهري)وە دەگێڕنەوە ، فەرموویەتی : مارێك كەسانێكی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ گەزت ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئایا كەسێك هەیە نووشتە بكات ؟ فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا (آل حزم) نووشتەی ماریان دەكرد ، بەڵام كە قەدەغەی نووشتەت كرد وازیان لێهێنا ، فەرمووی (عُمارة)ی كوڕی (حزم)م بۆ بانگ بكەن ئەوەبوو بانگیان كردو ، ئەویش نووشتەكانی خستەڕووی پێغەمبەری خوا ﷺو ، بۆیە فەرمووی : هیچی تێدا نی یەو مۆڵەتی داو نووشتەی بۆ كردن ٠

---

٢٥٥ _ أخرجه ابن ماجة في سننه (٣٥١٧) عن طريق أبي الأحوص عن مغيرة عن ابراهيم عن الأسود فذكره عن عائشة ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نووشتكردندا بۆ زام و برینەكان :

أخْرَجَا فِي " الصّحِيحَيْنِ " عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ : كَانَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ إذَا اشْتَكَى الْإِنْسَانُ أَوْ كَانَتْ بِهِ قَرْحَةٌ أَوْ جُرْحٌ ، قَالَ بِأُصْبُعِهِ : هَكَذَا وَوَضَعَ سُفْيَانُ سَبّابَتَهُ بِالْأَرْضِ ، ثُمّ رَفَعَهَا وَقَالَ : ((بِسْمِ اللّهِ تُرْبَةُ أَرْضِنَا بِرِيقَةِ بَعْضِنَا ، يُشْفَى سَقِيمُنَا بِإِذْنِ رَبّنَا))(٢٥٦).

واتە : لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر مرۆڤێك ئازاری بوایە یاخود زامێك یا برینێكی پێوەبوایە ، بە پەنجەی ئاماژەی دەكرد : (سُفیان) پەنجەی شایتومانی خستەسەر زەویەكەو ، پاشان بەرزی كردەوەو فەرمووی : بەناوی خوا خاكی زەویەكەمان لە گەڵ لیكی خۆمان ، ببێت بە شیفای نەخۆشەكەمان بە فەرمانی خوا ٠

ئەمە لە چارەسەرە ئاسانە بەسودە ئاوێتەكانە ، بریتیە لە چارەسەرێكی نەرم و نیان كە زام و برینە شێدارەكانی پێ چارەسەر دەكرێت ، بەتایبەت لە كاتی نەبوونی دەرمانی دیكەدا ، چونكە لە هەموو زەویەكدا فەراهەمە ، بەڕاستی زانراوە كە سروشتی خاكی پوخت ساردو ووشكەو ، ووشكەرەوەی شێی برین و زامەكانیشە ، ئەو برین و زامانەی كە ناهێڵێت سروشت بە باشی كاری خۆی بكات و ، بەخێرایی ساڕێژ بنەوە ، بەتایبەت لە وەڵاتە

---

٢٥٦ _ صحيح : أخرجه الحميدي (٢٥٢) ، وأحمد (٦ / ٩٣) ، والبخاري (٧ / ١٧٢) ، ومسلم (٧ / ١٧) ، وأبوداود (٣٨٩٥) ، وابن ماجة (٣٥٢١) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (١٠٢٣) كلهم عن عمرة عن عائشة فذكرته ٠ مانای فەرموودەكەش ئەوەیە كە : هەندێ لە لیكی خۆی بە پەنجەی شایتومان هەڵدەگرێت و ، پاشان دەیخاتە سەر خاكەكە تا شتێكی پێوە دەلكێت و ، جێكە بریندارەكەی پێ دەسرێت و هاوكاتی سرینەكەش ئەم زیكرە دەخوێنێت ٠

گەرمەکان و ، خاوەن میزاجە گەرمەکاندا . برین و زامەکانیش بەزۆری میزاجێکی خراپی گەرم بۆ مرۆڤ دروست دەکات ، لەم بارەدا گەرمی وەڵات و میزاج و برین و زام کۆدەبنەوەو ، سروشتی خاکی پوختیش ساردو ووشکەو لە هەموو دەرمانە تاکە ساردەکانی تریش ساردترە ، بۆیە ساردی خاکەکە ڕوو بە ڕووی گەرمی نەخۆشیەکە دەبێتەوە ، بەتایبەت ئەگەر خاکەکە شۆردرابێت و ووشك کرابێتەوە ، هەروەها برین و زامەکان زۆریك لە کێماو شێی پیس دروست دەکات و ، خاکیش ووشکیان دەکاتەوەو ، بەهۆی ئەو خاسیەتە ووشکردنەوە کە تیایدایە ئەو شێ و کێماوە پیسانە لادەبات ، کە ڕێگیری لە چاکبوونەوەی برینەکە دەکات و ، بەوەش میزاجی ئەندامە نەخۆشەکە ڕاست دەبێتەوەو ، هەرکات میزاجی ئەندامە نەخۆشەکە ڕاست بویەوە ، هێزە چارەسازەکانیشی ڕاست دەبێتەوەو ، بە فەرمانی خوای تعالی نەخۆشیەکە لادەبات .

مانای فەرموودەکەش ئەوەیە : کەوا کەسی نووشتەکار بە پەنجەی شایتومانی لێکی خۆی هەڵدەگرێت و ، پاشان دەیخاتە سەر زەویەکەو ، هەندێ خاکی پێوە دەلکێت و ، برینەکەی پێ دەسرێت و ، هاوکاتی سڕینەکەش ئەو زیکرە دوخوێنێت ، چونکە فرویەرەکەتی زیکری خوای پەروەردگاری تێدایە ، هەروەها پیسپاردنی باروحاڵی خۆیە بە خوای تعالی ، پشت بەستنیشە بەو زاتە ، بۆیە هەردوو چارەسەرەکە دەچنە پاڵ یەکترو ، کاریگەریەکەیان بەهێزتر دەبێ .

ئایا مەبەست بە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ (تُرْبَةُ أَرْضِنَا) واتە : خاکی زەویەکەمان ، تایبەتە بە خاکی مەدینەی پیرۆزەوە یا هەموو خاکێك دەگرێتەوە ؟ دوو بیروبۆچونی تێدایە ، بێ گومان هەندێ خاك چەند خاسیەتێکی تێدایە بەو خاسیەتەیەوە بەسوود دەبێت بۆ نەخۆشیگەلێکی زۆرو ، چەندین نەخۆشی پیسیشی پێ چارەسەر دەکرێت .

(جالینوس) دەڵێت : لە ئیسكەندەریە چاوم بە كەسانێكی زۆری جگەر نەخۆش و ، نەخۆشانی ئاوبەنگ كەوت ، قوڕی میسر بەكاردێنن ، لاق و ، ڕان و ، باڵ و ، پشت و ، پەراسووەكانی خۆیانیان تێدەگرت و ، سودێكی زۆریان لێدەبینی . دەڵێت : بەم جۆرە لەوانەیە ئەم تێهەڵسوینە بەسوود بێت بۆ زۆرێك لە ئاوسانە بۆگەن و نەرم و شلەكان ، دەڵێت : من كاسانێك دەناسم هەموو جەستەیان شل و خاو بۆتەوە ، لەبەر دەرهاوێشتنی خوێنێكی زۆر لە ژێرەوە ، سودێكی زۆریان لەم قوڕە بینیوە ، كەسانێكی تریش نەخۆشیگەلێكی درێژخایەنیان پێ چارەسەركرد كە بە توندی جێگیربوبو لە هەندێ ئەندامەكانیاندا ، ئەوەبوو چاكبونەوەو نەخۆشیەكەیان بە یەكجاری لاچوو .

دانەری كتێبی (المسیحيّ) دەڵێت : هێزی قوڕی هێنراو لە (كنوس)ەوە كە بەدورگەی (المصطكي) ناودەبرێت هێزێكە كە لادەبات و دەشواتەوە ، گوشتی برینەكان دوبارە دەڕوێنتەوەو ، سارێژیان دەكاتەوە . گوتەكانی تەواوبوو .

بۆیە ئەگەر ئەم سوودانە لەو خاكانەدا هەبێت ، دەبێ پاكترین خاكی سەر زەمین و فرەبەرەكەترینیان چۆن بێ كە مەدینەی پیرۆزە ، بە تایبەت كە تێكەڵیش بوو بە لیكی پێغەمبەری خوا ﷺ پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ نووشتەكەی لە گەڵ ناوی پەروەردگاریدا جووت كردو ، ئەم كارەشی بە خوای تعالى سپارد ، وەكو پێشتریش ئاماژەی پێدرا كە بەهێزی و كاریگەریی نووشتە بەگوێرەی باری ئەو كەسەیە كە نووشتەكە دەكات ، هەروەها ئاستی كارتێكراوبونی كەسی نووشتە بۆ كراوە بە نووشتەكەی ، ئەمەش هیچ پزیشكێكی موسڵمانی بەڕێز نكوڵیی لێناكات ، ئەگەر یەكێك لەم وەسفانە لەناوچون ، با هەرچی ئارەزوو دەكات بیلێت .

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی ئازاردا بە نووشتەکردن :

رَوَى مُسْلِمٌ فِي " صَحِيحِهِ " عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي العَاصِ ، أَنَّهُ شَكَى إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَجَعًا يَجِدُهُ فِي جَسَدِهِ مُنْذُ أَسْلَمَ ، فَقَالَ النَّبِيّ ﷺ ((ضَعْ يَدَكَ عَلَى الَّذِي تَأَلَّمَ مِنْ جَسَدِكَ وَقُلْ : بِسْمِ اللَّهِ ثَلَاثًا ، وَقُلْ سَبْعَ مَرَّاتٍ أَعُوذُ بِعِزَّةِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ))(٢٥٧) ٠

واتە : (عثمان)ی کوڕی (أبي العاص) ، سکاڵای ئازارێکی بردە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺکەوا لە جەستەیدا هەستی پێدەکات لەوکاتەوەی موسڵمان بووە ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((دەستت دابنێ لە سەر ئەو شوێنەی ئازاری هەیە لە جەستەت و بڵێ : بەناوی خوا سێ جارو ، حەوت جاریش بڵێ : پەنادەگرم بە شکۆمەندی و توانای خوای تعالی لە شڕو خراپەی ئەو ئازارەی هەستی پێدەکەم و خۆمی لێ پەنادەدەم))٠

لەم چارەسەردا ئاستێکی بەرزی وەکو زیکری خواو ، سپاردنی باروحاڵ بە خوای پەروەردگارو ، پەناگرتن بە شکۆمەندی و توانای خوای تعالی لە شەڕو خراپەی ئازاری تێدایە کە ئازارەکە دورخاتەوە ، دوبارەش دەکرێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەرترو چاکتر بێت ، بەهاوشێوەی دوبارەکردنەوەی دەرمان بۆ کردنەوە دەرەوەی مادە خراپەکە ، لە حەوتیشدا خاسیەتێك هەیە کە لە هیدیکەدا نی یە ٠

---

٢٥٧ _ صحيح : أخرجه مالك في موطئه (٥٨٥) ، وأحمد (٤ / ٢١) ، وعبد بن حميد (٣٨٢) ، ومسلم (٧ / ٢٠) ، وأبوداود (٣٨٩١) ، وابن ماجة (٣٥٢٢) ، والترمذي (٢٠٨٠) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (٩٩٩) ، (١٠٠١) ، كلهم من طريق نافع بن جبير عن عثمان بن أبي العاص فذكره ٠

وَفِي الصّحِيحَيْنِ " : أنّ النّبِيّ ﷺ كَانَ يُعَوّذُ بَعْضَ أهْلِهِ ، يَمْسَحُ بِيَدِهِ الْيُمْنَى ، وَيَقُولُ : ((اللّهُمّ رَبّ النّاسِ أذْهِبْ الْبَاسَ ، وَاشْفِ أنْتَ الشّافِي ، لَا شِفَاءَ إلّا شِفَاؤُك ، شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا))[٢٥٨] .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ نووشتەی بۆ کەسانێك لە کەس و کاری خۆی دەکردو ، دەستی ڕاستی دەهێنا بە شوێنی ئازارەکەداو ، دەیفەرموو : ((ئەی پەروەردگاری ئادەمیزاد ئەم ئازارە لابەرە ، شیفابدە تۆ شیفابەخشی ، شیفا نیە جگە لە شیفای تۆ ، شیفایەك نەخۆشی جیّ نەهێڵێت)) .

لەم نووشتەیدا لە خوای تعالى پاڕاونەتەوە بە شێوەی تەواوی بێ کەموکوڕی پەروەردگارێتی و ، شێوەی تەواوی بەزەی و ڕەحمەتی بە شیفادان و ، بەڕاستی تەنها هەر خۆی شیفابەخشەو ، بەڕاستی هیچ شیفایەك نی یە جگە لە شیفای ئەو زاتە ، بۆیە نووشتەکە پاڕانەوەیەك لە خۆدەگرێت بە تەواوی یەکتاپەرستی و چاکەو پەروەردگارێتی خوا باڵادەست.

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی خەماربوون بۆ گەرمی بەڵاو کارەسات :

قال تعالى : وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (١٥٥) الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ (١٥٦) أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ (١٥٧) ﴾ البقرة : ١٥٥ _ ١٥٧] واته : ﴿ وَبَشِّرِ ﴾ جا موژدە بدە ﴿ الصَّابِرِينَ﴾ بەخۆڕاگران ﴿ الَّذِينَ ﴾ ئەوانەی ﴿ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ ﴾ کە لە گەڵ دووچاری سەختیەك بوون ﴿ قَالُوا ﴾ دەڵێن ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا

٢٥٨ _ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٤٤ ، ٤٥ ، ١٠٩ ، ١١٤ ، ١٢٦ ، ١٢٧ ، ١٣١ ، ٢٧٨) ، والبخاري (٧ / ١٥٧ ، ١٧١ ، ١٧٣) ، ومسلم (٧ / ١٥ ، ١٦) ، وابن ماجة (١٦١٩) ، (٣٥٢٠) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (١٠١٠) ، (١٠١١) (١٠١٣) ، (١٠١٤) ، (١٠١٦) ، (١٠٩٦) كلهم عن مسرق عن عائشة فذكرته .

﴿ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴾ ئێمه هەر هی خواین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە ﴿ أُولَئِكَ ﴾ ئا ئەوانە ﴿ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ﴾ درودو بەزەیی بەسەر ئەواندا دەبارێ لە لایەن پەروەردگاریانەوە ﴿ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴾ وئەوانە ئەو کەسانەن کە هیدایەتیان وەرگرتووە [٢٥٩] .

وَفِي " الْمُسْنَد " عَنْهُ ﷺ أَنَّهُ قَالَ : ((مَا مِنْ أَحَدٍ تُصِيبُهُ مُصِيبَةٌ فَيَقُولُ : إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ، اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا ، إِلَّا أَجَارَهُ اللَّهُ فِي مُصِيبَتِهِ ، وَأَخْلَفَ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا)) [٣٦٠] .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەرکەسێك تووشی کارەساتیك بێت و بڵێت : (ئێمە هەر هی خواین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە) ، خوایە پاداشتم بدەرەوە لەسەر ئەو کارەساتەی تووشم بووەو چاکتر لەوەی لێت سەندووم پێم ببخەشە ، بەدڵنیایی خوای تعالی پاداشتی دەداتەوەو چاکتری پێ دەبەخشێت)) .

ئەم گوفتارانە چاکترین جۆرەکانی چارەسەرەو ، بەسوودترین شتێکیشە بۆی لە دونیاو ڕۆژی دوایدا ، چونکە دوو بنەڕەتی گەورە لەخۆدەگرێت ، ئەگەر بەندە لە زانینیان دڵنیابوو ، ئەوا دڵخۆش دەبێت و بیری لای کارەساتەکی نامێنێت :

یەکەمیان : بەندەو خێزان و سەروەت و سامانی موڵکی خوای پەروەردگارە بە حەقیقەت ، بە ئەمانەت لای دایناوە ، بۆیە ئەگەر لێی سەندەوە ، وەکو ئەوە وایە قەرزدەرێك ماڵەکەی لە قەرزار وەرگرێتەوە ، هەروەها ئابڵۆقەدراوە بە دوو نەبوون : نەبونێکی پێش و ، نەبونێکی

---

٢٥٩ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٣٦٠ ــ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ٢٧) ، وابن ماجة (١٥٩٨) ، والترمذي (٣٥١١) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (١٠٧٠) ، (١٠٧٢) كلهم عن أم سلمة عن أبي سلمة فذكره . وأخرجه أحمد (٦ / ٣٠٩) ، ومسلم (٣ / ٣٧ ، ٣٨) عن ابن سفينة عن أم سلمة فذكرته ، وليس فيه أبوسلمة .

پاش ، سەروەت و سامانی بەندەش خۆشیەکی کاتی هەیە بۆ ماوەیەکی کەم ، هەروەها بەندە خودی خۆی ئەو ماڵ و سامانەی لە نەبونەوە بەدینەهێناوە ، بۆ ئەوەی ببێت بە موڵکی خۆی بە حەقیقەت ، هەروەها خودی خۆشی توانای پاراستنی ماڵەکەی نی یە لەو بالایانەی تووشی دەبێ پاش بوونی ، مانەوەی ماڵ و سامانەکەش لەسەر ئەم نەوەستاوەتەوە ، بۆیە بەندە هیچ کاریگەریەکی بەسەر ئەو سامانەوە نی یەو ، بەحەقیقەتیش موڵکی ئەو نی یە ، هەروەها تەصرڕوفی پێوە دەكات وەکو تەصرڕوفی بەندەیەکی فەرمان پێکراو و قەدەغەکراو ، نەك وەکو تەصرڕوفی ئەوەی خۆی خاوەنی بێت ، بۆیە شیاو نی یە تەصرڕوفی تێدا بکات مەگەر گونجاوی فەرمانی خاوەنە حەقیقەکەی بێت ٠

دووەم : دەرەنجامی بەندەو گەڕانەوەی تەنها بۆ لای پەروەردگارە حەقەکەیەتی و ، دەبێ دونیاش بەجێبێڵێت و ، بەتاکی وەکو ئەوەی یەکەمجار خوڵقاندی بەبێ کەسوکارو خێزان و خێڵ و سەروەت و سامان بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری ، بەڵکو تەنها چاکەو خراپەکەی دەبات ، بۆیە ئەگەر ئەمە سەرەتای بەندەو کۆتایەکەی بێت ، ئیتر چۆن دڵخۆش بێت بە بوون ، یا خەمبار بێت بۆ نەبوون ، بۆیە بیرکردنەوەی بەندە لە سەرەتای بوون و دەرەنجام و کۆتایی خودی خۆی لە گەورەترین چارەسەریەکانی ئەم نەخۆشیەیە ، لە چارەسەریەکانی تریشی ئەوەیە کە بەبێ دڵاودڵی بزانێت ئەوەی تووشی بووە بەدڵنیایی لێی بەهەڵەدا نەدەچوو ، ئەوەش لێیْ بەهەڵەدا چووە هەرگیز تووشی نەدەبوو.

قال تعالى : مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ على اللهِ يَسِيرٌ ٠ لِكَيْ لا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿ الحديد : ٢٢ — ٢٣ ﴾ واته : ﴿ مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ ﴾ هیچ زیان و بەلایەك ڕووی نەداوە ﴿ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ ﴾ نە لە زەوی و نە لە خودی خۆتاندا ﴿ إِلا فِي كِتَابٍ ﴾ ئیلا لە (لوح المحفوظ)دا نوسراوە ﴿ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَ ﴾ پێش ئەوەی بەدی بهێنین ﴿ إِنَّ ذَلِكَ على اللهِ يَسِيرٌ ﴾ بێ گومان ئەوە بۆ خوا زۆر ئاسانە ﴿ لِكَيْ لا تَأْسَوْا ﴾ تا خەفەت

نەخۆن ﴿ عَلَى مَا فَاتَكُمْ ﴾ بۆ ئەوەی لە دەستتان چووە ﴿ وَلا تَفْرَحُوا ﴾ وە دڵخۆش و غەڕانەبن ﴿ بِمَا آتَاكُمْ ﴾ بەوەی کە پێی داون ﴿ وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾ وە خوا هیچ خۆبەزل زانێکی شانازی کەری خۆش ناوێ [٢٦١].

هەروەها لە چارەسەریەکانی تریشی ئەوەیە کە تێڕوانێتە ئەو شتەی تیایدا تووش بووە ، ئیتر دەزانێت پەروەردگاری هاوشێوەی ئەو شتەی لە دونیادا بۆ هێڵاوەتەوە ، یا لەو چاکتر ، ئەگەر بەئارام بێ و ڕازی بێ ئەوا خوای تعالی شتگەلێکی بۆ پاشەکەوت کردووە زۆر گەورەتر لەو شتانەی کە بەهۆی ئەو کارەساتەوە لەدەستی داوە بەچەندەها جار ، ئەگەر ویستیشی هەبێ زۆر لەوە گەورەتری دەکات .

خۆ دڵدانەوە بە تەماشاکردنی کەسانی دیکەی تووشبوو وە باسکردنی چەند چیرۆکێك لەو بارەوە:

لە چارەسەرەکانی دیکەشی ئەوەیە کە ئاگری کارەسات لە دڵیدا بکوژێنێتەوە بە ساردی خۆ دڵدانەوە بە خەڵکانی تری تووشبوو بە کارەسات و ، بزانێت هەر خۆی بە تەنها تووشی کارەسات نەبووە ، با بزانێت هەموو شێوێك (بنوسعد)ی تێدایە ، با تەماشای لای ڕاستی بکات ، ئایا لە دەردەسەری زیاتر دەبینێت ؟ ئینجا با بەر بەلای چەپیدا بکاتەوە ، ئایا لە پەژارە زیاتر دەبینێت ؟ ، بەڕاستی ئەگەر هەموو دونیا بگەڕێت جگە لە گرفتار نابینێت ، کە یا خۆشەویستێکی لە دەست داوە ، یاخود خراپەیەکی نەویستراوی تووش بووە ، بەڕاستی شەڕوخراپەکانی دونیا وەکو خەونێکە یا سێبەرێکی لاچووە ، ئەگەر کەمێك پێکەنێنێت ، زۆر دەگرێنێت ، ئەگەر ڕۆژێك دڵ شادومان بکات ، ساڵێك دڵ خەمبارو پەژارەدار دەکات ، ئەگەر کەمێك خۆشی بەخش بێ ، ماوەیەکی درێژیش ڕێگری لێدەکات ، ئەگەر ماڵێکیش پڕ خێر

---

٢٦١ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

كات پاشان پڕ لـه فـەرمێسكی دەكـات ، ئەگـەر ڕۆژێ بەشتێك شـادومانی بكـات ، بـەدڵنیایی ڕۆژێكی شەڕوخراپەشی بۆ شاردۆتەوە ٠

(ابن مسعود) _ خـوای لـێ ڕازی بێـت _ فەموویـەتی : هـەر دڵخۆشـبوونێك پەژارەیـەكی هەیەو ، هەر ماڵێكیش پڕ كرابێت لە دڵخۆشبوون پاشان پڕكراوە لە پەژارە ٠

ابن سیرین فەرموویەتی: هەر پێكەنینێك كرابێت ، دڵنیابن بەدوایدا گریان هەبووە ٠

(هند)ی كچی (النعمان)[٢٦٢] دەڵێت : ئێمە شكۆمەنترینی خەڵكان بووین و لە هەمووشـی زیاتر موڵكمان هەبوو ، پاشان هێشتا ڕۆژ ئاوا نـەبوبو ئێمـە بـوین بـە كـەمترینی خـەڵك ، مـاف خـوای پـەروەردگارە كـە خێـری فراوانـی بـە هـەر ماڵێـك بەخشـی ، پاشـان بـەدڵنیایی لـە فرمێسكیش پڕی دەكات ٠

پیاوێك داوای لە (هند) كرد باسێكی باروحاڵی خۆی بۆ بكـات : ئـەویش گـووتی : ڕۆژمـان كردەوەو ، هیچ كەسێك نـەما لـە عـەرەب بـەهیوای بەخشـین نـەبوبێ لـە ئێمـە ، كـە شـەومان بەسەردا هات هیچ كەسێك نەما لە عەرەب بزەیی بە ئێمەدا نەیەتەوە ٠

---

٢٦٢ _ (هند)ی كچی (النُعمان)ی كوڕی (المنذر)ە ، كە لە لایەن كیسرای پادشای فارسەوە بابی بە پادشای (الحیرة) دانرابوو ، كچێكی وجاخزادەی ، زمان پاراو بوو ، لە ماڵی پادشایەتیدا گەورە ببوو ، كیسرای پادشای فارس لە (النعمان)ی بابی تووڕەبوو ، لە پادشایەتی (الحیرة) دەرهێناو لای خۆی خستیە زیندانەوە تاوەكو مرد ، پاش مردنی بابی ڕەبەنگەری هەڵبژاردو لە كەنیسەیەكی نێوان (الحیرة) و (الكوفة)دا مایەوە ، (خالد)ی كوڕی (ولید) پاش ڕزگاركردنی (الحیرة) دیدەنی كردو ، بانگی كرد بۆ ئیسلام ، بەڵام بەهۆی گەورەبوونی تەمەنیەوە داوای لێبوردنی كرد ، بەڵام (خالد) ڕێزی لێ گرت و فەرمانیدا یارمەتی و پۆشاكیشی بدەنێ ، پاش تەمەنێكی درێژو كوێربوونی چاوەكانی هەر لەو كەنیسەدا مرد ٠ بڕوانە : الشیخ محمد هادی الیوسفي الغروي ، موسوعة التاریخ الإسلامي ٠ وەرگێڕ ٠

رۆژێك (حُرقَةُ) كچی (النُعمان) كە خوشكی (هند)ە گریا ، كە لە كاتی پادشایەتی و شكۆمەندایاندا بوون ، پێی گوترا : چ دەتگرێنێت ، نەوەكا كەسێك ئازاری دابێتی ؟ گوتی : نەخێر ، بەڵام خۆشگوزارانیەكی فراوان لە كەسوكارمدا دەبینم ، كە ماڵێك لە خۆشی پڕ دەبێ ، دڵنیابن پاشان لە خەمباریش پڕ دەبێ ٠

(إسحاق)ی كوڕی (طلحة) دەڵێت : رۆژێك چوومە دیدەنی (هند)و ، پێم گووت ، خێروخۆشی پادشایانت چۆن بینی ؟ ئەویش گووتی : ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ تیایداین زۆر چاكترە لەوەی كە دوێنێ تیایدا بووین ، ئێمە لە كتێبدا بینیومانە كەوا كەسوكاری هەر ماڵێك ئەگەر لە خێرێكی بەرفراواندا بژین ، بەدڵنیایی بەدوایدا فرمێسك دەڕێژن ، زەمنیش ئەگەر رۆژێكی بەدەرخستبێ بۆ كۆمەڵێك حەزیان پێ بێت ، بەدڵنیایی رۆژێكی تریشی بۆ هەڵگرتوون حەزیان پێ نەبێت ٠ پاشان گوتی :

فَبَيْنَا نَسُوسُ النّاسَ وَالْأَمْرُ أَمْرُنَا
إِذَا نَحْنُ فِيهِمْ سُوقَةٌ نَتَنَصّفُ
فَأُفٍّ لِدُنْيَا لَا يَدُومُ نَعِيمُهَا
تَقَلّبُ تَارَاتٍ بِنَا وتَصَرّفُ

واتە :

لە كاتێكدا ڕابەرایەتی خەڵكمان دەكردوو فەرمان فەرمانی ئێمە بوو
لە پڕدا بۆین بە خەڵكێكی ئاسایی خزمەتكار
ئاخ بۆ دونیایەك خۆشیەكانی بەردەوام نابێت
كە چەندەها جار وەرچەرخان و ئەم دیو ئەو دیومان پێ دەكات

هەروەها لە چارەسەریەكانی دیكەی خەمابربوون بۆ ئەو كارەساتانەی تووشمان دەبێت ئەویە : مرۆڤ دەبێ بزانێت بێ ئارامی و شپرزەبوون نایگەڕێنێتەوە ، بەڵكو بێ

ئـارامی و شـپرزەبونەکەی زیـاد دەکـات ، کـە لـە حەقیقەتـدا لـە ئـەنجامی زیـادبوونی نەخۆشیەکەوە ڕوودەدات.

لە چارەسەریەکانی تریشی : پێویستە ئەوە بزانێت کە پاداشتەکانی ئارامگرتن و ڕازیبـوون بە چارەنووسی خوای تعالی ، بریتیە لە بەخشینی تاوان و بـەزەی و ڕەحمـەت و هیدایەتـدان ، کە خوای تعالی بۆ ئەو کەسانەی داناوە ، کە ئارام دەگرن و (إنا لله وإنا إليه راجعون) دەڵێن ، بۆیە ئەگەر ئەو پاداشتانە لە دەست بدات و لـە کیسـی بچێت ، ئـەوا لـە حەقیقەتـدا زۆر لـە خودی کارەساتەکە گەورەترە ٠

لـە چارەســەریەکانی دیکەشــی : پێویســتە بزانێــت بــێ ئـارامی جێگـەی شـادومانبوونی دوژمنەکانیەتی بەو بەڵاو گرفتداریەی تووشی بـووە ، مایـەی بێـزاری هاوڕێیانیـەتی ، خواکـەی تووڕە دەکات ، شەیتانەکەی دڵخۆش دەکات ، مایەی بەفیڕچونی پادەشتەکانیەتی ، نەفسـی لاواز دەکـات ، ئەگـەر ئـارامگربوو بـەو بـارەو قایـل بـوو تیربـارانی شـەیتانەکەی دەکـات و ، بەنائومێدی دەیگەڕێنێتەوە ، پەروەردگاری لە خۆی ڕازی دەکات ، هاوڕێیانی دڵخۆش دەکـات ، دوژمنـانی بێـزار دەکـات ، پـەژارەی دڵـی براکـانی هەڵـدەگرێت و دڵنـەوایان دەکـات ، پـێش ئەوەی ئەوان دڵنەوایی بکەن ، ئائەمە بەغیرەتیی و شێوەی تەواوی بێ کـەم و کـوڕی مرۆڤـە ، نەك لێدانی ڕوومەت و ، دڕاندنی پۆشاك و ، نزاکردن بە واوەیلاو ماڵ وێران بـوون و ، بیزابـوون لە چارەنووسراو ٠

لە چارەسەریەکانی دیکەشی : پێویستە بزانێت ئەو بەلەزەتی و خۆشیەی پـاش ئـارامگرتن و قایل بوون دەستی دەکەوێت ، چەندەهاو چەندەها جار گەورەترە لەوەی دەسـتی دەکـەوت ئەگەر ئەو شتەی بۆ بمایەتەوە کە تیایدا تووشـی کارەسـات بـووە ، تـەنها ئـەو (بيـت الحمـد)ەشی بەسە کە لە بەهەشتدا بۆی دروست دەکرێت ، لە پاداشـتی سـوپاس و سـتایش کردنـی پەروەردگاری و گوتنی (إنا لله وإنا إليه راجعـون)دا ، بـا تیڕوانێـت : کـام لـەم دوو کارەسـاتە

گەورەترە ؟ ئەو كارەساتەی تووشی بووە ، یاخود كارەساتی لە دەستدانی (بیت الحمد) لە بەهەشتی نەبڕاوەدا ؟

وفي الترمذي مرفوعاً : (يَوَدُّ ناسٌ يَوْمَ القيامة أنَّ جُلُودَهُم كانت تُقْرَضُ بالمقارِيض في الدُّنيا لما يَرَوْنَ من ثوابِ أهلِ البلاءِ)[٢٦٣] .

واتە : پێشەوا (الترمذي) دەگێڕێتەوە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لە ڕۆژی قیامەتدا كەسانێك خۆزگە دەخوازن كەوا لە دونیادا پیستیان بە مەقەست ببڕدرایە بەهۆی ئەو پاداشتەوە كە دەیبینن بۆ تووشبووانی كارەساتەكان دانراوە)) .

كەسانێك لە پێشین گوتویانە : ئەگەر كارەساتەكانی دونیا نەبوایە بە مایەپوچی بۆ قیامە دەگەڕاینەوە .

لە چارەسەریەكانی دیكەشی : دڵی كەسی كارەستبار خۆش بكرێت ، بە ئومێدی ئەوەی كە خوای تعالى لە جێی ئەوەی پێ دەداتەوەو بۆی دبژێرێتەوە ، چونكە هەموو شتێك جێگرەوەی هەیە مەگەر خوای پەروەردگار ، كە جێگرەوەی نی یەو هاوشێوە نی یە ، وەكو ئەوەی گوتراوە

مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إذَا ضَيَّعْتَهُ عِوَضٌ
وَمَا مِنَ اللهِ إنْ ضَيَّعْتَهُ عِوَضُ

واتە :

هەموو شتێك ئەگەر لە دەستت چوو جێگرەوەی دەبێ

بەڵام ئەگەر خوات لە دەست چوو جێگرەوەی نابێ

٢٦٣ ــ حسن : أخرجه الترمذي (٢٤٠٢) عن أبي الزبير عن جابر فذكره مرفوعاً . وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٨ / ٧٧) ، وانظر المشكاة (١٥٧٠) ، والترغيب (٤ / ١٤٦) .

له چارەسەریەکانی دیکەشی : پێویستە مرۆڤ بزانێت بەشی لە کارەساتەکە بە گوێرەی ئەوەیە کە خۆی بۆ خۆی دروست دەکات ، بۆیە هەرکەس ڕازیی بوو ، خوای تعالاش لێی ڕازی دەبێ و ، هەرکەسیش بێزار بێ و ڕق دەربڕێت ، ئەوا ڕقی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە ، لێرەوە ئاشکەرا دەبێ کە بەشی مرۆڤ لە کارەساتەکە بە گوێرەی ڕەفتاری خۆیەتی ، کەوابوو چاکترین یاخود خراپترین بەش بە ویستی خۆت هەڵبژێرە ، بۆیە ئەگەر ڕق و کوفری بۆ کارەساتەکە دەربڕی ، ئەوا لە دیوانی تیاچواندا دەنوسرێت ، وە ئەگەر شێوەن و نوزەنوزو کەمتەرخەمی دەربڕی بە وازلێهێنانی (واجب)ێك ، یا کردەوەیەکی حەرام ، ئەوا لە دیوان کەمتەرخەمبواندا دەنوسرێت ، وە ئەگەر گلەیی و گازندەو بێ ئارامی دەربڕی ، ئەوا لە دیوانی تێشکاو فریوخواردواندا دەنوسرێت ، وە ئەگەر ڕەخنەی لە خوای تعالی گرت و ، هەستا بە پلار تێگرتنی دانایی و حیکمەتەکەی ، ئەوا لە دەرگای زەندیقیەتی داوە (واتە کەسێکی بێ ئاینەو خۆی بە ئایندار دەنوینێ) یا چۆتە نێوی ، بەڵام ئەگەر ئارامگرتن و خۆگری بۆ خوای تعالی دەربڕی ، ئەوا لە دیوانی بە ئارامبواندا دەنوسرێت ، وە ئەگەر بەخوا ڕازی ، ئەوا لە دیوانی ڕازیبواندا دەنوسرێت ، وەئەگەر سپاس و ستایشی دەربڕی ، ئەوا لە دیوانی سوپاستگوزاراندا دەنوسرێت و ، لە ژێر ئاڵای ستایشکاراندا دەبێت ، وە ئەگەر خۆشەویستی و ئارەزووی دیدارکردنی پەروەردگاری دەربڕی ، ئەوا لە دیوانی خۆشەویستکارە دڵسۆزەکاندا دەنوسرێت ٠

وفي مسند أحمد والترمذي ، من حديث محمود بن لبيد يرفعه : أن رسول الله ﷺ قال: ((إنَّ اللهَ إذا أحبَ قوماً ابتلاهُم ، فمَن رَضِيَ فلهُ الرِّضى ، ومَن سَخِطَ فلهُ السُّخطُ)) زاد أحمد : ((ومن جزع فلهُ الجزع))(٢٦٤) ٠

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەگەر خوای تعالی کۆمەڵێکی خۆشویست تاقیان دەکاتە ، هەرکەس ڕازی بوو ئەوا ڕازیبوونی خوای بۆ خۆی دەستەبەر کردووەو ، هەرکەسیش

٢٦٤ ــ إسناده حسن : أخرجه الترمذي (٢٣٩٨) ، وأحمد (٥ / ٤٢٧) ، وانظر الصحيحة (١٤٦) ٠

ڕقی لێبێتەوە ئەوا ڕق لێبونەوەی خوای بۆ خۆی دەستەبەر کردووە)) پێشەوا (أحمد)یش ئەم زیادەیەی خستۆتە سەر ((وە هەر کەسیش بێ تاقەتی و بێ ئۆقرەیی دەربڕێت ئەوا بێ تاقەتی و بێ ئۆقرەیی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە)) ٠

لە چارەسەریەکانی دیکەشی : ئەگەر لە شیوەن و نوزەنوزدا مرۆڤ بگاتە ئەوپەڕی ، لە کۆتادا هەر دەبێ قایل بێ بە ئارامگرتنێکی ناچاری ، بەڵام ئەم بارە نەستایشکراوەو نە پاداشتیشی دەبێت ، کەسانێك لە دانایان دەڵێن : کەسانی ژیر لە یەکەم ڕۆژی کارەساتەکەدا ئەوە ئەنجام دەدات کە نەفام پاش چەند ڕۆژێك ئەنجامی دەدات ، وە هەرکەس ئارامی نەگرت وەکو ئارامگرتنی کەسانی جوامێر ، ئەوا ناچار دەبی وەکو ئاژەڵ ئارام بگریت ٠

وفي الصحيح مرفوعاً : ((الصَّبرُ عند الصَّدْمَةِ الأُولى))[٢٦٥] واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ئارامگرتن لە سەرەتای کارەساتەکەوەییە)) ٠

(الأشعث)ی کوڕی (قیس) دەڵێت :

لە چارەسەریەکانی دیکەشی : پێویستە بزانێت کە چاکترین دەرمان بۆ ئەو ، ڕازیبوونە ، بەوەی پەروەردگاری پێی ڕازیەو حەزی پێیەتی کە بەندەکەی لەم بارەدا ئەنجامی بدات ، چونکە یەکێك لە خاسیەتەکانی خۆشەویست سازیاربوونە لە گەڵ خۆشەویستەکەیدا ، بۆیە هەرکەس بانگەشەی خۆشویستنی یەکێك بکات و ، پاشان ڕقی بێتەوە لەوەی خۆشەویستەکەی حەزی پێیەتی ، وە حەزی بەوەبێ کە خۆشەویستەکەی ڕقی لێیەتی ، ئەوا شایەتی لە سەر نەفسی خۆی دەدات کە درۆی کردووەو ، لە دڵی خۆشەویستەکەشیدا ڕق و کینە بەرامبەر بە خودی خۆی دروست دەکات ٠

(أبو الدرداء) فەرموویەتی : خوای پەروەردگار ئەگەر فەرمانیدا بە حوکمێك ، حەزی بەوەیە پێی ڕازی بن٠

---

٢٦٥ _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٣ / ١٣٨) ، ومسلم (٩٢٦) ٠

(عِمران)ی کوڕی (حصين) له نەخۆشيەکەيدا دەيفەرموو : خۆشەويترين شت بەلامەوە ئەوەيە کە خۆشەويسترين شتە بەلای ئەوەوە ، هەروەها (أبوالعالية)ش هەمان شتی دەفەرموو ٠

ئەمەش دەرمان و چارەسەريەکە کار ناکات مەگەر لەگەلْ خۆشەويستاندا ، بۆيە هەموو کەسێك لە توانايدا نيە وەکو چارەسەر بە کاری بێنێت ٠

لە چارەسەريەکانی ديکەشی : با تەماشاکات بزانێت کاميان کێشدارترو قورسترو بەردەوامترە ، لەزەت و خۆشی وەرگرتن لە ئەو کارەساتەی تووشی بووە ، يا لەزەت و خۆشی پاداشتی خوای تعالی ، ئەگەر ڕای پەسەندی بۆ دەرکەوت ، باسوپاسی خوای تعالی بکات کە سەری خستووە ، بەلاّم ئەگەر ڕای پەسەندنەکراوی بەلاوە باشتربوو ، با بزانێت ئەو کارەساتەی لە ئەقلْ و دلْ و ئاينەکەيدايە زۆر گەورەترە لەو کارەستە دونيايەی کە تووشی بووە٠

لە چارەسەريەکانی ديکەشی : پێويستە بزانێت ئەوەی تووشی ئەو کارەساتەی کردووە دادوەرترينی هەموو دادوەرانەو ، ميهرەبانترينی هەموو ميهرەبانانە ، وە خوای تعالاش تووشی ئەو کارەساتەی نەکردووە بۆ ئەوەی بيفەوتێنێت ، ياخود بەو کارەساتە سزای بدات ، ياخود هێرشی بەرێتەسەر ، بەلْکو لە ڕاستيدا دەيەوێ بەو کارەساتە پلەی ئارامگرتن و ڕازيبون و باوەڕی تاقيکاتەوەو ، گوێبيستی پاڕانەوەو لالاّنەوەی بێت و ، ببينێ خۆی فڕێداوەتە بەر دەرگاکەی و ، هانای بۆ جەنابی بردووە بە دلْشکاوی لە پێش دەستيدا ، چيرۆکی سکالاّکانی بۆ بەرز کردۆتەوە ٠

(شيخ عبدالقادر) فەرموويەتی : کوڕم کارەسات نەهاتووە بۆ فەوتانت ، بەلْکوهاتووە بۆ تاقيکردنەوەی پلەی ئارامگرتن و باوەڕت ، کوڕم قەدەرو چارەنووس جانەوەرێکی دڕندەيەو (سَبُعٌ) ، جانەوەری دڕندەش مردارەوەبوو ناخوات ٠

مەبەستیش ئەوەیە كە كارەسات (كیر)ی[٢٦٦] واتە موشەدەمەی بەندەیە كە بەهۆیەوە ئاگری كورەكە خۆش دەكات بۆ توانەوەی كانزاكە ، بۆیە دەرەنجام یا زێڕێكی سوری دەست دەكەوێت ، یا هەمووی خراپ دەبێت و هیچ دەستكەوت نابێ ، شاعیریش دەڵێت :

سَبَكْنَــــــاهُ وَنَحْســــِبهُ لَجَيناً　　　فــــــأبْدَى الكِيرُ عَــــنْ خَبَثِ الحَــــــديدِ

واتە :

تواندمانەوە وامـــــــانزانی زێڕە　　　بەڵام موشەدەمەكە پیسی ئاسنی بەدەرخست

ئەگەر ئەم موشەدەمەو دەستكەوتەكەی سودی بۆ نەبێت ، با بزانێت گەورەترین موشەدەمەی ڕۆژی دوای لە پێش دەستدایە ، بۆیە ئەگەر بۆی دەركەوت كە بەكارهێنانی موشەدەمەی دونیاو دەستكەوتەكەی بۆی چاكترە بەبەراوردی ئەو موشەدەمەو دەستكەوتەكەی · ناچاریشە یەكێك لە موشەدەكان هەڵبژێرێت ، با ڕێزو قەدری ئەو نیعمەتە بزانێت كە خوای تعالی پێی بەخشیوەو مۆڵەتی داوە كە موشەدەمەی دونیا بەكاربێنێت ·

لە چارەسەریەكانی دیكەشی : پێویستە بزانێت كە ئەگەر بەڵاو كارەساتی دونیا نەبوایە ، بەندە تووشی چەندەها نەخۆشی فیزو لوت بەرزی و شانازی و دڵڕەقی و خۆبەگەورەزانین و زۆرداریەكی ئەوتۆ دەبوو ، كە دەبووە هۆكاری تیاچوونی ئێستاو دوایی ، بۆیە خوای پەروەردگار بە ڕەحمەت و بەزیی خۆی جار بە جار تووشی چەندەها جۆری دەرمانە كارەساتەكانی دەكات و، دەرەنجامیش دەبێتە پارێزیی لەو نەخۆشیانەی سەرەوەو ، تەندروستی و چاكێتی بەندایەتی دەپارێزێت و ، مادده خراپە بۆگەنە فەوتێنرەكانی بۆ دەكاتە دەرەوە · پاك و بێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارەی كە بەڵاو كارەساتەكانی بەكاردێنێت

٢٦٦ ــ كیر : واتە موشەدەمە كە ئامێرێكە لە پێست دروست دەكرێ و ئاسنگەر بەكاری دێنی بۆ گەشانەوەو خۆشكردنی ئاگری كورەكەی ، وەرگێڕ ·

بۆ بەزەی پێدا هاتنەوەی بەندەکانی و ، کەسانێکیش بە نیعمەتەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە ، وەکو شاعیر دەڵێت :

قَدْ يُنْعِمُ اللهُ بِالبَلوَى وإنْ عَظُمَتْ
وَيبْتَلِيَ اللهُ بَعْضَ القَومِ بالنِّعَمِ

واتە :

پێدەچێ خوا بە کارەساتەکانی خۆی ئەگەرچی گەورەش بێت نیعمەت بڕشێنێت بە سەر بەندەکەیدا
بەنیعمەت بەخشینیشی بۆ هەندێ لە بەندەکانی تاقیان بکاتەوە

ئەگەر خوای پەروەردگار بەندەکانی خۆی بە دەرمانەکانی بەڵاوکارەسات چارەسەر نەکردایە ، سەرکەش دەبوون و سنوریان دەبەزاند ، ستەمیان دەکرد ، لە خۆیان بایی دەبوون ، خوای پەروەردگاریش ئەگەر ویستی چاکەی بە بەندەکەی هەبێت ، دەرمانەکانی بەڵاو کارەسات و تاقیکردنەوەی دەداتێ بە گوێرەی باروحاڵی ، تا نەخۆشیە فەوتێنەرەکانی بۆ دوردخاتەوە ، تاوەکو ئەگەر بژاردکاری و خاوێنکردن و پاکردنەوەی بۆ بەندەکەی کرد ، شایستەی دەکات بە بەرێزترین پلەکانی دونیا ، کە بەندایەتی بۆ کردنیەتی و ، شایستەشی دەکات بۆ بەرزترین پاداشتەکانی ڕۆژی دوای ، کە بریتیە لە بینین و نزیکبونەوە لە خوای پەروەردگار ٠

لە چارەسەریەکانی دیکەشی : پێویستە بزانێت کە تاڵیەکانی دونیا شیرینیەکانی ڕۆژی دوایە ، خوای تعالی ئا بەو شێوە دەیگۆڕێت ، شیرینیەکانی دونیاش تاڵیەکانی ڕۆژی دوایە ، بەندەش ئەگەر بەرگەی تاڵیە کۆتای هاتووەکانی دونیا بگرێت ، لە پێناو بەدەستهێنانی شیرینیە بەردەوامەکانی ڕۆژی دوایدا ، خێرێکی چاکتری دەستگیر دەبێ ، بە بەراوردی ئەوەی ئەگەر بە پێچەوانەوە کاربکات ٠ ئەگەر ئەمەشت نەزانی ، ئەوا تەماشای فەرمایشتی

پێغەمبەری خوا بکە کە دەفەرمێت : ((حُفَّتِ الجَنَّةُ بالمَكَارِهِ ، وحُفَّتِ النَّارُ بالشَّهَواتِ))(٢٦٧) واتــە : ((بەهەشـت بــە ناخوشــی و ناڕەحەتیــەکان دەور دراوەو ، دۆزەخـیش بـە هـەواو ئارەزووەکان دەور دراوە)) ٠

لەم جێگەیەدا ئەقڵ و ژیری خـەڵك جیاواز بوون و ، حەقیقـەتی پیاوانیش بەدەرکـەوتن ، زۆربـەیان پەسـەندێتی شـیرینی بڕاوەیـان دابەسـەر شـیرینی بەردەوامـدا کـە لـەناو ناچـێت ، بەرگەی تاڵیی سـاتێك ناگرێت لـە پێنـاو شـیرینی هـەتا هەتایدا ، بەرگـەی کەساسـی سـاتێك ناگرێت لە پێنـاو سـەربەرزیەکی هـەتا هەتایدا ، بەرگـەی مەینـەتی سـاتێك ناگرێت لـە پێنـاو خۆشـی هـەتا هەتایـدا ، چـونکە بەلایـەوە شـتی ئامـادە شـایەت و گەواهیـدەری خۆشـی و ناخۆشیەو ، شـتی چـاوەڕوانکراویش نادیـارە ، بـاوەڕیش لاوازەو ، سـوڵتانی هـەواو ئـارەزوو فەرمانڕەوایەو ، هەموو ئەمانە هۆکاری پاڵنەری مرۆڤن بۆ پەسەندێتی هەنووکەو ، قبوڵنـەبونی ڕۆژی دوایـی ، ئەمـە بـاری تێڕوانینـە بـۆ باروحـاڵی دیـاری خـەڵك و ، سـەرەتاکانیان ، بـەڵام تێڕوانینـی بـەجێ کـە پـەردەکانی پەسـەندێتی هەنووکـە تێپـەڕێنێت ، بـۆ ئـەو دەرەنجـام و مەبەستانەی کە هەندێکی تـر بـیری لێدەکەنـەوەو هـەوڵی بـۆ دەدەن بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕۆژی دوای ، ئەمە شتیکی ترە ٠

بۆیە بانگی نەفسی خۆت بکە بۆ ئەو خۆشیە نەبڕاوەو نیعمەت و سەرکەوتنە گەورەیەی کە خـوای پـەروەردگار داینـاوە بـۆ ئـەو وەلی و بەنـدە خۆشەویسـتانەی کـە گـوێڕاڵی دەکـەن ، هەروەها تەماشای ئەو شەرمەزاری و سزاو ئەفسوسە بەردەوامانە بکە کە دایناوە بـۆ کەسـانی

٢٦٧ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٢٥٤) ، (٢٨٤) ، وعبد بن حميد (١٣١١) ، ومسلم (٨ / ١٤٢) ، والترمذي (٢٥٥٩) عن حماد بن سلمة عن ثابت وحميد عن أنس فذكره مرفوعاً ، وأخرجه أحمد (٣ / ١٥٣) ، والدارمي (٢٨٤٦) مثله ليس فيه حميد ٠ وأخرجه أحمد (٢ / ٣٨٠) عن أبي هريرة مثله ، وأخرجه أحمد (٢ / ٢٦٠) ، والبخاري (٢ / ١٨٧) ، ومسلم (٨ / ١٤٣) عن أبي الزناد عن الأعرج عن أبي هريرة مرفوعاً : ((حجبت النار بالشهوات وحجبت الجنة بالمكاره)) ٠

مايەپوچ و هەل لە كيس خۆدەر ، پاشـان هـەر بەشـێكيان كـە بـۆ خـۆتی بەشايسـتە دەزانـی هەڵبژێرە ، هەموو كەسێكیش لە سەر سروشت و ڕێبازی خۆی كاردەكات ، هەموو كەسـێكیش بەپرۆشـە بـۆ ئـەوەی گونجاويـەتی و ، شايسـتەيە بـۆی ، ئـەم چارەسـەرە بەدرێـژ دامـەنێ ، چونكە زۆر پێويسبوونی بـۆ پزيشـك و نـەخۆش وای لێكـردين بەدرێـژی باسـی بكـەين · وبـالله التوفيق ·

بەشيك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردنی ناڕەحەتی و خەم و خەفەت و دڵتەنگی و ناخۆشيدا :

أخْرَجَا فِي " الصَّحِيحَيْنِ " مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، كَانَ يَقُولُ عِنْدَ الْكَرْبِ : ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمُ ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ ، وَرَبُّ الْأَرْضِ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمُ))(٢٦٨) .

واتە : لە (ابن عباس)ەوە _ خوا لە خۆی وباببيشی ڕازی بێت _ فەرموويەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ لە كاتی ناڕەحەتيدا دەيفەرموو : ((هيچ پەرستراوێك نی يە بەهەق جگە لە خوای مەزنی ميهرەبان ، هيچ پەرستراوێك نی يە بەهەق جگە لە پەروەردگاری عەرشی گەورە ، هيچ پەرستراوێك نی يە بەهەق جگە لە پەروەردگاری حەوت ئاسمانەكەو ، پەروەردگاری زەمين و پەروەردگاری عەرشی بەڕێز)) ·

وَفِي " جَامِعِ التِّرْمِذِيِّ " عَنْ أَنَسٍ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا حَزَبَهُ أَمْرٌ ، قَالَ : ((يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ))(٢٦٩) .

---

٢٦٨ _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١١ / ١٢٢) ، ومسلم (٢٧٣٠) ·

٢٦٩ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٣٥٢٢) ، وصححه الألباني رحمه الله ·

واته له (أنس)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموویەتی : پیّغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ڕووداویّکی کاریگەری تووش بوایه دەیفەرموو: ((ئەی خوای زیندوو ئەی خوای هەڵسوڕیّنەری بونەوەر هاناو هاوار بۆ بەزەی و ڕەحمەتی تۆ دەبەم)) ٠

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ : أَنّ النّبِيّ ﷺ كَانَ إِذَا أَهَمّهُ الْأَمْرُ ، رَفَعَ طَرْفَهُ إِلَى السَمَاءِ فَقَالَ : ((سُبْحَانَ اللّهِ الْعَظِيمِ)) ، وَإِذَا اجْتَهَدَ فِي الدّعَاءِ قَالَ : ((يَا حَيّ يَا قَيّومُ))[٢٧٠] ٠

واته : له (أبي هريرة)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموویەتی : پیّغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر شتیّك خەمباری بکردایه ، چاوەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوەو دەیفەرموو : ((پاك و بیّگەردی بۆ خوای گەورە)) ، ئەگەر به پەرۆشیشەوه نزای بکردایه دەیفەرموو : ((ئەی خوای زیندوو ئەی خوای هەڵسوڕیّنەری بونەوەر)) ٠

وَفِي " سُنَنِ أَبِي دَاوُدَ " عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصّدّيق ، أَنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ قَالَ : ((دَعَوَاتُ الْمَكْرُوبِ : اللّهُمّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو ، فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلّهُ ، لَا إِلَهَ إِلّا أَنْتَ))[٢٧١] ٠

واته : له (أبي بكرة)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموویەتی : پیّغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ((نزاکانی کەسی ناڕەحەت : پەروەردگارا هیوای بەزەیت دەکەم و ، به ئەندازەی چاوترووکانیّك مەمدره دەست خۆم و ، هەموو کاروبارم چاك بکه ، هیچ پەرستراویّك نی یه بەهەق جگه له تۆ)) ٠

---

٢٧٠ _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (٣٤٣٢) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٤٣٥٦) ٠

٢٧١ _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٥٠٩٠) ، وصححه الألباني رحمه الله ٠

وَفِيهَا أَيْضًا عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ عُمَيْسٍ قَالَتْ : قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَلَا أُعَلِّمُكِ كَلِمَاتٍ تَقُولِيهِنَّ عِنْدَ الْكَرْبِ أَوْ فِي الْكَرْبِ : ((اللَّهُ رَبِّي لَا أُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا))[٢٧٢] وَفِي رِوَايَةٍ أَنَّهَا تُقَالُ سَبْعَ مَرَّاتٍ ٠

واته : (أسماء)ى كچى (عُمَيس) _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ پێى فەرمووم ئەوەبۆ چەند ووشەيەكت فێرنەكەم لە كاتى ناڕەحەتيدا يا لە ناڕەحەتيدا بيلێى : ((خوا پەروەردگارمەو هيچ شتێك ناكەم بە هاوەڵى)) ، لە (ريوايەتێكى ديكەدا هاتووە كە حەوت جار دەگوترێت ٠

وفي مُسْنَدِ الْإِمَامِ أَحْمَدَ " عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ ، عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ : ((مَا أَصَابَ عَبْدًا هَمٌّ وَلَا حُزْنٌ فَقَالَ : اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُك ، ابْنُ عَبْدِك ، ابْنُ أَمَتِك ، نَاصِيَتِي بِيَدِك ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُك ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُك ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَك ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِك ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِك ، أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ الْعَظِيمَ رَبِيعَ قَلْبِي ، وَنُورَ صَدْرِي ، وَجِلَاءَ حُزْنِي ، وَذَهَابَ هَمِّي ، إِلَّا أَذْهَبَ اللَّهُ حُزْنَهُ وَهَمَّهُ وَأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَحًا))[٢٧٣] ٠

واته : له (ابن مسعود)ەوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((هەركات بەندەى خوا تووشى هەر خەم و خەفتێك بوو و بڵێت : پەروەردگارا من بەندەى تۆم ، كوڕى بەندەيەكى تۆم ، كوڕى كەنيزەكێكى تۆم ، ناوچاوان و كاروبارم بەدەستى تۆيە ، حوكمت بەسەرمدا بەردەوامەو ، بڕيارت بە سەرمدا جێبەجىٚ و بەدادە ، داوات لىٚ دەكەم بەهەموو ناوێك كە هەتەو خۆتت پىٚ ناوناوە ، يا لە كتێبەكەتدا ناردوتەتە خوارەوە ، يا فێرى يەكێك لە دروستكراوەكانى خۆتت كردووە ، يا لە عيلمى غەيبى خۆتدا

٢٧٢ _ إسناده حسن : أخرجه أبوداود (١٥٢٥) ، وابن ماجة (٣٨٨٢) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٢٦٢٣) ٠

٢٧٣ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٣٩٤) ، وصححه الألباني في الصحيحة (١١٩) ٠

هەڵت گرتووەو خۆت دەیزانی . کە قورئان بکەیتە بەهاری دڵم و نورو ڕوناکی سنگم و ڕەوێنەرەوەی دڵ تەنگیم و ، لابەری خەم و خەفەتم ، ئەوا خوای تعالی خەم و خەفەتی لادەبات و ، جێگەکەی دەگۆڕێت بە خۆشی و شادومانی)) .

وَفِي التِّرمِذِيِّ عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((دَعْوَةُ ذِي النُّونِ إِذْ دَعَا رَبَّهُ وَهُوَ فِي بَطْنِ الْحُوتِ : لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْت مِنْ الظَّالِمِينَ ، لَمْ يَدْعُ بِهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ فِي شَيْءٍ قَطّ إِلَّا اُسْتُجِيبَ لَهُ))[٢٧٤]
وَفِي رِوَايَةٍ ((إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَا يَقُولُهَا مَكْرُوبٌ إِلَّا فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ : كَلِمَةَ أَخِي يُونُسَ)).

واتــە : لــە (ســعد)ی کــوڕی (وقــاص)ەوە _ خــوای لــێ ڕازی بێــت _ فەرموویــەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ((نزاکەی (ذي النون) پێغەمبەر کە لە سکی نەهەنگەکەدا بــوو پێی لە خوای تعالی پاڕایەوە : ﴿ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْـت مِـنْ الظَّـالِمِينَ ﴾ [الأنبيـاء : ٨٧] واتە ﴿ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ ﴾ (ئەی خوا) بەڕاستی هیچ پەرسـتراوێك نـی یـە جگـە لـە تـۆ ﴿ سُـبْحَانَكَ ﴾ پـاك و بێگـەردی بـۆ تۆیـە ﴿ إِنـي كُنْـت ﴾ بێگومـان مـن ﴿ مِـنْ الظَّـالِمِينَ ﴾ لـە ستەمکاران بووم[٢٧٥] هیچ پیاوێکی موسڵمان نی یە بۆ هەر شتێك بەم نزایە لە خـوا بپاڕێتـەوە مەگەر خوای تعالی وەڵامی داوەتەوە)) .

لە (ریوایە)تێکی دیکەشدا : ((من گوفتارێـك دەزانم هـیچ خـەفتبارێك نـی یـەو بیلێـت مەگەر خوای تعالی خـەم و خەفتەکـەی دەڕوێنێتـەوەو لایـدەبات : گوفارەکـەی (یـونس) پێغەمبەری برام)) .

---

٢٧٤ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٣٥٠٠) ، وصححه الألباني رحمه الله .

٢٧٥ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

وَفِي " سُنَنِ أَبِي دَاوُدَ " عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِي ، قَالَ : دَخَلَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ الْمَسْجِدَ ، فَإِذَا هُوَ بِرَجُلٍ مِنَ الْأَنْصَارِ يُقَالُ لَهُ : أَبُو أُمَامَةَ ، فَقَالَ : يَا أَبَا أُمَامَةَ مَالِي أَرَاكَ فِي الْمَسْجِدِ فِي غَيْرِ وَقْتِ الصَّلَاةِ ؟ " فَقَالَ : هُمُومٌ لَزِمَتْنِي ، وَدُيُونٌ يَا رَسُولَ اللّهِ ، فَقَالَ : ((أَلَا أُعَلِّمُكَ كَلَامًا إِذَا أَنْتَ قُلْتَهُ أَذْهَبَ اللّهُ عَزّ وجَلّ هَمّكَ وَقَضَى دَيْنَكَ ؟)) " قَالَ : قُلْتُ : بَلَى يَا رَسُولَ اللّهِ قَالَ : ((قُلْ إِذَا أَصْبَحْتَ وَإِذَا أَمْسَيْتَ : اللّهُمّ إِنّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمّ وَالْحَزَنِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ وَالْبُخْلِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدّيْنِ وَقَهْرِ الرّجَالِ)) ، قَالَ : فَفَعَلْتُ ذَلِكَ ، فَأَذْهَبَ اللّهُ عَزّ وَجَلّ هَمّي ، وَقَضَى عَنّي دَيْنِي[٢٧٦] .

واته : له (أبي سعيد الخُدري)وه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : ڕۆژێك پێغەمبەرى خوا ﷺ چووە مزگەوتەوە ، لە پڕدا چاوى بە پياوێك لە پشتيوانان كەوت بە (أبوأُمامة) ناسرابوو ، فەرمووى : ئەى (أبوأُمامة) بۆ بەدەر لە كاتى نوێژ لە مزگەوتدا دەتبينم ؟ ئەويش فەرمووى : خەمگەلێك دايگرتووم و ، قەرزاريگەلێكيش ئەى پێغەمبەرى خوا ، فەرمووى : ((بۆ گوفتارێكت فێر نەكەم ئەگەر بيڵێى خواى تعالى خەم و خەفتت دەڕوێنێتەوەو ، قەزاريەكانيشت بۆ دەداتەوە ؟)) (أبوأُمامة) فەرمووى : گوتم : بەڵێ ئەى پێغەمبەرى خوا ، ئەويش فەرمووى : ئەگەر بەيانى و ئێوارەت كردەوە بڵێ : ((پەروەردگارا ، پەنات پێ دەگرم لە دڵتەنگى و خەم و خەفەت ، پەنات پێ دەگرم لە بێدەسەڵاتى و تەمبەڵى ، پەنات پێ دەگرم لە دەست قوچاوى و ترسنۆكى ، پەنات پێ دەگرم لە زاڵبونى قەرزو دۆڕانى پياوانى موسڵمان)) ، (أبوأمامة) فەرمووى : ئەوەم جێبەجێ كرد ، ئەوەبوو خواى تعالى خەم وخەفتى ڕواندمەوەو ، قەرزەكەشى بۆ دامەوە ٠

---

٢٧٦ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (١٥٥٥) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٢١٦٩) ٠

وَفِي " سُنَنِ أَبِي دَاوُدَ ، عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَنْ لَزِمَ الاسْتِغْفَارَ ، جَعَلَ اللَّهُ لَهُ مِنْ كُلِّ هَمٍّ فَرَجًا ، وَمِنْ كُلِّ ضِيقٍ مَخْرَجًا ، وَرَزَقَهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ))(٢٧٧) .

واته : له (ابن عباس)هوه _ خوای لێ ڕازی بێت _ فهرموویهتی : پێغهمبهری خوا ﷺ فهرمووی : ((ههرکهس بهردهوام بێ له سهر داواکردنی لێخۆش بوون له خوای تعالی ، له ههموو خهم و خهفتێك ڕزگاری دهكات ، له ههموو ناڕهحهتی و تهنگانهیهك ڕێگهی كردنه دهرهوهی بۆ دادهنێت و ، له شوێنێكیشهوه ڕۆزی دهدهات كه به خهیاڵیدا نههاتبێت)) .

وَفِي " الْمُسْنَدِ : أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا حَزَبَهُ أَمْرٌ ، فَزِعَ إِلَى الصَّلَاةِ ، وَقَدْ قَالَ تَعَالَى : ﴿ وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ ﴾(٢٧٨) واته له (المسند)دا هاتووه : كهوا پێغهمبهری خوا ﷺ ئهگهر ڕوداوێك دڵتهنگی بكردایه ، هانای دهبردهبهر نوێژكردن ، خوای پهروهردگاریش فهرموویهتی : ﴿ وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ ﴾ واته : ﴿ پهنا بهرنهبهر ئارام گرتن و نوێژ (بۆ گهشتن به مهبهست) ﴾(٢٧٩).

وَفِي السُّنَنِ : ((عَلَيْكُمْ بِالْجِهَادِ ، فَإِنَّهُ بَابٌ مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ ، يَدْفَعُ اللَّهُ بِهِ عَنْ النُّفُوسِ الْهَمِّ وَالْغَمِّ))(٢٨٠) واته : له (السنن)دا هاتووه : ((تێكۆشن له پێناوی خوادا ، چونكه دهرگایهكه له دهرگاكانی بهههشت ، خوای تعالی خهم و خهفتی سهر دڵی بهندهكانی پێ دهڕوێنێتهوه)).

٢٧٧ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (١٥١٨) ، وأحمد (٢٢٣٤) ، وضعفه الألباني في الضعيفة (٧٠٥).

٢٧٨ _ حسن : أخرجه أحمد (٥ / ٣٨٨) ، وأبوداود (١٣١٩) كلاهما عن عبدالعزيز بن أخي حذية عن حذيفة فذكره ، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٤٧٠٣) .

٢٧٩ _ مهلا محمد مهلا صالح ، پوختهی تهفسیری قورئان .

٢٨٠ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ٣١٤) ، وصححه الألباني في الصحيحة (١٩٤١) .

وَيذْكُرُ عَنْ ابْنِ عَبّاسٍ ، عَنْ النّبِيّ ﷺ ((مَنْ كَثُرَتْ هُمُومُهُ وَغُمُومُهُ ، فَلْيُكْثِرْ مِنْ قَوْلِ : لَا حَوْلَ وَلَا قُوّةَ إلّا بِاَللّهِ))[٢٨١]

وَثَبَتَ فِي " الصّحِيحَيْنِ : أَنّهَا كَنْزٌ مِنْ كُنُوزِ الْجَنّةِ[٢٨٢] ٠

وفي الترمذي : أنها باب من أبواب الجَنَّة[٢٨٣] ٠

له (ابن عباس)ەوە _ خوا لـه خـۆی و بابیشـی ڕازی بێـت _ فەرموویـەتی : ((هەرکـەس خەم و خەفتی زۆربوو ، با ئەم گوفتارە زۆری بڵێت : (هیچ هێزو پەناو توانایەك نی یە تـەنها بەخوا نەبێت) ٠

له (الصحيحين)يشدا هاتووە : بەڕاستی سامانێکە لە سامانەکانی بەهەشت ٠

لە (الترمذي)دا هاتووە : دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت ٠

ئەم دەرمانانە پانزە جۆری دەرمان لە خۆ دەگرێت ، ئەگەر توانایان نەبوو خەم و خـەفت و دڵتـەنگی مـرۆڤ لابـەرن ، ئـەوا نەخۆشـی ئـەو کەسـانە ڕەگـی داکوتـاوەو ، هۆکارەکانیشـی چەسپیون ، بۆیە پێویستە دەرهاوێشتنێکی تەواویان بۆ بکرێت ٠

یەکەم : یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی ٠

دووەم : یەکتاپەرستی ئولوهیەت ٠

سێ یەم : یەکتاپەرستی زانستی باوەڕی (التوحيد العلمي الإعتقاديّ) ٠

چـوارەم : بـەدورگرتنی خـوای پـەروەردگار لـە سـتەم کـردن بەرامبـەر بـە بەندەکـەی ، یا هەستێ بە سزادان ، بەبێ ئەوەی بەندەکەی هـێچ کردەوەیـەکی خراپـی ئـەنجام دابێـت ، کە شایستە بێت بە سزادان ٠

---

٢٨١ _ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٥٤٩١) بلفظ : (من أنعم الله عليه نعمة) ٠

٢٨٢ _ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ٦٩) ، (٥ / ١٦٩) ، (٨ / ١٠١ ، ١٠٨ ، ١٥٥) ، (٩ / ١٤٤) ، ومسلم (٨ / ٧٣ ، ٧٤) كلاهما عن أبي عثمان النهدي عن أبي موسى فذكره٠

٢٨٣ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٣٥٧٦) ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي (٢٨٣٤) ٠

پێنجەم : داناپێدانانی بەندە بەوەدا کە خودی خۆی ستەمکارە ٠

شەشەم : پاڕانەوە (توسل) لە خوای پەروەردگار بەخۆشەویسترین شتەکان ، کە ناوو سیفاتەکانێتی ، لە هەمووشیان زیاتر کە ماناکانی ناو و سیفات کۆبکاتەوە : (الحيُّ القَيُّوم)ە ، واتە زیندووی ڕاگری بونەوەر ٠

حەوتەم : بەتەنها لە خوای تعالی داوای یارمەتیدان بکرێت ٠

هەشتەم : داناپێدانانی بەندە کەوا خوای تعالی بەتەنها جێی هیواکردن و پاڕانەوەکردنە٠

نۆیەم : بەجێهێنانی پشت پێ بەستنی و ، کارپێ سپاردنی و ، دان پێدانانی بەند کەوا نێوچاوان و کاروباری بەدەستی پەروەردگارەو ، بەویستی خۆی تەصروفیان پێوە دەکات و ، حوکمەکانی بەسەردا جێبەجێ دەکات و ، دادپەروەرانە بڕیارەکانێ بە سەردا دەدات ٠

دەیەم : لە گوڵستانی قورئاندا دڵیی بحەوێتەوەو ، دڵیی تیایدا ئاسودە بێت ، بە هاوشێوەی ئاسودەبوونی گیانلەبەران لە بەهاردا ، لە تاریکی گومان و دودڵیی هەواوئارەزوودا خۆی پێ ڕووناك بکاتەوە ، خۆئاسوودەکردن بە قورئان لە جیاتی هەموو ئەوانەی لە دەست دەچێت ، خۆدڵدانەوە بە قورئان بەرامبەر بە هەموو بەڵاو کارەساتێك کە تووشی دەبێت ، قورئان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی سنگی بەکار بێنێت ، ئەوا دڵتەنگی دەڕوێنێتەوەو ، بۆ خەم و خەفەتەکانی شیفابەخش دەبێت ٠

یازدەهەم : داوای لێخۆشبوون ٠

دوازدەهەم : پەشیمان بوونەوەو تەوبەکردن ٠

سیازدەهەم : تێکۆشان لە پێناوی خوادا ٠

چواردەهەم : نوێژ ٠

پازدەهەم : نکۆڵیکردن لە هێزو پەناو تواناو ، سپاردنیان بە دەستی ئەو زاتەی ئەوانەی بەدەستە٠

بەشێك : سەبارەت بە لایەنی کاریگەری ئەم دەرمانانە لەم نەخۆشیانەدا :

خوای تعالی نەوەی ئادەم و ئەندامەکانی لەشی خولقاندووە ، بۆ هەموو ئەندامێك شێوەیەکی تەواوی بێ کەم و کورِیی داناوە ، کە ئەگەر وونیکات هەست بە ئازار دەکات ، هەروەها بۆ دڵیش کە سەروەری ئەندامەکانە شێوەیەکی تەواوی بێ کەم و کورِی داناوە ، ئەگەر لە دەستی بدات ، نەخۆشی و ئازارەکانی وەکو خەم و خەفەت و دڵتەنگیەکانی ئامادە دەبێت ٠

ئەگەر چاوەکان هێزی بینینیان نەمێت و ، گوێکانیش هێزی بیستنیان نەمێنێت و ، زمانیش هێزی قسەکردنی نەمێنێت کە بۆی خولقێندراوە ، شێوەی تەواوی بێ کەم وکورِی خۆیان لە دەست دەدەن ٠

دڵیش : خولقێنراوە بۆ ناسینی بەدیهێنەری ، خۆشویستنی ، بەتەنها پەرستنی ، شادومان بوون بەخوا ، دڵخۆشبوون بە خۆشویستنی ، رِازیبوون بەخوا ، پشت پێ بەستنی ، خۆشویستن لە پێناویدا ، رِق لێبوونەوە لە پێناویدا ، خۆشەویستی لەبەر خواو دژایەتی لەبەر خوا ، بەردەوام زیکرکردنی ، بەلایەوە لە هەموو شتێك خۆشەویستر بێت ، لە هەموو شتێك زیاتر جێگای ئومێدی بێت ، لە دڵیدا لە هەموو شتێك شکۆمەندتر بێت ، نیعمەت و شادومانی و لەزەت و ، بەڵکو بەلایەوە ژیانیش بەبێ ئەو زاتە مانایەکی نەبێت ، هەموو ئەمانە وەکو خۆراك و تەندروستی و ژیانن بۆ دڵ ، بەنەبونیان خەم و خەفەت و دڵتەنگی لە هەموو لایەکەوە رِووی تێ دەکات و ، بەسەریەوە دەمێنێتەوە ٠

گەورەترین نەخۆشیەکانی دڵیش : هاوەڵ پەیداکردن و تاوان و بێ ئاگایی و بەسووك تەماشاکردنی ئەوەیە کە پەروەردگار خۆشی دەوێن و پێی رِازیە ، وازهێنان لە گەرِاندنەوەو

سپاردنی کارەکانە بە خوای تعالی ، کەمی پشت بەستنە بەخوای تعالی ، متمانەکردنە بە جگە لە خوای تعالی ، بێزاریوونە لە چارەنووسی ، بەگومانبوونە لە پەیمان و هەڕەشەکانی ٠

بە تێڕوانینت لە نەخۆشیەکانی دڵ ، بۆت دەردەکەوێت ئەم شتانەو هاوشێوەکانیان هۆکاری دروستبوونی ئەو نەخۆشیانەن و هیچ هۆکارێکی تری نی یە ، تەنها دەرمانی دڵیش کە هیچ دەرمانێکی تری نی یە ، چارەسەرە پێغەمبەرایەتیەکانە کە چەندین شتی دژ بەو نەخۆشیانەی تێدایە ، چونکە نەخۆشی بە دژەکانی لادەدرێت و ، تەندروستیش بە هاوشێوەکانی دەپارێزرێت ، بۆیە تەندروستیی بەم شتە پێغەمبەرایەتیانە دەپارێزرێت و ، نەخۆشیەکانیشی بە دژەکانیان چارەسەر دەکرێت ٠

یەکتاپەرستی : دەروازەکانی خەیرو شادومانی و چێژوەرگرتن و دڵخۆشی و ئاسودەیی بۆ بەندەی خوا دەکاتەوە ، تەوبەو پەشیمانیش دەرهاوێشتنێکە بۆ ئەو تێکەڵاو و مادە خراپانەی کە هۆکارن بۆ نەخۆش کەوتنی بەندە ، هەروەها لە تێکچوونیش دەیپارێزێت و ، دەروازەی شەڕوخراپەشی لێ دادەخات ، بۆیە دەروازەکانی خەیرو خۆشی بە یەکتاپەرستی دەکرێتەوەو ، دەروازەکانی شەڕیش بە تەوبەو پەشیمانی دادەخرێت ٠

کەسانێك لە پزیشکانی پێشین گوتویانە : هەرکەس خوازیاری تەندروستی جەستەیە ، با خواردن و خواردنەوەکانی کەم بکاتەوە ، هەرکەسیش تەندروستی دڵیی دەوێ ، با واز لە تاوانەکان بێنێت ٠

(ثابت)ی کوڕی (قُرَّة) دەڵێت : حەوانەوەی جەستە لە کەم خواردندایە ، حەوانەوەی ڕوحیش لە کەمی تاوان کردندایە ، حەوانەوەی زمانیش لە کەم قسەکردندایە ٠

تاوانیش بۆ دڵ ، وەکو ژەهرەکانە ، کە ئەگەر نەیفەوتێنێت ئەوا بەدڵنیایی لاوازی دەکات ، کە هێزیشی لاواز بوو ، چیتر ناتوانێت بەرامبەر بە نەخۆشیەکان بەرهەڵستی بکات ، پزیشکی دڵان (عبدالله)ی کوڕی (مبارك) دەفەرمێت :

رَأيتُ الذنُوبَ تُميتُ القُلوبَ وقدْ يُورِثُ الذُّل إدمانُهـــا
الذُّنوبِ حــــياةُ القُلوبِ وخَيرٌ لِنَفسِكَ عَصْيانُهـــا

واتە :

تـــاوانم بینی دڵ دەمــــرێنێت سەرشۆڕیش بەردەوامەتی پێ دەبەخشێت
وازهێنان لە تاوان ژیانەوەی دڵە بۆ خۆت چاکــــــترە سەرپێچی بکەیت

هەواو ئارەزوو بە گەورەترین نەخۆشیەکانی دڵ دادەنرێت و ، سەرپێچیکردنی ئەو هەواو ئارەزوانەش بە گەورەترین چارەسەرەکانی دڵ دانراوە ، لە بنەڕەتدا نەفس بە نەفامی و ستەمکاری خولقێنراوە ، بۆیە بەهۆی ئەو نەفامیەوە وادەزانێت ئەگەر شوێنی هەواو ئارەزووەکانی نەفسی خۆی بکەوێت ئەوە دەبێتە چارەسەر ، بەڵام لە ڕاستیدا دەیفەوتێنێت و پەکی دەخات ، وە لەبەر ئەوەی کەسێکی ستەمکاریشە هیچ شتێکی لە پزیشکی ئامۆژگاریکارەوە قبوڵ نابێ ، بەڵکو نەخۆشی دەخاتە جێگەی دەرمانەوەو پشتی پێ دەبەستێت و ، دەرمانیش دەخاتە جێگەی نەخۆشیەوەو خۆی لێ بەدوور دەگرێت ، لێرەدا کە نەخۆشی پەسەند دەکات و ، خۆی لە دەرمانەکان بەدوردەگرێت ، جۆرها دەردو نەخۆشی ڕووی تێدەکات ، بە جۆرێك پزیشکان ماندوو دەکات و ، شیفاش ئاستەم دەکات ، کارەساتی گەورەش ئەویە کە هەموو ئەوانە بە چارەنووسەوە دەبەستێتەوە ، بۆیە بەزمانی حاڵ خۆی بەبێ تاوان دادەنێت و ، بەبەردەوامی سەرزەنشتی پەروەردگاری دەکات ، سەرزەنشتەکەش بەهێز دەکات تاوەکو بە زمانی ئاشکەرای دەکات ٠

ئەگەر نەخۆش بەم بارە گەشت ، چاوەڕێی چاكبونەوەی لێناكرێت مەگەر خوای تعالى ڕەحمەت و بەزەیی خۆی بەو كەسە بگەیەنێت و ، بە ژیانێكی نوێ بیژێنێتەوەو ، ڕێگەیەكی باش و ستایشكراویشی پیشان بدات ، بۆیە فەرموودەكەی (ابن عباس) _ خوای لە خۆی ویابیشی ڕازی بێت _ سەبارەت بە نزای كاتی كارەسات جۆرەكانی یەكتاپەرستی پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی لە خۆدەگرت و ، خوای تعالاش بە گەورەو میهرەبان وەسف دەكات ، ئەم دوو سیفەتەش شێوەی تەواوی بێ كەم وكوڕی ڕەحمەت و بەزەیی و بەتوانایی و ، چاكەكردن و لێبوردن بۆ خوای تعالى جێگیر دەكەن ٠

خوای تعالى بە شێوەی تەواوی بێ كەم و كوڕیی پەروەردگارێتی بۆ جیهانەكانی سەرو و خوارو وەسف دەكات ٠

باسی عەرشیش دەكات كە سەربانی هەموو بەدیهێنراوانەو لە هەمووشیان گەورەترە ٠

شێوەی تەواوی بێ كەم و كوڕی پەروەردگارێتی خوای تعالى یەكتاپەرستن پێویست دەكات و ، دەبێ هەموو جۆرەكانی پەرستن و خۆشەویستی و هیواو خواست و ڕێزو گوێڕایەڵیی بەتەنها بۆ ئەو زاتە بكرێت ٠

گەورەیی بەرەهایی خوای پەروەردگاریش واپێویست دەكات هەموو شێوەیەكی تەواوی بێ كەم و كوڕی بۆ جێگیر بكرێت و ، هەموو كەم و كوڕی و چواندنێكی لێ بەدور بگیرێت.

میهرەبانی خوای تعالاش شێوەی تەواوی بێ كەم و كوڕی ڕەحمەت و بەزەیی و چاكەكردنی بەرامبەر بە بەدیهێنراوانی خۆی بەدەردەخات ٠

كە دڵ ئەوانەی سەرەوە بزانێت ، ئەوا خۆشویستن و ڕێزگرتن و یەكتاپەرستی بۆ خوای تعالى جێبەجێ دەكات و ، بەوەش مرۆڤ دڵخۆشی و شادومانی و چێژی دەست دەكەوێت بە ئاستێك ئازاری كارەسات و خەم و خەفتی لێ دوردەخاتەوە ، تۆ تەماشا دەكەیت نەخۆش

ئەگەر ئەو هەواڵانەی پێ بگات کە دڵخۆشی بکات و ، نەفسی بەهێز بکات ، چۆن سروشتی جەستەی بەهێز دەبێ و نەخۆشیە هەستیەکانی خەم و خەفەت لادەبات ، کەوابوو دڵ بە ئاسایی چاك دەبێتەوە ٠

پاشان ئەگەر بەراوردێکی نێوان تەنگانەکانی کارەسات و فراوانی ئەو وەسفانەی نێو نزاو دوعاکانی کارەسات بکەیت ، دەبینی زۆر زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی دەرووی تەنگانەکان بکاتەوەو ، دڵیش لەو دەروازەیەوە گوزەر بکات بۆ بەهاری دڵخۆشی و شادومانی ، ئەمەش لەو کەسانەدا زیاتر بەدیدەکرێت ، کە ڕوناکی ئەو نزایانەی تێدا هەڵهاتووەو ، دڵیشی لە ئیش پێکردنی ڕاستیەکانیدا دەست بەکاربووە ٠

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ: ((يَا حَيّ يَا قَيّومُ ، بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ)) هۆیەکی گونجاوە بۆ دورخستنەوەی ئەم نەخۆشیە ، چونکە سیفەتی (حَيّ) واتە : زیندوو کە شێوەی تەواوی بێ کەم و کوڕی لە خۆدەگرێت و ، پێوەی پەیوەندە ٠

هەروەها سیفەتی (القَيُّوم) واتە : هەڵسوڕێنەری بوونەوەر ، ئەمە هەموو سیفاتە کرداریەکان لە خۆدەگرێت ، بۆیە گەورەترین ناوی خوا کە ئەگەر نزای پێ بکرێت قبوڵ دەکرێت و ، داوای پێ بکرێت پێت دەدەرێت بریتیە لە : ((يَا حَيّ يَا قَيّومُ))ە ٠

سیفەتی زیندوویی تەواوی بێ کەم و کوڕی خوای تعالاش ، دژبە هەموو نەخۆشی و ئازارەکانە ، بۆیە کاتێك ژیانی خەڵکی بەهشت تەواو بوو و کەم و کوڕیی تێدا نەما چیتر تووشی خەم و خەفەت و دڵتەنگی و بەڵاکان نابن ، بەڵام سیفەتی کەم و کوڕ بوونی ژیان زیان بە کردەوەکان دەگەیەنێت و ، دژبە (القَيومِيَّة)ە ٠

بوونی سیفەتی (القَيومِيَّة)تی خوای تعالاش ، ڕەنگدانەوەی شێوەی تەواوی بێ کەم و کوڕی سیفەتی ژیان و زیندویەتیە ، چونکە زاتێك کە بە ڕەها زیندوو بێ و ، ژیانیشی تەواو بێ

، ئەوا هەموو سیفاتەکانی تەواوێتی لە خۆدەگرێت ، (القَیوم)یش هیچ کردەوەیەکی شیاوی بەلاوە ئاستەم نابێت ·

هاوتای ئەمەی سەرەوەش پاڕانەوەی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە خواکەی بە پەروەردگارێتیکردنی بۆ (جبریل) و (میکائیل) و (إسرافیل) بۆ ئەوەی ڕێنمووی بکات بۆ ئەو هەقەی خەڵکی تیایدا جیاوازن و ، لەسەر ئەو هەقە دامەزراوی بکات ، چونکە ژیانی دڵ بە ڕێنمووی وەرگرتنە ·

خوای تعالاش ژیانی بەم سێ فریشتەیە سپاردووە ، سروش ، کە ژیانی دڵە بە (جبریل)ی سپاردووە ·

باران ، کە ژیانی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵانە بە (میکائیل)ی سپاردووە ·

فووکردن بە بووقدا ، کە هۆی ژیانی جیهان و گەڕانەوەی ڕووحەکانە بۆ جەستەکان بە (إسرافیل)ی سپاردووە ·

کەوابوو پاڕانەوە بە پەروەردگارێتی خوای تعالی بۆ ڕوحی ئەو فریشتە گەورانەی کە ژیانیان پێ سپێردراوە ، کاریگەریەکی ئیجابی دەبێ بۆ ئەوەی داواکاریەکان بەدەستبهێنرێ ·

مەبەستیش ئەوەیە کە : ناوی ((الحَيّ القَيّومُ)) کاریگەریەکی ئیجابی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی داواکاریەکان وەڵام بدرێتەوەو ، کارەساتەکان لابەرێت ·

وَفِي " السّنَنِ " و " صَحِيحِ أَبِي حَاتِمٍ " مَرْفُوعًا : اسْمُ اللَّهِ الْأَعْظَمُ فِي هَاتَيْنِ الْآيَتَيْنِ : ﴿ وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ ﴾ [الْبَقَرَةُ ١٦٣] ، وَفَاتِحَةُ آلِ عِمْرَانَ ﴿ الم اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ﴾ قَالَ التِّرْمِذِيّ : حَدِيثٌ صَحِيحٌ(٢٨٤) .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : گەورەترین ناوەکانی خوای تعالی لەم دوو سورەتەدایە ﴿ وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ ﴾ واته ﴿ وَإِلَهُكُمْ ﴾ پەرستراوی ئێوە ﴿ إِلَهٌ وَاحِدٌ ﴾ پەرستراوێکی تاك و تەنهایە ﴿ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ ﴾ هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە تەنها ئەو نەبێت ﴿ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ ﴾ کە بەخشندەی میهرەبانە ، هەروەها ئایەتی یەکەمی سورەتی (آل عمران) ﴿ الم اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ﴾ واته : ﴿ الم ﴾ تەنها خوا ماناکەی دەزانێت بە (ئەلیف ، لام ، میم) دەخوێندرێتەوە بۆ ماناکەی سەیری سەرەتای سوەرتی (البقرة) بکە ﴿ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا ﴾ خوا ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە جگە لە خوا ﴿ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ﴾ زیندووی ڕاگری بونەوەرە(٢٨٥)

وَفِي " السّنَنِ " و " صَحِيحِ ابْنِ حِبّانَ " أَيْضًا : مِنْ حَدِيثِ أَنَسٍ أَنّ رَجُلًا دَعَا ، فَقَالَ : اللّهُمّ إنّي أَسْأَلُكَ بِأَنّ لَكَ الْحَمْدَ ، لَا إلَهَ إلّا أَنْتَ الْمَنّانُ ، بَدِيعُ السّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، يَا ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ ، يَا حَيّ يَا قَيّومُ ، فَقَالَ النّبِيّ ﷺ : ((لَقَدْ دَعَا اللّهَ بِاسْمِهِ الْأَعْظَمِ الّذِي إذَا دُعِيَ بِهِ أَجَابَ ، وَإِذَا سُئِلَ بِهِ أَعْطَى))(٢٨٦) .

واته : له (أنس)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پیاوێك نزای کردو ، فەرمووی : پەروەردگارا من داوات لێدەکەم بەوەی کە ستایش بۆ تۆیە ، هیچ پەرستراوێك نی

٢٨٤ _حسن : أخرجه أحمد (٦ / ٤٦١) ، وعبد بن حميد (١٥٧٦) ، والدارمي (٣٣٩٢) ، وأبوداود (١٤٩٦) ، وابن ماجة (٣٨٥٥) ، والترمذي (٣٤٧٨) كلهم من طريق عبيدالله بن أبي زياد عن شهر بن حوشب عن أسماء بنت يزيد فذكرته مرفوعاً .

٢٨٥ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٢٨٦ _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (١٤٩٥) ، وصححه الألباني .

يه به هەق جگه له تۆی بەخشندەی منەتکاری ، داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ، ئەی خاوەن ڕێزو شکۆمەندی ، ئەی زیندووی ڕاگری بونەوەر ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((له خوا پاڕایەوە بەناوە گەورەکانیی که ئەگەر نزای پێ بکرێت قبولْ دەکرێت و ، داواشی پێ بکرێت پێی دەدرێت)) ٠

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بە پەرۆشەوە نزای بکردایە دەیفەرموو : ((يا حيٌّ يا قَيُّوم)٠

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ ((اللّهُمّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو ، فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ ، لَا إِلَهَ إِلّا أَنْتَ)) واتە : پەروەردگارا هیوای بەزەیت دەکەم و ، بە ئەندازەی چاوتروکانێك مەمدرە دەست خۆم و ، هەموو کاروبارم چاك بکە ، هیچ پەرستراوێك نی یه بەهەق جگه له تۆ)) ، لەم نزایەدا هیوای بەزەی له زاتێك داوادەکرێت کە هەموو خەیرێکی بەدەستەو ، بەتەنها پشتی پێ دەبەسترێت و ، مرۆڤ هەموو کاروبارەکانی خۆی پێ دەسپێرێت و ، لێی دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاروبارەکانی چاك بکات و ، بە ئەندازەی چاوترکانێك نەیداتە دەستی خۆی و ، لێی دەپاڕێتەوە بە یەکتاپەرستیی ، چونکه لە دوورخستنەوەی نەخۆشیدا ڕۆلێکی کاریگەری بەهێز دەبینێت ٠ هەروەها فەرمایشتیشی : ((اللهُ رَبِّي لا أُشْرِكُ بِهِ شَيئاً)) هەمان کاریگەریەکانی سەرەوەی تێدایە ٠

بەڵام فەرموودەکەی (ابن مسعود)_ خوای لێ ڕازی بێت _ : ((اللّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ وابْنُ عَبْدِكَ ٠٠)) چەندین زانستی ئیلاهی و ، نهێنی بەندایەتی تێدایه که له کتێبێکدا جێی نابێتەوە ، چونکە مرۆڤ لێرەدا دان بە بەندایەتی خۆی و باوان و دایانیدا دەنێت ، کە نێوچاوان و هەموو کاروبارەکانی بەدەستی ئەو زاتەیەو چۆنی حەز لێبێت تەصروف پێوە دەکات ، بەندەش توانای هیچ سودو زیان و ، مردن و ژیان و ، زیندوبونەوەیەکی بۆ خۆی نی یه ، بەڵکو دیلی ژێر دەستی پەروەردگارو ، کەساسی ژێر سوڵتان و زاڵبونێتی٠

وه فەرمایشتی : ((ماضٍ فيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قضاؤكَ)) واته : حوکمت بەسەرمدا بەردەوامەو ، بڕیارت بە سەرمدا دادپەروەرانەیە ، دوو بنچینەی گەورە لە خۆدەگرێت کە تەوەرەی یەکتاپەرستی لە سەر دەخولێتەوە ٠

یەکەمیان : جێگیرکردنی چارەنووس ، وە حوکمەکانی خوای تعالی بەسەر بەندەکانیدا جێبەجێ کراوەو بەردەوامە ، مرۆڤ ناتوانێت لێی جیابێتەوەو ، هیچ ڕێگەیەکیشی بەدەستەوە نی یە بۆ دورخستنەوەی ٠

دووەم : خوای تعالی لەم حوکمانەدا دادپەروەرەو ، هیچ ستەمێك لە بەندەکەی ناکات ، بەڵکو تیایدا لە چوارچێوەی دادپەروەری و چاکەکردن ناچێتە دەرەوە ، چونکە ستەم کردن هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ستەمکار یا پێویستی بە شتێکە ، یاخود نەفامە ، یاخود نەزان و گێلە ، بەڵام هەرگیز گونجاو نیە ئەوە لە زاتێك بوەشێتەوە کە بە هەموو شتێك زانایەو ، پێویستی بەهیچ شتێك نی یەو ، هەموو شتێك پێویستی پێیەتی و ، دادپەروەرترین دادوەرانەو ، بچوکترین گەردیلە لە قەدەرو چارەنووسەکانی ناتوانێت لە لە حیکمەت و دانایی و ستایشکردنی بچنە دەرەوە ، وەکو چۆن لە تواناو ویستیی ناچنەدەرەوە ، بۆیە حیکمەت و دانایی پەیڕەوکراوە لە گەڵ تواناو ویستیدا ، ئەوەبوو (هود) پێغەمبەر _ صلى الله على نبينا وعليه وسلم _ کاتێ قەومەکەی بە بتەکانیان دەیترسێنن دەڵێت :

﴿ إِنِّي أُشْهِدُ اللَّهَ وَاشْهَدُوا أَنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ * مِنْ دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لا تُنْظِرُونِ * إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾[هود: ٥٤ –٥٦] ٠ واته : ﴿ أُشْهِدُ اللَّهَ ﴾ خوا دەکەم بە شایەت ﴿ وَاشْهَدُوا ﴾ و ئێوەش شایەت بن ﴿ أَنِّي بَرِيءٌ ﴾ کە بەڕاستی من بەری و دوورم ﴿ مِمَّا تُشْرِكُونَ ﴾ لەوەی کە ئێوە دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوا ﴿ مِنْ دُونِهِ ﴾ جگە لە خوا ﴿ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ﴾ جا هەمووتان پیلانم لێ بگێڕن ﴿ ثُمَّ لا تُنْظِرُونِ ﴾ لە پاشان مۆڵەتیشم مەدەن (ولێم مەوەستن)

﴿ إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ ﴾ بەڕاستی من پشتم بەخوا بەستووە ﴿ رَبِّي وَرَبِّكُمْ ﴾ کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە ﴿ مَا مِنْ دَابَّةٍ ﴾ هیچ گیان لەبەرێك نی یە ﴿ إِلا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا﴾ مەگەر خوا دەسەڵات دراوە بەسەریدا (بگری مووی پێشی سەرێتی) ﴿ إِنَّ رَبِّي ﴾ بەڕاستی پەروەردگارم ﴿ عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستە(٢٨٧) واتە لە گەڵ ئەوەدا کە خوای تعالی دەستەڵاتی خۆی داوە بەسەر هەموو شتێکداو بە ویستی خۆی تەصرِوفیان پێوە دەکات ، بەڵام لە سەر ڕێگەیەکی ڕاستیشەو بە دادپەروەری و دانایی و ، چاکەکردن و ڕەحمەت و بەزەیی نەبێت تەصرِوفیان پێوە ناکات · بۆیە فەرمایشتی : ((ماضٍ فِيَّ حُكْمُكَ)) واتە : حوکمەت بە سەردەمدا بەردەوامە ، سازیارو ڕێککەوتووی فەرمایشتی خوای تعالایە : ﴿ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا ﴾ واتە : هیچ گیانلەبەرێك نی یە مەگەر خوای تعالی دەستەڵات دراوە بەسەریدا ، هەروەها فەرمایشتی : ((عَدلٌ فِيَّ قضاؤكَ)) واتە : بڕیارت بەسەرمدا دادپەروەرانەیە ، سازیارو ڕێککەوتوی فەرمایشتی خوای تعالایە : ﴿ إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ واتە : بەڕاستی پەروەردگارم لە سەر ڕێگەیکی ڕاستە · پاشان لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوە بەو ناوانەی کە خۆی پێ ناوناوە ، ئەوەی بەندەکان دەیزانن و ئەوەشی کە نەیانزانیوە · لەوانەش : هەندێك لەو ناوانەی لە عیلمی غەیبی خۆیدا هەڵگرتووەو ، پیشانی هیچ پەریەکی نزیك ، یاخود پێغەمبەرێکی نەداوە ، ئەم وەسیلەیە گشتیترین وەسیلەیەو ، لە هەمووشیان بەلای خواوە خۆشەویسترەو ، لە هەمووشیان نزیکترە بۆ دەستکەوتنی داواکراو ·

پاشان داوای لێکرد قورئان بکات بە بەهاری دڵی ، چونکە بەڕاستی قورئان بەهاری دڵانە ، وە بیکات بە شیفای خەم و خەفەتەکانی ، بۆیە دەچێتە جێگەی ئەو دەرمانەی کە نەخۆشیەکان ڕیشەکێش دەکات و ، تەندروستی بۆ جەستە دەگەڕێنێتەوە ، داواشی لێکرد خەم و خەفەتەکانی پێ لابەرێت وەکو چۆن ژەنگ و پیسی مشت و ماڵ دەکرێت ، بۆیە ئەگەر

---

٢٨٧ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

نەخۆش بەڕاستگۆیی ئەم دەرمانە بەکاربێنێت ئەوا نەخۆشیەکەی لادەبات و ، شیفایەکی تەواوی بۆ دەستەبەر دەکات و ، تەندروستیشی بۆ دەگەڕێنێتەوە · والله الموفق ·

بەڵام نزاکەی (ذي النون) · شێوەی تەواوی بێ کەم و کوڕی یەکتاپەرستی و پاك و بێگەردی خوای پەروەردگاری تێدایە ، هەروەها بەندەی خوا دان بە ستەم و تاوانی خۆیدا دەنێت و ، بەوەش دەبێت بە گەورەترین دەرمانەکانی کارەسات و خەم و خەفەت لابردن و ، چاکترین وەسیلەکانیش دەبێ بۆ ئەوەی خوای تعالى پێویستیەکان جێبەجێ بکات ، چونکە یەکتاپەرستی و پاك و بێگەردی هەموو تەواویەك بۆ خوای تعالى جێگیر دەکەن و ، هەموو کەم و کوڕیەکی و عەیب و چواندنێکی لێ بەدور دەگرن · دان نانی بەندەش بە ستەمدا لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی باوەڕی تەواوێتی بە شەرع و پاداشت و سزا ، بۆیە ئەمە وای لێدەکات خۆی بشکێنێتەوەو بۆ لای خوا بگەڕێتەوە ، واز لە هەڵنوتانەکانی بهێنێت ، دان بە بەندایەتی خۆیدا بنێت ، پێویستێتی خۆی بۆ خوای تعالى ئاشکەرا بکات · لێرەدا چوار شت بەکارهاتووە بۆ پاڕانەوە : یەکتاپەرستی ، پاك و بێگەردی ، بەندایەتی ، دان پێدانان ·

بەڵام فەرموودەکەی (أبي أمامة) _ خوای لێ ڕازی بێت _ : ((اللَّهُمَّ إِنِّي أعوذُ بِكَ مِنَ الهَمِّ والحَزَنِ ···)) ، لە هەشت شتدا پەنا بەخوا دەگرێت ، هەر دوانێکیان پێکەوەبەندێکی جووتن ، ئەوەتا دڵتەنگی و خەم دوو بران ، بێدەستەڵاتی و تەمەبەڵی دوو بران ، ترسنۆکی و دەست قوچاوی دوو بران ، زاڵبونی قەرزو دۆڕانی پیاوان دوو بران ، چونکە شتی نەویستراوی بە ئازار کە بە دڵ گەشت ، پێدەچێ هۆکارەکەی شتێکی ڕابردوو بێت ، بۆیە مرۆڤ دڵتەنگ دەکات ، یاخود شتێکە چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا ڕووبدات ، بۆیە مرۆڤ خەمی دەخوات ·

کە مرۆڤ لە بەرژەوەندیەکانی دوادەکەوێت و لە دەستی دەچێت ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە یا بۆ بێ توانایی کە بە بێدەستەڵاتی ناودەبرێت ، یاخود دەگەڕێتەوە بۆ ورەبەردان و نائومێدی کەبە تەمبەڵی ناودەبرێت ·

كه مرۆڤ خێرو سودو كەڵك لە خودی خۆی و هاوڕگەزی قەدەغە دەكات ، یا بەجەستەی ئەو سودە قەدەغەدەكات ، كە بە ترسنۆكی ناودەبرێت ، یاخود بە ماڵ و سامانی ، كە بە دەست قوچاوی ناودەبرێت ۰ وە كە خەڵكی بەسەردا زاڵ دەبێت یا بەهەقە ، كە زاڵبونی قەرزە ، یا بە ناهەق و پوچیە كە بەدۆڕانی پیاوان ناودەبرێت ، بۆیە لەم فەرموودەیەدا پەنا بە خوا گیراوە لە هەموو شەڕو خراپەكاریەك ۰

بەڵام كاریگەری ئیستغفارو داوای لێخۆشبوون لە دورخستنەوەی خەم و دڵتەنگی و تەنگانەدا ، لەبەر ئەوەیە كە هەموو ڕێبازو ئاقڵ و ژیرانی ئومەتێك دەزانن كە سەرپێچی و خراپەكاری خەم و خەفت و ، ترس و دڵتەنگی و ، ستگ تەنگی و ، نەخۆشیەكانی دڵ پەیدا دەكات ، ئیتر هەركات ئارەزووەكانیان لەو خراپەو سەرپێچیانە تێربو و ، لێی بێزاربوون ، دوبارە ئەو سەرپێچی و خراپەكاریە ئەنجامی دەدەنەوە بۆ دورخستنەوەی ئەو خەم و خەفەتەی دایگرتوون ، وەكو ئەوەی شێخی گومڕابووان دەڵێت :

وَكَــــأسٍ شَــــرِبتُ على لَــذَّةٍ   وَأُخْــــــــرَى تَداوَيْتُ مَــنْهَا بِهَـــــا

واتە :

كاسێكی شەرابم خواردەوە بۆ خۆشی و   خۆشم لێ چارەسەر كرد بەخواردنەوەی كاسێكی تر

بۆیە ئەگەر ئەمە ئاسەواری تاوان و گوناهەكان بێت لە سەر دڵ ، ئەوا هیچ دەرمانێكی نی یە بەدەر لە تەوبەو پەشیمانی و داوای لێخۆشبوون ۰

بەڵام نوێژ ۰ دەروازەیەكی گەورەیە بۆ شادومانبوون و بەهێزبوون و ، كرانەوەو ئاسودەبوونی دڵان ، هەروەها دڵ و ڕوح بە خوای تعالی دەگات ، لێی نزیك دەبێتەوەو چێژ لە یادو زیكركردنی وەردەگرێت ، بە ڕازونیازكردنی دڵخۆش دەبێت ، لە پێش دەستیدا دەوەستێت ، هەموو جەستەو هێزو ئەندامەكانی لە پەرستنیدا بەكاردەهێنێت و ، هەموو ئەندامێك بەشی خۆی دەداتێ ، واز لە خەڵك و تێكەڵابون و گفتوگۆكردنیان دەهێنێت و ،

هێزەکانی دڵیی و ئەندامەکانی بە خوای پەروەردگارەوە پەیوەست دەبێت و ، لە دەستی دوژمنی دەحەوێتەوە ، هەموو ئەمانە کە لە کاتی نوێژدا مرۆڤ پەیڕەوی دەکات دەبێت بە گەورەترین دەرمانەکان و دڵخۆشکارەکان خۆراکەکان کە بەتەنها گونجاوی دڵە تەندروستەکانە ٠ بەڵام دڵە نەخۆشەکان ، بەهاوشێوەی جەستەکانە کە بەدەر لە خۆراکی چاك هیچی تر سودی بۆ نابێت ٠

بۆیە نوێژ یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی دونیاو ڕۆژی دوای پێ بەدەست بهێنرێت و ، خراپەکانی دونیاو ڕۆژی دوای پێ دوربخرێتەوە ، تاوان قەدەغە دەکات ، نەخۆشیەکانی دڵ دوردەخاتەوە ، نەخۆشیەکانی جەستە لادەبات ، دڵ ڕوناك دەکاتەوە ، ڕووی مرۆڤ سپی دەکات ، ئەندامەکانی لەش و نەفس چالاك دەکات ، ڕۆزی فراوان دەکات ، ستەم دوردەخاتەوە ، ستەملێکراو سەردەخات ، تێکەڵاوەکانی ئارەزوو هەڵسان دادەمرکێنێتەوە ، نیعمەت دەپارێزێ ، ڕق و قین دوردەخاتەوە ، ڕەحمەت و بەزەی دادەبەزێنێت ، خەم وخەفەت لادەبات ، بۆ زۆرێك لە ئازارەکانی سك بەسوودە ٠

وَقَدْ رَوَى ابْنُ مَاجَهْ فِي " سُنَنِهِ " مِنْ حَدِيثِ مُجَاهِدٍ ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : رَآنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَأَنَا نَائِمٌ أَشْكُو مِنْ وَجَعِ بَطْنِي ، فَقَالَ لِي : ((يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أَشكَمَتْ دَرْدْ ؟)) قَالَ : قُلْتُ : نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ ، قَالَ : ((قُمْ فَصَلِّ ، فَإِنَّ فِي الصَّلَاةِ شِفَاءً))[٢٨٨]

وَقَدْ رُوِيَ هَذَا الْحَدِيثُ مَوْقُوفًا عَلَى أَبِي هُرَيْرَةَ وَأَنَّهُ هُوَ الَّذِي قَالَ ذَلِكَ لِمُجَاهِدٍ وَهُوَ أَشْبَهُ وَمَعْنَى هَذِهِ اللَّفْظَةِ بِالْفَارِسِيِّ أَيُوجِعُك بَطْنُك ؟ واتە : لە (أبي هُريرة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ منی بەدیکرد کە نووستبووم و هاوارم لە ئازاری سکم دەکرد ، ئەوەبوو بە زمانی فارسی پێی فەرمووم ((أشكَمَتْ دَرْدْ)) واتە سکت ئازای

٢٨٨ _ ضعيف : أخرجه أحمد (٢ / ٣٩٠ ، ٣٠٤) ، وابن ماجة (٣٤٥٨) كلاهما عن مجاهد عن أبي هريرة فذكره ٠

هەیە ، (أبوهُريرة) دەفەرمێت : گوتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەویش فەرمووی : ((هەستە نوێژ بکە ، چونکە نوێژ شیفای تێدایە)).

ئەگەر ستگی پزیشکی زەندیقی بێ باوەڕ بەم چارەسەرە نەکرایەوە ، ئەوا بەشێوازی پزیشکی لە گەڵیدا قسەدەکرێت و ، پێی دەگوترێت : نوێژ وەرزشی نەفس و جەستەشە پێکەوە ، چونکە چەندین جوڵانەوەو باری جیاواز لە خۆدەگرێت وەکو هەڵسان و ، ڕکوع و ، سجودو ، دانیشتن لە سەر سمت و ، گواستنەوەکان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر کە لە گەڵیدا زۆربەی جومگەکان دەجوڵێنەوەو ، هەروەها زۆربەی ئەندامە ناوەکیەکانی وەکو گەدەو ، ڕیخۆڵەو ، ئەندامی هەناسەدان و ، هیتریش دەجوڵێنەوە ، بۆیە نکۆڵیی ناکرێت کە ئەم جوڵانەوانە ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە بەهێزکردن و شیکردنەوەی مادەکاندا ، بەتایبەت بەهۆی هێزی نەفس و کرانەوەو ئاسودەبونی لە نوێژدا ، ئەوجا سروشتی جەستەش بەهێز دەبێت و ، نەخۆشیەکە دوردەخرێتەوە .

بەڵام نەخۆشی زەندیقێتی بێ باوەڕیی و ڕوو وەرگێران لەو پەیامەی کە پێغەمبەران هێناویانەو ، لە جیاتیدا باوەڕنەبوون بەخوا هەڵبژێردرێت ، ئەوا هیچ دەرمانێکی نی یە بەدەر لە ئاگرێکی بلێسەدار ، کە کەس ناچێتە نێوی مەگەر خراپترینی خەڵك ، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە بڕوایان نی یە و پشت هەڵدەکەن لە ئاینی ڕاستی ئیسلام .

بەڵام کاریگەری تێکۆشان لە پێناوی خوادا (الجهاد) بۆ دورخستنەوەی خەم و خەفەت ، کارێکە مرۆڤ بە ویژدانی خۆی دەیزانێت ، چونکە نەفس هەرکات هێرشەکانی پووچ و ناهەق و داگیرکردنەکانی پشت گوێ خست ، خەم و خەفەت و ، کارەسات و ترسەکانی زیاتر دەبێ ، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بۆ خوا بەرامبەر بەوانە تێکۆشا ، ئەوا خوای تعالى ئەو خەم و خەفەت و دڵتەنگیەی بۆ دەگۆڕێت بە شادومانیی و چالاکی و هێز ، وەکو ئەوەی خوای تعالى فەرموویەتی : ﴿ قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنْصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ

مُؤْمِنِينَ (١٤) ويُذْهِبْ غَيظَ قُلُوبِهِم ﴾[التوبة :١٤ _ ١٥] واته : ﴿ قَاتِلُوهُمْ ﴾ (باوەڕداران) بیانكوژن ﴿ يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ ﴾ خوا بەدەستی ئێوە سزایان دەدات ﴿ وَيُخْزِهِمْ ﴾ وریسوایان دەكات ﴿ وَيَنْصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ ﴾ وە سەرتان دەخات بەسەریاندا ﴿ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ ﴾ وە (خوا) سینەو دڵی كۆمەڵی بڕوادار خۆش دەكات ﴿ وَيُذْهِبْ غَيظَ قُلُوبِهِم ﴾ و ڕق و خەشمی دڵەكانیان دادەمركێنێ و ناهێڵێ[٢٨٩] ، بۆیە هیچ شتێك نی یە بە ئەندازەی تێكۆشان پەرێشانی دڵ و خەم و خەفەتی لابەرێت . والله المستعان .

بەڵام كاریگەری (لاحول ولا قوة إلا بالله) لە دورخستنەوەی ئەم نەخۆشیەدا ، دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی تەواوی بێ كەم و كوڕی سپاردنی كاروبار بەدەستی خوای تعالی ، نكۆڵیكردنە لە هەر هێزو توانایەك مەگەر لەلایەن پەروەردگارەوە بەدەست هاتبێ ، وە لەو بارەوە لە تواناداا نی یە ناكۆكی لە گەڵ خوادا بكرێت ، بۆیە بە گشتی هەموو گۆڕانێك لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر لە جیهانی سەرەوەو خوارەوەدا تەنها بە یارمەتی خوای تعالایەو ، هێزی خوای تعالاش لەسەر ئەو گۆڕانەیە ، هەموو ئەوانەش بە دەستی خوایە بەتەنها ، هیچ شتێك ناتوانێت لە ئاستی ئەم ووشەیەدا هەستێتەوە .

لە هەندێ (آثار)دا هاتووە : هیچ پەریەك لە ئاسمانەوە دانابەزێت و ، بۆشی بەرز نابێتەوە مەگەر بە (لاحول ولا قوة إلا بالله) ، كاریگەریەكی گەورەشی هەیە لە دورخستنەوەی شەیتاندا . والله المستعان.

٢٨٩ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

بەشێك : سەبارەت بەڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەركردنی ترس و ، خەوزڕاندا :

رَوَى التِّرْمِذِيّ فِي " جَامِعِهِ " عَنْ بُرَيْدَةَ قَالَ : شَكَى خَالِدٌ إِلَى النَّبِيّ ﷺ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَنَامُ اللَّيْلَ مِنْ الْأَرَقِ ، فَقَالَ النَّبِيّ ﷺ: ((إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ فَقُلْ : ((اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَمَا أَظَلَّتْ ، وَرَبَّ الْأَرَضِينَ ، وَمَا أَقَلَّتْ ، وَرَبَّ الشَّيَاطِينِ وَمَا أَضَلَّتْ ، كُنْ لِي جَارًا مِنْ شَرِّ خَلْقِكَ كُلِّهِمْ جَمِيعًا أَنْ يَفْرُطَ عَلَيَّ أَحَدٌ مِنْهُمْ ، أَوْ يَبْغِيَ عَلَيَّ ، عَزَّ جَارُك ، وَجَلَّ ثَنَاؤُك ، وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ))[٢٩٠] .

واتە : لە (بُرَيْدَةَ)ەوە _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : (خالد) سكالاّی بردە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا من بەشەوان خەوم دەزڕیّ و ناخەوم ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەگەر چویتە سەر نوێنەكەت بڵیّ : خوایە ئەی پەروەردگاری حەوت ئاسمانەكەو ئەوەی سێبەری بۆ دەكات ، ئەی پەروەردگاری چینەكانی زەوی و ئەوەی هەڵیگرتووە ، ئەی پەروەردگاری شەیتانەكان و ئەوەی گومڕایان كردون ، خوایە پشتیوانم بە بەرامبەر بە شەڕو خراپەی هەموو بەدیهێنراوانت نەوەكا یەكێكیان دستدرێژیم بكەنەسەر ، یاخود ستەمم لێبكەن ، ئەوەی تۆ پەنای بدەیت بەهێزو زاڵ دەبیّ ، ستایشكردنت پیرۆزو دیارە ، هیچ پەرستراوێكی تر نی یە بەهەق جگە لە تۆ)) .

وَفِيهِ أَيْضًا : عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ ، عَنْ أَبِيهِ ، عَنْ جَدِّهِ أَنّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يُعَلِّمُهُمْ مِنْ الْفَزَعِ : أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ غَضَبِهِ ، وَعِقَابِهِ ، وَشَرِّ عِبَادِهِ ، وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ ،

---

٢٩٠ _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (٣٥١٨) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٤٠٨) .

وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَنْ يَحْضُرُونِ ، قَالَ : وَكَانَ عَبْدُ اللّهِ بْنُ عَمْرٍو يُعَلِّمُهُنَّ مَنْ عَقَلَ مِنْ بَنِيهِ . وَمَنْ لَمْ يَعْقِلْ كَتَبَهُ ، فَأَعْلَقَهُ عَلَيْهِ ، (٢٩١)

واته : له (عَمْرو)ى كوڕى (شُعَيْب)ەوە ، له بابیەوە ، له باپیریەوە دەگێڕێتەوەو دەفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فێری دەکردن له کاتی ترسدا بڵێن : پەنادەگرم بە ووشە تەواوەکانی خوا لە تورەبوونی و ، لە سزای و ، شەڕو خراپەی بەندەکانی و ، لە خەتەرەو پاڵنەرو وەسوەسەی شەیتانەکان و ، وەپەنات پێ دەگرم لەوەی شەیتانەکان لام ئامادەبن و سەرم لێ بشێوێنن ، (عَمْرو) دەفەرمێت : (عبدالله)ى كوڕى (عَمْرو) منداڵەکانی خۆی ئەوانەی گەورەو ژیر دەبوون ئەم نزایەی فێر دەکردن و ، بۆ ئەوانەش کە منداڵ بوایەن هێشتا ژیر نەبوبون دەینوسی و ، پێیاندا هەڵیدەواسی٠

کەوابوو سازیاربوونی ئەم پەناگرتنە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە ڕوونەو شاراوە نی یە ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەرکردنی ئاگرکەوتنەوەو کوژانەوەیدا

يُذْكَرُ عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ : ((إِذَا رَأَيْتُمْ الْحَرِيقَ فَكَبِّرُوا ، فَإِنَّ التَّكْبِيرَ يُطْفِئُهُ))(٢٩٢)

واته : (عَمْرو)ى كوڕى (شُعَيب) له بابیەوە له باپیریەوە دەگێڕێتەوەو فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەرکات ئاگرکەوتنەوەتان بەدیکرد (الله أكبر) بکەن ، چونکە (الله أكبر) دەیکوژێنێتەوە)) ٠

٢٩١ _ حسن دون قوله ((وكان عبدالله ٠٠٠٠)) : أخرجه أحمد (٢ / ١٨١) ، وأبوداود (٣٨٩٣) ، والترمذي (٣٥٢٨) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (٧٦٥) ، (٧٦٦) كلهم عن عمر بن شعيب عن أبيه عن جده فذكره ٠

٢٩٢ _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن السني (٢٨٩) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع ٠

لەبەر ئەوەی ئاگر هۆکاری سەرەکی ئاگرکەوتنەوەیەو ، ئاگریش ئەو ماددەیەیە کە شەیتانی لێ خولقێنراوەو ، خراپەیەکی گشتی ئەوتۆی تێدایە کە گونجاوی شەیتانە وەکو ماددەکەو ووەکو کرداریش ، بۆیە شەیتان یارمەتیدەری کەوتنەوەیەتی ، ئاگریش بە سروشت دلوای بەرزبونەوەو خراپەکاری دەکات ، ئەم دوو شتەش ڕیبازی شەیتانەو ، بانگەوازی بۆ دەکات و ، بەو دوو شتەش ئەوەی ئادەم دەفەوتێنێت ، هەریەك لە ئاگرو شەیتان دلوای بەرزبونەوەو خراپەکاری لە سەر زەویدا دەکەن ، بەڵام شکۆمەندی و گەورەیی و مەزنی پەروەردگار شەیتان و کردارەکانی دادەمرکێنێتەوەو لایان دەبات ·

لەبەر ئەمە (الله أکبر) گوتن کاریگەری بەتینی هەیە لە ئاگر کوژانەوەدا ، چونکە هیچ شتێك توانای وەستانی نی یە لە بەردەم گەورەیی و مەزنی خوای پەروەردگاردا ، بۆیە ئەگەر موسڵمان (الله أکبر)ی گووت ، ئەو (الله أکبر) گووتنە ئاگرەکە دادەمرکێنێتەوەو شەیتانیش دادەمرکێنێتەوە کە لێی خولقێنراوە ، ئینجا ئاگرەکەش دەکوژێتەوە ، ئێمە _ (ابن القیم) _ و کەسانی تری جگە لە ئێمەش ئەمەمان تاقیکردۆتەوەو ، بینیومانە ئاوەهایە · والله أعلم ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاراستنی تەندروستیدا :

نێوەنجێتی و تەندروستی و مانەوەی جەستە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەڕایی و شێیەی کە لە جەستەدایەو بەرگریی پلەکانی گەرمی دەکات ، تەڕایی وشێ مادەی تەندروستیە ، گەرمیش ئەو مادەیە پێ دەگەیەنێت و ، پاشماوەکانی دوردەخاتەوەو ، چاکیان دەکات و ، نەم و نیانیان دەکات ، ئەگینا جەستە خراپ دەبوو توانای هەستانی نەدەبوو · هەروەها تەڕایی و شێ خۆراکی گەرمیە ، ئەگەر تەڕایی وشێ نەبوایە ، گەرمی جەستەی دەسوتان و ووشکی دەکردو خراپی دەکرد ، هەڵسوڕاندنی کاروباری هەر دانەیەکیان لەسەر ئەویتر وەستاوە ،

مانەوەو جێگیری و دروستی جەستە لە سەر هەدوکیان پێکەوە دەوەستێت ، هەر یەکێکیان مادەیە بۆ ئەویتر ، بۆیە گەرمی مادەی تەڕیی و شێ یە کە دەیپارێزێت و ، لە خراپی و گۆڕان بۆ باری ناشیاو قەدەغەی دەکات ، تەڕای و شێش مادەن بۆ گەرمی کە خۆراکی دەداتێ و هەڵیدەگرێت ، هەرکات یەکێکیان بەسەر ئەویتردا زیادبوو ، بە گوێرەی ئەو زیادبوونە میزاجی جەستە دەست بەلادان و شێوان دەکات ، گەرمی بە بەردەوامی تەڕای و شێ شیدەکاتەوە ، بۆیە جەستە پێویستی بە شتی ترە تاوەکو جێگەی ئەوانە بگرێتەوە کە گەرمی شیکردۆتەوەو ، ئەو شتانەش بریتیە لە خۆراك و خواردنەوە ، بەڵام ئەگەر خۆراك و خواردنەوە زیاد بوو لە ئەندازەی ئەوەی کە شی بوبۆوە ، ئەوا چیتر گەرمی توانای شیکردنەوەی پاشماوەکانی نابێت ، بۆیە ئەو پاشماوانە دەگۆڕێت بۆ مادەگەلێکی خراپی زیانبەخش ، باری جەستە تێك دەدات و ، خراپی دەکات ، بۆیە چەندین نەخۆشی لە جەستەدا پەیدا دەبێ بەگویرەی هەمە چەشنەیی مادەکان و ، قبوڵکردنی ئەندامەکانی جەستەو ئامادەبونیان ، هەموو ئەمانەش لە گوفتاری خوای پەروەردگارەوە وەرگیراوە کە دەفەرمێت : ﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا ﴾[الأعراف : ٣١] واتە : بخۆن و بخۆنەوە (لەوەی کە حەڵاڵە بۆتان) و زیادە ڕەوی مەکەن[٢٩٣]، لێرەدا خوای تعالى ڕێنمای بەندەکانی دەکات بۆ خواردن و خواردنەوە بە ئەندازەیك جەستەی پێ ڕاوەستێت و بمێنێت و جێگەی ئەو خۆراکانە بگرێتەوە کە پێشتر شیبونەتەوە ، بە ئەندازەیەك بێت جەستە سودی لێ ببینێت لە چەندایەتی و چۆنیەتیدا ، بەڵام هەرکات ئەو سنورەی بەزاند ئەوا زێدەڕۆیە ، بۆیە هەریەك لە نەخواردن و نەخواردنەوە ، یاخود زێدەڕۆیی کردن تیایندا وەکو یەك تەندروستی باش دەشێوێنن .

پاراستنی تەندروستی لەو دوو ووشە ئیلاهیەی سەرەوەدان ، گومانی تێدا نی یە کە جەستە بەردەوام لە شیکردنەوەی مادە خۆراکیەکان و لە جێ دانانەوەی ئەو مادە خۆراکیە

---

٢٩٣ ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

شيكراوانەدا كار دەكات ، هەرچەند ئەو شيكردنەوەيە زياد بێت ، ئەوا گەرمى جەستەش لاواز دەبێت ، لە بەر ئەوەى كە ماددەى گەرميەكە لاوازو كەم دەبێتەوە ، چونكە زۆريى شيبوونەوە لە جەستەدا تەڕايى و شێ لەناو دەبات و ، ئەو شێ و تەڕايەش مادەى گرميە وەكو پێشتر ئاماژەى پێدرا ، بۆيە ئەگەر گەرمى لاواز بوو ، هەرسيش لاواز دەبێ ، بەو شێوە بەردەوام دەبێ تاوەكو شێ و تەڕايى نامێنێت و ، گەرميش دەگوژێتەوە بە گشتى ، بۆيە مرۆڤيش ئەو تەمەنە تەواو دەكات كە خواى تعالى بۆى نوسيوە پێى بگات . بۆيە مەبەستى مرۆڤ لە چارەسەركردندا تەنها پاراستنى جەستەيە تاوەكو دەگاتە ئەم بارە ، نەك لە پێناو پاراستنى گەرمى و شێ و تەڕاى جەستە لەبارێكى ئەوتۆدا كە بتوانێت گەنجێتى و تەندروستى و هێزى مرۆڤ بە بەردەوامى بپارێزێت ، چونكە ئەو شێوە تەواويە لە دونيادا بۆ هيچ كەس بەدينەهاتووە ، لە ڕاستيدا مەبەستى پزيشك تەنها پاراستنى شێ و تەڕاى جەستەيە بەرامبەر بە خراپبونيى وەكو بۆگەن بوون و شتى تر ، گەرميش دەپارێزێت بەرامبەر بەو شتانەى لاوازى دەكەن ، ڕێكيان دەخات و دەيانخاتە يەك كێشەوە لە كردارێكى چارەسازيدا كە جەستەى مرۆڤى پێ ڕاگيراو بێت ، وەكو چۆن ئاسمانەكان و زەمين و هەموو بەديهێنراوانى تر بەڕێكى و كێشێكى چون يەك و دادپەروەرى ڕاگيراون .

هەركەس تێڕوانێتە ڕێبازى پێغەمبەرى خوا ﷺ چاكترين ڕێبازى دەستگير دەبێ ، كە لە تواناداية تەندروستيەكى تەواوى پێ بپارێزێت ، ئەو پاراستنە لە سەر چارەسازيەكى ڕێك و پێك وەستاوە لە خواردن و خواردنەوەدا ، لە پۆشاك و ماڵدا ، لە هەواو نوستندا ، لە بەخەبەربوون و جوڵانەوەدا ، لە سرەوتن و ژن هێناندا ، لە دەرهاوێشتن و ڕاگيراندا ، ئەگەر هەموو ئەوانەى سەرەوە لە بارێكى گونجاوى لەباردا بەپێى جەستەو نيشتمان و تەمەن و نەرێت دەستگيربوو ، ئەوا نزيكە تەندروستى بەردەوام بێت ، ياخود بارەكە بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ و بەرەو لاى تەواوبونى تەمەن دەچێت .

تەندروستی و هێزو توانا ، بەڕێزترین نیعمەتەکانی خوایە بۆ بەندەکەی ، زۆرترین بەخششەکانێتی ، دەوڵەمەندترین خەڵاتەکانێتی ، بەڵکو تەندروستی و هێزو توانا بەڕێزترین نیعمەتەکانە بەگشتی ، بۆیە هەرکەسێ ئەندازەیەك لە سەرکەوتنی پێدرابێت شایانێتی چاودێری بکات و بیپارێزێت و پارێزگاری لێ بکات بەرامبەر بەو شتانەی دژی ئەو تەندروستیەن .

وَقَدْ رَوَى الْبُخَارِيّ فِي " صَحِيحِهِ " مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ : الصِّحَّةُ وَالْفَرَاغُ))[٢٩٤] .

واتە : لە (ابن عباس)ەوە ـ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت ـ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((دوو نیعمەت هەن کە زۆرێك لە خەڵك هەڵخەڵەتاو خەسارۆمەندن تیایدا : تەندروستی و دەست بەتاڵی)) .

وَفِي التِّرْمِذِيِّ وَغَيْرِهِ مِنْ حَدِيثِ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ مِحْصَنٍ الْأَنْصَارِيِّ ، قَالَ : قَالَ ﷺ : ((مَنْ أَصْبَحَ مُعَافًى فِي جَسَدِهِ ، آمِنًا فِي سِرْبِهِ ، عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ ، فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا))[٢٩٥] .

واتە : لە (عُبَيْدالله)ی کوڕی (مِحصَن الأنصاري)وە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەرکەسێك جەستەی تەندروست بوو ، نەفس و دڵیی ئارام و ئاسودەبوو ، خۆراکی ئەو ڕۆژەی هەبوو ، وەکو ئەوە وایە هەموو دونیای بۆ کۆکرابێتەوە)) .

---

٢٩٤ ـ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٢٥٨ ، ٣٤٤) ، والدارمي (٢٧١٠) ، والبخاري (٨ / ١٠٩) ، وابن ماجة (٤١٧٠) ، والترمذي (٢٣٠٤) ، كلهم من طريق عبدالله بن سعيد بن أبي هند أنه سمع أباه عن ابن عباس فذكره مرفوعاً .

٢٩٥ ـ حسن : أخرجه الحميدي (٤٣٩) ، والبخاري في الأدب المفرد (٣٠٠) ، وابن ماجة (٤١٤١) ، والترمذي (٢٣٤٦) كلهم من طريق سلمة بن عبيدالله عن أبيه فذكره

وَفِي التِّرْمِذِيِّ أَيْضًا مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ ، عَنْ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ : ((أَوَّلُ مَا يُسْأَلُ عَنْهُ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ النَّعِيمِ ، أَنْ يُقَالَ لَهُ : أَلَمْ نُصِحَّ لَكَ جِسْمَك ، وَنُرْوِك مِنْ الْمَاءِ الْبَارِدِ))(٢٩٦).

واته : له (أبي هريرة)وه _ خواى لىّ رِازى بيّت _ فه‌رموويه‌تى : پيّغه‌مبه‌رى خوا ﷺ فه‌رمووى : ((له رِوّژى قيامه‌تدا يه‌كه‌م شتيّك كه له به‌نده‌ى خواى ده‌پرسن ، سه‌باره‌ت به نيعمه‌ته‌كان ، ئه‌وه‌يه كه پيّى ده‌گوتريّت : ئايا جه‌سته‌مان بوّ ته‌ندروست نه‌كردى و ، ئاوى ساردمان دايتىّ))

ئاليّره‌دا كه‌سانيّك له پيّشين سه‌باره‌ت به‌م گوفتاره‌ى خـواى تعـالى : ﴿ ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ ﴾ [التَّكَاثُرِ ٨] گوتويانه : ووشه‌ى (النعيم)ى نيّو ئه‌م ئايه‌تـه واتـاى ته‌ندروستى چاك ده‌گه‌يه‌نيّت .

وَفِي مُسْنَدِ الْإِمَامِ أَحْمَدَ : أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لِلْعَبَّاسِ : ((يَا عَبَّاسُ ، يَا عَمَّ رَسُولِ اللَّهِ سَلْ اللَّهَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ))(٢٩٧).

واته : پيّغه‌مبه‌رى خوا ﷺ به (عباس)ى مامى فه‌رموو : ((ئه‌ى (عباس) ، ئه‌ى مامى پيّغه‌مبه‌رى خوا داواى ته‌ندروستى چاك له خواى تعالى بكه له دونياو رِوّژى دواييدا)) .

وَفِيهِ عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ ، قَالَ : سَمِعْت رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ : ((سَلُوا اللَّهَ الْيَقِينَ وَالْمُعَافَاةَ ، فَمَا أُوتِيَ أَحَدٌ بَعْدَ الْيَقِينِ خَيْرًا مِنْ الْعَافِيَةِ))(٢٩٨).

واته : له (أبي بكر الصّديق)ه‌وه _ خواى لىّ رِازى بيّت _ فه‌رموويه‌تى : گوێبيستى پيّغه‌مبه‌رى خوا بووم ﷺ ده‌يفه‌رموو : ((داواى دلّنيابوون و ته‌ندروستى بكه‌ن له په‌روه‌ردگار ، چونكه هيچ كه‌سيّك پاش دلّنيابوون له ته‌ندروستى چاكترى پىّ نه‌دراوه)) .

---

٢٩٦ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٣٥٥٥) ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي (٢٦٧٤) .

٢٩٧ _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٣٥٠٩) ، وأحمد (١٧٨٣) ، وصححه الألباني في الصحيحة (١٥٢٣) .

٢٩٨ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ١٧) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٧٢) .

لێرەدا نێوان دڵنیابوون و تەندروستی ئاین و دونیای کۆکردۆتەوە ، چاکبوونی بەندەی خـوا لـە دونیـاو ڕۆژی دوایـدا تـەواو نـابێ مەگـەر بـە دڵنیـابوون و تەندروسـتی ، چـونکە دڵنیـابوون سزاکانی ڕۆژی دوای لێ دوردەخاتەوەو تەندروستیش نەخۆشـیە دونیـا زیانبەخشـەکانی دڵ و جەستەی لادەبات .

وَفِي " سُنَنِ النَّسَائِيِّ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ يَرْفَعُهُ : ((سَلُوا اللَّهَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ وَالْمُعَافَاةَ ، فَمَا أُوتِيَ أَحَدٌ بَعْدَ يَقِينٍ خَيْرًا مِنْ مُعَافَاةٍ))[٢٩٩]

واتە : لە (أبي هُريرة)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لە خوای تعالى داوای لێبوردن و تەندروستی و چاکبوون بکەن ، چونکە هیچ کەسێك پاش دڵنیابوون لە تەندروستی چاکتری پێ نەدراوە)) .

ئەم فەرمودەیە داوای سێ شت لە خوای تعالى دەکـات ، چـۆنکە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە فەرموویەتی : (سلوا الله العفو) واتـە : بـۆ لادانـی شـەڕو خراپـەی ڕابردوتـان لـە خـوای تعـالى داوای لێبوردن بکەن ، (العافية) واتە لە خوای تعالى داوا بکەن کـاتی ئێسـتاتان تەندروسـت و بێوەی بکات ، (المعافاة) واتە لە خوای تعالى داوا بکەن بـۆ ئاینـدەتان چـاکبوون و پاراسـتن فەراهام بکات ، کەوابوو ئەم سیانە داوای تەندروستی و بێوەیی و چاکبون دەبەخشن .

وَفِي التِّرْمِذِيِّ مَرْفُوعًا : مَا سُئِلَ اللَّهُ شَيْئًا أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ الْعَافِيَةِ[٣٠٠] .

واتە : پێشەوا (التِّرمِذي) دەگێڕێتەوە : کەوا هیچ شتێك لە خـوای تعـالى داوا نـەکراوە کـە بەلایەوە لە تەندروستی خۆشەویستر بێت .

---

٢٩٩ _ إسناده صحيح : صححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٣٨٧) .

٣٠٠ _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (٣٥١٠) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٥٧٢٠) .

وقَالَ عَبْدُ الرّحْمَنِ بْنُ أبي لَيْلَى : عَنْ أبي الدّرْدَاءِ ، قُلْت : يَا رَسُولَ اللّـهِ لَأنْ أُعَافَى فَأشْكُرَ أَحَبّ إلَيّ مِنْ أنْ أُبْتَلَى فَأصْبِر ، فَقَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: ((ورَسُولُ اللّهِ يُحِبّ مَعَكَ الْعَافِيَةَ)) (٣٠١) .

واته : (أبي الدّرداء) _ خـواى لـىَ رِازى بيَـت _ دهلَيَت : گـوتم : ئـهى پيَغهمبـهرى خـوا حهزدهكهم تهندروست بم و سوپاسى خوا بكهم نهك به نهخۆشى تاقى بكريَمـهوهو ئـارام بگـرم ، ئـهوهبوو پيَغهمبـهرى خـوا ﷺ فـهرمووى : ((پيَغهمبـهرى خـواش لـه گـهلَ تـۆدا حـهزى بـه تهندروستيه)) .

له (ابن عباس)هوه _ خوا له خۆى وبابيشى رِازى بيَت _ دهگيَرِنهوه كهوا دهشتهكيهك چووه خزمهتى پيَغهمبهرى خوا ﷺ و پيَى گووت : پاش پيَنج نويَژه فهرزهكه چ له خواى تعالى داوا بكهم ؟ ئهويش فهرمووى : ((له خوا تعالى داواى تهندروستى چاك بكه)) ، دهشتهكيهكه دووباره ليَى پرسيهوه ، له سىَ يهم جاردا به دهشتهكيهكى فهرموو : ((له خواى تعالى داواى تهندروستى چاك بكه له دونياو رِۆژى دوايدا)) .

ئهمـه باروحـالَى تهندروسـتى چـاكه ، بۆيـه چـهند شـتيَك لـه رِيَبـازى پيَغهمبـهرى خـوا ﷺ دهخهينه رِوو سهبارهت بـه چـاوديَريكردنى تـهندروسـتى ، ئـهو كهسـهى تهماشـاى بكـات بـۆى دهردهكـهويَت كـه تـهواوترين رِيَبـازه بهگشـتى ، بههۆيـهوه پاراسـتنيَكى تـهواوى تـهندروسـتى جهستهو دلَى دهستگير دهبىَ و ، ژيانيَكى نـويَى دونيـاو دوا رِۆژيـش ، والله المسـتعان ، وعليـه التكلان ، ولا حول ولا قوة إلا بالله .

---

٣٠١ _ موضوع : انظر ضعيف الجامع (٦١٢٠) .

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بواری خواردن و خواردنەوەدا :

بەڵام بۆ خواردن و خواردنەوە ، نەریتی پێغەمبەری خوا ﷺ وانەبووە نەفسی خۆی لەسەر جۆرێك لە خواردەمەنی ڕاگرێت و ، دەستی لێ هەڵنەگرێت بۆ خواردەمەنیەكی تر ، چونكە ئەم كارە زیانێكی زۆر بە سروشتی مرۆڤ دەگەیەنێت ، پێدەچێ مرۆڤ جار بە جار ئەوەی بەلاوە ئاستەم بێت و خواردنی دیكەی دەست نەكەوێت ، بەڵام ئەگەر شتی تر نەخوات ، لاواز دەبێ یاخود تیادەچێت ، ئەگەر جۆرێكی دیكەشی خواردو ، سروشتی جەستەی قبوڵیی نەبوو ، دیسان زیانی پێ دەگەیەنێت ، بەردەوامبوون لە سەر یەك جۆر خواردن ، ئەگەرچی چاكترین خواردمەنیەكانیش بێ مەترسیەكی زیان بەخشی تێدایە ، بۆیە پێویستە ئەو خواردەمەنیانە بخوات كە باوە بەلای خەڵكی شارەكەیەوە ، وەكو گۆشت و ، میوەو ، نان و ، خورماو ، شتی تریش كە لە بەشی ڕێبازی پێغەمبەری خوادا ﷺ باسمان كردوە سەبارەت بە خواردەمەنیەكان ، بیخوێنەرەوە ٠

ئەگەر پێویستی بكردایە كەوا تین و كاریگەری یەكێك لە خواردەمەنیەكان كزو لاواز بكرایە ، یا پێویستی بە ڕێكخستن هەبوایە ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی توانا ئەو كارەی بە دژەكەی ئەنجام دەدا ، وەكو ڕێكخستنی گەرمی خورمای ڕوتابی تازە پێگەیو بە كاڵەك ، چونكە كاڵەك ڕادەی شیرینی كەمەو خورماش زۆر شیرینە ئەگەر پێكەوە خوران شیرینی یەكتر ڕێك دەخەن ، ئەگەر ئەوەشی دەست نەكەوتایە ، بەپێی پێویست و دڵتێچون ، ئەو خۆراكەی دەخوارد بەبێ زێدەڕۆیی ، ئەوكاتە سروشتی جەستەش زیانی پێ نەدەگەشت ٠

ئەگەر دڵیشی لیّ تێکەڵهتایە نەیدەخواردو ، لە سەر بیّ ئارەزووبوون نەیدەکرد بە کوڵیـەوە ، ئەمە بنچینەیەکی گەورەیە بۆ پاراستی تەندروستی ، هەرکات مرۆڤ شتێکی خـواردو نەفسـی قیزی لیّ دەبۆوەو ، حـەزی پـیّ نـەبوو ، بۆ جەسـتەی زیـانی لـە کـەڵکی زۆرتـر دەبـیّ ٠ قـال أبوهُريرة : ما عاب رسولُ الله ﷺ طعاماً قَطُّ ، إن اشتهاه أكله ، وإلا تركه ، ولم يأكلْ منه[٣٠٢]

واتە : (أبي هُريـرة) _ خـوای لـیّ ڕازی بێـت _ فەرموویـەتی : هـەرگیز پێغەمبـەری خـوا ﷺ خـواردنی عەیبـدار نـەدەکرد ، ئەگـەر حـەزی لێکردایـە دەیخـوارد ، بـە پێچەوانەشـەوە وازی لێدەهێناو ، نەیدەخوارد ٠

ولمَّا قُدِّمَ إليه الضَّبُّ المشويُّ لم يأكلْ منه ، فقيل له : أهو حرامٌ ؟ قال : لا ، ولكنْ لم يكن بأرضِ قَوْمي ، فأجِدُني أعافُه[٣٠٣] .

واتە : کاتیّ گۆشتی بزن مژەیەکی برژاویان خستە پێش دەستی لێی نەخوارد ، پێی گوترا : بزن مژەك حەرامە ؟ فەرمووی : نەخێر ، بەڵام لە خاکی قەومەکەی مندا نەبووە ، بۆیە دەبینی حەزم لیّ نی یە ٠ لێرەدا تەماشا دەکەیت پێغەمبەری خوا ﷺ چاودێری داب ونەرێت و حەزی خۆشی کردووە ، چونکە لە خاکەکەی خۆیدا لە سەر خواردنی ڕانەهاتبوو ، نەفسیشی حەزی پیّ نەبوو ، بۆیە نەیخوارد ، بەڵام قەدەغەی خواردنی نەکرد بۆ ئەو کەسانەی حەزیان لێبوو ، وە داب ونەرێتیشیان خواردنی بوو ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی بە گۆشت بوو ، لە هەمووشی بەلایەوە خۆشتر قۆڵەکان و ، بەشی پێشەوەی مەڕ بوو ، هەر بۆیە ئەم بەشەی بۆ ژەهراوی کرا ٠ وفي الصحيحين : أُتِيَ

---

٣٠٢ _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٤٧٤ ، ٤٧٩ ، ٤٨١) ، والبخاري (٤ / ٢٣٠) ، (٧ / ٩٦) ، ومسلم (٦ / ١٣٣ ، ١٣٤) ، وأبوداود (٣٧٦٣) ، وابن ماجة (٣٢٥٩) ، والترمذي (٢٠٣١) كلهم عن سليمان الأعمش عن أبي حازم عن أبي هريرة فذكره ٠ وقد وهم المصنف إذ جعله عن أنس ٠

٣٠٣ _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٩ / ٤٧٧) ، ومسلم (٢٠٦٤) ٠

رسولُ الله ﷺ بلحم ، فرُفَع إليه الذراع ، وكانت تُعجبُه[٣٠٤] واته : له (الصحيحين)دا هاتووه : كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ گۆشتی بۆ هێنرا ، ئەوەبوو قۆڵەكانی خرایە پێش دەست ، كە حەزی لێ بوو ٠

وَذَكَرَ أَبُو عُبَيْدَةَ وَغَيْرُهُ عَنْ ضِبَاعَةَ بِنْتِ الزّبَيْرِ ، أَنّهَا ذَبَحَتْ فِي بَيْتِهَا شَاةً ، فَأَرْسَلَ إلَيْهَا رَسُولُ اللّهِ ﷺ أَنْ ((أَطْعِمِينَا مِنْ شَاتِكُمْ)) ، فَقَالَتْ لِلرّسُولِ : مَا بَقِيَ عِنْدَنَا إلّا الرّقَبَةُ ، وَإِنّي لَأَسْتَحْيِي أَنْ أُرْسِلَ بِهَا إلَى رَسُولِ اللّهِ ﷺ ، فَرَجَعَ الرّسُولُ فَأَخْبَرَهُ ، فَقَالَ : ارْجِعْ إلَيْهَا فَقُلْ لَهَا : ((أَرْسِلِي بِهَا ، فَإِنّهَا هَادِيَةُ الشّاةِ وَأَقْرَبُ إلَى الْخَيْرِ ، وَأَبْعَدُهَا مِنْ الْأَذَى))[٣٠٥] ٠

واته : (ضباعة)ی كچی (الزّبير) _ خوای لێ ڕازی بێت _ له ماڵەكەی خۆیدا مەڕێكی سەربڕی ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ كەسێكی نارد بۆ لای كەوا ((له گۆشتی مەڕەكەتان بەشمان بدە)) ، (ضباعة)ش پێی گووت : جگە له ملەكەی هیچی ترمان نەماوەو ، منیش شەرم دەكەم بۆ پێغەمبەری خوای ﷺ بنێرم ، كەسە نێراوەكەش گەڕایەوەو هەواڵەكەی بە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاگەیاند ، ئەوەبوو بە كەسە نێراوەكەی فەرموو : بگەڕێرەوە بۆ لای و پێی بڵێ : ((بینێرە بۆمان ، چونكە بەشی پێشەوەی مەڕەو له خەیریشەوە نزیكترەو ، له هەمووشی زیاتر له پشقل و ڕیخ و پاشماوەوە بەدوورە)) ٠ گومانی تێدا نی یە كە سوكترین گوشتی مەڕ گوشتی مل و ، گۆشتی قۆڵ و باسكە ، كە زۆر بۆ سەر گەدە سووكەو ، خێراتریش هەرس دەكرێت ، ئەمەش خۆی بۆ خۆی چاودێریكردنی خۆراكە كە سێ خاسیەت له خۆیدا كۆدەكاتەوە :

یەكەم : سودو كەڵكی زۆر بێ و كار له هێزەكانی جەستە بكات ٠

دووەم : له سەر گەدە سووك بێ و ، هیچ قورسیەكی له سەر نەبێ ٠

---

٣٠٤ _ صحيح : تقدم تخريجه ٠

٣٠٥ _ إسناده حسن : أخرجه أحمد (٦ / ٣٦٠) ، عن الأعرج عن ضباعة بنت الزبير فذكرته ٠

سێ یەم : بەخێرا هەرس بوونی ، ئەمەش چاکترین خاسیەتی خواردەمەنی باشە · بۆیە خواردنی کەمێکی ئەمە لە زۆرێکی خواردنی تر باشترو بەسودترە ·

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی بە حەڵواو هەنگوێن بوو ، ئەم سیانە مەبەستم : گۆشت و حەڵواو هەنگوێنە چاکترینی خواردەمەنیەکانەو ، لە هەمووشی زیاتر بۆ جەستەو جگەرو ئەندامەکان بەسوودە ، خواردنی ئەمانە سودێکی گەورەی لە پاراستنی تەندروستی و هێزدا هەیە ، هیچ کەسیش نی یە خۆی لێ دوربخاتەوە مەگەر کەسێکی نەخۆش و دەرداوی·

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ نانی بە پێخۆرەوە دەخوارد ئەگەر دەستی کەوتایە ، ئەوەبوو جار بە جار بە گۆشتەوە دەیخواردو دەیفەرموو : هُوَ سَيِّدُ طعامِ أهل الدنيا والآخرة[٣٠٦] واتە : سەرداری خواردنەکانی خەڵکانی دونیاو ڕۆژی دوایە · جار بە جاریش بە کاڵەکەوە دەیخواردو ، جار بە جاریش بە خورماوە ، ئەوەبوو خورمایەکی خستە سەر پارچەیەك نانی جۆو ، فەرمووی : ((هذا إدام هذه))[٣٠٧] واتە فەرمووی : ئەمە پێخۆری ئەمەیە · ئەم شتە چارەسازیەکی چاکی خواردەمەنی تێدایە ، چونکە نانی جۆ ساردو ووشکەو ، خورماش گەرمی تەڕی شێدارە بەپێی ڕاسترینی دوو گوفتار لەم بارەوە ، بۆیە خواردنی لە گەڵ نانی جۆدا چاکترین چارەسازیە ، بەتایبەت بۆ ئەوانەی ئەوە نرێتیانە و تیایاندا باوە ، وەکو خەڵکی مەدینە ، جار بە جاریش بە سرکەوە دەیخواردو ، دەیفەرموو : نِعْمَ الإدَامُ الخَل[٣٠٨] واتە : چاکترین پێخۆر سرکەیە ، لێرەدا ئەم گوفتارەی پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەو سرکەیە ستایشکردن و پیاهەڵدانێکە بە گوێرەی پێویستیەکانی باردۆخی ئامادە ، ئەگینا مەبەستی ئەوە نەبوو چاکێتی بدات بەسەر خۆراکەکانی دیکەدا

---

٣٠٦ _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٣٠٥) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٣٣٢٧) ·

٣٠٧ _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٢٥٩) ، وضعفه الألباني في ضعيف أبي داود (٧٠٨) ·

٣٠٨ _ صحيح : أخرجه الدارمي (٢٠٥٥) ، ومسلم (٦ / ١٢٥) ، وابن ماجة (٣٣١٦) ، والترمذي (١٨٤٠) ، وفي الشمائل (١٥١) كلهم عن عروة فذكره ·

، وەكو ئەوەی نەفامەكان لێی تێدەگەن ، هۆی فەرموودەكەش ئەوەبوو كە ڕۆژێك چووە ژوورەوە بۆ لای خێزانی ، نانی خستە پێش دەستی ، ئەویش فەرمووی : ئایا هیچ پێخۆرێكتان هەیە ؟ فەرموویان : بەدەر لە سركە هیچی ترمان نی یە · ئەویش فەرمووی : چاكترین پێخۆر سركەیە.

مەبەست ئەوەیە : خواردنی نان بە پێخۆرەوە لە هۆیەكانی پاراستنی تەندروستیە ، بەڵام ئەگەر لە سەر دانەیەكیان خۆی سنوریەند بكات ، ئەوا كاریگەریەكانی بە پێچەوانەوە دەبێ ، لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (الأُدمُ) واتە پێخۆر ، بە (أُدم)یش ناوبراوە : چونكە نان چاك دەكات و ، وای لێدەكات بۆ پاراستنی تەندروستی لەبار بێت · لەم بارەشەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگە دەدات كەسی خوازبێنیكار تەماشای كچ بكات بكات دەفەرمێت : (إنه أحرى أنْ يُؤدَمَ بَينَهما) واتە : لە ڕێكەوتن و پێهاتن و قایل بوونەوە نزیكترە ، چونكە مێرد دەچێتە نێو مەسەلەكەوە بەچاوكراوەیی ، بۆیە پەشیمان نابێتەوە ·

پێغەمبەری خوا ﷺ لە میوەی شارەكەی خۆی دەخوارد كاتی دەهاتەبەرو ، خۆی لێ نەدەپاراست ، ئەمەش دیسان لە گەورەترین هۆیەكانی پاراستنی تەندروستیە ، چونكە خوای تعالى بە حیكمەت و دانای خۆی ، لە هەموو شارێكدا ئەو میوانەی فەراهام كردووە ، كە لە كاتی خۆیدا دانیشتوانیی سودی لێ ببینن ، بەوەش تەندروستی چاك بەدەست دەهێنن و ، ئیتر پێویستیان بە زۆرێك لە دەرمانەكان نابێت ، ئەو كەسانەی كە لە ترسی نەخۆش كەوتندا خۆپارێزی لە میوەی شارەكەی خۆیان دەكەن ، لە ڕاستیدا لە هەموو كەس زیاتر جەستەیان نەخۆشترەو ، لە هەموشیان زیاتر لە تەندروستی و هێزەوە بەدورن · ئەو ئەندازە تەڕی و شێیەی لە میوەدا هەیە زیانی نیە ، چونكە گەرمی وەرزو زەمین و ، گەرمی گەدە پێی دەگەیەنێت و ، شەڕو خراپەی دوور دەخاتەوە ، بە مەرجێ ئەو كەسە زێدەڕۆیی لە خواردنیدا نەكردبێ و ، سروشتی جەستەشی لێ بار نەكردبێ بە ئەندازەیەكی زیاتر لە توانا بەدەر ، خۆراكیشی پێ خراپ نەكردبێ پێش هەرسكردنی ، خراپیشی نەكردبێ بەوەی ئاوی بەسەردا

خواردبێتەوە ، یاخود خۆراکی خواردبێ پاش خواردنی میوەکە ، چونکە نەخۆشی (القولنج) واتە نەخۆشی ڕیخۆڵەکان لەو کاتەدا پەیدا دەبێ ، بۆیە هەرکەس ئەندازەی پێویستی لێ خواردبێ لە کاتی پێویستداو بە شێوەی پێویستی گونجاو ، دەبێتە دەرمانێکی بەسوود ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە شێوازی دانیشتندا بۆ خۆراك خواردن :

صحَّ عنه ﷺ أنه قال: ((لا آكُلُ مُتَّكِئًا))[٣٠٩] واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((بە پاڵدانەوەوە خۆراك ناخۆم)) ، وقال : إنما أجلِسُ كما يَجْلِسُ العبدُ ، وآكُلُ كما يأكُلُ العبدُ[٣١٠] واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : لە ڕاستیدا دادەنیشم وەکو دانیشتنی بەندەو ، دەشخۆم وەکو خواردنی بەندە ٠

وروى ابن ماجة في سننه أنه نَهى أن يأكلَ الرجلُ وهو منبطحٌ على وجهه[٣١١] واتە : پێشەوا (ابن ماجة) لە (سنن)ەکەیدا دەگێڕێتەوە ، کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردوە پیاو بە ڕاکشانەوە لە سەر سك خواردن بخوات ٠ ووشەی (الأتکاءُ)ی نێو فەرمودەی یەکەم بە دانیشتنی چوارمشقی لێکدراوەتەوە ، هەروەها بە پاڵدانەوە بەسەر شتێکدا لێکدراوەتەوە ، کە پشت پێوەدانی شتێکە ، هەروەها بە پاڵدانەوە بەسەر لادا لێکدراوەتەوە ٠ هەر سێ شێوەکەش هەر پاڵدانەوەیە ، بەڵام شێوەی پاڵدانەوە بەسەر لادا زیان بە خواردن دەگەیەنێت ، چونکە قەدەغەی خواردن دەکات بە شێوەی ڕێڕەوی سروشتی خۆیدا تێپەڕ بێت و ، ڕێی لێدەگرێت بەخێرای بۆ نێو گەدە گوزەر بکات ، پاڵەپەستۆشی دەخاتە سەرو ، بۆ کردنەوەش پتەو تۆکمە نابێت ، هەروەها لار دەبێتەوەو بەرێکی ناوەستێت ، بۆیە بە ئاسانی خواردنی

---

٣٠٩ _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ٩٣) عن علي بن الأقمر قال : سمعت أبا جحيفة فذكره مرفوعاً ٠

٣١٠ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد في الزهد (٥ ، ٦) ، وصححه الألباني في الصحيحة (٥٤٤) ٠

٣١١ _ صحيح : أخرجه أبوداود (٣٧٧٤) ، وابن ماجة (٣٣٧٠) عن الزهري عن سالم من ابن عمر فذكره

پێ ناگات ٠ بەڵام دوو جۆرەکەی تر : لە شێوازەکانی دانیشتنی زۆردارانە کە دژ بە بەندایەتی مرۆڤە بۆ خوای تعالی ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دەخۆم وەکو خواردنی بەندە ، بەهەڵتروشکانەوە (الإقعاء) خۆراکی دەخوارد ، هەروەها باسکراوە بۆ کاتی خۆراك خواردن لە سەر سمتەکانی و ئەژنۆکانی دادەنیشت و سکی پێی چەپی دەخستە سەر پشتی پێی ڕاستی ــ بە هاوشێوەی دانیشتنی نوێژ ــ وەکو خاکیێتیەك بۆ پەروەردگاری ــ عزَّوجلَّ ــ و ئەدەبێکیش لە پێش دەستیداو ، وەکو ڕێزێکیش بۆ خۆراکەکەو ئەو کەسەش کە لە گەڵیدا دەیخوارد ، ئەم شێوە دانیشتنە بەسوودترین و چاکترین شێوەکانی دانیشتنە ، چونکە هەموو ئەندامەکان لە سەر باری سروشتی خۆیان دەبن کە خوای تعالی خولقاندویەتی لە گەڵ ئەو شێوە ئەدەبیەی لە سەری دروستی کردون ، خۆراکی مرۆڤیش بەسوودتر دەبێ ئەگەر ئەندامەکانی لە سەر باری سروشتی خۆیان بن لە کاتی خواردندا ، ئەمە بەدینایەت مەگەر لە کاتی ڕێك وەستاندا ، خراپترین دانیشتنەکانی خواردنیش ئەوەیە کە لە سەر لا پاڵدەیتەوە ، چونکە وەکو پێشتر باسکرا کە سورێنجگ و ، ئەندامەکان قووتدانیش لەم شێوەدا تەسك دەبنەوە ، گەدەش لە سەر باری سروشتی خۆی نامێنێت ، چونکە پەستانەکە دەکەوێتە سەر ئەو لایەی لە سەر زەویەکەیەو ، بەرەو لای پەردەی جیاکەرەوەی نێوان ئەندامەکانی خواردن و ، ئەندامەکانی هەناسەداندا ٠

ئەگەر مەبەست بە ووشەی (الاتکاء) پاڵدانەوە بێت لە سەر پشتی و ڕاخەری نەرم ونۆڵ کە لە ژێر کەسی دانیشتودایە ، ئەوا مانای فەرموودەکە ئەوە دەبێت : من ئەگەر خۆراکم خوارد دانانیشم و پاڵم دابێتەوە سەر پشتی و ڕاخەر ، بەهاوشێوەی کرداری زۆرداران و ، ئەو کەسانەی دەیانەوێ زۆر بخۆن ، بەڵکو ئەندازەیەك دەخۆم پێویستیم تێربکات وەکو خواردنی بەندەکان ولێم زیاد نەبێت ٠

بەشێك سەبارەت بە خواردن بە سێ پەنجەكە

پێغەمبەری خوا ﷺ بەسێ پەنجەی خۆراكی دەخوارد ، ئەمە بەسودترین جۆرەكانی خواردنە ، چونكە ئەو كەسەی خواردن بە پەنجەیەك یا دوو پەنجە دەخوات چێژی لێوەناگرێت و ، بەلایەوە خۆش و تەندروست و بەكەڵك نابێت ، تێریشی ناكات مەگەر پاش ماوەیەكی درێژ ، ئەندامەكانی خۆراك و گەدەش لە هەر پارویەكی خوراو خۆشی و چێژ وەرناگرن و ، بە گوێنەدانەوە وەریدەگرن ، بەهاوشێوەی پیاوێك هەقەكەی بە تۆوێك یا دوو تۆو یا بەو هاوشێوانە وەربگرێت ، بۆیە چێژی لێوەرناگرێت و ، پێشی دڵخۆش نابێ ٠ بەڵام خواردن بە بەر لەپ و پێنج پەنجە وادەكات خۆراك لە سەر ئەندامەكانی مرۆڤ و ، گەدەی كەڵەكەبن ، پاشانیش پێدەچی ئەندامەكانی بەو هۆیەوە دابخرێن و بمرێت ، بەڵام بەزۆری ئەندامەكان ناچاری پاڵ پێوەنانی ئەو خۆراكە زۆرانە دەكرێت و ، گەدەش ناچارە تەحەمولیی بكات ، دوای ئەوەش هیچ چێژو خۆشی و سودێكی لێ نابینیت ، بۆیە بەسودترین شێوازی خواردنەكان شێوازی خواردنەكەیەتی ﷺ ، هەروەها خواردنی ئەو كەسەشە كە پەیڕەوی دەكات و بەسێ پەنجەكەی دەخوات ٠

بەشێك

هەركەس تەماشای خواردنەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بكات ، دەبینێ هەرگیز نێوان ماست و ماسی كۆنەكردۆتەوەو بەیەكەوە بیانخوات ، هەروەها نێوان ماست و خۆراكێكی ترشی كۆنەكردۆتەوە ، هەروەها نێوان دوو خۆراكی میزاج گەرم ، یاخود سارد ، یاخود لینجی كۆنەكردۆتەوە ، یاخود نێوان دوو خۆراكی كۆنەكردۆتەوە سك بگرن ، یاخود تووشی سكچونی بكەن ، هەروەها نێوان دوو خۆراكی چڕ ، یاخود نەرم وشلی كۆ نەكردۆتەوە ، هەروەها نێوان دوو خۆراكی كۆنەكردۆتەوە بگۆڕێن بۆ یەك تێكەڵاو ، هەروەها نێوان دوو خۆراكی جیاوازیشی كۆنەكردۆتەوە وەكو ئەوەی دانەیەكیان سك بگرێت و ئەویتریان تووشی

سك چونى بكات ، ياخود دانەيەكيان خێرا هەرس بكرێت و ئەويتريان خاوو لەسەرخۆ ، ياخود دانەيەكيان ببرژێنرێت و ئەويتريان بكوڵێندرێت ، ياخود دانەيەكيان پاراو نەرم وشل و تازەو ئەويتريان ووشكراوە ، ياخود نێوان ماست و هێلكە ، ياخود گۆشت و ماستى كۆنەكردۆتەوە ، هەروەها خۆراكى نەدەخوارد لە كاتى زۆر گەرمابونيدا ، ياخود چێشتێكى نەدەخوارد شەو مابێتەوەو سبەينێ بۆى گەرم بكرێتەوە ، ياخود جۆرە خواردەمەنيە بۆگەن و سوێرەكانى وەكو ، (كوامخ)و[٣١٢] ترشيات و ، سوێرەمەنيەكانى نەدەخوارد . هەموو ئەم جۆرانە زيانبەخشن و مرۆڤ لە نێوەنجێتى و تەندروستى چاك دەبەنە دەرەوە.

پێغەمبەرى خوا ﷺ زيانى هەندێ لە خواردەمەنيەكانى بەهەندێكى ترى خواردەمەنى چاك دەكرد ، ئەگەر ڕێگەى چارەسەرى هەبوايە ، بۆ نموونە گەرمى ئەم خواردنەى بە ساردى ئەو خواردنە چارەسەر دەكرد ، ياخود وشكێتى ئەم خواردنەى بە تەڕێتى ئەو خواردنە چارەسەر دەكرد ، وەكو ئەوەى خەيارو خورماى ڕوتابى تازەپێگەيو بەيەكەوە دەخواردو ، هەروەها خورماى لە گەڵ (الحَيْسُ)دا[٣١٣] دەخوارد ، هەروەها خورماى بۆ دەكرايە نێو ئاو و دەيخواردەوە بۆ ئەوەى (كيموس)ى خواردەمەنيە توندو بەتينەكانى پێ نەرم و نيان و چاك بكاتەوە ، هەروەها فەرمانى بە خواردنى شێوان دەكرد ، ئەگەر بە چنگێك خورماش بێت و ، دەيفەرموو: ((تَرْكُ العَشاءِ مَهرَمَةٌ)) ، ذكره الترمذيُّ في جامعه ، وابن ماجة في سننه[٣١٤] واتە : ((وازهێنان لە خواردنى شێوان لاوازى و پيرى دروست دەكات)) .

---

٣١٢ ــ كوامخ : واتە پێخۆر ، ياخود ترشيات و زەڵاتەو شتى وا كە ئيشتيهاى خواردن بكاتەوە ، بڕوانە : المعجم الوسيط ، وەرگێڕ .

٣١٣ ــ الحَيْسُ : خورماو كەشك و ڕۆن تێكەڵ بەيەك دەكرێن و دەكوترێن و دەشێلدرێن و دەكرێت بە قاوت ، بڕوانە : قاموسى ڕستە ، وەرگێڕ .

٣١٤ ــ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (١٨٥٧) ، وضعفه الألباني في ضعيف الترمذي (٣١٥) .

پێشـەوا (أبـونُعيم) دەگێڕێتـەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا ﷺ قەدەغـەی دەکـرد مرۆڤــ تێربخوات و یەکسـەر بخـەوێت ، هـەروەها باسـکراوە کـەوا دڵ ڕەقـی دروسـت دەکـات ، بۆیـە پزیشکان چەند ئامۆژگاریەکیان خستۆتەڕوو بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ تەندروستیان بپـارێزن : کەوا پێویستە دوای شێوان چـەند هـەنگاوێك ڕێ بکـات ئەگـەر صـەد هـەنگاویش بـێ ، دوای خواردن یەکسەر نەخـەوێت ، چـونکە زۆر زیانبەخشـە ، پزیشـکە موسـڵمانەکانیش گوتویانـە : یاخود پاش خواردن نوێژ بکات بۆ ئەوەی خۆراکەکـە لـە بنـی گـەدەدا جێگیر بـێ و ، هـەرس کردنی ئاسان بێ و ، بەوەش چاك دەبێ ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی بەسەر خواردنەکەیدا نەدەخواردەوە بۆ ئـەوەی خراپـی نـەکات ، بەتایبەت ئەگەر ئاوەکە گەرم بێ یاخود سارد بێ ، چونکە زۆر خراپە ٠ شاعیرێك دەڵێت:

نەکەی لە کاتی خواردنێکی گەرم یا سارد یا چونە گەرماوەوە ئاو بخۆیتــــــــــــەوە

ئەگەر بەڕاستی خۆت لەوە دوورخەیتەوە هەتا لە ژیاندا بی لە نەخۆشی ناوەکی مەترسە

ئاو خواردنەوە لە پـاش وەرزش کـردن و ، مانـدوبوون ، جـووت بـوونی خێـزان و ، پـێش و پـاش خـواردن و ، پـاش خـواردنی میـوە بـەباش دانـەنراوە ، ئەگەرچـی خواردنـەوەی پاشـی هەنـدێکیان ئاسـانترە بەبـەراوردی هەنـدێکی تریـان ، هـەروەها ئـاو خواردنـەوە لـە پـاش گـەرماوکردن و ، کـاتی خەبەربونـەوە لـە نووسـتن بـەباش دانـەنراوەو ، هـەموو ئەمانـە دژیـە پاراستنی تەندروستین ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خواردنەوەکاندا

ڕێبـازی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە خواردنەوەکانـدا ، بەتـەواوترین ڕێبازەکـان دادەنرێـت بـۆ پاراستنی تەندروستی ، ئەوەبوو پێغەمبەری خـوا ﷺ هـەنگوێنی تێکـەڵکراوی بـە ئـاوی سـارد

ده خواردەوە ، ئەمەش ڕێبازێكى تـەواوە بۆ پاراستنى تەندروستى كە بەدەر لە پزیشكە بەڕێزەكان كەسى دیكە پەى پێ نابات ، چونكە خواردنەوەو لستنەوەى پێش نان خواردنى بەیانى بەڵغەم ناهێڵێت و ، ڕیشـوەكانى گـەدە دەشـواتەوەو ، لینجیەكانى لادەبات و ، پاشەڕۆكانى دوردەخاتەوە ، بەشێوەیەكى مام ناوەند گەرمى دەكات و ، كونیلە داخراوەكانى دەكاتەوە ، هەمان كرداریش بە جگەرو گورچیلەو میزڵدان دەكات ، بۆ گەدە لە هەموو شیرینیەكانى تر كە دەچنە نێوى بەسوودترە ، بەڵام بەشێوەیەكى كاتى (العَرَض) زیان بە تووشبوانى نەخۆشى (الصفراء) دەگەیەنێت ، لەبەر تیژێتى هەردوكیان ، كە پێدەچێ بیوروژێنێت ، بەڵام دەتوانرێت بە سركە (الخل) زیانى ئەوەیان لێ دور بخرێتەوەو ، بەوەش سـودێكى زۆرى لێـدەبینن ، خواردنەوەشـى زۆر بەسـودترە بەبـەراوردى زۆرێـك لـەو خواردنەوەكانى تر كە لە شەكر دروست دەكرێن ، بەتایبەت بۆ ئەو كەسانەى بە خواردنەوە شەكریەكان ڕانەهاتوون و ، سروشتى جەستەشیان هۆگرى نەبووەو ، ئەگەر بیخواتەوە وەكو هەنگوێن بۆى لەبار نابێت و ، لێشیەوە نزیك نى یە ، داوەریش لێرەدا نەرێتە ، كە زۆرێك لە بنچینەكان دەڕۆخێنێت و ، زۆرێكیش دروست دەكاتەوە ٠

بەڵام خواردنەوەیەك كە هەردوو وەسفى شیرنى و ساردى لە خۆیدا كۆبكاتەوە ، لە هەموو شتێك بەسوودتر دەبێ بۆ جەستەو ، لە گەورەترین هۆیەكانى پاراستنى تەندروستیش دەبێ ، ڕوح و هێزەكان و جگەرو دڵیش شەیداى ئەم جۆرە خواردنەوەو ، بەدەستهێنانین ، ئەگەر ئەو دوو وەسفەى سەرەوەى تێدا بوو ، ئەوا خۆراكى چاك بە جەستە دەدەات و ، خواردنیش بە ئاسانى بۆ نێو ئەندامەكان گوزەر دەكات و ، بەو پەڕى تەواویشەوە پێیان دەگات ٠

ئاوى سارد تەڕەو گەرمى دادەمركێنێتەوە ، تەڕى و شێ بنەڕەتیەكانى جەستە دەپارێزێت ، جێگەى ئەوانەش دەگرێتەوە كە لێـى شـى بونەتـەوە ، خواردەمەنى نـەرم و نیـان و ناسـك وتەنك دەكات و بە ئاسانى بۆ ڕەگەكان گوزەریان پێ دەكات ٠

پزیشـکان بـەدوو گوفتـار جیاوازیـان تێکـەوت سـەبارەت بـەوەی کـە ئایـا ئـاو خـۆراك دەبەخشێتە جەستە ؟ کۆمەڵێك لەسەر ئەو ڕایەن کە خۆراك دەبەخشێتە جەستە بە پێی ئـەو گەشەو زیادەو هێزەی کە دەیبینن بە هۆی ئاوەوە لـە جەستەدا دروسـت دەبـێ ، بـە تایبـەت لەکاتێکدا ئەگەر جەستە زۆر پێویستی پێی بێت ٠

گوتیان : لە نێوان ئاژەڵ و ڕووەکداو لە چەند ڕوویەکەوە چەند ئەندازەیەکی هاوبەش هەیـە لەوانە : گەشەکردن و خۆراك وەرگرتن و نێوەنجێتی ، لـە ڕوەکـدا هێزێکـی هەسـتی هەیـە کـە گونجـاوێتی ، بۆیـە خـۆراکی ڕووەك بـە ئـاوە ، کـەوابوو نکـۆڵیی ناکرێـت ئـاژەڵیش جـۆرە خواردنێك لە ئاوەوە وەربگرێت و ، ئاویش بەشێك بێت لە خواردنە تەواوەکەی ٠

گوتیان : ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کە هێزی گەشەکردن لـە خۆراکدا بێـت ، بـەڵکو ئـەوە بەڕاست نازانین کە ئاو بەهیچ شێوەیەك هێزی خۆراك پێدان و گەشەکردنی نـەبێت ٠ گوتیـان : هەروەها خواردنیش لە ڕاستیدا هێزی خۆراك بەخشینی بەهۆی ئەو ئاوەوەیـە کـە تیایدایـە ، چونکە بەبێ ئاو خـۆراك بەخشـین و گەشـەکردن ڕوونـادات ٠ گوتیـان : ئـاو مـادەی ژیـانی ئـاژەڵ و ڕووەکـەو ، بـێ گومـان ئـەوەی نزیکـە لـە مـادەی شـتەوە ، خـۆراك وەرگـرتن و گەشەکردنی لێوە بەدەست دێت ، باشە ئەگەر خودی ئاو مادەی بنەڕەتی شتەکە بێ دەبـێ چۆن بێ ، خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وجعَلْنـا مِـنَ المـاءِ كُـلَّ شَـيءٍ حَـيٍّ ﴾[الأنبيـاء : ٣٠] واتە : ﴿ وجعَلْنا مِنَ الماءِ ﴾ وەفەراهامان هێنا لە ئاو ﴿ كُلَّ شَيءٍ حَـيٍّ ﴾ هـەموو شـتێکی زینـدوو (٣١٥) ، کـەوابوو چـۆن نکـۆڵیی بەدەسـهێنانی خـۆراك وەرگـرتن و گەشـەکردن لـە شتێکەوە بکەین کە مادەی ژیانە بەگشتی ؟

گوتیان : کەسی تینومان بینیوە ئەگەر ئاوی سارد بخواتەوە ، هێزو چـالاکی و جوڵانـەوەی بۆ دەگەڕێتەوە ، بەرامبەر بە بێ خـۆراکیش بـە ئـارم دەبـێ ، تـا ئـەو ئاسـتەی کـە سـوود لـە

[٣١٥] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

ئەندازەی کەمیشی وەردەگرێت ، کەچی کەسی تێنوی دیکەمان بینیوە کە پێشتر تێر ئاوە نەبووە ، هیچ سوودێکی لە ئەندازەیەکی زۆری خواردن وەرنەگرتووەو ، هیچ هێزو گەشەو خۆراك وەرگرتنێکیشی لێ وەرنەگرتووە ، وە ئێمە نکوڵیی لەوە ناکەین کە ئاوە خۆراکەکە بۆ ئەندامەکانی جەستە دەگوێزێتەوەو ، کاری خۆراك بەخشینیش بەبێ ئاو تەواو نابێت ، بەڵکو ئەوە بەڕاست نازانین کە کەسانێك هێزی خۆراك بەخشین و گەشەکردن لە ئاو بەدور دەگرن ، هێندەی نەماوە بەلامانەوە گوفتاریان بچێتە چوارچێوەی نکوڵیی کردنی کاروبارە ویجدانیەکانەوە ٠

کۆمەڵێکی تریش نکوڵیی لەوە دەکەن کە لە ئاوەوە خۆراك و گەشەکردن بەدەست بێت ، بەڵگەشیان چەند شتێکە پوختەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاو بەتەنها بەس نی یەو ، جێگەی خۆراك ناگرێتەوەو ، گەشەی ئەندامەکانی پێ زیاد نابێت و ، جێگەی ئەوە ناگرێتەوە کە گەرمی شیی کردۆتەوەو ، چەند شتێکی تریش کە پسپۆڕانی خۆراك نکوڵیان لێ نەکردووە ، ئەوان خۆراك بەخشینی ئاو بە گوێرەی گەوهەرو ناوەڕۆکی و ، بە گوێرەی نەرم و ناسکیەکەی لێك دەدەنەوە ٠ بەڵام خۆراك بەخشینی هەر شتێك بە گوێرەی خۆیەتی ، بۆ نموونە بینراوە هەوای شێداری ساردی نەرم ونیانی خۆش سیفەتی خۆراك بەخشین و گەشەکردنی هەیە بە گوێرەی خۆی ، بۆنی خۆش جۆرێك لە سیفەتی خۆراك بەخشین و گەشەکردنی تێدایە ، کەوابوو سیفەتی خۆراك بەخشینی ئاو ئاشکەرا ئاشکەرایە ٠

مەبەست ئەوەیە : ئەگەر سارد بێت و ، شتێکی شیرینکاری وەکو هەنگوێن و شەربەتی مێوەژ ، یاخود خورما یاخود شەکری تێکەڵ کرا ، بەسودترین ئەو شتانە دەبێ کە دەچنە جەستەوەو ، تەندروستیش دەپارێزێت ، بۆیە خۆشەویسترین خواردنەوەکان بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ ساردی شیرین بوو ٠ بەڵام ئاوی شلەتێنی نە ساردو نەگەرم باکردن و سك هەڵاوسان دروست دەکات و ، بە پێچەوانەی ئەوانەی سەرەوەوە کار دەکات ٠

لەبەر ئەوەی خواردنەوەی ئاوێك كە مابێتەوە لەو ئاوەی كە كاتی دەرهێنانی دەخورێتەوە بە سوودترە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێ چووە باخەكەی (أبي الهیثم)ی كوڕی (التيهان) ەوە فەرمووی : ئایا ئاوێكتان هەیە لە كونەدا مابێتەوە ؟ ئەوەبوو بۆی هێناو ، ئەویش لێی خواردەوە ، ئیمامی (البخاري) دەیگێڕێتەوە بە بێژەی : ((إن كان عندك ماءٌ بات في شَنّه وإلاّ كَرَعْنا))([316]) واتە : ((ئەگەر ئاوت هەیەو لە كونەدا ماوەتەوە بۆمانی بێنە ئەگینا دەم دەخەینە نێو ئاوەكەو دەیخۆینەوە _ بەبێ بەكارهێنانی دەست _)) . ئاوی سارد وەكو هەویری هەڵهاتوو وایە ، بەڵام ئەو ئاوەی لە كاتی دەرهێنانیدا دەخورێتەوە وەكو هەوێری هەڵنەهاتووە ، هەروەها ئاو ئەگەر بمێنێتەوە خوڵ و خاكەكەی نێوی دەنیشێتەوەو لێی جیادەبێتەوە ، باسكراوە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی بۆ دەهێنرا ، بەڵام ئەو ئاوەی هەڵدەبژارد كە مابۆوە . وقالت عائشة : كان رسول الله ﷺ يُستقى له الماء العذب مِن بئر السقيا([317]) واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی سازگاری لە بیری (السُقیا)وە بۆ دەهێنرا .

ئەو ئاوەی لە كونەی شڕو كۆندایە ، زۆر بەلەزەترە بەبەراوردی ئەو ئاوەی كە لە قاپی گڵێنەو بەردو شتی تردایە ، بەتایبەت ئەگەر لە پێست دروستكرابێ خۆشترە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ داوای ئاوێكی كرد لە كونەدا مابێتەوە بەتایبەت بەبێ شتی دیكەی دروستكراو لە گڵ وهيتر ، ئەو ئاوەش كە دەخرێتە نێو كونەو ، شتی دیكەی دروستكراو لە پێست خاسیەتێكی ناسكی هەیە ، بەهۆی ئەو كونیلە كراوانەوە كە ئاوەكە دەپاڵێوێت ، بۆیە ئەگەر ئاوێك لە قاپێكی گڵێنەدا بێت و توانای پاڵاوتنی هەبێ زۆر بەلەزەتر وساردتریش دەبێ لەو ئاوەی كە لە نێو قاپێكی گڵێنەدا بێت و توانای پاڵاوتنی نەبێ ، بۆیە _ صلاة وسلام _ لە

---

[316] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣٢٨ ، ٣٤٣ ، ٢٤٤ ، ٣٥٥) ، والدارمي (٢١٢٩) ، والبخاري (٧ / ١٤٢ ، ١٤٤) ، وأبوداود (٣٧٢٤) ، وابن ماجة (٣٤٣٢) كلهم عن سعيد بن الحارث عن جابر بن عبدالله فذكره .

[317] _ حسن : أحمد (٦ / ١٠٠ ، ١٠٨) ، وأبوداود (٣٧٣٥) عن هشام بن عروة عن أبيه عن عائشة فذكرته .

بئر السقيا : بیرێك بوو لە دەوروبەری شوێنی (الحرّة)ی نزیك بە شاری مەدینەی پیرۆز ، بڕوانە: أخلاق النبي لأبي الشيخ الأصبهاني .

سەر تەواوترینی بونەوەرو ، بەرێزترینیان ، خاوەنی چاکترین رێباز لە هەموو شتێکدا ، ئەو پێغەمبەرەی کە رێگەی راستی بە ئومەتەکەی پیشان داوە ، بۆ چاکترین کاروبارەکان و بەسودترینیان لە دڵ و جەستەو ، دونیاو رۆژی دوایاندا ٠

قالت عائشةُ : كان أحبُّ الشرابِ إلى رسول اللهِ ﷺ الحُلوَ البارِدَ([٣١٨]) واتە: خاتوو (عائشة) _ خوای لێ رازی بێت _ فەرموویەتی : خۆشترین خواردنەوەکان بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ شیرینی سارد بوو ٠

لێرەدا دەگونجێ مەبەستی ئاوی سازگار بێت ، وەکو ئاوی کانی و بیرە شیرینەکان ، چونکە ئاوی سازگاری بۆ دەهێنرا ٠ دەشگونجێ مەبەستی ئاوێکی تێکەڵکراوی هەنگوێن بێ ، یاخود ئەو ئاوە بێت کە خورماو ترێی تێدا خوسێندراوە ٠ لەوانەشە بگوترێت : هەمووی دەگرێتەوە ، ئەمەش ئاشکەراترو دیارترە ٠

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودە (صحيح)ەکەدا : ((ئەگەر ئاوت هەیەو لە کونەدا ماوەتەوە بۆمانی بێنە ئەگینا دەم دەخەینە نێو ئاوەکەو دەیخۆینەوە)) ، بەڵگەیە لە سەر شیاوێتی خواردنەوە بەدەم بەبێ بەکارهێنانی دەستەکان لە حەوزو ئاوکۆو بەو هاوشێوانە ، ئەمەش لەبەر ئەوەبووە ، والله أعلم ، کە کانیەك بووە جێگەکەی واکەوتووە کە پێویستی بەوە کردووە بەدەم ئاوی لێ بخورێتەوە ، یاخود پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی فەرمووە بۆ روونکردنەوەی شیاوێتی ئەم جۆرە خواردنەوەیە ، چونکە هەندێ کەس حەزی بەم شێوە خواردنەوەیە نی یەو ، پزیشکانیش هێندەی نەماوە حەرامی بکەن و ، دەڵێن : زیان بە گەدە دەگەیەنێت ، رُوِيَ فِي حَدِيثٍ لَا أَدْرِي مَا حَالُهُ عَنْ ابْنِ عُمَرَ ، أَنّ النّبِيّ ﷺ نَهَانَا أَنْ نَشْرَبَ عَلَى بُطُونِنَا ، وَهُوَ الْكَرْعُ ، وَنَهَانَا أَنْ نَغْتَرِفَ بِالْيَدِ الْوَاحِدَةِ وَقَالَ : ((لَا يَلَغْ

---

[٣١٨] _ صحيح : أخرجه الحميدي (٢٥٧) ، وأحمد (٦ / ٣٨ ، ٤٠) ، والترمذي (١٨٩٥) ، وفي الشمائل (٢٠٤) ، كلهم من طريق الزهري عن عروة عن عائشة فذكرته ٠

أَحَدُكُمْ كَمَا يَلَغُ الْكَلْبُ وَلَا يَشْرَبْ بِاللَّيْلِ مِنْ إِنَاءٍ حَتَّى يَخْتَبِرَهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مُخَمَّرًا))([٣١٩]) واته : له (ابن عُمر)ەوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ قەدەغەى كردين له سەر سكمان ئاو بخۆين ، واته مرۆڤ له سەر سك ڕاكشێت و يەكسەر دەم بخاته نێو ئاوەكەو لێى بخواتەوه بەبێ بەكارهێنانى دەستەكانى ، هەروەها قەدەغەى كردين بەيەك دەست ئاو هەڵگرين و فەرمووى : ((با هيچ كەستان زمانى نەباته نێو ئاوەكەو لێى بخواتەوه وەكو سگ ، بەشەويش لەقاپێك ئاو نەخواتەوه تاوەكو تاقى دەكاتەوه مەگەر داپۆشراو بێ)).

فەرموودەكەى پێشووى ئيمامى (البخاري) لەم فەرمووده (صحيح)تره ، ئەگەر (صحيح)يش بێت ، هيچ دژبه يەك بونێكيان له نێواندا نى يه ، چونكه پێدەچێ لەو كاتەدا له توانادا نەبێ ئاوەكه بەدەست بخورێتەوه ، بۆيه پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ئەگينا بەدەم ئاو دەخۆينەوه ، له ڕاستيدا خواردنەوه بەدەم زيان به مرۆڤ دەگەيەنێت ئەگەر له سەر سكى ڕاكشاو ئاوى خواردەوه ، وەكو ئەو كەسەى ئاو له ڕوبارو جۆگەلەكان دەخواتەوه ، بەڵام ئەگەر بەڕێكى ڕاوەستاو ئاوى له حەوزێكى بەرزو بەو هاوشێوانه خواردەوه ، ئەوا هيچ جياوازيەكى نى يه ئاوەكه بەدەستى ياخود بەدەمى بخواتەوه .

بەشێك سەبارەت به ڕوونكردنەوەى ئەو جياوازيەى كه له ئاراداية دەربارەى ئاو خواردنەوه به ڕاوەستانەوه

ڕێبازى پێغەمبەرى خوا ﷺ ئەوەبوو كه به دانيشتنەوه ئاوى دەخواردەوه ، ئەمه ڕێبازى ڕاهاتووى بوو ، به (صحيح)ى له پێغەمبەرى خواوه ﷺ (ريواية)ت كراوه كەوا قەدەغەى ئاو خواردنەوەى كردوه به پێ وه ، هەروەها به (صحيح)ى له پێغەمبەرى خواوه ﷺ (ريوايه)ت كراوه كەوا فەرمانى داوه بەو كەسەى به ڕاوەستانەوه ئاوى خواردەوه ، خۆى

[٣١٩] _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٤٣١) ، وضعفه الألباني في ضعيف ابن ماجة (٧٤٦) .

برشێنێتەوە ، هەروەها بە (صحيح)ی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ (ریوایە)ت كراوە كە بە ڕاوەستانەوە ئاوی خواردۆتەوە ٠

كۆمەڵێك دەڵێن : ئەمە قەدەغەكردنەكەی (نسخ) كردۆتەوە ، كۆمەڵێكی دیكەش دەڵێن : ئەمە ڕوونی دەكاتەوە كە قەدەغەكردنەكە بۆ حەرام كردن نەبووە ، بەڵكو بۆ ڕێنیشاندان و واز لێهێنانە لە پێناو ئەنجامدانی كاری شایستەتر ، كۆمەڵێكیش دەڵێن : بە هیچ شێوەیەك دژایەتیان لە نێواندا نی یە ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ لە كاتی پێویستیدا بە ڕاوەستانەوە ئاوی خوارۆدەوە ، ئەوەبوو چووە لای بیری زەمزەم و ، كەسانێكیش ئاویان لێ دەردەهێنا ، داوای ئاوی كردو ئەوانیش سەتڵەكەیان پێداو ، بەپێوە ئاوەكەی خواردەوە ، بەڵام ئەمە جێگەیەك بوو ئەوەی پێویست بوو ٠

ئاو خواردنەوە بە ڕاوەستناوە چەندین بەڵای تێدایە لەوانە : تێر ئاوبوونی تەواوی پێ بەدەست نایەت ، لە گەدەشدا جێگیر نابێ تاوەكو جگەر بەسەر ئەندامەكاندا دابەشی دەكات ، بەخێرای و بەتیژی دادەبەزێتە نێو گەدە ، بۆیە ترسی ئەوەی لێدەكرێت گەرمیەكەی دابەزێنێت و ، بیشێوێنێت و ، بەخێرای گوزەر بكات بۆ خوارەوەی جەستە بەبێ شێنەیی و لە سەرخۆ ، هەموو ئەمانە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت ، بەڵام ئەگەر زۆر بە كەمی یاخود لەبەر پێویستی ئەو كارەی ئەنجامدا ، زیانی پێ ناگەیەنێت ٠

بەشێك سەبارەت بە سێ جار هەناسەدان لە كاتی خواردنەوەدا :

وفي صحيح مسلم من حديث أنس بن مالك ، قال : كان رسول الله ﷺ يَتَنَفَّسُ في الشَّراب ثلاثاً ، ويقولُ : ((إنه أرْوَى وأمْرَأ وأبْرأُ))([320])

[320] ـ صحيح : أخرجه مسلم (٦ / ١١١ ، ١١٢) من طريق أبي عصام عن أنس فذكره ٠

واتە : لە (أنس)ی کوڕی (مالك)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی خواردنەوەدا سێ جار هەناسەی دەدلو دەیفەرموو : ((ئاوا چاکتر تینویەتی دەشکێنێ و ، بێوەی ترەو ، بە ئاسانتریش دەچێتە نێو گەدەوە)) ٠

ووشەی (الشراب) لە زمانی دانەری شەرع و هەڵگرانی شەرعدا بریتیە لە : ئاو ، وە مانای (يَتَنَفَّسُ في الشراب) واتە پەرداخەکەی لە زاری موبارەکی لادەدلو ، لە دەرەوەیدا هەناسەی دەدلو ، پاشان دەگەڕایەوە بۆ خواردنەوە ، وەکو ئەوەی بە ئاشکەرا لە فەرموودەیەکی تردا باسکراوە : إذا شَرِبَ أحَدُكُم فلا يَتَنَفَّسْ في القَدَحِ ، ولكن لِيُبِنِ الإناء عن فيهِ([321]) واتە : هەرکات کەسێکتان ئاوی خواردەوە با لە نێو پەرداخەکدا هەناسە نەدات ، بەڵکو با پەرداخەکە لە زاری دوربخاتەوە ٠

چەندین دانایی و ، چەندین سوود ، لەم شێوە خواردنەوەدا بەدیدەکرێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەمووی کورت کردۆتەوە بەفەرمایشتی : (إنه أروَى وأمرأ وأبرأ) ، لێرەدا ووشەی (أروى) واتە : واتە بە ئاستێکی بەرزی بە سوود و بەهێز تینویەتی دەشکێنێت ، (وأبرأ) واتە : شیفا ، مەبەستی ئەوەبوو کە شیفابەخشە بۆ تینویەتی بەهێز ، چونکە جار لە دوای جار دەچێتە نێو گەدەی گڕگرتووەو ، ئەگەر بەجاری یەکەم هێور نەبوبێتەوە ئەوا جاری دووەم هێوری دەکاتەوەو ، ئەگەر بەجاری دووەمیش هێور نەبوبێتەوە ئەوا جاری سێ یەم و ، بەو شێوەیە تاوەکو دەحەوێتەوە ، هەروەها بێوەی ترە بۆ گەرمی گەدە ، چاکتریش پارێزگاری لەو گەرمیە دەکات و دەیهێڵێتەوە بەبەراوردی ئەوەی کە ئەگەر بەیەك جارو بەیەك خواردنەوە ئاوە ساردەکە هێرشی بۆ بەرێت ٠ هەروەها بە یەك خواردنەوە ، ناتوانیت تینویەتی بشکێنێت چونکە تەنها ساتێکی کەم ڕێکەوتی گەرمی تینویەتیەکەی دەکات ، پاشان لێی

---

[321] _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٢٧) ، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة (٢٧٢٦) ، بلفظ : (إذا شرب أحدكم ٠٠٠) ٠

دوردەکەوێتەوەو ، هێشتا توندوتیژی تینویەتیەکە نەشکاوە ، ئەگەر بشکێتیش بە تەواوی نابێت بە پێچەوانەی ئاوخواردنەوەوە بە هێواشی و کەم کەم ٠

هەروەها دەرەنجامی بێوەی ترەو ، لە بەڵاو کارەساتیشەوە بەدورترە بەبەراوردی هەموو ئەوانەی بەیەك جار دەخورێنەوە ، چونکە بەیەکجار خواردنەوە ترسی ئەوەی لێدەکرێت بەهۆی ساردی و زۆری بڕەکەیەوە گەرمی سروشتی جەستە بکوژێنێتەوە ، یاخود لاوازی بکات و بەوەش میزاجی گەدەو جگەر خراپ دەکات و ، دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی ، بەتایبەت لە نێو دانیشتوانی وەڵاتە گەرمەکانی وەکو حیجازو یەمەن و بەو هاوشێوانە ، یاخود لە وەرزە گەرمەکانی وەکو هاویندا ، خواردنەوەی ئاو بەیەك جار زۆر ترسناکە بۆیان ، چونکە گەرمی سروشتی ناوەکی دانیشتوانی لاوازە ، وە لەو وەرزە گەرمەشدا ٠

ووشەی (وأمْرَأ) واتە : خۆراك و خواردنەوە بۆ جەستەی قوت چوو ، واتە : چووە نێو جەستەی و بە ئاسانی و بەچێژو سوودەوە تێکەڵی بوو ٠ خوای تعالى دەفەرمێت ﴿ فَكُلُوهُ هَنِيئاً مَّرِيئاً ﴾[النساء : ٤] واتە : (فكلوه) بیخۆن (هَنيئـاً) ئاکام و دەرەنجامی خۆشی بێت (مريئـاً) خۆش و بەلەزەت بێ لە چەشتنیدا([٣٢٢])٠ دەشگوتریت مانای ئەوەیە : لە سورێنچکەوە بەخێرای سەربەروەخوار دەبێتەوە ، چونکە بەسەریەوە ئاسان و سووکە ، بە پێچەوانەی زۆرێکی تر ، کە لە سورێنچکەوە بە ئاسانی ناچنە خوارەوە ٠

لە بەڵاکانی دیکەی خواردنەوە بەیەکجار ، ترسی ئەوەی لێدەکرێت ئاوەکە لە قورگیدا گیر بێت ، بەوەی ڕێڕەوی خواردنەوەکە دابخرێت ، لەبەر زۆری ئەو بڕە ئاوەی بۆ هاتووە ، بەوەش هەناسەدانی بە ئاستەم و گران بۆ دەدرێت و دەرەنجامی خراپی هەیە ، بەڵام ئەگەر وردە وردە هەناسەی داو ، پاشان بخواتەوە ، لەو بەڵایە ڕزگاری دەبێ ٠

---

[٣٢٢] ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

له سودەكانی : ئەو كەسەی ئاوەكە دەخواتەوە، له گەڵ یەكەم خواردنەوەدا شیّ دوكەڵیـە گەرمەكەی سەر دڵ و جگەری بەرز دەبیّتەوە ، لەبەر ئەو ئاوە ساردەی بۆ هاتووەو ، بـەوەش سروشت ئەو شیّیە لەخۆی دوری دەخاتەوە ، بەڵام ئەگەر ئاوەكە بەیەك جار بخواتەوە ، ئـەوا دابەزینی ئاوە ساردەكەو ، بەرزبونەوەی شیّكان هاوكاتی یـەك دەبن و ، پاڵەپەستۆ دەخەنـە سـەر یـەكترو خۆیـان چارەسـەر دەكـەن ، بـەوەش ئـەو كەسـە ئـاو لـە قـورگ گـیران و هەناسەنەدانی تـووش دەبیّ ، لەبـەر ئـەوە خۆشـی لـە ئاوەكـە نابینیّت و ، بـە ئاسـانی بـۆی ناچیّتە خوارەوەو ، تیّر ئاویش نابیّت ٠

وَقَدْ رَوَى عَبْدُ اللّٰهِ بْنُ الْمُبَارَكِ ، وَالْبَيْهَقِيّ ، وَغَيْرُهُمَا عَنْ النّبِيّ ﷺ إذَا ((شَرِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَمُصّ الْمَاءَ مَصّا ، وَلَا يَعُبّ عَبّا ، فَإِنّهُ مِنْ الْكُبَادِ))([٣٢٣]).

واتە : پیّغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەركات كەسیّكتان ئاوی خواردەوە با بەهیّواشی و نەرم و نیانی بیخواتەوە ، بیمژێ پیّوە نەنیّت و بەیەكجار هەڵی قوڕیّنیّت ، چونكە ئەمە ئازاری جگەر دروست دەكات)) ٠ ووشەی (الكُباد)ی نیّو فەرموودەكە واتە ئازاری جگەر ، چونكە هەر بە تاقیكردنەوە زانراوە كە دابەزینی ئاو بەجاریّك بۆ سەر جگەر ئازاری پیّ دەگەیەنیّت و گەرمیەكەی لاواز دەكات ، هۆكاری ئەوەش دەگەریّتەوە بۆ ئەو دژایەتیەی لە نیّوان گەرمی جگەرو ، لە نیّوان برِو چۆنیەتی ئەو ئاوە ساردەدا هەیە كە دادەبەزیّتە سەری ٠ بەڵام ئەگەر وردە وردەو لە سەرخۆ بۆی دابەزیایە ، دژایەتی گەرمی جگەری نەدەكردو ، لاوازیشی نەدەكرد ، نموونەی ئەمەش وەكو نموونەی ئاو بەسەراكردنی مەنجەڵە لەكاتی كوڵانیدا ، بەڵام ئەگەر كەم كەم ئاوی بەسەردا كرا زیانی بۆ نابیّت ٠

---

[٣٢٣] _ ضعيف : ضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٥٦١) ، (٥٦٢) ، (٥٦٣) ، وانظر الضعيفة (٩٤٠) ، (٢٣٢٣) ، (٢٥٧٦) ٠

وَقَدْ رَوَى التِّرْمِذِيّ فِي " جَامِعِهِ " عَنْهُ ﷺ ((لَا تَشْرَبُوا نَفَسًا وَاحِدًا كَشُرْبِ الْبَعِيرِ ، وَلَكِنْ اشْرَبُوا مَثْنَى وَثُلَاثَ ، وَسَمُّوا إِذَا أَنْتُمْ شَرِبْتُمْ وَاحْمَدُوا إِذَا أَنْتُمْ فَرَغْتُمْ))([324]).

واتــه : پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : ((بەیـەك نەفـەس ئـاو مەخۆنـەوە وەکـو خواردنەوەی ووشتر ، بـەڵکو بـەدوو جارو بەسـێ جار بیخۆنـەوە ، (بسم الله) بڵـێن ئەگـەر دەستان بە ئاو خواردنەوە کردو ، کە تەواویش بوون (الحمد لله) بڵێن ٠

(بسـم الله) گـووتن لـە سـەرەتای خـواردن و خواردنـەوەداو ، (الحمـد لله) گـووتنیش لـە پاشیدا کاریگەریەکی سەرسوڕمێنی هەیە بۆ سـود وەرگرتن و چێژ وەرگرتن لـەو خـواردن و خواردنەوەویەو ، دورخستنەوەی زیانەکانی ٠

ئیمامی (أحمد) فەرموویەتی : ئەگەر خواردن چوار شت کۆبکاتـەوە ، ئـەوا تـەواوەو بـێ کەم و کوڕیـە : ئەگـەر (بسـم الله) لـە سـەرەتایدا گـوترا ، (الحمـد لله)ی لـە کۆتـادا گـوترا ، دەستی لە سەر زۆر بوو ، خواردنێکی حەڵاڵیش بوو ٠

بەشێك سەبارەت بە داپۆشینی قاپ :

وَقَدْ رَوَى مُسْلِمٌ فِي " صَحِيحِهِ " مِنْ حَدِيثِ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ، قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّـهِ ﷺ يَقُولُ : ((غَطُّوا الْإِنَاءَ ، وَأَوْكُوا السِّقَاءَ ، فَإِنَّ فِي السَّنَةِ لَيْلَةً يَنْزِلُ فِيهَا وَبَاءٌ لَا يَمُرُّ بِإِنَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ غِطَاءٌ ، أَوْ سِقَاءٍ لَيْسَ عَلَيْهِ وِكَاءٌ إِلَّا وَقَعَ فِيهِ مِنْ ذَلِكَ الدَّاءِ))([325]) .

---

[324] ـ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (١٨٨٦) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٦٢٣٣) ٠

[325] ـ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣٥٥) ، وعبد بن حميد (١١٤٠) ، ومسلم (٦ / ١٠٧) كلهم من طريق القعقاع بن حكيم عن جابر فذكره مرفوعاً ٠

واتــه : لــه (جــابر)ى كــوڕى (عبــدالله)وه _ خــواى لــىٰ ڕازى بێــت _ فەرموويــەتى : گوێبيســتى پێغەمبــەرى خــوا بــووم ﷺ دەيفــەرموو : ((قاپــەكان داپۆشــەكان و ، دەمــى كوندەكان ببەستن ، چونكە لە ساڵدا شەوێك هەيە نەخۆشى تێدا دادەبەزىٰ ، ئەگەر بەسەر هەر قاپێكدا تێپەڕيێت و دانەپۆشرابێت ، ياخود بەسەر هەر كوندەيكدا تێپەڕيێت و دەمى نەبسترابێت ئەوا ئەو نەخۆشيە دادەبەزێتە نێوى)) ٠

ئەمەش يەكێكە لەو شتانەى كە زانستى پزيشكانى پىٰ نەگەشتووە ، بەڵام ژيرانى خەڵك بە تاقيكردنەوە زانيويانە ٠ (الليث)ى كوڕى (سعد) كە يەكێكە لەو كەسانەى فەرموودەكە دەگێڕنەوە فەرموويەتى : بێگانەكانى لاى ئێمە لە مانگى كانونى يەكەمدا خۆيان لە شەوى ئەو ساڵە دەپارێزن ٠

بە (صحيح)ى لە پێغەمبەرى خواوە ﷺ باسكراوە كەوا فەرمانيداوە بە داپۆشينى قاپەكان ئەگەر بە دارچيلكەيەكيش بێت ٠ دارچيلكە خستنە سەر قاپيش چەند حيكمەت و دانايیەكى تێدايە ، لەوانە ئەوەيە كە داپۆشينى قاپەكەى بيرناچێت ، بەڵكو گرنگى پىٰ دەدا ئەگەر بە دارچيلكەيەكيش بێت ، لە دانايەكانى ديكەش : ئەوەيە كە ڕەنگە جانەوەرێك بيەوێت بكەوێتە نێوى ، بەڵام بەسەر دارچيلكەكەدا دەڕوات و ، دەبێتە پردێك و ناهێڵێت بكەوێتە نێوى ٠

بە (صحيح)ى لە پێغەمبەرى خواوە ﷺ باسكراوە كەوا فەرمانيداوە لە كاتى داپۆشينى قاپەكاندا بگوترێت (بسم الله) ، چونكە (بسم الله) گوتن لەكاتى داپۆشينى قاپەكاندا شەيتانى لىٰ دور دەخاتەوە ، هەروەها داپۆشينى قاپەكان هۆكارێكە بۆ ئەوەى جانەوەرى لىٰ دوربخرێتەوە ، بۆيە پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمانى داوە بە (بسم الله) گوتن لەم دوو جێگەيەدا لەبەر ئەو دوو هۆكارە ٠

وروى البخاري في صحيحه من حديث ابن عباس ، أنَّ رسولَ الله ﷺ نهى عن الشُّرب مِنْ في السِّقاء([326]) .

واته : له (ابن عباس)هوه _ خوا له خۆی و بابیشی ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی كردووە ئاو لە دەمی كوندەوە بخورێتەوە ٠

لەمەشدا چەند ئادابێك بەدیدەكرێت : دوبارەبونەوەی نەفەسی كەسی ئاوخۆر لە سەر دەمی كوندەكە چەوری و بۆنێكی ناخۆشی پێ دەگەیەنێت و ، مرۆڤ قیزی لێ دێتەوە ٠

هەروەها : پێدەچێ ئاوی كوندەكە زاڵ بێ بەسەریداو بەڕادەیەكی زۆر بچێتە سكیەوەو ، زیانی پێگەیەنێت ٠ پێدەچێ جانەوەرێكی تێدا بێ و ئەو هەستی پێ نەكات و ، زیانی پێگەیەنێت ٠ لەوانەیە ئاوەكە خاك و خۆڵ و شتی دیكەی تێدا بێ و نەیبینێت لە كاتی خواردنەوەداو ، بچێتە سكیەوە ٠ لە لایەكی تریشەوە لە گەڵ ئاو خواردنەوەدا هەوا دەچێتە سكەوەو ، بەوەش تەسك دەبێتەوە بۆ وەرگرتنی ئاو ، یا فشاری دەخاتە سەر ، یا زیانی پێدەگەیەنێت ، هەروەها بۆ چەندین حیكمەت و دانایی تریش ٠

ئەگەر گوترا : ئەی چ دەكەن بەوەی كە ئیمامی (الترمذي) لە (جامع)ەكەیدا دەگێڕێتەوە : أنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ دَعَا بِإِدَاوَةٍ يَوْمَ أُحُدٍ ، فَقَالَ : ((اخْنُثْ فَمَ الإِدَاوَةِ)) . ثُمَّ شَرِبَ مِنْ فِيهَا([327]) واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی ئوحدا بانگی كرد جەوەندە ئاوەكەی بۆ بێنن ، ئەوەبوو فەرمووی : ((دەمی جەوەندەكە بنوشتێنەوە)) ٠ پاشان لە دەمەكەیەوە ئاوی خواردەوە ٠ ئێمەش دەڵێین تەنها گوفتارەكەی ئیمامی (الترمذي)مان بەسە كە دەفەرمێت : (هذا حديثٌ ليس إسناده بصحيح ، وعبدالله بن عمر العُمريُّ يُضعَّفُ

[326] _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١٤٥) من طريق خالد الحذاء عن عكرمة عن ابن عباس فذكره ٠

[327] _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٧٢١) ، وضعفه الألباني في ضعيف أبي داود (٧٩٧) ٠

من قبل حفظه ، ولا أدرى سمع من عيسى ، أولا · أنتهى ، يريد عيسى بن عبدالله الذي رواه عنه ، عن رجل من الأنصار)·

بەشێك سەبارەت بە ئاو خواردنەوە لەو جێگەوە كە پەرداخەكە شكاوەو ڕوونكردنەوەی خراپەكانی

وفي سنن أبي داود من حديث أبي سعيد الخُدريِّ ، قال : نهى رسولُ الله ﷺ عن الشُّرب من ثُلْمَةِ القَدَحِ ، وأن ينفُخَ في الشَّراب([٣٢٨])

واتە : لە (أبي سعيد الخُدريِّ)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی كردوە لە جێگە شكاویەكەی لێواری پەداخەوە ئاو بخورێتەوەو ، فوو لە خواردنەوە بكرێت ·

ئەمە لەو ئادابانەیە كە بەرژەوەندی كەسی ئاوخۆری پێ تەواو و ڕێك وپێك دەبێ ، چونكە خواردنەوە لە جێگەی شكاوی لێواری پەرداخەوە چەندین خراپەی تێدایە :

یەكەم : هەر خاك و خۆڵ و شتێك بەسەر ڕووی ئاوەكەوە بێ لە جێگە شكاویەكەدا كۆدەبێتەوە ، بە پێچەوانەی لا دروستەكە ·

دووەم : پێدەچێ سەر لە مرۆڤ بشێوێنێت و ، نەتوانێت بە چاكی ئاو لە جێگە شكاویەكەوە بخواتەوە ·

سێ یەم : پێسی و چەوری لە جێگە شكاویەكەدا كۆدەبێتەوەو ، شتنیشی پێ ناكات ، بەڵام لا دروستەكە باشتر شتنی پێ دەكات ·

[٣٢٨] _ إسناده حسن : أخرجه أبوداود (٣٧٢٢) ، وانظر الصحيحة (٣٨٨) ·

چوارەم : شكاوى لـە پەرداخـدا جێگـەى عەيبـەو ، خـراپترين جێگەيـەتى ، بۆيـە پێويسـتە مرۆڤ خۆى لىٚ دورخاتەوەو ، لا ڕاستەكە بەكار بێنێت ، چونكە خراپيـى هـەموو شـتێك خێـرى تێدا نى يە ، كەسانێك لـە پێشينى چاك پياويـەكى بـەديكرد شـتێكى خراپـى دەكـڕىٚ ، پێـى فەرموو : ئەو كارە مەكە ، ئەى نەتزانيوە خواى تعالى فرو بەرەكەتى لە هـەموو شـتێكى خـراپ لابردووە ٠

پێنجەم : ڕەنگە جێگە شكاويەكەى لێوارى پەرداخەكە تيژ بىٚ و دەمى مرۆڤ برينـدار بكـات ، لەبەر ئەم هۆكارانەو چەندينى تريش ، پێويستە مرۆڤ خۆى لە جێگـەى شـكاوى پەرداخـەوە بەدور بگرێت ٠

بـەڵام فـووكردن لـە خواردنـەوە ٠ وا دەكـات دەمـى كەسـى فووكـار بـۆنێكى نـاخۆش بـە خواردنەوەكە بگەيەنێت و چيتر قيزى لـىٚ بكرێتـەوە ، بەتايبـەت ئەگـەر كەسـى فووكـار بـۆنى دەمى گۆڕابێت ٠ بەگشتى : نەفەسـى كەسـى فووكـار تێكـەڵ بـە خواردنەوەكـە دەبـىٚ ، بۆيـە پێغەمبـەرى خـوا ﷺ قەدەغـەكردنى هەناسـەدان لـە نێـو قاپـداو فـووكردن لـە خواردنـەوەى كۆكردۆتەوە لە فەرموودەيەكدا كە ئيمامى (الترمذي) دەيگێڕێتەوە ، عن ابن عبـاس _ رضـي الله عنهما _ ، قال : نهى رسول الله ﷺ أن يُتنفَّسَ في الإناء ، أو يُنْفَخَ فيه([329]) واتە : لـە (ابـن عبـاس)ەوە _ خـوا لـە خـۆى و باببيشـى ڕازى بێـت _ فەرموويـەتى : پێغەمبـەرى خـوا ﷺ قەدەغەى كردووە هەناسە لە نێو قاپدا بدرێت ، ياخود فووى تىٚ بكرێت ٠

---

[329] _ صحيح : أخرجه الحميدى (٥٢٥) ، وأحمد (١ / ٢٢٠ ، ٣٠٩ ، ٣٥٧) ، والدارمي (٢١٤٠) ، وأبوداود (٣٧٢٨) ، وابن ماجة (٣٢٨٨) ، (٣٤٢٨) ، (٣٤٢٩) ، (٣٤٣٠) ، والترمذي (١٨٨٨) كلهم من طريق عكرمة عن ابن عباس ٠

ئەگەر گوترا : ئەی چ بە فەرموودەکەی (أنس) دەکەن کە لە (الصحيحين)دا هاتووە : أنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ كَانَ يَتَنَفّسُ فِي الْإِنَاءِ ثَلَاثًا([330]) واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە قاپەکە سێ جار هەناسەی دەدا ٠

دەگوترێت : بە قبولّ و ملکەچیەوە ڕوو بە ڕووی دەبینەوە ، هیچ دژبە یەك بونێك لە نێوان ئەم فەرموودەو فەموودەکەی یەکەمدا نی یە ، ماناشی ئەوەیە لە خواردنەوەکەی سێ جار هەناسەی دەدەا بە دوورخستنەوەی قاپەکە لە زاری و هەناسەدان لە دەرەوەیداو دیسان جارێکی تر دەستی بە خواردنەوەکەی دەکرد ، بەڵام باسی قاپ دەکات چونکە ئامێری خواردنەوەکەیە ، ئەمەش بە هاوشێوەی ئەم فەرموودە (صحيح)یە : أَنَّ إبراهيم ابن رسول الله ﷺ مات في الثّدي([331]) واتە : (إبراهيم)ی کوڕی پێغەمبەری خوا ﷺ لە زەمەنی مەمك خواردندا مرد ٠ واتە لە زەمەنی شیرخواردندا ٠

بەشێك سەبارەت بە خواردنەوەی ماست بە تەنهاو جار بە جاریش تێکەڵ بە ئاو و سوودەکانی :

پێغەمبەری خوا ﷺ جار بە جار ماستی پوختی دەخواردەوەو ، جار بە جاریش تێکەڵ بە ئاوکرابوو ٠ خواردنەوەی ماستی پوخت و بە ئاو تێکەڵ کراو لەو وەڵاتە گەرمانەدا سودێکی یەکجار گەورەی هەیە لە پاراستنی تەندروستی و ، تەڕکردنی جەستەو ، داشتنی (رَي) جگەردا ، بەتایبەت ماستی ئەو ئاژەڵانەی کە لەسەر ڕووەکەکانی (الشيحَ)و ، (القَيْصومَ)و

[330] _ صحيح : تقدم تخريجه ٠

[331] _ صحيح : رواه مسلم (٤ / ١٨٠٨) حديث (٢٣٦١) وقوله ((مات في الثدي)) أي في زمن إلتقام الثدي ، وهو مدة الرضاعة ٠

، (الخُزَامَـى)و([332]) ئـەو هاوشـێوانه دەلـەوەڕێن ، ماسـتى ئـەو ئاژەڵانـە خواردنێکـە لـە خواردنەکان ، خواردنەوەیەکە لە خواردنەوەکان ، دەرمانێکە لە دەرمانەکان

وفي جامع الترمذي عنه ﷺ قال : ((إذا أكل أحدكم طعاما فَلْيَقُلْ : اللَّهُمَّ بارِكْ لنا فيه ، و أطْعِمنا خيراً منه ، و من سُقي لبناً فليقل : اللَّهُمَّ بارِك لنا فيه ، و زِدْنا منه ، فإنه ليس شيء يُجْزِئُ منَ الطعام و الشرابِ إلا اللبنُ))([333]) قال الترمذي : هذا حديث حسن ٠

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ئەگەر کەسێکتان خواردنێکی خوارد با بڵێت : پەروەردگارا بەرەکەتمان بۆ بڕژە نێوی و ، لەم خواردنەش چاکترمان بدەرێ ، وە هەرکەسێك ماستاوی درایە ، با بڵێت : پەروەردگارا فرو بەرەکەتمان بۆ بخەرە نێوی و ، لەمەشمان بۆ زیاد بکە ، چونکە هیچ شتێك جێگەی خواردن و خواردنەوە ناگرێتەوە مەگەر ماستاو ٠

بەشێك سەبارەت بە خواردنەوەی (النبيذ) پێش ئەوەی تیژ بێ و بگۆڕدرێت بۆ ماددەیەکی سەرخۆشکار

وَثَبَتَ فِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ " أَنَّهُ ﷺ كَانَ يُنْبَذُ لَهُ أَوّلَ اللّيْلِ ، وَيَشْرَبُهُ إذَا أَصْبَحَ يَوْمَهُ ذَلِكَ ، وَاللّيْلَةَ الّتِي تَجِيءُ ، وَالْغَدَ ، وَاللّيْلَةَ الْأُخْرَى ، وَالْغَدَ إلَى الْعَصْرِ ، فَإِنْ بَقِيَ مِنْهُ شَيْءٌ سَقَاهُ الْخَادِمَ ، أَوْ أَمَرَ بِهِ فَصُبّ([334]) .

---

[332] ـ الخزَمَى : ڕووەکێکی یەك ساڵەیەو لە بەهاردا دەڕوێت ، لقەکانی نزیکەی (٤٠) سم درێژ دەبێ ، گەڵاکانی گەشاوەیە ، شیراوکە ، لاکێشەیە ، لێوار گرنجە ، خۆڵەمێشی مەیلەو سەوزە ، بەدرێژی (٦ سم) و پانی (٢سم) ، گوڵەکان لە کۆتایی لقەکاندا دێنەدەرو ، ڕەنگێکی بەنەوشەیان هەیە ، ئەم ڕووەکە لە خاکە لمیەکاندا دەڕوێت ، لە دەشتەکاندا پاش باران بارین بە خێرایی دەردەچێت و ، بەشە گوڵەکەی بەکاردەبرێت٠

[333] ـ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٣٤٥١) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٦٠٤٥) ٠

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەتای شەوەوە خواردنەوەی (النَّبيذ)ی بۆ دروست دەکرا ، کە ڕۆژی لێ دەبویەوە لێی دەخواردەوە ، ئەو شەوەش کە دەهات ، سبەینێ و ، شەوەکەی تریش ، ڕۆژی سێ یەمیش تاوەکو عەسر ، ئەگەر شتێکی لێ بمایەتەوە بە خزمەتکارەکەی دەدا ، یا فەرمانی دەدا بڕژێنرێت ·

خواردنەوەی (النَّبيذ) : خورمای تێدەکرا بۆ شیرین کردنی ، کە بەشدار دەبێ لە خواردن و خواردنەوەدا ، بۆ زیادبوونی هێزو ، پاراستنی تەندروستی زۆر بەسوودە ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ دوای سێ ڕۆژ نەیدەخواردەوە لە ترسی گۆڕانیدا بۆ مادەیەکی سەرخۆشکار ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسازی جل و بەرگدا :

ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە تەواوترین و بێ کەم وکوڕیترین ڕیباز بوو ، کە بەسوودترین پۆشاکی بۆ جەستەی بەکاردەهێنا ، بە جۆرێك زۆر سوك بێ لە بەریدا ، لە هەمووشی ئاسانتر بێ بۆ پۆشین و داکەنین ، زۆربەی پۆشاکەکانی عەباو (الإزار) بوو _ پۆشاکێك نیوەی خوارەوەی جەستە داپۆشێ _ ، کە بۆ جەستە لە هەموو شتێکی تر سووکترە ، کراسیشی (القميص) دەپۆشی و ، لە هەموو پۆشاکەکانی تر بەلایەوە خۆشەویستر بوو ·

ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پۆشینیدا ئەوەبوو کە بەسوودترین پۆشاکی بۆ جەستەی هەڵدەبژارد ، بۆیە سەرقۆڵەکانی درێژ نەدەکردەوەو ، فراوانی دەکرد ، بەڵکو سەرقۆڵەکانی تاوەکو مەچەکی بوو لە دەستی تێنەدەپەڕی ، بۆ ئەوەی قورسی و ناڕەحەتی لە سەر

---

٣٣٤ _ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٢٢٤) ، ومسلم (٦ / ١٠١ ، ١٠٢) ، وأبوداود (٣٧١٣) ، وابن ماجة (٣٣٩٩) ، والنسائي (٨ / ٣٣٢ ، ٣٣٣) كلهم عن يحيى بن عبيد بن أبي عمر عن ابن عباس فذكره·

دروست نەبێ و، نەوەكا نەهێڵێت بەئاسانی بجوڵێتەوەو دەستی بەم لاو ئەو لادا بەرێت ، لەم ئاستەش سەرقۆڵەكانی زیاتر كورت نەدەكردەوە ، بۆ ئەوەی دەرنەكەون بۆ گەرماو سەرما ٠

داوینی كراس و (الإزار)ەكەی تا نیوەی قاچی بوو لە پاژنەی تێنەدەپەڕی ، بۆ ئەوەی ئازاری نەدات و بەلایەوە گران نەبێت و ، بیكات بە كەسێكی پێوەندكراو ، لە ماسولكەكانی پێیشی كورتری نەدەكردەوە ، بۆ ئەوەی دەرنەكەوێت و گەرماو سەرما ئازاری پێ نەگەیەنن.

مێزەرەكەی گەورە نەبوو بە هەلگرتنی ئازار بەسەری بگەیەنێت ، یاخود لاوازی بكات و تووشی نەخۆشی بكات ، وەكو باری ئەو كەسانەی كە مێزەری گەورەیان بەسەرەوەیە ، بچوكیش نەبوو بەڕادەیەك نەتوانێت سەر بپارێزێت بەرامبەر بە گەرماو سەرما بەڵكو نێوەندی ئەو دوانە بوو ، دەیخستە ژێر چەناكەیەوە ، چەندین سوودیش لەمەدا بەدیدەكرێت : لەوانە مل لە گەرماو سەرما دەپارێزێت ، بەم جۆرە مێزەرەكە چاكتر جێگیر دەبێ ، بەتایبەت لە كاتی سواربوونی ئەسپ و ووشترو ، هێرش بردن و كشانەوەدا ، كەسانێكی زۆریش لە جیاتی چەناكە قولاب بەكار دەهێنن ، بەڵام جیاوازیەكی زۆریان لە نێواندایە لەهەردوو لایەنی سوودو جوانیشەوە ، ئەگەر تۆ تەماشای ئەم پۆشاكە بكەیت دەبینی لە پۆشاكەكانی تر بەسوودترەو ، لە هەمووشیان چاكترە بۆ پاراستنی تەندروستی ، لە هەموو پۆشاكێكی تریش بەدورترە لە تێچوون و گیرگرفت و ناڕەحەتیەوە بۆ سەر جەستە ٠

لە سەفەردا بەبەردەوامی ، یاخود لە زۆربەی بارەكانیدا سۆڵی (خُف) لە پێ دەكرد ، چونكە پێیەكانیش پێویستیان بە شتێكە لە گەرماو سەرما بیانپارێزێت ، جار بە جار لە ماڵەوەشدا لە پێی دەكردن ٠

خۆشەویسترین ڕەنگەکان بەلایەوە سپی و ، (البُردة)([335]) بوو ، کە بریتی بوو لە (البُـردة)یەکی نەخشێنراو٠

لە ڕێبازیدا ئەوە نەبوو پۆشاکی سوورو ، ڕەش و ، ڕەنگکراو ، بپۆشێت ٠

بەڵام ئەو (الحلّة)([336]) سورەی کە پۆشیەی ، بریتی بوو لە عەبایەکی (الـرداء) یەمـەنی کە نەخشێنرابوو بە ڕەش و سورو سپی ، بەهاوشێوەی (الحلّة) سـەوزەکە ، ئـەوەبوو ئـەوەو ئەمەشی دەپۆشی ، پێشتریش ئەوەمان یـەکلاکردەوەو ، بۆچـونی ئـەو کەسـانەشمان بەهەڵـە دانا کە وای بۆ دەچون سووری تێری پۆشیوە ٠

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسازیی شوێنی نیشتەجێ بووندا :

کە پێغەمبەری خوا ﷺ دڵنیابوو لەوەی کـە ڕێ دەکـات و ، دونیـاش قۆنـاغێکی موسـافیرە کە تیایدا دادەبەزێ بە ئەندازەی درێژی تەمەنی و ، پاشـان دەگوازێتـەوە بـۆ دونیایـەکی تـر ، بۆیە لە ڕێبازی خـۆی و هاوەڵـانی و شـوێنکەوتوانیاندا نـەبوو گرنگـی بـەماڵ و خـانوو بـدەن و دروسـتی بکـەن و ، بـەرزی بکەنـەوەو ، بیڕازێننـــەوەو ، فراوانـی بکەنـەوە ، بـەڵکو چـاکترین خانووی پشوی موسافیر ئەوەیە لە گەرماو سەرما بیپارێزێت ، لە چاوی خـەڵك بـەری گرێـت ، قەدەغەی چونە ژورەوەی جانەوەران بکـات ، ترسـی داڕوخـانی نـەکرێت لەبـەر زۆر قورسـی ، هـەروەها جانـەوەران هێلانـەی تێـدا نەکـەن ، لەبـەر زۆر فراوانبـوونی ، هـەوای زیانبەخشـیش جارێك لە باکورو جارێك لە باشورو جاریك لە پێش و جارێك لە پاشەوە تیایدا هاتوچۆ نـەکات ،

---

[335] ــ البُردة : پۆشاکێکە مرۆڤ بە دەوری جەستەیدا دەیسوڕێنێتەوەو خۆی پێ دەپێچێتەوە ، بڕوانە : تهذيب السنن للطبري ، ج١ ، ص ١٤٣ ٠ وەرگێڕ٠

[336] ــ الحُلّة : دوو پارچە پۆشاکە لەیەك کوتاڵ دروست دەکرێت بەزۆری بریتیە لە دەرپێیەك (إزار)و کراسێك یا عەبایەك (الرداء) ، وەرگێڕ٠

له بەر زۆر بەرزی ، ژێر زەمینیش نەبێ بەجۆرێك زیان بە دانیشتوانی بگەیەنێت ، زۆریش لە سەر زەمینەوە بەرز نەبێ ، بەڵکو نێوەندی ئەو دوانە بێ ، ئەمە باشترین سیفاتی ماڵ و خانوە ، کە کەمترین گەرمی و ساردی بەردەکەوێت ، تەنگیش نابێ لە سەر دانیشتوانی ، بەجۆرێك تیایدا گیربن ، لێشی زیاد نەبێ و کەسی تێدا نەژیێ و ببێتە شوێنێك جانەوەران دالدەبات ، شوێنیکیشی نەبێ بە بۆنی ناخۆشی ئازار بە دانیشتوانی بگەیەنێت ، بەڵکو بۆنی ماڵیی خۆشترین بۆن بوو ، چونکە حەزی بەبۆنی خۆش بوو ، بەردەوام بەلایەوە بوو ، بۆنی جەستەشی خۆشترین بۆن بوو ، ئارەقەی خۆشترین بۆن بوو ، بێگومان ئەم جۆرە ماڵە نێوەنجیترین ماڵ و بەسودترینیانە و بۆ جەستەش زۆر گونجاوەو ، تەندروستیش دەپارێزێت.

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسازیی کاروباری نووستن و بەئاگابوندا :

هەرکەس تەماشای نووستن و بەئاگابوونی پێغەمبەری خوا ﷺ بکات دەبینێ چاکترین نووستنەو ، زۆر بەسودیشە بۆ جەستەو ئەندامەکان و هێزەکان ، چونکە سەرەتایی شەو دەنووست و ، سەرەتای نیوەی دووەمی شەو بەئاگا دەهاتەوە ، هەڵدەستا سیواکی دەکردو ، دەستنوێژی دەگرت و چەند خوای تعالى بۆی بنوسیبا نوێژی دەکرد ، بەم جۆرە جەستەو ئەندامەکان و هێزەکان بەشی خۆیان لە نووستن و حەوانەوە وەردەگرت و ، بەشی خۆشیان لە مەشقی دەرونی وەردەگرت لە گەڵ پاداشتێکی تەواودا ، ئەمەش ئەوپەڕی چاکیتی دڵ و جەستەو ، دونیاو دوارۆژیشە · پێغەمبەری خوا ﷺ لە نووستن ئەندازەی زیاد لە پێویستی وەرنەدەگرت ، قەدەغەی نەفسی خۆشی نەدەکرد لە ئەندازەی پێویستی نووستن ، بەتەواوترین شێوەکان ئەوەی ئەنجام دەدا ، بۆیە ئەگەر پێویستی بەنووستن بوایە بەلای ڕاستیدا ڕادەکشا ، زیکری پەروەردگاری دەکرد تا چاوەکانی دەچووە خەو ، بە جۆرێك سکی لە خۆراك پڕ نەبوایە ، لە سەر زەوی نەدەنوست ، نوێنی بەرزی نەبوو ، بەڵکو نوێنەکەی لە

پێست و ناواخنەکەی ڕیشاڵی دارەخورما بوو ، سەری دەخستە سەر سەرین و ، جار بە جاریش دەستی دەخستە ژێر گۆنای ۰

ئێمەش بەشێك سەبارەت بە نووستنی بەسوودو نووستنی زیانبەخش باس دەکەین و دەڵێین : نووستن بارێکی جەستەیە کە بەدوایدا گەرمی غەریزی و هێزەکان بەرەو ناوەڕۆکی جەستە ڕۆدەچن بۆ پشودان ، ئەمەش دوو جۆرە : سروشتی و ، ناسروشتی :

سروشتی : خۆگرتنەوەی هێزە نەفسانیەکانە لە ئەنجامدانی کردەوەکانیان ، کە بریتیە لە هێزەکانی هەست و جوڵانەوە خۆویستەکان ، هەرکات ئەم هێزانە خۆیان لە جوڵاندنی جەستە گرتەوە خاوی و سستبونەوەی بەسەردا زاڵ دەبێ و ، بەوەش ئەو تەڕی و شێیانەی کە لە کاتی جوڵانەوەو بەئاگابوندا شی دەبونەوەو جیادەبونەوە لە مێشکدا کۆدەبنەوە ، میشکیش وەکو زانراوە شوێنی دروستبوونی هەموو هێزو جوڵانەوەکانی جەستەیە ، بۆیە کاتێ ئەو تەڕی و شێیانەی تێدا کۆدەبێتەوە ، سڕدەبێت و بەوەش خاوی و سستبونی بەسەردا زاڵ دەبێ و ، نووستنی سروشتی ڕوی تێدەکات ۰

نووستنی ناسروشتی : هۆکاری نووستنی ناسروشتی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوێکی کاتی یاخود نەخۆشیەك ، وەکو ئەوەی کە شێ و تەڕاتیەکی زۆر مێشك داگیر دەکات ، بە ئاستێك بەئاگابوون لە توانایدا نابێ بڵاوەیان پێ بکات و شییان بکاتەوە ، یاخود شێیەکی تەڕی زۆری بۆ بەرز دەبێتەوە وەکو ئەوەی لەکاتی تێربووندا ڕوودەدات ، ئەوەش مێشك قورس دەکات و ، خاوی و سستی بەسەردا زاڵ دەکات و ، دوای ئەوە مێشك سڕ دەبێ و ، هێزە نەفسانیەکان خۆیان لە کردەوەکردن دەگرنەوەو ، نووستن ڕوودەدات ۰

نووستن دوو سوودی بەرێزی هەیە :

یەكـەمیان : سـرەوتنی ئەندامـەكانی جەسـتەو حەوانـەوەیان لـەو هیلاكـی و ماندوبونـەی توشـیان دەبـێ ، بـەوەش هەسـتەكان لـە ناڕەحەتیـەكانی بـەئاگابوون دەحەوێنێتـەوەو ، شەكەتی و كەشەنگیان لێ دووردەخاتەوە ·

دووەم : هەرسـكردنی خـۆراك و ، پێگەیانـدنی تێكـەڵاوەكان ، چـونكە لـە كـاتی نووسـتندا گـەرمی غـەریزی ڕۆدەچـێ بـەرەو نـاوەڕۆكی جەسـتە ، ئـەوەش یارمەتیـدەرێكی باشـی ئـەو كردارانەیـە ، بۆیـە كەسـی نوسـتوو ڕوكـەش و ڕواڵـەتی دەرەوەی جەسـتەی سـارد دەبـێ و پێویستی بە داپۆشەری زیاد دەبێ ·

بەسودترین نووستن : ئەوەیە مرۆڤ بەلای ڕاستیدا بنوێ ، بـەم شـێوە خـۆراك بەباشـی لـە گەدەدا جێگیر دەبێ ، چونكە گەدە كەمێك بەرەو لای چەپ لاربۆتەوە ، پاشـان پێویسـتە مرۆڤ شێوازی نووستنەكەی بگۆڕێت و كەمێك بەلای چەپیدا بنوێ بۆ ئەوەی هەرسكردنەكە خێرا بێتەوە ، چـونكە گـەدە لـە جگـەر دوردەكەوێتـەوە ، قونـاغی كۆتـاش نوسـتنەكەی بەلای ڕاستدا جێگیر دەكات ، بۆ ئـەوەی خـۆراك بـەخێرای لـە گـەدە بێتـە خـوارەوە ، بـە جۆرێك نوستنی بەلای ڕاسـتیدا سـەرەتای نوسـتنەكەی و كۆتاكەشـی بێـت ، زۆر نوسـتنی مرۆڤـ بـەلای چـەپدا زیـان بـە دڵ دەگەیـەنێت بـەهۆی لابونـەوەی ئەندامـەكان بەلایـداو ، بەوەش مادەكانی تێ دەڕژێت ·

خراپترین نوستنەكان نوستنی سەر پشتە ، بەڵام زیانی نی یە بۆ حەوانەوەو بەبێ نوستن بەسەریدا ڕاكشێت ، لەوەش خراپتر نوستنە بە پاڵكەوتن لەسەر ڕوو ، وفي المسند وسنن ابن ماجة ، عن أبي أُمامة قال : مرَّ النبيُّ ﷺ على رجُلٍ في المسجد منبطح على وجهه ، فضرَبه برجله ، وقال : قُمْ أو أقعد فإِنَّهَا نومةٌ جهَنَّمِيَّةٌ(٣٣٧)

---

٣٣٧ ــ أخرجه ابن ماجة (٣٧٢٥) ، وضعفه الألباني في ضعيف ابن ماجة (٨١٦) ·

واته : له (أبي أُمامة)وه _ خوای لیّ رِازی بيّت _ فه‌رموويه‌تی : پيّغه‌مبه‌ری خوا ﷺ به‌لای پياويّكدا تيّپه‌ڕبوو له مزگه‌وتدا به‌سه‌ر ڕوويدا ڕاكشابوو ، ئه‌وه‌بوو به پيّيه‌كانی ليّيداو فه‌رمووی : هه‌سته ياخود دانيشه چونكه نووستنيّكی دۆزه‌خيه ٠

(أبقراطٌ) له كتيّبی (التَّقدِمة)دا ده‌ڵيّت : بـه‌ڵام نووسـتنی نـه‌خۆش لـه سـه‌ر سـكی بـه‌بیّ ئه‌وه‌ی پيّشتر له كاتی ته‌ندروستيدا نـه‌ريّتی ئـه‌و جـۆره نووسـتنه بيّـت ، نيشـانه‌ی تيّكچـونی ئه‌قڵه‌و ، نيشانه‌ی ئه‌وه‌يه كه ئازار له لاكانی سكيدا هه‌يـه ، ڕاڤـه‌كارانی كتيّبه‌كـه‌ی گوتويانـه : چونكه پيّچـه‌وانه‌ی نـه‌ريّتی چـاكی كـردو شـيّوه‌يه‌كی خراپـی بـه‌كارهيّنا ، بـه‌بیّ ئـه‌وه‌ی هـيچ هۆيه‌كی ئاشكه‌را ياخود شاراوه هه‌بیّ ٠

نووستنی ڕيّك و پيّك وا له هيزه سروشتيه‌كان ده‌كات كرده‌وه‌كانيان به‌چاكی ئه‌نجام بـده‌ن ، هيّـزه نه‌فسـانيه‌كان ده‌حه‌وێنيّتـه‌وه ، گه‌وهـه‌ری هـه‌ڵگريان زۆر ده‌كـات ، تـا ئـه‌و ئاسـته‌ی ڕه‌نگه ئه‌و خاوبونه‌وه‌و سست بونه‌وه‌يه‌ی له كاتی نووسـتندا به‌سـه‌ريدا زاڵ ده‌بـیّ ڕيّگريـی لـه شيبونه‌وه‌ی روحه‌كان بكات ٠ نووسـتنی ڕۆژ خراپـه‌و نه‌خۆشـيه ته‌ڕاتيـه‌كان و بـه‌ڵاو مه‌ينـه‌تی دروست ده‌كات ، ڕه‌نگی مرۆڤ ده‌گۆڕيّت و خراپی ده‌كات ، هه‌وكردن و ئاوسانی سپڵ دروسـت ده‌كات ، ده‌مار خاوده‌كاته‌وه ، ته‌مبه‌ڵی دروست ده‌كات ، شه‌هوه‌ت و ئـاره‌زوو لاواز ده‌كـات ، به‌ده‌ر له نووستنی كاتی قرچه‌ی گه‌رمای هاوينان ، له هه‌مووشی خـراپتر نووسـتنی سـه‌ره‌تای ڕۆژه ، له‌وه‌ش خراپتر نووستنی دوای عه‌سره ، پيّشه‌وا (عبدالله)ی كوڕی (عبـاس) _ خـوا له خۆی و بابيشـی ڕازی بيّـت _ كـوڕيّكی خـۆی بـه‌ديكرد به‌يانيخـه‌و ده‌كـات ، ئـه‌وه‌بوو پيّـی فه‌رموو : هه‌سته ، ئايا له كاتيّكدا ده‌نويی ڕۆزيه‌كانی تيّدا دابه‌ش ده‌كريّت ؟

گوتراوه : نووستنی ڕۆژ سیّ جۆره ڕه‌وشتی (خُلق) ، سوتاوی (حُـرق) ، گێـلی (حُمـق) ٠ ڕه‌وشتی (خُلق) : نوستنی قرچه‌ی گه‌رمای نيّوه‌ڕۆيه ، كه ڕه‌وشـتی پيّغه‌مبـه‌ری خوابـوو ﷺ ٠ سوتاوی (الحُرق) : نووسـتنی چيّشـته‌نگاوه ، كـه كاروبـاری دونيـاو ڕۆژی دوای پشـت

گویٚ دەخـات ۰ گێلـی (الحُمـق) نوسـتنی کـاتی عەسـره ۰ کەسـانێك لـه پێشـین گوتویانـه : هەرکەس دوای عەسر نوست و ، ئەقڵی لیٚ سەندرایەوه ، با لە خـۆی زیاتر سەرزەنشتی هـیچ کەسی تر نەکات ۰ شاعیر دەڵێت :

ألا إنَّ نَوْمـــــاتِ الضُّحى تُورِثُ الفَتَى خبالاً ونَوْمـــــــاتِ العُصَيْرِ جُنُونُ

واته :

ئاگاداربه نووستنی چێشتنگاو بۆ لاو خراپەو نوستنی عەسرانەش شێتیه

نوسـتنی بـەیانیان قەدەغـەی ڕۆزی دەکـات ، چـونکه کاتێکـه بـەدیهێنراوانی پـەروەردگار بەدوای ڕۆزی خۆیاندا دەگەڕێن ، که کاتی دابەشکردنی ڕۆزیەکانه ، بۆیـه نووسـتنی ئـەو کاتـه بێبەشبوونه مەگەر لەبەر ڕووداوێکی کـاتی یـاخود زەرورەتێـك ، زیـانێکی زۆریـش بـه جەسـته دەگەیەنێت ، چونکه جەسته خاو دەکاتەوەو ، پاشەڕۆکانیش خراپ دەکات ، کـه پێوسـته بـه مەشق کردن شیی بکرێنەوه ، بۆیـه لـەش تێکشـکان و شـەکەتی و لاوازی ڕووی تـیٚ دەکـات ۰ ئەگەر پێش پیسیکردن و جوڵانەوەو وەرزش کردن و سەرقاڵکردنی گەدە بە شـتێکەوە بێـت ، ئەوا نەخۆشیەکی سەختەو چەندین جۆری نەخۆشی دروست دەکات ۰

نووستنی بەر هەتاو نەخۆشی شاراوە دەوروژێنێت ، وە نوستنی مرۆڤ بەجۆرێك نیوەی لەبەر هەتاو بیٚ و ، نیوەکەی دیکەشی لە سێبەردا بیٚ خراپە ، وَقَدْ رَوَى أَبُو دَاوُدَ فِي " سُنَنِهِ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ ((إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ فِي الشَّمْسِ فَقَلَصَ عَنْهُ الظِّلّ ، فَصَارَ بَعْضُهُ فِي الشَّمْسِ وَبَعْضُهُ فِي الظِّلّ ، فَلْيَقُمْ))([٣٣٨]) واته : له (أبي هُريرة)وه _ خوای لیٚ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەگەر کەسێکتان لە دەرەوەبوون و لەبەر سێبەرێکدا دانیشتبوو سێبەرەکەش هاتەوەیەك و کەم بۆوە تا هەندیٚ لە جەستەی کەوتە بەر هەتاو و هێندەکەی دیکەشی لە سێبەردا بوو ، با هەستێت و شوێنەکەی بگۆڕێت کە هەرهەمووی سێبەر بیٚ یاخود هەرهەمووی هەتاو بیٚ)) ۰

[٣٣٨] _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٤٨٢١) ، وصححه الألباني في الصحيحة (٨٣٧) ۰

وَفِي " سُنَنِ ابْنِ مَاجَهْ " وَغَيْرِهِ مِنْ حَدِيثِ بُرَيْدَةَ بْنِ الْحَصِيبِ ، أَنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ نَهَى أَنْ يَقْعُدَ الرّجُلُ بَيْنَ الظّلّ وَالشّمْسِ([339]) .

واته : له (بُرَيدة)ى كوڕى (الحَصيب)هوه _ خواى لىٚ رازى بيّت _ فهرموويهتى : پيّغهمبهرى خوا ﷺ قهدهغهى كردووه پياو له نيّوان سيّبهرو ههتاودا دانيشيّت • ئهمه ئاگاداركردنهوهمانه به نهنوستن لهو نيّوانهدا •

وَفِي " الصّحِيحَيْنِ " عَنْ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ ، أَنّ رَسُولَ اللّه ﷺ قَالَ : ((إذَا أَتَيْتَ مَضْجَعَكَ فَتَوَضّأْ وُضُوءَك لِلصّلَاةِ ، ثُمّ اضْطَجِعْ عَلَى شِقّكَ الْأَيْمَنِ ، ثُمّ قُلْ : اللّهُمّ إنّي أَسْلَمْتُ نَفْسِي إلَيْك ، وَوَجّهْتُ وَجْهِي إلَيْك ، وَفَوّضْتُ أَمْرِي إلَيْك ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إلَيْك ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إلَيْك ، لَا مَلْجَأَ وَلَا مَنْجَا مِنْك إلّا إلَيْك ، آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الّذِي أَنْزَلْت ، وَنَبِيّكَ الّذِي أَرْسَلْت ، وَاجْعَلْهُنّ آخِرَ كَلَامِك ، فَإِنْ مُتّ مِنْ لَيْلَتِك ، مُتّ عَلَى الْفِطْرَةِ))([340]).

واته : له (البَرَاء)ى كوڕى (عَازِب)هوه _ خواى لىٚ ڕازى بيّت _ فهرموويهتى : پيّغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى: ((ههركات ويستت بچيته سهر نويّنهكهت دهستنويّژ بگره وهكو چۆن بۆ نويّژكردن دهستنويّژ دهگرى ، پاشان بهلاى ڕاستتدا ڕاكشىٚ و ، بلّىٚ : پهروهردگارا من نهفسى خۆمم دايه دهستى تۆ ، ڕووم كرده تۆ ، پشتم بهست بهتۆ ، پشت و پهنام دا به تۆ ، به ئوميّدى بهزهيى تۆ و ترسان له تۆ ، هيچ حهشارگهو شويّنى ڕزگاربونيّك نى يه مهگهر بۆ لاى تۆ ، بڕوام هيّنا بهو كتيّبهت كه داتبهزاندووه ، بهو پيّغهمبهرهى كه ناردوته ، با ئهمانه دواههمين گوفتارهكانى بيّت ، ئهگهر لهو شهوهتدا بمريت لهسهر فيترهت و سروشتى پاك دهمريت •

339 _ صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٧٢٢) عن ابن بريدة عن بريدة فذكره •

340 _ صحيح : أخرجه البخاري (١ / ٧١) ، (٨ / ٨٤) ، ومسلم (٨ / ٧٧) كلاهما عن سعد بن عبيدة عن البراء فذكره •

وَفِي " صَحِيحِ الْبُخَارِيِّ " عَنْ عَائِشَةَ أَنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ كَانَ إذَا صَلّى رَكْعَتَيْ الْفَجْرِ – يَعْنِي سُنّتَهَا – اضْطَجَعَ عَلَى شِقّهِ الْأَيْمَنِ([341]).

واته : خاتوو (عائشة) _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ ئەگەر دوو ڕكاتە سوونەتەكەى نوێژى بەيانى بكردايە بەلاى ڕاستيدا ڕادەكشا ·

گوتراوە : دانايى نووستن بەلاى ڕاستدا ، بۆ ئەوەيە كەسى نووستو نوقمى نووستنەكە نەبىٚ ، چونكە دڵ بەلاى چەپدا لار بۆتەوە ، ئەگەر مرۆڤ بەلاى ڕاستيدا نووست ، دڵ داواى جێگە ئارامگەكەى خۆى دەكات كە لاى چەپە ، ئەم باروحاڵە قەدەغەى جێگيربوونى كەسى نووستوو دەكات و ، ناهێڵێت نووستنەكەى قورس بىٚ ، بە پێچەوانەى هێمن بوونەوەى دڵ لە نووستندا ، كە كاتىٚ بە لاى چەپدا دەنوىٚ ، چونكە ئارامگەى خۆيەتى ، بەوەش لە حەوانەوەو پشويەكى تەواودا دەبىٚ و ، مرۆڤيش نقومى نووستن دەبىٚ و ، قورس دەبىٚ و ، ئيتر بەرژەوەنديەكانى دونياو ڕۆژى لە دەست دەچێت ·

سوودەكانى نزاكردنى پێش نووستن :

لەبەر ئەوەى نووستن لە پايەى مردندايەو ، براى مردنەو لەبەر ئەمەشە كە خواى تعالى نانوێت و ، خەڵكانى بەهەشتيش تيايدا نانوون ، بۆيە كەسى نووستوو پێويستى بە كەسانى تر پاسەوانيى بكەن و ، بيپارێزن لەو بەڵاو كارەساتانەى تووشى دەبن و ، پاسەوانى جەستەشى بكات لەو بەڵايانەى كە بەشەو ڕووى تێدەكەن و ، بە تەنها پەروەردگارى و بەديهێنەرى ئەو كارەى گرتۆتە ئەستۆ ، بۆيە پێغەمبەرى خوا ﷺ كەسى نووستووى فێركردووە ، كەوا ووشەكانى كاروبار سپاردن بەخواى تعالى و ، پەنابردن بەخواى تعالى و ، ئوميدو ترس (الرغبة والرهبة) بڵێين ، بۆ ئەوەى بە تەواوى پاراستن و ، پاسەوانى خواى

---

[341] _ صحيح : أخرجه البخاري (١ / ١٦١) ، (٢ / ٦٩) عن عروة عن عائشة ·

پەروەردگار بۆ نەفس و جەستەی پێ ئامادەبكات ، لە گەڵ ئەوەشدا ڕێنمایی كردوون بۆ ئەوەی باوەڕ بیری خۆیان بخەنەوەو ، لە سەر ئەوە بنوون ، گوتنی ئەو باوەڕەش بكەن بە كۆتا قسەكانیان ، چونكە لەوانەیە خوای تعالی لە نووستنەكەیاندا بیانمرێنێت ، ئەگەر باوەڕ كۆتا قسەكانیان بێ دەچنە بەهەشتەوە ، كەوابوو ئەم ڕێبازەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرژەوەندیەكانی دڵ و جەستەو ڕوح لە كاتی نووستن و بەئاگابون و ، دونیاو دواڕۆژیشدا لە خۆدەگرێت ، بۆیە _ الصلاة و السلام _ لە سەر ئەو كەسە بێت كە بوبە هۆی ئەوەی ئومەتەكەی هەموو خێرێكیان دەستگیر بێت ٠

فەرمایشتی : (أسلمتُ نفسي إليكَ) ، واتە : نەفسی خۆمم سپاردۆتە دەستی تۆ ، بەهاوشێوەی كویلەیەك كە نەفسی خۆی دەسپێرێتە دەستی خاوەن و گەورەكەی ٠

فەرمایشتی : (وَجّهْتَ وَجهي إليك) ، واتە : بەتەواوی ڕووم كردۆتە پەروەردگارم و ، بەدڵسۆزیەوە مەبەست و ویستی خۆمم ڕوو تێكردووە ، دان بە بە ملكەچی و سەرشۆڕی و خۆبەدەستەوەدانمدا دەنێم ، خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ فَإِنْ حَاجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ ﴾[آل عمران : ٢٠] واتە : ﴿ فَإِنْ حَاجُّوكَ ﴾ ئینجا ئەگەر (خاوەن نامەكان) دەمەقاڵی یان لە گەڵ كردیت ﴿ فَقُلْ ﴾ (ئەی محمد ﷺ تۆش بڵێ) ﴿ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ ﴾ ڕووی خۆمم سپارد بەخوا (ملكەچی ئەوم) ﴿ وَمَنِ اتَّبَعَنِ ﴾ لە گەڵ ئەوانەی پەیڕەوەی من دەكەن([٢٤٢])٠ لێرەدا كە باسی ڕوو دەكات لەبەر ئەوەیە كە بەڕێزترین ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤەو ، كۆجێی هەموو هەستەكانیشە ، هەروەها مانای ڕووتێكردن و مەبەستبوونی كردەوەكانی تێدایە ، بە بەڵگەی ئەم دێڕە شیعرە :

---

[٢٤٢] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

أســـــــــتَغْفِرُ اللهَ ذَنباً لَســـــــــتُ مُحْصـــــــيَهُ
رَبَّ العِـــــبادِ إلَيْهِ الوَجْـــــــهُ والعَمَـــــلُ

واته :

داوای لێخۆشبوون له پەروەردگار دەكەم سەبارەت بە تاوانگەلێك كە نەمژماردووە
پەروەردگاری بەندەكان كە كردەوەو ڕووتێكردن تەنها بۆ لای ئەوە

فەرمایشتی : (فَوَّضتُ أمري إليكَ) : واتە : هەموو كاروبارەكانم گەڕاندۆتەوە بۆ خوای تعالى ، ئەمە وا لە مرۆڤ دەكات كە دڵنیابونێكی تەواوی بۆ دروست بێ و ، هێمنی و هێوربونەوە ڕوو لە دڵی بكات و ، ڕازی بێت بەوەی خوای تعالى بۆی هەڵیدەبژێرێت و بڕیاری لە سەر دەدات ، لەوانەی كە خوشی دەوێ و پێی ڕازیە ، كاروبار گەڕاندنەوە بۆ خوای تعالى بەڕێزترین پایەكانی بەندایەتیەو ، هیچ زەدەیەكی تێدا نی یە ، ئەمە لە پایە تایبەتەكانە بە پێچەوانەی بیروڕای ئەو كەسانەوە كە بۆچونێكی پێچەوانەی ئەمەیان هەیە

فەرمایشتی : (ألجأت ظهري إليك) : واتە : زۆر بە بەهێز پشتم بەخوای تعالى بەستووەو ، متمانەم پێكردوەو ، لێی دڵنیام ، چونكە ئەو كەسەی دیوارێكی قایم و جێگیر دەكاتە پاڵپشتی خۆی ، چیتر لە كەوتن ناترسێت .

لەبەر ئەوەی دڵ دوو هێزی تێدایە : هێزی داواكردن ، كە بریتیە لە ئومێدبوون ، وە هێزی هەڵهاتن ، كە بریتیە لە ترس ، بەندەش داوای بەرژەوەندیەكانی دەكات و ، لە زیانكارەكانی هەڵدێت ، بۆیە هەردوو شتەكەی لە كاروباری خۆ سپاردن بەخوای تعالى و ڕووتێكردنیدا كۆكردتەوە ، دەڵێت : بە ئومێدی بەزەی تۆ و لە ترسی تۆدا .

پاشان ستایشی پەروەردگاری دەكات ، بەوەی بەندە هیچ پەناو حەشارگەیەكی نی یە مەگەر ئەو زاتە ، هیچ شوێنێكی ڕزگاربوونیشی لەو زاتە نی یە " مەگەر خودی پەنای ئەو زاتە ، چونكە بەندە لە پەنای ئەو زاتەدا خۆی حەشار دەدات ، بۆ ئەوەی نەفسی لە خودی ئەو

زاته رزگار بكات ، وەكو ئەوەى لە فەرموودەكەى ديكەدا بە ئاشكەرا هاتووە : أعوذُ برضَاكَ مِن سَخَطِكَ ، وبمُعَافَاتكَ من عُقُوبَتِكَ ، وأعوذُ بِكَ مِنْكَ([٣٤٣]) واتە : پەروەرگارا پەنا دەگرم بە ڕەزابونت لە خەشم و توڕەبونت ، پەنادەگرم بە لێبوردەيت لە سزادانت ، وە پەنادەگرم بە تۆ لە تۆ . هەر خواى تعالايە پەناى بەندەكەى دەدا ، وە لەو مەترسى و زيانەى كە بە ويست و چارەنوسى خۆيەتى " رزگارى دەكات ، بۆيە بەلا لە خواوەيە ، يارمەتيدانيش هەر لە خواوەيە ، هەر لە خۆشى داواى ڕزگاربوون لە خودى خۆى دەكرێت ، بۆ ڕزگاربوون پەنا بۆ خودى خۆى دەبرێت ، چونكە هەر خۆيەتى كە دەكرێتە پاڵپشت بۆ ڕزگاربوون لەو بەلاو خەشم و توڕەبونەى لە لايەن خودى خۆيەوە دروست دەبىٚ ، وە پەناى پىٚ دەگيرێت لەوانەى لە لايەن خۆيەوە دروست دەبىٚ ، چونكە پەروەردگارى هەموو شتێك هەر خۆيەتى و ، هيچ شتێكيش بەبىٚ ويستى ئەو نابێت ، خواى تعالى دەفەرمێت : ﴿ وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلا كَاشِفَ لَهُ إِلا هُوَ ﴾[الأنعام : ١٧] واتە : ﴿ وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ ﴾ وە ئەگەر خوا دووچارى بەلاو زيانى كرديت ﴿ فَلا كَاشِفَ لَهُ إِلا هُوَ ﴾ ئەوە جگە ئەو (خوا) كەس نى يە بتوانىٚ لايبات([٣٤٤]) ، هەروەها دەفەمێت : ﴿ قُلْ مَنْ ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُمْ مِنَ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ ﴾[الأحزاب : ١٧] واتە : ﴿ قُلْ مَنْ ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُمْ مِنَ اللَّهِ ﴾ بڵىٚ كىٚ يە ئەو كەسەى ئێوە لە خوا دەپارێزىٚ ﴿ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ ﴾ ئەگەر خوا زيان و خراپە يا بەزەيى و ڕەحەتى بۆ ئێوە بوىٚ ([٣٤٥]) .

پاشان نزاكە تەواو دەكات بە دان پێدانان بە قورئان و پێغەمبەرەكەى كە هۆكارى ڕزگاربوون و ، سەركەوتنى دونياو دواڕۆژيشە ، ئەمەبوو ڕێبازى پێغەمبەرى خوا بوو ﷺ لە نووستنيدا .

---

[٣٤٣] ـ أخرجه مسلم (٤٨٦) .

[٣٤٤] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان .

[٣٤٥] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان .

لَوْ لَمْ يَقُلْ إِنِّي رَسُولٌ لَكانَ شَاهِدٌ فِي هَدْيِهِ يَنْطِقُا

واته :

ئەگەر نەشیگوتبا من پێغەمبەرم ئەوا بە ڕێبازەکانی شایەتی ئەوەی دەداو دەریدەبڕی

بەشێك سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی بە ئاگابوندا

بەڵام بۆ ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی بە ئاگابونیدا ، ئەوەبوو بەیانیان لە گەڵ قوقاندنی کەڵەشێردا خەبەری دەبۆوە ، سپاست و ستایشی خوای تعالای دەکردوو (الله أكبر)ی دەکردو ، (لا إله إلا الله) دەکردو داوای لێ دەکردو ، پاشان سیواکی دەکردو ، ئینجا دەستنوێژی دەگرت و ، لە پێش دەستی پەروەردگاریدا دەوەستا بۆ نوێژکردن ، بە گوتەکانی ڕازونیازی (مناجاة) لە گەڵ پەروەردگاریدا دەکرد ، ستایش و پیاهەڵدانی دەکرد ، داخوازی لێ دەکرد ، بەئومێدی بەزەی پەروەردگاری بوو ، لێی دەترسا ، کەوابوو چ پاراستنێکی تەندروستی دڵ و جەستەو ، ڕوح و هێزەکان و ، نیعمەتەکانی دونیاو دوارۆژ لەمە چاکتربێ و لە سەرووی ئەم ڕێبازەوە بێ .

بەشێك سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە وەرزش کردندا

بەڵام بۆ چارەسازیی جوڵانەوەو سرەوتن ، کە بریتیە لە وەرزش ، بەشێکی لێ باس دەکەین ، لە میانەی ئەوەدا بۆت ئاشکرا دەبێ کە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بوارەدا گونجاوی تەواوترین جۆرکانیی و باشترین و ڕاسترینیانە ، بۆیە دەڵێین :

زانراوە جەستە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە پێویستی بە خواردن و خواردنەوەیە ، خۆراکیش بەگشتی نابێتە بەشێك لە جەستە ، بەڵکو پاش هەرس کردن پێویستە بەشێکی هەر

بمێنێتەوە ، بە تێپەڕبوونی زەمەن ئەگەر ئەو خۆراکە زۆربوو ، ئەوا بەشێکی کۆدەبێتەوەو هێندو چۆنیەتی پەیدادەکات ، بە هێندە زۆرەکەی زیان دەگەیەنێت ، لەبەر ئەوەی کونیلە دادەخات و جەستە قورس دەکات و ، بەمەش نەخۆشیەکانی گیران و قەبزیوون ڕوودەدات ، ئەگەر دەرهاوێشتنیشی بۆ بکرێت ، ئەوا جەستە زیانی پێ دەگات بەهۆی ئەو دەرمانانەوە کە لەم بوارەدا بەکاردێن ، چونکە زۆربەی ژەهریە ، هەروەها بەشێك لە شتە چاکە سوودارەکانیش دەکاتە دەرەوە ، بەچۆنیەتیەکەشی زیان دەگەیەنێت ، بەوەی بەخودی خۆی گەرم دەکات ، یاخود بە گەنین ، یاخود بەخودی خۆی سارد دەکات ، یاخود گەرمی غەریزی لاواز دەکات و ئیتر لە پێگەیاندنی ئەو مادانەدا بەشدار نابێ ·

ئەو کونیلە داخراوانەی بەهۆی پاشەڕۆوە پەیدا دەبن بەدڵنیایی زیانبەخشە ، واز لەو پاشەڕۆیانە بهێنرێت یاخود دەرهاوێشتنی بۆ بکرێت ، جوڵانەوەش بەهێزترین هۆیەکانی ڕێگرتنە لە دروستبوونی ، چونکە ئەندامەکان گەرم دەکات ، پاشەڕۆکانی دەتوێنێتەوەو بەرێیان دەخات و ، چیتر بەتێپەڕبوونی زەمەن کۆنابنەوەو ، بەوەش سووکی و چابوکی و چالاکی بۆ جەستە دەگەڕێتەوە ، وای لێدەکات خواردن قبولّ بکات ، جومگەکان پتەو دەکات ، ژێ و دەمارو بەستەرەکان بەهێز دەکات ، هەموو نەخۆشیە مادیەکان و زۆربەی نەخۆشیە میزاجیەکان ناهێڵێت " ئەگەر لە کاتی خۆیداو بە ئەندازەیەکی مام ناوەند بەکارهات و ، ئەو چارەسازیەکانی دیکەش ڕاست و دروست بوون ·

کاتی وەرزش کردن پاش لێژبونەوەی خۆراکەو ، پاش ئەوەی خۆراك بەتەواوی هەرس دەبێت ، وەرزش کردنی مامناوەند ، ئەو وەرزشکردنەیە کە پێستی تێدا سوور بێتەوەو ، جەستە کەمێك شێدار بێت ، بەڵام ئەو وەرزشەی کە ئارەقەیەکی زۆری لە گەڵدا دەکرێ " ئەوە لە ڕادەبەدەرە ، هەر ئەندامێکیش وەرزش پێکردنی زۆربوو بەهێز دەبێ " بەتاییەت لە سەر جۆری ئەو وەرزشە ، بەڵکو هەموو هێزێك ئاوەهایە ، بۆیە هەرکەس زرۆ لەبەر بکات توانای لەبەرکردنی زانستەکانی بەهێز دەبێ ، هەرکەس زۆر بیری خستەکار بۆ چارەسەری

گیروگرفتەکان ئەوا توانای بیرکردنەوەی بەهێز دەبێ ، هەموو ئەندامێکیش وەرزشێکی هەیە بەخۆیەوە تایبەتەکراوە ، بۆیە سنگ خوێندنی هەیە ، با سەرەتا بەچاو بیخوێنێتەوەو پاشان کەم کەم بەرزبێتەوە بۆ خوێندنەوە بە دەنگی بەرز ، وەرزشی بیستن بە بیستنی دەنگەکانە ، قسەکردن پلە بە پلە ، لە سوکەوە بچێت بۆ قورستر ، هەروەها وەرزشی زمان لە قسەکردندایە ، هەروەها وەرزشی چاو ، هەروەها وەرزشی ڕێکردن پلە بە پلەو کەم کەم ٠

بەڵام سواری ئەسپ و ، تیرهاوێشتن و ، زۆرانبازی ، پێشبڕکێ کردن لە سەر پێ ، وەرزشێکە بۆ هەموو جەستە ، کە ڕیشەکێشەری هەموو نەخۆشیە درێژخایەنەکانە ، وەکو گولیی و ئاوبەنگ و (القولنج) ٠

وەرزشی نەفس بە فێربوون و ئەدەب وەرگرتن و ، دڵخۆشی و شادومانی و ، ئارامگرتن و خۆڕاگری و ، ئازایەتی و سنگ فراوانی و میهرەبانی و ، ئەنجامدانی کردەوەی خەیرو ، بەو هاوشێوانەیە کە نەفسی پێ ڕادێت و هۆگر دەبێ ، بەڵام گەورەترین وەرزشەکانی : ئارامگرتن و خۆشەویستی و ، ئازایەتی و چاکەکردن وجوامێریە ، بە هۆی ئەم وەرزشانەوە بەردەوام ڕادێت و هۆگردەبێ " تا ئەو سیفاتانەی تێدا دەبێ بە شێوازێکی قایم و ، خوونەرێتێکی جێگیر ٠

ئەگەر لەم بارەوە دیقەتی ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بدەیت ، بۆت دەردەکەوێت کە تەواوترین ڕێبازەو تەندروستی و هێزەکان دەپارێزێت و ، بۆ پەیداکردنی بژێوی و پاداشتەکانی ڕۆژی دوایش بە سوودە ٠

گومانی تێدا نی یە کە خودی نوێژ هۆکارێکی بەهێزە بۆ پاراستنی تەندروستی جەستەو ، توانەوەی تێکەڵاو پاشەڕۆکانی مرۆڤ و، سودێکی زۆری پێ دەگەیەنێت سەرەڕای ئەوەی کە تەندروستی ئیمان و باوەڕ دەپارێزێت و ، هۆکاری کامەرانیشە لە دونیاو ڕۆژی دوایدا ، هەروەها شەونوێژ بەسوودترین هۆکارەکانی پاراستنی تەندروستیە ، لە هەموو شتێکیش

زياتر قەدەغەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان دەکات ، لە هەموو شتێکیش زیاتر جەستەو خوێن و ڕوح و دڵ چالاك دەکاتەوە كَمَا فِي " الصَّحِيحَيْنِ " عَنْ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ : ((يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ إِذَا هُوَ نَامَ ثَلَاثَ عُقَدٍ ، يَضْرِبُ عَلَى كُلِّ عُقْدَةٍ : عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ ، فَارْقُدْ ، فَإِنْ هُوَ اسْتَيْقَظَ ، فَذَكَرَ اللهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ ، فَإِنْ تَوَضَّأَ ، انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ ثَانِيَةٌ ، فَإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقَدُهُ كُلُّهَا ، فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ ، وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ))([٢٤٦])

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((شەیتان سێ گرێ دەبەستێتە پشتی سەری هەرکەسێکتانەوە ئەگەر نووست ، هەر گرێیەك قایم دەکات و لێی دڵنیا دەبێ بە گووتنی : هێشتا شەو درێژە ، بنوو ، ئەگەر ئەو کەسە بەئاگاهاتەوەو ، ناوی خوای هێنا گرێیەکیان دەکرێتەوە ، ئەگەر دەستنوێژی گرت ، گرێی دووەم دەکرێتەوە ، ئەگەر نوێژی کرد ئەوا هەموو گرێکان دەکرێنەوە ، بەیانیش چالاك و دەروون ئاسودە دەبێ ، ئەگەر ئەوە ئەنجام نەدات بەیانی پەست و خەمبار دەبێت و سەرزەنشتی خۆی دەکات .

ڕۆژووگرتنی شەرعی لە هۆکارەکانی پاراستنی تەندروستی و وەرزشی جەستەیی و نەفسی یە ، کە فیترەتی دروست " نکۆڵیی لێ ناکات .

بەڵام تێکۆشان لە پێناوی خواداو ئەو جوڵانەوە گشتیانەی کە تیایدایە " لە گەورەترین هۆیەکانی پاراستنی هێزو ، پاراستنی تەندروستی و ، تۆکمەیی دڵ و جەستەو ، دەرهاوێشتنی پاشەڕۆکانێتی ، هەروەها خەم و خەفەت و دڵتەنگی لادەبات ، کارێکی بەسوودە لە ڕاستیدا تەنها ئەو کەسانە دەیزانن کە تیایدا بەشدار دەبن ، هەروەها حەج و ، بەجێهێنانی ڕێ وڕەسمەکانی و ، پێشبڕکێ کردنی ئەسپ سواری و ، ڕم هاوێشتن و ، ڕێکردن بۆ بەجێهێنانی پێویستیەکان و ، بۆ دیدەنی برایان و ، بەجێهێنانی مافەکانیان و ، سەردانی

---

[٢٤٦] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٣ / ١٩ ، ٢٢) ، ومسلم (٧٧٦) .

نەخۆشەکانیان و ، بەڕێکردنی مردووەکانیان و ، ڕێکردن بۆ مزگەوت بۆ بەجێهێنانی نوێژە فەرزەکان و نوێژی هەینی و ، جوڵانەوەکانی دەستنوێژگرتن و خۆشتن و ، هتد..

ئەمە کەمترین ئەو شتانەیە کە هەر وەرزشێکی دیاریکراو تیایدا بەشدار دەبێ لە پاراستنی تەندروستی و ، دەرهاوێشتنی پاشەڕۆکاندا ، بەڵام ئەوەی شەرع لەم بوارەدا بە شیاوی داناوە " بۆ ئەوەی مرۆڤ پێی بگات بە خێری دونیاو ڕۆژی دوای و ، دورخستنەوەی شەڕو خراپەکانی ، شتێکی ترە .

لێرەدا بۆت دەردەکەوێت کە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بواری پزیشکێتی جەستەو دڵ و ، پاراستنی تەندروستی و ، دورخستنەوەی نەخۆشیەکانیدا " بە سەر هەموو ڕێبازەکانی دیکەوەیە ، لەمە زیاتر ناخەیەنە ڕوو " بۆ ئەو کەسانەی بەڕاستی ئەقڵ و ژیریان ئامادەیە . وباللە التوفیق .

بەشێك : سەبارەت بە جووتبونی خێزان و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە :

سەبارەت بە جووتبونی خێزان ، ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە تەواوترین وبێ کەم و کوڕیترین ڕێبازەکانە ، تەندروستی پێ دەپارێزرێت ، بەلەزەتی و شادومانی نەفسی پێ تەواو دەبێ ، ئەو مەبەستانەی لە پێناویدا دانراوە پێی بەدەست دەهێنرێن ، چونکە جووتبونی خێزان لە بنەڕەتدا بۆ سێ شت دانراوە کە بریتین لە مەبەستەکانی :

یەکەم : پاراستنی وەچەو ، بەردەوامبوونی جۆر " تا تەواوبونی ئەو ژمارەیەی کە خوای تعالی نوسیویەتی لەم جیهانەدا دەرکەوێت .

دووەم : دەرهێنانی ئەو ئاوەی کە ڕاگیرکردن و تێزانی زیان بە هەموو جەستە دەگەیەنێت

سىٌ يەم : بەجێهێنانى حەزوئارەزوو ، دەستكەوتنى لەزەت و ، ڕابواردن بە نيعمەتەوە ، لە بەهشتدا تەنها ئەم خاڵە كارايەو سودى لىٌ دەبينرێت ، چونكە لەوىٌ وچە خستنەوە نى يە ، هيچ ئاو تێزانێكيش نى يە تا بە ئاو دابەزين بكرێتە دەرەوە ٠

جووتبوون لەو هۆيانەيە كە تەندروستى دەپارێزێت :

بەڕێزانى پزيشكان : وا دەبينن كە جووتبوون يەكێكە لە هۆيەكانى پاراستنى تەندروستى ٠ (جالينوس) دەڵێت : ئاگرو هەوا بەسەر گەوهەرى تۆماوى نێرينەدا زاڵە ، ميزاجى گەرمى تەڕە ، چونكە لە خوێنى پاك و پوختە ، كە خۆراكى ئەندامە بنەڕەتيەكانە ، لێرەدا كە فەزڵى تۆماوى نيرينەت بۆ ڕوون بويەوە ، دەبىٌ بزانيت كە پێويستە دەرنەهێنرێت " مەگەر بۆ ئەوەى وەچەى پىٌ بە دەست بهێنرێت ، يا بۆ دەرهێنانى ئاوى تێزراو كۆبۆوە ، چونكە ئەو تۆماوە ئەگەر تێزان و كۆبونەوەى بەردەوام بىٌ ، چەندين نەخۆشى خراپ دروست دەكات ، وەكو : وەسواس و شێتى و پەركەم و ، هتد٠٠

لەوانەيە زۆر جار بەكارهێنانى جووتبوون زۆرێك لەو نەخۆشيانە چارەسەر بكات ، چونكە ئەگەر ماوەيەكى درێژ تۆماوەكە ڕاگيرێت ، خراپ دەبىٌ و دەگۆڕێت بۆ چۆنيەتيەكى ژەهرين ، كە دەبێت بەهۆى دروستبوونى چەندين نەخۆشى خراپ وەكو ئامازەمان پێدا ، بۆيە ئەگەر زۆر بوو " ئەوا سروشتى مرۆڤ بە لە خەودا ئاو هاتنەوە (الأحتلام) دەيكاتە دەرەوە " بەبىٌ جووت بوون ٠

كەسانێكى پێشين گوتويانە : پێويستە مرۆڤ لە نەفسى خۆيەوە پەيمان بدات " كە سىٌ شت بە ئەنجام بگەيەنێت : واز لە ڕێكردن نەهێنێت ، بۆ ئەوەى ئەگەر ڕۆژێك پێويستى پىٌ بێت بتوانێت ئەنجامى بدات ، واز لە خواردن نەهێنێت ، چونكە ڕيخۆڵەكانى تەسك دەبنەوە ، واز لە جووتبوون نەهێنێت ، چونكە ئەگەر بير دەرنەدرێت ولە قورو ليتە پاك نەكرێتەوە ، ئاوەكەى نامێنێت ٠

(محمد)ى كورِى (زكريا) دەڵێت : هەركەس ماوەيەكى درێژ واز لە جووتبوون بهێنێت ، هێزى دەمارەكانى لاواز دەبىّ و ، ڕێڕەوكانى دەگيرێت و ، ئەندامى زاوزێشى كرژدەبێتەوە · دەڵێت : كەسانێكم بينى وازيان لە جووتبوون هێنا وەكو جۆرێك لە بەتەنگ دونياوە نەهاتن ، ئەوەبوو جەستەيان سارد بۆوە ، جوڵانەوەيان سەخت و ناڕەحەت بوو ، دڵتەنگى وبێزاريەك ڕووى تێكردن بەبىّ هيچ هۆيەك ، ئارەزوو شەهوەت و هەرسكردنيشيان كەم بۆوە · قسەكانى تەواو بوو ·

لە سوودەكانى : چاو دانواندن ، نەفس پارێزى ، تواناى داوێن پاكى و دوركەوتنەوە لە حەرام و ، هەموو ئەوانە لە خێزانى خۆيدا ئەنجام بدات ، بەو هۆيەوە مرۆڤ سوود بە نەفسى خۆى دەبەخشێت " لە دونياو ڕۆژى دوايداو ، سووديش بە ژن دەگەيەنێت ، بۆيە پێغەمبەرى خوا _ صلى الله عليه وسلم _ بايەخى پىّ دەداو خۆشى دەويست و ، دەيفەرموو : ((حُبِّبَ إلَيَّ مِن دُنْيَاكُمُ : النِّسَاءُ والطِّيبُ))([٣٤٧]) واتە : ((لە دونياكەى ئێوەدا دوو شتم بەلاوە خۆشەويست كراوە : ژنان و بۆنى خۆش)) ·

لە كتێبى (الزهد)ى ئيمامى (أحمد)دا زيادەيەكى ناسك لەم فەرموودەيەدا هاتووە ، بريتيە لە : ئارام دەگرم بەرامبەر بە خواردن و خوارنەوەو ، ئارام ناگرم بەرامبەر بە ژنان ·

هانى ئومەتەكەشى داوە بۆ زەواج كردن و، دەيفەرموو : ((تَزَوَّجُوا ، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمْ الْأُمَمَ))([٣٤٨]) واتە : ((زەواج بكەن ، چونكە من شانازى بە زۆرى ژمارەتانەوە دەكەم بەرامبەر بە ئومەتانى ديكە)) ·

پێشەوا (ابن عباس) _ خواى لە خۆى وبابيشى ڕازى بێت _ فەرموويەتى : خێردارترين و چاكترين كەسى ئەم ئومەتە ئەو كەسەيە كە زۆرترين ژنى هەبێت ·

---

[٣٤٧] _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٢٨٥) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣١٢٤) ·

[٣٤٨] _ إسناده حسن : أخرجه أبوداود (٢٠٥٠) ، وانظر الصحيحة (١٧٨٢) ·

وَقَالَ رسولُ اللهِ ﷺ ((إِنّي أَتَزَوّجُ النّسَاءَ ، وَأَنَامُ وَأَقُومُ ، وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنّتِي فَلَيْسَ مِنّي))([349]).

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((من ژن دەخوازم ، دەنووم و هەڵیشدەستم بۆ شەو نوێژ ، ڕۆژوو دەگرم و دەشیشکێنم ، هەرکەس پشت لە سوونەتی من هەڵ بکات ، لە ئومەتی من نی یە)) .

وَقَالَ رسولُ اللهِ ﷺ: ((يَا مَعْشَرَ الشّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوّجْ ، فَإِنّهُ أَغَضّ لِلْبَصَرِ وَأَحْفَظُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ ، فَعَلَيْهِ بِالصّوْمِ ، فَإِنّهُ لَهُ وِجَاءٌ))([350]).

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەی کۆمەڵی لاوان ، هەرکەس لە ئێوە توانای هەبوو با ژن بێنێت ، چونکە چاکترین هۆکاری چاو دانواندن و داوێن پارێزی یە ، هەرکەسیش ناتوانێت ، با ڕۆژوو بگرێت ، چونکە بۆی دەبێ بە قەڵغان)) .

وَلَمّا تَزَوّجَ جَابِرٌ ثَيِّبًا قَالَ لَهُ : ((هَلّا بِكْرًا تُلَاعِبُهَا وَتُلَاعِبُكَ))([351]) .

واته : کاتێ (جابر) _ خوای لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ بێوەژنێکی خواست پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو : ((ئەی نەدکرا کچێك بێت گەمەت لە گەڵ بکردایەو ، گەمەی لە گەڵ بکردیتایە)) .

---

[349] _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ٢) ، ومسلم (٤ / ١٢٩) عن أنس .

[350] _ صحيح : أخرجه البخاري (٣ / ٣٤) ، (٧ / ٣) ، ومسلم (٤ / ١٢٨) كلاهما عن حديث علقمة عن ابن مسعود .

[351] _ صحيح : أخرجه البخاري (٣ / ٨١) ، ومسلم (٢ / ١٥٦) ، (٤ / ١٧٦) كلاهما من حديث وهب بن كيسان عن جابر بن عبدالله .

وَرَوَى ابْنُ مَاجَهْ فِي " سُنَنِه " : مِنْ حَدِيثِ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ ، قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ ((مَنْ أَرَادَ أَنْ يَلْقَى اللّهَ طَاهِرًا مُطَهَّرًا ، فَلْيَتَزَوَّجْ الْحَرَائِر))([٣٥٢]).

واته : له (أنس)ى كوڕى (مالك)هوه _ خواى لىَ ڕازى بێت _ فهرموويهتى : پێغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : ((ههركهس دهيهوێت به پاكى و ڕزگاربوون له تاوانهكانى داوێن پيسى بگهڕێتهوه بۆ لاى خواى تعالى ، با ژنه ئازادهكان بخوازێت)) ٠

وَفِي " سُنَنِهِ " أَيْضًا مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عَبّاسٍ يَرْفَعُهُ ، قَالَ : ((لَمْ نَرَ لِلْمُتَحَابّيْنِ مِثْلَ النّكَاحِ))([٣٥٣]).

واته : له (ابن عباس)هوه _ خوا له خۆى وبابيشى ڕازى بێت _ فهرموويهتى : پێغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : ((هيچ چارهسهرێكى تر بهچاك دانانێين بۆ دوو خۆشهويست بهدهر له زهواج كردن)) ٠

وَفِي " صَحِيحِ مُسْلِمٍ " مِنْ حَدِيثِ عَبْدِ اللّهِ بْنِ عُمَرَ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ ((الدّنْيَا مَتَاعٌ ، وَخَيْرُ مَتَاعِ الدّنْيَا الْمَرْأَةُ الصّالِحَةُ))([٣٥٤]).

واته : له (عبدالله)ى كوڕى (عمر)هوه _ خواى لىَ ڕازى بێت _ فهرموويهتى : پێغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : ((دونيا خێرو خۆشيه ، چاكترين خێروخۆشى دونياش ژنى چاكه)) ٠

---

[٣٥٢] _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (١٨٦٢) ، وضعفه الألباني في الضعيفة (١٤١٧) ٠

[٣٥٣] _ صحيح : أخرجه ابن ماجة (١٨٤٧) عن طاووس عن ابن عباس فذكره مرفوعاً ٠ وصححه الألباني في صحيح الجامع (٥٢٠٠) وانظر الصحيحة (٦٢٤) ٠

[٣٥٤] _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ١٦٨) ، وعبد بن حميد (٣٢٧) ، ومسلم (٤ / ١٧٨) ، وابن ماجة (١٨٥٥) ، والنسائي (٦ / ٦٩) كلهم عن أبي عبدالرحمن الحبلي عن عبدالله بن عمر فذكره مرفوعاً ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ ئومەتەکەی هاندەدا بۆ خواستنی کچی جوانی چاك و ، ئاین پەروەر ،

وَفِي " سُنَنِ النَّسَائِيّ " عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَيّ النِّسَاءِ خَيْرٌ ؟ قَالَ : ((الّتِي تَسُرّهُ إذَا نَظَرَ ، وَتُطِيعُهُ إذَا أَمَرَ ، وَلَا تُخَالِفُهُ فِيمَا يَكْرَهُ فِي نَفْسِهَا وَمَالِهِ))([355]) .

واتە : لە (أبي هُريرة)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەموویەتی : لە پێغەمبەری خوایان پرسی ﷺ چ جۆرێکی ژنان خێردارو چاکن ؟ فەرمووی : ((ئەو ژنەیە کە تەماشای بکەیت دڵخۆش بیت ، گوێڕایەڵت بێ ئەگەر فەرمانت پێکرد ، سەرپێچیت نەکات لەوەی حەزت پێ نی یە لە نەفس و ماڵتدا)) .

وَفِي " الصّحِيحَيْنِ " عَنْهُ ، عَنْ النّبِيّ ﷺ قَالَ : ((تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِمَالِهَا ، وَلِحَسَبِهَا ، وَلِجَمَالِهَا ، وَلِدِينِهَا ، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ))([356]) .

واتە : لە (أبي هريرة)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((بۆ چوار مەبەست ژن دەخوازرێت لەبەر ماڵ و سامانەکەی ، یاخود لەبەر بنەماڵەکەی ، یاخود لەبەر جوانیەکەی ، یاخود لەبەر ئاینەکەی ، بۆیە تۆ براوە بە خواستنی ژنی ئاینداری خواناس تا دەستت پڕ بەرەکەت بێ)) .

پێغەمبەری هانی ئومەتەکەی دەدا بۆ خواستنی ئەو ژنانەی منداڵیان دەبێ و ، حەزی بە خواستنی ئەو ژنانە نەبوو کە منداڵیان نابێ ، كَمَا فِي " سُنَنِ أَبِي دَاوُدَ " عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ ، أَنّ رَجُلًا جَاءَ إلَى النّبِيّ ﷺ فَقَالَ : إنّي أَصَبْتُ امْرَأَةً ذَاتَ حَسَبٍ وَجَمَالٍ ، وَإِنّهَا لَا تَلِدُ ،

[355] _ إسناده صحيح : أخرجه النسائي (٦ / ٦٨) ، وصححه الألباني .

[356] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٩ / ١١٥ ، ١١٦) ، ومسلم (١٤٦٦) .

أَفَأَتَزَوَّجُهَا ؟ قَالَ ((لَا)) ثُمَّ أَتَاهُ الثَّانِيَةَ ، فَنَهَاهُ ، ثُمَّ أَتَاهُ الثَّالِثَةَ ، فَقَالَ : ((تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ ، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمْ))([357]) .

واته : له (مَعْقَل)ی کوڕی (يَسَار)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : من ژنێکی ڕەسەنی وجاخ زادەی جوانم دەستکەوتووە ، بەڵام منداڵی نابێ ، ئایا بیخوازم ؟ فەرمووی ((نەخێر)) پاشان بۆ جاری دووەم هاتەوە خزمەتی ، بەڵام قەدەغەی کرد ، پاشان بۆ جاری سێ یەم هاتەوە خزمەتی و ئەویش فەرمووی : ((ژنی ڕووخۆشی خۆش ڕەفتاری بەسك و زا بخوازن ، چونکە من شانازی بە ژمارە زۆریتانەوە دەکەم)) .

وَفِي التِّرْمِذِيِّ عَنْهُ مَرْفُوعًا : ((أَرْبَعٌ مِنْ سُنَنِ الْمُرْسَلِينَ : النِّكَاحُ ، وَالسِّوَاكُ ، وَالتَّعَطُّرُ ، وَالْحِنَّاءُ))([358]) رُوِيَ فِي " الْجَامِعِ " بِالنُّونِ وَالْيَاءِ وَسَمِعْت أَبَا الْحَجَّاجِ الْحَافِظَ يَقُولُ الصَّوَابُ أَنَّهُ الْخِتَانُ وَسَقَطَتْ النُّونُ مِنْ الْحَاشِيَةِ وَكَذَلِكَ رَوَاهُ الْمَحَامِلِيُّ عَنْ شَيْخِ أَبِي عِيسَى التِّرْمِذِيِّ .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((چوار شت لە سونەتی پێغەمبەرانن : ژن هێنان ، سواك کردن ، خۆ بۆنخۆش کردن ، خەنەکردن)) .

ئەو شتانەی کە پێویستە پێش جووتبوون ئەنجام بدرێت " یاری و گەمەکردن و ، ماچ کردن و ، مژینی زمانی ژنە ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ یاری و گەمەی لە گەڵ خێزانەکانی دەکردو ، ماچی دەکردن .

وروى أبوداود في سننه : أنه ﷺ كان يُقَبِّلُ عائشةَ ، ويمصُّ لِسَانَها([359]) .

---

[357] _ حسن صحيح : أخرجه أبوداود (٢٠٥٠) ، والنسائي (٦ / ٦٥) كلاهما عن معاوية بن قرة عن معقل بن يسار فذكره .

[358] _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (١٠٨٠) ، وضعفه الألباني رحمه الله .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی (عائشة)ی دەكردو ، زمانی دەمژی ٠

ويُذكر عن جابر بن عبدالله قال : : نَهى رسولُ الله ﷺ عن المُواقعةِ قبلَ المُلاعَبَةِ([360]).

واته : (جابر)ی كوڕی (عبدالله) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی جووتبونی خێزانی كردوە پێش دەستبازی و گەمەكردن ٠

جار بە جار پێغەمبەری خوا ﷺ لە گەڵ هەموو خێزانەكانیدا جووت دەبوو پاشان یەك جار خۆی دەشت (الغُسل) ، جار بە جاریش لای هەموو خێزانێكی خۆی دەشت

فَـرَوَى مُسْلِمٌ فِـي " صَحِيحِهِ " عَنْ أَنَـسٍ أَنّ النّبِـيّ ﷺ كَـانَ يَطُـوفُ عَلَـى نِسَـائِهِ بِغُسْـلٍ وَاحِدٍ([361]) واته : له (أنس)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەر هەموو خێزانەكانیدا دەگەڕاو یەك جار خۆی دەشت ٠

وَرَوَى أَبُو دَاوُدَ فِي " سُنَنِهِ " عَنْ أَبِي رَافِعٍ مَوْلَى رَسُولِ اللّهِ ﷺ أَنّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ طَافَ عَلَى نِسَائِهِ فِي لَيْلَةٍ ، فَاغْتَسَلَ عِنْدَ كُلّ امْرَأَةٍ مِنْهُنّ غُسْلًا ، فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللّهِ لَوْ اغْتَسَلْت غُسْلًا وَاحِدًا ، فَقَالَ : ((هَذَا أَزْكَى وَأَطْهَرُ وَأَطْيَبُ))([362]).

واته : له (أبي رافع)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوێكدا بەسەر هەموو خێزانەكانیدا گەڕا ، لای هەر ژنێكیان خۆی دەشت ، منیش گووتم ئەی

---

٣٥٩ _ ضعيف : أخرجه أحمد (٦ / ١٢٣ ، ٢٣٤) ، وأبوداود (٢٣٨٦) وابن خزيمة (٢٠٠٣) كلهم عن مصدع أبي يحيى عن عائشة فذكرته ٠

٣٦٠ _ موضوع : أورده الألباني في ضعيف الجامع (٦٠٥٦) وأشار إليه بالوضع ، وانظر الضعيفة (٤٣٢) ٠

٣٦١ _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٢٢٥) ، ومسلم (١ / ١٧١) من طريق شعبة عن هشام بن يزيد عن أنس فذكره ٠

٣٦٢ _ إسناده حسن : أخرجه أبوداود (٢١٩) ، وحسنه الألباني في صحيح أبي داود (٢٠٣) ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر یەك جار خۆت شتبا چاكتر دەبوو ، ئەویش فەرمووی : ((ئەمە پاكیزەترو خاوێنترو چاكترە)) .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی داوە بەو كەسەی كە دەیەوێ جارێكی تر بگەڕێتەوە بۆ جووتبوون پێش ئەوەی كە خۆی بشوا ، لە نێوان هەردوو جووتبونەكەدا دەستنوێژ بگرێت .

كَمَا رَوَى مُسْلِمٌ فِي " صَحِيحِهِ " مِنْ حَدِيثِ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ ((إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ، ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ))([٣٦٣]) .

واتە : لە (أبي سعيد الخُدري)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەركات كەسێكتان چووە لای خێزانی و ، پاشان ویستی جارێكی تر بگەڕێتەوە با دەستنوێژ بگرێت)) .

خۆشتن و دەستنوێژگرتن پاش جووتبوون هۆكارێكی گەورەیە بۆ گەڕانەوەی چالاكی و ، شادومانبوونی نەفس و ، جێنشینكردنەوەی هەندێ لەوانەی بەهۆی جووتبونەوە شیی بونەوە ، لە گەڵ تەواو پاكبونەوەو ، كۆبونەوەی گەرمی غەریزی لە نێو جەستەدا پاش ئەوەی بەهۆی جووتبونەوە بڵاوبوبۆوەو ، بەدەستهێنانی ئەو پاكێتیەی خوای تعالى حەزی پێیەتی و ، ڕقی لە پێچەوانەكەیەتی ، هەموو ئەمانە لە چاكترین چارەسازیەكانی جووتبونن ، هۆكارێكی چاكیشن بۆ پاراستنی تەندروستی و ئەو هێزانەی تیایدان .

بەشێك سەبارەت بە چاكترین كاتەكانی جووتبوون و فەزڵ و شێوەكانی

بەسوودترین جوتبوون : ئەوەیە كە لە دوای هەرسبوونی خۆراك و ، مام ناوەندبوونی جەستە لە گەرمی و ساردی و ، ووشكێتی و شێداریتی و ، چۆڵ بوون و پڕبونیدا ئەنجام

---

[٣٦٣] _ صحيح : أخرجه مسلم (١ / ١٧١) عن عاصم الأحول عن أبي المتوكل عن أبي سعيد الخُدري فذكره مرفوعاً .

بدرێت ، زیانێشی ئاسانترو کەمترە لە کاتی پڕبوونی جەستەدا بەبەراوردی زیانی لە کاتی چۆڵ بوونیدا ، هەروەها زیانی کەمترە لەکاتی زۆربونی شێدا بەبەراوردی زیانی لەکاتی ووشکێتی جەستەدا ، وە زیانی کەمترە لە کاتی گەرمێتی جەستەدا بەبەراوردی زیانی لە کاتی ساردبونیدا ، لە ڕاستیدا پێویستە مرۆڤ جووتبوون ئەنجام بدات لە کاتی توندبوونی شەهوەت وئارەزوو و ، بڵاوبونەوەی تەواوی بەهەموو جەستەدا " بەبێ ئەوەی زۆر لە خۆی بکات ، یاخود بیر لە وێنەیەك بکاتەوە ، یاخود تەماشایەکی یەك لە دوای یەك بکات.

پێویستە مرۆڤ بەزۆر شەهەوەت و ئارەزوو بۆ خۆی پەیدا نەکات و ، زۆر لەنەفسی نەکات ، بەڵکو پێویستە لەو کاتەدا پەلەی ئەنجامدانی جووتبوون بکات " کە تۆماوی نێرینەی دەوروژێت و ، ئارەزووی دێتە هەژان ، بەڵام با لە جووتبونی ژنی پیر پارێز بکات ، هەروەها با لە جووتبوونی ئەو منداڵانەی کە جووتبونی ناکرێت و ، شەهەوەت و ئارەزوویان نی یە پارێز بکات ، هەروەها با لە جووتبونی ژنانی نەخۆش و ، ناشیرین و ، بێزراو پارێز بکات ، چونکە جووتبونی ئەمانە هێزەکانی جەستە لاواز دەکەن و ، جووتبونیش لاواز دەکات بە خاسیەت ، ئەو پزیشکانەش بەهەڵەداچوونە کە دەڵێن : جووتبونی ژنانی بێوەژن بەسوودترەو ، زیاتریش تەندروستی دەپارێزێت بەبەراوردی جووتبونی کچان ، ئەمە بیروڕایەکی بۆگەنەو ، بەڵم پێدەچێ هەندێکی دیکەی پزیشکان ئاگاداری خەڵکیان کردبێتەوە لە بۆگەنێتی کارە ، هەروەها پێچەوانەی بیروڕای ئاقڵ و ژیرانی خەڵك و ، ئەو ڕیبازەیە کە سروشت و شەریعەت لە سەری ڕێکەوتوون .

جووتبونی کچ چەندین خاسیەتی تێدایە ، کە لە ژنانی بێوەژندا بەدیناکرێت ، وەکو تەواو پەیوەست بوون و هۆگربوونی کچ لە گەڵ ئەو کەسەدا کە جووتی دەبێ ، کچ دڵی لە خۆشەویستی ئەو کەسە پڕ دەبێ و ، مەیل و هەواداریشی لە نێوان ئەو و پیاوێکی تردا دابەش نابێ . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ بە (جابر)ی فەرموو : ئەی نەدەکرا کچێك بخوازیت ، خوای تعالی شێوەیەکی تەواوی بێ کەم کوڕیی بۆ ژنانی خەڵکی بەهەشت لە (

الحُور العين) داناوه ، ئەوەیە كە دەستی هیچ كەسێكیان لیٚ نەكەوتووە پێش ئەو پیاوانەی لە بەهەشتدا بۆیان دانراون ٠

وَقَالَتْ عَائِشَةُ لِلنَّبِيِّ ﷺ أرَأيْت لَوْ مَرَرْتَ بِشَجَرَةٍ قَدْ أُرْتِعَ فِيهَا ، وَشَجَرَةٍ لَمْ يُرْتَعْ فِيهَا ، فَفِي أَيِّهِمَا كُنْت تُرْتِعُ بَعِيرَك ؟ قَالَ : ((فِي الَّتِي لَمْ يُرْتَعْ فِيهَا))([٣٦٤]).

واتە : خاتوو (عائشة) _ خوای لیٚ ڕازی بێت _ بە پێغەمبەری خوای ﷺ فەرموو : ئەگەر بەلای درەختێكدا تێپەڕبووی ووشتری لیٚ لەوەڕابێت و ، بەلای درختێكی تردا تێپەڕبووی لێی نەلەوەڕێنرابێت ، لە كام دانەیەندا ووشترەكەت دەلەوەڕێنیت ؟ ئەویش فەرمووی : ((لەوەیاندا كە لێی نەلەوەڕێنراوە)) ٠ مەبەستی ئەوەبوو لە خۆی زیاتر كچی تری نەخواستووە ٠

جووتبوونی ژنی خۆشەویست لاوازی جەستە كەم دەكاتەوە " لەگەڵ دەرهاوێشتنی تۆماوێكی زۆردا ، بەڵام جووتبونی ژنی بێزراو جەستە شیی دەكاتەوەو ، هێزەكان لاواز دەكات و دەرهاوێشتنی تۆماویش كەم دەكاتەوە ، جووتبوونی ژنی بێنوێژیش حەرامە لە هەردوو لایەنی خووی مرۆڤ و شەرعیشەوە ، چونكە زۆر زیانبەخشەو ، تێكڕای پزیشكانیش خەڵكیان لە نزیك نەكەوتنەوەی ئەو ژنانە ئاگادار كردۆتەوە ٠

چاكترین شێوەكانی جووتبوون ئەوەیە كە پیاو بەسەردا ژندا بەرزبێتەوە ، پاش دەستبازی و ماچ كردن ڕایخات و بڵاوی كاتەوە ، لەبەر ئەمەیە ژن بە ڕاخەر ناونراوە ، وەكو ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((الوَلَدُ للفِراش))([٣٦٥]) واتە : ((منداڵ بۆ پیاوە)) چونكە خاوەنی ڕاخەرەكەیە ، ئەمەش ئەوپەڕی سەرپەرشتیاریێتی و چاودێریێتی پیاوانە

---

[٣٦٤] _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ٦) عن هشام بن عروة عن أبيه عن عائشة فذكرته ٠

[٣٦٥] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٥ / ٢٧٨) ، ومسلم (١٤٥٧) ٠

بەسەر ژنانەوە ، وەكو ئەوەی خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ الرِّجالُ قَوَّامُونَ على النِّساء ﴾[النساء : ٣٤] واتە : پیاوان سەپەرشتیارن (کاربەدەستن) بەسەر ئافرەتانەوە ([٣٦٦])،

هەروەها شاعیر دەڵێت :

إذا رُمْتُهَا كانَتْ فِرَاشاً يُقِلُّني وَعِنْدَ فَراغي خَادِمٌ يَتَمَلَّق

واتە :

ئەگەر ئارەزووم لێبێ ڕاخەرێکەو هەڵم دەگرێ کاتی تەواوبونیشم خزمەتکاریکەو مەرایم بۆ دەکا

هەروەها خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ هُنَّ لَباسٌ لَكُمْ وأنْتُمْ لِباسٌ لَهُنَّ ﴾[البقرة : ١٨٧] واتە : ﴿ هُنَّ لَباسٌ لَكُ ﴾ ئەوان بۆ ئێوە پۆشاکن ﴿ وأنْتُمْ لِباسٌ لَهُنَّ ﴾ وە ئێوەش بۆ ئەوان پۆشاکن([٣٦٧]) ، وە تەواوترین و بێ کەم و کوڕیترین پۆشاك هەر بەم باروحاڵە دەبێ ، چونکە ڕاخەری پیاو لەم بارەدا کە خێزانەکەیەتی پۆشاکە بۆی ، هەروەها داپۆشەری ژن لەم بارەدا کە مێردەکەیەتی پۆشاکە بۆی ، ئەم شێوە جووتبونە بەڕێزە لەم ئایەتەوە وەرگیراوە · ئەمە جوانترین شێوەی خواستنە (الأستعارة) لە زمانی عەرەبیدا کە هەیەك لە ژن و پیاوی کردۆتە پۆشاکی ئەویتر ·

هەروەها ڕوویەکی تریشی تێدایە : بەوەی جار بە جار ژنەکە وەردەگرێت بە سەریداو ، بەوەش وەکو پۆشاکی لێدێت بۆی ، شاعیر دەڵێت :

إذا ما الضَّجِيعُ ثَنَى جِيدَها تَثَنَّتْ فكانتْ عَلَيْهِ لِبَاساً

واتە :

ئەگەر ڕاکشاو لایەکی بەسەردا چەمانەوە لاردەبێتەوەو دەبێ بە پۆشاك بەسەریەوە

---

[٣٦٦] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

[٣٦٧] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

خراپترین شێوەکانی جووتبون : ئەوەیە ژنەکە بە سەر پیاوەکدا بەرزبێتەوەو ، لە سەر پشت لە گەڵ خێزانەکەیدا جووت بێت ، ئەمە پێچەوانەی ئەو شێوە سروشتیەیە کە خوای تعالی هەریەك لە پیاو و ژنی لەسەر خولقاندووە ، بەڵکو کە جۆری نێرو مێی لە سەر خولقاندووە بەرەهایی ، ئەم شێوە چەندین خراپی لە خۆدەگرێت ، لەوانە تۆماوی نێرینە بە نارەحەت دەدەچێ ، لەوانەیە هەندێ لەو تۆماوە لە ئەندامی نێرینەدا بمێنێتەوەویەوەش بۆکەن دەبێ و خراپ دەبێ و ، زیان بە پیاو دەگەیەنێت ٠

هەروەها : پێدەچێ هەندێ لە تەڕی و شێی ئەندامی زاوزێی ژن بچێتە نێو ئەندامی نێرینەی پیاوەکەوە ٠

هەروەها : منداڵدانی ژن لەم شێوەیەدا ناتوانێت ئاوەکە بگرێتە خۆی و تیایدا کۆبێتەوەو ، پەیوەست بێت پێوەی بۆ خولقاندنی منداڵ ٠

هەروەها : لە ڕاستیدا لە هەردوو لایەنی خوو و شەرعیشەوە ژن کارلێکراوە ، بۆیە ئەگەر بەسەر پیاودا بەرز بێتەوە وەکو بکەری لێدێت و ، ئەمەش پێچەوانەی پێویستیەکانی خوو و شەرعیشە ٠

ئەوەبوو کۆمەڵی (أهل الکتاب) تەنها لە سەر یەك شێواز لە گەڵ خێزانەکانیاندا جووت دەبوون ئەویش ڕاکشانی ژنەکە بوو لە سەر پشت و ، دەیانگووت : ئەمە بۆ ژن ئاسانترە ٠

بەڵام (قریش) و کۆمەڵی پشتیوانان بەهەموو شێوازێك لە گەڵ خێزانەکانیاندا جووت دەبوون ، ئەوەبوو جولەکەکان عەیبداریان دەکردن ، بۆیە خوای تعالی ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾[البقرة : ٢٢٣] واتە : ﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ ﴾ ژنەکانتان کێڵگەی خۆتانن ﴿ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ ﴾ جا تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە ﴿ أَنَّى

شِئْتُمْ ﴾ بەهەر شێوەیەك دەتانەوێ (لە شوێنی تایبەتی خۆی كە پێشەوەیە نەك دواوە([368]).

وَفِي " الصَّحِيحَيْنِ " عَنْ جَابِرٍ ، قَالَ : كَانَتْ الْيَهُودُ تَقُولُ : إذَا أَتَى الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ مِنْ دُبُرِهَا فِي قُبُلِهَا ، كَانَ الْوَلَدُ أَحْوَلَ ، فَأَنْزَلَ اللّهُ عَزّ وَجَلّ : ﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنّى شِئْتُمْ ﴾﴿ البقرة: ٢٢٣ ﴾ وَفِي لَفْظٍ لِمُسْلِمٍ : إنْ شَاءَ مُجَبِّيَةً ، وَإِنْ شَاءَ غَيْرَ مُجَبِّيَةٍ ، غيرَأَنّ ذَلِكَ فِي صِمَامٍ وَاحِدٍ([369]).

واتە : لە (جابر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : جولەكەكان دەیانگووت: ئەگەر پیاو لە ڕووی دواوە لە شوێنی منداڵەوە لە گەڵ خێزانەكەیدا جووت بێ ، منداڵەكەیان خێل دەبێ ، بۆیە خوای تعالى ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنّى شِئْتُمْ ﴾[البقرة : ٢٢٣] لە بێژەیەكی ئیمامی (مسلم)دا هاتووە : ئەگەر ئارەزووی لێبوو با پاڵكەوێت لە سەر ڕووی و ، ئەگەر ئارەزووشی لێبوو با بە شێوازی جكە لە پاڵكەوتن بە سەر ڕوودا ، بەڵام لە یەك شوێنەوە ، كە شوێنی كێڵان و منداڵ بوونە ٠

بەڵام لە كۆمەوە: هەرگیز لە سەر زمانی هیچ پێغەمبەرێك ڕێی پێنەدراوە ، ئەو كەسانەش كە ڕێپێدانی جووتبونی ژن لە كۆمەوە بۆ هەندێ پێشینی چاك دەگەڕێننەوە ، قسەی هەڵەیان داوەتە پاڵیان ٠

وفي سنن أبي داود عن أبي هريرة ، قال : قال رسول الله ﷺ ((ملعونٌ مَن أتى المرأة في دُبُرِها))([370])

---

[368] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[369] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٨ / ١٤٣) ، ومسلم (١٤٣٥) ٠

[370] _ حسن : أخرجه أبوداود (٦٢ / ٢) عن الحارث بن مخلد عن أبي هريرة فذكره ٠

واته : له (أبي هُريرة)ەوه _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((نەفرین لێکراوە ئەو کەسەی لە کۆمەوە دەچێتە لای خێزانەکەی)) ·

وفي لفظ لأحمد وابن ماجة : ((لا يَنْظُرُ اللهُ إلى رَجُلٍ جامَعَ امرأتَه في دُبُرِها))([٣٧١]).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((خوای تعالی تەماشای پیاوێك ناكات لە کۆمەوە لە گەڵ خێزانەکەیدا جووت بووبێت)) ·

وفي لفظ للترمذي وأحمد : ((من أتى حائضاً ، أو امرأةً في دُبُرِها ، أو كاهناً فَصَدَّقهُ ، فقد كَفَرَ بما أُنْزِلَ على محمد ﷺ))([٣٧٢]).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەرکەس بچێتە لای ژنێکی بێنوێژ ، یاخود لە کۆمەوە بچێتە لای ژنێك ، یا بچێتە لای جادوگەرێك و باوەڕی پێ بكات ، ئەوا كوفری كردوە بەوەی بۆ محمد ﷺدابەزیوە)) ·

لە بێژەیەکی تری پێشەوا (البيهقي)دا هاتووە : هەرکەس لە کۆمەوە بچێتە لای پیاوێك یاخود ژنێك کوفری کردوە ·

وفي مصنف وكيع : حدّثني زمعةُ بنُ صالح عن ابن طاووس عن أبيه عن عمرو بن دينارٍ عن عبدِالله بنِ يزيدَ قال : قالَ عمرُ بنُ الخطابِ _ رضي الله عنه _ ، قالَ رسولُ اللهِ ﷺ ((إنّ اللهَ لا يستحي من الحق لا تأتوا النّساءَ في أعجازهنّ)) ، وقال مرّة : ((في أدبارهنّ))([٣٧٣]) ·

---

[٣٧١] _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (١٩٢٤) ، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة (١٥٦٠) ·

[٣٧٢] _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (١٣٥) ، وصححه الألباني في الإرواء (٢٠٠٦) ·

[٣٧٣] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في الإرواء (٢٠٠٥) ·

واته له (مصنَّف وكيع)دا هاتووه : (زمْعة)ى كوڕى (صالح) بۆى باسكردم ، له (ابن طاووس)ەوه ، له بابيەوه ، له (عمرو)ى كوڕى (دينار)ەوه ، له (عبدالله)ى كوڕى (يَزيد)ەوه فەرمووى : (عمر)ى كوڕى (خطاب) _ خواى لىٰ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((خواى تعالى له گوتنى هەق شەرمەزار نابێ ، له دواوه مەچنه لاى ژنان)) ، جارێكيشيان فەرمووى : ((له كۆمەوه)) .

وفي الترمذي : عن علي بن طَلَق ، قال : قال رسول الله ﷺ: ((لا تـأتوا النِّسَاءَ في أعجازِهِنَّ ، فإن الله لا يستحي من الحقِّ))([374]).

واته : له (علي) كوڕى (طَلَق)ەوه _ خواى لىٰ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((له دواوه مەچنه لاى ژنان ، خواى تعالى له گوتنى هەق شەرمەزار نابێ)) .

وفي ((الكامل)) لأبن عديَ من حديثِه عن المحامليَ عن سعيد بن يحيى الأمويّ قال حدّثنا محمّدُ بنُ حمزةَ عن زيدِ بنِ رفيعِ عن أبي عبيدةَ عن عبدِاللهِ بنِ مسعودٍ يرفعهُ : ((لا تأتُوا النّساءَ في أعجازهنّ))([375])

واته له (الكامل)ى (أبن عدى)دا هاتووه : له (المحاملي)وه ، له (سعيد)ى كوڕى (يحيى الأموي)وه ، گوتويەتى : (محمد)ى كوڕى (حمزة) ، له (زيد)ى كوڕى (رَفيع)ەوه بۆى باسكردين ، له (أبي عُبيدة)وه ، له (عبدالله)ى كوڕى (مسعود)ەوه فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((له دواوه مەچنه لاى ژنان)) .

[374] _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (١١٦٤) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٢٤٢٨) .

[375] _ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٦٠٧) .

له (الحسن)ى كوڕى (علي الجوهريّ)وه ، لـه (أبـي نر)ەوه _ خـواى لـىٚ ڕازى بيّـت _ فەرموويەتى : پيّغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((هەركەس له كۆمەوه بچيّته لاى پيـاو يـاخود ژن ، كوفرى كردوه)) .

وروى إسماعيلُ بنُ عيّاشٍ عن سهيلِ بنِ أبي صالحٍ عن محمدِ بنِ المنكدرِ عن جابرٍ يرفعه : ((استحيُو من اللهِ فإنّ اللهَ لا يستحي من الحقّ لا تأتُوا النّساءَ في حُشُوشهنّ))([376]) ، ورواه الدّارقطنيّ من هذهِ الطّريقِ ولفظهُ : ((إن الله لا يستحي من الحقّ لا يحلّ مأتاكَ النّساءَ في حشوشهنّ([377])

واته له (إسماعيل)ى كوڕى (عيَّاش)ەوه ، له (سُهيل)ى كوڕى (أبي صالح)ەوه ، لـه (محمـد)ى كـوڕى (المنكَدِر)ەوه ، لـه (جـابر)ەوه _ خـواى لـىٚ ڕازى بيّـت _ لـه فەرموودەيەكدا كـه بـەرزى دەكاتـەوه بـۆ پيّغەمبـەرى خـوا ﷺ فەرموويـەتى : ((لـه خـوا شەرم بكەن ، خواى تعالى بەرامبەر به گوتنى هەق شەرمەزار نـابىٚ ، لـه كۆمـەوه مەچـنه لاى ژنان)).

لـه هـەمان ڕيّگەشـەوه پيّشـەوا (الـدارقُطنِيّ) ئـەو فـەرموودە دەگيّڕيّتـەوەو ، بيّژەكەشـى ئەمەيە ((خواى تعالى بەرامبەر به گـوتنى هـەق شـەرمەزار نـابىٚ ، حـەلاَلٚ نـى يـه لـه كۆمـەوه بچيته لاى ژنان)) .

---

[376] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في صحيح الجامع (٩٣٤) .

[377] ___ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٦٧) .

وقال البغوي : حدّثنا هدبةُ حدّثنا همّامٌ قال : سئل قتادةُ عن الّذي يأتي امرأتهُ في دبرها ؟ فقال حدّثني عمرو بنُ شعيبٍ عن أبيهِ عن جدّهِ أنّ رسول اللهِ ﷺ قال : ((تلكَ اللّوطيّةُ الصّغرى))([378]) .

واته پێشەوا (البغويُّ) فەرموویەتی : (هُدْبَة) بۆی باسکردین ، (هشام) بۆی باسکردین و ، فەرمووی : لە (قتادة)یان پرسی سەبارەت بەو کەسەی لە کۆمەوە دەچێتە لای خێزانی ، ئەویش فەرمووی : (عمرو)ی کوڕی (شُعَيب) ، لە باببیەوە ، لە باپیریەوە بۆی باسکردم ، کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەوە (لوط)یەتێکی بچوکە)) .

وقال أحمد في مسنده : حدَّثنا عبدالرحمن ، قال : حدَّثنا همَّام ، أُخبرنا عن قتادة ، عن عمرو بن شُعيب ، عن أبيه ، عن جده ، فذكره([379])

وفي المسند أيضاً : عن ابن عباس : أنزلت هذه الآية : ﴿ نِسَاءُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ ﴾ البقرة : ٢٢٣ ﴾ في أُناسٍ من الأنصار ، أتوا رسولَ الله ﷺ، فسألوه ، فقال : ((ائتها على كُلِّ حال إذا كان في الفَرْج))([380]).

واته : لە (ابن عباس)ەوە _ خوا لە خۆی وباببیشی ڕازی بێت _ فەرموویەتی : ئەم ئایەتە ﴿ نِساءُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ ﴾[البقرة : ٢٢٣] سەبارەت بە کەسانێك لە پشتیوانان دابەزی ، هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، لێیان پرسی ، ئەویش فەرمووی : ((بەهەموو شێوازێك بچۆ لای ئەگەر تەنها لە ئەندامی زاوزێ وە بوو)) .

وفي المسند أيضاً : عن ابن عباس ، قال : جاء عمرُ بنُ الخطاب إلى رسول الله ﷺ فقال : يا رسول الله : هلكت . فقال : ((وما الذي أهلكَكَ ؟)) قال : حوَّلْتُ رَحْلي البارِحَةَ ، قال : فلم يَرُدَّ

[378] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٤٢٨) .

[379] _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ١٨٢ ، ٢١٠) كلاهما عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده .

[380] _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٢٦٨) .

عليه شيئاً ، فأوحى الله إلى رسوله : ﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾[البقرة : ٢٢٣] أقْبِلْ وأدْبِرْ ، واتَّقِ الحَيْضَةَ والدُّبرَ([٣٨١]).

واته : له (ابن عباس)ەوه _ خوا له خۆى وبابيشى ڕازى بێت _ فەرموويەتى : (عمر)ى كوڕى (خطاب) _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ هاتە خزمەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ و فەرمووى : ئەى پێغەمبەرى خوا : تياچووم ٠ ئەويش فەرمووى : ((چ بوبە هۆى تياچونت ؟)) فەرمووى : دوێنىٚ زينەكەم گواستەوە (واتە بە شێوازێكى تر چۆتە لاى خێزانەكەى) ، (ابن عباس) فەرمووى : پێغەمبەرى خوا ﷺ بەهيچ شتێك وەڵامى نەدايەوە ، بەڵام پاشان خواى تعالى ئەم ئايەتى بۆ ناردە خوارەوە : ﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾[البقرة : ٢٢٣] لە پێش و پاشەوە بچۆرە لاى خێزانەكەت ، بەڵام خۆت لە بێنوێژى و كۆم بپارێزە ٠

وفي الترمذي : عن ابن عباس مرفوعاً : لا يَنْظُرُ اللهُ إلى رَجُلٍ أتى رَجلاً أو امرأةً في الدُّبُرِ([٣٨٢]).

واته : له (ابن عباس)ەوه _ خوا لە خۆى و بابيشى ڕازى بێت _ فەرموويەتى : خواى تعالى تەماشاى پياوێك ناكات لە كۆمەوە چوبێتە لاى پياوێك ياخود ژنێك ٠

وروينا من حديث أبي علي الحسن بن الحسين بن دُومَا ، عن البَراءُ بن عازِب يرفعه : ((كفر بالله العظيم عشرة من هذه الأمة : القاتلُ ، والسَّاحرُ ، والدَّيُوثُ ، وناكحُ المرأةِ في دُبُرِها ، ومانِعُ الزكاةِ ، ومَن وَجَدَ سَعَةَ ومات ولم يَحُجَّ ، وشاربُ الخَمْرِ ، والسَّاعي في الفتنِ ، وبائعُ السِّلاحِ من أهلِ الحربِ ، ومَن نكحَ ذاتَ مَحْرمٍ منه))([٣٨٣]).

---

[٣٨١] _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٢٩٨٤) ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي (٢٣٨١) ٠

[٣٨٢] _ حديث حسن : أخرجه الترمذي (١١٦٥) ، عن كريب عن ابن عباس فذكره مرفوعاً ٠

[٣٨٣] _ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في الضعيفة (٢٠٠٥) ٠

واته : (البَراء)ی کوڕی (عازب) _ خوای لیّ ڕازی بێت _له فەرموودەیەکدا کە بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((دە کەسی ئەم ئومەتە کوفریان بە خوای گەورە کردووە : بکوژ ، جادوگەر ، گەواد ، ئەو کەسەی لە کۆمەوە دەچێتە لای خێزانی ، مەی خۆرەوە ، زەکات نەدەر ، ئەو کەسەی دەوڵەمەندیش بوو مردو حەجی نەکرد ، ئەو کەسەی لە کاتی فینەو ئاشوبدا هەوڵ دەدات خراپە بڵاویکاتەوە ، فرۆشیاری چەك بۆ ئەو کەسانەی لە جەنگدان ، ئەو کەسەی کەسێکی نامەحرەم دەخوازێت)) .

(عبدالله)ی کوڕی (وهب) دەڵێت : (عبدلله)ی کوڕی (لَهيعة) ، له (مِشرَح)ی کوڕی (هاعان)ەوە ، لە (عقبة)ی کوڕی (عامر)ەوە بۆی باسکردین ، کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((نەفرین لێکراوە ئەو کەسەی لە کۆمەوە دەچێتە لای ژنان)) .

لە (مسند)ی (الحارث)ی کوڕی (أبي أسامة)دا هاتووە : (أبي هريرة)و ، (ابن عباس) فەرموویان : پێغەمبەری خوا ﷺ پێش مردنی ووتارێکی بۆ خوێندینەوە ، کە کۆتا ووتارەکانی بوو تا گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری _ عزَّ وجلَّ _ و تیایدا فەرمووی : ((هەرکەس لە کۆمەوە بچێتە لای ژنێك یاخود پیاوێك یاخود منداڵێك ، ڕۆژی قیامەت کۆدەکرێتەوەو ، بۆنی لە لاکی بۆنکردو بۆگەنترەو زیان بەخەڵك دەگەیەنێت تا دەچێتە ئاگرەوە ، خوای تعالی کردەوەکانی پوچ دەکاتەوەو ، تەوبەو پەشیمانی قبوڵ ناکات ، دەخرێتە نێو سندوقێکی ئاگرینەوەو ، بە بسماری ئاگرین لێی توند دەکرێت ، (أبوهريرة) فەرموویەتی : ئەمە لە بارێکدا ئەگەر تەوبەی نەکردو پەشیمان نەبۆوە .

پێشەوا (أبو نعيم الأصبهاني) بۆی باسکردوین کە (خزيمة)ی کوڕی (ثابت) لە فەرموودەیەکدا کە بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((خوای تعالی لە گوتنی هەق شەرمەزار نابێ ، لە کۆمەوە لە گەڵ ژناندا جووت مەبن)) .

وقال الشافعيّ : أخبرني عمّي محمّد بنُ عليّ بنِ شافعٍ · قال أخبرني عبدُالله بنُ عليّ بنِ السّائبِ عن عمرو بنِ أحيحةَ بنِ الجلاحِ عن خزيمةَ بنِ ثابتٍ أنّ رجلاً سأل النّبيّ ﷺ عن أتيانِ النّساءِ في أدبارهنّ فقال : ((حلالٌ)) فلما ولّى دعاهُ فقالَ : ((كيفَ قُلت في أيّ الخربتينِ أو في أيّ الخرزتينِ أو في أيّ الخصفتينِ أمن دُبُرها في قُبُلها ؟ فنعم ، أم من دُبُرها في دُبُرها فلا ، إنَّ اللهَ لا يستحي من الحقّ ، لا تأتوا النّساءَ في أدبارهنّ))([٣٨٤]) ·

پێشەوا (الشافعي) فەرموویەتی : مامم (محمد)ی کوڕی (علي) کوڕی (شافع) پێی ڕاگەیاندم و ، فەرمووی : (عبدالله)ی کوڕی (علي) کوڕی (السائب) ، لە (عمرو)ی کوڕی (أحيحة)ی کوڕی (الجلاح)ەوە ، لە (خزيمة)ی کوڕی (ثابت)ەوە پێی ڕاگەیاندم ، کەوا پیاوێك سەبارەت بە جووتبونی ژن لە دواوە لە پێغەمبەری خوای ﷺ پرسی ، ئەویش فەرمووی : ((حەڵاڵە)) ، کە پیاوەکە پشتی هەڵکردو چوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ جاریکی تر بانگی کردەوەو فەرمووی: ((چۆنت گووت ، لە کام قوڵایەوە ، لە کام کونەوە ، لە کام چاڵایەوە ، ئەگەر لە دواوە بێ بۆ ئەندامی زازێی ، بەڵێ · بەڵام ئەگەر لە دواوە بێ بۆ کۆم ، نەخێر ، خوای تعالى لە گوتنی هەق شەرمەزار نابێ ، لە کۆمەوە مەچنە لای ژنان)) ·

(الربيع) دەڵێت : بە پێشەوا (الشافعي)یان گووت : ئەی تۆ چ دەڵێی ؟ فەرمووی : مامم متمانەپێکراوە (ثقة) ، (عبدالله)ی کوڕی (علي) متمانەپێکراوەو ، بەخێر باسی (الأنصاري)کەشی کردووە ، مەبەستی (عمرو)ی کوڕی (الجلاح) بوو ، (خزيمة)ش لەو کەسانەیە کە گومان لە باوەڕپێکراوی ناکرێت ، بەڵام من ڕێ بەو کارە نادەم ، بەڵکو یاساغ و قەدەغەی دەکەم ·

دەڵێم _ ابن القيم _ ئالێرەوە خەڵکی بە هەڵەدا چوون و گوفتاری کەسانی پێشین و پێشەوایانیان بەهەڵە لێکداوەتەوە کە ڕێپێدراوێتی ئەو کارە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ

[٣٨٤] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في الإرواء (٢٠٠٥) ·

دەگێڕنەوە ، چونكە لە ڕاستیدا ڕێی داوە كە دواوەی ژن وەكو ڕێگەك بەكاربهێنرێت بۆ جووت بوون لە ئەندامی زانیٚ وە ، بەم جۆرە مەبەستی ئەوە نەبوو لە دواوە لە گەڵ ژندا جووت بیٚ بۆ كۆم ، بەڵكو مەبەستی ئەوەبوو پیاو لە دواوە لە گەڵ ژندا جووت بیٚ بۆ ئەندامی زانیٚ ، هەروەها بیسەری فەرموودەكەش بە هەڵەدا چووەو (من) واتە : (لە)ی نێو فەرموودەكەی بە (في) واتە : بۆ نێو لێكداوەتەوەو نەیزانیوە جیاوازیان لە نێواندا هەیە ، كەوابوو ئەمەیە كە پێشین و پێشەوایان ڕێیان پێداوە ، بەڵام كەسانی تر گوفتارەكانی ئەوانیان بە هەڵەیەكی ناشیرین لێكداوەتەوە ٠

خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللهُ ﴾﴿ البقرة : ٢٢٢ ﴾ واتە : ﴿ فَأْتُوهُنَّ ﴾ بچنە لایان ﴿ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللهُ ﴾ لەو شوێنەوە كە خوا فەرمانی پێداون ([٣٨٥])، (مجاهد) فەرموویەتی : سەبارەت بەو ئایەتە لە (ابن عباس)م پرسی ، ئەویش فەرمووی : لەو شوێنەوە كە فەرمانت پێكراوە لیٚ دوركەویتەوە ، مەبەستی شوێنی بێنوێژی بوو ٠ (علي) كوڕی (أبي طلحة) لە (ابن عباس)ەوە باس دەكات كەوا (ابن عباس) فەرمووی : مەبەستی ئەندامی زاوزیٚ یەو ، سنووریش مەبەزێنن بۆ شوێنێكی تر ٠

ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ حەرامكردنی جووتبوونی ژنان لە كۆمەوە لەبەر دوو هۆكار ، یەكەمیان : ڕێی داوە بە جووتبونی ژنان لە شوێنی كێڵانەوە ، كە شوێنی منداڵ بوونە نەك لە كۆمەوە كە شوێنی پیسی و ئازارە ٠ خوای تعالی كە دەفەرمێت : ﴿ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللهُ ﴾[البقرة : ٢٢٢] مەبەستی شوێنی كێڵانە واتە ئەندامی زاوزێی ژنان ، هەروەها ئایەتەكە دەفەرمێت ﴿ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾[البقرة : ٢٢٣] لێرەدا شێوازی جووتبوونی ژنان لە دواوە بەڵام بۆ ئەندامی زاوزیٚ لەم ئایەتەوە دەستكەوت بووە ، چونكە فەرموویەتی : ﴿ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾ واتە : لە هەر كویٚ وە ئارەزووتان لیٚ بوو لە پێشەوە یاخود لە پاشەوە ٠ (ابن عباس

[٣٨٥] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

) _ خواى له خۆى و بابيشى ڕازى بێت _ سەبارەت بە گوفتارى خواى تعالى ﴿ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ ﴾ فەرموويەتى : مەبەستى : ئەندامى زاوزێ يە ٠

ئەگەر خواى تعالى جووتبونى ژنانى لە ئەندامى زاوزێ وە لەبەر زيانێكى كاتى حەرام كردبێت ، وەكو بێنوێژى ، كەوابو بارى حەراميێتى كۆم توندترە ، چونكە شوێنى پيسى و ئازارى بەردەوامە ، سەرەڕاى خراپەى تر وەكو وەچە بڕين ، لێرەدا ئەمە حەرام كراوە ، بۆ ئەوەى نەبێتە بەهانەو دەرگاى خراپەى ديكەش نەكاتەوە بۆ تاوانى گەورەتر ، وەكو ئەوەى ئەم ڕەفتارە لە دواشەوە لە گەڵ منداڵان ئەنجام بدرێ ٠

هەروەها : ژن ماف جووتبونى بەسەر مێردەكەيەوە هەيە ، جووتبونيشى لە كۆمەوە هەقى دەفەوتێنێت و ، حەزو ئارەزووى بەجێ ناهێنێت و ، مەبەستەكانى پێ بەدەست نايەت ٠

هەروەها : كۆم ئامادە نەكراوە بۆ ئەم كارەو ، بۆ ئەوەش نەخولقێنراوە ، بەڵكو لە ڕاستيدا ئەندامى زاوزێ بۆ ئەوە ئامادەكراوە ، بۆيە ئەو كەسانەى وازى لێ دەهێنن و كۆم بەكاردێنن لە حيكمەت و دانايى و شەرعى خوا چونەتە دەرەوە بەگشتى ٠

هەروەها : ئەو كارە زيانبەخشە بۆ پياو ، بۆيە ئاقڵ و ژيرانى پزيشكان لە فەيلەسوف و كەسانى تريش قەدەغەو ياساغيان كردوە ، چونكە ئەندامى زاوزێى ژنان خاسيەتى ڕاكێشانى ئاوى تێزاو و حەوانەوە پێدانى پياوى هەيە ، جووتبونيش لە كۆمەوە يارمەتيدەرى ڕاكێشانى هەموو ئاوەكە نابێت و ، هەموو ئاوە تێزاوەكەى پياو دەرناهێنێت ، چونكە پێچەوانەى كارى سروشتيە ٠

هەروەها : لە ڕوويەكى ديكەشەوە زيانبەخشە ، چونكە ئەنجامدانى ئەو ڕەفتارە لە كۆمەوە پێويستى بە جم و جۆڵى ماندوكار هەيە ، لەبەر ئەوەى پێچەوانەكارى سروشتيە ٠

هەروەها : جێگەی پیسی و باوگژەی ناوسکەو ، پیاویش بەڕووی ڕوو بە ڕووی دەبێتەوەو ، تێکەڵی دەبێ ٠

هەروەها : زۆر بۆ ژن زیانبەخشە ، چونکە شتێکەو لە خووی سروشتی مرۆڤەوە نامۆو بەدورە ، ڕقی لێیەتی و چارەی ناوێت ٠

هەروەها : خەم و خەفەت و ، ڕق لێبونەوە بۆ هەردو کەسی بکەرو کارلێکراو دروست دەکات ٠

هەروەها : ڕووی مرۆڤ ڕەش دەکات و ، سنگی تارێك دەکات و ، نورو ڕوناکی دڵی دەکوژێنێتەوەو ، سامناکی و پەستیەك ڕووی دادەپۆشێت " هەرکەسێك کەمترین زانستی ڕووناسی بزانێت " ئەوەی پێوە بەدیدەکات ٠

هەروەها : دورکەوتنەوەو ڕق لێبونەوەیەکی توندو ، لە یەك دابڕان لە نێوان بکەرو کارلێکراودا دروست دەکات٠

هەروەها : باروحاڵی بکەرو کارلێکراو بەجۆرێکی وا خراپ دەکات کە دوای ئەوە هێندەی نامێنێ چیتر هێوای چاك بونەوەی لێنەکرێت ، مەگەر بە تەوبەو پەشیمان بونەوەیەکی وا کە بڕیار بدات چیتر ئەو کارە ئەنجام نەدات ٠

هەروەها : هەموو خوو ڕەوشتێکی چاك و باش لە سەر هەردوکیان لادەبات و ، دژی ئەو ڕەوشتەیان لەبەر دەکات و ، هەموو دۆستایەتی و پەیوەندیەکی دڵسۆزانەی نێوانیان لادەبات و ، تۆوی کینەهەڵگرتن و نەفرین کردنی یەکتریان لە نێواندا دەچێنێ ٠

هەروەها : لە گەورەترین هۆکارەکانی نەمانی نیعمەت و ، دابەزینی خەشم و قین و تورەبونە ، چونکە نەفەرین و نەویستراوێتی پەروەردگاریان بۆ دروست دەکات و ، ڕوو لە بکەری ئەو ڕەفتارە وەردەگێڕێت و ، بەچاوی سۆزەوە تەماشای ناکات ، بۆیە کەسی بکەر پاش هەموو ئەمانە بەهێوای چ خێرێکەو ، لە چ شەڕێکیش دڵنیابێت ، بۆیە ژیانی بەندەیەك کە نەفرین و خەشم و ڕقی خوای تووش بوبێ دەبێ چۆن بێ ، کە ڕووی لێ وەردەگێڕاوەو ، بەچاوی سۆزیشەوە تەماشای ناکات ٠

هەروەها : شەرم و بەخۆداچونەوە بەگشتی ناهێڵێت ، شەرمیش ژیانی دڵەو ، ئەگەر شەرم لە دڵدا نەمێنێت ، کردەوە ناشیرینەکان بە چاك دادەنێت و ، کردەوە جوانەکانیش بە خراپ دادەنێت ، ئەو کاتە مرۆڤـ خراپەی لە دڵدا قایم و جێگیرتر دەبێ ·

هەروەها : ئەو خوو ڕەوشتانە دەگۆڕێت کە خوای تعالی بۆ مرۆڤی داناوە ، مرۆڤ لە خوو ڕەوشتی خۆی دەردەهێنێت بۆ خوو ڕەوشتێکی تر کە خوای تعالی بۆ هیچ گیانلەبرێکی دانەناوە ، کە خوویەکی هەڵاوەگەڕاوەیەو ، خووش ئەگەر هەڵگێڕدرایەوە ، دڵ و ، کردەوەو ، ڕێبازیش هەڵدەگێڕدرێتەوەو ، ئەوجا هەموو کردەوەو شێوازێکی خراپ بەچاك دادەنێت و ، بەوەش باروحاڵ و کردەوەو گوفتاری بەبێ ویستی خۆی خراپ دەکات ·

هەروەها : بێ ئابڕوویی و بێ شەرمی و زاتکردنێك بۆ مرۆڤ بەجێدەهێڵێت " کە هیچ ڕەفتارێکی تر دروستی ناکات ·

هەروەها : شورەیی و سووکی و بێ ڕێزی و هیچ و پوچییەك بۆ مرۆڤـ بەجێدەهێڵێت " کە هیچ ڕەفتارێکی تر دروستی ناکات ·

هەروەها : پۆشاکی ڕق و کینە و نەویستراوی و ، هەروەها لاقرتێ و تانوت لێدان و ، ڕیسوابوون و بەسوك تەماشاکردنی خەڵکی لەبەر دەکات ، بە بچوك تەماشای دەکەن " بە ئاستێك ئەوە بەچاو دەبینرێت · بۆیە _ صلاة و سلام _ لەسەر ئەو کەسەی بێ ، کە خۆشی و کامەرانی دونیاو ڕۆژی دوای تەنها بە شوێنکەوتنی ڕێبازەکەیەتی و ، تیاچونی دونیاو ڕۆژی دوای ، بە سەرپێچی کردنی ڕێبازەکەیەتی و ئەوەی کە هێناویەتی ·

بەشێك : جووتبوونە زیانبەخشەكانیش : دوو جۆرە ، زیانبەخش لە ڕووی شەرعەوە ، زیانبەخش لە ڕووی خوو ڕەوشتەوە :

ئەوەی زیانەخشە لە ڕووی شەرعەوە : حەرامەكانە ، ئەمە چەندین پلەیەو هەندێكیان لە هەندێكی دیكەیان توندترە · حەرام كراوی كاتیشی (العارض) سوكترو ئاسانترە لە حەرامكراوی بەردەوامێتی (اللازم) ، وەكو حەرامبوونی جووتبوون لە كاتی ئیحرام بەستندا ، حەرامبوونی جووتبوون لە كاتی ڕۆژوودا ، حەرامبوونی جووتبوون لە كاتی ئیعتكافدا ، حرامبونی ژنی (الظّهار)([٣٨٦])لێكراو تا كەفارەت دەدات ، وە حرامێتی جووتبوونی ژن لە كاتی بێنوێژیداو ، بەو هاوشێوانە ، بۆیە سنورێك بۆ ئەم جۆرە جووتبونە نی یە ·

بەڵام حەرامبوونی بەردەوام (اللازم) : دوو جۆرە : جۆرێك هیچ ڕێگەیەك بۆ حەڵاڵبوونی نی یە : وەكو ژنانی مەحرەم ، دایك و خۆشك وهتد ··· ، ئەم جۆرە جووتبونە كوشتن پێویست دەكات ، وەكو سنورێك بۆ ئەو تاوانە ، بەلای كۆمەڵێك لە زانایانەوە وەكو پێشەوا (أحمد)ی (حنبل)و كەسانی دیكەش ، فەرموودەیەكی (مرفوع)ی (ثابت)یش لەم بارەوە هەیە([٣٨٧])·

---

[٣٨٦] _ الظّهار : ئەگەر پیاو بە ژنەكەی بڵێت : تۆ وەكو پشتی دایكم وای ؛ یاخود وەكو پشتی خوشكم وای ؛ ئەوە (الظّهار)ی لە ژنەكەی كردوە ، شەرعیش ئەمەی حەرام كردوە تاوەكو پیاوەكە كەفارەت دەدات ، یاخود تا ماوەی (الظّهار)ەكە تەواو دەبێ ، بڕوانە : پوختەی فیقهی شەریعەت ، مامۆستا طارق هەمەوندی · وەرگێڕ ·

[٣٨٧] _ یشیر إلی حدیث البَراءِ قالَ : لَقِیتُ خَالِي وَمَعَهُ الرَّایَةُ ، فَقُلْتُ : أَیْنَ تُرِیدُ ؟ قَالَ : أَرْسَلَنِي رَسُولُ اللَّهِ _ صَلَّى اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ _ إِلَى رَجُلٍ تَزَوَّجَ امْرَأَةَ أَبِیهِ مِنْ بَعْدِهِ أَنْ أَضْرِبَ عُنُقَهُ أَوْ أَقْتُلَهُ · رواه النسائي (١٣٣٣) واللفظ له ، ورواه أبوداود (٤٤٥٦) ، والترمذي (١٣٦٢) واته : (البَراء) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : چاوم بە خاڵم

دووەم : ئەوەی لە تواناداية حەڵاڵ بكرێت ، وەكو ئەجنەبی ، بۆيە ئەگەر مێردار بێت ، لە جوتبونيدا دوو هەق هەيە : هەقێك بۆ خواو ، هەقێك بۆ مێرد . ئەگەر زۆرلێكراو بێ ، سێ هەقی تێدايە ، ئەگەر كەس و كاری هەبێ و بەو هۆيەوە عەيبدارو لەكەدارين ئەوا چوار هەقی تێدايە ، ئەگەر ژنێكی مەحرەمی بێت ، ئەوا پێنج هەقی تێدا دەبێت . زيانی ئەم جۆرە بە گوێرەی پلەكانێتی لە حەرامیدا .

بەڵام زيانەخش لە ڕووی خوو ڕەوشتەوە ، ديسان دوو جۆرە : جۆرێك زيانبەخشە بە چۆنيەتيەكەی وەكو ئەوەی پێشتر باسكراو ، جۆرێكيش زيانبەخشە بە زۆركردنی ، ئەم جۆرە هێز دەڕوخێنێت ، زيان بە دەمار دەگەيەنێت ، لەرزين دروست دەكات ، ئيفليجی ، كرژبوون ، لاوازبوونی چاو و تێكڕای هێزەكان ، گەرمی غەريزی دەكوژێنێتەوە ، ڕێرەوەكان فراوان دەكاتەوەو ، وای لێدەكات ئامادە بێت بۆ پاشەڕۆ زيانبەخشەكان.

بەسوودترين كاتەكانی جوتبوون : پاش هەرسبوونی خۆراكە لە گەدەداو ، لە زەمەنێكی مام ناوەندا ، نەك لەسەر برسێتی ، چونكە گەرمی غەريزی دەكوژێنێتەوە ، نەك لەسەر تێربونيش ، چونكە نەخۆشيگەلێكی توند دروست دەكات ، هەروەها نە لەسەر ماندووبوون ، نە لە دوای گەرماوكردن ، نە لە دوای دەرهاوێشتن ، نەلە دوای هەست بە جوڵانێكی دەرونيش وەكو خەم و خەفت و دڵتەنگی و شادومانبونێكی بەهێز .

چاكترين كاتيشی پاش چواريەك ياخود سێ يەكی شەوە ، چونكە لەو كاتەدا ڕێكەوتی هەرسبوونی خۆراك دەبێ ، پاشان خۆی دەشوات و دەنوێت ياخود دەستنوێژ دەگرێت و

كەوت و ئاڵاكەی بەدەستەوە بوو ، گووتم : بۆ كوێ دەچی ؟ فەرمووی : پێغەمبەری خوا _ صلى الله عليه وسلم _ ناردومی بۆ لای پياوێك باوەژنەكەی خۆی خواستووە پاش مردنی بابی بۆ ئەوەی لە ملی بدەم ياخود بيكوژم .

دەنوێت ، بەوەش هێزەكانی بۆ دەگەڕێتەوە ، با لە پاشیشیدا وەرزش و جوڵانەوەیەكی زۆر نەكات ، چونكە زۆر زیانبەخشە ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چارەسەری عیشقدا :

ئەمە نەخۆشیەكە لە نەخۆشیەكانی دڵ ، بە پێچەوانەی هەموو نەخۆشیەكانی ترەوەیە لە خودی خۆی و هۆكارەكانی و چارەسەریدا ، ئەم نەخۆشیە ئەگەر قایم بوو و پتەو تۆكمەبوو ، ئیتر چارەسەری بەلای پزیشكانەوە قورس دەبێ و ، نەخۆشیش ماندوو دەكات ، لە ڕاستیدا خوای تعالی لە قورئانەكەیدا باسی خەڵك دەكات كە عیشقی دوو كۆمەڵ دەبن : ژنان و ، دڵ لێچونی لاوی موو لێدەرنەهاتوو ، باسی ژنەكەی (عزیز)ی میسر دەكات سەبارەت بە (یوسف) ، هەروەها باسی قەومەكەی (لوط) دەكات ، خوای تعالی هەواڵی ئەوانمان پێ ڕادەگەیەنێت كاتێ كە پەریەكان هاتنە لای (لوط)و دەفەرمێت : ﴿ وَجَاءَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ (٦٧) قَالَ إِنَّ هَؤُلَاءِ ضَيْفِي فَلَا تَفْضَحُونِ (٦٨) وَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ (٦٩) قَالُوا أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ (٧٠) قَالَ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ(٧١) . لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ(٧٢) ﴾ [الحجر : ٦٧ _ ٧٢] واتە : ﴿ وَجَاءَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ ﴾ جا خەڵكی (نێربازی) شارەكە هاتن (بەرەوماڵی (لوط)و) مژدەیان بە یەكتری دەدا ﴿ قَالَ إِنَّ هَؤُلَاءِ ضَيْفِي ﴾ (لوط) ووتی دڵنیابن ئەمانە میوانی منن ﴿ فَلَا تَفْضَحُونِ ﴾ دەی ئابڕوم مەبەن ﴿ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ ﴾ و لە خوا بترسن و شەرمەزارو ڕیسوام مەكەن ﴿ قَالُوا أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ ﴾ ووتیان ئێمە پێمان نەووتیت نابێ بەرگری لە كەس بكەیت (نابێ كەس توخنت كەوێ) ﴿ قَالَ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي ﴾ (لوط) فەرمووی ئائەوانە كچانی منن (مارەیان كەن) ﴿ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ ﴾ ئەگەر ئێوە (ئەو كارە) ئەنجام دەدەن ﴿ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ ﴾ سوێند بە تەمەن و

ژيانى تۆ (ئەى محمد ﷺ) بەڕاستى ئەوانە ﴿ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾ لە سەر خۆشى خۆياندا سەرگەردانن ([388]) •

بەڵام كەسانێك ئەو ڕێزو سەنگینیە بۆ پێغەمبەرى خوا ﷺدانانێن كە شايستەيەتى و وارادەگەيەنن كەوا پێغەمبەرى خوا ﷺ تووشبووە لە بارەى (زينب)ى كچى (جحش)ەوە ، چونكە پێغەمبەرى خوا ﷺ(زينب)ى بينيەوە فەرموويەتى : (سُبحانَ مُقَلِّبَ القُلُوب) واتە : پاك و بێگەردى بۆ خواى هەڵپلێنەرو ئەم ديوو ئەوديوكارى دڵان و ، دڵى لىٚ سەندوە ، كەچى بە (زيد)ى كوڕى (حارثة)ى دەفەرموو : لاى خۆت ڕايگرەو بيهێڵەرەوە ، تا خواى تعالى ئەم ئايەتەى بۆ دابەزاند : ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ ﴾﴿ الأحزاب : ٣٧ ﴾ واتە : ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ ﴾ (بيربكەرەوە) كاتىٚ دەدووت بە كەسىٚ (زيد)ى كوڕى (حارثة) كە خوا بەهرەى بەسەردا ڕشتبوو تۆيش چاكەت لە گەڵدا كردبوو (بە ئازادكردنى و پەروەردەكردنى) ﴿ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ ﴾ خێزانت (زينب) لاى خۆت ڕاگرەو بيهێڵەوە ﴿ وَاتَّقِ اللَّهَ ﴾ وە لە خوا بترسە ﴿ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ ﴾ لە دڵى خۆتدا شتێك دەشاريتەوە كە خوا ئاشكەراى دەكات ﴿ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ ﴾ وە لە (قسەى) خەڵك دەترسى لە كاتێكدا خوا شياوترە كە لێى بترسى([389]) ، كەسانى بانگەشەكارانى ئەو گوفتارانە واگومان دەبەن ئەو ئايەتانە سەبارەت بە خۆشەويستيە ، بۆيە كەسانێكيان كتێبێكى داناوە سەبارەت بە خۆشەويستى ، تيايدا باس لە خۆشەويستى پێغەمبەران دەكات و ، باسى ئەم ڕوداوەش دەكات ، بەڕاستى ئەم كەسە بەرامبەر بە قورئان و بەرامبەر بە پێغەمبەران نەفامە ، چونكە هەستاوە بە لێكدانەوەى ئايەتەكان بە پێچەوانەى مەبەستى ڕاستەقينەى خواى پەروەردگار ، شتگەلێكيشى داوەتە

[388] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان •

[389] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان •

پالْ پێغەمبەری خوا ﷺکە خوای تعالی بەدوری خستۆتەوە لێی ، چونکە (زینب)ی کچی (جحش) خێزانی (زید)ی کوڕی (حارثة) بوو ، پێغەمبەری خواش ﷺ (زید)ی کردبووە کوڕی خۆی (تبنّي) ، ئەوەبوو بە (زید)ی کوڕی (محمد) ناودەبرا ، (زینب)یش لوتبەرزی و خۆبەرزکردنەوەی بەسەر (زید)دا دەنواند ، بۆیە ڕاوێژی بە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد سەبارەت بەوەی کە (زینب) تەڵاق بدات ، پێغەمبەری خواش ﷺ پێی دەفەرموو : خێزانەکەت لای خۆت ڕاگرەو بیهێڵەرەوەو لە خوا بترسە ، ئەوەشی لە دڵی خۆیدا شاردەوە کەوا ئەگەر (زید) تەڵاقی بدات " بۆی خۆی دەیخوازێت ، لەوەش دەترسا خەڵکی پێی بڵێن ژنی کوڕەکەی خۆی خواستووە ، چونکە (زید) بە کوڕی (محمد) ناودەبرا ، ئا ئەمە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دڵی خۆیدا شاردبویەوەی ، ئەوەش ئەو ترسەبوو لە خەڵك کە بەسەریهات ، بۆیە خوای تعالی ئەم ئایەتەی دابەزاندو تیایدا باسی ئەو بەهرەو نیعمەتانە دەکات کە پێی بەخشیوە " نەك سەرزەنشتی بکات ، وە پێشی ڕاگەیاند کە نابێ لە قسەی خەڵکی بترسێت " سەبارەت بەو شتانەی خوای تعالی بۆی حەڵاڵ کردووی ، چونکە خوای تعالی شایستەترە ترست لێبێ ، دەست هەڵنەگرێت لەوەی بۆی حەڵاڵ کردوی " لەبەر قسەی خەڵك ، پاشان پێی ڕاگەیاند کەوا (زینب)ی لێ مارە دەکات دوای ئەوەی کە (زید) پێویستی پێ نەماو و تەڵاقیدا ، بۆ ئەوەی ئومەتەکەی شوێنی کەون و پەیڕەوی بکەن لەوەداو ، پیاو ژنی بەکوڕکراوی خۆی بخوزاێت " نەك ژنی کوڕەکەی خۆی کە لە پشتێتی ، بۆیە خوای تعالی لە ئایەتی حەرامکردندا دەفەرمێت : ﴿ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ ﴾ واتە : ﴿ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ ﴾ وە (حەرامە بۆتان) هاوسەری کوڕەکانتان (بووك) ﴿ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ ﴾ ئەوانەی کە لە پشتی خۆتانن([٣٩٠]) ، هەروەها خوای تعالی لەم سورەتەدا دەفەرمێت ﴿ مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ ﴾[سورة الأحزاب:٤٠] واتە : محمد ﷺ باوکی هیچ یەك لە پیاوەکانتان نی یە ، لە سەرەتای سورەتەکەشدا دەفەرمێت : ﴿ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُمْ بِأَفْوَاهِكُمْ ﴾[الأحزاب : ٤] واتە ﴿ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ

[٣٩٠] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

﴾ وه خوا بەکوڕکراوەکانتانی نەکردۆتە کوڕتان ﴿ ذَلِكُمْ قَوْلُكُمْ بِأَفْوَاهِكُمْ ﴾ ئەوە قسەی سەر زارەکی تانە([391])، کەوابوو تێڕوانە لەم بەرگریکردنە لە پێغەمبەری خوا ﷺ و ، دورخستنەوەی تانەی تانەداران لەو زاتە پاکە · وبالله التوفيق ·

بەڵێ · پێغەمبەری خوا ﷺ خێزانەکانی خۆشدەویست و ، لە هەمووشیان بەلایەوە خۆشەویستتر (عائشة) بوو ، خۆشەویستی هیچ کەسێکیش بەلایەوە نەدەگەشتە خۆشەویستی (عائشة) جگە لە خۆشەویستی خوای پەروەردگاری ، بەڵکو بە (صحيح)ی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : ((لو كنتُ مُتَّخِذاً من أهلِ الأرضِ خليلاً لاتَّخَذْتُ أبابكر خليلا)) ، وفي لفظ : وإنَّ صَاحِبَكُم خَليلُ الرحمن([392]) واتە : ((ئەگەر من لە خەڵکی سەر زەمین خۆشەویستێکم هەڵبژاردایە (أبوبكر)م بە خۆشەویستی خۆم دەکرد)) ، لە بێژەیەکی تریشدا هاتووە : بەڕاستی هاوڕێکەتان خۆشەویستی رەحمانە ·

بەشێك :

لە ڕاستیدا دڵانێك گیرۆدەی خۆشویستنی وێنەو ڕوخسار دەبن ، کە لە خۆشەویستی خوای تعالی بۆش و بەتاڵ بن ، ئەوانەی ڕووی لێوەردەگێڕن و ، بە شتی تر جێگەی پڕ دەکەنەوە ، چونکە ئەگەر دڵ پڕبوو لە خۆشەویستی خواو تامەزرۆی چاوپێکەوتنی بوو ، ئەوا نەخۆشی خۆشویستنی وینەو ڕوخساری لێ دوردەخاتەوە ، بۆیە خوای تعالی سەبارەت بە (یوسف) پێغەمبەر دەفەرمێت : ﴿ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ ﴾ [يوسف : ٢٤] واتە : ﴿ كَذَلِكَ ﴾ ئا بەو جۆرە (بەڵگەمان نیشانی یوسف دا) ﴿ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ ﴾ بۆ ئەوەی خراپەو داوێن پیسی لێ دوربخەینەوە ﴿ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ ﴾ چونکە بەڕاستی ئەو (یوسف) لە بەندە پاك و هەڵبژاردەکانی

---

[391] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

[392] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٧ / ١٥) ، ومسلم (٢٣٨٣) ·

ئێمەیە([393]) ، لەم ئایەتەدا ڕوون دەبێتەوە کە دڵسۆزی و هەڵبژێردراوی هۆکارێك بوون بۆ دورخستنەوەی خۆشەویستی و ، ئەو خەراپەو کردەوە ناجۆرانەی کە بەروبوم و ئەنجامین لە (یوسف) پێغەمبەر _ علیه السلام _ ، بۆیە وازلێهێنانی هۆکار وازلێهێنانی مایەی هۆکەشە ، کەسانێکی پێشین گوتویانە : خۆشەویستی جوڵانەوەی دڵێکی بۆش و بەتاڵە ، واتە لە خۆشەویستەکەی زیاتر هیچی دیکەی تێدا نی یە · خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَى فَارِغًا ﴾[القصص : ١٠] واتە : جا دڵی دایکی موسا خاڵی بوو (لە هەموو شتێك جگە لە منداڵەکەی) ([394]) واتە : خاڵی بوو لە هەموو شتێك جگە لە موسی چونکە لەڕادەبەدەر خۆشیدەویست و ، دڵیشی زۆر پێوەی پەیوەندبوو ·

خۆشەویستیش لە دوو شت پێکهاتووە : بەچاك زانینی خۆشویستراو و ، سووربوون لە سەر پێکەشتنی ، بۆیە هەرکات دانەیەکیان نەما خۆشەویستیەکەش نامێنێت ، نەخۆشی خۆشویستن زۆرێك لە ئاقڵ و ژیرانی ماندووکردو ، کەسانێکیشیان تیایدا دواون ، بەڵام قسەکانیان وازی لێدەهێنرێت بۆ شتی ڕاستر ·

دەڵێین _ ابن القیم _ حیکمەت و دانایی خوای تعالی لە دروستکراوان و کاروباریدا جێگیربووە لەسەر بنچینەی سازان و پێکهاتن لە نێوان هاوشێوەکاندا ، هەموو شتێکیش بۆ لای گونجاوی خۆی و بۆلای پێکەوەهەڵکراوی خۆی ڕاکێش دەبێ و ، ڕووی تێ دەکات " وەکو خوویەکی سروشتی ، وە لە جیاوازو لەیەك نەچووی خۆی هەڵدێت ، تا ئەو ئاستەی خۆی لێ دور دەخاتەوە " وەکو خۆیەکی سروشتی ·

بۆیە نهێنی تێکەڵبوون و پەیوەندی کردن بەیەکەوە لە جیهانی بەرزو خواروشدا ، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سێ شت : گونجاوی و پێکاهاتن و وەکیەکبوون ·

---

[393] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

[394] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

نهێنی جیاوازی و جیابوونەوەش ، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سێ شت : نەگوجاوی و پێکنەهاتن و وەکیەکنەبوون ·

کەوابوو لە سەر ئەم بنچینانە بەدیهاتن و کاروبار بەڕیوەدەچێت ، بۆیە هاوچەشن هەواداری هاوچەشنی خۆیەتی و ، دەگەڕێتەوە بۆ لای ، دژیش لە دژەکەی هەڵدێت و ، خۆی لێ دووردەخاتەوە ، خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ﴾[الأعراف : ١٨٩] واتە : ﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ ﴾(خوا) ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردوە ﴿ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ﴾ لە یەك کەس (کە ئادەمە) ﴿ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا ﴾ هەر لە خۆی هاوسەری بەدیهێنا ﴿ لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ﴾ تا لای بحەسێتەوە (ئارام بگری)([٣٩٥]) ، لێرەدا خوای تعالی هۆی حەسانەوەو ئارامگرتنی پیاوی لای خێزانەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی کە لە جۆرو چەشن و گەوهەری خۆیەتی ، بۆیە حەسانەوەی پیاو لای خێزانەکەی _ کە بریتیە لە خۆشەویستی _ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە چەشنی خۆیەتی ، ئەمە بەڵگەیە کە هۆی حەسانەوە بە جوانی وێنەو ڕوخسار نی یە ، هەروەها بە مەبەست و ویست و ، خولقاندن و ڕێنمویش نی یە ، ئەگەرچی هەموو ئەوانە لە هۆکارەکانی حەسانەوەو خۆشەویستین ·

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((الأرواحُ جُنُودٌ مُجَنَّدةٌ ، فما تعارفَ منها ائتلفْ ، وما تناكرَ منها اختَلَفَ)).

واتە : ((ڕوحەکان سەربازی ڕاهێنراون ، ئەوانەیان هاوڕەوشت و هاوبیرن پێکەوە دەگونجێن و ، ئەوانەشیان سروشت و بیروباوەڕیان جیاوازە لە یەك دوور دەکەونەوە)) ·

وَفِي " مُسْنَدِ الْإِمَامِ أَحْمَدَ " وَغَيْرِهِ فِي سَبَبِ هَذَا الْحَدِيثِ : أَنَّ امْرَأَةً بِمَكَّةَ كَانَتْ تُضْحِكُ النَّاسَ ، فَجَاءَتْ إِلَى الْمَدِينَةِ ، فَنَزَلَتْ عَلَى امْرَأَةٍ تُضْحِكُ النَّاسَ ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: الْأَرْوَاحُ جُنُودٌ

---

[٣٩٥] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

مُجَنَّدَةٌ الْحَدِيثَ([396]) واتـه : لـه (مسـند)ى ئيمامى (أحمد)و هيتريشدا هۆى گوتنى ئـهم فەرموودەيە هاتووه كەوا : ژنێك له مەككه خەڵكى پێدەكەنان ، ئەوەبوو چووه مەدينـەو ، لـه ماڵى ژنێك دابەزى كه ئەميش ديسان خەڵكى پێدەكەنان ، بۆيه پێغەمبەرى خـوا ﷺ فـەرمووى : ڕوحەكان سەربازى ڕاهێنراون ... فەرموودەكه ٠

شـەريعەتى خـواى تعـالى جێگير بـووه لەسـەر ئـەوەى كـه حـوكمى شتێك وەكـو حـوكمى هاوشـێوەكەيەتى ، شەرعەكەشـى دابـەش ناكرێتـه سـەر دوو لێكچـوداو هەريـەكيان حـوكمى تايبەتى هەبێت ، هەروەها شەرعەكەشى كۆناكرێتەوه له نێوان دوو هـاودژداو هـەردوكيان يـەك حوكميان هەبێت ، هەركەس بۆچونێكى تـرى لەمـە جيـاوازترى هـەبێ ، ئـەوا دەگەڕێتـەوه بـۆ ئەوەى كه زانينى بەرامبەر به شەريعەتى خواى تعالى كەمه ، ياخود كەمتەرخەمه بەرامبەر بـه زانينى لەيەكچوون و جياوازى ، يـاخود شـتگەلێك دەداتـه پـاڵ شـەريعەت كـه فـەرمانى خـواى تعالاى لەسەر نى يه ، بەڵكو له بيروڕاى هەندێ پياوانه ٠ به دانايى و دادپـەروەرى پـەروەردگار بـەديهێنان و شـەريعەتەكى دەركـەوت ، بـه دادەپـەروەرى و كێشـى ووردى پـەروەردگار بەديهێنان و شەريعەتەكەى چەسپاو ڕاست بۆوه ، كه بريتيه له يەكسانكردن و ڕێككردنەوه لـه نێوان دوو لەيەكچوو ، وه جياكردنەوه له نێوان دوو جياوازدا ٠

ئەمـەش كـه لـه دونيـادا چەسـپاوه ، لـه ڕۆژى قيامەتيشـدا هـەر ئاوەهايـه ٠ خـواى تعـالى دەفەرمێت : ﴿ احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ وَمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ. مِنْ دُونِ اللهِ فَاهْدُوهُمْ إِلَى صِرَاطِ الْجَحِيمِ ﴾ [الصافات : ٢٢] واتـه ﴿ احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ ﴾ (خـوا بـه فريشتەكان دەفـەرموێ) ئەوانـەى سـتەميان كـرد كۆيـان بكەنـەوه لـه گـەڵ هـاورێ كانيـان (هاوڕێنەكانيان) ﴿ وَمَا كَانُوا يَعْبُدُو ﴾ له گەڵ ئەوانەى دەيانپەرستن ﴿ مِنْ دُونِ اللهِ ﴾ جگه لـه

[396] ـ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٢٩٥ ، ٢٥٢٧) ، والبخاري في الأدب المفرد (٩٠١) ، ومسلم (٨ / ٤١) كلهم من حديث أبي صالح عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً ٠

خوا ﴿ فَاهْدُوهُمْ إِلَى صِرَاطِ الْجَحِيمِ ﴾ ئەنجا ڕێگای دۆزەخیان نیشان دەن ([397]) ، پێشەوا (عمر)ی کوڕی (خطاب) _ خوای لیٚ ڕازی بێت _و پاش ئەویش پێشەوا (أحمد)ی کوڕی (حنبل) _ بەڕەحمەتی خوا بێت _ دەربارەی گوفتاری خوای تعالی ﴿ وَأَزْوَاجَهُمْ ﴾ فەرموویانە : واتە : هاوێنەو لێکچوەکان ٠

خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وإذا النُّفوسُ زُوِّجَتْ ﴾[التكوير : ٧] واتە: ساتێك كە هەر خاوەن كارێك جووتكرايەوە لە گەڵ هاوێنەو لێکچووی خۆیدا ، وەکو جووتکردنی دوو کەسی خۆشەویست لەبەر خوای تعالی لە بەهەشتدا ، جووتکردنی دوو خۆشەویستی ملکەچی شەیتان لە دۆزەخدا ، چونکە هەر کەسێك لە گەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشی دەویٚ ، بیەویٚ یاخود نەیەویٚ ، وفي مستدرك الحاكم وغيره عن النبي ﷺ: ((لا يُحِبُّ المَرءُ قَوْماً إلا حُشِرَ مَعَهُم))([398]) واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەرکەس قەومێکی خوشویست بەدڵنیایی لە گەڵیاندا کۆدەکرێتەوە)) ٠

خۆشەویستی چەند جۆرێکەو چاکترین و بەڕیزترینیان : خۆشەویستیە لە بەر خواو بۆ خوا ، لێرەدا پێویستە مرۆڤ ئەوانەی خۆشبوێت کە خوای تعالی خۆشی دەوێن و ، هەروەها پێویستە مرۆڤ خواو پێغەمبەرەکەشی خۆشبوێت ٠

دیسان : خۆشویستنی ڕێکەوتن لەسەر ڕێگەیەك ، یا ئاینێك ، یا ڕێباوەڕێك ، یا ڕێبازێك ، یا خزمایەتیەك ، یا پیشەسازیەك ، یا هەر مەبەستێکی تر ٠

دیسان : خۆشەویستیەك بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندی و سوودێك لە کەسی خۆشویستراو ، یا لە پلەو پایەکەی ، یا لە ماڵ و سامانەکەی ، یاخود لە فێرکردن و ڕێنمایەکەی ، یا بۆ

---

[397] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[398] _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٤٥ ، ١٦٠) ، وصححه الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب (٣٠٣٧) ٠

بەدەستهێنانی خۆشی و ئارەزوویەك ، ئەمانە خۆشەویستی كاتین و نامێنن بە نەمانی ئەو هۆكارانەی دروستی كردوون ، دڵنیابە ئەو كەسەی بۆ كارێك خۆشی دەوێی ، پشتت تێ دەكات و دوردەكەوێتەوە كاتێ كارەكە تەواوبێ ٠

بەڵام خۆشویستنی هاوشێوەیی و گونجاوی كە لە نێوان دوو خۆشەویستدا هەیە ، خۆشویستنێكی بەردەوامەو لەناوناچێت " مەگەر كۆسپ و تەگەرەیەك لایبات ، خۆشەویستی عیشق لەم جۆرەیە ، چونكە پەسەندكردنێكی ڕوحانی و ، تێكەڵبونێكی نەفسانیەو ، ئەو گومان و دودڵیی و لاوازی و بێهێزی و داهێزراوی و سەرقاڵی و پەشێویەی لە خۆشویستنی عیشقدا دا تووشی مرۆڤ دەبێ لە جۆرەكانی دیكەی خۆشویستنەكاندا تووشی نابێت ٠

بۆ عیشق چار بە چار لە یەك لاومیە :

ئەگەر گووترا : ئەگەر هۆكاری عیشق ئەو پەیوەندی و پەیوەستبوون و لەیەكچوونە ڕوحانیە بێت كە باستان كرد ، كەوابوو بۆ بەردەوام نابێ لەنێوان هەردوو لادا ، بەڵكو بەزۆری تەماشا دەكەیت تەنها لە لایەن ئەو كەسەوەیە كە تووشی عیشق بووە ، بۆیە ئەگەر هۆكاری عیشق ئەو پەیوەندیە نەفسانیەو ئەو تێكەڵبوونە ڕوحانیە بوایە ، ئەوا خۆشەویستیەكەی نێوانیان هاوبەش و لە هەردوو لاوە دەبوو ٠

وەڵام بۆ ئەمە : ئەوەیە كە هۆكار چار بە چار مایەو ئەنجامەكەی دوادەكەوێت لەبەر نەبوونی مەرجێك ، یاخود بوونی كۆسپ و تەگەرەیەك ، دواكەوتنی خوشویستنیش لە لایەنی بەرامبەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ یەكێك لەم سێ هۆكارانە :

یەكەم : زەدەیەك (عِلة) لە خۆشویستنەكەدا ، وە خۆشویستنێكی كاتیەو خۆیی نی یە ، وە مەرج نیە مرۆڤ لە خۆشویستنی كاتیدا هاوبەشی هەبێ ، بەڵكو پێدەچێ دوركەوتنە هەبێ لەلایەن كەسی خۆشویستراوەوە ٠

دووەم : كۆسپێك لـە خـودی كەسـی عاشـقدایە ، كـە قەدەغـەی كەسـی خۆشویسـتراوی بەرامبەر دەكات خۆشی بوێت ، ئەو كۆسپە یا لە خوو و ڕەوشتیدایە ، یا لە جەستەو دیمـەن و شێوەیدایە ، یا لە ڕێبازیدایە ، یا لە كردەوەیدایە هتد··

سێیەم : كۆسپێك لە كەسی خۆشویستراودایەو ناهێڵێت هاوبەشـی كەسـی عاشـق بێـت لـە خۆشەویستیەكەیدا ، ئەگەر ئەو كۆسپە نەبوایە وەكو ئەو خۆشی دەویست ، بۆیـە ئەگـەر ئـەو كۆسپانە نەمێنێت و ، خۆشەویـستیەكەش خـۆیی بـوو ، ئـەوا بـەدڵنیایی لـە هـەردوو لایەنـەوە دەبێت ·

ئەگـەر كۆسـپی خۆبەگـەورەدانان و ئێرەیـی و ، سـەرگەورەیی و دوشمنایـەتی لـە دڵیـی بێباوەڕاندا نەبوایـە ، بـەدڵنیایی پێغەمبـەرانیان لـە خـودی خۆیـان و كـەس وكـارو سـەرەوەت سامانیش خۆشتر دەویست ، بۆیە كاتێ ئەو كۆسپە لە دڵی دەست و پێوەندەكانیانـدا نـەبوو ، بەلایانــەوە خۆشەویســتی پێغەمبــەرانیان لــە ســەروی خۆشویســتنی نــەفس و كەســوكارو سەروەتیشەوە بوو ·

بەشێك سەبارەت بەوەی كە چارەسەری عیشق بەوە دەكرێت كە عاشق خۆشەویستەكەی بخوازێت

مەبەستیش ئەوەیە : لەبەر ئەوەی عیشق نەخۆشیەكە لە نەخۆشیەكان ، بۆیە قبوڵی چارەسەركردن دەكات و ، چەند جۆرێك چارەسەریشی هەیە ، كەوابوو ئەگەر كەسی عاشق هیچ ڕێگەیەكی بەدەستەوە نەبێت بەدەر لە دەستكەوتنی خۆشویستەكەی لە هەردوو لایەنی شەرع و چارەنوسیشەوە ، ئەوە _ دەستكەوتنی خۆشەویستەكەی _ چارەسەری دەبێ ، كما ثبت في الصحيحين من حديث ابن مسعود _ رضي الله عنه _ ، قال : قال رسول الله ﷺ ((يا معشرَ الشَّباب مَن استطاع منكم الباءةَ فليتزوَّج ، ومَن لم يستطعْ فعليه بالصَّوم ، فإنَّه له

وِجاءٌ))([399]) واته : له (ابن مسعود)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموویەتی: پیّغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەی كۆمەڵی لاوان ، هەركەس له ئیّوه توانای هەیه با ژن بهیّنیّت ، چونكه چاكترین هۆكاری چاو دانواندن و داویّن پاریّزی یه ، هەركەسیش توانای نی یه ، با ڕۆژوو بگریّت ، چونكه بۆی دەبیّته قەڵغان)) ٠ لیّرەدا پیّغەمبەری خوا ﷺ ڕیّگەی دوو چارەسەری به عاشق پیشاندا : بنەڕەتی _ مارەكردنی خۆشەویست _ ، لەبریی _ ڕۆژوو گرتن _ ٠ فەرمانیشی پیّكرد بنەڕەتیەكه بەكاربیّنیّت ، كه چارەسەریەكه بۆ ئەم نەخۆشیه دانراوه ، بۆیه پیّویسته وازی لیّنەهیّنریّت بۆ چارەسەریّكی تر ، ئەگەر هەر ڕیّگەیەك هەبوو بۆ بەكارهیّنانی ٠

وروى ابن ماجة في سننه عن ابن عباس _ رضي الله عنهما _ ، عن النبي ﷺ أنه قال : ((لَمْ نَرَ للمتحابَّينِ مِثْلَ النكاح))([400]) ٠

واته : له (ابن عباس)ەوه _ خوا له خۆی و باوكیشی ڕازی بیّت _ فەرموویەتی : پیّغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هیچ چارەسەریّكی تر بەچاك دانانیّین بۆ دوو خۆشەویست بەدەر له زەواج كردن)) ٠ ئەمه ئەو مانایەیه كه خوای تعالى ئاماژەی پیّداوه _ پاش ئەوەی ژنانی حەڵاڵ كردووه ، ئازادو كەنیزەك ، له كاتی پیّویستیدا _ به گوفتاری ﴿ يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُخَفِّفَ عَنْكُمْ وَخُلِقَ الإِنْسَانُ ضَعِيفًا ﴾[النساء : ٢٨] واته : ﴿ يُرِيدُ اللَّهُ ﴾ خوا دەیەویّت ﴿ أَنْ يُخَفِّفَ عَنْكُمْ ﴾ كه ئەركتان له سەر سووك بكات ﴿ وَخُلِقَ الإِنْسَانُ ضَعِيفًا ﴾ چونكه ئادەمی به لاواز دروست كراوه([401]) لەم شویّنەدا خوای تعالى باسی سووكردنەوه دەكات ، وه هەواڵ دان به لاوازی مرۆڤ له ئایەتەكەدا پەنجه ڕادەكیّشیّت بۆ لاوازی بەرگەنەگرتنی بەرامبەر بەم شەهوەت و ئارەزووه ، وه خوای تعالى ئەوەی بۆ سوككردنەتەوه به حەڵاڵكردنی ژنان

---

[399] _ صحيح : تقدم تخريجه ٠

[400] _ صحيح : تقدم تخريجه ٠

[401] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

دوو یا سێ یا چوار ، ڕێگەشی داوه بچێته لای بەندەو کەنیزەکەکانی خۆی ، پاشان ڕێگەشی پێدا ئەگەر پێویست بوو کەنیزەك بخوازێت وەکو چارەسەریەك بۆ ئەم شەهوەت و ئارەزووەو ، بۆ سووکردنەوەی ئەم خووە لاوازەو ، وەکو بەزەیی پیداهاتنەوەش ٠

بەشێك :

ئەگەر هیچ ڕێگەیەکیش بەدینەکرا بۆ ئەوەی کەسی عاشق بە خۆشەویستەکەی شادبێتەوە وەکو چارەنووس یاخود وەکو شەرع ، یاخود لێی قەدەغەکرابێت لەهەردوو لاوە ، ئەوا نەخۆشیەکی بێ دەرمانەو ، گرنگترین چارەسەرەکانیشی ، بریتیە لەوەی نەفسی خۆی ئاگادارکاتەوە بەوەی هیوای لێ ببڕێت ، چونکە نەفس هەرکات بێئومێد بوو لە شتێك ، دەحەوێتەوەو ، چیتر ئاوڕی لێ ناداتەوە ، بەڵام ئەگەر لە گەڵ نائومێدیشدا عیشقەکەی هەر بەردەوام بوو ، ئەوا خوو و ڕەوشتی ئەو کەسە تووشی چەوترەویەکی توند بووە ، بۆیە پێویستە بیگۆڕێت بە چارەسەرێکی تر ، کە بریتیە لە چارەسەرکردنی ئەقڵی خۆی ، چونکە دەبێ بزانێ پەیوەسبوونی دڵ بەشتێکەوە کە هێوای دەستکەوتنی ناکرێت جۆرێکە لە شێتی و ، خاوەنەکەشی وەکو کەسێکە عاشقی خۆر بێ و ، ڕوحیی حەزی بەوەبێ کە بۆلای بڵندبێتەوەو ، لە گەڵیدا لە سەر خولگەکەی بسوڕێتەوە ، ئەم کەسە بەلای تێکڕای ئاقڵ و ژیرانەوە شێتەو ، لە کۆمەڵی ئەواندا حیسابی بۆ کراوە ٠

ئەگەر پێگەشتنیشی نەگونجاوبێ وەکو شەرع نەك چارەنووس ، چارەسەرەکەی بریتیە لەوەی دەبێ وەکو نەگونجاویی چارەنووسیی تەماشای بکات ، چونکە شتێك کە خوای تعالى مۆڵەتی نەدابێ ، چارەسەرکردنی مرۆڤ و ڕزگاربوونی تەنها لێ دورکەوتنەوەیەتی ، کەوابوو با نەفسی خۆی ئاگادار بکاتەوە ، کەوا نەبووەو قەدەغەکراوەو ، هیچ ڕێگەیەکی پێگەشتنی نییەو ، وەکو تێکڕای مەحاڵەکانی دیکەیە ، وە ئەگەر نەفسی ئاژاوەگێڕی هەر لێی دورنەکەوتەوە ، با وازی لێ بێنێت لەبەر یەکێك لەم دوو شتانە ، یەکەم : یا لە ترساندا ، وە یا لە دەستدانی خۆشەویستێکی دیکە کە زۆر بەلایەوە خۆشەویستەو ، بەسودترەو ،

خێردارتریشه ، چێژو پێ شادومانبوونیشی بەردەوامترە ، چونکە کەسی ئاقڵ و ژیر هەرکات بەراوردی کرد لە نێوان دەستکەوتنی خۆشەویستێکی خێرا نەماو بە لەدەستدانی خۆشەویستێك لەو گەورەترو ، بەردەوامترو ، بەسودترو ، بەچێژترو بە پێچەوانەشەوە ، یەکسەر جیاوازی هەردوکیانی بۆ دەردەکەوێت ، بۆیە هەرگیز چێژی بەردەوام کە هیچ مەترسیەکی تێدا نی یە مەگۆڕەوە بە چێژی ساتێك ، کە پاشان بۆ ئازار دەگۆڕێت ، حەقیقەتەکەشی تەنها خەونی کەسێکی نووستووە ، یا ئەندێشەیەکەو جێگیر نابێ ، بۆیە چێژ دەچێت و ، ئەنجام دەمێنێت ، شەهوەت و ئارەزووش نامێنێن و ، بەدبەختی دەمێنێت ٠

دووەم : ڕوودانی خراپەیەکی نەویستراو کە زۆر بەلایەوە قورستر دەبێ بەبەراوردی لەدەستدانی ئەم خۆشەویستە ، ، یاخود هەردوو شتەکەی بۆ کۆدەبێتەوە ، مەبەستم _ ابن القیم _ : لەدەستدانی شتێکی خۆشەویستر بەبەراوردی لەدەستدانی ئەم خۆشەویستەی ، وە ڕودانی بەڵایەکی حەز پێ نەبووی زۆر ئەستەم تر بەبەراوردی لەدەستدانی ئەم خۆشەویستەی ، بۆیە ئەگەر دڵنیابوو کە بەدەستکەوتنی ئەم خۆشەویستە ئەو دوو شتەی تووش دەبێ ، بەلایەوە ئاسان دەبێ وازی لێ بهێنێت ، واش دەبینێت کە ئارامگرتنی بەرامبەر بە لەدەستدانی خۆشەویستەکەی ئاسانترە بەبەراوردی تووشبوونی بەو دوو شتەی سەرەوە ، چونکە ئەقل و ئاین و ، جوامێری و پیاوەتیەکەی ، فەرمانی پێدەکات بەرگەی زیانی کەم بگرێت _ کە خێرا دەشکۆڕێت بۆ چێژو خۆشی و شادومانی _ لە پێناو دوورخستنەوەی ئەو دوو زیانە گەورەیەدا ٠ بەڵام نەفامیەکەی ، ئارەزووەکەی ، ستەمکاریەکەی ، هەڵەشەیەکەی ، سووکیەکەی فەرمانی پێدەدات بە پەسەندێتی ئەم خۆشەویستە بەپەلەیە ، وە بەو کەم و کوڕیەوە کە تیایدایە ، وە لە گەڵ ئەوەی کە بەسەریدا دەهێنێت ٠ پارێزراویش ئەو کەسەیە کە خوای تعالی دەیپارێزێت ٠

ئەگەر نەفسی ئەم دەرمانەی قبوڵ نەبوو ، گوێدێریشی نەکرد بۆ ئەم چارەسەرە ، با تەماشای ئەو خراپە خێراو دەست وبردانە بکات کە شەهوەت و ئارەزوو بەسەریدا دێنێت و ،

ئەو بەرژەوەندیانەی کە لێی قەدەغە دەکات ، چونکە لە هەموو شتێك زیاتر خراپەکانی دونیا بۆ مرۆڤ ئامادەکات و ، گەورەترین هۆکاریشە بۆ پەکخستنی بەرژەوەندیەکانی ، چونکە نامێڵێت بەندە بەتەواوی هۆش و هەست و ژیری بەکاربێنێت کە کاری پێ ڕادەپەڕێنێت و ، بەرژەوەندیەکانی پێ ڕاست دەکاتەوە ·

ئەگەر نەفسی ئەم دەرمانەشی قبوڵ نەبوو ، با خراپی هەر گوتەو کردارو شتێکی تری خۆشەویستەکەی بیرخۆی بێنێتەوەو ، ئەوانەش کە وای لێدەکات خۆی لێ بەدوربگرێت ، چونکە ئەگەر بەدوایدا بگەڕێت و تەماشای بکات ، دەبینێت چەندەها ئەوەندەی ئەو خوو ڕەوشتە چاك و باشانەیە کە وای لێکردوە خۆشی بوێت ، سەبارەت بەوەش لێی شاراوەیە با لە دراوسێکانی بپرسێت ، چونکە وەکو چۆن خوو ڕەوشتی چاك وباش هۆکاری خۆشەویستی و ویستنە ، ئاوەهاش ناتەواوی و کەم وکوڕی هۆکاری ڕق لێبونەوەو دووریبونەوەیە ، با بەراوردێکی نێوان هەردوو شتەکە بکات و ، ئەوەی خۆشبوێت کە پێش دەکەوێت و نزیکترین دەروازەشە بۆ ئەو ، با لەو کەسانە نەبێت کە ڕەنگێکی جوانیی بەسەر جەستەیەکی بەڵەکی گولەوە فریوی دابێت ، با چاوەکانی جوانی دیمەن تێپەڕێنێت بۆ خراپی کردەوە ، با لە پەردی جوانی دیمەن بپەڕێتەوە بۆ ئەو خراپانەی کە دڵ هەواڵی پێداوە ·

ئەگەر تێکڕای ئەم دەرمانانە بێتوانابوون لە چارەسەرکردنیدا ، هیچ ڕێگەیەکی تری نابێت جگە لەوەی پەنا بۆ ئەو زاتە بەرێت کە وەڵامی کەسی ناچارو بێدەرەتان دەداتەوە ، با خۆی فرێداتە پێش دەستی و لەبەر دەرگاکەیدا ، پەنای بۆ بەرێت ، لێی بپاڕێتەوە ، بەکەساسی ، بە زەبوونی ، بە ملکەچی ، هەرکاتێك ئەوەی بۆ ڕەخسا ، ئەوا لە دەروازەی سەرکەوتنی دلوە ، با ئیتر پاك بێ و دەستهەڵگرێت و خۆی لە گوتەو کرداری نەگونجاو و نەشیاو بپارێزێت و ، شیعری دڵداری بۆ یادکردنەوەی خۆشەویست نەڵێت و ، لە نێو خەڵکیدا ناوی نەزڕێنێت و ، تووشی زیانی نەکات ، چونکە دەبێ بە ستەمکارێکی شەڕفرۆش ·

با فریونەخوات بەو فەرمووده (موضوع)ی كه دراوەتـه پـاڵ پێغەمبـەری خـوا ﷺ كـەوا (سُوید)ی كوڕی (سعید) هەستاوه به گێڕانـەوەی ، لـه (علـيّ) كـوڕی (مُسـهِر)ەوه ، لـه (أبي یحیى)ی كوڕی (القَتّات)ەوه ، له (مجاهد)ەوه ، له (ابن عباس)ەوه _ خوا لـه خـۆی وبابیشـی ڕازی بێـت _ لـه پێغەمبـەری خـواوه ﷺ، هـەروەها (أبـي مسـهر) هەسـتاوه بـه گێڕانەوەی ، له (هشام)ی كـوڕی (عـروة)وه ، لـه بابیـەوه ، لـه (عائشـة)وه _ خـوای لـێ ڕازی بێت _ ، له پێغەمبەری خـواوه ﷺ، هـەروەها (الـزُّبیر)ی كـوڕی (بَكّـار) هەسـتاوه بـه گێڕانـەوەی ، لــه (عبـدالملك)ی كـوڕی (عبـدالعزیز)ی كـوڕی (الماجِشُـون)ەوه ، لــه (عبدالعزیز)ی كوڕی (أبي حازم)ەوه ، له (ابن أبي نجیح)ەوه ، له (مجاهد)ەوه ، له (ابـن عباس)ەوه _ خوا له خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ كەوا پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : ((مَنْ عَشِقَ ، فعَفَّ ، فماتَ فهـو شـهیدٌ وفي روایـة : مَـنْ عَشِـقَ وكـتم وعـفَّ وصـبرَ ، غفـر اللهُ لَـهُ ، وأدخلهُ الجنةَ)) واته : ((هەركەس خۆشەویستی بكات و ، له كردارو گوفتـاری نەشـیاو خـۆی گرتەوه ، ئەگەر بمرێت بەشەهید لەقەڵـەم دەدرێـت ، لـه (ریوایـه)تێكـی تریشـدا : هەركـەس خۆشەویستی كردو نهێنی پاراست و له كرداری نەشیاو خۆی پاراسـت و ئـارامی گـرت ، خـوای تعـالی لـێ دەبورێـت و ، دەیخاتـه بەهەشـتەوه)) ٠ ئـەم فەرموودەیـه بـه (صـحیح)ی لـه پێغەمبـەری خـواوه ﷺ (ریوایـه)ت نـەكراوەو ، ناگونجێـت لـه فەرمایشـتەكانی ئـەو بێـت ، چـونكه شـەهیدبون پلەیـەكی بـەرزه لای خـوای پـەروەردگار ، جـووتكراوه لـه گـەڵ پلـەی (الصدیقیة)دا[٤٠٢]، كردەوەو باروحـاڵی هەیـه ، كـه مـەرجن بـۆ دەسـتكەوتنی ، دوو جـۆره : گشتی و تایبەت ٠

تایبەت : شەهیدبوونه له پێناوی خوادا ٠

---

٤٠٢ _ الصدیقیَّة : بەرزترین پلەكانی ڕاسگۆیەو بریتیه له شێوەی تەواوی بێكەموكوڕی گوێدێری و ملكەچی بۆ پێغەمبەر له گەڵ شێوەی تەواوی بێكەموكوڕی دڵسۆزی بۆ پەیامنێر ، بڕوانه : التفسیر القیم لأبن القیم ، وەرگێڕ ٠

كشتي : پێنجن و له فەرموودەيەكى (صحيح)دا باسكراون و عيشق يەكێكيان نى يە · عيشق هاوبەش پەيداكردنە لە خۆشەويستيدا (شرك المحبة)([٤٠٣]) ، دڵ خاڵى دەبێ لە خواى تعالى ، دەيكا بە هى يەكێكى ديكە ، بۆيە خۆشويستنى يەكێكى ديكەى جگە لە خواى تعالى پلەى شەهادەتى پێ بەدەست بهێنرێت ، ئەمە شتێكى مەحاڵە ، چونكە عيشق بە جۆرێك دڵ تێك دەدات كە لە هەموو تێكدانێكى تر خراپترە ، بەڵكو مەى و شەرابى ڕوحەو سەرخۆشى دەكات ، لە يادكردنەوەو خۆشويستنى خواى تعالى و، چێژ وەرگرتن لە ڕازونيازى و(المناجاة) ، پێ شادومانبوونى دورى دەخاتەوە ، وادەكات دڵ بەندايەتى يەكێكى ديكەى جگە لە خواى تعالى بكات ، چونكە دڵى عاشق بەندايەتى خۆشەويستەكەى دەكات ، بەڵكو عيشق ناوكرۆكى بەندايەتيە ، شيوەى تەواوى بێكەموكوڕى سەرشۆڕى و ، خۆشويستن و ، ملكەچى و بەگەورەدانانە ، باشە ئەو دڵەى بەندايەتى بۆ يەكێكى ديكەى جگە لە پەروەردگار دەكات ، چۆن پلەى بەڕێزانى يەكتاپەرستان و داناو زاناو ، وەلى يە تايبەتيەكانى خواى پێ بەدەست بهێنرێت ، بۆيە ئەگەر (إسناد)ى ئەم فەرموودە وەكو ڕۆژ بوايە ، تەنها هەڵەو خەياڵ و ئەندێشە دەبوو ، هەرگيز لە هيچ فەرموودەيەكى (صحيح)دا ووشەى عيشق لە پێغەمبەرى خواوە ﷺ جێگير نەبووە ·

پاشان عيشق حەرام و ، حەلاڵى هەيە ، كەوابوو مرۆڤ نابێ گومانى وابەرێت كە پێغەمبەرى خوا ﷺ حوكم بەسەر هەموو عاشقێكدا دەدا بەشەهيدبوون ئەگەر نهێنى پاراست

---

[٤٠٣] _ هاوەڵ پەيداكردنى خۆشەويستى (شرك المحبة) : واتە لە گەڵ خواى پەروەردگاردا يەكێكى ترى خۆشبوێت وەكو خۆشويستنى بۆ خواى تعالى يا لەو توندترو زياتر ، ئەمە هەوڵ پەيداكردنى گەورەيە ، خواى تعالى لەم بارەوە دەفەرمێت : [وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ ﴾[البقرة : ١٦٥] واتە : ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ ﴾ وە كەسانى وا هەيە لە خەڵكى ﴿ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا ﴾ كە هاوبەشى زۆر بۆ خوا پەيدا دەكەن﴿ يُحِبُّونَهُمْ ﴾خۆشيان دەوێن ﴿ كَحُبِّ اللَّهِ ﴾ وەكو خۆشەويستى (ئيمانداران بۆ) خوا ﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ ﴾ بەڵام ئەوانەى بڕوايان هێناوە زۆر زياتر خوايان خۆش دەوێت _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان ، بڕوانە : الإعلام بتوضيح نوقض الإسلام ، وەرگێڕ ·

و له كردارى نەشياو خۆى پاراست و ئارامى گرت ، بۆيە نابىٚ بيروباوەڕت وابىٚ كە هەركەس ژنێكى خۆشويست ، ياخود عيشقى لاوە مـوو دەرنەهاتووەكان بوو ، ياخود عاشقى ژنانى داوێن پيس بوو ، بەو عيشقە پلەى شەهادەتى دەستگير دەبىٚ ، چونكە پێچەوانەى زانراوە بەڵگەنەويستەكانى ئاينە ٠

لەبەر ئەوەى عيشق نەخۆشيەكە لە نەخۆشيەكان و خواى تعالى دەرمانى بۆ داناوە لە هەردوو لايەنى شەرعى و چارەنوسيشەوە ، بۆيە خۆچارەسەركردن لە نەخۆشى عيشق يا(واجب)ە ئەگەر عيشقەكە حەرام بێت ، وەياخود (مُسْتَحَب)ە واتە سوونەتە ٠

ئەگەر تەماشايەكى ئەو نەخۆشى و بەڵايانە بكەيت كەوا پێغەمبەرى خوا ﷺ حوكمى بەسەر تووشبوانيدا داوە بە شەهيدى ، دەبينيت لەو نەخۆشيانەيە كە چارەسەرى نى يە وەكو تووشبوانى چاوەقوڵەو ، نەخۆشيەكانى سك و ، شێتى و ، سووتاوى ، خنكاوى و ، مردنى ژن بەسەر منداڵەوە ، چونكە بەڵاگەلێكە لە لايەن خواى پەروەردگارەوەو بەندە هيچ دەستێكى لە بونيدا نى يەو ، چارەسەرى نى يە ، هۆكارەكانى دروستبونيشى حەرام نى يە ، وەناشبێت بەهۆى تێكدانى دڵ و ، پەرستنى شتى ديكەى جگە لە خواى تعالى ، وەكو ئەوەى عيشق دروستى دەكات ٠ ئەگەر هەموو ئەمانەى سەرەوەى بەلاوە بەس نەبوو بۆ پووچ كردنەوەى ئەم فەرموودەو گەڕانەوەى بۆ پێغەمبەرى خوا ﷺ با چاولێكەرى زانايانى فەرموودەناس بكات ، ئەوانەى شارەزان بە فەرموودەو زەدەكانى (علله) ، ئەوجا بۆى ئاشكرا دەبىٚ كە هەرگيز پێشەوايەك نەبووە شايەتى بۆ (صحيح)بوون ، ياخود (حسن) بوونى ئەم فەرموودەيە بدات ، چونكە زانايان سەرزەنشت و نكوڵيان لە (سُويد) كردووە سەبارەت بە گێڕانەوەى ئەم فەرموودەيەو ، لەبەر ئەمەش بە دروستكردنى بەڵاى گەورەو مەزن تاونباريان كردووە ، تا ئەو ئاستەى هەنديكيان غزاكردنى ئەم پياوەيان بەحەڵاڵ داناوە " لەبەر ئەم فەرموودەيە ٠ پێشەوا (أبو أحمد)ى كوڕى (عَدِيٍّ) لە (الكامل)دا فەرموويەتى : ئەم فەرموودەيە يەكێكە لەوانەى سەرزەنشت و نكوڵى لە (سُويد) كراوە بە گێڕانەوەى ،

هەروەها پێشەوا (البيهقي)یش فەرموویەتی : ئەم فەرموودە لەوانەیە کە سەرزەنشت و نکۆڵیی لە (سوید) دەکرێت بە گێڕانەوەی ، هەروەها (أبوطاهر) لە (الذخيرة)دا هەمان شتی باسکردووە ، پێشەوا (الحاكم)یش لە (تاريخ نيسابور)دا ئەم فەرموودە باس دەکات و دەفەرمێت : من لەم فەرموودەیە سەرم سوڕدەمێنێ ، چونکە لە کەسێکی ترەوە باس نەکراوە جگە لە (سُوید) ، کە کەسێکی باوەڕپێکراوە ، پێشەوا (أبوالفرج)ی کوڕی (الجوزي) لە کتێبی (الموضوعات)دا باسی کردووە ، (أبو الأزرق) یەکەم جار لە (سُوید)ەوە بەرزی دەکردەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵام لەو بارەوە سەرزەنشت کرا ، بۆیە ناوی پێغەمبەری خوای ﷺ لابردو چیتر لە (ابن عباس) _ خوا لە خۆی و بابیشی ڕازی بێت _ تێپەڕ نەدەبوو ٠

لەو کارەساتانەی تەحەموول ناکرێت ئەوەیە کە ئەم فەرموودەیە بکرێت بە فەرموودەی (هشام)ی کوڕی (عروة) ، لە بابیەوە ، لە (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ٠ ئەوەی کەمترین شارەزای لە فەرموودەو زەدەکانیدا هەبێ ، هەرگیز ئەمە تەحەموول ناکات ، هەروەها ناگونجێت لە فەرموودەکانی (الماجشُون) بێت ، لە (ابن أبي حازم)ەوە ، لە (أبي نَجيح)ەوە ، لە (مجاهد)ەوە ، لە (ابن عباس)ەوە _ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، هەروەها (موقوف)یشی لە سەر (ابن عباس) _ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ پێویستی بە تێڕوانینە ، خەڵکی (سُوید)ی کوڕی (سعيد)یان بە بەڵاو کارەساتی گەورە تاوانبار کردووە ، هەروەها (يحيى)ی کوڕی (مَعين) سەرزەنشتی (سُوید) دەکات و دەفەرمێت : کەسێکی نامەردی درۆزەنە ، ئەگەر ئەسپێك و ڕمێکم بوایە غەزام دەکرد ، پێشەوا (أحمد)ی کوڕی (حنبل) دەفەرمێت : (متروك الحديث) ، پێشەوا (النسائي) دەفەرمێت : (ليس بثقة) ، پێشەوا (البخاري) فەرموویەتی : کوێربوو کەسانی تر فەرموودەی تریان پێ دەگوتەوە هی خۆی نەبوو ، پێشەوا (ابن حبان) فەرموویەتی : فەرموودەی (المعضل)ی لە کەسانی باوەڕپێکراوەوە باس دەکرد ، بۆیە پێویستە فەرموودەکانی پشت گوێ بخرێت ٠

چاكترين ئەو گوفتارانەش كە دەربارەی (سُويد) گوتراوە گوفتاری (أبوحاتم الرازي)ە
ە فەرموويەتی : (إنه صدوق كثير التدليس) ، هەروەها گوفتارەكەی پێشەوا (الدَّارَقُطنيِّ
ە كە فەرموويەتی : كەسێكی باوەڕپێكراوە بەڵام كە بەتەمەن بوو پێدەچیَ فەرموودەی
يان بۆ باسكردايە هەندیَ (النكارة)ی تێدا بوايە ، كەچی ڕێی پیَ دەدا · تەواوبوو ·

وە پێشەوا (مسلم)یان عەيبدار دەكرد كە هەڵدەستا بە (تخريج)كردنی فەموودەكانی (
ـويد)و ، ئەوەش حاڵ وباری بوو ، بەڵام ئيمامی (مسلم) ئەو فەرموودانەی لێوە
ەگێڕايەوە كە كەسانی تر (متابعة)يان كردبیَ و ، تەنهاش نەبوبێتەوە لە گێڕانەوەيداو ، وە
ەرموودەيەكی (منكر)و (شاذ)يش نەبێت بە پێچەوانەی ئەم فەرموودەيە · والله أعلم ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاراستنی تەندروستيدا بە خۆبۆنخۆشكردن :

بۆنی خۆش خۆراكی ڕوحەو ، ڕوحيش ئەوەيە كە هەموو هێزەكانی لەسەر سوار دەكرێت ،
ێزەكانيش بە بۆنی خۆش زياد دەكەن ، زۆريش بەسوودە بۆ مێشك و دڵ و ، هەموو ئەندامە
وەكيەكانی تر ، دڵ شادومان دەكات ، خۆشی بە نەفس دەدات و ، ڕوح فراوان دەكات و ،
سترين شتە بۆ ڕوح و ، لە هەموو شتێكيش بۆی لە بارترەو ، لە نێوان ئەو و ڕوحدا
ەيوەنديەكی نزيك هەيە ، لەبەر هەموو ئەو هۆيانەی سەرەوە بۆنی خۆش يەكێك بوو لە دوو
ۆشەويستەكەی دونيا بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ

وفي صحيح البخاري : أنه ﷺ كان لا يَرُدُ الطِّيبَ([404]).

واتە : بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆنی خۆشی نەدەگەڕاندەوە ·

[404] ـ صحيح : أخرجه البخاري (٣ / ٢٠٥) ، (٧ / ٢١١) عن عروة بن ثابت عن ثمامة عن أنس فذكره

وفي صحيح مسلم عنه ﷺ : ((من عُرِضَ عليه رَيْحانٌ ، فلا يَرُدَّهُ فإنه طَيِّبُ الرِّيح ، خَفيفُ المَحْمَلِ))([405]).

واته : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى : ((هەركەس رەيحانەى درايە ، با نەيگەڕێنێتەوە چونكە بۆنى خۆشەو ، هەلگرتنیشى سووكە)) .

وفي سنن أبي داود والنسائي ، عن أبي هريرة _ رضي الله عنه _ ، عن النبيِّ ﷺ: ((مَنْ عُرِضَ عليه طِيبٌ ، فلا يَرُدَّهُ ، فإنَّه خَفيفُ المَحْمَلِ طَيِّبُ الرَّائحةِ))([406]) .

واته : له (أبي هُريرة)ەوە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ ، له پێغەمبەرى خواوە ﷺ فەرموويەتى : ((هەركەس بۆنى خۆش درايە ، با نەيگەڕێنێتەوە ، چونكە هەلگرتنى سووكەو بۆنيشى خۆشە)) .

وفي مسند البزّار : عن النَبيِّ ﷺ أنَّه قال : ((إنَّ الله طَيِّبٌ يُحِبُّ الطِّيبَ ، نَظيفٌ يُحِبُّ النَّظَافَةَ ، كَرِيمٌ يُحِبُّ الْكَرَمَ ، جَوَّادٌ يُحِبُّ الْجُودَ ، فَنَظِّفُوا أفناءكُم و ساحاتكُم ، ولاَ تَشَبَّهُوا بِالْيَهُودِ يجمعُونَ الأُكُبّ في دورهم))([407]).

واته له (مسند)ى (البَّزار)دا هاتووه : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى : خواى تعالى چاكەو حەزى به بۆنى خۆشه ، پاكەو پاكى خۆش دەوىٚ ، ميهرەبانەو ميهرەبانى خۆش دەوىٚ ، بەخشندەيەو بەخشندەى خۆش دەوىٚ ، حەوشەو كۆڕەپانەكانتان پاك بكەنەوەو ، خۆتان به جولەكەكان مەچوێنن كه خۆلّ و خاشاكەكەيان له ڕێگەكانياندا كۆدەكەنەوە .

---

[405] _ صحيح : أخرجه مسلم (٧ / ٤٨) عن الأعرج عن أبي هريرة فذكره .

[406] _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٤١٧٢) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٦٣٩٣) .

[407] _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (٢٨٠٠) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (١٦١٦) .

(ابن أبي شيبة) دەگێڕێتەوە : كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ جۆرێك لە بۆنی خۆشی هەبوو خۆی پێ بۆنخۆش دەكرد ·

وَصَحّ عَنْهُ أنّهُ قَالَ : ((إنّ لِلّهِ حَقّا عَلَى كُلّ مُسْلِمٍ أنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلّ سَبْعَةِ أيّامٍ ، وَإنْ كَانَ لَهُ طِيبٌ أنْ يَمَسّ مِنْه))([408]).

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : ((خوای تعالی مافی بەسەر هەموو موسڵمانێكەوە هەیە كەوا لە هەر حەوت ڕۆژدا خۆی بشوات و ، ئەگەر بۆنی خۆشیشی هەبوو خۆی پێ بۆنخۆش بكات)) ·

بۆنی خۆش چەندین خاسیەتی تێدایە ، لەوانە پەریەكان خۆشیان دەوێ ، شەیتانەكان لێی دوردەكەونەوە ، چونكە خۆشترین شت بەلایانەوە بۆنی ناخۆشی بەدڕنە ، ڕوحە چاكەكان بۆنی خۆشیان خۆش دەوێ و ، ڕوحە پیسەكانیش بۆنە ناخۆشەكانیان بەلاوە خۆشە ، بۆیە هەموو ڕوحێك هەواداری گونجاوی خۆیەتی ، ئافرەتانی ناپاك بۆ پیاوانی ناپاك ، پیاوە پیسەكان بۆ ئافرەتە پیسەكان ، ئافرەتە پاكەكان بۆ پیاوە پاكەكان ، وە پیاوە پاكەكان بۆ ئافرەتە پاكەكان ، هەرچەند ئەم گوفتارە بۆ پیاوان و ئافرەتانە ، بەڵام كردەوەو گوفتارەكان و ، خواردن و خواردنەوەكان و ، پۆشاك و بۆنەكانیش دەگرێتەوە ، یا بە گشتێتی گوفتار (عموم لفظه) ، یا بەگشتێتی ماناكەی ·

---

[408] _ صحيح : أخرجه البخاري (٢ / ٣) ، ومسلم (٣ / ٣) كلاهما عن عمرو بن سليم عن أبي سعيد الخدري ·

بەشێك : سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ له پاراستنی تەندروستی چاودا :

روى أبوداود في سننه : عن عبدالرحمن بن النُّعمان بن معبد بن هَوْذَةَ الأنصاري ، عن أبيه ، عن جده _ رضي الله عنه _ ، أنَّ رسولَ اللهِ ﷺ أمَرَ بِالإثمِدِ المُروَّحِ عِنْدَ النَّوْمِ وقال : ((لِيَتَّقِهِ الصَّائِمُ))([409]).

واته : له (عبدالرحمن)ی كوڕی (النُّعمان)ی كوڕی (معبد)ی كوڕی (هَوْذَةَ الأنصاري)وه ، له بابیەوه _ له باپیریەوه _ خوای لیٚ ڕازی بێت _ دەگێڕێتەوەو دەفەرمێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دا بەبەكارهێنانی كلی بۆنخۆشكراو بە میسك لە كاتی نووستنداو فەرمووی : ((با ڕۆژووان خۆی لیٚ بپارێزێت)) ٠

هەروەها پێشەوا (ابن ماجة) لە (سنن)ەكەیداو كەسانی تریش لـە (ابـن عبـاس)ەوە _ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ دەگێڕنـەوە فەرموویـەتی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ كلـدانێكی هەبوو چاوی پیٚ دەڕشت ، سیٚ جار بۆ هەر چاوێك ٠

وفي الترمذي : عن ابن عباس _ رضي الله عنهما _ ، قال : كان رسول الله ﷺ إذا اكتحل يجعلُ في اليمنَى ثلاثاً ، يبتدىء بها ، ويختم بها ، وفي اليُسْرى ثنتين([410]) .

[409] _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٢٣٧٧) ، وضعفه الألباني في الإرواء (٩٣٦) ٠

[410] _ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ٣٥٤) ، وعبد بن حميد (٥٧٣) ، وابن ماجة (٣٤٩٩) ، والترمذي (١٧٥٧) ، (٢٠٤٨) ، وفي الشمائل (٤٩) ، (٥٠) كلهم عن طريق عباد بن منصور عن عكرمة عن ابن عباس ٠

واته : له (ابن عباس)ەوه _ خوا له خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر چاوی بڕەشتایه سێ جار کلی دەکردە چاوی ڕاستی ، لەوەوە دەستی پێ دەکردو ، لەویشەوە کۆتایی پێ دەهێنا ، دوو جاریش بۆ چاوی چەپی ٠

وقد روى أبوداود عنه ﷺ: ((مَنْ اكتْتَحَلَ فلْيُوتِرْ))([411]).

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەرکەس چاوی ڕەشت با تاك بیڕێژێت)) ٠

باشه ئایا بەتاك ڕەشتن بۆ هەردوو چاوه ، سێ جار بۆ چاوی ڕاست و ، دوو جار بۆ چاوی چەپ ، وه چاوی ڕاست شایستەتر بێ بە دەست پێکردن و پێشخستن ، یاخود بەتاك ڕەشتنەکه بۆ هەر چاوێکه ، سێ جار بۆ چاوی ڕاست و ، سێ جاریش بۆ چاوی چەپ ، ئەمە دوو گوفتاری ئیمامی (أحمد)و کەسانی دیکەیە٠

کل تەندروستی چاو دەپارێزێت ، ئەو نورو ڕوناکیەی که هۆکاری بینینە بەهێزی دەکات ، پاکیان دەکاتەوه ، مادە خراپەکان نەرم و نیان دەکاتەوەو دەیانکاتە دەرەوە ، هەندێ جۆری کل جوانیەك دەبەخشێتە چاو ، کاتی نووستن سوودو چاکەکانی زیاتر دەبن ، چونکه ئەگەر کل بەکارهێنراو ، پاشان سرەوتن و لە جوڵەکەوتنی زیانبەخشی بەدواوەبوو ، سروشتیش کاری خۆی کرد ، ئەوا سودێکی زیاتر بەچاو دەبەخشێت ، کلی (الإثْمِد)یش لەو بارەوە خاسیەتێکی تایبەتی تێدایە ٠

وفي سنن ابن ماجة عن سالم ، عن أبيه يرفعه : ((عليكُمْ بالإثْمِد ، فإنَّه يَجْلُو البَصَر ، ويُنْبِتُ الشَّعرَ))([412]) ٠

واته : له (سالم)ەوه ، له بابیەوه له پێغەمبەری خواوه ﷺ فەرموویەتی : ((کلی (بالإثْمِد) بەکاربێنن ، چونکه بینین بەهێزو چاك دەکات و ، مووی برژانگ دەدەچێنێت)) ٠

---

[411] _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٥) ، وضعفه الألباني في الضعيفة (١٠٢٨) ٠

[412] _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٩٥) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٠٥٦) ٠

وفي ((كتاب أبي نعيم)) : ((فإنّهُ منبتةُ للشّعرِ مذهبةٌ للقذى مصفاةُ للبصر))([413])٠

واته له كتێبەکەی (أبي نُعيم) يشدا بەم شێوه هاتووه : ((دەرهێنەری مووه ، لابەری ریپۆقه ، پاکەرەوەی چاوه))٠

وفي سنن ابن ماجة أيضاً : عن ابن عباس _ رضي الله عنهما _ يرفعه : ((خيرُ أكْحالِكم الإثْمِد ، يجلُو البَصَرَ ، ويُنبت الشَّعرَ))([414]) واته : (ابن عباس) _ خوا لە خۆی وبابیشی رازی بێت _ لە فەرموودەیەکدا کە بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((خێرترین چاوڕشتنانان بە کلی (الإثْمِد)ە ، چونکە چاو بەهێز دەکات و ، مووی برژانگ دەدەچێنێ)) ٠

---

[413] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب (٢١٠٦) ٠

[414] _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٤٩٧) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣٣٠٥) ٠

بەشی سێ یەم

بەشێك : لە باسكردنی ئەو دەرمان و خۆراكە تاكانەدا كە لە زاری پێغەمبەری خواوە ﷺ پێمان گەشتووەو ڕیزكراوە بە پێی پیتە هیجائیەكان :

پیتی هەمزە (أ) :

إثْمد : بەردێكی كلی ڕەشە ، لە (أصبهان)ەوە دەهێنرێت و ، لە هەموو جۆرەكانی دیكەی چاكترە ، هەروەها لە ڕۆژئاواشەوە دەهێنرێت ، چاكترینیشی ئەوەیە كە زوو وورد دەبێ و ، ووردەكەشی تروسكەدارە ، ناوەكەشی نەرمولوسەو هیچ پیسیەكی تێدا نی یە ٠

میزاجی ساردی ووشكەو بۆ چاو بەسوودەو بەهێزی دەكات ، دەمارەكانی بەهێزو پتەو دەكات ، تەندروستی دەپارێزێت ، گۆشتی زیادی نێو برینەكان ناهێڵێت و سارێژی دەكاتەوە ، پیسیەكانی پاك دەكاتەوە ، بەهێزی دەكات ، ئەگەر لە گەڵ هەنگوینی ئاویی ڕووندا (العسل المائي الرقيق) بكرێتە چاو سەرئێشە ناهێڵێت ، ئەگەر كوتراو تێكەڵ بەهەندێ بەزی نەرم و تازە (الشحوم الطرية) كراو ، شوێنی سووتاوی تێهەڵسوێنرێت ، چینە ووشكەكەی بەسەرەوە دروست نابێت پاش سارێژبوونەوەی برینەكە ، هەروەها بەسوودە بۆ ئەو بڵق و تڵۆقانەی بەهۆیەوە دروست دەبێت ، باشترین كڵەكانی چاوە بەتایبەت بۆ مرۆڤە بەتەمەنەكان و ، ئەوانەی چاویان لاواز بووە ئەگەر كەمێك (المسك)ی تێكەڵ بكرێت ٠

أُتْرُج ([415]): ثبتَ في الصحيح عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أنّهُ قَالَ : ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذي يَقْرأُ الْقُرآنَ كَمَثَلِ الْأُتْرُجَّةِ ، طَعْمُهَا طَيِّبٌ وَرِيحُهَا طَيِّبٌ))([416]).

واتـه لـه فەرموودەیـەکی (صـحیح)دا پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی:((نموونـەی ئـەو بڕوادارەی قورئان دەخوێنێت ، وەکو نموونەی (أُتْرُج)ە، تامی خۆشەو ، بۆنیشی خۆشە)).

(أُتْرُج) سوودێکی زۆری تێدایە ، لە چوار شت پێکهاتووە ، توێکڵ ، ناوکـەرە ، ترشـی ، تۆو ، هەر دانەیەکیان میزاجێکی تایبەتی هەیە ، بۆیە توێکڵەکەی گەرمی ووشکە ، ناوکـەرەی گەرمی تەڕە ، ترشیەکەی ساردی ووشکە ، تۆوەکەی گەرمی ووشکە .

لە سوودەکانی توێکڵەکەی : ئەگەر لە نێو پۆشاکدا دابنرێت ئـەوا قەدەغـەی مۆرانـەی لـێ دەکات ، بۆنەکەی خراپی هەوا هەروەها درم چاك دەکـات ، ئەگـەر لـە دەمـدا ڕاگیرێت بـۆنی خۆش دەکات ، بای نێو سك شیی دەکاتەوە ، ئەگەر بکرێتە نێـو چێشـتەوە وەکـو بـەهارات ، یارمەتی هەرسکردن دەدات ، دانەری (القانون) دەڵێت :

گوشراوی توێکڵەکەی ئەگەر بخورێتەوە بۆ گەزتنی مار بەسوودە ، وە توێکڵەکەشـی وەکـو دەرمانێك دەخرێتە سەر برین ، سووتێنراوی توێکڵەکەی تـێ هەڵسویەکی باشـە بـۆ نەخۆشـی بەڵەکی . گوفتارەکانی تەواوبوو .

---

[415] ـ أترج : درەختێکە لە مزرەمەنیەکان ، درێژێکەی دەگاتە پێنج مەتر ، لق و گەڵاکانی نەرمن ، گوڵەکانی سپیەو ، بەرەکانی لە لیمۆ دەچێت بەڵام زۆر گەورەترە ، ڕەنگێکی پرتەقاڵی زێڕینی هەیە ، بۆنێکی خۆشی هەیەو ئاوەکەی ترشە . بڕوانە : ar.wikipedia.org/wik .

[416] ـ متفق عليه : أخرجه البخاري (٨ / ٥٩) ، ومسلم (٧٩٧) .

بەڵام ناوگەرەی : گەرمی نێو گەدە سووك دەكاتەوە ، بۆ تووشبوان بە (المِرَّة الصفراء) بەسوودە ، دامركێنەری هەڵمە گەرمەكانە . (الغافقي) دەڵێت : خواردنی ناوگەرەی بۆ تووشبوان بە نەخۆشی مایەسیری بەسوودە .

بەڵام ترشیەكەی : قەبزكارەو شكێنەری (الصفراء)ە ، هێمنكەرەوەی دڵ لێدانی خێرایە ، بەسوودە بۆ زەردووی وەكو خواردنەوەو وەكو چاو پێ ڕەشتنیشی ، ڕشانەوەی زەردوای دەوەستێنێت ، دڵكەرەوەیە بۆ خواردنی زیاتر ، هێمنكەرەوەیە بۆ سروشت ، بۆ تووشبوان بە نەخۆشی ڕەوانی زەرداوی بە سوودە ، گوشراوە ترشەكەی شەهوەت و ئارەزووكردنی كۆنترۆڵ نەكراو بەرامبەر بە ژنان (غلمة النساء) هێمن دەكاتەوە ، ئەگەر دەم و چاوی تێ هەڵسوی پەڵەكانی ناهێڵێت ، نەخۆشی ووشك هەڵاتو و قلێشانی پێست و نەمانی تووك و موو بەسەریەوە ناهێڵیت ، بەبەڵگەی لابردنی ئەو مەرەكەبەی دەكەوێتە سەر پۆشاك ، هەروەها هێزێكی نەرم و نیان كەرەوەو ، لابردن و نەهێڵان و ، ساردكەرەوەی تێدایە ، گەرمی جگەر دوكوژێنێتەوە ، گەدە بەهێز دەكات ، تیژی (المِرَّة الصفراء)و ، ئەو خەمەی بەهۆیەوە تووشی مرۆڤ دەبێت ناهێڵێت ، تینویەتی هێمن دەكاتەوە .

بەڵام تۆوەكەی : هێزێكی شیی كەرەوەی ووشكەرەوەی هەیە . (ابن ماسویة) دەڵێت : خاسیەتی تۆوەكەی بەسوودە بۆ ژەهرە كوشندەكان ئەگەر بە كێشی مسقاڵێك بخورێتەوەو توێكڵەكەی لابرابێت بە ئاوێكی شلەتێن ، بە كوڵاندن ڕووبێكی بە سوودی هەیە ئەگەر بكوترێت و بخرێتە شوێنی گەزتنەوە ، بۆی بەسوود دەبێ ، بۆن و بەرام خۆش دەكات و ، زۆربەی ئەم كارنەش لە توێكڵەكەیدایە .

كەسانی دیكەش گوتویانە : خاسیەتی تۆوەكەی بۆ پێوەدانی دووپشك بە سوودە ، ئەگەر بەكێشی دوو مسقاڵ بخورێتەوەو توێكڵەكەی لابرابێت لە ئاوێكی شلەتێندا ، هەروەها ئەگەر كوتراو خرایە سەر جێگەی گەزتن بە سوود دەبێ .

كەسانی تریش گوتویانە : تۆوەكەی بەسوودە بۆ تێكڕای ژەهەرەكان ، هەروەها بەسوودە بۆ گەتنی تێكڕای جانەوەران ·

باسكراوە كەوا یەكێك لە كیسراكان توورەبوو بەرامبەر بە كۆمەڵێك لە پزیشكان و ، فەرمانیدا بخرێنە بەندیخانەوەو ، سەرپشكی كردن پێخۆرێك هەڵبژێرن و لەوە زیاتریان نادرێتی ، ئەوانیش(أُتْرُج)یان هەڵبژارد ، پێیان گوترا : بۆ ئەمەتان لە جێگەی هەموو خواردنەكانی تر هەڵبژارد ؟ ئەوانیش گوتیان : چونكە لە باری ئێستادا ڕەیحانە ، دیمەنی دڵخۆشكارە ، توێكڵەكەی بۆنی خۆشە ، ناوگەرەی میوەیە ، ترشەكەی پێخۆرە ، تۆوەكەی دژەژەهرە ، چەوریشی تێدایە ·

بۆیە شتێك ئەمە سوودەكانی بێت بەڕاستی شایستەیە كەوا پاڵاوتەو پوختی بونەوەرانی پێ بچوێنرێت ، ئەویش ئەو بڕوادارەیە كە قورئان دەخوێنێت ، كەسانێكی پێشینی چاك حەزیان دەكرد تەماشای بكەن چونكە تەماشاكردنی دیمەنەكەی دڵ خۆشی دەكردن ·

أُرُز : واتە : برنج ، دوو فەرموودەی پوچی (موضوع)ی لە بارەوە هاتووە :

یەكەمیان : بەڕاستی ئەگەر پیاو بوایە ، میهرەبان دەبوو ·

دووەم : هەموو شتێك لە زەوی دەرهاتبێ نەخۆشی و دەرمانێكی تێدایە جگە لە برنج : بەڕاستی شیفایەو نەخۆشی تێدا نیە · لێرەدا ئەم دوو فەرموودەیەمان باس كردوە بۆ ئاگاداركرنەوە نەوەكو بدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ·

دوای ئەوەش برنج گەرمی ووشكە ، لە دوای گەنم چاكترین خۆراكە ، خەڵتەیەكی چاك دروست دەكات ، سك توند دەكات بە توندكردنێكی كەم ، گەدە بەهێز دەكات ، خۆشەی دەكات و ، تیایدا دەمێنێتەوە ، پزیشكە هندیەكان وارادەگەینن كە چاكترین و بەسوودترین

خۆراكه ئەگەر بە شیری مانگاوه لێنرا ، جەستە بەفرو چاك دەكات ، تۆماوی نێرینە زۆر دەكات ، خۆراكیكی چاك بە جەستە دەبەخشێت ، ڕەنگ ڕوون دەكاتەوە ٠

أرْزٌ ، بفتح الهمزة وسكون الراء ، واته : درەختی كاژ : پێغەمبەری خوا ﷺ لەم فەرموودەیەدا باسی كردووه : ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِ كَمَثَلِ الْخَامَةِ مِنَ الزَّرْعِ ، تُفَيِّئُهَا الرِّيَاحُ ، تُقيمُها مَرَّةً ، وتُميلُها أُخْرَى ، وَمَثَلُ الْكَافِرِ مَثَلُ الأَرْزَةِ التي لا تزَالُ قائِمةً عَلَى أصْلِهَا حَتَّى يَكُونَ انْجِعافُهَا مَرَّةً وَاحِدَةً))([417]) ٠

واته : ((نموونەی بڕوادار نموونەی ڕوەكێكی تەڕو پاراوه ، با دەیجوڵێنێت ، جاریٚ ڕاستی دەكاتەوەو ، جارێكیش لاری دەكاتەوه ، نموونەی كەسی دووڕووش نموونەی درختێكی كاژه كه بەردەوام له سەر بنەڕەتەكەی سەقامگیره تا بەیەك جار له ڕیشه هەڵدەكەنرێت)) ٠

تۆووی كاژ گەرمی شێداره ، خاسیەتەكانی پێگەیاندن و نەرم كردنەوەو ، شیی كردنەوەی تێدایە ، هەروەها سیفەتی چوزانەوەی تێدایە بەڵام بە خوساندنی لە ئاودا لادەچێت ، دەڕێگ هەرسە ، خۆراكێكی زۆر دەبەخشێت ، بۆ كۆكە باشە ، شیٚ و تەڕیەكانی كۆئەندامی هەناسە پاك دەكاتەوه ، تۆماوی نێرینە زۆر دەكات ، ژانە سك دروست دەكات و ، دەرمانەكەشی هەناری مزره كه چاكی دەكات ٠

إذْخِرٌ : ثبت في الصحيح ، عنه ﷺ أنه قال في مكةَ : لا يُختَلَى خَلاهَا ، فقال له العباس _ رضي الله عنه : إلا الإذخِر يا رسولَ الله فإنه لِقَيْنِهم ولبيوتهم ، فقال : إلا الإذخِر([418]) ٠

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە مەككە فەرمووی : ڕووەكی تەڕی نابڕدرێت ، (عباس) _ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ پێی فەرموو : جگە لە (ألإذخِرْ) ئەی

---

[417] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠ / ٩٢) ، ومسلم (٢٨١٠) ٠

[418] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٤ / ٤٠) ، ومسلم (١٣٥٣) ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە بۆ ماڵ و بۆ پیشەسازیەکانیانە ، ئەویش فەرمووی : جگە لە (الإذخِرْ) ٠

(الإذخِرْ) گەرمە لە دووەمدا ، ووشکە لە یەکەمدا ، نەرم ونیانە و کونیلە داخراوەکان و ، دەمی ڕەگەکان دەکاتەوە ، مێزو خوێنی بێنوێژی زۆر دەکات ، بەرد وەرد دەکات ، ئاوسانی ڕەقی نێو گەدەو جگەرو گورچیلە شیی دەکاتەوە بەخواردنەوەو بەخستنەسەرو بەپێچانیش ، ڕیشەکانیشی کوڵەکەی ددان و گەدە بەهێز دەکات ، دڵ تێکەڵ هاتن هێمن دەکاتەوە ، سك دەگرێتەوە ٠

پیتی باء (ب) :

بطیخ ، واتە : کاڵەك : روی أبوداود والترمذي ، عن النبيِّ ﷺ، أنه كان يأكل البِطيخَ بالرُّطَبِ ، يقول : نَكْسِرُ حَرَّ هَذا بِبَرْدِ هذا ، وبَرْدَ هَذا بِحَرِّ هذا([419]).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ کاڵەك و خورمای ڕوتابی تازەپێگەیوی بەیەکەوە دەخوارد ، دەیفەرموو : گەرمی ئەمە بەسەردی ئەمە دەشکێنین و ، سەردی ئەمەش بە گەرمی ئەمە ٠

سەبارەت بە کاڵەك چەند فەرموودەیەك هاتووە جگە لەم فەرموودەیە ئەوانی تر (صحيح) نین ، مەبەستیش بەکاڵەك جۆرە سەوزەکەیەتی ، ساردی تەڕوشێدارە ، پاك کەرەوەیە ، بەبەراوردی کالیارو خەیار زۆر بەخێرای لە گەدەوە لێژ دەبێتەوە ، زۆر بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ هەر تێکەڵاوێك ڕێکەوتی بێت لە گەدەدا ، ئەگەر کەسێك تای هەبێ و بیخوات سودێکی زۆری لێ دەبینێت ، بۆ ئەو کەسەش پلەی گەرمی جەستەی دابەزیووەو سەرمای بووە ئەگەر کەمێك زەنجەفیل و بەو هاوشێوانەی تێکەڵ بکات زیانی نابێت ، پێویستە پێش خۆراك بخورێت و ، پاشان خۆراکەکە بخورێت ، ئەگینا تووشی دڵ تێکەڵ هاتن و ڕشانەوە دەبێت.

[419] ــ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٣٨٣٦) ، والترمذي (١٨٤٤) ، وصححه الألباني في الصحيحة (٥٧) ٠

كەسانێك لە دانایان دەڵێن : ئەگەر پێش خۆراك بخورێت سك بەجوانی دەشواتەوەو ، لە بنەڕەتەوە نەخۆشیەكە ناهێڵێت ·

بَلَحٌ، واتە : خورمای پێنەگەیو ، روى النسائي وابن ماجة في سننهما : من حديث هشام بن عروة ، عن أبيه ، عن عائشة _ رضي الله عنهما _ قالت : قال رسول الله ﷺ : كُلُوا البلحَ بالتَّمرِ ، فإنَّ الشيطانَ إذا نظرَ إلى ابن آدمَ يأكُلُ البَلَحَ بالتَمرِ يقولُ : بَقِيَ ابنُ آدمَ حتى أكلَ الحَديثَ بالعَتَيق ([420]).

واتە : لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : خورمای پێنەگەیو بە خورماوە بخۆن ، چونكە ئەگەر شەیتان تەماشای نەوەی ئادەم بكات كە خورمای پێنەگەیو بە خورماوە دەخوات دەڵێت : نەوەی ئادەم مایەوە تا نوێی بە كۆنەوە خوارد ·

لە (ریوایە)تێكی تریشدا : كُلُوا البَلَحَ بالتَّمرِ ، فإنَّ الشَّيطانَ يحزَنُ إذا رأى ابنَ آدمَ يأكُلُهُ يقولُ : عاشَ ابنُ آدمَ حتى أكل الجَديَدَ بالخَلَقِ · رواه البزار في مسنده ، وهذا لفظه ، واتە : شەیتان دڵگران دەبێ ئەگەر تەماشای نەوەی ئادەم بكات ئەو دوانە بەیەكەوە دەخوات و دەڵێت : نەوەی ئادەم ژیا تاوەكو نوێی بە كۆنەوە خوارد·

دەڵێم _ ابن القيم _ (باء)ی ووشەی (بِالتَّمر) بەمانای : لەگەڵ دێت ، واتە : ئەمە لەگەڵ ئەمەدا بخۆن· هەندێ لە پزیشكە موسڵمانەكان گوتویانە : لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی داوە بە خواردنی خورمانی پێنەگەیوو بە خورماوە ، چونكە خورمای پێنەگەیو ساردی ووشكەو ، خورماش گەرمی تەڕوشێدارەو ، هەردوكیان یەكتر چاك دەكەنەوە ، بەڵام فەرمانی نەداوە بە خواردنی ئەو خورمایەی تازە شیرینی تێكەوتووە (البُسر) بە خورماوە ،

---

[420] _ موضوع : أخرجه ابن ماجة (٣٣٣٠) ، وضعفه الألباني في الضعيفة (٢٣١) ، بلفظ : (الجديد بالخلق)

چونكه هەریەكێكیان گەرمن ، ئەگەرچی خورما گەرمی زۆرتـره ، چـونكه لـه ڕووی پزیشكەوه نابێ نێوان دوو گەرم یاخود دوو سارد كۆبكرێتەوه ، وەكو پێشتریش ئاماژەی پێدراوه ٠

ئەم فەرموودەیە : ڕاستێتی بنچینەی پیشەسازی پزیشـكیتێمان بـۆ ڕوون دەكاتـەوه ، لـه گەڵ چاودێریكردنی ئەو چارەسازیەی بەكاردێت و چاكە بۆ دورخستنەوەی چۆنیەتی خـۆراك و دەرمانەكان هەندێكیان بە هەندێكی تر ، له گەڵ چاودێری كردنی ئـەو یاسـا پزیشـكێتیەی كـه تەندروستی پێ دەپارێزرێت ٠

خورمـای پێنەگـەیوو (الـبلح) سـاردی و ووشـكێتی تێدایـەو ، بـۆ دەم و پـووك و گـەدە بەسوودە ، بەڵام بۆ سنگ و سییەكان باش نی یە بـەهۆی ئـەو زبـری و ڕقیـەی تیایدایـه ، لـه گـەدەدا خـاوەو خـۆراك بەخشـینی كەمـه ، خورمـای پێنەگـەیوی دارە خورمـا (بلـح) وەكـو بەرسیلەی (الحِصْرِم) درەختی تـرێ یـه ، كـه هـەردوكیان بـاو ، قۆڕەقـۆڕەو ، سـك ئاوسـان دروست دەكەن ، بەتایبەت ئەگەر ئاویان بەسەردا خورایەوه ، بۆ دورخسـتنەوەی ئـەو زیانانـه خورما ، یاخود هەنگوێن یاخود كەرەی له گەڵدا دەخورێت ٠

<u>بُسْرٌ</u> : ثبت في الصحيح : أنَّ أباهيثم بن التَّيهان ، لما ضافه النبيُّ وأبوبكر وعمر _ رضي الله عنهما _ ، جاءهم بِعذْقٍ _ وهو من النخلة كالعُنقُودِ من العنب _ فقال له : هلا انتقَيتَ لنا من رُطَبِهِ فقال : أحببتُ أن تَنْتَقُوا من بُسرهِ ورُطَبِهِ([٤٢١]).

واته : له فەرموودەی (صحیح)دا هاتووه : كاتێك كه پێغەمبەری خوا ﷺ بەهاوڵێتی (أبوبكر) و (عمر) بوون به میوانی (أبا الهیثم)ی كوڕی (التَّیهان) ، هێشویەكی فەریكە خورمای بۆ هێنان و داینا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بۆ خورمای پێگەشتوت بۆ

---

[٤٢١] _ إسناده صحيح : أخرجه الترمذي (٣٣٧٠) ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي (١٩٣١) ٠

هەڵنەبژاردوین گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ویستم بە ئارەزووی خۆتان لەو خورمایەی تازە شیرینی تێکەوتووەو (بُسرە) لە خورما ڕوتابە پێگەیووەکەی هەڵبژێرن ٠

خورمای تازە شیرینی تێکەوتوو (البُسر) گەرمی ووشکە ، ووشکیەکەی لە گەرمیەکەی زۆرترە ، شیٚ و تەڕی ووشك دەکاتەوە ، گەدە خۆشە دەکات ، قەبزبوون دروست دەکات ، بۆ دەم و پووك باشە ، بەسوودتریشنیشی ئەوەیە کە نەرم و شیرینە ، بەڵام زۆر خواردنی هەردوو جۆری خورمای پێنەگەیو و ئەوەی کە تازە شیرینی تێکەوتووە لە هەناودا کونیلە دەبەستن ٠

البَيْضُ ، واتە : هێلکە ، پێشەوا (البیهقي) لە کتێبی (شُعَبِ الإیمان)دا (أثر)ێکی (مرفوع) باس دەکات : کەوا پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران سکاڵای لاوازیی بردە لای خوای تعالى ، ئەویوو فەرمانی پێدا هێلکە بخوات ٠ بەڵام (صحیح)ی (أثر)ەکە جێگەی تێڕوانینە ٠

لە هێلکەدا نویٚ هەڵدەبژێردرێت بەسەر کۆنداو ، هێلکەی مریشك بەسەر تێکڕای باڵندەکانی دیکەدا ، مام ناوەندەو کەمێك مەیلی ساردی دەکات ٠

دانەری کتێبی (القانون) دەڵێت : زەردینەی هێلکە : گەرمی تەڕو شێدارەو ، خوێنێکی تەندروستی چاك دروست دەکات و ، خۆراکێکی کەم دەبەخشێت ، ئەگەر نەرم بیٚ بەخێرایی لە گەدەوە لیژ دەبێتەوە ٠

کەسانی دیکەش گوتویانە : زەردێنەی هێلکە : دامرکێنی ئازارە ، سافکاری گەرو و بۆڕی سیی یەکانە ، بۆ گەرو و کۆکەو برینەکانی سیی و گورچیلەو میزڵدان بەسوودە ، زبری ناهێڵێت ، بەتایبەت ئەگەر لە گەڵ ڕۆنی بادەمی شیریندا (دهن اللوز الحلو) بەکارهێنرا ، پێکەیەنەری خەڵتەکانی سنگە ، نەرمیان دەکاتەوە ، زبری گەرو نەرم دەکاتەوە ، سپینەی هێلکە ئەگەر بکرێتە چاوێکی ئاوساوی گەرمی بەئازار ، ساردی دەکاتەوەو ، ئازارەکەی

دادەمركێنێت ، ئەگەر جێگەی سوتاوی تێهەڵسوێنرێت، تلۆقـەو بلۆقـی ئـاوی دروسـت ناكـات ، ئەگەر دەم و چاوی تێهەڵسوێنرێت ناهێڵێت بەهۆی گەرمی هەتاوەوە بسوتێت ، ئەگەر لە گـەڵ (الكُنْدُر)دا([٤٢٢]) تێكەڵ كراو نێوچاوانی تێهەڵسوێنرا ، بۆ سەرماو هەڵامەت بەسوودە ٠

دانەری كتێبی (القانون) لە ڕیزی دەرمانەكانی دڵدا باسی كـردووەو ، پاشـان گوتویـەتی : ئەگەرچی لە دەرمانە ڕەهاكان نی یە بەڵام كارێكی زۆر لە بـەهێزكردنی دڵ دەكـات ، دەڵێـت : مەبەستم زەردێنەكەیەتی ، ئەوەش بۆ سێ هۆكـار دەگەڕێتـەوە : خێـرا گـۆڕینی بـۆ خـوێن ، كەمی پاشماوەی ، ئەو خوێنەی لێی دروست دەبێ چونیەكی ئەو خوێنەیە كە دەچـێت بـۆ دڵ و سـووكەو بـە پەلـە تێكـەڵی دەبـێ ، بۆیـە گونجـاوترین شـتێكە كـە ڕووی بـە ڕووی ئـەو نەخۆشیانە دەكرێتەوە كە گەوهەری ڕوح و خوێن شیی دەكەنەوە ٠

بَصَلٌ ، واتە : پیاز ، روى أبوداود في سننه : عن عائشة _ رضي الله عنها ، أنها سُئِلَتْ عن البصل ، فقالت : إنَّ آخرَ طعام أكلَهُ رسولُ الله ﷺ كان فيه بَصَل([٤٢٣])

[٤٢٢] _ الكُندُر : ناوی كەتیرەی درەختۆكەیەكی دڕكاویە نزیكەی دوو مەتر بەرز دەبێتەوە ، گەڵاو دەنكی زۆر لە مۆرد دەچێ ، لە شوێنی گەرم دەڕوێت وەكو وەڵاتەكانی عەممان و یەمەن ، باشترین جۆری ئەوەیە كە تازەو نەرم بێت ، ڕووی دەرەوەی سپی دیارەو بە ئاسانی ناشكێ ، كەشكاندت ناوەكەی چەسپی ڕەنگ زەردی زێرپە ، یەكێكی تر لە نیشانەكانی (الكُندُر)ی پوخت ئەوەیە كە بەجوانی دەسوتێ ، بەڵام ئەوەی كە كتیرەی عەرەبی و صنەوبەری تێكەڵ كرابێت ناسوتێت ، هەرچی كەتیرەی عەرەبیە ناسوتێ و كەتیرەی صنەوبەریش تەنها دوكەڵ دەكات و گڕ ناگرێت ٠ بەم جۆرە بەكار دێت : سەرەتا لە نێو ئارەقی ڕازیانە بخوسێ ئەگەر دەتەوێت لە گەڵ مەڵحەمی بخەیت ئەوا لە ناو سركەدا بیخوسێنە ٠ كە بەتەنها بخورێ دوو تاوەكو پێنج گرام بۆ یەكجارە ، بڕوانە كتێبی : سروشت و تەندروستی ، صالح عبدالله ابراهیم ٠ وەرگێڕ ٠

[٤٢٣] _ حسن : أخرجه أحمد (٦ / ٨٩) ، وأبوداود (٣٨٢٩) ، كلهم عن أبي زياد خيار بن سلمة عن عائشة فذكرته ٠

واته : سەبارەت بە پیاز لە خاتوو (عائشة)یان پرسی _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ ، ئەویش فەرمووی : کۆتا ئەو خۆراکانەی کە پیّغەمبەری خوا ﷺ خواردی پیازی تیّدا بووە ٠

لە (الصحیحین)دا جیّگیربووە: کەوا پیّغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە ئەو کەسانەی پیاز دەخۆن بچنە مزگەوتەوە ٠

پیاز گەرمە لە سیّ یەمدا ، تەڕی و شێیەکی زیادی تیّدایە بەسوودە بۆ گۆڕانی ئاو ، با ژەهراویەکان دوردەخاتەوە ، شەهوەت و ئارەزوو دەکاتەوە ، گەدە بەهیّز دەکات ، ئارەزووی جووتبوون دەوروژیّنیّت ، تۆماوی نیّرینە زیاد دەکات ، ڕەنگ جوان دەکاتەوە ، بەلّغەم ناهیّلّیّت ، گەدە پاك دەکاتەوە ، تۆوەکەی نەخۆشی بەلّەکی ناهیّلّیّت ، دەهیّنریّت بە چوار دەوری نەخۆشی تووك وەرانی دەردە ڕیّویدا ، زۆر بۆی بەسوود دەبیّت ، لە گەلّ خویّدا بالووکە هەلّدەکەنیّت ، ئەو کەسەی دەرمانیّکی ڕەوانکاری خواردبیّت و بۆنی پیاز بکات ناهیّلّیّت تووشی ڕەشانەوەو دلّ تیّکەلّ هاتن بیّت و بۆنی ئەو دەرمانەش ناهیّلّیّت ، ئەگەر ئاوەکەی بکریّتە لووت ، سەر پاك دەکاتەوە ، دەکریّتە گویّ بۆ قورس بیستن و زرنگانەوەو کیّم و ، ئەو ئاوەی لە گویکاندا دروست دەبیّ ، بەسوودە بۆ ئەو ئاوەی کە لە چاودا دروست دەبیّ بەوەی تۆوەکەی لە گەلّ هەنگویّندا چاوی پیّ دەڕیّژریّت بەسەر سپیای چاودا ، کوولّاوی پیاز خۆراکیّکی زۆری تیّدایەو بۆ زەردووی و کۆکەو ، زیری سنگ بەسوودە ، میز زیاد دەکات ، خوو نەرم ونیان دەکاتەوە ، بەسوودە بۆ گەزتنی سەگی ناهار ئەگەر لە گەلّ سپەندو (السذاب)([٤٢٤]) خویّدا تیّکەلّ کراو بەسەر ئەو جیّگەیەدا چکیّنرا ، ئەگەر هەلّبگیریّت ، دەمی مایەسیری دەکاتەوە ٠

٤٢٤_ السذاب : ڕووەکیّکی گیایەو ، (٥٠ _ ١٠٠ سم) دریّژ دەبیّتەوە ، قەدیّکی ڕەق و ووشك هەیە ، لقەکانی گەلّایەکی چڕی سەوزی مەیلەو شینی پیّوەیە ، کۆتایی لقەکان کۆمەلّە گولّیّکی زەردی بۆنداری بەهیّز هەلّدەگرن ، لە کۆتایی وەرزی هاویّندا دەرچوونی گولّەکان تەواو دەبیّ ، ئەم ڕووەکە گەلّاکانی بەکاردیّن و ،

زيانەكانى : نەخۆشى شەقيقە دروست دەكات ، سەر دەيەشێنێت ، با دروست دەكات ، چاو تاريك دەكات ، زۆر خواردنى نەخۆشى بيرچوون دروست دەكات ، ئەقلْ خراپ دەكات ، بۆنى دەم ناخۆش دەكات ، زيان بەو كەسە دەگەيەنێت كە لە گەلْتدا دانيشتووە ، هۆكارى بێزاربوونى پەريەكانە ، بەلاَم ئەگەر كولێندرا ئەم زيانانەى لىَ دور دەخاتەوە ٠

لە (السنن)ەكاندا هاتووە كەوا پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمانى داوە بەو كەسانەى سيرو پياز دەخون بيانمرێنن بە كولاَندن ٠

جوينى هەندىَ لە گەلاَى سپەند بۆنەكەى ناهێلێت ٠

باذنجان ، لە فەرموودەيەكى (موضوع)ى هەلْبەستراودا بەدەمى پێغەمبەرى خواوە ﷺ هاتووە : بايجان بۆ چارەسەركردنى هەر نەخۆشيەكە كە لە پێناويدا بخورێت ، ئەم قسەيە بە ناشيرين دادەنرێت بدرێتە پالْ تاكە تاكەى ئاقلْ و ژيران ، سەرەڕاى پێغەمبەرانيش ، بايجان دوو جۆرە : سپى و ڕەش ، جياوازى لە نێوان زاناياندا هەيە سەبارەت بەوەى ئايا گەرمە ياخود ساردە ؟ ڕاستيش : گەرمە ، (السوداء)و مايەسيرى ، كونيلەى داخراو شيرپەنجەو گولى دروست دەكات ، ڕەنگ خراپ دەكات و ڕەشى دەكاتەوە ، زيان بە بۆنى ناخۆشى دەم دەگەيەنێت ، بەلاَم جۆرە سپيەكەى هيچ كام لەوانەى تێدا نى يە ٠

ئێستا لە چياو ، دۆلْ و ، نزيك بە مالاَن و ، ئەم لاو ئەو لاى ڕێگاكاندا لە زۆربەى وەلاَتانى جيهان دەڕوێت ، وە چەندين سوودى پزيشكى هەيە ٠ بڕوانە : www.khayma.com/hawaj/sothab.htm ، وەرگێڕ ٠

پيتى تاء (ت)

تَمْرٌ ، واته : خورما ، ثبت في الصحيح عنه ﷺ مَن تَصَبَّحَ بِسَبْعِ تَمْراتٍ وفي لفظٍ : مِن تَمْر العَالية لم يَضُرَّه ذلك اليَوْمَ سُمٌّ ولا سِحْرٌ([425]) .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەس بەیانیان حەوت خورما ، لە بێژەیەکی تریشدا : لە خورمای (عالیة) _ شوێنێکە لە مەدینەی پیرۆز _ بخوات ئیتر ئەو ڕۆژە ژەهرو جادوو زیانی پێ ناگەیەنن .

وثبت عنه أنه قال : بيتٌ لا تَمْرَ فيه جِيَاعٌ أهلُهُ([426]) .
واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ماڵێك خورمای تێدا نەبێ دانشتوانی لە برسێتیدان .

هەروەها جێگیربووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ خورمای بە کەرێ وە خواردووە ، خورمای بە نانەوە خواردووە ، بەتەنهاش خواردویەتی .

خورما گەرمە لە دووەمدا ، وە ئایا تەڕی شێدارە لە یەکەمدا ، یاخود ووشکە ؟ لەم بارەوە دوو گوفتار هەیە . جگەر بەهێز دەکات ، خووی مرۆڤ نەرم و نیان دەکاتەوە ، ئارەزووی جووتبوون زیاد دەکات ، بەتایبەت لە گەڵ تۆوی کاژدا(حب الصنوبر) ، زبری گەروو چاك دەکاتەوە ، بەڵام ئەو کەسانەی لەسەری ڕانەهاتوون وەکو دانیشتوانی وەڵاتە ساردەکان کونیلەی داخراویان (السّدد) بۆ دروست دەکات ، زیان بەددان دەگەیەنێت ، سەرئێشە دەوروژێنێت ، بۆ دورخستنەوەی زیانەکانی بادەم و خەشخاشی(اللوز والخشخاش) لە گەڵدا بەکاردێت ، زیاتر لە هەموو میوەکانی تر خۆراك دەبەخشێتە جەستە بەهۆی ئەو گەوهەرە

---

[425] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠ / ٢٠٣ ، ٢٠٤) ، ومسلم (٢٠٤٧) .

[426] _ صحيح : أخرجه مسلم (٢٠٤٦) .

گەرمە شێدارەی کە تیایدایە ، خواردنی پێش نان خواردنی بەیانی کرم دەکوژێت ، چونکە لە گەڵ گەرمیەکەیدا هێزێکی دەرمانی دروست دەکات ، ئەگەر بەردەوام پێش نان خواردنی بەیانی بەکارهێنرا ، مادەی کرم سووك دەکاتەوە ، لاوازیان دەکات و کەمیان دەکاتەوە ، یاخود دەیانکوژێت ، خورما میوەو خۆراکە ، دەرمان و خواردنەوەو شیرینیە ٠

تینٌ ، واتە : هەنجیر ، لەبەر ئەوەی هەنجیر لە زەوی حیجازو مەدینەی پیرۆزدا نی یە ، ناویشی لە سوونەتدا نەهاتووە ، چونکە خاکێکی جیاوازی پێویستە بەبەراوردی خاکی دارەخورما ، بەڵام خوای تعالی لە قورئاندا سوێندی پیێ خواردووە ، لەبەر زۆری سوودو کەڵکی ، ڕاستیش : ئەو هەنجیرەی خوای تعالی سوێندی پیێ خواردووە : هەنجیرە ناسراوەکەیە ٠

هەنجیر گەرمە ، سەبارەت بە تەڕی و ووشکیەکەی دوو گوفتار هەیە ، چاکترینی : سپیەکەیەتی کە توێکڵەکەی پێگەیووە ، لمی نێو گورچیلەو میزڵدان پاك دەکاتەوە ، دژ بە ژەهرەکانە ، زیاد لە هەموو میوەکانی تر خۆراك دەبخشێ و بۆ زبری گەرو و سنگ و ، هەروەها بۆ بۆڕی هەوا بەسوودە ، گورچیلەو سپڵ دەشواتەوە ، خەڵتەی بەڵغەمی لە گەدەدا پاك دەکاتەوە ، خۆراکێکی چاك بە جەستە دەبەخشێت ، بەڵام ئەگەر زۆری لیێ خورا ئەسپیێ دروست دەکات ٠

ووشکەکەی خۆراك بەخشەو ، بۆ دەمارەکان بەسوودە ، ئەگەر لە گەڵ گوێزو بادەمدا بخورێت چاکترە ٠ (جالینوس) دەڵێت : ئەگەر لە گەڵ سپەندو (السذاب) گوێزدا خۆرا پێش ژاهراوی بوون ، بەسوود دەبیێ و ، لە زیانیش دەیپارێزێت ٠

ويذكرُ عن أبي الدّرداءِ أهديَ إلى النبيّ ﷺ طبقٌ من تينٍ فقال : ((كُلُوا)) وأكل منهُ وقال : ((فلو قلتُ إن فاكهةً نزلت من الجنةِ قلت : هذه لأنّ فاكهةَ الجنةِ بلا عجمٍ ، فكُلُوا منها فإنّها تقطعُ البواسيرَ وتنفعُ من النّقرس))([427]) وفي ثبوت هذا نظر ٠

واته له (أبي الدرداء)هوه _ خواى لىٚ رِازى بيٚت _ باسكراوه : كهوا سينيهك هەنجير بەخشرايه پيٚغەمبەرى خوا ﷺ ، فەرمووى : ((بخۆن)) ، خۆشى ليٚى خواردو ، فەرمووى : ((ئەگەر بلێم : ميوەيەك له بەهەشتەوه دابەزيوه دەلێم ئەمەيە ، چونكە ميوەى بەهەشت بىٚ ناوكە ، بۆيە ليٚى بخۆن مايەسيرى ناهێلێت و ، بۆ نەخۆشى جومەگە ژان بەسوودە)) ٠

، بۆ ئەو كەسانەى پلەى گەرمى جەستەيان بەرەزەو تايان هەيە تينوويان دەكات ، ئەو تينويەتيە دەشكێنێت كە بەهۆى بەڵغەمى سوێرەوە دروست دەبىٚ ، بۆ كۆكەى درێژخايەن بەسوودە ، ميز زياد دەكات ، كونيلە داخراوەكانى جگەرو سپڵ دەكاتەوە ، بۆ گورچيلەو ميزڵدان گونجاوە ، ئەگەر پێش نانى بەيانى بخورێت سوديٚكى سەرسوڕمێنى هەيە بۆ كردنەوەى ڕێڕەوەكانى خۆراك ، بەتايبەت ئەگەر لەگەڵ گوێزو بادەمدا خورا ، بەڵام خواردنى لە گەڵ خۆراكە چرەكاندا زۆر خراپە ، تووى سپى (التوت الأبيض) زۆر لە هەنجيرەوە نزيكە ، بەڵام كەمتر خۆراك دەبەخشىٚ و زيانيشى بۆ گەدە زۆرترە ٠

تَلبينةٌ : پێشتر ئامارەمان پێداوە كەوا ئاوى جۆى هاڕاوە ، هەستاين بە باسكردنى سودەكانى و ، ئەوەشمان خستەڕوو كەوا بۆ خەڵكى حيجاز لە ئاوى جۆى نەهاڕاو چاكترە.

---

[427] _ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٤٢٠١) ٠

پیتی ثاء (ث) :

ثلج ، واته : بەفر ، ثبت في الصحيح عن النبي ﷺ أنَّه قال : ((اللَّهُمَّ اغْسِلْني مِنْ خطاياي بالماءِ والثَّلجِ والبَرَدِ))([428]).

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((پەروەردگارا بە ئاو بەفرو تەرزە لە تاوانەکانم بمشۆوە)) .

ئەو مەسەلە فیقهیانەی لەم فەرموودەیدا بەدیدەکرێت ئەوەیە کە نەخۆشی بە دژەکەی چارەسەر دەکرێت ، بۆیە تاوانەکان جۆرە گەرمی و سووتانێکی تێدایەو بەفرو تەرزەو ، ئاوی ساردیش دژیی ئەو گەرمیەن ، بۆیە نابێ بگوترێت : ئاوی گەرم چاکترە بۆ لابردنی پیسی ، بەڵکو ئەو ڕەقکردن و پتەوکردن و بەهێزکردنەی ئاوی سارد لە جەستەدا دروستی دەکات ، ئاوی گەرم دروستی ناکات ، تاوانەکانیش دوو شت دروست دەکەن : پیسکردن و خاوکردنەوە ، بۆیە پێویستە بە شتێك چارەسەر بکرێن کە دڵ پاك بکەنەوەو پتەو قایمی بکەن ، باسکردنی ئاوی ساردو بەفرو تەرزەی نێو فەرموودەکەش ئاماژە بۆ ئەو دوانە دەکەن .

پاشان . بەفر ساردە بەپێی ڕاسترین بۆچوون ، ئەو کەسانەش بەهەڵەدا چوونە کە گوتویانە : گەرمە ، گومانەکەشیان ئەوەیە کە گیانلەبەرانی تێدا لە دایك دەبێ ، بەڵام ئەمە بەڵگەی گەرمبوونی نی یە ، چونکە لە میوە ساردەکان و ، لە سرکەشدا دەبێت ، بەڵام تینوکردنی ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەرمی دەوروژێنێ نەك بۆ گەرمی خودی خۆی ، زیان بە گەدەو دەمار دەگەیەنێت ، ئەگەر ددان ئێشان بەهۆی گەرمیەکی لەڕادەبەدەرەوە بێت ، ئێشەکەی لێ دور دەخاتەوە .

---

[428] ــ صحيح : أخرجه البخاري (١ / ١٨٩) ، ومسلم (٢ / ٩٨ ، ٩٩) عن أبي زرعة عن أبي هريرة فذكره.

ثُومٌ ، واته : سير ، له پيازەوه نزيكه ، وفي الحديث : ((من أكلهما فليُمتهُما طبخاً))([429])
واته له فەرمووده‌دا هاتووه : ((ئەو كەسەی دەيخوات با به كولاندن بيمرێنێت)).

وأهديَ إليه طعامٌ فيهِ ثومٌ فأرسل بهِ إلى أبي أيّوبَ الأنصاريّ فقال يا رسول اللهِ تكرههُ وترسلُ بهِ إليّ ؟ فقال : ((إنّي أناجي من لا تناجي))([430]) .

واته ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ خواردنێكی بەدیاری درایه سیری تێدابوو ، ئەویش ناردی بۆ (أبي أيوب الأنصاري) _ خوای لێ ڕازی بێت _ ، (أبي أيوب)يش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا تۆ حەزت پێی نی یەو بۆ منی دەنێری ؟ فەرمووی : ((من ڕازونیاز لەگەڵ زاتێكدا دەكەم تۆ ڕازونیازی لەگەڵ ناكەی)) .

پاشان سیر گەرمی ووشكە لە چوارەمدا ، گەرم دەكات بەگەرمكردنێكی بەهێز ، ووشك دەكات بە ئەوپەڕی ووشكردنەوه ، بەسوودە بۆ ئەو كەسانەی زۆر سەرمایان دەبێ ، بەسوودە بۆ ئەو كەسانەی میزاجیان بەڵغەمیە ، ، بەسوودە بۆ ئەو كەسانەی نزیكن لە ئیفلیجیەوه ، تۆماوی نێرینە ووشك دەكاتەوه ، كونیلە داخراوەكان دەكاتەوه ، با چرەكان شیی دەكاتەوه ، خۆراك هەرس دەكات ، تینویەتی دەشكێنێت ، سك ڕەوان دەكاتەوه ، میز زیاد دەكات ، بۆ گەزتنی جانەوەران و تێكڕای ئاوسانە ساردە بێ ئازارەكان جێگەی (تریاق) دەگرێتەوه ، ئەگەر بكوترێت و بخرێتە سەر شوێنی گەزتنی مارو ، پێوەدانی دووپشك بەسوود دەبێ و ژەهرەكانیان ڕادەكێشێت ، جەستە گەرم دەكات ، گەرمیەكەشی زیاد دەكات و ، بەڵغەم دەوەستێنێت ، بای نێو سك شیی دەكاتەوه ، گەروو پاك و ساف دەكاتەوه ، تەندروستی زۆربەی جەستەكان دەپارێزێت ، بەسوودە بۆ گۆڕانی ئاو ، كۆكەی درێژخایەن ، بە كاڵی و كولاوی و برژاویش دەخورێت ، بۆ ئازاری سنگ كە بەهۆی

[429] _ صحيح : أخرجه مسلم (٥٦٧) .

[430] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٢٨٢) ، ومسلم (٥٦٤) .

سەرمابوونەوە دروست دەبێ بەسوودە ، زاروو لە گەروودا دەردەهێنێت ، ئەگەر لە گەڵ سركەو(الخل) خوێ و هەنگوێندا بكوترێت و ، پاشان بخرێتە سەر ددانە خڕێ كلۆرو داخوراوەكان ، ووردی دەكات و دەیكەوێنێت ، ئەگەر بەو جۆرە بخرێتە سەر ددانە خڕێ بەئازارەكان ، ئازارەكەی ناهێڵێت ، ئەگەر بە ئەندازەی كێشی دوو دیرهەمی لێ بكوترێت و ، لە گەڵ ئاوی هەنگوێندا (ماء العسل) بخورێتەوە ، بەڵغەم و كرم دەكاتە دەرەوە ، ئەگەر تێكەڵ بە هەنگوێن بكرێت و جەستەی تووشبوی بەنەخۆشی بەڵەكی تێهەڵسوێنرێت ، بۆی بەسوود دەبێ ٠

لە زیانەكانی : سەر دەئێشێنێت ، زیان بە مێشك و چاوەكان دەگەیەنێت ، هێزەكانی بینین و جووتبوون لاواز دەكات ، تینوو دەكات ، (الصفراء) دەوروژێنێت ، بۆنی دەم ناخۆش دەكات ، بەڵام ئەگەر گەڵای سپەندی(السذاب) بەدوادا بجوێت ئەو بۆنە ناخۆشە ناهێڵێت ٠

ثريد ، واتە : تلێت كە نانێكە گوشرابێتە خواردنێكی شلەبەگۆشتەوە ، ثبت في الصحيحين عنه ﷺ ((فضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام))([431]).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((بەڕاستی ڕێزی (عائشة) بەسەر ژنانی دیكەدا ، وەكو ڕێزی شلەبەگۆشتە بەسەر خواردنەكانی تردا)) ٠

تلێت خواردنێكی ئاوێتەیەو ، لە نان و گۆشت پێكهاتووە ، نانیش چاكترین خۆراكەكانەو ، گۆشتیش سەرداری پێخۆرەكانە ، بۆیە ئەگەر كۆبنەوە ئیتر هیچ شتێكی تر نابێت جێگەی دڵ تێچونی مرۆڤ بێ ٠

---

[431] ـ متفق عليه : أخرجه البخاري (٧ / ٨٣) ، ومسلم (٢٤٤٦) ٠

خەڵكیش كێشمەكێشمیان تێكەوتووە سەبارەت بەوەی كامیان چاكترە ؟ ڕاستیش ئەوەیە كە پێویستبوون بەنان زۆرترو گشتیترە ، گۆشتیش بەڕێزترو چاكترەو ، زیاد لە هەموو شتەكانی دیكە لە گەوهەری جەستە دەچێت و ، خۆراكی خەڵكی بەهەشتە ، خوای تعالی سەبارەت بەوانەی داوای سەوزەوات و ترۆزیی و ، گەنم و سیرو ، نیسك و ، پیازیان دەكرد فەرموویەتی ﴿ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ ﴾[البقرة : ٦١] واتە : (موسی) فەرمووی : ئایا داوای ئەو شتە خراپانە دەكەن لە جیاتی شتی باشتر لەوان ([٤٣٢]) ، كەسانێكی پێشینیش گوتویانە مەبەست بە (الفوم) واتە : گەنم ، بۆیە لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە گۆشت لە گەنم باشترە ٠

پیتی جیم (ج) :

جُمَّار ٠ ناوكرۆكی دارەخورما : ثبت في الصحيحين : عن عبدالله بن عمر قال : بَيْنَا نَحْنُ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ جُلُوسٌ ، إِذَا أُتِيَ بِجُمَّارِ نَخْلَةٍ ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((إِنَّ مِنْ الشَّجَرِ شَجَرَةً مثل الرجل المسلم لا يَسْقُطُ وَرَقُها٠٠٠ الحديث))([٤٣٣]) .

واتە : لە (عبدالله)ی كوڕی (عمر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : لە كاتێكدا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتبوین ، ناوكرۆكی دارەخورمایەكیان بۆ هێنا ، ئەوەبوو فەرمووی : ((لە درەختەكاندا درختێك هەیە وەكو پیاوی موسڵمانە كە گەڵاكانی ناوەرێت ٠٠٠ تا كۆتایی فەرموودەكە)) ٠ ناوكرۆكی دارەخورما : ساردی ووشكە لە یەكەمدا ، برین سارێژ دەكاتەوە ، بۆ ئەو برینانەی خوێنیان لێدێت بەسوودە ، بۆ سكچون و ، زاڵبوونی (المرة الصفراء)و ، ووروژانی خوێن بەسوودە ، كیمۆسی خراپ نی یە ، خۆراكێكی كەم بە

---

[٤٣٢] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[٤٣٣] _ صحيح : أخرجه البخاري (١ / ٢٦) ، (٣ / ١٠٣) ، (٧ / ١٠٣ ، ١٠٤) ، ومسلم (٨ / ١٣٧) عن مجاهد عن ابن عمر فذكره ٠

جەستە دەبەخشێت ، بەقورسی هەرس دەبێ ، درەختەکەی هەرهەمووی سوودو کەڵکە ، بۆیە پێغەمبەری خوا _ چواندویەتی بە پیاوی موسڵمان لەبەر زۆری خێرو سوودەکەی ٠

جبن ، پەنێر : في السنن عن عبدالله بن عمر قال : أتي النبي ﷺ بجبنة في تبوك ، فدعا بسكين ، وسمى وقطع ٠ رواه أبوداود([٤٣٤]) .

واتە : لە (عبدالله)ی کوڕی (عمر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : لە (تبوك) پێغەمبەری خوا ﷺ پەنێرێکی بۆ هێنرا ، ئەوەبوو داوای چەقۆیەکی کردو ، ناوی خوای هێناو دەستی بەبڕینی کرد ٠ هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە شام و ، عێراق خواردویانە ، جۆرە تەڕە بێ خوێکەی بۆ گەدە باشە ، بەئاسانی دەچێتە نێو ئەندامەکانی جەستەوە ، گۆشت زیاد دەکات ، سك نەرم دەکاتەوە بەنەرمکردنێکی مام ناوەند ، جۆرە سوێرەکەی خۆراکێکی کەم دەبەخشێت بەبەراوردی تەڕەکەی ، بۆ گەدە خراپە ، بۆ ڕیخۆڵە زیانبەخشە ، جۆرە کۆنەکەی سك دەگرێتەوە ، هەروەها جۆرە برژاوەکەشی ، بۆ برین چاکەو ، قەدەغەی سکچون دەکات ، ساردی تەڕە ، ئەگەر وەکو برژاو بەکاربێت ، گونجاوی میزاجێتی ، چونکە ئاگر چاکی دەکات و ڕێکی دەکاتەوەو ، گەوهەری نەرم و نیان دەکاتەوە ، تام و بۆنی خۆش دەکات ، جۆرە کۆنە سوێرەکەی ، گەرمی ووشکە ، وە برژاندن چاکی دەکاتەوە بەوەی گەوهەری نەرم و ناسك دەکاتەوەو ، توندو کەسکونیشی دەشکێنێت چونکە ئاگرەکە لە بەشە گەرمە ووشکەکەی پەنێر بۆ خۆی ڕادەکێشێت کەوا گونجاوی خۆیەتی ، جۆرە سوێرەکەی لاواز دەکات و ، بەردی نێو گورچیلەو میزڵدان دروست دەکات ، بۆ گەدە خراپە ، وە تێکەڵکردنیشی لە گەڵ هێمن کەرەوەکاندا خراپترە چونکە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی گوزەری بکاتە نێو گەدەوە ٠

---

[٤٣٤] _ حسن الإسناد : أخرجه أبوداود (٣٨١٩) من طريق عمرو بن منصور عن الشعبي عن ابن عمر فذكره ٠

پيتى الحاء (ح) :

حناء : پێشتر چەندين فەرموودەمان سەبارەت بە چاكێتى و ، باسكردنى سوودەكانيدا هێناوەتەوە ، بۆيە پێويست بە دووبارەبوونەوە ناكات ٠

حبة السوداء ، ڕەشكە ، ثبت في الصحيحين : من حديث أبي سلمة ، عن أبي هريرة _ رضي الله عنه _ ، أن رسول الله ﷺ قال : ((عليكم بهذه الحبة السوداء ، فإن فيها شفاء من كل داء إلا السام)) ٠ والسام : الموت([٤٣٥]) .

واتە : لە (أبي هريرة)ەوە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى : ((ئەم ڕەشكە بەكاربێنن ، چونكە شيفاى تێدايە بۆ هەموو نەخۆشيەك جگە لە مردن)) ٠

(الحبة السوداء) واتە : ڕەشكە لە زمانى فارسەكاندا بە (الشونيز) ناودەبرێت ، هەروەها بە (الكمون الأسود) و (الكمون الهندي)يش دەناسرێت ، (الحربي) لە (الحسن)ەوە دەڵێت : (الخردل)ە([٤٣٦]) (الهروي)يش دەڵێت : قەزوانە (الحبة الخضراء ثمرة البطم)ە ، بەڵام بۆچۆنى هەردوكيان هەڵەيەو ، ڕاستيش : (الشونيز)ە ٠

سوودەكانى زۆر زۆرە ، فەرمايشتى پێغەمبەرى خوا ﷺ (شفاء من كل داء) واتە : شيفايە بۆ هەموو نەخۆشيەك ، وەكو فەرمايشتى خواى پەروەردگارە ﴿ تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ

---

[٤٣٥] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠/ ١٢١) ، ومسلم (٢٢١٥) ٠

[٤٣٦] _ الخردل « ڕووەكێكى گياى وەرزيە ، لە وەرزە بارانيەكاندا درێژيەكەى بە مەترێك دەگات ، ئەم ڕووەكە لق و پۆپێكى چڕى لىٚ دەبێتەوە ، ڕەنگى گەڵاكانى سەوزێكى كاڵە ، گوڵەكانى بە زۆرى زەردن ، بەرەكەى شێوەيەكى لولەكى هەيەو تۆوێكى خڕى تێدايە كە تيرەكەى نزيكەى ٢ مليمەترە ٠ بڕوانە :

0www.shakwmakw.com

رَبِّهَا ﴾[الأحقاف : ٢٥] • واته : بەفەرمانی پەروەردگاری هەموو شتێك دەرۆخێنیَ([٤٣٧])
واته : هەموو ئەو شتانەی قبوڵی ڕۆخاندن دەکەن و هاوشێوەکانی ، بۆ هەموو نەخۆشیە ساردەکان بەسوودە ، بەشدار دەبێ لە چارەسەرکردنی نەخۆشیە گەرمە ووشکەکاندا بە کاتی (بالعرض) ، وە لە بەر ئەوەی گوزەرکردنی خێرایە بۆیە بە باشی هێزی دەرمانە ساردە شێدارەکانی پێدەگەیەنێت

بۆ نموونە دانەری کتێبی (القانون)و کەسانی تریش بڕیاریان داوە لەسەر بەکارهێنانی زافەران لە قورصی (الكافور)دا([٤٣٨]) چونکە بەخێرا گوزەری پێ دەکات و هێزی دەگەیەنێت ، هاوشێوەی ئەمەش زۆرەو شارەزایانی ئەم بوارە دەیزانن ، بەدوریش دانانرێت گەرم لە نەخۆشیە گەرمەکاندا سوودی هەبێ بەخاسیەت ، چونکە لە زۆر دەرماندا ئەو شتە دەبینرێت ، : لەوانە (الأنزروت)ە([٤٣٩]) کە دەرمانەکانی دیکەی چاو ئێشەی تێکەڵ دەکرێت ، وەکو شەکرو شتی تریش لە تاکە گەرمەکان ، چاوئێشەش ئاوسانێکی گەرمە بە ڕێکەوتنی پزیشکان ، هەروەها بەسوودبوونی گۆگردی گەرم بۆ گەڕی •

[٤٣٧] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان •

[٤٣٨] ـ الكافور : مادەیەکی کریستاڵی سپی ڕوونەو ، بۆنێکی توندی هەیە ، بە هەڵمبوونی ئاسانە لە پلەی گەرمی ئەو ژورەی تیایدایە ، بەڵام بە قورسی لە ئاودا دەتوێتەوە ، ئەم مادە لە دڵۆپاندنی داری درەختی کافورەوە بەدەست دێ ، دەرختی کافور درەختێکی هەمیشە سەوزی ناسراوە ، نزیکەی (٥٠) متر بەرزە ، داری درختەکە زۆر سپیەو بۆنێکی خۆشی هەیە ، مادەی کافور لە نێو دارو قەدی درەختەکەدایە ، بڕوانە : Arabic.rt.com

[٤٣٩] ـ الأنزروت : کەتیرەی دارێکی دڕکاویە ، تاڵەو ، سپی و سوری هەیەو ، لە چیاکانی وەڵاتی فارسدا هەیە ، هەموو ئاوساوکان هێمن دەکاتەوە ، بۆ داهاتن و ڕیپۆقی چاو بەسوودە ، بەڵغەمی چڕ نەرم دەکاتەوە ، بڕوانە : نهاية الأرب في فنون الأدب ، وەرگێڕ •

شونێز گەرمی ووشکە لە دووەمدا ، بای سك ناهێلێت ، (حبة القرع)([٤٤٠]) دەکاتـە دەرەوە ، بۆ ئـەو تایـەی لـە چـوارەم ڕۆژدا تووشـی نـەخۆش دەبـێ و ، هـەروەها بـۆ تـای بەڵغـەمی بەسوودە ، کونیلە داخراوەکان (السدد) دەکاتەوە ، باکان شیی دەکاتـەوە ، تـەڕی و شـێی گـەدە ووشـك دەکاتـەوە ، ئەگـەر کوتراو تێکـەڵ بـە هـەنگوێن کـراو ، لـە گـەڵ ئـاوی گەرمـدا خورایەوە ، بەردی گورچیلەو مێزڵدان دتوێنێتەوە ، میـزو ، بێنوێـژی و ، شـیر هێنـەرە ئەگـەر بەردەوام چەند ڕۆژێك بیخواتەوە ، ئەگەر لە گەڵ سرکەدا (الخل) گەرم بکرێـت و ، سـکی تـێ هەڵسوێنرێت ، کرمی (حـب القـرع) دەکوژێـت ، ئەگـەر لـە گـەڵ ئـاوی گـۆژاڵکی تـەڕ یـاخود کوڵاودا (مـاء الحنظـل الرطـب أو المطبـوخ) بشـێلدرێت ، ئـەوا کاریگـەری بـەهێزتر دەبـێ لـە دەرکردنی کرمدا ، وە پاك دەکاتەوەو دەبڕێت و ، شیی دەکاتەوە ، ئەگەر بکوترێـت و بکرێتـە نێو پەڕۆیەکەوەو ، بەردەوام بۆن بکرێت هەڵامەتی سارد چارەسەر دەکات ٠

ڕۆنەکەی بۆ (داء الحية)و([٤٤١])، بالوکەو خاڵ بەسوودە ، ئەگـەر مسـقاڵێکی لـە گـەڵ ئـاودا بخورێتەوە ، بۆ هەناسەبڕکێ و تەنگەنەفەسـی بەسـوودە ، بـە شـێوەی بپێچـانیش سـوود بـە سەرئێشەی سارد دەگەیەنێت ، ئەگەر حەوت دانەی بە ژمارە لە شیری ژنانـدا بخوسـێندرێت و ، کەسـی توشـبوو بـە نەخۆشـی زەردووی (الیرقـان) بیکاتـە لـووتی ، سـودێکی زۆری پـێ دەگەیەنێت ٠

ئەگەر لە گەڵ سرکەدا بکوڵێندرێت و ، پاشان لە دەم وەربدرێت ، بەسـوود دەبـێ بـۆ ئـەو ددان ئێشانەی لە ئەنجامی سەرماوە تووشی مرۆڤ دەبێ ، ئەگـەر بـە هـاڕاوی بکرێتـە لـووت ،

---

[٤٤٠] ــ حبة القرع : جۆرێکە لە کرمە درێژە گەورە خڕە بەرهەڵستەکان ، بڕوانە : القانون في الطب لأبن سينا ، فصل في الديدان ، وەرگێڕ

[٤٤١] ــ داء الحية : نەخۆشیەکە لە نەخۆشی (داء الثعلب) دەچێت ، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە نەخۆشی (داء الحية) تەنها مووی سەر ناوەرێت بەڵکو پێستێکی تەنکی سەریشی لە گەڵدا دادەماڵرێت وەکو ئەو کاژە تەنکەی لە مار دەکرێتەوە ، بڕوانە : القانون في الطب لآبن سينا ، وەرگێڕ ٠

بەسوود دەبێ بۆ ئەو ئاوەی لە چاوەکاندا دروست دەبێ ، ئەگەر لە گەڵ سرکەدا بە شێوەی پێچان (ضماد) بەکاربێت ، زیپکەو گەڕیی کێماوی هەڵدەکەنێت و ، ئاوسانە بەڵغەمیە درێژخایەنەکان و ، ئاوسانە ڕەقەکان شیی دەکاتەوە ، ئەگەر ڕۆنەکەی بکرێتە لووت بۆ نەخۆشی دەم خواربوون (اللقوة) بەسوودە ، ئەگەر نیو مسقاڵ تا مسقاڵێکی بخورێتەوە ، بۆ گەزتنی جاڵجاڵۆکە زیانبەخشەکان (الرتيلاء) بەسوودە ، ئەگەر بهاڕدرێت و تێکەڵ بە ڕۆنی قەزوان (دهن الحبة الخظراء) بکرێت و ، پاشان سێ تکی بتکێنرێتە گوێ ، بۆ ئەو سەرمایەی کە تووشی بووەو ، هەروەها بۆ باو کونیلە داخراوەکانی بەسوود دەبێ ٠

ئەگەر ببرژێندرێت و ، پاشان بکوترێت بەزۆر وردی و ، لە زەیتدا بخوسێندرێت و ، سێ تك یاخود چوار تکی لە لووت بتکێنرێت ، بۆ ئەو هەڵامەتەی پژمینێکی زۆری لە گەڵدایە بەسوودە ٠

ئەگەر بسوتێنرێت و تێکەڵ بە مێوی تواوەبوو (الشمع المذاب) لە ڕۆنی (السَوْسَن)([٤٤٢]) ، یاخود ڕۆنی خەنە (دهن الحناء) بکرێت و ، برینەکانی قاچی پێ چەور بکرێت پاش شتنی بە سرکە ، سوودی پێ دەگەیەنێت و برینەکانی لادەبات ٠

---

[٤٤٢] ـ السَوْسَن : گوڵەشلێر ، ڕووەکێکە شەصت سانتمەتریك بەرز دەبێتەوەو گوڵێك یاخود چەند گوڵێکی هەیەو ، هەریەکەیان لە غونچەیەکەوە پەیدا دەبن و دەپشکوێن ، هەیە سپی هەیە شین هەیە زەردە هەیە سوورە ، ڕوەکێکی تەمەن درێژەو هەندێ جۆری بە بۆنی خۆش بەناوبانگە چونکە ڕوەکێکی عەتر ئامێزە ، کێوی و باخچەی هەیەو باخچەیەکەشی دوو جۆرە ، (الأَزادُ) کە سپی یەو ، وە (الإيرِساءُ) ، بۆ ئاویەتگ بەسوودە ، هێمنکاری ماددە چڕەکانە ، جۆری (الأَزادُ)ی بەسوودە بۆ نەخۆشیە ساردەکانی مێشك و ، با چڕە کۆبۆکانی نێوی شیی دەکاتەوە ، گەڵاکانی بەسوودە بۆ سوتاوویی ئاوی گەرم ، هەروەها بەسوودە بۆ گەزتنی جانەوەران و دووپشك بەتایبەت ، بڕوانە : فەرهەنگی دەریا ، قاموسی ڕستە ، القاموس المحيط ، وەرگێر ٠

ئەگەر لە گەڵ سركەدا بهاڕدرێت و ، نەخۆشیەكانی (البرص) و (البهاق الأسود)و([443]) سەری كرێشاوی تێ هەڵسوێنرێت ، سوودی پێ دەگەیەنێت و ، چاكیان دەكاتەوە ئەگەر وورد بهاڕدرێت و ، هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی كێشی دوو دیرهەمی بە ئاوی ساردەوە لێ قووت بدرێ ، بە سوود دەبێ بۆ ئەو كەسانەی سەگی هار گەستونی پێش ئەوەی لە ئاو خاڵی بێت ، وە دڵنیاش دەبێ كە تیاناچێت ، ئەگەر ڕۆنەكەشی بكرێتە لووت ، بۆ نەخۆشیەكانی ئیفلیجی (الفالج) و (كُزاز)([444]) بە سوود دەبێ و ، مادەكانیان دەوەستێنێت ، ئەگەر دووكەڵیشی پێ بكرێت ، جانەوەران دوردەخاتەوە ٠

ئەگەر (الأنزروت) لە ئاودا بتوێنرێتەوەو ، ناوەوەی ئەڵقەكەی تێ هەڵسوێنرێت و ، پاشان (الشونیز)ی بەسەردا بپرژێنرێت ، ئەوا دەبی بە پرژێنەرێكی بەسوودی سەرسوڕمێن بۆ مایەسیری ، سوودەكانییشی چەندەها ئەوەندی ئەمەیە كە باسكرا ، خواردنەوەشی بە ئەندازەی دوو دیرهەمە ، كەسانیكیش وایان ڕاگەیاندووە كە زۆری بەكارهێنانی كوشندەیە ٠

الحریر : پێشتر ئامـاژەی پـێ درا کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێی داوە بە (الزبیر)و (عبدالرحمن)ی كوڕی (عوف) ئاورێشم بپۆشن " بەهۆی خورویەكەوە كە لە جەستەیاندا هەبوو ، هەروەها باسی سوودو میزاجیمان كرد ، بۆیە پێویست بەدووبارە بوونەوە ناكات ٠

---

[443] ـ البرص : سپێتیەكە تووشی جەستە دەبێ ٠
البهاق : سپێتیەكەو ناگات بە ئاستی سپێتیەكەی (البرص)و تووشی جەستە دەبێ و خەت خەت ڕەشی تێكەڵە ، بڕوانە : لسان العرب ، وەرگێڕ ٠

[444] ـ الكُزاز : نەخۆشیەكی قورسە تووشی مرۆڤ دەبێ و تووشی كرژبونی جەستە دەبێ بەهۆی سەرماوە ، بڕوانە : المخصص لأبن سیدة ، ص٤٦٦ ، وەرگێڕ ٠
بواری پزیشكێتی نوێش دەڵێت : الكزاز : نەخۆشیەكی قورسەو هۆكاری دەگەڕێتەوە بۆ پیسبوونی برینەكان بەو میكرۆبانەی كە spores هەڵدەگرن و ، لە هەمان بریندا گەشە دەكەن و ، ژەهرێكی بەهێز دەردەن كە كرژبونەوەیەكی توند لە ماسولكەكاندا دروست دەكات ، ئەم نەخۆشیە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر ناگواسترێتەوەو ، لەوانەیە كەسی تووشبوو بمرێت ٠ بڕوانە : ar.wikipedia.org/wiki ، وەرگێڕ ٠

حُرْفٌ ، تەڕەتیزە : (أبوحنيفة الدَّيْنَوَري) دەڵێت : ئەمە ئەو تۆوەیە کە چارەسەری پـێ دەکرێت ، هەروەها بە (الثفاء)یش ناوبراوەو لە فەرموودەی پێغەمبەری خـوادا ﷺ باسـکراوە ، ڕوەکەکەشی بە (الحُرْف) ناودەبرێت و ، ڕەمـەکی خـەڵکیش پـێ دەڵـێن (الرشـاد) واتـە : تەڕەتیزە ، (أبوعبيد) دەڵێت (الثفاء) واتە : (الحُرْف) ٠

دەڵێم _ ابن القيم _ ئەو فەرموودەی ئاماژەی بۆ کردوە ، (أبوعبيد)و کەسانی تـریش لـە (ابن عباس)ەوە _ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ دەیگێڕنـەوە ، کـەوا پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی : ئای لە هەردوو تاڵەکەدا چ شیفایەك هەیە ، (الصَّبِرْ)و تـەڕەتیزە ٠ ئیمامی (أبوداود) لە (المراسيل)دا باسی دەکات ٠

هێزی گەرمی و وشکێتی لە پلە سێ یەمدایە ، گەرم دەکـات ، سك شـل دەکـات ، کرم و (حب القرع) دەکاتە دەرەوە ، ئاوسـانەکانی سپڵ شـیی دەکاتـەوە ، شـەهەوەت و ئـارەزووی جووت بوون دەجوڵێنێت ، گـەڕی کێمـاوی و ، قڵیشـانی پێسـت و بەهۆیـەوە هـەڵوەرینی مـوو تووك پاك دەکاتەوە ٠

ئەگەر لە گەڵ هەنگوێندا پێچەرێکی (ضماد) لـێ دروسـت بکرێـت ، ئاوسـانی سـپڵ شـیی دەکاتـەوە ، ئەگـەر لـە گـەڵ خەنـەدا (الحنـاء) بکوڵێنـدرێت پاشـاماوەکانی سـنگ دەکاتـە دەرەوە ، ، خواردنەوەشی بۆ پێوەدان و گەزتنی جانەوەران بەسوودە ، ئەگـەر لـە شـوێنێکدا بسوتێنرێت و دووکەڵی پێ بکرێت ، جانەوەرانی لێ دووردەخاتەوە ، هـەروەها کـەوتنی مـووی سەر دەوەستێنێت ، ئەگەر تێکەڵ بە ئاردی جۆو سـرکە بکرێـت و (سـويق الشـعير والخـل) ، پێچەرێکی (الضماد) لێ دروست بکرێت ، بەسوودە بۆ نەخۆشی دەردەلاقـە (عـرق النسـا)و ، ئاوسانە گەرمەکانیشی شیی دەکاتەوە لە کۆتایەکەیدا ٠

ئەگەر لە گەڵ ئاو و خوێدا بپێچرێتە سەر دومەڵەوە پێی دەگەیەنێت ، بەسوودە بـۆ هـەموو ئەو ئەندامانەی شلی و خاویان تێکەوتووە ، ئارەزووی جووتبوون زیـاد دەکـات ، دڵکەرەوەیـە

بۆ خواردنی زیاتر ، بۆ نەخۆشی تەنگەنەفەسی و ، هەناسەسواری و ، چرپبوونی سپڵ بەسوودە ، سیی پاك دەكاتەوە ، خوێنی بێنوێژی زیاد دەكات ، بۆ ئازاری ئەو چاڵایەی سەری ئێسقانی ڕانی تێدایەو لە ئەنجامی هاتنە دەرەوەی پاشماوە زیادەكاندا دروست دەبێ بەسوودە ، ئەگەر بخورێتەوە یاخود بە حوقنە هەڵبگیرێت ، وە بەڵغەمە لینجەكانی سینگ و سیی كانیش دەكاتە دەرەوە ٠

ئەگەر بهاڕدرێت و پاشان بە ئەندازەی پێنج دیرهەمی لێ بخورێتەوە لە گەڵ ئاوی گەرمدا ، سروشتی مرۆڤ نەرم ونیان دەكاتەوەو ، بایەكانیش شیی دەكاتەوەو ، بۆ ئازاری (القولنج) كە هۆكاری دەگەڕێتەوە بۆ سەرمابوون بەسوودە ، ئەگەر بهاڕدرێت و بخورێتەوە بۆ نەخۆشی بەڵەكی بەسوودە ٠

ئەگەر لە گەڵ سركەدا نەخۆشیەكانی بەڵەكی (البرص) و (البهق الأبیض) تێ هەڵسوێنرێت ، سوودیان پێ دەگەیەنێت ، هەروەها بەسوودە بۆ ئەو سەرئێشەی بەهۆی سەرماو بەڵغەمەوە تووشی مرۆڤ دەبێ ، ئەگەر بكوڵێندرێت و ، بخورێتەوە ، خوو هێمن دەكاتەوە بەتایبەت ئەگەر نەهاڕدرابێ چونكە لینجیەكەی بەكوڵان شیی دەبێتەوە ، ئەگەر بەئاوەكەی سەر بشۆردرێت ، لە پیسی و شێ لینجەكان پاكی دەكاتەوە ٠

(جالینوس) دەڵێت : هێزی وەكو هێزی تۆوی خەرتەلەیە (بزر الخردل) ، بۆیە لەوانەیە ئازارەكانی ڕانی پێ گەرم بكرێت كە بە (عرق النسا) ناسراوەو ، هەروەها ئازارەكانی سەرو ، هەریەك لەو نەخۆشیانەش كە پێویستیان بە گەرم كردن دەبێ ، بەهاوشێوەی تۆوی خەرتەلە (بزر الخردل) كە گەرم دەكات ٠ پێدەچێ تێكەڵ بەهەندێ ئەو دەرمانانە بكرێت كە تووشبووی تەنگەنەفەسی دەیخواتەوە چونكە زانراوە كە تێكەڵە چڕەكان دەوەستێنێت بەباشی ، هەروەكو ئەوەی كە تۆوی خەرتەلە دەیوەستێنێت ، چونكە لە هەموو ڕوویەكەوە لەو دەچێت ٠

الحُلْبَةُ ، شملّی : باسکراوه کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ له مەککه چووه سەردانی (سعد)ی کوڕی (أبي وقاص)و ، فەرمووی : پزیشکێکی بۆ بانگ بکەن ، بۆیه (الحارث)ی کوڕی (كلدة)ی بۆ بانگ کرا ، تەماشایەکی کردو گووتی : هیچ مەترسیەکی لەسەر نی یه ، شملّی و خورمای (عجوة)ی تازەپی گەیوو بەیەکەوه بکولێنن و با هەڵی قوڕێنێت ، ئەوەبوو ئەوەیان بۆ ئەنجامداو ، چاك بۆوه .

هێزی شملّی له گەرمیدا له پله دوودایه ، له ووشکیدا له پلەی یەکەمدایه ، ئەگەر به ئاوەوه بکولێندرێت ، قورگ و سینگ و سك نەرم دەکاتەوه ، کۆکەو ، زبری و ، تەنگەنەفەسی و ، هەناسه برکێ هێمن دەکاتەوه ، شەهوەت و ئارەزووی جووتبون زیاد دەکات ، بۆ باو ، بەلغەم و ، مایەسیری بەسووده ، دابەزێنەری کیموسه ئاڵۆزەکانه له ڕیخۆڵەدا ، بەلغەمی لینجی سینگ شیی دەکاتەوه ، بۆ ئەو دوومەڵانەی لەناو سکدا پەیدا دەبێ و بۆ نەخۆشیەکانی سیی بەسووده ، بۆ ئەم نەخۆشیانەی هەناو له گەڵ ڕۆن و (الفانيذ)دا([445]) بەکاردەهێنرێت .

ئەگەر له گەڵ کێشی پێنج دیرهەمی (الفوة)دا([446]) بخورێتەوه ، خوێنی بێنوێژی دەهێنێنت ، ئەگەر بکولێندرێت و ، پرچی سەری پێ بشۆردرێت لول دەبێ ، (الحزاز)([447])

---

445 ــ الفانيذ : جۆرێکه له حەلوا له قەندو نیشاسته دروست دەکرێت ، بڕوانه : تهذيب اللغة ، ج٣ ، ص١٨٩ ، وەرگێڕ .

446 ــ الفوة : ڕەگی ڕوەکێکی ڕەنگ سوورەو بۆیەچیەکان بەکاریدەهێنن ، هەندێکی خۆڕسکەو هەندێکیشی دەچێنرێت ، لقەکانی چوارگۆشەی درێژی زبرن گەڵای پێوەیەو بەرێکی خڕی هەیه ، له سەرەتای دەرچونیدا ڕەنگیان سەوزەو پاشان سووردەبن و ، کاتێکیش پێ بگەن ڕەش دەبن ، دەرمانێکی تاڵەو جگەرو سپڵ پاك دەکاتەوه ، میز هێنەره ، خوێنی بێنوێژی زیاد دەکات ، بڕوانه : الجامع لمفردات الأدوية والأغذية لأبن البيطار ، وەرگێڕ .

447 ــ الحزاز : ئازارێکه له دڵدا پەیدا دەبێ بەهۆی خواردنێکەوه که له گەدەدا ترش دەبێ ، بڕوانه : تاج العروس ، للمرتضى الزَّبيدى ، وەرگێڕ .

ناهێڵێت ، هاڕاوەکەی ئەگەر تێکەڵ بە (النطرون)و([٤٤٨]) سرکە کراو ، بە شێوەی پێچەر (الضماد) بەکارهات ، ئاوسانی سپڵ شیی دەکاتەوە ، ئەگەر ژنان لە ئاوێکدا دانیشن شمڵی تێدا کوڵێنرابێت ، سوودی لێ دەبینن بۆ ئەو ئازارەی لە منداڵداندا و بەهۆی ئاوسانێکەوە پەیدابووە ، ئەگەر بپێچرێتە سەر ئاوسانە ڕەقە کەم گەرمەکانەوە ، شیی دەکاتەوەو سوودی بۆ دەبێ ، ئەگەر ئاوەکەی بخورێتەوە بۆ ئەو پێچ بەسکدا هاتنانە باشە کە بەهۆی باوە تووشی مرۆڤ دەبێ ، وە ڕیخۆڵەکانیش خزو لووس دەکات ٠

ئەگەر بەخورماوە ، یا هەنگوینەوە ، یا هەنجیرەوە بکوڵێندرێت و پێش نانی بەیانی بخورێت ، ئەوا بەڵغەمی لینجی سینگ و گەدە شیی دەکاتەوەو ، بەسوودیش دەبێ بۆ ئەو کۆکە درێژخایەنەی بەهۆیەوە تووشی مرۆڤ دەبێ ٠

بۆ ئەو کەسانەی تووشی ڕیخۆڵەگیران بوونەو پیسایان بۆ نایەتە دەرەوە بەسوودەو ، سکیان ڕەوان دەکاتەوە ، ، ئەگەر ڕۆنەکەی (دهنه) تێکەڵ بەمێو (الشمع) بکرێت بۆ ئەو درزو قڵیشانەی بەهۆی سەرماوە دروست دەبێ بەسوودە ، سوودەکانیشی چەندەها ئەوەندەی ئەمەیە کە باسکرا ٠

---

٤٤٨ _ النطرون : جۆرە خوێیەکەو لە ئاوی گەرمدا بەئاسانی دەتوێتەوەو لە ئاوی ساردا بەقورسی ، (الَورق)یشی پێ دەڵێن ، بڕوانە : المعجم الوسيط ، إبراهيم الزيات ، وەرگێڕ ٠

له (القاسم)ی كوڕی (عبدالرحمن)هوه دهگێڕنهوه كه گوتویهتی : پێغهمبهری خوا ﷺ فهرمووی : ((استشفوا بالحلبة))([449]) واته : خۆتان بهشملی چارهسهر بكهن . كهسانێك له پزیشكان دهڵێن : ئهگهر خهڵك سوودهكانیان بزانیبا به كێشی خۆی به زێڕ دهیانكڕی .

پیتی خاء (خ) :

الخُبز ، نان : ثُبتَ في الصحيحينِ ، عن النَّبيُّ ﷺ ، أنَّه قالَ : ((تَكُونُ الأرْضُ يَوْمَ الْقِيامَةِ خُبْزَةً وَاحِدَةً يَتَكَفَّؤُهَا الْجَبَّارُ بِيَدِهِ كَمَا يَكْفَأُ أَحَدُكُمْ خُبزَتَهُ فِي السَّفَرِ ، نُزُلا لأهْلِ الْجَنَّةِ))([450]).

واته : پێغهمبهری خوا ﷺ فهرموویهتی : ((له ڕۆژی قیامهتدا زهوی دهبێت به یهك نان و خوای تعالی وهریدهگێڕێت لهم دهستهوه بۆ ئهو دهست تا ڕاست و ڕێك بێتهوه وهكو چۆن كهسێكتان نانهكهی له سفرهكهدا وهردهگێڕێت ، چونكه دهیكات به خوانێك و بۆ خهڵكی بهههشت ئامادهی دهكات)) .

وروى أبوداود في سننه : من حديث ابن عباس _ رضي الله عنهما _ ، قال : كان أحبَّ الطعامِ إلى رسولِ الله ﷺ الثريدُ من الخُبز ، والثريدُ من الحيس([451]).

واته : له (ابن عباس)هوه _ خوا له خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ فهرموویهتی : خۆشهویسترین خواردنهكان بهلای پێغهمبهری خواوه ﷺ تلێتی نان و ، تلێتی (الحَیْس) بوو.

[449] _ لم أجده بهذا اللفظ ، وروي في فضل الحلبة أحاديث موضوعة وباطلة ، انظر الأسرار المرفوعة في الأخبار الموضوعة (١ / ٣٨٨) ، تنزيه الشريعة عن الأخبار الشنيعة الموضوعة (٢ / ٢٤٦) ، الفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة للشوكاني (١ / ٤٨٩) .

[450] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١١ / ٢٣١) ، ومسلم (٢٧٩٢) .

[451] _ ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٧٨٣) عن عكرمة عن ابن عباس فذكره ، قال أبوداود : وهو ضعيف .(الحَيْس) تریتی خورماو كهشك و ڕۆنهو تێكهڵ بهیهك دهكرێن ، بڕوانه : القاموس المحيط للفيروزئابادي ، وهرگێڕ .

وروى أبوداود أيضاً ، من حديث ابْنِ عُمَر _ رضي الله عنه _ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ : ((وَدِدْتُ لَوْ أَنَّ عِنْدَنَا خُبْزَةً بَيْضَاءَ مِنْ بُرَّةٍ سَمْرَاءَ مُلَبَّقَةٍ بِسَمْنٍ ولَبَنٍ)) ، فقام رَجُلٌ مِنْ القوم فَاتَّخَذَهُ ، فَجَاءَ بِهِ ، فَقَالَ : ((فِي أَيِّ شَيْءٍ كَانَ هَذَا السَّمْنُ ؟)) فقَالَ : فِي عُكَّةِ ضَبٍّ ٠ فقَالَ : ((ارفَعْهُ))([٤٥٢]).

واته : له (ابن عمر)ەوه _ خوای لیٚ ڕازی بێت _ فەرموويەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((حەزم پێیەتی ئەگەر نانێکی سپیمان له گەنمێکی بۆری چاك تێکەڵ کرلو به ڕۆن و ماست هەبوایه)) ، ئەوەبوو پیاوێك له خەڵکەکه هەستاو ئامادەی کردو ، هێنای ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ((ئەم ڕۆنه له چ شتێکدا بوو ؟)) پیاوەکەش فەرمووی : له هیزەیەکی بزن مژەدا بوو ٠ بۆیه پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لایبەره)) ٠

وَرَوَى الْبَيْهَقِيّ مِنْ حديث عَائِشَةَ _ رضي الله عنها _ ترفعه : ((أَكْرِمُوا الْخُبْزَ ، وَمِنْ كَرَامَتِهِ أَنْ لَا تَنْتَظِرَ بِهِ الْأُدْمَ))([٤٥٣]).

واته : خاتوو (عائشة)ەوه _ خوای لیٚ ڕازی بێت _ له فەرموودەیکدا که بەرزی دەکاتەوه بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : ((ڕێزی نان بگرن ، ڕێزەکەشی ئەوەیه که بخورێت و چاوەڕێی هاتنی پێخۆر نەکرێت)) ٠ پێشەوا (ابن القیم) دەفەرمێت : ئەم فەرموودەیه له (موقوف) دەچێت و ، بەرزکردنەوەی ئەم فەرموودەیەو ، هی پێشووش بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ جێگیر نەبووه ٠

بەڵام ئەو فەرموودەیەی که باسی قەدەغەکردنی بڕینی نان دەکات به چەقۆ ، فەرموودەیەکی پووچەو هیچ بنەڕەتێکی له پێغەمبەری خواوه ﷺ بۆ جێگیر نەبووه ، له

[٤٥٢] _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٨١٨) ، وابن ماجة (٣٣٤١) ، وضعفه الألباني في ضعيف أبي داود (٨٢٣) ٠

[٤٥٣] _ إسناده ضعيف : أخرجه الألباني في الضعيفة (٢٨٨٤) ٠

ڕاستیدا فەرموودەیەكی دیكە هاتووە سەبارەت بە قەدەغەكردنی بڕینی گۆشت بەچەقۆ ، كەچی ئەمەش (صحیح) نی یە ٠

(مُهَنَّا) دەڵێت : لە (أحمد)م پرسی سەبارەت بەو فەرموودەیەی كە (أبي معشرٍ) ، لە (هشام)ی كوڕی (عروة)وە ، لە باببیەوە ، لە (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕێتەوەو فەرموویەتی : ((لا تقطعوا اللَّحْمَ بالسِّكِّين فإنَّ ذلك من فعل الأعاجم))([454]) ٠ واتە : ((گۆشت بەچەقۆ مەبڕن ، چونكە ئەوە كرداری عەجەمەكانە)) ٠ (أحمد)یش فەرمووی : فەرموودەیەكی (صحیح) نی یەو ، ئەمەش نەناسراوە ، بەڵكو فەرموودەكەی (عمرو)ی كوڕی (أُميَّة)و ، فەرموودەكەی (المغيرة) پێچەوانەی ئەمەن ٠ مەبەستی بە فەرموودەكەی (عمرو)ی كوڕی (أُميَّة) ئەوەیە كە فەرموویەتی : ((كان النبيُّ ﷺ يحتزُّ مِن لحم الشاة))([455]) واتە : ((پێغەمبەری خوا ﷺ لە گۆشتی مەڕەكەی دەبڕی)) ٠ مەبەستی بە فەرموودەكەی (المغيرة)ش ئەوەیە كە فەرموویەتی : ((أنه لمَّا أضافه أمَرَ بجَنْبٍ فشُوِيَ ، ثم أخذَ الشَّفرَةَ ، فجعل يَحُزّ([456]) واتە : ((كاتێ (المغيرة) بوبە میوانی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا لایەك ببرژێنن ، پاشان چەقۆ گەورەكەی هەڵگرت و ، دەستی كرد بەبڕینی گۆشتەكە بۆ میوانەكەی)) ٠

---

[454] _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٧٣٨) ، وضعفه الألباني ٠

[455] _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ١٣٩ ، ١٧٩) ، (٥ / ٢٨٧ ، ٢٨٨) ، والدارمي (٧٣٣) ، والبخاري (١ / ٦٣ ، ١٧٢) ، (٤ / ٥١) ، (٧ / ٩٦ ، ٩٨ ، ١٠٧) ، ومسلم (١ / ١٨٨) ، وابن ماجة (٤٩٠) ، والترمذي (١٨٣٦) ، كلهم عن طريق الزهري قال : أخبرني جعفر بن عمرو بن أمية عن أبيه فذكره ٠

[456] _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ٢٥٢ ، ٢٥٥) ، وأبوداود (١٨٨) ، والترمذي في الشمائل (١٦٦) ، كلهم من طريق مسعر عن أبي صخرة جامع بن شداد ، عن المغيرة بن عبدالله ، فذكره عن المغيرة بن شعبة ٠

بەشێك : سەبارەت بە جۆرەكانی نان :

چاكترین جۆرەكانی نان ئەوەیە كە بەچاكی شێلدرابێ و هەڵهاتبێ ، پاشان نانی تەنوور بەچاكترین جۆری نان دادەنرێت و ، پاش ئەوەش نانی فڕنە ، پاشان نانی (المَلَّة)([457]) لە پلەی سێ یەمدایە ، چاكترینیشی ئەوەیە كە لە گەنمی نوێ دروست كرابێ .

زۆرترین ئەو جۆرانەشی كە خۆراك بەخشە نانی (السَّمیذ)ە([458])، كە درەنگ هەرسە لەبەر زۆر پاكی و نەبونی هیچ كەپەكێك تیایدا ، بەدواشیدا نانی (الحُوَّارَى)([459]) ، پاشانیش (الخشكار)([460]) .

چاكترین كاتی خواردنیشی كۆتایی ئەو ڕۆژەیە كە دروست كرابێت ، نەرمەكەشی زیاتر نەرم دەكات و خۆراك دەبەخشێ و تەڕ دەكات و بەخێراش دادەبەزێ ، ووشكەكەش بە پێچەوانەوەیە .

میزاجی نانی گەنم گەرمە لە نێوەندی پلە دوودا ، نزیكی ناوەندە لە شێداری و ووشكێتیدا ، ووشكێتی زاڵە بەسەر ئەوەدا كە ئاگر ووشكی كردۆتەوە ، شێداریش بەسەر پێچەوانەكەیدا .

---

[457] ـ خبز المَلَّة : نانی (الْمَلَّةِ) لە نێو خۆڵەمێشی گەرمدا دەبرژێندریت و بەلای دەشتەكیەكانەوە ناسراوە ، بڕوانە : مختصر خليل للخرشي ، ج١٦ ص٣٠٨ ، وەرگێڕ .

[458] ـ خبز السَّميذ : نانێكە لە ئاردێك دروست دەكرێت كە چەند جارێك بێژرابێت (سفر) ، بڕوانە : تاريخ دمشق ، ج٥٥ ص٤٩ ، وەرگێڕ .

[459] ـ خبز الحُوَّارَى : ئەو نانەیە كە لە پوخت و پاڵفتەی ئاردی سپی دروست دەكرێت ، بڕوانە : مجلة المنار ، ج ٢١ ، ص٤٩٨ ، وەرگێڕ .

[460] ـ خبز الخشكار : نانی ئەسمەرە كە لە ئاردێك دروست دەكرێت كە كەپەكەكەی تێدا بێ و پاك نەكرابێت ، بڕوانە : المعجم الوسيط ، وەرگێڕ .

نـانى گـەنم خاسـيەتێكى تێدايـە ، بريتيـە لـەوەى خێـرا قەڵـەو دەكـات ، نـانى (القطـائف)يش([461]) خەڵتەيەكى چڕ دروست دەكات ، ووردكراويشى با دروست دەكات و درەنـگ هەرسـە ، ئەوەش بە ماست دروسـت دەكرێت خـۆراكيكى زۆر دەبەخشـێت و ، درەنـگ لـە گـەدە ليـژ دەبێتەوە .

نانى جۆ ساردو ووشكە لە يەكەمدا ، بەبەراوردى گەنم خۆراكێكى كەمتر دەبەخشێت .

خَلٌ ، سركە : وعن جابر – رضي الله عنه – : أنَّ النَّبيَّ ﷺ سَأَلَ أَهْلَهُ الأُدْمَ ، فقالوا : مَا عِنْدَنَا إِلاَّ خَلٌّ ، فَدَعَا بِهِ ، فَجَعَلَ يَأْكُلُ ، ويقول : ((نِعْمَ الأُدْمُ الخَلُّ ، نِعْمَ الأُدْمُ الخَلُّ))([462]).

واتە : لە (جابر)ەوە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ داواى پێخۆرى لە خێزانەكانى كرد ، ئەوانيش فەرموويان : جگە لە سركە هيچى ترمان نى يە ، ئەوەبوو فەرمانيدا بۆى بێنن ، بۆيە دەستى كرد بەخواردنى و دەيفەرموو : ((چاكترين پێخۆر سركەيە ، چاكترين پێخۆر سركەيە)) .

وفي سنن ابن ماجة عن أُمِّ سعد _ رضي الله عنها عن النبيِّ ﷺ : ((نِعْـمَ الْإِدَامُ الْخَـلُّ ، اللَّهُـمَّ بَارِكْ فِي الْخَلِّ ، فَإِنَّهُ كَانَ إِدَامَ الْأَنْبِيَاءِ قَبْلِي ، وَلَمْ يَفْتَقِرْ بَيْتٌ فِيهِ خَلٌّ))([463]).

واتە : لـە (أُمِّ سـعد)ەوە _ خـواى لـىٚ ڕازى بێـت _ فەرموويـەتى : پێغەمبـەرى خـوا ﷺ فەرمووى : ((چاكترين پێخۆر سركەيە ، پەروەردگارا فرەو بەرەكەت بخەرە سـركەوە ، چـونكە پێخۆرى پێغەمبەرانى پێشم بووە ، ئەوماڵەش سركەى تێدابىٚ هەژار ناكەوێت)) .

---

[461] _ خبز القطائف : پارچە هەويرێكن بە بچكۆلە لول دەكرێن و بەكەوانەيى سوردەكرێنەوەو ناواخن دەكرێن بە كاكڵە گوێزو شتى تر ، بڕوانە : قاموسى رستە ، وەرگێڕ .

[462] _ صحيح : أخرجه مسلم (٦ / ١٢٥ ، ١٢٦) عن أبي سفيان طلحة بن نافع عن جابر فذكره .

[463] _ موضوع : أخرجه ابن ماجة (٢٣١٨) ، وحكم عليه بالوضع الشيخ الألباني في ضعيف الجامع (٥٩٦١) .

سركه له گەرمی پێكهاتووه ، ساردی بەسەردا زاڵه ، ووشكه له سێ یەمدا ، بەهێز ووشك دەكاتەوه ، قەدەغەی تێڕژانی مادەكان دەكات ، سروشت نەرم ونیان دەكاتەوه ، سركەی مەی و شەراب (خل الخمر) بۆ گەدەی گرگرتوو بەسووده ، (الصفراء) كپ دەكاتەوه ، زیانی دەرمانه كوشندەكان دوردەخاتەوه ، شیرو خوێن ئەگەر لە هەناودا بەسترلن شی یان دەكاتەوه ، سوود به سپڵ دەگەیەنێت ، گەده خۆشه دەكات ، سك دەگرێتەوه ، تینویەتی دەوەستێنێت ، قەدەغەی ئاوسان دەكات لە هەر جێگەیەك ویستی دەرچوونی هەبێ ، یارمەتی هەرسكردن دەدات ، دژ به بەڵغەمه ، خۆراكه چڕەكان نەرم ونیان دەكاتەوه ، خوێن ڕوون و ناسك دەكاتەوه ٠

ئەگەر بەخوێ وه بخورێتەوه ، بەسووده بۆ ئەو كەسەی قارچكی كوشندەی خواردبێت ، ئەگەر هەڵقورێندرێت ، زارووی پەیوەست به بنەڕەتی مەڵاشووه دەبڕێت ، ئەگەر به گەرمی لە دەم وەردرێت ، بۆ ئازاری ددان بەسوودەو ، پوكیش بەهێز دەكات ٠

به شێوەی تێ هەڵسوان بۆ نەخۆشی (الدَّاحس)و([٤٦٤]) ، ئەو برینانەی لە لاكانی مرۆڤدا پەیدادەبن و ئاوسانه گەرمەكان و ، سووتان بەئاگر بەسووده ، دڵ دەكاتەوه بۆ خواردن ، گەده چاك و بۆن خۆش دەكات ، بۆ لاوێتی چاكەو ، لە هاوینیشدا بۆ دانیشتوانی وەڵاته گەرمەكان چاكه ٠

خلالٌ : ددان پاكەوكار : دوو فەرموودەی لەبارەوه هاتوون (صحیح) نین ، یەكەمیان : یُروى من حديث أبي أيوب الأنصاري يرفعه : يا حَبَّذا المُتَخَلِّلونَ من الطَّعام ، إنه ليس شيءٌ أشدَّ على المَلَكِ من بَقِيَّةٍ تَبْقى في الفمِ من الطعامِ([٤٦٥]) وفيه واصلُ بن السائب ، قال البخاري

---

[٤٦٤] ـ الدَّاحس : زیپكەیەكه له نێوان نینۆك و گۆشتەكەدا دەردەچێت و بەهۆیەوه نینۆكەكه دەكەوێت ، بڕوانه: المعجم الوسيط ، ج١ ، ص٥٦٧ ، وەرگێڕ ٠

[٤٦٥] ـ إسناده ضعيف : أخرجه أحمد (٥ / ٤١٦) ، وضعفه الألباني في ضعيف الترغيب والترهيب (١٥١) ٠

والرازي : منكر الحديث ، وقال النسائي والأزْدِي : متروك الحديث • واته : له (أبي أيوب الأنصاري)وه _ خواى لىّ رِازى بيّت _ فه‌رموويه‌تى : پيّغه‌مبه‌رى خوا ﷺ فه‌رموويه‌تى : ((چه‌ند چاكه ئه‌و كه‌سانه‌ى به ددان پاكه‌وكار ددانه‌كانيان پاش خۆراك خواردن پاك ده‌كه‌نه‌وه ، به‌راستى هيچ شتيّك به لاى فريشته‌وه قورستر نى يه له پاشماوه‌ى ئه‌و خۆراكه‌ى له زاردا ده‌ميّنيّته‌وه)) •

دووه‌م : يروى من حديث ابنِ عبّاسٍ ، قال عبدُالله بنُ أحمدَ : سألت أبي عن شيخٍ روى عنه صالحٌ الوحاظيّ يقال لهُ محمد بنُ عبدِالملكِ الأنصاريّ حدّثنا عطاءٌ عن ابنِ عبّاسٍ قالَ : نهى رسول الله ﷺ أن يُتَخَلَلَ باللّيط والآس ، وقال : إنهما يسقيان عُروقَ الجُذَام .

واته : پيّغه‌مبه‌رى خوا ﷺ قه‌ده‌غه‌ى كردووه ددان پاك بكريّته‌وه به تويّكلى ره‌قى قاميش و (الآس)و[٤٦٦] فه‌رمووى : ره‌گه‌كانى نه‌خۆشى گولى ده‌بوژيّننه‌وه ، ئه‌وه‌بوو (عبدالله)ى (أحمد) فه‌رمووى : بابم فه‌رمووى : (محمد)ى كورِى (عبدالملك)م بينى كويّر بوبو كه‌چى فه‌رمووده‌ى هه‌ڵبه‌ستراوى داده‌ناو درۆى ده‌كرد •

پاشان • ددان پاكه‌وكار به‌سووده بۆ پووك و ددان ، ته‌ندروستيان ده‌پاريّزيّت ، بۆ گۆرِينى بۆنى زار به‌سووده ، چاكترين جۆريشى ئه‌وه‌يه كه له دار چوكڵه‌كانى پاككردنه‌وه‌و ، هه‌روه‌ها

---

[٤٦٦] _ الآس : بريتيه له دره‌ختۆكه‌يه‌كى هه‌ميشه سه‌وز ، به‌زۆرى له شويّنه شيّدارو سيّبه‌ريه‌كاندا ده‌رِويّت ، لقيّكى زۆرى پيّوه‌يه‌و ، بۆنيّكى خۆشى هه‌يه ، لقه‌كان گوڵكه‌ليّكى ره‌نگ سپى مه‌يله‌و په‌مه‌يى هه‌ڵده‌گرن ، به‌ريّكى ره‌شى هه‌يه‌و ، له كاتى پيّگه‌شتنيدا ده‌خوريّت و هه‌روه‌ها ووشك ده‌كريّته‌وه‌و ده‌يكه‌ن به به‌هارات ، هه‌موو پووه‌كه‌كه به‌كار ده‌هيّنريّت ، سه‌ره‌راى بۆنه خۆشه‌كه‌ى • برِوانه : www0khayma.com •

له دارەكانى زەيتون و بيى (الخلاف) وەرگيرابێ ، بەڵام پاككردنەوە بە قاميش و (الآس)و ڕێحانەو (الباذروج)([٤٦٧]) زيانبەخشە ·

پيتى دال (د) :

دُهْنٌ ، ڕۆن : روى الترمذي في كتاب الشمائل من حديث أنس بن مالك _ رضي الله عنهما _ قال : كان رسول الله ﷺ يُكثِرُ دُهْنَ رأسِهِ ، وتسريحَ لِحيته ، ويكْثِرُ القِناعَ كأن ثَوْبَه ثَوبُ زَيَّاتٍ([٤٦٨])·

واتە : لە (أنس)ى كوڕى (مالك)ەوە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى: پێغەمبەرى خوا ﷺبەزۆرى سەرى چەور دەكردو ، ڕيشى دادەهێناو ، پارچە پەڕۆيەكى بەسەردا دەدا پاش چەوركردن وەكو ئەوەى پۆشاكەكەى پۆشاكى ڕۆن فرۆش بێت ·

ڕۆن كونيلەكانى جەستە دادەخات ، قەدەغەى شيى بوونەوەى مادەكان دەكات ، دواى خۆشتن بەئاوى گەرم ئەگەر بەكارهات ، چاكى و جوانى شێدارى بە جەستە دەبەخشێ ، ئەگەر پرچى پىٚ چەوەر بكرێت چاكى و جوانى پىٚ دەبەخشێ و درێژى دەكات ، بۆ سورێژە بەسوودەو ، زۆرترين بەڵاكانى لىٚ دوردەخاتەوە ·

وفي الترمذي : من حديث أبي هريرة _ رضي الله عنه _ مرفوعاً : ((كُلُوا الزَّيتَ وادَّهِنُوا به))([٤٦٩]) ·

واتە : لە (أبي هريرة)وە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ: ((زەيت بخۆن و خۆتانى پىٚ چەور بكەن)) ·

---

[٤٦٧] _ الباذروج : نبات طيب الرائحة : بڕوانە : لسان العرب ، وەرگێڕ ·

[٤٦٨] _ أخرجه الترمذي في الشمائل (٣٣) ، (١٢٦) عن يزيد الرقاش عن أنس بن مالك فذكره ·

[٤٦٩] _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (١٨٥٤) ، وأحمد (٣ / ٤٩٧) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٤٢٠٣) ·

ڕۆن لــه وەڵاتــه گەرمــەكانی وەكــو _ حیجــازو هاوشــێوەكانیدا _ لــە گــەورەترین هۆكارەكانی پاراستنی تەندروستی و چاكردنی جەستەیەو ، زۆر پێویستە بۆ ئەوان ، بەڵام دانیشتوانی وەڵاتە ساردەكان ئەوەیان پێویست نی یە ، زۆر بەكارهێنانیشیی لە سەردا بۆ چاو مەترسی تێدایە ٠

چـاكترین ڕۆنـیش سـادەكانە وەكـو : زەیتـی زەیتـون ، پاشـان ڕۆن و ، پاشـانیش ڕۆنـی كۆنجیە ٠

بەڵام ئاوێتەكان : هەندێكیان سـاردی تـەڕو شـێدارن ، وەكـو ڕۆنـی گـوڵی وەنەوشـە(دهـن البنفسج) كە بۆ سەرئێشەی گەرم بەسوودە ، ئەو كەسانە دەنوێنێت كە بەشەو نـاتوانن بنـون ، مێشك شێدار دەكاتەوە ، بۆ قڵیشانی دەست و پێ و دەم ولێو بـەهۆی سـەرماوە یـا بـەهۆی نەخۆشیەوە بەسوودە ، هەروەها بۆ زاڵبونی ووشكێتی بەسەر جەستەدا بەسـوودە ، گـەرێتی و ، خوروی ووشكی تـێ هەڵدەسـوێنرێت و سـوودی لـێ وەردەگرن ، جوڵانـەوەی جومگـەكان ئاسان دەكاتەوە ، بۆ كەسانی خاوەن میزاجی گەرم لـە هاوینـدا بەسـوودە ، دوو فـەرموودەی پوچیشی لەبارەوە هاتوون و هەڵبەستراوە بە زاری پێغەمبەری خواوە ﷺ:

یەكەم : فضلُ دُهن البَنَفْسَج على سائرِ الأدهان ، كَفَضْلي على سائرِ الناس ٠ واتە : فـەزڵ و چاكی ڕۆنی وەنەوشـە بەسـەر تێكـڕای ڕۆنەكانـدا ، وەكـو فـەزڵ و چـاكی منـە بەسـەر هـەموو خەڵكدا ٠

دووەم : فضلُ دُهن البنفسَج على سائر الأدهان ، كفضل الإسلام على سائر الأديـان ٠ واتـە : فەزڵ و چاكەی ڕۆنی وەنەوشـە بەسـەر تێكـڕای ڕۆنەكانـدا ، وەكـو فـەزڵ و چـاكی ئیسـلامە بەسەر هەموو ئاینەكاندا ٠

هەندێ لە ئاوێتەكانیش : گەرمی تەڕو شێدارن ، وەكو ڕۆنی (البان)[٤٧٠] ، بەڵام نەك ڕۆنی گوڵەكەی ، بەڵكو ڕۆنی تووەكەی كە سپی یەو مەیلەو خاكیە وەكو فستق ، ڕۆن و چەوریەكی زۆری تێدایەو ، بەسوودە بۆ ئەستورو ڕقێتی دەمارو ، نەرمی دەكاتەوە ، بۆ پەڵە سپێكانی سەر نینۆك و ، پەڵەكانی سەر پێست كە جیاوازن لە ڕەنگی ئاسای پێست و ، پڵەو خاڵ و سورایەكانی سەر دەم وچاو و ، بەڵەكی بەسوودە ، بەڵغەمی چڕ نەرم دەكاتەوەو ، ژێ ووشكەكان نەرم دەكاتەوە ، دەمار گەرم دەكات ، فەرموودەیەكی پووچیشی لەبارەوە هەڵبەستراوە كە هیچ بنەڕەتێكی نی یە بەم بێژەیە : ((ادَّهنوا بالبانِ ، فإنه أحظى لكم عند نسائكم)) واتە : ((بەڕۆنی (البان) خۆتان چەور بكەن ، چونكە بەڕێزترو خۆشەویستر دەبن بەلای خێزانەكانتانەوە)) ٠ لە سوودەكانی تریشی ددانەكان پاك دەكاتەوە ، جوانی و گەشداری پێ دەبەخشێ و ، تەڵخ و بەڵخەكانی پاك دەكاتەوە ، هەركەس دەم وچاوو لاكانی پێ چەور بكات تووشی پێچ بەسكدا هاتن و قڵیشانی دەم وچاو لێو و پێ نابێت ، ئەگەر نێوان هەردوو ڕانی و ئەندامی نێرینەی پێ چەور بكات ، بۆ ساردی گورچیلەو ، مێزەچرتێ بەسوودە ٠

---

[٤٧٠] ــ البان : درەختێكە بەرێكی بەرز دەبێتەوەو ، لقەكانیشی ڕێك و كەمن ، درێژی ئەم درەختە نزیكەی (٦) متر دەبێ ، گوڵێكی چڕی جوانی پەمەیی پێوەیەو ، پێش دەرچوونی گەڵاكان دەردەچن لە نێوان مانگەكانی مارس و نیساندا ، پاشان گوڵەكان بەرێكی درێژ دەدەن كە بریتیە لە بەرگێك و هەر بەرگێكیش چەند دانە تووێكی تێدایە لە یەك ڕیزدا ، تووەكان گەورەن و تا ڕادەیەك لە فستق دەچن ، بڕوانە ٠

پیتی ذال (ذ) :

ذريرة : ناوی گیایەکی بۆنخۆشە : ثبت في الصحيحين : عن عائشة _ رضي الله عنها _ قالت : طيَّبتُ رسولَ الله ﷺ بيدي ، بذَرِيرَةٍ في حَجَّةِ الوَدَاعِ لِحلِّه وإحرامِهِ([471]).

واتە : لە دایكە (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : بەدەستەكانی خۆم پێغەمبەری خوام ﷺ لە حەجیماڵئاوایدا بە (ذريرة) بۆنخۆش كرد ، كاتێ كە ئیحرامی بەست و كە ئیحرامیشی كردەوە پێش تەواف كردن .

پێشتر باسی (ذريرة)مان كردو سوودەكانیشمان خستەڕوو ، بۆیە پێویست بە دووبارەكردنەوە ناكات .

ذُبَابٌ ، مێش : لە فەرموودەكەی (أبي هريرة)دا كە فەرموودەیەكی (المتفق عليه)ە باسی ئەوە كراوە كە مێش ئەگەر كەوتە خواردن و خواردنەوەوە نقومی شتەكە دەكرێت ، بۆ بەدەستهێنانی شیفا كە لە باڵێكیدایە ، چۆنكە وەكو (الترياق)ە بۆ ئەو ژەهرەی لە باڵەكەی دیكەیدایەو ، سوودەكانی مێشیشمان پێشتر خستە ڕوو .

ذَهَبٌ ، زێڕ : روى أبوداود ، والترمذي : أنَّ النبيَّ ﷺ رَخَّصَ لِعَرْفَجَةَ بنِ أسْعَدٍ لَمَّا قُطِعَ أنفُهُ يومَ الكُلاب ، واتَّخَذَ أنفاً من وَرِقٍ ، فأنْتَن عليه ، فأمَرَه النبيُّ أنْ يَتَّخِذَ أنْفاً مِنْ ذَهَبٍ([472]).

واتە : كاتێ (عَرْفَجَةَ)ی كوڕی (أسْعَدٍ) لە ڕۆژی جەنگی (الكُلاب)دا لووتی بڕاو ، لوتێكی زیوینی بۆ خۆی دروست كرد ، بۆگەنی كرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدایە كە لووتێكی زێڕین بەكاربێنێت . (عَرْفَجَةَ)ش جگە لەم تەنها فەرموودەیە هیچی تری نی یە .

---

[471] _ صحيح : تقدم تخريجه .

[472] _ حسن : أخرجه أحمد (٢٣١٥) ، وأبوداود (٤٢٣٣) ، والترمذي (١٧٧٠) ، والنسائي (٨ / ١٦٣ ، ١٦٤) كلهم من طريق عبدالرحمن بن طرفة عن عرفجة بن أسعد فذكره .

زێـڕ : بـۆ ڕازاوەیـی دونیـا بـەکاردێت ، تەڵسـەمی بوونیەتیـە ، شـادی هێنـی نەفسـە ، بەهێزکاری دەرکەوتنە ، نهێنی خوایە لە زەمینەکەیدا ، میزاجی لـە تێکڕای چۆنیەتیەکانیدایە ، گەرمیـەکی نـەرم ونیـانی تێدایـە بەشـدار دەبـێ لـە تێکـڕای شـتە شـادی هێنەرەکانـدا ، نێوەنجیترین و بەڕێزترین کانزاکانە بەڕهایی ·

لـە خاسـیەتەکانی ئەوەیـە کـە ئەگـەر بخرێتـە ژێـر خاکـەوە ، ئـەو خاکـە هـیچ زیـانی پـێ ناگەیەنێت و ، هیچی لێ کەم ناکاتەوە ، ئەگەر ووردەو خاکەکەی (برادته) تێکـەڵ بـەدەرمان بکرێت ، بـۆ لاوازبـوونی دڵ و ، لـەرزین کـە بـەهۆی زاڵبـوونی (السـوداء)ەوە دروسـت دەبـێ بەسوودە ، بۆ ووڕێنەو ، دلگرانی و ، خەم و ، ترسان و توقین و ، عیشق بەسـوودە ، جەسـتە قەڵەو دەکات و ، بەهێزی دەکات ، زەردووی لادەبات ، ڕەنگ وبۆ چاك وجوان دەکاتـەوە ، بـۆ گولی و ، تێکڕای ئازارو نەخۆشیە (السَّوداويَّة)کان بەسوودە ، لـە نەخۆشـیەکانی (داءالثعلـب)و ، (داء الحیـة)دا بەخاسـیەت بەشـدارە ، بەخواردنـەوەو تـێ هەڵسـووان ، چـاوەکان پـاك دەکاتـەوەو بـەهێزی دەکـات ، بـۆ زۆرێـك لـە نەخۆشـیەکان بەسـوودەو ، هـەموو ئەندامـەکان بەهێزی دەکات · بۆگەنی دەم ناهێڵێت ئەگەر تیایدا ڕاگیرا ، ئەو کەسـەی نەخۆشـیەکی هـەبێ و پێویست بەداخکردن بکـات و ، بـەزێڕ داخـی بکـات ، شـوێنەکەی تلۆقـە دروسـت ناکـات و ، بەخێراش سارێژ دەبێتەوە ، هەرکەس کلچێوکێکی زێڕین بۆ ڕەشتنی چاو بەکاربێنێت ، چـاوی بەهێز دەکات و پاکی دەکاتەوە ، ئەگەر ئەنگوسـتیلەیەکی لـێ دروسـت بکرێـت و نقێمەکەشـی هەر لـە خـۆی بـێ و گـەرم بکرێـت و ، پـەڕە گـەورەکانی پێشـەوەی کـۆتری پـێ داخ بکـرێ ، هۆگری هێلانەکەی دەبێ و ، جێگەکەی ناگۆڕێت ·

خاسیەتێکی سەرسوڕمێنی تێدایە لە ورە بەرزکردنەوەدا ، بۆیە ڕێی پێدراوە لە جەنگدا بەکاربهێنرێت و لە چەکیشدا بەکاربێت بەئەندازەی ئەوەی ڕێی پێدراوە ، وقد روى الترمذي

من حديث مَزِيدَة العَصَري _ رضي الله عنه _ ، قال : دخل رسولُ اللهِ ﷺ يومَ الفَتْح ، وعلى سيفهِ ذَهَبٌ وفِضةٌ([٤٧٣]).

واته : له (مَزِيدَة العَصَري)وه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ له ڕۆژى ڕزگاركردندا چووه مەككەوەو ، شمشێرەكەى زێڕو زيوى بەسەرەوە بوو .

زێڕ خۆشەويستى نەفسەو هەركات دەستى كەوت ، ئاسوودەى پىٚ دەبەخشىٚ و چيتر ئاوەڕ له خۆشەويستەكانى ديكە ناداتەوە ، ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ والخَيْلِ المُسَوَّمَةِ والأَنْعَامِ وَالحَرْثِ ﴾[آل عمران : ١٤] واته : ﴿ زُيِّنَ ﴾ جوان كراوه ﴿ لِلنَّاسِ ﴾ بۆ خەڵكى (دونيا پەرست) ﴿ حُبُّ الشَّهَوَاتِ ﴾ خۆشى و ئارەزوواتى نەفسى ﴿ مِنَ النِّسَاءِ ﴾ له ئافرەتان ﴿ وَالْبَنِينَ ﴾ وكوڕان ﴿ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ ﴾ ودارای زۆرى كەڵەكە كراو ﴿ مِنَ الذَّهَبِ ﴾ له ئاڵتون و زێڕ ﴿ وَالْفِضَّةِ ﴾ وزيو ﴿ والخَيْلِ ﴾ وئەسپ و مايناني ﴿ المُسَوَّمَةِ ﴾ نيشانەدار (بەسپێتى ناوچاوان و هەر چوار پەلى ﴿ والأَنْعَامِ ﴾ هەروها ئاژەڵ وچوارپێيان ﴿ وَالحَرْثِ ﴾ و كشتوكاڵ([٤٧٤]).

وفي الصحيحين : عن النبي ﷺ : ((لو كان لابن آدمَ وادٍ من ذَهبٍ لابتغى إليه ثانياً ، ولو كان له ثانٍ ، لابتغى إليه ثالثاً ، ولا يملأ جَوفَ ابن آدمَ إلا التُّرابُ ، ويتوبُ اللهُ على مَن تابَ))([٤٧٥]).

واته : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى : ((ئەگەر نەوەى ئادەم شيوێك زێڕى هەبوايه ، ئارەزووى دووەمى دەكرد ، ئەگەر دووانى هەبوايه ، ئارەزووى سىٚ يەمى دەكرد ، بەدەر له

---

[٤٧٣] _ ضعيف : أخرجه الترمذي (١٦٩٠) بإسناده عن هود بن عبدالله بن سعد ، عن جده مزيدة فذكره ، قال الترمذي : هذا حديث حسن غريب ، وجد هود اسمه مزيدة العصري .

[٤٧٤] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان .

[٤٧٥] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١١ / ٢١٦) ، ومسلم (١٠٤٨) .

خاكيش هيچى تر سكى نەوەی ئادەم پڕ ناكات و ، پەروەردگاريش تەوبەو پەشيمانى ئەو كەسە قبولْ دەكات كە داوای تەوبە دەكەن و پەشيمان دەبنەوە)) ٠

زێڕ گەورەترين كۆسپ و جياكارى نێوان بەندەكان و نێوان سەركەوتنى گەورەيە لە ڕۆژى قيامەتدا ، گەورەترين شتێكيشە كە سەرپێچى خوای تعالای پێ كرابێ ، هەر زێڕيش بو بە هۆكارى بڕينى پەيوەندى خزمايەتى و ، خوێن ڕشتن و ، حەرامكراوەكان حەڵالْ كران و ، قەدەغەی مافەكان كراو ، بەندەكان ستەميان لە يەكتر كرد ، هۆكارى ويستنى دونياو ، وازهێنانە لە ڕۆژى دوای و ئەوەی خوای تعالى بۆ خۆشەويستانى خۆی ئامادەی كردووە ، چەندەها ماف بەزێر پێشێل كراو ، هەر بەزێڕيش چەندەها پۆچى زيندو كرانەوەو ، چەندەها ستەمكار سەرخران و ، چەندەها ستەملێكراو بەزێنران ، چەند جوانە ئەوەی (الحريرى) لەم بارەوە گوتويەتى :

تبّاً لهُ من خادعٍ مُماذقِ ... أصفَرَ ذي وجْهَيْنِ كالمُنــافِــقِ
يَبدو بوَصْفَينِ لعَينِ الرّامِقِ ... زينَةِ معْشوقٍ ولوْنِ عاشِــــقِ
وحُبّهُ عندَ ذَوي الحَقائقِ ... يدْعو الى ارتِكاب سُخْطِ الخــالِقِ
لوْلاهُ لمْ تُقْطَعْ يَمينُ سارِقِ ... ولا بدَتْ مظْلمَةٌ منْ فاســـقِ
ولا اشْمأزّ باخِلٌ منْ طارِقِ ... ولا شكا المَمطولُ مطلَ العائِقِ
ولا استُعيذَ منْ حَسودٍ راشِقِ ... وشرّ ما فيهِ منَ الخـــلائِقِ
أنْ ليسَ يُغْني عنْكَ في المَضايِقِ ... إلاّ إذا فرّ فِرارَ الآبِـــقِ

واته :

خـــــوا له ناوی بەرێت چ فێلاویەکی قەڵپە
زەردەو دووڕووە وەکـــــو کەســـــــی دووڕوو
بەدوو وەسف بۆ چاوی بینەر دەردەکـــەوێت
خشڵێکی خۆشــــــــــەویست و ڕەنگی ئاشــــــق
خۆشەویشتیی بەلای کەسانی هەقیقەت زانـــەوە
دەبێ بەهۆی تـــــــــووڕەبوونی پەروەردگـــــــــار
ئەگەر ئەو نەبوایە دەستە ڕاستی دز نەدەبڕدراو
ســـــتەمیش لە کەســـــی خراپەوە دەرنەدەکـــــــەوت
دەست قوچاویش بێزی لە لێدەری دەرگا نەدەبـــۆوەو
کەسی دواخەریش سکالای کۆسپی نەدەکرد بۆ ئەوەی لەئەستۆیدایە
پەناش نەدەگیرا لە کەسی ئێرەیی بەری چاوتێبڕو
شـــــــــــەڕی ئەو بەدیهێنراوانەی لە ســـــــەر زەویدان
لە تەنگانەشدا هیچی تر جێگەی تۆ نـــاگرێتەوە
مەگـــــەر هەڵبێت وەکــــــو هەڵهـــــــــــاتنی کوێلە

پیتی الراء (ر) :

رُطَبٌ ، خورمای ڕوتابی تازە پێگەیوو : قـال الله تعـالی لمریمَ ﴿ وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا فَكُلِي وَاشْرَبِي وقَرِّي عَيْنا ﴾[مریم : ٢٥] واته : ﴿ وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ ﴾ قەدی ئـەو دارخورمایـەش بـۆ لای خـۆت ڕاوەشـێنە ﴿ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ﴾ خورمای تازە پێ گەییوەت بەسەردا دەباری ﴿ فَكُلِي وَاشْرَبِي ﴾ ئینجا (لـەو خورمـا) بخـۆ و (لەو ئاوەش) بخۆرەوە ﴿ وقَرِّي عَيْنا ﴾ چاوو دڵ ڕۆشن بە ([٤٧٦]).

[٤٧٦] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

وفي الصحيحين عن عبدالله بن جعفر ، قال : رأيتُ رسول الله ﷺ يأكلُ القثّاءَ بالرُّطَبِ([٤٧٧]).

واته : له (عبدالله)ى كوڕى (جعفر)هوه _ خواى لىٚ ڕازى بيٚت _ فهرموويهتى : پيٚغهمبهرى خوام بينى ﷺ كاليارو خورمارى ڕوتابى تازه پيٚگهيوى بهيهكهوه دخوارد •

وفي سنن أبي داود ، عن أنس قال : كان رسولُ الله ﷺ يُفطِرُ على رُطَباتٍ قبلَ أن يَصلّيَ ، فإنْ لم تكُن رُطباتٍ فتمراتٍ ، فإن لم تكن تَمراتٍ ، حَسَا حسْوَاتٍ من ماءٍ([٤٧٨]) .

واته : له (أنس)هوه _ خواى لىٚ ڕازى بيٚت _ فهرموويهتى : پيٚغهمبهرى خوا ﷺ ڕۆژووى به چهند خورمايهكى ڕوتابى تازه پيٚگهيوو دهشكاند ، پيٚش ئهوهى نويٚژى بكردبا ، ئهگهر خورماى ڕوتابى تازه پيٚگهيو نهبوايه چهند خورمايهكى دهخوارد ، ئهگهر خورماش نهبوايه ، چهند قوميٚكى ئاوى دهخواردهوه •

ميزاجى خورماى ڕوتابى تازه پيٚگهيوو وهكو ميزاجى ئاوهو گهرمى تهڕو شيٚداره ، گهدهى سارد بههيٚز دهكات و گونجاويٚتى ، ئارهزووى جووتبوون زياد دهكات ، جهسته چاك و بهپيت دهكات ، گونجاوه بۆ خاوهن ميزاجه ساردهكان و ، خۆراكيٚكى زۆر دهبهخشيٚت •

گونجاوترين ميوهيه بۆ دانيشتوانى مهدينهى پيرۆزو وهلاٚتانى ديكهش كه ميوهى سهرهكيانه ، بۆ جهستهش بهسووده ، ئهگهرچى ئهوهى پيٚى ڕانههاتبىٚ بهخيٚرا له جهستهيدا بۆگهن دهكات و ، خويٚنيٚكى خراپى ليٚوه دروست دهبىٚ ، بهزۆر خواردنيشى سهرئيٚشهو (

---

[٤٧٧] _ صحيح : تقدم تخريجه •

[٤٧٨] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ١٦٤) ، وأبوداود (٢٣٥٦) ، والترمذي (٦٩٦) كلهم عن ثابت أنه سمع أنس ابن مالك فذكره •

السوداء) دروست دەكات ، زیان بەددلن دەگەیەنێت ، بە (السَّكَنجَبين)و[٤٧٩] شتی تری بەو هاوشێوانە چاك دەكرێت .

كە پێغەمبەری خوا ﷺ بە خورمایی ڕەتابی تازە پێگەیوو ، یاخود بەخورما ، یاخود بەئاو ڕۆژوو دەشكێنێت ، لەبەر نهێنیەكی نەرم ونیانە ، چونكە ڕۆژوو گەدە لە خۆراك خالّی دەكاتەوە ، جگەریش شتێكی وای تێدا بەدیناكات ڕایكێشێت و بینێرێت بۆ هێزو ئەندامەكانی جەستە ، شیرینیش لە هەموو شتێك خێراتر بە جگەر دەگات و ، لە هەمووشتێكیش بەلایەوە خۆشەویسترە ، بەتایبەت ئەگەر خورمای ڕەتابی تازە پێگەیو بێت ، زیاتر قبولّی دەكات و ، خۆی و هەموو هێزەكانی تریش سوودی لێ دەبینن ، ئەگەر خورمای ڕەتابی تازە پێگەیوش نەبوو ، ئەوا خورما ئەو ڕۆلّە دەبینێت ، ئەگەر خورماش نەبوو ، قومە ئاوەكان گڕی گەدەو ، گەرمی ڕۆژوو دەكوژێننەوەو ، پاشان وریا دەبێتەوە بۆ خۆراك و ، بە حەزو ئارەزووە وەریدەگرێت .

رَيْحانٌ ، ڕیحانە : قال تعالى : ﴿ فَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ ﴾[الواقعة : ٨٨] واتە : ﴿ فَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴾ ئەنجا ئەگەر ئەو (كەسەی لە گیانەلّایە) لە نزیكان بێ (لەخوا) ﴿ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ ﴾ ئەوە حەسانەوەو بۆن خۆشی و بەهەشتی پڕ لە نازونیعمەتی بۆ هەیە[٤٨٠] . وقال تعالى : ﴿ والحَبُّ ذُو العَصْفِ والرَّيْحانُ ﴾[

---

٤٧٩ _ السكنجبين : دەرمانێكی دێرینی چاخە دێرینەكانەو ووشەیەكی فارسیەو بنەڕەتی ووشەكە (سركا – انكبين)ە واتە سركە _ هەنگوین .. چونكە ئەم دەرمانە لە تێكەلّەیەكی سركەو هەنگوین پێكهاتووەو ، هەندێ مەوادی خۆشی تری تێدەكرێت ، پاشان ئەم ووشەیە بەكارهێنرا بۆ هەر شەرابێك لە شیرینی و ترشی پێكهاتبێت ، بڕوانە : الشامل في الصناعة الطبية ، ابن النفيس ، وەرگێڕ .

٤٨٠ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

الرحمن : ١٢] وه دانەویڵەی خاوەن کاو پەل و پۆدارو ڕیحانة[٤٨١]. وفي صحيح مسلم عن النبيِّ ﷺ: ((مَن عُرِضَ عليه رَيْحَانٌ ، فَلا يَرُدَّهُ ، فإنَّه خَفيفُ المَحْمَلِ طَيِّبُ الرَّائِحَةِ))[٤٨٢] .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەرکەس ڕێحانەی پێشکەش کرا ، با نەیگەڕێنێتەوە ، چونکە هەڵگرتنی سووکەو بۆنیشی خۆشە)) .

وفي سنن ابن ماجة : من حديث أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ _ رضي الله عنه _ عن النبي ﷺ أنه قال : ((أَلَا مُشَمِّرٌ لِلْجَنَّةِ ، فَإِنَّ الْجَنَّةَ لَا خَطَرَ لَهَا ، هِيَ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ ، نُورٌ يَتَلَأْلَأُ ، وَرَيْحَانَةٌ تَهْتَزُّ ، وَقَصْرٌ مَشِيدٌ ، وَنَهَرٌ مُطَّرِدٌ ، وَ ثَمَرَةٌ نَضِيجَةٌ ، وَزَوْجَةٌ حَسْنَاءُ جَمِيلَةٌ ، وَحُلَلٌ كَثِيرَةٌ فِي مَقَامٍ أَبَدًا ، فِي حَبْرَةٍ وَنَضْرَةٍ ، فِي دُورٍ عَالِيَةٍ سَلِيمَةٍ بَهِيَّةٍ)) ، قَالُوا : نعمْ يا رسول الله ، نَحْنُ الْمُشَمِّرُونَ لَهَا ، قَالَ : ((قُولُوا : إِنْ شَاءَ اللَّهُ تعالى)) ، فقال القوم : إنْ شاء الله[٤٨٣].

واته : له (أُسامة)ی کوڕی (زَید)ەوه _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئایا کەسێك نی یه بۆ بەهەشت تێکۆشێت ، چونکه بەهەشت هاوشێوەی نی یه ، سوێند بەخوای کەعبه ، نورو ڕوناکیەکەو دەدرەوشێتەوه ، ڕێحانەیەکی جوڵاوەیه ، تەلارێکی جوانیی دروست کراوه ، ڕوبارێکه یەك سینه ڕێ دەکات ، بەرێکی پێگەشتووه ، هاوسەرێکی جوانه ، خۆشی و ڕازەوەیەکی زۆرەو ، له جێگەیەکی هەتا هەتایدایه ، له نیعمەت و خۆشی و ڕوخسار جوانیدایه ، له ماڵێکی بەرزی جواندایه)) ، کوتیان : بەڵی ئەی پێغەمبەری خوا ، ئێمه هەوڵی بۆ دەدەین ، فەرمووی : ((بڵێن : إن شاء الله تعالى)) .

---

[٤٨١] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

[٤٨٢] _ صحيح : تقدم تخريجه .

[٤٨٣] _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٤٣٣٢) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٢١٨٠) .

ڕێحانه هەموو ڕووەکێکی بۆن خۆشە ، خەڵکی هەر وەڵاتێکیش بە شتێکەوە تایبەتی دەکەن ، بۆیە خەڵکی ڕۆژئاوا بە (الآس)ەوە تایبەتی دەکەن و ، بریتیە لە جۆری ئەو ڕێحانەی کە عەرەب دەیناسێ ، بەڵام خەڵکی عێراق بە (الحَبَق)ەوە([٤٨٤]) تایبەتی دەکەن ٠

بەڵام (الآس) ، میزاجی ساردە لە یەکەمدا ، ووشکە لە دووەمدا ، لە گەڵ ئەوەشدا لە چەندین هێزی بەرهەڵستی پێکهاتووە ، بەزۆری گەوهەری خاکی ساردی تێدایە ، شتێکیش لە گەرمی ناسکی تێدایە ، وبەهێز ووشك دەکاتەوە ، بەشەکانی نزیکن لە هاوهێزیەوە ، هێزێکی وەستێنەری قەدەغەکاری هەیە لە ناوەوەو دەردەوەدا ٠

(الإسهال الصفراوی) دەوەستێنێت ، پاڵنەری هەڵمی گەرمی شێدارە ئەگەر بۆن بکرێت ، زۆر بەهێز دڵ شادومان دەکات ، بۆنکردنی ڕێحانە درم و نەخۆشی قەدەغە دەکات ، هەروەها ئەگەر لە ماڵیشدا ڕاخرا ٠

ئاوسانی بۆرپەکانی میز چاك دەکاتەوە ئەگەر بخرێتە سەری ، ئەگەر بەتەڕی گەڵاکانی کوتراو لەگەڵ سرکەدا خرایە سەر سەر ، خوێن بەربونی لووت دەوەستێنێت ، ئەگەر بەووشکی گەڵاکانی هاڕدراو ، پرژێنرایە سەر برینی تەڕو شێدارەوە سوودی پێ دەگەیەنێت ، ئەگەر وەکو بەستەرێك (الضماد) بخرێتە سەر ئەندامە کزولاوازەکان بەهێزیان دەکات ، بۆ نەخۆشی (الداحِس) بەسوودە ، ئەگەر پرژێنرایە سەر زیپکەو برینەکانی دەست و پێ ، سوودی پێ دەگەیەنێت ٠

ئەگەر بخشێنرێتە جەستەدا ئارەقە دەوەستێنێت و ، شێ زیدەکانی جەستە ووشك دەکاتەوەو ، بۆنە ناخۆشەکانی بندەست لادەبات و ، دانیشتن لە سەر کولێندراوی ، سوود بە

---

[٤٨٤] _الحبق : ڕەیحانەی (الحبق) جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەیحانە ، ڕووەکێکی وەرزیەو ، نزیکەی (٥٠)سم لە زەمین بەرز دەبێتەوە ، گەڵاکانی هیلکەیی دەرەوشاوەیە ، قەدەکەی چوارگۆشەیەو ، گوڵەکانی سپی بچوکن٠ بڕوانە : http://www.snble.com/herablslist.php ٠

دوومـەڵی کـۆم و منداڵـدان و ، خاوبونـەوەی جومگـەکان دەگـەیـەنێت ، ئەگـەر ڕژێنرایـە سـەر ئێسکی شکاوی یەك نەگرتوودا ، سوودی پیّ دەگەیەنێت ۰

کرێش و برینە تەڕو شـێدارەکانی سـەرو ، زیپکـەکانی پـاك دەکاتـەوە ، ناهێڵێـت پـرچ بکەوێت و ڕەشیشـی دەکاتـەوە ، ئەگـەر گـەڵاکانی بکوترێـت و ، ئـاوێکی کـەمی بەسـەردا بکرێت و ، تێکەڵ بەهەندێك لە زەیتی زەیتون یاخود ڕۆنی گوڵ (دهن الـورد) بکرێـت و ، پێچـەرێکی (الضـماد) لـیّ دروسـت بکرێـت ، بـۆ برینـە تـەڕەکان و ، ئـەو بـرین و زام و زیپکانەی کە لاکانی جەستەدا دەردێن و ، سووربوونەوەو هەڵزڵەپینی پێسـت و ، ئاوسـانە توندو خراپەکان و ، ئەو زیپکەو برینانەی بەسـەر پێسـتەوە دەردێـن و خـورانێکی تونـدی لێدەکەوێتەوەو ، مایەسیری بەسوودە ۰

تۆوەکەی بەسوودە بۆ فرێدانی خوێن لە سنگ و سیی کانـەوە ، گـەدە خۆشـەدەکات و هیچ زیانێکی بۆ سنگ و سیی کان نی یە چونکە سیفەتی پاك کردنەوەو سافکردنی تێدایـە ، بەخاسـیەت سـوودێکی باشـی هەیـە بـۆ سکچـون کـە کۆکـەی لـە گەڵـدابیّ و ئەمـەش خاسیەتێکی دەگمەنە لە دەرمانەکاندا ، میـز زیـاد دەکـات ، بـۆ چـوزانەوەی میزڵـدان و ، گەزتنی جاڵجاڵۆکەی زیانبەخش و ، پێوەدانی دووپشك بەسوودە ، بـەڵام ددان ئـاژنین بـە ڕەگەکەی زیانبەخشەو ، وورپای بن ۰

بەڵام ڕێحانەی فارسی کە بە (الحَبَق) ناودەبرێت ، میزاجـی گـەرمـە بـەپێی یـەکێك لـە دوو گوفتارەکان ، ئەگەر ئاوپرژێن کراو بۆن کـرا ئـەوا سـوود بـە سەرئێشـەی گـەرم دەگـەیـەنێت ، فێنك دەکاتەوەو ، شێدار دەکات بە کاتی ۰ بەپێی گوفتارەکەی دیکـەش سـاردە ، بـەڵام ئایـا تەڕو شێدارە یاخود ووشکە ؟ دوو گوفتاری لەبارەوە هاتووە ۰ ڕاستیش : هەرچـوار (الطبـائع)ەکەی تێدایە ، خەوهێنەرە ، تۆوەکـەی ڕەوانـی زەرداوی دەوەسـتێنێت ، پـێچ بەسـکا هـاتن هێمن دەکاتـەوە ، بەهێزکاری دڵە ، بۆ نەخۆشیە (السوداويّة)کان بەسوودە ۰

رُمَّانٌ ، هەنار : خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ فِيهِما فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴾[الرحمن : ٦٨] واتە : لەو دوو (باخە)دا میوەهات هەیە نەخوازەلَا دارەخورماو هەنار ([٤٨٥])٠ لە (ابن عباس)ەوە _ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ بە (مرفوع)ی و بە (موقوف)ی دەگێڕنەوە فەرموویەتی : هەر هەنارێك لە هەنارەكانی ئێوە پیتێنراوە بە دەنكە تۆوێك لە هەنارەكانی بەهەشت ٠ فەرموودەكەش لە (موقوف) دەچێت ٠ (حَرْبٌ)و كەسانی تریش لە (علي)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی : هەنار بە كرۆكەوە بخۆن ، چونكە گەدە خۆشە دەكات ٠

هەناری شیرین گەرمی تەڕو شێدارە ، باشە بۆ گەدە ، بەهێزی دەكات بەو قەبزە ناسكەی كە تیایدایە ، بۆ گەروو سنگ و سیی بەسوودە ، بۆ كوكین باشە ، ئاوەكەی سك نەرم دەكاتەوە ، هێندێك خۆراكی باش بە جەستە دەبەخشێت ، بەخێرا شیی دەبێتەوە چونكە ناسك و نەرم و نیانە ، باو گەرمیەكی كەم لە گەدەدا دروست دەكات ، بۆیە یارمەتی جوتبوون دەدات ، بۆ تادارو لەش گەرم باش نی یە ، خاسیەتێكی سەرسوڕمێنیشی هەیە بەوەی ئەگەر لە گەڵ نانداخورا ناهێڵێت لە گەدەدا بۆگەن و خراپ بێت ، تەرشەكەشی ساردی ووشكە ، قابزێكی كەمە ، بۆ گەدەی گڕگرتوو بەسوودە ، لە هەموو جۆرەكانی تری هەنار زیاتر میزهێنەرە ، (الصفراء) هێمن دەكاتەوە ، سكچونی دەوەستێنێت ، ڕشانەوە قەدەغە دەكات ، پاشماوەكان نەرم ونیان دەكاتەوە ، گەرمی جگەر دادەمركێنێتەوە ، ئەندامەكان بەهێز دەكات ، بۆ ئازارەكانی دڵ و ، دەمی گەدە بەسوودە ، گەدە بەهێز دەكات و ، پاشماوەكانی دەكاتە دەرەوە ، (المرَّة الصفراء)و خوێن دادەمركێنێتەوە ٠

ئەگەر ئاوەكەی دەرهێنراو لەگەڵ ناوەڕكەكەیدا ، بەكەمێك هەنگوینەوە كوڵێندرا تا وەك مەرهەمی لێدێت و ، چاوی پێ ڕەژێنرا ، زەردووی لە چاو دەبڕێت و ، لە تەڕی و شێ چرەكان پاكی دەكاتەوە ، ئەگەر پۆكی تێ هەڵسوێنرێت ، بەسوود دەبێ بۆ ئەو خۆرەیەی (الأكلة)

[٤٨٥] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

توشی دەبێ ، ئەگەر ئاوەکەی دەرهێنراو لە گەڵ ناوەڕۆکەکەیدا (شحمها) خورایەوە ، سك ڕەوان دەکات و ، تەڕی وشێ بۆگەنە تاڵەکان لیژ دەکاتە خوارەوەو ، بەسوود دەبێ بۆ تا ڕۆژ نا ڕۆژە درێژخایەنەکان ٠

بەڵام هەناری مەزر ، لە هەردوو لایەنی میزاج و کرداریشەوە نێوەندی هەردوو جۆرکەیە ، توندی ترشیەکەی کەمێك کەمترە ، دەنکەکانی هەنار لە گەڵ هەنگوێندا تێ هەڵسوویەکی چاکە بۆ نەخۆشی (الداحس)و برینە پیسەکان ، برینەکان دادەمرکێنێتەوە ، گووتویانە : هەرکەس سێ گوڵە هەنار لە ساڵیکدا قووت بدات ، تێکڕای ساڵەکە چاو ئێشەو چاو داهاتنی تووش نابێ ٠

پیتی زای (ز) :

زَيْتٌ ، زەیتی زەیتون : خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لا شَرْقِيَّةٍ وَلا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ﴾ [النور : ٣٥] واتە : ﴿ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ ﴾ (ئەو چرایە) دائەگیرسێ بە (ڕۆنی) درەختێکی زەیتونی بەفڕو بەرەکەت ﴿ لا شَرْقِيَّةٍ وَلا غَرْبِيَّةٍ ﴾ کە نە ڕۆژهەڵاتی بێ نە ڕۆژئاوای بێ (سێبەر نایگرێ نەکاتی هەڵهاتنی خۆرو نەکاتی ئاوابوونی) ﴿ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ ﴾ (ڕۆنەکەی ئەوەندە پاك بێت) نزیکە ڕۆنەکەی داگیرسێ ﴿ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ﴾ با ئاگریشی بەر نەکەوێ ([٤٨٦]) ٠

وفي الترمذي وابن ماجة من حديث أبي هريرة _ رضي الله عنه _ ، عن النبيِّ ﷺ أنه قال : ((كُلُوا الزَّيتَ وادَّهِنُوا به ، فإنَّه من شَجَرَةٍ مُباركَةٍ))([٤٨٧]) ٠

واتە : لە (أبي هريرة)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((زەیتی زەیتون بخۆن و خۆتانی پێ چەوریکەن ، چونکە لە درەختێکی پیرۆزە)).

[٤٨٦] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[٤٨٧] _ تقدم تخريجه ٠

وللبيهقي وابن ماجة أيضاً : عن ابن عمر _ رضي الله عنه _ ، قال : قال رسول الله ﷺ: ((ائْتَدِمُوا بالزَّيتِ ، وادَّهِنُوا به ، فإنه من شَجَرَةٍ مُباركَةٍ))([488]) .

واته : له (ابن عمر)ەوه _ خواى لىٰ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : ((زەيتى زەيتون بكەن بەپێخۆرو ، خۆتانى پىٰ چەوەر بكەن ، چونكە لە دارێكى پيرۆزە)) .

زەيتى زەيتون گەرمى تەڕو شێدارە لە يەكەمدا ، ئەو كەسانە كە گوتويانە : ووشكە بەهەڵەدا چوونە ، زەيتيش بە گوێرەى زەيتونەكەيەتى ، بۆيە گوشراوى لە زەيتونى پێگەيوو ڕێكترين و چاكترينێتى ، بەڵام لە زركى نەگەيوو " جۆرە ساردى و ووشكێتيەكى تێدايە ، زەيتى زەيتونى سووريش نێوەندى ئەو دوو زەيتەيە ، زەيتى زەيتونى ڕەشيش بەمامناوەندێتى گەرم دەكات و شێدار دەكات ، بۆ ژەهرەكان و ، ڕەوانبوونى سك و ، دەرهێنانى كرم بەسوودە ، زەيتونى كۆن سيفەتى گەرم كردن و شيى كردنەوەى زياترە ، ئەوەى بەئاو لێى دەدەهێنرێت ، گەرمى كەمترەو ، نەرم ونيانترو ناسكترەو سوودێكى زۆرتريش دەبەخشىٰ ، سەتاپاى جۆرەكانى زەيتوون ڕووى پيست نەرم دەكەنەوەو ، پيربوون دوادەخەن .

ئاوى زەيتونى سوێر ناهێڵێت تڵۆقەى پڕ ئاوى سووتانى ئاگر دروست بىٰ ، پووك بەهێز دەكات ، گەڵاكانى بۆ سووربوونەوەو هەڵزڵەپانى پێست و ، ئەو برينانەى لە لاكاندا دێنەدەرو ، برينە پيسەكان و ، زيپكەو برينەكانى سەرپيست كە خورانێكى توندى لە گەڵدايە بەسوودە ، قەدەغەى ئارەقەكردن دەكات و ، سوودەكانى چەندەها ئەوەندەى ئەمانەيە كە باسمان كرد .

[488] _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٣١٩) ، وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة (٢٦٨٢) .

زُبْدٌ ، كەرێ : روى أبوداود في سننه ، عن ابنَي بُسْرٍ السُّلَمِيَّيْن – رضي اللّٰه عنهما – قالا: دخل علينا رسول اللّٰه ﷺ ، فقدَّمنا إليه زُبدا وتمرا ، وكان يُحبُّ الزُّبْدَ والتمر(٤٨٩).

واتە : لە هەردوو کوڕەکەی (بُسْرٍ السُّلَمِيَّيْن)ەوە _ خوایان لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ دیدەنی کردین و ، خورماو کرێمان خستە پێش دەستی و ، حەزی بە خورماو کرێ بوو ·

کەرێ گەرمی شێدارە ، سوودو کەڵکێکی زۆری تێدایە ، لەوانە پێگەیاندن و شیی کردنەوە ، بەسوودە بۆ ئەو ئاوسانانەی کە لە لاکانی گوێ و بوڕیەکانی مێزو ، زاردا دێنەدەر ، بەسوودە بۆ هەموو ئەو ئاوسانانەی کە لە جەستەی ژنان و منداڵاندا دێنەدەر ئەگەر بەتەنها بەکارهات ، ئەگەر لستراوە ، بۆ ئەو خوێنەی لە سیەکانەوە دێنەدەر بەسوودەو ، ئاوسانەکانیشی پێدەگەیەنێت ·

نەرم ونیانکاری سروشت و دەمارو ئەو ئاوسانانەی کە بەهۆی (المِرَّة السوداء)و بەڵغەمەوە دروست دەبن ، بۆ ئەو ووشکێتیەی تووشی جەستە دەبێ بەسوودە ، ئەگەر جێگەی دەرهاتنی ددانەکانی منداڵی پێ چەوەرکرێت ، یارمەتی گەشەی ددانەکانی و دەرهاتنیان دەدات ، بەسوودە بۆ ئەو کۆکەی بەهۆی سەرماوە تووشی مرۆڤ دەبێ ، بۆ نەخۆشی ووشك هەڵاتووی و قڵشانی پێست و هەڵوەرینی تووك بەسەریەوە بەسوودە ، بەڵام حەزو ئارەزووی خواردن کەم دەکاتەوەو ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر چەند دانایەك نێوان کەرێ و خورمای کۆکردۆتەوە " لە خواردندا " وەکو چاکردنی هەر دانەیەکیان بەویتر ·

٤٨٩ _ صحيح : أخرجه أبوداود (٣٨٣٧) ، وابن ماجة (٣٣٣٤) كلاهما عن سليم بن عامر عن ابني بسر السلميين فذكراه ·

زَبِيبٌ ، مێوژ : دوو فەرموودەی لەبارەوە هاتووە (صحيح) نین :

یەکەمیان : چاکترین خۆراك میوژە ، بۆنی زار خۆش دەكات و ، بەڵغەم دتوێنێتەوە ٠

دووەم : چاکترین خۆراك مێوژە چونکە نەخۆشی لادەبات و ، دەمار بەهێزو توند دەكات و ، تووڕەبوون دادەمرێکێنێتەوەو ، ڕەنگ وبۆ جوان دەكات و ، بۆنی زار خۆش دەكات ٠ ئەمەشیان (صحيح) نی یە ٠ پاشان ٠ چاکترین مێوژ ئەوەیە کە قەبارەی گەورە بێ و ، ناوەڕۆکی قەڵەو بێ ، توێکلی تەنك بێ و ، ناوکی دەرهێنرابێ و ، تۆوەکەی بچوك بێ ، تەنی مێوژ گەرمی شێدارە لە یەکەمدا ، تۆوەکەی ساردی ووشکە ، ئەویش وەکو ترێ یە : شیرینی هەیەو گەرمیشی هەیە ، ترشەکەی قەبزکارو ساردە ، سپێکەشی لە هەموو جۆرەکانی تر قەبزکارترە ، ئەگەر ناوکرۆکی بخورێت ، بۆ بۆڕی سیی کان گونجاو دەبێ ، بۆ کۆکەو ، ئازاری گورچیلەو ، میزڵدان بەسوودە ، گەدە بەهێز دەكات و ، سك نەرم دەکاتەوە ٠

شیرینەکەی خۆراکێکی زیاتر دەبەخشێت بەبەراوردی ترێ ، بەڵام بەبەراوردی هەنجیری ووشك خۆراك بەخشینەکەی کەمترە ، هێزێکی پێگەیەنەری هەرسکاری قەبزکاری شیی کردنەوەی مامناوەندی هەیە ، بەگشتی گەدەو جگەرو سپڵ بەهێز دەكات ، بۆ ئازارەکانی گەروو سینگ و سیی کان و گورچیلەو میزڵدان بەسوودە ، چاکترینیشیان ئەوەیە کە بەبێ تۆوەکەی بخورێت ٠

خۆراکێکی باشی چاك دەبەخشێت ، کونیلەی داخراو (السُدد) دروست ناكات وەکو ئەوەی کە خورما دروستی دەكات ، ئەگەر لە گەڵ تۆوەکەیدا بخورێت سوودێکی زۆرتر بە گەدەو جگەرو سپڵ دەبەخشێت ، ئەگەر ناوەڕۆکەکەی لکێنرایە نینۆکی جوڵاوەوە خێراتر هەڵیدەکەنێت ، شیرینەکەی کە ناوکی نی یە بەسوودە بۆ ئەو کەسانەی تەڕی و بەڵغەمیان هەیە ، مێوژ جگەر چاك و پیتدار دەكات و بە خاسیەت سوودی پێ دەگەیەنێت ٠

بۆ زیادکردنی توانای لەبەرکردنیش سوودی هەیە : پێشەوا (الزهري) فەرموویەتی : هەرکەس حەزی بەلەبەرکردنی فەرموودەیە با مێوژ بخوات · (المنصور) لە (عبدالله)ی کوڕی (عباس)ی باپیرەیەوە دەگێڕێتەوە دەگێڕێتەوە کەوا : تۆوەکەی نەخۆشیەو ، ناوەڕۆکەکەشی دەرمانە ·

<u>زَنْجَبيلٌ</u> ، زەنجەفیل : خوای تعالى دەفەمێت : ﴿ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنْجَبِيلا ﴾[الإنسان : ١٧] واتە : لە بەهەشتدا شەرابیان لە پەرداخێکدا پێ دەنۆشرێ کە زەنجەفیلی تێکەڵاوە([490])

پێشەوا (أبونُعيم) لە کتێبی (الطب النبوي)دا دەگێڕێتەوە کەوا (أبوسعيد الخُدري) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پادشای ڕۆم گۆزەیەك زەنجەفیلی بەدیاری دایە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش هەر مرۆڤێك پارچەیەکی دایەو ، پارچەیەکیشی دایە من ·

زەجەفیل گەرمە لە دووەمدا ، تەڕو شێدارە لە یەکەمدا ، گەرمکارەو یارمەتی هەرسکردنی خۆراك دەدات ، بەمامناوەندی سك نەرم ونیان دەکاتەوە ، بۆ کونیلە داخراوەکانی (السُدد) جگەر کەبەهۆی سەرماو تەڕی وشێ وە دروست دەبێ بەسوودە ، بۆ تاریکبوونی چاو کەبەهۆی تەڕی و شێ وە دروست دەبێ بەسوودە بەهەردوو ڕێگەی خواردن و چاو ڕەشتنیشەوە ، یارەمەتی جووتبوون دەدات ، بایە چڕەکان شیی دەکاتەوە کە لە گەدەو ڕیخۆڵەدا دروست دەبێ ·

بەگشتی · چاکە بۆ جگەرو گەدەی میزاج سارد ، ئەگەر بەکێشی دوو دیرهەم لە گەڵ شەکردا تێکەڵ بەئاوی گەرم کراو ، پاشەڕۆ لینجە لیکیەکان نەرم و ئاسان دەکاتەوە ، لەو دەرمانانەدا بەشدار دەبێ کە بەشێوەی هەویر دەشێلدرێن و بۆ توانەوەو شیی کردنەوەی بەڵغەم بەکاردێت .

[490] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

مزره‌كه‌شى گه‌رم و ووشكه‌و ئاره‌زووى جووتبون ده‌وروژێنێت ، تۆماوى نێرینه زیاد ده‌كات ، گه‌ده‌و جگه‌ر گه‌رم ده‌كات ، خواردن خۆش و به‌له‌زه‌ت ده‌كات ، هه‌ڵده‌ستێت به ووشكردنه‌وه‌ى ئه‌و به‌ڵغه‌مه‌ى زاڵ ده‌بێ به‌سه‌ر جه‌سته‌دا ، توانای له‌به‌ركردن زیاد ده‌كات ، گونجاوه بۆ جگه‌رو گه‌ده‌و ، ئه‌و ته‌ڕیه‌ى به‌هۆى خواردنى میوه‌وه تووشى ده‌بێ لاده‌بات ، بۆنى زار خۆش ده‌كات ، زیانى خۆراكه چڕه سارده‌كانى پێ دورده‌خرێته‌وه٠

پیتى سین (س) :

سَنا ، پێشتر باسكراو ، باسى (سَنُوت)یش كراو ، ئه‌وه‌ش خرایه ڕوو كه به حه‌وت شت لێك دراوه‌ته‌وه :

یه‌كه‌م : هه‌نگوێنه ٠

دووه‌م : خۆشاوى هیزه‌ى ڕۆنه كه به شێوه‌ى خه‌تگه‌لێكى ڕه‌ش به سه‌ر ڕۆنه‌كه‌وه ده‌رده‌كه‌وێت ٠

سێ یه‌م : تۆوێكه له تۆوى ڕه‌شكه (كمون) ده‌چێت به‌ڵام (كمون)یش نى یه ٠

چواره‌م : (الكمون الكرمانى) یه ٠

پێنجه‌م : ڕازیانه‌یه ٠

شه‌شه‌م : شویته ٠

حه‌وته‌م : خورمایه ٠

هه‌شته‌م : ئه‌و هه‌نگوێنه‌یه كه له نێو هیزه‌ى ڕۆندایه ٠

سَفَرْجَلٌ ، به‌هێ : روى ابن ماجة في سننه : من حديث إِسْمَعِيلُ بْنُ مُحَمَّدٍ الطَّلْحِيُّ ، عن نُقَيْبُ بْنُ حَاجِبٍ ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ ، عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ الزُّبَيْرِيِّ ، عَنْ طَلْحَةَ بن عُبيدالله _ رضي

الله عنه _ قَالَ : دَخَلْتُ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ وَبِيَدِهِ سَفَرْجَلَةٌ ، فَقَالَ : ((دُونَكَهَا يَا طَلْحَةُ ، فَإِنَّهَا تُجِمُّ الْفُؤَادَ))([491]).

واته : له (طَلْحَةَ)ى كوڕى (عُبيدالله)ەوە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : چوومە خزمەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ بەهىٚ يەكى بەدەستەوە بوو ، ئەوەبوو فەرمووى : ((ئەى (طلحة) بيبە ، چونكە دڵ دەحەوێنێتەوەو چاكى و چالاكى تەواو دەكات)) ٠

هەروەها پيشەوا (ابن ماجة) لە ڕێگەيەكى ديكەشەوە دەيگێڕێتەوە ، فەرموويەتى : چوومە خزمەتى پێغەمبەرى خوا ﷺ كە لە نێوان چەند هاوەڵانێكيدا دانيشتبوو ، بەهىٚ يەكى بەدەستەوە بوو ئەم ديو ئەو ديوى پێدەكرد ، كە دانيشتم ، دەستى بۆ بڵاوكردمەوەو فەرمووى : ((ئەى (أبا ذَرًّا) بيبە چونكە دڵ بەهێز دەكات و ، نەفس شادومان دەكات و ، خەم و خەفتى سينگ لادەبات)) ٠

سەبارەت بە بەهىٚ چەند فەرموودەيەكى تريش (رِواية)ت كراوە ، ئەمە چاكترينيانەو ، (صحيح)يش نين ٠

بەهىٚ ساردى ووشكە ، لەم بارەشەوە بە گۆڕينى تامى دەگۆڕێت ، هەمووشى ساردى قەبزكارە ، بۆ گەدە چاكە ، شيرينەكەى ساردى و ووشكێتى كەمترە ، مەيلى لاى مامناوەندێتى دەكات ، ترشەكەى قەبزكردن و ووشكێتى و سارديى زۆرە ، هەمووشى تينويەتى دەشكێنێت و ڕەشانەوە قەدەغە دەكات ، ميز هێنەرە ، خوو نەرم دەكاتەوە ، بۆ برينى ڕيخۆڵەو ، خوێن دەردان و ، كوليرا بەسوودە ، بۆ دڵ تێكەڵ هاتن بەسوودە ، ئەگەر

---

[491] _ ضعيف الإسناد : أخرجه ابن ماجة (٣٣٦٩) بإسناده عن عبدالملك الزُّبيري عن طلحة فذكره ٠

پاش خۆراك بەكارهێنرا قەدەغەی بەرزبوونەوەی هەڵمەكان دەكات ، سوتێنراوی لـق و پـۆپ و گەڵا شۆراوەكەی وەكو (التوتياء)ە([٤٩٢]) لە كاركردنیدا ٠

خۆراكێكی كەم بەجەستە دەبەخشێت و قەبز دەكات ، پاشان خوو نـەرم ونیـان دەكاتـەوە ، لیژبوونەوەی نیشتووەكان خێراتر دەكات ، زۆر خواردنی بۆ دەمار زیانبەخشە ، (القـولنج) دروست دەكات ، (المِرّةَ الصفراء)ی دروستبووی نێو گەدە دادەمركێنێتەوە ٠

ئەگـەر برژێنـرا زبـری و ڕەقێتـی كـەم دەبێتـەوەو ، سـووكیش دەبـێ ، ئەگـەر ناوەڕاسـتی هەڵكۆڵرێت و ، تۆوەكانی دەرهێنرێت و ، هەنگوێنی تێ بكرێت و ، بە هەویر سـواخ بـدرێت و ، بخرێتە نێو خوڵەمێشی گەرمەوە ، سوودێكی زۆر دەبەخشێت ٠

چاكترینیشـی ئەوەیـە كـە بـە بـرژاوی یـاخود بـە كوڵێنـدراوی بەهەنگوێنـەوە بخورێـت ، تۆوەكەی بۆ زبری و وشكی گەرو ، بۆڕیەكانی سیی ، زۆرێك لە نەخۆشیەكان بەسوودە ٠

ڕۆنەكەشی قەدغەی ئارەقەكردن دەكات ، گەدە بـەهێز دەكـات ، مرەباشـی گـەدەو جگـەر بەهێز دەكات ، دڵ بەهێز دەكات ، شادومانیش بەنەفس دەبەخشێت ٠

فەرمایشتی : (تُجِـمُّ الفـؤادَ) واتـە : دەیحەوێنێتـەوە ٠ هـەروەها گـووتراوە : دەیكاتـەوەو فراوانی دەكات ، ڕستە عەرەبیەكەش لە (جمام الماء)ەوە هاتووە ، واتە : فراوانبوونی ئـاو و زۆربوونی ٠ ووشەی (الطَّخاء) بۆ دڵ وەكو هەورە بەسەر ئاسمانـەوە ٠ (أبوعُبيـد) دەڵێـت :

---

[٤٩٢] ـ التوتياء : بەردێكە دەهاڕدرێ و دەكرێ بەكل و چاوی پێ دەڕێژرێت ، جۆرەكانی سەوزو زەردو سپین ، لە كەنارەكانی هەندەوە دەهێنرێت ٠ چاكترین جۆری سپیە سووكەكەیەتی پاشان زەردەكەو پاشانیش فستقیە تەنكەكەی ، بەردێكی ساردی ووشكەو قەدغەی گوزەركردنی پاشەڕۆكان دەكات بۆ ڕەگەكانی چاوو چینەكانی ، بۆ تەڕی و شێ بەسوودە ، فرمێسك ووشك دەكاتەوە ، بۆگەنی جەستە لادەبات ، بڕوانە : قاموسی رستە ، مەلا محمودی كەڵاڵەیی و ، هەروەها بڕوانە : خريدة العجائب و فريدة الغرائب ، ابن الوردي ، ص ٧٩ ، وەرگێڕ ٠

ووشەی (الطّخاء) واتە : قورسی و داپۆشین ، لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێت : (ما في السماء طخاءٌ) ، واتە : هەورو تاریكی بە ئاسمانەوە نی یە .

سِواكٌ : في الصحيحين عنه ﷺ ((لولا أن أشُقَّ على أُمَّتي لأمَرْتُهُمْ بالسِّواكِ عند كلِّ صلاةٍ))[٤٩٣].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ئەگەر ئومەتەكەمم تووشی نارەحەتی نەكردایە فەرمانم پێدەدان لە كاتی هەموو نوێژێكدا سیواك بكەن)) .

وفيهما : أنه ﷺ كان إذا قامَ من الليل يَشُوصُ فَاهُ بالسِواكِ[٤٩٤].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ هەركات هەستایە بۆ شەونوێژ ددانی بەسیواك پاك دەكردەوە.

وفي صحيح البخاري تعليقاً عنه ﷺ: ((السِّواكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ ، مَرْضَاةٌ للرَّبِّ))[٤٩٥].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((سیواك هۆكاری پاكردنەوەیە بۆ زارو ، مایەی ڕەزابوونی پەروەردگاریشە)) .

وفي صحيح مسلم : أنه ﷺ كان إذا دَخَلَ بيته ، بدأ بِالسِّواكِ[٤٩٦].

واتە : هەركات پێغەمبەری خوا ﷺ بچوایەتەوە بۆ ماڵەكەی خۆی ، بەسیواك دەستی پێدكرد.

لەبارەی سیواك كردنەوە فەرمووده زۆرە ، وصَحَّ عنه من حديث أنه استاك عند موته بسواك عبدالرحمن بن أبي بكر ، وصَحَّ عنه قال : ((أكثرتُ عَلَيْكُم في السوَاكِ))[٤٩٧] .

---

٤٩٣ _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٢ / ٣١٢) ، ومسلم (٢٥٢) .

٤٩٤ _ صحيح : أخرجه البخاري (١ / ٧٠) ، (٢ / ٥ ، ٦٤) ، ومسلم (١ / ١٥٢) كلاهما عن أبي وائل عن حذيفة فذكره .

٤٩٥ _ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ١٣٧) .

٤٩٦ _ صحيح : أخرجه مسلم (٢٥٣) .

واته : به (صحيح)ى (ريوايه)ت كراوه كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەمەرگیدا بە سیواكەكەی (عبدالرحمن)ی كوڕی (أبي بكر) سیواكی كردوه ، هەروەها بە (صحیح)ی هاتووە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((زیدەڕۆیم كرد لە داواكردنی بەكارهێنانی سیواك لێتان و هاندانی بەكارهێنانی)) .

چاكترین ئەو درختانەی سیواكی لێ وەرگیراوە درەختی (الأراك)و بەو هاوشێوانەیە ، پێویستە لەهیچ درەختێكی دیكە وەرنەگیرێت ، چونكە لەوانەیە ژەهری بێت ، پێویستە بەمامناوەندی بەكاربهێنرێت ، چونكە ئەگەر زێدەڕۆی لە بەكارهێنانیدا بكرێت ، لەوانەیە جوانی و ڕێك و پێكی و ساف و لوسی ددان لابەرێت و ، ئامادەی بكات بۆ قبوڵبوونی هەڵمە بەدەرهاتوەكان لە گەدەوە ، هەروەها ئامادەی دەكات بۆ قبوڵبونی پیسی ، بەڵام هەركات بەمامناوەندو ڕێك و پێكی بەكارهات ، ددانەكان پاك دەكاتەوە ، ستونەكەی بەهێز دەكات ، زمان دەكاتەوە ، كلۆربوون قەدەغەدەكات ، بۆنی زار خۆش دەكات ، مێشك پاك و ساف دەكات ، خۆراك بەلەزەت دەكات .

چاكترین سیواكیش ئەوەیە كە تەڕكرابێ بە ئاوی گوڵ (ماء الورد) ، لە هەمووشی بەسوودتر بنەڕەتەكانی گوێزە (أصول الجوز) . دانەری (التیسیر) دەڵێت : وایان ڕاگەیاندووە كە ئەگەر مرۆڤ هەموو پێنجەم ڕۆژێك سیواكی پێ بكات ، سەر پاك دەكاتەوە ، هەستەكان ساف دەكاتەوە ، بیروهۆش تیژ دەكات .

سیواك چەندین سوودی تێدایە : بۆنی زار خۆش دەكات ، پووك بەهێز دەكات ، بەڵغەم ناهێڵێت ، چاو ڕوون دەكاتەوە ، كلۆربوون ناهێڵێت ، گەدە تەندروست دەكات ، دەنگ ساف دەكات ، یارمەتی هەرس كردنی خۆراك دەدات ، ڕێڕەوەكانی قسەكردن ئاسان دەكات ،

---

[٤٩٧] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ١٤٣ ، ٢٤٩) ، والدارمي (٦٨٧) ، (٦٨٨) ، والبخاري (٢ / ٥) ، والنسائي (١ / ١١) كلهم عن شعيب فذكره مرفوعاً .

چالاکی بەمرۆڤ دەبەخشیٚ بۆ خوێندن و ، زیکرو نوێژکردن ، نووستن دووردەخاتەوە ، پەروەردگار ڕازی دەکات ، پەریەکان دڵخۆش دەکات ، چاکەکانی مرۆڤ زۆر دەکات ٠

ئەو کاتانەی بەکارهێنانی چاکە :

لە هەموو کاتێکدا بەچاك دادەنرێت ، زیاتریش جەختی لەسەر دەکرێتەوە لە کاتی نوێژو دەستنوێژو ، بەئاگاهاتنەوە لە نووستن و ، گۆڕینی بۆنی زاردا ، هەروەها بەچاك دادەنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە ڕۆژویان شکاندوەو ئەو کەسانەش بەڕۆژوون لەبەر هەموو ئەو فەرموودانەی لەم بارەوە هاتوون و ، لەبەر پێویستێتی ڕۆژووان بە سیواك کردن ، هەروەها لەبەر ئەوەی بەهۆکارێك دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزابونی خوای تعالی ، چونکە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزابوونی خوای تعالی لە کاتی بەڕۆژوبوندا زۆر زیاترە بەبەراوردی کاتی بەڕۆژوونەبوون ، هەروەها هۆکارێکە بۆ پاکردنەوەی زارو ، خۆپاکردنەوەش بۆ ڕۆژووان لە چاکترین کردەوەکانێتی ٠

وفي السنن : عن عامر بن ربيعة _ رضي الله عنه _ ، قال : رأيتُ رسولَ الله ﷺ ما لا أُحْصي يَستاكُ ، وهو صائمٌ([٤٩٨]).

واتە : لە (عبدالله)ی کوڕی (عامر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوام بینی ﷺ ئەندازەیەکی زۆر کە توانای ژماردنیم نی یە سیواکی دەکردو ، بەڕۆژووش بوو))٠

[٤٩٨] _ ضعيف : أخرجه الحميدي (١٤١) ، وأحمد (٣ / ٤٤٥ ، ٤٤٦) ، وعبد بن حميد (٣١٨) ، وأبوداود (٢٣٦٤) ، والترمذي (٧٢٥) ، وابن خزيمة (٢٠٠٧) كلهم من طريق عاصم بن عبيدالله عن عبدالله بن عامر عن أبيه فذكره ٠

پێشـەوا (البخـاري) فەرموويـەتی : (ابـن عمـر) فەرموويـەتی : سـەرەتاو كۆتـایی ڕۆژ سیواكی دەكرد ٠

خەڵكی كۆڕان لەسەر ئەوەی ڕۆژوان دەتوانێت ئـاو لـە دەمـی وەردا وەكـو (واجـب) و (أستحباب)یش ، كەچی ئاو لە دەم وەردان بەجیٚ و تەواوترو كاریگـەرترە بەبـەراوردی سـیواك كردن ، خوای تعالاش هیچ مەبەستێكی نی یە كە بەندە لێی نزیك بێتـەوە بـە بـۆنی نـاخۆش ، هەروەها لە ڕەگەزی ئەو كردەوانەش نییە كە دانراوە بۆ ئەوەی پەرستنی خوای پـیٚ بكرێـت ، كـە باسـی بـۆنی ناخۆشـی نێـو دەمـی ڕۆژوان دەكـات و دەڵێـت لـە ڕۆژی قیامەتـدا بـەلای پەروەردگارەوە خۆشە ، لە ڕاستیدا تەنها بۆ هاندانی بەندەكانی خوایە بۆ ڕۆژووگـرتن نـەك بـۆ هێڵانەوەی بۆنی ناخۆش ، بەڵكو ڕۆژوان پێویستیەكی زیاتری بەسیواكردن هەیـە بەبـەراوردی ئەو كەسەی بەڕۆژوو نابێت ٠

هەروەها ڕازی بـوونی پـەروەردگار زۆر گـەورەترە لـە بـەلاوە خۆشـبوونیی بـۆنی ناخۆشـی دەمی ڕۆژوان ٠

هەروەها خۆشەویستی خـوای تعـالی بـۆ سـیواك زۆر گـەورەترە لـە خۆشەویسـتیەكەی بـۆ مانەوەی بۆنی ناخۆشی دەمی ڕۆژوان ٠

لە ڕاستیدا سیواك كردن كاتیٚ كە بۆنی ناخۆشـی نـاو دەمـی ڕۆژوان لادەبـات ، قەدەغـەی ئەوە ناكات كە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو بۆنـە ناخۆشـە بـە لای خـوای تعـالاوە خـۆش بێـت ، كـە بۆنی ناخۆشی دەمی ڕۆژوان لە بۆنی میسك خۆشترە ، لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە كە نیشـانەیەكی تەواو بێت بۆ بەڕۆژووبونی مرۆڤ ، با بەسیواكیش لاییات ، وەكو ئـەو برینـدارەی كـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا دێـت و ، ڕەنگـی خوێنەكـەی ڕەنگـی خوێنـەو ، بۆنەكـەی بـۆنی میسـكە ، كەچـی فەرمانی پێدراوە لە دونیادا خوێنەكە لابەرێت ٠

هەروەها بۆنی ناخۆشی دەمی ڕۆژووان بە سیواك كردن لاناچێت ، چونكە هۆكارەكەی ماوە ، كە بریتیە لە خاڵی بوونی گەدە لە خۆراك ، بەڵكو لەڕاستیدا تەنها شوێنەوارەكەی لادەچێت ، كە پەیوەستە بە ددان و پۆكەوە ٠

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی ڕێی پێدراوەو ، ئەوەش كە نەویستراوەو ڕێی پێنەدراوە لە كاتی بەڕۆژوونەبوندا فێری ئومەتەكەی كردووە ، بەڵام سیواك كردنی نەخستۆتە ڕیزی ئەو كارانەی كە نەویستراوەو ڕێی پێ نەدراوە لە كاتی بەڕۆژووبوندا ، كە چاكیش دەیزانی خەڵكی ئەنجامی دەدەن ، بەڕاستی هانیشی داون بۆ سیواك كردن بە تەواوترین و بەجێترین و كاریگەرترین ووشەكانی گشتێتی و گرتنەوەو داپۆشین ، دەشیان بینی چەندەها جار سیواكی دەكردو بەڕۆژووش بوو كە لە ژماردن نەدەهات و ، دەشیزانی پەیڕەوی دەكەن ، كەچی تەنها ڕۆژێكیش پێی نەفەرموون : دوای لاربونەوەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان سیواك مەكەن و ، خۆشمان باش دەزانین دواخستنی ڕوونكردنەوەی هەر مەسەلەیەك لە كاتی پێویستی خۆیدا قەدەغەكراوە ٠ والله أعلم ٠

سَمْنٌ ، ڕۆن : روى محمد بن جرير الطبري بإسناده ، من حديث صُهيب يرفعُه : ((عليكم بألبان البقرِ ، فإنها شفاءٌ ، وسَمْنُها دَواءٌ ، ولُحومُها داء))([499]) ٠ رواه عن أحمد ابن الحسن الترمذي ، حدَّثنا محمد ابن موسى النسائي ، حدَّثنا دَفَّاع بن دَغْفَلٍ السَّدوسي ، عن عبدالحميد بن صَيفي بن صُهيب ، عن أبيه ، عن جده ، ولا يثبت ما في هذا الإسناد ٠

واتە : (محمد)ی كوڕی (جرير الطبري) دەگێڕێتەوە كەوا (صُهيب) لە فەرموودەیەكدا كە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ (رفع) دەكات ، فەرموویەتی : ((بەرهەمی سپیایی مانگا بەكار بێنن ، چونكە شیفایەو ، ڕۆنەكەشی دەرمانەو ، گۆشتەكەشی نەخۆشیە)) ٠ بەڵام ئەوەی لەم (الإسناد)ەدایە جێگیر نەبووە٠

---

[499] ـ إسناده صحيح : أخرجه الحاكم (٤ / ٤٠٤) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٠٥٩) ٠

ڕۆن گەرمی تەڕو شێدارە لە یەکەمدا ، پاك دەکاتەوە بە کەمی ، نەرم ونیانەو ئاوسانە بەدەرهاتووەکانی جەستە ناسکەکان دەنیشێنێتەوە ، لە کەرێ بەهێزترە بۆ پێگەیاندن و نەرمکردنەوە ، (جالینوس) باس دەکات کەوا چارەسەری ئەو ئاوسانانەی پێکردووە کە لە گوێ و ، سەرەوەی لوتدا بەدردێن ، ئەگەر جیگەی ددانەکانی پێ چەوەر بکرێت ، زوو گەشەدەکەن و بەدەردێن ، ئەگەر تێکەڵ بەهەنگوێن و بادەمی تاڵ (اللوز المر) بکرێت ، سینگ و سی یەکان و ، کیمۆسە چڕە لینجەکان پاك دەکاتەوە ، بەڵام زیانبەخشە بۆ گەدە ، بەتایبەت ئەگەر میزاجی ئەو کەسە بەڵغەمی بێت ٠

بەڵام ڕۆنی مانگاو بزن ، ئەگەر لە گەڵ هەنگوێندا خورایەوە بەسوود دەبێ بۆ ژەهری کوشندەو ، گەزتنی مارو دوپشك ، لە کتێبەکەی (ابن السُّني)دا هاتووە : لە (علي) کوڕی (أبي طالب)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : خەڵکی هیچ شتێکی لە ڕۆن چاکتریان بۆ خۆ چارەسەرکردن بەکارنەهێناوە ٠

سَمَكٌ ، ماسی : روى الإمام أحمد بن حنبل ، وابن ماجة في سننه : من حديث عبدالله بن عمر ، عن النبيِّ ﷺ أنه قال : أُحِلَّتْ لنا مَيْتَتانِ ودَمَانِ : السَّمَكُ والجَرَادُ ، والكَبِدُ والطِّحَالُ(٥٠٠).

واتە : لە (عبدالله)ی کوڕی (عمر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((دوو مردوو وە دوو خوێنداریشمان بۆ حەڵاڵ کراوە : ماسی و کولە ، جگەرو سپڵ)) ٠

جۆرەکانی ماسی زۆرن ، چاکترینیان ئەوەیە کە تامی بەلەزەتە ، بۆنی خۆشە ، کێشی مامناوەندە ، توێکڵی تەنکە ، گۆشتەکەی ڕەق نەبێ و ووشکیش نەبێ ، لە ئاوێکی شیریندا بێ و بەسەر چەو زیخدا ڕێ بکات ، ڕووەك بخوات نەك پیسی ، چاکترین

٥٠٠ _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٥٧٢٣) ، وابن ماجة (٣٢١٨) ، وصححه الألباني في الصحيحة (١١١٨)

شوێنەکانیشی ئەوەیە لە ڕووبارێکدا بێ ئاوەکەی چاك بێ و ، پەنا بەرێتە بەر جیگە تاوێریەکان و ، پاشان لمیەکان و ، ئەو ئاوە شیرینە ڕێکردوانەی کە پیسی تێدا نەبێ ، قوڕو لیتەیی نەبێ ، وە ئەو ئاوەش کە شڵژاوەو زۆر شەپۆلاویە ، دانەپۆشراو و کراوەیە بۆ هەتاو بایەکان ماسیەکەی چاکترە ٠

ماسی دەریایی نیعمەتێکی گەورەیە ، ستایشکراوە ، پاراو نەرم و شلەکەی ساردی تەڕو شێدارە ، درەنگ هەرسە ، بەڵغەمێکی زۆر دروست دەکات ، بەدەر لە دەریایی و (إلا البحريَ) بەو هاوشێوانە ، کە خەڵتەیەکی ستایشکراو دروست دەکات ، جەستە چاك و پیتدار دەکات ، تۆماوی نێرینە زۆر دەکات ، خاوەن میزاجە گەرمەکان چاك دەکاتەوە ٠

بەڵام ماسی سویراو ، چاکترینیان ئەوەیە کە بەم نزیکانە خەریکە سوێر دەبێ ، کە گەرم و ووشکە ، بە کۆن بوون و کات تێپەڕبوون گەرمی و ووشکیەکەی زیاتر دەبێ ، ماسیە دریایەکەشی (السِّلور)([501]) لینجاوێکی زۆری پێوەیەو ، بە (الجِرِّيَّ) ناو دەبرێت و ، جولەکەکان نایخۆن ٠ ئەگەر بەپاراوی بخورێت ، سك نەرم دەکاتەوە ، ئەگەر سوێر کراو ماوەیەك دانراو خورا ، بۆری سیی کان پاك دەکاتەوە ، دەنگ چاك دەکات ، ئەگەر گوتراو لە دەرەوە دانرا ، وێڵاش و پاشەڕۆ لە قوڵایی جەستەوە دەهێنێتەدەر چونکە هێزی ڕاکێشانی هەیە ٠

بۆ ئەو کەسانەی برینی ڕیخۆڵەیان هەیە ئەگەر لە سەرەتای نەخۆشیەکەدا لە ئاوی سوێری (الجِرِّيَّ)دا دانیشن ، گونجاوی دەبێ چونکە ماددەکان بۆ ڕووی دەرەوەی جەستە ڕادەکێشێت ، ئەگەر وەکو حوقنە بەکاری بێنێت ، نەخۆشی دەردەلاقە (عرق النسا) چاك دەکاتەوە ٠

---

٥٠١ ــ السِّلور : ڕەگەزێکە لە ماسی دەریای نزیکەی سێ متر درێژ دەبێ ، بڕوانە : المعجم الوسيط ، ص ٩٢٦ ، وەرگێڕ ٠

چـاكترين شـوێنى ماسـى ئەوەيـە كـە نزيكـى كۆتايەكـەى دەبێتـەوە ، پـاراو نـەرم و قەڵەوەكەشى بە گۆشت و چەوريەوە جەستە چاك و پيتدار دەكات ٠

وفي الصحيحين من حديث جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ _ رضي الله عنه _ قالَ : بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ في ثَلَاثَمِائَةِ رَاكِبٍ ، وأَمِيرُنَا أَبُو عُبَيْدَةَ بن الجرَّاح ، فَأَتَيْنَا السَّاحِلَ ، فَأَصَابَنَا جُوعٌ شَدِيدٌ ، حَتَّى أَكَلْنَا الْخَبَطَ ، فَأَلْقَى لَنَا الْبَحْرُ حوتاً يُقَالُ لَهَا : الْعَنْبَرُ ، فَأَكَلْنَا مِنْهُ نِصْفَ شَهْرٍ ، وائتدمنا بودَكه حَتَّى ثَابَتْ أَجْسَامُنَا ، فَأَخَذَ أَبُو عُبَيْدَةَ ضِلَعًا مِنَ أَضْلَاعِهِ ، وحمل رَجُلاً على بَعِيره ، ونصبهُ ، فَمَرَّ مِنْ تَحْتِه.

واتە : لە (جابر)ى كوڕى (عبدالله)ەوە _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ ناردينى لە گەڵ سىٚ سەد سوارداو ، ئەميرەكەشمان (أَبُو عُبَيْدَةَ)ى كوڕى (الجرَّاح) بوو ، ئەوەبوو گەشتينە كەنارى دەرياكە ، تووشى برسێتيەكى زۆر بووين ، تا ئەو ئاستەى گەڵاى درەختەكانمان دەخوارد ، پاشان دەريا نەهەنگێكى بۆ فڕێداين پىٚ دەگوترا : عەنبەر ، نيو مانگ لێمان خوارد ، ڕۆنەكەشمان كردە پێخۆر تا قەڵەو بوين ، (أَبُو عُبَيْدَةَ) پەراسويەك لە پەراسوەكانى بردو ، پياوێكى سوارى ووشترەكەى كردو ، دايچەقاندو ، بەژێريدا تێپەڕ بوو ٠

سلْقٌ ، سلق : روى الترمذي وأبوداود ، عَنْ أُمِّ الْمُنْذِرِ بِنْتِ قَيْسٍ ، قَالَتْ : دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَمَعَهُ عَلِيٌّ _ رضي الله عنه _ ، وَلَنَا دَوَالٍ مُعَلَّقَةٌ ، قالت : فَجعلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يأكلُ وعَلِيٌّ معهُ يَأْكُلُ ، فقالَ رسولُ الله ﷺ: مَهْ يا علِيُّ فإِنَّكَ نَاقِهٌ ، قَالَتْ : فجعلتُ لهم سِلْقًا وشعيراً ، فقَالَ النَّبِيُّ ﷺ يا عَلِيّ فأَصِبْ من هذا ، فإنه أوفقُ لَكَ(٥٠٢)٠قال النرمذي : حديث حسن غريب ٠

---

٥٠٢ _ سبق تخريجه ٠

واته : له (أُمِّ الْمُنْذِرِ)ى كچى (قَيْسٍ)ەوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : پێغەمبەرى خوا ﷺ به هاوڕێيەتى (علي) _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ ديدەنيان كردم و ، ئێمەش هێشووكەلێكى خورماى هەڵواسراومان هەبوو ، (أُمِّ الْمُنْذِرِ)فەرمووى : پێغەمبەرى خوا ﷺدەستيكرد به خواردنى و (علي)يش له گەڵيدا دەيخوارد ، پێغەمبەرى خوا ﷺفەرمووى : ((ئەى (علي) وازبێنه ، تۆ بەم نزيكانه چاك بويتەتەوه له نەخۆشى))• (أُمِّ الْمُنْذِرِ) فەرمووى : پاشان سڵق و جۆم بۆ لێنان ، پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى: ((ئەى (علي) لەمەبخۆ ، ئەمە بۆ تۆ گونجاوتره)) •

سڵق گەرمى ووشكه له يەكەمدا ، گوتراوه : تەڕو شێداره تيايدا ، هەروەها گوتراوه : لەو دووانه پێكهاتووه ، ساردیەكى هێمنكەرەوەى تێدايه ، هەروەها شيى دەكاتەوه ، جۆره هێزێكى كردنەوەشى تێدايه ، ڕەشەكەشى قەبزدەكات و بۆ (داء الثعلب)و ، ئەو پەلانەى له ڕوودا دەردەكەون و ، كرێشى سەرو ، بالووكه ئەگەر به ئاوەكەى چەور بكرێت بەسووده ، ئەسپىٚ دەكوژىٚ ، بۆ چارەسەركردنى نەخۆشى ووشك هەڵاتووى و قڵيشانى پێست و هەڵوەرينى مۆكەى لەگەڵ هەنگوێندا تێكەڵ دەكرێت و پێى چەور دەكرێت ، كونيله داخراوەكانى (السُدد) جگەرو سپڵ دەكاتەوه •

ڕەشەكەى سك قەبز دەكات ، بەتايبەت لەگەڵ نيسكدا ، هەردوكيان خراپن ، بەڵام سپێكەى له گەڵ نيسكدا ڕەوان دەكاتەوه ، ئاوەكەشى وەكو حوقنه بەكار دێت بۆ ڕەوانبوون ، له گەڵ (المري)و بهاراتدا بۆ (القولنج) بەسووده •

خۆراكيكى كەم بەجەسته دەبەخشىٚ ، كيمۆسى خراپه ، خوێن دەسوتێنىٚ ، بەكارهاتنى له گەڵ سركەو خەرتەلەدا (الخل و الخردل) چاكى دەكاتەوه ، زۆرخواردنى قەبزى دروست دەكات •

پیتی شین (ش) :

شونیز : رەشكەیەو ، پێشتر باسمان كردووه ٠

الشُبْرُمْ : روى الترمذي وابن ماجة في سننهما : من حديث أسماء بنت عُمَيسْ ، قالت : قال رسول الله ﷺ: بماذا كُنتِ تَسْتَمشينَ ؟ قالت : بالشُّبْرُمِ ٠ قال : حارٌ جار(٥٠٣).

واته : (أسماء)ى كچى (عُمَيْس) _ ڕەزای خوای لێبێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم : بە چ شتێك خووی خۆت نەرم ونیان دەكەیتەوە ؟ (أسماء) فەرمووی : بە (الشّبْرُم) ، ئەویش فەرمووی : گەم و توونە ٠

(الشُبْرُمْ) درەختێكە بچوك و گەورەشی هەیە ، بەرزی بە ئەندازەی باڵای پیاوێك و زیاترە ، لقەكانی سوورن و بەرەو سپی دەدرەوشێنەوە ، كۆمەڵێك گەڵا بەسەر لقەكانەوەیەو ، گولگەلێكی زەردی بەرەو سپی پێوەیە ، دەكەون و تۆوێك دەردەكات وەكو تۆوی درەختی قەزوانە ، لە قەبارەدا ، ڕەنگی سوورە ، ڕەگەكانی بەتوێكڵێكی سوور داپۆشراوە ، ئەوەشی بەكاردێت ڕەگەكان و توێكڵەكەو ، شیری لقەكانێتی ٠

گەرمی ووشكە لە پلە چواردا ، (السوداء)و ، كیمۆسە چڕەكان و ، ئاوی زەردو ، بەڵغەم ڕەوان دەكات ، ناڕەحەتكارە ، دڵی مرۆڤ تێكەڵ دەدات ، زۆر بەكارهێنانی كوشندەیە ، بۆ بەكارهێنان پێویستە شەوو ڕۆژێك لە شیردا بخوسێندرێت ، پێویستە لە ڕۆژێكدا دوو یاخود سێ جار شیرەكەی بگۆڕدرێت ، دەردەهێنرێت ، لە سێبەردا ووشك دەكرێتەوە ، گوڵ و (الكَثیراء)ی(٥٠٤) تێكەڵ دەكرێت و ، لە گەڵ ئاوی هەنگوین ، یاخود شەربەتی ترێدا

---

٥٠٣ _ سبق تخريجه ٠

٥٠٤ _ الكثیراء : دەرختێكی هەمیشە سەوزەو ، نزیكەی مەترێك بەرز دەبێتەوە ، دەرختێكی دڕكاویە ، گەڵاكانی شێوەیەكی سونبولیان هەیە ، گوڵەكانی زەردێكی مەیلەو زیرینن ، دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتی ئاسیا

دەخورێتەوە ، خواردنەوەشی بە ئەندازەی دوو تاوەکو چوار(دانق)ە([505]) بەپێی هێز ، (حُنَيْن) دەڵێت : بەڵام شیری (الشُبْرُمّ) ، هیچ خێرێکی تێدا نی یەو ، وادەبینم بەهیچ شێوەیەك نەخورێتەوە ، چونكە پزیشكە صوفیە نەفامەكان خەڵكێكی زۆریان پێ كوشتووە ٠

شَعِيرٌ ، جۆ : روى ابن ماجة : من حديث عَائِشَةَ ، قَالَتْ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَخَذَ أَهْلَهُ الْوَعْكُ ، أَمَرَ بِالْحَسَاءِ مِنَ الشعيرِ ، فَصُنِعَ ، ثُمَّ أَمَرَهُمْ فَحَسَوْا مِنْهُ ، ثُمَّ يَقُولُ : إِنَّهُ لَيَرْتُو فُؤَادَ الْحَزِينِ وَيَسْرُو عَنْ فُؤَادِ السَّقِيمِ كَمَا تَسْرُو إِحْدَاكُنَّ الْوَسَخَ بِالْمَاءِ عَنْ وَجْهِهَا([506]).

واتە : لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر یەکێك لە کەس وکاری لەرزوتای هەبوایە ، فەرمانی دەدا شۆربایەك لە جۆ دروست بکرێت و ، پاشان فەرمانی پێدەدان لێی هەڵقوڕێنن ، دەشیفەرموو : دڵی خەمبار توندو بەهێز دەکات و ئێش و ئازار لە سەر دڵی نەخۆش لادەبات وەکو چۆن کەسێکتان بەئاو چڵك و پیسی لەسەر دەم و چاوی لابات ٠

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ : (يرتوه) واتە : توندو بەهێزی دەکات ٠ وە (يَسْرو) واتە : لابردن و نەمان ٠

نیشتمانی ئەم درەختەیە بەتایبەت ناوچە شاخاویەکان ٠ ڕێگەی بەدەستهێنانی ماددەکەش بەوە دەبێ کە درزێك لە قەدی درەختەکەوە هەڵکەنرێ و بەو جۆرە شلەیەکی سپی لێوە بەدەست دێت ٠ بڕوانە : www.snble.com ٠

[505] _ دانق : جۆرە کێشێك بووە ، کە هەر یەك کێشی دانق ، بەئەندازەی هەشت دانە جۆ و دوو لە سەر پێنجی دەنکێك بووە ، بڕوانە : المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي ، وەرگێر ٠

[506] _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (٢٠٤٠) ، وابن ماجة (٣٤٤٥) ، وضعفه الألباني في ضعيف ابن ماجة (٧٥٢) ٠

پێشتر ئاماژەی پێ درا کە ئەوە ئاوی جۆی کوڵاوە ، خۆراکێکی زیاتریش دەبەخشێ بەبەراوردی ئاردەکەی ، بۆ کۆکین و ، زبری گەروو بەسوودە ، بۆ هێمن کردنەوەی تیژی پاشەڕۆکان بەسوودە ، میزهێنەرە ، گەدە پاك دەکاتەوە لەوەی کە تیایدایە ، تینویەتی دەشکێنێت ، گەرمی دەکوژێنێتەوە ، بەو هێزەی کە تیایدایە پاك دەکاتەوەو نەرم و نیان دەکاتەوەو شیی دەکاتەوە .

سیفەتی لێنانیشی : ئەوەیە ئەندازەیەك لە جۆی کوتراو بەکاربهێنرێت و ، پێنج ئەوەندەی خۆی ئاوی تێبکرێت و ، بخرێتە مەنجەڵێکی پاکەوەو ، بەئاگرێکی مامناوەند بکوڵێندرێت تا دوو لەسەر پێنجی دەمێنێتەوە ، پاشان دەپاڵێورێت و ، ئینجا شیرین دەکرێ و بەئەندازەی پێویست بەکاردەهێنرێت .

شِوَاءٌ ، برژاو : خوای تعالی سەبارەت بەو زیافەتەی کە پێغەمبەر (إبراهیم) _ علیه السلام _ بۆ میوانەکانی ئەنجامیدا دەفەرمێت : ﴿ فَمَا لَبِثَ أَنْ جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ ﴾[هود : ٦٩] واتە : ﴿ فَمَا لَبِثَ ﴾ ئینجا ئەوەندەی نەبرد ﴿ أَنْ جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ ﴾ (ئیبراهیم) گوێرەکەیەکی برژاوی هێنا بۆیان(٥٠٧).

ووشەی (الحَنِيذُ) واتە : برژاو لە سەر بەردی زۆر گەرمکراو .

وفي الترمذي : عن أُمِّ سلمة _ رضي الله عنها _ : أنها قرَّبتْ إلى رسول الله ﷺ جنباً مشوياً ، فأكل منه ثم قام الى الصلاة ولم يتوضأ(٥٠٨) قال الترمذي : حديثٌ صحيح .

واتە : لە (أُمِّ سلمة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ : کە لایەکی برژاوی خستبووە پێش دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش لێ خوادوو پاشان هەستا بۆ نوێژو دەستنوێژی نەگرت .

---

٥٠٧ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

٥٠٨ _ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٣٠٧) ، والترمذي (١٨٢٩) كلهم من طريق عطاء بن يسار أن أم سلمة أخبرته بالحديث المذكور .

وفيه أيضاً : عن عبدالله بن الحارث ، قال : أكلنا مع رسول الله ﷺ شِواءً في المسجد([٥٠٩]).

واته : له (عبدالله)ى كورِى (الحارث)ەوه _ خواى لىٚ رِازى بيّت _ فەرموويەتى : لە گەڵ پيٚغەمبەرى خوادا ﷺ برژاويٚكان له مزگەوتدا خوارد ٠

وفيه أيضاً : عن المغيرَة بن شُعبة قال : ضِفتُ مع رسول الله ﷺ ذات ليلة ، فأمر بجنبٍ ، فشُوِيَ ، ثم أخذ الشفْرَة ، فجعل يَحُزُّ لي بها منه ، قال : فجاء بلال يُؤذِّن للصلاة ، فألقى الشِّفرَة فقال : مَا لَه تَرِبَتْ يَدَاهُ([٥١٠]).

واته: له (المغيرَة)ى كورِى (شُعبة)ەوه _ خواى لىٚ رِازى بيّت _ فەرموويەتى : شەويٚك بووم بە ميوانى پيٚغەمبەرى خوا ﷺ ، فەرمانيدا لايەك ببرژيٚنن ، پاشان چەقۆ گەورەكەى هەڵگرت و ، دەستيكرد بە برِينى گۆشتەكە بۆ من ، (المغيرة) فەرمووى : ئەوەبوو (بلال) هات و هەواڵى هاتنى كاتى نويٚژى دايە ، بۆيە چەقۆكەى فرِى داو فەرمووى : ئەمە چيٚتى هەژار كەويٚت ٠

بەسوودترين برژاو برژاوى مەرِى يەك ساڵەيە ، پاشان گويٚرەكەى جوانى نەرم ونيانى قەڵەوە كە ميزاجيٚكى گەرمى تەرِو شيٚدارى بەرەو ووشكيٚتى هەيە ، (السوداء)يٚكى زۆر دروست دەكات و ، خۆراكى بەهيٚزان و كەسانى تەندروست و وەرزشكارانە ٠ گۆشتى كوڵيٚنراو بەسوودترو سوكتريشە بۆ سەر گەدە ، لەويش و لە سورەوەكراويش تەرِترە ٠

[٥٠٩] _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ١٩٠) ، وابن ماجة (٣٣١١) ، والترمذي في الشمائل (١٦٥) كلهم من طريق سليمان بن زياد عن عبدالله بن الحارث فذكره ٠

[٥١٠] _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (١٨٨) ، وأحمد (٤ / ٢٥٢) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود (١٧٣) ٠

له هەمووشى خراپتر ئەوەيە لەبەر هەتاو برژێنرابێت ، برژێنراوى سەر پشكۆو سكلّ كە بە (الحنيذ) ناودەبرێت لە برژاوى سەر ئاگر باشترە ٠

شَحْمٌ ، بەز ، چەورى هەناوى ئاژەلّ : ثبت في المسند عن أنس أن يهودياً أضاف رسولَ الله ﷺ ، فقدَّم له خُبزَ شَعيرٍ ، وإهالَةً سَنِخَةً([511]).

واته : له (أنس)ەوه _ خواى لىّ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : جولەكەيەك زيافەتى پێغەمبەرى خواى ﷺ كرد ، ئەوەبوو نانى جۆو ، بەزو پێوى تواوەى بۆن گۆڕاوى خستە پێش دەستى ٠

وثبت في الصحيح : عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ ، قَالَ : دُلِّيَ جِرَابٌ مِنْ شَحْمٍ يَوْمَ خَيْبَرَ ، فَالْتَزَمْتُهُ وقُلْتُ لاَ أُعْطِي مِنْ هَذَا أَحَدًا الْيَوْمَ شَيْئًا ، فَالْتَفَتُّ فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَضْحَكُ ، ولم يقل شيئاً([512]).

واته : له (عَبْدِ اللَّهِ)ى كوڕى (مُغَفَّلٍ)ەوه _ خواى لىّ ڕازى بێت _ فەرموويەتى : لە ڕۆژى جەنگى خەيبەردا هيزەيەكى بەزو چەورى شۆڕكرايەوە ، منيش لە باوشم گرت و گووتم : سوێند بەخوا بەشى كەسى لىّ نادەم ، كە ئاوڕم دايەوە ، تەماشا دەكەم پێغەمبەرى خوا ﷺ پێدەكەنىّ و ، هيچى نەفەرموو ٠

چاكترين بەزو پێو ئەوەيە كە لە ئاژەلّێكى تەواو و پێكهاتوو بەدەست هێنرابێت ، بەزو پێو گەرمى تەڕو شێدارە ، بەلاّم تەڕى و شێيەكەى لە هى ڕۆن كەمترە ، بۆيە ئەگەر بەزو ڕۆن بتوێنرێنەوە دەبينين بەزەكە خێراتر دەيبەستىّ ٠

---

[511] _ أخرجه أحمد (٣ / ٢١٠ ، ٢٣٢ ، ٢٧٠) بإسناده عن قتادة عن أنس فذكره ٠

[512] _ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ١١٦) ، (٥ / ١٧٢) ، (٧ / ١٢٠) ، ومسلم (٥ / ١٦٣) كلاهما من طريق حميد ابن هلال عن عبدالله بن مغفل فذكره ٠

بۆ زبری گەروو بەسوودە ، خاو دەکاتەوەو بۆگەن دەکات ، زیانی بەلیمۆی سوێرکراو(اللیمون المملوح) ، زەنجەفیل لادەبرێت ، بەزو پیوی بزن قەبزترین بەزەکانە ، بەزی سابرێنیش لە هەمووی زیاتر شیی دەکاتەوەو ، بۆ برینەکانی ڕیخۆڵە بەسوودە ، لەو بوارەدا بەزی مێ بزن بەهێزترە ، بۆیە وەکو حوقنە بەکاردێت بۆ چارەسەری ڕووشانی کۆم و نەخۆشی (الزَّحير)([513]) .

ثیتی صاد(ص)

صَلَاةٌ ، نوێژ : خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ ﴾[البقرة : ٤٥] واتە : ﴿ وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ ﴾ پەنا ببنەبەر ئارام گرتن و نوێژ (بۆ گەیشتن بەمەبەست) ﴿ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ ﴾ وە بێ گومان نوێژ (ئەرکێکی) گەورەو گرانە ﴿ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ ﴾ مەگەر لای ئەوانە نەبێ کە لە خوا ئەترسن (خۆیان بەزل نازانن)([514]) .

هەروەها دەفەرمێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾[البقرة : ١٥٣] واتە : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿ اسْتَعِينُوا ﴾ پشت ببەستن ﴿ بِالصَّبْرِ ﴾ بەخۆڕاگرتن ﴿ وَالصَّلَاةِ ﴾ ونوێژ (کردن) ﴿ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ بەڕاستی خوا لە گەڵ خۆڕاگرانە([515]) .

هەروەها خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا لا نَسْأَلُكَ رِزْقًا نَحْنُ نَرْزُقُكَ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى ﴾[طه : ١٣٢] واتە : ﴿ وَأْمُرْ أَهْلَكَ ﴾ (ئەی محمد ﷺ) فەرمان بدە

---

[513] ــ الزَّحير : نەخۆشیەکە مرۆڤ بە سەختی پیسایی بۆ دەکرێت و لە گەڵ پیسایەکەدا کێم و خوێن لە کۆمی دێتە دەرەوە ، بڕوانە : قاموسی ڕستە ، مەلا محمودی گوڵاڵەیی ، وەرگێڕ .

[514] ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

[515] ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

بـه ئەنـدامانى خێزانەكـەت ﴿ بِالصَّـلاةِ وَاصْـطَبِرْ عَلَيْهَـا ﴾ بەنوێـژكردن و خۆشـت خـۆڕاگرو بەردەوام بە لەسەر بەجىٚ هێنانى ﴿ لا نَسْأَلُكَ رِزْقًـا ﴾ ئێمـه داواى ڕۆزيـت لـىٚ ناكـەين ﴿ نَحْنُ نَرْزُقُكَ ﴾ بەڵكو ئێمه ڕسق و ڕۆزى تۆ دەدەين ﴿ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى ﴾ وه سـەرەنجامى چاك بـۆ پارێزكاران و خواناسانه([516])٠

پێشتر ئاماژەمان پێدا كه نوێژ بەكار دەهێنرێت وەكو هۆكارێك بـۆ چارەسـەركردنى هـەموو نەخۆشيەكان پێش ئەوەى نەخۆشيەكان جێگيربن و قايم بن ٠

نوێژ ڕۆزى دەهێنێـت ، تەندروسـتى دەپارێزێـت ، زيـان دوردەخاتـەوه ، نەخۆشـيەكان ناهێڵێت ، دڵ بەهێز دەكات ، ڕوو سپى دەكاتـەوه ، نـەفس شـادومان دەكـات ، تەمـەبڵى ناهێڵێت ، ئەندامەكانى جەسته چالاك دەكاتەوه ، يارمەتيدەرى هێزەكانـه ، سـنگ فـراوان دەكات ، خۆراك بەخشى ڕوحـه ، دڵ ڕوونـاك دەكاتـەوه ، نيعمـەت دەپـارێزىٚ ، ڕق وقـين لادەبـات ، فـرو بەرەكـەت دەهـێنىٚ ، لـه شـەيتان دووردەخاتـەوه ، لـه ڕەحمـان نزيكـت دەخاتەوه٠

بەگشـتى ٠ گاريگەريـەكى سەرسـوڕمێنى لـه پاراسـتنى تەندروسـتى جەسـتەو دڵ و ، هێزەكانيدا هەيه ، ماده پيسەكانى لىٚ دوور دەخاتەوه ، ئەگەر دوو كەس تووشـى نەخۆشـى و بەڵاو كارەساتێك هاتبن بەدڵنيايى بەشى كەسـى نوێـژكار لـەوەدا كـەم بـوەو ، دەرەنجاميشـى بێوەيتر بووه ٠

هەروەها نوێژ كاريگەريەكى سەرسوڕمێنى له دورخستنەوەى شەڕوخراپەى دونيـادا هەيـه ، بەتايبەت ئەگەر هەقى خۆى پێدرا بەتەواوكردن و ئـەنجام دان لـه دەرەوەو ناخيشـەوه ، بۆيـه هـيچ شـتێك نـى يه بـەكارهێنرابێت بـۆ دورخسـتنەوەى شـەڕوخراپەى دونيـاو ڕۆژى دواى و ،

[516] ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان ٠

دەستکەوتنی بەرژەوەندیەکانی وەکو نوێژ ، چونکە نوێژ پەیوەندیکە بەخوای پەروەردگارەوە ، بەئەندازەی پەیوەندی بەندە بە پەروەردگاریەوە دەروازەکانی خەیری بۆ دەکرێتەوەو ، شەڕو خراپەو هۆکارەکانیشی لێ دوردەخرێتەوەو ، مادەکانی سەرکەوتن و تەندروستی چاك و ڕەنگ وبۆ ، دەستکەوتن و دەوڵەمەندی ، حەوانەوەو نازونیعمەت ، دڵخۆشی و شادی هەمووی ئامادە دەبن و ، بەخێرا ڕووی تێدەکەن ٠

صَبْرٌ ، ئارامگرتن ، خۆڕاگرتن : ئارامگرتن نیوەی ئیمان و باوەڕە([٥١٧])، بەڕاستی ناوەڕۆکێکە لە ئارامگرتن و سوپاسگوزاری پێکهاتووە ، کەسانێك لە پێشین گوتویانە : ئیمان و باوەڕ دوو نیوەیە : نیوەیەك ئارامگرتن و ، نیوەیەکیش سوپاسگوزاریە ، خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ إِنَّ فِي ذلك لآيات لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴾[إبراهيم : ٥] واتە : ﴿ إِنَّ فِي ذلك لآيات ﴾ بەڕاستی لەو (بیرخستنەوە)دا پەندو بەڵگەی زۆر هەیە ﴿ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴾ بۆ هەموو خۆڕاگرێکی سوپاسگوزار([٥١٨])

پەیوەندی ئارامگرتن بە ئیمان و باوەڕەوە وەکو پەیوەندی سەرە بەجەستەوە ، ئەمەش سێ جۆرە : ئارامگرتنێك لەسەر بەجێهێنانی فەرزەکانی خوای تعالی ، بەجۆرێك پشت گوێیان نەخات ، ئارامگرتنێك لەسەر حەرامکراوەکانی خوای تعالی ، بەجۆرێك نەیانکات و توخنیان نەکەوێت ، ئارامگرتنێکیش لەسەر قەزاو قەدەرو چارەنوسی خوای تعالی ، بەجۆرێك لێی ناڕازی نەبێ ، بۆیە هەرکەس ئەم سێ پلەی بەتەواوی بەجێهێنا ، ئەوا ئارامگرتنێکی تەواوی بەجێهێناوە ، لەزەت و نیعمەتی دونیاو ڕۆژی دوای دەستگیر بووە ، سەرکەوتن و براوەیی دونیاو ڕۆژی دوایی بەدەست هێناوە ، هیچ کەسێکیش توانای پێگەشتنی ئەوانەی نیە مەگەر بەسەر پردی ئارامگرتندا تێپەڕبێ ، وەکو چۆن هیچ کەس توانای پێگەشتنی بەهەشتی نی یە

---

٥١٧ ــ إسناده منكر : أخرجه أبونعيم في الحلية (٥ / ٣٤) ، وانظر الضعيفة (٤٤٩) ٠

٥١٨ ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

مەگەر بەسەر (الصراط)دا تێپەڕ بێ ، پێشەوا (عمر)ی کوڕی (خطاب) فەرموویەتی : خێرترین و چاکترین گوزەرانمان بە ئارامگرتن دەستکەوت ٠

ئەگەر بیرێك لە پلەکانی تەواویی (الکمال) بەدەستهاتوو لە جیهاندا بکەیتەوە ، دەبینی هەرهەمووی وابەستەی ئارامگرتنە ، بەڵام ئەگەر بیرێك لە ناتەواوی بکەیتەوە کە زەمی خاوەنەکەی دەکرێت لەسەری ، چونکە لە ژێر توانا و دەستەڵاتی خۆیدایە ، دەبینی هەرهەمووی لە ئارامنەگرتنەوەیە ، لێرەدا ئازایەتی و داوێن پاکی و ، بەخشندەیی و خۆ ڕەنجان بۆ بەرامبەر ، هەرهەمووی بەرهەمی ئارامگرتنی ساتێکە ٠

فـــالصَّبْرُ طِلَّسَمٌ على كَنْزِ العُلـــى   مَـــنْ حَـــلَّ ذا الطِّلَّسْـمَ فازَ بِكَنْزِهِ

واتە :

ئارامگرتن تەلسەمێکە بەسەر گەنجی بڵندەوە   هەرکەس دەریهێنێت و بیکاتەوە گەنجەکە دەباتەوە

زۆربەی نەخۆشیەکانی جەستەو دڵ ، لە ڕاستیدا لە ئارام نەگرتنەوە دروست دەبێ ، بۆیە نەتوانراوە بەهیچ شتێکی تری هاوشێوەی ئارامگرتن تەندروستی دڵ و جەستەو ڕوحەکان بپارێزرێت ، بۆیە ئارامگرتن جیاکەرەوەی هەرە گەورەی هەق و پوچیە ، (التریاق)ی گەورەیە ، ئەگەر هیچی تریشی تێدا نەبێ تەنها ئەوە نەبێ کە خوای تعالی لە گەڵ ئارامگرتواندایە ، چونکە بەدڵنیای خوای تعالی لە گەڵ ئارامگرتواندایەو خۆشی دەوێن ، خوای تعالی بەڕاستی ئارامگرتوانی خۆش دەوێ ، ئارامگرتوان سەردەخات ، چونکە سەرکەوتن لەگەڵ ئارامگرتندایە ، چاکترین شتیشە بۆ خاوەنەکانی ، خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ ﴾[النحل : ١٢٦] واتە : ﴿ وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ ﴾ وە ئەگەر ئارام بگرن ﴿ لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ ﴾ ئەوە باشترە بۆ ئارامگران([٥١٩]) ٠ هەروەها ئارامگرتن هۆکاری سەرکەوتنە ، خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ [آل عمران : ٢٠٠] واتە : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ ئەی ئەوانەی کە

[٥١٩] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

بڕواتان هێناوه ﴿ اصْبِرُوا ﴾ خۆگربن ﴿ وَصَابِرُوا ﴾ و (له خۆگرى دوژمن) خۆگرترين ﴿ وَرَابِطُوا ﴾ و له سه‌نگه‌ردا ئێشك بگرن ﴿ وَاتَّقُوا اللَّهَ ﴾و له‌خوا بترسن ﴿ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ بۆ ئه‌وه‌ى ڕزگار ببن ([٥٢٠]).

صَبِرٌ: ڕووه‌كێكه : (بۆ ته‌ماشاكردنى وێنه‌كه‌ى بگه‌ڕێره‌وه بۆ باسى (الحرف) روى أبوداود في كتاب المراسيل من حديث قيس بن رافع القَيْسي ، أنَّ رسولَ الله ﷺ قال : ((ماذا في الأمَرَّينِ من الشفاء ؟ الصَّبِرُ والثُّفَّاءُ))([٥٢١]) واته : پێغه‌مبه‌رى خوا ﷺ فه‌رموويه‌ى : ((له‌و شيفايه‌ى كه له‌دوو تاڵه‌كه‌دا هه‌يه ؟ (الصَّبِر)و ته‌ڕه‌تيزه)) .

وفي السنن لأبي داود : من حديث أُم سلمة ، قالت : دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حِينَ تُوُفِّيَ أَبُو سَلَمَةَ ، وَقَدْ جَعَلْتُ عَلَيَّ صَبْرًا ، فَقَالَ : مَا ((ماذَا يَا أُمَّ سَلَمَةَ ؟)) فَقُلْتُ : إِنَّمَا هُوَ صَبْرٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ ، لَيْسَ فِيهِ طِيبٌ ، قَالَ : ((إِنَّهُ يَشُبُّ الْوَجْهَ ، فَلَا تَجْعَلِيهِ إِلَّا بِاللَّيْلِ)) ونهى عنهُ بالنهارِ([٥٢٢]).

واته : له (أُم سلمة)ه‌وه _ خواى لێ ڕازى بێت _ فه‌رموويه‌تى : پێغه‌مبه‌رى خوا ﷺ ديده‌نى كرم ، له‌و كاته‌دا كه (أبو سلمة) مرد ، (صَبْرُ)م له خۆم دابوو ، ئه‌وه‌بوو فه‌رمووى : ((ئه‌مه چى يه ئه‌ى (أُمَّ سَلَمَةَ) ؟)) منيش گووتم : له‌ڕاستيدا ئه‌وه (صَبْرُ)ه ئه‌ى پێغه‌مبه‌رى خوا ، بۆن خۆشى تێدا نى يه ، فه‌رمووى : ((به‌ڕاستى ڕوو چاك و جوان ده‌كاته‌وه ، به‌ڵام له شه‌ودا نه‌بێ به‌كارى مه‌هێنه))و قه‌ده‌غه‌ى كرد به‌ڕۆژ به‌كاربهێنرێت .

[٥٢٠] _ مه‌لا محمد مه‌لا صالح ، پوخته‌ى ته‌فسيرى قورئان .

[٥٢١] _ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة (٤٤٤٢) .

[٥٢٢] _ ضعيف : رواه أبوداود (٢ / ٢٩٢) ، (٢٣٠٥) ، والنسائي (٦ / ٢٠٤) (٣٥٣٧) ، والبيهقي في الكبرى (٣ / ٣٩٦) ، (٥٧٣١) ، وضعفه الألباني في ضعيف أبوداود (٥٠٢)

(صَبْرُ) سوودى زۆره ، بەتايبەت هنديەكەى ، پاشەڕۆ (الصفراوية)كان كە لە مێشك و دەمارەكانى بينيندا هەن پاك دەكاتەوە ، ئەگەر لە گەڵ ڕۆنى گوڵدا (دهن الورد) ناوچاوان ولاجانگى پىێ چەور بكرێت ، بۆ سەرئێشە بەسوودە ، بۆ برينەكانى دەم و لووت بەسوودە ، (السوداء)و (المالينخوليا)([٥٢٣]) ئاسان دەكاتەوە ·

(الصَبْرُ)ى فارسى ئەقڵ زيرەك دەكاتەوە ، كۆمەكى و يارمەتى دڵ دەكات ، پاشەڕۆ (الصفراوية)كان و بەڵغەميەكان لە گەدەدا پاك دەكاتەوە ئەگەر بەئەندازەى دوو كەوچكى بەئاوەوە بخورێتەوە ، شەهوەت و ئارەزووى پوچ و خراپ دەگەڕێنێتەوە ، ئەگەر لە كاتى سەرمادا بخورێتەوە ، ترسى ئەوەى لێدەكرێت ڕەوانى خوێن بكات ·

صَـوْمٌ ، ڕۆژوو : ڕۆژوو قەڵغانە بەرامبەر بە نەخۆشيەكانى ڕوح و جەستەو دڵ ، سوودەكانى لە ژماردن نايەت ، كاريگەريەكى سەرسوڕمێنى لە پاراستنى تەندروستى و ، توانەوەى پاشەڕۆكان و ، ڕاگرتنى نەفس بەرامبەر بە خواردنى زيان پێگەيەنەرەكانيدا هەيە ، بەتايبەت ئەگەر بەچاكى و ڕێك و پێكى لە چاكترين كاتە شەرعيەكانيدا ئەنجام دراو ، بەپێى پێويستى جەستەش بەكارهێنرا ·

پاشان ئەندازەيەكى تەواوى حەسانەوە بە هێزەكان و ئەندامەكان دەبەخشێت " كە لە ئەنجامدا هێزەكانى دەپارێزێت ، خاسيەتێكى تايبەتى تێدايە واپێويست دەكات كە ڕۆژووگرتن بەردەوام بەكاربهێنرێت ، بريتيە لەوەى كە لە كاتى ئێستاو دوايشدا دڵ شادمان دەكات ، ڕۆژووگرتن بەسوودترين شتە بۆ خاوەن ميزاجە ساردو ، تەڕەكان و ، لە پاراستنى تەندروستياندا كاريگەريەكى گەورەى هەيە ·

---

[٥٢٣] ــ المالينخوليا : بەڕاى پزيشكە كۆنەكان : جۆرێكە لە شێتى لە ئاكامى خراپى بيركردنەوەوە تووشى مرۆڤ دەبێ ، خەمبارى و ترس بەسەريدا زاڵ دەبێ و پێدەچێ باسى ئەو بيركردنەوە خراپانەش بكات و قسەكانيشى تێكەڵ و پێكەڵ بێت ، بڕوانە : فقه اللغة ، الثعالبي ·

ڕۆژووگرتن بەشدارە لە دەرمانە ڕوحانی و سروشتیەکاندا ، وە ئەگەر کەسی ڕۆژووان تیایدا چاودێری ئەوانە بکات " کە پێویستە لە هەردوو لایەنی خوو و شەرعیشەوە چاودێری بکرێن ، ئەوا دڵ و جەستەی سوودێکی گەورەی لێ دەبینن و ، هەڵدەستێت بە بەرگیری کردن بەرامبەر بەو مادە نامۆ و خراپانەی کە لە ئامادەباشیدایە بۆی ، مادده خراپەکانیش لادەبات " بەگوێرەی کەمالی ڕۆژووەکەو و ناتەواویەکەی ، ڕۆژووان دەپارێزێت بەرامبەر بەوانەی پێویستە ڕۆژووانی لێ بپارێزرێت ، یارمەتی دەدات بۆ هەستان بە مەبەستەکانی ڕۆژوو و نهێنی و هۆکارە نادیارەکانی ، چونکە مەبەست بەڕۆژوو شتێکی تری گەورەو بەڕێزە " کە لە پشتی وازهێنانی خواردن و خواردنەوەوەیە ، بۆیە لە نێوان هەموو کردەوەکاندا تایبەت کرا بەوەی کە بۆ خوای پەروەردگارە . لەبەر ئەوەی ڕۆژوو پارێزەرو قەڵغانێکە لە نێوان بەندەو ئەو شتانەدا کە زیان بە دڵ و جەستەی دەگەیەنن " لە ئێستاو دوایدا ، بۆیە خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾[البقرة : ١٨٣] واتە : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ ﴾ ڕۆژووتان لەسەر نوسراوە ﴿ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ ﴾ هەروەك نووسراوە لەسەر ئەوانەی لە پێش ئێوەدا بوون ﴿ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن ([٥٢٤]).

یەکێك لە مەبەستەکانی ڕۆژوو قەڵغان و پاراستنە ، کە پارێزێکی زۆر بەسوودە ، مەبەستەکەی دیکەش : کۆبونەوەی دڵ و هیمەتە بۆ خوای تعالی ، کۆکردنەوەی هێزەکانی نەفسە بۆ خۆشەویستی خوای تعالی و گوێڕایەڵی . پێشتریش سەبارەت بەهەندێ لە نهێنیەکانی ڕۆژوو دواین لە : بەشێك سەبارەت بە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژووگرتندا.

٥٢٤ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

پیتی ضاد (ض)

ضَبٌّ ، بزن مژه : ثبت في الصحيحين من حديث ابن عباس ، أن رسول الله ﷺ سُئِل عنه لَمّا قُدِّمَ إلَيْه ، وامتنعَ مِن أكله : أحَرَامٌ هو ؟ فقَالَ : ((لَا ، ولَكِنْ لَمْ يَكُنْ بِأَرْضِ قَوْمِي ، فَأَجِدُنِي أعَافُهُ)) ، وأُكِلَ بينَ يَديهِ وعلى مائدته وهو يَنْظُرُ([٥٢٥]).

واته له (ابن عباس)هوه _ خوا له خۆی و بابیشی ڕازی بێت _ فهرموویهتی : پێغهمبهری خوا ﷺ پرسیاری لێكرا كاتێ بزن مژهی خرایه پێش دهست و ، قایل نهبوو بیخوات : ئایا حهرامه ؟ فهرمووی : ((نهخێر ، بهڵام له خاكی قهومهكهمدا نهبووه ، بۆیه تهماشا دهكهی دڵم بهسهری ناچێت)) ، بهڵام له پێش دهستی و لهسهر سوفرهكهشی خوراو خۆشی تهماشای دهكرد ٠

وفي الصحيحين من حديث ابن عمر _ رضي الله عنهما _ ، عنه ﷺ قال: ((لا أُحِلُّهُ ولا أُحَرِمُه))([٥٢٦]).

واته : له (عبدالله)ی كوڕی (عمر)هوه _ خوای تعالى له خۆی و بابیشی ڕازی بێت _ فهرموویهتی : پێغهمبهری خوا ﷺ فهرمووی : ((نه حهڵاڵی دهكهم و نه حهرامیشی دهكهم)).

میزاجی گهرمی ووشكه ، شههوت و ئارهزووی جووتبوون زیاد دهكات ، ئهگهر بكوترێت و ، بخرێته سهر نهخۆشی (الشوكة) ڕایدهكێشێت ٠

---

٥٢٥ _ صحيح : تقدم تخريجه ٠

٥٢٦ _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١٢٥) ، ومسلم (٦ / ٦٦) كلاهما عن عبدالله بن دينار عن عبدالله بن عمر يرفعه ولفظه : ((لست بأكِلِهِ ولا بِمُحَرِّمه)) ٠

ضِفْدِعٌ ، بۆق : ئیمامی (أحمد) فەرموویەتی : بۆق حەڵاڵ نی یە بکرێت بەدەرمان ، پێغەمبەری خوا ﷺ کوشتنی بۆقی قەدەغە کردووە ، مەبەستی بەو فەرموودەیە کە لە (مسند)ەکەیدا دەیگێڕێتەوە : عن عثمان بن عبدالرحمن _ رضي الله عنه _ أنَّ طبيباً ذكر ضِفدعاً في دواء عندَ رسول الله ﷺ فنهاه عن قتلها([٥٢٧]).

واتە : لە (عثمان)ی کوڕی (عبدالرحمن)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەیگێڕێتەوە کەوا پزیشکێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ باسی بۆقی کرد لە دەرمانێکدا ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی لێکرد بۆق بکوژێت ٠

دانەری (القانون) دەڵێت : هەرکەس خوێنی بۆق یاخود لە لەشی بخوات ، جەستەی دەئاوسێت و ، ڕەنگی دەپەڕێت و ، تۆماو فڕێ دەدات تاوەکو دەمرێت ، بۆیە پزیشکان لە ترسی زیانەکانیدا وازیان لە بەکارهێنانی بۆق داوە ٠

بۆق دوو جۆرە : ئاوی و خاکی ، خواردنی خاکیەکەی کوشندەیە ٠

پیتی طاء (ط)

طيبٌ ، بۆنی خۆش : ثُبتَ عن رَسُولُ اللّهِ ﷺ أنه قالَ : ((حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ الدُّنْيَا النِّسَاءُ وَالطِّيبُ ، وَجُعِلَ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ))([٥٢٨]).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لە دونیادا ژن و بۆنی خۆشم لا خۆشەویست کراوەو ، چاو ڕوونکەرو خۆشی هێنیشم خراوەتە نوێژەوە))٠

[٥٢٧] _ تقدم تخريجه ٠

[٥٢٨] _ تقدم تخريجه ٠

پێغەمبەری خوا ﷺ بەزۆری بۆنی بۆنی خۆشی بەکاردەهێناو ، بۆنی ناخۆشی بەلاوە قورس بوو ، دەیخستە ناڕەحەتیەوە ٠

بۆنی خۆش خۆراکی ڕوحە " کە هەموو هێزەکانی جەستەی لەسەر سوار دەکرێت ، هێزەکانی جەستە بەبۆنی خۆش دەبوژێنەوەو دوو ئەوەندەو زیاتر دەبن ، هەر وەك ئەوەی کە بە خواردن و خواردنەوە ، خۆشگوزەرانی و شادومانی ، تێکەڵاوبونی خۆشەویساتان ، ڕودانی کاروبارە بەلاوە خۆشەکان ، نادیاربوونی ئەو کەسانەی کە نادیاربوونیان بەلای مرۆڤەوە خۆشە ئەو هێزانە زیاد دەبن ٠

چونکە تەماشاکردنی ئەو جۆرە کەسانە ڕوحی مرۆڤ بارقورس دەکات ، وەکو خەڵکە ڕەزا قورس و بیزاروەکان ، بەڕاستی تێکەڵاوبونی ئەم جۆرە کەسانە هێزەکان لاواز دەکات و ، خەم و خەفەت دەهێنێت ، کەوابوو ڕۆڵی ئەم جۆرە کەسە ڕەزا قورسانە " بۆ ڕۆحی مرۆڤ " وەکو ڕۆڵی تاو و گەرمیەکی زۆرە بۆ جەستە ، هەروەها تێکەڵاوبونی ئەو جۆرە کەسە ڕەزاقورسانە وەکو ئەوەیە کە بۆنێکی ناخۆشت بە سەردا هاتبێ ، بۆیە خوای تعالی هاوەڵانی خۆشەویست کردبوو بەوەی کە قەدەغەی کردبوون بەبۆنی ناخۆشەوە تێکەڵی پێغەمبەری خوا بن ﷺ چونکە بیزار دەبوو ، خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ ولكن إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ ﴾[الأحزاب : ٥٣] واتە : ﴿ ولكن إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا ﴾ بەڵام ئەگەر بانگ کران (بۆ نان خواردن) ئەوسا بڕۆنە ژورەوە ﴿ فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا ﴾ ئینجا ئەگەر خواردنەکەتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن ﴿ وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ ﴾ وە مەمێننەوە بۆ قسەکردن ﴿ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي ﴾ چونکە بەڕاستی ئەو (مانەوەتان) ئازاری پێغەمبەری ﷺ

دەدات ﴿ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ ﴾ ئەويش شەرم دەكات ليّتان (كە بىٚ دەنگە) ﴿ وَاللَّهُ لا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ ﴾ بەلاّم خوا لە (ووتنى) هەق شەرم ناكات([529])٠

مەبەست ئەوەيە كە بۆنى خۆش لە هەموو شتيّك زياتر بەلاى پيّغەمبەرى خواوە ﷺ خۆشەويستر بوو ، وە كاريگەريەكى باشى لە پاراستنى تەندروستى و ، دورخستنەوەى زۆريّك لە ئازارو هۆكارەكانيدا هەيە ، بەهۆى هيّزى سروشت تيايدا ٠

طين ، قور : لە هەندىٚ فەرموودەى هەلّبەستراودا هاتووەو هيچ كاميان (صحيح) نين وەكو فەرموودەى : مَنْ أكل الطِّينَ ، فقد أعان على قتل نفسه واتە : هەركەس قور بخوات ، يارمەتى كوشتنى نەفسى خۆى داوە ٠ ومثل حديث : ((يا حميراءُ لا تأكلي الطِّينَ فإنَهُ يعصمُ البطنَ ويصفرُ اللّونَ ويذهبُ بهاءَ الوجه))([530])

واتە هەروەها فەرموودەى : ((ئەى ژنى سوورو سپى قور مەخۆ چونكە سك دەگريّت و ، رەنگ زەرد هەلّدەگەريّنيّت و ، جوانى روو لادەبات)) ٠

هەموو فەرموودەيەك سەبارەت بە قور هاتبيّت (صحيح) نى يەو ، هيچ بنەرەتيّكى لە پيّغەمبەرى خواوە ﷺ نى يە ، بلاّم خراپ و زيانبەخشەو ، ريّرەوى رەگەكان دەبەستيّت ، ميزاجى ساردى ووشكە ، بەهيّز ووشك دەكاتەوە ، قەدەغەى رەوانبوونى سك دەكات ، دەبىٚ بەهۆى خويّن دەردان و دروستبوونى برينى نيّو دەم ٠

طَلْحٌ ، مۆز ، خواى تعالى دەفەرميّت : ﴿ وَطَلْحٍ مَنضُودٍ ﴾[الواقعة : ٢٩] سەبارەت بە ووشەى (طَلْحٍ) زۆريەى زانايانى تەفسير فەرموويانە : مۆزە ، (المَنْضودُ) واتە : ريزكراو يەك لە سەر يەك ، وەكو شانە ٠ هەروەها گووتراوە ووشەى (طَلْحٍ) واتە : درەختى دركاوى ،

---

[529] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەى تەفسيرى قورئان ٠

[530] ـ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٥٤٧٤) ٠

كه له جێگەی هەر دڕكێك بەرێك دەركەوتبێت ، بۆیە بەری دارەكە یەك لەسەر یـەك ڕیـزدەبن ، ئەمەش دەچوێنرێت بە مۆز ، ئەم گوفتارەش راسترە ، بۆیە كە پێشین باسی مۆزیـان كـردووە مەبەستیان چواندن بووە نەك تایبەت كردن · والله أعلم ·

میزاجی گەرمی تەڕو شێدارە ، چاكترینی پێگـەیوی شـیرینە ، بـۆ زبـری سـینگ و سـیی و كۆكەو ، برینەكانی گورچیلەو میزڵدان بەسوودە ، میزهێنـەرە ، تۆمـاوی نێرینـە زۆر دەكـات ، شەهەوەت و ئارەزووی جووتبوون دەجوڵێنێت ، سك نـەرم و شـل دەكاتـەوە ، پـێش خـۆراك دەخورێـت ، بـۆ گـەدە زیانبەخشـە ، (الصـفراء)و بەڵغـەم زیـاد دەكـات ، بەشـەكر یـاخود بەهەنگوێن زیانەكانی دوردەخرێتەوە ·

طَلْعٌ ، ڕواڵەكە : خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَهَا طَلْـعٌ نَضِـيدٌ ﴾[ق : ١٠] ، (طَلْـعُ النخيـل) واتـە : ڕواڵكـەی دارەخورمـا : سـەرەتاو یەكـەم دەركـەوتنی چـرۆی بـەری دارەخورمایە ، ئەو توێكڵەش كە چرۆكەی تێدایە لە زمانی عەرەبیدا (الكُفُرَّى)ی پـێ دەڵـێن ، (النَّضيد) : ڕیزكراو یـەك لـە سـەر یـەك ، لـە ڕاستیدا تـەنها چـرۆكە لـە نێـو بەرەگەكەیدا (النَّضيد)ی پێ دەگوترێت واتە : ڕیزكراو یەك لە سەر یەك ، بەڵام كە چرۆكان گـەروەرەبوون و لـە توێكڵەكـە هاتنـە دەرەوە چـیتر (النَّضـيد)ی پـێ ناگوترێـت ، چـونكە یـەك لـە سـەر یـەك ڕیزنەكراون · هەروەها خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِـيمٌ ﴾[الشـعراء : ١٤٨] (الهَضـيم) واتـە : چـرۆی بـەری دارەخورماكـە لـە نێـو بەرگەكـەدا ڕێكخـراوە هەنـدێكی لـەپاڵ هەندێكی تردا ، ئەمەش وەكو(النَّضيد)ە كـە واتـای ڕیزكـردن دەبەخشـێت بـە یـەك لـە دوای یەك ، لێرەدا (الهَضيم)ی پێ دەگوترێت تاوەكو لە نێو بەرگە (الكُفُرَّى)كـەدا بێـت ، بـەڵام كە لەبەرگە (الكُفُرَّى)كە هاتە دەرەوە چیتر (الهَضيم)ی پێ ناگوترێت ·

ڕواڵكەی دارەخورماش دوو جۆرە : نێرو مـێ : موتوربـەكردنیش ئەویـە كـە ڕواڵكـەی نێـری دارەخورماكە دەبردرێت كە وەكو ئاردی گەنمەو دەكرێتە نێـو دارەخورمـا مـێ كـەوە ، كـە لـە

زمانی عەرەبیدا دیسان (التأبیر)یشی پێ دەگوترێت ، ئەوەش لە جێگەی پیتکێ یە لە نێوان نێرو مێکەدا ٠

وقد روى مسلم في صحيحه : عن طلحة بن عُبيدالله _ رضي الله عنه _ ، قال : مررتُ مع رسول الله ﷺ في نخل ، فرأى قوماً يُلَقِّحُونَ ، فقال : ((مايصنعُ هؤلاء ؟)) قالوا : يأخذون من الذكر فيجعلونه في الأنثى ٠ قال : ((ما أظُنُّ ذلك يُغني شيئاً)) ، فبلغهم ، فتركوه ، فلم يَصْلُحْ ، فقال النبيُّ ﷺ: ((إنما هُوَ ظَنٌّ ، فإن كان يُغني شيئاً ، فاصنَعوه ، فإنَّما أنا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ ، وإنَّ الظَنَّ يُخطِيءُ ويُصيبُ ، ولكنَ ما قلتُ لكم عنِ الله عزَّ وجلَّ ، فلن أكذِبَ على الله))([٥٣١]).

واتە : لە (طلحة)ی كوڕی (عُبیدالله)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : بەیارەوەری پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای باخێكی دارەخورمادا تێپەڕبووین ، تەماشای كرد كەسانێك موتوربە دەكەن ، فەرمووی : ((ئەمانە چ دەكەن ؟)) گووتیان : لە ڕوانگەی نێرەكە دەبن و دەیكەنە نێو مێ كەوە ، فەرمووی : ((واگومان دەبم هیچ سوودێكی نەبێ)) ، گوفتارەكەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خەڵكەكە گەشت ، بۆیە وازیان لە موتوربەكردن هێنا ، ئەوبوو دارەخورماكان بەریان نەگرت ، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لە ڕاستیدا ئەوە تەنها گومانە ، ئەگەر سوودێكی هەیە ، ئەنجامی بدەن ، چونكە منیش تەنها مرۆڤێكی وەكو ئێوەم ، گومانیش بەهەڵەدا دەچێت و دەپێكێت ، بەڵام ئەوەی پێم گووتن لە خوای تعالاوەیەو ، درۆ بە دەم خواوە ناكەم)) ٠

ڕوانگەی دارەخورما بەسوودە بۆ جووتبوون و ، زیادی دەكات ، ئەگەر ژنان ئاردی ڕوانگەكەی پێش جووت بوون هەڵگرن یارمەتی سك پڕبوون دەدات ئەوپەڕی یارمەتیدان ،

---

٥٣١ _ صحيح : أخرجه أحمد (١ / ١٦٢ ، ١٦٣) ، وعبد بن حميد (١٦٢) ، ومسلم (٧ / ٩٥) ، وابن ماجة (٢٤٧٠) ككلهم من طريق موسى بن طلحة عن أبيه فذكره •

میزاجی له ساردی و ووشكێتیدا له پله دوودایه ، گەده بەهێز دەكات و ووشكی دەكاتەوه ، هەڵچونی خوێن هێمن دەكاتەوه له گەڵ چڕی و دەرەنگ هەرسیدا ٠

بەدەر له كەسانی میزاج گەرم كەسانی تر بەرگەی ناگرن ، ئەو كەسەی بەزۆری بەكاری دەهێنیٚ پێویسته هەندێك له دانەوێڵه گەرمەكانی (الجاروشات الحارة) بەدوادا بەكار بێنێت ، خوو هێمن دەكاتەوه ، هەناو بەهێز دەكات ، ناوكرۆكی دارەخورماو ، هەروەها خورما سەوزه پێنەگەشتووەكان(البَلح)و ، ئەوەش تازه شیرینی تێكەوتووه (البُسر) هەمان ڕۆڵی ڕوانگەكان دەبینن ، بەڵام زۆر بەكارهێنانی زیان به گەدەو سینگ دەگەیەنێت ، وه پێدەچیٚ نەخۆشی(القولنج) دروست بكات ، دەتوانرێت بەڕۆن چاك بكرێت یاخود بەو شتانەی پێشتر باسكرا ٠

پیتی عین (ع)

عنَبٌ ، تریٚ : في الغیلانیات([٥٣٢]) من حدیث حَبیب بن یَسار ، عن ابن عباس _ رضي الله عنه قال : رأیت رسول الله ﷺ یأكل العنب خَرطاً.

واته : له (ابن عباس)ەوه _ خوا له خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ فەرموویەتی : بینیم پێغەمبەری خوا ﷺ هێشوه ترێكەی دەخسته زاری و تۆوەكەی فڕێدەداو دەیخوارد ٠

(أبو جعفر العقیلي) دەڵێت : ئەم فەرموودەیه هیچ بنەڕەتێكی ڕاستی نی یه ، گوتم _ ابن القیم _ : (داود)ی كوڕی (عبدالجبار أبو سلیم الكوفي) له (سَند)ەكەیدایه ، كه پێشەوا (یحیی)ی كوڕی (مَعین) فەرموویەتی : درۆی دەكرد ٠

هەروەها له پێغەمبەری خواوه ﷺ باسكراوه : كەوا حەزی به تریٚ و كاڵەك بووه ٠

---

[٥٣٢] _ الغیلانیات : كۆمەڵێكی زۆری فەرموودەیەو له یازده بەشدا كۆكراوەتەوەو به (تخریج)ی پێشەوا (الدَّارَقُطْنِيِّ)یه ، بڕوانه : تاج العروس في جواهر القاموس ، وەرگێڕ ٠

خواى تعالى له شـەش شوێنى قورئانەكەيدا باسـى ترێـى كـردوه لـە كـۆى ئـەو نيعمـەت و بەهرانـەى بـە بەنـدەكانى خـۆى بەخشـيوه لـەم دونيايـەو لـە بەهەشتيشـدا ٠ تـرىٚ چـاكترين ميوەيـەو لەهەمووشـيان بەسـوودتره ، كـه بـه تـەڕى و ووشـكى و ، سـەوزى و پێگەيشـتووش دەخورێت ، ميوەيەكه له ميوەكان ، خواردنێكه له خواردنەكان ، پێخۆرێكـه لـه پێخۆرەكـان ، دەرمانێكه له دەرمانەكان ، خواردنەوەيەكه له خواردنـەوەكان ، ميزاجـى ميزاجـى تۆوەكانـه : گەرمى و تەڕى ، چاكترينيى هەره گەورەو ئاودارەكانه ، سپێكەى له ڕشەكەى ستايشـكراوتره ئەگەر يەكسان بوون له شيرينيدا ، وازلێهێنراو دواى كردنەوه بەدوو تا سىٚ ڕۆژ ستايشـكراوتره لـەوەى كـه لـه ڕۆژى كردنەوەيـدا بـەكاردەهێنرێت ، چـونكه لـه ڕۆژى كردنەوەيـدا سـك دەئاوسێنێت ، هەڵواسراو تاوەكو توێكڵەكەى دەچێتەوەيەك كرژ دەبێتـەوه خـۆراكێكى چـاكى تێدايه ، بەهێزكارى جەستەيه ، خۆراكى وەكو خـۆراكى هـەنجيرو مێـوژه ، ئەگـەر بـەبىٚ نـاوك بخورێت له هەمووى زياتر سروشت نەرم ونيان دەكاتـەوه ، زۆر خـواردنى سـەر دەئێشـێنێت ، زيانەكانى بەهەنارى مزر(الرمان المز) لادەبرێت ٠

سوودى ترىٚ لەوەدايه كه خوو نـەرم ونيـان دەكاتـەوه ، قەڵـەو دەكـات ، خـۆراكێكى چـاك دەبەخشێت ، يەكێكه لەو سىٚ ميوەيەى كه بەپاشاى ميوەكان دادەنرێـت : تـرىٚ و ، خورمـاى ڕەتابى تازه پێگەيوو ، هەنجير ٠

عَسَلٌ ، هەنگوێن : پێشتر سوودەكانى باسكرا ٠

(ابـن جُـرَيجُ) دەڵێـت : پێشـەوا (الزهـري) فەرمووپـەتى : هـەنگوێن بەكاربێنـه ، چـونكه چاكه بۆ لەبەركردن ٠

چاكترينيشى پاكترين و سپيترينێتى ، ئـەوەى تيژێتێكـەى نـەرم و نيـانتره ، شـيرينيەكەى ڕاستگۆتره ، ئەوەى له چياو دەرختەكانـەوه وەردەگيرێـت ، بەچـاكتر دادەنرێـت بەبـەراوردى

ئەوەی لە شانەکانەوە وەردەگیرێت ، ئەمەش بەگوێرەی ئەو شوێنەیە کە هەنگەکەی تێدا بەخێو دەکرێت ٠

عَجْوَةٌ ، جۆرێکە لە چاکترین جۆرەکانی خورمای شاری مەدینەی پیرۆز : في الصحيحين : من حديث سعد بن أبي وقّاص _ رضي الله عنه _ ، عن النبيِّ ﷺ أنه قال : ((مَن تَصَبَّحَ بِسَبْعِ تَمَراتٍ عَجْوَةً ، لمْ يَضُرُّهُ ذلك اليومَ سُمٌّ ولا سِحْرٌ))([٥٣٣]).

واتە : لە (سعد)ی کوڕی (أبي وقّاص)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەرکەس بۆ خواردنی بەیانی حەوت خورمای (عَجْوَة) بخوات ، چیتر ئەو ڕۆژە ژەهرو جادوو زیانی پێ ناگەیەنن)) ٠

وفي سنن النسائي وابن ماجة من حديث جابر ، وأبي سعيد _ رضي الله عنهما _ ، عن النبيِّ ﷺ ((العجوةُ من الجنة ، وهي شفاء من السُّمِّ ، والكمأة من المنِّ ، وماؤها شِفَاء للعين))([٥٣٤]).

واتە : لە (جابر)و ، (أبي سعيد)ەوە _ خوایان لێ ڕازی بێت _ دەفەرمن : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (((العجوة) لە بەهەشتەوەیە ، شیفایە بەرامبەر بە ژەهر ، دوومەڵانیش لە (المَنْ)ەو ، ئاوەکەشی شیفایە بۆ چاو)) ٠

---

[٥٣٣] _ سبق تخريجه ٠

[٥٣٤] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٤٨) ، وابن ماجة (٣٤٥٣) كلهم من طريق شهر بن حوشب عن جابر بن عبدالله وأبي سعيد الخُدري فذكره مرفوعاً ، وأخرجه ابن ماجة (٣٤٥٣) بإسناده عن أبي نضرة عن أبي سعيد الخُدري فذكره مرفوعاً ٠

(المَنّ) واتە : لەو بەخشینانەیە کە خوای تعالى بە بەندەکانی خۆی بەخشیوە بەبێ هیچ ماندووبونێك ، یاخود پێدەچێ مەبەست بەو گەزۆیەی (بنى إسرائيل) بێت کە وەکو شەونم و خوناوك دەکەوتە سەر دەرختەکان و ئەوانیش کۆیان دەکردەوەو دەیان خوارد ، لێرەدا تەنها چواندویەتی بەو گەزۆیە لە ڕووی دەستکەوتنەوە ، چونکە مرۆڤ هەردوو شتەکەی دەست دەکەوێت بەبێ هیچ ماندوو بونێك ، بڕوانە :

گـوتراوه : مەبەسـت بـەو (العجـوة)يـە خورمـا پیرۆزەكـەی مەدینەیـە ، كـە جۆرێكـە لـە جۆرەكانی خورمای شاری مەدینەی پیرۆز ، كە چاكترین جـۆری خورمـای حیجازە بەگشـتی ، جۆرێكی پیرۆزە ، بەلەزەتە ، پتـەو تۆكمەیـە بـۆ جەسـتەو هێـز ، لـە هـەمووی نـەرم ونیـانترو خۆشترو بەلەزەترە ٠

پێشتر لە پیتی (تاء)دا باسـی خورمـاو میـزاج و سـوودەكەمان كـرد ، هـەروەها ئـەوەمان ڕوونكـردەوە كـە (العجـوة) بـە چ شـێوازێك ژەهـرو جـادوو دوردەخاتـەوە ، بۆیـە پێویسـت بەدوبارە بوونەوە ناكات ٠

عَنبَر([535]): تقدم في الصحيحين من حديث جابر ، في قصة أبي عَبيدةَ ، وأكلهم من العنبر شهراً ، وأنهم تزوَّدوا من لحمه وشَائِقَ الى المدينة ، وأرسلوا منه إلى النبيِّ ﷺ ([536]).

واتە : پێشتر فەرموودەكەی (جابر)مان باسكرد ، سەبارەت بە چیرۆكەكەی (أبي عُبيدةَ)و ، خواردنیان لە نەهەنگە (العنبر)ەكە یەك مانگ ، پاشان بەووشكراوەیی و نیوەكوڵاوی چەند پارچە گۆشتێكیشیان لێ هەڵگرت لە سەفەری گەڕانەوەیاندا بۆ مەدینەو ، هەندێكیشیان نارد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەمەش یەكێكە لەو بەڵگانەی كە پەنجە ڕادەكێشێت بۆ حەڵاڵبوونی ئەوەی لە دەریادا هەیەو تایبەتیش نی یە تەنها بە ماسیەوەو ، هەموو مردووەكانی حەڵاڵن.

[535] ـ ـ العنبر : جۆرە نەهەنگێكە لە زەریاكاندا دەژی و ، هەموو جۆرێكی زیندەورەی زەریایی دەخوات ، ماددەی (العنبر) ڕشانەوەی نەهەنگەكەیە كە لە سكیەوە دێتەدەرێ ، بریتیە لە ماددەیەكی مێوینی ڕەنگ خۆڵەمێشی یا سپی یا زەرد یا ڕەشە ، بە زۆری زیاتر لە یەك ڕەنگە ٠ ئەو دەریاوانەی پارچەیەكی دەستكەوێت ، ئەوا خۆشبەخترین مرۆڤە چونكە نرخەكەی زۆر گرانە ، گەورەترین پارچەی (العنبر) دۆزرابێتەوە كێشەكەی (٢٤٨) ڕەتڵ بووەو خاوەنەكەی بە (١٣٠٠٠) جونیهی ئیستەرلینی فرۆشتویەتی ، هەموو بۆنە یەكجار بە نرخەكانی جیهان بەشێك لە بۆنی عەنبەری تێدایەو ، خودی بۆنەكەش لە بۆنی میسك دەچێت ، ئەم نەهەنگە سەرێكی زۆر گەورەی هەیەو ، پڕە لە زەیت و ڕۆن ٠ بڕوانە : www.y_nas .com ٠ وەرگێڕ ٠

[536] ـ صحيح ، تقدم تخريجه ٠

بەرپەرچی ئەو قسانەشمان دراوەتەوە بەوەی کە گوایە دەریاکە بەزیندووی فرێی دایە دەرەوە ، پاشان ئاوەکەی لێ نیشتەوەو ، مرد ، ئەمەش حەڵاڵە ، چونکە مردنەکەی بەهۆی ئەوەوە بوو کە لە ئاوەکە دوورکەوتەوە ، بەڵام ئەم بۆچونەیان ڕاست نی یە ، چونکە ئەوان بەمردووی لە ڕۆخی دەریاکەدا دۆزیانەوە ، نەشیان بینی بەزیندووی لە ئاوەکە بێتە دەرەوەو ، پاشان ئاوەکەی لێ بنیشێتەوەو بمرێت ·

هەروەها : ئەگەر زیندوو بوایە دەریاکە فرێی نەدەدایە دەرەوە بۆ ڕۆخەکەی ، چونکە زانراوە دەریا تەنها گیانلەبەرە مردووەکانی فرێ دەداتە دەرەوە نەك زیندووەکان ·

هەروەها : ئەگەر وادابنرێت ئیحتمالی بۆچونەکەی ئەوان بکات ، دیسان شیاو نی یە قسەکانیان مەرجێك بێت بۆ حەڵاڵبونی ، چونکە شت حەڵاڵ نابێ لە گەڵ بوونی گومان لە هۆکاری حەڵاڵ بونەکەیدا ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کرد نێچیرەوان لە نێچیرەکەی بخوات ئەگەر بەخنکاوی لە ئاودا دۆزیبێتیەوەی چونکە گومان لە هۆکاری مردنەکەیدا هەیە ، ئایا مردنی بەهۆی ئامێرەکەوە بوو یاخود بەهۆی ئاوەکەوە بوو ؟

بەڵام (العنبر) کە جۆرێکە لە بۆنە خۆشەکان ، نایابترین بۆنە لە پاش (المسك) ، ئەو کەسانەی لە پێشی (المسك)ەوە دایدەنێن بەهەڵەدا چوونە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ (المسك)ی بەگەورەی بۆنە خۆشەکان داناوە([٥٣٧]) ، بە (صحيح)ی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیربووە کەوا سەبارەت بە (المسك) فەرموویەتی : بۆن خۆشترین بۆنە خۆشەکانە ، پاشان ـ إن شاء الله تعالى ـ ئەو خاسیەت و سوودانەی تایبەت کراوە بە (المسك)ەوە دەخەینە ڕوو ، تا ئەو ئاستەی بۆنی خۆشی بەهەشتە ، ئەو گردەش کە نیشتەگەی ڕاستگۆیانە (الصِّدِّيقين) لە بەهەشتدا لە (المسك)ە نەك لە (العنبر) ·

---

٥٣٧ ـ حسن صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣١ ، ٣٦ ، ٤٧ ، ٦٢ ، ٨٧) ، وأبوداود (٣١٥٨) ، والترمذي (٩٩١) ، (٩٩٢) ، والنسائي (٤ / ٣٩ ، ٤٠) كلهم من طريق أبي نضرة عن أبي سعيد الخُدري مرفوعاً : ((أطيب الطيب المسك)) ·

ئەو شتەی فریوی ئـەو کەسـەی داوە (العنـبر) بخاتـە پـێش (المسـك)ەوە ، ئەوەیـە کـە گوایە گۆڕانی بەسەردا نایەت بە درێـژایی زەمـەن ، لـەم ڕووەوە لـە زێـڕ دەچـێت ، بـەڵام ئەمـە بەڵگـە نـی یـە بـۆ ئـەوەی لـە (المسـك) چـاکتر بـێ ، چـونکە بـەم تـەنها خاسـیەتە توانـای بەرەنگاربوونەوەی خاسیەتە زۆرەکانی (المسك)ی نی یە ·

پاشان : جۆرەکانی (العنـبر) زۆرەو ، ڕەنگەکانیشـی دیسـان زۆرن ، وەکـو سـپی ، ڕەش بۆر ، سوور ، زەرد ، سەوز ، شین ، ڕەش ، جۆرەها ڕەنگ ·

چاکترینیشی : ڕەش بۆرو (الأشهب) ، شین و ، زەردە · خراپترینیشی : ڕەشە ·

خەڵکیش جیاوازبوونە سەبارەت بـەدیاریکردنی تـوخم و ڕەچـەڵەکی بـۆنی (العنـبر) ، ئـەوبوو تایەفەیـەك گوتویانـە : ڕووەکێکـە لـە بنـی دەریـادا دەڕوێـت و ، هەنـدێ لـە گیانلەبـەرانی دەیخـۆن و ، ئینجـا کـە لێـی مەسـت دەبـن وەکـو تـەرس فڕێـی دەدەن و ، دەریاش بۆ ڕۆخەکەی فڕێی دەدات ·

هـەروەها گـوتراوە : شـەونمێکە لـە ئاسمانـەوە دادەبەزێتـە سـەر دورگـەکانی دەریـاو ، شەپۆلەکانیش بۆ ڕۆخی دەریاکە فڕێی دەدەن ·

هەروەها گوتراوە : تەرسی گیانلەبەرێکی دەریایە لە مانگا دەچێت ·

هەروەها گوتراوە : بەڵکو خەڵتەیەکە لە خەڵتەکانی دەریا ، واتە : کەفێکی سەر دەریایە ·

دانـەری (القـانون) دەڵێـت : واگومـان دەبرێـت لـە کانیـەکی دەریـاوە هەڵدەقوڵێت ، کـە دەڵێن ، خەڵتەیـەکی دەریایـە ، یـاخود تەرسـی گیانلەبەرێکـە لـە ڕاسـتیەوە بـەدوورە · قسەکانی تەواوبوو ·

میزاجـی گـەرمی ووشـکە ، بـەهێزکاری دڵ و ، مێشـك و ، هەسـتەکان و ، ئەندامـەکانی جەستەیە ، بۆ نەخۆشیەکانی ئیفلیجی و دەم خواربوون و ، نەخۆشیە بەڵغەمیەکان و ، ئـازارە ساردەکانی گەدەو ، بایـە چڕەکان بەسوودە ، بەسـوودە بۆ کونیلـە داخراوەکـان (السـدد) ئەگەر خورایـەوە ، یـا لـە دەرەوەوە پێـی چـەوەر بکرێـت ، ئەگـەر هەڵمەکـەی هەڵمـژرێت بۆ هەڵامەت و سەرئێشەو ، شەقیقەی سارد بەسوودە ٠

عُودٌ ، العود الهندی : ئەمەش دوو جۆرە :

یەکەمیان : لە دەرماندا بەکاردێت و بـە (الکُست) ناسـراوە ، هـەروەها پێشـی دەڵـێن : (القُسط) پاشان لە پیتی (قاف)دا باسی دەکەین ٠

دووەم : بۆ بۆنی خۆش بەکاردێت و بە (الأُلوَّة) ناودەبرێت ٠

وقد روى مسلم في صحيحه : عن ابن عمر _ رضي الله عنهما _ ، أنه كان يَسْتَجمِرُ بالأُلوَّةِ غير مُطَرَّاةٍ ، وبكافورٍ يَطرَحُ معها ، ويقول : هكذا كانَ يَسْتَجْمِرُ رسول الله ﷺ ([538]).

واتە : (ابن عمر) _ خوای لێ ڕازی بێت _ بە (الأُلوَّةِ)ی تێکەڵ نەکراو بەبۆنی تر خۆی بۆنخۆش دەکردو ، بەکافوریش کە تێکەڵی دەکرا و ، دەیفەرموو : بەم شێوە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بۆنخۆش دەکرد ٠

بە (صحیح)ی لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ جێگیربـووە کـەوا سـەبارەت بـە سیفەتی ئـەو نازونیعمەتەی خەڵکی بەهەشت تیایدان فەرموویەتی : ((مجامِرُهُمْ الأُلوَّةِ))([539]).

واتە : ((خۆ بۆنخۆش کردنیان بە (الأُلوَّةِ)یە)) ٠

---

[538] _ صحيح : أخرجه مسلم (٧ / ٤٨) ، والنسائي (٨ / ١٥٦) كلاهما من طريق ابن وهب قال : أخبرني مخرمة عن أبيه عن نافع فذكره عن ابن عمر ٠

(الأَلُوَّةِ) : جۆرێکە لە بۆنی خۆش ٠

[539] _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٣١٦) ، والبخاري (٤ / ١٤٣) ، ومسلم (٨ / ١٤٧) ، والترمذي (٢٥٣٧) كلهم من طريق معمر عن همام بن منبه عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً

له زمانی عەرەبیدا ووشەی (المجامر) کۆی ووشەی (مجمر)ە واتە : ئەو شتەی مرۆڤ خۆی پێ بۆنخۆش دەکات وەکو (عود) _ جۆرە بۆنێکە _ یاخود شتی تر ئەمەش چەند جۆرێکە : چاکترینی : هندی ، پاشان چینی ، پاشان (القَماري) ، پانیش المنْدَلي([٥٤٠]).

چاکترینیشی : ڕەش و شینە ڕەقە هێمنە چەورەکەیەتی ، کەمترینیشیان لە چاکێتیدا : ئەوەی سووکەو سەر ئاو دەکەوێت .

دەگوترێت : درەختێکە دەبڕدرێت و یەك ساڵ بەژێر خاکەوە دەکرێت ، لەو ماوەیەدا خاکەکە بەشە بێسوودەکانی دەخوات و ، تەنها (عود)ە بۆنخۆشەکە دەمێنێتەوە ، کە خاکەکە ناتوانێت کاری تێبکات ، هەروەها توێکڵەکەی و ئەوەی بۆنی خۆشی نی یە لەو ماوەیەدا بۆگەن دەکەن .

میزاجی گەرمی ووشکە لە سێ یەمدا ، کونیلە داخراوەکان (السُدد) دەکاتەوە ، با دەشکێنێت ، پاشماوەی شێ ناهێڵێت ، هەناو و دڵ و بەهێز دەکات و شادومانیان دەکات ، بۆ مێشك بەسوودە ، هەستەکان بەهێز دەکات ، سك دەگرێت ، بۆ مێزە چرتکێی دروستبوو بەهۆی ساردی مێزڵدانەوە بەسوودە .

(ابن سمجون) دەڵێت : (عود) چەندین جۆرەو ناوی (الأُلوَّة) کۆیان دەکاتەوە ، لە ناوەوەو دەرەوشەوە بەکاردەهێنرێت ، مرۆڤ بەتەنهاو تێکەڵ کردن لە گەڵ بۆنی خۆشی دیکەدا خۆی پێ بۆنخۆش پڕژێن دەکات ، بۆنخۆش پڕژێنیش خۆی بۆ خۆی چاودێری گەوهەری

---

[٥٤٠] _ القَماري : جۆرە بۆنێکی خۆشە دەگەڕێتەوە بۆ دەڤەری (القَمار)ی وەڵاتی هند ، بڕوانە : المبدع شرح المقنع ، ص١٧ .

(المنْدَلی) : جۆرە بۆنێکی خۆشە دەگەڕێتەوە بۆ دەڤەری (المنْدَل)ی وەڵاتی هند ، بڕوانە : الروض المعطار في خبر الأقطار ، ص ٥٥٠ ، وەرگێڕ .

هەواو چاكردنێتی ، چونكە یەكێكە لەو شەش شتە زەروریەی كە ئەگەر چاك بن جەستەش چاك دەبێت ·

عَدَسٌ ، نیسك : چەند فەرموودەیەكی پوچی هەڵبەستراوی لەبارەوە هاتووە هیچ كامیان (صحیح) نین و ، پێغەمبەری خوا ﷺ نەیفرموون ، وەكو فەرموودەی : پیرۆز كراوەو رێزی لێنراوە لەسەر زاری حەفتا پێغەمبەر ·

هەروەها فەرموودەی : دڵ نەرم دەكات و ، فرمێسك زۆر دەكات و ، بەڕاستی خۆراكی پیاوچاكانە · بەڵام بەرزترین شتێك لەبارەیەوە هاتبێت ، ئەوەیە كە شەهەوەت و ئارەزووی جولەكەیە كە پەسەندێتیان داوە بەسەر گەزۆو (المن) و شیلاقەدا(السلوى) ، نیسك كراوە بە هاوەڵی سیرو پیاز لە بواری باسكردنەوە ، سروشتی وەكو سروشتی مێ یە ، ساردی ووشكە ، دوو هێزی پێچەوانە بەیەكتری تێدایە:

یەكەمیان : سروشت دەبەستێت (یعقل الطبیعة) ·

دووەم : دەیكاتەوە(یطلقها) ، میزاجی توێكڵەكەی گەرمی ووشكە لە سێ یەمدا ، توونەو سك ڕوان دەكات (تریاق)ەكەی لە توێكڵەكەیدایە ، بۆیە نەهاڕاوی لە هاڕاوی باشترەو ، بۆ سەر گەدەش سووكترەو ، زیانیشی كەمترە ، چونكە ناوەڕۆكی درەنگ هەرسە لەبەر ساردی و ووشكیەكەی ، (السوداء) دروست دەكات ، زیانێكی ئاشكرا بە نەخۆشی (المالیخولیا) دەگەیەنێت ، هەروەها زیان بە دەمارو هێزی بینین دەگەیەنێت ·

خوێن چڕ دەكاتەوە ، پێویستە تووشبوانی (السوداء) خۆیانی لێ بەدوور بگرن ، چونكە هەستانیان بە زۆر خواردنی نەخۆشی گەلێكی پیسیان بۆ دروست دەكات وەكو : دودڵی و ، گولی و ، چواریەڕۆ ، بەڵام سلق و ، سپێناخ و ، زۆر ڕۆنكردنی زیانی كەم دەكاتەوە ،

خراپترینیشی ئەوەیە بە (النمكسود)ەوە([541]) بخورێت ، با شیرینیشی تێکەڵ نەکرێت ، چونکە کونیلەی داخراو (السُدد) لە جگەردا دروست دەکات ، خواردنی بەبەردەوامی چاو تاریك دەکات لەبەر بەهێزی ووشك کردنەوەی ، میزکردن ناڕەحەت دەکات ، ئاوسانی ساردو ، بای چڕ دروست دەکات · چاکترین جۆری نیسك سپی قەڵەوەکەیە ، کە خێرا پێدەگات ·

بەڵام کە نەفامان وای بۆ دەچن نیسك ئەو خۆراکە بوو کە پێغەمبەر (إبراهیم) بووە کە پێشکەشی میوانەکانی کردووە ، درۆو دەلەسەیەو ، ئەو میوانداریەی بۆ میوانەکانی دروستی کردبوو برژاو بوو ، کە بریتی بوو لە گوێرەکەیەکی برژاو ·

پێشەوا (البیهقي) لە (إسحاق)ەوە دەگێڕێتەوە : کەوا لە (ابن المبارك)یان پرسی سەبارەت بەو فەرموودەیەی لەبارەی نیسکەوە هاتووە کە گوایە پیرۆز کراوە لە سەر زاری حەفتا پێغەمبەر ، ئەویش فەرمووی: لە سەر زاری یەك پێغەمبەریش باس نەکراوە ، بەراستی نیسك زیانبەخشی ئاوسێنەرە ، کێ بۆی باسکردوون ؟ گوتیان : (سَلم)ی کوڕی (سالم) ، فەرمووی : لە کێ وە ؟ گوتیان : لە تۆوە · فەرمووی : لە منەوە باسی کردووە ؟!

پیتی غین (غ) :

غَیْثٌ ، باران : لە چەندین شوێنی قورئاندا باسکراوە ، ناوێکی بەلەزەتە لە سەر گوێ ، ناونراوێکی بەلەزەتە لەسەر ڕوح و جەستە ، بەباسکردنی بیسەران دەگەشێنەوە ، دڵان شادومان دەبن ، ئاوی چاکترین و ، ناسکترین و بەسوودترین و بەرەکەت دارترین ئاوە ، بەتایبەت ئەگەر لە هەورێکی بە گرمە گرمەوە بێت و ، لە گۆلاوی چیاکانیشدا کۆبێتەوە ·

---

[541] ـ النمكسود : گۆشتێکە چین چین دەبڕدرێت و خوێدار دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە تا ئاوەکەی دەچێت و ووشك دەبێتەوە ، پاشان هەرکات پێویست بوو شتێکی بەکاربێت ، بەئاو تەڕ دەکرێت و چاك دەکرێت و بەکار دەهێنرێت ، ئەمەش بۆ کاتی سەفەرکردنە بۆ ئەوەی خراپ نەبێت ، بڕوانە : الحصري ، جمع الجواهر في الملح و النوادر ، ص ٩٠ ، وەرگێڕ ·

له هەموو ئاوەكانی تر تەڕو شێدارترە ، چونكە مانەوەی لەسەر زەوی درێژەی نەكێشاوە ، بە ئاستێك لە ووشكێتیەكەی وەرگرێت و ، هیچ گەوهەرێكی ووشكی تێكەڵ نەبووە ، بۆیە لەبەر ناسكی و خێرا كارتێكراوبوونی بەخێرایی دەگۆڕێت و بۆگەن دەبێ ٠

بەڵام ئایا بارانی بەهاری لە بارانی زستانی نەرم ونیان ترە یاخود بە پێچەوانەوەیە ؟ دوو گوفتاری تێدایە ٠

ئەوانەی كە بارانی زستانی بەنەرم ونیان تر دادەنێن دەڵێن : گەرمی خۆر لە كاتی زستاندا كەمترە ، بۆیە تەنها ئاوی دەریای سازگاری نەرم و نیان ڕادەكێشێت و ، جەویش پاكەو خاڵیە لە هەر شێیەكی دوكەڵیی و ، گەردی تێكەڵ بەئاو ، هەموو ئەمانە هۆكارگەلێك دەبن بۆ نەرم ونیانی و پاكێتی ئاوەكەی و ، خاڵیی بونی لە هەر تێكەڵاوێك ٠

ئەوانەش كە بارانی بەهاری بەنەرم و نیانتر دادەنێن دەڵێن : گەرما شێ چڕەكان شیی دەكاتەوە ، هەوا ناسك و نەرم ونیان دەكات ، بەوەش ئاوەكە سووك دەبێ و ، بەشە زەمینیەكانی كەم دەبنەوەو ، ڕێكەوتی كاتی ژیانی ڕووەك و درەختەكان و خۆشی هەوا دەكات ٠

وذكر الشافعي رحمه الله عن أنس بن مالك _ رضي الله عنهما ، قال : كُنَّا مَعَ رسولِ الله ﷺ ، فأصابنا مطرٌ ، فَحَسَرَ رسولُ اللهِ ﷺ عَنْ ثَوْبِهِ ، وقَالَ : ((إِنَّهُ حَدِيثُ عَهْدٍ بِرَبِّهِ))([٥٤٢]).

واتە : لە (أنس)ی كوڕی (مالك)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بوین ﷺ، كە باران لێی داین ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ پۆشاكەكەی لادا تا بارانەكە لێی بدات و ، فەرمووی : ((تازە لە لایەن پەروەردگارەكەیەوە نێردراوە)) ٠ پێشتر لە بەشی ئاوخوازیدا باسی داوای باران و ، داوای فرداری بە ئاوی باران لە سەرەتای دابەزینیدا كرا ٠

---

[٥٤٢] _ صحيح : أخرجه أحمد (٤ / ١٣٣ ، ٣٦٧) ، والبخاري في الأدب المفرد (٥٧١) ، ومسلم (٣ / ٢٦) ، وأبوداود (٥١٠٠) ، والنسائي (٢٦٣ تحفة) كلهم من طريق جعفر بن سليمان عن ثابت عن أنس فذكره ٠

پیتی فاء (ف) :

فاتحَةُ الكتاب : سورەتی (الفاتحة) : وە (أُمُّ القرآن)و ، (السبعُ المثاني)و ، شیفای تەواو ، دەرمانی بەسوودو ، کلیلی دەوڵەمەندی و سەرکەوتن و ، پارێزەری هێزو ، دورخەرەوەی خەم و خەفەت و ترس و دلگرانیە بۆ هەر کەسێك ڕێزی بزانێ و هەقی خۆی بداتێ و ، بەچاکی دایبەزێنێتە سەر نەخۆشیەکەی و ، بزانی چۆن بەکاری دەهێنێ بۆ شیفاخوازی و خۆتیمارکردن ، ئەو نهێنیەش بزانێ کە لە پێناویدا ئاوەهایە.

بۆیە کاتێ کەسانێك لە هاوەڵان ئەوەیان بۆ دەرکەوت ، وەکو دوعایەك بەکاریان هێنا بۆ چارەسەری گەزتن و ، یەکسەر چاك بۆوە . ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((وما أدراك أنَّها رُقْيَة))([٥٤٣]) واتە : فەرمووی : ((تۆ چۆن دەزانی ئەوە دوعایە)) .

هەرکەس سەرکەوتن یارمەتیداو ، بەنورو روناکی زرنگیی و کارامەیەوە تێڕوانێت تا ئەو ئاستەی نهێنیەکانی ئەم سورتەی بۆ دەرکەوێت ، ئەوا بۆی ئاشکەرا دەبێت ئەم سورەتە جۆرەکانی یەکتاپەرستی تێدایە ، هەروەها زانینی زات و ناوو سیفات و کردەوەکان و ، جێگیرکردنی شەرع و قەدەرو گەڕانەوە لەخۆ دەگرێت ، تەنهاکردنەوەی جۆرەکانی یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی و پەرستنێتی و ، شێوەی تەواوی پشت بەستن و دەستەڵات پێدانی تێدایە بۆ ئەو زاتەی کە هەموو کاروبارەکانی بەدەستە ، هەموو سوپاس و ستایشێك بۆ ئەوە ، هەموو خێرێکی بەدەستە ، هەموو کاروبارێك دەگەڕێتەوە بۆ لای ، مرۆڤ پێویستی بەو زاتەیە بۆ داواکردنی ڕێنمویی کە بنچینەی کامەرانی دونیاو رۆژی دوایە ، بەزانینی پێکەوەبەندی ماناکانی بەرژەوەندیەکان دەهێنێت و ، خراپەکان دووردەخاتەوە ، ئاکام و دەرەنجامی ڕەهای تەواو و نیعمەتی تەواوی پێوە بەستراوە ، لەسەر دەستکەوتنی وەستاوە ، ئەگەر بەتەواوی لەوانەی سەرەوە تێگەشت چیتر پێویستی بەزۆرێك لە دەرمان و دوعای تر

---

[٥٤٣] ــ صحيح : تقدم تخريجه .

نابێ ، بەم سورەتە دەتوانێ چەندین دەروازەی خەیر بکاتەوەو ، چەندین دەروازەی شەڕیش دوربخاتەوە .

ئەمەش کاروبارێکە پێویستی بە سروشت و فیترەتێکی ترو ، ئەقڵێکی ترو ، بڕوایەکی تر هەیە ، سوێند بەخوا

بەرپەرچدانەوەیەکی تەواو ، بەنزیکترین و ڕاسترین و ڕوونترین ڕێگەی پوچکردنەوەی تێدایە بۆ هەموو گوفتارێکی بۆگەن و ، بیدعەیەکی پوچ ، هیچ دەروازەیەك نی یە لە دەروازەکانی زانستە خواوەندیەکان و ، کردەوەو نەخۆشیەکانی دڵ مەگەر ئەم سورەتە کلیلی کردنەوەیەتی و ، پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت و ، هیچ پلەیەك نی یە لە پلەکانی ڕێکردوان (منازل السائرین) بۆ خوای تعالی مەگەر سەرەتاو کۆتای لەم سورەتەدایە .

سوێند بەخوا پلەو پایەی لەوەش گەورەترەو ، لەسەرووی ئەوەشەوەیە ، بۆیە هەر بەندەیەکی خوا بەجێی بهێنێت و ، پەنای بۆ بەرێت و ، تێبگات لەو شتانەی ئایەتەکە لەبارەوەیەوە دەدوێ و ، وەکو هۆکاری شیفادان و ، خۆپاراستن لە گوناەو تاوان و ، نورو ڕووناکیەکی ڕۆشنکار بەکاری بێنێت و ، لێی تێبگات و لە پێویستیەکانی تێبگات بەشێوەیەکی دروست ، ئەوا ئەگەر تووشی هەر بیدعەو هاوەڵ پەیداکردنێك بێت ، یاخود تووشی هەر نەخۆشیەك لە نەخۆشیەکانی دڵ بێت ، تووشبونەکەی ناو بە ناو دەبێ و ، جێگیر نابێ و ماندووی ناکات .

ئەمەو . ئەم سورەتە کلیلی هەرەگەورەی گەنجی زەمینە ، هەروەها کلیلی گەنجی بەهەشتە ، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت بە چاکی ئەم کلیلە بەکاربێنێت بۆ کردنەوە ، بەڵام ئەگەر داواکارانی گەنج نهێنی ئەم سورەتەیان بزانیباو ، لە ماناکانی تێگەشتبان و ، بۆ ئەم کلیلە چەند ددانێکیان دابنایەو ، بەچاکی پێیان بکردایەوە ، ئەوا گەنجەکانیان دەستگیر دەبوو بە ئاسانی و بەبێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك .

ئەمەشمان نەگوتووە نەبە هەڵەشەیی و نەبە خواستن ، بەڵكو حەقیقەتە ، بەڵام خوای تعالی حیكمەتێكی بڵندی هەیە لە پەنهان كردنی ئەم نهێنیەدا لە زۆربەی جیهانیان ، وەكو چۆن حیكمەتێكی بڵندی هەیە كاتێ گەنجەكانی زەمینیان لێ پەنهان *دەكات* ، ئەو گەنجە پەنهانانەش ڕوح گەلێكی پیسی زیانبەخشی بەسەرەوە دانراوە ناهێڵێت دەستی مرۆڤی بگاتێ ، ئەو ڕوحە پیسانەش تەنها لە لایەن ڕوح گەلێكی بەرزی بەرێزەوە نەبێ نابەزێنرێن ، كە زاڵ دەبن بەسەر ئەو ڕوحە پیسانەدا بەو بارە ئیمانیەی لە دڵیاندایە ، لەم سورەتەوە چەكێكیان پێیە كە شەیتانەكان تواناى بەرهەڵستیان نی یە ، زۆربەی نەفسی خەڵكیش بەم جۆرە نی یە ، كە لە توانایدا بێت بەرگیری لەو ڕوحانە بكات و بیانبەزێنێت ، ناشتوانێت زەفەر بەوە بەرێت كە شتێكی لێ بەزۆر لێ زەوت كردووە ، چونكە هەركەس یەكێكی كوشت بۆی هەیە شتومەكەكانی بەرێت ٠ ئەو ڕوحە پیسانەش تۆیان كوشتووە بۆیە ناتوانیت بەرهەڵستیان بێتەوە ٠

<u>فَاغيَةٌ</u> ٠ (نورُ الحنّاءِ) ، شكۆفەی خەنە : كە وەكو بۆنخۆشترین جۆرەكانی ڕێحانە ، پێشەوا (البيهقي) لە كتێبی (شُعَب الإيمان)دا دەگێڕێتەوە : لە (عبدالله)ی كوڕی (بُرَيدة)ەوە ، لە باوكیەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ لە فەرموودەیەكدا كە بەرزی دەكاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت : سەرگەورەی ڕێحانەكانی دونیاو ڕۆژی دوای شكۆفەی خەنەیە ، هەروەها پێشەوا (البيهقي) لە هەمان كتێبدا دەگێڕێتەوە : عن أنس بن مالك _ رضي الله عنه _ ، قال : كان أَحَبُّ الرَّياحين إلى رسول الله ﷺ الفَاغِيةُ([544])والله أعلم بحال هذين

---

[544] _ ضعيف : أورده الألباني في ضعيف الجامع (٤٣٠٩) وضعفه ، وعزاه السيوطي للطبراني في الكبير ، والبيهقي في الشعب ، وانظر الضعيفة (١٧٥٧) ٠

نور الحناء : واتە شكۆفەی خەنە : درەختی خەنە تەمەن درێژەو ، زیاتر لە دوو متر بەرز دەبنەوە ، گەڵایەكی چڕی سەوزی تێری پێوەیە ، كە دواتر كۆدەكرێنەوەو دەكرێن بە خەنە ، ئەم درەختە گوڵەكانی سپین و بۆنێكی زۆر خۆشی عەتر ئامێزیان هەیەو ، بۆ چارەسەری زۆر نەخۆشی بەكار دێن ٠ ئەم گوڵانە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت (الفاغية) واتە شكۆفە ٠ بڕوانە : www.startimes.com ، وەرگێڕ ٠

الحديثين ، فلا نشهد على رسول الله ﷺ بما لا نعلم صحته • واته : له (أنس)ى كورِى (مالك)ەوه _ خواى لىٚ رِازى بيّت _ فەرموويەتى : خۆشەويسترين رِيّحانەكان بەلاى پيّغەمبەرى خواوه ﷺ شكۆفەى خەنە بوو •

ناوەندە لە گەرمى و ووشكيّتيدا ، كەمىٚ قەبزى تيّدايە ، ئەگەر بخريّتە پيّچ و قەدەكانى پۆشاكە خوريەكانەوە لە مۆرانە دەيپاريّزىٚ ، بەشدارە لە مەلّحەمەكانى ئيفليجى و (التمدد)دا ، رِۆنەكەشى ئەندامەكان خاو دەكاتەوە ، دەمارەكان نەرم دەكاتەوە •

فضة • زيو : ثبت أنَّ رسولَ الله ﷺ كان خاتَمُه من فِضَّة ، وفَصُّه منه([545]).

واته : جيّگيربووه كەوا ئەموستيلەكەى پيّغەمبەرى خوا ﷺ لە زيو بوو ، نقيّمەكەشى بەشيّكى خۆى بوو • دەسكى شمشيّرەكەى زيوو بوو ، بە (صحيح)ى هيچ شتيّك لە پيّغەمبەرى خواوە ﷺ جيّگير نەبووە سەبارەت بە قەدەغەكردنى پۆشينى زيو و خۆ رِازاندنەوە بە زيوو ، بەلّام بە (صحيح)ى لە پيّغەمبەرى خواوە ﷺجيگير بووە كەوا قەدەغەى خواردنەوەى كردووە لە جامى زيودا ، بەلّام دەروازەى جامى زيو لە دەروازەى پۆشاك و خۆرِازاندنەوە تەسكترە ، بۆيە بۆ ژنان حەلّالّ كراوە خۆيانى پىٚ برِازيّننەوە بەلّام ليّيان حەرام كراوە لە جامى زيودا ئاو شلەمەنى بخۆنەوە ، چونكە كە خواردنەوە لە جامى زيودا حەرام كراوە ماناى ئەوە نى يە پۆشينيشى حەرام بيّت •

وفي السنن عنه : وأما الفِضَّةُ فالعبوا بها لَعباً([546]).

---

[545] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٢٦٦) ، والبخاري (٧ / ٢٠١) ، وأبوداود (٤٢١٧) ، والترمذي (١٧٤٠) وفي الشمائل (٨٩) ، والنسائي (٨ / ١٧٣ ، ١٧٤ ، ١٩٣) كلهم من طريق حميد عن أنس فذكره •

[546] _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد في المسند (٢ / ٣٣٤) ، وأبوداود (٤٢٣٤) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود (٣٥٦٥) •

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : بەڵام زیو یاری پێ بکەن بە یاری کردن ٠ قەدەغەکردن پێویستی بەبەڵگەیە " بیسلەمێنیٚ کە قەدەغەیە ، وەکو دەقێك یا (إجماع)ێك ، ئەگەر یەکێکیان جێگیربوون ئەوا چاکە ، ئەگینا دڵ شتێکی تێدایە سەبارەت بە حەرامبوونی بۆ پیاوان ، والنبي ﷺ أمسك بيده ذهباً ، وبالأخرى حريراً ، وقال : هذان حرامٌ على ذكور أمتي ، حِلٌ لإناثهم([٥٤٧]) واته : پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەستێکی زێڕی هەڵگرت و ، بەدەستەکەی تریشی ئاورێشم و ، فەرمووی : ئەم دووانە حەرامن بۆ نێرینەی ئومەتەکەم و ، حەڵاڵن بۆ مێینەکانیان ٠

زیو نهێنیەکە لە نهێنیەکانی خوای تعالى لە سەر زەمینداو تەڵسەمی پێویستیەکانە ، چاکەی خەڵکی دونیایە لە نێوان خۆیاندا ، خاوەنەکەی بەچاو ناسراوە لە نێوانیاندا ، لە نەفسەکاندا بەڕێزو شکۆمەندە ، دەکرێ بە گەورەو دەمڕاست لە نیشتگەکاندا ، دەروازەکانی لێ داناخرێت ، بیزار نابن لە دانیشتن و ، تێکەڵاوبوونیدا ، شوێنەکەی بارگرانی دروست ناکات ، پەنجەی بۆ ڕادەکێشرێت ، چاوان تەنها سنووربەندی ئەو دەکەن ، ئەگەر قسە بکات قسەکانی دەبیسترێت ، ئەگەر تکاکاری بکات تکاکاریەکەی وەردەگیرێت ، ئەگەر شایەتی بدات شایەتیەکەی وەردەگیرێت و بە شیاو دادەنرێت ، ئەگەر ووتاریدا لێهاتووەو بەتواناپەو سەرزەنشت ناکرێت ، ئەگەر لە ڕیشیدا سپێتیەك هەبێ لە جوانی لاوان جوانترە ٠

زیو لە دەرمانە دڵخۆشکارە بەسوودەکانە بۆ خەم و خەفەت و دڵگرانی و ، لاوازی دڵ و دڵەکوتێی ، بە خاسیەتی خۆی توانای ڕاکێشانی ئەو تێکەڵاوە خراپانەی هەیە کە لە دڵدا دروست دەبێ ، بەتایبەت ئەگەر هەنگوینی پاك و ، زافەرانی تێکەڵ کرا ٠

میزاجی زیو مەیلی لای ووشکی و ساردی دەکات ، لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە تا ڕادەیەك گەرمی و شێداری دروست دەکات ، ئەو بەهەشتانەی خوای تعالى بۆ خۆشەویستانی لە ڕۆژی

---

[٥٤٧] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في صحيح الجامع (٢٢٧٤) ٠

قیامەتدا ئامادەی دەکات ، چوارە ، دوو بەهەشت لە زێڕ ، دوو بەهەشت لە زیو ، هەروەها هەموو قاپ و جام و ئامرازەکانی خۆ رازاندنەوەش کە تیایاندایە ٠

وقد ثبت عنه ﷺ في الصحيح من حديث أم سلمة أنه قال : ((الذي يشربُ في أنيةِ الذَّهبِ والفِضَّة إنَّما يُجَرْجِرُ في بَطْنِه نارَ جَهَنَّمَ))([٥٤٨]).

واتە : لە (أُم سلمة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : ((ئەو کەسەی لە قاپی زیودا بخواتەوە ، لە ڕاستیدا ئاگری دۆزەخ لە نێو سکیدا قوڵتە قوڵتی دێت)) ٠

وصح عنه ﷺ أنه قال : ((لا تشربوا في آنيةِ الذَّهبِ والفِضَّةِ ، ولا تأكُلُوا في صَحَافِهما ، فإنها لَهُم في الدُّنيا ولكم في الآخِرَةِ))([٥٤٩]).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لە دەفری زێڕو زیودا مەخۆنەوەو ، لە لەگەنەکانیشیدا مەخۆن ، چونکە بەڕاستی لە دونیادا بۆ ئەوانەو لە ڕۆژی دوایشدا بۆ ئێوەیە)) ٠

گوتراوە : هۆکاری ئەم حرامکردنە دەگەڕێتەوە بۆ تەسك کردنەوەی دراو ، چونکە ئەگەر بۆ دەفەرو قاپ بەکارهێنرا ئەوا ئەو حیکمەتەی لە پێناویدا دانراوە لەدەست دەچێت کە بریتیە لە هەڵسوڕاندنی بەرژەوەندیەکانی نەوەی ئادەم ، هەروەها گوتراوە : هۆکاری حەرامبوونی دەگەڕێتەوە بۆ شانازی و کەشوفش کردن ٠ هەروەها گوتراوە : هۆکاری حەرامبوونی دەگەڕێتەوە بۆ دڵ شکاندنی هەژاران و کەمدەستان ئەگەر تەماشایان کردو بینیان ٠

---

[٥٤٨] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠ / ٨٤) ، ومسلم (٢٠٦٥) ٠

[٥٤٩] _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ٩٩) ، (١٤٦) ، (١٩٣) ، (١٩٤) ، ومسلم (٦ / ١٣٦) كلاهما من طريق عبدالرحمن بن أبي ليلى عن حذيفة فذكره ٠

بەڵام حەرامبوونی زیو لەبەر ئەم هۆکارانە هێشتا جێگەی تێڕوانینە ، چونکە ئەگەر هۆکاری حەرامبوونی زیو گەڕێندرایەوە بۆ تەسك کردنەوەی دراو ، ئەوا دەبێ قەدەغەی بەکارهێنانیشی بکرێت بۆ خۆڕازاندنەوە یاخود داڕێژرێت و لە قاڵب بدرێت بۆ هەر شتێکی تری جگە لە قاپ و دراو ، شانازی و کەشوفش کردنیش حەرامە بەهەر شێوەیەك بێت ، دڵشکاندنی هەژاران و کەمدەستانیش هیچ ڕێکخەرێکی نی یە ، چونکە دڵیان بە ماڵ و خانووی فراوان و ، باخچەی سەرسوڕمێن و ، ئامرازی گواستنەوەی جوان و ، جل وبەرگی نایاب و ، خواردەمەنی بەلەزەت و ، چەندین شتی ڕێپێدراوی حەڵاڵی تر دەشکێ ، هەموو ئەمانە هۆکارگەلێکن کاریان پێ ناکرێت ، چونکە هۆکار (علة) هەیە ، بەڵام ئەنجام و پاساو دراو (معلول) دوادەکەوێت ·

ڕاستیش ئەوەیە کە هۆکاری حەرامبوونی زیو _ والله أعلم _ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەکارهێنانی زیو شێوازو دیمەنێك بەسەر دڵدا دەهێنێت بە ئاشکەرا دژبە بەندایەتی کردنە بۆ خوای تعالی ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ هۆکاری حەرامبوونی ڕوونکردەوە بەوەی لە دونیادا بۆ بێباوەڕانە ، چونکە هیچ بەشێکیان لە بەندایەتی کردندا نی یە بۆ خوای تعالی بۆ ئەوەی بە هۆیەوە نیعمەتی ڕۆژی دوایان دەست کەوێت ، کەوابوو چاك نی یە بۆ بەندەکانی خوا لە دونیادا بەکاربهێنرێت ، چونکە لە دونیادا ئەو کەسانە بەکاری دێنن کە لە بەندایەتی خوای تعالی چونەتە دەرەوەو ، لە جیاتی ڕۆژی دوایی بەدونیاو خۆشیە هەنوکەیە نەماوەکانی ڕازی بوون ·

پیتی قاف (ق) :

قُرآنٌ . خوای تعالی دەفەمێت : ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾[الإسراء: ٨٢] واتە : ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ ﴾ وە لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ﴿ مَا هُوَ

شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ ئەوەی کە هۆی شیفاو میهرەبانیە بۆ بڕواداران([550]) ٠ ڕاستیش ئەوەیە کە ووشەی (مِن)ی نێو ئایەتەکە بۆ ڕەگەزە نەك بۆ هێند ، واتە لە ڕەگەزی ئەم قورئانە دەنێرینە خوارەوە بۆ ئەوەی شیفا بێت بۆ بڕواداران ، بەڵام مانای (مِن)ی نێو ئایەتەکە ئەوە نی یە کە هێندێکی ئەم قورئانە شیفا بێت بەڵکو هەمووی شیفابەخشە ٠

هەروەها خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ ﴾[یونس: ٥٧] واتە : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ ﴾ ئەی خەڵکینە ﴿ قَدْ جَاءَتْكُمْ ﴾ بێ گومان بۆتان هاتووە ﴿ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ ﴾ ئامۆژگاری (قورئان) لە لایەن پەروەردگارتانەوە ﴿ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ ﴾ وە شیفاو چارەیە بۆ ئەوەی لە نێو دڵ و دەرونتان دایە ([551])٠ قورئان شیفایە بۆ تێکڕای نەخۆشیەکانی دڵ و جەستە ، نەخۆشیەکانی دونیاو ڕۆژی دوای ، هەموو کەسێکیش لێهاتووی و سەرکەوتنی پێ نادرێت قورئان وەکو هۆکاری شیفادان بەکاربێنێت ، ئەگەر نەخۆش بەچاکی قورئانی وەکو هۆکاری تیمارکردن بەکارهێناو ، بەڕاستگۆیی و ئیمانێکی تەواو و ، قبوڵبونێکی تەواو و ، بیروباوەڕێکی تەواو و ، مەرجەکانی بەدی بێنێت ، ئەوا هەرگیز نەخۆشیەکە توانای بەرگریکردنی قورنانی نابێ ٠

باشە چۆن نەخۆشی توانای بەرگریکردنی گوفتاری خوای پەروەردگاری زەمین و ئاسمانەکانی دەبێ کە ئەگەر دابەزێنرایە سەر چیاکان ، کەرتیان دەکات ، ئەگەر دابەزێنرایە سەر زەمین لەتی دەکات ، هیچ نەخۆشیەك لە نەخۆشیەکانی دڵ و جەستە نی یە مەگەر قورئان ئاماژە بە دەرمان و هۆکەی دەکات و ، چونیەتی خۆپارێزی ، بۆ ئەو کەسانەی تێگەشتنێکی تەواویان لە قورئاندا پێدراوە ٠

[550] ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[551] ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

پێشتریش كه سەرەتا باسی پزیشكێتیمان كرد ، ئاماژەمان بەوەدا كه قورئانی پیرۆز باسی بنەڕەت و كۆبەندیەكانی دەكات ، كه بریتیە له پاراستنی تەندروستی و خۆپارێزی و ، دەرهاوێشتنی زیانبەخش و ، ئەو شتەش دەكاتە بەڵگە بۆ تێكڕای تاكەكانی ئەم جۆرانە.

بەڵام نەخۆشیەكانی دڵ ، بەدرێژی باسیان دەكات ، باسی هۆی ئەو نەخۆشیانەو چارەسەریەكانی دەكات . خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ ﴾ [العنكبوت: ٥١] واته: ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ ﴾ ئایا بۆ ئەوان بەس نی یە ﴿ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ ﴾ كە ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە بۆ سەر تۆ ﴿ يُتْلَى عَلَيْهِمْ ﴾ دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا ([552])، بۆیە ئەو كەسەی قورئان شیفابەخشی نەبێت ، خوا شیفای نەدات ، ئەو كەسەش قورئانی بەس نی یە ، خوا هێچی بۆ بەس نەكات .

القثَّاءُ : وفي السنن : من حديث عبدالله بن جعفر _ رضي الله عنه _ : أنَّ رسول الله ﷺ كانَ يأكُلُ القِثَّاءَ بالرُّطَبِ ([553])ورواه الترمذي وغيره.

واتە : لە (عبدالله)ی كوڕی (جعفر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ كالیارو خورماری ڕۆتابی تازە پێگەیوی بەیەكەوە دخوارد .

كالیار ساردی تەڕو شێدارە لە پلە دوودا ، گەرمی گەدەی گڕگرتوو دەكوژێنێتەوە ، درەنگ تیایدا خراپ دەبێ ، بۆ ئازاری میزڵدان بەسوودە ، بۆنەكەی ناهێڵێت بورانەوە ڕووبدات ، تۆوەكەی میزهێنەرە ، گەڵاكانی ئەگەر بكرێتە بەستەر (ضماد) ، بۆ گەزتنی سەگ بەسوودە .

---

[552] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

[553] _ تقدم تخريجه .

بەهێواشی لە گەدە دێتە خوارەوە ، ساردیەکەی زیانبەخشە بۆ هێندێکی ، بۆیە پێویستە ئەو خۆراکانەی لە گەڵدا بخورێت کە چاکی دەکات و ساردی و شێداریەکەی دەشکێنێت ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی دەدا کە بەخورمای ڕەتابی تازە پێگەیووە دەیخوارد ، ئەگەر لە گەڵ خورما یاخود میوژ یاخود هەنگوێندا بخورێت ڕاستی دەکاتەوە ٠

قُسْطٌ وكُسْت : یەك مانایان هەیە : بڕوانە : : وفي الصَّحيحَيْن من حديث أنس _ رضي الله عنه _ عن النبيِّ ﷺ : ((خَيْرُ مَا تَدَاوَيْتُمْ بِهِ الْحِجَامَةُ ، وَالْقُسْطُ الْبَحْرِيّ ، وَلَا تُعَذِّبُوا صِبْيَانَكُمْ بِالْغَمْزِ مِنْ الْعُذْرَةِ)) ([554]).

واتە لە (أنس)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((چاکترین شتێك بەکاری بێنن بۆ خۆچارەسەرکردن کەڵەشاخ گرتن و ، (القُسْط البَحْري)یە ، منداڵەکانیشتان ئازار مەدەن بە دەست لێدانی زمانە چکۆلەی منداڵەکەنتان ئەگەر بە نەخۆشی (العُذرة) تووش بوبون))

وفي المسند : من حديث أُمِّ قيس ، عن النبيِّ ﷺ ((عليكم بهذا العُود الهنديِّ ، فإنَّ فيه سَبْعَةَ أشْفِيَةٍ منها ذاتُ الجَنْب))([555]) واتە : لە (أُمِّ قيس) ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی : ((ئەم (العُود الهنديِّ)ە بەکاربێنن ، چونکە شیفای حەوت نەخۆشی تێدایە یەکێکیان (ذاتُ الجَنْب)ە)) ٠

(القُسْط)یش : دوو جۆرە : یەکەمیان : سپێکەیە کە (البحري) پێ دەگوترێت ٠

ئەویتریان : هندێکەیە ، کە گەرمترینیانەو ، سپێکەش نەرمترینیانەو ، سوودەکانیشی زۆر زۆرن ٠

---

[554] _ تقدم تخريجه ٠

[555] _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١٦١ ، ١٦٤ ، ١٦٥ ، ١٦٦) ، ومسلم (٧ / ٢٤) كلاهما من طريق ابن شهاب عن عبيدالله بن عبدالله بن عتبة عن أم القيس بن محصن الأسدية فذكرته ٠

ئەم دووانە گەرم و ووشكن لە سێ یەمدا ، بەڵغەم ووشك دەكەنەوە ، هەڵامەت ناهێڵن ، ئەگەر بخورێنەوە ، بۆ لاوازی جگەرو گەدەو بۆ ساردبونیان بە سوود دەبن ، بۆ تای (الدَّوْر)و تای چواربەڕۆ بە سوودن ، بۆ (وجَعُ الجنب)([556]) و ، ژەهرەكان بەسوودن ، ئەگەر تێكەڵ بە ئاوو هەنگوین بكرێت و وەكو هەویرێك دەم و چاوی تێ هەڵسوێنرێت شلّی و بەڵكی هەڵدەكەنێت ٠

(جالینوس) دەڵێت : بۆ نەخۆشیەكانی (الكُزاز) ، (وجَعُ الجنب) بەسوودن ، كرمی (حب القرع) دەكوژێت ٠

بەلای پزیشكە نەفامەكانەوە سوودی كوست بۆ نەخۆشی (ذات الجنب) نادیار بووە ، بۆیە لەم بارەوە نكۆڵیان لێ كردووە ، بەڵام ئەو نەفامانە ئەگەر ئەم گوفتارانەی (جالینوس)یان دەستكەوتایە وەریاندەگرت و دەیانخستە پلەی دەقە وەرگیراوەكانەوە ، بەڵام دەبێ ئەو قسانە وەرگرێت ، چونكە زۆربەی پزیشكە پێشكەوتووەكان بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە كە (القُسْط) بەسوودە بۆ جۆری بەڵغەمی (ذات الجنب) ، ئەم گوفتارە (الخطَّابيُّ) لە (محمد)ی كوڕی (الجَهْم)ەوە باسی كردووە ٠

پێشتر ئاماژەمان پێداوە كە پزیشكێتی پزیشكان بەبەراوردی پزیشكێتی پێغەمبەران كەمترە لە ئاستی پزیشكێتی سۆفیە نەفامەكان بەبەراوردی پزیشكێتی پزیشكان ، جیاوازیەكی زۆریش بەدیدەكرێت لە نێوان ئەوەی بە سروش و وەحی وەردەگیرێت و ، ئەوەی كە بە تاقیكردنەوەو (القیاس) وەردەگیرێت ٠

---

[556] ـ وجعُ الجَنب : دەستەواژەیەكە بۆ هەموو ئازارێك لە لاكانی مرۆڤدا بەكار دێت ، وەرگێڕ ٠

ئەگەر ئەم نەفامانە دەرمانێکی بڕیار لە سەر دراویان لە لایەن جولەکەو گاورو بێباوەڕانەوە دەستکەوتایە ، بە قبوڵبوون و ملکەچیەوە پێشوازیان دەکردو ، لەسەر تاقیکردنەوەی نەدەوەستان ٠

بەڵێ ٠ ئێمە ــ ابن القيم ــ نکوڵی لەوە ناکەین کە نەریت کاریگەری خۆی دەبێ بۆ سوود وەرگرتن و وەرنەگرتن لە دەرمانەکان ، ئەو کەسەی پێی ڕاهاتبێت وەکو دەرمان و خۆراك ، سودێکی زۆری لێ وەردەگرێت و ، زۆریش بۆی گونجاوتر دەبێ بەبەراوردی ئەو کەسەی پێی ڕانەهاتبێت ، بەڵکو پێدەچێ ئەوەی پێی ڕانەهاتبێت سوودی لێ وەرنەگرێت.

گوفتاری پزیشکە بەڕێزەکان ئەگەرچی ڕەهاش بێت ، بەڵام بە گوێرەی میزاجەکان و زەمەنەکان و ، شوێنەکان و دەرەنجامەکانە ، بۆیە ئەگەر چاکبوونەوە لە نەخۆشی پابەندی ئەو میزاج و زەمەن و شوێنانە بێت و ، ئەمەش هیچ دژایەتی و زەمێکی بۆ قسەی ئەو پزیشکە بەڕێزانەی تێدا نەبێ ، کەوابوو چۆن گوفتاری پێغەمبەری ڕاستگۆی بەڕاست دانراو عەیبدار بکرێت ٠ بەڵکو نەفسی ئادەمیزادە کە نەفامی و ستەمی تێدایە ، بەدەر لەو کەسانەی خوای تعالى بەڕوحی ئیمان پشتگیری کردوون ، چاوەکانیشی بەنورو ڕووناکی ڕێنموویی ڕووناك کردۆتەوە ٠

قَصَبُ السُّكَّر ٠ قامیشی شەکر : جاء في بعض ألفاظ السُّنَّة الصحيحة في الحَوض : ماؤه أحلى من السُّكَّر([٥٥٧]).

---

[٥٥٧] ــ لم أجده ، وأخرج الترمذي (٢٤٠٤) قال : حدثنا سويد ، قال : أخبرنا ابن المبارك قال : أخبرنا يحيى بن عبيدالله ، قال : سمعت أبي يقول : سمعت أبا هريرة يقول : قال رسول الله ــ صلى الله عليه وسلم ــ : ((يَخْرُجُ فِي آخِرِ الزَّمَانِ رِجَالٌ يَخْتِلُونَ الدُّنْيَا بالدِّينِ ، يَلْبَسُونَ لِلنَّاسِ جُلُودَ الضَّأْنِ مِنَ اللِّينِ ، أَلْسِنَتُهُمْ أَحْلَى مِنَ السُّكَّر ، وَقُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الذِّئَاب . يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ : أَبِي يَغْتَرُّونَ ، أَمْ عَلَيَّ يَجْتَرِئُونَ ؛ فَبِي حَلَفْتُ لأَبْعَثَنَّ عَلَى أُولَئِكَ مِنْهُمْ فِتْنَةً تَدَعُ الْحَلِيمَ مِنْهُمْ حَيْرَانَ)) واتە : لە (أبي هريرة)ەوە ــ خوای لێ ڕازی بێت ــ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ــ صلى الله عليه وسلم ــ

واته : له هەندێ ووشەكانی سوونەتی (صحیح)ی پێغەمبەری خوادا ﷺ سەبارەت بە (الحَوض)ەكە هاتووە : كەوا ئاوەكەی لە شەكر شیرینترە · نەشمبینیوە شەكر لە فەرموودەدا هاتبێ لەم شوێنە · شەكر مادەیەكی نوێ یەو پزیشكانی پێشتر باسیان نەكردووەو ، نەشیان ناسیوەو ، وەسفیشیان نەكردووە لە خواردنەوەكانیاندا ، لەڕاستیدا تەنها هەنگوێنیان دەناسی و ، دەیانخستە نێو دەرمانەكانەوە ·

قامیشی شەكر گەرمی شێدارەو بۆ كۆكین بەسوودە ، شێ و میزڵدان و ، بۆری سیی كان پاك دەكاتەوە ، قامیشەكەی لە شەكرەكە زیاتر نەرم ونیانتر دەكاتەوە ، یارمەتیدەرە بۆ ڕشانەوە ، ، میزهێنەرە ، توانای جووتبوون زیاد دەكات ، (عثمان)ی كوڕی (مسلم الصفّار) دەڵێت : هەركەس پاش خۆراك خوارن قامیشی شەكر بمژێت ، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لە شادومانیدا دەبێ · گوفتارەكەی تەواوبوو ·

ئەگەر ببرژێنرێت بۆ زبری سینگ و گەروو بەسوود دەبێ ، با دروست دەكات ، بەڵام ئەگەر توێكڵەی لێكرایەوەو بەئاوی گەرم شۆرایەوە با دروست ناكات ·

شەكر گەرمی شێدارە بەپێی ڕاسترین بۆچوون ، گوتراوە : ساردە · چاكترینی شەكری (الطَّبَرْزَد)([٥٥٨]) ی سپیە ڕوونەكەیە ، كۆنی لە تازەی نەرم و نیانترو چاكترە ، ئەگەر بكوڵێندرێت و كەفەكەی لابرێت ، تینویەتی و كۆكین هێمن دەكاتەوە ، بۆ ئەو گەدەیەی (

فەرمووی : ((لە كۆتایی زەمەندا پیاوانێك دەردەچن بە ئاینداری دەربڕینی خۆیان فێڵ لە خەڵكی دەكەن ، بۆ سەرنج ڕاكێشانی خەڵك و نەك لەبەر خاتر خوا پۆشاكی خۆری مەڕ دەپۆشن بۆ ئەوەی نەرم ونیانی و بێدەستەڵاتی بۆ خەڵك دەربڕن و لە دوایشدا ببن بە موریدو لاینگریان ، زمانیان لە شەكر شیرینترەو ، دڵیان دڵی گورگە · خوای تعالى دەفەرمێت : ئایا بە مۆڵەتدانی من سەركەش دەبن و لێم ناترسن و لە كردەوە خراپەكانیان پەشیمان نابنەوە ، یاخود بەسەرپێچی من دەوێرن ، سوێند بەخۆم فیتنەو كارەساتێكیان بۆ دەنێرم كەسانی میهرەبانیان سەرسام بكات)) · وهو ضعیف جداً كما قال الشیخ الألبانی ·

[٥٥٨] ــ ووشەیەكی فارسیە مانای شەكر دەبەخشێ ، بڕوانە : لسان العرب ، وەرگێڕ ·

الصفراء) دروست دەكات زيانبەخشە چونكە دەگوريت بۆ ئەو (الصفراء)يە ، زيانەكانی بە ئاوی ليمۆ ياخود نارنج ، ياخود هەناری (الرّمان اللفّان) كەم دەكريتەوە ٠

كەسانيك شەكر لە هەنگوين بەباشتر دادەنين لەبەر كەمی گەرمی و نەرميەكەی ، ئەمەش لايەنگرتنيكی نارەوای شەكرەو فەزلّ دانيتی بەسەر هەنگويندا ، چونكە سوودەكانی هەنگوين چەندەها ئەوەندەی سوودەكانی شەكرە ، بەراستی خوای تعالی كردويەتی بە شيفاو دەرمان ، پيخۆرو شيرينی ، سوودەكانی شەكر لە چ ئاستيكی سوودەكانی هەنگويندايە كە : گەدە بەهيز دەكات ، خوو نەرم و نيان دەكاتەوە ، بينين بەهيز دەكات و ، تاريكی ناهيليت ، نەخۆشی (الخوانيق)([559]) دوردەخاتەوە ئەگەر غەرغەرەی پی بكريت ، نەخۆشيەكانی ئيفليجی و دەم خواربوون (الفالج واللقوة) چاك دەكاتەوە ، بەسوودە بۆ تيكرای ئەو نەخۆشيە ساردانەی لە جەستەدا روودەدەن بەهۆی تەری وشی وە ، لە قولايی جەستەو ، تيكرای جەستەوە رايانەكيشيت ، تەندروستی جەستە دەپاريزيت و قەلەوی دەكات و گەرمی دەكات ، توانای جووتبوون زياد دەكات ، كاری شيی كردنەوەو پاك كردنەوە دەكات ، كردنەوەی دەمی رەگەكان ، پاكردنەوەی ريخۆلە ، هينانە خوارەوەی كرم ، قەدەغەی ئينتەلاكردن و بۆگەنبونەكانی تر دەكات ، پيخۆريكی بەسوودە ، گونجاوی ئەو كەسانەيە كە بەلغەم بەسەرياندا زالّ بووە ، هەروەها پياوانی بەتەمەن و خەلكانی ميزاج سارد ، بەگشتی : هيچ شتيك نيە ئەوەندەی هەنگوين بەسوود بی بۆ جەستە ، بۆ چارەسەركردن و لە كاتی بيتوانابوونی دەرمانەكانی تر ، تەندروستی جەستە دەپاريزيت و ، گەدە بەهيز دەكات و چەندەها ئەوەندەی تری ئەم سوودانە ، باشە شەكر ئەم سوودو خاسيەتانەی لە كوی يە يا هەرنەبی نزيك بەم خاسيەتانە بی ٠

---

[559] ـ الخوانيق : نەخۆشيەكە دەدات لە گەروو ناهيليت هەناسە بەباشی بكات بە سيی كان ، بروانە : لسان العرب ، وەرگير ٠

پیتی كاف (ك) :

كتَابٌ للحُمَّى ؛ نووسراوێك بۆ تا : (المرْوَزِيُّ) فەرموویەتی : هەواڵم گەشتە (أبا عبدالله) كەوا تام لێهاتووە ، بۆیە بەرامبەر بەتا نوسراوێكی بۆ نوسیم : بسم الله الرحمن الرحيم ، بسم الله ، وبالله ، محمدٌ رسول الله ، ﴿ قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ . وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الأَخْسَرِينَ ﴾[الأنبياء : ٦٩ _ ٧٠] ؛ اللَّهُمَّ ربَّ جبرائيلَ ، وميكائيلَ ، وإسرافيلَ ، اشفِ صاحبَ هذا الكتابِ بِحَوْلِك وقُوَّتِكَ و جَبَرُوتِكَ ، إلهَ الحق آمين ؛ واتە : بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، بەناوی خوا ، پشت بەخوا ، محمد پێغەمبەری خوایە ، ﴿ قُلْنَا ﴾ (كە ئیبراهیمیان خستە ئاگرەكەوە) ووتمان ﴿ يَا نَارُ ﴾ ئەی ئاگر ﴿ كُونِي بَرْدًا وَسَلامًا ﴾ سارد بەرەوەو بێ زیان بە ﴿ عَلَى إِبْرَاهِيمَ ﴾ بۆ ئیبراهیم . ﴿ وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا ﴾ ئەوان ویستیان پیلان بگێڕن لە ئیبراهیم (بەسووتان لە ناوی بەرن) ﴿ فَجَعَلْنَاهُمُ ﴾بەڵام ئێمە ئەوانمان كردە ﴿ الأَخْسَرِينَ ﴾(زەرەرمەندترین (دۆڕاوترین) كەس([٥٦٠]) ، پەروەردگارا ئەی پەروەردگاری (جبرائيلَ) و (ميكائيلَ) و (إسرافيلَ) ؛ شیفای خاوەن ئەم نووسراوە بدە بە تواناو هێزو گەورەیی خۆت ، خواوەندی هەق ئامین .

پێشەوا (المرْوَزِيُّ) فەرموویەتی : گوێبیستی (أبو المُنذر عمرُو)ی (مجمع) بووم ئەمەی بۆ (أبو عبدالله) دەخوێندەوە : (يونس)ی كوڕی (حِبَّانَ) بۆی باسكردین و ، فەرمووی : لە (أبا جعفر)ی كوڕی (محمد)ی كوڕی (علي)م پرسی ، سەبارەت بەوەی نوشتە هەڵواسم ، فەرمووی : ئەگەر نووشتەكە لە قورئانەكەی خوا بێ یاخود گوفتارێك بێ لە پێغەمبەری خواوە ئەوا هەڵیواسەوەو بێكە بە هۆكاری شیفا وەرگرتن چەند لە تواناتدایە . (المرْوَزِيُّ) دەفەرمێت : منیش گووتم : ئایا بۆ تای چواربەڕۆ ئەمە بنووسم : بسم الله الرحمن الرحيم ، بسم الله ، وبالله ، محمدٌ رسول الله ، تاوەكو كۆتا ؟ فەرمووی : بەڵێ .

---

[٥٦٠] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

پێشەوا (أحمد) له خاتوو (عائشة) _ خوای لیٚ ڕازی بێت _ وه لـه کەسانی تریشـەوه دەگێڕێتەوه ، کەوا ئاسانکاریان لەوەدا کردووه ٠

(حرب) دەڵێت : پێشەوا (أحمد)ی کوڕی (حنبل) ئاسانکاری تێدا دەکـرد ٠ پێشـەوا (أحمد) فەرموویەتی : (ابن مسعود) زۆر حـەزی بـەکردنی نـەبوو ، لـه پێشـەوا (أحمـد)یـان پرسـی سـەبارەت بـەوەی نوشـتەو چـاوەزار (التمـائم) هەڵواسـرێت پـاش ئـەوەی بەڵاکـە دادەبەزیٚ ؟ فەرمووی : ئومیدەوارم هیچی تێدا نەبیٚ ٠

(الخَلَّال) دەڵێت : (عبدالله)ی کوڕی (أحمد) بـۆی باسـکردین ، فـەرمووی : بینـیم بـابم نوشتەی بۆ کەسی تۆقیو دەنووسی ، بۆ (تا)شی دەنوسی پاش ئەوەی بەڵاکە دادەبەزی ٠

کتاب لعُسْر الولادة ٠ نووسراوێك بۆ قورسی و ئاستەمی منداڵبوون : (الخَلَّال) دەڵێت : (عبـدالله)ی کـوڕی (أحمـد) بـۆی باسـکردم و ، فـەرمووی : بینـیم بـابم بـۆ ئـەو ژنـەی منداڵبوونەکەی ئاستەم بووه له جامێکی سپیدا ، یاخود له شتێکی پاکدا ، فەرموودەکـەی (ابن عباس)ی دەنووسی : لا إله إلا الله الحليمُ الكريمُ ، سبحان الله ربُّ العـرش العظـيم ، الحمد لله رَبِّ العَالَمِين ْ واته : هیچ خوایەك نی یه جگـه لـه خـوای میهرەبـانی بەخشـندە ، پاك و بێگەردی بۆ پـەروەردگاری عەرشـی مـەزن ، سوپـاس و سـتایش بـۆ پـەروەردگاری جیهانیان ، ﴿ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوا إِلا سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ بَلاغٌ ﴾[الأحقـاف : ٣٥] واته : ﴿ كَأَنَّهُمْ يَـوْمَ يَرَوْنَهَـا ﴾ ئـەو ڕۆژەی کـه (سـزای) بـەڵێن پێـدراویان دەبیـنن وادەزانن ﴿ لَمْ يَلْبَثُوا إِلا عَشِيَّةً ﴾ تەنها ساتێك له ڕۆژ له دنیادا ماونەتەوه ﴿ بَلاغٌ ﴾ (ئـەم قورئانـە) ئاگـاداری یـە([561]) ٠ ﴿ كَـأَنَّهُمْ يَـوْمَ يَرَوْنَهَـا لَـمْ يَلْبَثُـوا إِلا عَشِـيَّةً أَوْ ضُـحَاهَا ﴾[النازعات : ٤٦] واته : ﴿ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا ﴾ بیٚ بڕواکان کە ئـەو ڕۆژە دەبیـنن وادەزانـن ﴿ لَمْ يَلْبَثُوا إِلا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَاهَا ﴾ کە نەماونەتەوە ئێوارەیەك یا چێشـتـەنگاوێك نـەبیٚ لـە

[561] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

دونیادا ([562])٠ (الخَلّال) دەڵێت : (أبوبكر المرْوَزِيُّ) پێی ڕاگەیاندین : كەوا پیاوێك هاتە خزمەتی (أبا عبدالله)و گووتی : ئەی (أبا عبدالله) نووشتەیەك دەنوسی بۆ ژنێك كە دوو ڕۆژە منداڵبونەكەی ئاستەم بووە ؟ ئەویش فەرمووی : پێی بڵێ : با جامێكی فراوان و ، زافەران بێنێت ، بینیشم بۆ چەندەها كەسی دەنووسی ٠

(عِكرمَةَ) ، لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوەو ، دەفەرمێت : (عیسی) پێغەمبەر _ صلى الله على نبيِّنا وعليه وسلَّم _ بەلای مانگایەكدا تێپەڕیوو بچكەكەی لە سكیدا مابۆوەو نەدەهاتە دەرەوە ، مانگاكەش گووتی : ئەی (كلمة الله) لە خوا بپاڕێرەوە بۆ ئەوەی ڕزگارم بكات لەوەی من تیایدام ٠ (عیسی) پێغەمبەریش فەرمووی : يا خالقَ النفسَ مِنَ النفسِ ، ويا مخلِّصَ النفسَ مِنَ النفسِ ، ويا مُخْرِجَ النفسَ مِنَ النفسِ ، خَلِّصْهَا ٠ قال : فرمتْ بولدها ، فإذا هي قائمة تَشَمَّه ٠ واتە : ئەی خوڵقێنەری نەفس لە نەفس ، ئەی ڕزگاركاری نەفس لە نەفس ، ئەی بەدەرهێنەری نەفس لە نەفس ، ڕزگاری بكە ٠ فەرمووی : مانگاكە بچكەكەی فڕیدا ، ئەوبوو یەكسەر هەستاو بۆنی دەكرد ٠ فەرمووی: ئەگەر ژنان منداڵبونیان ئاستەم بوو ، ئەمەیان بۆ بنووسە ٠ هەموو ئەو نووشتانەش كە تێپەڕیوون ، بەڕاستی نووسینیان بەسوودە٠

كۆمەڵێك لە پێشینی چاك ڕێیان داوە هەندێك لە قورئان بنوسرێت و بخورێتەوە ، بۆ بەدەستهێنانی ئەو شیفایەی كە خوای تعالى خستویەتیە نێو قورئانەوە ٠

نووسینی نووشتەیەكی تر بۆ ئاستەمی منداڵبوون : لە دەفرێكی پاكدا دەنووسرێت : ﴿ إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ * وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ * وَإِذَا الأَرْضُ مُدَّتْ * وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ * وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴾[الأنشقاق : ١ _ ٤] واتە : ﴿ إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ ﴾ كاتێك كە ئاسمانەكان لەت دەبن ﴿ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴾ وە ملكەچی كرد بۆ پەروەردگاری و دەبێ واش بێ ﴿ وَإِذَا الأَرْضُ مُدَّتْ ﴾ و ساتێك كە زەوی ڕاكێشراو پانكرایەوە (راخرا) ﴿ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴾

[562] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

وه ئەوەی تیابوو فڕێی داو هیچی لەناودانـەما ﴿ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴾ وه ملكەچـی كـرد بـۆ پەروەردگاری و دەبێ واش بـێ([563])٠ پاشـان ژنـی دووگیـان لێـی دەخواتـەوەو ، دەپرژێنرێت بەسەر سكیدا ٠

كتاب للرعاف ، نووسینی نووشـتەیەك بـۆ خـوێن بـەربوونی لـووت : شـیخی ئیسـلام (ابـن تیمیة) _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ئـەم ئایەتـەی لـە نێوچـاوانی ئـەو كەسـە دەنووسـی : ﴿ وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الأَمْرُ ﴾[هـود : ٤٤] واتـە ﴿ وَقِيلَ يَا أَرْضُ ﴾ ئەوسا وترا ئەی زەوی ﴿ ابْلَعِي مَاءَكِ ﴾ ئاوەكەت هەڵمژە ﴿ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي ﴾ و ئەی ئاسمان باران مەبارێنە ﴿ وَغِيضَ الْمَـاءُ ﴾ ئـیتر لافاوەكـە ڕۆچـو بـەناخی زەویـدا ﴿ وَقُضِيَ الأَمْرُ ﴾ كارەكە (خنكانیان) تـەواو بـوو([564]) ٠ پێشـەوا _ ابـن القـیم _ دەفـەرمێت : گوێبیستی شیخی ئیسلام (ابن تیمیة) بـووم _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ دەیفـەرموو : بـۆ چەندەها كەسم نووسیوەو چاك بۆنەتـەوە ، هـەروەها دەیفـەرموو : نـابێ بـە خـوێنی لـووت بنوسـرێت ، هـەروەك نەفامـەكان ئـەنجامی دەدەن ، چـونكە خـوێن پیسـەو (نجـس) نـابێ گوفتارەكانی خوای پێ بنوسرێتەوە ٠

نوسینی نووشتەیەكی تر خوێن بەربونی لووت : (موسی) پێغەمبەر _ علیـه السـلام _ بـە عەبایەكەوە چووە دەرەوە ، سەرچاوەیەكی بەدیكرد ، ئەوەبوو بە عەباكـەی تونـد بەسـتی ﴿ يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِنْدَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ﴾[الرعـد : ٣٩] واتـە : ﴿ يَمْحُـو اللَّـهُ مَـا يَشَـاءُ وَيُثْبِتُ ﴾ ئـەوەی خـوا بیـەوێ دەیسـڕێتەوەو (ئـەوەش بیـەوێ) دەیهێڵێتـەوە ﴿ وَعِنْدَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ﴾ سەرچاوەی كتێبەكان لای ئەو (خوایە كە اللوح المحفوظ)ە([565])

[563] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[564] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[565] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

كتاب (الحَزاز) نووسینی نووشتەیەك بۆ(الحَزاز) : تیایدا دەنوسرێت ﴿ فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَاحْتَرَقَتْ ﴾[البقرة : ٢٦٦] بحول الله وقوتـه ٠ واتـه : ﴿ فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ ﴾ ئینجا گەردەلولێکی لێ هەڵبکات ﴿ فِيهِ نَار ﴾ گڕو سەمومی تێدا بێ ﴿ فَاحْتَرَقَتْ ﴾ یەکسەر باخەکە بسوتێ[٥٦٦] ، بەهێزو توانای خوای تعالی ٠

نووسینی نووشتەیەکی تر بۆ (الحَزاز) : لە کاتی زەردبونەوەی خۆردا لەسەری دەنوسرێت : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِنْ رَحْمَتِهِ وَيَجْعَلْ لَكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾[الحديد : ٢٨] واتـه : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ﴿ اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ ﴾ لە خوا بترسن و باوەڕبێنن بە پێغەمبەرەکەی ﴿ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِنْ رَحْمَتِهِ ﴾ دوو بەشتان لە ڕەحمەت و بەخششی خۆی پێ دەبەخشێ ﴿ وَيَجْعَلْ لَكُمْ نُورًا ﴾ وە ڕووناکیەکتان دەداتێ ﴿ تَمْشُونَ بِهِ ﴾ کە ڕێ نموونی پێ بکەن ﴿ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ﴾ وە لێتان خۆش دەبێت ﴿ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ وە خوا لێخۆشبووی میهرەبانە[٥٦٧]

كتابٌ للحمى المثلثة : نووسینی نووشتەیەك بۆ تای سێ بەڕۆ : لە سێ گەڵای نەرم و نیان دەنوسرێت : بسم الله فـرَّت ، بسم الله مـرَّت ، بسم الله قلَّـت ٠ واتـه : بەناوی فـڕی ، بەناوی تێپەڕی ، بەناوی خوا کەم بۆوە ، پاشان هەموو ڕۆژێك گەڵایەکی دەخاتە دەمی و ، بە ئاو قوتی دەدات ٠

كتاب لعرق النسا : نووسینی نووشتەیەك بۆ دەردەلاقە : بسم الله الرحمن الرحيم ، اللهمَّ رب كل شيء ، ومليك كل شيء ، وخالق كل شيء ، أنت خلقتني ، وأنت خلقت النَّسا ، فلا تسلطه علي بأذى ، ولا تسلطني عليه بقطع ، واشفني شفاء لا يغادر سقماً ، لا شافي إلا أنت

---

[٥٦٦] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[٥٦٧] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

• واته : بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، پەروەردگارا ئەی پەروەردگاری هەموو شتێك ، پادشای هەموو شتێك ، خولقێنەری هەموو شتێك ، تۆ منت خولقاندو ، دەردەلاقەشت خولقاندووە ، بەزیان بەسەرمدا زاڵی مەکە ، زاڵیشم مەکە بەسەریدا بەبڕین ، شیفام بدە شیفایەك نەخۆشی تێنەپەڕێنێت ، بەدەر لە تۆ هیچ شیفادەرێك نی یە ٠

کتابٌ للعرق الضاربِ: نووسینی نووشتەیەك بۆ ڕەگی لێدەر : روى الترمذي في جامعه : من حديث ابن عباس _ رضي الله عنهما _ : أن رسول الله ﷺ كان يعلمهم من الحمى ، ومن الأوجاع كلها أن يقولوا : ((بسم اللّه الكبير ، أعوذ باللّه العظيم مِنْ شَرِّ كلِّ عِرْقٍ نَعّارِ ، ومن شرّ حَرِّ النار))(٥٦٨).

واتە : لە (ابن عباس)ەوە _ خوا لە خۆی و باببیشی ڕازی بێت _ : کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ تا لێهاتن و ، هەموو ئازارەکان فێری دەکردن کەوا بڵێن : ((بەناوی خوای مەزن و شکۆدار ، پەنادەگرم بەخوای گەورە لە شەڕی هەر ڕەگێك کە بەهوروژم خوێنی لێدێت و ، لە شەڕی گەرمی ئاگر)) ٠

کتابٌ لوجع الضرس: نووسینی نووشتەیەك بۆ ددان ئێشە : لەسەر ئەو لا ڕوومەتەی کە ددانە بەئازارەکەی لە ژێردایە دەنوسرێت : بسم الله الرحمن الرحيم : ﴿ قُلْ هُوَ الَّذِي أَنْشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ قَلِيلا مَا تَشْكُرُونَ ﴾[الملك : ٢٣] واتە : ﴿ قُلْ هُوَ الَّذِي أَنْشَأَكُمْ ﴾ (ئەی محمد _ صلى الله عليه وسلم) بڵێ : هەر خوایە کە دروستی کردوون ﴿ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ ﴾ وە گوێ و چاو دڵی پێ داون ﴿ قَلِيلا مَا تَشْكُرُونَ ﴾ زۆر بەدەگمەن سوپاسی (ئەم بەهرانە) دەکەن(٥٦٩) ٠ ئەگەر ئارەزووشی لێ بوو با بنووسێت : ﴿ وَلَهُ مَا سَكَنَ فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾[الأنعام : ١٣] واتە : ﴿ وَلَهُ مَا سَكَنَ

---

٥٦٨ _ إسناده ضعيف : أخرجه الترمذي (٢٠٧٦) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٤٥٨٧) ٠

٥٦٩ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ وه هەر بۆ خوایه ئەوەی ئارامی گرتووه لە شەو و ڕۆژدا ﴿ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ وه هەر ئەو بیسەری زانایە([570])

كتابٌ للخُراج: نووسینی نووشتەیەك بۆ دومەڵ : لە سەری دەنووسرێت : ﴿ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ فَقُلْ يَنْسِفُهَا رَبِّي نَسْفًا ۰ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا لا تَرَى فِيهَا عِوَجًا وَلا أَمْتًا ﴾[طه : ١٠٥ _ ١٠٧] واته: ﴿ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ ﴾ (ئەی محمد _ صلى الله عليه وسلم _) پرسیارەت لێدەکەن سەبارەت بە شاخەکان ﴿ فَقُلْ يَنْسِفُهَا رَبِّي نَسْفًا ﴾ تۆش بڵێ پەروەردگار لە بیخیان دێنێ و وردو و خاشیان دەکات ئینجا با پرژو بڵاویان دەکاتەوە ۰ ﴿ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴾ ئینجا ڕێك و ساف و بێ ئاوو گژوگیا دەیهێڵێتەوە ﴿ لا تَرَى فِيهَا ﴾ نابینی تێیدا ﴿ عِوَجًا وَلا أَمْتًا ﴾ هیچ جۆرە لاری و بەرزی و نزمیەك([571])

كمأة: دوومەڵان : ثبت عن النبي ﷺ أنه قال : ((الكمأة من المن وماؤها شفاء للعين))([572])» أخرجاه في الصحيحين.

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((دوومەڵان لە گەزۆیەو ئاوەکەشی بۆ چاو شیفایە)) ۰

دوومەڵان لە زەویدایە بەبێ ڕواندن ، بە (الكمأة) ناونراوە چونکە خۆی وون کردووەو لە ژێر زەویدا خۆی شاردۆتەوە ، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێت : (كمأ الشهادة) واته : شایەتیەکەی پەنهان کردو هەستا بە شاردنەوەی ، دوومەڵانیش(الكمأة) وون و شاراوەیە لە ژێر خاکداو هیچ گەڵاو قەدێکی نی یە ، مادەکەی لە گەوهەرێکی زەمینی هەڵمیەو ، لە زەمینەوە بەرەو ڕووی هەڵتۆقیوە ، بەساردی زستان و ، گەشەسەندی بارانی بەهار

---

[570] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ۰

[571] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ۰

[572] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠ / ١٣٨) ، ومسلم (٢٠٤٩) ۰

هەڵدەتۆقێت ، ئەوجا دروست دەبێ و بەرەو ڕووی زەمین دەردەپەڕێ و تەنێکی دیار دەبێ ، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا پێی گوتراوە (جدري الأرض) واتە ئاوڵەی زەوی ، وەکو چواندنێك بە ئاوڵە لە شێوەو مادەشدا ، چونکە مادەی ئاوڵە تەڕی و شێیەکی خوێنیەو ، بەزۆری لە تەمەنی گەشەکردندا هەڵدەتۆقێت ، لە سەرەتای زاڵبوونی گەرمی و ، گەشەکردنی هێزدا.

دوومەڵان لە بەهاردا دەردەچێت و ، بە کاڵی و کوڵاویش دەخورێت ، عەرەبەکان بە (نبات الرعد)ی ناودەبن واتە : ڕووەکی هەورەگرمە چونکە لە کاتی زۆربوونی هەورەگرمەدا زۆر دەبێ و ، زەویەکە بۆ دوومەڵانەکە درز دەبا ، دومەڵان لە خۆراکی دەشتەکیەکانەو ، لە زەوی عەرەبدا زۆرە ، چاکترین خاکیشی خاکی لمینی کەم ئاوە ·

دوومەڵان چەندین جۆرە : جۆرێکیان کوشندەیەو ڕەنگی مەیلی لای سووری دەکات و هەناسەسواری و خەنکان دروست دەکات ·

دوومەڵان ساردی تەڕوشێدارە لە پلە سێدا ، خراپە بۆ گەدەو ، درەنگ هەرسە ، ئەگەر بەزۆری بخورێت ، نەخۆشیەکانی (القولنج) ، (السکتة) ، ئیفلیجی ، گەدەئێشان ، قورسی میزکردن دروست دەکات ، تەڕوشێدارەکەی لە ووشکەکەی زیانی کەمترەو هەرکەسیش ویستی خواردنی هەبوو با بیخاتە نێو قوڕی تەڕەوەو ، ئینجا لە گەڵ ئاو و خوێ و جاترەدا (الصعتر)([٥٧٣]) بیکوڵێنێ و ، بەزەیتی زەیتون و بەهاراتی گەرمەوە بیخوات ، چونکە گەوهەرەکەی زەمینیی چڕەو ، خواردنیشی خراپە ، بەڵام گەوهەرێکی ئاوی نەرم و نیانی

[٥٧٣] ـ الصعتر : ڕووەکێکی تەمەن درێژی بچوکەو ، گەڵاکانی بۆنێکی عەتر ئامێزی توندیان هەیە ، لقێکی زۆری چڕی لێدەبێتەوەو ، بەسەر زەویدا وەکو ڕاخەر خۆی ڕادەخات ، نزیکەی (١٢) بوصە بەرز دەبێتەوە ، گوڵگەلێکی پەمەیی و ئەرخەوانی پێوەیەو لە نیوەی وەرزی هاویندا دێنەدەرێ ، وە لەبەر ئەوەی چیاکان بۆن خۆش دەکات ، بۆیە پێی گوتراوە (دڵخۆشکاری چیا) ، لە چیای (الأخضر)ی وەڵاتی لیبیاو لە وەڵاتانی دیکەشدا ئەم ڕووەکە زۆرە ، تامێکی گەرمی کەمێ تاڵی هەیە ، گەڵاو گوڵ و قەدەکەی بەکاردەبرێت · بڕوانە : http://ar.wikipedia.org/wiki/ ، وەرگێڕ ·

تێدایە پەنجە بۆ سوکی ڕادەکێشێت ، ئەگەر چاوی پێ بڕێژرێت بۆ تـاریکی چـاو و چاوئێشـەی گەرم بەسوودە ، پزیشکە بەڕێزەکان دانیان بەوەدا نـاوە کـە ئاوەکـەی چـاو پـاك دەکاتـەوە ٠ ئەوانەی کە باسیان کردووە (المسیحيُّ)و ، دانەری (القانون)و ، کەسانی تریشن ٠

فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ: ((الكَمْأة من المَنِّ)) دوو گوفتاری لەبارەوە هاتوون :

یەکەمیان : ئەو گەزۆیەی کە بۆ نەوەی ئیسرائل دابەزی ، تەنها ئەم جۆرە شـیرینە نـەبوو ، بەڵکو چـەندەها جـۆری خواردەمـەنی بـوو " کـە خـوای تعـالی بـە سـەریدا ڕشـتن ، وەکـو ئـەو ڕووەکەی کە بەخۆڕسکی دەست دەکەوێت ، بەبێ کارو چارەسەرو کێڵـان ، چـونکە ووشـەی (المَنْ) چاوگە بەمانای (المفعول) " واتە ئەو (المن)ە خـۆراکێکی خـەڵاتکراو بـوو لـە لایـەن پەروەردگارەوە ، کەوابوو خوای تعالی هەر شـتێکی کردبـێ بـەڕۆزی بـۆ بەنـدەکانی بـە خـۆڕاو بـەبێ کـارکردن و بـەبێ چارەسـەر ، (المَـنْ)ێکـی پوختـە ، ئەگەرچـی هـەموو نیعمەتـەکانی پەروەردگار بۆ بەندەکانی خۆی خەڵات و بەخششە ، بەڵام لێرەدا شـتەکە تایبـەت کـراوە بـەو نیعمەتـەوە کـە بـەبێ کـارکردن بەدەسـت دێـت ، مـرۆڤیش بـەناوی (المَـنْ)ەوە دروسـتی نـەکردووە ، بـەڵکو هـەر بـۆ خـۆی (المَـنْ)ە بـەبێ ئـەوەی مـرۆڤ دەسـتی لـە بونیـدا هـەبێ ، ئەوەبوو خوای تعالی خۆراکی بۆ کردبون بە شتێکی شـاراوە کـە دۆمەڵانـە ، کـە جێگـەی نـانی دەگرتەوە ، پێخۆری بۆ کردبوون بە باڵنـدەی شـێلاقە (السـلوی) ، کـە جێگـەی گۆشـتی بـۆ دەگرتنەوە ، حەلوای بۆ کردبـوون بـە (الطـلَّ) کـە دادەبەزێتـە سـەر درەختـەکان و جێگـەی شیرینی و حەلوای بۆ دەگرتنەوە ، بەم شێوە ژینی بۆ تەواو کردبوون ٠

تەماشای فەرمایشتی پێغەمبەری خوا بکە ﷺ: دۆمەڵان لەو گەزوانەیە کە خوای تعالی بۆ نەوەی ئیسرائلی دابەزاند ٠ لێرەدا تەماشا دەکەیت دۆمەڵانی کردووە بە تەنها بەشێك لە کۆی ئەو هەموو گەزووانەی کە دابیەزاند بۆ نەوەی ئیسرائیل و ، تاکێك لە تاکەکانی گەزۆ ، کەوابوو گەزۆ تەنها جۆرێك نی یە ، (الترنجبین)یش کە دەکەوێتە سەر درەختەکان تەنها جۆرێکە لە گەزۆ ، بەڵام پاشان بەکارهێنانی ووشەی (المَنْ)ی بەسەردا زاڵ بوو وەکو نەرێتێکی تازە بەدیهێنراو ٠

گوفتاری دووەم : دۆمەڵانی چواندووە بە گەزۆی دابەزیو لە ئاسمانەوە ، چونکە کۆدەکرێتەوە بەبێ ماندووبوون و تێچوون و چاندنی تۆو و ئاودان ٠

ئەگەر گوتت : ئەگەر ئەمە پایەی دۆمەڵان بێت ، کەوابوو ئەو زیانە چی یە تیایدا ، لە کوێ وە ئەوەی بۆ هاتووە ؟

بزانە خوای تعالی بەووردی و لێهاتووی هەموو شتێکی دروست کردووە ، بەچاکی و جوانی هەموو شتێکی خوڵقاندووە ، لە سەرەتای خوڵقاندنیدا هیچ بەڵاو نەخۆشیەکی تێدا نی یە ، سوودو کەڵکێکی تەواوی هەیە بۆ ئەوەی لە پێناویدا ئامادەکراوەو خوڵقێنراوە ، کەچی پاشان بەهۆی چەندین هۆکاری دیکەوە بەڵاو نەخۆشی تووش دەبێ " وەکو نزیکی و لەپاڵ یەکدابوون ، یاخود تێکەڵبوون ، یاخود چەندین هۆکاری تر کە خراپی دەکات ، بۆیە ئەگەر لە سەر سروشت و خوڵقاندنە بنەڕەتەکەی بمایەتەوە بەبێ تێکەڵاوبوونی لە گەڵ ئەو هۆیانەدا کە خراپی دەکەن ، خراپ نەدەبوو ٠

هەرکەس زانیاری سەبارەت بە باروحاڵی جیهان و سەرەتای دروستبوونی هەبێ ، دەزانی هەموو ئەو خراپبوونەی لە ئاوهەواو ڕووەك و گیانلەبەران و باروحاڵی دانیشتوانیدا هەیە ، دوای خوڵقاندن تووشیان بووە بەهۆکارگەلێکی جیاواز ، بەردەوام کردەوەکانی نەوەی ئادەم و سەرپێچیان بۆ پێغەمبەران خراپەی جۆراوجۆری گشتی و تایبەت دروست دەکەن و ،

بەوەش تووشی جۆرەها ئازارو ، نەخۆشی و ، دەردو ، چاوەقوڵە (طـاعون)و ، بـێ بـارانی و ووشكێتی و ، قات و قـڕی و ، هـەڵگرتنی فـڕداری خـاك و ، بـەروبوم و ، ڕووەك و ، هـەڵگرتنی سوودەكانیان ، یاخود كەم كردنەوەیان دەبن ، هەموو ئەمانە كاروبـارێكن یـەك بـەدوای یەكدا ڕوو دەدەن ٠

ئەگەر زانستیشت ئەوەندە فراوان نەبوو جێگەی ئەوانەی سـەرەوەی تیـا بێتـەوە ، بـا ئـەم ئایەتی خوای پەروەردگارت بەس بێت : ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ﴾ [الروم : ٤١] واته : ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِـي الْبَـرِّ وَالْبَحْـرِ﴾ خراپـە (بـەڵاو شـێوان و دەرد) لـە ووشكانی (زەوی) و دەریادا دەركەوتووە ﴿بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ﴾ بەهۆی ئەو خراپانـەی خەڵكی كردویانە([٥٧٤]) ، ئـەم ئایەتـە لـە سـەر باروحـاڵی جیهـان دابـەزیووە ، پـێگ گرتنـی بۆ كردووە لە نێوان ئەوەی لـە واقیعدا ڕوودەدەن و لـە نێـوان فەسـادو خراپـەدا ، تـۆش تەماشـا دەكەیت چۆن ئەو بەڵاو نەخۆشیانە هەموو كاتێك لە بـەروبووم و ڕووەك و ئاژەڵانـدا ڕوودەدەن ، لەو بەڵایانەشەوە چەندین بەڵای دیكەی پەیوەندیدار ڕوودەدەن و ، ملی یـەكتریان گرتـووە ، هەرچەند خەڵكی ستەم و كردەوەی ناشـیرین و داوێـن پیسـی زیـاتر ئـەنجام بـدەن ، ئەمەنـدە خوای پەروەردگاریش بەڵاو نەخۆشیان بۆ بەدیدەهێنێت " لە خۆراك و میوەو ، هـەواو ئـاو و ، جەستەو سروشت و ، وێنـەو شـێوەو ڕەوشـتیاندا " وەكـو كەمكردنـەوە لـە خـۆراك و ، دەردو بەڵاهێنان بەسەردا ، بەجۆرێك ڕیكی كردەوەو ستەم و كردەوناشیرینەكانی ئەوان بێت ٠

پێشـتر دانەوێڵـەی وەكـو گـەنم و شـتی تـریش زۆربـووە بەبـەراوردی ئـەمڕۆ ، هـەروەها فڕداریشـی گـەورەتر بـووە ٠ پێشـەوا (أحمـد)ی كـوڕی (حنبـل) دەگێڕێتـەوە : كـەوا لـە گەنجینـەكانی (بـني أميـة)دا توورەكەیـەك دۆزرایـەوە گـەنمی تێـدا بـوو هـەر دانەیـەكی بەئەندازەی ناوكە خورمایەك دەبوو ، لـە سـەری نووسـرابوو : ئەمـە لـە ڕۆژانـی دادپەروەریـدا

---

[٥٧٤] ــ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

دەڕوا ، ئەم چیرۆکەی لە (المسند)ەکەیدا گێڕاوەتەوە لە میانەی فەرموودەیەکدا لەم بارەوە باسی کردووە ٠

زۆربەی ئەم نەخۆشی و بەڵا گشتیانە پاشماوەی سزایکن نەتەوەکانی ڕابردووی پێ سزا دەدرا ، پاشان هێندێکی وەکو چاودێر مایەوە ، بۆ ئەو کەسانەی کە هێندێ لە کردەوی خراپی ئەو نەتەوانەی تێدایە ، وەکو حوکمێکی بەدادو ، فەرمانێکی دروست ، پێغەمبەری خواش ﷺ ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە کە فەرموویەتی : ئەوە پاشماوەی بەڵا یاخود سزایەکە نێردرایە سەر نەوەی ئیسرائیل ٠

ئەوەبوو خوای تعالی بای بەسەر قەومێکدا زاڵ کرد ، بۆ ماوەی حەوت شەو هەشت ڕۆژ ، پاشان هێندێکی لەو بایە لە جیهاندا هێڵایەوە ، لەو ڕۆژانەدا ، کەوابوو ئەمانە چەندین پەندو ئامۆژگاری تێدایە ٠

خوای تعالی کردەوکانی مرۆڤی چاك و مرۆڤی خراپەکاری کردووە بەهۆکاری تووشبوون بە نەخۆشی و دەردو بەڵا لەم جیهانەدا ، وەکو فەرمانێکی ناچاری ٠

بۆیە خەڵکی کە چاکەکردن و زەکات و خێروچاکەداری ناکەن و قەدەغەی دەکەن ، خوای تعالاش بارانی ئاسمانیان لێ قەدەغە دەکات و ، ووشکێتی و ، قات و قڕیان بە سەردا دەهێنێ ٠

کە خەڵکی ستەم لە هەژاران و کەمدەستان دەکەن و ، لە کێشانەو پێوانەدا گزی دەکەن و کەمی دەکەنەوە ، وە بەهێزان دەست درێژی لە بێهێزان و لاوازان دەکەن ، خوای تعالاش جەوری پادشایان و کاربەدەستانیان بەسەردا زاڵ دەکات ، ئەو پاشایانەی کە هیچ ڕەحم و بەزەیەکیان بە مرۆڤدا نایەتەوە کاتێ داوای ڕەحم و بەزەیان لێدەکرێت ٠

لە راستيدا ئەوان كردەوەكانى ميللەتن بەڵام لە ڕوخسار و شێوەى كاربەدەستەكانياندا بۆيان دەركەوتوون ، چونكە خواى تعالى بە دانايى و دادپەروەرى خۆى كردەوەكانى خەڵك بۆ خودى خەڵكەكە بەقاڵب و شێوەيەك بەدەردەخات " كە گونجاويان بێت ٠

جارێك بە كەم بارانى و قات و قڕى ، جارێك بە دوژمن ، جارێك بە كاربەدەستانى ستەمكار ، جارێك بەنەخۆشيە گشتيەكان ، جارێك بەخەم و خەفەت تووشيان دەبێ و لێيان نابێتەوە ، جارێك بەقەدەغەكردنى فرۆ بەرەكەتى ئاسمان و زەوى ، جارێك بەزاڵكردنى شەيتان كە هانيان دەدات بۆ هۆكارەكانى تاوانكردن ، بۆ ئەوەى بڕيارى پەروەردگاريان بە سەردا بچەسپێ ، هەموو كەسێكيش بچێتەوە سەر ئەوەى بۆ خولقێنراوە ٠ ئاقڵ و ژيريش چاوى بەنێو هەرێمە جياوازەكانى جيهاندا دەگەڕێنێت ، دەيانبينێ و ، تەماشاى جێگەى دادپەروەرى خواو دانايەكەى دەكات و ، ئەوكات بۆى دەردەكەوێت كەوا پێغەمبەران و شوێنكەوتوانيان بەتايبەت لە سەر ڕێگەى راستى ڕزگارين ، بەڵام هەموو خەڵك بەڕێگاى تياچوندا دەچن و ، بەرەوماڵێكى وێرانبوون مل دەنێن ، بەڕاستى خواى تعالى كارو فەرمانى خۆى بەئەنجام دەگەيێنێ ، كەسيش ناتوانى فەرمانى خواى تعالى بگۆڕێ يا هەڵيوەشێنێتەوە ، هيچ بەرگرى كارێكيش نى يە بۆ فەرمانى خوا ٠ وبالله التوفيق ٠

فەرمايشتى پێغەمبەرى خوا ﷺ : (وماؤُها شفاء للعَيْنِ) واتە : ئاوەكەى بۆ چاو شيفايە ، بە سێ گوفتار لێكدراوەتەوە :

يەكەميان : ئاوەكەى تێكەڵ بەدەرمانى تر دەكرێت كە چاوى پێ چارەسەر دەكرێت ، نەك خۆى بەتەنها بەكاربێت ، ئەمە بۆچۆنى (أبوعبيد)ە ٠

دووەم : بەپوختى بەكاردەهێنرێت پاش برژاندنى و ، دڵۆپاندنى ئاوەكەى ، چونكە ئاگر نەرمونيانى دەكات و پێى دەگەيەنێت و ، تەڕى و پاشەڕۆو زيانبەخشەكانى دەتوێنێتەوەو ، تەنها سوودەكانى دەمێنێتەوە ٠

سێ یەم : مەبەست بەئاوەکەی ئەو ئاوەیە کە لە ئەنجامی بارانەوە تیایدا دروست دەبێ ، کە بریتیە لە یەکەم دڵۆپەکانی باران کە دادەبەزێتە سەر زەوی ، بۆیە خستنەسەرەکە (إضافة) خستنەسەری جووتکردنە ، نەك خستنەسەری بەش ، ئەمەش بۆچۆنی پێشەوا (ابن الجوزي)یە کە دورترین و لاوازترین بۆچونەکانە٠

گوتراوە : ئەگەر ئاوەکەی بۆ ساردکردنەوەی ئەوەی لە چاودایە بەکارهێنرا ، ئەوا ئاوەکەی بەتەنها خۆی بۆ خۆی شیفایە ، بەڵام ئەگەر بۆ شتی تری جگە لەوە بوو ، ئەوا دەبێ لەگەڵ شتی تردا تێکەڵ بکرێت ٠

(الغافقي) دەڵێت : ئاوی دوومەڵان چاکترین دەرمانەکانی چاوە ئەگەر لە گەڵ کلدا بشێلدرێت و چاوی پێ برێژرێت ، پێڵوەکانی چاو بەهێز دەکات و ، ڕوحە بینەرەکە زیادو بەهێزو تیژ دەکات و ، دابەزینی نەخۆشیەکانی لێ دوردەخاتەوە ٠

كَبَاث([575]) في الصحيحين : من حديث جابر بن عبدالله _ رضي الله عنه _ ، قال : كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ نَجْنِي الْكَبَاثَ ، فَقَالَ : ((عَلَيْكُمْ بِالأسْوَدِ مِنْهُ ، فَإِنَّهُ طَيِّبُه))([576]).

واتە : لە (جابر)ی کوڕی (عبدالله)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ پێکەوە (الكَبَاثُ)مان لێدەکردەوە ، ئەوەبوو فەرمووی : ((ڕەشەکەی لێکەنەوە ، چونکە بەلەزەترو بەسوودترە)) ٠

---

[575] _ كَبَاثٌ : بەروبومی پێگەیوی درەختی (الآراك)ە ، لە هەنجیر دەچێت و مرۆڤ و ئاژەڵیش دەیخۆن ، بڕوانە : صحيح البخاري بتحقيق مصطفى ديب ، ج٣ ٠
دەنکی بەری ئەم درەختە کەمێك لە دەنکی کوزبورە گەورەترە ، بڕوانە : قاموسی ڕستە ، مەلا محمودی کەلالەی ، وەرگێڕ٠

[576] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٩ / ٤٩٨) ، ومسلم (٢٠٥٠) ٠

(الكَبَاثُ) ، بفتح الكاف ، والباء الموحدة المخففة ، والثاء المثلثة ، بەروبومی درەختی (الآراك)ە · لە خاكی وەڵاتی حیجازدا زۆرەو ، میزاجی گەرمی ووشكە ، سوودەكانی وەكو سوودەكانی (الآراك)ە : گەدە بەهێز دەكات ، هەرس كردن چاك دەكات ، بەڵغەم پاك دەكاتەوە ، بۆ ئازارەكانی پشت بەسوودە ، زۆرێك لە نەخۆشیەكانی تر ·

(ابن جُلجُل) دەڵێت : ئەگەر ئاردەكەی بخورێتەوە ، میزهێنەرەو ، میزڵدان پاك دەكاتەوە ، (ابن رضوان) دەڵێت : گەدە بەهێز دەكات و ، سروشت ڕادەگرێت ·

كَتَمْ : روى البخاريُّ في صحيحه : عن عثمان بن عبدالله بن مَوْهَب ، قال : دخلنا على أُمِّ سَلَمة _ رضي الله عنها _ ، فأخرجت إلينا شعراً من شعر رسول الله ﷺ مخضوبٌ بالحِنَّاء والكَتَمِ(577).

واتە : لە (عثمان)ی كوڕی (عبدالله)ی كوڕی (مَوْهَب)ەوە ، فەرموویەتی : چوینە دیدەنی (أُمِّ سَلَمة) _ خوای لێ ڕازی بێت _ ئەوەبوو تاڵە موویەكی لە پرچی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ دەرهێناین بە خەنەو (الكَتَم) ڕەنگ كرابوو ·

وفي السنن الأربعة : عن النبيِّ ﷺ أنَّه قال : ((إنَّ أحسنَ ما غيَّرْتُم به الشَّيبَ الحِنَّاءُ والكَتَمُ))(578).

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((چاكترین شتێك سەرسپی بوونی پێ بگۆڕن خەنەو (الكَتَم)ە)) ·

577 _ صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٢٩٦ ، ٣١٩ ، ٣٢٢) ، والبخاري (٧ / ٢٠٧) ، وابن ماجة (٣٦٢٣) كلهم من طريق عثمان بن عبدالله بن موهب عن أم سلمة فذكرته ·

578 _ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ١٤٧) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع (١٥٤٦) ·

له (الصحيحين)دا : له (أنس)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : (أبابكر) _ خوای لیّ ڕازی بێت _ به خەنەو (الكَتَم) ڕەنگی دەكرد ٠

وفي سنن أبي داود : عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ _ رضي الله عنهما _ قَالَ : مَرَّ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ رَجُلٌ قَدْ خَضَبَ بِالْحِنَّاءِ ، فَقَالَ : ((مَا أَحْسَنَ هَذَا ؟)) ، فَمَرَّ آخَرُ قَدْ خَضَبَ بِالْحِنَّاءِ وَالْكَتَمِ ، فَقَالَ : ((هَذَا أَحْسَنُ مِنْ هَذَا)) ، فَمَرَّ آخَرُ قَدْ خَضَبَ بِالصُّفْرَةِ ، فَقَالَ : ((هَذَا أَحْسَنُ مِنْ هَذَا كُلِّهِ))([579]).

واته : له (ابن عباس)ەوه _ خوا له خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پیاوێك بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕیبوو سەری بەخەنه ڕەنگ كردبوو ، فەرمووی : ((ئەمه چەند چاكه ،)) ، یەكێكی تر تێپەڕیبوو سەری به خەنەو (الكَتَم) ڕەنگ كردبوو ، فەرمووی : ((ئەمه له ئەمه چاكتره)) ، یەكێكی تر تێپەڕیبوو سەری به زەرد سەری ڕەنگ كردبوو ، ئەوەبوو فەرمووی ((ئەمه له هەمووی چاكتره)) ٠

(الغافقي) دەڵێت : (الكَتَم) ڕووەكێكه له دەشتەكاندا دەڕوێت ، گەڵاكانی نزیك به گەڵای زەیتونه ، له باڵا زیاتر بەرز دەبێتەوه ، بەرێكی هەیه لەبەری بیبەر (الفُلفُل) دەچێت ، ناوكی له نێودایه ، ئەگەر بكوترێت ڕەش دەبێتەوه ، ئەگەر گوشراوی گەڵاكەی دەربهێنرێت و ، به ئەندازەی (أُوقية)یەكی([580]) لیّ بخورێتەوه ، بەهێز دەڕشێنێتەوەو ، بۆ گەزستنی سەگیش بەسوود دەبیّ ٠ بنەڕەتەكەشی ئەگەر له گەڵ ئاودا بكوڵێندرێت دەبیّ به مەرەكەب و بۆ نووسین بەكاردێت ٠

[579] _ إسناده ضعيف : أخرجه أبوداود (٤٢١١) ، وضعفه الألباني في ضعيف أبي داود (٩٠٢) ٠

[580] _ أُوقية : كێشی (١١٩) غەرام زیوه ، بڕوانه : فتاوى الشبكة الإسلامية بإشراف د ٠ عبدالله الفقيه ، ٢٦٦٧٥ تحديد الأوزان والمكاييل ، وەرگێڕ ٠

(الكِنـدي) دەڵێـت : تـۆوی (الكَـتَم) ئەگـەر بـۆ ڕەشـتنی چـاو بـەكاربهێنرێت ، ئـاوی دروستبوو لە چاودا شیی دەكاتەوەو چاكی دەكاتەوە ٠

هەندێ خەڵك واتێگەشتوون (الكَتَم) وەسمەیـە ، كـە بـە گـەڵای نیـل ناودەبرێـت ، ئەمـە بۆچونێكی هەڵەیە ، چونكە وەسمە ڕووەكێكی دیكەیەو (الكَتَم) نی یە ٠ دانەری (الصـحاح) دەڵێت : (الكَتَم) بالتحريك : ڕووەكێكە تێكـەڵ بـە وەسمـە دەكرێـت و بـۆ ڕەنگكردنـی پـرچ بەكاردێت ٠ گوتراوە : وەسمە ڕووەكێكە گەڵایـەكی درێـژی هەیـەو ڕەنگـی مەیلـەو شـینەو لـە گەڵای درەختی بیی (شجر الخلاف) گەورەترەو ، لە گەڵای لوبیا دەچێت و ، لـەو گـەورەترە ، لە وەڵاتەكانی حیجازو یەمەنەوە دەهێنرێت ٠

فإن قيل : قد ثبت في الصحيح عن أنس _ رضي الله عنه _ أنه قال : لم يختضب النبي ﷺ ([581]).واتە : ئەگـەر گـوترا : بـە (صـحيح)ی لـە (أنـس)ەوە _ خـوای لـێ ڕازی بێـت _ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺپرچی ڕەنگ نەدەكرد ٠
دەگوترێت : پێشەوا (أحمد)ی كوڕی (حنبل) وەڵامی ئەمەی داوەتـەوەو فەرموویـەتی : كەسانی دیكـەی جگـە لـە (أنـس) شـایەتیان داوە كـەوا پێغەمبـەری خـوا ﷺ پرچـی ڕەنـگ دەكرد ٠ وە ئەو كەسەی بینیویـەتی لـە پلـەی ئـەو كەسـەدا نـی یـە كـەوا نـەیبینیوە ، بـەڵكو پلەكەی بەرزترە ، پێشەوا (أحمد)ی كوڕی (حنبل) جێگیری دەكات كەوا پێغەمبـەری خـوا ﷺ پرچی ڕەنگ دەكرد ، كۆمەڵێكی تـری فەرموودەناسانیشـی لـە گەڵدایـە ، بـەڵام ئیمـامی (مالك) نكۆڵیی لێ كردووە ٠
فإن قيل : قد ثبت في صحيح مسلم النهي عن الخِضاب بالسواد في شأن أبي قُحافةَ لَّما أُتِيَ به ورأسُه ولحيتُه كالثُّغامة بياضاً ٠ فقال : ((غَيِّروا هذا الشَّيبَ وجَنِّبُوهُ السَّواد))([582]) ٠ والكَتَمُ يُسَوِّد الشعرَ

[581] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٢١٦ ، ٢٦٦) ، ومسلم (٧ / ٨٥) ، والنسائي (٨ / ١٤١) كلهم من طريق المثني بن سعيد ، عن قتادة ، عن أنس فذكره ٠

واته : ئەگەر گوترا : له (صحيح)ى ئیمامی (مسلم)دا قەدەغەكردنی ڕەنگ كردن بەڕەش جێگیربووه سەبارەت به (أبي قُحافةَ) كاتیّ هێنرایه خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و سەری و ڕیشی وەكو درەختی (الثغامة) سپی بوو · ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەم سپێتیه بگۆڕن به ڕەنگێكی ترو ، بەدوریشی بگرن له ڕەنگی ڕەش)) · (الكَتَمُ)یش پرچ ڕەش دەكات ·

وەڵامی ئەمه بەدوو ڕوو دەدرێتەوه :

یەكەمیان : قەدەغەكردنەكه بۆ ڕەشكردنی پەتیه ، بەڵام ئەگەر خەنەكه شتێكی تری تێكەڵ كرا ، وەكو (الكَتَمُ)و بەو هاوشێوانه ، ئەوا هیچی تێدا نی یه ، چونكه خەنەو (الكَتَمُ) ڕەنگێك بەپرچ دەبەخشن لە نێوان سورو ڕەشدایه بەپێچەوانەی وەسمە ، كە ڕەنگێكی ڕەشی خەڵوزی بەپرچ دەبەخشیّ ، ئەمه ڕاسترینی هەردوو وەڵامەكەیە ·

وەڵامی دووەم : ئەو ڕەنگ كردن بەڕەشەی قەدەغەكراوه ڕەنگ كردنی گزی و فێڵە ، وەكو ئەوەی كچ و كەنیزەك و ، ژنی بەتەمەن ، مێردو گەورەكەی هەڵدەخەڵەتێنیّ ، سەر ڕەنگ كردنی پیاوی بەتەمەن بۆ ئەوەی ژنی پیّ هەڵخەڵەتێنیّ ، هەموو ئەمانە گزی و فێڵ و هەڵخەڵەتاندنە ، بەڵام ئەگەر مەبەست بەپرچ ڕەنگ كردنەكه گزی و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن نەبوو ، ئەوا به (صحيح)ى لە پێشەوایانمان (الحسن) و (الحسين) ەوه _ خوایان لیّ ڕازی بێت _ دەگێڕنەوه كەوا پرچیان بەڕەش ڕەنگ كردووه ، ئەم گوفتاره پێشەوا (ابن جرير) له كتێبی (تهذيب الأثار)دا باسی كردووه ، هەروەها له (عثمان)ى كوڕی (عفان)و ، (عبدالله)ى كوڕی (جعفر)و ، (سعد)ى كوڕی (أبي وقاص)و ، (عُقبةَ)ى كوڕی (عامر)و ، (المغيرة)ى كوڕی (شعبة)و ، (جرير)ى كوڕی (عبدالله)و ، (عمرو)ى كوڕی (عاص)ەوه باسی كردووه ·

---

٥٨٢ _ صحيح : أخرجه مسلم (٢١٠٢) ·

هەروەها لە كۆمەڵێك لە (التابعين)ەوە باسی دەكات وەكو ، (عمرو)ی كوڕی (عثمان)و ، (علي) كوڕی (عبدالله)ی كوڕی (عباس)و ، (أبوسلمة)ی كوڕی (عبدالرحمن)و ، (عبدالرحمن)ی كوڕی (الأسود)و ، (موسى)ی كوڕی (طلحة)و ، (الزُّهْري)و ، (أيوب)و ، (إسماعيل)ی كوڕی (معدي كرب)ەوە ٠

هەروەها پێشەوا (ابن الجوزي) لە (محارب)ی كوڕی (دِثار)و ، (يزيد)و ، (ابن جريج)و ، (أبي يوسف)و ، (أبي إسحاق)و ، (ابن أبي ليلى)و ، (زياد)ی كوڕی (عَلاقة)و ، (غيلان)ی كوڕی (جامع)و ، (نافع)ی كوڕی (ابن جُبير)و ، (عمرو)ی كوڕی (علي المُقَدَّمي)و ، (القاسم)ی كوڕی (سلام)ەوە باسی دەكات ٠

كَرْمٌ ٠ درەختی ترێ ، كە لە زمانی عەرەبیدا بە (الحَبَلَةُ)ش ناودەبرێت واتە : مێو ، (مكروه)یشە بە (الكَرْمُ) ناوبرێت ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی ئیمامی (مسلم) لە (صحيح)ەكەیدا دەیگێڕێتەوە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((لا يقولَنَّ أحدُكم للعِنَبِ الكَرْمَ ، الكَرْمُ : الرَّجُلُ المُسْلِمُ)) ٠ وفي رواية : ((إنَّما الكَرْمُ قَلبُ المُؤمن)) ، وفي أخرى : ((لا تقولوا : الكُرمُ ، وقُولوا : العِنَبَ والحَبَلَةُ))([583])

واتە : ((با هیچ كەس بە ترێ نەڵێ (الكَرْمُ) ، (الكَرْمُ) پیاوی موسڵمانە)) ٠ لە (ریوایە)تێكی تردا : ((لە ڕاستیدا (الكَرْمُ) دڵی باوەڕدارە)) ، لە (ریوایە)تێكی تردا : ((مەڵێن : (الكَرْمُ) ٠ بڵێن : ترێ و مێو)) ٠

دوو ماناش لەمەدا بەدیدەكرێت :

یەكەمیان : عەرەب درەختی ترێی بە (الكَرْمُ) ناودەبرد واتە : ڕێزدار ، بەهۆی زۆری سوودو كەڵك و خێرییەوە ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ناقایل بوو بەناوێك ناوبرێت نەفسەكان

583 _ صحيح : أخرجه مسلم (٧ / ٤٦) عن أبي هريرة فرفعه ٠

بجولێنێت بۆ خۆشویستنی و خۆشویستنی ئەو شەرابە سەرخۆشکارەی لێی دروست دەکرێت ، کە دایکی هەموو پیسیەکانە ، بۆیە ناقایل بوو بنەڕەتی بە چاکترین ناو " کە لە هەموو ناوێکی تر کۆکاری خەیرە " ناوبرێت ٠

دووەم : ئەمە دەکەوێتە چوارچێوەی فەرمایشتی پێغەمبەری خواوە ﷺ : ((لَـيْسَ الشَّـدِيدُ بالصُّرَعَةِ))([٥٨٤]) واتە : ((بەهێزی ڕاست ئەو پیاوە نی یە کە سەردەکەوێ و پیاوان دەدا بە زەویدا)) ٠ هەروەها دەچێتە چوارچێوەی فەرمایشتی پێغەمبەری خواوە ﷺ : ((لَـيْسَ المِسْكِينُ بالطَّوَّافِ))([٥٨٥]) ((ئەو کەسەی بەسەرتاندا دەگەڕێت دەستکورتی ڕاست نی یە)) ٠ واتە : ئێوە درەختی ترێ بە(الكَرْمُ) ناودەبن لەبەر سوودە زۆرەکانی ، بەڵام دڵی بڕوادار یاخود پیاوی موسڵمان لە درەختی ترێ بەم ناوە شایستەترە ، چونکە بڕوادار هەرهەمووی خێرو کەڵکە ، هەموو ئەمانە دەچێتە چوارچێوەی ئاگادارکردنەوەو ناساندن بەو خێرو ، بەخشین و ، باوەڕو ، نورو ، ڕێنمووی و ، لەخوا ترسان و ، سیفاتانەی لە دڵی باوەرداردایەو ، بەهۆیە شایستە دەبێ بەم ناوە ، زیاتر لە شایستەبوونی مێو بەم ناوە ٠

پاشان ٠ هێزی مێو ساردی ووشکە ، گەڵاو خۆ هەڵواسەکانی ساردکارە لە کۆتای پلە یەکدا ، ئەگەر بکوترێت و پێچەرێکی (ضماد)ێکی لێ دروست بکرێت سەر ئێشەو ، ئاوسانە گەرمەکان و ، هەڵئاوسانی گەدە ئارام دەکاتەوە ، گوشراوی لقەکانی ئەگەر بخورێتەوە ڕشانەوە ئارام دەکاتەوەو ، سك دەگرێتەوە ، هەروەها ناوەڕۆکە تەڕەکەی و ، گوشراوی گەڵاکانی ، بۆ برینی ڕیخۆڵە بەسوودەو ، خوێن و کێماو دەردەدات و ، ئازاری گەدە ناهێڵێت ٠ ئەو ئاوە فرمێسکیەی کەبەسەر لقەکانیەوە هەڵگیراوەو ، وەکو کەتیرەیە ئەگەر بخورێتەوە بەرد دەکاتە دەرەوە ، ئەگەر نەخۆشیەکانی ووشك هەڵاتووی و قڵیشانی پێست و نەمانی موو

---

[٥٨٤] ــ متفق عليه : أخرجه البخاري (١٠ / ٤٣١) ، ومسلم (٢٦٠٩) ٠

[٥٨٥] ــ صحيح : أخرجه مالك في موطئه (٥٧٥) ، والبخاري (٢ / ١٥٤) ، ومسلم (٣ / ٩٥) ، والنسائي (٥ / ٨٥) كلهم من طريق أبي الزناد عن الأعرج عن أبي هريرة فذكره مرفوعاً .

بەسەریەوەو ، گەڕی و نەخۆشیەکانی تری تێهەڵسوێنرێت چاکیان دەکاتەوە ، بەڵام پێش بەکارهێنان پێویستە ئەندامەکە بە ئاو و (النطرون) بشۆردرێت ، ئەگەر لە گەڵ زەیتی زەیتوندا شوێنە تووکنەکانی جەستەی پێ بسڕێت دەیتاشێت و لایدەبات ، خۆڵەمێشی لقەکانی ئەگەر لە گەڵ سرکەو ڕۆنی گوڵ و(دهن الورد) سپەندا (سذاب) پێچەرێکی (ضماد) لێ دروست بکرێت ئەوا بۆ ئەو ئاوسانانەی تووشی سپڵ دەبێ بەسوودە ، هێزی ڕۆنی گوڵی مێو (دهن زهرة الكرم) قبزکارەو لە هێزی ڕۆنی گوڵ (دهن الورد) دەچێت ، سوودو کەڵکەکانی ئەمەندە زۆرن نزیك بە سوودەکانی دارەخورمایە ٠

<u>كَرَفْس</u> ، کەرەوز : لە فەرموودەیەکدا کە (صحیح) نی یە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((مَن أكَلَهُ ثم نامَ عليه ، نام ونَكْهتُهُ طَيِّبةٌ ، وينامُ آمناً من وَجَعِ الأضراسِ والأسنانِ)) واتە : ((ئەگەر هەرکەس خواردی و پاشان نووست ، دەنوێت و بۆنی خۆشەو ، دەنوێت و بێەوەی دەبێ لە ئازاری ددانە خڕێکان و ددان)) ٠ ئەم فەرموودە پوچەو بەدەمی پێغەمبەری خواوە ﷺ هەڵبەستراوە ،

بەڵام جۆرە (البُسْتانيُّ)کەی زۆر بۆن خۆش دەکات ، ئەگەر بنەڕەتی بەملەوە هەڵواسرێت بۆ ئازاری ددان بەسوودە ٠

کەرەوز گەرمی ووشکە ، گووتراوە : تەڕو شێدارەو کونیلە داخراوەکانی (سُداد) جگەرو سپڵ دەکاتەوە میزهێنەرە ، خوێنی بێنوێژی هێنەرە ، بەرد وورد دەکات و ، تۆوەکەشی لەو بارەوە بەهێزترە ، ئارەزووی جوتبوون دەوروژێنێت ، بۆ نەهێشتنی هەموو بۆنێکی ناخۆش بەسوودە ٠ (الرازيُّ) دەڵێت : پێویستە نەخورێت ئەگەر ترسی پێوەدانی دووپشك لە ئارادابوو ٠

<u>كُرَّاثٌ</u> ، کەوەر : فەرموودەیەکی لەبارەوە هاتووە (صحیح) نی یەو بەدەمی پێغەمبەری خواوە هەڵبەستراوەو پووچە : ((مَن أكَلَ الكُرَّاث ثم نامَ عليه نام آمناً مِنْ ريح البَوَاسيرِ واعتَزَلَهُ

المَلَكُ لِنَتَنِ نَكْهَتهِ حتـى يُصْبحَ)) واتـه : ((هەركـەس كـەوەر بخـوات و پاشـان بنـوێ بێـوەی دەبێ لە بای مایەسیری و پەریەکەش لێ دور دەکەوێتەوە تا ڕۆژ دەکاتەوە)) ٠

کەوەر دوو جۆرە :

(النَبَطيُّ) : ئەو جۆرەیە کە لە سوفرە دادەنرێت ٠

(الشـاميُّ) : ئەوەیـە کـە سـەری هەیـە، گەرمـەو ووشـکەو سەردەئێشـێنێت ، ئەگـەر بکوڵێندرێت و بخورێت ، یاخود ئاوەکەی بخورێتەوە ، بۆ مایەسیری سـارد بەسـوودە ، ئەگـەر تۆوەکەی بهاڕدرێت و ، لە گەڵ (القطران)([٥٨٦]) بشـێلدرێت و ، بـۆن و هەڵمەکـەی بـدرێ لـەو ددانانەی کرمی تێدایە بڵاوی دەکاتەوەو دەردیدەهێنێت و ، ئازارە کاتیەکەی دادەمرکێنێتـەوە ، ئەگەر دوکەڵی تۆوەکەی لە کۆم بدرێ مایەسیریەکەی سووك دەبێتـەوە ، هـەموو ئەمانـە لـە کەوری (النَبَطيُّ)دایە ٠

لە گەڵ ئەمەشدا ددان و پۆك خراپ دەکات و ، سەر دەئێشێنێت و ، خەونکـەلێکی نـاخۆش بۆ مرۆڤ دروست دەکات و ، چاو تاریـك دەکـات و ، بـۆنی دەم نـاخۆش دەکـات ، بـەڵام میـزو بێنوێژی زیاد دەکات ، ئارەزووی جوتبوون زیاد دەکات ، بەڵام درەنگ هەرسە.

پیتی لام (ل) :

لَحْمٌ ، گۆشت : خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ وَأَمْدَدْنَاهُمْ بِفَاكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِمَّا يَشْـتَهُونَ ﴾[الطـور : ٢٢] واتە : ﴿ وَأَمْدَدْنَاهُمْ بِفَاكِهَةٍ وَلَحْمٍ ﴾ وە بەردەوام هەموو جـۆرە میـوەو گۆشـتێکیان پـێ دەدەن ﴿ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴾ لەوەی ئارەزووی دەکـەن ٠ هـەروەها خـوای تعـالى دەفـەرمێت : ﴿

[٥٨٦] ــ القطران : گوشراوی دوو درەختی (الأرز) و (الأبهل)ە ، یاخود مادەیەکی ڕەش و لینج و شلەمەنیە لە درەخت و خەڵوزو شتی وا دەردەهێنرا ، بروانە : لسان العرب ، وەرگێڕ ٠

وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴾[الواقعة : ٢١] واتـه : وه گۆشـتی هـەر باڵندەیـەك كـە حـەزی لـێ بكەن(٥٨٧)٠

وفي سنن ابن ماجة من حديث أبي الدرداء ، عن رسول الله ﷺ: ((سَيِّدُ طَعامِ أهْلِ الدُّنيا وأهْلِ الجَنَّةِ اللَّحمُ))(٥٨٨)٠

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((سەرگەورەی خۆراكی خەڵكی دونیاو خەڵكی بەهەشت گۆشتە)) ٠

ومن حديث بُريدةَ يرفعه : ((خَيْرُ الإدامِ في الدُّنيا والآخرةِ اللَّحْمُ))(٥٨٩)٠

واتـە : (بُریـدة) _ خـوای لـێ ڕازی بێـت _ لـە فەرموودەیەكدا كـە بـەرزی دەكاتـەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((خێردارترین پێخۆری دونیاو ڕۆژی دوای گۆشتە)) ٠

وفي الصحيح عنه ﷺ ((فضلُ عائشةَ على النِّساءِ كفضلِ الثَّريدِ على سائرِ الطَّعَامِ))(٥٩٠) ٠

((بەڕاستی ڕێزی (عائشة) بەسەر ژنانی دیكەدا ، وەكو ڕێزی شلەبەگۆشتە بەسەر خواردنەكانی تردا)) ٠

(الثريد) واته : نان و گۆشته ٠ شاعیر دەڵێت :

ذَا مَــــا الخُبْزُ تَـــــأدُمهُ بِلَحْـــمٍ ... فَـــــذَاكَ أمَـــــانةَ اللهِ الثَّرِيدُ

واته :

ئەگەر نان پێخۆرەكەی بكـەی بە گۆشت ... باشەو ئەمانەتی خواش شلەبەگۆشـتە

---

٥٨٧ _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

٥٨٨ _ إسناده ضعيف جداً : أخرجه ابن ماجة (٣٢٠٥) ، وانظر الضعيفة (٣٧٢٤) ٠

٥٨٩ _ ضعيف جداً : أورده الألباني في ضعيف الجامع (٢٨٧٩) وقال : ضعيف جداً ، وعزاه السيوطي إلى البيهقي في الشعب عن أنس ، وانظر الضعيفة (٢٥٧٤) ٠

٥٩٠ _ سبق تخريجه ٠

پێشەوا (الزُّهْري) دەفەرمێت : خـواردنی گۆشـت حـەفتا هێـز زیـاد دەكـات ، (محمـد)ی كوڕی (واسع) دەڵێت : گۆشت هێزی چاو زیاد دەكات ، لە (علي) كوڕی (أبـي طالـب)ەوە _ خوای لێ رازی بێـت _ دەگێڕنـەوە فەرموویـەتی : گۆشـت بخـۆن ، بەڕاسـتی ڕەنـگ سـاف دەكات و ، سك خاڵی دەكاتەوەو ، ڕەوشـت جـوان دەكاتـەوە ، (نـافع) دەفـەرمێت : ئەگـەر مانگی ڕەمەزان بهاتایە (ابن عمر) گۆشتی لە دەست نەدەچوو ، ئەگـەر سەفەریشـی بكردایـە دیسان گۆشتی لەدەست نەدەچوو · لە (علي)ەوە دەگێڕنەوە فەرموویـەتی : هەركـەس چـل ڕۆژ گۆشت نەخوات ڕەوشتی خراپ دەبێت ·

بەڵام فەرموودەكەی خاتوو (عائشة) _ خوای لێ ڕازی بێت _ ، كـە ئیمـامی (أبـوداود) بـە (مرفـوع)ی دەیگێڕێتـەوە : ((لا تَقْطَعَـوا اللَّحْـمَ بالسـكِّين ، فإنـه مـن صَـنيعِ الأعَـاجِم ، وانْهشُـوهُ ، فإنـه أهْنَـأ وأمـرأُ))[٥٩١] واتـە : ((گۆشـت بـە چـەقۆ لـەت مەكـەن ، چـونكە لـە كردەوەی عەجەمەكانە ، بـەڵكو قـەپی پێدابكـەن ، چونكە خۆشـترو بـەتامترە)) · ئیمـامی (أحمـد) بـەدوو فـەرموودەی (صـحيح) لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ كـە تيايـدا هـاتووە كـەوا گۆشـتی بەچـەقۆ لـەت كـردووە بەرپەرچـی فەرموودەكـەی سـەرەوە دەداتـەوە ، كـە پێشـتر باسمان كردووە ·

گۆشتیش چەندین ڕەگـەزو جـۆرە دەگـۆڕێت بـە جیـاوازی بنچینەو سروشـتی گۆشـتەكە ، ئێمەش حوكمی هەر ڕەگەزو جۆرێك لە گەڵ سروشت و سوودو زیانەكانیدا ڕوون دەكەینەوە.

<u>لحمُ الضأن</u> ، گۆشـتی خوریـدار (مـەڕو بـەران) : گـەرمـە لـە دووەمـدا ، تەڕوشـێدارە لـە یەكەمدا ، چاكترینی ئەوەیە سـاڵێكی تـەواو كردبـێ ، خـوێنێكی ستایشـكراوی بـەهێز دروسـت دەكـات بـۆ ئـەو كەسـانەی بەباشـی هەرسـی دەكـەن ، بـۆ كەسـانی خـاوەن میزاجـی سـاردی مامناوەند چاكە ، هەروەها بۆ وەرزشكارانی تـەواو لـە جێگـەو وەرزە ساردەكاندا بەسـوودە ،

---

[٥٩١] _ سبق تخريجه ·

بۆ کەسانی خاوەن (المرّة السوداء) بەسوودە ، بیرو هزرو توانای لەبەرکردن بەهێز دەکات ، گۆشتی مەڕی زۆر پیرو لاوازو خراپە ، هەروەها گۆشتی مێینەش (النِّعاج) ، بەڵام چاکترینی : گۆشتی نێری ڕەشە ، چونکە سووکترو بەلەزەترو بەسوودترە ، (الخصيُّ) گوونەکانیشی بەسوودترو چاکترە ، ئاژەڵی سووری قەڵەو سووکترەو خۆراکێکی چاکیشە ، بزنی دوو ساڵە خۆراکێکی کەم سوود دەبەخشێت و ، سەر گەدەش دەکەوێت ٠

چاکترین گۆشتیش ئەو گۆشتەیە کە بە ئێسکەوەیە ، لای ڕاست لە لای چەپ سووکترو چاکترە ، بەشی پێشەوە لە بەشی دواوە چاکترە ، خۆشترین گۆشتی مەڕ بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ بەشی پێشەوەی بوو ، بەشی پێشەوەی مەڕ جگە لە سەر لە بەشی دواوە سووکترو چاکترە ، (الفرزدق) پارەی دایە پیاوێك گۆشتی بۆ بکڕێت و پێی گووت : بەشی پێشەوە بکڕەو ، دورکەوەرەوە لە سەرو سك ، چونکە نەخۆشیان تێدایە ٠

گۆشتی مل چاك و بەلەزەتە ، سووك و خێرا هەرسە ، گۆشتی دەست سووکترین و بەلەزەترین و نەرم و نیانترین گۆشتەو لەهەمووشی لە زیانەوە دورترە ، لەهەمووشی خێرا هەرسترە ٠

وفي الصحيحين : أنه كان يُعجِب رسول الله ﷺ[٥٩٢]) ٠

واتە : لە (الصحیحین)دا هاتووە : پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لێبوو ٠

گۆشتی پشت خۆراکێکی زۆری تێدایە ، خوێنێکی ستایشکراو دروست دەکات ، وفي سنن ابن ماجة مرفوعاً : ((أطيَبُ اللَّحْمِ لَحْمُ الظَّهْرِ))([٥٩٣]) ٠

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((خۆشترین گۆشت گۆشتی پشتە)) ٠

---

[٥٩٢] ـ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ١٦٣ ، ١٧٢) ، (٦ / ١٠٥) ، ومسلم (١ / ١٢٧ ، ١٢٩) كلاهما عن أبي هريرة فذكره في حديث طويل ٠

[٥٩٣] ـ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٣٠٨) ، وضعفه الألباني في ضعيف ابن ماجة (٧١٦) ٠

لحمُ المَعْز ؛ گۆشتی بزن : گەرمیی کەمە ، ووشکە ، ئەو تێکەڵاوەی لێوە دروست دەبێ باش نی یەو هەرسکردنیشی چاك نی یە ، خۆراکێکی ستایشکراو نی یە ، گۆشتی سابرێن خراپە بەرەهایی ، زۆر ووشکە ، بەد هەرسە ، خەڵتەی (السوداوي) دروست دەکات ٠

(الجاحظ) دەڵێت : پزیشکێکی بەڕێز پێی گووتم : ئەی (أبا عثمان) دورکەوەرەوە لە گۆشتی بزن ، چونکە خەم و خەفەت دروست دەکات ، (السوداء) دەجولێنێت ، لەبیرچوونەوە دروست دەکات ، خوێن خراپ دەکات ، سوێند بەخوا منداڵ شێت دەکات ٠

هەندێ لە پزیشکان گووتویانە : لە ڕاستیدا ئەوەی زەم دەکرێت گۆشتی بزنی پیرە ، بەتایبەت بۆ بەساڵاچووان ، هیچ خراپیەکی تێدا نی یە بۆ ئەوانەی پێی ڕاهاتوون ، (جالینوس) بزنی یەك ساڵەی بە خۆراکە مامناوەندە ڕێکخەرەکانی کیمۆسی ستایشکراو داناوە ، مێینەشی لە نێرینە باشترە ٠

وقد روى النسائي في سننه : عن النبيِّ ﷺ: ((أحْسِنوا إلى الماعِزِ وأمِيطُوا عنها الأذى ، فإنها من دواب الجنَّةِ)) وفي ثبوت هذا الحديث نظرٌ ؛ واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((چاکەکاربن لە گەڵ بزنداو ، پیسی لێ دوربخەنەوە ، چونکە لە گیاندارانی بەهەشتە)) ٠ پێشەوا _ ابن القيم _ دەفەرمێت : بەڵام جێگیربوونی ئەم فەرموودە جێگەی تێڕوانینە ٠

پزیشکان حومی زیانبەخشینیان داوە بەسەر گۆشتی بزندا بە جورئی نەك بە گشتی ، ئەمەش بەگوێرەی گەدەی لاوازو ، میزاجی لاوازە کە پێی ڕانەهاتوون و ، بە خۆراکی مام ناوەندی چاکی نەرم و نیان ڕاهاتوون ، ئەوانەش خەڵکانی خۆشگوزەرانن لە خەڵکی شاران ، کە کەمێکی خەڵکن ٠

لحمُ الجَدْي ؛ گۆشتی کاریلە : نزیکی مامناوەندە ، بەتایبەت تاوەکو شیرەخۆرە بێت ، بەو مەرجەی بەم نزیکانە لە دایك نەبوبێت ، خێرا هەرس دەبێ بەهۆی هێزی ئەو شیرەوە کە

تیایدایه ، خوو نەرم ونیان دەکاتەوە ، گونجاوی زۆربەی خەڵکە لە زۆربەی باروحاڵەکاندا ، لە گۆشتی ووشتر نەرم ونیانترە ، خوێنێکی مام ناوەند دروست دەکات ٠

لحم البَقَر « گۆشتی مانگا : ساردی ووشکە ، درەنگ هەرسە ، بەهێواشی لە گەدە لیژ دەبێتەوە ، خوێنێکی (سوداوي) دروست دەکات ، باش نی یە تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێ کە ماندووبوون و هیلاکیەکی زۆر دەکێشن ، زۆر خواردنی نەخۆشیە (سوداوي)کانی ، وەکو بەڵەکی و گەڕی و ، ووشك هەڵاتووی و قڵیشانی پیست و نەمانی تووك بەسەریەوەو گولی و ، ئاوسانی دەست و پێ و ، سەرەتان و ، دودڵیی و ، تای چواربەڕۆو ، زۆرێك لە ئاوسانەکان دروست دەکات ، ئەمە بۆ ئەو کەسانەی پێی ڕانەهاتوون ، یا زیانی گۆشتەکەیان بە بیبەرو سیرو دارچین و زەنجەفیل و بەو هاوشێوانە لانەبردووە ، بەڵام گۆشتی گا ساردیی کەمترەو ، گۆشتی مانگاش ووشکی کەمترە ٠

گۆشتی گوێرەکە بەتایبەت قەڵەو چاکترین و ناوەندیترین و خۆشترین و بەلەزەترین و ستایشکراوترین گۆشتە ، گۆشتێکی گەرمی تەڕو شێدارە ، ئەگەر بەباشی هەرس بێت خۆراکێکی بەهێز دەبەخشێت ٠

لحم الفَرَس « گۆشتی ئەسپ : ثبت في الصحيح عن أسماء _ رضي الله عنها _ ، قالت : نَحرْنا فرساً فأكلناه على عهدِ رسول الله ﷺ ([594]).

واتە : لە (أسماء)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : لە زەمەنی پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەسپێکمان سەبڕی و خواردمان ٠

---

[594] _ صحيح : أخرجه الحميدي (٣٢٢) ، وأحمد (٦ / ٣٤٥ ، ٣٤٦ ، ٣٥٣) ، وعبد بن حميد (١٥٧٣) ، والدارمي (١٩٩٨) ، والبخاري (٧ / ١٢١ ، ١٢٣) ، ومسلم (٦ / ٦٦) ، وابن ماجة (٣١٩٠) ، والنسائي (٧ / ٢٢٧ ، ٢٣١) كلهم من رواية فاطمة بنت المنذر عن أسماء بنت أبي بكر فذكرته ٠

وثبت عنه ﷺ أذن في لحوم الخيل ، ونَهى عن لحوم الحُمُر · أخرجاه في الصحيحين([595]).

واته : به (صحيح)ى له پێغەمبەری خواوه ﷺ هاتووه : كەوا ڕێی داوه به گۆشتی ئەسپ بخورێت و ، خواردنی گۆشتی گوێدرێژی قەدەغە كردووه ·

بەڵام ئەو فەرموودەيەی (المقدام)ی كوڕی (معدي كرب) _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەيگێڕێتەوه كه گوايه پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی خواردنی گۆشتی ئەسپی كردووه (صحيح) نيه· پێشەوا (أبو داود)و كەسانی فەرموودەناسی ديكەش ئەمەيان فەرمووه ·

كاتێ خوای تعالی له قورئاندا ئەسپ لە گەڵ قاترو گوێدرێژدا جووت دەكات و بەيەكەوه باسيان دەكات ، بەڵگه نی يه لەسەر ئەوەی حوكمی گۆشتی ئەسپ وەكو حوكمی گۆشتی ئەو دوانە بێت بە هەر ڕووەيەك بێت ، هەروەها بەڵگە نيە كەوا حوكمی لە بەشی دەستكەوتەكانی جەنگدا حوكمی ئەسپ بێت ، خوای تعالی له كاتی باس كردندا جار بە جار هاوشێوەكان جووت دەكات و ، جار به جار جياوازەكان و ، جار به جاريش دژ بەيەكەكان·

خوای تعالی كه له قورئاندا دەفەرمێت ﴿ لِتَرْكَبُوهَا ﴾[النحل : ٨] واتە : بۆ ئەوەی سواريان بن([596]) ، قەدەغەی خواردنی گۆشتەكەی نەكردووه ، هەروەها قەدەغەی نەكردووه جگه له سواربوون سوودی ديكەی لێ وەرگيرێت ، بەڵكو تەنها باسی بەڕێزترين سوودەكانی دەكات ، كه سواربوونه ، هەردوو فەرموودەكەش سەبارەت بە حەڵاڵبونی گۆشتی ئەسپ (صحيح)ن و بەرهەڵستكاريان نی يه · پاشان · گۆشتی ئەسپ گەرمی ووشكە ، چڕو (سوداويٌ) زيانبەخشەو بۆ جەستە نەرم و نيانەكان چاك نی يه ·

---

[595] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣٦١ ، ٣٨٥) ، والدارمي (١٩٩٩) ، والبخاري (٥ / ١٧٣) ، (٧ / ١٢٣) ، ومسلم (٦ / ٦٥) ، وأبوداود (٣٧٨٨) ، والنسائي (٧ / ٢٠١) كلهم من طريق حماد بن زيد عن عمرو بن دينار عن محمد بن علي عن جابر فذكره ·

[596] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسيری قورئان ·

لحم الجَمل ، گۆشتی ووشتر : جیاوزیەکە لە نێوان ڕێباوەڕەکانی سوونەو شیعەدا ، هەروەها یەکێکە لە جیاوازیەکانی نێوان جولەکەو موسڵمانان . جولەکەو شیعە زەمی دەکەن و نایخۆن ، بەڵام لە ئاینی ئیسلامدا حەڵاڵبونی زانراوەو ، چەندەها جار پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بەڕێز لە ماڵ و لە سەفەریشدا خواردویانە .

گۆشتی بەچکە ووشتر بەلەزەترین و خۆشترین گۆشتە ، خۆراکێکی بەهێز بەجەستە دەبەخشێت ، بۆ ئەو کەسانەی پێی ڕاهاتوون لە جێگەی گۆشتی خوریدارەکانی وەکو مەڕو بەرانەو هیچ زیانێکیان پێ ناگەیەنێت و ، هیچ نەخۆشیەکیان بۆ دروست ناکات ، لەڕاستیدا هەندێ لە پزیشکان زەمیان کردووە بەتایبەت بۆ خەڵکانی خۆشگوزەران وەکو خەڵکی شاران ئەوانەی پێی ڕانەهاتوون ، چونکە گەرمی و ووشکێتی تیدایە ، (السَّوداء) دروست دەکات ، دەرەنگ هەرسە ، هێزێکی ناستایشکراوی تێدایە ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی داوە بەدەستنوێژ گرتن ئەگەر خورا ، ئەوە لە دوو فەرموودەی (صحیح)دایە کە بەرهەڵستکاریان نی یە ، وە نابێت فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە تەنها بەدەست شتن لێك بدرێتەوە ، چونکە پێچەوانەی دەستنوێژی زانراوە کە باسی دەستنوێژ دەکات ، چونکە جیاوازی کردووە لە نێوان گۆشتی ووشترو گۆشتی مەڕدا ، بۆ گۆشتی مەڕ مرۆڤی سەرپشك کردووە لە نێوان دەستنوێژگرتن و نەگرتنیدا ، بەڵام بۆ گۆشتی ووشتر دەستنوێژگرتنی پێویست کردووە . بۆیە ئەگەر لێرەدا دەستنوێژگرتن تەنها بە دەستشتن لێك بدرێتەوە ، دەبێ فەرمایشتەکەی دیکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ((مَن مسَّ فَرجَهُ فَلْيَتَوَضأ))([597]) بەم شێوە لێك بدرێتەوە واتە : ((هەرکەس دەستی بەر ئەندامی زاوزێی کەوت با دەست بشوات)) ، بەڵام مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ لێرەدا دەست شتن نی یە بەڵکو دەستنوێژگرتنە بۆیە لێکدانەوەی فەرموودەیە ئاوەهایە : ((هەرکەس دەستی بەر ئەندامی زاوزێی کەوت با دەستنوێژبگرێت)) .

---

٥٩٧ ــ إسناده صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٤٠٦) ، وصححه الألباني في الإرواء (١١٧) .

هەروەها : کەسی بخۆری گۆشتی ووشتر پێدەچێ بەدەستی خۆی گۆشتەکە نەخوات" بەڵکو پێدەچێ بکرێ بە دەمیەوە ، کەوابوو لێرەدا ئەگەر مەبەست بەدەستنوێژگرتنەکە تەنها شتنی دەستەکان بوایە ، ئەوا شتەکە دەبویە گاڵتەکردن و ، ئەوجا گوفتاری دانەری شەرعیش بەشێوەیەك لێك دەدرایەوە کە مەبەستی ڕاست و زانراو نی یەو" بەپێی نەرێتی باویش نی یە ٠

هەروەها نابێ هیچ بەرهەڵستاکارێکی بۆ دروست بکرێت بەتایبەت بەو فەرموودەیەی کە هاوەڵان فەرموویانە : ((کۆتا هەردوو کارەکە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەوەبوو کە واز لە دەستنوێژگرتن بهێنرێت سەبارەت بە خواردنی ئەو شتانەی کە ئاگریان بەرکەوتووە)) ، لە بەر چەند هۆکارێك :

یەکەمیان : ئەمە فەرموودە گشتی یەو ، فەرمانکردن بە دەستنوێژگرتن لە ئەنجامی خواردنی گۆشتی ووشترەوە تایبەتە ٠

دووەم : لایەنەکان جیاوازە ، چونکە فەرمانکردن بەدەستنوێژگرتن لە بەر ئەو لایەنەیە کە گۆشتی ووشترە ، با کاڵ و نەکوڵاو بێ ، یاخود کوڵاوبێ ، یاخود ووشکرابێتەوەو ، لێرەدا ئاگر هیچ پەیوەندیەکی بەدەستنوێژگرتنەکەوە نی یە ٠ بەڵام کاتێ واز لە دەستنوێژگرتن دەهێنرێت لە کاتی خواردنی ئەو شتانەدا کە ئاگری بەرکەوتووە ، والێکدراوەتەوە کە ئاگر هۆکار نی یە بۆ دەستنوێژگرتن ٠ کەوابوو لێرەدا جێگەی خۆیەتی بگوترێت پەیوەندی ئەمە بەوەوە چی یە ؟ ئەمە جێگیرکردنی هۆکاری دەستنوێژگرتنەکەی تێدایە ، چونکە گۆشتی ووشترەو ، ئەوەش نەفی کردنی هۆکاری دەستنوێژگرتنی تێدایە ، کە گوایە ئاگری بەرکەوتووە ، بۆیە هیچ بەرهەڵستکاریەکیان لە نێواندا نی یە ٠

سێ یەم : ئەم فەرموودە باسی بێژەو گوفتارێکی گشتی تێدا نەکراوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموبێتی ، بەڵکو هەواڵی دوو ڕووداومان بۆ دەگێڕێتەوە ، کە ڕووداوێکیان پێشی

ئەویتر کەوتووە ، لە فەرموودەکەدا هەردوو ڕووداوەکە بەم جۆرە باسکراوە : گۆشتیان خستە پێش دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەبوو خواردی وپاشان کاتی نوێژ هات ، ئەوەبوو دەستنوێژی گرت و نوێژی کرد ، پاشان جارێکی تر گۆشتیان خستە پێش دەستی ئەویش خواردی و پاشان نوێژی کردو دەستنوێژی نەگرتەوە ، کەوابوو کۆتا هەدوو شتەکە ئەوە بوو کە وازی لە دەستنوێژگرتن هێنا بۆ ئەوانەی بەری ئاگر کەوتوون ، ئابەم شێوازە فەرموودەکە هاتووە · ئەو کەسەش کە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە کورتی کردۆتەوە تەنها بۆ جێگەی بەڵگەهێنانەوە ، باشە لەم ڕووداوەدا چ شتێك بەدیدەکرێت شایستەبێ بکرێ بەبەڵگە بۆ (نسخ)کردنەوەی فەرمان کردن بەدەستنوێژگرتن لە کاتی خواردنی گۆشتی ووشتردا ، تا ئەو ئاستەی ئەگەر فەرموودەکە بێژەو گوفتارێکی گشتی دواتری بەرهەڵستیکاریش بێ ، هەر بۆ (نسخ)کردن ناشێ و ، هەر پێویستە تایبەتیی پێش بخرێت ، ئەمەش لەوپەڕی ڕوونیدایە ·

لحم الضَّب ، گۆشتی بزن مژە : پێشتر باسی حەڵاڵێتیمان کردوە ، گۆشتەکەی گەرمی ووشکە ، شەهوەت و ئارەزووی جووتبوون دەجولێنێت ·

لحم الغزال ، گۆشتی ئاسکە نێرینە([598]) : چاکترین نێچیرو ستایشترین گۆشتی هەیە ، گەرمی ووشکە ، هەروەها گوتراوە : زۆر چاك و مامناوەندە ، بۆ جەستە مامناوەندە تەندروستەکان بەسوودە ، چاکترینیشی بێچووەکانە ·

لحم الظبي ، گۆشتی ئاسکە مێینە : گەرم و ووشکە لە یەکەمدا ، جەستە ووشك دەکاتەوە ، بۆ جەستە تەڕو شێدارەکان چاکە ، دانەری کتێبی (القانون) دەڵێت : چاکترین گۆشتی ئاژەڵە کێویەکان گۆشتی ئاسکە مێینەیە ، ئەگەرچی مەیلی لای (السوداوي) دەکات ·

---

[598] _ پێشەوا (النووي) لە کتێبی (المجموع شرح المهذب)دا فەرموویەتی : (إمام الحرمين) دەفەرمێت : ڕاست ئەوەیە کە لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (الغزال) بۆ نێرینەی ئاسك بەکاردەهێنرێت و ، ووشەی (الظبي)یش بۆ مێینەکانیان · بڕوانە سایتی : www.ahlalhdeth.com ، وەرگێڕ ·

لحم الأرانب ؛ گۆشتی کەروێشك : ثبت في الصحيحين : عن أنس بن مالك ، قال : أَنْفَجْنا أرنباً فَسَعَوْا في طلبها ، فأخذوها ، فبعث أبوطلحة بِوَرِكِهَا إلى رسول الله ﷺ فَقَبِلَهُ[٥٩٩].

واتــه : لــه (أنــس)ی کــوڕی (مالــك)ەوه _ خــوای لــێ ڕازی بێــت _ ، فەرموویــەتی : کەروێشکێکمان لە شوێنی خۆی هەڵسان و خەڵکی بەدوایدا ڕایان کردو ، بردیان ، (أبو طلحة) ڕانەکەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ناردو ئەویش قبوڵی کرد ٠

گۆشتی کەروێشك : مامناوەندە بۆ گەرمی و ووشـکێتی ، ڕانیشـی لـە هـەمووی خۆشـترە ، ستایشترین خواردنی گۆشتەکەی بەبرژاندنە ، سك ڕادەگرێت ، میزهێنەرە ، بەرد وورد دەکـات ، خواردنی سەری بۆ نەهێشتنی لەرزین بەسوودە ٠

لحم حمار الوحش ؛ گۆشتی گوێدرێژی کێوی : ثبت في الصحيحين : من حديث أبي قتادة _ رضي الله عنه _ : أنهم كانوا مع رسول الله ﷺ في بعض عُمَره ، وأنه صادَ حَمَارَ وحش ، فأمَرهُم النبيُّ ﷺ بأكله وكانوا مُحْرَمِين ، ولم يكن أبوقتادة مُحْرِماً[٦٠٠].

واتە : لە (أبي قتادة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ : کەوا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بوون ﷺ لە عومرەیەکیدا ، (أبي قتادة)ش گوێدرێژێکی کێوی ڕاوکرد ، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێدان بیخۆن و ئیحرامیشیان بەستبوو ، بەڵام (أبي قتادة) ئیحرامی نەبەستبوو ٠

وفي سنن ابن ماجة : عن جابر قال : أكلنا زمنَ خيبرَ الخيلَ وحُمُر الوحش[٦٠١].

---

٥٩٩ _ صحيح : أخرجه البخاري (٣ / ٢٠٢) ، (٧ / ١١٤ ، ١٢٥) ، ومسلم (٦ / ٧١) كلاهما من طريق هشام بن زيد عن أنس فذكره ٠

٦٠٠ _ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ٤٩) ، (٧ / ١١٥) ، ومسلم (٤ / ١٥) كلاهما من طريق نافع مولى أبي قتادة عن أبي قتادة فذكره ٠

واته : له (جابر)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بیّت _ فەرموویەتی : له زەمەنی جەنگی (خیبر)دا گۆشتی ئەسپ و گوێدرێژی کێویمان خوارد ٠

گۆشتەکەی گەرمی ووشکە ، خۆراکێکی زۆر بەجەستە دەبەخشێت ، خوێنێکی چڕی (سوداوي) دروست دەکات ، بەڵام بەزوپێوی لە گەڵ ڕۆنی (القُسط)دا بۆ پشت ئێشەو بای چڕی شلکەرەوەی گورچیلە بەسوودە ، هەروەها بەزوپێوی بۆ سوورهەڵگەڕان و شڵی بەسوودە بەتێهەڵسوان ، بەگشتی گۆشتی ئاژەڵە کێویەکان هەرهەمووی خوێنێکی چڕی (سوداوي) دروست دەکەن و ، چاکترینیان گۆشتی ئاسکەو ، پاشان کەروێشك ٠

لحوم الأجنة ، گۆشتی کۆرپەڵەی سکی دایك : چاك و ستایشکراو نی یە چونکە خوێنی تێدا کۆبۆتەوە ، بەڵام حەرام نی یە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ذَكَاةُ الجَنِين ذَكاةُ أُمِّه))([602]) واتە : ((سەربڕینی کۆرپەڵەی سکی دایك سەربڕینی دایکیەتی)) ٠

خەڵکی عێراق قەدەغەی خواردنیان کردووە " مەگەر بەزیندووی پێی بگەن و سەری بڕن ، فەرموودەکەشیان واڵێکداوەتەوە کەوا مەبەست بەم جۆرەیە : سەربڕینی وەکو سەربڕینی دایکێتی ٠ گووتیان : ئەمە بەڵگەیە لەسەر حەرامبوون ، بەڵام ئەمە گوفتارێکی پوچە ، چونکە سەرەتای فەرموودەکە ئەوەبوو کە لە پێغەمبەری خوایان پرسی ﷺ و ، گووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مەڕ سەردەبڕین و ، کۆرپلەی لە سکدا دەبینین ، ئایا بیخۆین ؟ ئەویش فەرمووی : ئەگەر ئارەزووتان لیّ بوو بیخۆن چونکە سەبڕینی سەربڕینی دایکێتی ٠

هەروەها : (القیاس)یش حەڵاڵبوونی دەچەسپێنیّ ، چونکە تاوەکو لە سکی دایکدا هەڵگیرابێت بەبەشێك لە بەشەکانی دایك دادەنرێت ، سەربڕینی دایکیش سەربڕینە بۆ هەموو

---

[601] _ صحيح : أخرجه أحمد (٣ / ٣٢٢ ، ٣٥٦ ، ٣٦٢) ، ومسلم (٦ / ٦٦) ، وأبوداود (٣٧٨٩) ، وابن ماجة (٣١٩١) ، والنسائي (٧ / ٢٠١ ، ٢٠٥) كلهم من طريق أبي الزبير عن جابر فذكره ٠

[602] _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٢٨٢٧) ، وصححه الألباني في الإرواء (٢٥٣٩) ٠

بەشـەكانیی ، ئـا ئەمەیـە كـە دانـەری شـەرع ئامـاژەی پێـداوە بەفەرمایشـتی : سـەربڕینی سـەربڕینی دایكێتـی ، هـەروەك سـەربڕینی سـەربڕینە بـۆ تێكـڕای بەشـەكانی ، بۆیـە ئەگـەر سوونەتی ئاشكەراش نەهاتبا سەبارەت بە خواردنی ، بەدڵنیایی (القیاس)ی ڕاست و دروست حەڵاڵبونی پێویست دەكرد ٠

لحم القَدید : گۆشتی ووشك : في السنن : من حديث ثَوْبَانَ _ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ _ قال : ذبحتُ لرَسُولَ اللَّـهِ ﷺ شـاةً ونحـن مسـافرون ، فقَـالَ : ((أصْلِحْ لَحْمَهَـا)) فلَـمْ أزَلْ أُطعمُـه منـه الى الْمَدِينَة([603]).

واتە : لە (ثوبان)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : لە سەفەردا بـووین مـەڕێكم بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ سەربڕی ، فەرمووی : ((گۆشـتەكەی چـاك بكـە)) ئـەوەبوو بـەردەوام پـێم دەدا بیخـوات تـاوەكو گەشـتینەوە مەدینـە ٠ القدیـد : لـە (النمكسـود) بەسـوودترە ، جەستەكان بەهێز دەكات ، ئالۆشی و خورو دروسـت دەكـات ، بـەڵام زیانـەكانی بـە بـەهاراتی سـاردی تـەڕو شـێدار (الأبـازیر) دوردەخرێتـەوە ، میزاجـە گەرمـەكان چـاك دەكاتـەوە ٠ النمكسودُ ؛ گەرم و ووشكە و هەروەها ووشكاریشە ، چكترینی ئەوەیە لـە قەڵـەوی تەڕوشـێدار بێ ، زیان بە نەخۆشـی (القـولنج) دەگەیـەنێت ، بەكوڵانـدن لـە گـەڵ شـیرو ڕۆنـدا زیانـەكانی دوردەخرێتەوە ، بۆ خاوەن میزاجی گەرمی تەڕو شێدار چاكە ٠

بەشێك : سەبارەت بە گۆشتی باڵندە :

خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّـا يَشْتَهُونَ ﴾[الواقعـة : ٢١] واتـە : وە گۆشتی هەر باڵندەیەك حەزی لێ بكەن([604])٠

---

[603] _ صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ٢٧٧ ، ٢٨١) ، والدارمي (١٩٦٦) ، ومسلم (٦ / ٨١ ، ٨٢) ، وأبوداود (٢٨١٤) ، كلهم من طرق جبير بن نفير عن ثوبان فذكره ٠

وفي مسند البزار وغيره مرفوعاً : ((إنك لَتَنْظُرُ إلى الطَّيرِ في الجَنَّةِ ، فَتَشْتَهيهِ ، فيَخِرُّ مشوياً بين يَدَيْكَ))([605])

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((تۆ لە بەهەشتدا تەماشای باڵندە دەکەیت و ، حەز بەخواردنی دەکەیت ، بۆیە یەکسەر بە برژاوی دێتە پێش دەستت)) .

گۆشتی باڵندە بەشێکی حەڵاڵەو ، بەشێکیشی حەرامە .

حەرام : چڕنووکداری وەکو : هەڵۆ و ، باز و ، شاهین([606]) ، ئەوانەش کە لاکی ئاژەڵانی تۆپیو دەخۆن وەکو داڵ ، (الرَّخم)([607]) ، لەق لەق ، (العقعق)([608]) ، قەلەڕەشی پەڵاوی و ، ڕەشی گەورە ، ئەوانەش کە قەدەغەی کوشتنیان کراوە وەکو پەپوسلێمانکەو ، بازوڕ(الصُرد)([609]).

---

[604] ـ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان .

[605] ـ إسناده ضعيف : ضعفه الألباني في ضعيف الترغيب والترهيب (٢٢٠٧) .

[606] ـ ئەمانە جۆرێکن لە باڵندە بۆ ڕاوکردن بەکاردێن ، بڕوانە : لسان العرب . وەرگێڕ .

[607] ـ الرَّخم : باڵندەیەکە پەڕوپۆی زۆرە ، ڕەنگی سپییەو خاڵخاڵی ڕەشی تێدان ، دەندوکی درێژو کەوانەیی کەمەو ڕەنگی خاکی مەیلەو سوورە ، لە شێوەدا وەکو داڵ وایە ، بڕوانە : قامووسی ڕستە ، مەلا محمودی کەلالەیی . هەروەها بڕوانە : لسان العرب . وەرگێڕ .

[608] ـ العقعق : ڕەنگی ڕەش و سپی یەو کلکی درێژە ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە دەتوانێت بیکوژێت چونکە جۆرێکە لە قەلەڕەش ، بڕوانە : لسان العرب . وەرگێڕ .

[609] ـ بازوڕ (الصُرد) : باڵندەیەکە لە چۆلەکە گەورەترە سەری گەورەیەو ژێر سکی سپی یەو سەرپشتی سەوزەو پەلەوەری بچوک ڕاو دەکات ، بڕوانە : فەرهەنگی دەریا . وەرگێڕ .

حەڵاڵیش : چەندین جۆرە ، لەوانە :

الدجاج ، مریشك : ففي الصحيحين من حديث أبي موسى أنَّ النبيَّ ﷺأكل لحم الدَّجاج([610]).

واتە : لە (أبي موسى)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ گۆشتی مریشكی خوارد .

گۆشتی مریشك گەرم و تەڕە لە یەكەمدا ، بەسەر گەدەوە سووكە ، خێرا هەرسە ، خەڵتەكەی چاكە ، مێشك دەكاتەوە ، تۆماوی نێرینە زیاد دەكات ، دەنگ ساف دەكاتەوە ، ڕەنگ وبۆ جوان دەكاتەوە ، ئەقڵ بەهێز دەكات ، خوێنێكی چاك دروست دەكات ، مەیلی لای تەڕی و شێداری دەكات ، گوتراوە : زۆر خواردنی نەخۆشی جومگەژان دروست دەكات ، بەڵام ئەمە جێگیر نەبووە .

لحم الديك ، گۆشتی كەڵەشێر : میزاجی گەرمترە ، تەڕی وشێداری كەمترە ، كەڵەشێری بەتەمەنی گەورە دەرمانێكەو بۆ نەخۆشیەكانی وەكو (القولنج)و ، تەنگەنەفسی (الربو)و ، بای چڕ بەسوودە ئەگەر لە گەڵ (ماء القرطم)و ([611]) (الشبث)([612])دا بكوڵێندرێت ،

---

[610] _ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ١٠٩) ، (٥ / ٢١٨) ، (٧ / ١٢٢) ، (٨ / ١٦٤ ، ١٧٢ ، ١٨٣) ، (٩ / ١٩٦) ، ومسلم (٥ / ٨٣ ، ٨٤) كلاهما من طريق زهدم الجرمي عن أبي موسى فذكره .

[611] _ القرطم : ڕووەكێكی گیایی وەرزیەو ، نزیكی مەترێك بەرز دەبێتەوە ، ڕەنگی گوڵەكانی لە نێوان زەردێكی كاڵ و سورێكی كاڵدایە ، تۆوەكانی لولەكیەو ، گوڵ و كۆسپ و زەیت و تۆوەكانی بەكاردێت . بڕوانە سایتی : www.snbl.com ، وەرگێڕ .

[612] _ الشبث : ڕووەكێكی وەرزیەو ، نزیكەی (٢٠ _ ٦٠)سم بەرز دەبێتەوە ، ڕەنگی گوڵەكانی مەیلەو زەردن ، گەڵاكانی دەزوولەیەو ، تۆوەكەی بچوكەو ، بەشی بەكارهاتوش تۆوەكەیەتی . بڕوانە : www.snbl.com ، ,وەرگێڕ .

گوونەکانیشی (خصيُّها) خواردنێکی ستایشکراوە ، خێرا هەرسە ، فرووجەکانیش خێرا هەرسە ، خوو نەرم ونیان دەکاتەوە ، ئەو خوێنەی لێوە دروست دەبێ خوێنێکی نەرمونیانی چاکە ٠

لحم الدُّرَّاج ، گۆشتی سوێسکە : گەرم و ووشکە لە دووەمدا ، سووك و نەرم ونیانە ، خێرا هەرسە ، خوێنێکی مامناوەندی چاك دروست دەکات ، زۆر خواردنی چاو تیژ دەکات ٠

لحم الحَجَل ، گۆشتی پۆڕ : خوێنی چاك دروست دەکات و ، خێرا هەرسە ٠

لحم الإوَزِّ ، گۆشتی قاز : گەرمی ووشکە ، خۆراکێکی خراپ دەبەخشێ بۆ ئەو کەسانەی لەسەری ڕاهاتوون و بەبەردەوامی دەیخۆن و ، پاشەڕۆشی زۆر نی یە ٠

لحم البَطِّ ، گۆشتی مراوی ، سۆنە : گەرمی تەڕو شێدارە ، پاشەڕۆی زۆرە ، درەنگ هەرسە ، گونجاوی گەدە نی یە ٠

لحم الحُبارَى ، گۆشتی چێرگ : في السنن من حديث بُرَيَّة بن عمر بن سَفينةَ ، عن أبيه ، عن جدِّه _ رضي الله عنه _ قال : أكلتُ مع رسول الله ﷺ لَحْمَ حُبَارَى([613]).

واتە : (بُرَيَّة) ، لە باببیەوە ، لە باپیریەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ گۆشتی چێرگمان خوارد ٠

گۆشتەکەی گەرمی ووشکە ، درەنگ هەرسە ، بۆ وەرزشوانان و ئەوانەی ئیش وکاری ماندووبوون دەکەن بەسوودە ٠

---

٦١٣ _ ضعيف : أخرجه أبوداود (٣٧٩٧) ، والترمذي (١٨٢٨) ، وفي الشمائل (١٥٥) كلاهما من طريق عمر بن سفينة عن سفينة فذكره ٠

لحم الكُرْكيِّ ، گۆشتی قولَینگ : ووشك و سووكه ، سەبارەت بە میزاجی گەرمی و ساردی گۆشتەكەی جیاوازی هەیە ، خوێنێكی (سوداوی) دروست دەكات ، بۆ ئەوانەی ڕەنج و ماندوبونێكی زۆر دەدەن لە ئیش و كارەكانیاندا بەسوودە ، پێویستە پاش سەربڕین ڕۆژێك یاخود دوو ڕۆژ وازی لیّ بهێنرێت و ، پاشان بخورێت .

لحم العصافير والقَنابر ، گۆشتی چۆلەكەو كلاّوكوڕە : روى النسائي في سننه : من حديث عبد الله بن عمرو رضي الله عنه أن النبيَّ ﷺ قال : ((ما من إنسانٍ يَقتُل عُصفورا فما فوقَهُ بغير حَقِّهِ إلا سألَهُ الله _ عز و جل _ عنها ، قيل : يا رسول الله ! وما حقُّه ؟ قال : تَذْبحه فتأكُلُهُ ولا تَقْطَعُ رأسهُ وتَرْمي به))([614]).

واته : له (عبدالله)ی كوڕی (عمرو)ەوه _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((هەر مرۆڤێك چۆلەكەیەك و لەویش بەرزتر بكوژێت بەبیّ ئەوەی هەقی خۆی بدات ، مەگەر خوای _ عزَّوجلَّ _ لێی دەپرسێتەوە ، گوترا : ئەی پێغەمبەری خوا ! هەقەكەی چی یە ؟ فەرمووی : سەری بڕێت و بیخوات نەك سەری لە لەشی جیاكاتەوەو فڕێی بدات)) .

وفي سننه أيضا : عن عمرو بن الشَّريد ، عن أبيه قال : سمعتُ رسولَ الله ﷺ يقول : ((مَنْ قَتَلَ عُصْفوراً عَبَثاً ، عَجَّ الى الله يقولُ : يا ربِّ إنَّ فُلاناً قَتَلَني عَبَثاً ، ولم يَقْتُلْني لِمَنْفَعَته))([615]).

---

614 _ إسناده ضعيف : أخرجه النسائي (٧ / ٢٠٧) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٥١٥٧) .

615 _ إسناده ضعيف : أخرجه أحمد في المسند (٤ / ٣٨٩) ، وضعفه الألباني في ضعيف الترغيب والترهيب (٦٨٠) .

واتە : لە (عمرو)ی کوڕی (الشَّرید)ەوە _ خوای لیّ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم ﷺ دەیفەرموو : ((هەرکەس بەخۆڕا چۆلەکەیەك بکوژێت ، دەنگی بۆ لای خوای تعالى بەرزدەکاتەوەو دەڵێت : ئەی پەروەردگارم بەڕاستی فلان کەس بە خۆڕا کوشتمی و بۆ سوودی خۆی نەیکوشتم)) ٠

گۆشتیان گەرم و ووشکە ، خوو ڕادەگرێت ، ئارەزووی جووتبوون زیاد دەکات ، شلەکەی خوو نەرم ونیان دەکاتەوە ، بۆ جوومگە بەسوودە ، ئەگەر مێشکیان لە گەڵ زەنجەفیل و پیازدا بخورێت ، شەهوەت و ئارەزووی جووتبوون دەورووژێنێت ، وە خەڵتەیان ستایشکراو نی یە ٠

لحم الحمام ، گۆشتی کۆتر : گەرمی تەڕو شێدارە ، هەناوی شێداریی کەمترە ، جوجکەکانی شێدارترە بەخاسیەت ، ئەوەی لە ماڵەکاندا بەخێو دەکرێت و ئەوەش کە تازە باڵەکانی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بفڕێت گۆشتیان لەهەمووی سووکترەو ، خۆراکێکی ستایشکراویش بەجەستە دەبەخشێ ، گۆشتی نێرینەی بۆ سستی و ، لاوازی و ، سڕی و ، لەش داهێزان و ، (السکتة)و ، لەرزین شیفایە ، هەروەها بۆنکردنی نەفەسەکانیشی لەو بارەوە بەسوودە ، خواردنی جوجکەکانی یارمەتیدەرێکی باشی ژنانە ، بۆ گورچیلە بەسوودە ، خوێن زۆر دەکات ، فەرموودەیەکی پوچیش سەبارەت بە کۆتر هاتووەو بەدەمی پێغەمبەری خواوە هەڵبەستراوە کە گوایە : پیاوێك تەنهایی خۆی لای پێغەمبەری خوا ﷺ سکاڵا کرد ، ئەویش پێی فەرموو : جووتێ کۆتر لای خۆت ڕاگرە ٠ بەڵام لەم فەرموودە باشترو چاکتر ئەم فەرموودەیە : أنَّه ﷺ رأى رجلاً يتبعُ حمامة ، فقال : ((شَيْطانٌ يَتبِعُ شَيْطانَةً))([616]) واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی بەدیکرد بەدوای کۆترێکەوە بوو ، فەرمووی : ((شەیتانێکە دوای شەیتانێك کەوتووە)) ٠

٦١٦ _ إسناده صحيح : أخرجه أبوداود (٤٩٤٠) ، وصححه الألباني رحمه الله ٠

پێشەوا (عثمان)ی کوڕی (عفان)یش لە ووتارەکانیدا فەرمانی دەکرد بە گوشتنی سەگ و سەبڕینی کۆتر ٠

لحم القَطَا ، گۆشتی قەتێ ، کوڕکوڕە : ووشکە ، (السوداء) دروست دەکات ، خوو دەگرێت ، لە خراپترین خۆراکەکانە ، بەڵام بۆ نەخۆشی ئاوبەنگ بەسوودە ٠

لحم السُّمَاني ([٦١٧]) ، گۆشتی شێلاقە : گەرم و ووشکە ، بۆ جومگە بەسوودە ، بۆ ئازاری گەرمی جگەر زیانبەخشە ، بە سرکەو (الكُسْفَرَة)([٦١٨]) زیانەکانی دوردەخرێتەوە ، پێویستە مرۆڤ خۆی بەدور بگرێت لە گۆشتی ئەو باڵندانەی کە لە شوێنە زەلکاوەکان و پیسەکاندا دەژین ٠

گۆشتی باڵندە بەگشتی لە گۆشتی مەڕو ماڵات خێرا هەرسترە ، ئەوەشی لەهەمووی خێرا هەرسترە لەهەمووی کەمتر خۆراك بەجەستە دەبەخشێ " وەکو مل و باڵەکان ، مێشکیان لە مێشکی مەڕوماڵات ستایشکراوترو چاکترە.

---

[٦١٧] ـ ئەم باڵندەیە لە زمانی عەرەبیدا دوو ناوی هەیە کە بریتین لە ناوەکانی (السلوى) و (السمان) ، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا بە ناوی (السلوى)وە هاتووە . وەرگێڕ ٠

[٦١٨] ـ الكسفرة أو كوزبرة : ڕووەکێکی گیایی وەرزی بێستانیە ، بۆنێکی عەتر ئامێزی توندی هەیە ، نزیکەی (٥٠)سم بەرز دەبێتەوە ، ڕەنگی کوڵەکانی سپین یاخود مێخەکین ، بەرێکی خڕی بچوکی ڕەنگ زەردی مەیلەو قاوەیی هەیەو ، یەکێکە لە بەهاراتە بەناوبانگەکان ٠ بڕوانە : www.snbl.com ، http://ar.wikipedia.org/wik ٠ وەرگێڕ ٠

الجراد ، كولله : في الصحيحين : عن عبدالله بن أبي أوفى قال : غزونا مع رسول الله ﷺ سبعَ غَزَواتٍ ، نأكُلُ الجَرَادَ([619]) .

واته : له (عبدالله)ى كوڕى (أبي أوفى)هوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فهرموويهتى : له خزمهتى پێغهمبهرى خوادا ﷺ حهوت غهزامان كرد ، كوللهمان دهخوارد ٠

وفي المسند عنه : أُحِلَتْ لنا مَيْتَتَانِ ودَمَانِ : الحُوتُ والجرادُ ، والكَبِدُ والطِّحالُ([620]) .

واته : له ههمان هاوهڵهوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فهرموويهتى : دوو مردوو و دوو خوێنمان بۆ حهڵاڵ كراوه : ماسى و كولله ، جگهرو سپڵ ٠

كولله گهرم و ووشكه ، خۆراكێكى كهم دهبهخشێت ، بهردهوام خواردنى مرۆڤ لاواز دهكات ، بهههڵماندنى (تُبُخِّرَ به) سودى بۆ ميزهچورتكىٚ و ئاستهمى ميزكردن دهبىٚ ، ههروهها ههڵماندنى (يُتَبُخِّرَ به) پىٚ دهكرێت بۆ مايهسيرى ، قهڵهوهكانى بۆ پێوهدانى دوپشك دهبرژێنرێت و دهخورێت ، زيانبهخشه بۆ تووشبوان بهنهخۆشى پهركهم ، خهڵتهيهكى خراپى ههيه ٠

سهبارهت بهڕێدان به خواردنى ئهو كوللهيهى كه بهبىٚ هۆ مردووه ، دوو گوفتار له ئارادايه : جهماوهر له سهر حهڵاڵ بونين ، ئيمامى (مالك)يش بهحهرامى داناوه ، بهڵام هيچ جياوازيهك له نێوان زانایاندا نى يه سهبارهت به خواردنى ئهو كوللهيهى كه به هۆكاريكى وهكو پهستاوتن و سوتاندن و بهو هاوشێوانه دهمرن ، بۆيه خواردنيان شياوه ٠

---

[619] _ صحيح : أخرجه البخاري (٧ / ١١٧) ، ومسلم (٦ / ٧٠ ، ١٧١) كلاهما من طريق أبي يعفور سمعت ابن أبي أوفى فذكر الحديث ٠

[620] _ سبق تخريجه ٠

بەشێك : سەبارەت بە زیانی بەردەوامبوون لەسەر خواردنی گۆشت

پێویستە بەردەوام نەبن لەسەر گۆشت خواردن ، چونکە چەندین نەخۆشی خوێنی و ئیمتلائی و ، تای توند دروست دەکەن ، پێشەوا (عمر)ی کوڕی (خطاب) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : دورکەونەوە لە خواردنی گۆشت ، چونکە زیانمەندیەکی هەیە وەکو زیانمەندی مەی وشەراب ، خوای پەروەردگاریش ڕقی لە ماڵی گۆشت خۆر دەبێتەوە · ئیمامی (مالك) لە (الموطأ)دا دەیگێڕێتەوە ·

(أبقراط)یش دەڵێت : سکتان مەکەن بە گۆڕستانی ئاژەڵ ·

بەشێك : سەبارەت بە بەرهەمی سپیایی

اللَّبن « شیر : خوای تعالی دەفەرمێت : ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهِ مِنْ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِلشَّارِبِينَ﴾[النحل : ٦٦] واتە : ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ﴾ وەبەڕاستی لە ئاژەڵ و ماڵاتیشدا بۆ ئێوە پەند وەرگرتن هەیە ﴿نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهِ﴾ لەوەی لە ناو سکیدایە بە ئێوەی دەنۆشین ﴿مِنْ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَبَنًا خَالِصًا﴾ لە نێوان سروان و خوێنیدا شیرێکی پاکی بێ خەوشی ﴿سَائِغًا لِلشَّارِبِينَ﴾ ڕەوان بۆ نۆشەرانی([٦٢١]) · خوای تعالی سەبارەت بە بەهەشتیش فەرموویەتی ﴿فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ﴾[محمد : ١٥] ﴿فِيهَا أَنْهَارٌ﴾ چەندەها ڕووباری تێدایە ﴿مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ﴾ لە ئاوی سازگاری تام و بۆن نەگۆڕاو ﴿وَأَنْهَارٌ﴾ وە چەندەها ڕووبار ﴿مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ﴾ لە شیر کە تامی نەگۆڕاوە([٦٢٢])·

---

[٦٢١] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

[٦٢٢] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ·

وفي السنن مرفوعاً : ((مَنْ أَطْعَمَهُ اللهُ طَعَامًا فَلْيَقُلِ : اللهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِيهِ وَارْزُقْنَا خَيْرًا مِنْهُ ، وَمَنْ سَقَاهُ اللهُ لَبَنًا فَلْيَقُلِ : اللهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِيهِ وَزِدْنَا مِنْهُ فَإِنِي لاَ أَعْلَمُ مَا يُجْزِئُ مِنَ الطَّعَامِ وَالشَّرَابِ إِلاَّ اللبَنُ))(٦٢٣) .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هەرکەس خوای تعالی خۆراکێکی دایە بیخوات بابڵێت : پەروەردگارا بەرەکەتمان بۆ بڕژە نێوی و ، لەم خواردنەش چاکترمان بدەرێ ٠ وەهەرکەس خوای تعالی شیری دایە بیخواتەوە بابڵێت : پەروەردگارا بەرەکەتمان بۆ بڕژە نێوی و ، لەمەشمان بۆ زیاد بکە ، چونکە هیچ شتێك نی یە جێگەی خۆراك و خواردنەوە بگرێتەوە مەگەر شیر ٠

شیر : ئەگەرچی بەهەستیش سادەبێ ، بەڵام بەسروشتی خۆی و لە بنەڕەتی دروستبونیدا لە سێ گەوهەر پێکهاتووە: پەنێری ، ڕۆنی ، ئاوی ٠ پەنێری : ساردی تەڕوشێدارە ، خۆراك بەجەستە دەبەخشێ ٠ ڕۆنی : مامناوەندە لە گەرمی و تەڕی و شێداریداو بۆ جەستەی مرۆڤیی تەندروست و ساغ گونجاوە ، سودێکی زۆری تێدایە ٠ ئاوی : گەرمی تەڕە ، سروشتی مرۆڤ دەکاتەوە ، جەستە شێدار دەکات ٠

شیر _ بەگشتی _ لە ئاستی مامناوەند کەمێ ساردترو تەڕو شێدارترە ٠ گوتراوە : هێزی لە کاتی دۆشینیدا گەرمی و تەڕی و شێداریە ، هەروەها گوتراوە : مامناوەندە لە گەرمی و ساردیدا ٠

چاکترین دۆخەکانی شیریش لە کاتی دۆشینیدایە ، پاشان بەردەوام چاکێتیەکەی کەم دەبێتەوە " بەپێی تێپەڕبوونی کات ، بۆیە لە کاتی دۆشینیدا کەمتر ساردەو ، زیاتر تەڕو شێدارە ، ترشەکەشی بەپێچەوانەوەیە ، پاش ئەوەی ئاژەڵەکە بێچوەکەی لە دایك دەبێ

٦٢٣ _ سبق تخريجه ٠

بەچل ڕۆژ ئەوجا شیرەکەی هەڵدەبژێردرێت و بەکاردەهێنرێت ، چاکترین شـیریش ئەوەیـە کە سپێتیەکەی زۆر بێ ، بۆنی خۆش بێ ، تامی بەلەزەت بێ ، شیرینیەکی کـەمی تێـدابێ ، چەوریەکەی مامناوەند بێ ، پێکهاتەی لە ناسکی و چڕیدا مامناوەند بـێ ، لـە ماڵـاتێکی تەمەن کـەمی تەندروسـت دۆشـرابێ ، گۆشـتی مامناوەنـدی چـاك بـێ و ، لـەوەڕو ئـاوێکی ستایشکراوی خواردبێ ٠

شیر ستایشکراوەو خوێنێکی چاك دروست دەکـات ، جەسـتەی ووشـك شـێدار دەکاتـەوە ، خـۆراکێکی چـاك بەجەسـتە دەبەخشـێ ، بـۆ نەخۆشـیەکانی دودڵیـی و خـەم و خەفـەت و نەخۆشیە (السوداوية)کان بەسوودە ، ئەگەر لە گەڵ هەنگوێندا بخورێتەوە برینە ناوەکیـەکان لـە خەڵتـە بۆگەنـەکان پـاك دەکاتـەوە ٠ خواردنەوەشـی لـە گـەڵ شـەکردا ڕەنـگ وبـۆ جـوان دەکاتەوە ٠

شیر زیانـەکانی جووتبـوون دەکـات کـەم دەکاتـەوە ، بـۆ سـینگ و سـیی گونجـاوە ، بـۆ تووشـبووان بەنەخۆشـی سـیل چـاك وبەسـوودە ، بـۆ سـەرو گـەدەو ، جگـەرو سـپڵ خراپـە ، زۆرخواردنی زیان بەددان و پووك دەگەیەنێت ، بۆیە پاش خواردنـەوەی پێویسـتە ئـاو لـە دەم وەردرێت ، وفي الصحيحين : أنَّ النبيَّ ﷺ شرب لبناً ، ثم دعا بماء فتمضمض وقـال : ((إنَّ لـهُ دَسَماً))([٦٢٤]) واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ شیری خواردەوەو ، پاشان داوای ئاوی کـردو وەریـدا لە دەمی و فەرمووی : ((چەوری تێدایە)) ٠

بۆ تاداران و ، ئەوانەی سەریان دەئێشـێ خراپە ، بـۆ مێشـك و ، سـەری لاواز زیانبەخشـە ، بەردەوام خواردنی تاریکی چاو و ، جومگە ئێشان و ، توندبوونی جگەرو ، ئاوسـان لـە گـەدەو هـەناودا دروسـت دەکـات ، بـەڵام بـە تێکـەڵ کردنـی هـەنگوێن و زەنجـەفیلی مورەبـا و بـەو هاوشێوانە چاك دەکرێت ، هەموو ئەوانەش بۆ کەسانێکە پێی ڕانەهاتبێت ٠

---

[٦٢٤] ـ متفق عليه : أخرجه البخاري (١ / ٢٧٠) ، ومسلم (٣٥٨) ٠

لبن الضَّأن • شيرى مەڕ : چڕترين شيرەكانەو لەهەمووشى زياتر تەڕترو شێدارترە ، چەوريكى تێدايە لە شيرى بزن و مانگادا نى يە ، پاشەڕۆيەكى بەلْغەمى دروست دەكات ، سپێتيەك لە پێستدا دروست دەكات ئەگەر بەبەردەوامى بەكاربهێنرێت ، بۆيە پێويستە ئەم شيرە تێكەڵ بەئاو بكرێت بۆ ئەوەى جەستە ڕێژەيەكى كەمتر لەم شيرەى دەستكەوێت و ، خێراتريش تينويەتى بشكێنێت و ، زياتريش سارد بكاتەوە .

لبن المَعْز • شيرى بزن : نەرم وناسك و مامناوەندە ، سك ڕەوان دەكاتەوە ، جەستەى ووشك شێدار دەكاتەوە ، بۆ برينەكانى گەروو ، كۆكينى ووشك ، خوێن بەربوون بەسوودە.

شيرى پەتى چاكترين خواردنەوەكانە بۆ جەستەى مرۆڤ " لەبەر ئەو خۆراك بەخشين و ماددە خوێنيەى تيايدا كۆبۆتەوەو ، لەبەر ئەوەش كە لە كاتى منداڵيدا جەستەى مرۆڤى لەسەر ڕاهاتووەو ، هاو سازى فيترەتى بنەڕەتيشە .

وفي الصحيحين : أن رسولَ الله ﷺ أُتيَ لَيلةَ أُسْرِيَ به بقدَحين من خمر ولَبَن ، فنظر إليهما ثم أخذ اللَّبنَ ، فقال له جبريل _ عليه السلام _ : الحمد لله الذي هداك للفِطرَة ، ولو أخذتَ الخمرَ غوَت أُمَّتُك ([٦٢٥]).

واتە : پێغەمبەرى خوا ﷺ لە شەوڕەويەكەيدا دوو پەرداخ مەى و شيرى بۆ هێنرا ، ئەوەبوو تەماشاى كردن و شيرەكەى برد ، (جبريل)يش _ عليه السلام _ فەرمووى : سپاس و ستايش بۆ خوا كە ڕێنمووى كردى بۆ ئيسلام و ڕێگەى ڕاست ، چونكە ئەگەر مەى و شەرابەكەت هەڵگرتايە ئومەتەكەت گومڕا دەبوون .

ترشەكەشى بەلاى مرۆڤەوە بەلەزەت نابێ تا دواى ماوەيەك ، شيرێكى بزركاوەو بۆنەكەى ناخۆشە ، ، گەدەى گەرم هەرسى دەكات و سودى لێ وەردەگرێت .

[٦٢٥] _ سبق تخريجه .

لحم البَقَر • شیری مانگا : خۆراك بەجەستە دەبەخشێ و ، پیتداروچاکی دەکات ، سك ڕەوان دەکاتەوە بەنێوەنجی ، ناوەندیترین شیرو چاکترینیانە لە نێوان شیرەکانی مەڕو بزندا ، لە بواری نەرم و ناسکی و چڕی و چەوریدا ٠

وفي السنن : من حديث عبدالله بن مسعود يرفعه : ((عليكم بألبانِ البَقَرِ ، فإنها تَرُمُّ من كُلِّ الشَّجَرِ))([٦٢٦]).

واتە : (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) _ خوای لێ ڕازی بێت _ لە فەرموودەیەکدا کە بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((شیری مانگا بەکاربێنن ، چونکە لە هەموو درۆەختێك کۆدەکاتەوەو دەخوا)) ٠

لبن الإبل • شیری ووشتر : لەسەرەتای بەشەکەدا ئاماژەی پێدرا ، سوودەکانی باسکرا ، بۆیە پێویست بەدووبارەبونەوە ناکات ٠

لُبَانٌ ، الكُندُر • : فەرموودەیەکی لەبارەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ماڵەکانتان بە (لُبَانٌ) بۆنخۆش بکەن)) بەڵام ئەم فەرموودەیە بە (صحیح)ی لە پێغەمبەری خواوە (ریوایە)ت نەکراوە ٠

لە (علي)یشەوە دەگێڕنەوە کەوا پیاوێك سکاڵای بیرچوونەوەی لە خزمەتیدا باس کرد ئەویش پێی فەرموو : (لُبَانٌ) بەکاربێنە ، چونکە دڵ بەهێز دەکات و ، بیرچونەوە ناهێڵێت.

لە (ابن عباس)یشەوە _ خوا لە خۆی وبابیشی ڕازی بێت _ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : خواردنەوەی لەگەڵ شەکردا پێش نان خواردنی بەیانی بۆ میز و بیرچونەوە چاکە ٠

[٦٢٦] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في الصحيحة (٥١٨) ٠

له (أنس)يشەوە دەگێڕنەوە کەوا پیاوێك سکاڵای له خزمەتیدا باس کرد ئەویش فەرمووی : (الكُندُر) بەکاریبێنەو هەر لە شەوەوە بیخوسێنە ، ئەگەر ڕۆژت لێ بوویەوە ، پێش نان خواردنی بەیانی لێی بخورەوە ، چونکە بۆ بیرچوونەوە بەسوودە ٠

ئەمە هۆیەکی سروشتی ئاشکەرای هەیە ، چونکە ئەگەر بیرچوونەوە بەهۆی میزاجێکی خراپی ساردی شێدارەوە بێ و بەسەر مێشکدا زاڵ بێ ، ئەوا کاری خەزنکردن و پاراستنی زانیاریەکان ئەنجام نادات ، لێرەدا (لُبَانٌ)ی زۆر بۆ بەسوود دەبێ ٠

بەڵام ئەگەر بیرچونەوەکە بەهۆی زاڵبوونی شتێکی کاتیەوە (عارض) بێ ، دەتوانرێت بیرچوونەوەکە بەو شتانە لابرێت کە دەتوانن مێشك شێدار بکەنەوە ٠

جیاوازی نێوان ئەم دوو لە بیرچوونەوەیە بەم جۆرەیە : لە بیرچوونەوە بەهۆی شتی کاتیەوە (العارض) جۆرێکی ووشکەو ، نیشانەکانیشی بریتە لە شەو بێداری و خەزنکردن و پاراستنی زانیاریە ڕابردووەکان بەتەنها " بەڵام زانیاری نوێ و هەنووکەیی خەزن ناکات.

بەڵام لە بیرچوونەوە بەهۆی ماددەی تەڕو شێدارەکانەوە " بە پێچەوانەی یەکەمە بە تەواوی ٠

پێدەچێ هەندێ شت بەخاسیەت بیرچوونەوە دروست بکات ، وەکو کەڵەشاخگرتن لە چاڵەکەی پشتە ملداو ، بەردەوامبوون لەسەر خواردنی (الكُسْفُرة)ی تەڕو ، سێوی ترش و ، زۆری خەم و خەفەت و ، تەماشاکردنی ئاوی وەستاوو ، میزتێکردنی و ، تەماشاکردنی لە خاچ دراوو ، زۆر خوێندنەوەی تابلۆی سەر گۆڕەکان و ، تەماشاکردنی دوو وشتری پێکەوە بەستراو ، فڕێدانی ئەسپێ بە خوێنی بێنوێژیەوە ، خواردنی پاشماوەی مشك ، زۆربەی ئەمانە بە تاقیکردنەوە زانراون ٠

مەبەستیش ئەوەیە کە : (لُبَانٌ) گەرمکارە لە پلە دوودا ، ووشکارە لە پلە یەکدا ، قەبزێکی کەمی تێدایە ، سوودەکانی زۆرن ، زیانەکانی کەمن ، لە سوودەکانی : بەسوودە بۆ فرێدان و خوێن بەربوون ، ئازاری گەدە ، ڕەوانبوونی سك ، خۆراك هەرس دەکات ، با دەکاتە درەوە ، برینە کێماوەکانی چاو پاك دەکاتەوە ، گۆشت دەڕوێنێتەوە لە هەموو برینەکاندا ، گەدەی لاواز بەهێز دەکات و ، گەرمی دەکات ، بەڵغەم ووشك دەکات ، تەڕی و شێکانی سینگ ووشك دەکاتەوە ، تاریکی چاو لادەبات ، ناهێڵێت برینە کیماوە پیسەکان بڵاوە بکەن ، ئەگەر بەتەنها ، یاخود لەگەڵ جاترەی فارسیدا بجوێنرێت بەڵغەم دەردەهێنێت و ، بۆ زمان گیران بەسوود دەبێ و ، بیروهۆش زیاد دەکات و پەرەی پێ دەدا ، ئەگەر لە ئاودا بهەڵمێنرێت ، بۆ پەتا بەسوودەو ، بۆنی هەوا خۆش دەکات ٠

پیتی المیم (م) :

ماءٌ ، ئاو : ماددەی ژیانە ، سەرگەورەی خواردنەوەکانە ، یەکێکە لە پایەکانی جیهان ، بەڵکو پایەی بنەڕەتە ، چونکە ئاسمانەکان لە هەڵمەکەی دروستکراون و ، زەمینیش لە کەفەکەی دروستکراوە ، خوای پەروەردگاریش هەموو شتێکی زیندووی لە ئاو دروست کردووە ٠

زانایان سەبارەت بەئاو جیاواز بوونە : ئایا خۆراك بەجەستە دەبەخشێ ، یا تەنها خۆراك بۆ ئەندامەکانی جەستە گوزەر پێ دەکات ؟ بە دوو بۆچوون ، پیشتر ئاماژەمان پێداو ، گوفتاری ڕاست و بەڵگەکەشمان خستە ڕوو ٠

ئاو ساردو تەڕە ، گەرمی دادەمرکێنێتەوە ، تەڕی و شێداری جەستە دەپارێزێت و ، جێگەی ئەوەش دەگرێتەوە کە لە جەستە شیی بۆتەوە ، خۆراك نەرم ونیان دەکاتەوەو ، بۆ ڕەگەکان گوزەریان پێ دەکات ٠

چاكێتی ئاو بەدە ڕێگەوە دەزانرێت :

یەكەمیان : بەڕەنگەكەی بەوەی ساف بێت ٠

دووەم : بەبۆنی بەوەی بەهیچ شێوەیەك بۆنی نەبێت ٠

سێ یەم : بەتامەكەی بەوەی تامەكەی خۆش و شیرین و سازگار بێت ، وەكو ئاوی ڕووبارەكانی نیل و فورات٠

چوارەم : بەكێشی بەوەی سووك و پێكهاتە ناسك بێت ٠

پێنجەم : بەڕێڕەوی ، بەوەی ڕێڕەو و ڕێگەكەی چاك بێت ٠

شەشەم : بەسەرچاوەی هەڵقوڵانی بەوەی سەرچاوەی هەڵقوڵانی دوور بێت ٠

حەوتەم : بەدەركەوتنی بۆ هەتاو و با ، بەوەی لە ژێر زەویدا گوم نەبێ و هەتاو و با نەیگاتی ٠

هەشتەم : بە جوڵانەوەی بەوەی خێرا ڕێ بكات و بجوڵێتەوە ٠

نۆیەم : بەزۆریەكەی بەوەی زۆربێت و پاشەڕۆ تێكەڵ بووەكانی دووربخاتەوە ٠

دەیەم : لە ئاورێژگەیەوە بەوەی لە باكورەوە بۆ باشور ، یاخود لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بڕوات ٠

بۆیە ئەگەر ڕەچاوی ئەم وەسفانە بكرێت ، ئەوا ئەو خاڵانە بەتەواوی بەدیناكرێت تەنها لە چوار ڕووبارەكەدا نەبێ ، نیل و ، فورات و ، سیحون و ، جیحون ٠

وفي الصحيحين من حديث أبي هُريرة _ رضي الله عنه _ قال : قال رسول الله ﷺ : ((سَيْحَانُ ، وجَيْحَانُ ، والنِّيلُ ، والفُرَاتُ ، كُل من أنهار الجنَّة))[٦٢٧] .

---

٦٢٧ _ صحيح : أخرجه أحمد (٢ / ٢٨٩ ، ٤٤٠) ، ومسلم (٨ / ١٤٩) كلاهما من طريق حفص بن عاصم عن أبي هريرة مرفوعاً ٠ ولم أجده في صحيح البخاري ولعله وهم من المصنف رحمه الله ٠

واته : له (أبي هريرة)هوه _ خواى لىٚ ڕازى بێت _ فهرموويهتى : پێغهمبهرى خوا ﷺ فهرمووى : ((سَيْحَانُ و ، جَيْحَانُ و ، والنِّيلُ و ، والفُرَاتُ ، ههريهكهيان ڕووبارێكى بهههشتن)).

سووكێتى ئاو به سىٚ ڕوو دهزانرێت :

يهكهميان : ئاوهكه خێرا گهرمى و ساردى وهرگرێت · (أبقراط) دهڵێت : ئهو ئاوهى بهخێرا گهرم دهبىٚ و ، بهخێراش سارد دهبىٚ سووكترين ئاوه ·

دووهم : بهتهرازوو ·

سىٚ يهم : دوو لۆكهى كێش يهكسان بهدوو ئاوى جياواز تهڕ دهكرێن ، پاشان بهتهواوى ووشك دهكرێنهوه ، پاشان دهكێشرێن ، ههركاميان سووكتر بوو ، ئاوهكهشى ئاوههايه ·

ئاو ئهگهرچى له بنهڕهتدا ساردى تهڕ بىٚ ، بهڵام هێزهكهى دهگوازرێتهوهو دهگوڕدرێت به چهندين هۆكارى كاتى ، بۆيه ئهو ئاوهى سهرنهگيراوهو دانهپۆشراوهو تهنها باى شهماڵ لێى دهدات و ، باى هيچ لايهكى تر لێى نهدات ، ئهو ئاوه سارد دهبىٚ و ، جۆره ووشكێتيهكى تێدايه له باى شهماڵهوه وهريگرتووه ، حوكمى ههموو باكانى تريش بهو شێوه دهزانرێت ·

ئهو ئاوهى له سهرچاوهيهكى كانزايهوه ههڵدهقوڵێت به گوێرهى سروشتى ئهو كانزايه دهبىٚ ، بهگوێرهى كاريگهرى ئهو كانزايهش كاريگهرى دهخاته سهر جهسته ·

ئاوى سازگارى شيرينى خۆش بۆ نهخۆش و كهسانى تهندروست و لهش ساغيش بهسووده ، ساردهكهشى بهسوودترو بهلهزهتره · پێويسته لهسهر سك خاڵێتى ، پاش جووتبوون ، كاتى بهئاگاهاتنهوه له نووستن ، پاش خۆشتن ، پاش خواردنى ميوه ئاو نهخورێتهوه ، پێشتريش ئاماژهمان پێداوه · بهڵام لهسهر خواردن ، هيچى تێدا نى يه " ئهگهر ناچارى بوو ، وه پێويسته زۆر نهخواتهوه ، بهڵكو كهمێكى ههڵدهمژىٚ به ههڵمژين ، ئهوه زيانى پىٚ

ناگەیەنێت ، بەڵكو بە پێچەوانەوە گەدە بەهێز دەكات و ، شەهەوت و ئارەزوو هەڵدەسێنێت و ، تینویەتی لادەبات٠

ئاوی شلەتێن دەئاوسێنێت و كردارگەلێكی دژ بەوەی باسكرا ئەنجام دەدات ، ئەو ئاوەی دەمێنێتەوە لە ئاوی تازە چاكترە ٠ ئاوی سارد لەو ناوەوە سوودێكی زیاتر دەبەخشێت بەبەراوردی سوودی دەرەوەی ، گەرمیش بەپێچەوانەوەیە ، ئاوی سارد بۆ بۆگەنبوونی خوێن و ، بەرزبونەوەی هەڵمەكان بۆ سەر بەسوودە ، خەڵتە بۆگەنەكان لادەبات و ، بۆ میزاج و ساڵ و زەمەن و شوێنە گەرمەكان گونجاوە ، كەچی ئاوی سارد بۆ هەموو باروحاڵێك پێویست بە پێگەیاندن و شیی بونەوەی ماددە زیانبەخشەكان بكات زیانبەخشە ، وەكو هەڵامەت و هەڵاوسانەكان ، زۆر ساردیش زیان بە ددانەكان دەگەیەنێت ، بەردەوامبوون لەسەر خواردنەوەی ئاوی سارد خوێن بەربوون و كۆكەو هەڵامەت و ، ئازاری سینگ دروست دەكات ٠

ئاوی ساردو گەرمی لەڕادەبەدەر زیان بە دەمارو زۆربەی ئەندامەكان دەگەیەنێت ، چونكە یەكێكیان شیی دەكاتەوەو ، ئەویتریان چڕ دەكاتەوە ، ئاوی گەرم چوزانەوەی تێكەڵاوە تیژەكان هێمن دەكاتەوە ، شیی دەكاتەوەو پێدەگەیەنێت ، پاشەڕۆكان دەكاتە دەرەوە ، تەڕوشێدار دەكات و گەرم دەكات ، كەچی خواردنەوەی ئاوی گەرم بەزۆری هەرسكردن خراپ دەكات ، پاڵ بەخواردنەكانەوە دەنێت بۆ سەرەوەی گەدەو نەرم و سستی دەكاتەوە ، بەخێرا تینویەتی ناشكێنێت ، جەستە سیس و لاواز دەكات ، دەبێ بەهۆی دروستبوونی چەندین نەخۆشی خراپ و ، زیان بەزۆربەی نەخۆشیەكان دەگەیەنێت ، بەڵام خواردنەوەی ئاوی گەرم بۆ مرۆڤی بەتەمەن و ، تووشبووان بەنەخۆشی پەركەم و ، سەرئێشەی ساردو (الصداع البارد) ، چاوئێشە بەسوودە ، بەسوودترین بەكارهێنانەكانیشی ئەوەیە لە دەرەوەوە بەكاربێت ٠

هيچ فەرموودەيەك ياخود (أثر)ێكى (صحيح) نەهاتووە سەبارەت بەئاوى گەرمبووى بەر هەتاو ، هيچ يەكێك لە پزيشكانى دێرين ناقايليێتيان بەرامبەر بەم ئاوە دەرنەبڕيوەو ، عەيبداريشيان نەكردووە ، ئاوى زۆر گەرم بەزى گورچيلە دەتوێنێتەوە .

پێشتر لە پيتى غين (غ)دا باسى ئاوى بارانمان كرد .

<u>ماء الثَّلج والبَرَد</u> ، ئاوى بەفرو تەرزە : ثبت في الصحيحين : عن النبيِّ ﷺأنه كان يدعو في الأستفتاح وغيره : ((اللَّهُمَّ اغْسِلني من خطاياي بماء الثَّلجِ والبَرَدِ))([٦٢٨])

واتە : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى : ((پەروەردگارا لە تاوانەكانم بمشۆوە بەئاوى بەفرو تەرزە)) .

بەفر لە خودى خۆيدا چۆنيەتيەكى دووكەڵى و هەڵمى هەيە ، ئاوەكەشى هەر ئاوەهايە ، پێشتر باسى دانايى داواكردنى پاكردنەوەمان لە تاوانەكان كرد " بە ئاوى بەفرو باران " لەبەر ئەوەى دڵ پێويستى بە ساردكردنەوەو قايم كردن و بەهێزكردن هەيە ، ئەمەش بنچينەى پزيشكێتى جەستەو دڵانى لێ وەردەگيرێت و ، چارەسەرى نەخۆشيەكان بەدژەكانيان دەكرێت .

ئاوى تەرزە لە ئاوى بەفر نەرم وناسكترو بەلەزەترە ، بەڵام ئاوى بەستوو كە بە سەهۆڵ دەناسرێت بەگوێرەى بنچينەكەيەتى ، بەفر چۆنيەتى ئەو چياو زەويە وەردەگرێت كە بەسەريدا دەبارێت " سەبارەت بە هەردوو لايەنى چاكێتى و خراپى ، وە پێويستە مرۆڤ دوركەوێتەوە لە خواردنەوەى بەفراو پاش خۆشتن ، جووتبوون ، وەرزش ، خواردنى گەرم ، تووشبوان بە كوكين ، ئازارى سينگ ، لاوازى جگەر ، خاوەن ميزاجە ساردەكان .

---

[٦٢٨] ـ سبق تخريجه .

ماء الآبار والقُنيّ ، ئاوى بيرو كاريَز : ئـاوى بـير نـەرمى وناسـكى وخۆشـى كـەمترە ، ئـاوى كاريَزى ژێر خاك قورسە ، چونكە ئەوەى لە ژێر زەويدا وەستاوە لە بۆگـەنى بـەدەر نـى يـەو ، ئەويتريشيان هەواى پىٚ ناگات ، بۆيە پێويستە يەكسەر نەخورێتەوە تـاوەكو بەتـەواوى هـەواى پىٚ دەگات و ، شەوێكى بەسەردا تێپەرێت ، خراپترينيشـى ئەوەيـە رێرەوەكـەى لـە قورقۆشـم بىٚ ، ياخود بيرەكەى لە كاركەوتو بىٚ ، بەتايبەت ئەگەر خاكەكەى خراپ بىٚ ، بۆيـە ئـەو ئـاوە دەرداوى و بەزيانە .

ماء زمزمَ ، ئاوى زەمزەم : سەرگەورەى ئاوەكان و بەرێزترين و لەهەمووشـى پايـەدارترە ، لەهەمووشى بـەلاى نەفسـەكانەوە خۆشەويسـترەو ، لـە هەمووشـى بـەنرخترەو ، لەهەمووشـى بەلاى خەڵكەوە رێزدارترە ، (جبريل) پێيەكانى كێشا بەزەويداو ئاوى زەمزەم هـەڵقولاّ ، ئـەو ئاوە بوو كە خواى تعالى بۆ خواردەنەوەى (إسماعيل) هەڵيقولاّند .

وثبت في الصحيح : عن النبيِّ ﷺ أنه قـال لأبـي ذرّ وقـد أقـام بـين الكعبـة واسـتارِهَا أربعـينَ مابين يوم وليلةٍ ، ليس له طعامٌ غيرُها فقال النبيُّ ﷺ: ((إنها طَعَـامُ طُعْـمٍ)) . وزاد غـيرُ مسـلم بإسناده : وشفاءُ سُقْمٍ ([629]).

واتە : بە (صحيح)ى لە پێغەمبەرى خواوە ﷺ هاتووە كەوا بە (أبي ذرّ)ى فەرموو كـاتىٚ كە لە نێوان كەعبەو ديوارەكانيدا چل مايەوە لە نێوان شەو و رۆژدا ، بەدەر لـە ئـاوى زەمـزەم هيچ خۆراكێكى ترى نەبوو ، ئەوەبوو پێغەمبەرى خـوا ﷺ فـەرمووى : ((ئـەوە خۆراكـەو ئـەو كەسەى دەيخواتەوە تێر دەبىٚ وەكو ئەوەى خۆراك تێرى دەكـات)) . كەسـانى ديكـەى جگـە لە ئيمامى (مسلم) بەهەمان (إسناد) ئەمەشيان بۆ زياد كردووە : ((شيفاى نەخۆشيە)).

[629] _ صحيح : أخرجه أحمد (٥ / ١٧٤ ، ١٧٥) ، والدارمي (٢٥٢٧) ، (٢٦٤٢) ، والبخاري في الأدب المفرد (١٠٣٥) ، ومسلم في صحيحه (٧ / ١٥٢ ، ١٥٥ ، ١٧٦) ، والنسائي في عمل اليوم والليلة (٣٣٩) كلهم من رواية عبدالله بن الصامت عن أبي ذر فذكره في حديث طويل .

وفي سنن ابن ماجة : من حديث جابر بن عبدالله ، عن النبيِّ ﷺ أنه قال: ((ماءُ زَمْزَمَ لِمَا شُرِبَ له))([630]).

واته : له (جابر)ى كوڕى (عبدالله)هوه _ خواى لێ ڕازى بێت _ ، له پێغەمبەرى خواوه ﷺ دەگێڕێتەوەو فەرموويەتى : ((ئاوى زەمزەم بۆ ئەو نيازەيە بۆى دەخورێتەوه)) ٠ كۆمەڵێك ئەم فەرموودەيە بە (ضعيف) دادەنێن بەهۆى (عبدالله)ى كوڕى (المؤمَّل)هوه كە لە (محمد)ى كوڕى (المنكدر)هوه دەگێڕێتەوه ٠ بۆمان (ريوايە)ت كراوه كەوا (عبدالله)ى كوڕى (المبارك) كاتێ چووه حەج ، چووه سەر بيرى زەمزەم و ، فەرمووى : پەروەردگارا (ابن أبي الموالى) لە (محمد)ى كوڕى (المنكدر)هوه بۆى باسكردين ، لە (جابر)ى كوڕى (عبدالله)هوه _ خواى لێ ڕازى بێت _ ، لە پێغەمبەرى خواوه ﷺ فەرمووى : ((ئاوى زەمزەم بۆ ئەو نيازەيە بۆى دەخورێتەوه)) ، بۆيە منيش دەيخۆمەوه بۆ تينويەتى ڕۆژى قيامەت ٠ (ابن أبي الموالى)ش باوەڕپێكراوه (ثقة) ، بۆيە فەرموودەكە (حسن)ه ، هێندێكيشيان فەرموودەكەيان بە (صحيح) لەم قەڵەم داوه ، هێندێكيش گوتويانە (موضوع)ه ، هەردوو گوفتارەكەش هەوڵێكى نامسۆگرن ٠

من و كەسانى تريش ئاوى زەمزەمان تاقيكردۆتەوه " بۆ خۆ چارەسەركردن و ، شتگەلێكى سەرسوڕمێنمان لێ بينيوه ، خۆشم بەكارم هێناوه بۆ خۆچارەسەركردن " لە گەلێك نەخۆشى و ، بەئيزنى خواى تعالى چاك بومەتەوه ، كەسانێكيشم بينيوه ، لە جياتى خۆراك نزيكەى نيو مانگ ، ياخود زياتر ، تەنها ئاوى زەمزەميان دەخواردەوەو ، برسيشيان نەدەبوو ، وەكو يەكێكى ئەو خەڵكە تەوافى دەورى كەعبەشى دەكرد ، پێشى ڕاگەيانم كەوا پێدەچێ چل ڕۆژ لەسەر ئەو باروحاڵە تواناى مانەوەى هەبێ ، هێزيشى تێدابوو بۆ جووتبوون لە گەڵ خێزانەكەيداو ، ڕۆژوشى دەگرت و ، چەندين جاريش تەواف دەكرد ٠

[630] _ إسناده صحيح : أخرجه ابن ماجة (٣٠٦٢) ، وصححه الألباني في الإرواء (١١٢٣) ٠

ماء النيل • ئاوی ڕووباری نیل : یەکێکە لە ڕووبارەکانی بەهەشت ، بنچینەو بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ چیاکانی (القمر)ی ئەوپەڕی وەڵاتی (الحبشة) بەهۆی ئەو بارانانەوە کە لەوێدا کۆدەبێتەوەو ، لافاوگەلێکی یارمەتیدەر هەندێکیان بەهەندێکی تر ڕوودەدات ، تاوەکو خوای تعالی دەینێرێت بۆ زەویەکی ووشکانی کە هیچ ڕووەکێکی تێدا نی یەو ، بەهۆی ئەو ئاوەشەوە کشتوکاڵ دەڕوێت و ، ئاژەڵ و ئادەمیزادیش لێی دەخۆنەوە •

لەبەر ئەوەی ئەو زەویەی ئاوی ڕووباری نیلی بەسەردا تێدەپەڕێت زۆر ڕەقەو ، ئەگەر بارانی ئاسای بەسەردا ببارێت تێر ئاو ناخواتەوەو ، بۆ کشتوکاڵکردن ئامادە نابێت ، وە ئەگەر سەرو ئاستی ئاسایی ببارێت ، زیان بە ماڵ و دانیشتوان و ماڵات دەگەیەنێت و ، ژیان و گوزەران و بەرژەوەندیەکان پەك دەخات ، بۆیە خوای تعالی ئەو بارانەی بەڕووبارێکی گەوردا بۆ ئەم زەویە ناردووە ، هەروەها خوای تعالی ئاوی نیل لە کاتانێکی دیاریکراودا زیاد دەکات ، بەو ئەندازەیەی کە بۆ ئاودانی ئەو وەڵاتە بشێت و بەسیشی بێت ، ئینجا پاش ئاودانی وەڵات بەگشتی ، خوای تعالی مۆڵەت بە کەمبونەوەو دابەزینی ئاوەکە دەدات ، بۆ تەواوکردنی بەرژەوەندی ، تاوەکو خەڵکی توانای وەبەرهێنانی کشتوکاڵەکەیان هەبێ • ئەو دە خاڵەی ئاوی باشی پێ دەناسرێتەوەو پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ئاوی نیلدا کۆبۆتەوە ، ئاوی نیل ناسکترین و سووکترین و خۆشترین و شیرینترین ئاوە •

ماء البحر ، ئاوی دەریا : ثبت في الصحيح عن النبيِّ ﷺأنه قال في البحر: ((هو الطَّهور ماؤُوهُ الحِلُّ مَيْتَتُه))([٦٣١])-

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەئاوی دەریا فەرموویەتی : ((ئاوی دەریا پاکەرەوەیەو مردووکانی نێویشی حەڵاڵە)) •

٦٣١ ــ حسن صحيح : أخرجه أحمد في مسنده (٣ / ٣٧٣) ، وابن ماجة (٣٨٨) ، وابن ماجة (١١٢) كلهم من طريق عبيدالله بن مقسم عن جابر فذكره •

خـوای تعـالى ئـاوی دەریـای كـردووە بـە خوێـدارێكی سـوێری تـاڵی نـەخوراوە ، لەبـەر بەرژەوەندی هـەموو ئەوانـەی لەسـەر زەویـدا دەژیـن " لـە مرۆڤـ و ئاژەڵـان ، چونكە ئـاوێكی بەردەوامی وەستاوەو ، گیانلەبەرانێكی زۆری تێدا دەژی ، هەموو ئەو گیانلەبەرانە لە نێو ئـەو ئاوەدا دەمرن و نانێژرێن ، بۆیە ئەگەر دەریاكە شیرین بوایـە " بـەدڵنیایی ئاوەكە دەگـەنی ، بـەهۆی زۆری مانـەوەی ئاوەكـەو ، مردنـی ئاژەڵـەكانیی لـە نێـو خۆیـدا ، پاشـان هـەوای چواردەوری جیهانیش ئەوەی وەردگرت و ، دەگەنی و بۆنی دەكردو ، جیهانیش خـراپ دەبـوو ، بۆیە خوای تعالى بەدانایی خۆی كردویەتی بەخوێدان ، كە ئەگـەر هـەموو لاشـەی بـۆنكردوی جیهـان و مردوانـی تـێ فرێـدەیت ، تۆسـقاڵێك گـۆڕانی بەسـەردا نایـەت ، بەدرێـژای مانـەوەی نەگۆڕاوە ، لەو كاتەوەی كە خولقێنراوەو ، تا ئەو كاتەش كە خوای تعالى جیهـان دەپێچێتەوە ، ئەمە هۆكاری غائی پەیوەندیدارە بەسروشـتەوە كـە واپێویسـت دەكـات سـوێر بێـت ٠ بـەڵام هۆكاری بكەری ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زەویەكەی شۆرەكاتە.

پاشان ٠ خۆشتن بەئاوەكەی بۆ گـەلێك لـە نەخۆشـیەكانی رووی پێسـت بەسـوودە ، بـەڵام خواردنەوەی بۆ ناوەوەو دەرەوەی جەسـتە زیانبەخشـە ، سـك ڕەوان دەكاتـەوە ، ئاڵوشـی و خوروی و گەڕی و ، ئاوسان و تینویەتی دروست دەكات ، هەركەس ناچاری خواردنـەوەی بـوو ، ئەوا چەند ڕێگەیەكی چارەسەركردنی هەیە كە زیانەكانی دوردەخاتەوە.

لەو ڕێگایانە : ئاوی دەریا دەكرێتـە نێـو مەنجەڵێك و ، چـەند قامیشـێكی دەخرێتـە سـەرو پارچەیەكی خوری تازەی پاكی شیكراوەی بژیشی دەخرێتە سەرو ، لە ژێر مەنجەڵەكـەدا ئـاگر دادەگیرسێنرێت ، تا هەڵمی ئاو نێو مەنجەڵەكە بەرزدەبێتـەوەو لـە خوریەكـەدا كۆدەبێتـەوە ، ئینجا كە هـەڵمێكی زۆر لـە خوریەكـەدا كۆبـۆوە دەیگوشـێت و ، بـەردەوام ئـەو كـارە دوبـارە دەكاتـەوە " تـا ئـەو ئـاوەی بـۆ كۆدەبێتـەوە كـە دیـەوێ ، بـەم ڕێگەیـە هـەڵمی سـازگار لـە خوریەكەدا كۆدەبێتەوەو ، سوێراوەكەش لە مەنجەڵەكەدا بەجێ دەمێنێت ٠

ڕێگایەکی دیکە : چاڵێکی فراوان لە کەناری دەریاکە هەڵبکەنرێت ، بۆ ئەوەی ئاوی دەریاکەی تێپاڵورێت ، پاشان بەتەنیشتیەوە یەکێکی تر هەڵبکەنرێت ئاوی چاڵی یەکەمی تێپاڵیورێت و ، هەمیسان یەکێکی تر هەڵبکەنرێت ئاوی چاڵی دووەمی تێپاڵورێت و بەجۆرە تا ئاوەکە بەتەواوی سازگارو خۆش دەبێ · ئەگەر مرۆڤ ناچار بوو ئاوی لێڵ بخواتەوە ، ئەوا پێش خواردنەوە ئاوەکە بەم ڕێگایانە چارەسەر دەکرێ :

١. ناوکە قەیسی بخرێتە نێو ئاوکە ·
٢. پارچەیەك لە داری ساج ·
٣. پشکۆیەکی گڕگرتوو بخرێتە نێو ئاوەکە تاوەکو تیادا دەکوژێتەوە ·
٤. قوڕی (أرْمَنِياً) ·
٥. ئاردی سفری گەنم ·

لە هەموو ئەم بارانەدا لیڵاوی ئاوەکە دەنیشێت ·

مسْكٌ : ثبت في صحيح مسلم ، عن أبي سعيد الخُدريُّ _ رضي الله عنه _ ، عن النبيِّ ﷺ أنه قال : ((أطيبُ الطِّيبِ المِسْكُ))([٦٣٢]) ·

: لە (أبي سعيد الخُدريُّ)وە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((بۆنخۆشترینی بۆنەکان میسکە)) ·

وفي الصحيحين عن عائشة _ رضي الله عنها _ : كنتُ أُطيِّبُ النبيَّ ﷺ قبلَ أن يَحْرِمَ ويومَ النَّحْرِ قبل أن يطوفَ بالبيت بطيبٍ فيه مِسْكٌ([٦٣٣]) ·

---

[٦٣٢] _ صحيح : أخرجه مسلم (٢٢٥٢) ·

واته : له خاتوو (عائشة)هوه _ خواى ليّ رازى بيّت _ فهرموويهتى : پيّغهمبهرى خوام ﷺ بۆنخۆش دهكرد بهبۆنيّك ميسكى تيّدا بوو پيّش ئهوهى ئيحرام ببهستىّ و له رِۆژى قوربانى سهربرِينيشدا پيّش ئهوهى تهوافى دهورى كهعبهى بكردايه ٠

ميسك : پادشاى ههموو جۆره بۆنخۆشهكان و ، بهرِيّزترين و بۆنخۆشترينيانه ، ئهو بۆنهيه كه وهكو نموونهى بالّا دههيّنريّتهوه ، بۆنى ترى پىّ دهچويّنريّت و ، ناچويّنريّت بههيچ بۆنيّكى تر ، گردى بهههشته ٠

ميزاجى گهرم و ووشكه له دووهمدا ، نهفس شادومان و بههيّز دهكات و ، ههموو ئهندامه ناوهكيهكان بههيّز دهكات " بهخواردنهوهو بۆنكردن ، ئهگهر بخريّته سهر ئهندامهكانى دهرهوهش بههيّزيان دهكات ، بۆ بهسالّاچوان و ، ئهوانهى سهرمايان بووه ، بهتايبهت له كاتى زستاندا بهسووده ، بۆ بوارنهوهو دلّهكوتىّ چاكه ، بۆ لاوازى هيّز چاكه " چونكه گهرمى غهريزى دهبوژيّنيّتهوه ، سپيّتى چاو (بياض العين) لادهبات ، تهرِى وشيّكانى ووشك دهكاتهوه ، باى نيّوى و ههموو ئهندامهكانى تريش دهكاته دهرهوه ، كارى ژههرهكان پوچ دهكاتهوه ، بۆ گهزتنى مار بهسوودهو ، سوودهكانيشى گهليّك زۆرن و ، بههيّزترين دلّخۆشكارهكانه ٠

مَرْزَنْجُوش ([634])ـ چهوير : سهبارهت به چهوير فهرموودهيهك هاتووه (صحيح)يمان بۆ دهرنهكهوتووه : ((عليكم بالمَرْزَنْجُوش ، فإنه جيدٌ لِلخُشام))([635]) .

---

[633] ـ صحيح : أخرجه مسلم (٤ / ١٢) عن عائشة ـ رضي الله عنها ـ قالت : كأني أنظر الى وبيص المسك في مفرق رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ وهو محرم ٠ ولم أجده باللفظ المذكور في الصحيحين ٠

[634] ـ مرزنجوش : رِووهكيّكى تهمهندارى دريّژى عهتر ئاميّزه ، نزيكهى (٣٠ ـ ٦٠)سم بهرزدهبيّتهوه ، رِهنگه گولّهكانى سوريّكى كالّن و ، تۆوهكهى له تۆوى رِهيحان دهچيّت ، بهزۆرى گولّهكانى بهكاردێن ٠ بروانه سايتى : essam581.blogs ، وهرگيّر ٠

واته : ((چەویر بەکاربێنن ، چونکە بۆ هەڵامەت چاکە)) • میزاجی چەویر گەرمە لە سێیەمداو ووشکە لە دووەمدا ، بۆنکردنی بۆ سەرئێشەی ساردو ، ئەوەی بەهۆی بەڵغەم و ، (السوداء)و ، هەڵامەت و ، بای چڕەوە ڕوودەدات بەسوودە ، کونیلە داخراوەکانی (السُدد)سەرو هەردوو کونی لووتدا دەکاتەوە ، زۆربەی هەڵئاوسانە ساردەکان شیی دەکاتەوە ، بۆیە بۆ زۆربەی ئاوسان و ئازارە ساردە تەڕوشێدارەکان بەسوودە ، ئەگەر هەڵبگیرێت ، خوێنی بێنوێژی زیاد دەکات و ، یارمەتیدەر دەبێ بۆ سك پڕی ، ئەگەر گەڵا ووشکەکەی بکوترێت و ، بخرێتە نێو پارچە پەڕۆیەکی گەرمکراوەوە ، ئاسەواری خوێنی کاتی ژێر چاو لادەبات ، ئەگەر لە گەڵ سرکەدا بەستەرێکی (الضماد) لێ دروست بکرێت ، بۆ پێوەدانی دووپشك بەسوودە ، ڕۆنەکەی بۆ ئازاری پشت و هەردوو ئەژنۆ بەسوودە ، ماندووبوون ناهێڵێت ، هەرکەس بەبەردەوامی بۆنی بکات ئاو دانابەزێتە چاوەکانی ، ئەگەر ئاوەکەی لە گەڵ ڕۆنی بادەمی تاڵدا (دهن اللوز المر) بتکێنرێتە هەردوو لووت ، کونیلە داخراوەکانی (السُدد) لووت دەکاتەوە ، بەسوودیش دەبێ بۆ ئەو بایەی تووشی بووەو ، تووشی سەریش بووە •

ملحٌ • خوێ : روى ابن ماجة في سننه : من حديث أنس يرفعه : ((سَيِّدُ إدامِكُم المِلحُ))([٦٣٦]) واتە : (أنس) _ خوای لێ ڕازی بێت _ لە فەرموودەیەکدا کە بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((سەرگەورەی پێخۆرتان خوێ یە)) • سەرگەورەش ئەوەیە : کە بەرامبەر چاك دەکات و ، سەرەوکاری دەکات ، بێ گومان زۆربەی پێخۆرەکانیش لەڕاستیدا بەخوێ چاك دەکرێت •

---

[٦٣٥] _ ضعيف : أورده الألباني في ضعيف الجامع (٣٧٧٧) وضعفه ، ونسبه السيوطي الى ابن السني وأبي نعيم في الطب عن أنس •

[٦٣٦] _ إسناده ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٢٣١٥) ، وضعفه الألباني في ضعيف الجامع (٣٢١٥) •

وفي مسند البزّار مرفوعاً : ((سَيُوشِكُ أن تكونوا في النَّاس مِثْلَ المِلْحِ في الطَّعَام ، ولا يَصلُحُ الطَّعَامُ إلا بالمِلْحِ))([٦٣٧]) .

واته : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((نزیکە ئێوە لە نێو خەڵکیدا وەکو خوێتان لێ بێت لە نێو چێشتدا ، چێشتیش چاك نابێت مەگەر بەخوێ)) ٠

پێشەوا (البغويُّ) لە تەفسیرەکەیدا دەگێڕێتەوە : عن عبدالله بن عمر _ رضي الله عنهما _ مرفوعاً : إنَّ اللهَ أنزلَ أربعَ بركاتٍ من السَّماء إلى الأرض : الحديد ، والنار ، والماء ، والملح٠ والموقوف أشبه ٠

واته : (عبدالله)ی کوڕی (عمر) _ خوای لێ ڕازی بێت _ لە فەرموودەیەکدا کە بە بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت : خوای تعالی چوار فرە بەرەکەتی لە ئاسمانەوە دابەزاندە سەر زەمین : ئاسن ، ئاگر ، ئاو ، خوێ ٠ بەڵام فەرموودەکە لە (موقوف) دەچێت ٠

خوێ جەستەو خۆراکی خەڵك چاك دەکات ، هەموو شتێك چاك دەکات ئەگەر تێکەڵی بێت تەنانەت زێڕو زیویش ، چونکە هێزێکی تێدایە زەردیەکی زیاتر بەزێڕو ، سپێتیەکی زیاتر بەزیو دەبەخشێت ، هێزی پاکردنەوەو لابردن و شیی کردنەوەی تێدایە ، تەڕی و شێی چڕ ناهێڵێت و ، ووشکی دەکاتەوە ، جەستە بەهێز دەکات و ، قەدەغەی بۆگەنبوون و خراپبوونی دەکات ، بۆ گەڕی کیماوی بەسوودە ، ئەگەر چاوی پێ برێژرێت ، گۆشتی زیاد لە چاودا هەڵدەکەنێت ، نەخۆشی (الظَّفَرَة)([٦٣٨]) هەڵدەکەنێت ٠ خوێی (الأندراني)([٦٣٩]) چاکتر ئەو کارانە ئەنجام

---

[٦٣٧] _ إسناده صحيح : صححه الألباني في صحيح الجامع (١٣٥٢) ٠

[٦٣٨] _ الظفرة : ئەم نەخۆشیە بریتیە لە هەڵتۆقاوێکی مێخی یاخود سێگۆشەیی کە لە (الملتحمة)و لە نزیکی سێگۆشەی چاو لە شوێنی بەیەککەشتنی هەردوو پێڵاوەکانی چاودا دێتەدەرێ ٠ بڕوانە : www.islamol.net ، وەرگێڕ ٠

دەدات ، قەدەغەی بڵاوبونەوەی برینە پیسەکان دەکات ، پیسی دێنێتە خوارەوە ، ئەگەر بە سەر سکی کەسانی تووشبوو بەنەخۆشی ئاوبەتگدا بهێنرێت ، سودیان پێ دەگەیەنێت ، ددانەکان پاك دەکاتەوە ، بۆگەنیان لێ دوردەخاتەوە ، پووك توندو بەهێز دەکات ، سوودەکانی گەلێك زۆرن ٠

پیتی النون (ن) :

نَخْلٌ ٠ دارەخورما : زیاتر لە یەك شوێنی قورئاندا باسکراوە ، وفي الصحيحين : عن ابن عمر _ رضي الله عنهما _ ، قال : بيْنا نحن عند رسول الله ﷺ، إذ أُتيَ بجُمَّارِ نخلة ، فقال النبيُّ ﷺ : ((إنَّ مِن الشَّجَرِ شَجَرَةً مَثَلُها مَثَلُ الرَّجُلِ المسلِمِ لا يَسقُطُ وَرَقُها ، أَخْبِرُوني ماهي ؟)) فوقع الناسُ في شجر البوادي ، فوقع في نفسي أنها النخلة ، فأردتُ أن أقول : هي النخلة ، ثم نظرتُ فإذا أنا أصغرُ القومِ سناً ، فسكتُّ ، فقال رسول الله ﷺ : ((هي النَّخْلَةُ)) ، فذكرتُ ذلك لعمرَ ، فقال : لأن تكونَ قُلْتَهَا أحبُّ إليَّ من كذا وكذا([٦٤٠]).

واتە : لە (ابن عمر)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : لە کاتێکدا ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ دانیشتبوین ، ناوکرۆکی دارەخورمایەکیان بۆ هێنا ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ((بەڕاستی لە درەختەکاندا درەختێك هەیە نموونەی وەکو نموونەی پیاوی موسڵمانەو گەڵاکانی ناوەرێت ، پێم ڕاگەیەنن چی یە ؟)) ئەوەبوو خەڵکەکە دەستیانکرد بەناوهێنانی درەختی بیابانەکان ، منیش کەوتە دڵمەوە کە بەڕاستی دارەخورمایە ، بۆیە ویستم بڵێم : درەختەکە دارەخورمایە ، پاشان تەماشایەکم کردو بۆم دەرکەوت من بچوکترینی خەڵکەکەم لە تەمەندا ، بۆیە بێدەنگ بووم ، ئەوەبوو پێغەمبەری

---

[٦٣٩] _ ملح الأندراني : جۆرە خوێ یەکە به شێوەیەکی سروشتی لە هەندێ کانگاکانی سەر زەوێدا هەیە ، وەکو تاوێری خۆیی کریستاڵی ، بڕوانە : www.khayma.com ، وەرگێڕ ٠

[٦٤٠] _ متفق عليه : أخرجه البخاري (٩ / ٤٩٥) ، ومسلم (٢٨١١) ٠

خوا ﷺ فەرمووی : ((درەختەکە دارەخورمایە)) ، منیش ئەوەم بۆ (عمر) باسکرد ، ئەویش فەرمووی : ئەگەر باستکردایە لە ئاوەهاو ئاوەها پێم خۆشتر بوو ٠

سوودی فەرموودەکە لەوەدایە کە :

١. زانا مەسەلەکەکان دەخاتە بەر دیدی هاوەڵانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو زانستەی پێیانە
٢. شیاوێتی هێنانەوەی قسەی نەستەق و پەندو چواندنی تێدایە ٠
٣. بەدەرخستنی شەرمی هاوەڵان بەرامبەر بە سەرگەورەکانیان و ڕێزگرتنیان و وازهێنان لە قسەکردن لە پێش دەستیاندا ٠
٤. شادومانبوونی پیاو کاتێ کوڕەکەی دەیپێکێت و ، بۆ ڕاستی سەردەکەوێت ٠
٥. ئاسایە کوڕ لە کاتی ئامادەبونی بابیدا وەڵام بداتەوە بەوەی دەیزانێت ، با بابیش وەڵامەکە نەزانێت ، ئەوەش هیچ بێ ڕەوشتیەك نانوێنێت بەرامبەر بە باب ٠
٦. چواندنی موسڵمانی تێدایە بەدارەخورما لەبەر زۆری خێری و ، بەردەوامی سێبەری و ، خۆشی بەروبومی و ، هەبوونی بەبەردەوامی ٠

بەری دارەخورما بەتەڕی و ووشکی ، پێنەگەشتوو و پێگەشتووی دەخورێت ، خۆراکە ، دەرمانە ، بژێویە ، حەلوایە ، خواردنەوەیە ، میوەیە ، قەدی دارەکەشی بۆ بیناسازی و ئامیرو دەفر بەکاردێت ، گەڵاو پەلکەکەشی حەسیرو ، زەمبیلەو ، دەفرو ، باوەشێنی و ، هیتریشی لێ دروست دەکرێت ، ڕێشاڵەکانیشی دەکرێ بە حەبل و ناوئاخنی پشتی و لێفەو هیتر ، ناوکەکەشی کە کۆتای بەشەکانێتی دەکرێ بە ئالفی ووشتر ، هەروەها بەشداریش دەبێ لە دەرمان و چاو ڕەشتندا ٠

پاشان جوانی بەروبومی ، ڕووەکی ، شێوەی ، دیمەنی ، ، چاکی ڕێکخستنی بەرەکەی ، دروستکردنی ، گەشانەوەی ، ، شادومانبونی دڵ لە کاتی بینینیدا ، کار لە نەفسی مرۆڤ دەکەن ٠

بەبینینی دروستکارو خولقێنەر ، دروستکردنە سەرسوڕمێنەکەی ، توانای تەواوی خوای تعالی ، تەواوی حیکمەت و دانایی پەروەردگار بیری مرۆڤ دەخاتەوە ٠

بۆیە هیچ شتێکی تر بەدیناکرێت لە دارەخورما بچێت جگە لە موسڵمانی باوەڕدار ، چونکە هەمووی خەیرە ، هەمووشی سوودە لەدەرەوەو ناوەوە ٠

دارەخورما ئەو درەختەیە کە قەدەکەی سۆزی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە جۆش و بیری کرد " کاتێ ڕۆشت و لێی جیابۆوە ، چونکە تامەزرۆی نزیکی و گوێبیستی گوفتارەکانی بوو ، ئەو درەختەیە کە (مریم)ی لە ژێردا دابەزی کاتێ (عیسی)ی بوو _ علیه السلام _ ٠

لە فەرموودەیەکدا کە (إسناد)ەکەی جێگەی تێڕوانینە هاتووە : ((أكرموا عمَّتكم النخلةَ ، فإنها خُلِقَتْ من الطِّين الذي خُلق منه آدم))([٦٤١]) واتە : ((ڕێز لە پورە دارەخورماتان بگرن ، چونکە دروست کراوە لەو قوڕەی ئادەمی لێ دروست کراوە)) ٠

خەڵکیش بەدوو گوفتار جیاوازبوونە سەبارەت بەپێشخستن و پەسەندی بوونی بەسەر درەختی تردا یاخود بەپێچەوانەوە ، خوای تعالی لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین جێگەدا بەیەکەوە جووتی کردوون و باسی کردوون ، ئای کە هەریەکیان لە هاوەڵەکەیەوە نزیکە ، ئەگەرچی هەریەکیان لە جێگەی فرامانڕەوای و سەوزبونی خۆیدایەو ، ئەو خاکەشی بۆ چاکترو بەسوودترە کە گونجاوێتی ٠

نرجس ، نێرگز : فەرموودەیەکی لەبارەوە هاتووە (صحيح) نی یە : ((عليكم بِشَمِّ النَّرجِس فإنَّ في القَلْبِ حَبَّةَ الجنونِ والجُذامِ والبَرَصِ ، لا يقطعُها إلا شمُّ النَّرجِسَ)) واتە : ((

[٦٤١] _ موضوع : أورده الألباني في ضعيف الجامع (١١٣٦) وقال : موضوع ، ونسبه السيوطي الى أبي يعلى وابن أبي حاتم والعقيلي في الضعفاء ، وابن عدي في الكامل ، وابن السني ، وأبي نعيم في الطب عن علي ، وانظر الضعيفة (٣) .

بۆنی نێرگز بکەن چونکە دڵ تـۆوێکی شـێتی و گـوڵی و بەڵـەکی تێدایـە ، بـەدەر لـە بـۆنکردنی نێرگز هیچ شتێکی تر نایبڕێت)) ٠

نێرگز گەرم و ووشکە لە دووەمـدا ، بنەڕەتەکـەی برینـە بەقوڵاچووەکان بـۆ دەمـار سـارێژ دەکاتەوە ، هێزێکی شتنێتی ، پاکاریی ، ڕاکێشـەری هەیـە ، ئەگـەر بکولێنـدرێت و ئاوەکـەی بخورێتـەوە ، یـا بـە کوڵـاوی بخورێـت ، ڕشـانەوە دەورووژێنێـت و ، تـەڕی و شـێداری لـە بنـی گـەدەوە ڕادەکێشـێت ، ئەگـەر لـە گـەڵ (الكِرْسـنَّة)([٦٤٢])هـەنگو ێنـدا بکولێنـدرێت ، پیسـی برینەکان پاك دەکاتەوەو ، ئەو دوومەڵانەش بە ئاستەم دەتەقێنێت ، گوڵەکەی مامناوەندە لـە گەرمیدا ، ناسکەو بۆ هەڵامەتی سارد بەسوودە ، شیی کردنەوەیەکی بەهێزی تێدایـە ، کونیلـە داخراوەکانی (السُدد) مێشك و کونی لـووت دەکاتـەوە ، بـۆ سەرئێشـەی تـەڕو (السَّـوداوي) بەسوودە ، سـەری گـەرم دەئێشـێنێت ، هەرکـەس بەبـەردەوامی لـە زسـتاندا بـۆنی بکـات لـە هاویندا تووشی (البرسام) نابێ ، بەسودە بۆ ئازارەکـانی سـەر کـە بـەهۆی بەڵغـەم و (المرة السـوداء) دروسـت دەبـێ ، بۆنـدارەو دڵ و مێشـك بـەهێز دەکـات و ، بـۆ زۆرێـك لـە نەخۆشـیەکانیان بەسـوودە ، دانـەری کتـێبی (التیسـیر) دەڵێـت : بـۆنکردنی ڤێ و پەرکـەمی منداڵان لادەبات ٠

نُورَةٌ ، موو لابەر : روى ابن ماجة : من حديث أُمِّ سلمة _ رضـي الله عنهـا _ ، أَنَّ الـنبيَّ ﷺ كان إذا اطَّلى بدأ بعورتِه ، فطَلَاها بالنُّورَة ، وسائِرَ جسدهِ أهْلُه([٦٤٣]).

واتە : لـە (أُمِّ سلمة)ەوە _ خـوای لـێ ڕازی بێـت _ فەرموویـەتی : پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگەر تێهەڵسوونی بکردایە لە عەورەتیەوە دەستی پێدەکردو ، لـە مـوو لابـەری هەڵدەسـوو ، خێزانەکانیشی تێکڕای تری جەستیان بۆ دەکرد٠

---

[٦٤٢] _ الكِرْسنَّة : ڕووەکێکی یەك ساڵەی بچوکەو ، تا ڕادەیەك لە ڕووەکی نیسك دەچێت ، قەدەێکی بتەوی نی یەو ، نزێکەی (٣٠ _ ٤٠)سم لە زەمین بەرز دەبێتەوە ، بڕوانە : www.snbl.com ، وەرگێڕ ٠

[٦٤٣] _ ضعيف : أخرجه ابن ماجة (٣٧٥١) بإسناده عن حبيب بن أبي ثابت عن أم سلمة فذكرته٠

بنەڕەتی مادەی موو لابەر : قسلێ دوویەش ، زرنیخ بەشێك ، تێكەڵ بەئاو دەكران ، لەبەر هەتاو یاخود گەرماودا بەجێدەهێڵرا بەئەندازەی پێگەشتنی و ، تەواو شین بوونەوەی . پاشان لە جەستیان هەڵدەسوو ، سەعاتێكیش دادەنیشتن تا ئەوەندەی كاری خۆی دەكردو ، ئاویان لێ نەدەدا ، پاشان دەشۆردراو ، جێگەكەشی لە خەنە هەڵدەسوێنرا بۆ ئەوەی شوێنەواری گەرمیەكەی نەمێنێت .

نَبقُ ، كونار : پێشەوا (أبو نعيم) لە كتێبی (الطب النبوي)دا لە فەرموودەیەكدا كە بەرزی دەكاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺدەفەرمێت : كاتێ ئادەم دەبەزێنرایە سەر زەمین بەری یەكەم شتێكی خواردبێت كونار بوو .

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەكدا باسی كوناری كردووە : ((أنه رأى سِدْرَةَ المُنتهى ليلةَ أُسْرِيَ به ، وإذا نَبِقُها مِثْلُ قِلالِ هَجَر))([٦٤٤]) واتە : ((پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەو ڕەویەكەیدا درەختی (سِدْرَةَ المُنتهى)ی بینی و ، تەماشای كرد بەرەكەی بەئەندازەی مەركانەو كوپە گەورەگانی دێی (هَجَر)ی نزیك بەشاری مەدینە بوو)) .

كونار : بەری درەختی كونارە سروشت ڕادەگرێت و ، بۆ نەهێشتنی ڕەوانبوون بەسوودە ، گەدە خۆشەدەكات ، (الصفراء) دادەمركێنێتەوە ، خۆراك بەجەستە دەبەخشێت ، ئارەزووی خواردن دەكاتەوە ، بەڵغەم دروست دەكات ، درەنگ هەرسە ، ئاردەكەی هەناو بەهێز دەكات ، میزاجە (الصفراوية)كان چاك دەكاتەوە ، بەهەنگوێن زیانەكانی دووردەخرێتەوە . جیاوازی دروست بووە سەبارەت بەوەی ئایا تەڕوشێدارە

---

[٦٤٤] ـ صحيح : أخرجه البخاري (٤ / ١٣٣ ، ١٨٥ ، ١٩٩) ، (٥ / ٦٦) ، ومسلم (١ / ١٠٣ ، ١٠٤) كلاهما من طريق أنس بن مالك عن مالك بن صعصعة فذكره في حديث طويل.

ياخود ووشكه ؟ بەدوو گوفتار ٠ راسترينيان : تەڕو شێدارەكەی ساردو تەڕەو ، ووشكەكەشی ساردی ووشكه ٠

پیتی هاء (ه) :

هنْدَبَاء([٦٤٥]) ٠ تاليشكه : له پێغەمبەری خواوه ﷺ سێ فەرمووده سەبارەت به تاليشكه هاتوون بەڵام (صحيح) نين و ، جێگیر نەبوونه ، بەڵكو فەرموودەگەلێكی (موضوع)ن ٠

يەكەميان : ((كُلُوا الْهِنْدَبَاءَ وَلَا تَنْفُضُوهُ ، فَإِنَّهُ لَيْسَ يَوْمٌ مِنْ الْأَيَّامِ إِلَّا وَقَطَرَاتٌ مِنْ الْجَنَّةِ تَقْطُرُ عَلَيْهِ)) واته : ((تاليشكه بخۆن و مەيتەكێنن ، چونكه ڕۆژێك نی يه له ڕۆژان مەگەر دڵۆپكەلێكی له بەهەشتەوه دەتكێته سەر)) ٠

دووەم : ((وَمَنْ أَكَلَ الْهِنْدَبَا وَنَامَ عَلَيْهِ لَمْ يَحِلَّ فِيهِ سُمٌّ وَلَا سِحْرٌ)) واته : ((هەركەس تاليشكه بخوات و لەسەری بنوێ ئەوا تووشی ژەهرو جادو نابێ)) ٠

سێ يەم : ((مَا مِنْ وَرَقَةٍ مِنْ وَرَقِ الْهِنْدَبَا إِلَّا وَعَلَيْهَا قَطْرَةٌ مِنْ الْجَنَّةِ)) واته : ((هيچ گەڵايەك له گەڵاكانی تاليشكه نی يه مەگەر دڵۆپێكی بەهەشتی بەسەرەوەيه)) .

پاشان ٠ ميزاجی تاليشكه دەگۆڕێت و ، بەگوێرەی ورزه جياوازەكانی ساڵ گۆڕانكاری بەسەردا دێت ، بۆيه له زستاندا ساردو تەڕە ، له هاويندا گەرم و ووشكه ، له بەهارو پايزدا مامناوەنده ، له زۆربەی باروحاڵەكانيشيدا مەيلی لای ساردی و ووشكی دەكات ،

---

[٦٤٥] ــ الهندباء : ڕووكێكی گيايی وەرزيه ، نزيكەی (٤٠)سم بەرز دەبێتەوه ، گەڵاكانی له گەڵای كاهو دەچێت ، گوڵەكانی زەردن و ، جۆرێكی تريشی هەيه گوڵەكانی شينه ، تۆوەكەی بچوكه ٠ بڕوانه : www.snbl.com ، وەرگێڕ ٠

تاليشكه قه‌بزكارو ساردكاره ، چاكه بۆ گه‌ده ، ئه‌گه‌ر له‌ گه‌ڵ سركه‌دا بكوڵێندرێت و بخورێت ، سك ڕاده‌گرێت به‌تايبه‌ت كێويه‌كه‌ى ، كه‌ چاكتره‌ بۆ گه‌ده‌و ، زۆرتريش قه‌بزكاره‌ ، به‌سووديشه‌ بۆ لاوازيه‌كه‌ى ٠

ئه‌گه‌ر پێچه‌رێكى (الضماد) لىَ دروست بكرێت ، هه‌ڵئاوسانى كاتى له‌ گه‌ده‌دا ناهێڵێت و ، به‌سووديشه‌ بۆ جومگه‌ژان و ، هه‌ڵئاوسانه‌ گه‌رمه‌كانى چاو ، ئه‌گه‌ر له‌ گه‌ڵاو بنه‌ڕه‌ته‌كه‌ى پێچه‌رێكى لىَ دروست بكرێت ، به‌سوود ده‌بىَ بۆ پێوه‌دانى دووپشك ٠ گه‌ده‌ به‌هێز ده‌كات ، كونيله‌ داخراوه‌كانى جگه‌ر ده‌كاته‌وه‌ ، بۆ ئازاره‌ گه‌رم و سارده‌كانى به‌سووده‌ ، كونيله‌ داخراوه‌كانى سپڵ و ڕه‌گ و هه‌ناو ده‌كاته‌وه‌ ، ڕێڕه‌وه‌كانى گورچيله‌ پاك ده‌كاته‌وه‌ ٠

به‌سوودترينى بۆ جگه‌ر تاڵترينيانه‌ ، ئاوه‌ گوشراوه‌كه‌ى بۆ (اليرقان السدَدي) به‌سووده‌ ، به‌تايبه‌ت ئه‌گه‌ر تێكه‌ڵ به‌ئاوى ڕازيانه‌ى ته‌ڕ (الرازيانج الرطب) بكرێت ، ئه‌گه‌ر گه‌ڵاكه‌ى بكوترێت و ، بخرێته‌ سه‌ر هه‌ڵئاوسانه‌ گه‌رمه‌كان سارديان ده‌كاته‌وه‌و شى يان ده‌كاته‌وه‌ ، گه‌ده‌ پاك ده‌كاته‌وه‌ ، گه‌رمى خوێن و (الصفراء) داده‌مركێنێته‌وه‌ ٠

چاكترينيشى ئه‌وه‌يه‌ به‌بىَ شتن و ته‌كاندن بخورێت ، چونكه‌ به‌شتن و ته‌كاندن هێزه‌كه‌ى نامێنێت ، له‌ گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هێزێكى (ترياق)ى تێدايه‌ كه‌ بۆ هه‌موو ژه‌هره‌كان به‌سووده‌ ٠

ئه‌گه‌ر چاوى پىَ برێژرێت ، بۆ شه‌وكوێرى به‌سوود ده‌بىَ ، گه‌ڵاكه‌ى له‌ (ترياق)دا به‌شداره‌ ، بۆ پێوه‌دانى دووپشك به‌سووده‌ ، به‌رگرى زۆربه‌ى ژه‌هره‌كان ده‌كات ، ئه‌گه‌ر ئاوه‌كه‌ى بگوشرێت و ، زه‌يتى زه‌يتونى تێكرا ، مرۆڤ له‌ ده‌رمانه‌ كوشنده‌كان ڕزگار

دەكات ، ئەگەر بنەڕەتەكەی بگوشرێت و ، ئاوەكەی بخورێتەوە ، بۆ گەزتنی مارو دووپشك و زەردەواڵە بەسوودە ، شیری بنەڕەتەكەشی سپێیای چاو ناهێڵێت ٠

پیتی واو (و) :

وَرْسٌ • گژوگیای ئەسپەك : پێشەوا (الترمذي) لە (الجامع)ەكەیدا : لە (زید)ی كوڕی (أرْقَمَ)ەوە دەگێڕێتەوە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ زەیتی زەیتون و گیای ئەسپەكی وەسف دەكرد بۆ كەسانی تووشبوو بەنەخۆشی (ذات الجنب) ، (قتادة) دەڵێت : دەكرێ بەدەمیەوەو ، لەو لایەوە دەكرێ بەدەمیەوە كە ئازارەكەی هەیە ٠

وروى ابن ماجة في سننه من حديث زيد بن أرقم أيضاً ، قال : نعتَ رسولَ اللهِ مِن ذَاتِ الجَنْبِ وَرْساً وقُسْطاً وزيتاً يُلَدُّ به([٦٤٦]) .

واته : دیسان لە (زید)ی كوڕی (أرقم)ەوە _ ، فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نەخۆشی (ذات الجنب) ئەسپەك و (القسط)و زەیتی زەیتونی وەسف دەكرد بۆ ئەوەی بكرێت بەدەمیەوە ٠

وصحَّ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ _ رضي الله عنها _ قَالَتْ : كَانَتْ النُّفَسَاءُ تَقْعُدُ بَعْدَ نِفَاسِهَا أَرْبَعِينَ يَوْمًا ، وَكَانَت إحدانا تَطْلِي الوَرْسَ عَلَى وُجُهِهَا الْوَرْسَ مِنْ الْكَلَفِ([٦٤٧]).

---

[٦٤٦] _ ضعيف : أخرجه أحمد (٤ / ٣٦٩ ، ٣٧٢) ، وابن ماجة (٣٤٦٧) ، والترمذي (٢٠٧٨) ، (٢٠٧٩) ، كلهم من طريق ميمون أبي عبدالله عن زيد بن أرقم فذكره ٠

[٦٤٧] _ حسن صحيح : أخرجه أحمد (٦ / ٣٠٠ ، ٣٠٢ ، ٣٠٤ ، ٣٠٩) ، والدارمي (٩٦٠) ، وأبوداود (٣١١) ، وابن ماجة (٦٤٨) ، والترمذي (١٣٩) كلهم من طريق مسة الأزدية عن أم سلمة فذكرته ٠

واته : له (أُمِّ سلمة)ەوه _ خوای لیٚ رازی بیٚت _ فەرموویەتی : ژنان پاش منداڵبوون چل ڕۆژ دادەنیشتن ، هەر یەکێکیشمان دەم و چاوی بە ئەسپەك چەور دەکرد بەهۆی ئەو پەڵەو سورهەڵگەڕانەی تووشمان دەبوو .

(أبوحنيفة اللُّغويُّ) دەڵێت : ئەسپەك بە چاندن دەچێنرێت و ، کێوی نی یە ، جگە لە خاکی عەرەبدا لە هیچ شوێنێکی تر نەم ناسیوەو ، لە خاکی عەرەبیشدا تەنها لە یەمەندا بینیومە · هێزی لە گەرمی و ووشکێتیدا لە سەرەتای پلە دوودایە ، چاکترینیشی سورە نەرمەکەیەتی لە نێو دەستدا ، کە کەپەکی کەمترە ، بەسوودە بۆ پەڵەو ، ئاڵووشی و ، زیپکەی ڕووی جەستە ئەگەر تێی هەڵسوێنرێت ، هێزێکی قەبزکاری هەیە ، ئەگەر بخورێتەوە بۆ پەڵەی سپی (الوَضَح) بەسوودەو ، ئەندازەی خواردنەوەشی بەکێشی دیرهەمێکە ، میزاج و سوودی ئەسپەك نزیك بەسوودی (القُسْط البحريّ)یە ، ئەگەر بەڵەکی و ئاڵوشی و زیپکەو هەڵزڵەپانی تێهەڵسوێنرێت سوودیان پیٚ دەگەیەنێت ، پۆشاکی بۆیەکراو بە ئەسپەك هێزی جووتبوون زیاتر دەکات ·

وسْمَةٌ ، ڕووەکی خەنە _ بڕوانە الكتم _ : گەڵای درەختی نیلە ، پرچ ڕەش دەکات ، بەم نزیکانە باسی جیاوازی نێوان زانایمان کرد سەبارەت بە شیاوێتی پرچ ڕەش کردن و ئەوەی دەیکات ·

پیتی الیاء (ی) :

يَقْطِينٌ ، کولەکە : لە زمانی عەرەبیدا دیسان بە (الدُّباء) و (القرع)یش ناسراوە ، ئەگەرچی ووشەی (اليقطين) گشتیترە ، چونکە لە ڕووی زمانەوە : هەموو درەختێکە کە لە سەر قەدێك نەوەستیٚ ، وەکو کاڵەك و کالیارو خەیار · خوای تعالى دەفەرمێت : ﴿ وَأَنْبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِنْ يَقْطِينٍ ﴾[الصافات : ١٤٦] واتە : وە درەختێکی کولەکەمان

بەسەریدا ڕِواند([٦٤٨])٠ ئەگەر گوترا : لە زمانی عەرەبیدا ئەوەی لەسەر قەدێك نەوەستێ بە (نَجْم) ناودەبرێت نەك بە (شجر) ، چونكە (شجر) : بریتیە لەوەی قەدی هەبێ _ زمانەوانان گووتویانە _ ، باشە چۆن لێرەدا خوای تعالى دەفەرمێت ﴿ وَأَنْبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِنْ يَقْطِينٍ ﴾ واتە : ووشەی (شجرة)ی بەكارهێناوە بۆ كولەكە كەچی خۆی ڕووەكە ٠ وەڵام : لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر ووشەی (شجر) بەكارهێنرا ، مەبەست بەوانەیە كە قەدیان هەیەو لەسەری دەوەستن ، بەڵام ئەگەر ووشەی (شجر) بەسترا بەشتێكەوەو لەگەڵیدا بەكارهات ئەوا پابەندی ئەوە دەبێ ، بۆیە جیاوازی كردن لە نێوان ڕەهاو پابەندكراو لە ناوەكاندا دەروازەیەكی گرنگی بەسوودە بۆ تێگەشتن و ، پلەكانی زمان ٠

(اليقطين)ی باسكراو لە قورئاندا : بریتیە ڕووەكی كولەكەو ، بەرەكەشی بە كولەكە ناو دەبرێت ٠ وقد ثبت في الصحيحين : من حديث أنس بن مالك ، أنَّ خياطاً دعا رسولَ الله ﷺ لطعام صنَعه ، قال أنسٌ _ رضي الله عنه _ : فذهبتُ مع رسولِ الله ﷺ، فقرَّب إليه خُبزاً من شعير ، ومرَقاً فيه دُبَّاءٌ وقَديدُ ، قال أنس : فرأيت رسول الله ﷺ يَتَتبَّعُ الدُّبَّاء من حوالي الصَّحْفَةِ ، فلم أزل أُحِبُّ الدُّباءَ من ذلك اليوم([٦٤٩]).

واتە : لە (أنس)ی كوڕی (مالك)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : بەرگ درووییەك پێغەمبەری خوای ﷺ بانگ كرد بۆ خواردنێك دروستی كردبوو ، (أنس) _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرمووی : منیش لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ چووم ، ئەوەبوو نانی جۆو ، شلەیەك كە كولەكەو گۆشتی ووشكراوەی تێدا بوو خستە پێش

---

[٦٤٨] _ مەلا محمد مەلا صالح ، پوختەی تەفسیری قورئان ٠

[٦٤٩] _ صحيح : أخرجه البخاري (٣ / ٧٩) ، (٧ / ٨٩ ، ١٠١ ، ١٠٢) ، ومسلم (٦ / ١٢١) كلاهما من طريق إسحاق ابن عبدالله بن أبي طلحة عن أنس بن مالك فذكره ٠

دەستی ، (أنس) فەرمووی : پێغەمبەری خوام بینی ﷺ بەدوای کولەکەی دەوروبەری لەگەنەکەدا دەگەڕا ، بۆیە منیش لەو ڕۆژەوە بەردەوام حەزم لە کولەکەیە ٠

قال أبوطالوت : دخلتُ على أنس بن مالك _ رضي الله عنه _ وهو يأكل القَرْع ، ويقول : يالكِ من شجرةٍ ما أحبَّك إليَّ لحُبِّ رسول الله ﷺ إيَّاك([٦٥٠])

(أبو طالوت) دەڵێت : چوومە دیدەنی (أنس)ی کوڕی (مالك) _ خوای لێ ڕازی بێت _ لەو کاتەدا کولەکەی دەخواردو دەیفەرموو : ئای کە درەختێکی خۆشەویستی بەلامەوە لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشی دەوێی ٠

لە (الغَيْلانيَّات)دا هاتووە : لە (هشام)ی کوڕی (عروة)ەوە ، لە باببیەوە ، لە خاتوو (عائشة)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم : ئەی (عائشة) ئەگەر مەنجەڵێکت کوڵاند ، کولەکەی زۆر تێبکە ، چونکە دڵی خەمبار بەهێز دەکات ٠

کوولەکە : ساردو تەڕە ، خۆراکێکی کەم بەجەستە دەبەخشێت ، خێرا دێتە خوارەوە ، ئەگەر پێش هەرسکردن خراپ نەبێ ، خەڵتەیەکی ستایشکراوی چاکی لێ دروست دەبێ ، لە خاسیەتەکانی تری ئەوەیە کە خەڵتەیەکی ستایشکراوی چاك بەهاوشێوەی ئەوەی لە گەڵیدایە دروست دەکات ، بۆیە ئەگەر لە گەڵ خەرتەلەدا (الخردل) بخورێت ، خەڵتەیەکی توونی لێ دروست دەبێ ، لە گەڵ خوێدا خەڵتەیەکی سوێر ، لە گەڵ قەبزکاردا قەبزکار ، ئەگەر لە گەڵ بەهێدا بخورێت خۆراکێکی چاك بەجەستە دەبەخشێ ٠

---

[٦٥٠] _ ضعيف الإسناد : أخرجه الترمذي (١٨٤٩) بإسناده عن أبي طالوت فذكره ٠

كولەكە نەرم وناسكەو خۆراكێكى تەڕى بەڵغەمى بەجەستە دەبەخشێ ، بۆ لەش گەرم و تاداران بەسوودەو ، بۆ ئەوانەى تووشى سەرما بوونەو ، ئەوانەش كە بەڵغەميان بەسەردا زاڵ بووە گونجاو نى يە ، ئاوەكەى تينويەتى دەشكێنێت ، سەرئێشەى گەرم لادەبات ئەگەر بخورێتەوە يا خود سەرى پێ بشۆردرێت ، سك ڕەوان دەكاتەوە هەرچۆنێك بەكار بێت ، لەش گەرم وتاداران بەهيچ شتێكى ترى وەكو كولەكە چارەسەر ناكرێن و ، هيچ شتێكيش وەكو ئەو خێرا سوود ناگەيەنێت • لە سوودەكانى : ئەگەر هەويرى تێهەڵسوێنرێت و ، لە فڕن ياخود لە تەنوردا ببرژێنرێت و ، ئاوەكەى دەرهێنرێت و لە گەڵ هەندێ خواردنەوەى ناسك و خۆشدا بخورێتەوە ، تاى گەرم دادەمركێنێتەوەو ، تينويەتى دەشكێنێت و ، خۆراكێكى چاك بەجەستە دەبەخشێت ، ئەگەر لە گەڵ (ترنجبين)و([651]) مورەباى بەهێدا بخورێتەوە (صفراء)ى پەتى ڕەوان دەكاتەوە •

ئەگەر كولەكە بكوڵێندرێت و ، ئاوەكەى لە گەڵ هەندێك لە هەنگوێن و ، كەمێك لە (نطرون)دا بخورێتەوە ، بەڵغەم و (مِرَّة) بەيەكەوە دەكاتە دەرەوە ، ئەگەر بكوترێت و پێچەرێكى (ضماد) لێ دروست بكرێت و بخرێتە سەر تەپڵى سەر ، بۆ هەڵئاوسانە گەرمەكانى مێشك بەسوود دەبێ •

ئەگەر توێكڵەكەى بگوشرێت و ، ئاوەكەى لە گەڵ ڕۆنى گوڵدا (دهن الورد) تێكەڵ بكرێت و ، بتكێنرێتە گوێ ، بۆ هەڵئاوسانە گەرمەكان بەسوود دەبێ ، توێكڵەكەى

---

[651] _ ترنجبين : شەونمێكە لە ئاسمانەوە دادەبەزێ و لە هەنگوێن دەچێ ، ووشكەو خۆشەو زياتر بەسەر درەختى (الحاج)دا دەبارێت كە لە شام و خۆراسان دەڕوێت ، ئەم درەختە گەڵاكانى سەوزن و گوڵەكانى سورن و بەر ناگرێت ، چاكترينيشى سپيە خوراسانيەكەتى كە مامناوەندە لە گەرمى و ساردیدا ، بەسوودە بۆ تا زۆر گەرمەكان ، سينك شێدار دەكات و ، بۆ لەش گەرم وتاداران بەسوودە ئەگەر بخرێتە نێو ئاوى هەڵۆژەو ترێ وە ، بڕوانە : الجامع لمفردات الأدوية والأغذية ، ابن البيطار • وەرگێڕ •

بەسوودە بۆ هەڵئاوسانە گەرمەکانی چاو و ، جومگەژانی گەرم ، زۆر بەسوودە بۆ خاوەن میزاجە گەرمەکان و لەش گەرم و تاداران ، هەرکات ڕێکەوتی خەڵتەیەکی خراپی نێو گەدەی کرد ، دەگۆڕێت بۆ سروشتی ئەو تێکەڵاوە خراپەو ، خراپ دەبێ و ، لە جەستەدا خەڵتەیەکی خراپ دروست دەکات و ، زیانەکانیشی بە سرکە (المرّيّ) دوردەخرێتەوە ٠

بەگشتی : کولەکە نەرم وناسکترین خۆراکەکانەو ، لە هەمووشی زیاتر کارتێکراو دەبێ ، لە (أنس)ەوە _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ بەزۆری دەیخوارد٠

چەند بەشێکی جیاواز :
لە ئامۆژگاری بەسوود دەربارەی چارەسەرکردن و چارەسازی :

وام بەلاوە چاك بوو باسکردنی ئەم دەروازەیە بەبەشێکی کورتی زۆر بەسوود لە پارێزو ، ئامۆژگاری گشتی بەسوود کۆتای پێ بێنم بۆ ئەوەی سوودی کتێبەکە تەواو بێت ٠

بەشێکم لە کتێبی (المحاذير)ی (ابن ماسَوَيْه) بینی بەبێژەی خۆی دەینوسمەوە ، دەڵێت :

هەرکەس چل ڕۆژ پیازی خواردو تووشی پەڵەو سورهەڵگەڕان بوو ، با تەنها سەرزەنشتی نەفسی خۆی بکات ، هەرکەس خوێنی گرت و ، پاشان شتی سوێری خواردو تووشی بەڵەکی و گەڕی بوو ، با تەنها سەزەنشتی نەفسی خۆی بکات ٠

هەرکەس لە گەدەیدا هێلکەو ماسی کۆکردەوەو ، تووشی ئیفلیجی یاخود دەم خواربوون بوو ، با تەنها سەرزەنشتی نەفسی خۆی بکات ٠

هەركەس شيرو (النبيذ)ی لە گەدەيدا كۆكردەوەو ، تووشی بەڵەكی و جومگەژان بوو ، با تەنها سەرزەنشتی نەفسی خۆی بكات ٠

هەركەس خەونی بينی و ، خۆی نەشت تا لە گەڵ خێزانەكەيدا جووت بوو ، پاشان منداڵێكی شێت ياخود ناتەواوی بوو ، با تەنها سەرزەنشتی نەفسی خۆی بكات ٠

هەركەس هيلكەی كولێوی سارد بۆوەی خوارد ، تا تێر بوو ، پاشان تووشی نەخۆشی تەنگەنەفسی (ربو) بوو ، با تەنها سەرزەنشتی نەفسی خۆی بكات ٠

هەركەس لە گەڵ خێزانەكەيدا جووت بوو و ئارامی نەگرت تاوەكو بەتەواوی خاڵی بێتەوەو ، تووشی بەرد بوو ، با تەنها سەرزەنشتی نەفسی خۆی بكات ٠

هەركەس بەشەو تەماشای ئاوێنەی كردو ، تووشی دەم خواربوون بوو ، يا تووشی دەردێك بوو ، با تەنها سەرزەنشتی نەفسی خۆی بكات ٠

بەشێك : سەبارەت بە ئاگاداركردنەوە لە كۆكردنەوەی نێوان هێلكەو ماسی :

(ابن بَخْتَيْشُوع) دەڵێت : پارێزبكە لەوەی هێلكەو ماسی لە خواردندا كۆبكەيتەوە ، چونكە نەخۆشيەكانی (القولنج) و مايەسيری و ددان ئێشە دروست دەكات ٠

بەردەوام خواردنی هێلكە پلەو سورهەڵگەڕان لە دەم و چاودا دروست دەكات ، خواردنی سوێری و ماسی سوێرو خوێن گرتن پاش خۆشتن بەڵەكی و گەڕی دروست دەكەن ٠

بەردەوام خواردنی گورچیلەی مەڕ میزڵدان پەك دەخات ٠

خۆشتن بەئاوی سارد پاش خواردنی ماسی پاراو و تازە ئیفلیجی دروست دەكات ٠

جووتبوونی ژنی بێنوێژ نەخۆشی گولیی دروست دەكات ٠

جووتبوون بەبێ ئەوەی لە پاشیدا خۆی بشوات بەرد دروست دەكات ٠

دریژی مانەوە لە درەچەدا نەخۆشی قورس دروست دەكات ٠

(أبقراط) دەڵێت : كەمكردنەوەی زیانبەخش ، لە زۆر بەكارهێنانی شتی بەسوود چاكترە ، هەروەها دەڵێت : تەندروستی خۆتان بەردەوام بكەن بەوازهێنان لە تەمەبەڵی بەرامبەر بە ماندووبوون ، هەروەها بەوازهێنان لە سك پڕكردن لە خواردن و خواردنەوە ٠

كەسانێك لە دانایان گوتویانە : ئەو كەسەی تەندروستی دەوێ ، با خۆراكەكانی چاك بكات ، با لەسەر پاكی و برسێتی بخوات ، لەسەر تینویەتی ئاو بخواتەوە ، با كەم ئاو بخواتەوە ، لە دوای خواردن با ڕاكشێت ، لە دوای خواردنی شێوان با ڕێ بكات ، نەنوێت تا دەچێتە ئاودەست ، با وریابێ پاش تێربوون نەچێتە گەرماوەوە ، وە جارێك لە هاویندا لە دەجاری زستان چاكترە ، خواردنی گۆشتی ووشكراوە بەشەو یارمەتیدرە بۆ نەمان ، جووتبوونی پەكەوتووان تەمەنی زیندووان پیر دەكات و ، جەستەی تەندروستان نەخۆش دەخات ٠

ئەمانەی سەرەوە لە (علي)ی كوڕی (أبي طالب)ەوە باسكراوە ، بەڵام (صحيح) نی یەو ، لەڕاستیدا هێندێكی گوفتاری (الحارث)ی كوڕی (كَلَدَة)ی پزیشكی عەرەب و ، كەسانی دیكەیە ٠

(الحارث) دەڵێت : هەركەس مانەوەی پێخۆشە _ مانەوەش نی یە _ با زوو خوارنی نیوەڕۆ بخوات ، پەلەی خواردنی شێوان بكات ، با پۆشاكەكانی سووك بكات ، جووتبوونی ژنان كەم بكاتەوە ٠

(الحارث) دەڵێت : چوار شت جەستە دەڕۆخێنێت : جووتبوون لە سەر زۆرخۆری ، گەرماوكردن پاش تێربوون ، خواردنی گۆشتی ووشكراوە ، جووتبوونی بەساڵاچوو ٠ كاتێ (الحارث) هاتە سەرەمەرگ خەڵك لە چواردەوری كۆبۆونەوەو ، پێیان گووت : فەرمانی شتێكمان پێ بكە پاش تۆ سوودی لێ ببینین ٠ گووتی : لە ژنان بەدەر لە كیژی لاو و شۆخ و شەنگ مەخوازن ، میوە مەخۆن تەنها لە كاتی پێگەشتنیدا نەبێ ، با كەستان چارەسەر نەكات هەتاوەكو جەستەی توانای بەرگەگرتنی نەخۆشیەكەی هەیە ، هەموو مانگێك گەدەتان پاك بكەنەوە ، چونكە بەڵغەم دەتوێنێتەوە ، (المِرَّة) ناهێڵێت ، ئەگەر كەسێكتان خواردنی خوارد ، پاش خواردنەكەی با سەعاتێك بنوێ ، ئەگەر خورادنی شێوانی خوارد با چل هەنگاو ڕێ بكات ٠

پاشایەك بە پزیشكەكەی گووت : پێدەچێ تۆ بۆ من نەمێنیت ، وەسفێكم بۆ بكە بۆ ئەوەی لە تۆوە وەریگرم ، پزیشكەكەش گووتی : بەدەر لە كچی لاوو شۆخ و شەنگ مەخوازە ، بەدەر لە گۆشتی ئاژەڵی تەمەن كەم و پارو گۆشتی تر مەخۆ ، دەرمان مەخۆرەوە مەگەر بۆ نەخۆشی ، میوە مەخۆ مەگەر پاش پێگەشتنی ، خۆراك چاك بجوو ، ئەگەر بەڕۆژ خۆراكت خوارد هیچی تێدا نی یە بنووی ، ئەگەر بەشەو خۆراكت خوارد مەنوو تا ڕێ دەكەیت ئەگەرچی پەنجا هەنگاویش بێت ، خۆراك مەخۆ تا برسیت دەبێ ، خۆت ناچار مەكە بۆ جووتبوون ، میز ڕامەگرە ، لە گەرماو وەرگرە پێش ئەوەی لێت وەرگرێت ، خواردن مەخۆ و گەدەت خۆراكی تێدا بێ ، دوركەوەرەوە لە خواردنی ئەوەی ددانەكانت توانای جووادنی نی یەو ، پاشان گەدەشت توانای هەرسكردنی نابێ ، هەموو

هەفتەیەك جارێك خۆت بڕشێنەرەوە بۆ پاككردنەوەی جەستەت ، چاكترین گەنجینەی جەستەت خوێنە ، بۆیە لە كاتی پێویستیدا نەبێ دەری مەهێنە ، بچۆرە گەرماوەوە ، چونكە شتگەلێك لە چینەكانەوە دەردەهێنێت كە دەرمانەكانی پێ ناگات بۆ دەرهێنانیان.

پێشەوا (الشافعي) فەرموویەتی : چوار شت جەستە بەهێز دەكەن : خواردنی گۆشت ، بۆنكرنی بۆنی خۆش ، زۆر خۆشتن بەبێ جووت بوون ، پۆشینی كەتان ٠

چوار شت جەستە لاواز دەكەن : زۆر جووتبوون ، زۆری خەم و پەژارە ، زۆری ئاوخواردنەوە بەسكی خاڵی ، زۆر خواردنی شتی ترش ٠

چوار شت چاو بەهێز دەكەن : دانیشتن بەرامبەر بە كەعبە ، چاو ڕەشتن لە كاتی نووستندا ، تەماشاكردنی سەوزایی ، پاككردنەوەی شوێنی دانیشتن ٠

چوار شت چاو لاواز دەكەن : تەماشاكردنی پیسی ، لەخاچدراو ، ئەندامی زاوزێی ژن ، دانیشتن بە پشتێكردنی كەعبە ٠

چوار شت جووتبوون زیاد دەكەن : خواردنی مەلی بچووك و چۆلەكە ، (الأطريفل) ، فستق ، (الخروب)([٦٥٢]) ٠

چوار شت ئەقڵ وژیری زیاد دەكەن : وازهێنان لە گوفتاری زیاد ، سیواك كردن ، دانیشتن لە گەڵ پیاوچاكاندا ، دانیشتن لە گەڵ زانایاندا ٠

---

[٦٥٢] _ الخروب : درەختێكی هەمیشە سەوزەو ، نزیكەی (١٥)متر بەرز دەبێتەوە ، درێژی بەری ئەم درەختە هەندێ جار دەگاتە (٣٠)سم ، بەری ئەم دەرختە كە پێدەگات دەخورێت و ، دەشكرێت بە شەربەت و ، لە هەندێ وەڵاتانیش دەكرێتە ئاردو ، سوودو كەڵكی ئێجگار زۆرە ، بڕوانە : http://www.thapro.net ، وەرگێڕ٠

(أفلاطـون) دەڵێـت : پێـنج شـت جەسـتە لاواز دەكـەن و لەوانەشـە بكـوژن : دەسـت كـورتى ، جيابوونـەوە لـە خۆشەويسـتان ، ڕق و خـەم وخـەفت خـواردن ، قبوڵنـەكردنى ئامۆژگارى ، پێكەنينى نەفامان بە ئاقڵ وژيران ٠

پزيشكەكەى (المأمون) دەڵێت : چەند خەسڵەتێك بەكاربێنەو ، ئەو كەسەى بپارێزێت شايستەى نەخۆش نەكەوتنە جگە لـە مـردن : خـۆراك مـەخۆ لـە كاتێكدا خـۆراكى تـر لـە گەدەتدا بوو ، دووركەوەرەوە لە خواردنێك ددانەكانت لە جووينيدا ماندوو بێت و ، پاشـان گەدەشت بێتوانـابێ لـە هەرسـكردنيدا ، دوركـەوەرەوە لـە زۆر جووتبـوون ، چـونكە نـورو ڕۆشنايى ژيان دەكوژێنێتەوە ، دوركەوەرەوە لە جووتبوونى بەساڵاچـوو ، چـونكە مردنـى كوتـوپڕت تـووش دەكـات ، دوركـەوەرەوە لـە خـوێن گـرتن (الفصـد) مەگـەر لـە كـاتى پێويستيدا ، لە هاويندا خۆت بڕشێنەرەوە ٠

لە گۆفتارە كورت و مانا زۆربەخشەكانى (أبقراط) : هەموو زۆرێـك دوشمـن و ناحـەزى سروشتە ٠

بـە (جـالينوس)يـان گـووت : بـۆ نـەخۆش ناكـەوى ؟ ، گـووتى : چـونكە نێـوان دوو خۆراكى خراپم كۆنەكردۆتەوە ، خۆراكێكم نەخواردووە بەسەر خۆراكێكى تردا ، خۆراكێكم لە گەدەمدا رانەگرتووە ئەگەر هەستم كردبێ تووشى زيانم دەكات ٠

چوار شت جەستە نەخۆش دەخەن : زۆر قسەكردن ، زۆر نووستن ، زۆر خواردن ، زۆر جووتبوون ٠

چونكە زۆر قسەكردن : هەڵدەستێ بە كەمكردنەوەى مۆخ و كرۆكى مێشك و لاوازكردنى

زۆر نووستن : دەم و چاو زەرد هەڵدەگەڕێنێت ، دڵ کوێر دەکات ، چاو دەوروژێنێت ، تەمبەڵ دەکات بەرامبەر بەکارکردن ، تەڕوشێداری لە جەستەدا دروست دەکات ·

زۆر خواردن : دەمی گەدە خراپ دەکات ، جەستە لاواز دەکات ، بای چڕو ، نەخۆشی گران دروست دەکات ·

زۆر جووتبوون : جەستە دەڕۆخێنێت ، هێزەکان لاواز دەکات ، تەڕی و شێی جەستە ووشك دەکاتەوە ، دەمار شل دەکاتەوە ، کونیلەی داخراو دروست دەکات و ، زیانەکانی هەموو جەستە دەگرێتەوە ، بەتایبەت بەمێشك لەبەر زۆری ئەو ڕوحە نەفسانیەی لێی شێیی دەکاتەوە ، لاوازکردنەکەی لە لاوازکردنی هەموو دەرهاوێشتەکانی تر زۆرترەو ، لە گەوهەوری ڕوحیش شتێکی زۆر دەکاتە درەوە ·

چاکترینیشی ئەوەیە ئەگەر شەهەوەت و ئارەزووی ڕاستی مرۆڤ ڕێکەوتی وێنەو شێوەیەکی جوانی لاوی شۆخ و شەنگی حەڵاڵ بکات ، هەروەها میزاجی گەرم و تەڕو شێدار بێت ، ماوەیەك بێت جووتبوونی ئەنجام نەدابێ ، دڵی لە دڵەڕاوکێ و مەشغولبوونی نەفس خاڵی بێت ، زێدەڕۆی تێدا نەکات ·

پێویستە جووتبوونەکەی لە گەڵ ئەم کارانەدا ئەنجام نەدات ، وەکو سك پڕکردنی زۆر ، برسێتی و سك خاڵی بوون ، دەرهاوێشتن ، وەرزشێکی تەواو ، زۆر گەرمابوون ، سەرمابونێکی زۆر ، بۆیە ئەگەر ئەم دە شتەی تێدا ڕەچاو کرد ، سوودێکی زۆری لێوەردەگرێت ، هەر دانەیەکیش لەوانەی سەرەوە ڕەچاو نەکرا زیانێکی تووش دەبێ بەگوێرەی ڕەچاونەکردنی ئەو شتە ، ئەگەر هەمووشی یاخود زۆربەی ڕەچاونەکرا ، ئەوا تیاچونێکی دەستوبردە ·

بەشێك : سەبارەت بەوەی كە پارێزكردنی زۆر وەكو تێكچونە لە نەخۆشیدا :

پارێزكردنی زۆر لە تەندروستیدا ، هاوشێوەی تێكچونە لە نەخۆشیدا ، بەڵام پارێزكردنی مامناوەند بەسوودە٠

(جالینوس) بەهاوەڵانی خۆی گووت : دووركەونەوە لە سێ شت و ، چوار شت بەكاربێنن ، ئیتر ناچاری پزیشك نابن : دوركەونەوە لە گەردوخۆڵ ، دووكەڵ ، بۆنكردوو ٠ چەورو ، بۆن خۆش و ، حەلواو ، گەرماویش بەكاربێنن ، لە سەرووی تێربونتانەوە مەخۆن ، بە (الباذروج)و ڕێحانە ددان پاك مەكەنەوە ، بە ئێواران گوێز مەخۆن ، ئەو كەسەی هەڵامەتی هەیە با لەسەر پشتی نەنوێت ، ئەو كەسەی خەمبارە با شتی ترش نەخوات ، ئەو كەسەی خوێنی گرتووە با خێرا ڕێنەكات ، چونكە دەیخاتە مەترسی مردنەوە ، ئەو كەسەی چاو دەیەشێت بەخۆی نەڕشێنێتەوە ، لە هاویندا گۆشتی زۆر مەخۆن ، كەسی تووشبوو بەتاو لەرز با لەبەر هەتاو دانەنیشێت ، دوركەونەوە لە بایجانی كۆنی تۆودار ، ئەو كەسەی بەزستانان پەرداخێك ئاوی گەرم بخواتەوە ، لە نەخۆشی وە بەدور دەبێ ، ئەو كەسەی لە گەرماودا توێكڵی هەنار بەجەستەیدا بهێنێت ، لە گەڕی و ئاڵووشی بەدور دەبێ ، ئەو كەسەی پێنج گوڵی شلێر (سَوْسِنات) لە گەڵ (مصطكي رومي)و ، عودی خاوو (عود خام) ، میسكدا بخوات ، بەدرێژای تەمەنی گەدەی لاواز نابێ و خراپیش نابێ ، هەركەس تۆوی كاڵەك لە گەڵ شەكردا بخوات ، بردی نێو گەدەی پاك دەكاتەوەو ، سوتانەوەی میز ناهێڵێت ٠

بەشێك : سەبارەت بەهەندێ پارێزو ئامۆژگاری پزیشکی :

چوار شت جەستە دەڕۆخێنن : خەم ، دلگرانی ، برسێت ی ، شەوبێداری ٠

چوار شت دلێ شادومان دەكات : تەماشاكردنی سەوزایی ، تەماشاكردنی ئاوێك كە ڕێ دەكات ، خۆشەویست ، بەروبوم ٠

چوار شت چاو تاریك دەكات : ڕێكردن بەپێی پەتی ، رۆژكردنەوەو ئێواركردن بەڕووی بێزراوو ڕەزەقورس و دوژمن ، زۆر گریان ، زۆر تەماشاكردنی خەتی وورد ٠

چوار شت جەستە بەهێز دەكات : پۆشینی پۆشاكی نەرم ، چونە گەرماوی مامناوەندەوە ، خواردنی خۆراكی چەورو شیرین و خۆش ، بۆنكردنی بۆنی خۆش ٠

چوار شت دەم و چاو ووشك دەكەن و ، جوانی و گەشاوەیی و ڕێك و پێكی ناهێڵن : درۆ ، بێ ئابڕووی ، زۆر پرسیاركردن بەبێ زانین ، زۆر داوێن پیسی ٠

چوار شت سەربەرزی و گەشاوەیی دەم و چاو دروست دەكەن : پیاوەتی ، وەفاداری ، بەخشندەیی ، لەخواترسان ٠

چوار شت ڕقین و قین و نەویستراوی دەهێنن : خۆبەزلزانین ، ئێرەیی بردن ، درۆكردن ، فیتنەیی وكاری قسەهێنان و بردن ٠

چـوار شـت ڕۆزى دەهێـنن : شـەونوێژى ، زۆرى ئیسـتغفارو داواى لێخۆشـبوون لـە بەرەبەیاندا ، زۆرى خێروچاکەدارى کردن ، زیکرو یادکردنەوەى خـواى تعـالى لـە سـەرەتاو کۆتاى ڕۆژدا ٠

چوار شت ڕۆزى قەدەغە دەکەن : بەیانى خەو ، کەمى نوێژکردن ، تەمبەڵى ، خیانـەت کردن ٠

چوار شت زیان بەتێگەشتن و ئەقڵ دەگەیەنن : بەردەوام خواردنى شتى تـرش و میـوە ، نووستنى سەر پشت ، خەم ، خەفەت ٠

چوار شـت تێگەشـتن زیـاد دەکـەن : ئـارمى و خـاڵیبونى دڵ ، کـەمى سـك پڕکـردن لـە خواردن و خواردنەوە ، چاکى چارەسازى خۆراك بە شـتە خـۆش و شـیرین و چـەورەکان ، کردنە دەرەوەى پاشەڕۆ قورسکارەکانى جەستە ٠

ئەوانەى زیان بە ئەقڵ دەگەیەنن : بەردەوام خواردنى پیاز ، پاقلە ، زەیتـون ، بایجـان ، زۆر جووتبوون ، تەنیایى ، بیرکردنەوەکان ، سەرخۆشى ، زۆر پێکەنین ، خەم ٠

کەسانێك لە چاودێران گووتویانە : لە سێ کۆڕ بڕام ، هیچ هۆیەکم بۆ ئـەوە نەدۆزیـەوە بەدەر لەوەى لە یەکێکى ئەو ڕۆژانـەدا زۆر بایجـانم خواردبوو ، ڕۆژێکیشـیان زۆر زەیتـونم خواردبوو ، زۆر پاقلەشم خواردبوو لە سێ یەمدا.

بەشێك : سەبارەت بە نهێنی و ڕاستیگەلێك کە هیچ کەس ئەندازەو ڕێزی نازینێت بەدەر لە کەسانێك کە تێگەشتنێکی چاکیان هەیە :

کۆمەڵێکی بەسوودمان لە بەشەکانی پزیشکێتی زانستی و کرداریمان خستەڕوو ، لەوانەیە کەسی بینەر تەنها لەم کتێبەدا نەبێ زۆرێکی دەست نەکەوێت ، نزیکی نێوان ئەوەو شەریعەتیشمان پێ پیشاندای ، وە نیسبەتی پزیشکێتی پزیشکان بە پزیشکێتی پێغەمبەری خوا ﷺ کەمترە لە نیسبەتی پزیشکێتی نازان و بەساڵاچووان بە پزیشکێتی پزیشکان .

کارەکە لەسەرووی ئەوەوەیە کە باسمان کرد ، زۆر گەورەتریشە لەوەی وەسفمان کرد ، بەڵام ئەوەی باسمان کردووە ئاگادارکردنەوەیەکە بەکەم بۆ ئەو شتە زۆرانەی لە دواوەیەوە دێت ، ئەو کەسەی خوای تعالی زرنگی و کارامەیی پێنداوە لەسەر وردەکاری ، با ئەو جیاوازیە گەورەیەی کە لە نێوان هێزی پشتگیریکراو بە سروش لە لایەن خوای پەروەردگارەوەو ، ئەو زانستەی بە پێغەمبەرانی بەخشیوەو ، ئەو ئەقڵ و زرنگیەی پێی بەخشیون و لە نێوان هێزی کەسانی ئاسایی دیکەدا بزانێت .

پێدەچێ کەسانێك بڵێن : پەیوەندی ڕێنمای و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، باسکردنی هێزی دەرمان و ، یاساکانی چارەسەرو ، چارەسازیی کاروباری تەندروستی بەم دەروازەیەوە چیە ؟

ئەم گوفتارە کەمتەرخەمی ئەم کەسە دەنوێنێت سەبارەت بە تێگەشتنی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هێناویەتی ، چونکە بەڕاستی ئەمەو دوو ئەوەندەو ئەوەندەو

ئەوەندەش تەنها بەشێكى كەمە لەوەى هێناويەتى و ، ڕێنماى و چاوساغى بۆ كردوەو ، سەلماندويەتى و ڕێى نيشان داوين بۆ پەى پێبردنى ، چاكى تێگەشتن لە خواو پێغەمبەرەكەيەوە ، بەشێكە لەو نيعمەتانەى كە خواى گەورە بەئارەزووى خۆى بەهەندێ كەسى دەبەخشێ .

پاشان هەر سێ بنچينەكانى پزيشكيمان لە قورئاندا بۆ خستيتەڕوو ، چۆن نكۆڵيى لەوە دەكەى كە شەريعەتى نێردراو بۆ چاكەكاريى دونياو ڕۆژى دواى " چۆنيەتى چارەسەرى جەستەش لەخۆ بگرێت ، وەكو ئەوەى كە چۆنيەتى چارەسەرى دڵانيش لەخۆ دەگرێت ، دڵنيابن شەريعەت ڕێى پاراستنى تەندروستى و ، چۆنيەتى دورخستنەوەى نەخۆشيێكانمان پێشان دەدات " بەڕێگەگەلێكى گشتى ، وردەكاريەكەشى بۆ ئەقڵ و ژيريى ڕاست و تەندروست و ، فيترەتى پاكى خەڵك هێشتۆتەوە ، شەريعەت ئەومان بە بەكارهێنانى ڕێگاكانى (القياس)و ئاگاداركردنەوەو ئامارەبۆكردن بۆ دەخاتەڕوو ، وەكو ئەوەى لە زۆر مەسەلەى لقەكانى فيقهدا پيادەى كردووە ، بۆيە لەو كەسانە مەبە كە ئەگەر شتێكيان نەزانى دژايەتى دەكەن .

ئەگەر كەسێك خواى تعالى تێگەشتن و دانايى تەواوى لە كتێبى خواو سونەتى پێغەمبەرەكەيدا پێبەخشى ، لە گەڵ تێگەشتنى تەواو لە دەقەكان و پێويستيەكانياندا ، ئەوا چيتر پێويستى بە گوفتارێكى ترى جگە قورئان و سوونەت نابێ و ، دەشتوانێت تێكڕاى زانستە ڕاست و دروستەكان لەوانە هەڵهێنجێنێت .

تەوەرى تێكڕاى زانستەكان لە سەر ناسينى خواو فەرمان و خوڵقاندنى وەستاوە ، ئەوەش بە پێغەمبەران سپێردراوە _ صلوات الله وسلامه عليهم _ ، چونكە ئەوان زاناترين

خەڵكی خوای گەورەن بەخواو فەرمان و خوڵقاندن و حیکمەت و دانایی لە بەدیهێنراوان و کاروبارێدا ·

پزیشکێتی شوێنکەوتوانیان : لە پزیشکێتی کەسانی دیکەی جگە لەوان ڕاسترو بەسوودترە ، وە پزیشکێتی کۆتاو سەرگەورەو پێشەوایان محمد _ صلوات الله وسلامه علیه و علیهم _ : تەواوترین پزیشکێتی و ڕاسترین و بەسوودترینیانە ·

هیچ کەسیش ئەمە نازانێت تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە پزیشکێتی خەڵکانی تر دەزانی و پزیشکێتی پێغەمبەریش دەزانێ و ، پاشان تەماشا دەکات تا بزانێت کامیان سەنگینترە ، ئەوکاتە جیاوازی نێوانیانی بۆ دەردەکەوێت ، شوێنکەواتوانی پێغەمبەر ڕاسترین و تەندروستیترین ئومەتان بوون لە ڕووی ئەقڵ و فیترەتەوە ، زانستیشیان لەهەمووی گەورەترە ، لەهەمووشی لە هەقەوە نزیکترن ، چونکە لە نێو ئومەتاندا چاکترین بەدیهێنراوانی خوای گەورەن ، وەکو چۆن پێغەمبەرەکەشیان چاکترینی پێغەمبەرانە ، ئەو زانستەی پێی بەخشیون و ، ئەو میهرەبانی و دانایەی پێی داوەن هیچ کەسی تر ناتوانێت بگات بە ئاستیان.

وقد روى الإمامُ أحمد في مسنده : من حديث بَهْزُ بْنُ حَكِيمٍ ، عَنْ أَبِيهِ ، عَنْ جَدِّهِ _ رضي الله عنه _ قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ : ((إِنَّكُمْ تُوَفُّونَ سَبْعِينَ أُمَّةً أَنْتُمْ خَيْرُهَا وَأَكْرَمُهَا عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ))(٦٥٣).

واتە : لە (بَهْزُ)ی کوڕی (حَكِيمٍ)ەوە ، لە باببیەوە ، لە باپیریەوە _ خوای لێ ڕەزای بێت _ فەرموویەتی : ((ئێوە لە پاش حەفتا ئومەتەوە هاتوون ئێوە لە هەمووی

٦٥٣ _ إسناده حسن : أخرجه أحمد (٥ / ٥) ، والترمذي (٣٠٠١) ، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٢٣٠١) .

خێرترو بەڕێزترن بەلای خوای _ عزَّوجلَّ _ەوه)) ٠ لێرەوه شوێنەواری ڕێزی ئەم ئومەتە بەلای خوای گەورەوه لە بوارەکانی زانست و ئەقلّ و ، میهرەبانی و فیترەتەوه دەردەکەوێت ، ئەو ئومەتەیە کە زانست و ئەقلّ و ، کردەوەو پلەی ئومەتانی پێشویان خرایە پێش دەست و ، بەوەش زانست و میهرەبانی و ئەقڵیان زیاد بوو سەرەڕای ئەوەی خوای تعالی پێی بەخشیون.

بۆیـە میـزاج و ، سروشـتی خـوێنی ، بوبـە بەشـیان و ، بـەوەش ئـەقلّ و ئازایـەتی وتێگەشتن و فریاکەوتن و دڵشادی و شادومانیشیان بەسەر عەرەبدا زالّ بوو ٠ (الصفراوي)یش بوبە بەشی جولەکەو ، و بـەوەش خـەم و خەفـەت و دڵتـەنگی و سـووکی و ڕیسوای بەسەر جولەکەدا زالّ بوو ، بەڵغەمیش بوبە بەشی گاورەکان و بـەوەش تووشـی گێلـی و ، کەم تێگەشتن کەم زیرەکی بوون ٠

ئەمەش نەهێنی و ڕاستیگەلێکە لە ڕاستیدا تەنها ئەو کەسانە ئەندازەو ڕێزی دەزانن کە تێگەشتنێکی چاك و ، ئەقلێکی وردو ، زانستێکی زۆری هەیەو ، دەزانی خەڵکی چیانەو لە چیدان ٠ وبالله التوفيق.

کتێبی ((الطب النبوي)) دانراوی پێشەوای بەناوبانگ (ابن القيم الجوزية) تەواو بوو بە فەزلّ و پشتیوانی خوای تعالی

بەشی وێنەکان




گولی (البابونج)

دوو جۆری ڕووەکی (الشیح) www.vb.4hr.com



الأقحوان _ www.snbl.com ·


القيفال
الباسليق
الأكحل
موقع الطب الشعبي




الودجين




کەڵەشاخ گرتن لەسەر الكاهل



کەڵەشاخ گرتن لە سەر (نقرة القفا)



عرق النسا جذور المشكلة
العديد من الأعصاب، يندمج لتشكيل العصب
الوركي في الرجل
المناطق الملونة في الصورة، هي مناطق الإحساس
بالألم، عندما يتأثر جذر عصبي.





(الكمون) ، سايتى (سنابل الخير للأعشاب)

رووەكى (الشاهترج) www.snbl.com ·



ڕووەكی (الرازیانج) www.snbl.com



درەختی دەم الأخوین www.khyma.net



گوڵی ڕووەکی (لینوفر) http://www.all.biz/ar/buy/goods/?group



ڕووەکی (الزنجبیل) ar.wikipedia.org



ڕەگی (الزنجبیل) ئەو بەشەیە کە بەکاردێت



قاميشى (الذريرة) سايتى : جريدة الرياض

ar.wikipedia.org/wiki (غصن المصطكي المثمر)



(فصوص المصطكى المتداولة كبهار) ar.wikipedia.org/wiki

سێ بەری (أُترُج)

دره‌ختی (أُترُج) www . alganasah.com



الكندر http://www.khayma.com/hawaj/kandar.htm

السذاب barhoumadel.wordpress.com



ناوكرۆكى دارەخورما (الجمار) http://www.alfrednt.com



خەرتەلە (الخردل) www.snbl.com



شجرة البطم http://www.bani-hasan.com

الحبة الخظراء من شجرة البطم

دره‌ختى (الكافور)



http://www.startimes.com ماددەی کافور



shamsqatar.com

الأنزروت



چەند
جۆرێك لە
گوڵی
(السوسن)









رووەکی (الصَّبر) بڕوانە : www.snbl.com



ڕووەکی (الفوة) aber.comrelmvhttp://www.



الحُلْبَةُ http://www.rjeem.com



البادروج (ووشەیەكی فارسیەو جۆرێکە لە جۆرەكانی ڕەیحانە) ؛
http://www.nazarakqatari.net



دره‌ختى (البان) www.pepy.com



درختۆكه‌ى (الآس)www0khayma.com



به‌رى (البان) www.pepy.com





ڕەیحانەی (الحبق)

درەختی (الآراك) کە سیواکی لێ دروست دەکرێت





درەخت و بەری بەهیٚ (السفرجل) http://hobibahcemiz.net/viewtopic.php

http://www.albrari.com/vb/showthread.php (الشبرم) درەختى



http://www.an3m1.com(الكثيراء) درەختى



ماددەی (الكثيراء) www.lakii.com



(طلع)ی دارەخورما http://www.kulifi.com/v/t٣٩٨٧٣.htm

عجوه

http://forum.m3com.com.sa/t79930



دروومەلان : www.ruqya.com

نەهەنگی (العنبر)




كاليار (القثاء) http://www.pal-stu.com/vb/showthre



درەخت و شكۆفەی خەنە (نوُ الحناء)



باڵندەی (السلوى) http://www.zmzm.net





قاميشى شەكر n.com٥٢http://www.d
/http://arz.wikipedia.org/wiki



رسم علمي تفصيلي لنبتة الصعتر الشائع

http://sub،thisisagreatidea.com.



(الكباث) بەری درەختی (الأراك) کە سیواکی لێ دروست دەکرێ

http://www.alriyadh.com



بزن مژەکی (وەڵاتی سعودیا)

بەم شێوەش لێدەنرێت

لە سعودیا بزن مژەك بەم شێوە دەفرۆشرێت



جۆرەکانی (الصقر) گۆشتیان حەرامە http://ar.wikipedia.org/wi



(الباز) گۆشتی حەرامە http://ar.wikipedia.org/wik



(الشاهين) گۆشتی حەرامە http://ar.wikipedia.org/wik



(الرخم) گۆشتی حەرامە http://www.arabiclenses.com



(النسر) گۆشتی حەرامە http://ar.wikipedia.org/wik



(العقعق) گۆشتی حەرامە http://ar.wikipedia.org/wik



(الحدأة) فەرمان بە كوشتنى كراوە http://www.hafralbatin.com



بالّندەی (الصرد) كوشتنی قەدەغەكراوە www.mishkat.com

ڕووەکی (القرطم) http://www.hayah.cc/forum



(الشبث) www.snbl.com



(الدَّراج) http://www.uobabylon.edu.iq



http://ar.wikipedia.org/wiki (الحجل)



http://ar.wikipedia.org/wik (الحبارى)




(الكركي) http://www.ummalsahek.com/



(القطا)http://asoudaliraq.net



www,alsirhan.com (القنابر)



(الكسفرة) www.snbl.com

له وەڵاتی سعودیا بەم شێوە کولله دەخورێت ، له شاری (بورەیده)ش بازاڕێکی بۆ دانراوه



ڕووەکی (الكرسنة) www.snbl.com



(المرزنجوش) www.snbl.com



(الهندباء) www.snbl.com



www.iqra.com (الورس)



www.zira3a.ne (النرجس)



دهرخت و بهرى (الخروب) http://www.thapro.net



دەرخت و بەری (الخروب) http://www.thapro.net

ناوەڕۆك